ئانا گریگوریڤنا دۆستۆیڤسکایا

# بیرەوەرییەکانی

# ئاناگریگوریڤنای هاوسەری دۆستۆیڤسکی

و: حەمەکەریم عارف

پێرست

١-- سەروتار: ئاناگریگوریڤناو بیرەوەرییەکانی

٢- دەروازەیەک بۆ بیرەوەرییەکان

٣ - بیرەوەرییەکان

٤ - بەشی یەکەم: منداڵی و لاوی

٥- بەشی دووەم: ناسینی دوستویفسکی وشووپێکردنی

٦- بەشی سێیەم: ڕۆژانی هەوەڵی ژیانی ژن و مێردایەتیمان

٧ - بەشی چوارەم: مانەوە لە هەندەران

٨ - بەشی پێنجەم: هاتنەوە بۆ ڕووسیا

٩ - بەشی شەشەم: هەردوو ساڵی ١٨٧٢/ ١٨٧٣

١٠- بەشی حەوتەم ساڵانی ١٨٧٤/ ١٨٧٥

١١- بەشی هەشتەم: سالانی ١٨٧٦/ ١٨٧٧

١٢ - بەشی نۆیەم: ساڵانی ١٨٧٨/ ١٨٧٩

١٣ - بەشی دەیەم: دوا ساڵ

١٤ - بەشی یازدەیەم: مردن. ناشتن

١٥- بەشی دوازدەیەم: دوای مردنی فیودرو میخائیلوفیچ

١٦- کۆتایی بیرەوەرییەکانم

١٧- ڕوونکردنەوە

١٨ - سەرچاوە و ژێدەران

١٩- ژنەکەی دوستویفسکی لە چەند دێڕێکدا.

پێشکەشە بە خوشکەکانم:

١- ڕەحیمە

٢ - نەعیمە

٣- فەهیمە

٤- نەدیمە

٥- شەمێران (برازای ئازیزم)

ح.ع

# سەروتار

## ئاناگریگوریڤانا و بیرەوەرییەکانی

ئەکتەری بەنێوبانگی ڕووسی ل. م لیونیدوف، تێبینی خۆی سەبارەت بە دیتنی ئاناگریگوریڤنا دوستویڤسکایا بەمجۆرە وەسپ دەکات:" دیتم و گوێم لە " شتێک" بوو، شتێکی بێ وێنە ولە میانەی ئەم ( شتەوە)، لە میانەی ئەم دیمانەیەوە کە هەر دە دەقیقەیەکی خایاند هەستم بە دۆستۆیفسکی لە میانەی بێوەژنەکەیەوە کرد، ئەم دیمانەیە بە ئەندازەی سەد کتێب شتی دەربارەی دۆستۆیفسکی دامێ، هەستم بە هەناسەی دۆستۆیفسکی کرد، زۆر دڵنیام کە ژنەکەی بەردەوام ئەم کەش و هەوایەی بۆ ڕەخساندووە" ، ( بڕوانە: ل. م لیونیدوف، بیرەوەری و وتار و گەنگەشە و نامە و وتار و بیرەوەریان دەربارەی ل،م لیونیدوف، وەشانخانەی ئیسکو ستڤو ( هونەر). موسکو ١٩٦٠، ل ١٢٦- ١٢٧) هەڵبەتە ئەو وشانەی لیونیدوف، وەکو خۆی و بەزیادەوە لە بیروەوەرییەکانی گریگوریڤنادابەدی دەکرێن،ئەو بیرەوەریانەی کە پێگەیەکی تایبەتیان لە نێو ئەدەبیاتی بیرەوەریدا، لەنێو ئەو هەموو بیرەوەرییە زۆر و هەڤدژانەدا هەیە کە دەربارەی دوستویفسکی هاتوونەتە نووسین، ئەم بیرەوەریانەی ئاناگریگوریڤنا لە هەر هەموو ئەوانی دی ڕاستگۆیانە ترە، پشتی بە کۆمەڵێک حەقیقەت بەستووە کە بەتایبەتی و بە وردی هاتوونەتە هەڵبژاردن، باسی سەردەمی هەڕەتی ئەفراندنی دوستویفسکی ( ١٨٦٦- ١٨٨١) دەکات، ئەو ماوەیەی کە نووسەر ڕۆمانە تراجیدیا ئامێزەکانی وەکو ( تاوان و سزا )و تا (برایانی کارامازۆف) ی تیا بەرهەم هێناوە.

+ + +

ئاناگریگوریڤنا لە ١٨٤٦/٨/٣٠ دا لە خانەوادەی فەرمانبەرێکی سادە، گریگوری ئیڤانوفیچ سنیتکن لە پتروسبورگ لەدایکبووە، بابی پیاوێکی میهرەبانی ژیاندۆست بوو، لە گەنجیدا دڵبەند و شیفتەی شانۆ و ئەدەب بوو، ئەمە جگە لەوەی یەجگار دڵبەند و شیفتەی کار و بەرهەمەکانی دوستویفسکی بوو، ئاناگریگوریڤنا یەکەمجار لە ژیانیا ناوی ئەم نووسەرەی لە بابییەوە بیستبوو و لەتەمەنی شازدە ساڵیدا ئەزموونێکی لە چیرۆکی ( نیتۆچکا نیزڤانوفا ) دا دابوو ( خانەوادەکەی ئەو کاتە ناوی نیتوچکایان لێنا بوو) مەگەر خوا بزانێ ئانا کە یادگارییەکانی خانەی

مردوانی خوێندبووەوە، چەند گریا بوو، چەند فرمێسکی ڕشتبوو، ( یادگارییەکانی خانەی مردوان، ناوی ئەو ڕۆمانەیە کە دوستویفسکی لە ساڵی ١٨٦١ دا بەتەواوەتی بڵاوی کردەوە، مەبەست لە خانەی مردوان سیبریایە کە نووسەر دوای ئەوەی بەبەشداری لە پیلانێکدا دژی تزار تۆمەتبار کرا، ڕەھەنەی ئەوێندەر کرا.)

بەو جۆرە. ھەر لە منداڵییەوە دۆستۆیفسکی بوو بە نووسەری دڵخوازی .

( ئاناگریگوریڤنا میلتوبیوس) ی دایکی ئاناگریگوریڤنا بە بنەچە سویدی فنلاندیە، ژنێک بوو زۆر جیاواز لە مێردە پڕ جۆش و ناعەمەلیەکەی، ئەم ژنە زۆر زیتەڵ، زاڵ، ئەو خاوەن ماڵی ڕاسەقینە بوو، ئیدی ڕووخۆشی و ڕاشکاوی باب، لەگەڵ محافەزەکاری دایکیدا، کەش و ھەوایەکی ئارام و شادی دەگمەنی بۆ خانەوادەی سنیتکین ڕەخساندبوو، تەنانەت ئانا لە منداڵیدا ھیچ ناخۆشییەکی بەخۆوە نەبینی، منداڵییەکی بێ خەم و خەیاڵ بەسەر برد.

ئانا زۆر کەم بیری لەئاینده دەکردەوە، تەنانەت ئەو ئیختیزالە( توندنووسی) شی کە ئەو کاتە لەسەر دەستی مامۆستا بەناوبانگەکەیدا پرۆفیسۆر ئولخین دەیخوێند، بە جدی و ھەند وەرنەگرتبوو، بەڵام ئیدی وا ڕێکەوت حەماس و خرۆشی گەنجایەتی، ڕۆڵێکی بنجبڕ لە ژیانی ئاناگریگوریڤنادا ببینێ

لە ساڵی ١٨٦٦ دا بابی مرد و بەھۆی ئەوەوە ڕەوش و بارودۆخی خانەوادەکە گۆڕا، ئیدی دەبوایە ئاناگریگوریڤنا، کە حەزی نەدەکرد ببێ بە بار بەسەر دایکییەوە، بە کردەکی سوود لەو زانیاریانە وەرگرێت کە لە واری ئیختیزالدا فێری بووبوو، ئەوەبوو یەکێک داوای لە دۆستۆیفسکی کردبوو، کە ئەم کیژە منداڵکارە کاری ئیختیزالی لەلا بکات، ئەوە بوو لە ١٨٦٦/١٠/٤ دا یەکتریان بینی و ناسی، دوستویفسکی سەبارەت بەم دیدارە لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت: ئولخینی مامۆستای ئیختیزال یەکێک لە قوتابییە ھەرە باشەکانی خۆی بۆ ناردبووم، ئاناگریگوریڤنا سنیتکینا کیژێکە لەتافی گەنجیدا، تەمەنی بیست ساڵە، جوانە ، لە خانەوادەیەکی باشە، قوتابخانەی ناوەندی سەرکەوتوانە تەواوکردووە، کچێکی بەشەخسیەت و سەنگینە، یەجگار مەند و ھێمنە، کارەکەمان پێکەوە بە باشی بەڕێوەچوو.

.

کاری سەربەخۆ و پڕ لە خۆشی، هێندەی دی ئەم کچە گەنجەی جۆش دا، هەڵبەتە کاتێ دوستویفسکی باسی ژیانی دژوار و کارەسات ئامێزی خۆی بۆ دەکات، هێندەی دی دڵبەند و شیفتەی تەبیعەتی شاعیرانەی نووسەر دەبێت و هەستێکی قووڵی هاوسۆزی سەبارەت بەم مرۆڤە تەنیا و بەدبەختە لەلا درووست دەبێت، ئیدی بەرە بەرە دوستویفسکی بەسەر بیر و هزرینی ئەودا زاڵ دەبێت، دۆستۆیفسکی باسی ئەو هەلومەرج و بارودۆخە نالەبارە دەکات کە لەکاتی زەماوەندەکەیدا دووچاری بوو بوو دەڵێت:

" کاتێ ڕۆمانەکە خەریک بوو تەواو دەبوو، هەستم کرد ئیختیزالچییەکە بە دڵ خۆشی دەویم، هەڵبەتە تاقە وشەیەکی لەو بارەیەوە بۆ نەدرکاندبووم. بەڵام من ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دڵبەندی دەبووم، لەوەتای برایەکەم مردبوو، هەستم بە گۆشەگیری و تەنیاییەکی ترسناک دەکرد، ژیانم زۆر دژوار بوو بوو، ئەوساکە داوام لێکرد شووم پێ بکات.. جیاوازی تەمەنمان زۆر بوو( بیست ساڵان بە چلوچوار ساڵان) بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ پتر قەناعەتم پەیدا دەکرد کە بەختەوەر دەبێت، دڵێکی ئاوەدان و توانای خۆشەویستی هەیە) ( بڕوانە. فیودر دوستویفسکی، نامەکان بەشی دووەم، مۆسکۆ، لینینگراد، ١٩٣٠ ل٣ ).

هەڵبەتە بە داخوازییەکەی دوستویفسکی غافڵگیر نابێت، دەمێک بوو لە باری دەروونییەوە خۆی بۆ ئەو خوازگارییە ئامادە کردبوو، بۆیە بێ چەند و چوون و بێ هیچ دوودڵییەک وەڵامی ئەرێنی دەداتەوە کە ئەڵبەتە ئەمە بە دڵی کەس و کار و خزم و خوێشەکانی نابێت ( هەڵبەت کەس و کاری دوستویفسکیش ئەم کارەیان بەدڵ نابێت) هەر هەموان قەرار دەدەن کە ئەم پەیوەندییە سەنگەلایە و هیچ مانایەکی نییە و شێتانەیە، بەڵام ئاناگریگوریڤنا گوێ بە قسە و ئامۆژگاری دۆستان و خزمانی نادات و بەهەمان بوێری گەنجانی ئەو سەردەمانە، سوور دەبێت لەسەر بڕیارەکەی خۆی، پاشان لە وەڵامی پرسیارێکدا کە چۆن شوو بە پیاوێک دەکات دوو عەمری ئەوەی هەیە، پیاوێک کە پێشتر گیراوە، بێوەپیاویکە باری کەسوکارێکی زۆری بەسەرەوەیە، تا بینەقاقای لە قەرزایە، دەڵێت: " باشە من یەکێک نەبووم لە کیژانی شەستەکان" هەڵبەتە ئاناگریگوریڤنا بە هەموو مانای ئەم وشەیەوە یەکێک نەبوو لە کیژانی ( شەستەکان) چونکە دینداری و بۆچوونە جیاوازەکانی بە زەقی دیار بوون، بەڵام کەش و هەوای پڕ ئومێدی شەستەکان

ساڵانی کرانەوەی ئەو سەردەمە، کاریگەری خۆیان بەسەر ئاناگریگوریڤناوە هەبوو، هەڵبەتە بڕیاری خوێندنی ئیختیزال و ئەو قەرارە پڕ جورئەتەی کە شوو بە دوستیفسکی بکات و ئەو گەنگەشە تیژەی دەرباری ( نەهلیستەکان) و دەربارەی پەیامی ژن لەگەڵیا دەیکرد و ژیانی دەگەڵ ئەم مێردەیدا ئەو چالاکیانەی کە دوای مردنی مێردەکەشی بەردەوام بوو، هەرهەمووی ڕەگی دەچووەوە سەر شەستەکان، دەگەڕایەوە بۆ سەرهەڵدانی ( بیرمەندی پرۆلیتاریا) و بۆ تەبیعەتی ئەو گەنجایەتییەی کە بە جورئەتێکی بێ وێنەوە دژی بیروباوەڕی سەرکوتکاری کۆن و سواو و پواو دەوەستایەوە.

هەوەڵین مانگەکانی دوای ئەم زەماوەندە هەژارانەیە، دژوارترین قۆناغێک بوو کە ئانا گریگۆریڤنا پێیدا تێپەڕی:

هەڵکردن و ڕاهاتن لەگەڵ کەسایەتییەکی زۆر نائاسایی، کەسایەتییەکی (نەخۆش) کە گیرۆدە و گرفتاری پەرکەمێکی لە چارەسەر نەهاتگ بوو، زۆر زەحمەت بوو، ویڕای ئەمەش پەیوەندی ئانا بە ماڵباتی نووسەرەوە بە شێوەیەکی زۆر گۆنگ و ئاڵۆز چێ بوو، هەڵبەتە شێواز و ستایلی ژیانی پەشێوی پڕ نیگەرانی و پاشاگەردانی ماڵباتی دوستویفسکی، کە زۆر لە ژیانی بابسالارانەی مالباتی سنیتکین جیاواز بوو، هەروەها زڕکوڕە خۆپەرست و شەڕانییەکەی دۆستۆیفسکی کە لێی بە بیانوو بوو زۆری ئەزیەت دەدا، ئەمە جگە لەوەی مێردەکەی لە زۆر شتدا ڕەفتاری غەریب و نائاسایی بوو، هەر هەموو ئەم حاڵەتانە کاریان لە دڵ و دەرونی ئەم ژنە گەنجە کردبوو، ترسیان خستبووە دڵ و دەروونیەوە و پێی وابوو هیچ چارێکیان نییە دەبێ لێک جودا ببنەوە.

ئاناگریگوریڤنا دەربارەی گومان ودردۆنگی و کولوکۆڤانەکانی ئەو دەمەی خۆی دەنووسێت و بە ڕاشکاوی دەڵێت: " خۆشەویستییەکەم خۆشەویستییەکی عەقڵانی خاڵییە ، ئایدیاڵی ڕووت بوو، بە وتەیەکی دی عیبادەت بوو، کڕنووش بوو لەبەردەم مرۆڤێکی لەڕادەبەدەر بەهرەمەند، مرۆڤێک کە ئەو خەسڵەتە دەروونییە بەرزانەی تیابوو، ڕوحم بەرامبەر ئەم پیاوەی تاڵاوی زۆری چەشتبوو و قەت شادی و بەختەوەری بەخۆوە نەبینی بوو، سۆز و بەزەیی لێدەچۆڕا، بەهەرحاڵ هەرهەموو ئەمە کۆمەڵێک هەستی بەرز و خەونی ڕەنگین و ئایدیالی بوون، کە واقیعی دژوار، دەیتوانی هەرەسی پێ بێنێ، بەهۆی ئەو هەلومەرج و ڕەوشەوە کە دەوری دابووم

بەرە بەرە گومان و بەدحاڵی بوونم لە لا دروست بوو، هەڵبەتە من بە دڵ خۆشم ویست، بەڵام ئەگەر دڵنیا بوایەم ئەو خۆشی ناوێم نەفسم ڕێگەی نەدەدا لەگەڵیا بمێنمەوە، بگرە وام تەسەوڕ دەکرد، پێویستە لەپێناوی ئەودا قوربانی بەخۆم بدەم و وازی لێ بێنم بۆ خۆی بژی، مادامەکی ژیانمان پێکەوە نەگونجێت".

بەڵام نە جیابوونەوە ڕوویدا و نە کارەسات قەوما، هەڵبەتە ئازایەتییەکە بۆ ئاناگریگوریڤنا دەگەڕێتەوە کە ژنێکی زۆر بە تاقەت و حەوسەڵە و جدی بوو، (هەڵبەتە سەیرەکە لەوەدایە خۆی گوتەنی ئەو کاتە هێشتا کچۆڵەیەک بووم) ئیدی ئانا بە هەموو هێزو توانایەکییەوە کەوتە هەوڵی ئەوەی زەمینە بۆ سەفەری هەندەران خۆشبکات، لە ئاژاوەی ماڵ و پاشاگەردانی ژیانی پترسبۆرگ دوور بکەوێتەوە.

هەڵبەتە ئاناگریگوریڤنا، سەبارەت بەهۆی سەفەرەکەیان بۆ هەندەران، وەکو پاشان گێڕاوێتیەوە، لەلای خۆیەوە و یەک لایەنە تەنیا مەبەستی ئەوە بووە، خانەوادەکە ڕزگار بکات.

دوستۆیفسکی لە نامەیەکدا بۆ مایکوف وا باسی ئەم سەفەرە دەکات، هەرچەندە بەلایەوە دژوار بووە، کە کارێکی زۆر زەروری بووە، دوستویفسکی بە هاوڕێکەی دەڵێت:

" دوو هۆی سەرەکی لە پشت ئەم سەفەرەوە بوو، یەکەمیان ڕزگارکردنی تەندروستی و ژیانم (...... ) و دووەمیان هەلومەرج و ژینگەکەی دەوروبەرم: خاوەن قەرز حەوانەوەیان لێ هەڵگرتبووم" ( بڕوانە فیودرو دوستویفسکی، نامەکان، بەشی دووەم ل ٢٥)

ئاناگریگوریڤنا لێرەدا هیچ شتێکی دەربارەی حاڵەتی پەشێوی و خەمباری دوستویفسکی سەبارەت بەم سەفەرەی هەندەران باس نەکردووە، نووسەر لە ترس و دڵە ڕاوکێیەکی کوشندەدا دەبێت، دەترسێت کەڵکەڵەی قومار بەسەریا زاڵ بێت، دەترسێت لە دووری نیشتمان دەستی قەڵەم نەگرێت و لە نووسین بچێتەوە، سەبارەت با ئاناگریگوریڤناش کە ئەمە یەکەم ئەزموونی سەفەری بوو بۆ هەندەران، زۆر نیگەران بوو.

" سەفەرم کرد، بەڵام ئەمجارەیان ڕوحم لە مستما بوو، مەرگ باڵی بەسەر دڵما کێشابوو: باوەڕم بە هەندەران نەبوو، قەناعەتم وابوو کە کاریگەری مەعنەوی هەندەران بەسەرمەوە زۆر خراپ دەبێت، منێکی تەنیا باڵ لەگەڵ ئافەریدەیەکا لە تافی گەنجیدایە و هەوڵ دەدات بە شادییەکی ساکارانەوە، بەشداری ژیانی غەریب و نامۆی من بکات، هەرچەند دیقەتم دەدا ئەم شادییە ساکارەنەیم بە زادەی بێ ئەزموونی دەزانی، ئەمەم لەدڵ گران بوو، زۆرم عەزاب پێوە دەخوارد (.....) من کابرایەکی نەخۆش، پێشوەختە دەمزانی هەڵکردنی ئەم ژنە لەگەڵ مندا زۆر زەحمەتە ( سەرنجێکی گرینگ: لە ڕاستیدا ئەوە دەرکەوت کە ئاناگریگوریڤنا زۆر لەوە بەهێزتر و مەندتر بوو کە من وێنام دەکرد" ( هەمان سەرچاوەی پێشوو)

دوستویفسکی بەو شێوەیە ترسە قورسەکانی بۆ مایکۆفی برادەری دەگێڕێتەوە.

ئیدی نزیک بوونەوەی ڕاستەقینەی نێوان دوستویفسکی و ژنەکەی لێرەدا لە دەڤەرێن درزدن و بادن و جنیف و فلۆرنساداو دوور لە ژیانی ڕۆتینی پترسبۆرگ دەست پێدەکات. ئیدی هەستێن خۆشەویستی فشەڵی ( ئەقلانی) کە لە هەموو ڕویەکەوە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا بە کارەساتێکی گەورە کۆتایی بێت، گۆڕا، بوو بە سۆزێکی جدی و ڕاستەقینە، ئیدی ئانا گریگوریڤنا دوای ئەوەی بەتەواوەتی لە خۆشەویستی ودڵسۆزی دوستویفسکی دڵنیا بوو، توانی بەو پەری ئازایەتی و ورە بەرزییەوە تەحەمولی هەرهەموو ئەو بەڵا و ناخۆشیانە بکات کە قەدەر دابوی بەسەریاندا.

دوستویفسکی ئانای کرد بە شەریکی هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی خۆی، کە ژنی دوستویفسکی بوو، شانازی و شادی ئەوەی پێدەبەخشی کە لە سایەی بلیمەتێکدا دەژیا، ئەمە جگە لەوەی کە مەسئولیەتی کابانی ماڵ و دایکی میهرەبان و سکرتێری کارەکانی ئەوی دەکەوتە ئەستۆ، دوستویفسکی پێویستی بە کەسێک بوو زیاد لەپێویست بەتەنگییەوە بێ و خەمی بخوات و پێی ڕابگات، م. ئەلکسندروف کە لە واری ڕۆژنامەوانیدا کاری دەکرد و زۆر جار هاتوچۆی ماڵباتی دوستویفسکی دەکرد، لە نووسینێکدا دەڵێت:

" ئاناگریگوریڤنا، توانی بەشێوەیەکی گشتی، چاودێرییەکی زۆری سەلامەتی و تەندروستی مێردە نەخۆشەکەی بکات و وەکو منداڵێکی ساوا پێی ڕابگات و لە هەڵس وکەوتیا لەگەڵیا زۆر نەرم و نیان و بە نەزاکەت بێ، دەتوانم بە هەموو

متمانەیەکەوە ئەوە بڵێم کە فیودور میخائیلوچ و خانەوادەکەی و هەروەها گەلێک لە دڵبەندان و هەوادارانی دوستویفسکی ، هەرهەموویان قەرزاربارى ئەو ژنەن، ئەو ژنە نەبوایە دوستویفسکی قەت ئەوەندە نەدەژیا ( دوستویفسکی لە بیرەوەری هاوچەرخەکانیا، بەشی دووەم، خودچستفینایا لیتراتورا، موسکۆ ١٩٦٤، ل٢٦٤ )

ئانا گریگوریڤنا، زۆر بە کەمی و بە سڵکردنەوە باسی نەخۆشی دوستویفسکی کردووە، بەڵام وێڕای ئەوەش هەست بەوە دەکەین کە چەند لە کانگای دڵەوە بە خەمی ژیان و مانی مێردەکەیەوە بووە، چەند لە ناخا بۆی سووتاوە، ئانا، لە گفتگۆیەکی دەگەڵ ئە. ئیسماعیلەفدا باسی هەندێ شتی کردووە کە نەک هەر نووسینی زەحمەتە، بەڵکو بیرکردنەوەش لەو شتانە زەحمەت و قورسە.

ئنما دەڵێت: " من کە بیر لە ژیانی خێزانداریمان دەکەمەوە وەکو رۆژانێکی پڕ شادومانی گەورە دێتەوە بەرچاوم، بەڵام من زۆرجا بە ئازارێکی گەورە باجی ئەو شادیەم دەدا، نەخۆشییە ترسناکەکەی دوستویفکی هەمیشە هەڕەشەی لەو شادییەمان دەکرد، وەخت و ساتی بۆ نەبوو، کە ئەمە بەرلە هەر کەسێک شادی منی لەگەڵ ئەودا لێدەکردم بە ژەهری مار.. ڕاگرتن و چارەسەری ئەم نەخۆشییە وەکو دەزانیت مەحاڵ بوو، تەنیا ئەوەندەم لەدەست دەهات دوگمەکانی یەخەی بکەمەوە سەری بنێمە نێو هەردوو دەستم، هەڵبەتە کە بە چاوی خۆت ببینی ڕووخساری خۆشەویستەکەت بەرەبەرە شین بێتەوە و بشیوێ، دەمارەکانی بئاوسن، سوور بزانی ئازار دەچێژێت و نەتوانی کەمترین یارمەتی بدەیت، ئەوە خۆی لە خۆیدا جۆرە ئەشکەنجە و عەزابێک بوو، کە دەبوایە من باجەکەی بدەم، باجی ئەو ژن و مێردایەتی و خۆشیە بوو کە من شانازیم پێوە دەکرد، دوستویفسکی لەو ماوەیەی کە دەگەڵ مندا ژیا، تەندروستی تا ڕادەیەک لە جاران باشتر بوو، ئەو نۆرە فێیانەی کە پێشتر لێی دەهاتن زۆر زیاتر بوون، فیودۆر میخائیلوفیچ هەر کە فێی لێدەهات دەچووە شەرای مەرگ، لەوە دەچوو جارێکی دی وەخۆ نەیەتەوە" ( (ئە، ئیسماعیلوف لە میوانی ئانا دوستویفسکیادا (سی و پێنجەمین ساڵیادی مردنی فیودرو دوستویفسکی) ڕۆژنامەی ( بیرجیڤی ڤیدوموستی) ٢٨/ ینایر/ ١٩١٦ ژمارە ( ١٥٣٥٠)

لە سەرەتای یەکترناسینەکەیاندا، دوستویفسکی ڕۆمانی ( قومارچی) بۆ ئیختیزالچیە گەنجەکەی دەخوێندەوە کە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ژیانی خوودی

نووسەر بوو: لەلایەکەوە قارەمانی ڕۆمانەکە بەجۆرێ خووی بە قومارەوە گرتووە کە بە درێژایی تەمەن بۆی تەرک ناکرێت، پاشان خۆشەویستی و ڕقی دۆزەخین بەرانبەر بە ئەبولوینارِیا سوسلوفا، ( ئەبولوینارِیا سوسلوڤا ئافرەتێکی هاوڕێی نووسەر بوو، لەگەڵیا سەفەری هەندەرانی کرد . وەرگێڕ) بۆیە دۆستۆیفسکی هەر لە خۆڕا و بەبێ هۆ ڕاوبۆچوونی سنیتسکایای سەبارەت بە قارەمانی چیرۆکەکە نەپرسی بوو ( ناوی فامیلی ئانا بوو لە پێش شووکردنەکەیدا) ئاناگریگوریڤنا، بە هەموو جۆشێکی گەنجانەوە گلەیی لە ئەلیکسی ئیڤانوفیچی " قارەمانی ڕۆمانی قومارچی کردبوو" کە کاراکتەر و کەسێتییەکی لاوازی هەیە، بەڵام زۆری نەبرد ئەم هەڵوێستە ئەدەبییە، گۆڕا بوو واقیع، ئیدی ئاناگریگوریڤنا ئەم ژنە گەنجە کاتێ بەخۆ دەزانێ ژیان هەمان کێشەی هێناوەتە ڕێگای.

نەداری بەردەوام و قەرزداری و خاوەن قەرزان ، ئاناگریگوریڤنایان زۆر ئەزیەت دەدا، بەڵام لە هەموو ئەمانە ناخۆشتر ئەوەبوو کە دوستویفسکی لە ڕادەبەدەر ئالوودەی قومار بوو، ئانا دەڵێت: " هەر زوو بۆم دەرکەوت کە مەسەلەکە هەر بێ ئیرادەییەکی سادە و ڕەوتەنی نییە، بەڵکو خولیا و کەڵکەڵەیەکی نائاساییە و بەتەواوەتی باڵی بەسەردا کێشاوە، هێزێکی سروشتی ئەوتۆیە کە بەهێزترین کەس ناتوانێ بەگژیا بچێتەوە و ڕووبەڕووی بوەستێتەوە، دەبێ دان بەوەدا بنرێت و بە نەخۆشییەک دابنرێ کە هیچ دەسەڵاتێک لە هەنبەریدا نییە."

ئەوەی ئاناگریگوریڤنا بە خولیا و نەخۆشی دەزانی، دوستویفسکی بە زەرورەتێکی دەزانی کە ڕەگی لە قوولایی تەبیعەتدا بوو. ئیدی ئەم لاسەنگی و تەبیعەتەی هونەرمەند خۆی لە قوماردا دەبینییەوە، ئیدی ئەم جۆش و خرۆش و کەڵکەلەیە، لەبن دێڕی ڕۆمانەکانیدا بەدی دەکرێت، ئیدی ئاناگریگوریڤنا، بە خۆشی لەمێژ بوو وازی لەوە هێنابوو باوەڕ بە سوێند و بوڵینی مێردەکەی بکات کە گوایە واز لە قومار دێنی، هەروەها باوەڕی بەو نامەی تۆبەیش نەکرد کە لە ٢٨/٤/ ١٨٧١ دا لە فیسبادنەو بۆی ناردبوو، کە لە ڕاستیدا ئەم نامەیە ماڵئاوایی بوو لە "وەهم."

دوستویفسکی ئەگەر ئانا نەبوایە هەرگیز قوماری پێ تەرک نەدەکرا، لەو ڕووەوە قەرزارباری ئانایە، سەبر و تەحەمولی مرۆڤانی و بوێری و خانەدانی ئەو دوستویفسکی لە قومار ڕزگار کرد، دویستویسکی لە نامەیەکدا بۆ ئانا لەو بارەیەوە دەڵێت: "تا ماوم ئەم چاکەیەی تۆ لەبیر ناکەم. هەمیشە دوعای خێرت بۆ دەکەم

هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم ئەی فریشتەکەم، ئا ئێستا من بە تەواوتی هی تۆم بەڵام جاران نیوەم بۆ ئەم وەهمە نەفرەتییە بوو" ( بڕوانە: ف.م. دوستویفسکی، نامەکان، بەشی دووەم، ل٣٤٩ ) ئیدی دوای ئەمە یەکێتی و تەبایی بۆ خانەوادەکەی گەڕایەوە، دوستویفسکی لە نامەکانی ساڵانی دواتریدا دووپاتی دەکاتەوە کە هەست دەکات زۆر پابەندی خانەوادەکەیەتی و ناتوانێ بۆ ماوەیەکی کورتیش لە دووری خانەوادەکەی هەڵبکات.

هەڵبەتە گەلێک لەو نامانەی دوستویفسکی بۆ ئانا گریگوریڤنای ناردوون، هەمان ئەو دڵسۆزییە قووڵە دووپات دەکەنەوە کە لە بیرەوەرییەکانی ئانادا بەدی دەکرێ، هەر لەو نامانەدا ئاناگریگوریڤنای ژنی نووسەر، وەکو کەسایەتییەکی مرۆڤانی نائاسایی و نمونەیەکی دەگمەن و تایبەتی ژنی منەوەری ڕووسی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو وەسپ کراوە، هاماجی خۆشەویستییەکی پرشنگدار و پڕ لە ڕێز و میهرەبانی چ بەسەر نامەکانەوە و چ بە سەر بیرەوەرییەکانەوە زاڵە. دوستویفسکی لە دووری ئاناگریگوریڤنا هەست بە "خەمبارییەکی بەسوێ" دەکات. "ئانیا من هەنوکە دوای دوازدە ساڵ قەناعەتم وایە نەک هەر خۆشم دەوێی، بەڵکو شێت و شەیدای تۆم و تۆ تەنیا خانمی منیت" ( بڕوانە نامەکانی ساڵی ١٨٧٩) ئەو نامانەی دوستویفسکی بە درێژایی ژیانی هاوسەرییان کە چواردە ساڵی درێژە کێشا، بۆ ئاناگریگوریڤنای ناردوون هەرهەموویان بێ ڕیزپەڕ پڕن لە جۆش و خرۆشی خۆشەویستی گەنجانە.

ئەڵبەتە ئەم بەردەوامی و جۆش و خرۆش و سۆز و گودازە ئەوە دەگەیەنێت کە ئانا گریگوریڤنا، بۆ دوستویفسکی تەنیا ژنێکی خۆشەویست و ژنێکی دڵپەسەند نەبووە، بەڵکو کەسایەتییەکی مرۆڤانی تایبەتی و شایستەی ڕێز و حورمەت بووە " کەسایەتییەکی زەروری" بووە، دوستویفسکی ڕێزی "تەبیعەتی بەهێز و هەستیاری" "کەماڵ و سادەیی ئەوی دەگرت، ئاناگریگوریڤنا"یاریدەدەری دڵسۆزو سەلوای منە" دۆستۆیفسکی زۆرجار ئەو وشانەی لە نامەکانیا، لە بەر چاوی دۆستو هاوڕێکانیا دووبارە کردووەتەوە، دوستویفسکی لە نامەیەکیدا بۆ ژنەکەی بەوپەڕی دڵبەنییەوە دەڵێت: " ئەگەر تۆ شاژنێک بوای و مەملەکەتێکت لەدەست بوایە، سوێندت بۆ دەخۆم حوکمێکت دەکرد کەس حوکمی وای پێ نەکرابا، بەراستی زیرەکیت، ئاقڵیت،

ئافەرین بۆ دڵ و دەروونێک کە هەتە، بۆ خۆت و تەگبیر و بەردەباریت ( ف.م. دەستویفسکی. نامە بۆ ژنەکەی. موسکۆ. ١٩٢٦ ل ٢٠٨ )

دوستویفسکی ئەم بەهرە سروشتییەی ئاناگریگوریڤنای زۆر بە دڵ بوو، زمان زانی زەوقی سەفەر و گەشتان، مەعریفەتدۆستی، توانای فێربوون و پسپۆڕی لە بواری ئیختیزالدا،لە بواری ئەم هونەرە بەرزەدا ( ئیختیزال هونەرێکی بەرزە.. دوستویفسکی لە نامەیەکدا بۆ سۆفیا ئیڤانۆڤنای خوشکەزای ئەو بۆچوونەی نووسیوە و ئامۆژگاری دەکات کە ئەو بوارە بخوێنێ) هەموو ئەو بەهرانە کاکردیانە کارێک کە ببێت بە شەریکی هونەری دوستویفسکی، دوستویفسکی دوا ڕۆمانی خۆی ( برایانی کارامازۆف) ی پێشکەش کردووە بەم ژنە، بەم یاریدەدەرە کۆڵنەدەرە، بەم مرۆڤەی خۆی کرد بە شەریکی خەم و ناکامییەکانی ئەو، شەریکی خەم و ترسەکانی ئەو، بە شەریکی ڕۆژە شاد و خۆشەکانی، هەڵبەتە پێشکەش کردنی یەکێک لە شاکار و توحفە ئەدەبییەکانی جیهان بە ئاناگریگوریڤنا، تەنیا نیشانەی ئەشقی دڵسۆزانە و ڕێز و حورمەتی قووڵی دوستویفسکی نییە بۆ ئاناگریگوریڤنا، بەڵکو داننانە بە فەزڵی حاشاهەڵنەگری ئاناگریگوریڤنا بەسەر ئەدەبی ڕووسیەوە، کێ چوزانێ، دوور نییە، ئەم مدارا زۆر و خۆشەویستییە کاراوبە جۆشەی ئەم ژنە، کردبێتیانە کارێک کە ئەو چەند ساڵە بژی، هەڵبەتە بۆ تەواو کردنی ئەم ڕۆمانە مەزنە پێویست بوو.

ئاناگریگوریڤنا، دوای گەشتیکی چوار ساڵە لە هەندەران، بۆ ڕووسیا گەڕایەوە، ئیدی ئانا، ئاناکەی جاران نەبوو، تەواو گۆڕابوو، ئیدی ئەو گەنجە ساویلکە بێ ئەزموون و بێ دەسەڵاتەی جاران نەبوو، بەڵکو ژنێک بوو، پڕ ئەزموون، بە ئیرادە ڕێگەی بە هیچ کەس نەدەدا خۆ لە کاروباری ئەوی خاوەن ماڵ هەڵقورتێنن، گوێی لە دەم و کاوێژی مێملان نەدەگرت، ژنێک بوو خەمی پڕ سوێی جەرباندبوو ( مردنی سۆنیای نۆبەرەی کارەساتێک بوو، هەردوو ژن و مێردی بە تەواوەتی لێکدی نزیک کردبووەوە) هەروەها لە سایەی فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکییەوە شادومانی گەورەی ژیانی جەڕباندبوو، ئاناگریگوریڤنا بە منەتبارییەوە یادی ئەم زەمەنە سەخت و جوانە دەکاتەوە و لەم چەند ڕستەیەدا چڕی دەکاتەوە " سوپاس بۆ خوا کە دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا ئەم ساڵە جوانانە لە هەندەران بە تاقی تەنیا لەگەڵ ئەم مرۆڤە بەرزەدا بەو هەموو خەسڵەتە دەروونیە بەرزانەیەوە بەسەر

بەرم" ئاناگریگوریڤنا ئێستا تەواو بەختەوەر بووبوو، ئامادە بوو کە لە پترسبۆرگدا بژی، ئیدی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ، مدارای مێردەکەی دەکرد و لە هەر کێشە و خەمێکی ژیان یان لە هەر پەڵپ و بیانوویەکی بێ کۆتایی خزم و کەسوکارەکانی دەیپاراست.

ئیدی بەخێوکردنی منداڵ و ئەرکی ژیان و بژێوی، ئاناگریگوریڤنای لە گرینگترین ئەرکی سەرشانی، کە کارە ئەدەبییەکانی دوستویفسکی بوو، دوور نەختستەوە، بەو پەڕی جۆش و خرۆشەوە کاری دەکرد، خەو و خۆراکی لەخۆ حەرام دەکرد، ڕۆژنامەکانی مێردەکەی بەئیختیزال دەنووسییەوە، یەکەم خوێنەر و ڕەخنەگری بەرهەمەکانی دوستویفسکی بوو، پاشان بە دەست و خەتی خۆی بە جوانی و بە ڕوونی ڕەشنووسی بەرهەمەکانی دەنووسییەوە، پاشان دەقەکانی هەڵەچن و ڕاست دەکردەوە، کتێبەکانی ئامادە دەکرد و ئەوسا بۆ بازاڕی دەناردن، ئانا لەکاتی دەست بەتاڵیدا کە بەدەگمەن دەستی بەتاڵ دەبوو، بۆ یەکەمجار بە دڵی خۆی و وەکو پێویست، ئەو بەرهەمانەی دەخوێندەوە کە بۆ خۆی پێشتر بە ئیختیزال نووسیبونیەوە و هەڵەچن و راستی کردبوونەوە " هەمیشە لەسەفەرەکانمدا یەک دوو بەرهەمی مێردەکەم دەگەڵ خۆدا دەبرد، ئیدی دەستم بە خوێندنەوەیان دەکرد، هەڵبەتە نەک ەکو هەڵەچنێک کە دەقێک هەڵەچن و ڕاست بکاتەوە، بەڵکو وەکو خوێنەرێکی ئاسایی سادە، چەندم لەزەت لەو خویندنەوەیە وەردەگرت، کە بە کاوە خۆ و بێ هیچ پەلەپەلێک دەمخوێندەوە، زۆر شتی تازەم لە ڕۆمانەکانیا کەشف دەکرد، تا زیاتر تەمەنم هەڵدەکشا، تا ئەزموونی شادی و خەمم زیاتر دەبوو، بەرهەمەکانی مێردە نەمرەکەم، زیاتر لە دڵمدا ڕیشاژۆ دەبوون ( ئا،گ. دوستیفسکایا، بیرەوەرییەکان. کتێبخانەی دەوڵەت لە یەکێتی سۆڤیەت بە ناوی لینین ف ٩٣. بەرگی سێیەم.)

دوای ئەوەی دوستویفسکی لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا وەکو رۆماننوس و داهێنەری شاکاری ( برایانی کارامازۆف) و" وتارێک دەربارەی پوشکین" ناو و شۆرەت و خۆشەویستیەکی میللی یەجگار زۆری پەیدا کرد، ئاناگریگوریڤنا، زۆر دڵی خۆش بوو، هەستی بە شانازییەکی زۆر دەکردو هەستی دەکرد کە بەشێکی کەم لە سەرکەوتنی مێردەکەی و داننانی جەماوەر بە بەهرەمەندی مێردەکەیدا، بۆ هەوڵ و تیکۆشانی ئەو دەگەڕێتەوە، ئەڵبەتە ئەم شۆرەتە لایەنێکی دیکەشی هەبوو، ژیانی

جەنجاڵ کردن، هەوادارانێکی زۆر لە پیاو و ژن دەوری نووسەریان دابوو، سەردانی لە پەستا و بێ بڕانەوە، دەعوەت و دەعوەتکاری بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا، هەموو ئەمانە بەشێکی زۆری کاتی دوستوفیسکیان گرتبوو، ئاناگریگوریڤنا، بەناچاری دەبوایە بچێتە ئەو کۆڕانەی کە خەڵکێن بژاردە بۆی دەچوون، تەعاروف دەگەڵ ئەم و ئەودا و زۆر شتی دیکە، کە ئانا بەدڵی نەبوو و حەزی دەکرد، بە دووقۆڵی و لە کەش و هەوایەکی خێزانداری و خانەوادەیی ئارامدا دەگەڵ مێردەکەیا گەنگەشەیان بکات، ئیدی ئاناگریگوریڤنا چونکە ژنی پیاوێکی ناودار و بەنامێ بوو، دەبوایە باجی ئەو حاڵەتانە بدات، بەتایبەتی لە ڕۆژە تاڵەکانی مردن و ناشتنی دوتویفسکیدا، کە هەرگیز بەتەمای مردنی ئەو نەبوو، ئانا حەزی دەکرد وازی لێبێنن دەگەڵ خەمەکانی خۆیدا بژی، حەزی دەکرد لەو ساتانەدا لە نێو خزم و کەس و کارە نزیکەکانی خۆیدا بژی، کۆڕ و کۆبوونەوەێن لە پەستا و بێ پسانەوە، ئەو وتارە زۆر و زەبەندانەی "ئەو پیاوەیان بیردەخستەوە کە لە ڕووسیا چوو،" زۆریان ئەزیەت دا، زۆریان ماندوو کرد.

+ + +

ئانا گریگوریڤنا، ماوەیەکی زۆر خۆی لەوە دوور گرت کە بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە یان ئەو نامانە بڵاوبکاتەوە کە دوستویفسکی بۆی نووسیبون، ئانا لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ک، ی ، ئەتینگردا دەڵێت: " من ئەدیب نیم، ئەمە جگە لەوەی دەترسم خەڵک ئەم کارە بە جۆرە غرور و خۆنواندنێک لە قەڵەم بدەن، ئەمە جگە لەوەی هەرچەند سەردێنم وسەر دەبەم هەست دەکەم مەحاڵە بتوانم پێش مردنم ئەو نامانە بڵاوبکەمەوە کە فیودور میخائیلوفیچ بۆمی ناردبوون، من کەمترین خولیای خۆنواندنم نییە، خەڵکی بە حوکمی ئەوەی بێوەژنی دوستویفسکیم زۆریان خۆش دەوێم و زۆر قەدر و حورمەتم دەگرن، بۆیە زۆر و کەم بیر لە شۆرەت و ناوبانگی شەخسی ناکەمەوە و ئەمە زۆر لە تەبیعەتی منەوە دوورە. ( ک.ئەتنگیر: لە میوانی بێوەژنەکەی دوستویفسکیدا، ڕۆژنامەی بیرچیڤی ڤیدو موستی ٣٠/ ینایر/ ١٩٠٦ ژمارە ٩١٧٨)

بەدەگمەن لەناو هاوعەسرانی دوستویفسکیدا کەسێک هەڵکەوتووە، پەی بە نهێنگەکانی دەروونی دوستویفسکی مرۆڤ بردبێت، زۆربەی ئەو بیرەوەرییە بەپێز و تاسەبزوێنانەی دەربارەی دوستۆیفسکی نووسراون ( ن. ستراخوف. ئا. سوسلوڤا.

فسیفولد سولوڤیوف،م ئەلکسندروف، ئا. بوچینکو فسکایا) لەیەکدی نەک هەر جیاوازن، بگرە زۆرجار هەڤدژیشن، حوکم و بۆچوون و هەڵسەنگاندنی هەڤدژی ئەوتۆیان تێدایە، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو قەناعەتەمان لا دروست دەبێ کە دوستویفسکی شەخسیەت و کەسایەتییەکی دووفاقی هەبووە و مەحاڵە هیچ کەسێک پەی بە هەموو لایەنە دەروونییەکانی ئەم کەسایەتییە ببات.

پیاوی بلیمەت کە ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، گرنگترین شتی خۆی بەجێ دێڵێ، کارەکانی بەجێ دێڵێ کە بریتییە لە تۆماری فەلسەفە و سۆز و بەرزی ڕۆحی، بەڵام ویرای ئەوەش هەندێ لایەنی پەنهان و لەگەز ئاسایی هەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، بۆیە دوستویفسکی هەقی بوو کە دەربارەی پوشکین گوتی هاوعەسرانی پوشکین ئەوانەی دوای ئەویش دێن لەسەریانە لەگەزی ئەو پیاوە بدۆزنەوە، بەهەرحاڵ ئێمە ئەوەندەی پوشکین دەناسین، دەرکی دەکەین، تێی دەگەین، ئەوەندە دوستویفسکی دەرک ناکەین، ئەوەندەی لە زەبەلاحێکی وەکو لیڤ تولستوی بە هەموو مەندی و گۆنگی و ئاڵۆزییەکییەوە، دەگەین، قەت لە دوستۆیفسکی ناگەین، کاتێ وا تەسەوڕ دەکەین، لایەنێک لە لایەنەکانی ئەم کەسایەتییەمان دۆزیوەتەوە، لە ناکاوا و لە قوڵێکی ترەوە کۆمەڵێک بیر و بۆچوونی هەڤدژ و جیاواز بەقەد جیاوازی شەو و ڕۆژ بەرۆکمان دەگرێت و ڕیسەکەمان لێدەکاتەوە بە خووری، دوستویفسکی بەگوێرەی نووسینی هاوعەسرانی- کابرایەکی دەمدەمی، فرە ڕوخسار و سیما، هەندێ جار پیاوێکی ڕەزاقورسی خوێنتاڵە و لەخۆتەوە ڕقت لێی دەبێتەوە، هەندێجار وەک پیاوێکی ئایدیالی ڕۆمانسی، بێوەی و پارسا، لەسەر لاپەڕەێن بیرەوەری نامەکەی دیدا دەردەکەوێ. دوستویفسکی ڕاستەقینە کێیە؟ ئەو سروشت و تەبیعەتە تایبەتیەی کە ڕاستەوخۆ ڕژاوەتە ناو داهێنانەکانی و لە بۆتەی خەیاڵێکی بەرزدا تواوەتەوە چییە؟ پەیوەندی کەسایەتی دۆستویفسکی بە کارە هونەرییەکانییەوە تا چ ڕادەیەکە؟ هەموو ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دنیای هونەری و ژیانی شەخسی دوستویفسکی کردووە، ناچار بوون زۆر پرسیاری لەو بابەتە پرسیارانە لەخۆ بکەن، وەکو چۆن ژنەکەی ئەو پرسیارانەی لەخۆ کردووە.

بڵاوبوونەوەی یادەوریێن هاوعەسرانی نووسەر کە زۆر جار بە بێ ئینسافی شەخسیەتی نووسەریان شێواندووە و بە کەسێکی قەدەری، دووفاقی، نەخۆش، گرژ و مۆن، خوێنتاڵ، خود ئازاری لەقەڵەم دەدەن، ئەمە کردییە کارێک کە ئانا

گریگوریڤنا بێتە دەنگ و حەقیقەتەکان بخاتە ڕوو و باسی دوستویفسکی ڕاستەقینە بکات، هەڵبەتە هیچ یاداداشت نووسێک ناتوانێ سەرکەوتنی تەواوەتی بەدەست بێنێ.

ئەو قسەیە باوە کە دوستویفسکی لە یەکێک لە ساتە پڕ ڕاشکاویەکانی خۆیدا گوتوویەتی " قۆڕترین شت ئەوەیە کە تەبیعەتم نزم و زۆر شەهوانییە، من لە هیچ شتیکدا میانڕەو نیم، تا ئەوپەڕی شتەکە دەڕۆم ،هەموو تەمەنم بە دووی شەیتانەوە بردە سەر" ( بڕوانە: ف دوستویفسکی، نامەکان، بەشی دووەم، موسکو ،لینینگراد، ١٩٣٠ ل٢٩) ئاناگریگوریڤنا، دەربارەی ئەو دوستویفسکییەی کە " هەموو تەمەنی بەدووی شەیتانەوە بردە سەر) تاقە یەک وشەی نەنووسیوە، ئانا نەزاتی کردووە نە نیازی بووە خۆی بە قووڵایی ژیانی ڕۆحی و ئەفراندنەوانی گۆنگ و ئالۆزی نووسەردا بکات. ئەو دوستویفسکییە هزرڤان و هونەرمەندەی کە لە میانەی ڕوح و دڵ و هۆشییەوە گوزارشتی لە ژان و هیوا و گومان و نائومێدی لەلای راسکولینکوف و ئیڤان کارامازۆف و ستاڤرۆگین و میرزادە میشکن کردووە، هەمیشە لەدەرێی بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنا بووە، بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنا، تەنیا بەشێکە لە حەقیقەتی فیودور میخا ئیلوفیچ دوستویفسکی ئیدی گرنگ حەقیقەتە.

ئاناریگوریڤنا بە نووسەر و ڕەخنەگر ئا، ئیسماعیلوف دەڵێت:

" گرینگی ئەم نامانە و بیرەوەرییەکانی من لەوەدایە کە خەڵکی ئەم پیاوە و حەقیقەتی ئەم پیاوە وەکو خۆی ببینن، ئەو بیروەریانەی دەربارەی ئەو نووسراون، بە تەواوەتی و زۆر جار وێنەیان شێواندووە." ( ئا، ئیسماعیلۆف، لە میوانی ئا.گ دوستویفسکایادا بەبۆنەی سی و پێنجەمینساڵیادی مردنی. ف.م. دوستویفسکییەوە، ڕۆژنامەی بیرچیڤی فیدوموستی ٢٨/ ینایر/ ١٩١٦ ژمارە ١٥٣٥)

ژنەکەی دوستویفسکی، هەندێجار ئاماژە بۆ ئەو مشت و مڕو قسەوقسەلۆکانە دەکات کە بیرەوەریەکانی دەیان وروژێنن و دەڵێت: " زۆر جار سەرم لەوە دەسوڕمێ ئەم قسەو قسەلۆکە بێ بنج و بنەوانانە لە کوێوە دێن کە گوایە کەسێکی گرژ و مۆن و خەمبار و خەمین بووە، ئەم ئەفسانەیەی کە بەڕێکەوت خوێندوومەتەوە و لە ناسیاوەکانمەوە بیستوومە."

ئاناگریگوریڤنا، بیرەوەرییەکانی لە نێوان ساڵانی ١٩١١- ١٩١٦ دا نووسیوە و زەحمەتێکی یەجگار زۆری پێوە کێشاوە، ئانا زۆر بەوردی بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوە، پێویستە سوپاسی بکەین، کە حەقیقەتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی دوستویفسکی زۆر بە وردی و بابەتیانە تۆمار کردووە و بۆ ئەمەش زۆرجار گەڕاوەتەوە بۆ نامە و ڕەشنووسەکانی دوستویفسکی و پشتی بە نامە و نووسینی هاوڕێکانی دوستویفسکی و قسەی هاوعەسرەکانی بەستووە.

یەکیک لە تایبەتمەندییەکانی بیرەوەرییەکانی ژنەکەی دوستویفسکی قووڵی و سادەیی و ئاسایی بوونیەتی، ویستوویەتی دوستویفسکی بە هەموو لایەنە پرشنگدار و هەڵەکانییەوە وەکو چۆن هەبووە " لە ژیانی خانەوادەیی و شەخسیدا" بە خوێنەرانی دوستویفسکی بناسێنێ.

لە چیرۆکی ( دڵیکی لاواز) دا دوستویفسکی لە باسی شێوازی گێڕانەوەی فانتازیدا کە بۆ ئەم چیرۆکەی هەڵبژاردووە پێشنیازی ئەوە بۆ خوێنەر دەکات کە تەسەوری ئەوە بکات، چۆن پیاوێک هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی هزرینی مێردی ژنێک کە خۆی کوشتووە و خەریکە بەهۆی ئەو بەڵایەوە کە بەسەری هاتووە شێت بێت، هەڵبەتە بە شێوازی ئیختیزال، هەڵبەتە ئەم بەراوردە لە بەشێکیدا هەندێک لە سەرنجە شەخسییە ڕاستەوخۆکانی نووسەری لەخۆ گرتووە، کە لە سایەی دوستویفسکیداو بۆ ماوەی چواردە ساڵ وەکو ئیختیزالچی خانەوادەکە ژیاو زۆر شتی دەربارە تۆمار کرد، کە ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو دەربارەی هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ ئەودا دیتبوونی و بیستبوونی، دوستویفسکی بە کونجکاوی تەواوەوە دەیڕوانییە ئەم ڕەسمە لەگەز ئاساییانەی کە لە قولاپی ڕاو دەچوون، زۆری حەز دەکرد بچێتە بنج و بناوانی مانا پەنامەکییەکانی ئەم نووسینە بزماریانەی کە ڕاسەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەبوو:

" مێردەکەم زۆر گرنگی بە ڕۆژانە یاداشتەکانم دەدا، زۆر جار پێی دەگوتم: " ئامادەم بەنرخترین شتی خۆم بدەم، ئانیچکا گیان، بەو مەرجەی بزانم ئەم قولابکارییەی تۆ چ دەگەیەنێ: کێ دەڵێ جنێوم پێ نادەیت؟"

ڕۆژانە یاداشتە ئاڵۆز و قسەکانی ئانا لەگەڵ مێردەکەیدا کە هەردووکیانی بە (ئیختیزال) نووسیبوونەوە، دەکەنە بەردی بناغەی ئەم بیرەوەریانە، ئانا لە پێشەکی بیروەرییەکانیا دەڵێت کە کاری ئەو لەم بیروەریانەدا ، زیاتر پاچڤە بوو

لە زمانی ئیختیزالەوە بۆ سەر زمانی ئاسایی، هەڵبەتە ئەم کارە بریتی نەبووە نەبووە لە گۆڕینێکی میکانیکی، ڕەشنووسە ئیختیزال کراوەکان بۆ سەر زمانی ئاسایی و داڕشتنەوەی بە شێوازێکی جوان و مەفووم، ئاناگریگوریڤنا تەنیا لایەنە واقیعییە خاڵیسەکانی ڕۆژانە یاداشتەکانی وەردەگرت، کە بەلای ئەوە بایەخی گرنگیان هەبوو، ئیدی بە تەسەوڕێکی تازەوە هەر هەمووی دووبارە داڕشتەوە، ئیدی بۆچوون و سۆزی گەنجایەتی ڕابردووی دەگەڵ بۆچوون و ئەزموونی ئێستادا بەراورد دەکرد. بە تیپەڕبوونی ڕۆژگار، بیروەرییە تاڵ و قورسەکان لە یادگەیدا بنیان دەنایەوە، دەکەوتنە ژێرەوە و بیرەوەرییە شاد و خۆشەکان سەردەکەوتنە سەرەوە، ئیدی هەستە تایبەتی و کول وکۆڤانانی هەمە جۆری خودان بیرەوەرییەکان، بەرە بەرە کاڵ دەبوونەوە و دەبوونە شتی منالانەی ئەوتۆ کە شایستەی باسکردن نەبن.

بەراورد کردنی ئەو ڕۆژانە یاداشتانەی سالی ١٨٦٧ کە جفرەکانی کرابوونەوە، لەگەڵ ئەو لاپەڕانەی بیرەوەرییەکانیدا کە لە هەمان ماوەدا نووسرابوون، زەمینەی ئەوەمان بۆ خۆش دەکات کە بزانین ئاناگریگوریڤنا بە چ نەفەسێکەوە ڕۆژانە یاداشتە ڕاستەوخوکانی دادەڕشتەوە. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە ڕۆژانە یاداشتی کچێکی بیست ساڵان، لە کێماسی و کرچ و کاڵی و ڕاپۆرتکاری منالانە بەدەر نابێت، دەکاتە تۆمارکردنی هەندێک ڕووداو و هزرێن خودی زۆر تایبەتی و سۆزئامێز، مرۆڤ لەو تەمەنەدا بەدەر لە سانسۆری عەقڵ، هەرچییەکی بەخەیاڵدا بێ، بێ هیچ ڕتوشکارییەک تۆماری دەکات، ڕەنگە هەر ئەمەش بکاتە کارێک کە ڕۆژانە یاداشت، بەیەکێک لە سەرچاوە هەرە ڕاستگۆیەکانی بیرەوەرییان بێتە ژماردن، جا ڕۆژانە یاداشتەکانی ئاناگریگوریڤنا، بەتایبەتی لە ساڵانی یەکەمی هاوسەریدا دەگەڵ دوستویفسکی بە هەمان نەفەس و هەمان ڕاستگۆییەوە نووسراوە وزۆر جێگەی متمانەیە.. بە پێچەوانەوە بیرەوەرییەکانی زادە و بەرەنجامی ئەزموونی هۆشیارانەی ژیانێکی دوور و درێژ و دژواری ژیانی ژنێکە زۆر چاک ئەرکی خۆی بەرامبەر مێردەکەی و بەرپرسیارێتی خۆی بەرانبەر جەماوەری خەڵک دەزانێت.

لە بیرەوەرییەکاندا زۆر شتی دەقاودەق لە ڕۆژانە یاداشتەکانی ساڵی ١٨٦٧ وە وەرگرتووە، لە هەمان کاتیشدا زۆر فرەیز و پەڕەگرافی لابردووە و فەرامۆش کردووە،

یا لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دوستویفسکییەوە نەبووە یا دووبارە بوون، ئیدی ئەمە کردوویەتیە کارێک ( دوای ئەوەی زۆر بەشی دووبارە و زۆر شتی دیکە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەخودی ئاناگریگوریڤناوە هەبووە لابراون) کە ژمارەی لاپەڕەی بیرەوەرییەکان کەم بێتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئانا، تەنیا ( شتە توورەهات و زۆر تایبەتییەکانی لە بیرەوەرییەکاندا لابردووە، زۆر دیمەنی درامی ژیانی خۆی و مێردەکەی لە هەندەراندا، بە ڕاشکاوی باس کردووە، بەتایبەتی ژیانی پەشێویان لە بادن بادن. بەمجۆرە ئاناریگوریڤنا، تەنیا هەندێ ڕووداوی کەمی لە ڕووداوە زۆر و زەبەندەکانی ناو دەفتەری یاداشتە ڕۆژەکانی، بۆ ناو بیرەوەرییەکانی گواستووەتەوە، ئاناگریگوریڤنا، هەرگیز باسی ئەبولیناریاسوسلوڤای نەکردووە، کە بەر لە ئانا پەیوەندییەکی دڵداری و ئەڤینداری نائاسایی دەگەڵ دۆستویفسکیدا هەبووە.

لە بیرەوەرییەکانیدا وێنەیەکی زۆر ئایدیالی و نمونەیی تری فیودۆر میخائیلوفیچی نیشان داوە ( وێنەیەکی جیاواز لەو فیودوچکا شپرزەیەی کە هەمیشە بە ڕەفتار و ئەتوارە دەگمەن و چاوەڕوان نەکراوەکانی غافڵگیری دەکرد، وەکو لە ڕۆژانە یاداشتەکانیدا باسی کردووە) ( فیدوچکا: سووکەڵە ناوی فیودورە.)

ئیدی ئاناگریگوریڤنا بەدەر لە هەر ساختەکارییەک، شێوازی بابەتیانەی بۆ کۆلاج و مۆنتاج و داڕشتنەوەی ڕۆژانە یاداشتەکانی خۆی دۆزییەوە، ئەم ژنە تا ڕادەیەکی زۆر هەستە خودییەکانی خۆی، هەستی خۆشەویستی و هەستی ڕقی دەشاردەوە و دەری نەدەبڕی ( هەرچەندە نەیدەتوانی ڕقی خۆی بۆ نموونە سەبارەت بە کوڕی ژنی یەکەمی دوستویفسکی بشارێتەوە، کە بەڕاستی ئەو کوڕە شایستەی ئەو ڕقە بوو، بە زیادەوە) هەروەها هەوڵی نەدەدا خۆشەویستی بێ سنووری خۆی سەبارەت بە دوستویفسکی بشارێتەوە.. ئەوەتا بە تاسوب و خۆشەویستی و حەماسەتێکی زۆرەوە قسە بۆ لیڤ تولستۆی دەکات و دەڵێت:

" مێردەکەم گوتی هەست بە شادی دەکات چونکە نموونەی بەرز و باڵای مرۆڤە! هەر هەموو ئەو خەسڵەتە ئاکاری و ڕوحیانەی جوانی و شکۆ بە مرۆڤ دەبەخشن، بە زیادەوە لەودا هەن، کەسێکی باش، خێرخواز، میهرەبان، دادپەروەر، بەخشندە، ناسک، بە ئەخلاق، بە بەزەیی و بێ وێنە بوو" بەهەر حاڵ ئەم حاڵەتە دەگمەنانە، لێرە و لەوێ، لە بیرەوەرییەکانیدا بەدی دەکرێن، یەکێک لە شادیە

هاوچەرخەکان، دەڵێت ئاناگریگوریڤنا " هەموو هەوڵی خۆی بۆ پەیگیری و پەیجوری ئەو نووسینانە تەرخان کردبوو کە دەربارەی دوستویفسکی نووسرابوون و دەنووسران، خۆ ئەگەر ڕەخنەیەکی توندی سەبارەت بە مێردەکەی وەکو مرۆڤ بەرچاوکەوتبا، زۆر خەمبارو نیگەران دەبووا! " ( ن. سلونیمسکی. ژنەکەی دوستویفسکی، ڕۆژنامەی نوڤیی فیدو موستی. ئێواران ١٩١٨/٨/٣ ژمارە ١٢٧).

فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی بابەتی سەرەکی ئەم بیرەوەریانەیە، بەڵام چیرۆکی دوستویفسکی ،وەکو سەرگەڤار و مێردێک کە شەیدای هاوڕێی تەمەنی خۆیەتی، باوکێکی میهرەبانە، تەوەری ئەم کتێبەیە، " ئەو کاراکتەری سەرەکی و هەرە گرینگی ئەم کتێبەیە" کەچی ئانا گریگوریڤنا بە پلەی دووەم دێت، لە پشت پەردەوە دەمێنێتەوە. لەوێدا دەوری ژنێکی خاکی، نووسەری ژیننامە دەبینێ، ئەرکی ئەوەیە خەسڵەتە تایبەتی و دەگمەنەکانی مێردەکەی بنوێنێ و تەنانەت کە باسی یادگارییە خەمینەکانی ساڵی ١٨٦٨ یش دەکات، ئەو ساڵەی کە سۆنیای نۆبەرەی تیا مرد، ئاناگریگوریڤنا، باسی هەستێن دایکایەتی و کولو کوڤانی ئەو کاتی خۆی بە جۆرە سڵکردنێکەوە دەکات، پاشان لە ڕێگەی کچەکەی دیکەیەوە، لوبوڤ فیودورڤناوە، بۆمان دەردەکەوێ کە دایکی چ سوێیەکی لە مەرگی کیژە نۆبەرەکەی خواردووە و چۆن لە ڤیڤی ( ڤیڤی: شارێکە لە سویسرا، دەکەوێتە سەر دەریای لیمان) دەردەچوو تا سەردانی قەبری منداڵەکەی لە جنیف بکات، کەچی ئاناگریگوریڤنا، وێرای ئەو هەموو داخ و کەسەرەی خۆی، لە بیرەوەرییەکانیدا، ئەوەندەی باسی خەمباری مێردەکەی دەکات نیو ئەوەندە باسی کولوکۆڤانی خۆی ناکات، سەرباری ئەو خەمە گەورەیەی خۆی، لەوە ترساوە مێردەکەی لەو کاتە هەستیار و دژوارەدا، شتێکی بەسەر بێت.. ئانا قەناعەتی تەواوی بەوە بوو " کە مەعدەنی ڕاستەقینەی پیاو لە جەرگەی ژیانی ئاسایی و لە ناو ئەندامانی خانەوادەکەیدا دەردەکەوێت، بۆیە بەپێی توانای خۆی هەوڵیداوە ورد و درشتی ئەم ژیانە وەسپ بکات و خەسڵەتە دیار و تایبەتییەکانی دوستویفسکی بنوێنێ و باسی داب و نەریت و خووخدە و مەیل و ئارەزوو و خولیا غەریب و دەگمەنەکانی ئەم ( مرۆڤە تایبەتیە) بکات، و ئاناگریگوریڤنا، سەرلە نوێ هەمان شێواز و هەلومەرجی ژیان ونەزم ونیزامی ڕۆژانە بونیاد دەنێتەوە، کە نووسەر پێی ڕاهاتبوو.

ئەبوللون مایکوف ( مایکوف، ئەبوللون نیکولایوفیچ ١٨٢١- ١٨٩٧، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە دوستویفسکی لە ساڵی ١٨٤٦ دا لە ماڵی ڕەخنەگری گەورەی ڕووسی ڤیساریون بیلنسکی، ناسیاوی دەگەڵدا پەیدا کرد و ئیدی دۆستایەتییان تا کۆتایی تەمەن هەر بەردەوام بوو، ئەم مایکۆفە جێگەی باوەڕ و متمانەی دوستویفسکی بوو، لە هەردوو ڕۆژنامەکەی برایانی دوستویفسکی ( زەمان) و ( سەردەم) دا کاری دەکرد ) کە یەکێک بوو لە دۆستە نزیکەکانی دوستویفسکی، لە وتەیەکیدا بە بۆنەی دوامالْئاوایی نووسەرەوە دەڵێت هیچ کەسێک ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: دوستویفسکی کێیە؟ تەنیا دۆست و خزمەکانی نەبێت، مایکۆف دەڵێت: لە ئاناگریگوریڤنا بپرسن فیودوردوستویفسکی کێیە ؟ پێتان دەڵێت: " ئۆە، چەند مێردێکی جوان بوو، چەندی خۆش دەویستم! چەندم خۆش دەویست!" برادەرەکانی چی دەربارە دەڵێن وەڵامی هەر هەموویان بە دوور و درێژی دەگێڕێتەوە و تەنانەت نوکەتکانیشیان نابوێرێت، بەڵام وەڵامی پرسیارە زەروریەکان ناداتەوە، بە کورتییەکەی تینوێتیمان ناشکێنێ (.......) ئەوەم بەلاوە گرینگ نییە سەبارەت بە گەورە پیاوان بە گشتی و سەبارەت بە کەڵە نووسەران بەتایبەتی، بزانم لە چ خانوویەکدا ژیاون، یا چ جۆرە جلوبەرگێکیان لەبەر کردووە،  یا ئەو شتانە بدینم کە لە کۆندا هەیان بووە، قوتووی ناوازە و بەهاداریی سعووتی و بڕنووتی، شەبقە و کڵاو، شووشەی مەرەکەب و ئوچ و پەڕەمووچ و.... هتد.. چونکە هەر هەموو ئەم شتە بچووکانەی لە ژیاندا هەیان بووە، ناکەنە هیچ." ( بڕوانە ئوتوبیوگرافیا، نامەکان، چەند سەنجێک لە ساڵنامەی دوستویفسکییەوە، سان بترسبورگ ١٨٨٣،٥٥ پاشکۆ)

ئاناگریگوریڤنا، زۆر چاک ئاگاداری ئەم وتەیەیە کە گومان لەو بیرەوەریانە دەکرێت کە وێنەی ئەو ژینگەیە دەگرن کە گەورە پیاوان تیایدا ژیاون، کەچی وێرای ئەوەش بوێرانە و بەگوێرەی بەرنامەیەکی متەوازیعی شەخسی کەوتە نووسینی بیرەوەری، بەڵام ئەو " درێژدادڕی تڕۆهاتانەی" کە مایکۆف، بە سووکایەتیەکی ئاشکراوە باسی کردوون، مانا و ناوەڕۆک  و جوانییەکی بێ وێنەی بە چیرۆک و کارەکەی ئاناگریگوریڤنا بەخشیوە.

ئاناگریگوریڤنا، ئەو بایەخە بە ناوان ( بە تایبەتی ناوە گرنگیەکان) نادات، کە بە تۆمارکردنی بەها ئینسانییەکانی دەدات، کە بە زەوق و سەلیقەی هونەریی دوستویفسکی دەدات، بەوپەڕی تاسەمەندی و دڵسۆزانە، کول و کۆڤانەکانی نووسەر

تۆمار دەکات و دەگێڕێتەوە، ئاناگریگوریڤنا، لەبیرەوەرییەکانیدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە کاتێ دوستویفسکی لە بازل بۆ یەکەمجار تابلۆ ئەسڵییە بەنێوبانگەکەی نیگارکێش (هانز هۆلباینی کوڕ) بەناونیشانی ( مەسیحی مردوو) دەبینێ تووشی شۆک دەبێت، ئەم چیرۆکە بەڕاستی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت ( هانز هولباینی کوڕ یا هانز هولباینی بچووک ١٤٩٨- ١٥٤٣ هونەرمەندێکی ئەڵمانی سەردەمی ڕێنیسانسە، بەیەکێک لە گەورەترین پۆرترێت کێشانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت بابی نیگارکێش هانز هولباینی گەورەیە لە ساڵی ١٥٣٢ وە بەیەکجارەکی لە ئینگلتەرادا جێگر بووە، ئیدی لەلایەن پاشایانی ئینگلتەراوە قەدری دەگیرێت دەبێت بە نیگارکێشی دەربار)

هەڵبەتە تابلۆیەکەی هولباین لە ڕۆمانی گەمژەدا مانا و نێوەڕۆکێکی ڕەمزی و سەمبولیکی تایبەتی و دەگمەنی وەرگرتووە و بایەخێکی گرینگی هەیە لە واری تێگەیشتنی بیرۆکەی سەرەکەی ڕۆمانەکەدا.

ئاناگریگوریڤنا، لە بیرەوەرییەکانیا لە وەسفی ژیانی جەنجاڵ و بە ئاژاوەی پترسبورگی پایتەخت، وئارامی گوندی ستاریاروساوە دێتە سەر وەسفی وێنە و دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی ئەوروپای پێش هەڵگیرسانی جەنگی فەرەنسی بروسی و ڕووداوەکانی کۆمونەی پاریس، جا لێرەدا خوێنەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک دیمەنی سیاسی لە ئەڵمانیا و مەجەڕی نەمساوی و سویسرا و ئیتاڵیا دەبێتەوە، دیمەنە تایبەتییەکانی ژیانی دوو قۆڵی خۆیان لە غەریبیدا گرینگترین بەشی بیرەوەرییەکانی پێکهێناوە، ئانا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دوستویفسکی تا چ ڕادەیەک شیفتە و دڵبەندی هونەرێن کۆن و مەزنی ئەوروپا و هونەرمەند و سازڤان تەلارەکانیان بووە.

پێدەچێ هیچ باسکارێک لەو باسکارانەی کە لە داهێنانی دوستویفسکیان کۆڵیوەتەوە ئاوڕیان لەو چەند لاپەرە کەمەی بیرەوەرییەکان، ویرای بایەخی گەورەی ئەو لاپەڕە کەمانە، دابێتەوە، ئەو لاپەڕانەی کە باسی پەیوەندی نووسەر ( (دویستیفسکی) دەکەن دەگەڵ نووسەران و ڕۆژنامەوانان و کەسایەتییە گشتییەکانی هاوعەسری خۆیدا، ئەو پەیوەندیانەی کە زۆر هەوراز و نشێو و ئاڵۆزی و هەڤدژییان بەخۆوە دیتوە، لەوانە نکراسوف، تورگینیف، ئوگاریف، مایکۆف، ستراخوف و گونچاروف، سولوڤیوف و کاتکوف و بوبیدونوستسیف و .. هتد.

ئەو کورتە گەواهیە کەمانەی کە ئاناگریگوریڤنا دەربارەی دیدارەکانی دوستویفسکی و نیکراسوف، لە بیرەوەرییەکانیدا تۆماری کردوون، بایەخێکی یەجگار گەورەیان بۆ مێژوونووسانی ئەدەب هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە لە گۆشەنیگای سایکۆلۆژیای پەیوەندێن مرۆڤایەتیەوە گرینگی خۆی هەیە، بە گوتەی ئاناگریگوریڤنا، داهێنەری ( هەژاران) " یەجگار خۆشحاڵ بوو بە تازەکردنەوەی پەیوەندی دۆستانە دەگەڵ نیکراسوفی بەهرەمەنددا کە دوستویفسکی زۆری ڕێز دەگرت" " دوستویفسکی هەندێجار سەردانی دەکرد تا لە سەلامەتی دڵنیا بێت، جارێکیان دەچێت بۆ لای و دەبینێ نوستووە، دەڵێ هەڵی مەستێنن و سڵاوی گەرمی ئەمی پێ بگەیەنن".

نیکراسوف ( دواگۆرانییەکانی) بە ئامانەت لای پیاوێک بەجێ دێڵێت کە لەمێژ بوو نەیار و هەڤڕکی بوو و دوستویفسکی کە بە مردنی نیکراسۆڤ ( نیکراسوف. نیکولای ئەلکسیڤیچ ۱۸۲۱- ۱۸۷۷ : شاعیر، کۆمەڵێک دیوانە شیعر و ساڵنامەی ئەدەبی بڵاوکردووەتەوە لەوانە هەڵبژاردەی پترسبورگ ۱۸٤٦ هەردوو گۆڤاری سەردەم ۱۸٤۷- ۱۸٦٦ و ساڵنامەی نیشتمان ۱۸٦٦- ۱۸۷۷ ی دەرکردووە، یەکەم ڕۆمانی دوستویفسکی لە ساڵنامەی نیشتماندا بڵاوبووتەوە) تووشی شۆک دەبێت، دەڕوات و بەدرێژایی شەو بە دەنگی بەرز چامەکانی ( شاعیری تۆڵە و خەم) ( مرواری شیعری ڕاستەقینەی ڕووسی) دەخونێتەوە و ئەنجام دوستویفسکی دەچێت بۆ سەر گۆڕی هاوڕێی سەردەمی گەنجایەتی تا وتارە پڕ جۆشەکەی خۆی لەسەر گۆڕەکەی بخوێنێتەوە، هەروەها زۆر وتاری دی بۆ خەڵکی دەخوێنێتەوە و شیعرەکانی بنکراسوفی تێهەڵکێش دەکات، ئەو شیعرانەی کە لە ناو گەنجێن ڕووسیدا، دەنگدانەوەی زۆریان هەبوو، هەڵبەتە بەبێ ئەم وردەکارییە گرینگانە نە بیوگرافیای دوستویفسکی گەلالە دەبێت و نە وێنای ئێمە بۆ بۆ ئەو سەردەمە پوختە دەبێ کە ئەو تیایدا دەژیا.

لە بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنادا، باسی ئەو کورتە دیدار و دیمانانە کراوە کە لە جنیف و لە ساڵی ۱۸٦۷ دا لە نێوان دوستویفسکی و ئوگاریفدا ڕوویان داوە " گەلێک لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە دڵسۆزە.. وەکو لە بیرەوەرییەکاندا هاتووە.. لەلایەن نووسەرەوە بەرز نرخێنراون" بەڵام ئەم وردەکاریانە، جارێکی دی وێنەی پێوەرە ئاکاری و ئەخلاقییەکانی ژیانی داهێنەرانەی ڕشنبیرانمان لە ڕووسیادا پێ

نیشاندەدەن، ئەوەتا شاعیرێکی پیری کەنەفت، دواسالانی تەمەنی لە دەرەوەی ولاتدا بەسەر دەبات، هەولدەدات سوود لە بوونی دوستویفسکی لە جنیف ببینێ و بوونی ئەو بە سەلوایەک، بە سوکناییەکی ڕوحی بۆ خۆی دەزانێت، دەچێ بۆ لای کتێب و گۆڤارانی بە ئەمانەت دەداتێ، بگرە هەندێجار دەگاتە ئەوەی هەندێک پارەی کەمیشی بە قەرز بداتێ.

هەروەها ئەو واریڤاتەی ئاناگریگوریڤنا دەربارەی دیدارێکی چاوەڕوان کراوی نێوان تۆلستۆی ودوستویفیسکی دەیگێڕێتەوە و وەسپی ئەو کۆڕە ڕۆشنبیرایانەی کە نووسەر بەشداری تێدا کردوون، پاشان سەربهوردی دابڕانی نێوان دوستویفسکی و میشیرسکی سەرنووسەری گۆڤاری ( جراچدانین= هاولاتی) ( جراچدانین ١٨٧٢-١٩١٤ بلاوکراوە و گۆڤارێکی سیاسی ئەدەبی سەلتەنەت ڕەوتی محافەزەکار بوو، میشیرسکی لە پترسبورگ دەری دەکرد، دوستویفسکی دوای گەڕانەوەی لە هەندەران ئەرکی سەرنووسەریی گۆڤاری ناڤبرِی لە ئەستۆ گرت)

کە دوستویفسکی زۆر بە جدی کاری تیا دەکرد، جگە لەو وردەکاریانەی کە سیماکانی ژیانی یەکێک لە هونەرمەندە هەرە بلیمەت و داهێنەرەکانی دنیای بەرجەستە دەکرد، هەموو ئەمانە کردویانەتە کارێک کە بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنا بایەخێکی یەجگار گرنگ پەیدا بکات، ڕەنگە گرینگترین شتانێک کە ئاناگریگوریڤنا لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردبێت، ئەوانە بێ کە دەربارەی بیرە سەرەتاییەکانی دوستویفسکی، ئەوانەی کە ڕووناکییان نەبینی، باسی کردبێت، ئەو پڕۆژە تازانە بووبێ کە بە دەستییەوە بوون، دارِشتنەوە و فۆرمەلەکردنەوەی ئەو بەرهەمانە بووبێ، کە بە پشتیوانی ئەو دەستنووس و ڕەشنووسانە ئەنجامی دەدان کە نەمابوون و فەوتابوون، مخابن بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنا، هیچ گومانێک لەسەر ئەو نایەلنەوە، کە دوستویفسکی ڕەشنووسی ڕۆمانانی ( گەمژە، مێردی هەمیشەیی و ئەهریمەنانی) سووتاندووە.

ئاناگریگوریڤنا، لەو پێشەکییەدا کە بۆ بەرگێک لە کۆبەرهەمەکانی دوستویفسکی نووسیوە دەلێت: " کاتێ کە بەرهەمەکانی مێردە نەمرەکەم دووبارە دەخوێندەوە، زۆر جار سیما و تارمایی ژیانی شەخسی و خووخدەکانیم لە میانەی وەسپی قارەمانانی ڕۆمانەکانییەوە بەدی دەکرد، ئەو ڕووداوانە کە بەسەر خۆی و کەسوکارەکەیدا هاتبوون، بیروبۆچوونە شەخسییەکانی سەبارەت بە زۆر شت،

کوتومت، وەکو چۆن بەخۆم لێم بیستبوون، لە ڕۆمانەکانیا دووبارە بووبوونەوە، پێموابوو زۆر زەروورییە، ئاماژە بۆ ئەو لاپەڕانە بکەم کە وێنەی " فیودور میخائیلوفیچ" یان عەکس کردبووەوە" ( ل. ب. گروسمان، چەند سیمینارێک دەربارەی دوستویفسکی، بابەت بیبلیوگرافیا و کۆمێنتان، براگ ١٩٢٢-ل٥٤)

ئەم نیازەی ژنەکەی دوستویفسکی کە لەو حاڵەتەدا دەیکردە نووسینێکی دیکە تا رادەیەکی زۆر لە بیرەوەرییەکانیدا هاتووەتە دی ( ئاناگریگوریڤنا، هەوڵیداوە میتۆدێک بۆ هەندێ بیروبۆچوون و سەرنجان دابنێت، کە حەقیقەتە حەیاتی و واقیعییەکانی ژیانی دوستویفسکی، لە کارەکانیا ڕوون بکاتەوە، بە تایبەتی ئەو حەقیقەتانەی کە شەخسیەتی نووسەریان عەکس کردووەتەوە. هەمان سەرچاوەی پێشوو)

لە باسی شەجەرەی کەسوکارەکەی خۆی و لە باسی شەجەرەی کەوسوکاری مێردەکەیدا و لە باسی نیگەرانی و پەشێوییەکانی دوستویفسکیدا ( کە ئاناگریگوریڤنا، بە سۆز و گودازێکی خانەدانانەوە لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردووە) هەر زوو دەرکەوت کە ناڕاستە و خۆ و لەبن دێڕانەوە باسی ڕووداوە هەستیارەکانی ژیانی خانەوادەیی خۆی کردووە، ئەو ڕووداوانەی کە پاشان لە ڕۆمانی ( ئەهریمەنان) دا، تەواو ڕەنگیان داوەتەوە و بەرجەستە بوون ( ( بەتایبەتی لە وەسپی ژنەکەی شاتوفدا، کە بە باشترین دیمەنی درامی ناو ڕۆمانەکە دەژمێردرێت.) هەروەها لە یادی مردنی ئەلیوشای کوڕیان و لە باسی ئەو خەمە قورسەیدا کە هەر دانەمرکایەوە، ئاناگریگوریڤنا بە ئانقەست باسی ئەو " گومان و بۆچوون و هزر و وتانەی خۆی" دەکات کە دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەیان لە فەسڵی ( ژنانی ئیماندار) ی ( برایانی کارامازۆف) دا بە زەقی دیارە، دیارە ئەم سەرنجە خێرا و لەز و ڕەوتەنیانە، بایەخێکی گەورەیان لە واری تێگەیشتنی لە تەبیعەتی شێوازی داهێنەرانەی دوستۆیفسکیدا پەیدا کردووە، کە نموونەیان لە بیرەوەرییەکانی ئانادا زۆرە، بیرەوەریەکانی ئاناگریگوریڤنا بۆچوونە گومانئامێزەکانی مایکۆف ڕەددەکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە گوزارشت لەو بۆچوونانەی دوستویفسکی دەکات کە پێی وابوو، بۆ ئەوەی تەسەورێکی تەواوت دەربارەی مرۆڤێک هەبێت، دەبێت ئاگات لە ورد و درشتی هەوراز و نشێوەکانی ژیانی هەبێت، کە ئەمە یاریدەدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە جەوهەری شەخسیەت

و ڕوح و گیانی مرۆڤ و کەشفکردنی وێنەی راستەقینەی ئەو مرۆڤە، جا ئەو وردکاریانەی کە ژنەکەی دوستویفیسکی بە زەبری هەستی ناسکی خۆی کەشفی کردوون، لە هەر حوکم و داوەرییەکی دوور و درێژ، زیاتر و باشتر سیما شەخسییەکانی دوستویفسکی چ وەک مرۆڤ و چ وەک هونەرمەند کەشف دەکات و دەخاتە ڕوو.

بەڵام لێرەدا، پێتڤییە، ئاماژە بۆ خاڵێکی دیکەش بکەین، ئەویش ئەوەیە، چەند باسی ئەو وردەکاری و واریقاتانەی ژیانی دوستویفیسکی بکەین کە لە بیرەوەییەکانی ئاناگریگوریڤنادا هاتوون، چەند گرینگیش بن. بە تەنیا ناکەنە شتیکی ئەوتۆ، شتێکی تازەی ئەوتۆی کەشف نەکردووە کە پێستر نەزانرابێ و لە وتار و بیرەوەریانی هاوعەسران و دۆستان و نزیکانیدا ئاماژەی بۆ نەکرابێ.

دوستویفکی لە یەکێک لە نامەکانی ڕۆژگارێن تەنگانەی ساڵی ١٨٦٧ بۆ ژنەکەی دەڵێت: " ئانیا کە بە گرژی و پەستی و تووڕەیی و شەڕفرۆشیم دەبینی، ئەمە تەنیا ڕواڵەتە و هیچی دی، ڕەنگە هەموو کاتێ بەو شێوەیە سست و خاو، کلۆڵ و بەدبەخت، هاتبمە بەرچاو، بەڵام باوەڕ بکە، باوەڕم پێبکە، لە ناخا شتێکی دیکەم، ناخم شتێکی دیکەیە" ( بڕوانە: ف.م. دوستویفسکی، نامەکان، بەرگی دووەم ل٧) ئاناگریوگریڤنا، ئەم ( شتەی دی) ئەم ( ناخە) و ئەم ( حەقیقەتە) تایبەتییەی دوستویفسکی خۆش دەویست، هەر لە هەوەڵین دیدارەکانیدا پەی بەمە بردبوو، هەر ئەمەش کردییە کارێک کە ئانا دەرکی بکات و هەر هەموو ئەمانەی لە سەرانسەری بیرەوەرییەکانیدا دەربڕیوە، بیروەرییەکانی ئاناگریگوریڤنا، بەشێوەیەکی گشتی کارێکی زۆر دەگمەن و تایبەتی و بەنرخە، ئەم بیروەرییانە نۆڕین و جیهانبینی ئێمەی سەبارەت بە نووسەر ڕاست کردەوە و بۆ یەکەمجار دەرگای لەبەردەممان کردەوە، کە بچینە ناو ماڵی دوستویفسکی و دەستی خوێنەری بۆ دنیای پیاوێک گرت کە کەس وەک ئەو نەیناسیوە، ئیدی بەم جۆرە ئاناگریگوریڤنا، ( دوستویفسکی) مان لە ساتێکی زۆر هەستیاردا پێ دەناسێنی، لە ساتیکدا کە دوستویفسکی لەبەر بابەتی ئەو ڕۆمانە بۆ ژنی ئایندەی دەخوێنێتەوە، کە بەتەمای نووسینی بوو، ئەو گرێچنەی بۆ وەسپ دەکات کە لە میانەیەوە تان و پۆی ( حاڵەتی دەروونی کچێکی گەنج) دەچنێ، بەدەم گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیەوە، ئۆتوبیۆگرافیای خۆیشی دەگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی سنووری نێوان هونەر و ژیان

ببەزێنی، بەڵکو زۆر بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدات  کە چۆن دەکرێ ئەم سنووره ببڕدرێ. دوستیوفسکی تەنیا چاوەڕوانی ئەوەی لە گوێگرەکەی نەدەکرد  لە مەبەستی حاڵی بێت و ڕاوبۆچوونی خۆی لەبارەوە دەربڕێ، بەڵکو بەتاسەوە بوو قەراری یەکجارەکی خۆیشی بدات ( هەرچەندە دوستویفسکی ماوەیەکی زۆر بوو ئاگای لەو هەستە هەبوو کە لەلای ئاناگریگوریڤنا دروست بوو بوو) بەڵام ویڕای ئەوەش دەترسا داواکەی ڕەفز بکات کە بۆ دوستویفسکی دەیکردە کارەسات و ناکامییەکی بێ وێنە، نووسینەکانی ئاناگریگوریڤنا بە هەموو نیازپاکییەکیانەوە بە شێوەیەکی زۆر جوان کەڵکەڵە پەنهان و هەستە غەریبەکانی دەردەبڕێت کە چۆن ئاوێتەی عیزەتی نەفس و کبریا و گومان و بێ متمانەیی دەبن، بە ڕاستی حاڵەتێکی درامی یەجگار بەژان  و سوێیە.

لەم بیرەوەریانەدا، بەشێوەیەکی خۆ بە خۆو بێ هیچ گوشارێک، سیما بەرزە ئەخلاقی و ئاکارییەکانی ( دۆستویفسکی) مان بۆ دیار دەکەوێت: سادەیی و کەماڵی میرزادە میشکین ( میرزادە میشکین قارەمانی ڕۆمانی گەمژەیە) بۆ خۆی بلیمەتییەکی ناوازەی دوور لە هەرجۆرە ڕانانێکە، کە هەر هەمووی لەو خەسلەتانەن کە دەگەڵ پوشکین و لیڤ تولْستوی دا کۆی دەکەنەوە، بۆیە ئەو (دیمەنی  ژیانەی) کە ئانا گریگوریڤنا دەربارەی داهێنەری ( تاوان و سزا) و ( گەمژە) دەیگێڕێتەوە، زۆر بە قووڵی گوزارشت لە نووسەری گەورە، فەیلەسووف و هزرڤان، خاوەنی کاراکتەرە تراژیدییەکانی ناو ( برایانی کارامازۆف ) دەکات کە بە نیگەرانییەوە لە ستاریا روسادا دەسوڕێتەوە و لەوە دەگەڕێ کە بزانێت مانگا (بەکرێگیراوەکان) کیوە چوون، نەبا منداڵەکان بەبێ شیر بمێننەوە.. تەنیا دوستویفسکی توانی لە ڕۆژانی ئاهەنگی پوشکین دا نامە بۆ ژنەکەی بنووسێت ( میهرەجان وئاهەنگی پوشکین: ڕۆژی ٦/ یونیو/١٨٨٠ پەردە لەسەر پەیکەرەکەی لابرا و لە ڕۆژی ٨/ یونیو/ ١٨٨٠ دا بە وتارە بەنێو بانگەکەی دوستویفسکی دەربارەی پوشکین و خوێندنەوەی هەندێک لە شیعرەکانی ئەو و دانانی چەپکە گوڵ لەبەردەم پەیکەرەکەی کۆتایی هات) ( ئەو ئاهەنگەی کە لە هەمان کاتدا بوو بە سەرکەوتن بۆ خاوەنی برایانی کارامازۆف) کە زۆر پەستە و ئامادەیە لەو ژوورە گرانبەهایەی کە لە ئوتیل بۆی تەرخان کراوە و گەنجینەی شار کرێکەی دەدات، هەڵێت، چونکە لە سۆنگەی ئەو کرێ زۆرەوە هەست بە حەرەجێکی زۆر دەکات.

ئێستا دوستویفسکی کۆتایی شەستەکانمان لە بەردەمە، لەو پەڕی نامورادی و هەژاری و کڵۆڵیدایە، هەرچەندە کەرامەتی شەخسی خۆی بە جوانی پاراستووە، ئەمە دوستویفسکییە، پیاوێکی بە زەوقە لە هەڵسەنگاندنی شتە جوانەکاندا، هەست بە لەزەتێکی زۆر دەکات ئەگەر دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێ و بتوانێ نزیکەکانی خۆی شاد و دڵخۆش بکات، مرۆڤێکمان لەبەردەمە قەدەر و چارەنووس ژیانێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی کارەساتباری بە نسیب کردبوو، ئینسانێک بوو، زیاتر لە جارێک گەییە لێواری هەڵدێر، بەڵام وێرای ئەوەش کۆڵی نەدا و زیاتر بایەخی بە ژیانی دەدا، ئەوەتا وەکو خودان ماڵ و منداڵ، وەکو منداڵ بەوپەڕی دڵخۆشییەوە بە دەوری درەختی لەدایکبوونا دەسوڕێتەوە.. خاکیانە سەما دەکات، دەبینین بە درێژایی شەو لەگەڵ کوڕە توندە تەبیعەتەکەیدا دادەنیشت، بۆ ئەوەی مۆمەکانی درەختی جەژنی لەدایکبوون بکوژێنێتەوە.

کاتێ پیاو بیرەوەرییەکان دەخوێنێتەوە یەکسەر بۆی دەردەکەوێت کەجگە لە دۆستۆیفسکی لە توانای هیچ کەسێکدا نەبووە لە نامەکانیا بۆ دۆست و ناسیاوانی بەم شێوەیە باسی منداڵان بکات: " من دەیانخوێنمەوە و لێیان دەکۆڵمەوە، بە درێژایی ژیانم ئەوەم کردووە و زۆرم حەز لەو کارە بووە" چەند شەقڵێکی مرۆڤانی بە بوون دەبەخشن.. ژیان بەبێ ئەوان هیچ مەبەست و ئامانجێکی نامێنێ ( بڕوانە ف.م. دوستویفسکی، نامەکان، بەرگی چوارەم، ل٧، ٦٧) هەر لە توانای دوستویفسکیدایە کە بەم توانا درامییە گەورەیەوە وەسفی جەنازەکەی ئیلو شیچیکا بکات ( بۆ چۆنیەتی ئەم وەسفە بڕوانە کارە ئەدەبییەکانی دوستۆیفسکی بەرگی ١٨ برایانی کارامازۆف بەرگی ٣، ل ٥٦٣، چاپ و پەخشی نووسەری عەرەبی وەرگێڕانی سامی دروبی) یان بەم سۆز و میهرە باوکانەیەوە، باسی مناڵە کڵۆڵەکانی مار میلادف بکات ( بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٨، تاوان و سزا، بەرگی یەک، فەسڵی یەکەم.)

ئەوەی ئاناگریگوریڤنا دەربارەی خۆشەویستی دوستویفیسکی بۆ مناڵەکانیانی نووسیوە، بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە و کلیلە بۆ کردنەوەی دەرگای گەلێک لەبەرهەمەکانی نووسەر کە زۆر جار تووشی قارەمانێکی بچووک دەبین و دەبینین دوستویفسکی داهێنەر بە چ هاوخەمییەکی قووڵ و هاوسۆزییەکەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکات.

ئاناگریگوریڤنا، لە کۆمەڵێک لەو ڕاو سەرنج وئەنجامگیریانەدا کە لە بیرەوەرییەکانیدا هاتووە ، سەر چیخ چووە و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. چونکە زیاتر پشتی بە بۆچوون و ڕای خودانی بیرەوەرییانی دیکە بەستووەو لە تێبینی و سەرنجە شەخسییەکانی خۆی ڕازی نەبووە و بە کورتییەکەی متمانەی بە خۆی نەبووە، بۆ نموونە سەبارەت بەو ساڵانەی کە لە هەندەران لە دەرێی ڕووسیا بەسەریان بردبوو، ئانا گریگوریڤنا قسەی ن. ن ستراخوف ( ستراخوف. نیکولای نیکولای نیکۆلایوفیچ ١٨٢٨- ١٨٦٩نووسەر و ڕەخنەگر، فەیلەسووف، دانەری بیرەوەریان لەمەڕ فیودور دوستویفسکی لە هەردوو گۆڤارەکەی برایانی دوستویفیسکی ( زەمان) و ( سەردەم) کاری کردووە، پەیوەندی دەگەڵ دوستویفسکیدا هەندێجار خۆش و هەندێجار ناخۆش بووە.) بە نموونە دینێتەوە کە دەڵێت: " دۆستویفسکی لە قسە و باسدا بێوچان بەلای بابەتێن ئۆل ئامێزدا دایدەشکاند، گۆڕان بە سەر شێوازی مامەڵەکردنی دەگەڵ خەڵکیدا هات، پیاوێک بوو میهرەبان و هێمن ، هەندێجار زیاد لە پێویست نەرمکێشی دەکرد" . " و تەنانەت سیمای دەموچاویشی شوێنەواری ئەم مجێزەی پێوە دیار بوو، خەندە و بزەی سۆزئامێز کەوتە سەر لێوانی.. باشترین هەستی مەسیحیاتی لەناخیا جێگر بوو، ئەو هەستەی بەرە بەرە و جار لە جار زیاتر و ڕوونتر لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە، ئا بەو مجێز و حاڵەتەوە لە هەندەران گەڕایەوە".

ئاناگریگوریڤنا ئەم وەسفەی ستراخۆفی زۆر بە هەند وەرگرت و بە وەسپێکی قووڵ و دڵسۆزانەی زانی ( بێ ئەوەی گومان لەو جەزرەبەیە بکات کە دواجار لە لایەن ئەم دۆستە دڵسۆز و ئاگادارە لە هەموو شتێک وێی دەکەوت) کە پێیان وا بوو وێنەیەکی ڕاستەقینەی گۆڕانی ڕوحی دوستویفسکی لە هەندەران وێنەیەکی دروستی موسیحیەتە تازەکەی دوستویفسکی گرتووە.

خۆشبەختانە، ئەو پەیڤ و ئاخفتنانەی ستراخوف زۆر بە هەند وەرنەگیران و ئەوەی ئاناگریگوریڤنا گێڕاوێتییەوە، پشتیوانی لە چەسپاندن و سەلماندنی ئەم بۆچوون و ئەنجامگیریانە ناکات کە ستراخوفی ڕەخنەگر خستویانیتییە ڕوو و خودی ئاناش دانی پێیاندا نەناون، بگرە زیاتر دوستویفسکی وەکو یاخییەک بەرجەستە کردووە تا وەکو کەسێکی ئاشتیخواز و بێوەی.

هەڵبەتە ڕاوبۆچوونە محافەزکارەکانی ئاناگریگوریڤنا، کاریگەری زۆریان بەسەر هاوسۆزی و ئەنجامگیرییەکانییەوە هەبووە، ئەمەش بە ئاشکرا لە وەسپە پڕ جۆشەکەیدا سەبارەت بە شەخسیەتی بوبیدونوستسیف دیارە، هەروەها لە باسی پەیوەندییە ( بالاکانی) دوستویفسکیدا شانازی بەوەوە دەکرد کە کەسایەتییە دیارەکانی دەرباری تزاری، ڕێزی تایبەتیان لە دوستویفسکی و خانەوادەکەی دەگرت، زۆرجار هاوسۆزییان دەگەڵ دەرباردا دەگەیبیە ئاستی زێدەڕۆییەکی ئەوتۆ کە دەگەڵ خەسڵەتەکانی دوستویفسکیدا تێکی نەدەکردەوە، بۆ نموونە دوستویفسکی

وێڕای ئەوەی ڤیرازاسولیچی مەحکوم دەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەدا بوو ببەخشرێ و عەفوی بۆ دەربکرێ ( ڤیرا ئیڤانوڤنا زاسولیچ ١٨٤٩- ١٩١٩: ئەندامی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ڕووسیا بوو، ئەندامی بزووتنەوەی گەل بوو، کوێخای شاری بتروسبورگی، ف. تریبووفی تیرۆر کرد، لە هەردوو ڕۆژنامەی ( ئیسکرا) و ( زاریا) کاری دەکرد و لە ساڵی ١٩٠٣ وە پەیوەندی بە ڕیزەکانی بزووتنەوەی مەنشەفیکەکانەوە کرد.) ئاناگریگوریڤنا، بەگوێرەی ئەو وتانەی لە بیرەوەرییەکانی م. ن ستویونینا دا هاتووە ( ماریا نیکولایڤنا ستویونینا ١٨٤٦- ١٩٤٠ خانمێکی مامۆستا بوو، لە قوتابخانەی دوا ناوەندیدا دۆستی ژنەکەی دوستویفسکی بوو، خاوەنی" چەند بیرەوەرییەک دەربارەی دوستویفسکییە" کە لە وەشانخانەکانی هەندەران بڵاوبووەتەوە، ئەم خانمە باسی ژیانی ڕۆژانەی خانەوادەکەی دوستویفسکی کردووە کە زۆرجار هاتووچۆی کردبوون) ناڕەزایی خۆی دەربارەی هاوسۆزی فسیڤولد سولوڤیوف لەگەڵ بکوژانی تزار ئەلکسەندەری دووەمدا دەربڕیوە، بەم جۆرە و لەبەر ڕۆشنایی وتەکانی ئاناگریگوریڤنادا ئەوە دەردەکەوێ کە دوستویفسکی سەڵتەنەتخوازێکی بڕوا پتەو، محافەزکارێکی سەختگیر، زۆر دڵسۆزی تزار و وەفاداری مەزەبی ئەرتەدۆکسی بووە، بەڵام هەر هەموو ئەم پۆڵێنە ڕاستەوخۆ و بنجبڕانە، ڕێک دژی لایەنە هەرە گرینگەکەی دوستویفسکی دەوەستنەوە، واتە دژی ئەفراندنە هونەریەکەی دوستویفسکی دەوەستنەوە.

هەڵبەتە نابەجێ ترین کار ئەوەیە بمانەوێ نکوڵی لەو تیمە و بابەتە کۆنەپەرستی ئامێزانە بکەین کە لە بەرهەمەکانیا هەن، یان نکولی لە هاوکاری وی دەگەڵ ڕۆژنامەی ( هاوڵاتی) دا بکەین کە میشیرسکی دەری دەکرد یا حاشا لەو دۆستایەتییە بکەین کە دوستویفسکی دەگەڵ بوبیدونوستسیفدا هەی بوو.

دیاره ئەم شتانە تەنیا دیاردەێن ئاسایی و ڕەوتەنی نەبووە لە کاروانی ژیانی دوستویفسکیدا، بەڵکو چەند لاپەڕەیەکن بە ئاشکرا تەرەفدارییان پێوە دیارە، بەتایبەتی لە سەر و بەندی کارکردنیدا لە نووسینی ڕۆمانی ( ئەهریمەناندا) باشترین بەڵگەش ئەو هێرشانەیە چ لە ڕۆمانەکانیا و چ لە وتارەکانیا دەیکاتە سەر مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ( مەبەست لەو هێرشەیە کە دوستویفسکی لەم کارانەدا دەیکاتە سەر سوسیالیزم) کە هەر هەمووی کەڵکەڵەی سەڵتەنەتخوازی و سلاڤدۆستییەکی قووڵ و جێگیر لە داهێنانەکانی نووسەردا دەنوێنن.

هەر هەموو ئەمانە تەنیا یەک لایەن دەنوێنن، نەک لایەنی سەرەکی چالاکییەکانی دوستویفسکی، ئیدی چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانی بێ یان چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی. ئەو تیمە و بابەتانەی کە سیما و شەقڵی یاخی بوونیان لە ڕۆمانەکانی ساڵانی ئاخر و ئۆخری ژیانی دوستویفسکیدا لە خۆدا هەڵگرتبوو، نەک هەر دانەمرکانەوە و نەیان دایە کزی، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێزیکی گەردوونی وجیهانی ڕاستەقینەیان پەیدا کرد، هەروەها بە هیچ جۆرێک هزرە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە لە چیرۆکی ( خەونی پیاوێکی کۆمیدی)دا ئاوا نابن و ناکەونە نەدیوی، لێردا هەموو بەها و ئایدیا مەزنەکانی کەڵە تۆباویە جڤاکییەکان دەردەکەون: فورییە، لامینیە و کونسیدیران، کە دوستویفسکی لە سەرەتای ژیانییەوە باوەڕی پێ هێنابوون.

دوستویفسکی نەیتوانیوە لەوە بگات کە خەونی یەکخستنی ( تزاری ڕزگارکەر) و گەل، لە جەوهەر و کرۆکدا خەونێکی زۆر فشەڵ و فرە تۆباوییە، کە ئەمە زۆر بە ڕوونی لەم وتانەی دوستویفسکیدا دیارە: " من لەم بارەیەوە وەکو پوشکین وام، خزمەتکاری ترازم، گەلەکەی دەکاتە ئەو مناڵانەی خۆی کە کۆ لە خزمەتکردنی ناکەنەوە، لارییان لەوە نییە خزمەتکاری بن، هەرکاتێ بەڕاستی باوەڕ بەوە بێنێ کە گەلەکەی منداڵی ئەون، ئامادەم لەوەش زیاتر خزمەتی بکەم، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر باوەڕی بەوە نەبوو. ( بڕوانە ئۆتوبیوگرافیای دوستویفسکی، وتار و تێبینی لە دەفتەری بیرەوەریەکانیەوە، سان بتروسبورگ ١٨٨٣، ل ٣٦٦) بەڵام ڕقی دوستویفسکی لە بورژوازیەتی " ڕۆژاوادا" تا زیاتر لە ڕووسیادا "سەرکەوتنی" بەدەست دێنا، زیاتر کڵپەی دەسەند.

کەڵکەڵە و تاسەی مرۆڤدۆستانەی دوستویفسکی و هەوڵ و خەباتی لە پێناوی هاتنەدی بەهاو ئایدیالێن ئازادی و یەکسانی و برایەتی ڕاستەقینە لە ڕووسیا، کردیانە کارێک کە دوستویفسکی تووشی شەڕ و جۆرەها بەدحاڵی بوون ببێت دەگەڵ هاوبیران و دۆستان و هاوپەیمانانی خۆیدا، هەموو ئاواتێکی هاتبووە سەر ( پاڵتۆ خاکیەکان) ئەمانە کۆمەڵێک بوون لە سەر شێوەی کۆمەڵەی نیشتمانی هاتبووە دامەزراندن، چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا چارەسەر بۆ گشت کێشە زەروری و کەڵەکەبووەکان بدۆزنەوە،لە کاتێکا کاتکۆف و ( کاتکوف، میخائیل نیکیفوروت ١٨١٨- ١٨٨٧ وەشانکارێکی کۆنەپەرست، وەرگێڕ، ڕۆژنامەوان، خاوەن و سەرنووسەری گۆڤاری روسکی ڤیستنیک و ڕۆژنامەی موسکوڤسکی ڤیدوموستی بوو) ومیشیرمکی و (میشیرسکی، ڤلادمیر پتروڤیچ ١٨٣٩- ١٩١٤ وەشانکار و نووسەرێکی کۆنەپەرست بوو، لە ساڵی ١٨٧٢ دا گۆڤاری جراچدانین- هاوڵاتی دەردەکرد) لیونتیف و ( لیونتیف، یڤتیخی ئیڤانوفیچ: ئەفسەرێک بووبە پلەی لیوا، لەو ماڵە هاوینەیەدا دەژیا کە کاتی خۆی دوستویفسکی لە گوندی ستاریا رووسا لە ماوەی نێوان ١٨٧٤ – ١٨٧٥ دا تیایدا ژیابوو) و بو بیدونوستسیف، خولیا و کەڵکەلەیەکی تەواو جیاوازتریان هەبوو، ئەمانە هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو کۆسپ بخەنە بەردەم ئەو بزافی ڕزگاریخوازییەی، کە کە دوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای کۆیلایەتی وچینایەتی ( ١٨٦١) دەستی پێکردبوو و هەڕەشەی گۆڕانکاری بێ وێنەی دەکرد، هەروەها هەوڵیان دەدا بەرگری لەبەرژەوەندی چینی ئەرستۆکرات بکەن و لە هێرشی ( خاوەن پاڵتۆکانیان) بپارێزن، هەروەها دەیانویست ڕێگە لە هەموو ڕیفۆرمێکی لیبراڵی، ئاییندەگەرایی بگرن و هێرشیان دەکردە سەر دامەزراوە دیموکراتە تازەکانی وەکو دادگای ئاشکرا و ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی گوندەکان.

ئاناگریگوریڤنا، لە بیرەوەرییەکانیدا بە دەگمەن چووە بەلای باسی ئەو پەشێوییە فیکرییەوە کە نووسەر تووشی بوو بوو، باسی ئەوەی نەکردووە کە لە نێوان ئیمان و کوفردا لە نەوەساندا بوو کە بە دەست گومانەوە دەینالاند، کە ئەمە بە زەقی لە ڕۆمان و وتارەکانیا دیار و خویایە، لیف تولستوی ( لیف نیکولایوفیچ تولستوی، کۆبەرهەمەکانی، بەرگی ٦٣، ل ١٤٢) لە وەسفی تولستۆیدا گوتویەتی: " پارچەیەکە لە ناکۆکی" و " لە هەڕەت و گەرمەی کێشماکێشی دەروونی نێوان خێر و شەڕدا مرد" ڕەنگە ئەم وشانە وردترین و بە ئینسافترین وشە بن کە دەربارەی دوستویفسکی وترابن، هەر خوێنەرێک بیرەوەرییەکانی ژنەکەی دوستویفسکی

بخوێنێتەوە، کەمێک لەو " کێشماکێشە دەروونییە هەڵایساوە" ی بۆ دەردەکەوێ، ئاناگریگوریڤنا بەردەوام ویستوووویەتی لە ئاستی ئەم ناکۆکییە کەم بکاتەوە و خۆی لە هەر گۆنگی و ئالۆزییەک ببوێرێت و ئەو ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوە فرە لقە قەد بڕبکات کە هونەرمەند بڕی بووی، ئاناگریگوریڤنا ئاگاداری و شارەزاییەکی باشی لە هەموو بەرهەمە بڵاوکراوەکانی دوستویفسکیدا هەبوو، ئەمە جگە لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی نووسەر، هەردووکیان ناکۆکی و هەڤدژی هەست و جیهانبینی و بۆچوونە سیاسییەکانی ئەویان دڵسۆزانە و بێ هیچ مداراکردنێکی سانسۆر وخوێنەران، پێشکەش کردووە و خسویانەتە ڕوو، بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنا لەم ڕووەوە لەچاو بیرەوەرییانی هاوچەرخانی دیکەی نووسەردا، وەکو ل. سیمینۆڤا، ئا.س. سوڤورین دا، ئا. بوچینکوڤسکایا دا بە شێوەیەکی سادە وێنەی دوستویفسکی دەگرێت ( سوڤورین. ئەلکسی سیرگییڤیچ ١٨٣٤- ١٩١٢ ڕۆژنامەوان و وەشانکار بوو، لە ساڵی ١٨٧٥ داگۆڤاری"نۆڤۆی ڤریما"ی دەرکردووە، لە ساڵی ١٨٧٥دا ناسیاوی دەگەڵ دوستویفسکیدا پەیدا کردووە و ئیدی لەو ڕۆژەوە دۆستایەتیان بەردەوام بووە)

بێگومان ئاناگریگوریڤنا جۆری پەیوەندییە شەخسییەکانی دەگەڵ بوبیدونوستسیڤ و مایکۆڤ و ستراخوفدا تا ڕادەیەکی زۆر بە سادەیی و کورتی خسووەتە ڕوو، دەنا زۆر doorە دیالۆگی نێوان دوستویفسکی و بوبیدونوستسیڤ،بەم نەفەسە شاعیری ، ڕەوانییە ڕووی دابێت، چونکە بوبیدونوستیسیف، وەکو لە وتار و نامەکانیدا دیارە زۆر بە نیگەرانییەوە پەیگیری ئەو بەشانەی رۆمانی ( برایانی کارامازۆف) دەکرد کە بە زنجیرە لە گۆڤاری ( مژدەبەخشی ڕووسی) دا بڵاو دەبووەوە. هەوڵیداوە هونەرمەند بێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، دوای ئەوەی تووڕەیی خۆی سەبارەت بە قەسیدەکەی ئیڤان کارامازۆف دەربڕیوە، قەسیدەی ( ئەفسانەی موفەتیشی مەزن) ئاشکراشە نووسەر ڕقی لە میشیرسکی ( سەرنووسەری هاوڵاتی) بووە، ئەوەتا لە ڕۆژانە یاداشتەکانیدا لە کاتی ئامادەکردنی ژمارەی وەرزی تازەی ڕۆژانە یاداشتی نووسەرێکدا وشە تووڕە و هەقەکانی خۆی دەربارەی بۆچوونە محافەزەکارانەکانی ق. لیونتیف دەردەبڕێت، ئاشکراشە کە ( دۆستە محافەزەکارەکانی) مایکۆف و ستراخوف، ئەو پەڕی بێزاری و ناڕەزایی خۆیان بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (هەرزەکار) لە گۆڤاری (ساڵنامەی نیشتمان) دا دەربڕیوە و ئەم "بەرهەمە نمایشیەیان" بە خیانەت بەانبەر بەرژەوەندییە ( هاوبەشەکان) و بەغەدر لە

حزبی سلاڤی لە قەڵەم داوە، ئاشکرایە ئاناگریگوریڤنا، شەقڵێکی ئایدیالی زۆری بە کەسەکانی دەروبەری دوستویفسکی بەخشیوە، ئەمەش بە زەقی لەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان ستراخۆفی ناو دەقە بنەرەتییەکەی بیرەوەرییەکان و ستراخوفی ناو بەرپەچدانەوە پاشکۆییە تایبەتییەکەی دواتردا دیارە.

ئاناگریگوریڤنا، کاتێ باسی ڕووداوە سیاسی و ئەدەبییەکان دەکات، هیچ متمانەیەکی بەخۆ نامێنێ، لێرەدا بە زمانی کەسانی دیکەوە قسان دەکات، بەڵام بەخۆی نەدەنگی هەیە و نە ڕەنگ، تەنانەت توانای گوزارشت کردنیش لەدەست دەدات، هەرکە دێتەوە سەرباسی کاروبار و ڕووداوە ڕۆژانەکانی ژیان، کە بەباشی لێیان بە ئاگایە، شێوازی نووسین لە نوێ دەگەشێتەوە و گەشە و نەشە دەکات.

+ + +

ئاناگریگوریڤنا، ئەدیبێکی پیشەیی نەبووە، هەر کەسێ باسی بەهرەی ئەدەبی ئەو بکات، باسەکەی دەچێتە خانەی زێدەڕۆییەکی زەقەوە، بەڵام ساڵانی هەڤژینی دەگەڵ دوستویفسکی و بەشداری کردنی لە کارەکانی ئەودا و لەو کەش و هاماجە هونەرییە بەرزەدا، خۆ بە خۆ کاریان کردووەتە سەر پێکهاتەی دنیای ڕوحی ئانا، ئەگەرچی دوستویفسکی( بڕوانە: ف.م. دوستویفسکی، نامەکان بەرگی دووەم، ل٢٦ ) لە سەرەتاوە بە گومان بوو لەوەی ژنەکەی بتوانێ لەم بەرهەمە یا ئەو بەرهەمە تیبگات و هەڵی بسەنگێنێ ( " من یەک خوێنەرم هەیە ئەویش ئاناگریگوریڤنایە، زۆر شیفتەی کارەکانمە، بەڵام ئەو توانایەی نییە کە داوەریان لەمەڕ بکات) بەڵام دواتر لە پتر لە بۆنەیەکدا، ستایشی هەستیاریی هونەری ئەو دەکات و شانازی تەواو بە نۆڕین و بۆچونانی یەکەمین خوینەرەکەیەوە دەکات ( ئاناگریگویڤنا لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت: هەستم دەکرد ئەو ئەدیبانەی کە قسەیان دەگەڵ دەکردم، بەگومان بوون لەوەی من وەکو پێویست لە حەقیقەتی کارەکانی مێردەکەم بگەم و من وەکو پێویست پەی بەقووڵی بەهرەی مێردەکەم نابەم، ئەوجا هەوڵیان دەدا ڕاڤە و شرۆڤەی بەهرەکانی بکەن و لەبەرچاوی من بەرزی بکەن، بەڕای من کاتی خۆیان بە فێڕۆ دەدا، چونکە لە دنیادا کەم کەس هەبوون، بتوانن وەک من پەی بە بەهرەی ئەو بەرن، ئا.گ. دوسویڤسکایا، بیرەوەرییەکان، کتێبخانەی دەوڵەتی بە ناوی لنین، دۆسیەی ٩٣، بەشی سێیەم، ل ٧٠٧)

ئاناگریگوریڤنا، بیرەوەرییەکانی بەشێوەیەکی زۆر جوان نووسیوە و خۆ بەخۆ خوێنەر ڕادەکێشێت، گومان لەوەدا نییە کە بەهرەیەکی هونەری دەگمەنی لە گێڕانەوەدا هەبوو، و گەلێ لە هاوچەرخانی گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن. بۆ نموونە ماریا ستویونینا ( ستویونینا ماریا نیکولایڤنا ١٨٤٦- ١٩٤٠ ژنیکی مامۆستا بوو، هاوڕێی ئاناگریگوریڤنا بوو لە قوتابخانەی دواناوەندی، کتێبێکی هەیە بە ناونیشانی چەند بیرەوەرییەک دەربارەی دوستویفسکی، کە لە تاراوگە و هەندەران بڵاوبووتەوە) لە بارەیەوە دەڵێت: " بەهرەیەکی وای هەیە دەتوانێ هەرچییەکی لە ژیاندا دیتووە و بیستووە، بەجۆرێ وێنە بگرێت لە تۆ وایە تابلۆیە، کە دەچووە دەرێ یا دەچووە بازاڕ تا پێویستییەکی ڕۆژانە بکڕێت، هەرچی ڕووداوێکی گەورە و دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و بچکۆلەی دیتبا بە زەینی دەسپارد و هەرکە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە بە جۆرێ دەستی بە تۆمارکردنی دەکرد لە تۆ وایە تابلۆیەک دەکێشێت، یا وێنەی دیمەنێک بە هەموو ڕوویەکییەوە دەگرێت، هەڵبەتە ژیلەمۆیەکی هونەری لە ناخیا پەنهان بوو.. " هەروەها ز،س کوڤریجینا کە ژنێکی دیکەی هاوعەسری ئاناگریگوریڤنایە، هەمان وتەکانی ستویونینامان دەربارەی بەهرەمەندی ئاناگریگوریڤنا بەگوێدا دەداتەوە و دەڵێت: ( ...... هێندە بە ڕوونی و ڕەوانی و زندوویەتی حەقیقەت و ڕووداوە سادەکانی دەگێڕایەوە کە گوێگر وا یێنای دەکرد کە دەتوانێ ئەو ڕووداوانە بە چاوی خوی بدینێ ( م. ڤولۆتسکوی، شەجەرەی خانەوادەی دوستویفسکی، موسکۆ ١٩٣٣، ل ٢٢ ئا، ٢٤٢ ئا) لێهاتووی هونەری و بەهرەی گێڕانەوە و حیکایەتەوانی، بە زەقی لەم بیرەوەریانەدا دیارە، یەکەمین دیدار دەگەڵ دوستویفسکیدا، خوازگاری لە لایەن دوستویفسکییەوە، مەرگی سونیچکای نۆبەرەیان و جەنازەی مێردەکەی هەر هەمویان لەو دیمەنانەن کە دەچنە ڕیزی باشترین نمونەی ئەدەبی بیرەوەریانی ڕووسییەوە، هەڵبەتە پتر لە بیرەوەرییە ژنانەکانی سوفیا تولستایا، ن. ئوتوچکوفا ئوجاریڤا، ت. ب باسیک) ەوە نزیکە.

شەقڵی وردە شۆخیانی نەرم ونیان، جۆرە ڕەونەقێکی تایبەتی بە بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنا بەخشیوە، کە خوێنەر ئەو دیمەنە دەخوێنێتەوە کە چۆن دوستویفسکی غیرە لە ژنەکەی و لە هەنبەر گریگورفیچدا دەکات و چۆن ئانا توانیویەتی ئەو ( تاوانبارە) ئاگادار بکاتەوە کە غیرەی مێردەکەی هاڕوژاندووە: " تەنیا ئەم وشە نەنگیانە: " تەماشای ئەم مێوینە فەرەنسییە، وەکو شەیتانێکی

چکۆلە ڕەفرات دەکات" وای لێکردم بزانم کە گریگوروفیچی پیرەمێرد.... ( مەبەست لەم شۆخییە سادەیە، خۆیەتی) ئاناگریگوریڤنا بەو جۆرە باسی حاڵەتی لە بیرچوون و حەواس پەرتی لەلای مێردەکەی دەکات.

باشترین پاژۆ بەشێن بیرەوەرییەکانی بریتییە لەو ڕووداوە خانەوادەییانەی کە ئانا دەربارەی دوستویفسکی دەیگێڕێتەوە، بەڵام ئەو فەسڵ و پاژانەییێش دیداری ئانا دەگەڵ نووسەرداو پاشان ئەو فەسڵ وپاژانەی لە دوای مەرگی دوستویفسکییەوە دێن، هەندێک لاوازیان پێوە دیارە، دەگەڵ پێواربوون و دیارنەمانی قارەمانی بیرەوەرییەکاندا، ئیدی دینامیکیەتی گێڕانەوەکە دادەمرکێتەوە و دەگۆڕێت بۆ چەند وتارێکی هەمە جۆر، کە ڕەنگە گرنگترین بابەتیان ئەوەبێ کە ئاناگریگوریڤنا دەربارەی سەردانی بۆ لای لیڤ تولستوی و بەرپەرچدانەوەی ستراخۆف دەیگێڕێتەوە.

ئەو گوتارەی بەرواری ١٨٨٣/١/٢٨ ی ستراخۆف، کە لە ساڵی ١٩١٣ د بڵاوبووەتەوە و بەها ئەخلاقی و ئیستاتیکیەکانی لەلای دوستویفسکی ڕیسوا کردووە، بەلای ئاناگریگوریڤناوە جەزرەبەیەکی کەمەرشکێن و کوت و  پڕ بوو، ئانا بە گروسمان ( گروسمان لیونید پتروفیچ ١٨٨٨- ١٩٦٥ پسپۆڕ و زانا لە واری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی سۆڤیاتی، نووسەر چەندین بەرهەم و نووسینی لەمەڕ ژیانی دوستویفسکی و پوشکین و لیسکوف هەیە) دەڵێت: " لە داخ و تووڕەییدا دنیام لەبەرچاو تاریک بووە" ، " تەحا لەو هەموو بوختانە! لەلایەن کێشەوە؟ لەلایەن باشترین دۆستمانەوە، لەلایەن میوانە هەمیشەییەکەمانەوە،کە شایەدی زەماوەندەکەمان بوو، لەلایەن نیکۆلایوفیچ ستراخۆفەوە، کە یەکسەر دوای مردنی ف. میخائیلوفیچ داوای لە من کرد ڕێگەی بدەم کە ژیاننامەی دوستویفسکی بنووسێت و بەگەڵ چاپی کۆبەرهەمەکانی دوستیفسکی بخەین کە قەرار بوو دوای مردنی چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

( ئا.گ دوستویڤسکایا، بیروەرییەکان، ئامادەکردنی ل. ب گروسمان، موسکۆ ١٩٢٥- ل ١٥)

ئاناگریگوریڤنا کەسێکی زۆر بەسەبر و هەدار بوو، توانی خۆی بگرێت و لە ژیانیا وەڵامی ستراخوف نەداتەوە و بەرپەرچدانەوەکەی خستە ناو بیروەرییەکانییەوە، ئاناگریگوریڤنا هەوڵیداوە بە شێوەیەکی بنجبڕ ،واقیعیانە و لۆژیکیانە تۆمەتەکانی

ستراخۆف پشتەوشار بکاتەوە و هەوڵیداوە وەڵامەکان زۆر قەناعەت بەخش بن، ژنەکەی دوستویفسکی ئاگای لەو وتارەی تولستوی نەبوو، کە بە لوتف و تەوسەوە ئەو ( باسە دەروونیانە) ی ڕەفز کردبوو کە ستراخۆف خستبوونیە ڕوو، ڕەخنەگر ستراخۆف هاتووە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە تۆمەتبارکردنی دوستویفسکی بە لاوازی ئەخلاقی، شەخسی نووسەری لەگەڵ هەندێک لە قارەمانانی ناو کارە فیلیفانیەکانیدا ( ابداعی) بەراورد کردووە. ستراخۆف دەڵێت: " قارەمانی یادگارییەکانی خانەی مردوان، سقدریگایلوفی( تاوان و سزا) وستاڤروکینی ( ئەهریمەنان) لە هەموو قارەمانەکانی دی پتر دەشوبهێنە سەر دوستویفسکی( نامەکاری لیڤ تولستوی دەگەڵ نیکولای ستراخوفدا، بەرگی دووەم، سان بترسبورگ. ١٩١٤، ل ٣٠٨)

ستراخۆف، لە وتارێکی دیکەدا هەمان بۆچوون و نۆڕین بە شێوەیەکی تۆختر دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت: " لەکاتێکدا دوستویفسکی قارەمانەکانی لەسەر شێوە و وێنەی خۆی دروست دەکرد، لە هەمان کاتدا وێنەی چەندین نەخۆش و نیمچە شێتانی دەگرت و قەناعەتی تەواوی هەبوو کە ئەمانەی لە واقیعەوە هەڵێنجاون و ئەمە جەوهەری ڕۆحی مرۆڤە." ( لیڤ نکولایفیچ تولستوی. کۆبەرهەم، بەرگی ٦٦، موسکۆ، ١٩٥٣، ل ٢٥٣- ٢٥٤) تولستوی بەرپەرچی ستراخۆف دەداتەوە و دەڵیت: " تەنانەت لەم کاراکتەرە ڕیزپەڕانەشدا، ئێمەی ناسیاوی و تەنانەت بێگانانیش، دەشێت پەی بە ڕۆحی خۆمان بەرین، واتە خۆمان لەم کاراکتەرە ڕیزپەرانەدا بدۆزینەوە" ( هەمان سەرچاوەی پێشوو) بە گوتەیەکی دی، ستراخوف،لە ناکاوا با دەداتەوە و بەهرە دەگمەنەکەی دوستویفسکی لە واری بەرجەستەکردنی مرۆڤ و هاوسۆزی دەگەڵ مرۆڤ و ڕۆچوون بە قوولایی دەروونی مرۆڤدا، بە عەیبێکی جەوهەری لە قەڵەم دەدات و دەزانێت، بەڵام ئەم بەهرەیە بەلای تۆلستۆیەوە مەرجی هەرە بنەڕەتی داهێنانی هونەری ڕەسەنە، تولستوی هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: " هونەرمەند تا پتر قووڵ بێتەوە و بچێتە قووڵاییەوە، زیاتر لە خەڵکی نزیک دەبێتەوە و ڕوونتر دەکەوێتە بەر دیدەی هەموان" ( ل. ن. تولستوی، کۆبەرهەم، بەرگی ٦٦، ١٩٥٣، ل ٢٥٤)

هەڵبەت لێرەدا مەبەستی لە دویستویفسکی و خۆی و هەموو هونەرمەندە ڕاستەقینەکان بوو بەگشتی، بۆیە مەسەلەی سوکایەتی کردن و ناوزراندنی

دوستویفسکی نووسەر و مرۆڤ، بە سەر ستراخوف خۆیدا شکایەوە، تولسۆی لە کاتێکدا بەرگری و بەرەڤانی لە دوستویفسکی دەکرد، " کەشفکارییەکان" ی ستراخوفی بەدرۆخستەوە و مەحکومی کردن، ئیدی عەدالەتی قەدەر کردییە کارێک کە تولستۆی بە ڕای ستراخوف خۆی یەکەم کەس بێ لە دنیادا توانی بەوپەڕی ئینساف و پاکییەوە حکوم لە سەر دوا گەنگەشەی لەگەڵ دوستویفسکی کۆچکردوو دا بدات ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وتارەکەی بوریس بورسوف لە سەر گۆڕەکەی دوستویفسکی، نامەکانی ل تولسۆی و ن. ستراخوف، گۆڤاری ساڵنامەی زانایانی پەیمانگای لنینگرادی پەروەردەیی بە ناوی ئا. ی. گیرتسن بەرگی ٣٢٠ کێشەی ژانری ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبی ڕووسیدا، لنینگراد، ١٩٦٩، ل ٢٥٤- ٢٧٣)

ئەو ناڕەزاییانەی ئاناگریگوریڤنا دەریبڕیون، بە پێچەوانەی ئەو نۆڕینە فەلسەفی و ئیستاتیکیانەوە کە تۆلستۆی دەری بڕی بوون، ناڕەزایی سنووردار و زۆر سۆزدارین، بە پلەی یەکەم شایەدی ژنی نووسەرێکە، زۆر توورەیە لەو درۆ و بوختانانەی کە بۆ مێردەکەی هەڵبەستراوە، بەڵام پێویستی بەوەش نەبوو بە تایبەتی بەرپەرچی بداتەوە، چونکە کەسایەتی و وێنەی دوتسویفسکی بەشێوەیەک لە بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤانادا بەرجەستە بووە و دەردەکەوێت، ڕێک پێچەوانەی درۆ و بوختانەکانی ستراخۆفە.

+ + +

ئاناگریگوریڤنا تا ماوەیەکی زۆر باوەڕی نەدەهات کە دوستویفسکی مردبێت، دۆست و خزمەکانی لەگەڵ منداڵەکانیا بۆ قرمیان نارد، بەو ئومێدەی ئەم جێگۆڕکێ و تەنیاییە، کەمێک خەمی سوک بکاتەوە، بەڵام بیرەوەری لەوێندەریش بەرۆکیان بەرنەدەدا و بەجۆرێ دڵی پڕ دەکرد کە سوکنایی نەدەهات، ئاناگریگوریڤنا لە نامەیەکیدا بۆ سوفیا ئەڤیرکیڤا دەڵێت: " هەموو شتێک لەڕادەبەدەر باش و ئارامە، لە هیچم کەم نییە تەنها سەبر و هەدار نەبێ، خەم بەجۆرێ لە دڵما بارە، گەیومەتە ڕادەی نائومێدی، بیر لە ساڵە خۆشەکانی ڕابردوو دەکەمەوە، باوەڕ ناکەم چیتر ئەو ساڵە خۆشانە بگەڕێنەوە، هەرچی دەکەم و دەکۆشم باوەڕ ناکەم جارێکی دی نای بێنمەوە، گوێم لە دەنگی نابێتەوە، کە هاتم بۆ ئێرە بەو ئومێدەبووم لە باوەشی تەنیاییدا ئارام بگرم، لەو باوەڕەدا بووم تەنیایی سوکە ئارامییەکم پێ ببەخشێت، نازام بڵێم چی؟ تەنیایی یارمەتی دام: سەربارى ئەوەی

شوێنێکی باشی بۆ بیروەریانی قورس و خەمناک، بۆ داخ و کەسەران بۆ فەراهەم کردم، نازانم چ بکەم! ( بڕوانە کتێبخانەی دەوڵەتی گشتی بە ناوی سالتیکۆف-چیدرین، دۆسیەی ٦ ئەرشیفی ٣٣.)

ئاناگریگوریڤنا لە ڕۆژی ناشتنی جەنازەکەی دوستویفسکیدا بەڵێنی دا کە " باقی تەمەنی خۆی" بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی کارەکانی ئەو تەرخان بکات، ئیدی ئانا بەدەم بیرەوریانی ساڵانی ڕابردووەوە، لە ڕابردوودا دەژیا، ئەوەتا دەڵێت: " من ئێستا لەسەدەی بیستدا ناژیم، من لەوێ لە حەفتایەکانی سەدەی نۆزدەدا بەجێ ماوم، ئەوانەی بەدەوروبەرمەوەن هاوڕێ و دۆستەکانی فیودور میخائیلوفیچن، ئەو دۆست و ئاشنا نزیکانەی دوستویفسکین، کە ماڵاواییان لە دنیای ئێمە کردووە، من دەگەڵ ئەوانەدا دەژیم، هەر کەسێک کار لەسەر لێکۆڵینەوەی ژیان و بەرهەمەکانی دوستویفسکی بکات لەلای من کەسێکی ئازیزە" ( ئا. گ. دوستویفسکایا، بیرەوەرییەکان، نووسینی ل. ب گروسمان، موسکو، ١٩٢٥، ل١٠٤) نووسەر و ڕەخنەگر ن. سلونیمسکی، کە ئاناگریگوریڤنای باش دەناسی دەڵێت ئانا زۆری شانازی بە کەسایەتی خۆیەوە و بە شەخسیەتی مێردەکەی و بەوەی کە ژنی دوستویفسکی بوو دەکرد. ( ن. سلونیمسکی، ژنەکەی دوستویفسکی، ڕۆژنامەی نوڤوی ڤیدوموستی ئێواران، ١٩١٨، ژمارە ١٢٧).

ئەو هەوڵ و کۆششەی ئاناگریگوریڤنای ژنی نووسەر لەپاش مردنی دوستویفسکی داویەتی، بەڕاستی هەوڵێکی مەزن و فرەلایەن بووە، حەوت چاپی کۆبەرهەمەکانی بڵاوکردوەتەوە، کە دواچاپی لە ساڵی ١٩٠٦ دا بووە، هەردوو ئوریست میللەر و ن. ن ستراخوف ( میللەر ئوریست فیدروفیچ ١٨٣٣- ١٨٩٩ پسپۆڕ لە واری فۆلکلۆردا، مێژوونووسی ئەدەب و ڕەخنەگر بوو، خەم و خولیایەکی سلاڤیانەی هەبوو، لە ساڵی ١٨٥٨ وە مامۆستای زانستگەی پترسبورگ بوو، دۆستی دوستویفسکی بوو).

کە بۆ یەکەمجار " کەرەستەی تایبەت بە ژیانی دوستویفسکی" یان فەراهەم کردەوە،" قەرزاباری ئەون،لە ساڵی ١٩٠٦ کارێکی ناوازەی ئاناگریگوریڤنا دەرکەوت کە بریتی بوو لە بیبلیۆگرافیای ئەو کار و بەرهەمە هونەریانەی کە دوستویفسکی لە ژیانیا بەرهەمی هێنابوون، بە درێژایی ئەو سالانە ئاناگریگوریڤنا کاری لە سەر کردنەوەی جفرەی ( بیرەوەری نووسەر) ی ساڵی ١٨٦٧ کردووە، ئەمە

جگە لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبێکی تایبەت بەو نامانەی کە دوستویفسکی بۆ ئەوی ناردبوون، ئەمە جگە لە نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆی.

ئاناگریگوریڤنا جگە لەم کارە ئەدەبییە گەورانە، کە ستاریاروسادا قوتابخانەیەکیشی بۆ پیشە میللییەکان کردەوە، ئەمە جگە لە دامەزراندنی شوقە- موزەخانەی ف. م. دوستویفسکی و دروستکردنی ژوورێکی تایبەت بە دۆستویفسکی لە مۆزەخانەی مێژوو کە بە هەوێنی شوقە- مۆزەخانەکەی دوستویفسکی لە موسکۆ دێتە ژماردن. ئاناگریگوتڤنا،بەشداری لە ئێوارە کۆڕە ئەدەبی و گەلەری و پێشانگاکاندا کردووە و نامەی یەجگار زۆری بۆ جەماوەری دڵبەندانی بەهرەکانی دوستویفسکی نووسیوە، بۆ نموونە نامەی لەگەڵ زۆر کەسدا هەن لەوانە: م. ن. یرمولوڤا، ئا، ف، کونی، ف. ی. نیمیروفیچ- دانچینکو، ف. س. سولوفیف، ئۆریست، میللەر، ی. ف تارلی، ک.ی. جوکوفسکی، شایانی باسە ئاناگریگوریڤنا، لە کۆتایی ڕانان و نواندنی شانۆنامەی ( برایانی کارامازۆف) دا لە وتەیەکدا سوپاسی هەموو ئەندامانی تیپی شانۆی هونەری کردووە کە تیایدا دەڵێت: " هەمیشە ئاواتم ئەوە بووە کە کارێک لە کارەکانی مێردە ئازیزەکەم لەسەر تەختەی شانۆ بدینم، لێ مخابن گۆڕینی ڕۆمانەکانی بۆ شانۆ، هەمیشە ئەوەندەی خەمباریان دەکردم دڵخۆشیان نەدەکردم، شانۆنامەکان بەهای کارەکانی دوستویفسکیان بەرجەستە نەدەکرد، ئەو کاراکتەرانەیان نەدەنواند کە ئەو خولقاندبوونی، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیان شێواندن، ئەنجامدانی ئەم کارانەی لە سەر شانۆ جگە لە چەند کارکی کەم، ئەدایەکی زۆر ئاسایی هەبوو، هەمیشە وام بیرکردووەتەوە کە مەسەلەی شرۆڤەی دوستویفسکی بۆ جەماوەر کارێکە تەنیا ئەرکی شانۆی هونەریی موسکۆ نییە، ئەم شانۆیەی زۆری لە پێناوی بەرزێتی هونەری ڕووسی کردووە" ( وتاری بێوەژنەکەی ف،م دوستویفسکی ، ئا. گ. دوستوفیسکایا ڕۆژنامەی ( ڕیچ ) سان بترسبورگ، ١٩١٠- ١٢/ ٢٥ ئۆکتۆبەر ژمارە ٢٨٠) بەڵام هەوڵ و کۆششەکانی ئاناگریگۆیڤنا فریای ئەوە نەکەوت، هەموو ئەو پڕۆژانە بەدی بێنێ کە بیری لێ دەکردەوە، ئیدی مەرگ و تەمەن مەودای ئەوەی نەدا بەرگی دووەمی بیوگرافیای نووسەر بنووسێت، ئیدی هەندێک لەو دەفتەرانەی کە بەشێک لە دیالۆگەکانی ئانایان دەگەڵ دوستویفسکیدا لەخۆ گرتبوو و بەشێوەی ئیختیزال تۆمار کرابوون، هەر بە جفرەیی مانەوە و نەکرانەوە، ئاناگریگوریڤنا لە گوتوبێژێکدا دەگەڵ ئا، ئیسماعیلوفدا دەڵێت: " مخابن بە درێژایی قۆناغی دووەمی کارکردنم لە سەر

مێردەکەم ، نەمتوانی دەقە ئیختیزال کراوەکە بێنمەوە سەر نووسینی ئاسایی، هەڵبەتە کردنەوە و هەڵهێنانی جفرەکەی کارێکی ئاسان نییە وەکو هەر ئیختیزالچییەکی شارەزا و بە ئەزموون هەندێ ڕەمزی تایبەتیم بەکار بردبوون جگە لە خۆم کەسی دی نەیدەتوانی لێی تێبگات.." ( ئا،ئا ئیسماعیلۆف، لە میوانی ئا.گ دوستویفسکایا بەبۆنەی سی وپێنجەمین ساڵیادی مەرگی ف،م. دوستویفسکی، ڕۆژنامەی بیرچیفی فیدوموستی ١٩١٦، ٢٨/ ١، ژمارە ١٥٣٥٠) ئەوکاتە ئانا هێشتا لە نووسینی بیرەوەرییەکانی نەبووبووەوە، ئاناگریگوریڤنا بەر لە مردنی بە ماوەیەکی کەم، قسەی دەگەڵ ل. گروسماندا کردبوو کە: " من هەنوکە تەمەنم حەفتا و دوو ساڵە، بەڵام حەز ناکەم بمرم، هەندێجار دڵی خۆم بەوە خۆش دەکەم، کە تەمەنم وەکو تەمەنی ڕەحمەتی دایکم کە نەوەت دانە ساڵ ژیا، درێژ بێت، هێشتا کاری زۆرم لە پێشە، کۆمەڵێک کار کە تەواو نەبوون، کارێکی هێندە زۆرم لەبەردەم ماوە هەموو تەمەنم بەشی ناکات" ( ئا،گ. دوستویفسکا، بیرەوەرییەکان، نووسینی ل،ب گروسمان، موسکۆ ١٩٢٥، ل ١٤)

ئاناگریگوریڤنا لە ساڵی ١٩١٧ دا کە لە باشوور دەبێت، تووشی مەلاریایەکی تووش دەبێت، ویرای هەوڵی زۆر ناتوانێ بۆ پترۆگراد بگەڕێتەوە، ئەمە هێندەی تر باری تەندروستی خراپ دەکات، ئەمە جگە لەوەی زۆر نەبوو و دەستکورت دەبێ، ئانا، زۆر ئازایانە تەحەموولی ئەو واقیعە تاڵە دەکات، خانمی پزیشک ز.س کۆڤریجیبینا بیرەوەری خۆی دەربارەی ئاناگریگوریڤنا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: " لەم ماوەیەدا، لەو دوا مانگانەی تەمەن و ژیانیا، زۆر مایەی سەرنج بوو، نەک هەر لەبەر ئەوەی ژنی دوستویفسکی بوو، بەڵکو لەبەر شەخسیەتی خۆی، بەو تەمەنەوە زۆر بە گوڕ و چالاک بوو، ئاقڵ و بە هۆش و گۆش بوو ،بایەخێکی زۆری بە هەرشتێکی دەوروبەری خۆی دەدا . جۆش و خرۆش و تین و تاوێکی ئەوتۆی بە دەوروبەری دەدا کە دەگەڵ ئەو تەمەنەیدا نەدەگونجا، زۆر جار باوەڕت نەدەکرد لە هەنبەر پیرەژنێکی ( .....) دای، ژنێکی تەبیعەت قورس، ژنێک کە تا دواساتەکانی تەمەنی تواناى خۆشەویستی ورقی هەبوو..." ( دوستویفسکی، وتار و بابەت، نووسینی دولینینا، بەرگی دووەم، لنینگراد، ل ٥٨٧)

ئاناگریگوریڤنا، لە ٩/ یونیو/١٩١٨ لە یالتا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ئوتسکی لە دووری بترسبورگ ، لە دووری ئازیزانی خۆی لە دووری دوستۆیفسکی بە

خاک سپێردرا، ئانا، وەسێتی کردبوو کە بە تەنیشت مێردەکەیەوە و لە کڵێسای ئەلکسندرنیڤسکی نەی نێژن، کۆتەڵی تایبەتی بۆ دروست نەکەن و ئەگەر ویستیان تەنیا چەند دێڕیک لە سەر کێلی گۆڕەکەی بنووسن، بەهۆی هەندێک زروفی نالەبارەوە دوا داوای تەنیا لە ساڵی ١٩٦٨ دا جێبەجێ کرا، ئەویش لە بۆنەی پەنجایەمین ساڵوەگەڕی مردنیدا، هەڵبەتە فەزڵی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سووربوون و پێداگری ئاندرێ فیودوروفیچی تاقە نەوەی، پاش ئەوەی چەند وتار و باسێک لەمەڕ ئاناگریگوریڤنا بڵاوکرانەوە ، هەندێک لەو کەسانەی بە وتاری گەرم و گوڕ و پڕ پڕ لە ڕێز و حورمەت ماڵئاواییان لێکرد، بریتی بوون لە: ی.ئا. شتاکینشنایدر، ئوریست میللەر، ز.س کوفریجینای و... هتد.

( ف. کورنیل) ی شاعیر نامەیەکی شیعری پڕ لە ڕێز و حورمەتی بۆ نووسیوە کە پڕە لە وەسفێن وەکو " فریشتە، ئارام، مۆمی داگیرساوی بەردەم ئیکۆنە" هەڵبەتە نابێ لەبەردەم ئەو وەسفانەدا چۆک دابدەین و ئاناگریگوریڤنا بە نموونەی ئاکار بەرزی، سەلاری و ئارامی بزانین و واتە ڕێک بەپێچەوانەی هەڵچون و نیگەرانی و تورەیی دوستویفسکی مێردییەوە تەماشای بکەین. ئاناگریگوریڤنا نە ( فریشتە) و( نە کۆترێکی) بێوەی بوو، نە (مۆمی هەڵایساوی بەردەم ئیکۆنە بوو،) دوستویفسکی لە نامەیەکیدا بۆ مایکۆفی دۆستی دەڵێت: " دەزانی ژنێکی لووتبەرز و فڕناخە ( ف.م. دوستویفسکی، نامەکان، ل ٢٦٥) هەڵبەتە گەواهی کچەکانی دوستۆیفسکیش هەمان بۆچوونی دوستویفسکی دەسەلمێنن و دووپات دەکەنەوە، لوبوف فیودورڤنا دەڵێت: " غرور و لەخۆبایی بوونی گەییبووە ئاستی نەخۆشی، لە سەر هیچ ترین شت توورە دەبوو.." ئەم کچە لە باسی دڵناسکی و زووو ڕەنجان و هەستیاریی لە ڕادەبەدەری دایکیا، دەڵێت: " هەمیشە لەش بە بار و دەغەزار بوو،ڕەنگزەرد و تووڕە، نیگەران و پەشێو" ( لوبوف دوستویفسکایا، دوستویفسکی بە وەسفی کچەکانی، وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە ل.ی. کروکۆڤسکایا. پێشەکی و نووسینی گ. گوسفیلد. موسکۆ- براگ. ١٩٢٢، ل٤٩- ٥٠)

لێرەدا کە قسەی خزم و کەس و کاری ئاناگریوریڤنامان بە نموونە هێناوەتەوە، بە مەبەستی لۆمە و گازندە نییە، بەڵکو زیاتر بەو مەبەستەیە خەسڵەتە زەمینییەکانی ئانا بخەینە ڕوو، نەک خەسڵەتێن فریشتەیی، ئەم خەسلەتانەش بریتین لە فڕناخی و غروور و هەستکردن بە کەرامەت و نەفس بەرزی، کە

کردویانەتە کارێک ئەم ژنە لاواز و وردیلەیە، کە بارێکی قورسی بەسەر شانەوەیە، هێندەی دی بەهێز و پڕ ورە بنوێنێ، ئیدی ئەم سوخەت و خەسلەتانە، ورەیەکی بەرز و خۆیبیوونێکی تایبەتییان پێ بەخشیبوو، ئەو سوخەتانەی کە زۆر بە دڵی دوستیوفسکی بوون.

دوستویفسکی لە نامەکانیا بۆ دۆستانی خۆی زۆر جار ئامازەی بۆ جیاوازییەکانی نێوان تەبیعەتی خۆی و ئاناگریگوریڤنا کردووە: "... جیاوازی زۆر لە تەبیعەتماندا هەن" ( ن. م. دوستویفسکی، نامەکان، بەرگی ٢، ل ٦٣) ئەمەی لە نامەیەکیدا بۆ ئەبوللون مایکوف، لە ساڵی ١٨٦٧ دا نووسیوە. بەڵام ئەم جیاوازی سروشت و تەبیعەتە لە نێوانیاندا گۆڕاوە بۆ یەکێتییەکی دەگمەنی دژەکان. ئاناگریگوریڤنا، لە کۆتایی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: " تەبع و تەبیعەت، نۆڕین و بۆچوون و بونیادی شەخسیەتی جیاوازی خۆی هەبوو، بەڵام هەر یەکەمان" لەسەر تەبیعەتی خۆمان" ماینەوە، کەسمان دەنگدانەوەی ئەویترمان نەبوو، کەسمان خۆمان لە قالبی ئەویترمان نەدەدا، نەدەچوینە کلێشەی یەکترەوە، خۆمان لە کاری یەکدی هەڵنەدەقورتاند، نە ئەو سووسە و سۆراغی ڕازی دەروونی منی دەکرد، نە منیش ئەوەم بەرامبەر بەو دەکرد، بەو جۆرە، هەردووکمان هەستمان دەکرد، ڕۆحمان ئازادە و بەو جۆرە زۆرجار دوستویفسکی بە تەنیا لە فکران ڕادەچوو، لە مەسەلە قوولە دەروونییەکان ڕادەما، پێدەچوو زۆر لەوە رازی بێت کە خۆم لە ژیانی ڕوحی وهزری ئەو هەڵنەدەقورتاند، بۆیە زۆرجار پێی دەگوتم: " تۆ تاقە ژنی کە لێم تێدەگەی".

تۆ بڵێی ئەمە تاقە ناکۆکی نێوان ئاناگریگوریڤنا و دوستۆیفسکی بوو بێ؟ هەڵبەتە لە نۆڕین و دنیا بینیاندا شتێکی هاوبەش هەبوو کە لێکی نزیکدەکردنەوە، ماریا ستویونینا، کە یەکێک بوو لە دەستە خوشکە هەرە نزیکەکانی ئانا، لە بیروەرییەکانی خۆیدا دەڵیت: " ئاناگریگوریڤنا کێشەی زۆر بوو، بەڵام پێوەی دیار نەبوو" ( م. تولْستوی، شەجەرەی خانەوادەی دوستویفسکی، موسکۆ، ١٩٣٣، ل ١٢٢) " ستێکی شاراوە لە ڕوخساری ئاناگریگوریڤنادا هەبوو، کە پەی پێ نەدەبرا و بە هاسانی خۆی بەدەستەوە نەدەدا، ئەمە وێنەی دوستویفسکی لە یادگەی هاوچەرخانیدا زندوو دەکردەوە، کاتێ لیڤ تولستوی بۆ یەکەمجار ئاناگریگوریڤنای بینی، زۆری پێ سەیر بوو کە زۆر لە ژنەکەی خۆی دەچوو، ئیدی لە پێگەی گەورە

پیاوێکەوە مجامەلەیەکی زۆری کرد، مجامەلەیەک تەنیا لە پیاوێکی تیژسەرنج و وردبین دەوەشێتەوە و ئاناگریگوریڤنا یەکسەر و زۆر باش هەستی بەوە کرد" ( تولستوی پێی گوتم: ئەویشم هاتە بەرچاو، مەبەستی ئەوە بوو جۆرە لێکچوونێکی لە نێوان من و ڕەحمەتییکەی مێردمدا بەدی کردووە، بۆ ئەوەی بەو قسەیە دڵخۆشم بکات، ئا. ئا ئیسماعیلوف. لە میوانی ئا،گ. دوستویڤسکایادا ( بەبۆنەی سی وپێنجەمین ساڵیادی مردنی ف.م. دوستویفسکییەوە، بیرچیفی ڤیدوموستی ١٩١٦/١/٢٨ ژمارە ١٥٣٥٠) هەڵبەتە ئەوەش ڕێکەوت نییە، کە ئاناگریگوریڤناش، بۆ ساتێک جۆرە لێکچوونێکی لەم ڕووە یا ئەو ڕووەوە لە نێوان تولستوی و دوستویڤسکیدا بەدی کرد، لەکاتی ڕۆیشتنندا تولستوی گوتی: " ڕەنگە زۆربەی نووسەرانی ڕووس وایان هەست کردبێت، کە ئەگەر ژنەکانیان وەکو ژنەکەی دوستویفسکی بوایە، لەگین بوو ژیانیان زۆر باشتر بوایە"

لە ژیانی ئاناگریگوریڤنادا و بەتایبەتی دوای مردنی لە ڕۆژنامەکانی پایتەختدا، زۆر وتاران بڵاوبوونەوە دەربارەی هەستی کردەیی لە لای ئاناگریگوریڤنا و بە " ڕەزیلی و ڕژدی " تۆمەتباریان دەکرد، جا لێرەدا بێ ئەوەی نکوڵی لەم خەسڵەتەی بکەین یا خۆمانی لێ گێل بکەین، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە بەهۆی ئەم هەستە کردەیی و ڕەزیلییەی خۆیەوە توانی لە ڕۆژانی تەنگانەدا، بژێوی و سوکەخۆشگوزەرانییەک بۆ خانەوادەکەی دابین بکات، هەروەها توانی دوستویفسکی ساویلکە و دەست  و پێ سپی، لە فەندەڵ فێڵ و تەلەکەبازی، ئەو تەڵەکەبازانە ڕزگار بکات کە لە هەموو لایەکەوە دەوریان دابوو، ئاناگریگوریڤنا، تەنیا شتە هەرە زەروری و پێویستییەکانی پێویست بوو، هەر هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد، کە ئاسودەیی و ئارامی بۆ مناڵەکانی و نەوەکانی دابین بکات، دوای مردنی مێردەکەی، بە هەمان سادەیی جاران درێژەی بە ژیان دا، بۆ خۆی ژوورێکی چکۆلەی بەکرێ گرت، عادەتەکانی خۆی نەگۆڕی، هەمان بیرەوەریانی ڕابردووی ئازیزی دەگەڵ مێردەکەیدا پاراست و  هەر بەو نەفەسەی جاران دەژیا، هەڵبەتە ئێمە هەمووومان قەرزارباری ئەو تەبیعەتی " هەستی عەمەلی" ژنەکەی دوستویفسکین، کە  توانی بەو هەستە عەمەلییەی خۆی بەشێکی زۆری کەلەپووری ئەدەبی و نامە و دەستنووس و دەفتەرێن ڕۆژانە یاداشتەکانیمان بۆ ڕزگار بکات و لە فەوتانیان بپارێزێت، هەڵبەتە خوێنەر ناتوانێ دەستبەرداری نووسەری ئەم

بیرەوەرییە جوانانە ببێت کە وەکو یەکێک لە باسکارەکانی سۆڤیەت گوتوویەتی " خەسڵەتە هەرە مرۆڤانییەکان" ی نووسەرێکی بلیمەتی تێدا تۆمار کردووە.

س. ف. بیلۆف

ف.ئا. تو نیمانوف

## دەروازەیەک

## بۆ بیرەوەرییەکان

من هەگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە بیرەوەریانی خۆم بنووسمەوە، چونکە خۆم دەناسی و دەمزانی هیچ بەهرەیەکی ئەدەبیم تیا نییە، بۆیە بەدرێژایی تەمەنم هەر سەرقاڵ و مژووڵی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی مێردە نەمرەکەم بووم و هیچ کاتێکم بە دەستەوە نەبوو کە خەریکی نووسینی بیرەوەرییەکانم دەگەڵ ئەودا ببم.

لە ساڵی ١٩١٠ دا، کە باری تەندروستی و سەلامەتیم دایە خراپی و هێز و شنگی جارانم نەما، ئدی لێبڕام ئەمانەتی چاپ و پەخشی بەرهەمەکانی مێردەکەم کە زۆر بەلای منەوە بایەخداربوو، بە خەڵکانێکی دیکە بسپێرم، کە لە سەر قسەو داوای دکتۆران ناچار بووم لە دوور ودەرێی پایتەختدا بژیم، هەستم بە بۆشاییەکی گەورە لە ژیانمدا دەکرد، دەبوایە بە کاریک پڕی بکەمەو کە بۆ خۆم هەم خۆش بێت هەم کاتەکەی پێ بەرمە سەر، بە گوتەیەکی دی هەستم کرد ئەم کارە زۆر ناخایەنێ.

لەوپەڕی تەنیاییدا دەژیام، مەگەر بە دەگمەن دەنا بەشداریم لە ڕووداوەکانی ڕۆژدا نەدەکرد، بەرە بەرە بە ڕوح و بە بیر، لە ڕابردوودا کە بەلای منەوە زۆر خۆش بوو، نقوم دەبووم، ئەمە کردییە کارێک ئەو بۆشاییەی ژیانم فەرامۆش بکەم و ئامانجێک بدۆزمەوە کە لە پێناویا بژیم.

کاتێ دەستم بە دووبارە خوێندنەوەی کۆنە دەفتەر و ڕۆژانە یاداشتەکانی مێردەکەم و دەفتەری سەرنجەکانی خۆم کرد، سەیرم کرد زۆر شتی گرینگیان تێدایە و ئەوە دێنن پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و بێنە داڕشتنەوە، ئیدی خۆ بە خۆ کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە سەرلەنوێ بیان نووسمەوە، هەڵبەتە بە شێوە ئیختیزالیەکەی خۆیان نا، بەڵکو بە زمانێک کە هەموو کەس تێی بگەن، بەتایبەتی لە دڵنیابووم کە منداڵەکان و نەوەکانم بە پەرۆشەوە دەیخوێننەوە و دووریش نییە هەواداران و دڵبەندانی بەهرەی مێردە نەمرەکەم بیخوێننەوە، هەروەها ئەوانەش کە حەز دەکەن شتێک لەمەڕ ژیانی خانەوادەیی فیودور میخائیلوفیچ بزانن.

جا بەدەم تۆمارکردنی ئە بیرەوەوریانەوە کە لە کاتێن جیاواز وپەراگەندەدا و بە درێژایی پێنج زستانی سالآنی ١٩١١- ٢٩١٦ تۆمارم کردبوون، چەند دەفتەرێکم لەلا کۆبوو بوونەوە و بەگوێرەی توانای خۆم، هەوڵمداوە ڕێکیان بخەم و ڕیزبەندیان بکەم.

من بەڵێن بەکەس نادەم ئەم بیرەوەریانەم خۆش بن، بەڵام زەمانەتی دروستی وبێ لایەنیان دەکەم، بە تایبەتی لە ڕووی وەسفی هەڵوێستی هەندێ کەسایەتییەوە، ئەم بیرەوەریانە لە سەر بنەمای هەندێ نامە و وتارێن بڵاوکراوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارانەوە ڕۆنراون.

هەڵبەتە زۆر بە ڕاشکاوی دان بەوەدا دەنەم کە ئەم بیرەوەریانەم لە هەڵەێن ئەدەبی وەکو دێژدادڕی لە گێڕانەوە و جیاوازی قەوارەی فەسڵەکان و شێواز و ستایلی کۆن و ... هتد.. بە دوور نین، بەڵام مرۆڤ کە گەییە تەمەنی حەفتا ساڵی، زەحمەتە شتی تازە فێر بێت، ئەوەی پاکانە بۆ ئەم هەڵخزانانەم دەکات و نایەڵێت سارد ببمەوە، دڵسۆزی و سوور بوونمە لە سەر ئەوەی فیودور میخائیلوفیچ وەکو خۆی، چۆن بووە لە ژیانی شەخسی و خانەوادەیی خۆیدا، بەو ئاوایە بخەمە بەردەستی خوێنەران.

# بیرەوەرییەکان

## بەشی یەکەم

## منالّی و لاوی

"١"

### هاتنە دنیام

گەلێک لە بیرەوەرییە گرینگەکانم. پەیوەستن بە دێری ئەلکسندەر نیڤسکییەوە لە پترۆسبوورگ، لەو تەنیا پەرسگەیەدا کە کەوتبووە نزیک دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوە ( هەنوکە بووە بە دێر) بابم و دایکم غوسلّی تەعمیدکراون، بەلّام من لە ١٨٤٦/٨/٣٠ لە ڕۆژی جەژن و ئاهەنگی قەشە باشی ئەلکسندرنیڤسکی ،لە مالّێکا کە مولّکی دێرەکە بوو، لەدایک بووم، ئیدی ڕەبەنی دێرەکە نوێژی لەسەر کردووم و غوسلّی تەعمیدی کردووم، مێردە نەمرەکەشم لە گۆڕستانی تیخیڤینسکی لە دێری نیڤسکی نێژرابوو و بەو ئومێدش بووم ئەگەر قەدەر بە نسیبی بکات، هەر لەوێندەر و بە تەنیشت ئەوەوە بە خاک بسپێردرێم و بۆ هەتا هەتایە سەری ئاسوودەیی بنەمەوە، پێدەچوو هەموو هەلومەرج و بارودۆخەکان یەکیان گرتبێ، بۆ ئەوەی دێری ئەلکسندرنیڤسکی ببێ بە ئازیزترین شوێنی دنیا لە دلّی مندا.

لە ١٨٤٦/٨/٣٠ دا لە ڕۆژێکی جوانی بەهاردا، کە پێیان دەگوت ( بابی لیتا) لەدایکبووم. ( بابی لیتا: ماوەیەکە کە دنیا تیایدا هەتاو و بێ بارانییە، لە ئەورووپا و باکوری ئەمریکادا هاوینە هندی پێ دەگوترێت، ئەم ماوەیە دوو سێ هەفتەیەک دەخایەنێ و دەکەوێتە هەردوو مانگی ئەیلول و ئۆکتۆبەرەوە) و جەژنی قەدیس ئەلیکسندرنیڤسکی، بە جەژنی سەرەکی پایتەخت دەژمێردرێ و لەم ڕۆژەدا، کەژاوەیەکی ئاینی مەسیحی بەرپادەکرێت، ئیکۆنە و خاچان بەرز دەکرێنەوە و کاروان و کەژاوکە لە کلێسای کازانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دێرەکە و ئەوسا لەوێندەرەوە دەگەڕێتەوە و جەماوەرێکی فرە کە لەم ڕۆژەدا لە کار عەفوو دەکرێن، بەگەلّ کاروان و کەژاوەکە دەکەون، بەلّام خەلّکی جاران لە کۆنا، لە زۆر کۆنا، بە شێوەیەکی گەرم وگوڕتر لە ٨/٣٠ دا ئاهەنگ و جەژنیان دەگێڕا، لە ناوەندی جادەی نیڤسکیدا و بە درێژایی پتر لە سێ کیلۆمەتران سەکۆیەکی دارینی پان و بەرزیان دادەنا، کە جەماوەرەکەو کاروانەکەی لێکدی جودا دەکردەوە، کاروانەکە بە

ئەسپایی دەڕۆیی و خاچێن زێڕین و بەیداخان بەسەر سەکۆکەوە دەدرەوشانەوە و دەشەکانەوە، لە پشت سەکۆکەوە ڕیزێک پیاوی ئاینی بە جلکێن زێڕچنی ڕەبەنانەوە ڕێیان دەکرد، ئیدی پیاو ماقوڵان و سوپاییان بە حەمایل و میداڵ و نیشانانەوە دوایان دەکەوتن، ئەندامانی خانەدان و ماڵباتی سەڵتەنەت، لەدوای هەموانەوە بە سواری چەند گالیسکەیەکی زێڕینی جووت ئەسپە دەکەوتنەڕێ، ئەم کاروان وکەژاوە ئاینییە بۆ خۆی تابلۆیەکی دەگمەنی دەنواند، هەموو شار لەم ڕۆژەدا کۆدەبوونەوە و دەهاتنە تەمەشای ئەم کاروان و کەژاوەیە.

داک و بابم لە قاتی دووەمی خانوویەکەدا دەژیان، کە تا ئێستاش موڵکی دێرەکەیە، خانوەکە ( شوقە) زۆر گەورە بوو ( یازدە ژوور بوو) پەنجەرەکانی دەیڕوانییە ئەو شەقامەی کە هەنووکە شلیسیلبورگسکی پێ دەڵێن و دەیڕوانییە سەر بەشێکی مەیدانەکەی بەردەم دێرەکە ٠( ئەم خانووە بەهەمان شێوە تاکو ئێستاش ماوە. ئا،گ دوستویڤسکاتا)

خانەوادەکەمان گەورە بوو، نەنکم لە دایکەوەو چوار کوڕ، دوانیان ژن و منداڵیان هەبوو، هەموومان پێکەوە بە خۆشی و تەبایی دەژیاین، بەینمان زۆر خۆش بوو، تەنانەت هەموو ئەندامانی دوور و نزیکی ماڵباتەکەمان لە بۆنەکانی لەدایکبوونی ئەندامانی ماڵباتەکە و لە جەژنە گەورەکان و لە جەژنێن قەدیسان و پیاوچاکاندا لە ماڵی داپیرم کۆدەبوونەوە لە بەیانییەوە تا درەنگانێکی شەو، بە خۆشی و شادومانی بەرینە سەر، بەڵام زۆربەی خزمان و میوانەکان، زۆر جار لە ٨/٣٠ دا خڕ دەبوونەوە کە هەوای دنیا لەو ماوەیە خۆش دەبوو و دەمانتوانی پەنجەرەکان بکەینەوە و بە ئاسانی دیمەنی کاروان و کەژاوەکە بدینین، هەموو هەستیان بە ئاسوودەیی و دڵنیایی و تەبایی دەکرد، ڕۆژی ٨/٣٠/ ١٨٤٦ مەسەلەکە ڕێک بەو جۆرە بەڕێوە چووبوو، دایکم و باقی ئەندامانی خانەوادەکە بەوپەڕی گەرمی پێشوازی میوانەکانیان دەکرد، زۆر چالاک و کەیف خۆش دیار بوو، لەناکاوا لە چاو ون دەبێت، هەموان وا وێنا دەکەن لە ژوورەکانی ناوەوە خەریکی خزمەت و داکردنی میوانەکانە و دایکم بەخۆیشی وێنای نەدەکرد ئەم پێشهاتەی وا زوو بێتە ڕێ ، پێدەچێت بە هۆی ماندوێتی و شەکەتییەوە وای لێ هاتبێ، لە ناکاوا ژانی بۆ دێت، لەجێگادا دەکەوێت، دەنێرن بە دووی ماماندا، دایکم هەمیشە تەندروستی

باش بوو، پێشتریش بە ئەزموونی ژان و ژاری منداڵ بووندا تێپەڕی بوو، بەو جۆرە مەسەلەکە بەبێ ئەوەی هیچ هەراو زەنایەک لە ماڵەکەدا بەرپا بکات تێپەڕی.

لە دەورو بەری سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، فراڤینی جەژن لە کلێساکە تەواو بوو، زەنگی دێر و کلێساکە کەوتە لێدان، لە کاتی هاتنی کاروان و کەژاوە ئاینییەکە لە دەروازە سەرکییەکەی دێرەکەوە دەنگی موسیقای سوپایی لە مەیدانەکەدا بەرز بووەوە، ئەوانەی لە بەر پەنجەرەکان ڕۆنیشتبوون، باقی میوانەکانیان گاز کرد، هاواریان کرد: " دەجولێ.. دەجولێ، کاروانەکە کەوتە جولان" لە گەرمەی ئەم هەراو زەنایەدا بەدەم دەنگی زەنگان و دەنگدانەوەی موسیقاوە کە دەگەییە گوێی دایکم، منیش کەوتمە جولان بۆ سەر ڕێگای دوور و درێژی ژیان. ( سەبارەت بە لە دایکبوونم، پاشان زۆر حیکایەتی جۆرا و جۆرم لە مام و پوورەکانم، ئەوانەی لەو ڕۆژەدا میوانمان بوون بیست. ئا. گ دوستۆیڤسکایا )

ئاهەنگ و جەژنەکە کۆتایی هات، میوانەکان لە ژوورەوە کۆدەبنەوە، حەز دەکەن تەوازی بۆ خانەخوێیەکەیان بێننەوە کە پێیانیان گوتبوو ماندووە و چووە کەمێک پشوو بدات، دەوروبەری سەعات سێ باوکم دەچێت بۆ ئەو هۆڵەی میوانەکانی لێ دەبن، قۆڵی نەنکم دەگرێت، لە ناوەندی هۆڵەکە رادەوەستێ، بەدەم شادییەکی پڕ لە هەڵچووونەوە دەڵێت: " خزمینە، میوانە ئازیزەکان، پیرۆزبایی ئەم شادمانییە گەورەیەم لێبکەن، خودای گەورە ئانای کچی پێ بەخشیم" بابم پیاوێکی یەجگار ڕووخۆش و سوعبەتچی و شۆخیباز و نوکتەباز بوو، تەنانەت پێیان دەگوت " خوای سوعبەت" کەس لە ئامادەبوان باوەڕی بە هەواڵی لەدایکبوونی من نەکردبوو،هەموو وایان زانی بوو نوکتەیەکە لە نوکتەکانی جەژن، هاواریان کردبوو: " مەحاڵە: گریگوری ئیڤانوفیچ، تۆ سوعبەت دەکەی! شتی وا چۆن دەبێت؟ خۆ ئانانیکولایڤنا بە درێژایی کاتەکە لەگەڵ ئێمەدا بوو" ئیدی زۆر قسەی دیکەی لەو بابەتەیان کردبوو، لێرەدا نەنکم بەخۆی ڕوودەکاتە میوانەکان و دەڵێت:" نا، گریشا ڕاست دەکات: سەعاتێک دەبێت کە نیوتوچکای نەوەم هاتووەتە دنیاوە!" ( گریشا، سوکەڵە ناوی گیورگی یە)

ئیدی هەموو دەکەونە پیرۆزبایی و پاشان کچێک بە یەک سینی پەرداخی پڕ لە شامپانیاوە لە یەکێک لە دەرگاکانەوە وەژوور دەکەوێت، هەموو بە سەلامەتی نەوزا تازەکە و داک و بابی و نەنکی دەخۆنەوە، خانمان بلەز غار دەدەن بۆ لای دایکی

ساواکە و پیرۆزبایی لێدەکەن ( ئەوکات باوی ئاگاداری و ڕێنمایی دکتۆران نەبوو) و ساواکە ماچ دەکەن، پیاوان کە ژنەکان دیارنامێنن دەرفەت دێنن و بەردەبنە قاپە شەمپانیاکان و بە سەلامەتی ساڤالۆکە تازە زاوەکە، پێک لە سەر پێک هەڵدەدەن، ئیدی وەکو هەموان بۆیان گێڕاومەتەوە بەو شێوەیە پێشوازی لە هەتنە دنیای من کراوە و هەموان پێشبینی ئایندەیەکی گەش و پرشنگداریان بۆ کردووم، کە پاشان ئەم پێشبینییە هاتە دی، وێڕای ئەوەی چەرخی ڕۆژگار وای هانیوە زۆر دژواری مادی و ئازاری مەعنەویم بێنە ڕێگا، بەڵام من لە ژیانی خۆم ناڕازی نیم و هەست دەکەم ژیانم زۆر خۆش بووە و قەت خۆزیام نەخواستووە هیچ شتێک لەم ژیانە کە ژیاوم بگۆڕێت. باپیرە گەورەم ناوی سینیتکو بووە، دوای ئەوەی باپیرم زەوی و زار و مەزراکەی لە پارێزگای بۆڵتاڤسکایادا فرۆشتووە (مالاراسیا، ڕووسیای بچووک، ناوی ئۆکرانیا بووە، لەنیوەی سەدەی هەڤدەی زاینی بەدواوە، لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی ڕووسیای تزاریدا و لە نووسراو و تۆمارێن مێژووی دەرەبەگایەتی و بورژوازیدا) ئیدی ناوی بووە بە سنیتکین، بابمی ناردووە تا لە قوتابخانەی چیزویت لە پترووسبورگ بخوێنێ، بەڵام نەبووە بە یەکێک لە چیزویت، بە درێژایی تەمەنی هەر بە پاکی و ڕوح سووکی خۆی ماوەتەوە. ( بابم ئەم دیمەنەی منالییەتی خۆی دەگێڕێتەوە، کاتێ کە تەمەنی دە سالان دەبێت، بەیانییەکی زووی ( دەوروبەری سەعات حەوت)، ڕۆژێکی زستان بۆ قوتابخانە دەڕوات و بە ڕێگای کورنیس فونتانکادا دەڕوات، لە نزیکی کۆشکی ئەنیچکوف کابرایەکی درێژی بۆشناخی لێ نزیک دەبێتەوە، ژنێکی جلوبەرگ شڕۆڵەی لەلاوە دەوەستێ . کابرا ئەم منالە ڕادەگرێت و پێی دەڵێت " دەتەوێت خێرێک بۆ خۆت بکەی، وەرە لەگەڵما ببە بە شایەدی کوڕەکەم، ئەم ژنەش دەبێ بە شایەد" و کابرا ئاماژە بۆ لای پیرەژنەکە دەکات، بابم منالێکی ئازا دەبێت، بێ هیچ دوودڵییەک دوای کابرای پیرەمێرد دەکەوێ، هەموو دەگەنە خانوویەکی زۆر باش، کە لەوێ قەشەیەک چاوەڕوانیان دەکات و ئیدی یەکسەر ڕێوڕەسمی غوسڵی تەعمیدی منالەکە دەست پێدەکات، دوای ئەوەی غوسڵی تەعمید کرا چاو شیرینی بە هەردوو شایەدەکە دەدرێ و پاشان سەرو دە ڕۆبڵیان دەدەنێ، بابم کە لە قوتابخانە دوادەکەوێ، یەکسەر بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە و حیکایەتەکە لە سیری تا پیازی دەگێڕێتەوە، ئیدی لە ماڵەوە بۆی ڕوون دەکەنەوە کە گوایە باوەڕێک هەیە ئەو خانەوادەیەی منالی بۆ نامێنێ و دەمرێت دەبێ باوکی منالەکە سەری ڕێ بگرێت و

هەر کە تووشی یەکەم ڕێبوار بوو، لەگەڵ خۆیدا بیبات و بە شایەدی ئەو منداڵەکەی غوسڵی تەعمید بکرێت، هەنگێ ئەو منداڵە دەژی و نامرێت، ئیدی بەڕێکەوت بابم و ئەو پیرەژنە دەبن بە شایەدی غوسڵی تەعمیدی ئەو منداڵە، پاشان بابم لە جەژنێکی سەری ساڵدا دیارییەک لەو کوڕە وەردەگرێت کە شایەدی تەعمیدەکەی بوو بوو و جاریکی دی کە هەمان منداڵ نەخۆش دەکەوێ، بابم بانگ دەکرێ کە دوعای خێری بۆ بکات، بیروباوەڕێکی دیکەش هەبوو کە دوعای شایەدان، منداڵی ساڤالوک لە مردن دەخەلەسێنێ و منداڵەکە بە ڕاستی چاک دەبێتەوە، پاشان ڕۆژگار بابم و ئەو کوڕە لێکدی دادەبڕێت، ناوەکەشی پێ گوتم، بەڵام لە بیرم نەماوە. ئا. گ. دوستویڤسکایا ).

بابم لە یەکێ لە ئەنجومەن و دایەرەکانی شارەوانیدا کاری دەکرد، دایکم بە ئەسڵ لە خانەوادەیەکی سویدی خانەدان بوو پێیان دەگوترا بنەماڵەی میلتو بیوس، یەکێک لە باپیرانی لە سەر مەزەبی لۆتەر بوو، بەڵام مامەکانم لە خێڵی زانایان بوون، هەڵبەتە پاشگر "یوس" کە بە کۆتایی ناو و نازناوەکانیانەوە کە تایبەت بوو بە ئەهلی زانست، باشترین بەڵگەیە و جۆرە ڕێزێک بووە لەوان، وەکو پاشگری دی یان فۆن، باپیرەگەورەکانم لە " ئابۆ" ( ئابۆ: ناوە سوێدیەکەی شاری تورکو ی فنلاندییە) ژیاون و لە حەوشی کلێسا بە ناوبانگەکانی ئەوێندەر نێژراون، پاش ئەوەی سەری ئابۆم دا، هەوڵمدا لە سەر ڕێگای خۆمەوە بۆ سوێد سەری گۆڕی باپیرەم لە کلێساکەی ئابۆ بدەم، بەڵام هیچ زانیارییەکم لە پاسەوانی ئارامگاکە وەچنگ نەکەوت، چونکە هیچ شتێکم لە هەردوو زمانی فنلاندی و سوێدی نەدەزانی.

بابی دایکم. نیکۆلای میلتوبیوس، پارچە زەوییەکی لە پارێزگای سان میخیلسکی هەبوو، ئیدی هەموو خانەوادەکە، جگە لە رومان نیکولایوفیچی کوڕی، کە ئەنیستیتۆی ڕووپێوی موسکۆ دەیخوێند، لەو مەزرایەدا دەژیان، کە خوێندن تەواو دەکات لە بترسبورگ بە فەرمانبەر دادەمەزرێ. هەرکە بابی دەمرێت، مەزرایەکە دەفرۆشێت وخۆی وهەموو ماڵباتەکە بۆ پترسبۆرگ باردەکەن، ئیدی داپیرە ئانا- ماریا میلتوبیوسم دوای ماوەیەکی کەم دەمرێت، ئیدی دایکم و دوو خوشکەکەی لەسایەی براکەیاندا دەژین، دایکم ژنێکی زۆر جوان دەبێت، بالابەرز، شووش و باریک، بەژن زراف، ڕوخسار جوان، دەنگی بە تایبەتی لە چینی سوپرانۆدا خۆش بوو، کە ئەم دەنگەی تا تەمەنی پیریش هەر پێوە مابوو، دایکم لە ساڵی ١٨١٢ دا

لەدایک دەبێت، کە تەمەنی دەگاتە دوازدە سالان، لە ئەفسەرێک مارە دەکرێت، لێ قەدەر مەودا نادات فریای زەماوەند بکەون، کابرای ئەفسەر دەروات بۆ شەڕی مەجەڕ و دەکوژرێت، دایکم زۆری خەفەت بۆ دەخوات، تەنانەت لێدەبڕێت کە پاش ئەو شوو نەکات، بەڵام ڕۆژگار بوون بە ساڵان، ساڵان بوورین و ئیتر شۆکی ئەو بەڵایە بەرە بەرە ڕەوییەوە، لەو کۆمەڵگا ڕووسیەی دایکمی تیا گەورە بوو بوو، هەندێ کەس کاری خوازگارییان دەکرد ( ئەم کارە لەو سەروبەندەدا کارێکی ئاسایی باو بووە و هیچ عەیبەیەکی تیا نەبووە) ئیدی ڕۆژێک دوو گەنجی ژنخواز بۆ دیدارێکی خانەوادەیی خۆیان دەعوەت دەکەن هەردووکیان دایکمیان زۆر بە دڵ دەبێت و بەگەنی دەکەن، بەڵام دایکم ڕەفزیان دەکات، کە لێی دەپرسن ئایا هیچ یەکێک لەم خوازگارانەی بە دڵە، وەڵام دەداتەوە:" نەخێر زیاتر ئەم پیرەمێردەم بە دڵە کە زۆر قسان دەکات و بزە لە لێوانی نابڕێ" مەبەستی باوکم دەبێت، جاران پیاوێک تەمەنی گەیشتبایە چل ساڵ بە ( پیر) دادەنرا، بابم ئەوکاتە تەمەنی چل و دوو ساڵ دەبێت، لە ساڵی ( ١٧٩٩) لەدایک بوو بوو، بابم دنیای دابووە بەر کلکان،بەخۆشی و شادی دەژیا، بەڵام چونکە دایکێکی بە زەبت و زاکونی دەبێت، لە هەڵسوکەوتیا هەندێ بە سلوکەت دەبێت، بۆیە هەرچەندە تەمەنی چل و دوو ساڵ دەبێت، بەڵام بەکەیف و بە دەماخ دەنوێنێ و کوڵمەکانی سوور دەچنەوە، دوو چاوی شینی جوان، ڕیزێ دانی ساغ و سەلامەت، هەرچەند قژی تەنک بوو، بەڵام جوان بوو، تا دایکیشی مرد بیری لەوە نەدەکردەوە ژن بینێ و خێزان پێکەوە بنێ، بۆیە وەکو دراوسێکەی خۆشەویست و بەڕێز هاتووچۆی کۆڕ و کۆبوونەوە و دەرودراوسێی دەکرد نەک وەکو خوازگار، بە دایکمیان ناساند، دایکم دڵبەندی دەبێت، بەڵام چونکە دایکم زۆر بە زەحمەت بە زمانی ڕووسی قسەی دەکردو ئەویش فەرەنسییەکی شەق و شر قسەی دەکرد، ئیدی گفتوگۆ و قسەکردنیان زۆری نەخایاند کاتێ ڕەئی دایکمیان بەرانبەر بەو بۆ گێڕابووەوە، ئەم ئاوڕدانەوەیەی لە لایەن کیژێکی وا جوانەوە زۆر بە دڵ دەبێت، ئیدی بۆ ئەوەی ئەم کچە بدینێ زوو زوو هاتوچۆی ئەم ماڵە دەکات، ئیدی لە کۆتاییدا هەردووکیان حەز لێکدی دەکەن، بەڵام کۆسپێکی گەورەیان لە بەردەمدا بوو، کە ئەویش ئەوە بوو دایکم لەسەر مەزەبی لوتەری، جا بە گوێرەی بۆچوونی بنەماڵەی بابم کە ئەرتەدۆکسی بوون، دەبێت ژن لەسەر ئاین و مەزەبی مێردەکەی بێت، کار گەییە ئەوەی کە بابم لێبڕا ڕوو بە ڕووی خانەوادە و ماڵباتەکەی بووەستێتەوە، کاتێ دایکم بەمەی زانی ترسا

که ببێته مایەی پەشێوی و ناکۆکی ئەم خانەوادە تەبا و کۆکە، ماوەیەکی زۆر تیامابوو: بچێتە سەر مەزەبی ئەرتەدۆکسی یان واز لەم پیاوە بێنێ کە خۆشی دەویست، یەک شت کاری لە بڕیاردانی کرد، لە درەنگانێکی ئەو شەوە کە قەراربوو بۆ سبەینێ جواب لە بابم بگێڕێتەوە، ماوەیەکی زۆر بەدەم نوێژەوە لە هەنبەر چەڵیپادا دەوەستێ، لە خواوەند دەپاڕێتەوە یارمەتی بدات، لە ناکاوا دوای ئەوەی سەرهەڵدەبڕێ، خەرمانەیەکی پرشنگدار بە سەر خاچەکەوە دەبینێ کە هەموو ژوورەکەی ڕووناک کردووەتەوە، بەڵام زوو خەرمانە ڕوناکییەکە ئاوا دەبێت، ئەم دیاردەیە دووجاران دووبارە دەبێتەوە، دایکم ئەم دیاردەیە بە مژدەیەکی ئاسمانی بۆ چارەسەری کێشە دژوارەکەی بابم لێکدەداتەوە، هەر ئەو شەوە دایکم خەو دەبینێ، لە خەویدا دەچێتە کلێسایەکی ئەرتەدۆکسەوە لە لای دەرگاکەوە دەکەوێتە نوێژ کردن. ئەم خەونەش بە مژدەیەکی ئاسمانی دەزانێ، ئیدی دوای دوو هەفتە کاتێ دەڕوات بۆ کلێسای ( سیمیونوفسکایا) لە جادەی (سوخۆڤایا) بۆ ئەنجامدانی سرووتی مەسیح بەزەیت، کاتێ خۆی لەلای دەرگاکەوە دەبینێ و سەیر دەکات ئەو دیمەنەی دەوروبەری هەمان ئەو دیمەنەیە کە لە خەونەکەیدا دیتبووی، زۆری پێ سەیر دەبێت، ئیدی دڵنیا دەبێت و ڕۆحی ئاسوودە دەبێت.

دایکم پاش ئەوەی دەچێتە سەر مەزەبی ئەرتەدۆکسی، بەردەوام بۆ نوێژ دەچووە کلێسا، ڕۆژووی دەگرت و بەشداری لە عەشای ڕەبانیدا دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی بە باشی بە زمانی سلاڤی نوێژ بکات و پاشان، لە بەر کتیبی نوێژان بە زمانی سوێدی ئەنجامی دەدا. هەرگیز لەوە ژێوان نەبوو کە چوبووە سەر مەزەبی ئەرتەدۆکسی، دەیگوت: " وا نەبوایە هەستم دەکرد لە مێرد و منداڵەکانم دوورم، ئەمە کارێکی نەنگینە، تەحەمولم نەدەکرد".

داک و بابم. نزیکەی بیست وپێنج دانە ساڵ بەخۆشی و تەبایی پێکەوە ژیان، تەبیعەتیان لێکەوە نزیک بوو، دایکم کۆڵەکە و سەرگەڤاری ماڵ بوو، ژنێکی ورەبەرز و بەباشار بوو، بابم بە کەماڵی ویستی خۆی گوێرایەڵی ئەم ئیرادە بەهێزەی دایکمی دەکرد، باوکم ئیش و کاری تاقیب و گەڕان و کڕینی شتێن دەگمەن و توحەفیات بوو لە بازاڕی ئەبراکسین و بازارەکانی دی، زیاتر حەزی لە فەخفوری گرانبەها و دەگمەن دەکرد و شارەزاییەکی باشی لەو وارەدا هەبوو.

داک و بابم، سالانی هەوەڵی ژن ومێردایەتیان لەسایەی نەنکم و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەکەدا بەسەر برد، کە پاش پێنج ساڵ داپیرەم مرد، ئیدی خانەوادەکە لێکدی جودا بوونەوە و دایکم قەناعەتی بەباوکم کرد کە ئەو خانووەی نزیک نەخۆشخانەی نیکولایڤسکی سوخوبوتنی بکڕێت، ئەم خانووە باخێکی گەورەی دەگەڵدا بوو ( پانتاییەکەی دوو هێکتار دەبوو)، شوێنەکەی ئێستا بریتییە لە هەردوو جادەی یاروسلاڤسکایا و کوسترومسکایا، جاران دەیڕوانییە سەر جادی مالایابولوتنا یا و دەگەییە کارگەی شتیجلیتس.

یەکێک لەو ڕووداوانەی کە سەرنجی راکێشام، ئەم بویەرە بوو کە لە مانگی نیسانی ١٨٤٩ دا ڕوویدا، ئەو کاتە تەمەنم دوو ساڵ و هەشت مانگ بوو، کەپرێکی کۆن لە حەوشەکەماندا هەبوو، دایکم لێبڕا کە ئەو کەپرە لابەرێت و کەپرێکی تازە لە شوێنی دروست بکات، کرێکاران کۆبوونەوە و بینایەکی تازەیان دروست کرد، تەنیا ئەوە مابوو کەپرە کۆنەکە تەخت بکەن. دایکم چوو بۆ بانێژەکە تا لە دوورەوە تەماشا بکات کە چۆن ئەو کارە دەکەن، دایەنە کونجکاوەکەم من بە باوەشەوە دەگرێت  و دوای دەکەوێت، بۆ نەگبەتی ئەو عەرەبانچیانەی لە قوولایی حەوشەکەدا دەژیان بە خاوە خاو دواکەوتن، کرێکارەکان هاواریان لێکردن کە بلەز وەدەرکەون، ئیدی بەڕیز دەرچوون، پێدەچوو هەمویان دەرچووبن وەلێ هەرکە کرێکارەکان وەخۆ کەوتن تا کەپرەکە بڕوخێنن، عەرەبانچییەک وەدیارکەوت، دیاربوو دواکەوتووە، هەموو زانیان ئەگەر خێرا دەرنەکەوێ کەپرەکە بە سەریا دەڕوخێت و خۆی و ئەسپەکەی دەکوژێت، ئیدی دەنگی قرچە قرچێکی زۆر بەرز بووەوە ، دەنگی هەرەس و داڕووخانی کەپرەکە بوو، هاوارێکی ترسناکی بەگەڵ کەوت، هاواری ئەوانە بوو کە لەوێ بوون، لولە تەپوتۆز چوو بە ئاسمانا، لە سەرەتاوە چاو چاوی نەدەبینی، تۆ بڵێی شتێک ڕوویدابێ؟ خۆشبەختانە هەموو بە سەلامەتی دەرباز بوون، بەلام هاواری بە سوێی دایکم  و دایەنەکەم زۆری ترساندم، تا هێز لە گەرووما بوو هاوارم دەکرد، پاشان کە پرسیم ئەوە کەنگێ ڕووی دابوو، بابم دوای ئەوەی بە دەفتەری حساباتەکەیا چووەوە، گوتی کەپرە تازەکە لە بەهاری ١٨٤٩ دا دروست کرابوو، ئەوە یەکەمین بیرەوەریم بوو.

بیرەوەری دووەم کە هێشتا لە بیرم ماوە، نەخۆشییەک بوو کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا تووشی بووم، نازانم ناوی ئەم نەخۆشییە چی بوو، بەلام دکتۆرەکە ئەمری

کرد کە چەند کرمێک بخەنە سەرسینگم، لە بیرمە کە ئەم زەرووانە چەند قێزەون بوون، چەند لێیان دەترسام، چۆن هەوڵم دەدا لە سینگمیان بکەمەوە، زۆر باش بیرم ماوە کە چۆن دایکم بۆ عەشای ڕەبانی بردم و لە بەردەم ئەو ئیکۆنە سەیرەدا کە وێنەی دایکی دڵسۆز و بەپەرۆشی خوای دەنواند نوێژی کرد ( کڵێساکە لە شەقامی شبالیرنایا) بوو کە دیتم دایکم و دایەنەکەم بەدەم نوێژ و نزاوە دەگرین، نیشانەیەکی خاجم کێشا و گریام ئەمما گریان، بۆ ڕۆژی دوایی، بە پەلە ئیفاقەم بۆ هات، بە شیوەیەکی گشتی منالانی ماڵباتەکەمان بەدەگمەن نەخۆش دەکەون، هەڵبەتە تووشی کۆکە و هەڵامەت دەبوون، بەڵام دەرمانی خۆماڵییان پێ دەدرا و زوو چاک دەبوونەوە، زۆربەی ئەم نەخۆشیانە بە سەلامەتی تێدەپەڕین.

منالێیەتی و گەنجایەتیم بەخۆشی و شادی قەتاند، داک و بابم زۆریان خۆش دەویستین، قەت بەخۆڕایی و بە نەهەق سزایان نەدەداین، ژیانی خانەوادەییمان بە دڵنیایی وئاسوودەیی و ئارامی، بێ شەڕ و ئاژاوە دەگوزەراند، نانی باشیان دەداینێ، هەموو ڕۆژێ بۆ پیاسە و گەڕانیان دەبردین، هاوینان لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لە باخەکەدا ڕۆدەنیشتین، زستانان دەچوینە ناو تاسی گەورەوە و لە سەر بەفر کە لە زۆر شوێندا بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کرابوو خلیسکانیمان دەکرد، لە مەسەلەی یاریدا زۆریان نازدار نەکردبووین، بۆیە قەدری شتەکانمان دەگرت و دەمانپاراست، کتێبی منالانمان نەبوو، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە ئەو لایەنەمان بۆ دابین بکات، هەموو هەر حیکایەتیان بۆ دەکردین، بەتایبەتی بابم کە لە کار دەگەرایەوە و نانی دەخوارد، لە سەر قەنەفەیەک پال دەکەوت و پاشان منالەکانی بانگ دەکرد و حیکایەتی بۆ دەکردین، تەنیا یەک حیکایەتی هەبوو، ئەویش حیکایەتی ئیڤانی جوانە مەرگ بوو ، بەڵام هەرجارەی بە شێوەیەک دەیگێڕایەوە، من و برایەکەم هەمیشە بەسەرسامی دەمانگوت باشە بۆچی پێی دەڵێن ئیڤانی جوانەمەرگ ، لەکاتێکدا دەتوانێ بە زیرەکی خۆی لەم هەموو مسیبەت و بەڵایە خۆی دەرباز بکات، سەرگەرمیمان کەم بوو: داری جەژنی لەدایکبوون کە هەموو ئێوارەیەک هەڵمان دەکرد، گۆڕینی جلی ماڵەوە، چوون بۆ سەراپەردەوخلیسکانێ، لە ڕۆژی جەژنی گەورەدا، چوون بۆ شانۆ، بە تایبەتی بۆ ئۆپرا و بالییە کە ساڵی دووجار پێش جەژنی کریسمس وجەژنی قەدیسان دەچووین، بەڵام ئەم سەرگەرمیانەمان زۆر پێخۆش بوو وتا چەندین مانگ باسی ئەو شانۆیانەمان دەکرد کە بۆی دەچووین.

"٢"

## چوونە بەر خوێندن

بە کورتی باسی چوونە بەرخوێندنی خۆمتان بۆ دەکەم، لە نێوان سەعات نۆوە بۆ دوازدە دەچوومە قوتابخانەی سانت ئانا لە ( شەقامی کیروچنایا.) هەموو بابەتەکان ( جگە لە کتیبی پیرۆز) بە زمانی ئەڵمانی دەگوترانەوە و دەخوێنران، هەڵبەتە پاشان کە ناچار بووم چەند ساڵێک دەگەڵ مێردەکەمدا لە هەندەران بەرمەسەر زۆر سوودم لەم زمانە وەرگرت. لە ساڵی ١٨٥٨ دا، یەکەمین قوتابخانەی دواناوەندی کچان ( دواناوەندی مارینسکایا) لە پایتەختدا کرایەوە، پایز لە پۆلی دووەمی قوتابخانەی ناڤبری وەرگیرام، خوێندن بۆ من ئاسان بوو، کە چوومە پۆلی سێیەم و پاشان پۆلی چوارەم، چەند کتێبێکیان وەکو ڕێزلێنان بەدیاری دامێ، کە لە ساڵی ١٨٦٤ دا خوێندنم تەواوکرد، میدالێکی زیوینی گەورەم وەرگرت. ساڵێک پێش ئەوە قوتابخانەی مامۆستایان لەسەر دەستی ن. ئافیشنگرادسکی (فیشنگرادسکی، نیکولای ئەلکسیڤیچ ١٨٢١- ١٨٧٢ پەروەردەکارێکی ڕووسییە، لە لایەنگرانی خوێندنی ئافرەتانە، یەکەمین پرۆگرامی پەروەردەیی ڕووسی دانا، لە سالانی ١٨٥٧- ١٨٦١ دا ڕۆژنامەی مژدەی پەروەردەی ڕووسی بەڕێوە دەبرد) ئەو خوێندکارانەی وەردەگرت کە دەیانویست درێژە بە خوێندن بدەن، لە پایزی ساڵی ١٨٦٤ دا چوومە ئەو قوتابخانەیە، لەو کاتەدا خەڵکی زیاتر ڕوویان لە خوێندنی زانستە تەبیعییەکان بوو، منیش چاوم لە خەڵکی کرد، ئیدی حەزم لە فیزیا و کیمیا و بایلۆژی بوو، چوومە بەشی فیزیا و ماتماتیک، بەلام هەر زوو گەیمە ئەو قەناعەتەی کە بەشێکم هەڵبژاردووە دەگەڵ حەزی خۆمدا تێک ناکاتەوە، ئەو ماوەیەشم بەفیڕۆچووە، بۆ نموونە کاتێ ئەزموونی دروسستکردنی خوێمان هەبوو، من زیاتر خۆم بە خوێندنەوەی ڕۆمانانەوە خەریک دەکرد، تا تەماشای بۆری و بلوری تاقیکردنەوەکان بکەم، بەباشی گوێم لە دەرسی زانستی حەیوان دەگرت، بایەخم پێدەدا، بەلام کە دەهاتینە سەر دەرسە پراکتیکیەکان و دەبوایە پشیلەیەکی تۆپیو مۆمیا بکەم هێندە بێزار و بێتاقەت دەبووم، دەبوورامەوە، لە دەرسەکانی ئەم ساڵەدا جگە لە وانەکانی ئەدەبی ڕووسی، وانەی هیچ دەرسێکی دیکەم بیر نەماون، پڕۆفیسۆر ڤ. ڤ نیکولسکی دەرسی ئەدەبی ڕووسی دەگوتەوە،

خوێندکارانی هەردوو بەشەکە ئامادەی وانەکانی دەبوون، لە هاوینی ساڵی ١٨٦٥ دا بۆم دەرکەوت، کە نەخۆشییەکەی بابم لە چاک بوونەوە نایەت و زۆری لە دنیادا نەماوە، ئیدی بەڵێنم بەخۆدا کە ئەم نەخۆشە ئازیزە بۆ ساتێکیش بەجێ نەهێڵم، ئیدی بڕیارم دا بۆ ماوەیەک خوێندن تەرک بکەم. جا چونکە بابم تووشی خەوزڕان بوو بوو، بە سەعاتان ڕۆمانەکانی دیکنزم بۆ دەخوێندەوە، کە جار جار بەهۆی خوێندنەوەی بەردەوامی من چاوێکی گەرم دەکرد، زۆر خۆشحاڵ دەبووم.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٦٦دا، ئاگادارییەک بڵاوکرایەوە دەربارەی کردنەوەی خولێکی ئیختیزال((توندنووسی)) لەلایەن ب.م. ئولخینەوە. ( ئولخین. پاڤل ماتڤیڤیچ ١٨٣٠- ١٩١٥ مامۆستای ئختیزال. دانەری کتێبی ڕێنمای ئیختیزالی ڕووسی، ١٨٦٦، یەکێک بوو لەو کتێبانەی کە لە کتێبخانەکەی دوستویفسکیدا هەبوو) ئەم خول و دەورەیە لە بینای دواناوەندی کوران، پۆلی شەشدا بوو، کە زانیم وانەکان بە شەوە ( بابی ئازیزم خانەنشین کرابوو) ئیدی بڕیارمدا بچمە ئەم خولە، بە تایبەتی کە بابم حەزی دەکرد بچمە ئەم خولەوە، چونکە زۆری لەبەر گران بوو کە بە هۆی نەخۆشیەکەی ئەوەوە قوتابخانەی پەروەردەم تەرک کردبوو، لە هەوەڵەوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆم لە ئیختیزالدا بەدەست نەهێنا، پاش وانەی پێنجەم یا شەشەم بوو گەییمە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە زمانی" کزە مزە" یە و من فێری نابم، کە ئەمەم بە باوکم گوت زۆری لەبەر گران بوو، گلەیی ئەوەی لێکردم کە کەسێکی بێ حەوسەڵە و ناجدیم، ئیدی بەڵێنی لێوەرگرتم کە دەبێ بەردەوام بم و بە متمانەوە گوتی کە ئیختیزالچییەکی زۆر باشم لێدەردەچێت، بابە ئازیزەکەم پێشبینی ئەوەی کرد، کە لە ڕێگەی ئەم پیشەیەوە بەختەوەر دەبم، کە پێشبینییەکەی هاتە دی.

بابم لە ١٨٦٦/٤/٢٨ دا کۆچی دوایی کرد، ئەمە یەکەمین ناخۆشی ژیانم بوو، زۆرم خەفەت خوارد، زۆر گریام، چەندین ڕۆژم بەدیار گڵکۆکەی بابمەوە لە بولشایا ئوختا بەسەربرد، هەرچیم دەکرد و دەکۆشا، لەگەڵ ئەم کۆستە گرانەدا ڕانەدەهاتم، دایکم زۆر بە خەممەوە بوو، دەترسا نەخۆش بکەوم، تکای لێکردم خۆم بە کارێکەوە خجڵ بکەم، مخابن لەوانەی ئیختیزال وەستام، بەڵام کە مامۆستا باشەکەمان ب. م ئولخین، بەم کۆستەی زانیم و هەستی کرد لە زۆر دەرسان دابڕاوم، پێشنیازی کرد کە لەڕێگای موراسەلەوە قەرەبووی ئەو وانانە بکەم کە لە

دەستم چووبوون، دەبوایە هەموو هەفتەیەک دوو جار، دوو لاپەڕە یا سێ لاپەڕەی لەو کتێبەی کە بۆی ناردبووم بە ئیختیزال بۆ بنووسمەوە و بۆ بنێرم، ئولخین بە دەقە ئیختیزال کراوەکەدا دەچووەوە، هەڵەکانی راست دەکردەوە و دەگەڵ سەرنج و تێبینی خۆیدا بۆی دەناردمەوە، ئیدی لە ڕێگای ئەم موراسەڵەیەوە کە سێ مانگەکەی هاوینی خایاند، فێری ئیختیزال بووم، بەتایبەتی کە براکەم لە پشووی هاوینەدا هاتبوو بۆ لامان ، ڕۆژی یەک دانە سەعات و هەندێجار زیاتر ئیملای پێدەکردم، بەو جۆرە فێری ئیختیزال بووم و دەمتوانی پێی بنووسم، ئەمە جگە لەوەی دەستم راهات و دەمتوانی بەخێرایی بنووسم، ئەمە کردییە کارێک کە ئولخین، لە سەرەتای کردنەوەی قوتابخانان لە ئەیلولی ساڵی ١٨٦٦ دا، کارێکی ئەدەبیم بۆ بدۆزێتەوە، بەتایبەتی لە هەموو خوێندکارەکانی دی زیاتر متمانەی پێم هەبوو، بۆیە بۆ ئەم کارەی هەڵبژاردم.

## بەشی دووەم

## ناسینی دوستویفسکی و شووکردن پێی

"١"

لە ١٨٦٦/١٠/٣ دا لە دەوروبەری سەعات حەوتی ئێواریدا وەکو هەمیشە گەییمە دواناوەندی کوڕان، پۆلی شەشەم، کە ب.م ئولخین مامۆستای ئیختیزال، لەوێندەر وانەی دەگوتەوە، هێشتا وانەکە دەستی پێنەکردبوو: چاوەڕوانی ئەو خوێندکارانەمان دەکرد کە دێر کەوتبوون، لە شوێنی ڕۆژانی خۆم دانیشتم، کەوتمە دەرهێنان و ڕێکخستنی دەفتەر و کتێبەکانم، ئولخین هاتە لامەوە، دوای ئەوەی لە تەنیشتمەوە و لە سەر ڕیحلەکە دانیشت گوتی:

ئاناگریوگوریڤنا، حەزدەکەم کارێک بە ئیختیزال بکەیت، داوایان لێکردووم کەسێک بۆ ئەم کارە بدۆزمەوە، یەکسەر بیرم لە تۆ کردەوە گوتم ڕەنگە بچیتە ژێر ئەم بارە.

وەڵامم دایەوە: با، زۆریشم حەز لێیە، دەمێکە خەو بە کارێکی واوە دەبینم، بەڵام باوەڕم بەوە نییە، بەو ڕادەیە ئیختیزال بزانم، کە بتوانم بچمە ژێر باری ئەم بەرپرسیارێتییە.

ئولخین هێوری کردمەو، ترسی ڕەواندمەوە، گوتی ئەو کارەی کە بەویان گوتووە خێراییەکی زۆری ناوێت، ئەو خێراییەی کە من هەمە بۆ ئەو کارە سەر وزیادە.

بەکونجکاوییەوە پرسیم: ئەم کاری ئیختیزالە هی کێیە و بۆ کێیە؟

_ هی نووسەر دوستویفسکییە، حاڵی حازر ڕۆمانێکی تازەی[١] بەدەستەوەیە دەیەوێت لە ڕێگەی ئیختیزال نووسێکەوە بینووسێت، دوستویفسکی دەڵێت ڕۆمانە تازەکەی ڕەنگە هەر حەوت مەلزەمەیەکی گەورە دەربچێت و ئامادەیە کرێی پەنجا ڕۆبڵ بدات بە هەر کەسێک کە بە ئیختیزال بۆی بنووسێتەوە.

یەکسەر قابیل بووم، ناوی دوستویفسکی لە منالییەوە بۆ من و لای من ئاشنا بوو: یەکێ بوو لە نووسەرە هەرە خۆشەویستەکانی بابم، بەخۆشم زۆر دڵبەندی نووسیەنەکانی ئەم نووسەرە بووم، زۆر جار بەدەم خوێندنەوەی ڕۆمانی

(یادگارییەکانی خانەی مردوان)ەوە، گریاوم و فرمێسکم ڕشتووە، مەسەلەکە هەر ئەوە نەبوو ناسیاویم لەگەڵ نووسەرێکی بەهرەمەندا پەیدا دەکرد، بەڵکو بە دڵ حەزم دەکرد لە کارەکەیدا یارمەتیی بدەم، بۆیە زۆر دڵم بەم کارە خۆشبوو.

ئولخین کاغەزیکی قەدکراوی چکۆلەی دامێ لێی نووسرابوو "گەڕەکی ستولیارنی، شەقامی مالایامیشانسکایا، ئەپارتمانی ئالونگین، شوقەی ژمارە سیازدە، لە دوستویفسکی بپرسە) ئەوجا گوتی: تکایە سبەینێ سەعت یازدە و نیو بگە لای دوستویسکی " نە زووتر نە درەنگتر" چونکە خۆی ئەمڕۆکە ئەم کاتەی بۆ دیاری کردم، هەڵبەیە ئولخین لە نێو قسەکانیا ڕای خۆی دەربارەی دوستویفسکی دەربڕی کە پاشان باسی دەکەم.

ئولخین تەماشای سەعاتەکەی خۆی کرد و پاشان سەرکەوتە سەر تریبۆنی دەرس گوتنەوەکە، هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەم کە وانەکەی ئەمڕۆ لەم گوێیەمەوە هات و لەویانەوە دەرچوو، زۆر شپرزە و پەشێو بووم، هەستێکی خۆشی و شادی ئەوتۆ دایگرتبووم، لە وەسپ کردن نەدەهات، خەونە پەنهانەکەم، هاتە دی، کارێکم دەستکەوت! ئەگەر ئولخینی جدی و درژ پەسەند پێی وابێ من ئیختیزال باش دەزانم و بەخێراییەکی باش دەنووسم، ئەمە خۆی لە خۆیدا شایەدییەکی باش بوو بۆ من، ئەگەر بەڕاستی وا نەبام ئەم کارەی بە من نەدەسپارد. ئەمە زۆری شادومان کردم و بایەخی خۆمی لە بەرچاوی خۆم زیاد کرد، هەستم کرد ڕێگایەکی تازەم گرتە بەر، دەتوانم بە ڕەنجی خۆم پارە پەیدا بکەم و خۆیبوونی خۆم مسۆگەر بکەم، هەڵبەتە بیرۆکەی خۆیبوون لە نێو کیژانی شەستەکاندا یەکێک بوو لە خەم و خولیا بەرز و زاڵەکان، بەلام لە هەموو ئەمانە خۆشتر ئەو کارە بوو کە بە من سپێردرابوو، ئەم کارە بوو بە دەرفەت و دەلیڤەیەکی دەگمەن، کە لای دوستیفسکی کار بکەم و ڕاستەوخۆ ئەم نووسەرە بناسم.

وەختایەک بۆ ماڵ گەڕامەوە، مەسەلەکەم لە سیری تا پیازی بۆ دایکم گێڕایەوە بەم سەرکەوتنەم زۆر دڵخۆش بوو، ئەو شەوە هەم لە خۆشییا هەم لە نیگەرانیا خەو نەچووە چاوانم، جگە لە دوستویفسکی بیرم لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە، وام وێنا دەکرد مادامەکی بابم هاوعەسری ئەوە، دەبێ پیرەمێردێک بێ لە تەمەنی بابمدا، جارێ وام وێنا دەکرد ڕەنگە پیرەمێردێکی قەڵەوی سەر ڕووتاوە بێت، جارێ وام وێنا دەکرد ڕەنگە پیرەمێردێکی درێژ داهۆڵی لاواز بێ، بەڵام بێگومان دەبێ

کابرایەکی تووڕە و تڕۆ و گرژ و مۆن بێ وەکو ئولخین دەیگوت. ئەوەی زۆر نیگەرانی دەکردم ئەوە بوو چۆن قسەی دەگەڵدا بکەم، دوستویفسکی بەلای منەوە، زانایەکی یەجگار زیرەک بوو، بۆیە هەزار و یەک حیسابم بۆ هەر وشەیەک دەکرد کە لە زارم دەردەچوو، ئەوەی زۆر دڵتەنگ و خەمینی دەکردم، ناوی قارەمانی ڕۆمانەکانی و باوکیانم بەباشی بیر نەدەکەوتنەوە، دڵنیابووم لەوەی کە دێتە سەر باسکردنیان، ئەمە جگە لەوەی من بە عەمراتم ڕووبەڕوو بە دیداری کەڵە ئەدیبان نەگەیی بووم، بۆیە بە خەڵکانی نائاساییم دەزانین، پیاو ئەگەر پێویست بکات،دەبێ بە شێوازی تایبەتی قسەیان دەگەڵدابکات. کە ئەو کاتانەم بیردەکەونەوە وێرای ئەوەی تەمەنم بیست ساڵان بوو، خۆم وەکو کچۆڵەیەکی مناڵ دەهاتە بەرچاو.

"٢"

١٠/٤، کە ڕێکەوتی ڕۆژی یەکەمی دیدارەکەمی دەگەڵ مێردی ئایندەمدا دەکرد، گورج و گۆڵ لە خەو ڕابووم ، شپرزەییەکی بەلەزەت سەراپامی داگرتبوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەمڕۆ خەونە دێرینەکەم دێتە دی: لە قوتابییەوە دەگۆڕێم، دەچمە سەر ئەو ئیشەی کە هەڵمبژاردبوو.

زوو بەر لە مەوعیدەکە لە ماڵ وەدرکەوتم،تا بتوانم لە ڕێگاوە سەرێکی گوستینی دفور ( گوستنی دفور: لە شارە کۆنەکانی ڕووسیدا، قەیسەرییەکی گەورەی چوارگۆشە هەبوو کە جۆرەها دووکان و موغازە و کۆگای تیا بوو، ئەم قەیسەرییە لە شاری بتروسبورگدا، دەکەوێتە سەر شەقامی نیڤسکی، تا ئەمڕۆش بەهەمان ناوەوە ماوە) بدەم و چەند قەڵەمێکی ڕەساس بکڕم، هەروەها جانتایەکی بچکۆلە بکڕم، کە پێموابوو دیمەنێکی عەمەلی تری بە بیچمی گەنجانەم دەبەخشی، لە دەوروبەری سەعات یازدەدا، لە کڕینی پێوستییەکانم بوومەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی دیاری کراودا " نەپێشتر و نە پاشتر" ( نەپێشتر و نە پاشتر: ئەمە لە قسە باوەکانی فیودۆر میخائیلوفیچ بوو کە مەوعیدێکی دەگەڵ کەسێکدا دادەنا، دووبارەی دەکردەوە، بە ئومێدی ئەوەی بەدەم چاوەڕوانییەوە کاتی خۆی بەفیڕۆ نەدات، ئا.گ. دوستویڤسکایا) بگەمە لای دوستویفسکی، هێدی هێدی بە جادەی بولیشایا میشانسکایا و گەرەکی ستولیارنیدا کەوتمە ڕێ و بەردەوامیش سەیری سەعاتەکەم دەکرد، لە سەعات یازدە و بیست و پێنج دەقیقەدا گەییمە بەر ئاپارتمانی

ئالونکین، لە دەرگاوانەکەم پرسی شوقەی سیازدە لە کوێیە، ئامازەی بۆ دەستە ڕاست کرد کە دەرگایەکی لێبوو بۆ سەر قاڵدرمەکە، ئەپەرتمان و بینایەکی گەورە بوو، جۆرەها شوقەی بچووکی تیا بوو، کە بازرگانان و کاسبکاران و پیشەوەرانی تیا ئاکنجی بوون، یەکسەر ئەو بینا و ئاپارتمانەم بیر کەوتەوە کە لە ڕۆمانی ( تاوان و سزا) دا باسکرابوو، ئەو بینایەی کە راسکولینکوفی قارەمانی ڕۆمانەکە تیایدا دەژیا.

شوقەی ژمارە سیازدە کەوتبووە قاتی دووەمەوە، لە زەنگی دەرگاکەم دا کارەکەرێکی پیر کە شاڵێکی کەسکی خانە خانەی بە شانەوە بوو، دەرگای لێکردمەوە، تازە لە خوێندنەوەی ( تاوان) بووبوومەوە، بۆیە خۆ بە خۆ بیرم لەوە کردەوە: تۆ بڵێی ئەم شاڵە، هەمان ئەو شاڵە فاسۆنە نەبێت کە ئەو ڕۆڵ و دەورە گەورەیەی لە بنەماڵەی مارمیلادۆف گێڕابوو؟

کە کارەکەرەکە لێی پرسیم کێم دەوێ و بۆ لای کێ هاتووم، گوتم ئولخین ناردومی و ئاغای لەم هاتنەم ئاگادارە، بەرلەوەی فریای داکەندنی کڵاوەکەم بکەوم، دەرگای چوونە ژوورەوە کرایەوە، کوڕێکی گەنجی قژلولی زۆر ڕەش، بە سینگی کراوەوە و جووتێ نەعلەوە هاتە بەردەرگا، ژوورێکی زۆر ڕووناک لە پشتییەوە دیار بوو، دوای ئەوەی بیچم و هەیئەتێکی غەریبی لە بەردەم خۆیدا بینی هاوارێکی کرد و لە چاوتروکانێکا خۆی بە دەرگەیەکی لاوەکیدا کرد و دیار نەما ٢+.

کارەکەرەکە بردمییە ژوورێکەوە کە دیاربوو ژووری نانخواردنە، ژوورێکی زۆر سادە بوو: دوو سەندوق لە پاڵ دیوارەکەدا بوون، کە بە قاڵیچە داپۆشرابوون، دۆڵابێکی بچووک لەلای پەنجەرەکەوە بوو کە پەردەیەکی سپی گوڵدۆزی پێدا درابوو، لە بن دیوارەکەی دیدا قەنەفەیەک دانرابوو کە سەعاتێکی چاڵمەی لە سەرووەوە هەڵواسرابوو، خۆشبەختانە لەم کاتەدا ڕێک یازدە و نیوی نیشان دەدا.

کارەکەرەکە پاش ئەوەی گوتی ئاغا هەنووکە دێت، خوڵقی کردم کە دانیشم، دوای دوو دەقیقە فیودور میخائیلوفیچ پەیدا بوو، بردمییە ژووری کارەکەی، ئەوسا دەرکەوت، پاشان زانیم کە چای بە رادان دابوو.

ئۆفیس و نووسینگەکەی دوستویفسکی ژوورێکی گەورە بوو، دوو پەنجەرەی تیا بوو، ئەمڕۆ کە هەوا خۆش و دنیا هەتاو بوو، زۆر ڕووناک بوو، بەڵام لە ڕۆژانی هەور و

هەڵادا زۆر تاریک و ناخۆش بوو، تاریکی و بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشا و مرۆڤ لەو تاریکی و بێدەنگییەدا دڵی تەنگ دەبوو، لە سووچی ئەوسەری ژوورەکەدا قەنەفەیەکی نەرم هەبوو، پەردەیەکی کۆنی قاوەیی پیادا درابوو و مێزێکی خڕی لە بەردەمدا بوو، کە پەردەیەکی فاسۆنی سووری پێدا درابوو، دوو سێ ئەلبووم لە سەر مێزەکە بوو، چەند کورسی و تەپڵەکی لە دەور ڕیز کرابوو، لە سەرووی قەنەفەکەوە، وێنەی ئافرەتێکی زۆر لاواز کە لە چوارچێوەیەکی دارگوێز نرابوو، جلێکی ڕەشی لەبەر بوو، شەبقەیەکەی ژنانەی تەنکی ڕەشی لەسەر بوو، بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو.

لە دڵی خۆدا وام وێنا دەکرد " ڕەنگە ژنی دوستویفسکی بێت" ئەوکات هیچم دەربارەی ڕەوشی خێزانداری ئەو نەدەزانی.

ئاوێنەیەکی گەورەی چوارچێوە ڕەش لە نێوان هەردوو پەنجەرەکەدا هەڵواسرابوو، لەبەر ئەوەی مەودای نێوان هەردوو پەنجەرەکە زۆر بوو و ئاوێنەکە پڕی نەدەکردەوە، بۆ ئەوەی باشتر دیاربێ، لە نزیکی پەنجەرەکەی دەستە ڕاستەوە هەڵواسرابوو، بەڵام زۆر ناشرین و دزیو دیار بوو، دوو ئینجانەی چینی گەورەی زۆر جوان لەبەر پەنجەرەکاندا دانرابوو، بەدرێژایی دیوارەکە قەنەفەیەکی گەورەی کەسک دانرابوو، کەوڵە بزنی بەسەرەوە بوو، مێزێکی نووسینی لەنزیکەوە دانرابوو، پاشان کاتێ فیودور میخائیلوفیچ ڕۆمانەکەی بۆ دەخوێندمەوە من لە سەر ئەو مێزە دادەنیشتم، کەلوپەل و موبیلمانی ناو ئوفیسەکە زۆر سادە و هەژارانە بوو، لەو موبیلمانانە دەچوو کە لە ماڵە هەژارەکاندا دەمبینی.

دانیشتم. گوێم هەڵخست، وام تەسەوڕ دەکرد ئێستا گوێم لە هەرا و زەنای منداڵان دەبێت، یا گوێم لە دەنگی تەپڵی دەستی منداڵێک دەبێت، یا لە ناکاوا دەرگا دەکرێتەوە ئەو ژنە لاوازەی کە لە وێنەکەدا دیتبووم خۆی بەژووردا دەکات.

ئەنجام فیودور میڤائیلوفیچ وەژوور کەوت، داوای بووردنی کرد کە دواکەوتووە، ئەوجا پرسی:

_ دەمێکە ئیختیزال دەخوێنی؟

_ هەر شەش مانگێک دەبێ.

_ ماموستاکەت خوێندکاری زۆرە؟

_ لە هەوەڵەوە پتر لە سەد و پەنجا کەسێک دەبوون، لێ هەنووکە هەر بیست و پێنج کەسێک ماوینەتەوە.

_ باشە بۆ وا کەم بوونەتەوە؟

_ زۆر کەس لە هەوەڵەوە وا دەزانن ئیختیزال کارێکی سانایە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک کە هیچ بە هیچ ناکەن واز دێنن.

فیودور میخائیلوفیچ گوتی:

_ لەلای ئێمە هەموو شتێکی تازە وایە، زۆر بە کوڵ و دڵ دێنە پێشەوە و دوای چەند ڕۆژێک سارد دەبنەوە و واز دێنن، چاوەڕوان دەکەن هەرکە زانیان کارەکە هەول و کۆششی دەوێ، ئیدی سارد دەبنەوە، کێ ئێستا دەیەوێ خۆی بڕەنجێنێ؟

کە یەکەمجار دیتم زۆر پیر هاتە پێش چاوم، وامزانی بەڕاستی پیرە، بەڵام کە لەگەڵمدا کەوتە قسان، تەمەنی لەبەرچاوم بچووک بووەوە، وام هاتە بەرچاو کە هەر سی و پێنج، سی و حەوت ساڵ دەبێت، پیاوێکی دەستەبالا، قیت، قژی قاوەییەکی کاڵ، ئاماڵ سوور بوو، جوان شانەی کردبوو، ڕۆنێکی بۆنخۆشی لێدابوو، ئەوەی بەلامەوە سەیربوو چاوەکانی بوو کە بە ئاشکرا لێکدی جیاواز بوون، یەکێکیان قاوەیی بوو ئەوی دیکەیان بیلبیلەکەی زۆر گەورە بوو، زۆربەی پانتایی چاوی گرتبووەوە ( کاتی خۆی فیودور میخائیلۆفیچ لە نۆرە فێیەکدا کەوتبوو بەسەر شتێکی تیژدا، چاوی راستی بریندار بووبوو، بۆ چارەسەر چوو بوو بۆلای پرۆفیسۆر یۆنگ، ئەویش قەترەی ئەتروبینی بۆ نووسیبوو، لە ئەنجامی زۆر بەکارهێناندا، بیلبیلەی چاوی بەم جۆرە گەورە بوو بوو) ئیدی ڕوانینەکەی دوستویفسکی هەندێک ئاڵۆز و چەپ و خێل دیاربوو، دەموچاوی دوستویفسکی زۆر زەرد بوو، ڕەنگی لە ڕەنگی نەخۆشان دەچوو، بەلام سیمایم بەلاوە ئاشنابوو، پێموایە هی ئەوەبوو پێشتر بە ڕەسم و لە ڕەسمدا زۆرم دیتبوو، پاڵتۆیەکی فاسۆنی شینی نیوداشتی لەبەر بوو، بڵام کراسەکەی یەجگار سپی بوو، ملیوان و بزمەکانی جوان دەقاق درا بوون.

دوای پێنج دەقیقە کارەکەرەکەی بە دوو کوپ چای غەلیزەوە وەژوور کەوت، چایەکان هێندە پڕ ڕەنگ بوون، ڕەشیان دەنواند، دوو پارچە نانیشی نابووە سەر

کەشەفەکە، یەکێک لە کوپەکانم هەڵگرت، حەزم لە چای نەبوو، ئەمە جگە لەوەی ژوورەکە گەرم بوو، بەڵام دەستم بە خواردنەوەی کرد، تا فرناخ و قۆڕە دەماخ نەیەمە بەرچاو، لای دیوارەکەی ڕووبەڕووی مێزە بچووکەکەوە دانیشتم، دوستویفسکی جارێ لە پشت مێزەکەی خۆی دادەنیشت و جارێ هەڵدەستا و بە ژوورەکەدا دەکەوتە ڕاوێچکە و هاتووچۆ، جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند، خوڵکی جگەرەی کردم ڕەفزم کرد، گوتی:_ دەترسم شەرم بکەیت؟

هەنگێ دڵنیام کرد کە جگەرە ناکێشم، ئەمە جگە لەوەی حەزم لە خانمانی جگەرەکێش نەدەکرد.

گفتوگۆیەکەمان ڕاشکاوانە بوو، دوستویفسکی باسەکەی بردە سەر بابەتێکی تازە، زۆر ڕەنجاو دیاربوو، قسەکەی بەوە کردەوە کە نەخۆشی پەرکەمی لەگەڵدایە، چەند ڕۆژێک لەوەوپێش نۆرە فێیەکی لێهاتووە، سەرم لەم ڕاشکاویەی سووڕما، ئەوسا دوستویفسکی بەشێوەیەکی گۆنگ هاتە سەر باسی ئەو کارەی کە قەرار بوو بیکەین، گوتی:

_ با بزانین چیمان لەم بارەیەوە پێ دەکرێت، تاقی دەکەینەوە، بزانین دەبێ یان نا؟

وام وێنا دەکرد کە ئەم کارە پێناچێت سەربگریت، تەنانەت وام بە خەیالدا دەهات دوستویفسکی بەگومانە کە ئەم شێوازە کارە دادی بدات و فریای بکەوێ، پێدەچێ بەیەکجارەکی لەو پڕۆژەیە ژیوان بێتەوە، جا بۆ ئەوەی کارەکەی لا ئاسان بکەم پێمگوت:

زۆر باشە تاقی دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر زانیت کارەکەم دادت نادات یەکسەر ئاگادارم بکەرەوە، دڵنیابە من زویر نابم و بەلامەوە ئاساییە.

دوستویفسکی ویستی دەقێکی ڕۆژنامەی ( مژدەبەری ڕووسی) م بۆ بخوێنێتەوە و بە ئیختیزال بۆی بنووسمەوە، زۆر بە پەلە کەوتە خوێندنەوەی، من ڕامگرت، پێمگوت کە بەهەمان خێرایی قسەکردنی ئاسایی بۆم بخوێنێتەوە.

دوای ئەوەی کەوتمە پاچڤەی ئەو دەقەی کە بە ئیختیزال نووسیبوومەوە، بۆسەر زمانی ئاسایی، زۆر بەخێرایی بۆم پاچڤە کرد، بەڵام دوستویفسکی رازی نەبوو، دەیویست خێراتر پاچڤەکەی بۆ بکەم.

هێورم کردەوە و گوتم: ئەوەی تۆ ئیملام پێدەکەی لێرە تەرجوومەی ناکەم، لە ماڵەوە دەیکەم، ئەمە هیچ فەرقێک دەکات بۆ تۆ؟

کە دوستۆیفسکی بەو شتانەدا چووەوە کە نووسیبوومن، خاڵێکی لێرەدا لابرد، نیشانەیەکی تاکیدم بە باشی دانەنابوو، بۆی ڕاستکردمەوە، ئەم تێبینی و سەرنجانەی زۆر بە جدی دەربڕی، بە ئاشکرا دیاربوو کە پەشێو و شپرزەیە و ناتوانێ بیرەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، جاری واهەبوو ناوی خۆمی دەپرسی، ئەوسا یەکسەر لەبیری دەچووەوە، یا جاری وا هەبوو ماوەیەکی زۆر بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، پێدەچوو منی بەتەواوەتی لەبیر چووبێ.

ئیدی منیش بەبێ جوولە لە شوێنی خۆم هەڵدەکورمام، لەترسی ئەوەی نەبا ڕشتەی بیرکردنەوەی بپچرم.

ئەنجام دوستویفسکی پێی گوتم، وەزعی زۆر خراپە و ناتوانێ هیچ شتێکم پێ ئیملا بکات و پرسی ئاخۆ دەتوانم ئەمڕۆ لە سەعات هەشتدا ئامادە بم تا ڕۆمانە تازەکەیم پێ ئیملا بکات، هەڵبەتە ئەمە کارێک بوو بۆ من زۆر نەگونجاو، بەڵام بۆ ئەوەی کارەکەم لەکیس نەچێت و کارەکە دوا نەکەوێ قاییل بووم.

دوستویفسکی بەدەم بەڕێکردنمەوە گوتی:

زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئولخین، پێشنیازی کرد کە خانمێکی ( ئیختیزالچی)م بۆ ڤڕێ بکات نەک پیاوێک، دەزانی بۆ؟

_ بۆ؟

_ چونکە پیاوان بەزۆری دەخۆنەوە، هیوادارم تۆ لەوانە نەبیت، کە دەخۆنەوە.

ئەم قسەیە بۆ من پێکەنیناوی بوو، بەڵام جڵەوی پێکەنینەکەی خۆم گرت و بە جدی وڵامم دایەوە: -- دڵنیابە من کەسێکی مەشرووب خۆر نیم، باوەڕ بکە.

"٣"

بە خەمینی لەماڵی دوستویفسکی وەدەرکەوتم. بەراستی نەچووە دڵمەوە، سەرنج و تێبینییەکی خراپم دەربارەی لەلا درووست بوو، وام هەست دەکرد ناتوانم کاری دەگەڵدا بکەم، هەستم کرد خەونەکانم سەبارەت بە خۆیبوون بەرەو هەرەس دەڕۆن.. ئەوەی کە زۆری ئازار دەدام، ئەوە بوو کە دوێشەو بە دایکمم گوت ئیشێکم دۆزیوەتەوە، زۆری پێخۆش بوو کە ئەمە یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا کارێک پەیدا بکەم.

کاتێ کە لەماڵی دوستویفسکی وەدەرکەوتم،سەعات نزیکەی دوو بوو، ماڵەکەی دوور بوو، من لە نزیک سمولنی، لە شەقامی کوسترومسکایا، لەگەڵ ئانا نیکولایڤنا سنیتکینادا دەژیام.

ئیدی لێبڕام بچم بۆ ماڵی هەندێ لەو خزمانەم کە لە گەڕەکی فونارنی دەژیان، تا لەوێ فراڤینیان دەگەڵدا بخۆم و بۆ لای دوستویفسکی بگەڕێمەوە.

خزمەکانم بایەخێکی زۆریان بە ئاشنا تازەکەم دا، لە هەر ورد و درشتێکی دوستۆیفسکیان دەپرسی، کاتەکە بەدەم قسانەوە زوو بووری، هەرکە سەعات لە هەشت نزیک بووەوە، خۆ بەخۆ هەنگاو بەرەو (ئاپارتمانی ئالکونین) ی بردم، کاتێ کارەکەرەکە دەرگای لێکردمەوە، لە ناوی یەکەمی ئاغایم پرسی، لە ڕێگای ڕۆمانەکانییەوە دەمزانی ناوی فیودورە، بەلام ناوی بابیم نەدەزانی.

ئەمجارەش فیدوسا ( ئەمە ناوی کارەکەرەکە بوو) داوای لێکردم لە ژووری نانخواردن چاوەڕوان بکەم، پاشان ڕۆیی تا هاتنی منی پێڕابگەیەنێت، وەختێ گەرایەوە پێی گوتم کە بۆ نووسینگە و ئوفیسەکە بڕۆم، سڵاوم لە فیودور میخائیلوفیچ کرد، لە هەمان شوێنی پێشوو لە نزیک مێزە چکۆلەکە دانیشتم، بەڵام دوستویفسکی ئەمەی پێخۆش نەبوو، پێی گوتم لە پشت مێزەکەی ئەوەوە دانیشم و جەختی کردەوە ئەو مێزە بۆ من و بۆ نووسین خۆشترە، هەڵبەتە پێویستە دان بەوەدا بنەم کە خولکی کردم لە سەر مێزەکەی ئەو بنووسم، لە ڕادەبەدەر شاییم بەخۆ هات، ئەو مێزەی تازەکی کارێکی جوانی وەکو ڕۆمانی ( تاوان و سزا) ی لە سەر هاتبووە نووسین.

من چوومە پشت مێزەکە، بەلام فیودور میخائیلوفیچ، لە شوێنکەی من ولە نزیک مێزە چکۆلەکەوە دانیشت، دیسانەوە لە ناو و کونیەمی پرسی، پاشان لێی پرسیم ئایا بە خزمایەتی دەگەمە ئەم نووسەرە گەنجە بەهرەمەندەی ناوی سنیتسکینە و ماوەیەک لەوە پێش مردبوو، گوتم نەخێر، مەسەلەکە تەنیا لێکچوونی ناوەکانمانە، ئەوسا کەوتە پرسیاری ئەندامانی خانەوادەکەم، لە کوێ خوێندوومە، بۆچی کاری ئیختیزال دەکەم و ...هتد.

بەوپەڕی ڕوونی و جدیی و هەندێجار بە زبری وەلامی پرسیارەکانیم دەدایەوە، کە پاشان فیودور میخائیلوفیچ ئەوەی بە چاوا دامەوە، بڕیارمدا کە ئەگەر ناچار بم کاری ئیختیزال لە مالاندا بکەم، هەر لە هەوەڵەوە پەیوەندی خۆم لەگەڵ ئەوانەدا کە نایانناسم دیاری بکەم و کارێکی وا بکەم لە سنووری کارەکەم دەرنەچێت و کەس بە جۆرێ سیوای لێم نەبێتەوە کە قسەیەکی زیاد یا دزێوم دەگەڵدا بکا، بیرم نایەت بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە قسەم لەگەڵ فیودور میخائیلۆفیچ دەکرد، بۆ تەنیا جارێکیش بزەیەکم هاتبێ، هەڵبەتە فیودور ئەم جدیەتەمی زۆر بە دڵ بوو، پاشان بۆی گێڕامەوە کە یەجگار شیفتەی ئەم مەندی و سەلاری و سەنگینییەم بووە، دوستویفسکی زۆر جار نەهیلیستییەکانی دەبینی و لە ڕەفتار و ئەدا و ئەتواریان بێزار دەبوو، بۆیە کە دەیبینی من دەگەڵ کیژانی گەنجی ئەو سەروبەندەدا زۆر جیاوازم و دەگەڵ ئەواندا ئاسمان و ڕێسمانم، زۆری پێخۆش بوو.

فیدوسیا، لەو ماوەیە خەریکبوو لە ژووری نانخواردن چای ئامادە دەکرد، پاشان دوو کوپ چای و دوو پارچە کێکی بۆ هێنایین، دوستویفسکی هەمدیس خولکی جگەرەی کردم، پاشان هەرمێی دامێ.

دوای چا خواردنەوە قسەکانمان شەقلێکی ڕاشکاوانەتر و دۆستانە تری وەرگرت، لەناکاوا وام هاتە بەر خەیاڵ کە من لەمێژە دوستویفسکی دەناسم، بۆیە هەستم بە ئەرخایەنی و ئارامی کرد.

بەدەم قسەوباسەوە هاتینە سەر باسی گروپەکەی پتراشیڤسکی ( پتراشیڤسکی بوتاستفیچ- پتراشیفسکی، میخائیل ڤاسیلیڤیچ ١٨٢١- ١٨٦٦، کەسێکی سوسیالستی توباوی بوو، لە بنەماڵەی جەڕاحێکی بەنێوبانگ بوو، کە ناودارانی ڕووسیای مالیجە دەکرد، کۆمەڵێک دۆست و ناسیاوی لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا هەبوو، لەسەرەتای ساڵی ١٨٤٥ وە ڕۆژانی هەینی لە ماڵی خۆیدا کۆڕی دەگرت،

ئیدی قوتابیان وماموٚستایان وئەفسەران و ئەدیبان و فەرمانبەران و هونەرمەندان.. ئامادەی ئەم کوٚڕ و کوٚبوونەوانە دەبوون، دوستویفسکی لەساڵی ١٨٤٦ دا ناسیاوی دەگەڵدا پەیدا دەکات و هەندێ بەشی ڕوٚمانەکەی لەو کوٚڕانەدا دەخوێندەوە، هەروەها نامەکەی بلینسکی بوٚ گوگوڵ لەو کوٚڕانەدا دەخوێندەوە، کە یەکێ بوو لەو توٚمەتانەی ئاڕاستەی کرا، لە ساڵی ١٨٤٩ دا چل کەسی ئەم گروپە هاتنە گرتن، حوکمی ئیعدام بوٚ بیست و یەک کەسیان دەرکرا، ئیدی بەگوێرەی سیناریوٚکەی تزار، حوکمی ئیعدامەکە بە چەند دەقیقەیەک بەر لە جێبەجێ کردنی هەموار کرایەوە بوٚ حوکمی ئەبەدی، دوستویفسکی لە ڕوٚمانی ئەهریمەناندا پتراشیفسکی لەقاڵبی کەسایەتی بیتەرفیرخوڤینسکیدا بەرجەستە کردووە) وحوکمی ئیعدام. دوستویفسکی زوٚر بە حەماسەوە کەوتە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە و گوتی:

لە بیرمە چوٚن لە مەیدانی سمیونوڤسکی لەناو هاوڕێکانمدا وەستابووم، کە ئامادکارییەکانم بینی، ئیدی زانیم کە تەمەنی درێژم ئەوپەڕی پێنج دەقیقەی ترە، بەڵام ئەم دەقیقانە بەلای منەوە زوٚر درێژ بوون بارتەقای ساڵان، بگرە دە ساڵیان دەکردەوە، ئیدی لە خەیاڵی مندا زوٚر درێژ بوون: جلکی ئیعدامیان لەبەر کردین و سێ سێ دابەش کراین، من لە گروپی سێیەمدا بووم، یانی هەشتەمین کەس بووم لە گروپی سێیەمدا٣+، یەکەم دوو گروپی سێ نەفەری بە کوٚڵەکە و ستوونانەوە بەسترانەوە، ئیدی لە ئان و ساتدا بوو، دوای دوو دەقیقە یاسێ دەقیقە گروپی یەکەم و دووەم تیرباران دەکران، ئیدی نوٚرە دەهاتە سەر گروپەکەی من، خودایا چەند تامەزروٚی ژیان بووم! چەند ژیانم لە لا شیرین بوو، زوٚر کاری جوان و باش هەبوون دەکرا بکرێن، هەموو ڕابردووم بیرکەوتەوە، کە چوٚن بێهودە بەفیڕم دابوو، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد جارێکی دی بژیم، عومرێکی درێژم ببێ، تا گەلێک لە خوٚزیا و ئاواتەکانم بێنمە دی... لەناکاوا ئەمر درا کە ئیعدامەکە ڕابگیرێت، ڕوحم ژیاوە هاوڕێکانمیان لە ستوونەکان کردەوە، ئەوجا گەڕاندمانیانەوە و حوکمی تازەیان بوٚ هەر یەکەمان خوێندەوە، حوکمی ئەمجارەی من چوار ساڵ زیندانی قورس بوو، هیچ ڕوٚژێکی لەم ڕوٚژە خوٚشترم بیر نایەت! ئیدی لە خوٚشیا لە پێستی خوٚم نەدەهێوریم، بە ناو زیندانی ئەلکسیڤسکیدا، دەهاتم و دەچووم و گوٚرانیم دەگوت، بە دەنگی بەرز دەستریم، چەند دڵم بەو ژیانە خوٚشبوو،کە لە نوێ پێم بەخشرابوو. ئەوسا ڕێگای براکەمیان دا پێش ئەوەی جیا ببینەوە سەردانم بکات و خواحافیزیم لێبکات، ئەوسا پێش ئاهەنگ و جەژنی نوئیل ڕەهەنەی تاراوگەیان کردم، ئێستاش ئەو

نامەیەم هەڵگرتووە، کە لە ڕۆژی خوێندنەوەی حوکمەکەدا بۆ براکەم ناردبوو ( میخائیل میخائیلوفیچ دوستویفسکی ١٨٢٠- ١٨٦٤ براگەورەی فیودورمیخائیلوفیچ دوستویفسکی بوو، پاچڤەوان و نووسەر وشانۆنامەنووس بوو، هەردوو گۆڤاری زەمەن و سەردەمی دەرکردووە) برازاکەم تازەکی بۆی ناردوومەتەوە +٤.

هەڵبەتە قسەکانی زۆر کاریان تێکردم، ئازام هاتە لەرزین،ئەوەی زۆر سەرسامی کردم  ئەوە بوو بەوپەڕی ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەوە باسی ژیانی خۆی بۆ من دەکرد، بۆ کچۆڵەیەک کە یەکەمجار بوو دەیبینی.

ئەو پیاوەی کە بە ڕواڵەت کەسێکی مەند و ڕەشبین بوو، ڕابردووی ژیانی خۆی بەو تول و تەفسیلییە بۆ من دەگێڕایەوە، بەو ڕاشکاوی و ڕاستگۆییە، ئەمە زۆری سەرسام کردم، پاشان کە بە ڕەوشی خانەوادەیی ئەوم زانی، هەنگێ سەرسامییەکەم ڕەوییەوە و هۆی ئەم هەموو متمانە و ڕاشکاویەیم بۆ دەرکەوت، فیودور میخائیلوفیچ لەم ماوەیەی ژیانیا زۆر تەنیا بوو، خەڵکی نەیار و بەغیل و حەسوود و خاوەن قەرز تەنگیان پێ هەڵچنی بوو +٥.

هەستی دەکرد پێویستی بە خەڵکانێکە لێیبگەن، هاوخەمی دەگەڵدا بکەن، خەڵکانێکی باش کە هاوسۆزی دەگەڵدا بکەن، هەڵبەتە زۆر دڵبەندی ئەو ڕاشکاویە بووم کە لە یەکەم ڕۆژەوە بەرانبەر بە من نواندی و شوێنەوارێکی جوانی لە هزر و بیرمدا بەجێهێشت.

ئیدی قسە قسەی ڕادەکێشا، لە بابەتێکەوە دەچووینە سەر بابەتێکی دیکە، هێشتا دەستمان بە کارکردن نەکردبوو، ئەمە جۆرە نیگەرانییەکی دەروونی لا چێکردم، کات درەنگ بوو، دەبوایە ڕێگایەکی دوور و درێژ ببڕم، ڕێگام دوور بوو، من بەڵێنم بە داکم دابوو، هەرکە لای دوستویفسکی وەدەرکەوتم یەکسەر بۆ ماڵ بگەڕێمەوە، هەستم بە ترس دەکرد، چونکە نیگەرانی من دەبوو، وام وێنا دەکرد نا بەجاییە ئەگەر بیری فیودور میخائیلۆفیچی بخەمەوە کە من بە چ مەبەستێک هاتووم، چەندم پێخۆش بوو کە بەخۆی بیری کەوتەوە و گوتی با دەست بەکارەکانمان بکەین. خۆم بۆ کار ئامادە کرد، فیودور میخائیلوفیچ زۆر بلەز بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، بە پانی ژوورەکەدا لە دەرگاوە بۆ لای سۆپاکە دەهات و دەچوو، هەرکە دەگەییە ئاستی سۆپاکە دوو پەلەپیتکەی لێدەدا، جگەرەشی دەکێشا، جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند،ئەم جگەرەیەتەواو نەدەکردجگەرەیەکی تازەی دادەگیرساند،

هەڵبەتە پاش ئەوەی جگەرەی یەکەمی لە تەپڵەکەکەی سووچێکی سەر مێزەکەدا دەکوژاندەوە.

دوای ئیملایەکی کەم، فیودور میخائیلۆفیچ داوای لێکردم ئەوەی نووسیومە بۆی بخوێنمەوە، کە هەوەڵین وشەکانم خوێندەوە ڕایگرتم و گوتی:

- چۆن لە رولیتنبورگ گەرایەوە؟ من باسی رولیتنبورگم کردووە٦+؟ ( پاشان سەرەتاکە چاک کرا و بەم جۆرەی لێهات: ئەنجام من لەم غیابە دوو هەفتەییە گەڕامەوە. سێ ڕۆژیمان لە رولیتنبورگ بەسەر برد. ئا. گ. دوستویڤسکایا )

_ بەڵێ فیودور میخائیلوفیچ، خۆت ئەم وشەیەت بۆ خوێندمەوە.

_ مەحاڵە.

_ ببورە لە ڕۆمانەکەتدا شارێک بەم ناوە هەیە؟

_ بەڵێ ڕووداوەکە لە شارێکی قوماردا ڕوودەدات کە ناوم ناوە رولیتنبورگ.

_ کەواتە مادامەکی ئەو وشەیە لە ڕۆمانەکەدا هەیە، مانای وایە خۆت بۆت خوێندوومەتەوە، ئەگینا چۆن لە خۆمەوە ئەو وشەیە دەنووسم؟

فیودور میخائیلوفیچ، لێرەدا شتەکەی بیرکەوتەوە و گوتی:

_ هەق بە تۆیە، ڕستەکەم لێتێکەڵ بووە.

زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەم بەدحاڵیبوونە زوو ڕەوییەوە، پێموایە فیودور میخائیلوفیچ، تەواو لە هزر و بیری خۆیدا نقووم بوو بوو، ئەم هەڵەیە ئەنجامی ماندوێتی بوو، کە یەک ڕۆژی تەواوی بە کارکردنەوە بردبووە سەر، خۆشی هەستی بەم شەکەتییەی خۆی کرد، بۆیە خێرا گوتی، ناتوانێ لەوەی پتر لە سەر ئیملاکردنەکە بەردەوام بێ، داوای لێکردم سبەی سەعات دوازدە نووسینەکەی بۆ بێنمەوە و بەڵێنم دایە کە باشە.

سەعات یازدە بوو، خۆم بۆ ڕۆیشتن ئامادەکرد، کە فیودور میخائیلوفیچ زانی من لە بیسکی دەژیم، گوتی قەت بۆ ئەو بەشەی شار نەچووە، تاقە جارێکیش نەیدیتووە و نازانێ کەوتووەتە کوێندەرێ، ئەگەر دووربێ ئامادەیە خزمەتکارەکەیم

دەگەڵدا بنێرێ تا بمگەیەنێتەوە، هەڵبەتە من ڕازی نەبووم، فیودور میخائیلوفیچ گەیاندمییە بەردەرگا و بە فیدوسیای گوت قالدرمەکەم بۆ ڕووناک بکاتەوە.

کاتێ گەییمەوە ماڵێ هەمووشتێکم بۆ دایکم گێڕایەوە، زۆر بەوە خۆشحاڵ بوو کە دوستویفسکی زۆر لەگەڵما باش بوو، زۆر ڕاستگۆ بوو، بەڵام بۆ ئەوەی کارێک نەکەم کە دایکم خەمبار بێت، ئەو خەمە قورسەم لێشاردەوە کە بە عەمراتم هەستم بە خەمی وا نەکردبوو و زۆر کاری لە دڵ و دەرنم کردبوو، زۆر دڵم بە دوستویفسکی دەسووتا، خەفەتم بۆ دەخوارد، سووم لێدەخوارد، بۆ یەکەم جار بوو لە ژیانمدا مرۆڤێکی زیرەک، ڕەوشت بەرز و سەنگینم دەبینی کە لەهەمان کاتدا زۆر کلۆڵ و بێنەوا بوو، کەسی بەدەورەوە نەبوو، زۆر تەنیا بوو، ئیدی هاوسۆزی و هاوخەمییەکی قووڵم سەبارەت بەو پیاوە لا دروست بوو.

زۆر شەکەت بووم، بە هەشتاو چوومە ناو جێگاو گوتم بەیانی زوو لە خەوم هەستێنن، تا فریا بکەوم هەموو ئەوەی کە دوینێ بۆ خوێندرابووەوە بخەمە سەر ڕێنووسی ئاسایی و لەکاتی دیاریکراودا ڕادەستی دوستویفسکی بکەمەوە.

"٤"

بەیانی زوو لە خەو رابووم یەکسەر دەستم بە کار کرد، ئەوەی ئیختیزالم کردبووتا رادەیەک کەم بوو، بەڵام دەمویست بە ڕوونی وجوانی بە ڕێنووسی ئاسایی ینووسمەوە، ئەمە کاتێکی زۆری لێگرتم، هەرچەندە دوای تەواو کردنی ڕێنووسەکە، بە هەشتاو بۆی دەرچووم، بەڵام وێڕای ئەوەش نیو دانە سەعاتی تەواو لە کاتی دیاریکراو دواکەوتم.

فیودور میخائیلوفیچ، زۆر نیگەران و پەشێو بوو، دوای خێرهانین گوتی:

وام وێنا دەکرد کارکردن دەگەڵ مندا بۆ تۆ سەخت بێ و جارێکی دی هەرگیز بەلاما نایەیتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەدرەسەکەتم لای خۆم نەنووسی بوو، بۆیە ترسام ئەوەی دوێنێ پێم ئیملا کردبووی بفەوتێ.

بە داوای بوردنەوە گەتم:

_ خەجاڵەتم کە دواکەوتم، بەڵام دڵنیابە ئەگەر کارەکەم بەدڵ نەبوایە بە ڕاشکای پێم دەگوتیت و نووسینەکەشم بۆ دێنایتەوە.

لێرەدا فیودور میخائیلوفیچ، کەوتە باسی مەسەلەکە و گوتی:

_ ئەوەی نیگەرانی کردووم ئەوەیە کە بە زووترین کات لە نووسینی ئەم ڕۆمانە تازەیە ببمەوە، تەنیا ئەوەندەی دەربارە دەزانم کە دەبێ لە حەوت مەلزەمە کەمتر نەبێت و زوو بە زوو رادەستی وەشانخانەکەی ستیلوڤسکی ( ستیلوڤسکی، فیودور تیموڤیڤیچ(؟- ١٨٧٥ ) وەشانکار و کتێبفرۆشێکی خەڵکی پتوسبورگ بوو) بکرێت.

بە مردنی میائیلی برا گەورەی، فیودور میخائیلوفیچ دانەوەی هەموو قەرزەکانی گۆڤاری٠ "زەمەن"+ ٧ ی کە براکەی دەری دەکرد، گرتە ئەستۆی خۆی، قەرزەکان لە شێوەی کۆمپیالەدا بوون، خودان قەرز کون بە کون بە شوێن دوستویفسکییەوە بوون، هەڕەشەی دەست بەسەرا گرتنی موڵک وماڵەکەیان لێدەکرد، هەرەشەی ئەوەیان لێدەکرد کە لە بەشی قەرزان، بە حەپسکردنی بدەن، لەو سەروبەندەدا شتی وا دەکرا.

بڕی قەرزە بەپەلەکان گەییە سێ هەزار ڕۆبڵ، دوستویفسکی لێرە و لەوێ کەوتە گەڕان بە دووی پارەدا، بێئەوەی ئاکامێکی باش بەدەست بێنێ، لەو دەمەدا کە هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەی قەناعەت بە خودان قەرزەکان بکرێت کە چاوەڕوانی بکەن، شکستی هێنا وفیودورمیخائیلوفیچ تووشی نائومێدی بوو، لەناکاوا ستیلوفسکی پەیدا بوو، پێشنیازی ئەوەی بۆ دوستویفسکی کرد کە مافی بڵاوکردنەوەی کۆبەهەمەکانی بە سێ بەرگ، بە سێ هەزار ڕۆبڵ لێبکڕێت، جا هەر بە هەمان مامەڵە وسەودا، دەبوایە فیودور میخائیلوفیچ ڕۆمانێکی تازەش بنووسێت و بە زووترین کات ڕادەستی بکات.

فیودورمیخائیلوفیچ تیامابوو کە چی بکات، ئەنجام هەر بۆ ئەوەی نەکەوێتە زندانەوە، هەموو مەرجەکانی گرێبەستەکەی قبووڵ کرد، گرێبەستەکە لە هاوینی ساڵی ١٨٦٥ دا ئیمزا کرا، ستیلوفسکی پارەکەی کاش دایە دوستویفسکی، کە ئەویش بۆ ڕۆژی دوایی ڕاستەوخۆ دایەوە بە خاوەن قەرزەکان، بەو شێوەیە فیودور میخائیلۆفیچ، بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە.. ئەوەی لە دڵی دوستویفسکیدا گران بوو، ئەوە بوو کە ئەم پارانە جارێکی دی گەڕانەوە بۆ گیرفانی ستیلوڤسکی، دەرکەوت

هەموو کومپیالـەکانـی فیودور میخائیلوفیچی بە نرخێکی هەرزان کڕیبووەوە، پارەی بە دوو کەس دابوو کۆمپیالـەکانیان بۆ کڕی بووەوەو پاشان پارەکانـی لـێ سەندبوونـەوە، ستیلوڤسکی فێڵبازانـە ئـەدیب و سارڤانـەکانـی دەچەوساندەوە( بیسیمسکی، کریستوڤسکی، گلینگا+٨) ئیدی ئـەمە چاوی دەگێڕا، هەر کەسێک لێی قەوماڤا خێرا دەیخستە داوەوە، وەکو دەڵێن لـە کەرێک دەگەڕا بتۆپێ و ناڵی بکێشێتەوە، دیارە بڕی سێ هەزار ڕۆبڵ لـە هەنبەر مافی بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانـی دوستویفسکیدا، کە سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنابوو، بڕە پارەیەکی زۆر کەم و تووڕەهات بوو، لێ مەرجە هەرە قورسەکەی ئـەم گرێبەستە ئـەوە بوو کە بەر لـە١/١١/ ١٨٦٦ ڕۆمانـە تازەکەی ڕادەست بکات، بەو حیسابە دەبوایە فیودورمیخائیلوفیچ ئـەگەر ڕۆمانـەکە لـەکاتی دیاریکراودا ڕادەست نـەکات، جەریمەیەکی قورس بدات و ئـەگەر تا یەکی دیسامبەری هەمان ساڵ فریای نـەخات، ئـەوا هیچ مافێکی بەسەر بەرهەمەکانییەوە نامێنـێ و بۆ هەتا هەتایە دەبن بە موڵکی ستیلوڤسکی. هەڵبەتە ئـەم تەماعکارە دڕندەیە خوا خوای ئـەوەی بوو کە نووسەر نـەتوانـێ بەڵێنـەکەی بباتە سەر.

لـە ساڵی ١٨٦٦ دا دوستویفسکی سەرقاڵی کارکردن بوو لـەسەر ڕۆمانـی ( تاوان و سازا) سووربوو لـەسەر ئـەوەی بە جوانترین شێوەی هونـەری تەواوی بکات، ئیدی ئـەم پیاوە نـەخۆشە لـە کوێ دەیتوانـی بەو هەموو سەرقاڵییەی خۆیەوە، ڕۆمانێکی تازەی چەند مەلزەمەیی بنووسێت؟

فیودۆرمیخائیلوفیچ پاش ئـەوەی لـە پایزا لـە موسکۆ گەڕایەوە، تووشی نائومێدییەکی زۆر بوو، چونکە هەر بیری دەکردەوە، نـەیدەتوانـی لـە زەرفی دوو هەیڤ و نیودا ئـەو پەیمانـە بەرێتە سەر کە دەگەڵ ستیلوڤسکیدا بەستبووی، ئیدی دۆست و برادەرانـی فیودورمیخائیلۆفیچ لـەوانـە ( ئا. ن. مایکوف، ئا. ب. میلیوکوف، ئی. گ. دولوگوموستیڤ+٩ و هی دیکەش پێشنیازیان بۆ کرد کە نـەخشەیەک بۆ ڕۆمانـەکەی بکێشێت و هەر یەکێک لـەمانـە نووسینی بەشێک لـە ڕۆمانـەکە بگرنـە ئـەستۆ، ئـەگەر سیانیان یا هەر چواریان پێکەوە کاربکەن لـەگینـە کارەکە لـەکاتی دیاریکراودا تەواو بکەن. ئیدی ف. میخائیلوفیچ تەنیا ئـەوەندەی لـەسەر دەمێنـێ بەشەکانـی ڕۆمانـەکە لێکبدات و پێداچوونـەوەیەکی بۆ بکات و تەتەڵە و گێژە و بێژەیەکی بکات و بژاری بکات و دایبڕێژێتەوە، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ ئـەم

پێشنیازەی ڕەدکردەوە،حەزیدەکرد تاوان و جەریمەکە بدات، یا مافە ئەدەبییەکانی لەدەست بدات نەک ناوی بخاتە سەر کتێبێک کە هی ئەو نییە ( ئا. ب. میلیوکوف، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە ڕۆژنامەی مژدەبەری مێژوویی دا بلاّوی١٠+ کردووتەوە، باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە، ئا. گ دوستویڤسکایا)

دوای ئەوە برادەرەکانی ئامۆژگارییان کرد، کە پەنا وەبەر ئیختیزالچییەک بەرێت ئەوەبوو ئا. ب میلیوکوف، ب. م. ئولخینی ناسیاوی خۆی بیرکەوتەوە ، ئەم پیاوە مامۆستای ئیختیزال بوو، میلیوکوف دەچێت بۆ لای داوای لێدەکات فیودور میخائیلوفیچ بدینێ، هەرچەندە بە گومان بوو ئەم شێوازی کارکردنە دەگەڵ دوستیفسکیدا سەربگرێت، ئیدی لەبەر کەمی ماوەکە بڕیاردەدات پەنا وەبەر ئیختیزالچییەک ببات.

هەرچەندە ئەو دەمانە تێکەڵاوییەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆم لەگەڵ خەڵکیدا نەبوو و ئەزموونم دەگەڵ خەڵکیدا کەم بوو، بەڵام زۆر لە ڕەفتاری ستیلوڤسکی پەست بووم، چاپان داینێ، فیودور میخائیلوفیچ کەوتە ئیملاپێکردنم، دیاربوو کە کارەکەی بەلاوە قورس بوو، لە گەڵی ڕانەهاتبوو، زوو زوو دەوەستا، لە فکران ڕا دەچوو، ئەوجا داوای لێدەکردم ئەوەی پێی نووسیبووم بۆ بخوێنمەوە، دوای یەک سەعات کارکردن، گوتی ماندووە حەز دەکات کەمێک پشوو بدات.

وەکو دوێنێ کەوتینە قسان، فیودورمیخائیلوفیچ نیگەران وپەشێو بوو، لە بابەتێکەوە دەچووە سەر بابەتێکی دیکە، دیسان لە ناوی پرسیم و دوای دەقیقەیەک لەبیری چووەوە، یەک دووجار خولّکی جگەرەی کردم، هەرچەندە پێمگوتبوو کە جگەرە ناکێشم.

پرسیاری ئەدیبەکانی خۆمانم لێکرد، بوژایەوە، کەوتە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم، پێدەچوو لەو بیر وخەیالاّتانە دوور کەوتبێتەوە کە باڵیان بەسەر مێشک و خەیاڵیدا کێشا بوو، بە کاوەخۆ و بە زمانێکی خۆش کەوتە کەوتە قسان، فەرموون لەگەڵ هەندێک لەو وەلامانەی کە لەم گفتوگۆیەدا لەبیرم ماون.

دوستویفسکی، نیکراسوفی، بە هاوڕیی منالّی خۆی دەزانی و زۆری ڕێز لە بەهرە شیعرییەکەی دەگرت، هەروەها مایکۆفی زۆر خۆشدەویست نەک هەر لەبەر ئەوەی شاعیرێکی زۆر بەهرەمەند بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەش زۆر زیرەک بوو، ئیڤان

تۆرگینیفی بە نووسەرێکی نمرە یەک دەزانی، بەلآم سووی لەوە دەخوارد کە تورگینیف ئەوەندە لە هەندەران ماوەتەوە و لە دەرێی ڕووسیا ژیاوە، وای لێهاتووە وەکو پێویست لە تەبع و تەبیعەتی ڕووسیا و ڕووسیان تێناگات ١١+.

دوای پشوویەکی کورت هاتینەوە سەر کارەکەمان و دوستویفسکی تووشی هەمان نیگەرانی و پەشێوی بووەوە، دیاربوو کارەکەی زۆر بە دڵ نەبوو، من لای خۆمەوە بۆ ئەوەم دەگەڕاندەوە، بەوە رانەهاتووە، کارەکەی بۆ کەسێک بخوینێتەوە کە هێشتا وەکو پێویست نایناسێت.

دەوروبەری سەعات چوار لێبڕام بڕۆم، هەڵبەتە بەڵێنم دایە کە سبەینێ سەعات دوازدە دێمەوە و ئەوەی ئیختیزالم کردووە بە پاکنووسی بۆ دێنمەوە، لەکاتی ڕۆیشتندا فیودورمیخائیلوفیچ بەستەیەک کاغەزی پۆستەی ئەستووری دامێ، خەتەکانی بە ئاستەم دەبینران، ئەمە ئەو جۆرە کاغەزە بوو کە فیودور میاخئیلوفیچ لە نووسیندا بەکاری دێنا، ئەو شوێنانەی بۆ دیاریکردم کە پەراوێزەکانی تیا بنووسم.

"٥"

کارەکەمان بەم جۆرە دەستی پێکرد و بەردەوام بوو، ڕۆژانە لەدەوروبەری سەعات دوازدەدا دەچووم بۆ لای دوستویفسکی و تا سەعات چوار کارم دەکرد، لە زەرفی ئەم ماوەدا سێ چەلان ئیملای پێدەکردم، هەر چەلێکیان قیچەک لە نیوسەعاتی پتر دەخایاند، لە نێوان هەر چەلێک و چەلێکی دیدا چامان دەخواردەوە و قسانمان دەکرد. بە خۆشحالییەو دەمبینی فیودور میخائیلوفیچ لەسەر ئەم شێوازە تازەیەی کارکەدنە رادێت، ڕۆژ بە ڕۆژ هێدیتر دەبوو، بەتایبەتی کە وام لێهات دەمتوانی بزانم ئەو لاپەڕانەی کە ڕۆژانە دەمنووسین، دەکاتە چەند لاپەڕەی چاپکراو لەلای ستیلوڤسکی، ئەو لاپەرانەی کە رۆژانە دەمانووسین، بە دڵی فیودور میخائیلوفیچ بوون و زۆری دڵ پێیان خۆشبوو، زۆر جار لێی دەپرسیم دوێنێ چەند لاپەڕەمان نووسی؟ ژمارەی تیکڕای ئەو لاپەرانەی نووسیومانن چەندە؟ تۆ چ دەڵێی؟ لەوەختی دیاریکراودا لێدەبینەوە؟

بەدەم قسەکردنی دۆستانەوە دەگەڵ مندا، فیودور میخائیلوفیچ هەر جارەی وینە و دیمەنێکی خەمناکی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە، بەدەست خۆم نەبوو کە باسی هەلومەرجی دژواری ژیانی خۆی بۆ دەگێرامەوە دڵم پڕ دەبوو لە ژان.

لە هەوەڵەوە پێم سەیربوو کە هیچ کەسێکی خانەوادەکەیم نەدەبینی، نەمدەزانی خانەوادەکەی چەند کەسن و ئێستا لە کوێن، من تەنیا یەک کەسم لە خانەوادەکەی بینی، پێموایە لە ڕۆژی چوارەمی هاتوچۆیەکەمدا بوو، کاتێ لە کار بوومەوە و لە ماڵەکە وەدەرکەوتم کوڕێکم بینی لە هەوەڵی تەمەندا بوو، هەمان کوڕ بوو کە لە یەکەم ڕۆژی چوونەکەم بۆ لای دوستویفسکی، لە هۆڵی شوقەکەدا دیتبووم، کاتێ لێی ورد بوومەوە و باش دیقەتم دا سەیرم کرد دوورکوژی نزیک خەسار بوو، ئەوەندەی لە دوورەوە قۆز بوو، لە نزیکەوە وا نەبوو، کوڕێکی ئەسمەر ڕەنگی ڕوخسار زەرد بوو، چاوەکانی ڕەش، سپێنەی چاوەکانی ئامال زەرد بوون، دادانەکانی لە دووکەڵی جگەرەدا زەردهەڵگەڕابوون، بە کەش و فشێکەوە لێی پرسیم:

_ نامناسیت؟ من لەلای باوکە تۆم دیت خەریکی کار بوویت، نەمویست کارەکەت لێ تێکبدەم، حەزدەکەم بزانم ئەم ئیختیزالە چییە؟ بەتایبەتی بەتەمام چەند ڕۆژێکی دی بچمە دەورەی ئیختیزالەوە و خۆم فێربکەم.

بە گۆساخی جانتاکەی لەدەست سەندم و لەو سەر جادەیە کەوتە تەماشاکردنی ئەو نووسینانەی کە تیایدا بوو، ئەم گۆساخی و ڕووداربییەم لەبەر گران بوو، هێندە پەست بووم نەمتوانی ناڕەزاییش دەربڕم.

_ شتێکی سەیرە، بەبێ موبالاتییەوە دەستی هێنا و جانتاکەی بۆ گێڕامەوە، لە دڵی خۆدا گوتم: " تۆ بڵێی مرۆڤێکی میهرەبان، ڕەوشت بەرزی وەکو فیودور میخائیلوفیچ، کوڕێکی وەک ئەمە بێ ئەدەبی هەبێت".

ڕۆژ بە ڕۆژ دوستویفسکی پتر بە میهر و سۆزەوە مامەڵەی دەگەڵمدا دەکرد، زۆرجار پێی دەگوتم " کۆترە کێویلە" ( خۆشترین نازناو بوو بەلایەوە) " ئاناگریگوریڤنای میهرەبان" ، " ئازیزەکەم" بەڵام من ئەو وشانەم بۆ ئەوە دەگێڕایەوە، کە بەو حیسابەی کچۆڵەیەکی تازە تەمەنم، دەیەوێ مجامەلەم بکات، ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم، ئەوە بوو کە یارمەتیم دەدا، دەمبینی کە پێمدەگوت ئیشەکەمان باش دەڕوات

و دەتوانێت لە کاتی دیاریکراودا، ڕۆمانەکە تەواو بکات، زۆر دڵی خۆش دەبوو و ورەی بەرز دەبووەوە، لە دڵی خۆدا زۆر شانازیم بەوەوە دەکرد کە نەک هەر یارمەتی نووسەرە دڵخوازەکەی خۆم دەدەم ،بەڵکو بە شێوەیەکی ئەرێنی کار لە مجێزیشی دەکەم، هەر هەموو ئەمانە کردبوویانە کارێک کە لە دڵەوە شاییم بەخۆبێت.

چیتر لەم " نووسەرە بناڤ و دەنگە" نەدەترسام، بەوپەڕی ئازادی و بەکەماڵی ڕستگۆیی وەکو ئەوەی دەگەڵ یەکێک لە مامەکانم، یا دۆستێکی کۆندا قسە بکەم، بەو ئاوایە دەگەڵیدا داخاوتم، پرسیاری گەلێ لەو ڕووداوە جیاوازانەم لێدەکرد کە لە ژیاندا هاتبوونە ڕێی، بە کەماڵی ئیسراحەت وەڵامی دەدامەوە، بە دوور و درێژی باسی ئەو هەشت مانگەی بۆ کردم کە بە حەپسی لە قەلای پتروباڤلوسک ( قەڵای بتروباڤلوسک: کەوتووەتە بترسبورگەوە، لە دوورگەی زایاچییە، پتروسی یەکەم لە ساڵی ١٧٠٣دا دروستی کردووە، بریتییە لە شەش قەڵا، پاشان کلێسای پتروپاڤلوڤسکی، (پتروس و پۆڵس)، بۆ زیادکرا، پاشان گۆڕستانێکی تایبەت بە قەڕاڵانی ڕووسی بۆ زیادکرا، قەڵای تروبیتسکوی و باخێک و حەپسخانەیەکی بە زەبت و رەبتی بۆ سیاسیان بۆ زیادکرا، بە نێوبانگترین سەرانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی مێژووی ڕووسیا لەوێندەر زندانی کراون) بەسەری بردبوو و چۆن بە لێدانی دیوارەکان قسەی دەگەڵ زیندانییەکانی دیکەدا کردبوو،+١٢، باسی ژیانی تاراوگەی خۆی بۆ کردم، باسی ئەو تاوانبارانەی بۆ کردم کە سزای زندانی دەگەڵدا بەسەر بردبوون، باسی ئەو ڕۆژانەی بۆ کردم کە لە هەندەران بەسەری بردبوو، باسی سەفەر و دیدارەکانی، باسی خزمە ئازیزەکانی موسکۆی بۆ کردم کە زۆری خۆش ویستبوون +١٣ ، بە هەر شێوەیەک بوو تێی گەیاندم کە ژنی هەبووە، ژنەکەی سێ ساڵ بوو مردبوو، ئەوجا وێنەی ژنەکەی+١٤ نیشاندام، وێنەکەیم لا جوان نەبوو، فیودورمیخائیلوفیچ گوتی ئەمە وێنەی هەڕەتی نەخۆشی و زەبوونی ژنەکەیەتی، ساڵێک پێش مردنەکەی گیراوە، دەموچاوی ژنەی تاین زۆر ترسناک بوو، لە دەموچاوی مردوو دەچوو، لەوەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو کوڕە گۆساخەی خۆشیم بەچارەیدا نەچووبوو، کوڕی فیودور میخائیلۆفیچ نییە، بەڵکو کۆڵەبەسیەتی ( منداڵی ژن لە مێردێکی تر) کوڕی ژنەکەیەتی لە مێردی یەکەمی، ئەلکسندر ئیڤانوفیچ ئیسایف، ئەوەم زۆر پێخۆش بوو، زۆرجار دوستویفسکی گلەیی لە قەرزداری و نەبوونی و ڕەوشی دژواری دارایی خۆی دەکرد، پاشان بە چاوی خۆم

ئەو نەبوونی و نەدارییە دژوارەم بینی کە بەردەوام پێوەی دەتلایەوە ( ڕۆژێک کە بۆ کار چووبووم، سەیرم کرد یەکێک لە جووتە ئینجانە چینییەکان، کە فیودور میخائیلوفیچ بە دیاری لە دۆستە سیبرییەکانی خۆی وەرگرتبوو، نەمابوو لێم پرسی " ماقوولە، یەکێک گوڵدانەکەی شکاندبێ؟" فیودور میخائیلوفیچ بەرسڤی دایەوە " نەخێر کەس نەیشکاندووە، بردویانە و خستویانەتە بارمتەوە، پێویستم بە بیست و پێنج ڕۆبڵ هەبوو، ناچار بووم بیخەمە ڕەهنەوە" جارێکی دی پاش ئەوەی لە کاری ئیختیزال بوومەوە کە بە ژووری نانخواردندا تێپەڕیم، دیتم کەوچکێکی دار لەسەر خوانەکە دانرابوو، کە فیودور میخائیلوفیچ بەرەو دەرگا بەڕێی دەکردم، بە زەردەخەنەیەکەوە پێمگوت:" دەزانم ئەمڕۆ شۆربای گەنمەکوتراو دەخۆیت: "گوتی " چۆنت زانی؟" گوتم : " کەوچکێکی دارم لەسەر خوانەکە بینی، دەڵێن خواردنی شۆربای گەنمە کوتراو بە کەوچکی دار خۆشترە" گوتی:" مەزەنەکەت ڕاست دەرنەچوو، پێویستیمان بە پارە بوو، کەوچکە زیوەکانم نارد بۆ ڕەهن، دەرکەوت پارەیەکی کەم لەبری هەر کەوچکێک دەدەن، بۆیە هەموو تاقمەکەم دانێ" ف. میخائیلوفیچ هەمیشە بە شێنەیی مامەڵەی دەگەڵ نەداری وتەنگانە داراییەکانی خۆیدا دەکرد، ئا. گ. دوستویڤسکایا )

هەڵبەتە هەموو بەسەرهات و سەربهوردەکانی فیودور میخائیلوفیچ خەمناک و خەمامێز بوون، جارێکیان خۆم پێنەگیرا ولێم پرسی: _ فیودور میخائیلوفیچ تۆ بۆچی تەنیا واریقاتە خەمناکەکان دەگێڕێتەوە؟حەزدەکەم باسی کاتە خۆشەکانتم بۆ بگێڕیتەوە.

_ خۆش؟ قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان تامی خۆشیم نەکردووە، هەرگیز هەستم بەو شادییە نەکردووە کە خەونم پێوە دیتووە و تا ئێستاش هەر چاوەڕوانی دەکەم، چەند ڕۆژێک لەمەوپێش نامەیەکم بۆ " بارون ڤرانگیل" ی دوستم نووسی ( ڤرانگیل، ئەلکسندر یگوروڤیچ (١٨٣٨- ؟) : پارێزەر، دپلومات و کەوناراناس، دۆستی دۆستویفسکی بوو، دانەری کتێبی بیرەوەرییەکانم دەربارەی دوستویفسکی لە سیبریا ١٨٤٥- ١٨٥٦، سان بترسبورگ، ١٩١٢) لەو نامەیەدا بۆم نووسیوە سەرباری هەموو ئەو خەمانەی بەرۆکیان گرتووم هێشتاش هەر خەون بە ژیانێکی تازەی خۆشەوە دەبینم ( ئەو نامەیەی بۆ ئا. ی. ڤرانیگل نێردراوە، لە لاپەرەی ٢٨٨ ژیننامەدا بڵاوکراوەتەوە، ئا. گ دوستویڤسکایا ١٥+) چەندم ئەو قسەیە لە دڵ گران

بوو! زۆرم پێ سەیر بوو پیاوێکی بەهرەمەندی باش، کە لە تەمەندا بوو، تا ئێستا بە شادمانی دڵخوازی خۆی نەگەیی بوو و هێشتا هەر خەوی بە شادییەوە دەبینی.

جارێکیان فیودور میخائیلوفیچ، بە دوور ودرێژی بۆی گێڕامەوە کە چۆن خوازگاری ئانا ڤاسیلیڤنا کورڤین- کروکو ڤسکایای ( ئانا ڤاسیلیڤنا کورڤین- کروکوڤسکایا ١٨٤٣- ١٨٨٧ : نووسەر بوو، کارە چیرۆکڤانییەکانی بۆ گۆڤاری سەردەم دەنارد و دوستویفسکی لەو ڕێگایەوە ناسی بووی) کردبوو و چەند بەڕەزامەندی ئەم کیژە زیرەک و بەهرەمەندە میهربانە دڵشاد بوو بوو، پاشان چەند بەوە ناڕەحەت بوو بوو، کە بە ناچاری وازیان لێکدی هێنابوو، چونکە لەباری فکرییەوە نە دەسازان ١٦+.

جارێکیان فیودور میخائیلوفیچ، کە لە بارێکی دەروونی زۆر خراپدا دەژیا پێی گوتم بەتەمایە لە سێ ڕێگادا یەکێکیان هەڵبژێرێت، یا بڕوات بۆ قەستەنتەنیە و قودس و بەیەکجاری لەوێندەر نیشتەجێ ببێت، یا بڕوات بۆ هەندەران و لەوێ خۆی لە دنیای قوماردا کە ئالوودەی بوو بوو غەرق بکات، یان بۆ جاری دووەم ژن بێنێتەوەو بەڵکو لە باوەشی خانەوادە وخێزاندا شادی وەدەست بێنێ و بحەسێتەوە، ئیدی بیرکردنەوە لەم بژاردانە، کە دەبوایە ژیانی ناکامی تەواو ئاوەژوو بکاتەوە، بوو بوو بە خەم و خولیای لە پەستاو بێ پسانەوەی فیودور میخائیلوفیچ، کە بینی من دڵسۆزانە گوێی بۆ دەگرم و خەمی دەخۆم داوای لێکردم، بۆچوونی خۆمی پێ بڵێم.

هەڵبەتە حەزدەکەم دان بەوەدا بنەم کە ئەم متمانە گەورەیەی کە بە منی بەخشی، کارەکەی زۆر لا قورس کردم، چونکە سەفەرەکەی بۆ ڕۆژهەڵات و پاشان ئارەزووی قومار وقوماربازی، دوو هەڵبژاردەی گۆنگ و خەیاڵی و ناواقیعی دەهاتنە بەرچاو، جا لەبەر ئەوەی لە نێو ئاشنا و خزم و کەسوکاری خۆمدا، هەندێ خانەوادەوو خێزانی بەختەوەرم شک دەبرد، بۆیە ئامۆژگاریم کرد کە ژن بهێنێتەوە و لە خانەوادەدا بۆ شادی بگەڕێت. ( هەندیک بەڵگە هەن ئەوە دەسەلمێنن کە تای تەرازووی هەڵبژاردنەکانی بەلای چوونە قودسدا قورس بوو، پاشان نامەیەکی بەرواری ١٨٦٣/٦/٣ لە نێو کاغەزەکانیدا دۆزرایەوە کە نامەی سەرۆکی ئەدیبانی ڕووسیای ئەوسابوو بۆ کونسوڵی ڕووسیا لە قەستەنتینە، کە ئاسانکاری بۆ سەفەرەکی دوستویفسکی بکەن)

لێرەدا دوستویفسکی هەڵیدایە و گوتی:

ـ پێتوایە بتوانم دووبارە ژن بێنمەوە؟ تۆ بڵێی ژنێک هەبێ بە من ڕازی بێت؟ چۆن ژنێک هەڵبژێرم باشە، یەکێکی بە ئاوەز و ئەقڵمەند، یا یەکێکی دڵپاک و دلۆڤان؟

ـ هەڵبەتە یەکێکی بە ئاوەز و ئەقڵمەند.

ـ نەخێر کە کار بگاتە هەڵبژاردن، من ژنێکی دلۆڤان هەڵدەبژێرم کە خۆشی بوێم و بەزەیی پێمدا بێتەوە.

بەدەم باسی ژن و ژنخوازییەوە لێی پرسیم بۆچی شووم نەکردووە؟ پێمگوت تا ئیستا دوو کەس خوازگارییان کردووم، هەردووکیان خەڵکی باشن و من ڕێز و حورمەتیان دەگرم، بەڵام هەست بە خۆشەویستی کەسیان ناکەم و من گەرەکمە بە خۆشەویستی شوو بکەم، خۆشەویستی مەرجی سەرەکییە.

فیودور میخائیلوفیچ زۆر بە گەرمی پشتیوانی لە بۆچوونەکەم کرد و گوتی:

ـ ڕێز و حورمەت بە تەنیا بۆ بەختەوەری ژن و مێرد بەس نییە.

"٦"

ڕۆژێک نیوەی مانگی ئوکتوبەر بوو، ئێمە بەدەم کارکردنەوە لەبەر دەرگای ژووری کارکردنەکە بووین، لە ناکاوا ئەبوللون مایکوف پەیدا بوو، پێشتر بە وێنە دیتبووم، بۆیە یەکسەر ناسیمەوە، بە سوعبەت و شۆخیانەوە بە فیودور میخائیلوفیچی گوت:

ـ تۆ تا ئێستاش هەر بە شێوازی کۆن دەژیت، دەرگای شوقەکە کراوەتەوە، خزمەتچیان لە هیچ کونێکەوە دیار نین، لەوە دەچێ ماڵەکەیان چۆڵ کردبێت.

دیاربوو فیودور میخائیلوفیچ، بە هاتنی مایکوف خۆشحاڵ بوو، بلەز بە یەکتری ناساندین، منی وەکو "یاریدەدەرە دڵسۆزەکەی خۆی" ناساند، ئەمە زۆر دڵی خۆشکردم، ئەبوللون نیکولایوفیچ، هەرکە گوێی لە ناوی فامیلم بوو، لێی پرسیم ئاخو خزمایەتیم دەگەڵ ( سنیتکین ) ی نووسەردا، کە تازەکی مردبوو، هەیە ( هەر جارێک کە تووشی یەکێک لەنووسەرەکان دەبووم، هەمان پرسیارم لێدەکرا ) مایکوف هەرزوو ویستی بڕوات تا وەختمان لێنەگرێت و کارەکەمان دوا نەکەوێت، من

پێشنیازم کرد پشوویەک بدەین، هەنگێ فیودور میخائیلوفیچ ئەوی برد بۆ ژوورێکی دیکە، نزیکەی بیست دەقیقەیەکیان بە قسانەوە بردە سەر، منیش لەو ماوەیەدا ئەوەی ئیختیزالم کردبوو، هێنامە سەر ڕێنووسی ئاسایی.

مایکوف هاتەوە بۆ ژووری کارکردنەکە، تا خواحافیزی لە من بکات، ئەوسا داوای لە ف. میخائیلوفیچ کرد، شتێکم پێ ئیملابکات، بە گوێی کرد، نیولاپەڕەیەکی ڕۆمانەکەی پێ ئیملاکردم، دوای ئەوە ڕاستەوخۆ و بەدەنگی بەرز نووسینەکەم خوێندەوە! مایکۆف بە سەرسامییەوە دەیڕوانییە دەقە ئیختیزال کراوەکە و گوتی:

_ هیچ شتێک لەمە حاڵی نابم!

ئەپوللون نیکولایوفیچ زۆر چووە دڵمەوە، پێشتر وەکو شاعیرێکم خۆشدەویست، بەڵام کە فیدور میخائیلوفیچ هەمیشە وەسپی دەکرد و بە مرۆڤی باش ناوی دەبرد هێندەی دی خۆشەویستی کرد لام.

دوستویفسکی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەگەڵ کارەکەدا ڕادەهات، وای لێهات بە زارەکی ئیملای پێ نەدەکردم، بەڵکو شەوان دەینووسی و پاشان بە ڕۆژەوە دەستنووسەکەی بۆ دەخوێندمەوە، زۆرجار شەوی چەندین لاپەڕەی دەنووسی، بۆیە من ناچار دەبووم دانیشم تا نیوەشەو ئیختیزالەکەم بێنمەوە سەر ڕێنووسی ئاسایی و ڕۆژی دوایی بە دەنگی دلێر ژمارەی ئەو لاپەڕانەی پێ بڵێم کە زیاد بوون! چەند خۆم بە بەختیار دەزانی، کاتێ بە فیودور میخائیلوفیچم دەگوت کارەکەمان بە باشی دەڕوات و لەکاتی دیاریکراودا تەواو دەبێت و ئەو بزەی شادی دەهاتێ و وەکو دەڵێن بسکەی سمێڵی دەهات.

هەردووکمان دەگەڵ قارەمانانی ڕۆمانە تازەکەدا دەژیاین، چ من و چ دوستویفسکی هەندێ لە قارەمانەکانمان خۆشدەویست و هەندێکمان دەبوغزاند، من بەزەییم بەو داپیرەیەدا دەهاتەوە کە هەموو دار و نەداری خۆی لەدەست دابوو، هەروەها " مسترئەستلی" شم خۆشدەویست بەڵام ڕقم لە بالینا و شاقارەمانی ڕۆمانەکە دەبووەوە کە کەسێکی بێدەسەڵات و دەست و پێ سپی و ئاشقە قومار بوو.

فیودور میخائیلوفیچ، زیاتر بەلای ئەم کابرا قومارچییەدا دایدەکێشا و بەڕاشکاوی دەیگوت کە بەخۆی گەلێک لە هەست و نەستەکانی ئەم شاقارەمانەی جەڕباندووە١٧+ دووپاتی دەکردەوە کە دەشێت مرۆڤ خاوەنی شەخسیەتێکی بەهێز

بێت و ئەمە لە ژیانیا بسەلمێنێ و لەهەمان کاتدا نەتوانێ حەزی قومار لە دڵ و دەروونی خۆیدا دابمرکێنێتەوە.

زۆرجار سەرم لە جورئەتی خۆم دەسوڕما کە ئازادانە ڕای خۆم لەمەڕ ڕۆمانەکە دەردەبڕی، بەڵام لەوە سەیرتر ئەوەبوو کە ئەم نووسەرە بەهرەمەندە خاکییانە گوێی لە بۆچوون و سەرنجە نیمچە منداڵانەکانم دەگرت، دوای سێ هەفتە لە کارکردنی هاوبەش کونجکاویی جارانم نەما، نەدەچووم بۆ محازەرەکانی ئیختیزال، هەڵبەتە بە ڕەزامەندی ئولخین بەدەگمەن بۆ سەردان و دیتنی خزمەکانم دەچووم، ئیدی هەموو خوویەکم دابووە کارکردن و ئەو گەنگەشە بەرزانەی کە لە کاتی پشووەکانی کاری ئیختیزالدا ڕوویان دەدا، ئیدی خۆ بە خۆ دەکەوتمە بەراوردی فیودور مئخائیلوفیچ لەگەڵ ئەو گەنجانەدا کە لەو ژینگەیەدا تووشیان دەبووم، قسەو باسەکانی ئەوان لەچاو قسە تازە ونۆڕینە ڕەسەنەکانی نووسەرە دڵخوازەکەمدا تووڕەهات و بۆش و بەتاڵ بوون.

ئیدی بیرە تازەکانی بەتەواوەتی کاریان تێکردبووم، کە لەلای ئەو دەرۆیشتمەوە بۆ ماڵ، لە ماڵەوە هەستم بەبێزاری دەکرد، بەپەرۆشەوە چاوەڕوانم دەکرد تا سبەینێ فیودور میخائیلوفیچ بدینم، تا کارەکە زیاتر پێشڤە دەچوو خەم دایدەگرتم، وام هەستدەکرد لەگەڵ تەواوبوونی کارەکەدا کە لەو نزیکانە تەواو دەبوو دۆستایەتیەکەمان دەبڕێت و تەواو دەبێت، مەگەر خوا بزانێ چەند دڵم خۆش بوو کاتێ فیودور میخائیلوفیچ وەکو ئەوەی دڵ و دەروونی منی خوێندبێتەوە و بزانێ بۆچی نیگەرانم و گوتی:

ئانا گریگۆریڤنا* (* دوای بوورینی یەک هەیڤ فیودور میخائیلوفیچ ناوەکەم فێر بوو، جاران هەر کاتێ ناومی بیرچوبایەوە لێمی دەپرسییەوە) دەزانی بیر لە چی دەکەمەوە؟ ئیدی قەدەر کۆی کردوینەتەوە و هەموو ڕۆژێ بە خۆشی و شادی یەکدی دەبینین، فێری ئەوە بووین بە جۆش و خرۆشەوە قسان پێکڤە بکەین، تۆ بڵێی ئەم هەموو دۆستایەتییە دەگەڵ تەواو بوونی ڕۆمانەکەدا تەواو ببێت؟ بەڕاستی حەیفە! باوەڕبکە غەریبیت دەکەم، پێم ناڵێی چۆن یەکدی بدینین؟ بەجۆرە نائومێدییەکەوە بەرسڤم دایەوە:

_ دەی فیودور میخائیلوفیچ، کێو بە کێو ناگا بەڵام چاو بە چاو دەگات.

_ بەڵام لە کوێ؟

_ چی زۆرە شوێن زۆرە، لە کۆڕ، لە شانۆ، لە ئاهەنگ و....

_ دەزانی من بە دەگمەن دەچمە کۆڕ و کۆمەڵان یان شانۆ، ئەمە جگە لەوەی سوودی ئەم دیدارانە چییە کە پیاو دەرفەتی نەبێ گرێی دڵی خۆی بکاتەوە و ئەوەی لە دڵیدایە دەریبڕێت، بۆچی دەعوەتم ناکەی بۆماڵی خۆتان؟

_ فەرموو خوا دەکا تۆ بە ئێمە ڕازی دەبیت، بەڵام دەترسم من و دایکم نەکارین هەڤسوحبەتی باش و خۆش بین.

_ دەتوانم کەنگێ بێم؟

_ با لە کارەکەمان بینەوە هەنگێ ڕێدەکەوین، کاری سەرەکی ئێستای ئێمە ئەوەیە لە کاری نووسینەوەی ڕۆمانەکە ببینەوە.

ڕۆژی یەکی نۆڤەمبەر، کە وەختی ڕادەستکردنی ڕۆمانەکە بوو بە ستیلوڤسکی، نزیک دەبووەوە، لێرەدا ترسی ئەوە پەیدا بوو کە نەبا ئەم پیاوە، فەندەڵفێڵێکی بەدەستەوە بێ و بۆ ئەوەی جەریمە و غەرامەکە وەربگرێت، خۆی لە وەرگرتنی دەستنووسی ڕۆمانەکە بدزێتەوە، بەگوێرەی توانای خۆم فیودور دوستویفسکیم هێور کردەوە و بەڵێنم دایە ئەگەر ئەو گومانەی هاتە دی، من ڕێگەیەکی بۆ دەدۆزمەوە کە چی کات.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ داوام لە دایکم کرد کە بچێت بۆ لای یەکێک لە ناسیاوەکانی خۆمان لە بواری پارێزەرڤانیدا کاری دەکرد، پارێزەرەکە ئامۆژگاری کردین کە دەستنووسەکە ڕادەستی دەڵاڵی گرێبەستەکە یا بەشی پۆلیسی ئەو ناوچەیە بکەین کە ستیلوڤسکی لێی ئاکنج بوو، بە مەرجێ کە کەسایەتیەکی فەرمی ئیمزای بکات، هەڵبەتە فریمان کە قازییەکی جیهانی بوو ( برای هاوڕێیەکی قوتابخانەی دوستویفسکی بوو) وەختێ دوستویفسکی ڕاوێژی پێکردبوو، هەمان ئامۆژگاری کردبوو.

ڕۆژی بیست و نۆی ئۆکتۆبەر. دوارۆژی ئیملایەکەمان بوو. ڕۆمانی ( قومارچی) لە زەرفی بیست و شەش ڕۆژدا، لە چواری ئۆکتۆبەرەوە تا بیست و نۆی ئوکتۆبەر تەواو بوو، فیودور میخائیلوفیچ، لە حەوت مەلزەمەی گەورەی دوو ستوونیدا نووسیبووی، کە دەیکردە نزیکەی دە مەلزەمەی قەوارە ئاسایی، فیودور میخائیلوفیچ زۆر دڵی بەمە خۆشبوو، ئاگاداری کردمەوە دوای ئەوەی بەخێریێ دەستنووسەکە ڕادەست دەکات، بەو بۆنەیەوە دەعوەتێک بۆ هاوڕێکانی ( مایکوف و میلیوکوف و .. هتد) ساز دەکات و منیش پێشوەختە دەعوەتم.

_ پێشتر چویتە هیچ خوارنگەیەک؟

_ نا هەرگیز.

_ چاکە.کەواتە دەبێ بۆ ئەم دەعوەتەی من بێیت! دەمەوێ بەسەلامەتی یاریدەدەرە ئازیزەکەم بخۆمەوە! ئەگەر تۆ نەبای، نەمدەتوانی ڕۆمانەکە لە کاتی دیاریکراودا تەواو بکەم، کەواتە دێی؟

پێمگوت پرس بە دایکم دەکەم، لە دڵی خۆدا قەرارم دابوو کە نەچم، دەمزانی ئەگەر شەرم بەسەرما زاڵ بێت، ڕوخسارم زۆر خەمناک دەنوێنێ و دەترسم جەوەکە لە هەموان تێک بچێت.

ڕۆژی دوایی واتە سی ئوکتوبەر، دوای ئەوەی ئیختیزالەکەی دوێنێم هێنایە سەر ڕێنووسی ئاسایی بۆ (فیودور میخائیلۆفیچ) م هێنایەوە، زۆر بەگەرمی پێشوازی کرد، تەنانەت کاتێ وەژوورکەوتم دەموچاوی سوورهەڵگەڕا، پێکەوە کاغەزە نووسراوەکانمان خوێندەوە و ژمارد، زۆر خۆشحاڵ بووین کە ژمارەی لاپەڕەکان زۆر لەوە زیاتر دەرچوون کە پێشبینیمان دەکرد، فیودور میخائیلوفیچ پێی گوتم ئەمڕۆکە لە نوێ ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوەو دوا هەڵەچنی دەکات و سبەینێ بۆ ستیلوفسکی دەبات، لێرەدا پەنجا ڕوبڵەکەی دامێ، کە ئەو هەقدەستە بوو کە لە سەری ڕێکەوتبووین.

بە توندی دەستی گوشیم و بە گەرمی سوپاسی کردم کە یارمەتیم دابوو.

من دەمزانی کە ڕۆژی سی ئۆکتۆبەر ساڵیادی لەدایکبوونی فیودور میخائیلۆفیچە، بۆیە بڕیارمدا جلە فاسۆنە ڕەشە ئاساییەکەم داکەنم و جلێکی ئاوریشمی

وەنەوشەیی لەبەر بکەم. فیودور میخائیلوفیچ کە هەمیشە بە جلکی تازیە بارییەوە دیتبوومی زۆر دڵی بەوە خۆشبوو کە ئەو جلەم فڕێ دابوو، وەسپێکی زۆری جلەکەی کردم و گوتی بەڕاستی ڕەنگی وەنەوشەییم لێدیت و بەم جلە درێژەوە کەڵەگەتتر و باریکتر دەنوێنم.

زۆرم کەیف بە ستایشەکانی دەهات، لێ هاتنی بێوەژنەکەی برایەکەی فیودور میخائیلۆفیچ، واتە ئیمیلیا فیدوروڤنا، کە هاتبوو پیرۆزبایی لێبکات، ئەو لەزەتەی لێ تێکدام، فیودور میخائیلوفیچ، بە یەکتری ناساندین و بە براژنەکەی گوت کە بەهۆی یارمەتی منەوە توانیویەتی لە کاتی دیاریکراودا رۆمانەکەی تەواو بکات و لەو ئاریشەیە بخەلەسێت کە هەڕەشەی لێدەکرد، وێڕای ئەو قسانەش، ژنەی تاین زۆر بە وشکی و فرناخی مامەڵەی دەگەڵمدا کرد، کە ئەمەم زۆر پێ سەیرو لە دڵ گران بوو، هەڵبەتە فیودور میخائیلوفیچیش بەم ڕەفتار و هەڵوێستە وشکەی براژنەکەی ڕازی نەبوو،بۆیە دواتر بە میهر و سۆزێکی زیاترەوە مامەڵەی دەگەڵمدا دەکرد، دوای ئەوەی هەندێ کاغەزی نیشان دا، ئەبوللون نیکولایوفیچ مایکوف وەژوورکەوت، سڵاوی کرد، بەڵام وا دیار بوو منی نەناسییەوە، پاشان ڕووی کردە فیودورمیخائیلوفیچ و پرسی کاری ڕۆمانەکە چۆن دەڕوات، فیودور میخائیلفیچ وەڵامی نەدایەوە، وادیاربوو گوێی لە پرسیارەکەی نەبوو، چونکە دەگەڵ براژنەکەیدا بە قسەوە مژووڵ بوو، هەنگێ لێبڕام لەبری فیودور میخائیلوفیچ وەڵامی بدەمەوەو گوتم دوێنێ ڕۆمانەکە تەواو بوو، من ئێستا دوا فەسڵی ڕۆمانەکەم بە پاکنووسکراوی هێنایەوە، مایکوف بەلەز لە من نزیک بووەوە و دەستی بۆ هێنام، داوای بوردنی کرد کە هەوەڵجار نەیناسیمەوە، هۆی ئەمەی بۆ کورتبینی چاوەکانی گێڕابووەوە کە گوایە بە جلە رەشەکەمەوە کورتتر دیار بووم.

ئیدی کەوتە پرسیاری ڕۆمانەکە و پرسیاری ڕەئی منی دەربارەی ڕۆمانەکە کرد، بە خۆشییەوە کەوتمە باسی ئەم کارە تازەیەی کە زۆرم لەلا ئازیز بوو، پێمگوت کۆمەڵێکقارەمان و کارەکتەری جوان و زندووی تیایە وەک ( داپیرە، مستەر ئەستلی و جەنەراڵی ئاشق) نزیکەی بیست دەقیقەیەک قسانمان کرد، بە کەماڵی ئیسراحەت وبێ هیچ لە ڕووداماناێک دەگەڵ ئەم مرۆڤە ناسک و میهرەبانەدا قسەم کرد، ئیمیلیا فیروروڤنا، کە بینی مایکۆف بایەخم پێدەدا زۆری پێ سەیر بوو، بەڵام

وێڕای ئەوەش هەر زمان و هەڵوێستی خۆی نەگۆڕی و وادیاربوو خۆی لەوە بەگەورەتر دەزانی ڕوو بە .... ئیختیزالچی بدات.

مایکۆف بە پەلە ڕۆیی، منیش دوای ئەو ڕۆیشتم، حەزم نەدەکرد بەدیار کەش و فشی ئیملیافیدوروڤناوە بوەستم، فیودور میخائیلوفیچ زۆری هەوڵدا کە نەڕۆم قەرەبووی ئەو هەڵوێستە نالەبارەی براژنەکەی بکاتەوە، گەیاندمییە بەردەرگا و دەعوەتەکەی بیر خستمەوە و دڵنیام کردەوە کە لە سەر بەڵێنی خۆمم.

_ کەنگێ دەتوانم بێم؟ سبەینێ؟

_ نەخێر سبەینێ لە ماڵ نابم، دەعوەتی دەستەخوشکێکی دواناوەندی خۆمم.

_ دوو سبەی؟

_ دوو سبەی محازەرەیەکی ئیختیزالم هەیە.

_ کەواتە دووی نۆڤەمبەر؟

_ ڕۆژی چوار شەممە ڕەنگە بۆ شانۆ بڕۆم.

_ خودایا! هەموو ڕۆژەکان مژووڵی! دەزانی ئاناگریگوریڤنا، وا هەست دەکەم بە ئانقەست وا دەکەی، وا دیارە حەز ناکەی سەرتان بدەم، ڕاستیم پێ بڵێ!

_ نا هەرگیز شتی وا نییە، بە پێچەوانەوە بە هاتنت خۆشحاڵ دەبین، ڕۆژی سێی نۆڤەمبەر ئێوارەی پێنج شەممە، سەعات حەوت وەرە.

_ پێنج شەممە؟ زۆر دوورە، زۆرت غەریبی دەکەم!

هەڵبەتە ئەم قسانەم بە هەند وەرنەگرت.

"٨"

بەو جۆرە ڕۆژانی خۆشی زوو بەسەرچوون، ڕۆژانی ناخۆشی هاتنە بەرەوە، بەدرێژایی ئەم مانگە بەوە ڕاهاتبووم بە پەلە و بە خۆشییەوە بڕۆم بۆ کارکردن، بە دیداری فیودور میخائیلوفیچ دڵخۆش بووم، کە دەگەڵیا دەکەوتمە قسان هەستم

بە جۆرە حەماسێکی خۆشدەکرد، وام لێهات ئەم دیدار وگفتوگۆیەم بە پێویستییەکی پێویست بۆ خۆم دەزانی، هەموو خەم و خولیا ئاساییەکانی جارانم کاڵ بوونەوە، هیچ بایەخێکیان لەلام نەما، تەنانەت سەردانە چاەڕوانکراوەکەی فیودور میخائیلوفیچیش دڵخۆشی نەدەکردم، بەڵکو نیگەرانی دەکردم، چونکە دەمزانی نە من و نە دایکە باشەکەم ناتوانین خانەخوێ و هاونشینی ئەم مرۆڤە زیرەک و بەهرەمەندە بین، خۆ ئەگەر قسەکانی نێوان من و فیودور میخائیلوفیچ قسەی خۆش بووبن ( وام وێنا دەکرد) مەسەلەکە ئەوەبوو بابەتی قسەکانم خەمی هەردووکمان بووە، بەڵام هەنووکە فیودور میخائیلوفیچ وەکو میوان بۆ ماڵمان دەهات، دەبوایە مجامەلەی بکەین، نەیەڵین بێتاقەت بێت، بیرم لەو بابەتانە دەکردەوە کە قسەیان لەسەر بکەین. باسی چی بکەین، بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ چ سەرنجێکی سەبارەت بەم گەڕەکە دوورە دەستەی ئێمە لەلا دروست ببێت، بیرم لەو ئێوارە ناخۆشە دەکردەوە کە لە ماڵی ئێمەدا بەسەری دەبات و وەکو کەسێکی هەست ناسک بیرەوەرییەکانی دیدارەکانی ئەم مانگەی لەبەرچاو دەکەون و لەوە ژێوان دەبێتەوە کە ئەم دەعوەت و میوانییە ناخۆشەی قبووڵ کردووە.

جا من وەکو مرۆڤێکی ژیاندۆست، هەوڵم دەدا دڵخۆشی خۆم بدەمەوە و ئەو خەم و ترسەی دڵم بڕەوێنمەوە، چووم بۆ سەردانی دەستە خوشکێکی خۆم، بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ دەرسی ئیختیزال، ئولخین پێشوازی کردم و دەستخۆشی تەواو کردنی کارەکەی لێکردم، فیودور میخائیلوفیچ، نامەی بۆ ناردبوو ئاگاداری کردبووەوە کە کارەکە تەواو بووە و سوپاسی کردبوو کە ئیختیزالچییەکی بۆ دۆزیبووەوە و بەهۆی ئەوەوە توانیبووی ڕۆمانەکەی تەواو بکات، فیودور میخائیلوفیچ ئەوەشی گوتبوو کە ئەم شێوازە تازەیەی کارکردن زۆر باشە و بە نیازە لە ئایندەشدا پەیڕەوی بکات.

ڕۆژی پێنج شەممە، سێی نۆڤەبەر، لە بەیانییەوە کەوتمە خۆ بۆ پێشوازی کردنی فیودور میخائیلوفیچ، چووم بۆ بازاڕ تا ئەو جۆرە هەرمێیە بکڕم کە ئەو حەزی لێدەکرد، لەگەڵ هەندێ لەو وردە دیاریانەدا کە بە خۆی هەندێجار پێشکەش بە منی دەکردن، بە درێژایی ئەو ڕۆژە من هەر نیگەران بووم، کە سەعات بوو بە حەوتی ئێوارە نیگەرانییەکەم گەییە لوتکە، سەعات بوو بە حەوت و نیو، بە هەشت، ئەو پەیدا نەبوو، لە دڵی خۆدا گوتم دیارە ژێوان بووەتەوە و نایەت، یا دوور نییە مەوعیدەکەی بیر چووبێت، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر ئەنجام لە زەنگی

دەرگا درا، سەعات بوو بوو بە هەشت ونیو، بلەز چووم بۆ پێشوازی فیودور میخائیلوفیچ و لێم پرسی:

ـ فیودور میخائیلوفیچ، چۆنت دۆزیمەوە؟

بە میهرەبانییەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ بە دەنگتا وا دیارە پێت خۆشنییە دۆزیومیتەوە، دەزانی من لە سەعات حەوتەوە دەگەڕێم، هەموو گەڕەکەکم تەی کردووە، هەر کێیەکم دیتووە پرسیارم لێکردووە، هەموان دەزانن کە شەقامی کوسترومسکایالێرەیە، بەڵام نازانن چۆن ناونیشانەکەیت بۆ هەڵدەن*(* شەقامی کوسترومسکایا دەکەوێتە پشت خەستەخانەی نیکولایڤسکییەوە، دەکرێت ڕێگاکە لە دەرگای خەستەخانەکەوە قەد بڕ بکرێت، جا چونکە ئەم دەرگایە ئێواران دادەخرێ، بۆیە دەبێ یا لەرێگای شەقامی سلولوڤایاوە، " ئێستا شەقامی سوفروڤسکییە "، یا لە ڕێی شەقامی مالایلبولوتنایاوە بێیتەوە سەر ئەم شەقامە، ئا.گ. دوستویڤسکایا )

شوکور بۆ خوا پیاوێکی باشمان لێپەیدا بوو،دەگەڵماندا سواربوو، لەتەک عەرەبانچییەکەوە دانیشت و ڕێگاکەی نیشاندا.

دایکم هاتە ژوورەوە بلەز فیودور میخائیلوفیچم پێ ناساند، فیودور دەستی ماچ کرد و پێی گوت کە قەرزارباری منە کە لە کارەکەیدا یارمەتیم داوە، دایکم دەستی با چا داکردن کرد، ئیدی فیودور میخائیلوفیچ لەو ماوەیەدا باسی ئەوەی بۆ کرد کە چەند ترساوە تاوەکو دەستنووسەکەی گەیاندووەتە دەست ستیلوڤسکی، وەکو چۆن پێشبینیمان کردبوو، بەو ئاوایە ستیلوڤسکی پەنای بردبووە بەر فێڵ و تەڵەکە، سەفەری گوندی کردبوو و کارەکەرەکەی گوتبووی نازانێت کەی دەگەڕێتەوە، هەنگێ فیودور میخائیلوفیچ چوو بوو بۆ ئۆفیسی وەشانخانەکەی ستیلوڤسکی و هەوڵی دابوو دەستنووسەکە ڕادەستی سەرۆکی ئۆفیسەکە بکات، بەڵام کابرا ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەک دەستنووسەکەی لێوەربگرێت و گوتبووی ڕەزامەندی خاوەنکارەکەی پێ نییە، فیودور میخائیلۆفیچ دواکەوتبوو فریای دەڵاڵی گرێبەستەکە نەکەوتبوو، کەسیش لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی گەڕەک نەبوو بەرۆژەوە، پێیان گوتبوو ئێوارە سەر بدات، ئیدی فیودور میخائیلوفیچ هەموو ڕۆژەکەی بە ترس و دوودڵییەوە بردبووە سەر، ئیدی سەعات دەی شەو توانیبووی

دەستنووسەکە ڕادەستی نووسینگەی پۆلیسی گەڕەکی( ن.... سکی) و وەسڵ و پسوولەی لە سەرۆکی پۆلیسخانەکە وەرگرتبوو.

بەدەم چا خواردنەوە کەوتینە قسان، قسەکانمان وەکو هەمیشە خۆمانی و لە کەش و هەوایەکی خۆشدا بوون، ئیدی ناچاربووم دەستبەرداری ئەو بابەتانەبم کە بەتەمابووم باسیان بکەم، چونکە بابەتی جدیتر و خۆشتر هاتە ئاراوە، فیودور میخائیلوفیچ زوو چووە دڵی دایکمەوە، کە هەندێک دوودڵ و نیگەران بوو لەوەی کە نووسەرێکی وا "گەورە" دەهاتە میوانیمان، فیودور میخائیلوفیچ،ئەلهەقی پیاوێکی جوان بوو، بەرانبەرەکەی ئەفسوون دەکرد، وەکو پاشان بۆم دەرکەوت تەنانەت ناحەز و هەڤرکەکانیشی، ئەوانەی پێشوەختە دژی بوون، دوای ماوەیەکی کەم ئەفسوونی دەبوون.

فیودور میخائیلوفیچ پێی ڕاگەیاندم دەیەوێ یەک هەفتە ئیسراحەت بکات و پاشان ئیش لەسەر دوا بەشی ڕۆمانی (تاوان و سزا) بکات.

_ جا ئاناگریگوریڤنا گیان، دەمەوێ یارمەتیم بدەیت، کارکردن دەگەڵ تۆدا خۆش بوو، حەزم لێیە لە ئایندەشدا یارمەتیم بدەیت، هیوادارم ئەم داوایەم ڕەفز نەکەیت.

گوتم:

_ من بە خۆشحاڵییەوە حەزدەکەم یارمەتیت بدەم، بەڵام نازانم ئاخۆ ئولخین ئیزنم دەدات، ڕەنگە کچێک یا کوڕێکی دیکە بۆ ئەم کارە تازەیە هەڵبژێرێت.

_ من لەگەڵ شێوازی کارکردنی تۆدا ڕاهاتووم و زۆم بە دڵە، ڕەنگە زەحمەت بێ تا دەگەڵ ئیختیزالچییەکی دیکەدا ڕادیم. دەترسم تۆ خۆت حەز نەکەیت کە کار لەگەڵ مندا بکەیت؟ ئەگەر وابێ زۆرت لێناکەم.

دیاربوو جۆرە پەستییەک دایگرت، جا بۆ ئەوەی دڵنەوایی بکەم گوتم باوەڕ ناکەم ئولخین لاری هەبێت، بەڵام هەرچۆنێک بێ گورگە پرسانەیەکی پێدەکەم.

دەوروبەری سەعات یازدەی شەو فیودور میخائیلوفیچ هەستا، کە ڕۆیی پێی گوتم کە لە هەوەڵین وانەدا پرس بە ئولخین بکەم و بە نامەیەک ئەم ئاگادار بکەمەوە، بە خۆشی لێکدی جودا بووینەوە، بلەز بۆ ژووری نانخواردن گەڕامەوە، هێشتا

لەزەت و خۆشی گفتوگۆیە گەرم و گوڕەکەمان بەری نەدابووم، دوای نزیکەی دە دەقیقەیەک کارەکەرەکەمان هاتە ژوورەوە و باسی ئەوەی بۆ کردین چۆن کەسێک، لە پەنای تاریکە شەوەکەدا دەرفەتی هێنابوو مەندەری سەر کورسی ئەو عەرەبانچییەی دزیبوو کە فیودور میخائیلوفیچی هێنابوو، کابرای عەرەبانچی تووڕە بوو بوو، هێور نەدەبووەوە تا فیودور میخائیلوفیچ بەڵێنی دابوویە کە بۆی ببژێرێت.

من هێشتا کیژێکی باڕ بووم، ئەم ڕووداوەم زۆر لەبەر گران بوو، وام وێنا دەکرد کە ئەم بویەرە کارێکی نەرێنی دەکاتە سەر پەیوەندی فیودور میخائیلوفیچ لەگەڵ ئێمەدا و جارێکی دی نایەت بۆ سەردانمان، نایەت بۆ ئەم گەڕەکە دوورە دەستە، کە دوور نییە دز و ڕێگر ڕووتی بکەنەوە، بەڕادەیەک خەفەتباربووم، لەداخا دەستم بە گریان کرد، لە دڵی خۆدا داخم بۆ ئەوە دەخوارد کە چۆن ئەم ڕووداوە خۆشی و لەزەتی ئەم میواندارییە جوانەی تاڵ کردین.

"٩"

ڕۆژی دوای سەردانەکەی فیودورمیخائیلوفیچ،چووم بۆلای ماریا گریگوریڤناسڤاتکوڤسکایای خوشکم، تا ئێوارێ لەوێندەر مامەوە، لەوێ بۆ ماریا و پاڤڵ گریگوریڤچی مێردیم گێڕایەوە کە لای دوسویفسکی کاردەکەم، بە حوکمی ئەوەی بە ڕۆژەوە لای فیودور میخائیلوفیچ کارم دەکرد و بە شەو نووسینەکانی ڕۆژم دەخستەوە سەر ڕێنووسی ئاسایی، نەمپەرژابووە سەر ئەوەی زوو زوو سەری ماشا ( ماشا: سووکەلە ناوی ماریا ) یە، بدەم، بۆیە ناوبەناو سەرم دەدا، هەرچیم پێبوایە بۆم دەگێڕایەوە، بە جدی گوێی لێدەگرتم و پرسیاری هەموو شتێکی لێ دەکردم، کە بینی مەسەلەکەم زۆر بە جدی وەرگرتووە گوتی:

_ فایدەی نییە نیتوچکا تۆ شیفتەی دوستیفسکیت، بەڵام خەونەکانت نایەنە دی، مەمنوونی خوا بە کە نایەنە دی مادامەکی ئەم ئینسانە بەم ڕادەیە نەخۆشە، ئەمە جگە لە ئاریشە و کێشەی خانەوادەیی و قەرزەکانی!

بە توندی بەرپەرچم دایەوە و گوتم من هەرگیز شیفتە و دڵبەندی دوستویفسکی نیم و خەون بە هیچ شتێکەوە نابینم، مەسەلەکە تەنیا ئەوەندەیە من بە کۆڕ و

مەجلیسی کەسێکی وا زیرەک و بەهرەمەند ئاسوودەم و مەمنوونی هەڵوێستی ئەوم کە زۆر دگەڵما میهرەبان و بە لوتف بووە.

قسەکانی خوشکەکم پەستیان کردم، هەرکە بۆ ماڵ گەرامەوە. کەوتمە پرسیار لە خۆم: باشە هەق بە خوشکەکەمە؟ ئایا من بەراستی " شیفتە و دڵبەندی" فیودور میخائیلوفیچم؟ ئایا ئەمە سەرەتای ئەو ئەشقە نییە کە هێشتا تاقیم نەکردووەتەوە؟ کە خەوێکی شێتانەیە! باشە شتی وا دەبێت؟ باسە ئەگەر ئەمە سەرەتا ودەسپێکی ئەشق بێ، دەبێ چ بکەم؟ باستر وا نییە هەنجەت و بیانوویەکی ماقوڵ بدۆزمەوە و کاری لەگەڵدا نەکەم و بیری لێنەکەمەوە و هەوڵی ئەوە بدەم بەرە بەرە فەرامۆشی بکەم و بچمەوە دۆخە ئارامەکەی جارانی خۆم و دوای ئەوەی بە کارێکی دیکەوە خۆم مژووڵ دەکەم، بە هەمان ڕێز و قەدرەوە تەماشای بکەم، بەڵام ناشێت ماشا بەهەڵە چووبێت، باشە من بۆچی لەم زرووفەدا، ئەم کاری ئیختیزالە لەدەست خۆم بدەم، ئەدی ئەمە کاری دڵخوازی خۆم نییە، لەگەڵ لەدەستدانی کارەکەدا ئەو هەموو قسە خۆشانەش لەکیس خۆ بدەم کە بەدەم کارەکەوە و لە نێوان پشووەکاندا دەهاتنە کردن.

هەڵبەت لەلایەکی دیکەشەوە، پێم حەیف و مخابن بوو، فیودور میخائیلوفیچ کە فێری شێوازی کاری ئیختیزال بوو بوو، بە تەنیا بەجێی بێڵم، بەتایبەت کە کەسم لەنێو خوێندکارەکانی ئۆلخیندا ( جگە لە دوو کەس کە بە بەردەوامی کاریان دەکرد ) شک نەدەبرد، چ لە ڕووی خیرایی و چ لە ڕووی وردییەوە، لە ئاستی مندا بن و کارەکە بۆ فیودور میخائیلوفیچ ڕاپەڕێنن، هەموو ئەو بیرانەم بە مێشکدا هاتن و خەمێکی قورس دایگرتم.

ڕۆژ، ڕۆژی یەک شەممە، شەشی نۆڤەمبەر بوو، لێبڕابووم بڕۆم بۆ لای ئەشبینەکەم تا بەبۆنەی ساڵوەگەڕی لەدایکبوونیەوە پیرۆزبایی لێبکەم، پەیوەندییەکی تۆخم دەگەڵیدا نەبوو، تەنیا لە ڕۆژانی جەژنەکاندا سەرم دەدا، پێشبینی ئەوە دەکرا ئەمڕۆ میوانی زۆر بن، بە تەمای ئەوە بووم، ئەم هەستە ناخۆشەم لەلا بڕەوێتەوە کە چەند ڕۆژێک بوو دایگرتبووم، ئەم خانمە لە شوێنێکی دوور، لە نزیک پردی ئەرتشین دەژیا، لێبڕا بووم، بە ڕۆژی ڕووناک سەردانی بکەم، دانیشتم کەوتمە پیانۆ لێدان، چاوەڕوان بووم یەکێک بنێرن بەشوێن عەرەبانچییەکدا، بەهۆی دەنگی مۆسیقاوە گوێم لە دەنگی زەنگی دەرگاکە نەبوو، گوێم بە دەنگی پێی زەلامێک

زرنگایەوە، ئاوڕم دایەوە، کە دیتم فیودور میخائیلوفیچ بەرەو لای من دێت، سەرم سوڕما، هەلبەتە زۆریش دڵخۆش بووم.

فیودور میخائیلوفیچ تەوقەی دەگەڵ کردم، زۆر بە توندی دەستی گوشیم و گوتی:

_ تەماشا ئاناگریگوریڤنا چیم کردووە؟ بەدرێژایی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابورد، هەستم بە تەنیایی دەکرد، ئەمڕۆ لە بەیانییەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە بێم بۆ لات یا نا؟ ئاخۆ ئەمە کارێکی بەجێیە؟ بەلای تۆ و دایکتەوە سەیر نابێت، خۆ من پێنج شەممە لێرە بووم، ماقوولە لە یەک شەممەدا پەیدا ببمەوە، ئیدی قەرارم دا نەیەم، کەچی خۆم پێ نەگیرا وئەوەتام لەبەردەم خۆتدا دەمبینی!

_ ئەوە تۆ چ دەڵێی فیودور میخائیلوفیچ، ماڵ ماڵی خۆتە ئێمە ئەو کاتەمان پێخۆشە تۆ لەگەڵمان بیت!

ویڕای ئەوەی خۆشحاڵی خۆمانم بۆ تاکید کردەوە، بەڵام نەمانتوانی وەکو جاران ئاسایی دەست بە قسان بکەین، هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی نیگەرانی خۆم کۆنترۆڵ بکەم، بۆیە تەنیا وەلامی پرسیارەکانی فیودور میخائیلوفیچم دەدایەوە، تەنانەت هیچ پرسیارێکیشم لێی نەکرد، هەڵبەتە هۆیەکی دیکەش هەبوو کە نیگەرانی دەکردم، کەرەستەمان ئامادە نەکردبوو کە هۆڵە گەورەکەمانی پێ گەرم بکەین، هۆڵەکە سارد بوو، میخائیلوفیچ هەستی بەمە کرد گوتی:

_ شوێنەکەتان ساردە، تۆ خۆتیش ساردیت! کاتێ بینی من گەلەبییەکی قاوەیی کاڵم لەبەردایە، لێی پرسیم بەتەمای دەرچوون بوویت.

کە زانی دەبێ بڕۆم بۆ لای ئەشبینەکەم(دایک یا بابی ڕوحی)، گوتی حەز ناکا ماتەڵم بکات و پێشنیازی کرد بە گالیسکەکەی خۆی کە بە هەمان ڕێگادا دەڕۆیی بمگەیەنێت، قابیل بووم و پێکەوە وەڕێکەوتین، کە گەیینە پێچێکی توند، فیودور میخائیلوفیچ ویستی ناو قەدم بگرێت، بەڵام من وەکو کچێکی ساڵانی شەستەکان، هیچ جۆرە مجامەلەیەکی وەکو دەست ماچ کردن و گرتنی ناوقەدی خانمانم پێ قەبووڵ نەبوو، پێمگوت_ تکایە خەمت نەبێ ناکەوم!

وا دیاربوو فیودور میخائیلوفیچ لە قسەکانم تووڕە بوو، بۆیە گوتی: _ خۆزیا دەکەوتی!

یەکسەر لە قاقای پێکەنینم دا و هەرزوو ئاشت بووینەوە، باقی ڕێگاکەمان بەدەم گفتوگۆوە بەخۆشی بردە سەر، ئەو خەمە قورسەی کە نیشتبووە سەر ڕۆحم بەرە بەرە ڕەوییەوە، کە خواحافیزیمان لێکدی کرد، فیودور میخائیلوفیچ دەستی گوشیم و بەڵێنی لێوەرگرتم کە سبەینێ سەری بدەم، تا لەسەر چۆنیەتی کارکردن لەسەر ڕۆمانی (تاوان و سزا) ڕێک بکەوین.

"١٠"

١٨٦٦/١١/٨، یەکێکە لە ڕۆژە هەرە گرینگەکانی ژیانم، لەم ڕۆژەدا فیودور میخائیلوفیچ پێی گوتم کە خۆشی دەوێم و داوای لێکردم کە شووی پێبکەم، نیو سەدە بەسەر ئەو ڕۆژەدا بوریەوە، کەچی هەموو ورد و درشتێکیم لەبیرماوە، دەڵێی مانگێکە ڕووی داوە.

ڕۆژێکی ساماڵی زۆر سارد بوو، بە پێیان چووم بۆ لای فیودور میخائیکوفیچ، بۆیە نیو سەعاتێک لە کاتی دیاریکراو دواکەوتم، دیاربوو فیودور میخائیلوفیچ لەمێژ بوو چاوەڕوانی دەکردم، هەرکە گویی لەدەنگی پێم بوو، بە هەشتاو خۆی گەیاندە ژووری پێشوازی، کەوتە یارمەتی دانم تا کڵاو و پاڵتۆکەم داکەنم و بەخۆشحاڵییەوە گوتی: - ئاقیبەت هاتیت!

پێکەوە چووینە ئۆفیسەکە، ئەمجارەیان ژوورەکە زۆر ڕووناک بوو، دیقەتم دا فیودور میخائیلوفیچ بڕێک شپرزە و نیگەرانە، جۆرە حەماسێک بە سیمایەوە دیاربوو، کە لەخۆی گەنجتری دەنواند، فیودور میخائیلوفیچ هەڵیدایە و گوتی:

_ چەند خۆشحاڵم کە هاتیت، دەترسام مەوعیدەکەت لەبیر چووبێ.

_ بۆچی دەترسایت؟ من کە بەڵێنم دا بەڵێنی خۆم دەبەمە سەر.

_ بمبورە من دەزانم تۆ کەسێکی بەبەڵێنی ، زۆرم پێخۆشە کە دووبارە دەتبینمەوە!

_ منیش فیودور میخائیلوفیچ بە دیتنت خۆشحاڵم، بەتایبەتی کە بەم شادییەوە دەتبینم، وا دیارە شتێکی خۆش ڕوویداوە.

_ بەڵێ ڕوویداوە! ئەمشەو خەوێکی خۆشم بینی.

پێکەنیم و گەتم:_ هەر لەبەر ئەمە خۆشحاڵیت!

_ تکایە گاڵتەم پێمەکە، من باوەڕم بە خەون هەیە، هەر جارێ کە میشای برام یا بابم دێنە خەوم، دەزانم بەڵایەکم بەسەر دێت و دەردە سەرییەکم بۆ پەیدا دەبێت.

_ کەواتە خەونەکەتم بۆ بگێڕەوە!

_ ئەم سندووقە گەورەیە دەبینی کە لەداری گوڵ دروستکراوە؟ ئەمە دیاری هاوڕێیەکی سیبریاییمە کە ناوی چۆکان ڤالیخانوف+ ١٨ بوو، ئەم سندووقەم زۆر لە دڵ شیرینە دەستنووسەکان و ئەو شتانەی تیا هەڵدەگرم کە بیرەوەری خۆشم لەگەڵیاندا هەیە، لە خەوما لەبەردەم ئەم سندووقەدا دانیشتبووم و سەیری کاغەزەکانی ناویم دەکرد، لەناکاو شتێکی پرشنگدارم لە بەینی دەستنووسەکانمدا بینی، کە وردبوومەوە ئەستێرەیەکی بچووک بوو، پرشنگی دەدا و دەکوژایەوە، ئیدی لاپرەسەنی و فزوڵ گرتمی، کەوتمە هەڵدانەوەی کاغەزەکان، پارچە ئەڵماسێکی بچووکم دیتەوە کە دەدرەوشایەوە ئەمما درەوشانەوە.

- چیت لێکرد؟

_ مخابن، لەبیرم نەماوە! ئیدی خەونی دیکەی بەسەردا هات، نازانم چی لێهات بەڵام خەونێکی خۆش بوو.

_ ئێ خۆ وەکو بیستوومە خەون بە پێچەوانەوە ڕاڤە دەکرێت.

هەڵبەتە قسەکەی خۆم پێناخۆش بوو، بەلام تازە کار لە کار ترازا بوو، روخسار و سیمای فیودور میخائیلوفیچ، گۆڕا و ڕەنگی زەرد هەڵگەرا.

لێرەدا فیدور میخائیلوفیچ هەڵیدایە و بە دەنگێکی خەمین گوتی:

_ یانی لات وایە من شادی بە خۆوە نابینم و ئەوە تەنیا خەیاڵ پڵاوە؟

بەرسڤم دایەوە:

_ نازانم، من نازانم خەون لێک بدەمەوە و هە باوەڕیشم پێی نییە.

هەڵبەتە زۆر لە قسەکانی خۆم ژیوان بوومەوە، چونکە مجێزی فیودور دوستویفسکی زۆر خراپ تێکچوو، هەوڵمدا دڵخۆشی بدەمەوە و ئاشتی بکەمەوە، بەتایبەتی کە لە خەونەکانی منی پرسی و منیش بە شێوازی ساتیر ئامێز وەڵامم دایەوە.

- زۆر جار خەون بە خانم بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمانەوە دەبینم، کە ژنێکی قەڵەو بوو، قژی لەسەر مۆدی کۆن دەبڕی و بە لاڕوومەتەکانیا دەهاتە خوارەوە، هەمیشە و لەسەر بچوکترین شت سزای دەدام، جارێکی دی پشیلەیەکی سوورم لە خەوما بینی، کە لەپشت تەیمانی باخچەکەمانەوە خۆی هەڵدایە سەرم و خەیک بوو زراوم بتۆقێ.

_ بەستەزمان!

فیدورمیخائیلوفیچ، چەند جارێک بەدەم زەردەخەنەوە ئەو وشەیەی دووبارە کردەوە، بە میهرەبانییەوە تەماشای کردم وپاشان پرسی: باشە جەژنی لەدایکبوونی ئەشبینەکەت خۆشبوو؟

_ کاتێکی زۆر خۆشمان بەسەر برد، دوای نیوەڕۆژە گەورەکان دەستیان بە یاری کاغەزێن کرد، بەڵام ئێمەی گەنج لە ژووری ئۆفیسەکەی خاوەن ماڵ کۆبووینەوە و بۆ خۆ سەری قسانمان دامەزراند، دوو خوێندکاری گەنجی ڕووخۆشیشی لێبوو.

سەرلەنوی فیودورمیخائیلوفیچ پەشۆکا، ڕەنگی زەردهەڵگەرا، زۆرم پێ سەیر بوو بۆچی وا گزوگومەت مجیزی فیودور میخائیلوفیچ شێوا، هەرچەندە نەمدەزانی نیشانەکانی فێلێهاتن چین، بەڵام لە دڵی خۆدا دەمگوت تۆ بڵێی ئەم مجێز گۆرکێیە نیشانەی پەرکەم لێهاتن بێ، تەواو ترسم لێنیشت.

دەمێک بوو بەوە راهاتبووین، کاتێ کە بەکاری ئیختیزال بۆ لای فیودور میخائیلوفیچ دەهاتم، باسی ئەو کاتانەی بۆ دەکردم کە یەکمان نەبینی بوو، بۆیە خیرا هەڵمدایە و لێم پرسی چۆن ڕۆژانی ڕابردووی بەسەر بردووە، خەریکی چی بووە، بەرسڤی دایەوە:_ بیرم لە ڕۆمانە تازەکەم دەکردەوە.

_ بەراست؟خۆشە؟

_ بەلای منەوەو بۆ من زۆر خۆشە! بەلام نازانم چۆن کۆتایی پێ بێنم. کچێکی گەنجی تێدایە نازانم لە ڕووی دەروونیەوە چۆن مامەڵەی لەتەکدا بکەم، ئەگەر لە مۆسلۆ بام، لە سونیچکای برازامم+١٩ دەپرسی، بەڵام لێرە کەس شک نابەم بۆیە هانا بۆ تۆ دێنم.

بە شانازییەوە ئامادەگی خۆم دەربڕی کە یارمەتی ئەم نووسەرە بەهرەمەندە بدەم.

_ باشە قارەمانی ڕۆمانەکەت کێیە؟

_ هونەرمەندێکە، گەنج نییە، تەمەنێکی هەیە، بەکورتییەکەی لەتەمەنی مندایە.

_ دەی، دەی فەرموو بەردەوام بە بیگێڕەوە.

لە سەر داوای من زۆر بە ئاو وتاو کەوتە گێڕانەوە، قەت نەپێشتر نە پاشتر فیودور میخائیلوفیچم نەبینی بوو بەم جۆش و خرۆشە چیرۆکان بگێڕێتەوە، تا پتر بەردەوام دەبوو زیاتر بۆم دەردەکەوت کە هەندێ دیمەنی ژیانی خودی خۆی دەگێڕێتەوەو تەنیا سووکە دەستکارییەکی کارەکتەرەکان وهەلومەرج و بارودۆخەکان دەکات، هەرچییەکی لێرەدا گێڕایەوە هەمان ئەو شتانە بوون کە پێشتر بە کورتی و بەشێوەیەکی ڕەوتەنی بۆی گێڕابوومەوە، ئێستا ئەوەی بە دوور و درێژی بۆی دەگێڕامەوە، پەردەی لەسەر پەیوەندی خۆی دەگەڵ ژنە مردووەکەی و کەسوکارەکەی خۆی هەڵدەدایەوە.

هەروەها ڕۆمانە تازەکە تیشکی دەخستە سەر قۆناغێکی نالەبار و دژواری منداڵیەتی، وەکو باب مردنی زووەکی، ئەو هەلومەرجە سەختانەی ( نەخۆشی تووش) کە بۆ ماوەی دە دانە ساڵ، هونەرمەندیان لە کارە دڵخوازەکەی خۆی، لە کاری نووسین دوورخستبووەوە، ئەو جا گەرانەوە بۆ ژیان و ( چاک بوونەوەی هونەرمەندەکە) دیداری دەگەڵ ئەو ژنەدا کە خۆشی دەویست، ئەو بەدبەختییەی لە سەرنی ئەم ڤیان و ئەشقەوە تووشی هونەرمەندەکە دەبێت، ئەوجا مردنی ژنەکەی و خزمانی خۆشەویست ( مردنی خوشکی هونەرمەندەکە) ئەوجا نەداری نەبوونی، قەرزداری...

باری دەروونی قارەمانەکە، هەستکردن بە تەنیایی، نائومێدی لە کەسوکار و خزم و خوێش، تامەزرۆیی بۆ ژیانی تازە، تامەزرۆیی بۆ ڤیان و ئەڤین، سووربوونی لەسەر وەدەستهێنانی شادومانی، ئەوجا وێنەگرتنی بەم بەهرەمەندی و زندویەتییە، یانی لە کۆتاییدا دەرکەوت کە ئەم بەرهەمە تەنیا زادەی خەیاڵی هونەرمەند نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی کول و کۆڤانەکانی خودی نووسەرە.

کاتێ کە فیودور میخائیلوفیچم، لە کلێشەی قارەمانەکەیدا و بەو زەقییە لەبەردەم خۆدا بینی، خۆم پێنەگیرا و گوتم:

_ باشە فیودور میخائیلوفیچ، تۆ بۆچی قارەمانەکەت بەم شێوەیە تەوهین دەکەیت؟

_ پێت قارەمانێکی باش نییە؟

_ بە پێچەوانەوە زۆر باش و میهرەبان و دڵێکی زۆر باشی هەیە، تەماشا قەدەر چەندی کڵۆڵی بەسەردا داوە و چەند بە سەبر و هەدارەوە تەحەمولی کردووە! هەر کەسێکی دی ئەو هەموو کارەسات و ناخۆشییەی بەسەردا هاتبا، بەلای کەمەوە دڵی ڕەق دەبوو، کەچی قارەمانەکەی تۆ هێشتا خەڵکی خۆشدەوێ و یارمەتی خەڵکی دەدا، کەچی تۆ سووری لەسەر ئەوەی زوڵمی لێبکەیت.

_ بەڵێ ڕاست دەکەی، بەراستی دڵێکی باش و میهرەبان و ئاشقی هەیە، زۆرم پێ خۆشە کە تۆ لێی حاڵی بوویت.

فیودور میخایلوفیچ لەسەر چیرۆکەکەی بەردەوام بوو گوتی:

_ بەم جۆرە ئەم هونەرمەندە لە قۆناغێکی هەستیاری چارەنووسسازی تەمەنیا، تووشی کچێکی گەنجی هاوتەمەنی تۆ یا ساڵێ دوان گەورەتر دەبێت، با ناوی بنەین ئانیا لە جیاتی قارەمان، ئەم ناوە باشترە.

کە ئەو قسانەی کرد، ئەو قەناعەتەم لا چێ بوو کە مەبەستی لەم قارەمانە ئانا ڤاسیلڤینا کورڤین- کروکوڤسکایایە، کۆنە دەزگیرانەکەی، لەم ساتەدا هەر لەبیرم نەبوو کە منیش ناوم ئانایە، ئەو کاتە بە هیچ جۆرێ ئەوەم بە بیردا نەهات کە ڕەنگە ئەم چیرۆکە پەیوەندییەکی بە منەوە هەبێت، بە خەیاڵی من بابەتی ئەم ڕۆمانە تازەیە، دەرهاویشتەی ئەو نامەیە بوو کە ئاناڤاسیلڤنا لە هەندەرانەوە بۆ فیودور میخائیلوفیچی ناردبوو کە چەند ڕۆژێک لەوە پێش بە خۆی ( فیودور) بۆی باسکردبووم+٢٠.

وێنەی ئەم قارەمانە ژنە بە جۆرێ گیرابوو، کە بە سیفەت جیاواز بوو، لە خەسلەتێن قارەمان، بە گوتەی نووسەر ئانا کچێکی میهرەبان، زیرەک، باش، ژیاندۆست بوو، هەڵسوکەوتی دەگەڵ خەڵکدا نەرمونیان بوو، جا من بە حوکمی

ئەوەی لەو ساڵانەدا بایەخێکی زۆرم بە جوانی مێیایەتی دەدا، خۆم پێ نەگیرا و لێم پرسی:_ باشە ئەم قارەمانە ژنە زۆر جوان بوو؟

_ هەلبەتە زۆر جوان نەبوو، بەلام ناشرینیش نەبوو، من حەزم لە ڕووخسار و سیمایەتی.

هەستم کرد فیودور میخائیلوفیچ رازێک لە رازەکانی خۆی درکاند،دڵم گوشرا، لە خوت و خۆڕایی ڕقم لە گورڤین-کروکو ڤسکایا هەستا وگوتم:

_ بە هەرحاڵ فیودور میخائیلوفیچ، تۆ ئەم کچەت کردووە بە نمونەیەکی زۆر ئایدیالی، ئایا بەڕاستی وایە؟

_ دەقاودەق وایە! زۆر چاکم تاقی کردووەتەوە!

ئەوجا فیودور میخائیلوفیچ لەسەر چیرۆکەکەی ڕۆی و گوتی:

_ ئەم هونەرمەندە ئانیای لە کۆڕە هونەرییەکاندا دەبینی، تا زیاتری دەبینی، زیاتر دڵبەندی دەبوو و پتر قەناعەتی دێنا کە دەشێت دەگەڵ ئەودا بەختەوەر بێت، بەڵام پێدەچوو خەونەکەی مەحاڵ بێ. چونکە پیاوێکی بەتەمەنی وەکو ئەو، نەخۆش، بەقەد تووکی سەری قەرزار دەیتوانی چ شتێک بە کیژێکی وەکو ئەو، کە سەلامەتی و گەنجێتی و ژیاندۆستی لێهەڵدەقولا ببەخشێ؟ باشە بەدەنگەوە هاتنی ئەو بۆ ئەم هونەرمەندە ناکاتە قوربانییەکی گەورە، ئەگەر چارەنووسی خۆی بەم پیاوەوە ببەستێ، دوایی پەنجەی پەشیمانی ناگەزێ؟ یانی بەشێوەیەکی گشتی دەشێ کیژێکی گەنج، لەڕووی کەسایەتیەوە جیاواز، کیژێک لە تەمەنی ئەودا،هونەرمەندێکی ئافەریدەی قەریحەیمنی خۆش بوێت، ئەمە ناکاتە هەڵەیەکی دەروونی؟ دەمویست ئاناگریگوریڤنا بۆچوونی تۆ لەمبارەیەوە بزانم.

_ جا بۆ مەحاڵ بێ؟ ئەم ئانیایەی کە دروستتکردووە وەکو خۆت دەڵێی، ئەگەر کچێکی سەرسەری و بۆش و بەتاڵ نەبێت، خاوەنی دڵ و دەرونێکی میهرەبان و باش بێت، بۆچی ئەو هونەرمەندەی تۆی خۆش ناوێت؟ کە نەخۆش و نەدارە، ئەمە ئاساییە، باشە بنیادەم دەبێت هەر بە ڕواڵەتی جوان و سەروەت و سامانەوە خۆش بویستریێ؟ ئیدی بۆ دەبێ ئەمە لەلایەن کیژەکەوە بکاتە قوربانی، خۆ ئەگەر خۆشی بوێت، کیژێیش خۆشحاڵ دەبێت و هەرگیز پەنجەی پەشیمانی ناگەزێت!

من بە جۆش و خرۆشەوە قسەم دەکرد، کەچی فیودور میخائیلوفیچ بە نیگەرانییەوە تەماشای دەکردم.

ـ بەڕاستی باوەڕت وایە، ئەم کچە بتوانێ دڵسۆزانە و هەتا سەر خۆشی بوێت؟

ئەوجا وەکو یەکێک دوودڵ بێت، بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، ئەوسا بە دەنگێکی لەرزۆک هەڵی دایە:

ـ بۆ دەقیقەیەک خۆت بخەرە جێی ئەو، وای دابنە ئەو هونەرمەندە منم و من ئەشقی خۆمم بۆ ئاشکرا کردیت و داوام لێکردیت شووم پێبکەیت، هەنگێ تۆ وەڵامت چی دەبوو؟

نیگەرانی و دوودڵییەکی کتوپڕ ڕوخساری فیودور میخائیلوفیچی داگرت، ئەنجام زانیم کە قسەکانمان، پەیوەندییان بە ئەدەبەوە نییە، خۆ ئەگەر بە نەخێر وەڵامی بدەمەوە وەکو ئەوەیە کۆستی بکەوێت، ڕوانیمە ڕوخساری فیدور میخائیلوفیچ، کە زۆر لە دڵما شیرین بوو، سەیرم کرد خەم و پەژارە دایگرتووە، ئەوسا پێمگوت:

ـ پێمدەگوتیت خۆشم دەوێی و هەتا ماوم هەر خۆشم دەوێی.

ئەو وشە ناسک وپڕ لە ڤیان و ئەڤینداریانەتان بۆ ناگێڕمەوە کە لەو ساتە نەمرانەدا لە زاری فیودور میخائیلوفیچ هاتنە دەرێ، ئەو وشانە بۆ من و لای من وشەی پیرۆزن.

حەپەسا بووم، گوشاری شادمانییەکی گەورە لوولی کردبووم، تا ماوەیەکی زۆر باوەڕم نەدەکرد، لە بیرمە دوای تێپەڕبوونی سەعاتێک فیودور میخائیلوفیچ، هات و کەوتە نەخشەکێشان بۆ ئایندەمان و لە ڕەئی منی پرسی، گوتم:

ـ چما ئێسا دەکارم گەنگەشەی هیچ شتێک بکەم! لەوە خۆشحاڵترم بتوانم بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە!

جا لەبەر ئەوەی نەماندەزانی ڕێڕەوەی کارەکان چۆن دەبێ، کەی دەتوانین خۆمان لێکدی مارە بکەین، قەرارمان دا جارێ شتەکە بەشێوەیەکی کاتی هەر لە بەینی خۆمانا بمێنێ و جگە لە دایکم بە کەسی دیکەی نەڵێین، فیودور میخائیلوفیچ

بەڵێنی دامێ کە سبەی شەو بێت بۆ ماڵی ئێمە و گوتی خوا خوایەتی سبەی بێت و بە دیداری ئێمە شاد بێت.

فیودور میخائیلوفیچ تا بەردەرگا لەگەڵم هات، بەهێمنی کڵاوەکەی لەسەرم کرد، ئامادە بووم بۆ دەرچوون، هەنگێ ڕایگرتم و گوتی:

_ ئاناگریگوریڤنا، ئێستا دەزانم ئەڵماسەکە کێوە چوو.

_ هێشتا خەوەکەت لەبیرە؟

_ نەخێر مەسەلەکە خەو نییە، بەڵام ئاقیبەت ئەڵماسەکەم دۆزییەوە، لێبڕاوم هەتا ماوم هەر بیپارێزم.

بەدەم بزەیەکەوە گوتم:

_ تۆ هەڵەی فیودورمیخائیلوفیچ، تۆ ئەڵماست نەدۆزیوەتەوە، بەڵکو بەردێکی ئاساییت دۆزیوەتەوە.

_ نەخێر من دڵنیام کە ئەمجارە بە هەڵە نەچووم.

فیودورمیخائیلوفیچ بەدەم ئەو قسەیەوە بەڕێی کردم.

"١١"

شادی سەراپای ڕۆحی داگرتبووم، لەبیرمە کاتێ کە لەلای فیودورمیخائیلۆفیچ گەڕامەوە، بەدەم ڕێگاوە بێئەوەی گوێ بە ڕێبواران بدەم، لەبەر خۆمەوە قسەم دەکرد:

_ خودایا ئەمە چ خۆشییەکە! ڕاستە، خەوە، خەیاڵە، یانی ماقوولە، دەبێت بە مێردم؟

ژاوە ژاو و هەرا و زەنای ڕێبواران وەخۆی هێنامەوە، بیرم کەوتەوە کە نیوەڕۆ دەعوەتی ئەو خزمانەمم کە بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی ( میخائیل نیکۆلافیچ سنتیکن) ی پسمامەوە ئاهەنگیان دەگێڕا، لامدایە دووکانێکی نانفرۆشی ( ئەو سەردەمانە پاقلاوەخانان کەم بوو) تا کێکێک بەو بۆنەیەوە بکڕم، زۆر دڵم خۆش

بوو، هەموو خەڵکی لەبەرچاوم میهرەبان و دلۆڤان بوون، حەزمدەکرد هەواڵێکی خۆشیان بدەمێ، خۆم پێنەگیرا، بەو کابرا ئەڵمانییەی کە کێکەکەی پێ فرۆشتم، گوت:ــ ڕوخسارت جوانە، هەروەها داهێنانی قژیشت جوانە!

میوانێکی زۆر لە ماڵی خزمەکەم کۆبوونەوە، دایکمیان تیا نەبوو، هەرچەندە بەڵێنی دابوو ئامادە بێت، زۆرم لەبەر گران بوو، خوا خوام بوو ساتێ زووتر بیدینم و بەپەلە ئەم شادییەی خۆمی پێڕابگەیەنم.

دەعوەت و ئاهەنگەکە زۆر خۆشبوو، بەڵام ڕەفتاری من برێک غەریب بوو، بەدەم هەموانەوە پێدەکەنیم، هەندێجار بەڕادەیەک لە فکران ڕادەچووم ، گوێم لێ نەدەبوو چیان لەگەڵدا دەگوتم، هەندێجار لە خۆوە خوابەختەکی وەڵامم دەدایەوە، تەنانەت جارێ یەکێک لە میوانەکانم بە فیودور میخائیلوفیچ بانگکرد، هەموو گاڵتەیان پێکردم، جا بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خۆم بکەم، گوتم سەرم زۆر دێشێت.

ئەنجام دایکە مێریڤانەکەم گەیی، بە هەشتاو بەرەودەرگا بەپیریەوە چووم، باوەشم پێدا کرد و بە گوێمدا چپاند:

ــ پیرۆزباییم لێبکە خوازگارم هەیە!

فریای هیچ قسەیەکی تر نەکەوتم، خەڵکی ماڵەکە بلەز هاتنە پێشوازی، لەبیرمە دایکم بەدرێژایی ئێوارە ئاهەنگەکە، هەر بەکونجکاوی تەماشای دەکردم، بێئەوەی بزانێ کێ لە دڵبەندانی ناو ئاپۆڕاکە خوازگارمە و دەبێ بە مێری ئایندەم، کە بۆ ماڵ گەڕاینەوە ئەوسا بۆم باسکرد کە بەتەمام شوو بە دوستویفسکی بکەم، نازانم دایکم بەم هەواڵە دڵخۆش بوو یان نا، پێموا نەبوو دڵخۆش بێ، چونکە وەکو مرۆڤێکی بە ئەزموون کە دنیای زۆر بینی بوو، پێشبینی ئەوەی کرد کە ئەم زەماوەندە ئاریشە و کول و گۆڤانی زۆری بەدواوە دەبێ، ئیدی چ بەهۆی ئەو نەخۆشییە سەختەوە کە بە مێردی ئایندەمەوە بوو و چ بەهۆی نەداری و دەستکورتییەوە، بەڵام هەوڵی نەدا ژێوانم بکاتەوە، ( کە زۆر کەس دواتر هەوڵیان دا ژیوانم بکەنەوە)، هەڵبەتە من لەو ڕووەوە قەرزارباری دایکمم، هێز نەبوو بتوانێ قەناعەتم پێبکات کە لەم شادیە ژێوانم بکاتەوە کە بە پیرمەوە هاتبوو، کە پاشان سەرباری هەموو ئەو ناخۆشیانەی هاتنە ڕێگامان ( نەخۆشی و قەرزداری مێردەکەم) ژیانێکی پڕ شادی ڕاستەقینەمان بردە سەر.

ڕۆژی دوایی ١١/٩ ڕۆژێکی زۆر درێژ بوو، بەڕاستی بێزار و بێتاقەت بووم، نەمدەزانی خۆم بە چییەوە خجڵ بکەم، بێزم لە ورد و درشتی قسەکانی دوێنێ دەکردەوە، بەڵکو هەستام هەرهەموویم لە دەفتەری ئیختیزالەکەمدا نووسیەوە.

فیودور میخائیلوفیچ سەعات شەش و نیو هات، داوای بوردنی کرد کە نیو سەعات زوتر لە کاتی دیاریکراو هاتبوو، بە پێکەنینەوە بەرسڤم دایەوە:

_ بەڵام من زۆر بێتاقەت بووم، خوا خوام بوو ساتێ زووتر بتبینم.

_ دڵ ئاوێنەی دڵە (بە فەرەنسی)

_ بە درێژایی ئەمڕۆ هیچ کارێکم نەکردووە، تەنیا بیرم لە تۆ کردووەتەوە بەڕاستی بە هاتنت خۆشحاڵ بووم.

فیودور میخائیلوفیچ، یەکسەر هەستی کرد کە کراسەکم گۆڕیوە،.

_ بە درێژایی ڕێگا بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ جلی تازیەباریت ٢١+ فڕێداوە یان نا، شکور دەبینم جلی پەمەییت لەبەر کردووە.

_ تۆ بڵێی بەم هەموو دڵخۆشیەوە جلی تازیەباری لەبەر بکەم! هەڵبەتە لەنێو خەڵکیدا تا ئەو ڕۆژەی زەماوەندەکەمان ڕادەگەیەنین هەر جلکی تازییەباری لەبەر دەکەم، بەڵام لەماڵەوە جلی ڕەنگا و ڕەنگت بۆ لەبەر دەکەم.

فیودور میخائیلوفیچ گوتی:

_ ڕەنگی پەمەییت زۆر لێدێت، زۆر گەنجتر دێیتە بەرچاو لە کچۆڵەیەکی بچووک دەچیت.

هەڵبەتە سیمای گەنجانە فیودورمیخائیلوفیچی نیگەران دەکرد، بەدەم پێکەنینەوە بۆم دووپات کردەوە، کە زۆر نابات پیردەبم، هەرچەندە ئەو قسەیەم بە سوعبەتەوە کرد، بەڵام زۆر زوو لە ژیانی پراکتیکیمدا هاتە دی، بەهۆی زۆر بارودۆخەوە، هەرچەندە بە تەمەن پیر نەبووم، بەڵام پیری بە ڕواڵەتمەوە دەرکەوت، قسە و دەمودووم لە هی خەڵکی بە تەمەن دەچوو، وای لێهات جیاوازی نێوان تەمەنی من و مێردەکەم هەست پێنەدەکرا.

دایکم هاتە ژوورەوە، فیودور میخائیلوفیچ دەستی ماچ کرد و گوتی:

_ هەلبەتە دەزانی کە من خوازبێنی کیژەکەتم کردووە، قابیلە کە مێردم پێبکات، دیارە من شانازی بەوەوە دەکەم، بەلاّم ڕەزامەندی تۆشم پێخۆشە، ئاناگریگوریڤنا هێندە وەسپی تۆی بۆ کردووم، شەرمت لێدەکەم، بەڵێنت دەدەمێ هەرچییەکم لەدەست بێت بیکەم تا تۆ خۆشحاڵ بیت، بەڵێنیشت دەدەمێ کە دڵسۆزترین کەس بم بۆ تۆ. ئەلهەقی دوستویفسکی بە درێژایی چواردە ساڵ ژیانی هاوسەریمان زۆر لەگەڵ دایکمدا باش بوو، بەو پەڕی ڕێز و خۆشەویستییەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکرد.

فیودورمیخائیلوفیچ، بە حەماسیکی زۆرەوە لە کورتی قسەکانی بڕییەوە، بەلام قسەکانی هەندێک پچڕ پچڕ بوون، کە پاشتر باسی کردووە، دایکم دڵی پڕبوو دەستی لە ملی کرد و داوای لێکرد کە منی خۆش بوێت و مدارام بکات، تەنانەت گریاش.

بۆ ئەوەی کۆتایی بەو دیمەنە بێنم و نەبادا فیودور میخائیلوفیچ نیگەران بێت گوتم:

_ دایکە گیان خێرا چایەکمان بۆ بێنە، فیودور میخائیلوفیچ خەریکە لە سەرما ڕەق دەبێتەوە!

چای هات، لە سەر کورسییە نەرمە کۆنەکان دانیشتین، کوپە چایەکانمان بەدەستەوە گرت و بە جۆش و خرۆشەوە سەری قسەمان دامەزراند.

نزیکەی سەعاتێ تێپەڕی لە زەنگی دەرگا درا، کارەکەرەکە خەبەری داینێ کە دوو گەنج هاتوون، ئەمانە هەموو جار سەریان دەدایین، بەلاّم ئەمجارەیان ئەم سەردانە ناوەختەم زۆر لە دڵ گران بوو، بە دایکم گوت:

_ تکایە بڕۆ بەلایانەوە پێیان بڵێ من داوای بوردنیان لێدەکەم کە ناتوانم پێشوازیان بکەم چونکە سەرم زۆر دێشێت.

فیودور میخائیلوفیچ قسەکەی پێبڕیم و گوتی:

_ ئانانیکولایڤنا، بێزەحمەت دەستیان پێوە مەنێ، ئەوجا ڕووی کردە من و لەبن لێوانەوە گوتی: حەزدەکەم لە مەجلیسی گەنجاندا بتبینم، من تاکو ئێستا تەنیا لەگەڵ خۆماندا، هەر لە مەجلیسی گەوراندا تۆم دیتووە.

پێکەنیم و داوام کرد میوانەکان بێنە ژوورەوە، بە فیودور میخائیلوفیچم ناساندن و ناویانم پێگوت، جووتە گەنجەکە بەم تەعاروفە کتوپڕە دەگەڵ ڕۆماننووسی نێودارردا هەندێک حەپەسان، جا بۆ ئەوەی هۆی ئەم ئامادەبوونەی دوستویفسکیان لە ماڵی ئێمەدا بۆ ڕوون بێتەوە، گوتم بەبۆنەی تەواوبوونمان لە کاری ڕۆمانە تازەکەی کۆبووینەتەوە، حەزم دەکرد بەشداری قسان نەکەم و ئەو کارە بە ملی فیودور میخائیلوفیچدا بدەم.

یەکێک لە گەنجەکان لێی پرسیم، سەریەشەکەی دوێنیت لێ بووەوە، دەرفەتم هێنا و پێمگوت:

_ ئەو سەریەشەیەم خەتای تۆ بوو، هێندەت جگەرە کێشا قانگت دام، جگەرەکێشان بەو ڕادەیە خراپە، وانییە فیوور میخائیلوفیچ؟

_ شایەدی من لەو ڕووەوە نایخوات، چونکە بەخۆم جگەرە زۆر دەکێشم.

_ بەڵام ئەمە بۆ سیحەت خراپە وا نییە؟

_ هەڵبەتە خراپە، بەڵام عادەتێکە بە ئاسانی تەرک ناکرێت.

ئەو قسانە تەنیا قسە بوون کە فیودور میخائیلوفیچ کردنی، نەمتوانی کارێکی وا بکەم لە قسە و گفتوگۆکانی پاشتردا قسان بکات، بەدەم جگەرەکێشانەوە و بە کونجکاوی کەوتە تەماشاکردنی من و میوانەکان، دوو کوڕەکە لە روو دامابوون، لەپێش هەموو شتێکدا ناوی دوستویفسکی زۆر کاری تێکردبوون و شەرمیان دەکرد، گوتیان هەموان دوای ئەوەی من دوێنی لە ماڵی خزمەکەم هەستام، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بڕۆین بۆ تەمەشای ئۆپڕای ( یودیف) ی سیروف* (* سیروف، ئەلکسندر نیکولایفیچ ١٨٢٠- ١٨٧١ دانەر و ڕەخنەگرێکی سازڤان و برادەری دوستویفسکی بوو) ئیدی ئەمانیان ڕاسپاردووە، کە لە من بپرسن کەی بڕۆین بۆ ئۆپراکە، تا بلیت ببڕن و جێگا بگرن.

زۆر بە نەرمی بەڵام بەشێوەیەکی بنجبڕ پێم گوتن کە من ناچم بۆ ئۆپرا، چونکە دەبێ یەکسەر بگەڕێمەوە سەر خوێندنی ئیختیزال تا بگەمەوە بە هاورێکانما.

_ باشە دەچیت بۆ ئەو ئاهەنگەی کە لە ١١/١٥ دا ساز دەدرێ؟

_ بۆ ئەو ئاهەنگەش ناچم، لەبەر هەمان هۆ.

جووتە گەنجەکە گوتیان:

_ بەڵام پارەکە و لە هەمان ئاهەنگدا زۆر خۆشحاڵ بوویت.

_ ئەوە پار بوو! پار لەکوێ و ئەمساڵ لەکوێ؟

ئەو قسەیەم بە جۆرێ کرد وەک ئەوەی بمەوێ وەعزێک دابدەم.

جووتە گەنجەکە هەستیان کرد کە میوانی ناوەختن هەستان کە بڕۆن، پێداگریم نەکرد کە بمێننەوە.

دوای ئەوەی کە میوانەکان ڕۆیشتن، لە فیودور میخائیلوفیچم پرسی:

_ دەی چۆن بووم، لێم ڕازیت؟

_ وەکو بولبول دەتخوێند، لێ مخابن، تۆ هەستی دڵبەندەکانی خۆت بەوە رەنجاند کە شتێکت ڕەفز کرد، کە پێشتر هیوایەتت بووە.

_ کەیفی خۆیانە ئێستا پێویستیم بە کەسیان نییە، من تەنیا پێویستیم بە یەک کەسە، کەسێکی جوان، خۆشەویست و ئازیز، پێویستیم بە فیودور میخائیلوفیچە!

فیودور میخائیلوفیچ گوتی:- کەواتە من خۆشەویست و ئازیزتم؟

سەرلەنوێ قسە دۆستانەکانمان دەست پێکردەوە تا شەوگار ڕاکشا هەر بەردەوام بوو.

زەمان و ڕۆژگارێکی خۆشبوو، هەڵبەتە زۆر مەمنوونی قەدەرم، کە ئەو ڕۆژانەی بۆ رەخساندم و لە بیرەوەرییەکانمدا باسی ئەو ڕۆژانە دەکەم.

"١٢"

شاردنەوەی هەواڵی خوازگارییەکەم لە خزم و کەسوکار هەر یەک هەفتە بڕی کرد، لەناکاوا نهێنییەکەمان ئاشکرا بوو.

فیودور میخائیلوفیچ، عەرەبانچییەکی بە سەعات بە کرێ گرتبوو، لە سەعات حەوتەوە بۆ سەعات دە، جا چونکە خەلکی هەژار و سادەی خۆشدەویست، بەدەم ڕێگاوە بۆ ماڵی ئێمە و گەڕانەوە لە ماڵی ئێمەوە کابرای عەرەبانچی دواندبوو، لە ساتێکی شادمانیدا هەستی بەوە کردبوو پێویستە یەکێک بکات بە شەریکی ئەم شادمانییەی خۆی وگرێی دڵی بۆ بکاتەوە، ئیدی بۆ عەرەبانچییەکەی گێڕابووەوە کە بەو زوانە ژن دێنێت.

کەچی دوای ئەوەی لە ماڵی ئێمە دەڕواتەوە، سەیردەکات پارەی لەگەڵ خۆدا هەڵنەگرتووە، کە دابەزیبوو بە عەرەبانچییەکەی گوتبوو بە کارەکەرەکەدا پارەکەی بۆ دەنێرێت، کە کارەکەرەکە پارەکەی بردبوو، سێ عەرەبانچی لەبەردەرگادا بینیبوو، نەیزانی بوو پارەکە بدات بە کیهەیان، پرسیبووی کێیان هەنووکە ( ئاغای گەورەی) هێنابووەوە.

_ زاوا؟ من هێنامەوە.

_ زاوای چی؟ ئاغای ئێمە زاوا نییە.

_ با زاوایە! خۆی پێی گوتم، من دەزگیرانەکەشیم بینی، کە دەرگایان لێکردینەوە بینیم. هاتە دەرێ تا بەڕێی بکات، کچێکی ڕوو خۆش بوو دەم بە پیکەنین و خەنۆل.

_ باشە تۆ ئاغات لە کوێوە هێنایەوە؟

_ لە سمولنییەوە هێنامەوە.

فیدوسیا ئەدرەسەکەی دەزانیم، ئیدی زانیبووی ئاغای بەتەمای کێیە، خێرا هەوالەکەی بە پاڤڵ ئەلکسندروفیچ گوتبوو.

فیودور میخائیلوفیچ، بۆ ڕۆژی دوایی هەموو ئەم دیمەنەی بۆ گێڕامەوە ( فیدوسیای بەتەواوەتی داپشکنی بوو) ئەم دیمەنەم لەیادگەدا چەسپی و هەرگیز لەبیرم نەچووەوە، کاتێ لێم پرسی رەئی کۆڵبەستەکەی ( منالی ژن لە مێردێکی تر) بەرامبەر بەم زەماوەندمان چییە؟ ڕەنگی زەرد هەڵگەرا، پێدەچوو خۆی لە پرسیارەکانم بدزێتەوە، بەلام من دەستبەردار نەبووم، هەنگێ فیودور میخائیلفیچ پێکەنی و بۆی گێڕامەوە کە ( پاشا)* (* سووکەڵە ناوی پاڤڵ بوو) بەیانی ڕۆژی دوایی خۆی بە ئۆفیسەکەدا دەکات، جوانترین جل لەبەر دەکات، عەینەکێکی شین

لەچاو دەكات، پاڤڵ تەنیا لە بۆنە و ئاهەنگەكانا ئەو جلانەی لەبەر دەكرد، بە فیودور میخائیلوفیچی گوتبوو كە زانیویەتی بەتەمای ژنهێنانە؟ پێی سەیرە و زۆریش پەستە كە لەم بارەیەوە پرسی بەم نەكردووە، چونكە ئەم قەرارە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەمەوە هەیە.

ئیدی داوا لە زڕبابی دەكات ئەوە بزانێ كە ئەو ئیدی پیر بووە، نە وەكو تەمەن و نە وەكو تەندرووستی هی ئەوە نییە ژن بێنێتەوە، بیری دەخاتەوە كە ئەو ئیلتیزاماتی دیكەی لەسەرە.

پاڤڵ ئەلكسندرۆفیچ، فیودور میخائیلوفیچ گوتەنی " بە كەش و فش و لەخۆ بایی بوونەوەو ئامۆژگارانە قسەی دەكرد" ئیدی ئەم شێوازی قسەكردنە فیودور میخائیلوفیچی توورە كردبوو و لە ئۆفیسەكەی كردبووە دەرەوە.

كاتێ دوای دوو ڕۆژان چووم بۆ لای فیودور میخائیلوفیچ ( زانی بووم كە نۆرە پەركەمێكی لێهاتبوو) كۆڵەوەسەكەی نەهات بەلاماندا، شتێكی بۆ ژووری نانخواردن دەبرد، هەرایەكی زۆری نایەوە، بە تووڕەیی هاواری بەسەر كارەكەرەكەدا كرد، بۆ ئەوەی من ئاگادار بكاتەوە كە لەماڵەوەیە، دوای هەفتەیەك دیسانەوە چووم بۆ سەردانی فیودور میخائیلوفیچ، ئەمجارەیان پاڤڵ ئەلكسنەروفیچ هاتە ئۆفیسەكە و بە ساردییەكەوەو بە شێوەیەكی فەرمی پیرۆزبایی لێكردم، دیاربوو باوەپیارەكەی گوێی ڕاكێشابوو، پاشان نزیەكەی دە دەقیقەیەك بەبیدەنگی ڕۆنیشت، پەستی و تووڕەیی بە ڕووخسارییەوە دیاربوون، بەلام فیودور میخائیلوفیچ ئەمڕۆ ئاسوودە دیاربوو، منیش دڵخۆش بووم، هەردووكمان دڵخۆش بووین، چونكە گوێمان بە شێوازی زبر و دزێوی پاڤڵ ئەلكسندروفیچ نەدا، پاشان كە بینی ئەم ڕەفتارە دزێوەی هیچ كارێكمان تێناكات وفیودور میخائیلوفیچ كە خۆی تووڕە دەكات، بایدایەوە و لەگەل مندا دایە نەرمكێشی و بە ئەدەب و نەزاكەتەوە قسەی دەگەڵ كردم، بەڵام وێرای ئەوەش لە دەرفەتێك دەگەڕا وەزەنی خۆیم لێبكات.

"١٣"

ڕۆژانی خۆشی دەزگیرانداریمان بلەز بوورین، ئەم ڕۆژانە بە ڕواڵەت لە كۆپی یەكتر دەچوون، بەهۆی كاری قورسی ئیختیزالەوە، نە سەردانی كەس و نەدەعوەتی

کەسم کرد، نەدەچوومە ئاهەنگێن مۆسیقا یان شانۆنامە، تەنیا ئەو جارە نەبێت کە چوومە تەمەشای شانۆنامەی ( مەرگی ئیڤانی ترسناک ) کە میر ئەلکسی تولستوی* نووسی بووی (* ئەلکسی قستەنتینوف تولستوی ١٨١٧- ١٨٧٥: میر، شاعیر، نووسەر و شانۆنامە نووس بوو)

ف. میخائیلوفیچ، ئەم شانۆنامەیە+٢٢ زۆر بە دڵ بوو حەزی دەکرد پێکەوە بیدینین،لۆجێکی لە شانۆکە بۆ گرتین و من و ئیملیافیدوروڤنا و کچەکەی و منداڵەکانی دەعوەت کرد، هەروەها (پاڤڵ ئەلکسندروفیچ)یشی دەعوەت کرد، هەڵبەتە چوونەکەمان زۆر خۆشتر دەبوو ئەگەر من و فیودورمیخائیلوفیچ رای خۆمان لە سەر شانۆنامەکە دەربڕیبا و گەنگەشەمان کردبا، بەڵام ئەو دژایەتیەی ئەمانە بەرانبەر بە من دەریان بڕی، مجێزی شێواندم، ئیملیافیودورڤنا، بە ئاشکرا بێزاری خۆی لە من دەردەبڕی، لە کۆتاییدا، زۆر خەمبار بووم، فیودورمیخائیلوفیچ یەکسەر هەستی پێکرد و بە پەرۆشییەوە پرسی چیمە، گوتم سەرم دێشێت.

هەرچەندە ئێوارەیەکی ناخۆش بوو، بەڵام شادمانییەکەی نەسرییمەوە، شادییەکی سەیر ڕوحی ئاوەدان کردبوومەوە، جاران هەمیشە شتێک هەبو پێوەی خجڵ دەبووم، بەلام هەنووکە هیچ ئیشێکم نەبوو، بە درێژایی ڕۆژ بیرم لە هیچ نەدەکردەوە تەنیا فیودور میخائیلوفیچ نەبێت، قسەکانی خۆمانم بیردەکەوتەوەو بە پەرۆشەوە چاوەڕوان دەبووم کە بێت بۆ لام، بە زۆری سەعات حەوتی ئێوارە دەهات، هەندێ جار سەعات شەش و نیو دەهات، هەرکە ئەو دەهات سەماوەرەکە حازر و ئامادە بوو، کە زستان هات دەترسام لە هاتنیا بۆ ماڵی ئیمە، کە هەم ڕێگاکە دوور بوو هەم دنیا ساردبوو، سەرمای ببێت و تووشی هەلامەت ببێت، بۆیە هەرکە دەهاتە ژوورەوە، بە هەشتا و کوپێ چای گەرمم فریای دەخست.

هەموو رۆژێک دەهاتە سەردانم، هەستم کرد ئەم کارە بۆ ئەو زۆر زەحمەتە، بەزەییم پیایدا دەهاتەوە، بۆیە پێشنیازم کرد پێوسیت ناکات ئەو زەحمەتە بکێشێت و هەموو ڕۆژێک بێتە سەردانم، با بیکاتە ڕۆژ نا ڕۆژێک، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ دووپاتی کردەوە کە بەخۆی حەزدەکات و کە دەگەڵ مندا دەبێت هەست بە چالاکی و ئارامی دەروونی دەکات ، بەڵام وێرای ئەمەش ئامادەیە ئەگەر من حەزناکەم، سەردانەکەی بکاتە رۆژ نا ڕۆژێک، هەڵبەتە بە شۆخییەوە ئەو قسەیەی کرد، چونکە دەیزانی بە هاتنی ئەو چەند خۆشحاڵ دەبووم.

دوای چاخواردنەوە لە سەر کورسی و قەنەفە کۆنەکان دادەنیشتین، سەرمێزە چکۆلەکەی بەینمان پڕ بوو لە نوقڵ و جۆرەها شیرینی، فیودور میخائیلوفیچ هەموو ئێوارەیەک شیرینی بالێتی* (* دووکانێکی شیرینیفرۆشی بانێوبانگ بوو) لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، جاچونکە من ئاگام لە ڕەوشی دارایی ئەو هەبوو، هەوڵمدا قەناعەتی پێبکەم کە شیرینی لەگەڵ خۆیدا نەهێنێ، بەڵام پێی وابوو دیاری دڵدار بۆ دلبەر دابونەریتێکی کۆنی باشە دەبێ بپارێزرێت.

منیش لەلای خۆمەوە سوور بووم لەسەر ئەوەی ئەو خواردن و میوانە پەیدا بکەم کە فیودورمیخائیلوفیچ حەزی لێدەکردن، وەکو هەرمێ، مێوژ وخورما وقەیسی وشکەوەکراو و باستێلا، هەڵبەتە بەبڕی کەم، بەڵام هەمیشە تازە و ئیشتیابزوێن.

بەخۆم دەچووم بۆ بازاڕ و لە شتێک دەگەڕام کە فیودورمیخائیلوفیچ دڵی پێی خۆش بێت، هەمیشە بە سەرسامی دەیگوت، کەس ناتوانێ ئەم شتە بەلەزەتانە پەیدا بکات تەنیا ئەم کچە نەوسن و خواردەیە نەبێت، هەمووجار پێمدەگوت کە ئەو نەسنە، بەو جۆرە نەماندەزانی کاممان نەوسنترین.

کە سەعات لە دە نزیک بووەوە، کەوتمە ئەوەی فیودور میخائیلوفیچ هان بدەم کە بۆ ماڵەکەی خۆی بڕواتەوە، ئەو شوێنەی ماڵەکەی دایکمی لێبوو چۆڵ و ترسناک بوو، دەترسام پێشهاتێکی خراپی بێتە ڕێ، لە سەرەتاوە بە فیودور میخائیلوفیچم دەگوت با دەرگاوانەکە بیگەیەنێتەوە، بەلام بەگوێی نەدەکردم، ئیدی بە دەرگاوانەکەم دەگوت بە دزییەوە و بە دووری پازدە بیست شەقاوێک دووی بکەوێت، تا دەگاتە ئەو پێچەی بۆ سەر جادەی سلونوڤایا لای دەدا، کە جادەیەکی قەرەباڵغ بوو.

هەندێجار فیودورمیخائیلوفیچ نەیدەتوانی بێت بۆ لام، ئیدی یان دەچووە کۆڕێن ئەدەبی، یا دەعوەتی شێو دەبوو، لەم حالەتانەدا، شەوێ ڕێدەکەوتین کە من بە ڕۆژوە، لە دەوروبەری سەعات یەکەوە تا سەعات پێنج سەری بدەم، ئێستاش لەبیرمە چۆن بەوپەڕی میرەبانی هەوڵی دەدا قەناعەتم پێبێنی کە (دە دەقیقە، چارەکێکی دی بمێنمەوە) ئەوجا بە گلەییەوە دەیگوت:

_ ئانیا تۆ بیربکەرەوە شەو و ڕۆژێکی تر ناتبینم!

هەندێجار سەعات نۆ و نۆ ونیوی هەمان ئێوارە، دوای ئەوەی خۆی لە میوانان دەدزییەوە، یان دوای ئەوەی بابەتەکەی خۆی پێشکەش دەکرد، دەهات بۆماڵمان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەیگوت:

_ هەڵاتم! وەکو چۆن قوتابیان هەڵدێن! با ئەگەر بۆ نیو سەعاتیش بووە بۆ خۆ پێکەوە دانیشین! هەڵبەتە زۆر خۆشحاڵ دەبووم کە هەمان ڕۆژ بۆ جاری دووەم دەمبینی.

دوستویفسکی هەمیشە بە ڕووخۆشی و بە کەیف خۆشی بۆ لامان دەهات، زۆرجار سەرم لەو دەنگۆیانە سووردەما کە دەگوترا پیاوێکی گرژ و مۆن و خەمینە، چەند جارێک ڕێکەوتبوو کە ئەو قسەیەم خوێندبووەوە و لە ناسیاوەکانی خۆیم بیستبوو٢٣+ .

جارێکیان فیودور میخائیلوفیچ، کە هەواڵی ب.م ئولخینی مامۆستای ئیختیزالی لێ پرسیم، گوتی: کە پیاوێکی گرژ و مۆنە!

پێکەنیم و گوتم:

_ ئەگەر دەزانی پاڤڵ ماتتڤیڤیچ ( ئولخین) چی بە تۆ دەڵێ؟ کە منی بۆ لای تۆ نارد، گوتی کارێکم لەلای دوستویفسکی نووسەر بۆ دۆزیویتەوە، بەلام نازانم چۆن لەگەڵیا هەڵدەکەیت، کەسێکی زۆر گرژ ومۆن دیارە، " کەچی تۆش هەمان قسە دەربارەی ئەو دەکەیت! بەڵام لە ڕاستیدا کەستان گرژ و مۆن نین، بەرواڵەت وا دیارن" دوستویفسکی بەوپەڕی کونجکاوییەوە لێی پرسیم:

_ باشە ئەوسا چ وەڵامێکی ئولخینت دایەوە؟

_ پێمگوت: من چم بەسەر دوستویفسکییەوە؟ گرینگ ئەوەیە کارەکەی بە باشترین شێوە بۆ ئەنجام دەدەم، بەڵام سەبارەت بە خودی دوستویفسکی، من ڕێزی زۆرم بۆی هەیە، بگرە لێی دەترسم!

_ کەواتە وێرای هۆشدارییەکەی ئولخین، کارەکانمان بە باشترین شێوە و بۆ هەتا هەتایە بەڕێوە چوو، وانییە ئانیچکا گیان؟

دوستویفسکی بەدەم ئەو پرسیارەوە بە میهرەبانییەوە دەستی دا بە شانمدا.

که فیودورمیخائیلوفیچ، بەوپەڕی ئاسوودەیی دەهات بۆ ماڵمان، منیش بەوپەڕی ڕووخۆشی و نەرمونیانیەوە پێشوازیم لێدەکرد و دەمدواند، دەنگم وەکو زەنگۆڵە دەزرینگایەوە، بە بچوکترین نوکتە و شۆخی لە قاقای پێکەنینم دەدا، هەنگێ فیودور میخائیلوفیچ دەستی دەدان بەیەکدا و بە سەرسامی و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

باشە من چۆن دەگەڵ ئەم مندالەدا رەفتار بکەم، خێری خۆت پێم نالێی؟ باشە ئاناگریگوریڤنا سەلار و سەنگینەکەی جاران، ئەو ئانا جدییەی کە دەهات تاکو پێکەوە کاری ئیختیزال بکەین، کێوە چوو؟ خەریکە دەگەمە ئەو قەناعەتەی کە هەبێ و نەبێ بە دزییەوە گۆڕیویانە!

ئیدی یەکسەر ڕواڵەتیکی جدیم لەخۆ دەهێنا و بە زمانێکی زۆر جدی کەوتمە قسان و دوای تۆزێک هەردووکمان لە قاقای پێکەنینمان دا.

هەڵبەتە من بەردەوام بە دەماغ و ڕووخۆش نەبووم، کاتێ کە فیودور میخائیلوفیچ، دەوری ( پیرەمێردی منداڵی) دەبینی زۆر توورە دەبووم، دەیتوانی بە سەعاتان بە زمانی قارەمانەکانییەوە قسان بکات و بچێتە کلێشەی ئەوانەوە، بۆ نموونە میرە پیرەکەی ڕۆمانی ( خەونی هاپۆ گیان) بیرۆکەی زۆر تازە و کتوپڕی لەلابوو، زۆر لێزانانە و بە ئاو و تاو و بلیمەتانە قسەی دەکرد، بەڵام ئەم چیرۆکانە بە زمانی منداڵەوە کە هەرگیز لە بابایەکی پیرەمێرد نەدەوەشایەوە، پەستی دەکردم، بۆیە خێرا بابەتی قسەکەم دەگۆڕی، جا لەم چەند مانگە خۆشەدا چی ما باسی نەکەین! باسی منداڵیەتی، گەنجێتی، کۆلیژی ئەندازە، باسی چالاکییە سیاسییەکانی، باسی تاراوگە و سیبریاو باسی گەرانەوەیم لە تاراوگە لێدەپرسی و دەپرسییەوە.

پێمگوت:_ حەز دەکەم هەموو شتێکی دەربارە بزانم، ڕابردووت بە ڕوونی بزانم، بچمە بنج و بناوانی ڕوحتەوە!

ئیدی فیودور میخائیلوفیچ، بە کەماڵی ئیسراحەت یادگارییەکانی منداڵییەتی ئارام و خۆش خۆشی خۆی دەگێڕایەوە، زۆر بە ئاو وتاو باسی دایکی+٢٤ دەگێڕایەوە، میشای براگەورەی یەجگار خۆشدەویست، هەروەها ڤارینکای*(* سووکەڵە ناوی ڤارڤارایە) خوشکە گەورەشی یەجگار خۆشدەویست، بەڵام بە هەمان جۆش و

خرۆشەوە باسی خوشک و برا بچووکەکانی نەدەکرد، پرسیاری ئەوەم لێدەکرد کە زۆر حەزی لە چی بووە، سەرم لەوە سوڕمابوو کە باسی هیچ دڵدارییەکی سەردەمی لای خۆی نەدەکرد، وام لێکدایەوە چونکە زۆر زوو خۆی دابووە دنیای نووسین و ئەدەبیات، ئیدی چالاکی ڕۆشنبیری دەرفەتی دڵداری و ڤیانی بۆ نەهێشتبووەوە، هەروەها زوو لە مەسەلەیەکی سیاسی ئاڵۆزەوە گلابوو کە ناچار دەبێت باجێکی گەورە ۲۵+ بدات و فریا نەکەوێ بەو کارە سۆزدارییە تایبەتیانە ڕابگات.

چەند جارێک پرسیاری ژنە مردووەکەیم لێکرد، زۆر حەزی نەدەکرد باسی بکات، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیربوو بە دریژایی ساڵانی دواتری ژن و مێردایەتیمان، هەرگیز باسی ماریادمیتریڤنای نەکرد، تەنیا جارێک نەبێ ئەویش باسی رووداوێکی کرد لە جینیفدا ڕووی دابوو کە پاشان باسی دەکەم۲۶+.

بەلام زۆرجار یادی بەخێری ئاناڤاسیلیڤیناکورڤین- کروکوڤسکایای یەکەم دەزگیرانی خۆی دەکرد، کە لێم پرسی بۆچی جودابوونەوە گوتی:

_ ئاناڤاسیلیڤنا یەکێک بوو لەو ژنە هەرە باشانەی کە لە ژیانما دیتبووم، زۆر زیرەک، پوختە، خودان ڕۆشنبیرییەکی ئەدەبی فراوان، دڵێکی هەبوو بێگەرد و جوان، کچێک بوو ڕەوشت بەرز، لێ لە بیروبۆچووندا ڕێک پێچەوانەی یەکدی بووین، مەحاڵ بوو لە بیروبۆچوونی خۆی پاشگەز بێتەوە، دەستبەرداری بیروبۆچوونی خۆی نەدەبوو، بۆیە تەسەور نەدەکرا وەکو ژن و مێرد پێکەوە هەڵکەین، پڕ بەدڵ خۆزیای ئەوەم بۆ دەخواست تووشی پیاوێکی هاوفکری خۆی ببێت و لەگەڵیدا بەختەوەر بێت.

فیودورمیخائیلوفیچ، هەتا سەر بەینی دەگەڵ ئاناڤاسیلیڤنادا هەر خۆشبوو، بە دۆستێکی دڵسۆزی دەزانی، منیش بە شەش ساڵ دوای شووکردنم بە دسوتویفسکی، ئاشنایەتیم دەگەڵیدا پەیدا کرد و دۆستایەتییەکی خۆش کەوتە نێوانمانەوە و یەکترمان خۆشدەویست و ڕێزی یەکدیمان دەگرت، هومووی ئەو وەسپانەی کە فیودور میخائیلوفیچ کردبووی لە زیرەکی ودلپاکی و ڕەوشتبەرزی هەرهەمووی بە زیادەوە تیا بوو، هەروەها لەوەشا کە مەحاڵ بوو پێکەوە بسازێن و هەڵکەن، هەر هەق بە فیودورمیخائیلوفیچ بوو. ئاناڤاسیلیڤنا ئەوەندەی لێبووردەیی تیا نەبوو کە بەکەڵکی ئەوە بێت ژیانیکی خێزانداری ئاوای پێدرێژە بدرێت، بەتایبەتی ئەگەر شووی بە پیاویکی نەخۆشی دڵناسکی وەکو فیودورمیخائیلوفیچ بکردایە، ئەمە جگە

لەوەی ئاناڤاسیلیڤنا لەو سەروبەند وقۆناغەدا زۆر بە کێشماکێشی حزبێن سیاسییەوە سەرقاڵ بوو، هێندە مژووڵ بوو فریای ماڵ و ماڵداری نەدەکەوت، بەڵام بەرە بەرە گۆڕا، من بیرمە وەختایەک بینیم ژنێکی زۆر جوان و دایکێکی فرە دلۆڤان بوو.

چارەنووسی ئاناڤاسیلیڤناکورڤین- کروکوڤسکایا( خوشکی سۆفیاڤاسیلیڤنا کوڤالیڤسکایای بەنێوبانگ*) (* سوفیا ڤاسیلڤینا کوڤالیڤسکایا، بەر لە شووکردن کورڤین- کروکوڤسکایا ١٨٥٠- ١٨٩١: زانای بیرکاری، دکتۆرای فەلسەفە، ماجستێر لە هونەرە جوانەکان) چارەنووسێکی خەمناک بوو، دوای جیابوونەوەی لە فیودور میخائیلوفیچ دەڕوات بۆ هەندەران، لەوێدەر تووشی کوڕێکی فەرەنسی دەبێت بە نێوی چاکلار، کە هەمان بیروبۆچوونی سیاسی ئانای دەبێت، ئانا حەزی لێدەکات و زەماوەند دەکەن، لە کاتی کۆمونەی پاریسدا چاکلار لە هەوادارانی تەواو عەیاری کۆمونە دەبێت و ناوی لە لیستی مەحکومانی ئیعدامدا دەبێت، پاشان دەستگیر دەکرێت و لە قەڵایەکی نزیکی سنووری ئەڵمانیادا دەزندانی دەپەستن، لێرەدا بابی ئانا ڤاسیلڤینا بەرتیلێکی بیست هەزار فرەنکی دەدات بە پاسەوانەکەی کە زەمینەی بۆ خۆش دەکات بۆ ئەڵمانیا هەڵبێت+٢٧.

دوای ئەوە چاکلار- کورڤین ( دوای ئەوەی ناوی فامیلی ژنەکەی بە گوێرەی داب و باوی بیانی هەڵگرت) دەگەڵ خێزانەکەیدا سەفەری پترسبورگی کرد، لەوێندەر بوو بە مامۆستای ئەدەبی فەرەنسی لە قوتابخانانی دواناوەندی کیژان، چاکلار بە خۆشی و تەبایی دەگەڵ ژنەکەیدا دەژیا، بەڵام ئاگری سۆز و نوستالیژای نیشتمان حەوانەوەی لێهەڵدەگرێت، کە ئەمە ترس دەخاتە دڵی ئانا ڤاسیلیڤناوە، ئیدی ڕەوشی داراییان زۆر خراپ دەبێت، بەتایبەتی کە پارەیەکی زۆریان لە نەشتەرگەرییەکی منداڵ لەباربردنی ئاناڤاسیلیڤینا سەرف کرد، بۆ نەگبەتی دوای چەند ساڵێک تەنیا خانوویەکیان لە دوورگەی ڤاسیلیڤسکی بۆ دەمێنیتەوە کە لە هەنبەر پارەیەکی زۆرا لە ڕەهندا دەبێت، ئەو نابووتییەی بەرۆکی گرتن، زۆری کار لە ئاناڤاسیلیڤنا، کە خۆی لە خۆیدا نەخۆش بوو، کرد. بەرە بەرە دایە کزی، ئیدی مێردەکەی کە هێشتا مافی گەڕانەوە بۆ وڵاتی هەبوو، بردییەوە بۆ پاریس، ناو بە ناو بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ کار و بار بۆ پتروسبورگ دەگەرانەوە، لە کاتی نەخۆشییەکەی ئەو دواییانەیدا توانیم لە ڕێگای ( قنستنتین بوبیدرونوستسیف)

خزمەتیکی بچوکی ئاناڤاسیلیڤینا بکەم، ئەویش ئەوە بوو، شفاعەتێکم بۆ مێردەکەی کرد کە بە هۆی گومانێکی سیاسییەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە پایتەخت دوورخرابووەوە، شفاعەتی ئەوەم بۆ کرد کە ڕێگەی بدرێت چەند هەفتەیەکی دی لە ڕووسیا بمێنێتەوە، تا تەگبیری حاڵی خۆ بکەن و دەگەڵ ژنە نەخۆشەکەی و منداڵەکەیدا سەفەری هەندەران+۲۸ بکات، ئاناڤاسیلیڤنا لە ساڵی ۱۸۸۷ دا لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

"١٤"

لە ئێوارە گفتوگۆیەکی خۆماندا فیودور میخائیلوفیچ لێی پرسیم:

_ ئانیا، ئەو ڕۆژەت لەبیرە کە یەکەمجار زانیم تۆ خۆشت دەوێم؟

بەرسڤم دایەوە:

_ دەزانی گیانە من لە منداڵییەوە دوستویفسکیم دەناسی، خۆشم دەویستی، بە گوتەیەکی دی لە تەمەنی پازدە ساڵیدا یەکێک لە قارەمانەکانتم خۆشدەویست.

فیودور میخائیلوفیچ بێئەوەی قسەکانم بەهەند وەربگرێ پێکەنی، لەسەری ڕۆیشتم و گوتم:

_ بەڕاستمە، باوەڕبکە، بابم ئاشقی خوێندنەوە بوو، کە باس دەهاتە سەر ئەدەبی تازە، هەمیشە دەیگوت:" دەی چاکە، ئەدی سەبارەت بە نووسەرانی ئەمڕۆ؟ لە زەمانی مندا باو باوی پوشکین* ( *پوشکین، ئەلکسندر سیرگیفیچ ۱۷۹۹- ۱۸۳۷: نووسەر، شانۆنامە نووس، شاعیر بوو، خاوەنی ڕۆسلان ولودمیلا، دیلی قەفقاز، سوارچاکی برونزی،یەڤگینی ئۆنیگین، بوریس گودونوفە، پوشکین زۆر زوو چووەتە ناو ژیانی ئەدەبی دوستویفسکییەوە و تا کۆتایی ژیانی هەر باندۆر و کاریگەری بەسەر دوستویسکییەوە هەبووە، ناوی پوشکین لە زۆر بەرهەمی هونەری دوستویفسکی و لە وتار و نامە و بیرەوەرییەکانیدا هاتووە)

و گوگول* (* گوگول، نیکولای ڤاسیلیڤیچ ۱۸۰۹- ۱۸۵۲ نووسەر و ئەدیب بوو، خاوەنی: ئێوارانێکی نزیکی گوندی دیکانکا، گیانە مردووەکان، لووت، پاڵتۆ،

سەرپەرشتیاری گشتی، دوستویفسکی لە سەرەتای لاوییەوە شیفتە و دڵبەندی بوو، لە هەژاراندا کە یەکەم ڕۆمانی دوستویفسکییە، سێبەری هونەری گۆگۆل بەسەر خودی نووسەر و قارەمانەکانییەوە دیارە، نیکراسوف لە نامەیەکیا بۆ بلینسکی دوای بڵاوبوونەوەی هەژاران، دەڵێت: " گۆگۆڵێکی دیکە لەدایک بوو،" دوستویفسکی تا کۆتایی ژیانی هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە گۆگۆل یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەدەبی ڕووسی) و چوکوڤسکی* ( *چوکوڤسکی، ڤاسیلی ئاندرییڤیچ ١٧٨٢- ١٨٥٢: شاعیرە، بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕۆمانسیەتی ڕووسی دێتە ژماردن، ئۆدیسای هۆمیرۆسی پاچڤە کردووە، هەروەها گەلێک لە بەرهەمەکانی شیللەر و بایرۆنی پاچڤە کردووە) لە گەنجەکانیشدا دوستویفسکی نووسەری (هەژاران) بەنامێ بوو، کە بەڕاستی بەهرە بوو نەک گاڵتە، لێ مخابن لە سیاسەتەوە گلا و ڕەهەنەی سیبریا کرا و حاڵی حازر نە دەنگی هەیە و نە ڕەنگ!"

لەبیرمە هاوینی ساڵی ١٨٦١ چووین بۆ بیترهوف* (* بیترهوف، "بترودڤوریتس تا ساڵی ١٩٤٤" کۆمەڵێک باخ و کۆشک و تاڤگە و فوارەن لە پترسبورگ، دەکەوێتە سەر کەنداوی فنلندی، پەترۆسی گەورە لە ساڵی ١٧٠٩ دا درووستی کردووە، ئیدی ئەمە نشیمەنی تزاران بووە لە دەوروبەری پایتەختدا) هەرکاتێ دایکم بۆ بازاڕ کردن دەچوو بۆ شار، من وخوشکەکەم لێی دەپاڕاینەوە کە سەرێکی کتیبخانەی چیرکیسوف* (* چیرکیسوف،ئەلکسندەر ئەلکسندرۆفیچ(١٨٣٩-١٩٠٨)کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی دیارە ،خاوەنی کۆمەڵێک کتێبخانەی گشتی و دووکانی کتیبفرۆشییە لە پتروسبورگ و موسکۆ) تا ژمارەی تازەی گۆڤاری ( ڤریمیا- کات) بکڕێت، پێکهاتەی خانەوادەیی ئێمە پێکهاتەیەکی بابسالاری بوو، بەو پێیە گۆڤارەکە یەکەمجار دەکەوتە دەست بابم، جا بابم بەلەنگازە چونکە ئەوسا بێتاقەت و نەخۆش بوو، زۆر جار دوای نانخواردن کە لەسەر کورسییەکەی دادەنیشت و کتیبێک یان ڕۆژنامەیەکی دەخوێندەوە زۆر جار خەوی پێدا دەکەوت. بە پێدزکە خۆم دەگەیاندێ و بە ئەسپایی کتێبەکەم لە دەستی دەردێنا و بەهەشتاو دەمبرد بۆ ناو باخچەکە و لەژێر دەوەنێکدا ڕۆدەنیشتم تا بەتاسەوە بێئەوەی کەس نارەحەتم بکات، ڕۆمانەکەت بخوێنمەوە، بەڵام فێڵەکەم سەری نەدەگرت، ماشای خوشکم دەهاتە سەرم، بەحوکمی ئەوەی لە من گەورەتر بوو، کتێبەکەی لێ وەردەگرتم، چەند لێی دەپاڕامەوە یارمەتیم بدات تا فەسڵێکی ( مدلون) تەواو بکەم فایدەی نەبوو.

لەسەری ڕۆیشتم و گوتم:

_ جا چونکە گەنجێکی کاڵفامی ئایدیالی بووم، قارەمانانی ڕۆمانەکەم بە کەسانی زندوو و راستەقینە دەزانی، ڕقم لە میرڤالکۆڤسکی بوو، ئەلیوشام دەبوغزاند چونکە بێ دەسەلات وبێ ورە بوو، هاوسۆزیم دەگەڵ ئیخمینیفی پیردا دەکرد، بەزەییم بە یللی دا دەهاتەوە... ناتاشام خۆش نەدەویست.. تەمەشا بزانە چۆن تا ئێستاش ناوی قارەمانەکانم بە دروستی لەبیر ماون!

فیودور میخائیلوفیچ گوتی:

_ دەزانی من ئەو ناوانەم لەبیر نەماون، تەنیا ناوەڕۆک وتیمەی ڕۆمانەکەم بیر ماوە، ئەویش بە گونگی و ئاڵۆزی.

بەسەرسامی گوتم:

_ بەڕاست؟ حەیفێ! من ئاشقی ئیڤان پتروفیچ بووم، ئەو قارەمانەی ڕووداوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، هەرچی سەرم دێنا و سەرم دەبرد تێنەدەگەیشتم کە ناتاشا چۆن ئەلیوشای تووڕەهاتی بەسەر ئەو پیاوە جوانەدا پەسەند دەدا، بەدەم خوێندنەوەوە لە دڵی خۆدا دەمگوت:" هەقی خۆیەتی لەوەش کلۆڵتر بێ، چونکە چونکە ڤیانی ئیڤان پتروڤیچی ڕەفز کردبوو کە من هاوسۆزیم دەگەڵ ئەو و نووسەری ڕۆمانەکەدا دەکرد، وام وێنا دەکرد کە خودی دوستویفسکی و چیرۆکی خەمناکی ڤیانی ناکامی خۆی دەگێڕێتەوە... ئەگەر بەڕاستی بیرت چووەتەوە هەقە جارێکی دی ئەو ڕۆمانە جوانە بخوێنیتەوە.. ئەوسا لەسەری ڕۆیشتم:

_ لەبیرمە جارێک لە سەرەتای یەکتر ناسینماندا لێت پرسیم ئایا کەوتوومە داوی ئەشقەوە؟ وەڵامم دایتەوە:" ئاشقی کەسێکی دیاریکراو نەبووم، بەڵام لەتەمەنی پازدە ساڵیدا، یەکێک لە قارەمانەکانتم خۆش ویستووە، لێت پرسیم هی کامە ڕۆمان؟" لێرەدا ئاڕاستەی قسەکەم گۆری: هەستم کرد ماقوول نییە ناوی قارەمانی ڕۆمانەکەت بێنم، دەتوانی ئەوە بە جۆرە نازێکی ئەو خانمانە لە قەڵەم بدەی کە حەز دەکەن وا بنوێنن کە شارەزای ئەدەبن، حەزم دەکرد کەسێکی سەربەخۆ بم.

مەگەر هەر خوا بزانێ چەندم فرمێسک بەدیار خوێندنەوەی ( یادگارییەکانی خانەی مردوانەوە) ڕشتووە! بەقەد دنیا خەفەتم بۆ دوستویفسکی دەخوارد و دڵم

پێی دەسووتا، کە ئەو هەموو عەزابەی لە زندان و تاروگەدا چەشتبوو، من لە سۆنگەی ئەو هەستانەوە کە بۆم باسکردی هاتم کە کارت لەگەڵدا بکەم.

پڕ بەدڵ حەزم دەکرد هەرچۆنێک بووە دەستی یارمەتی بۆ مرۆڤێک درێژ بکەم، کەمێک باری سەرشانی سووک بکەم، مرۆڤێک کە زۆر شیفتەی بەرهەمەکانی بووم، زۆر سوپاسی خوام کرد کە ئولخین منی هەڵبژارد تا کارت دەگەڵدا بکەم نەک یەکێکی دی.

کە دیقەتم دا قسەکانم دەربارەی ڕۆمانی ( یادگارییەکانی خانەی مردوان) فیودور میخائیلوفیچی خەمبارکرد، بلەز ئاڕاستەی قسەکانم گۆڕی و بە سوعبەتەوە پێمگوت:

_ دەزانی قەدەر منی بۆ ئەوە هەڵبژاردووە کە ژنی تۆ بم، کاتێ لە تەمەنی شازدە ساڵیدا بووم بە نیتوچکا نیزڤانوڤا* (* ئامازەیە بۆ ڕۆمانی نیتوچکانیزڤانۆڤای دوستویفسکی کە هەم ناوی ڕۆمانەکەیە و هەم ناوی شاقارەمانی ڕۆمانەکەیە، دوستویڤسکی لە ساڵی ١٨٤٦ دا دەستی بەم ڕۆمانە کرد، بەڵام تەواوی نەکرد، چونکە نووسەر بەسەریا گیرا، وشەی نیزڤانوڤا لە ئاوەڵناوی نیژڤانییەوە وەرگیراوە، بە ڕووسی دەکاتە میوانی ناوەخت) من ناوم ئانایە کە سووکەڵە ناوی ئانا دەکاتە نیتوچکا، جا چونکە زۆر جار و بەبێ ئەوەی دەعوەت بکرێم دەچووم بۆ ماڵی خزمەکانم، ، ئیدی هەر بۆ ئەوەی لە هەر نیتوچکایەکی دی جیام بکەنەوە وایان بە باش زانی بە نیتوچکا نیزڤانوڤا گازم بکەن، هەروەها لەبەر ئەوەش بوو کە دەیانزانی حەزم لە ڕۆمانەکانی دوستویفسکییە، جا تۆش پێم بڵێ نیتوچکا، ئەو داوایەم لە فیودور میخائیلوفیچ کرد، وەڵامی دامەوە:

_ نا! نیتوچکای شاقارەمانی ڕۆمانەکەم لە ژیانیا عەزابی زۆری چەشتووە، ژیانی پڕ بوو لە خەمو پەژارە، من دەمەوێ تۆ بەختەوەر و شادومان بیت، باشتر وایە باشتر وایە بە ئانیا بانگت بکەم، من حەزم لەم ناوەیە!

شەوی دواتر منیش هەمان ئەو پرسیارەم لە فیودور میخائیلوفیچ کرد، کە لەمێژبوو لە خەیاڵما بوو وشەرمم دەکرد بیکەم: کەنگێ هەستی کرد خۆشی دەوێم و کەنگێ بڕیاری دا خوازگاریم بکات؟

فیودور میخائیلوفیچ، کەوتە کاوێژ کردنەوەی بیرەوەرییەکانی، کە گوتی لە هەفتەی یەکەمی یەکدی ناسینەکەماندا بە هیچ جۆرێ سەرنجی ڕووخساری نەداوم، زۆرم لەبەر گران بوو.

بە حەپەساوی گوتم:

ـ چۆن؟ یانی چی؟

ـ ئەگەر کەسیک یەکێکی تازەت پێ بناسێنێ، ماقووڵە رووخساریت لەبیر بمێنێ؟ هەڵبەتە نەخێر؟ و من بە تەبیعەت بیرم باش نییە و شتم زوو لەبیر دەچێت، ئەگەر کەسێک لێی پرسیبام ئاخۆ سوور و سپی بوویت یا ئەسمەر نەمدەزانی، تا کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر سەرنجی چاوە قاوەییەکانت و بزە ناسکەکەتم نەدابوو، پاش ئەوە ئیدی دڵبەندی هەموو ڕوخسارت بووم، تا کات زیاتر دەبووری پتر دڵبەندت دەبووم! بەڵام هەنووکە هیچ ڕووخسارێکم لەم دنیایەدا لە ڕووخساری تۆ پێ جوانتر نییە! ئەوجا بە ساکاری لەسەری ڕۆیی: لەلای هەموو کەسێک جوانە.

ف. میخایلوفیچ لەسەری ڕۆیی و گوتی:

ـ کە یەکەم جار هاتیت زۆر شیفتەی سەلاری و سەنگینییەکەت بووم، ڕەفتارت زۆر جدی و بگرە مەیلە و زبر بوو، لە دڵی خۆدا گوتم: بەڕاستی کیژێکی سەنگین و جدی دیارە، زۆر دڵخۆش بووم کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نمونەی وا هەیە، لەبیرمە جارێک بەبێ هیچ مەبەستێک وشەیەکی ناشرینم لەزار دەرچوو، مۆڕەیەکی ئەوتۆت لێ کردم کە ناچار بووم لەوەو دوا، بۆئەوەی تووڕەت نەکەم، هەزار ویەک حساب بۆ هەر وشەیەکی خۆم بکەم، پاشان ئەوەی شیفتەی کردم، ئەوەبوو بەوپەڕی نیازپاکی لە کاروبارە تەیبەتییەکانی منت دەپرسی، هاوسۆزیت سەبارەت بەو بەڵایانە دەردەبڕی کە هەڕەشەیان لێدەکردم، وام دەزانی خزم ودۆستەکانم خۆشیان دەوێم، زۆر بە پەرۆشەوەن بۆم، خوایان نەماوە چونکە مافە ئەدەبییەکانم لەدەست دەدەم، لە ستیلوفسکی پەستبوون، بێزاربوون، گلەییان لێدەکردم کە چۆن ئەو گرێبەستەم ئیمزا کردووە ( وەکو ئەوەی بە خوایشتی خۆم ئیمزام کردبێت) ئیدی بەبار ئامۆژگارییان دەکردم، دڵخۆشییان دەدامەوە، بەڵام من هەستم دەکرد، هەر هەموو ئەوە تەنیا " قسەیە.. قسەیە.. قسەیە" و هیچی دی، کەسیان بەڕاستیان نەبوو، خەمی ئەوەیان نەبوو کە ئەگەر مافەکانم لەدەست بدەم، ئیدی بە جارێ دەکەومە

سەر ساجی عەلی و هەڵدەستمە سەر پێیان... کەچی ئەم کیژە بیانییە، کە تازەم ناسیوە، هەر لەیەکەم ساتەوە کە بە ڕەوشی منی زانی بە کردەوە کەوتە یارمەتیدانم، نەک بە قسە، بێئەوەی هیچ شتێک بڵێت، یا خەمی خۆی دەربڕێت، کاتێ دوای چەند ڕۆژێک کارەکەمان کەوتە سەر سکەی خۆی، هیوا لە دڵ و دەروونم گەڕا، دری بەو نائومێدییە ڕەهایە دا کە ڕوحی داگرتبووم، لە دڵی خۆدا گوتم:

" ئەگەر کار وا بڕوات لەگینە بتوانم لە کاتی دیاریکراودا کارەکە ڕادەست بکەم!"

جەخت کردنەوەی تۆ لەسەر ئەوەی کە فریا دەکەوین! " بیرتە چۆن پێکەوە ئەو پەڕانەمان دەژمارد کە نووسی بووتن" هێندەی دی هیوای پێدەبەخشیم، ورەی بەرز دەکردمەوە، سوور دەبووم لەسەر کارکردن، زۆرجار لە دڵی خۆمدا دەمگوت: " تەماشا ئەم کیژە چەند دڵێکی باشی هەیە! هەر بە قسەوە ناوەستێ، بەڵکو بەڕاستی بە خەمی منەوەیە، حەزدەکات لەم کێشەیەم ڕزگاربکات، کە تێی کەوتووم" هەستم بە تەنیاییەکی ترسناک دەکرد، تا ئەنجام کەسێک پەیدا بوو کە دڵسۆزانە هاوخەمی دەگەڵ دەکردم، هەنگێ هەستم بە شادییەکی گەورە کرد.

فیودور میخائیلوفیچ لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی:

_ وابزانم خۆشەویستیم بۆ تۆ لەو ساتەوە دەستی پێکرد، دوای ئەوە شیفتەی ڕەزای شیرینت بووم، زۆرجار بیرم لێدەکردیتەوە، بەڵام کاتێ لە ڕۆمانی ( قومارچی) بووینەوە و هەستم کرد کە ئیدی هەموو ڕۆژێک یەکدی نابینین، بۆم دەرکەوت کە ناتوانم بەبێ تۆ بژیم، هەنگێ لێبڕام کە خوازبێنیت بکەم.

بە جدی لێم پرسی:

_ باشە بۆچی وەکو هەموو خەڵکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خوازگاریت نەکردم و بەم پێچ و پەنایەوە بە ناوی ڕۆمانێکی دەستکردەوە بۆم هاتی؟

فیودورمیخائیلوفیچ، دڵی پڕبوو و بەرسڤی دایەوە:

_ دەزانی کۆترە باریکەکەم، ئانیا گیان، کە سەنگ و پێگەی تۆم بۆ دەرکەوت تووشی نائومێدییەکی قووڵ بووم، هەستم دەکرد زەماوەند دەگەڵ تۆدا بێپەروایی و شێتییە! تۆ تەمەشا چەندمان فەرقە! جیاوازی تەمەنمان بە تەنیا بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە، من پیرەمێرد و تۆ منداڵکار و هێشتا لە هەوەڵی تەمەندای،

من بابایەکم نەخۆش، نەخۆشیەکەم بێ دەرمانە، کەسێکم خەمین، دڵناسک و پڕ هەڵچوون، تۆ بە کەیف وبە دەماخ، زیتەڵ و چالاک و چەلەنگ، ژیانت لێ هەڵدەقولێت، من تەقریبەن ژیانی خۆم کردووە، دەرد و بەڵا و خەم و پەژارە بڕستی لەبەر بڕیوم،تۆ هەمیشە ژیانت ئاسوودە و خۆش بووە، ئاینده لەبەردەمتدا کراوەیە، ئەمە جگە لەوەی کە من بابایەکی نەدار و دەستکورتم و تا بینەقاقام لە قەرز و قۆڵەدایە، ئیدی چاوەڕوانی چی لەم نایەکسانی و ناهاوسەنگییە دەکەیت؟ بۆیە یا دەبوایە بە کڵۆڵی بژین، یا دوای چەند ساڵێک لە عەزاب و مەینەتی لێکدی جیابینەوە، یا بە هەر شێوەیەک بووە بگونجێین وباقی تەمەنمان بە شادی بەسەر بەرین.

کە گوێم لە قسەکانی فیودور میخائیلوفیچ دەگرت و کە دیم بەو رادەیە خۆشکێنی دەکات، هەڵمدایە و بە توندی وەڵامم دایەوە:

_ گیانەکەم تۆ بەخۆڕایی شتەکان گەورە دەکەیت! جیاوازییەکەمان لەوەدا نییە کە تۆ دەیڵێیت، ئەگەر بەڕاستی یەکمان خۆش بوێت، هەنگێ دەبین بە دۆست و هەتا هەیا شادمان دەبین، بەڵام من لە شتێکی دیکە دەترسم، ئەویش ئەوەیە کە چۆن کەسێکی وەکو تۆ، بەهرەمەند، زیرەک، ڕۆشنبیر، کچێک بۆ شەریکی ژیانی هەڵدەبژێرێت کە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە بە بای قولانی تۆدا ناگات، ڕاستە من لە قۆناغی دواناوەندیدا میدالێکی گەورەی زیوینم وەرگرتبوو، ( ئەو سا زۆرم شانازی بەو میدالەوە دەکرد) بە هەرحاڵ من لەو ئاستە ڕۆشنبیرییەدا نیم، کە لە تەنیشت تۆوە بووەستم، دەترسم زۆر زوو کەموکوڕییەکانم بکەونە ڕوو و هەست بە بێزاری بکەیت و پاشان پەشیمان بی لەوەی کە ناتوانم لە بیرەکانی تۆ بگەم، ئەمە ئەو جیاوازییەیە کە لێی دەترسم!..

فیودور میخائیلوفیچ بلەز کەوتە دڵدانەوەم، زۆری ستایش کردم، ئەوجا هاتینەوە سەر قسەوباسە دڵخوازەکەی من، باسی خوازبێنێ و خوازگاری.

فیودورمیخائیلوفیچ گوتی:

_ زۆر دوودل بووم لە خوازگارییەکەی خۆم، نەمدەزانی چۆنت پێ بڵێم، تەسەور بکە پیرەمێدێکی ڕەزاگرانی وەکو من خوازگاری ناسکە کیژێکی وەکو تۆ بکات؟ دەترسام ئەگەر ڕەفزی بکەیت ببم بە گەپجاری خەڵک و خوا، وام چاوەڕوان دەکرد

کە پێم بڵێی کە کەسیکی دیکەت خۆشدەوێ، هەڵبەتە دەترسام ئەگەر وام وەڵام بدەیتەوە و بەینمان تیک بچێت و چیتر نەتوانین درێژە بەم دۆستایەتی و نێوان خۆشییەمان بدەین و هەنگێ وەکو دۆستێک لەدەستت بدەم، ئەو تاقە کەسەم لە کیس بچێ کە بە دریژایی ئەم دوو ساڵەی دوایی دڵسۆازنە هەڵسوکەوتی دەگەڵ کردبووم، جارێکی دی بۆتی دووپات دەکەمەوە کە هەستم بە تەنیاییەکی ترسناک دەکرد، بۆیە دەمویست لە هەوەڵەوە لە میانەی ڕۆمانێکی خەیاڵکردەوە دات بپشکنم و زمانت تاقی بکەمەوە، هەنگێ ڕەفزکردنەکەتم ئاسایی وەردەگرت، لەو حاڵەتەدا ڕەفزکردنەکەت دەیکردە ڕەفزکەدنی ڕاسەوخۆی قارەمانی ڕۆمانەکە، نەک خودی من.

منیش لەلای خۆمەوە باسی ئەوەم بۆ کرد، کە چەند بە عەزابی ئەم خوازگارییە ئەدەبییەوە تلامەوە، چونکە تێنەدەگەیشتم و لە هەمان کاتدا حەسوودیم بە ئانا ڤاسیلیڤنا دەبرد.

فیودور میخائیلوفیچ بەدەم حەپەسانەوە گوتی:

_ یانی بە خورتی غافڵ گیرم کردیت، جا با ئەوەشت پێ بڵێم کە من ئەو ڕۆمانە خەیاڵییەی کە ئەوسا بۆم گیڕایتەوە بە باشترین ڕۆمانی خۆم دەزانم، کە یەکسەر سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا و ئامانجی خۆی پێکا و بەرەکەیم چنییەوە !

"١٥"

ئێمە کە کەوتبووین بە خۆشی خۆماندا، هەر لەبیرمان نەمابوو کە کار لەسەر ڕۆمانی ( تاوان و سزا) بکەین و تەواوی بکەین، تەنیا بەشی سێیەمی ڕۆمانەکە مابوو کە تەواو بکرێت، فیودور میخائیلوفیچ، لە ئاخر و ئۆخری هەیڤی یازدەدا نامەیەکی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ( مژدەبەری ڕووسی) یەوە بۆ هات کە داوای بەشی کۆتایی ڕۆمانی ( تاوان و سزا) یان لێدەکرد، خۆشبەختانە لەو ساڵانەدا گۆڤارەکان بە دەگمەن لە کاتی خۆیان دەردەچوون، بەتایبەتی " مژدەبەری ڕووسی" بەوە بەناوبانگ بوو کە لەکاتی خۆیدا دەرنەدەچوو، ژمارەی مانگی یازدە لە کۆتایی هەیڤی دوازدەدا دەردەچوو، ژمارەی هەیڤی دوازدە لەسەرەتای شوباتدا دەردەچوو، لەبەر ئەوە کاتمان زۆر بە دەستەوە بوو.

فیودور میخائیلوفیچ، نامەکەی دەستەی نووسەرانی ناڤبری بۆ هێنام و گوتی چیبکەین؟ پێشنیازم کرد. دەرگا لەخۆی دابخات، پێشوازی میوان نەکات، بە ڕۆژەوە لە سەعات یەکەوە تا پێنج لە یەکبینە کار بکات و پاسان کە هات ماڵی ئێمە دەستنووسەکەی لەگەڵ خۆیدا بێنێ و بۆمی بخوێنێتەوە تا بە ئیختیزال بینووسمەوە.

بەو جۆرە بەرنامەی کارمان دانا، دوای ئەوەی نزیکەی یەک سەعات باسی جۆرەها بابەتمان دەکرد، لە پشت مێزەکە دادەنیشتم، فیودور میخائیلوفیچ لە تەنیشتمەوە دادەنیشت و دەستی بە ئیملا کردنم دەکرد، کە هەندێجار هەندێ قسە و نوکتە و پێکەنینیشی تێدەکەوت و کەمێک لە نووسین دەوەستاین، کارەکەمان زۆر بە باشی دەڕۆیی، بەشی سییەمی ڕۆمانی ( تاوان و سزا ) کە بریتی بوو لە حەوت مەلزەمە لە زەرفی چوار هەفتەدا تەواو بوو، فیودور میخائیلوفیچ دڵنیای کردم کە هەرگیز بەم ئاسانییە کاری لەبەر نەڕۆییوە، ئیدی هۆی ئەمەی لە چاوی یاریدەدەرکەی (کە من بووم) دەزانی.

چالاکی و شادمانی فیودور میخائیلوفیچ، لەو سەروبەندەدا، بەشێوەیەکی ئەرێنی لە تەندروستیدا ڕەنگی دابووەوە، ڕەوشی تەندروستی باش بوو، تەنەنەت لە سێ مانگی پێش زەماوەندەکەمانەوە تا ئێستا تەنیا سێ چوار کەڕەت فێی لێهاتبوو، ئەمەم زۆر پێخۆش بوو، ئومێدی ئەوەم لا پەیدا بوو کە ئەگەر ژیانێکی هێور و ئارام بۆ مێردەکەم فەراهەم بکریت، لەگینە ئەم دەردە پیسەی هەندێک لێسووک ببێت، کە هەر واش دەرچوو، ئەو نۆبە فێیانەی کە جاران هەموو هەفتەیەک لێی دەهات لە ساڵانی دواتردا تەواو کەم بوونەوە، هەڵبەتە ئەم نەخۆشییە چاکبوونەوە و شیفای یەکجارەکی نەبوو، بەتایبەتی کە فیودور میخائیلوفیچ زۆر گوێی بە چارەسەری خۆی نەدەدا و بگرە خەمساریشی دەکرد، چونکە قەناعەتی وا بوو فایدەی نییە و دەردەکەی دەردی بێ دەرمانە، بەڵام کەمبوونەوەی نۆرە فێکانی بۆ ئێمە بەخشش و نیعمەتێکی گەورە بوو، بەتایبەتی کە ئەوی لەو بارە دەروونیە قورسە رزگارکرد بوو کە دوای هەر نۆبە فێیەک تووشی دەبوو، هەروەها منی لەو هەموو فرمێسک و ئازارە بەسوێیە ڕزگارکرد بوو، کە لەگەڵ هەر نۆرە فێیەکیدا دەمرشت و پێوەی دەتلامەوە.

ئیدی شەوەکانمان هەمیشە بە ئارامی وخۆشییەوە بەسەردەبرد،بەڵام ئێوارەیەکیان لەناکاوا پێشهاتێکی ناخۆشمان هاتە پێش.

ئاخر وئۆخری هەیڤی یازدە بوو، فیودور میخائیلوفیچ وەک هەمیشە سەعات حەوت پەیدابوو، ئیدی لە سەرما هەڵدەلەرزی، خێرا کوپێک چای گەرمم بۆ برد، پاشان پرسی ئایا کۆنیاکمان هەیە، وەڵامم دایەوە نەخێر، بەڵام گوتم ئارەقی باشمان هەیە، یەکسەر هەستام و بۆم هێنا، سێ چوار پەرداخی یەک لە سەر یەکی لێ خواردەوە. دوایی کوپێ چای گەرمیشی بەسەردا کرد، هەنگێ کەمیک گەرمی بووەوە و وەخۆ هاتەوە، سەرم سوڕمابوو بۆچی سەرما بەو رادەیە کاری لە فیودور میخائیلوفیچ کردبوو، هەرچی سەرم دێنا و دەبر، پەییم بەم نهێنییە نەدەبرد، بەڵام زوو هۆی ئەمەم دۆزییەوە، کە چوومە مەدخەلەکە سەیرم کرد فیودور میخائیلوفیچ پاڵتۆیەکی پایزەی تەنکی لە جیاتی پاڵتۆ زستانییە فەروارەکەی خۆی بە چاکلاکەوە هەڵواسیووە، بەهەشتاو بۆ هۆڵەکە گەڕامەوە و پرسیم:

- ئەدی پاڵتۆ فەرووارەکەت کوا؟ کە هاتی بۆ ئێرە لەبەرت نەبوو؟

فیدۆرمیخائیلۆفیچ دەیویستخۆی لە گێلی بدات وشتەکە بە هەندوەرنەگرێت،گوتی:

_ نا.. پاڵتۆ پایزە...

- ئیستا زانیم بۆچی هەڵدەلەرزیت..ئیستا سسیمۆن بەم پاڵتۆیەوە دەنێرم تا پاڵتۆ فەرووارەکەت بۆ بێنێ.

_ پێویست ناکات! تکایە پێویست ناکات!

_ چۆن پێویست ناکا گیانەکەم؟ ئاخر لەگەرانەوەدا سەرمات دەبێ و پەسیو دەگریت، کە شەو دابێت دنیا ساردتر دەبێت.

فیودور بێدەنگ بوو، لێ من هەر دەستبەردار نەبووم، ئاقیبەت ئیعترافی کرد و گوتی:_ پاڵتۆی فەرووم نییە...

_ چۆن؟ لێیان دزیویت؟ ڕووتیان کردویتەوە؟

_ نا، کەس ڕووتی نەکردوومەوە، ناچار بووم بیخەمە بارمتەوە.

زۆرم پێ سەیر بوو، ئەوجا بە توندی کەوتمە داپشکنینی، فیدور میخائیلوفیچ، بە نەبەدڵی گوتی گوایە ئەم بەیانییە ئیملیافیدوروڤنا بە هەڵەداوان چووە بۆ لای وداوای لێکردووە فریای بکەوێ، پەنجا ڕۆبڵ قەرزارە و هاتوونەتە سەری و داوای دەکەن، هەروەها کۆڵەبەسەکەشی داوای برێ پارەی لێکردووە، کە نیکۆلای میخائیلوفیچ، بە نامەیەک داوای لە ئەو کردووە، ئیدی فیودور میخائیلویچ پارەی نابێت، ئیدی رازی دەبێت پاڵتۆ فەروەکەی لە نزیکترین ڕەهنخانەدا بخەنە ڕەهنەوە و بە فیدور میخائیلوفیچ دەڵێن، بەفر لە توانەوە دایە و وەرز بەرەو خۆش بوون دەڕوات و دەتوانێ ئەم ماوە کەمە بە پاڵتۆیەکی پایزە بەرێتە سەر تا پارە لە گۆڤاری ( مژدەبەری ڕووسی ) وەردەگرێت.

هەلبەتە زۆر لە خزمە دڵرەقەکانی فیودور میخائیلوفیچ پەست و بێزاربووم، پێمگوت من ڕێزم بۆ هەستی مرۆڤدۆستی تۆ هەیە،، بەڵام مەحالە فیداکاری لەسەر حیسابی تەندروستی و ژیان بێتە کردن.

بە هێمنی کەوتمە قسان، بەڵام بەدەم قسەکردنەوە گێچی تووڕەبوونم بەرە بەرە بەرز دەبوەوە، کۆنترۆڵی خۆم لەدەست دا، وەکو شێت قسەم دەکرد، لە تووڕەییدا نەمدەزانی چی دەڵێم، دڵنیام کرد کۆمەڵێک ئیلتیزاماتی بەرامبەر بە من لەسەرە، من خێزانیم، من قەت تەحەمولی شۆک و مردنی ئەو ناکەم، لە هۆڕژنی گریانم دا، ئیدی سەرم بە هەنیسکانەوە هەڵدەگێڕا، کوڵی گریانم لە جۆش نەدەکەوت، فیودور میخائیلوفیچ زۆر خەمباربوو، دەستی لە ملم وەرێنا و دەستی ماچ کردم، تکای لێکردم هێور ببمەوە، دایکم گوێی لە گریانم بوو،هەستم بە شەرمەزاری کرد، داوای بوردنم لە فیودور میخائیلوفیچ کرد، ئیدی بەدەم قسانەوە بۆی گێڕامەوە کە پار زستان پێنج شەش کەڕەت پاڵتۆ فەرودارەکەی خستووەتە بارمتەوە و بە پاڵتۆیەکی پایزەوە سوڕاوەتەوە.

فیودور میخائیلوفیچ، کە زۆر خەجاڵەت و پەشۆکاو بوو گوتی:

_ من بەو جۆرە بارمتانە فێرم، بۆیە ئەمجارەش هەر بە نەفەسی جارانەوە ئەم کارەم کرد، ئەگەر زانیبام تۆ بەم رادەیە زویر دەبیت، هەرگیز ڕێگەم بە پاشا نەدەدا پاڵتۆکە بەرێ بیخاتە ڕەهنەوە.

ژیوان بوونەوەکەی فیودور میخائیلوفیچم بە دەرفەت زانی و بەڵێنم لێوەرگرت کە جاریکی دی ئەم کارە دووباە نەکاتەوە.

ئیدی هەشتا ڕۆبڵم بۆ هێناکە بیبات پاڵتۆکەی پێ لە ڕەهن دەربێنێتەوە، بەڵام چەندم کرد و کۆشا وەری نەگرت و نەگرت، تکام لێکرد لە ماڵ دەرنەچێت، تا لە مۆسکۆوە پارەی پێدەگات، ئیدی فیودور میخائیلوفیچ بە ( زندانی ماڵەوە) قاییل بوو، بەو مەرجەی هەموو ڕۆژێک لە سەعات یەکەوە بڕۆم بۆ لای و تا کاتی شێو لەلای بمێنمەوە.

کاتێ کە فیودور میخائیلوفیچم بەڕێکرد، دووبارە داوای بوردنم لێکرد کە ئەم دیمەنە شانۆییە فەرامۆش بکات .

فیودور میخائیلوفیچ بەرسڤی دایەوە:

_ کەس نازانێ خێر لە چیدایە! ئێستا بۆم دەرکەوت تا چ ڕادەیەک خۆشت دەوێم، ئەگەر زۆرت خۆش نەوستبام، قەت نەتدەتوانی وا بە کوڵ و بە جۆش بگریت!

شاڵە سپییەکەم دا بە ملی فیودور میخائیلوفیچدا و ناچارم کرد بیدات بەشانیا، ئیدی ئەو شەوەم بە نیگەرانی بردە سەر، هەزار و یەک خەیالم بە مێشکدا هاتووە، دەترسام ئەگەر فیودور میخائیلوفیچ بتۆرێ و وازم لێبێنێ، یا لەوەیە لە ڕێگا سەرمای ببێت، یا تووشی نەخۆشییەکی خەتەر ببێت، ئەو شەوە تەقریبەن خەو نەچووە چاوم. بەیانی زوو لە خەو رابووم ،سەعات دە تەلەفونم بۆ ماڵی فیودور میخائیلوفیچ کرد، کارەکەرەکە وەڵامی دامەوە کە ئاغا لە خەو هەستاوە و شەوێ هیچ عەیبی نەبووە.

دەتوانم بڵێم ئەمە یەکەم شەڕمان بوو کە سێ مانگ بەر لە زەماوەندەکەمان کردمان.

( حەپسی ماڵەوە) ی فیودور میخائیلوفیچ حەفتەیەکی خایاند، هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ لای و ئیملای ( تاوان و سزا) ی پێدەکردم، لە یەکێک لەو سەردانانەمدا ڕەفتارێکی سەیرم لێبینی، لە گەرمەی کارکردنماندا،لە جادەکەوە دەنگی ئۆرگونیکی دەستی بەرز بووەوە، مۆسیقای گۆرانی (La donna est mobile) ی کە بەشێک بوو لە ئۆپرای ( ریگولیتو) لێدەدا، فیودور میخائیلوفیچ لە خویندنەوە و

ئیملاپێکردنم وەستا  وگوێی بۆ موسیقاکە هەڵخست، لە ناکاوا لەبەر خۆوە کەوتە وتنەوەی گۆرانییەکە  و  ناوی منی خستە جێی وشە ئیتاڵییەکان.

( ئانا گریگوریڤنا) بە دەنگێکی باش و لە تۆنی ( ئەلتینوری) نزم گۆرانییەکەی دەگوتەوە، دوای تەواوبوونی گۆرانییەکە فیودور میخائیلوفیچ چووە بەر دەریچەی پەنجەرەکە وپارچە دراوێکی هەڵدایە خوارەوە و دوای تۆزێک ئیدی ئۆرگژەنەکە ڕۆیی و دیار نەما، کە لە فیودور میخائیلونوفم پرسی ئەمە چییە، گوتی ئەمە کابرایەکی ئۆرگژەنە، دەزنێ بە چ گۆرانییەک پارەی بۆ هەڵدەدەن، ئیدی هەموو ڕۆژێک دێت لەخوارەوە و لە ئاست پەنجەرەکەدا، هەمان کۆپلەی گۆرانی (ڕیگولیتو) لێدەدات، ئەوسا گوتی:

_ بەڵام من هەمیشە بەدەم ڕێوە، لەسەر نەزم و ڕیتمی موزیقای ئەم گۆرانییە ناوی ئازیزی تۆ لە بن لێوانەوە دەڵێمەوە!

پێکەنیم، وام نواند توورەم، چونکە فیودور میخائیلوفیچ ناوی منی لە جێی ئەو وشە سادانە داناوە، بەڵام دڵنیام کردەوە کە من کەسێکی دەمدەمی مجێز نیم، یا خۆشەویستی ناکەم، یا ئەگەر کردم هەتا سەر دەیکەم، فیودور میخائیلوفیچ پێکەنی و گوتی: دەی کەسێ نەمرێ دەیبینین!

بە درێژایی دو ڕۆژان من لەزەتم لەم گۆرانییە چ بە دەنگی ئورگونەکە و چ بە دەنگی فیودورمیخائیلوفیچ وەرگرت، سەرم لە چوونیەکی نێوان گۆرانییەکە و ئاوازەکە سوڕمابوو، فیودور ڕێک ئاوازەکەی دەردێنایەوە، دیارە گوێچکەیەکی موزیقی باشی هەبوو.

بە درێژایی هەموو ئەم ماوەیە، ویڕای هەمە جۆری بابەتێن قسە و باسێن ڕۆژانەمان، هەرگیز نەچووینە سەر بابەتێکی نەنگین یا ناشرین، بەراستی کەس نەبوو بە ڕادەی دەزگیرانەکەم مدارای پاکیزەیی و شەرمی من بکات و بەو هەموو ناسکی و پارێزەوە مامەڵەم لەتەکدا بکات، ئەم هەموو پاکی و مدارایە بە ئاشکرا لەو نامەیەدا ڕەنگی داوەتەوە کە دوای زەماوەندەکەمان بۆی ناردووم* (* بڕوانە نامەی بەرواری ١٧/ مایو/ ١٨٦٧ ئا. گ. دوستویڤسکایا)٢٩+ " خواوەند بۆیە تۆی بە من بەخشیووە، تا هیچ شتێکی سروشتت، تا دوڵەمەندی ڕوح و دڵت بە فیڕۆ نەچن، بەڵکو بە پێچەوانەوە تا دەوڵەمەندتر و جوانتر بێ، بۆیە تۆی پێ بەخشیوم تا بە

تۆ لە گوناحە گەورەکانم پاک ببمەوە، وەختێ بە خوات دەسپێرم ئیدی پوختە بوویت، ڕێگای خۆت دەزانی، پاک و بێگەرد، دووریت لە هەر نەنگییەک کە ڕوح بکوژێت"

بەهەرحاڵ فیوور میخائیلوفیچ لێبڕابوو لە هەر ناوزرانێک بمپاێزێت، لەبیرمە جارێکیان کە چووبوومە لای ، ڕۆمانێکی فەرەنسی لەسەر مێزەکەی بوو، دەستم دایە ڕۆمانەکە و کەوتمە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی، هاتە لامەوە بە ئەسپایی ڕۆمانەکەی لە دەستم دەرهێنا، پێمگوت:

_ من لە زمانی فەرەنسی دەگەم، ئەم ڕۆمانەم بدەیە با بیخوێنمەوە.

بەرسڤی دیەوە: نا! ئەم ڕۆمانە بەکەڵک نایە! چ پێویست بەوە دەکا خەیاڵدانی خۆت بلەوتێنی؟

تەنانەت دوای زەماوەندەکەشمان، فیودور میخائیلوفیچ بە خۆی کتێبی بۆ هەڵدەبژاردم، هەگیز ڕێگەی نەدەدا ڕۆمانێن بێپەردە بخوێنمەوە، حەزیدەکرد لە واری ئەدەبیدا ڕێنوێنیم بکات، هەندێجار ئەمە پەستی دەکردم، نارەزاییم دەردەبڕی و دەمگوت:

_ ئەدی تۆ بۆ دەیخوینیتەوە؟ بۆ خەیاڵدانی خۆت دەلەوتێنی؟

وەلامی دەدامەوە:

_ من پیاوم مەناعەم هەیە، ئەم جۆرە کتێبانە وەکو کەرەستە بۆ کارەکەم، بۆ من پێویستە: نووسەر لە سەرێتی هەموو شتێک بزانێ و هەموو شتێک لە بنج و بناوان بکات، بەلام دڵنیابە من لەزەت لە دیمەنە بێپەردەکان نابینم، بگرە زۆر جار قیزیان لێدەکەمەوە.

ئەمە هەر قسەیەکی لامسەلایی رووت نەبوو، بەڵکو حەقیقەت بوو، فیودور میخائیلوفیچ بەو نەفرەت و قێز و بێزەوە تەماشای ئەو ئۆپرایانەی دەکرد کە لەم سەردەمەدا باوبوو، نەدەچوو بۆ شانۆنامانی کۆمیدی، ڕێگەی منیشی نەدەدا ئەو جۆرە شانۆنامانە بدینم، پێی دەگوتم: ئەگەر دەرفەتی چوونە شانۆمان بۆ بڕەخسێت، دەبێ ئەو شانۆنامەیە هەڵبژێرین کە لە هەموو ڕوویەکەوە

شانۆنامەیەکی بالا و سەنگین بێ و تەماشاڤان سوودی لێوەربگرێت، دەنا بە نەحەق ڕوحی خۆی بە شتی پوچ دەلەوتێنێ!

بە درێژایی ژیانم لەگەڵ ئەم پیاوەدا کە چواردە ساڵی خایاند، قەناعەتێکی تەواوم لا دروست بوو کە یەکێکە لە خەڵکە هەرە پاکەکان، زۆرم پێناخۆش بوو کە ئیڤان ئورگینیف، کە فیودور میخائیلوفیچ وەکو نووسەر خۆشی دەویست، کە فیودور میخائیلوفیچی بە کەسێکی داوێن تەڕ دەزانی و ڕێگەی بە خۆی دابوو بە ( مارکیز دی سادی ڕووسی) ناوی بەرێت+٣٠.

"١٦"

بابەتی سەرەکی وئازیز لای من و فیودورمیخائیلوفیچ، ئایندەی ژیانی خێزانداریمان بوو.

ئیدی بیرۆکەی ئەمەی کە لە مێردەکەم جیا نەبمەوە، کە دەبم بە شەریکی کارەکانی، دەبێ بایەخ بە تەندروستی بدەم، لەو خەڵکە مێملانەی بپارێزم کە پەستی دەکەن، ئەم بیرۆکەیە بوو بوو بە خەمی هەرە سەرەکی من، وام لێهاتبوو ئەگەر هەستم بکردایە ئەم بیرۆکەیە خیرا و بلەز نایەتە دی، ئامادە بووم دەست بە گریان بکەم، ئیدی زەماوەندەکەمان بە شێوەیەکی سەرەکی وەستابووە سەر ئەمەی کە ئایا مامەلەکەمان دەگەڵ ( مژدەبەری ڕووسی) دا سەرکەوتوو دەبێت یان نا، فیودور میخائیلوفیچ ، بڕیاری دا لە جەژنی نوئێلدا سەفەری مۆسکۆ بکات و ڕۆمانە تازەکەی پیشانی کاتکوف بدات، هیچ گومانی لەوە نەبوو کە دەستەی نووسەرانی ( مژدەبەری ڕووسی) حەزیان دەکرد کاریان دەگەلدا بکات، چونکە ڕۆمانی ( تاوان و ساز) لە ساڵی ١٨٦٦ دا لە ( مژدەبەری ڕووسی) دا بڵاوکرایەوە ولە ژیانی ئەدەبی ئەو سەردەمەدا دەنگێکی باشی دایەوەو هەوادارانێکی+٣١ زۆری بۆ گۆڤارەکە پەیدا کرد، جا لێرەدا پرسیار ئەمە بوو: ئاخۆ گۆڤاری ناڤبری هێندەی پارە بە دەستەوە دەبێت بڕی چەند هەزار ڕۆبڵێکمان قەرز بداتێ، خۆ ئەگەر ئەم قەرزە نەبێ ئیدی دەکەوینە سەر ساجی عەلی و هەرچی کار و بارمان هەیە دەوەستێ، فیودور میخائیلوفیچ، تەگبیری وا بوو کەئەگەر لە حاڵێکدا لەگەڵ ( مژدەبەری ڕووسی) دا پێک نەهاتن، هەرکە لە ( تاوان و سزا) بووەوە یەکسەر

دەست بە نووسینی ڕۆمانێکی تازە بکات و هەرکە زۆربەی بەشەکانی نووسی بیدات بە گۆڤارێکی دیکە، فەشەلمان لە مۆسکۆ هەڕەشەی ئەوەی لێدەکردین زەماوەندەکەمان بۆ ماوەیەکی درێژ کە ئەگەری ئەوە هەبوو یەک ساڵی تەواو بخایەنێ، دوا بخەین، کە ئەو بیرۆکەیەم بە مێشکدا هات خەمێکی قووڵ دایگرتم.

فیودور میخائیلوفیچ، هەمیشە هاوخەمی دەکردم، حەزینەدەکرد هیچ شتیکم لێ بشارێتەوە، تا ئەو دژوای ژیان و نەداری و نەبوونییەی کە چاوەڕوانی دەکردین، غافڵگیرم نەکات، هەڵبەتە مەمنوونی ئەو ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەی ئەو بووم، ئیدی بیرم لە هەر ڕێگایەک دەکردەوە، تا ئەو قەرزانەی لەسەر سووک بکەم کە پێوەی دەتلایەوە، بەڵام هەر زوو زانیم دانەوەی قەرزەکان بەو ڕەشەوە کە ئێمەی تیا بووین، مەحاڵە و وێرای کەمی ئەزموونم لە ژیانی عەمەلی و پڕاکتیکیدا و لەبەر ئەوەی لە خانەوادەیەکی خۆشگوزەراندا دەژیام، لە سێ مانگی بە لە زەماوەندەکەمان، هەستم بە شتێک کرد کە زۆری پەست کردم، سەرنجم دەدا هەر کە فیودورمیخائیلوفیچ پارەیەکی دەهاتە دەست، هەموو خزمەکانی، براکەی، براژنەکەی، کوڵبەستەکەی، منداڵی براکانی، هاواریان لێهەڵدەستا، وایان پیشان دەدا خێریان پێ دەشێت.

کەسیان نەبوو پێویستی بەپەلەی نەبێت، بەو جۆرە لەو سێ هەزار و چوار سەد ڕۆبڵەی کە لە مۆسکۆ لە هەنبەر ( تاوان و سزا ) وەریگرت، تەنیا سی چل ڕۆبڵی پێ ما، ئەمە جگە لەوەی حەقی تاقە یەک کۆمپیالەی لە قەرزەکان نەدایەوە،بەڵکو تەنیا سووت وقازانجی کومپیلەکانی دایەوە. دیسان خەمی فیودور میخائیلفیچ دەستی پێکردەوە، پارە لە کوێ بێنێ سووتی قەرزەکانی بداتەوە، چۆن بژی و چۆن داواکاری خزمەکانی جێبە جێ بکات.

بەڕاستی ئەو ڕەوشە ئازاری دەدام، بەوە دڵخۆشی خۆم دەدایەوە دوای زەماوەندەکەمان جڵەوی کاروباری بەڕێوەبردنی ماڵەکە دەگرمە دەستی خۆم، هەنگێ مەسەلەی یارمەتیدانی خزمەکانی کۆنترۆڵ دەکەم، بۆ هەریەکەیان سالانەیەکی سنووردار دیاری دەکەم، ئیمیلیافیدوروڤنا، منداڵی گەورەیان هەبوو دەیانتوانی یارمەتی بدەن+٣٢، بەڵام سەبارەت بە نیکولای میخائیلوفیچ* (* دوستویفسکی، نیکولای میخائیلوفیچ ١٨٣١- ١٨٨٣: برا بچووکی نووسەر بوو، ئەندازیاری مەدەنی بوو، لە ساڵی ١٨٥٤ دا کولیجی ئەندازە و بیناکاری

تەواوکردبوو، تەلارکارێکی زۆر بە بەهرە و توانا بوو، بەلام ناچار بوو واز لە وەزیفە بێنێ چونکە ئالودەی مەینۆشی بوو بوو و تا مردن هەر بە نەبوونی ژیا) برا بچوکی فیودورمیخائیلوفیچ تەلارکارێکی بەهرەمەند بوو ئەگەر خۆی بیویستایە دەیتوانی کاربکات، کۆلەبەستەکەی تەمەنی بیست و یەک ساڵ بوو کاتی ئەوە هاتبوو کارێکی جدی بگرێتە ئەستۆ و چاوی لەدەستی باوەپیارە نەخۆش و قەرزارەکەی نەبێت.

زۆر لەو بێکارانە پەست بووم، دەمبینی خەمی پارەو پەیداکردنی پارە، مجێزی فیودور میخائیلوفیچ دەشێوێنێ و کاری خراپ لە تەندروستی دەکات، بە هۆی گوشاری بەردەوامەوە، مێشکی تێک دەچوو و ئەگەری نۆبە فێیەکەی زیادی دەکرد.

هەڵبەتە بەر لەوەی پەیوەندی دەگەڵ مندا پەیدا بکات ئەوە حاڵی بوو، پاشان ئەم حاڵە کەمۆکەیەک گۆڕا، بەڵام من بەتەمابووم لە ئایندەدا، دوای ئەوەی خیزان پێکەوە دەنەین، ئەم حاڵەتە نەمێنێ، بێ خەم و خەیاڵ بۆ خۆی چالاکانە و بە مجێزێکی باشەوە بژی.

وێڕای هەموو ئەمەش، فیودور میخائیلوفیچ، کە تا بینەقاقای لە قەرزا بوو، ناچار بوو بە خۆی بەرهەمەکانی بۆ گۆڤارەکان بەرێت، هەڵبەتە لە هەنبەر کارەکانیا پارەیەکی زۆر کەمتری لە نووسەرانی دی کە خۆش دەژیان، وەردەگرت، وەکو تورگینیف و گونچارۆف* (* گونچارۆف، ئیڤان ئەلکسندروفیچ ١٨١٢- ١٨٩١: نووسەر، خاوەنی ڕۆمانی ئوبلومۆف و ئاودڕە، دوستویفکی لە ساڵی ١٨٤٦ دا لە ماڵی ئەپۆللون مایکوف دەیناسێت، بەڵام نەبوون بە برادەر، پاشان گونجاروف لە لیژنەی چاودێری و سانسۆردا پۆستی بەرزی وەرگرت و ئەمە هێندەی دی لێکدی تیژ کردن) بۆ نموونە لە کاتێکدا سەد و پەنجا ڕۆبڵێکیان لە هەقی هەر مەلزەمەیەکی ڕۆمانی ( تاوان و سزا)دا بە فیودورمیخائیلوفیچ دەدا، تورگینیف بۆ هەر مەلزەمەیەکی ڕۆمانەکانی خۆی لە هەمان گۆڤاری ( مژدەبەری ڕووسی) پێنج سەد ڕۆبڵی وەردەگرت+٣٣.

بەڵام ئەوەی فیودور میخائیلوفیچی زۆر پەست دەکرد و هەستی بە مەزلۆمییەت دەکرد، ئەوە بوو ناچاربوو بەهۆی قەرزاربارییەوە، لە کارەکانیا پەلە بکات، وەختی ئەوەی نەبوو کە کارەکانی گێژە و بێژە و تەتەڵە بکات، ئەمەی زۆر لە دڵ گران بوو، زۆرجار ڕەخنەگرانی سەختگیر تیری ڕەخنەیان تێدەگرت و

گوایەڕۆمانەکانی لە ڕووی فۆڕمەوە شاش وفشەڵن، هەر ڕۆمانێکی چەند ڕۆمانێکی لەخۆ گرتووە، زۆربەی ڕووداوەکان ناتەواون، تەواو نەکراون+٣٤، هەڵبەتە زۆربەی ڕەخنەگرەکان لەوە بێئاگا بوون کە فیودورمیخائیلوفیچ لە چ هەلومەرج و ناچارییەکدا کاری دەکرد، هەندێجار وا ڕێدەکەوت سێ فەسڵی ڕۆمانێک چاپ دەبوو، کار لە سەر کۆکردنەوەی فەسڵی چوارەم دەکرا، لە نووسینی فەسڵی پێنجەم دەبووینەوە بەڵام فەسڵەکانی دی تەنیا بیرۆکە بوون لە خەیاڵدا، زۆرجار بە چاوی خۆم دیتوومە کە فیودورمیخائیلوفیچ تووشی نائومێدی بووە، بەتایبەت کە لە ناکاوا هەستی دەکرد " ئەو بیرۆکەیەی کە زۆری پێوە دەنازی شێواوە و تازە مەحاڵە ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە"+ ٣٥.

زۆرر خەفەتم بۆ ئەوە ڕەوشە داراییە نالەبارە دەخوارد کە دەزگیرانەکەم تێی کەوتبوو، بەڵام دڵخۆشی خۆم بەوە دەدایەوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا، دوای ساڵێک ئیدی دەتوانم بەشێوەیەکی ڕیشەیی یارمەتی بدەم: ئەویش ئەوە بوو دوای ئەوەی دەگەیشتمە تەمەنی یاسایی، ئەو خانووە وەربگرم کە بابم بە وەسیەتی خۆی بۆ منی دانابوو .

داک و بابم لە کۆتایی چلەکانەوە، دوو پارچە زەوی گەورەیان هەبوو، ( نزیکەی دوو هێکتار دەبوون) کەوتبوونە هەردوو شەقامی یاروسلاڤسکایا و کوسترومسکایاوە، پارچەیەکیان دوو خانووی بەردینی تیا بوو، هەریەکەیان بریتی بوو لە دوو نهۆم، بەخۆمان تیای دادەنیشتین، سێ خانووی دارینیشی تیابوو، پارچە زەویەکەی دی دوو خانووی دارینی تیا بوو، یەکێکیان بە جیازی درابوو بە خوشکەکەم و ئەوی دی بۆ من دانرابوو، دەکرا بیفرۆشین و ببین بە خاوەنی پتر لە دە هەزار ڕوبڵ، بە نیاز بووم بەو پارەیە بڕێک لە قەرزەکانی فیودورمیخائیکوفیچ بدەمەوە، لێ مخابن نەمدەتوانی ئەو کارە بکەم تا نەگەمە تەمەنی یاسایی، دایکم هەوڵیدا قەناعەت بە فیودور میخائیلوفیچ بکات کە ببێت بە وەکیلم، بەڵام بە هیچ جۆرێ نەچووە ژێر باری ئەم کارە و گوتی:

_ ئەم خانووە خانووی ئانایە، با لە پایزدا کە تەمەنی دەبێت بە بیست و یەک ساڵ بۆ خۆی وەری بگرێت، نامەوێت دەست بخەمە کاروباری دارایی ئەوەوە.

دەزگیرانەکەم هەمیشە یارمەتییە داراییەکانمی ڕەفز دەکردەوە، هەمووجارێ پێمدەگوت مادامێکی یەکمان خۆشدەوێت دەبێ لە هەموو شتێکدا شەریک بین، بەرسڤی دەدایەوە:

_ هەڵبەتە ئەمە دوای زەماوەندەکەمان دەبێت، بەڵام بۆ ئێستا نامەوێ تاقە یەک رۆبڵت لێوەرگرم.

پێموایە فیودورمیخائیلوفیچ زۆر چاک دەیزانی داواکاری خزمەکانی بێ بنج و بناوانن، بەڵام هەرچەندە نەیدەتوانی داواکارییەکانیان ڕەتبکاتەوە، هەرگیز ئەوەی قبووڵ نەبوو کە بە پارەی من داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات، داک و بابم دوو هەزار ڕۆبڵیان بۆ جیازییەکەی من تەرخان کردبوو، تەنانەت قەبووڵی نەکرد دەست بۆ تاقە یەک ڕۆبڵی ئەو پارەیەیەش بەرێت، قەناعەتی پێکردم بە کەیفی دڵی خۆم ناومالّی، بۆ ماڵی ئایندەمان پێبکرم، لە بیرمە کە فیودورمیخائیلوفیچ بەخۆشییەوە دەیڕوانییە ئەو تاقمە چەقۆ و کەوچکە زیوانەی کە تازە کڕیبووەمن و چۆن دەیخستە ناو پاکەتەکانیان و بەوپەڕی میهرەبانی دەستخۆشی لێدەکردم و ستایشی زەوق و سەلیقەی هەڵبژاردنی دەکردم، دەیزانی زۆر بە دەستخۆشی و ستایشەکانی خۆشحاڵ دەبم، حەزیدەکرد تەماشای جلە تازەکانم بکات، کە لەلای خەیات دەیان هێنانەوە، زۆری لێدەکردم کە لەبەری بکەم و خۆمی پێوە بنوێنم و بزانم پڕ بە بەرمە یا نا، حەزی لە هەندێ لە کراسەکان دەکرد (بۆ نموونە کراسی سووری تۆخ) داوای لێدەکردم تا درەنگانی شەو داینەکەنم.

فیودورمیخائیلوفیچ زۆرجار مکوڕی دەکرد کە شەبقەکانیشم تاقیبکەمەوە، تا بزانێ لێم دێن یا نا، هەمیشە دەیویست پیرۆزباییم لێبکات و دڵم خۆشبکات،چەند کەسێکی دڵاوا ومیرەبان و دڵسۆز بوو.

"١٧"

ڕۆژگار بلەز بووری، جەژنی سەری ساڵ نزیک بووەوە، فیودورمیخائیلوفیچ لەم سالانەی دواییدا هەمیشە جەژنی سەری ساڵی لە گەڵ ماڵی خوشکە ئازیزەکەیدا، ڤارڤارامیخائیلوڤنائیڤانوڤادا دەکرد، ئەم ساڵیش لێبڕا سەفەری موسکۆ بکات

مەبەستی سەرەکی سەفەرەکەی ئەمە بوو ڕۆمانە تازەکەی بدات بە کاتکۆف و پارەی زەماوەندەکەمانی لێوەربگرێت.

فیودور میخائیلوفیچ بەر لە سەفەرەکەی هەستی بە خەمبارییەکی فرە دەکرد، خۆشی دەویستم، دوورکەوتنەوەی بۆ من ناخۆش و قورس بوو، منیش زۆر خەمبار بووم، نازانم بۆچی لەخۆڕا وام وێنا دەکردئیدی نایبینمەوە، هەوڵمدەدا ڕووخۆش بم و خەمبارییەکەی خۆمی لێبشارمەوە، تا هێندەی دی نیگەران نەبێت، کە گەیاندمە وێستگەی قیتاران زۆر خەمبار دیاربوو، بە سۆز ومیهرێکی یەجگار زۆرەوە تەماشای کردم، بە توندی دەستی گوشیم و چەند جارێک گوتی و گوتییەوە:

_ من دەڕۆم بۆ مۆسکۆ، هیوام زۆرە، بەهەرحاڵ یەکدی دەبینینەوە، ئانیچکا گیان بە هیوای دیدار.

هەڵبەتە بەهۆی ڕەفتاری منداڵانەی پاڤڵ ئەلکسدروفیچەوە کە لەگەڵ برازاکانی فیودورمیخائیلوفیچدا هاتبوو بۆ وێستگەکە هێندەی دی باری دەروونی خراپ بوو، هەمووومان سەرکەوتینە ناو فارگۆنەکە تا بزانین جێگاکەی فیودورمیخائیلوفیچ چۆنە و چۆن دابنیشێت، کەچی پاڤڵ ئەلکسندروفیچ، لەناکاوا بۆ ئەوەی خەمخۆری خۆی بۆ باوەپیارەکەی دەرببڕێت، بە دەنگی بەرز پێی گوت:

_ بابە نەکەی لە جێگاکەی سەرەوە بنوویت، ئەگەر نۆرە فێیەکەت لێبێت دەکەویت و هەپروون بە هەپروون دەبیت و کەس بە دەنگتا ناگات!

جا خۆتان تەسەوڕی بکەن ئەو قسانە چەند کاریان لە فیودورمیخائیلوفیچ و لە ئێمە و لە هەموو ئامادەبوان کرد، هەنگێ نەفەرێکی ژن لەوە دەچوو زۆر چیکڵدانەی بچووک بێت، داوای لە یەکێک لە کۆڵبەرەکان کە بە ناو فارگۆنەکانا ڕەت دەبوو، کرد کە شتەکانی بۆ بگوازێتەوە بۆ فارگۆنی خانمان، بەو بیانووەی کە " پێدەچێ لێرە جگەرە بکێشرێت" ( هەڵبەتە فارگۆنەکە تایبەت بوو بە جگەرە کێشان).

ئەم ڕووداوە فیودورمیخائیلوفیچی پەست کرد، بەتایبەتی کە حەزی نەدەکرد لە ناو خەڵکیدا باسی نەخۆشییەکەی بکرێت، ئێمەش کە چووبووین بۆ بەرێکردنی زۆر پەشۆکاین، نەماندەتوانی هیچ بڵێین، کە زەنگی دووەم لێیداو ئاگادار کراینەوە کە

دەبێ فارگۆنەکە بەجێ بێڵین زۆرمان پێخۆش بوو، من ئەم ڕەفتارە منداڵانەیەی پاڤڵ ئەلکسندروفیچم لەبەر گران بوو، زۆر پەست بووم، خۆم پێنەگیرا و گوتم:

ـ بۆچی فیودور میخائیلوفیچی بەلەنگازت تووڕەکرد؟

بەرسڤی دامەوە و گوتی:

ـ بەلامەوە گرینگ نییە توورە بێت یا نا، من تەندروستی ئەوم لا گرینگە، من لەبەر خۆیم بوو، هەقە مەمنوونم بێ کە ئاگادارم کردەوە!

هەموو خەمخۆریەکەی پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بەو شێوەیە بوو، هەڵبەتە خەمخۆرییەکەی ئەو تەنیا بۆ ئەوە بوو باوەپیارەکەی بێزار و بێتاقەت بکات.

فیودور میخائیلوفیچ لە مۆسکۆوە دوو نامەی بۆ ناردم زۆر دڵیان خۆش کردم+٣٦ دەیان جارم خوێندنەوەو بە پەرۆشەوە وەکو ئەوەی لە سەر ئاو و ئاگر بم، بەو ئاوایە چاوەڕوانم دەکرد.

فیودور میخائیلوفیچ دوازدە ڕۆژ لە مۆسکۆ مایەوە، توانیبووی لەو ماوەیەدا لەگەڵ دەستەی نووسەرانی ( مژدەبەری ڕووسی) دا ڕێکبکەوێ، کاتێ کە کاتکۆف دەزانێ فیودورمیخائیلوفیچ بەتەمای زەماوەندە، بەگەرمی پیرۆزبایی لێدەکات و هیوای بەختەوەری بۆ دەخوازێت، بەڵێنی دەداتێ ئەو دوو هەزار ڕۆبڵەی کە وەکو پێشەکی داوای کردبوو، بە دوو سێ کەڕەت لە مانگی یەنایەری داهاتوودا بۆ فرێبکات، بەو شێوە دەرفەتمان بۆ ڕەخسا کە بەر لە ڕۆژووی گەورە زەماوەندەکەمان بکەین.

ئەو حەوت سەد ڕۆبڵەی کە لە مۆسکۆوە نێردرا، زوو بەزوو بەسەر خزمان و خودان قەرزدا دابەشکرا، فیودور میخائیلوفیچ هەموو شەوێک بە کەسەرەوە باسی ئەو پارەیەی دەکرد کە دەهاتە دەستی و لەناکاوا وەکو بەفری بەهار (دەتوایەوە) ئەمە نیگەرانییەکی زۆری لادروستکردم، کە دووەمین حەوسەد رۆبڵی وەرگرت تکام لێکرد شتێکی لێ لابدات بۆ خەرجی و مەسرەفی زەماوەندەکەمان.

فیودور میخائیلوفیچ قەڵەمێکی ڕەساسی بەدەستەوە گرت، کەوتە حیساب کردنی مەسرەف و خەرجی کلێسا و ئامادەکردنی ئاهەنگی دوای تاجەگوڵینە ( قەبووڵی نەبوو دایکم هیچ مەسروفێک بکات) شایی و زەماوەندەکە نزیکەی چوار سەد پێنج

سەد ڕۆبڵێکی تێدەچوو، بەڵام چۆن ئەم برە پارەیە هەڵگرین، لەکاتێکا ڕۆژانە داواکاری تازەی خزمە زۆر وزەبەندەکانی بەرۆکی دەگرتین؟

فیودور میخائیلوفیچ گوتی:

_ ئانیا بۆچی لای خۆت هەڵیناگریت.

هەڵبەتە ئەمە بیانوویەکی باش بوو، بۆ ڕەتکردنەوەی داوای لە پەستاو و بێ پسانەوەی خزمەکانی، بۆ ڕۆژی دوایی پێنج سەد ڕۆبڵی بۆ هانیم، بە زمانێکی تەوسئامێزی سەرکەوتوانەوە گوتی:

_ دەی ئانیا باش هەڵیگرە، چونکە زەماوەندەکەمان بەوەوە بەندە!

پەلەی مارەبڕینەکەمان بوو، بەڵام تا نیوەی مانگی شوبات نەپەرژاین، دەبوایە شوقەیەکی تازە بدۆزینەوە، چونکە چوار ژووره کۆنەکە بەشی نەدەکردین، فیودور میخائیلوفیچ دەستبەرداری شوقەکەی جارانی بوو بۆ ئیملیافیدورڤنا و منداڵەکانی و بەڵێنی دایە کرێکەیشی بۆ بدات کە پەنجا ڕۆبڵ بوو. یەکێک لە باشییەکانی ئەم شوقەیە ئەوە بوو کە خاوەنەکەی بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو بەنێوی ئالونکین*، زۆر ڕێزی فیودر میخائیلوفیچی دەگرت، چونکە ئەو گوتەنی" زۆر حەزی لە ئیش بوو" هەمیشە ئەو قسەیەی سەبارەت بە دوستویفسکی دەکرد (* ئالونکین دەڵێت: کە "دەڕۆم بۆ نوێژی بەیانی، دەبینم ژوورەکەی ڕووناکە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کار دەکات، ئا. گ. دەستویڤسکایا) قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان نەهاتبووە سەری بۆ کرێ، چونکە دەیزانی هەرکە پارە بێتە دەستی، فیودور میخائیلوفیچ بەخۆی کرێکەی بۆ دێنێت، فیودور میخائیلوفیچ حەزیدەکرد ئەم پیرەمێردە بەڕێزە بدوێنێ* (* بەبۆچوونی من فیودورمیخائیلوفیچ، بازرگان سمسونوفی لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆفدا لە شێوەی بازرگان ئالکونکین دا وێنە گرتووە. ئا. گ. دوستۆیڤسکایا).

فیودور میخائیلوفیچ شوقەیەکی لە شەقامی فوزنیسینسکی، بینایەی تولیا (هەنوکە خانوی ژمارە بیست و حەوتە) بۆ خۆمان بەکرێ گرت، ئەم شوقەیە لەبەردەم کلێسای میعراجدا بوو، دەرگای هاتنە ژوورەوەی لەناو حەوشەدا بوو، پەنجەرەکانی دەیانڕوانییە سەر گەڕەکی فوزنیسنیسکی، شوقەکە لە نهۆمی دووەمدا بوو، لە پێنج ژوور پێکهاتبوو:

ژووری میوان، ژووری کارکردن، دوو ژوور بۆ نانخواردن و و خەوتن و ژوورێک بۆ پاڤڵ ئەلکسندروفیچ، دەبوایە چاوەڕێ بکەین تا شوقەکە کەمێک وشک بێتەوە، ئەوجا شتەکانی فیودور میخائیلوفیچ بگوازینەوە و جیازییەکەی من بۆ ئەوێندەر بەرین، دوای ئەوەی هەموو شتیک ئامادە بوو، ڕۆژی چوار شەمە پازدەی شوباتمان بۆ زەماوەندەکە دیاریکرد و دەعوەتنامەمان بەسەر دۆست و ئاشنا و خزم و کەسوکاردا دابەشکرد.

"١٨"

پێش زەماوەندەکە نیوەڕۆ چووم بۆ لای فیودورمیخائیلوفیچ، تا بیدینم ئاگاداری بکەمەوە کە ماریا گیورگیڤنا سڤانکوڤسکایای خوشکم سەعات حەوتی ئێوارە دێت بۆ لای تا ماڵەکەم بۆ ڕێکبخات و شتەکانم کە لە سندووق و کارتۆندا بوون لەجێی خۆیان دابنێت و ناوماڵەکەم بەجۆرێ بۆ ڕێکبخات کە بۆ سبەینێ ئامادە بێت بۆ پێشوازی میوانان، پاشان خوشکەکەم بۆی گێڕامەوە کە چۆن فیودور میخائیلوفیچ بەگەرمی پێشوازی کردووە، چۆن لە کردنەوەی سندووقەکان و ڕێکخستنی ماڵەکەدا یارمەتی داوە و چۆن ئەرکی میوانداری ئەنجام داوە و دڵی خۆشکردووە، پێی گوتم ئەویش هەمان ڕەئی دەربارەی مێردی ئایندەم هەیە کە مرۆڤێکی یەجگار ناسک و میهرەبانە.

وام دانابوو هەموو ئەو ئێوارەیە بەتەنیا لەگەڵ دایکمدا بگوزەرێنم، لە کانگای دەروونمەوە دڵم بەم دایکە بەستەزمانەم دەسووتا، کە بەدرێژایی تەمەنی هەر کەسوکاری بەدەورەوە بوو، ئێستاش بابم مرد، برایەکەم بۆ مۆسکۆ ڕۆیی و منیش دەڕۆم و دەمزانی لە سۆنگەی ئەم تەنیاییەوە چەند خەمبار دەبێت، تەنیایی بۆ خوا باشە.

بەدرێژایی شەو باسی ئەوەمان کرد کە ژیانمان پێکەوە چەند خۆشبوو، کە هەر هەردووکمان بووین، داوام لێکرد گەردنم ئازا بکات و دوعای خێرم بۆ بکات و پیرۆزبایی ژیانی تازەم لێبکات.

لە ئەزموونی دەستە خوشکەکانمەوە ئەوەم زانی بوو کە موبارەک بایی لە بووکان بەر لە چوون بۆ کلێسا، لەبەردەم شایەتاندا و لەگەرمەی هەرا و زەنای ئاهەنگی

زەماوەندا، زیاتر فەرمییە تا دوعای دڵ بێ، دایکم موبارەک بایی لێکردم و هەردووکمان ماوەیەکی زۆر گریاین، بەڵام بەڵێنمان بە یەکدی دا سبەینێ لە کاتی جیابوونەوەمان لێکدی نەگرین و پێویست ناکات بە ڕووخساری لە فرمێسکا ئاوساو و بەچاوانی سوورهەڵگەڕاوەوە بۆ کلێسا بڕۆم.

ڕۆژی پازدەی شوبات، بەیانی زوو هەستام و یەکسەر چووم بۆ کلێسای سمولنی تا فریای نوێژی بەیانی بکەوم، دوای نوێژ یەکسەر چووم بۆ لای پیاوی ئاین بابە فیلیپ سبیرانسکی، کە لە منداڵیمەوە دەیناسیم، پیرۆزبایی لێکردم، نزای خێری بۆ کردم وهیوای بەختەوری بۆ خواستم، پاشان چووم بۆ گۆڕستانی بولشوی ئوختینسکی، تا نوێژ و نزا لەسەر گڵکۆی بابم بکەم.

ڕۆژەکە زۆر زوو ڕۆیی، دەوروبەری سەعات پێنج لە تەسریحەی قژەکەم بوومەوە، جلکی بوکێنم کە لە ئاوریشمی سپی دروستکرابوو و کلکێکی درێژی هەبوو، لەبەر کرد، کراسەکە و تەسریحەکەی قژم لە دەموچاوم دەهات، زۆرم بە دڵ بوون.

کاتی گوێزانەوەکە سەعات حەوت بوو، دەبوایە کوڕی برایەکەی فیودور میخائیلوفیچ – فیودورمیخائیلوفیچی بچووک، کە دەزگیرانەکەم کردبووی بە وەکیلی خۆی سەعات شەش سەرم بدات.

سەعات شەش خزمەکانم هەموو ئامادە بوون، بەڵام وەکیلەکە نەگەیی بوو، هەروەها کورەکەی ( ب،م ئولخین) ش، کە دەبوا ئیکونەکەم لەپێشەوە هەڵگرێت نەگەیی بوو، نیگەرانییەکی توند دایگرتم، وام وێنا دەکرد فیودورمیخائیلوفیچ تووشی نۆرەفێیەک بووبێ، پەشیمان بووم لەوەی بە ڕۆژەوە یەکێکم نەناردبوو تا لە سەلامەتی دڵنیا بم.

ئەنجام لە سەعات حەوتدا فیودور میخائیلوفیچی بچکۆلە گەییە جێ، بەهەشتاو خۆی بە ژووردا کرد و بلەز گوتی:

_ ئاناگریگوریڤنا ئامادەیە،لەزێ بکە بلا بچین! تکایە خێراکە مامم لە کلێسایە، بەپەرۆشەوە چاوەروانی تۆ دەکات، یەک دانە سەعاتە بەڕێوەین بۆ ئێرە، بەلانی کەمەوە لە گەڕانەوەشدا سەعتێکمان پێدەچێت، ئیدی بە خۆت تەسەوری بکە فیودور میخائیلوفیچ لەم دوو سەعاتەدا چ ئەزابێک دەچێژێ.

پێمگوت: _ بەڵام هێشتا منداڵەکەیان نەهێناوە.

_ قەیدی نییە، بەبێ ئەو دەڕۆین، با پەلە بکەین بۆ ئەوەی فیودورمیخائیلوفیچ دڵنیا و ئاسوودە بێت.

هەموو ئاپۆڕاکە پیرۆزباییان لێکردم، دوعای خێریان بۆ کردم، من و داکم دەستمان لە ملی یەکدی وەرێنا، پاڵتۆیەکی فەرویان بەشانمدا دا، لە دواچرکەدا منداڵە جوانەکە، کوستیا بە جلکی ڕووسیەوە گەیی.

چووینە سەر قاڵدرمەکە، خەڵکێکی زۆر خڕبوونەوە، هەر هەموویان خەڵکی ماڵەکانی دەوروبەرمان بوون، هاتبوون بۆ دوعا خوازی لە من، هەندێکیان ماچیان کردم، هەندێکیان تەوقەیان دەگەڵ کردم، هەرهەموویان هیوای بەختەوەرییان بۆ خواستم، لەسەرەوە یەکێک پارەی بەسەردا هەڵدام، بەو نیازەی " ژیانێکی پڕ بەرەکەت و دەوڵەت"م بێتە ڕێ،کە ئەم هاوسۆزییە زۆرەم بینی دڵم پڕ بوو، لە گالیسکەکەدا دانیشتین و بلەز بۆی دەرچووین، دوای چەند دەقیقەیەک من و خوشکەکەم دیقەتمان دا کە کوستیا بە بێ پاڵتۆ و بە بێ کڵاو دانیشتووە، ترساین ئەم منداڵە سەرمای ببێت، بە پاڵتۆ دەڵبەکەی خۆم دامپۆشی، پاش ماوەیەکی کەم خەوێکی قووڵی لێکەوت.

کە گەیینە نزیک کڵێسای ئیسماعیلوفسکی، وەکیلەکەی زاوا کوستیای، کە خەوتبوو، لە پاڵتۆ قورسەکەی خۆیەوە پێچا و هەڵیگرت و بە قاڵدرمەکەدا بۆ ناو کڵێساکە سەرکەوت، خزمەتکارەکە یارمەتی دام و لە گالیسکەکە دابەزیم، دوای ئەوە ڕووی ئیکونەکەم بەتارای بووکێنی داپۆشی و چوومە ناو کلێساکەوە. هەرکە فیودور میخائیلوفیچ بینیمی بلەز بەرەوپیرم هات و بە توندی دەستی گرتم و گوتی:

_ ئاقیبەت دوای چاوەڕوانییەکی زۆر دۆزیمیتەوە، لە ئێستا بەدواوە نایەڵم لێم دوورکەویتەوە.

دەمویست پێی بڵێم بەدەست خۆم نەبوو، بەڵام کە تەمەشای ڕووخساریم کرد و سەیرم کرد زەردهەڵگەڕاوە زۆر ترسام، ئیدی دەرفەتی قسەکردنی بۆ نەهێشتمەوە، بلەز بەرەو تریبۆنەکەی بردم، کە ڕێوڕەسمی مارەبڕین دەستی پێکرد.

کڵێساکە زۆر جوان ڕووناک کرابووەوە، موزیقا بەدەنگی بەرز و خۆش کەوتە سترین، ژمارەیەک لە میوانەکان جوانترین جلکیان لەبەر کردبوو، هەر هەموو ئەمانەیان پاشان بۆ گێڕامەوە، چونکە بۆ خۆم تا نیوەی سرووتەکەش وام هەست دەکرد لە چرەتەمێکی بێ سەر و بندا مەلە دەکەم، بەشێوەیەکی میکانیکی خاچم کێشا، کە وەڵامی پرسیارەکانی قەشەم دەدایەوە بە ئاستەم گوێم لە دەنگی دەبوو، تەنیا دوای خواردنی قوربان، وەخۆ هاتمەوە و دەمزانی چی لە دەوروبەرم دەگوزەرێ و بە گەرمی کەوتمە نوێژکردن، دوای تاجە گوڵینە و نوێژی سوپاسگوزاری، پیرۆزبایی و موبارەکبایی دەستی پێکرد و مێردەکەم بردمی کە دەفتەرێک ئیمزا بکەین.

ئەمجارەیان مندالەکەیان ( هەڵگری ئیکونەکە) باش پێچایەوە و جلکی گەرمیان لەبەر کرد،بەرەو شوقە تازەکەمان وەڕێکەوتین، کوستیا بەدرێژایی ڕێگاکە نەنووست، بەڵام پاشان بە تووڕەیی گێڕابوویەوە کە" مامە و پوورم بە درێژایی ڕێگا هەر یەکیان ڕامووسیوە".

کە گەینە جێ میوانەکان هەموو لەێ خڕ بووبوونەوە، داکم و بابی ڕوحیم بەو پەڕی خۆشحاڵی موبارەکباییان لێکردم، ئیدی لێرەدا پیرۆزبایی بە پێکە شامپانیاوە دەستی پێکرد، هەرهەموو ئەوانەی ئامادەی شاییکە بوون و تەنانەت ئەوانەشی نەیان دەناسیم سەریان سوڕما کە کچێکی گەنجی ڕومەت ئاڵی بە کەیف و بەدەماخیان بینی، کە بە هیچ جۆرێ لەو کیژە مەند و ڕەنگزەردە نەدەچوو کە تۆزێ لەوەپێش لە کڵێساکەدا دیتبوویان، هەروەها فیودورمیخائیلوفیچ شادی لێهەڵدەقولا، دەگەڵ برادەرەکانیا تەعاروفی پێکردم و دەیگوت:

_ تەمەشاکەن چەند جوانە! بەلای منەوە زۆر جوانە! دڵێکی هەیە زێڕی ناگاتێ، هێندەی ستایش کردم شەرمەزار بووم، ئەوسا خانمەکانی پێناساندم، زۆری پێخۆش بوو کە چەند وشەیەکی ناسکم بە هەریەکەیان دەگوت، کە ژنەکانیش ئەم موجامەلانەیان بە دڵ بوو.

منیش لەلای خۆمەوە دۆست و خزمەکانی خۆم بە مێردەکەم ناساند و زۆر دڵخۆش بووم کە هەمووان بەدڵیان بوو.

فیودورمیخائیلوفیچ حەزیدەکرد کەرەمی میوانپەروەری خۆی بنوێنێ، بۆیە شامپانیا و شیرینی و میوە یەجگار زۆر بوو، لە سەعات دوازدەدا میوانەکان

بڵاوەیان لێکرد و بە دووقۆڵی دانیشتین و هەموو شتەکانی ئەم ڕۆژە جوانەی ژیانی خۆمان وەبیرهێنایەوە.

پەراوێز و ڕوونکردنەوە:

١- لێرەدا مەبەست لە ڕۆمانی ( قومارچی)یە.

٢- لێرەدا باس باسی کۆڵەبەستەکەی دوستویفسکییە، کوڕی ژنی یەکەمی، واتە کوڕی ماریا دیمترییڤنائیساڤیا.

٣- ڕۆژی ١٨٤٩/١٢/٢٢ حوکمی ئیعدام بۆ گروپەکەی پتراشیڤسکی لە مەیدانی سیمیونوڤسکیدا، لە پتروگراد خوێندرایەوە، لە کاتی خوێندنەوەی حوکمی ئیعدامەکەدا ف. م. دوستویفسکی لەڕیزی یەکەمدا بوو، بە گوێرەی ئەو نامەیەی بۆ براکەی ناردووە- و س.ف. دوروف و ئا. ن بیلیشیف لەڕیزی دووەمدا بوون، ( بڕوانە نامەکان، بەرگی یەکەم، ل ١٢٨) ڕیزی یەکەم بریتی بوو لە م.ف. پتراشیفسکی، ن.ئا موبیللی، ن،ب. گریگوریف، ( بڕوانە کتێبی د. ئەخشاروموف، بیرەوەرێن گروپەکەی پتراشیڤسکی، مۆسکۆ لینگراد، ١٩٣٠.)

٤- نامەکە هی بەرواری ١٢/٢٢/ ١٨٤٩ یە ( نامەکان بەرگی یەکەم ل ١٢٨- ١٣١، میخائیل میخائیلوفیچ دوستویفسکی بچوک، کوڕی میخائیل میخائیلوفیچ دوستویفسکی هێنابوویەوە.

٥- دوای مردنی هەریەکێک لە ماریا دیمتریڤنا ئیسایڤا و میخائیل میخائیلوفیچ دوستویفسکی،دۆستۆیفسکی بەڕاستی زۆر تەنیا بوو، خودان قەرزێن هەردوو گۆڤاری کات و سەردەم، تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، (پاشان باسی ئەمە دەکرێت.)

٦ -ڕۆمانی قومارچی لە سەرتاوە ناوی ڕۆڵێتنبورگە.

٧ - قەرزەکان لەسەر گۆڤاری "سەردەم" بوون نەک لەسەر "کات"، کە دوای داخستنی گۆڤارەکە، کە لە نێوان ١٨٦٤- ١٨٦٥ دا، دەرچوو، لەجیاتی گۆڤاری کات دەرچوو کە لە نیسانی ١٨٦٣ قەدەغەکرا، دوای مردنی میخائیل میخائیلوفیچ دوستویفسکی لە ٦/ ١٨٦٤، ئیدی ف،م دوستویفسکی بەڕێوەبردنی سەردەمی لە

ئەستۆی خۆی گرت، لە نامەیەکی بەرواری ١٨٦٥ /٣/٣١ دا بۆ فرانگیل، دوستویفسکی دەڵێت قەرزی سەر گۆڤارەکە گەیوەتە سێ هەزار ڕۆبڵ، (بڕوانە نامەکان بەرگی یەکەم،٣٩٦- ٤٠٣)

٨ - ئاناگریگوریڤنا و دوستویڤسکایا، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە ن. ستیلوڤسکی کارە هونەرییەکانی هەریەکێک لە ئا.ف. بیسیمسکی و ڤ.ڤ. گریتوڤسکی، بەمەرجێن زۆر زاڵمانە بڵاوکردەوە، هەروەها لەساڵی ١٨٦١ دا کارە موزیکییەکانی گلینکای لە ل. ئی. شیستاکوڤای خوشکی بە بیست و پێنج ڕۆبڵ کڕی، لە ساڵی ١٨٦٦دا، دادگا دەستی بە تەماشاکردنەوەی جێبەجێکردنی گرێبەستەکەی نێوان ستیلۆڤسکی و شیستاکوڤا کردەوە، ( بڕوانە راپۆرتەکانی دادگا کە لە ڕۆژنامەی "دەنگ" لە ساڵی ١٨٦٧،ژمارە ١٣٦،و لە ڕۆژنامەی " واریڤاتی پترسبۆرگ" ساڵی١٨٦٧ هەردوو ژمارەی ١٠٨ و ١١٣٦ بڵاوبوونەتەوە، هەر لەمبارەیەوە دوستویفسکی لە نامەیەکی بەرواری ١٨٧١/٣/١٩ دا بۆ ئا.ن. مایکۆف دەربارەی ستیلوفسکی دەڵێت: " هێندەی پارە و سەروەت و سامان هەیە دەتوانێ هەموو ئەدەبی ڕووسی بکڕێت، ئەدی ئەوە نییە هەموو کارەکانی گلینکای بە بیست وپێنج ڕۆبڵ کڕیوە." ( بڕوانە نامەکان بەرگی دووەم، ل ٣٣٨.)

٩- سەبارەت با ئا. ن. مایکۆف، ئا. ب. میلیوکوف، ئی. گ. دولوگوموستیڤ، بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەێن ٣٧، ٣٩، ١٨٩،.)

١٠- ئەو سەرنجەی پێشوو دروست نییە، چونکە بیرەوەرییەکانی ئا.ب. میلیوکوڤا لە سەرەتادا لە مژدەبەری ڕووسی و پاشان لە ڕابردووی ڕووسی دا ١٨٨١ ژمارە(٥ ،٣) ، بڵاوبووەتەوە، پاشان لە کتێبەکەی میلیوگوف دا، بەناونیشانی "دیدار و دۆستایەتی ئەدەبی" سانبترسبورگ ١٨٩٠، ل ١٦٧- ٢٤٩ بڵاوبوونەوە، میلیوکوف لەم بیرەوەریانەدا ئەم دیالۆگەی تۆمار کردووە، کە لە نێوان ئەو و دوستویفسکیدا ڕوویداوە:

حەز ناکەی کارێک بکەین هەندێ لە برادەرەکانمان کۆدەکەمەوە، تۆ بابەت و تیمەی ڕۆمانەکەمان بۆ بگێڕەوە، هەنگێ دابەشی دەکەین بەسەر کۆمەڵێک فەسڵدا و پاشان بە هەرەوەز دەینووسین، من دڵنیام هەمووان ڕازی دەبین، کەس ناڵێت نا، دوای ئەوە خۆت پێیدا بچۆرەوە و گێژە و بێژە و تەتەڵەی بکە، شتە ناکۆکەکانی لێ لابەرە، بەو جۆرە بە هیمەتی هەموان دەکارین کارەکە لەکاتی دیاریکراودا

تەواو بکەین و ئاو بێنە و دەست بشۆ، ئیدی ڕۆمانەکە ڕادەستی ستیلوڤسکی دەکەیت و لە حەپس دەخەلەسیت، ئەگەر ناتەوێ ئەم قوربانییە بە چیرۆکەکەت بدەی، با بیر لە شتێکی دیکە بکەینەوە.

١١- سەبارەت بە پەیوەندی تورگینیف لەگەڵ دوستویفسکیدا بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە شەست و نۆ ٦٩.

١٢- دوستویفسکی لە ١٨٤٩/٤/٢٣ دا بەهۆی مەسەلەکەی پتراشیڤسکییەوە دەستگیر کرا و لە قەڵای پتروباڤلوڤسکدا حەپس کرا و تا ١٨٤٩/١٢/٢٤ لەوێندەر مایەوە و پاشان ڕەهەنەی سیبریا کرا.

١٣- لێرەدا مەبەست لە خانەوادەی ڤیرا میخایلوڤنا ئیڤانوڤای خوشکە ئازیزەکەی نووسەرە، دوستویفسکی لە نامەیەکی بەرواری ١٨٦٦/١/١ دا بۆ بۆ ئەو و مێردەکەی، ئا.ب. ئیڤانوف دەڵێت: " من و ئاناگریگوریڤنا جگە لە تۆ و خانەوادەکەت ئازیزتر کێمان هەیە؟ ( سەبارەت بە خانەوادەی ڤ.م. ئیڤانوڤا، بڕوانە کتێبی ڤولوتسکی، ل ١٨٧- ٢٤٧.

١٤- لێرەدا باس باسی ماریادیمتریڤنائیسایڤایە، بۆ زانیاری پتر بڕوانە گ. بروخورۆف، ڕۆمانەکانی دوستویفسکی- لە کتێبی " هەڵبژاردەی ئەدەبیی هونەری" بڵاوەخانەی کراسنایا پانوراما، ١٩٢٨، تەموز، ل ٥٦- ٦٤، م.ل. سلونیم، سێ چیرۆکی ئاشقێنی لە ژیانی دوستویفسکیدا نیویورک، ١٩٥٣، ن.ی. یاکوشین، دوستویفسکی لە سیبریا، کیمیریڤو، ١٩٦٠، ل.ب. گروسمان، دوستویفسکی، موسکۆ ١٩٦٢.

١٥- پێدەچێ ئاناگریگوریڤنا، نامەی بەرواری ١٩٦٦/٢/١٨ دوستویفسکی بۆ فرانگیلی مەبەست بێ، چونکە ئەو نامەیەی کۆتاییساڵی ١٨٦٦ دیار نییە، بەڵام نامەکەی بەرواری ١٨٦٦/٢/١٨ لە "ئوتوبیوگرافیەکەیدا" لە لاپەڕە ٢٨٨ دا تۆمار کراوە و لەوێدا دوستویفسکی بە فرانگیل دەڵێت: تۆ بەلای کەمەوە لە ژیانی خێزانداریتدا بەختەوەری، بەڵام من قەدەر لە تاقە بەختەوەرییە مرۆڤانییەکە مەحرومی کردووم." ( نامەکان، بەرگی یەکەم، ل ٣٤٢.)

١٦- سەبارەت بە خۆشەویستی دوستویفسکی و ئاناڤاسیلیڤنا کورڤین- کروکوڤسکایا، سوفیاکوڤالیڤسکایای خوشکی، لە بیرەوەریانی منداڵیدا باسی دەکات، ( بڕوانە ت.ف. کوڤالیڤسکایا، بیرەوەرییەکان، نامەکان، وەشانخانەی ئەکادیمیای زانستی

سۆڤیاتی، مۆسکۆ، ١٩٦١) بەڵام لە میانەی ئەم بیرەوریانەوە ئەوەمان بۆ دەرناکەوێ، ( لەمبارەیەوە و لە لاپەڕەکانی دواتردا) کە ئانا ڤاسیلڤینا، وەکو ئاناگریگوریڤنا نووسیویەتی، لە دوستویفسکی بۆ ماوەیەکی کەمیش مارە بڕابێت، و دوستویفسکی لەبەر جیاوازی وناکۆکی فیکری " ئەم دەزگیرانداریيەی هەڵوەساندووەتەوە،" بەگوێرەی شایەتی سوفیا کوڤالیڤسکایا، ئاناڤاسیلیڤنا، دوای ئەوەی دوستویفسکی خوازبێنی کردبوو گوتبووی: دوستویفسکی پێویستی بە ژنێکی وەکو من نییە، ژیانی خۆی بۆ ئەو تەرخان بکات و جگە لەو بیر لە هیچ شتێکی دی نەکاتەوە، من ئەو کارەم پێناکرێت، من بەخۆمیش دەمەوێت بژیم!" ( سوفیا کوڤالیڤسکایا، بیرەوەری و نامەکان، مۆسکۆ، ١٩٦١ل ١٢٠ )

هەڵبەتە پەیوەندی دوستویفسکی بە ئاناڤاسیلیڤنا کورڤین- کروکوڤسکایاوە، لە بەرهەمە هونەریەکانیا ڕەنگی داوەتەوە ، دەتوانین کۆمەڵێک سیمای دەروونی وخەسڵەتێن ئەخلاقی ئەو لە شەخسیەتی ئاگلایای قارەمانی ڕۆمانی گەمژە دا بە زەقی بەدی بکەین، (لەمبارەیەوە بڕوانە کتێبی ئیدوارد هالت کار، "دوستویفسکی" لەندەن، ١٩٣١ ) هەروەها لە کەسایەتی ئەخماتۆڤای ڕۆمانی"هەرزەکار" و لە کەسایەتی کاترینا ئیڤانۆڤنای ڕۆمانی برایانی کارامازۆف دا هەروەها دەربارەی پەیوەندی دوستویفسکی بە ئاناڤاسیلیڤنا کورڤین- کروکوڤسکایا بڕوانە وتاری ی.شبادارۆک "کۆرڤین-کرۆکۆڤسکایا" گۆڤاری نیمان ١٩٦٦ ژمارە یازدە، ل ١٤٣- ١٥٠)

١٧- ڕۆمانی قومارچی لە زۆربەی بەشەکانیا ئۆتوبیوگرافیایەکە، کە قوماربازی و قومارئالودەگی دوستویفسکی کە هەندەراندا بەتایبەتی لە ساڵانی ١٨٦٢ – ١٨٦٣ دا نیشان دەدات، هەروەها وەسفی ئاشقێنی ساڵی ١٨٦٥ ی خۆی دەگەڵ ئەبولینار یاسوسلوڤازا، تیادا دەکات، ( بڕوانە کتێبی ساڵانێک نزیک دوستویسکی، نووسینی ئا.ب. سوسلوڤا، مۆسکۆ ١٩٢٨، هەروەها بڕوانە ئا.س. دولینین، دوستویفسکی و سوسولوڤا لە کتێبی "دوستویفسکی" دا، بەرگی دووەم، ل ١٥٣- ٢٨٤، ئا.ل. بیم "قومارچی" دوستویفسکی، ( " لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەن تازەی بیبلوگرافیایی") گۆڤاری "سوفریمنی زابیسکی" ، پاریس ١٩٢٥، کتیبی بیست و چوارەمین، ل ٣٧٢- ٣٩٢).

١٨- دوستوفسکی لە شوباتی ساڵی ١٨٥٤ دا لە شاری ئومسک، ناسیاوی دەگەڵ منەوەری کازاخی و زانای ئەتنۆگرافیا و گەڕیدە چوکان چینچیزوفیتچ ڤالیخانۆف

دا پەیداکرد، چوکان ڤالیخانوف لە قوتابخانەی سوپایی دەیخوێند، ئیدی ئەم ناسیاوییە بوو بە دۆستایەتییەکی پتەو، دوستویفسکی لە بەرواری ١٨٥٦/١٢/١٤ دا نامەیەکی بۆ دەنێرێت و دەڵێت: " ئەم مەیلەم بۆ هیچ مرۆڤێک نەبووە، تەنانەت ئەو مەیلەی بۆ تۆم هەیە بۆ براکەشم نەمبووە." ( نامەکان بەرگی یەکەم ل ٢٠٠ ) سەبارەت بە پەیوەندی دوستویفسکی و ڤالیخانوڤ، بڕوانە: ف. مانویلوف، چوخان ڤالیخانوفی هاوڕێی ف،م. دوستویفسکی، " کاری کتێبخانان، ئەنیستیتۆی لیننگراد" ١٩٥٩، بەرگی پێنجەم، ل ٣٤٣- ٣٦٩)

١٩- سوڤیا ئەلکسندروڤنائیڤانوڤنا، (١٨٤٦- ١٩٠٧) ( دوای شووکردن بوو بە سوفیا خمیروڤا) کیژی خوشکەکی دوستویفسکییە، دوستویفسکی زۆری خۆش دەویست، ئاقڵی و دڵپاکی ئەو ژنەی زۆر بە دڵ بوو، متمانەیەکی یەجگار زۆری پێی هەبوو، لە نامەکانیا زۆرێک لە نهێنییە فیلیڤانییەکان و حەقیقەتە تایبەتیەکانی ژیانی خۆی بۆ دەدرکاند، دوستویفسکی ڕۆمانی گەمژەی پێشکەش کردووە و لە خۆشەویستی ئەودا کچەکەی خۆی بە ناوی ئەوەوە ناونا، سەبارەت بە سۆفیائیڤانوڤا، بڕوانە کتێبەکەی ڤولوتسکی،( شەجەرەی خانەوادەی دوستویفسکی- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤- ١٩٩.)

٢٠- نامەی ئا.ڤ کورڤین- کروکوفسکایا، هەوەڵی مانگی یازدەی ساڵی ١٨٦٦، بۆ دوستویفسکی کە گلەیی لە کول و کۆڤانە شەخسییەکانی خۆی دەکات و باسی پڕۆژە ئەدەبییەکانی خۆی بۆ دەکات ، ڕێزو حورمەتی خۆی بۆ دەردەبڕێت، ( بڕوانە هەڵبژاردەی ئەدەبی هونەری، " کراسنایا پانوراما" ، ساڵی ١٩٢٩، مایو، ل ٤٠- ٤١.

٢١ - ئاناگریگوریڤنا بەبۆنەی مەرگی باوکییەوە جلکی تازیەباری لەبەر دەکرد.

٢٢- بۆچوون و ڕای دوستویفسکی دەربارەی شانۆنامەکەی ئەلیکسی تۆلسوی، " مەرگی ئیڤانی ترسناک" نەدۆزراوەتەوە ئەوەی سەبارەت بەم شانۆنامەیە باوە، ئەوەیە کە ئاناگریگوریڤنا لە کۆتایی بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی چۆن دوستویفسکی بەنیاز بووە لە سەرەتای هەیڤی دووی ساڵی ١٨٨١ دا، دەوری ڕەبەنەکە لەم شانۆنامەیەدا بدینێ، هەڵبەتە لەو نواندنەدا کە قەرار بوو لە ماڵی سوفیا تولسویادا پێشکەش بکرێت، کیژەکەی نووسەر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: " دوستویفسکی جارێکیان کەوتە خوێندنەوەی چەند شیعرێکی پوشکین و

ئەلیکسی تولستۆی بۆمان، بەو حیساب وئیحتوبارەی باشترین شاعیری دڵخوازی ئەون.." ل،ف، دوستویڤسکایا ل ٨٩.)

٢٣ - هەروەها ئەمانەش دەربارەی هەمان بابەتیان نووسیوە: د.ف. گریگوریفچ، ف.ف. تیموفییفا، ئا.بوچینکوڤسکایا،( بڕوانە دوستویفسکی لە بیرەوەری هاوعەسرەکانیدا، بەرگی یەکەم، ل ١٢٧، بەرگی دووەم، ل ١٢٦) ، ن.ن.ستراخوف، ( بڕوانە ژینامە، ل ٣١٧) هەروەها مەتران م.ئا، ئەلکسندروف، کە زۆرجار دوستویسکی دەبینی دەڵێت:" ئەو یەکەم ئینتیباعەی فیودور میخائیلوفیچ لەلای درووست کردم، لەو ئینتیباعانە دەچێت کە لەلای زۆربەی ئەوانە دروستی کرد کە یەکەمجار مامەڵەی لەگەڵدا کردبوون، بەتایبەتی ئەو ئینتیباعاتەی لای ئەو کەسانە مابووەوە کە دەرفەتی تێکەڵاوی زیاتریان دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچ دا بۆ نەڕەخسا بوو، ( بڕوانە دوستویفسکی لە بیرەوەری هاوعەسرەکانیدا، بەرگی دووەم، ل ٢١٨.)

٢٤- هەڵبەتە منداڵییەتی دوستویفسکی "منداڵییەکی ئارام و خۆش" نەبوو، وەکو ئاناگریگوریڤنا نووسیویەتی، چونکە بابی پیاوێکی تووڕە و تڕۆ بوو، توندە تەبیعەت بوو، فرانگیل لە نامەیەکی ٣/٩ /١٨٥٧ دا بۆ دستویفسکی دەڵێت: هاوڕێ ئەوەی سەبارەت بەتۆ زۆر نیگەرانم دەکات، پەیوەندیتە دەگەڵ دایکتدا، دەزانم زۆر چاک دەزانم، ( بەگوێرەی ئەزموونی خۆم) کە ئەو شتە ناخۆشانە زۆر زەحمەتە (........) خەڵکی وەکو باوکت ئاوێنەیەکن لە گومانی قێزەون و هەستیارییەکی تا ڕادەی نەخۆشی و دلۆڤانی، من نایناسم، تەنیا ڕەئی خۆمی لەبارەوە دەردەبڕم، من لە ژیانما دوو جارم دەربارەی ئەو پەیوەندییەی نێوان تۆ و ئەوم بیستووە،" ( نامەکان بەرگی یەکەم ل ٢١٥) ئاندرێ میخائیلوفیچی برا بچووکی دوستویفسکی لە "بیرەوەرییەکانیا" ( لیننگراد، ١٩٣٠) دەڵێت: دایکیان، ماریافیدورڤنا بەو حیسابەی ژنێکی یەجگار دلۆڤان، هەست ناسک، میهرەبان بووە، بەهرەیەکی ئەدەبی و موزیقی هەبووە، دوور نییە ئیلهامی دایکی ئەلیوشای، "برایانی کارامازۆف" لە یادگارییەکانی خۆیەوە دەربارەی ماریا فیودورڤناوە وەرگرتبێ و هەڵێنجابێ.

٢٥- ئاناگریگوریڤنا،مەبەستی بەشداری دوستویفسکییە لە گروپەکەی پتراشیڤسکیدا، کە بەهۆیەوە حوکمی ئیعدام درا و پاشان حوکمەکە سووک کرا بۆ

چوار ساڵ زندانی و  پاشان ئەنجامدانی خزمەتی سوپایی بۆ ماوەی پێنج ساڵ، لە کەتیبەیەکی سنووریدا لە سیبریا.

٢٦ - ئەم پەڕەگرافە لە" بیرەوەرییەکانیدا" نییە.

٢٧- ئەو ئامارژەیە بۆ هەڵاتنی ش.ف. چاکلار لە قەڵاکەی نزیک مەرزەوە بۆ ئەڵمانیا، ئامارژەیەکی هەڵەیە، چونکە چاکلار لە حەپسخانەی شانتییە بوو، لە ڤیرسای، کە لەوێوە لە ١٨٧١/١٠/٧ دا بۆ جنێف هەڵهات، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵاتنی ئەو و بەشداری بابی ئانا ڤاسیلیڤنا، جەنەراڵ ف.ف. کورڤین- کروکوڤسکی بڕوانە کتێبەکەی ی.س. کنیچینک- ڤیتروڤ: ژنانی چالاکوانی ڕووسی لە ئینتەرناسیونالی یەکەم و کومونەی پاریس، لیننگراد، ١٩٦٤ ل ١٩٠- ٢٠٣.)

٢٨- چاکلار لە ١٨٨٧/٣/٢٢ دا لەلایەن وەزیری ناوخۆوە ئاگادار کرایەوە کە لە زەرفی سێ دانە ڕۆژدا خاکی ڕووسیا بەجێ بێڵێت، ئاناگریگوریڤنا دوستویڤسکایا لە ١٨٨٧/٤/٢ دا نامەیەکی بۆ ی. ئا.بوبیدونوستیسڤای ژنی ڤنستنتین بوبید ونوستسیڤ نارد، داوای لێکرد یارمەتییەکی ئاناڤاسیلیڤا بدات، بەوەی رێگا بە مێردەکەی کە بەهۆی گومانی سیاسییەوە بۆ دوو ڕۆژ لە پایتەخت دوور خرابووەوە، بدات کەچەند هەفتەیەک بمێنیتەوە، تا تەگبیری حاڵی خۆیان بکەن، ئەوسا دەگەڵ ژنە نەخۆشەکەی و منداڵە بچووکەکەیاندا سەفەری هەندەران بکەن، دوای ئەوەی چاکلار لە ڕووسیا مایەوە، ئاناگریگوریڤنا بوبیدونوستسیڤی ئاگادارکردەوە کە پەیگیری مەسەلەکەی چاکلار بکات، لە ١٨٨٧/٤/٤ دا سەرۆکی پۆلیسی دورنوڤو بوبیدونوستسیڤی ئاگادارکردەوە ئەمرێکی دەرکردووە کە چاکلار دوای دە ڕۆژ پتروسبورگ بەجێ بێڵێ، بڕوانە ڤنستنتین بوبیدونوستیسیڤ و نامەکارییەکانی، بەرگی یەکەم، کتێبی دووەم، مۆسکۆ، براگ، ١٩٢٣، ل ٦٨٠- ٦٨٢.)

٢٩- نامەکان بەرگی دووەم، ل ٥- ٦

٣٠ - تورگینیف، لە نامەیەکی بەرواری ٩/٢٤/ ١٨٨٢ بۆ م.ی. سالتیکوف- چیدرین دەڵێت: " منیش وتارەکەی میخائیلوڤسکیم ( بەهرەیەکی سەخت) خوێندەوە، ئەویش پەی بەو تایبەتمەندییە سەرەکییەی داهێنانەکەی ئەو بردووە، (میخائیلوفسکی) یوانیویەتی ئەوە دەستنیشان بکات کە لە ئەدەبی فەڕەنسیشدا دیاردەیەکی

هاوشێوەی دوستویفسکی هەیە، کە بریتییە لە ماکیز دی سادی بەد ناو" ( ی. س. تورگینیف کۆبەرهەم و نامەکان، نامەکان، بەرگی سیازدە، کتێبی دووەم، مۆسۆ، لنینگراند، ١٩٦٨، ل ٤٩، تورگینیف لە نامەیەکی دیکەی بەرواری ١٨٨٢/٩/٢٥ دا، بۆ ب.ف. ئەنینکوف، گوزارشتی لە هەمان بیرۆکە کردووەتەوە. دەربارەی پەیوەندەی تورگینیف لەگەڵ دوستویفسکیدا، بڕوانە پەراوێزی ژمارە شەست ونۆ.

٣١- سەبارەت بە باندۆر و کاریگەری ڕۆمانی تاوان و سزا، بەسەر هاوچەرخانەوە، بڕوانە بیرەوەرییەکانی ن. ن ستراخوف لە کتێبی ئۆتوبیوگرافیادا، ل ٢٨٩- ٢٩٠ و ئا. ف کونی لە کتێبی ئا.ف. کونی، کۆبەرهەم، بەرگی شەشەم، مۆسکۆ، ١٩٦٨ ل ٤٣٠- ٤٣١ و هەروەها کتێبی: زامۆتین، ل ٨٣- ١١٥، کە هەموو بۆچوونە بڵاوکراوەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارە وەرزییەکان، ئەوانەی دەربارەی رۆمانی تاوان و سزا بڵاوکراونەتەوە، لەوێدا کۆکراونەتەوە، ئا. ف. کۆی دیداری خۆی دەگەڵ مایکۆفدا، دوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "مایکۆفم تووش بوو، بە ئاشکرا لەژێر کاریگەری خوێندنەوەی بەشی یەکەمی تاوان و سزادا بوو، کە تازە لە گۆڤاری مژدەبەری ڕووسیدا بڵاوبووبووەوە، پێی گوتم:" گویٚ بگرە لەمەی کە بۆتی دەخوێنمەوە، بەڕاستی شتیکی سەیرە!" دوای ئەوەی دەرگای ئۆفیسەکەی داخست تا کەس بێزارمان نەکات، ئەوساکە پەڕەگرافە بەنێوبانگەکەی قسەکەی مارمێلادوفی لە بارەکەدا بۆ خوێندمەوە، ئەوجا گۆڤارەکەی بە ئەمانەت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دامیٚ. ئێستاش دوای تیپەڕبوونی چەندین ساڵ، هەمان هەستی ئەوسا، هەمان هەڵچوون، بە زندوویەتی لە مێشک و دڵ و دەروونمدا ماوە."

٣٢- کورەکانی میخائیل میخائیلوفیچ دوستویفسکی و ئیمیلیا فیدوروڤنا دوستویڤسکی بریتین لە: میخائیل میخائیلۆڤیچی بچووک و فیودور میخائیلوفیچی بچووک، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەیان بروانە کتێبەکەی ڤولوتسکی،" شەجەرەی ماڵباتی دوستویفسکی، لا ١٠٤- ١٠٨.

٣٣ -دوستویفسکی لە بری بڵاوکردنەوەی هەر مەلزەمەیەک لە ڕۆمانێن، "تاوان و سزا"، "گەمژە"، "ئەهریمەنان"، سەد و پەنجا ڕوبڵی لە دەستەی نووسەرانی "مژدەبەری ڕووسی" وەرگرتووە، هەروەها لەبری بڵاوکردنەوەی هەر مەلزەمەیەکی ( هەرزەکار) لە "ساڵنامەی نیشمان" دا دووسەد و پەنجا ڕۆبڵی لە دەستەی نووسەرانەکەی وەرگرتووە، هەروەها لە بری بڵاوکردنەوەی هەر مەلزەمەیەکی دوا

ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆڤ) لە مژدەبەری ڕووسیدا، سێ سەد رۆبڵی وەرگرتووە، (بڕوانە ل. ک. ئیلینسکی، مووچەکانی دوستویفسکی- " مەلزەمە بیبلیوگرافییەکانی کۆمەڵەی ڕووسی کتێبخانەکان، ١٩٢٢ ژمارە سێ ل ٤- ٩، کەچی ی.س تورگینیف لەبری بڵاوکردنەوەی هەر مەلزەمەیەکی رۆمانی ( کوران و باوکان) لە "مژدەبەری ڕووسیدا"، چوار سەد رۆبڵی وەردەگرت، هەمان گۆڤار بە مەمنوونییەوە داوای لێ دەکرد، ڕۆمانی ( دووکەڵ) ی بە هەمان بڕە پارە بۆ هەر مەلزەمەیەکی بداتێ، (بڕوانە نامەی بەرواری ٢٣-٣- ١٨٦٢تۆرگینیف بۆ کاتکۆف وهەروەهانامەی بەرواری٣-٨-١٨٦٦، لە کتێبەکەی ی.س . تورگینیف، کۆبەرهەم و نامەکان، نامەکان، بەرگی چوارەم، مۆسکۆ، لیننگراد، ١٩٦٢، ل٣٦٥،بەرگی شەشەم،مۆسکۆ- لیننگراد،١٩٦٣،ل ٩٣)

٣٤- لەڕاستیدا زۆربەی ڕەخنەگرەکان، پەیان بە فۆڕمی تایبەتی کارەکانی دوسیویفسکی نەدەبرد، بۆ نموونە گۆڤاری "دیلو= دۆز" دەستخۆشی ئەو هەستە مرۆڤیانەی لە نووسەر کردبوو کە بووبوونە سەرچاوەی ئیلهامی "برایانی کارامازۆف"، بەڵام هەمان ڕۆمان لەلایەنی هونەرییەوە مایەی پەسەند و ڕەزامەندی نەبوو، ( بڕوانە دیلو ١٨٨١، ژمارە ٢- ٤ )بەڵام ڕەخنەگری بەنێوبانگ ف. ف. چویکۆف، لە نووسینێکدا دەربارەی برایانی کارامازۆف دەڵێت: "ئەم رۆمانە لە هەندێک لاپەڕاندا بەهرەیەکی ئەفسووناوی لێ هەڵدەقوڵێت، بەڵام لە زۆربەی بەشەکانیا پڕە لە شتی سەخیف و نا هاوئاهەنگ (........) ئەمە جگە لەوەی لەبەر درێژیو درێژدادڕی و کاوێژکردنەوەی زۆر، خوێنەر زۆر بێزاردەکات،( بڕوانە نوڤوستی- هەواڵەکان، ١٨٨٠، ژمارە ٣٤٧ تەنانەت دوستویفسکی خۆیشی ئەوەی دەرک دەکرد کە نەدەتوانێ و نە دەیەوێت بە شێوازیکی دیکە بنووسێت، دوستویفسکی لە نامەیەکیدا بۆ ستراخوف دەڵێت:

"زۆر بە وردی ئاماژەت بۆ عەیبە سەرەکییەکەی من کردووە، بە ڕاستی لەکۆنەوە تا ئێستاش ئەم عەیبەم لەکۆڵ نەبووەتەوە، تا ئێستا کەرەستەی خۆم نەدۆزیەوەتەوە، گەلێک لە ڕۆمان و چیرۆکەکان چوون بەناو یەکدا و لە قاڵبی یەک رۆماندا گیرساونەتەوە، ئیدی لەمەوە پێوەرەکان ون دەبن و هەماهەنگی وگونجان نامێنی (........ ) بەڵام لەوەش خراپتر ئەوەیە کە کاتێ کەرەستە و ئەوزارەکان بە خراپی بەکار دەبەم و هەوەس و کەلکەڵەی ڤیلیڤانی رامدەکێشێت، هەنگێ توانای ئەوەم

نامێنێ کە بیرۆکەکە بهونەرێنم، یا هونەریانە گوزارشت لە بیرۆکەکەم بکەم" ( ف.م. دوستویفسکی لەهەمان کاتدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە "شتێکی لەمە واقیعی تر نازانێت.." واتە کام ئەوزار کاریگەرترە، (هەمان سەرچاوەی بەرێ، بەرگی چوارەم، ل ٥٧.)

٣٥ - دوستویفسکی بەر لەدیتنی ئاناگریگوریڤنا لە ١٧ یولیو ١٨٦٦ دا نامەیەک بۆ ئا.ڤ. کورڤین- کروکوڤسکایا دەنووسێت و دەڵێت: " من دڵنیام لەنێو ئەدیبانی مردوو و زیندوی ئێمەدا هیچ کەسێک نەبووە لەم ڕەوش و زروفەی مندا قەڵەمرانی کردبێت، پێدەچێت تورگینیف حەسوودی بە بیرەکانی من بەرێ، بەڵام تۆ بەخۆت دەزانی چەند زەحمەتە پیاو ئەو بیرۆکەیە لەبار بەرێ کە لە ناخیا لەدایک دەبێ، کاتێ کە خۆت دەزانی بیرۆکەیەکی باشە، پاشان ناچار بیت بە هۆشمەندییەوە، بە ئانقەست بیشێوێنی ( ئا. نامەکان بەگی یەکەم، ل ٤٣٨)

هەروەها بڕوانە نامەکانی دوستیفسکی سەبارەت بە ڕۆمانی " گەمژە" بۆ سۆفیا ئیڤانۆڤنا، ١٨٦٨/٤/١٠ و ١٨٦٨/٣/٣٠. هەروەها نامەێن بەرواری ١٨٦٨/١١/٧ و ١٨٦٨/١٠/٢٦ بۆ ئەبوللون مایکۆف ( نامەکان بەرگی دووەم ل ١١١- ١٣٩، ١٤١.)

٣٦- هەردوو نامەکە ،بەرواری ١٨٦٦/١٢/٢٩، ١٨٦٧/٢/٢ یان پێوەیە ( بڕوانە نامەکان، بەرگی یەکەم، ل ٤٥٠- ٤٥٤).

## بەشی سێیەم

## ڕۆژانی هەوەڵی

## ژیانی ژن و مێردایەتیمان

## "١"

###ساڵی ١٨٦٧

دوای دوو هەفتە لە زەماوەندەکەمان یەکێک لە ناسیاوەکانم هەواڵی داینێ کە وتارێک دەربارەی فیودور میخائیلوفیچ لە ڕۆژنامەی (کوڕی نیشتمان) دا ( ژمارە سی وچوار، شوباتی/ ١٨٦٧دا، لەژێرسەرناڤی "زەماوەندی ڕۆماننووسێک" بڵاوکراوەتەوە، ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەمان پەیدا کرد و ئەمەمان تیا خوێندەوە:

" پەیامنێری ڕۆژنامەی ( نۆرد )ی بترسبورگ دەڵێت: باس باسی زەماوەندێکە کە لە ژیانی ئەدەبیماندابەشێوەیەکی زۆر سەیر ڕوویداوە، یەکێک لە ڕۆماننوسە هەرە ناودارەکانمان، کە برێک حەواسپەرتە و وابەستەی گرێبەستی نێوان خۆی و وەشانکاری بەرهەمەکانی نییە، لە کۆتایی هەیڤی یازدەدا بیری دەکەوێتەوە کە دەبێ لەگەڵ هاتنی مانگی دوازدەدا لە نووسینی ڕۆمانێکی بەلای کەمەوە دووسەد لاپەڕەیی ببێتەوە، دەنا دەبێت بەگوێرەی گرێبەستەکە تاوان و جەریمەیەکی زۆر بدات، تەگبیری چییە، چی بکات؟ ڕاستە بیرۆکەکەی دۆزیبووەوە، دیمەنە سەرەکییەکانی لە مێشکیدا گەڵاڵە بووبوون، بەڵام هێشتا تاقە وشەیەکی نەخستبووە سەر کاغەز و تەنیا یەک هەفتەش بۆ تەواو بوونی مەوعیدەکە مابوو، ئیدی بەپێی ئامۆژگارییەکانی یەکێک لە دۆستەکانی، یارۆی نووسەرمان ئیختیزالچییەک بەکرێ دەگرێت تا یارمەتی بدات و کارەکەی بە خێرایی بۆ ڕاپەڕێنێ، بەدەم هاتووچۆوە بە ژوورەکەی خۆیدا ڕۆمانەکەی پێ ئیملا دەکات، بەردەوام دەست بە قژە درێژەکەی خۆیدا دێنێت وەکو ئەوەی بە ئومێدی ئەوە بێت ئەم قژە ئیلهامی تازەی پێ ببەخشێت، ئا بیرم چوو ئەوەتان پێ بڵێم ئەو ئیختیزالچییەی نووسەر بە کرێی گەرتبوو کچێکی گەنجی پەروەردەی بیرێن مۆدێرن بوو، هەرچەندە نەهلیستی نەبوو، توانای ئەوەی هەبوو بە ڕەنجی شانی خۆی بژی و ڕەوشێکی سەربەخۆ بۆ خۆی فەراهەم بکات، جا جەنابی (ئێکس) "مەبەست لەم پیتە ناوی ڕۆماننوسەکەیە" لە شپرزەییداو کە لە خەمی بیرێن

تازەدا دەبێت، سەرنجی ئەوەی نەدابوو کە یاریدەدەرەکەی کچێکی زۆر گەنج و فرە جوانە، کارەکەی لە هەوەڵەوە زۆر بە ئاسانی دەڕۆیی، بەڵام تا ڕۆمانەکە پتر لە کۆتایی نزیک دەبووەوە هەندێ کێشەی تازە دەهاتنە پێشێ، قارەمانی ڕۆمانەکە کە بێوە پیاوێک دەبێت، کە تەمەنی گەنجی بەزاندبوو، قۆز نابێ، ئیدی گیرۆدەی داوی خۆشەویستی کچێکی گەنج دەبێت، هەڵبەتە دەبوایە ڕۆمانەکە کۆتایی ڕۆمانەکە کۆتاییەکی ئاسایی بێ، دوور لە خۆکوژی یان دیمەنێن تورەهات و بازاڕی بێ، نووسەر پەکی دەکەوێ، هیچ بیرۆکەیەکی تازەی بۆ نایە، قژڕنینەوە دادی نادات، تەنیا دوو ڕۆژ بۆ کۆتایی مەوعیدەکە ماوە، لێرەدا یارۆی ڕۆماننووس دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە جەریمەکە بدات و ببڕێتەوە زۆر باشترە، لەناکاوا ئیختیزالچییەکە کە بەدرێژایی ئەو ماویە بەبێدەنگی کاری خۆی کردبوو، لێدەبڕێ ئامۆژگاری ڕۆماننوسەکە بکات کە کارێک بکات ژنە قارەمانەکەی ڕۆمانەکە بگەیەنێتە ئاستێکی هۆشیاری ئەوتۆ کە هاوبەشی هەستی قارەمانە پیاوەکە بکات.

بەڵام ڕۆماننووسەکە هاوار دەکات: بەلام ئەمە نائاساییە! ئەوە ڕەچاوبکە کە قارەمانەکە پیرەپیاوێکی وەکو منە، بەڵام ژنەکە لە هەڕەتی جوانی و لە تافی گەنجیدایە... بۆ نموونە لە تەمەنی تۆدایە، ئیختیزالچییەکە بەرپەرچی دەداتەوە کە پیاو بە ڕواڵەت ئافرەت کەمەندکێش ناکات، بەڵکو بە ئەقڵ و بەهرە کەمەندکێشی دەکات، لە ئەنجامدا بەگوێی دەکات و ڕۆمانەکە لەکاتی دیاریکراودا تەواو دەبێت، لە دوا ڕۆژی کارەکەدا جەنابی (ئێکس) بە دەنگێکی شپرزە داوا لە ئیختیزالچییە جوانەکە دەکات، کە ڕێگەی بدات بچێ بۆ ماڵیان تا سوپاسی بکات و منەتباری خۆی بنوێنێ و کچەش قابیل دەبیت.

جەنابی (ئێکس) دەڵێت: کەواتە سبەی دێم بۆ ماڵتان؟

کچە دەلێت: نەخێر ئەگەر دەکرێ دووسبەی وەرە.

یارۆی ڕۆماننووس لە کاتی دیایکراودا دەڕوات و دوای خواردنەوەی دوو فنجانە قاوە، قیروسیای لێدەکات، سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەی! گرێی دڵی خۆی دەکاتەوە، کچە قابیل دەبێت، لێرەدا خەنابی (ئێکس) دەپرسێت: باشە بۆچی دوێنێ پێشوازیت نەکردم؟ وانەبوایە ڕۆژێک زووتر دڵخۆشت دەکردم.

ئیختیزالچییەکە بەشەرمەوە دەڵێت: دوێنێ مەوعیدم دەگەڵ دەستەخوشکێکمدا هەبوو، ئەو لە من جوانترە دەترسام بیبینیت و ژێوان بیتەوە. ڕۆماننووسەکە کە گوێی لەم ئیعترافە سادە و ساکارە دەبێت ، زۆر دڵخۆش دەبێت و دڵنیا دەبێت کە کیژێ بەڕاستی خۆشی دەوێت.

هەڵبەتە حەزدەکەم ئەوەش بزانن کە ئەم رۆمانە بەو شێوەیە کۆتایی نەهاتووە کە لە ڕووسیادا پێی دەڵێن زەماوەندی مەدەنی. بە پێچەوانەوە ئەم دوانە لە ماوەی چەند رۆژێکدا لە کڵێسای گەڕەکدا بەفەرمی لێکدی مارە کران.

من و مێردەکەم زۆر بەم وتارە بچووکە پێکەنین، فیودور میخائیلوفیچ یەکسەری بیری بۆ ئەوە چوو کە ئەم شێوازە تورەهات و بێ مانایە، زیاتر لە شێوازی میلیوکوف دەچێت و هەبێ و نەبێ دەستی ئەوەی تێدایە، کە بە هەموو خووخدەیەکی مێردەکەمی+٣٧ دەزانی ( ئەوەی ڕاستی بێ فیودور میخائیلوفیچ حەزی دەکرد بەدەم ئیملاکردنی ڕۆمانەکەیەوە بە ژوورەکەدا بێت و بچێت و کە شتێکی لێ عاسی دەبوو، قژە درێژەکەی ڕادەکێشا.)

"٢"

ڕۆژانی بەر لە ڕۆژووی گەورە، زۆر بەخێرایی بوورین: وەکو بووک و زاوا سەردانی خزمانمان چ خزمانی من و چ خزمان و ئاشنایانی فیودور میخائیلوفیچمان کرد، خزمان دەعوەتی نیوەڕۆ و ئێوارەیان دەکردین، دەچووینە هەرشوێنێ بەخۆشی ئێمەوە و بەناوی پیرۆزبایی لە بووک و زاوای تازە شامپانیا پێشکەش دەکرا، ئیدی داب و نەریتی ئەو ڕۆژگارە واهی بوو، لە زەرفی ئەم دە رۆژەدا هێندەیان شامپانیا دەرخوارددام، کە بەهەموو تەمەنی دواترم ئەوەندە شامپانیام نەخواردەوە، ئەم پیرۆزباییانە، ئاقیبەتی زۆر خەمناکیان بەدوادا هات، بوون بەسەرچاوەی یەکەمین بەڵای قورس لە ژیانی خێزانداریمدا، فیودور میخائیلوفیچ دووجار فێی لێهات، ئەم نۆرە فێیانە وەکو جاران لە خەودا لێی نەدا، بەڵکو بە ڕۆژەوە و لەکاتی بێداریدا لێی دا، بابۆتانی بگێڕمەوە. لە دواڕۆژەکانی جەژنەکانی ڕۆژووی گەورەدا ، نانی نیوەرۆمان لە ماڵی خزمەکانمان خوارد، ئێوارە بۆ شەوبێری چووین بۆ ماڵی خوشکەکەم، بەخۆشی و سەلامەتی شێومان خوارد ( چەند پێکە شامپانیایەکیش

وەکو میوانیەکانی دی بەگەڵ نان خواردنەکە کەوت) پاشان میوانەکان ڕۆیشتن و ئێمە ماینەوە، فیودورمیخائیلوفیچ یەکپارچە چالاکی و چەلەنگی بوو، بە حەماسێکی زۆرەوە شتێکی خۆشی بۆ خوشکەکەم دەگێڕایەوە، لەناکاوا زمانی تێکئالا، ڕەنگی زەردهەلگەڕا، نیمچە ئاخیزێکی بۆ کرد، پاشان بەلای مندا دانەوییەوە، ڕوانیمە ڕووخساری، سیمای گۆڕا، لەناکاوا هاوارێکی ترسناک، لە هاواری بەشەر نەدەچوو، بەرز بووەوە، زیاتر لە لوورە دەچوو، فیودورمیخائیلوفیچ، بە پێشا خواربووەوە. لەهەمان کاتدا خوشکەکەم هاوارێکی بەرزی کرد، لەلای مێردەکەمەوە دانیشتبوو، لەسەر کورسییەکەی ڕاپەڕی، بەغار لە ژوورەکە وەدەرکەوت، لە هۆڕژنی گریانێکی هیستری دا، زاواکەم بلەز دووی کەوت.

پاشان دەیان جار گوێم بەم لورینە ( نامرۆڤانییە) زرنگایەوە، کە لەهەوەڵی هەر نۆبە فێیەکدا، لە پەرکەمداران بەرز دەبێتەوە، هەمیشە کە گوێم لەو دەنگە دەبوو، لەترسا لەرزم لێدەهات، کەچی ئەو ساتە خۆیشم نەمزانی بۆ، بە هیچ جۆرێ نەترسام، هەرچەندە ئەوە یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا نۆرە فێ بدینم، هەردوو سانی فیودورمیخائیلوفیچم گرت و بە توندی لە سەر قەنەفەکە دامنیشاند، کە دیتم جەستەی مێردەکەم بەتەواوەتی سڕ بوو و هیچ هەستێکی تیا نەما، زۆر ترسام، نە ئەو خۆی لەسەر قەنەفەکە دەگرت و نە من توانای ئەوەم هەبوو رایبگرم، ئیدی دەستم لێ شل کرد کە هێدی هێدی دابخزێتە سەر ئەرزەکە، دوای ئەوەی ئەو تەپڵەکەم لابرد کە چرایەکی هەڵکراوی لەسەر بوو، منیش بەرە بەرە دەگەڵیدا داخزیم، بەدرێژایی کاتەکە سەری لە سەر ئەژنۆم دەلەرزی، کەس نەهاتە هاریکاریم، خوشکەکەم تووشی جۆرە هیستریایەک بوو بوو، بەڵام زاواکەم و کارەکەرەکە لە نزیک منەوە مژووڵ بوون.

بەرە بەرە لەرزین و گرژبوونەوەکەی خاو بوونەوە، فیودور میخائیلوفیچ خەریک بوو بەرە بەرە وەخۆ دەهاتەوە، بەڵام لە سەرەتاوە نەیدەزانی لەکوێیە، هەروەها دەمی گۆی نەدەکرد، زاری نەدەگەڕا، هەوڵیدەدا شتێک بڵێت، بەڵام وشەکانی تێکەڵ دەکرد و مەحاڵ بوو بزانین چی دەڵێت ولێی تێبگەین، دوای نیو دانە سەعات ئەوسا توانیمان فیودور میخائیلوفیچ هەلگرینەوە و بیخەینەوە سەر قەنەفەکە، بڕیارماندا وازی لێبێنین ئیسراحەت بکات، ئەوسا بۆ ماڵ بگەڕێینەوە، لێ مخابن، دوای سەعاتێک نۆرە فێیەکی دیکەی لێهات، ئەمجارەیان نۆرەفێیەکی هێندە بەهێز بوو،

به دوو سەعاتیش دوای وەهۆش هاتنەوەی، هەر لەتاو ئازار هاواری دەکرد، بەراستی ترسناک بوو! پاشان بە دەگمەن نۆرەفێی دووفاقەی لێدەهات، ئەمجارەیان دکتۆر پێیان گوتین، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری خواردنەوەی شامپانیا لە دەعوەتەکاندا، مەی زۆر کاری لە فیودور میخائیلوفیچ دەکرد، بۆیە هەرگیز نەیدەخواردەوە.

ناچار شەوێ لە ماڵی خوشکمماینەوە، فیودورمیخائیلوفیچ زۆر بێتاقەت بوو، ئازای داهێزرابوو، لەوە دەترساین نەبا نۆرەفێیەکی دیکەش لێی بدات، بەڕاستی شەوێکی فرە ناخۆشمان قەتاند! بۆیەکەمجار لێرەدا دیتم کە فیودور میخائیلوفیچ بە چ دەردێکی ترسناکەوە دەتلێتەوە، کە گوێم لە هاوار وناڵینی لە پەستاو و بێ پسانەوەی دەبوو، کە رووخساریم دەبینی بەدەم ئازارەوە دەشێوا و بەجۆرێ دەگۆڕا کە نەدەناسرایەوە، کە لە قسەکانی نەدەگەیشتم قەناعەتی تەواوم لادرووست دەبوو، کە مێردە ئازیزەکەم، فیودورمیخائیلوفیچ تووشی شێتی دەبێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەس بوو کە ترس هەرچوارپەلم بشکێنێت!

بەڵام شکور بۆ خوا فیودورمیخائیلوفیچ، پاش ئەوەی چەند سەعاتێک نووست، بەڕادەیەک وەخۆ هاتەوە کە توانیمان بۆ ماڵی خۆمان بگەڕێینەوە، بەڵام کە لە هەرنۆرە فێیەک هەڵدەستایەوە، خەمو پەژارەیەکی ئەوتۆ دایدەگرت، پتر لە یەک هەفتە بەری نەدەدا، فیودورمیخائیلوفیچ دوای هەر نۆرە فێیەک بەم جۆرە وەسپی حالەتەکەی خۆی دەکرد:

" وام لێدێت وا هەست دەکەم ئازیزترین کەسم لە دنیاندا لەدەست داوە، بەدەستی خۆم لە گۆڕم ناوە". ئەم نۆرە فێیە دووفاقییە بوو بە یەکێک لە بیرەوەرییە هەرە بەژان و سوێیەکان و هەتا هەتایە لە دڵم دەرنەچوو. هەر لەم هەفتە خەمناکەدا، هەندێ لەو زیزبوون و بەدحاڵیانە دەستی پێکرد، کە خۆشی هەوەڵین هەفتەکانی زەماوەندەکەمانی لە کونەلووتم دەرهێنایەوە و کردیە کارێک بەوپەڕی خەم و کەسەرەوە یادی ( مانگی هەنگوینەکەمان) بکەمەوە.

جا بۆ ئەوەی مەسەلەکە روونتر بێت، سیستەمی ژیانی تازەی خۆم دەگێڕمەوە: فیودورمیخائیلوفیچ، کە بە شەوان کاری دەکرد و دەیخوێندەوە، شەوان درەنگ دەنوست، بۆیە بە ڕۆژیشەوە درەنگ لە خەو ڕادەبوو، بەلام من زوو رادەبووم و لە سەعات نۆدا حازربووم بۆ مەیدانی سینایا* (* مەیدانی سینایا، مەیدانی عەلوەیە،

لە رۆمانەکانی دوستویفسکیدا، بەتایبەتی لە ڕۆمانی تاوان و سزادا زۆرجار ناوی هاتووە) بڕۆم و لەگەڵ چێشتلێنەرەکەماندا شتی پێویست بکڕم.

لیرەدا راستییەک هەیە دەبێ باسی بکەم، کاتێ شووم کرد کابانێکی فرە خراپ بووم، ئاخر منێک کە حەوت ساڵم لە دواناوەندی بەسەر بردبوو پاشان قۆناغی باڵاترم خوێندبوو و دوایش دەورە و خولی ئیختیزال، لە کوێ فێری کابانی و ماڵداری ببم؟ بەڵام هەرکە بووم بە ژنی فیودورمیخائیلوفیچ و زانیم لە چ ڕەوشێکی دارایيدایە. بەڵێنم بەو و بەخۆمیش دا کە خۆم فێری کابانی و ماڵداری بکەم، بەدەم پێکەنینەوە بەڵێنم بە مێردەکەم دا کە بەخۆم ئەو خواردنانەی بۆ ئامادە بکەم، کە حەزیان لێدەکات، قەناعەتم پێکرد ژنێکی چێشتچی هەرزان بایی، بە نرخی ئەو سەردەمە بە دوازدە رۆبڵ بەکرێ بگرێت تا فێری چێشت لێنانم بکات.

نزیکەی سەعات یازدە لە بازار دەگەڕامەوە، هەمیشە کاتیادوستوڤکایام لە ماڵی خۆمان دەبینی، کاتیا کچی برایەکەی فیودورمیخائیلوفیچ بوو، کچێکی زۆر خشیکی پازدە ساڵان بوو، دوو چاوی ڕەشی جوانی پێوە بوو، دوو پرچی زەرد، بەسەر شان و ملیا بەربووبوونەوە، ئیمیلیافیدورڤنا چەند جارێک بۆی باسکردبووم کە کاتیا خۆشی دەوێم و حەزدەکات چاوێکم تێوەی بێت.

ئیدی بەو هەڵنانە خەڵەتام و قاییل بووم، هەرکاتێ دەرفەتی هەبوو دەتوانێ بێ بۆ ماڵمان، کاتیا لەبەر ئەوەی پابەندی هیچ جۆرە خوێندنێک نەبوو و لە ماڵەوەش بێتاقەت دەبوو، هەرکە لە پیاسە و ڕاوێچکەی بەیانیان دەبوەوە، یەکسەر بۆ ماڵی ئێمە دەهات: ئەمە بۆ ئەو یەکاو یەک بوو، ماڵیان هەر پێنج دەقیقە ڕێیەک لە ماڵی ئیمەوە دوور بوو، سەعات دوازدە پاڤڵ ئەلکسندروفیچ میشا دوستویفسکی، برازای فیودور میخائیلوفیچ دەهات بۆ لام، ئەمە گەنجێکی حەڤدە ساڵان بوو، ئەوسا کەمانچەژەنی دەخوێند، کە لە کۆنسرڤتوارەوە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، لە ڕێگای خۆیەوە سەری ئێمەی دەدا، ئیدی دەمهێشتەوە تا نانمان لەگەڵدا بخوات، هەروەها فیودور میخائیلوفیچی بچووکیش کە پیانۆژەنێکی لێهاتوو بوو، سەری دەدایین ئەوجا دۆست و ناسیاوانی فیودورمیخائیلوفیچ سەریان دەکرایەوە، هەستیان دەکرد دەسێت زوو زوو سەردانی بکەن، زۆرجار ئیمیلیافیدورڤنا بۆ نانخواردن دەهات و برا و خوشکی مێردەکەمی، واتە نیکولای میخائیلوفیچ و ئەلکسندرا میخائیلوڤنا گولینو ڤشکایاو + (+ ئەلکسندرمیخائیلوڤنا "دوای شووی یەکەم بوو بە گولینوڤسکایا"،

١٨٣٥- ١٨٩٨، خوشکی بچووکی فیودور میخائیلوفیچ بوو.) مێردە باشەکەی، واتە نیکولای ئیڤانوفیچی دەگەڵ خۆیدا دێنا، دوای ئەوەی هەموان نانیان دەخوارد تا سەعات دەو یازدەی شەو دەمانەوە، ئیدی ئەمە بوو بە عادەت و سیستمی ڕۆژانە، ئیدی میوانی غەریب و خۆمانە لە ماڵمان نەدەبڕا.

من بۆخۆم لە خانەوادەیەکەی بابسالاری میوانپەروەر پەروەردە بوو بووم، بەڵام میوانەکانمان لە ڕۆژانی یەک شەمموان و جەژنەکاندا دەهاتن، بەڵام هاتنی میوان بەم زوورییە کە ناچار بم خواردن ئامادە بکەم و لە بەیانییەوە تا ئێوارێ وچانێک نەدەم کارێکی زۆر زەحمەت و دژوار بوو، بە تایبەتی کە خزمەکانی دوستویفسکی و کۆڵەبەستەکەی، هەموو منداڵکار بوون و لە تەمەنی مندا +٣٨ نەبوون، هەروەها لەو سەردەمەدا هاوئامانجی من نەبوون، بیرکردنەوەمان جیاواز بوو، بۆیە دۆست و ئاشنا ئەدیبەکانی فیودورمیخائیلوفیچ وەک: مایکۆف، ئەڤیرکیڤ* (* ئەڤیرکیڤ، دیمیتری ڤاسیلیڤیچ ١٨٣٦- ١٩٠٥: شانۆنامەنووس، چیرۆکنووس و ڕەخنەگربوو لە هەردوو گۆڤاری ( کات) و ( سەردەم) کاری دەکرد، لە ساڵانی ١٨٨٥- ١٨٨٦ " یاداشتی نووسەر" ی بڵاوکردەوە، تا درێژە بە بیرەوەرییەکانی دوستویفسکی بدات". ستراخوف، میلیوکوف، دولگوموستیڤ +٣٩ و .. هتد. بۆ من زۆر باشتر و خۆشتر بوو، تا ئێستا ئاگاداری وشارەزاییەکی ئەوتۆم لە دنیای ئەدەبدا نەبوو، زۆر بە پەرۆشەوە بووم بچمە ناو ئەم دنیایەوە، حەزم دەکرد قسە دەگەڵ ئەو ئەدیبانەدا بکەم، گەنگەشەیان دەگەڵدا بکەم، هەڵبەتە گرنگترین شت بۆ من ئەوە بوو کە گوێ بگرم و گوێیان لێبگرم، لێ مخابن مەگەر بەدەگمەن دەنا نەمتوانی ئەم لەزەتە بەدەست بێنم: کاتێ کە فیودورمیخائیلوفیچ، تەماشای دەکرد و ڕوخساری مەلولی گەنجەکانمانی دەبینی، لەبن لێوانەوە پێی دەگوتم" کۆرتە باریکەکەم ئا نیچکا، ڕەنگە تۆش ببینی ئەوانە چەند هەست بە بێزاری دەکەن، بیانبە بە شتێک مژوڵیان بکە" ئیدی هەنجەتێکم دەدۆزییەوە تا لە ژوورەکەیان بەرمەدەرێ و بیانخافڵێنم." هەڵبەتە بە نەبەدڵی.

ئەوەی کە زۆر پەشێوی دەکردم. ئەوە بوو بە هۆی میوانی بەردەوامەوە، نەمدەپەرژایە سەر ئەو کارانەی کە حەزم لێدەکردن، ئەمە بۆ من دەیکردە خەسارەتێکی گەورە، بۆ نموونە کە بیرم دەکەوتەوە بە درێژایی یەک مانگ نەمتوانی بوو تاقە یەک کتێب بخوێنمەوە و نەمتوانی بوو پەیگیری وانەکانی

ئیختیزال بکەم کە حەزم دەکرد شارەزایی لە هەموو ڕەمز و ڕازەکانی پەیدا بکەم، خەفەتی دنیام دەخوارد، بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک پتر پەستی دەکردم، بەهۆی میوانی بەردەوامەوە، نەمدەپەرژا بۆ تاوێک بە تەنیا لەگەڵ مێردەکەمدا دانیشم، خۆ ئەگەر بەڕۆژەوە دەرفەتێکم بۆ هڵکەوتبا و بۆ دەقیقەیەک بچمە ئۆفیسەکەی و لەگەڵیا دانیشم، لەناکاوا یەکیک خۆی بەژوورا دەکرد، یا بەکارێکی ناوماڵ بانگی دەکردم. ئیدی دەبوایە قسەو باس و نوکتە و گفتگۆی شەوانەمان تەرک بکەین، چونکە کە شەو دادەهات بەهۆی ماندووبوونی ڕۆژانە و داکردن و بەڕێکردنی میوانان و بەشداری فیودورمیخائیلوفیچ لە مجامەلەی میوانان، هەردووکمان شەکەت دەبووین، من دەچووم دەخەوتم و ئەویش پەنای دەبردە بەر کتێبێکی خۆش و ماندوێتی خۆی پێ دەردەکرد.

"٣"

## دوژمنەکانیماڵەوە

دەشیا بەرە بەرە و بەتێپەڕ بوونی ڕۆژگار دەگەڵ ئەم سیستەمەی ژیانمدا ڕابێم. بەتەیبەتی ئەگەر من بمتوانیبا کەمێک ئازادی بەدەست بێنم و هەندێ کات فەراهەم بکەم تا مومارەسەی هیوایەت و حەزە دڵخوازەکانی خۆم بکەم، ئەگەر خزمەکانی فیودور میخائیلوفیچ لێیان گەڕابام و کێشەیان بۆ دروست نەکردبام.

براژنەکەی، واتە ئیمیلیافیدوروڤنا دوستویڤسکایا، ژنێکی باش بوو، بەڵام زۆر کورتبین بوو، کە دەیبینی بەتایبەتی دوای مردنی مێردەکەی، فیودورمیخائیلوفیچ، مدارای دەکات، وای وێنا دەکرد ئەمە ئەرکە و دەبێ ئەنجامی بدات، بۆیە کە زانی فیودورمیخائیلوفیچ بەتەمای ژنهێنانە، زۆری لەبەر گران دەبێت، بۆیە کاتێ بووم بە دەزگیرانی، ئیملیا کەوتە دژایەتی کردنم، بەڵام ئیمیلیافیودوروڤنا، دوای زەماوەندەکەمان ملی بۆ واقیع دا و کەوتە نەرمکێشی لەگەڵما، بەتایبەتی کە هەستی کرد، زۆر مدارای منداڵەکانی دەکەم، هەموو ڕۆژێ بۆ ماڵمان دەهات، خۆی بە کەیبانۆیەکی زۆر چاک دەزانی، هەموو جار لە ڕووی ماڵدارییەوە ڕێنوێنی دەکردم، دەکرا ئەمەی لەڕووی یازپاکییەوە و بۆ قازانجی من بێت، بەڵام هەمیشە لە حزوری مێردەکەمدا ئەو ئامۆژگاری و ڕێنوێنیانەی دەکردم، کە من ئەمەم زۆر

لەبەر گران بوو، کارێکی وەهای دەکرد لەبەردەم مێردەکەمدا بە دەست قرپۆک و ماڵداری نەزانم نیشان بدات.

بەڵام ئەوەی لە هەموو شت پتر پەست و بێزاری دەکردم، ئەوە بوو لە هەموو هەڵوێستێکدا، دەگەڵ ژنی یەکەمی فیودور میخائیلوفیچدا بەراوردی دەکردم، کە بەڕاستی ئەمە بۆ ئەو کارێکی فرە کرێت و دزێو بوو.

بە هەرحاڵ،ئەگەر ئامۆژگارییە بەردەوامەکانی ئیمیلیافیدروڤنا وگیانی خۆسەپاندن و خۆبەخاوەن ماڵ زانی ئەو، هەندێ کاری سەخیف بووبن، ئەوا هەڵسوکەوت و گوساخی پاڤڵ ئەلکسندروفیچ لەگەڵ مندا لە تەحەمول بەدەر بوو.

هەڵبەتە کە شووم کرد، دەمزانی کۆڵەبەستەکەی فیودورمیخائیلوفیچ لە گەڵ ئێمەدا دەژی، وێڕای ئەوەی دەرامەتی ئەوەی نەبوو کە ماڵێکی سەربەخۆ بۆ خۆی بەکرێ بگرێت، فیودورمیخائیلوفیچ حەزیدەکرد لە سایەی خۆیدا ڕاییبگرێت، تا تەواو پوختە دەبێت وخۆی دەناسێت، جا من بە حوکمی کەم تەمەنی و کەم ئەزموونی خۆم، وێنام نەدەکرد بوونی کەسێکی غەریب بە من لە ژیانی خێزانداری تازەمدا بەم ڕادەیە ناخۆش بێت، ئەمە جگە لەوەی وامدەزانی فیودورمیخائیلوفیچ کۆڵەوەسەکەی خۆشدەوێ و هۆگری بووە و زەحمەتە بتوانێ لێی دابڕێت، بۆیە لەسەر ئەوە مکوڕ نەبووم کە ماڵی جیام بۆ دابنێت، بەڵکو وام وێنا دەکرد کە هەبوونی کەسێکی نزیک لە تەمەنی خۆم* (* پاڤڵ ئەلکسندروفیچ چەند مانگێک لە من بچوکتر بوو، ئا. گ. دوستۆیفسکیا) جۆرە چالاکی و ئاوەدانییەک دەخاتە ماڵەکەوە و بە خوو و خدەکانی فیودورمیخئیلوفیچم ئاشنا دەکات ( کە هەڵبەتە خۆیشم زۆریم دەزانی) ئیدی بەو جۆرە ناچار نابم گۆڕانی گەورە لە ژیانیا دروست بکەم.

لێرەدا باسی ئەوە ناکەم کە پاڤڵ ئەلکسندروفیچ ئیسایف گەوج بوو یا شەڕەنگێز، نەگبەتی گەورەی ئەم کوڕە ئەوەبوو پێگەی خۆی نەدەزانی، چونکە لە منداڵییەوە بەوە ڕاهاتبوو هەموو خزم ودۆستەکانی فیودورمیخائیلوفیچ بە میهرەبانی مامەڵەی لەتەکدا بکەن، ئیدی خۆی لێگۆڕا بوو وای وێنا دەکرد، ئەمە ئەرکیانە و لەسەریانە و دەبێ وابن، هەرگیز ئەقڵی بەوەدا نەدەشکا ئەم مامەڵە دۆستانەیە هەرگیز لەبەر خاتری چاوی ڕەشی ئەو نییە، بەڵکو لەبەر خاتری فیودور میخائیلوفیچە، جا لەبری ئەوەی قەدری ئەو هەڵوێستانە بزانێ وکارێکی وەها بکات ئەو خەڵکەی کە

مدارایان دەکرد خۆشیان بوێ، بەپێچەوانەوە زۆر کەرانە ڕەفتاری دەکرد و گوساخانە مامەڵەی دەگەڵ هەمواندا دەکرد و ئەنجام هەموو ئەو خەڵکەی لە خۆی کرد و ڕقی هەستاندن* (* لێرەدا هەڵوێستێکی پاڤڵ ئەلکسندروفیچتان بۆ دەگێڕمەوە، کاتێ کە لە هەندەران گەڕاینەوە داوای لە فیودور میخائیلوفیچ کرد کە لە ڤولچسکو-کامسکی دایمەزرێنێ، فیودور میخائیلوفیچ ڕوو لە یەڤگینی ئیڤانوفیچ لامانسکی دەنێت، پاڤڵ ئەلکسندروفیچ سەرەتا لە پترسبورگ دەست بەکار دەبێت، پاشان لە مۆسکۆ دەست بەکار دەبێت. لەوێ لە نێو زۆر کەسی بانکەکەدا بڵاوی دەکاتەوە کە "بابی" واتە دوستویفسکی برادەری لامانسکییە و بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی باشی لەگەڵیدا هەیە. ڕۆژێک لامانسکی سەردانی موسکۆ دەکات، بڕیار دەدات سەرێکی بانکی ڤولچسکوکامنسکی بدات بەو ئیحتوبارەی بەڕێوەبەری بانکی دەوڵەتە، هەڵبەتە لامانسکی دەسەڵاتێکی دارایی گەورەی هەبوو، بۆیە زۆر بە گەرمی لە بانکی ناڤبری پێشوازی دەکرێت، کە ئەلکسندوفیچ بە هاتنی دەزانێت، دەچێ بۆ هۆڵەکە بۆ پێشوازی کە هەموو بەڕێوەبەرەکان لەوێندەر دەبن، لە لە لامانسکی نزیک دەبێتەوە و دەستی بۆ درێژ دەکات و دەڵێت :" بەخێرهاتی یەگڤینی ئیڤانوفیچ، حاڵت چۆنە؟ پێدەچێ نەمناسیتەوە؟ من کوڕی دوستویفسکیم لە لای بابە بینیمیت" لامانسکی وەڵامی دەداتەوە :" ببورە نەمناسیتەوە، زۆر گۆڕاوی" پاڤڵ ئەلکسندروفیچ پێدەکەنێ و دەڵێت: " مەسەلەکە پیرییە، بەلام باوکە تۆ باش ماوی" هەنگێ زۆر بە ئەسپایی دەست دەدات بە شانی لامانسکیدا، لامانسکی ئاوڕدەداتەوە، بەڵام چونکە پیاوێکی بە ئەدەب دەبێت، هەواڵی تەندرووستی فیودور میخائیلوفیچی لێدەپرسێت، پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بەرسڤی دەداتەوە " خراپ نییە، پیرەمێرد پەکیەتی.. لێرەدا لامانسکی خۆی پێناگیرێ، پێچ دەکاتەوە و بلەز دەڕوات و شوێنەکە بەجێدێڵێ، ئەوسا بەخۆت تەسەور بکە کە ئەم گۆساخییەی پاڤڵ ئەلکسندروفیچ، چ کاریگەرییەکی نەرێنی کردووەتە سەر بەرپرسەکان.)

ئەپوللون نیکولایفیچ مایکۆڤ زۆری هەوڵدا ئامۆژگاری پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بکات و بیخاتە سەر ڕێگای دروست، بیرکردنەوە و ڕەفتاری بە سەمتی دروستا ببات، بەڵام مخابن فایدەیەکی نەبوو.

پاڤڵ ئەلکسندروفیچ، بەهەمان نەفەس وغرووورەوە مامەڵە و رەفتاری دەگەڵ باوەپیارەکەیدا دەکرد، هەرچەند بە باوکە بانگی دەکرد و خۆی بە کوڕی دوستویفسکی ناودەبرد، بەڵام پاڤڵ کوڕی فیودر میخائیلوفیچ نەبوو، لە ساڵی ١٨٤٥، ٤٠+ دا لە ئەستراخان لەدایک بوو بوو، فیودور میخائیلوفیچ، تا ساڵی ١٨٤٩ دووپێی+٤١ لە پترسبورگ نەچووبووە دەرێ.

پاڤڵ ئەلکسندروفیچ، لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە لە سایەی فیودور میخائیلوفیچ دا دەژیا، قەناعەتی تەواوی بەوە بوو، کە دەبێ بابی تەنیا لە پێناوی ئەودا بژی، دەبێ کاربکات وپارە بۆ ئەو پەیدابکات، کەچی ئەو هەرگیز هیچ جۆرە یارمەتییەکی بابی نەدابوو، بە پێچەوانەوە بە کاری شێتانە و ڕەفتاری گەوجانەی خۆی بە جۆرێ زووخاوە سکی دەکرد،وەکو خزمەکانی دەیگێڕنەوە، تووشی فێی دەکرد، وێڕای ئەمەش پاڤڵ ئەلکسندروفیچ، وا تەماشای فیودورمیخائیلوفیچی دەکرد، کە" پیرەمیردێکە و لێبووەتەوە" بۆیە ئارەزووی شادمانی ئەوەی (دوستیفسکی) بە سەخافەت دەزانی، ئەمەی بە ئاشکرا بەگوێی خزمەکانیدا دەدا، پاڤل ئەلکسندروفیچ سەبارەت بە من ،ئەو قەناعەتەی لاچێبوو بوو کە ژنێکی داگیرکەرم و بە تۆبزی خۆم تێکەڵاوی خانەوادەکەی ئەوان کردووە، هەڵبەتە جاران خۆی لە ماڵەوە هەمە کارە بوو، چونکە فیودورمیخائیلوفیچ بە کاری ئەدەبییەوە خجڵ دەبوو و فریای بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ نەدەکەوت، ئێستا ئەو دەورەی نەمابوو، دەشێت هۆی ڕقی لە من، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، جا کە نەیتوانی زەماوەندەکەمان لێتێک بدات، بڕیاری دا کارێکی وەها بکات من تەحەموول نەکەم، هەوڵیدەدا لەڕێی ئازاردانی من و شەڕ و ئاژاوە و بوختان کردنەە، من و فیودور میخائیلوفیچ بەشەڕ بدات و کارێکی وەها بکات لێکدی جیا بینەوە، هەڵبەتە کارە قۆڕەکانی گەورە نەبوون، بەڵام یەجگار زۆربوون، جا چونکە دەمزانی دەیویست تووڕەم بکات و منیش زۆرم لەبەر گران بوو، بۆیە زۆرم لەبەر گران بوو، بۆ نموونە: پاڤڵ ئەلکسندروفیچ فێر بوو بوو هەموو بەیانییەک کارەکەرەکەی بە لایەکدا دەنارد، جارێ بۆ جگەرە کڕینی دەنارد، جارێ نامەیەکی بۆ برادەرێکی پێدا دەنارد و چاوەڕوانی وەڵامەکەی دەکرد، جارێ بۆلای خەیاتی دەنارد، هەندێجار بۆ شوێنێکی زۆر دوری دەنارد، ئیدی فیودوسیای داماو* (* فیدوسیا ئافرەتێک بوو بە ئاسانی دەترسێنرا، ئەمە بێوەژنی فەرمانبەریکی سادە و بچووکی یەکێک لە دایەرەکان بوو، ئیدی دەچوو دەیخواردەوە مەستی مەست دەبوو، ئیدی بێبەزییانە

بەردەبووە وێزەی ئەم ژنە، دوای مردنی مێردەکەی بە سێ دانە منداڵەوە زۆر بە هەژاری دەژیا، ئیدی خزمێک واریقات وسەربهوردی ئەم ژنە بۆ فیودورمیخائیلوفیچ دەگێڕێتەوە و ئەویش بە هەرسێ منداڵەکەوە ڕایدەگرێت، کە لە ماڵەوە کاری بۆ بکات، کوڕە گەورەکەی یازدە ساڵ دەبێت، کچەکەی حەوت ساڵان وئەوی تر پێنج سالان دەبێت، فیدوسیا، هەموو جارێ، ئەوکات من هێشتا دەزگیرانی فیودور میخائیلوفیچ بووم، بەدەم گریان و فرمێسک ڕشتنەوە باسی باشی فیودور میخائیلوفیچی بۆ دەکردم، بە گوتەی فیدوسیا ئەگەر گوێی لە گریان یان کۆکەی یەکێک لە مندڵەکانی بوایە، شەوێ کارەکەی خۆی بەجێدەهێشت و دەهات بە سۆراغی منداڵەکەوە دایدەپۆشی ودەیلاواندەوە، ئەگەر منداڵەکەی پێ ژیر نەکراباوە دەچو فیدوسیای خەبەردەکردەوە، کە زەماوەندیشمان کرد، ئەم خەمخۆرییەم لای دوستویفسکی بەدیکرد، کاتێ فیدوسیا، چەند جارێک بینی فیودور میخائیلوفیچ فێی لێهات، زۆر ترسا،لە فیودۆرمیخائیلۆفیچ دەترسا، لە ڕاستیدا لە هەموو کەسێک دەترسا، تەنانەت لە پاڤڵ ئەلکسندروفیچیش دەترسا، کە هاواری بەسەردا دەکرد، بگرە لە منیش دەترسا کە هیچ کەسێک لێم نەدەترسا، فیدوسیا کە دەچووە دەرەوە شاڵێکی خوری تەنکی بە شانیا دەدا، هەمان ئەو شاڵە بوو کە لە ڕۆمانی تاوان و سزادا باسکراوە، بەو حیسابەی ئەو شاڵە بوو کە ماڵباتی مارمێلادوف دەیاندا بە شاندا( ئا،گ. دوستویڤسکایا )

هەرچەندە پەلەی دەکرد، فریا نەدەکەوت لە وەختا فیودور میخائیلوفیچ بێدار بکاتەوەو ژوورەکەی بۆ ڕێکبخات، فیودور میخائیلوفیچ زۆر حەزی بە پاک و خاوێنی و زاکۆنی هەبوو، ئەگەر ژوورەکەی پەرش وبڵاوبوایە زۆر تووڕە دەبوو، هەنگێ هیچ چارێکم نەدەما جگە لەوەی بەخۆم دەست بدەمە گسک و ژوورەکەی پاک بکەمەوە، ڕۆژێک فیودور میخائیلوفیچ بەو حاڵەوەی بینیم. سەرزەنشتی کردم و گوتی ئەوە کاری من نییە، دەبێ فیدوسیا ئەو کارەبکات، جارێک فیدوسیا ڕەفزی دەکات بەکارێکی پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بۆ شوێنێکی دوور بڕوات و پێی دەڵێت فریا ناکەوێ، چونکە دەبێ ژوورەکان پاکبکاتەوە، دەنا"خانم گلەییم لێدەکات" پاڤڵ ئەلکسندروفیچ کە دەیزانی من لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دانیشتووم، بەبێ هیچ شەرم و حەیایەک پێی گوت:

ـ فیدوسیا! کێ لێرە خاوەن ماڵە: من یا ئاناگریوگوریڤنا؟ تێدەگەی؟ دەی بۆ کوێت دەنێرن، قسە مەکە و بڕۆ!

پاڤڵ ئەلکسندروفیچ هێندەی فەندەڵ فێڵی شەیتانانە هەبوو، هەر لەبن نەدەهات، لەبەر لەوەی فیودورمیخائیلوفیچ بێت بۆ ژووری نانخواردن، هەموو دۆیەکەی دەخواردەوە، ناچار دەبوو بەپەلە بۆ دوکان بڕۆین و دۆی دیکە بکڕین، هەڵبەتە چاکیش دەرنەدەچوو، ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ بەدەم چاوەڕوانی قاوەوە دەمی بەمی بە قوتەوە دەگرت، هەندێجار بەر لە نانخواردن دووسێ دەنک میوەی دەخوارد ئەوەندەی بۆ نەدەهێشتەوە ئاهی دڵی بشکێت، یا جاری وا هەبوو، دەنکە شقارتەیەک لەو ماڵەدا نەدەما، لە کاتێکدا دوێنێ چەند پاکەتە شقارتەیەک هەبوو، هەرهەموو ئەو کارە بچووکانە دەیانکردە کارێک کە فیودۆرمیخائیلۆفیچ تووڕەبێت وبەسەر فیدۆسادا ببۆڵێنێ، بەڵام پاڤڵ کە خۆی سەرچاوەی ئەم هەموو ئاژاوەیەو بوو، خۆی لەگێلی دەدا و دەیگوت: "دەبینی باوکە کاتێ من ماڵەکەم بەڕێوە دەبرد ئەم ئاژاوەیە لە ئارادا نەبوو."

ئیدی مەسەلەکە وادەردەکەوت کە من لەو ئاژاوەیە بەرپرسیار بم، بەکورتیەکەی من بەکەڵکی ماڵ بەڕێوەبردن نایەم.

پاڤڵ ئەلکسندروفیچ تاکتیکی تایبەتی هەبوو، کە فیودور میخائیلوفیچ، دیاربوایە، زیاد لە پێویست مجامەلەی دەکردم، قاپەکانی بۆ دێنام، بەهەشتاو دەچوو بانگی کارەکەرەکەی دەکرد، سفرەکەی ئەگەر لێم بکەوتایە هەڵدەگرتەوە.. هتد.. تەنانەت فیودور میخئیلوفیچ پتر لە جارێک یا دوو جار سەرنجی ئەوەی دابوو کە ئەگەر ئافرەتی دی لەوێ بان، ( وەکو کارتیا و ئیملیافیدوروڤنا، وەکو هاوتایەک مامەڵەی لەتەکما دەکرد) کاریگەرییەکی باشی لە پاڤل ئەلکسندروفیچ دەکرد و بەرە بەرە بەرەو میانڕەوی دەچوو، بەلام هەرکە فیودور میخائیلوفیچ، وەسەردەکەوت، مامەڵەی پاڤڵ ئەلکسندروفیچ لەگەڵ مندا دەگۆڕا، جارێ گلەیی ئەوەی لێدەکردم نازانم ماڵ بەڕێوەبەرم وماڵەکەیان جاران باشتر بوو،جارێ پێدەگوتم دەستبلاوم و پارە زۆر خەرج دەکەم، وەکو ئەوەی پارەکەمان "شەریکی" بێت، هەندێجار وای دەنواند کە قوربانیی دیکتاتۆریەتی خێزانداریيە، ئیدی باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن بە هەتیوی بەخێوکراوە، بەخۆشی لەو خانەوادەیەدا ژیاوە و بە کەسایەتی یەکەمیان داناوە و حیسابی گەورەیان بۆ کردووە، کەچی لە ناکاوا غەوارەیەک

(مەبەستی من بوو)دێتە ماڵ وهەوڵدەداتەنگی پێهەڵچنێ وجێگای ئەو بگرێتەوە و ببێ بە کەسی یەکەمی خانەوادەکە، ئیدی ئەم کەیبانۆ تازەیە، تاقیبی کورەکە دەکات، کێشەی بۆ دروست دەکات، ژیانی لێ تەنگ دەکات و تەنانەت ناتوانێ بە ئیسراحەت نانەکەشی بخوات، چونکە دەیزانی ئەم باوەژنە چۆن بە گومان و توورەییەوە تەماشای هەر پارووییەک دەکات کە ئەو بۆ دەمی دەبات، ساڵی خۆشی ڕابردووی بیر دەکەوێتەوە و خۆزێ دخوازێ ئەو سالانە بگەڕێنەوە و ئەمە بە باوکی دەڵێت و ... هتد.. هەڵبەتە گەنجەکانی ماڵباتی دوستویفسکی نەیان دەتوانی داکۆکیم لێبکەن، گەورەکانیش قاقا پێدەکەنین و هەموو داکۆکییەکیان لە من بریتی بوو لەو پێکەنینە.

جا پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بۆ ئەوەی بابیم لێ هانبدات، هەموو بەیانییەک ئەو کاتانەی فیودور میخائیلوفیچ دەستی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەک دەکرد، خۆی بە ئۆفیسەکەیدا دەکرد، هەندێجار وا ڕێدەکەوت کە هاواری فیدور میخائیلوفیچ بەرز دەبووەوە، پاڤڵ ئەلکسندروفیچ یەکسەر و بە پەشۆکاوی لە ژوورەکە وەدەردەکەوت و دەیگوت: " باوکە زۆر توورەیە نایەوێ کەس تەنگی پێ هەڵچنێ، هەندێجاری دی ماوەیەکی زۆر لەلای دەمایەوە، ئەوسا بە سەروسیمایەکی سەرکەوتوانەوە دەهاتە دەرێ، یەکسەر کۆمەڵێ ئەمری بە فیدوسیای داماو دەدا کە خەریک بوو زیڕەی لێ بکات، دوای ئەم گەنگەشانە فیدور میخائیلوفیچ پێی دەگوتم: " بەس شەڕ بە پاشا بفرۆشە، زویری مەکە، کوڕێکی باشە. کە لێمپرسی چۆن " پاشا"م زویرکردووە و گلەیی چی لێدەکردم، فیدور میخائیلوفیچ وەڵامی دامەوە و گوتی: " کۆمەڵێک لەو قۆڕیات وتوڕەهاتانەی کە پیاو شەرم دەکات گوێی لێبگرێت" و تکام لێدەکات کە لەگەڵ پاشادا هەندێک لێبووردە بم.

جار بە جار هەندێ کەس لێیان دەپرسیم ئایا ڕاستە من هەموو ڕۆژێک گوێم لە قسە هیچ وپوچەکانی پاڤڵ ئەلکسندروفیچ دەبێت وبە چاوی خۆم ڕەفتارە دزێوەکانی بەرامبەر بەخۆم دەبینم و دەزانم لەلای فیدور میخائیلوفیچ بوختانم بۆ دەکات و زمانم لێدەدات و منیش بێدەنگیم لێکردووە و ناتوانم سنوورێکی بۆ دابنەم؟ بەڵێ بێدەنگ دەبووم و نەمدەتوانی هیچ بکەم، هەڵبەتە پێویستەئەوەش بڵێم من ئەو دەمە تازە پێم نابووە ناو تەمەنی بیست و یەک ساڵییەوە، بەڵام لە ڕووی ئەزموونی ژیانەوە زۆر منداڵ بووم،ئەقڵم بە هیچ شتێکدا نەدەشکا، من ئەو تەمەنە

کورتەی کە هەم بوو لە ماڵێکی باش و تەبا و یەکتردۆستا بەسەر بردبوو، هیچ کێشەیەکمان لە نێواندا نەبوو، ئەندامانی ماڵباتەکە زۆر تەبابوون، هیچ کێشماکێشێکیان لە بەیندا نەبوو، بۆیە ڕەفتاری کەچڕەوانەی پاڤڵ ئەلکسندەوفیچم بەلاوە سەیر بوو، تووڕەو خەمباری دەکردم، بەڵام لە سەرەتاوە نەمدەزانی چ بکەم و چۆن بەرپەرچی بدەمەوە، وامدەزانی خۆی بێزار دەبێت و واز لەم ئەتوارە نالەبارە دێنیت، ڕۆژێ دێ هەست بەوە دەکات کە نەهەقیم دەرهەق دەکات، ئەگەر خۆیشی نەگاتە ئەم قەناعەتە ئەوا خزمەکانی فیودورمیخائیلوفیچ ئاگاداری دەکەنەوە.

بەمجۆرە هەوەڵین هەفتەکانی زەماوەندەکەمان بە ناخۆشی تێپەڕین، ئیدی گۆساخییەکانی پاڤڵ ئەلکسندروفیچ و ئەداو ئەتوارە بێماناکانی ئەو و ئامۆژگارییەکانی ئیمیلیافیدوروڤنا و هاتوچۆی بەردەوامی خەڵکانی بێ نەزاکەت، کردبوویانە کارێک لە گەڵ مێردەکەما لێکیان کردبووین، ئەمە جگە لە نیگەرانی بەردەوام سەبارەت بە حاڵی ناجێگرمان، لە هەموو ئەمانەش خراپتر ئەو هستی نامۆییە بوو، کە وام وێنا دەکرد بەهۆی ڕەوشی ژیانمانەوە کەوتبووە نێوان من و فیودور میخائیلوفیچەوە. خەفەتم بە هەموو ئەوانە دەخوارد، لە ڕووی دەروونییەوە ماندوو دەبووم، لە خۆم دەپرسی: کەی ئەم حاڵە تەواو دەبێت؟ کە تەبیعەتی ئەوسای خۆم بیردەکەوێتەوە، وا تەسەوڕدەکەم کە دەبوایە بە کارەساتێک بشکایەتەوە، لە ڕاستیدا من فیودور میخائیلوفیچم لە رادەبەدەر خۆشدەویست، بەڵام خۆشەویستییەکی جەستەیی، شەهوانی، وەکو ئەوەی دەشیا لەلای خەڵکانی هاوتەمەنی مندا هەبێت، نەبوو. خۆشەویستی و ڤیانەکەم، ئاشقێنییەکی ئەقلانی خالیسەی، ئایدیالی بوو، ڕاستت دەوێ جۆرە عیبادەت و کڕنووش بردنێک بوو، بۆ مرۆڤێکی یەجگار پڕ بەهرە، مرۆڤێک کە ئەو خەسڵەتە دەروونییە بەرزانەی تیابوو، ڕوحم یەکپارچە سۆز و بەزەیی بوو بەرامبەر بەم پیاوەی لە ژیانا خێری لە خۆی نەدیبوو، بەرێکەوتیش تووشی شادی نەبوو بوو، ئەم پیاوە کە کەس و کارەکەی پشتگوێیان خستبوو، لە کاتیکا لەسەریان بوو خۆشیان بوێ، مدارای بکەن، لەبەر هیچ نا، لەبەر ئەوەی لە ژیانیا خزمەتی زۆری کردبوون، من لەلای خۆمەوە لێبڕابووم ببم بە هاوڕێی ژیانی، بەشداری لەکارەکانیا بکەم، باری ژیانی لەسەر سووک بکەم و شادومانی بۆ فەراهەم بکەم، ئیدی فیودور میخائیلوفیچ بوو بوو بە خوام، ئامادە بووم بە درێژایی تەمەنم لەبەردەمیا بێمە سەرچۆک، بەڵام هەر

هەموو ئەم خەیالاتانە، تەنیا هەستی بەرز و خەونی رەنگا و ڕەنگ بوون، دەشیا ئەو واقیعە دژوارەی کە تێی کەوتبووین، لەباریان بەرین، ئیدی بەهۆی ئەو هەلومەرج و ڕەوشەی دەوری دابووم، خەریک بوو بەرە بەرە گومان وبەدحاڵی بوون دڵی کرمێ دەکردم، بەراستی خۆشم دەویست، بەڵام غروری مرۆڤانیم ڕێگەی نەدەدام، ئەگەر بۆم ساغ بوایەتەوە ئەو خۆشی ناوێم، لەگەڵیدا وەمێنم، بەڵکو واشم وێنا دەکرد، کە لە سەرمە قوربانی لەپێناودا بدەم، وازی لێ بێنم، مادامێکی ژیانی دووقۆڵیمان وەکو دەردەکەوێ، باربێت بەسەرییەوە"

هەندێجار بە خەمینییەکی دڵسۆزانەوە لە دڵی خۆدا گلەییم لە فیودور دەکرد بۆچی ئەو عەزابە نابینێ کە من پێوەی دەتلێمەوە، خۆ ئەو " شارەزایەکی مەزنی دڵانە" بۆچی لەباتی ئەوەی خزمە ملۆزمەکانیم بەسەرا بسەپێنێ و داکۆکی لە پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بکات کە بە ئاشکرا دەمبوغزێنێ و بەربەرەکانیم دەکات، بۆچی هەوڵێک نادات ئەم عەزابەم لێسووک بکات.

هەندێجاریش خەفەتم بۆ ئەوە شەوبێرییە خۆشە جوانانە دەخوارد کە بەر لە زەماوەندەکەمان، پێکەوە بردبومانە سەر، خەفەتم بۆ ئەم ژیانە خۆشە دەخوارد کە خەونمان پێوە دەبینی و نەهاتبوونە دی و پێدەچوو نەیەنە دی.

هەندێجار خۆزیام بەو ڕۆژگارە ئارامانە دەخواست کە لە ماڵی بابمدا بەسەرم بردبوون، بە دوور لە هەر خەم و خەفەتێک، کە بە خەویش داخ و کەسەرم نەدەبینی، بە کورتییەکەی: ئەوساکە تەنیا هەندێک هەستێن ترسئامێزی منداڵانە و خەمێن سادە و گومانێن نابەجا، کە بە مێشکی منداڵانەمدا دەهاتن، بێزاریان دەکردم، هیچ نۆڕینێکی دروستم دەربارەی ژیان نەبوو، هێشتا نەبووبووم بە خاوەنی کەسایەتی دروستی خۆم، ئەمە بۆ خۆی ئەگەری ڕوودانی کارەساتێکی هەڵدەگرت، لەگین بوو، بەرگەی ئەو سەخافاتە خێزانییە نەگرم، تووڕە ببم و بە فیودورمیخائیلوفیچدا هەڵشاخێم، لەسەر ئەو وردە کێشانە زویری بکەم، لەوە بوو کێشەی ڕاستیمان بکەوێتە بەین و لەپێناوی پاراستنی ئابڕوو و کەرامەتی خۆمدا بەجێی بێڵم، شایانی باسە من لە نەسڵ و نەوەی شەستەکان بووم، وەکو هەموو ژنانی ئەو سەردەمە، خۆیبوونی خۆم دەخستە سەرو هەموو شتێکەوە، هەرچەندە فیودور میخائیلوفیچم زۆر خۆشدەویست، بەڵام پێدەچوو نەتوانم هیچ هەنگاوێک بەرەو ئاشتەوایی بنەم، هێشتا بەشێوەیەکی منداڵانە بە خۆم دەنازیم، حەزم

دەکرد چاوپۆشی لە تانە و تەشەرەکانی پاڤل ئەکسندروفیچ بکەم، پێدەچوو فیودور میخائیلوفیچ حەزنەکات هەنگاوی یەکەم بۆ ئاشتکردنەوەی من بنێت، پێدەچوو غرووری بریندار و غیرەتی نەفسی خۆی و بوختانەکانی پاڤل ئەلکسندروفیچ، ڕێگەی نەدەن، بیەوێ ئاشتم بکاتەوە، هەڵبەتە لەگین بوو بەدحاڵی بوونی نێوانمان بداتە ئالۆزی و کاربگاتە ئەوەی ئاشتەوایی مەحاڵ بێت، کە بیر لەو قۆناغە دەکەمەوە ترس لە دڵم دەنیشێت، دەبوایە چی ڕوویدابا، فیودور میخائیلوفیچ، نەیدەتوانی تەڵاقم بدات، تەڵاق لەو سەردەمەدا پارەیەکی زۆری تێدەچوو، خۆ ئەگەر کار بگەیشتایەتە تەڵاق و جیابوونەوە، هەنگێ نەیدەتوانی ئایندەی خۆی بنیاد بنێت، ببێت بە خاوەن خێزان و منداڵ کە خەونی پێوە دەبینی، دیارە ژیانی منیش دەشێوا، هەموو ئاواتی من ئەوە بوو لە گەڵ فیودور میخائیلوفیچدا پێک بگەین، ئەگەر ئەم ئاواتە نەهاتایەتە دی، مەگەر خوا بزانێ چ تاڵاوێکم بەگەروودا دەچوو!

"٤"

## ڕزگاربوون

ئیدی قەدەر وای بەباش زانی، بەدرێژایی چوارده ساڵی دوایی، ئێمە، من و فیودور میخائیلوفیچ لەم شادییە گەورەیە مەحرووم نەکات، چوارده ساڵی خۆشمان پێکەوە قەتاند، تا ئێستاش ئەم ڕۆژەم لەبیرە، ڕۆژی سێ شەممە لە هەفتەی پێنجەمی ڕۆژانی ڕۆژووی گەورە، کاتێ لە ناکاوا ئەم گۆڕانە گەورە و چاوەڕوان نەکراوە لە ژیانما ڕوویدا و ژیانم بەرەو باشی ڕۆیی، ئەم ڕۆژە بە هەندیک ورده کێشە دەستی پێکرد، کێماسییەک لە شێوازی ماڵداری مندا ڕوویدا، هەڵبەت پاڤل ئەلکسندروفیچ لە دڵڕەشی خۆی ئەم نەخشەیەی دانابوو،(لە سەرانسەری ماڵەکەدا نە قەلەمی ڕەساس ماو نە شقارتە) فیودور میخائیلوفیچ زۆر توورە بوو، کەوتە هاوار بەسەر فیدوسیای بەلەنگازدا، لە هەمان ڕۆژدا میوانە خوێنتاڵەکان پەیدابوون، دەبوایە میوانداری و خزمەتیان بکەم، پاڤل ئەلکسندروفیچ وەک هەمیشە کەوتە ورده تەشەران لە من، فیودور میخائیلوفیچ لە فکران ڕاچووبوو، پەست و خەمبار تاقە قسەیەکی دەگەڵدا نەکردم، زۆرم خەفەت خوارد.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ مایکۆف دەعوەتی کردین کە شەوێ لەماڵی ئەو بەسەر بەرین، کە میوانەکان بەوەیان زانی، دوای نانخواردن یەکسەر ڕۆیشتن، من بە حوکمی ئەوەی زۆرم خەفەت خواردبوو، بەدرێژایی رۆژەکە سەرم دێشا، هێندە مێشکم ماندوو بوو و دڵم تەنگ بوو، دەترسام ئەگەر لە ماڵی مایکۆف، باسی ژیانی خێزانداریمان بێتە ئاراوە، یەکسەر لە هۆڕژنی گریان بدەم، بۆیە بڕیارمدا لە ماڵەوە وەمێنم و بۆ میوانییەکە نەڕۆم، فیودور میخائیلوفیچ هەوڵیکی زۆریدا کە لەگەڵیدا بڕۆم، وادایاربوو لە نەچوونەکەم رازی نەبوو، هەرکە فیودور میخائیلوفیچ لەمال وەدەرکەوت ئیدی دنیا بۆ پاڤڵ ئەلکسندۆرفیچ تەخت بوو، زاری کرایەوە و کەوتە لۆمە کردنم کە گوایە من بە هەڵوێستە شێتانەکانم " بابی" نیگەران و پەست دەکەم و باوەڕم پێناکات کە من سەرم بیەشێت،بەڵکو ئەوە تەنیا بیانووە بۆ تووڕەکردنی ف.میخائیلۆفیچ، گوتی باوکی "کەرێتییەکی گەورەی کردووە" کە منی خواستووە، من کەیبانۆیەکی خراپم و پارە و پولی زۆر خەرج دەکەم، لە ئەنجامدا گوتی، هەست دەکات لەوەتای فیودور میخائیلوفیچ منی خواستووە، نۆرە فێیەکانی زیادی کردووە و من بەرپرسیارم، ئەوسا کەوتە بوختان بۆ کردنم، دوای ئەوە بە تووڕەیی لە ماڵ وەدەرکەوت.

گوساخی ئەمجارەی بووە ئەو پووشکەیەی کە پشتی وشترەکەی شکاند، یانی ئەمجارە سنووری بەزاند، بە عەمراتی بەم شێوەیە سووکایەتی پێنەکردبووم، دوای ئەوەی تاوانی ئەوەی دایە پاڵم کە بەهۆی منەوە نەخۆشی مێردەکەم زیادی کردووە، ئەمە زۆری پەست و خەمبار کردم، سەریەشەکەم زیادی کرد، خۆم بەسەر جێگاکەمدا داو دەستم بە گریانێکی بەکوڵ کرد، نزیکەی سەعات و نیوێک بووری لەناکاوا فیودور میخائیلوفیچ بۆ ماڵ گەرایەوە، پێدەچوو دوای ئەوەی ماوەیەکی لای مایکوف بەسەر بردبوو، سەبارەت بە من هەستی بە نیگەرانی کردبێت و بلەز گەڕابێتەوە.. کە بینی ماڵەکە تاریکە پرسیاری منی لە فیدوسیا کرد، بە دزییەوە پێی گوتبوو من لە جێگاکەمدا دەگریم.

فیودور میائیلوفیچ پەست بوو ولێی پرسیم چیمە؟ ویستم ئەوەی ڕوویدابوو لێی بشارمەوە، بەڵام کەوتە دڵدانەوەم و زۆر بە رووخۆشی کەوتە دواندنم، تا دڵم نەرم بوو، ئیدی بەدەم گریان و زارییەوە کەوتمە گێڕانەوەی ئەوەی ڕوویدابوو، باسی دژواری ژیانی خۆم بۆ کرد کە چۆن لێرە لە ماڵەوە سووکایەتیم پێدەکەن، پێمگوت

هەست دەکەم وەکو جاران خۆشی ناوێم و وەکو جاران لە کار و بارەکانیا پرس و رام پێناکات، بۆم گێڕایەوە مەگەر هەر خوا بزانێ بەو شتانە چەند خەفەت دەخۆم و ئازار دەچێژم، بەدەگمەن بەو شێوەیە گریاوم، تا فیودور میخائیلوفیچ زیاتر دڵی دەدامەوە زیاتر فرمێسکم دەهاتنە خوارێ، ئیدی هەرچیم لەدڵدا کەڵەکە بوو بوو هەڵرشت، بەو پەڕی ڕاشکاوی گومان و سەرسامی خۆم دەربڕی، مێردە داماوەکەم بە سەرسامی گوێی دەگرت و لێی دەڕوانیم، کاتێ گوێی لە گۆساخییەکانی پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بوو، هیچ گومانی لانەما کە ئەو کردەوانەی لێدەوەشێتەوە، فیودور میخائیلوفیچ گلەیی لێکردم کە بۆچی پێم نەگوتووە و شکاتم لە کۆڵەوەسەکەی نەکردووە، یا بۆچی من هەڵویستی توندم بەرامبەری وەرنەگرتووە، تا نەوێرێ هیچ ناماقوڵی و نابەجێیەک بەرامبەر بە من بکات، دڵنیای کردمەوە کە خۆشی دەوێم و پێی سەیربوو کە چۆن ئەمەم بەخەیاڵدا هاتووە کە دەستبەرداری خۆشەویستی من بووە، ئەنجام خۆی ئیعترافی کرد کە ژیانی ئێستامان زۆر دژوار و زەحمەتە و خزمە گەنجەکانی بەدەگمەن سەریان دەدا و لەلای ئەم هەستیان بە خەمینی دەکرد، بەڵام ئەم هاتووچۆ گەرمەی ئێستای ئەوانی بە چاکی من دەزانی، کە ڕووم دەدانێ و لەماڵی ئێمە هەستیان بە خۆشی و بە شادی دەکرد و وایدەزانی کە کۆڕی گەنجان بە قسە خۆش و گەنگەشەکانیانەوە بۆ من و لای من خۆشە.

ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ، پێیگوتم کە ئەویش بە ئاواتی قسە خۆشەکانی جارانی خۆمانەوەیە وزۆری پێناخۆشە کە بەهۆی میوانی زۆر و هەمیشەییەوە نامانپەرژێتە سەر ئەو قسە خۆشانەی جاران.

هەروەها پێیگوتم، لەو ڕۆژانەی دواییدا بیری لەوە دەکردەوە کە سەفەرێکی مۆسکۆ بکات، ئێستا دوای ئەو قسانەمان بڕیاریدا کە ئەو بیرۆکەیە ئەنجام بدات، ئەوجا لەسەری ڕۆیی:" هەڵبەتە بە دووقۆڵی دەڕۆین، دەمەوێت بە خزمانی مۆسکۆت بناسێنم، ڤیدوچکای خوشکم و سۆنیای خوشکەزام کە هەردووکیان لەمیانەی قسەکانی منەوە دەتناسن، هەروەها حەزدەکەم تۆش لە نزیکەوە بیانناسیت و یەکترتان خۆش بوێت، ئەمە جگە لەوەی کە بیرێکم بە مێشکدا هاتووە، پارەیەکی ئەوتۆ لە کاتکۆف قەرزبکەم، کە بتوانین بە دووقۆڵی سەفەرێکی هەندەران بکەین، بیرتە کاتی خۆی بەو ئاواتە بووین! باشە ئێستا پێتوایە ئەم خەونە بێتە دی؟ هەروەها پێوەم دەربارەی ڕۆمانە تازەکەشم قسە دەگەڵ کاتکۆف

دا بکەم، زۆر زەحمەتە بە نامە باسی ئەم بابەتە بکەین، باستر وایە کە دیتم ڕوو بە ڕوو قسەی دەگەڵدا بکەم، خۆ ئەگەر سەفەرەکەی هەندەرانمان سەری نەگرت، ئەوسا کە لە مۆسکۆ گەڕاینەوە سیستەمێکی دیکە بۆ ژیانی خۆمان دادەنەین، کارێکی وەها دەکەین کەس بێزارمان نەکات، کەواتە بەرەو مۆسکۆ، قایلیت ئانیتچکا گیان؟

هەڵبەتە پێویستی بەو پرسیارە نەدەکرد، چونکە ئەوەم لە خوا دەویست، فیودور میخائیلوفیچ، زۆر نەرم و نیان بوو، وەکو زەمانی دەزگیرانداریییەکەمان بوو، ئیدی هەرچی ترس و گومانم سەبارەت بە ساردبوونەوەی ئەشق و ڤیانەکەی ئەو هەبوو، ڕەوییەوە و وەکو دووکەڵ چوو بە ئاسماندا، ئێستا دەرفەتمان بۆ ڕەخسا، شەوەکە بە دوور و درێژی بە قسەی خۆش بەرینە سەر وەکو ئەوەی ئەمە یەکەمجارمان بێت لەدوای زەماوەندەکەمان یەکتر بدینین، ئیدی قەرارمان دا سەفەرەکەمان دوانەخەین و لە سبەی زووتر نییە بڕۆین.

بۆ سبەی هەواڵی سەفەرەکەمان لەلایەن خزمانەوە بەتایبەتی لەلایەن پاڤل ئەلکسندروفیچەوە زۆر بە ناخۆشی پێشوازی کرا، بەڵام چونکە هەموو دەیانزانی پارەکانی فیودور میخائیلوفیچ لە تەواوبووندایە، وایان لێکدایەوە کە بۆیە بۆ مۆسکۆ دەڕوات تا پارە بێنێ، بۆیە هەوڵیان نەدا ژێوانمان بکەنەوە، هەڵبەتە لە کاتی دوعاخوازیدا، پاڤڵ ئەلکسندروفیچ، بە دەمرێژی تانە و تەشەر بەڕێی کردم و گوتی: " بەخۆی بە کاروباری ماڵە دارڕژاو و داپژاوەکەدا ڕادەگات و بە باشترین شێوە بەڕێوەی دەبات" نە تووڕە بووم و نە وەڵامم دایەوە، زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی، ئەم دەرفەتە کاتییەم بۆ ڕەخساوە کە لە تانە و تەشەرەکانی بخەلسێم.

"٥"

## مانگی هەنگوین

### سەفەری مۆسکۆ

ڕۆژی پێنج شەممەی هەفتەی پێنجەمی ڕۆژانی ڕۆژووی گەورە. بەیانی زوو گەیینە مۆسکۆ و لە ئوتێلی دیوسو لاماندا، ئەمە ئوتێلی دڵخوازی فیودور

میخائیلوفیچ بوو، جا چونکە ماندووی ڕێگا بووین، قەرارمان دا هیچ نەکەین تەنیا ئەوە نەبێ کە بچینە سەردانی ماڵباتی ئیڤانوف، من لەدڵی خۆدا لەم سەردانە دەترسام، فیودورمیخائیلوفیچ ، ڕێز وخۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ ڤیرامیخائیلوڤنائیڤانوڤا و خێزانەکەی هەبوو، لە هەموو خزمەکانی دیکەی پتر خۆش دەویستن، هێشتا لە پتروسبورگ بووین پێی گوتم زۆر خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر بەدڵی ماڵباتی ئیڤانوف بیت و دۆستایەتیتان بکەوێتە نێوانەوە، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد وابێت، بەڵام لەوە دەترسام یەکەمین سەرنجیان بە قازانجی من نەبێت، هەوڵمدا جوانترین جل لەبەر بکەم، ئیدی کراسێکی شیکی وەنەوشەیی کاڵم لەبەرکرد، فیودور میخائیلوفیچ جلەکانمی زۆر بە دڵ بوو، دڵنیای کردم کە جلەکانم زۆر جوانە و لێم دێت، هەڵبەتە مەدح و سەنایەکی زێدەڕۆیانە بوو بەڵام زۆر دڵی خۆش کردم.

ماڵباتی ئیڤانوفوڤیچ لە ئەنیستیتۆی نەخشەی زەوی وزار دەژیان، تا دەگەیشتینە ئەوێندەر دەبوایە سەرانسەری شار ببڕین، دەبوایە سەرەتا لە شەقامی میاسنتیسکایاوە دەست پێبکەین وئەوسا بۆ کروفکا و بە نزیکی کڵێسای پاکیزەدا ( لەبوکروفکا) تێپەڕین، لێرە فیودور میخائیلوفیچ گوتی، جارێکی دی لە گالیسکەکە دادەبەزین و لە نزیکەوە تەماشای دەکەین، فیودورمیخائیلوفیچ تەلارکاری ئەم کڵێسایەی زۆر بە دڵ بوو، هەرکاتێ بهاتبایە بۆ مۆسکۆ زیارەتی ئەم کڵێسایەی دەکرد، دوای نزیکەی دوو ڕۆژ، کە بە نزیکی کڵێسای ناڤبریدا تێدەپەڕین، چووین تەماشای دەرەوەیمان کرد، ئەوسا وەژوور کەوتین، تا لە ناوەوەش تەماشای بکەین.

تا زیاتر لە ماڵی ئیڤانوف نزیک دەبووینەوە، پتر هەستم بە نیگەرانی دەکرد، بە ترسەوە لە لًی خۆدا دەمپرسی: " باشە ئەگەر بە دڵیان نەبم، ئاخۆ ئەمە فیودور میخائیلوفیچ خەمبار ناکات!"

کارەکەرەکە دەرگای لێکردینەوە، هەواڵی داینێ کە ئەلکسندر پاڤلۆفیچ ( مێردی خوشکی دوستویفسکی) و سوفیا ئەلکسندروڤنا ( خوشکەزای دوستویفسکی) لە ماڵ نین و دەچێ ڤیرا میخائیلوڤنا لە هاتنمان ئاگادار دەکاتەوە.

چووینە هۆڵێکی گەورەوە، بە تاقمێکی کۆنی لە داری ماهوجنی ڕازابووەوە، فیودور میخائیلوفیچ ڕۆژنامەیەکی ( واریقاتی مۆسکۆ) ی لە سەر مێزەکە هەڵگرت، منیش دەستم دایە ئەلبومێکی وێنان کە لە سەر هەمان مێز دانرابوو و کەوتمە

هەڵدانەوەی پەرەکانی، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی دەرکەوتنی ڤیرامیخائیلوڤنامان کرد، دیار بوو بە پەسەندی نەزانی بوو بە جلی ناو ماڵەوە بێتە پێشوازی خزمێکی تازەیەوە کە هێشتا یەکتریان نەبینی بوو، ئیدی چووبوو خۆی بگۆڕێت و ماوەیەکی زۆری پێچوو، دوای نیو سەعاتێک لە ناکاوا دەنگی دەرگای هۆڵەکە بەرز بووەوە، منداڵێکی دە ساڵان بە هەڵەشەیی خۆی بە ژووردا کرد.

فیودو میخائیلوفیچ هاواری کرد: ڤیتیا، ڤیتیا! بەڵام منداڵەکە نەوەستا، بەڵکو بەهەشتاو بۆ ژوورەکەی دیکە ڕۆیی و هاواری کرد: گەنجێکی شیک پۆشە، عەینەکی لەچاو نییە!

هەرا وزەنایەکی کەم بەرپابوو و ئەوسا منداڵەکە بێدەنگ بوو، فیودور میخائیلوفیچ کە عادەتی خانەوادەکەی دەزانی، یەکسەر هەستی کرد ئەم ماستە چ موویەکی تیایە، بزەیەکی بۆ کرد و گوتی: خۆیان پێ نەگیراوە! ڤیتیایان ناردووە تا تەماشا بکات و پێیان بڵێت ژنەکەم چۆن دیارە.

ئەنجام ڤیرا میخائیلوڤنا پەیدا بوو، زۆر بە گەرمی و دۆستانە خێرهاتنی کردم، دوای ئەوەی دەستی لە ملم وەرێنا و ڕایموسیم، تکای لێکردم براکەیم خۆش بوێت و زۆری مدارا بکەم و دڵی رابگرم، دوای ماوەیەکی کەم مێردەکەی و سونیچکای کیژە گەورەشی پەیدابوون، ئەلکسندروفیچ بە چەند دەستەواژەیەکی فەرمیانە پیرۆزبایی لێکردین و هیوای بەختەوەری بۆ خواستین، سونیچکا دەستی بۆ هانیم ناسکە بزەیەکی کرد، بەڵام هیچی نەگوت و زۆر بە جدی لێم ڕاما.

ئەلکسندر پاڤلوفیچ دەرگای ژوورەکەی تەنیشتەوەی کردەوە و گوتی:

مناڵینە وەرن پیرۆزبایی لە خاڵتان بکەن و خاڵۆژنە تازەکەتان بناسن، ئیدی خانەوادەی ئیڤانوف لە گەنجەکانەوە دەستیان پێکرد و یەک لە دوای یەک هاتنە ژوورەوە، حەوت کەس بوون: سونیچکا ٢٠ ساڵ، ماشینکا ١٩ ساڵ، ساشا ١٧ ساڵ، یولینکا ١٥ ساڵ، ڤیتیا و هەندێ منداڵی دی، هەرهەموویان سڵاوی گەرمیان لە فیودور میخائیلوفیچ کرد، بەلام بە ساردی و لالووتەوە مامەڵەیان لەتەک مندا کرد، لە ناچارییا سەریان دانەواند، کڕنوشیان هێنا، دانیشتن و زۆر بە وردی کەوتنە تەماشا کردنی من، ، یەکسەر هەر بە بۆنا زانیم کە گەنجەکان دژایەتیم دەکەن و خۆشیان لێم نایەت، پاشان بۆم دەرکەوت کە گومان و مەزەندەکەم دروستە،

بەرەیەکیان دژم پێکهێنا، ماڵباتی ئیڤانوف ( یلینا پاڤلوڤنا ) ی پووریان ( خوشکی بابیان) زۆر خۆشدەویست، جا چونکە مێردەکەی دەمێ ساڵ بوو نەخۆش بوو و دەردەکەی بێ دەرمان بووو، ئیدی بە تیکڕایی قەراریان دابوو یلینا پاڤلوڤنا، هەر کاتێ مێردەکەی مرد، شوو بە فیودور میخائیلوفیچ بکات و بۆ هەتا هەتایە بە دووقۆڵی لە مۆسکۆ بژین، بۆیە هیچ سەیر نەبوو ئەو گەنجانە دەگەڵمدا سارد بن، بەو ئیحتوبارەی من نەخشەکەم لێ تێکدابوون، ڕیسەکەم لێکردبوونەوە بە خوری، هەروەها ئەوەشیان پێخۆش نەبوو کە کاتێ لە جەژنەکانی سەری ساڵدا سەری دابوون زۆر ستایشی منی کردبوو، کاتێ کە زانیبوویان کاری ئیختیزال دەکەم، لە دڵی خۆدا وایان دانابوو کە دەبێ پیرەژن بم، نەهلیستێکی قژکورتی عەینەک لەچاو بم، کە بە هاتنی ئێمەیان زانی بوو لە بەینی خۆدا ڕیکەتبوون کە پێم رابوێرن و بەگیرم بێنن و بەوە خۆیبوونی خۆیان بسەلمێنن، کاتێ کە نە پیرەژنیان لەبەردەم خۆدا بینی و نە ئیخیزالچییەکی نهلیست، بەڵکو ژنێکی گەنجی بگرە منداڵکاری متمانە بە خۆیان بینی هەر حەپەسان، کەم وزۆر چاویان لێ نەدەگواستمەوە، ئەمەم هەندێ لا ناخۆش بوو، کە جاران زۆر بە سادەیی و بێ هیچ ڕازانەوە و ڕتوشێک قسانم دەکرد، ئێستا بە زمانێکی ئەدەبی پەتی جوان قسەم دەکرد، یەک وشەی ئاسایی باوم بەکار نەدەبرد، هەولمدا بەشداری قسە و باسی خزمە تازەکانم بکەم، بەڵام زۆر بە کورتی وەڵامیان دەدامەوە، دیاربوو نەیاندەویست لە قسەکردن بەردەوام بن.

سەعات پێنج دانیشتینە سەر نانخواردن، شامپانیایان بۆ دانایین و کەوتنە پیرۆزبایی لێمان، ئیدی ژاوەژاو شوێنەکەی پر کرد، بەڵام من هەرچەند هەوڵمدەدا بە کەیف و بە دەماخ بم، نوکتەم دەگوت و پێدەکەنیم، هەستم بە خۆشی و شادی نەدەکرد، بەڵام دوای نانخواردن وەزعم خراپتر بوو، کۆمەڵێک دۆست و هاوڕێی ژن و پیاو بۆ ماڵی ئیڤانوف هاتن، زۆربەیان فیودور میخائیلوفیچیان خۆشدەویست کە هاوینی ڕابردووی لە بازێڕۆکی لیوبلینای نزیکی مۆسکۆ، لە ماڵە هاوینیەکەی ماڵباتی ئیڤانوف*+٤٢ (* سەبارەت بەم ماوەیە بڕوانە گوتاری "دیار نەمانی دوستویفسکی" نووسینی ئیگور ڤولگین، کە من پاچڤەم کردووە و لە گۆڤاری ( ض ) یەکێتیی نووسەرانی میسر، ژمارە چوار، ساڵی یەکەم، یولیو/ ٢٠٠٦، ل ٦٣- ٧٠ بڵاوبووتەوە، وەرگێڕی عەرەبی) ئیدی ئەو گەنجانە هاتبوونە میوانی ماڵباتی ئیڤانوف و هەموو حەزیان دەکرد ژنەکەی فیودور میخائیلوفیچ بدینن، ئیدی هەندێ

گەمەی زۆر ئاڵۆزیان ڕێکخست، کە پێویستی بە زیرەکی و وردی سەرنج بوو، ماریا سیرگییڤنا ئیڤانچینا- بیساریڤا، دەستە خوشکی کچەکانی ڤیرامیخائیلوڤنا، لەم یارییانەدا زۆر زیرەک و تیژ سەرنج بوو، ئەمە کیژێکی بیست و دوو ساڵان بوو، جوان نەبوو،بەڵام زۆر زیرەک و زیتەڵ و بەسەرنج بوو، هەمیشە ئامادە بوو خەڵکی بێنیتە پێکەنین.

( فیودور میخائیلوفیچ لە ڕۆمانی ( مێردی هەمیشەیی) دا، لەژێر ناوی ( ماڵباتی زاخلیبین) دا وەسفی ماڵباتی ئیڤانوفی کردووە، ماریا سیرگیڤیینا ئیڤانیچکا، بە زەقی و بە ئاشکرا لە کەسایەتی دۆستە زیرەکەکدا ( ماریا نیکیچشنادا) بەرجەستە کراوە).

ئیدی گەنجەکان رایان سپاردبوو کە ئیحراجم بکات و لەبەردەم مێردەکەمدا بمکات بە گەپجاڕ و مایەی پێکەنین، دەستیان بە گەمەکە کرد، دەبوایە هەر یاریچییەک چەپکە وشەیەک دروست بکات کە هەڵوێستێکی جیاوازی ژیان بنوێنێ: پیرەژن- لە هەشتایەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونیا، کچێک – لەیەکەمین ئاهەنگیا، من دەبوایە چەپکێک وشە سەبارەت بە گوڵێن کێڵگە دروست بکەم، تەنیا ناوی گوڵە خەشخاش و عەنبەر و دەمەشێرم بیرکەوتەوە، ئیدی بەکۆی دەنگ هەڵبەتە هەقی خۆیان بوو چەپکەکەیان ڕەفز کردم.

پێشنیازیان کرد چەپکێکی دیکە دروست بکەم، بەڵام هەستم کرد ئەو کارەم پێناکرێت، بۆیە ڕەفزم کرد و گوتم:

پێویست ناکات، من لە یارییەکە ببەخشن، پێکەنیم و لەسەری ڕۆیشتم: هەست دەکەم هیچ توانایەکم لەم بارەیەوە نیە.

ماریا سیرگییڤنا گوتی: هیچ گومانمان لەوە نییە بە جوانی ئەوەت سەلماند!

بەدەم ئەو قسانەوە، نیگایەکی بەماناوەی ئەو لایەی کرد کە فیودور میخائیلوفیچ لەلامەوە دانیشتبوو و گوێی لە مەتەڵۆک و گەمەکان دەگرت، ماریا ئەو قسانەی بە تەشەرەوەو لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی زیرەکانەی ئەوتۆ کرد، کە هەر هەمووومان بە من و فیودورمیخائیلوفیچشەوە لە قاقای پێکەنین بدەین، ئیدی پێکەنینەکە بێزاریەکەمی ڕەواندەوە و شەوبێرییەکە بە خۆشی تەواو بوو.

که گەراینەوە فیودور میخائیلوفیچ بەدەم ڕێگاوە لێی پرسیم ها چۆن بوو! پێمگوت ڤیرامیخائیلوڤنا و سونیچکام زۆر بەدڵ بوون، بەڵام ئەوانی دیکەم هێشتا وەکو پێویست بۆ دەرنەکەوتوون و نەمناسیون، کاتێ فیودور میخائیلوفیچ، ماکی خەمینی بە ڕووخسارمەوە بینی کەوتە دلدانەوەم و گوتی:

ئانیا گیان هەر بەینی خۆمان بێت کردیانی بە پۆڕی خوراو، خەتای خۆت بوو، دەبوایە داکۆکی لە خۆت بکەی، هەنگێ زمانیان دەچووە کلیلە و نەدەویران ناوت بێنن، گیانەکەم دەبێ لەوە ئازاتر بی! خوشکەکەم و سونیچکا زۆر دڵبەندت بوون، بەدرێژایی رۆژەکە ئەوەندە گەش و جوان بوویت، هەموو ئیش و کارم بوو بوو بەوەی تەماشای تۆ بکەم، نەمدەتوانی چاوت لێبگوازمەوە!

ئەم قسانە زۆریان هێور کردمەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو شەوە چاوم نەچووە خەو، جارێ گلەیی ئەوەم لە خۆ دەکرد بۆ ناتوانم دەگەڵ ژیاندا بسازێم، جارێ بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی ئەو کوڕ و کچە گەنجانە، وێڕای لوتف و ناسکی خۆیان بەو دوژمنایەتییەوە مامەڵەیان لەتەکما کرد، پاشان بۆم دەرکەوت تومەز من بووبوومە هۆی ئەوەی خاڵە خۆشەویست و پوورە ئازیزەکەیان نەگەنە یەک و بۆ یەک نەبن.

ماڵباتی ئیڤانوڤ، دەعوەتیان کردین لە بەیانییەوە بۆ ماڵیان بچین، بەڵام ئێمە لێبڕاین ڕۆژی دوایی، هەینی، ئێوارەکەی بۆ ماڵیان بچین، فیودورمیخائیلوفیچ نیوەڕۆکەی چوو بۆ لای کاتکوف، بەڵام لە ماڵەوە نەبوو بوو، لە ئوتێل بە دووقۆڵی نانمان خوارد و پاشان بەرەو ماڵی ئیڤانوف وەڕێکەوتین.

ئامادە بووان بەسەر چەند گروپێکدا دابەش بوون، گەورەکان چوونە ژووری میوان و ئوفیسەکە و دەستیان بە یاری وەرەق کرد، گەنجەکانیش کە منیان لەگەڵدا بووم، لە هۆڵەکە دانیشتین وکەوتینە یارییەکی وەرەقی سەیر، یارییەکی تازە بابەت و مۆدێرن بوو، کوڕێکی گەنج بەنێوی ساشا ئیڤانوڤەوە لەلای منەوە دانیشت، کە دیقەتم دا وەکو ئەوانی دی لە گەڵما سارد نییە، بە ڕووخۆشی و دەم بە پێکەنینەوە لەگەڵیا کەوتمە دەمەتەقێ، بەتایبەت کە کوڕێکی زیرەک و کراوە و رووخۆش دیار بوو، لەکاتی وەرەقبازییەکەدا ڕووداوێکی کۆمیدی ڕوویدا، لە شەستەکاندا دراوی زیوین باو نەبوو، مامەڵە و سەودا زیاتر بە دراوی مسین دەکرا، ماڵباتی ئیڤانوف یەکێکیان نارد کە دە دوازدە رۆبڵیان بۆ بگۆڕێتەوە، یارۆ بە کۆمەلێک پارەی پێنج کوبیکییەوە هاتەوە، لە نێو یاریچییەکاندا خانمیکی گەنج

هەبوو تەمەنی چل ساڵ دەبوو، کراسێکی پەمەیی تەنکی کاڵی لەبەر بوو هەموو سەردەست و سەرشان و بەرۆکی قردیلە و گرێ بوو.

دوای چەند دەستێک کەوتە گلەیی لە دۆڕاندن، ئەوانی دیکەش هەمان گلەییان کرد، ئیدی ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆر تیا مابووین کە کێمان براوەیە؟ لە سەعات یازدە بانگیان کردین بۆ نانی شێوان، لەسەر کورسییەکانمان هەستاین، لەناکاوا گوێمان بە زرنگ و هوڕی دراوەکان زرینگایەوە کە ڕژانە سەر ئەرزەکە، ئەوجا گوێمان لە هاواری ژنە پەمەیی پۆشەکە بوو: تومەز گیرفانی بەرگەی قورسی دراوەکانی نەگرتبوو، ئیدی هەموو پەلامارمان دا و کەوتینە کۆکردنەوەی ئەو دراوانەی کە لێر و لەوێ بڵاوبووبوونەوە، ئیدی ژنەی تاین یەکسەر دانەوییەوە و دوای ئەوەی کراسە دەڵبەکەی دا بەسەر ئەو دراوانەدا کە بردبوونیەوە، هاواری کرد:

_ نا، نا، دەستی بۆ مەبەن! بەخۆم هەمووی کۆدەکەمەوە!

دیمەنی زۆر پێکەنیناوی بوو، هەڵبەتە ترسی ئەوەی کە پارەکان بۆ خۆمان بەرین هەڵوێستێکی سەخیف بوو، هەموو لە کانگای دڵەوە پێکەنین، پێموایە من لە هەمویان پتر پێکەنیم.

فیودور میخائیلوفیچ لە ژووری ئوفیسەکە یاری کاغەزی دەکرد، ناو بە ناو دەهاتە دەرێ تا تەماشایەکی ئێمە بکات، هەستم کرد زۆر جدی و خەمبار دیارە، لە دڵی خۆدا گوتم هی ماندوێتییە، شێوم خوارد، شەریەکە یارییەکەم لەلامەوە دانیشت، ف. میخائیلوفیچ لە بەرانبەرمان دانیشت، چاوی بڕییە من، بەهیچ جۆرێ چاوی لێنەدەگواستمەوە، هەوڵیدەدا گوێ لە قسەکانمان بگرێت،من لە هەوای شادی خۆدا بووم، چەند جارێ قسەم دەگەڵ مێردەکەمدا کرد، دەمویست بیکەم بە شەریکی قسەکانمان، بەڵام فایدەی نەبوو.

دوای شێو یەکسەر بۆ ماڵ گەڕاینەوە، فیودور میخائیلوفیچ بەدرێژایی ڕێگا هەر بێدەنگ بوو، وەڵامی پرسیارەکانمی نەدەدایەوە، پاش ئەوەی گەیشتینەوە شوقەکەمان، کەوتە ڕاویچکە بەنێو ژوورەکەدا، دیاربوو نیگەرانی شتێکە، ئەمەم لەبەر گران بوو، لێی چوومە پێشەوە و کەوتمە موجامەلە و دڵدانەوەی، فیودور میخائیلوفیچ ڕووی وەرگێڕا و دەستمی لەسەر شانی خۆی لادا و مۆڕەیەکی زۆر توندی لێکردم، مۆرەیەک بە جارێ تاساندمی.

بەشەرمەوە پرسیم:

_ فیدیا، لە من تووڕەیت؟ لەسەر چی تووڕەیت؟

کە ئەو پرسیارەم لێکرد بەجارێ دەهری بوو، کەوتە قسەی ناخۆش بەرامبەر بە من، یەکێک لە قسەکانی ئەوە بوو، کە من عیشوەگەرێکی بێ هەستم، هەموو شەوەکەم دەگەڵ ئەو کورەی شەریکە یارییەکەمدا بەناز و عیشوە بەسەر بردووە بۆ ئەوەی مێردەکەم ئەزیەت بدەم، کەوتمە تەوازی و پاکانە، بەڵام پاکانەکانی من وەکو ئەوە بوو زەیت بە ئاگرا بکەیت، فیودور میخائیلوفیچ بەجارێ دەهری بوو، یەکبەخۆی هاواری دەکرد، ئەوەی لەبیر چوو بوو کە لە ئوتێلداین، بەراستی هەستم بە سووکایەتییەکی زۆر کرد کە ئەو زوڵم و نەهەقییە ئاشکرایەم لێدەکرا، چونکە دەمزانی هەموو ئەم تۆمەتانە تەنیا بوختان وئیفترای شێتانەی بێ بنج و بناوانن، زۆر لە هات و هاوارەکەی و گۆڕانی سەروسیمای ترسام، لە دڵی خۆدا دەمگوت، لەوەیە نۆرە فێیەکی بۆ بێت یان بمکوژێت، لەناکاوا فیودور میخائیلوفیچ بەرە بەرە وەخۆ هاتەوە و کەوتە دڵدانەوەم و داوای بوردنی لێکردم، بەدەم گریانەوە کەوتە ماچ کردنی دەستم و جنێوی بە خۆی دەدا کە ئەو بەزمەی نابووەوە، ئەوسا گوتی:

بەڕاستی شەوێکی ناخۆشم لێگوزەرا، کە دەمبینیت بەو هەموو ڕووخۆشییە ئەو گەنجە دەدوێنی، وامدەزانی کەوتوویتە داوی ئەشقی ئەوەوە، هەستم بە حەسوودی و غیرەیەکی زۆر دەکرد، ئامادە بووم بەر دەمرێژی پیسترین جنێوی بدەم، ئێستا دەزانم چەند نەهەق بووم، چەند زاڵم بووم!

فیودور میخائیلوفیچ بە ڕوح پەشیمان بوو، تکای لێکردم، لە هەڵەکانی ببورم و بەڵێنی دامێ کە جارێکی دی نەکەوێتە چنگی غیرە و حەسوودی و دڵپیسییەوە! ژانێکی توند نیشتبووە سەر ڕوخساری، وام لێهات لە کانگای دڵەوە بەزەییم بە مێردە بەلەنگازەکەمدا دەهاتەوە، پاشماوەی ئەو شەوەم بەدیار ئەوەوە بردە سەر، دڵم دەدایەوە و هێورم دەکردەوە، زەنگی کڵێساکە لێیدا هەوەڵین سەعاتی بەیانی ڕاگەیاند، ئەوسا لە گفتوگۆ و دیالۆگ کەوتین، ئەوسا چووینە جێگاوە کە بخەوین، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر ئەوسا خەومان لێکەوت.

بۆ سبەینێ سەعات یەکی نیوەڕۆ لەخەو ڕابووم، فیودورمیخائیلوفیچ لە پێش منەوە هەستابوو، دوو دانە سەعات بە کرێ دانیشتبوو، نەبا من خەبەر بکاتەوە، بەشێوازیکی ساتیر ئامێز گلەیی لێکردم کە خەریکبووە لە برسا بیکوژم، چونکە ترسابوو لەوەی خەبەرم بکاتەوە، ئیدی لە زەنگی نەدابوو وداوای قاوە و قاوەڵتی نەکردبوو، هەڵبەتە ئەو کاتە زۆر لەگەلمدا نەرم و نیان بوو.

ئەو دیمەنەی شەوێ کارێکی قووڵ و هەتا هەتایی کردە سەر دڵ و دەروونم، کردییە کارێک ماوەیەکی زۆر بیر لە چۆنیەتی پەیوەندی ئایندەی خۆمان بکەمەوە، هەستم کرد غیرە و خانەگومانی چ کاریگەرییەکی بەسەر دڵ و دەروونی فیودور میخائیلوفیچەوە هەیە، ئیدی لەو ڕۆژەوە بەڵینم بە خۆ دا کە مدارای مێردەکەم بکەم و نەیەڵم تووشی ئەو حاڵەتە دژوارانە ببێت.

"٦"

## سەردانێکی براکەم

هێشتاش باش لەبیرمە، لەو ماوەیەدا کە لە مۆسکۆ بووین، چۆن چووم بۆ ناوچەی پترۆفسکویەڕازوموسکویە، کە ئیڤان گریگۆرفیچی* برام (* سنیتکین، ئیڤان گریگۆروفیچ ١٨٤٩- ١٨٨٧: برابچووکی ئاناگریگۆریڤنادوستیڤسکایابوو، ئەکادیمیای کشتوکاڵی پترۆفسکایای لە مۆسکۆ تەواوکرد) لەوێ خوێندکاری ئەکادیمیای کوشتوکاڵی پترۆفسکایا بوو، براکەم تازە پێی نابووە هەژدە ساڵییەوە، کوڕێکی قۆزی دەم و چاو ئاڵی، قژ زەردی قژ لوول بوو، کوڕێکی یەجگار شەرمن بوو، دەتگوت کچە عازەبە، تا حەزکەی دڵپاک بوو، بە تەبیعەت حەزی لە سوعبەت بوو، بچووکترین خوێندکاری ئەکادیمیای ناقبری بوو، هەموو خۆشیان دەویست.

هەرکە گەییمە مۆسکۆ، خێرا نامەیەکم بۆ براکەم نووسی کە هەر ڕۆژێک دەرفەتی هەبوو، سەرێکمان لێبدات، بەمەرجێ دانی بەیانی وپێش سەعات یازدە بێت، ئەگەر لەوێ نەبووین بچێت لە هۆڵی خوێندنەوەدا، لە ئوتێلەکە چاوەڕوانمان بکات، برایەکەم ڕۆژی هەینی نامەکەی پێدەگات، ڕۆژی دوایی سەعات یازدە هات بۆ لامان، کە فەڕاشی ئوتێلەکە پێی گوتبوو ئێمە هێشتا هەڵنەساوین، چوو بوو بۆ سەردانی یەکێک لە برادەرە نەخۆشەکانی، زۆری پێ چوو بوو، کە هاتبووەوە بۆ

ئوتێل ئێمە دەرچوو بووین، ئیدی براکەم وای زانیبوو زوو دەگەڕێینەوە تا خۆرئاوا لە ئوتێلەکە چاوەڕوانی کردبووین، کە ڕۆیی بوو نامەیەکی بۆ دانابووین و ئاگاداری کردبووین کە ڕۆژی دووشەمە بۆلامان دێتەوە، من و مێردەکەم قەرارمان دابوو ئەگەر لەگەڵ کاتکۆفدا هیچمان بە هیچ نەکرد و پێکنەهاتین، ئێوارەی یەکشەممە سەفەری پتروسبورگ بکەین، بەو جۆرە دەرفەتی دیتنی براکەمم لە دەست دەچوو، بۆیە تکام لە فیودورمیخائیلوفیچ کرد ڕێگەم بدات من بچمە سەردانی براکەم، ئەوە بوو عەرەبانەیەکی بۆ بەکرێ گرتم تا بمگەیەنێتە ئەکادیمیای پتروفسکایا و ژمارەی بینایەکەشی بۆ نووسی، دەوروبەری سەعات یەکی نیوەڕۆ لە ئوتێلەکە دەرچووم و بەڵێنم بە فیودور میخائیلوفیچ دا دەروبەری سەعات چوار لەگەڵ براکەمدا بگەڕێمەوە.

دڵم خۆش بوو: فیدور سەرتاسەی بەیانی زۆر لەگەڵمدا نەرم و نیان و بە لوتف بوو، دیاربوو ناکۆکییەکەی پێشوومان بەسەلامەتی تێپەڕی بوو و هیچی لەدڵدا نەمابوو، هەوایەکی جوان و خۆشی هەبوو، دنیا زۆر خۆش بوو، ڕێگاکەش خۆش بوو، هەستم بەشادی دەکرد چونکە براکەم دەبینی.

ڕۆژی یەک شەممە بوو خوێندکارێکی کەم لە ئەکادیمیا بوون، زۆربەیان لەو خوێندکارانە بوون کە بە هەمیشەیی لەوێندەر دەمانەوە، خۆم بە ڕاڕەوێکی بەریندا کرد، لە یەکەمین خوێندکارم پرسی ئاخۆ دەتوانم برایەکەم ببینم، کە خوێندکارە و ناوی ( سینتیکن) ە، ببینم، هەموو ئەوانەی لە ئەکادیمیای ناوبراودا دەژیان، دەیانزانی خوشکەکەی سینتکین تازە شووی کردووە، براکەم لە ڕۆژی زەماوەندەکەمدا بۆ یەکەمجار لە ژیانیا، لە کۆڕێکی مەینوشی بە کۆمەڵدا بەشداری کردبوو، ئەوەندەی خواردبووەوە تا سەرخۆش بوو بوو، بە درێژایی شەوەکە گریا بوو و برادەرەکانی دڵخۆشیان دابووەوە، بەدەم مەستییەوە گوتبووی و گوتبوویەوە:

هەڵبەتە هەموو شتێک تەواو! لە ئێستە بەدواوە خوشکم نابێت، بە نیسبەت منەوە مرد!

یەکسەر ئەو خوێندکارە بۆ ژووری براکەمی برد، ڤانیا*(* سووکەڵە ناوی ئیڤانە) بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی کردم، تەنانەت کە باوەشی پێداکردم لە خۆشیانا گریا، بەدەم قسەکردنەوە دانیشتین، دوای پێنج دەقیقەیەک فەڕاشێک بە سەماوەرێک و کەشەفەیەک و قۆرییەک چاو دوو کوپ و هەندێ کێکی فەرەنسییەوە

هات، هەر لە هەمان کاتدا فەراشێکی دی بە سەماوەرێک و جەزوەیەک قاوە و شیر و شەکرەوە پەیدا بوو، هاوڕێکانی براکەم بەو جۆرە ڕەفتاریان کرد، چونکە پێیان وابوو میوانەکەی لە سەرما هەڵدەلەرزێت، هەریەکەیان شتێکی بۆ ژوورەکەی ڤانیای برام هێنا.

بەرە بەرە هاوڕێکانی ڤانیا هاتن بۆ ژوورەکەی ( هەندێکیان لە هەوادارانی بەرهەمەکانی مێردەکەم بوون) بەو ئومێدەی ژنی نووسەرە دڵخوازەکەی خۆیان بدینن، نزیکەی نۆ کەس لە ژوورەکەی خڕبوونەوە، هەندێکیان لەسەر قەرەوێڵەکە، هەندێکیان لەسەر کورسی، هەندێکیان لەسەر قەراخی پەنجەرەکە دانیشتن.

چام بۆ تیکردن، لێرەدا فەڕاشی بەشە ناوخۆییەکە سەماوەری سێیەمی هێنا، دیار بوو وای دەزانی سەماوەری یەکەم سارد بووەتەوە، ئەم هەموو سەماوەرە بەسەر مێزەکەمانەوە، پێکەنینی هەموانی هەستان و دەرفەتی قسە وشۆخی بۆ خوێندکارەکان، کە لە حزوری مندا شەرمیان دەکرد، کردەوە.

قسەکان هاتنە سەر ئەدەب، لێرەدا خوێندکارەکان بوون بە دوو دەستەوە: هەوادارانی فیودور میخائیلوفیچ و نەیارانی، یەکێک لە نەیارەکان بە جدی کەوتە گلەیی ئەوەی کە دوستویفسکی بە هەڵبژاردنی ڕاسکولنیکوف بۆ شا قارەمانی ( تاوان و سزا) بوختانی بۆ نەوەی نوێ کردووە، کە کەس بەو بۆچوونەی قایل نەبوو، ئیدی گەنگەشە لە نێو خوێندکارەکاندا گەرم بوو و هەرکەسە و نۆڕین و بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەربڕی، ئیدی بەدەم گەرمەی گەنگەشەوە کەس ئاگای لەوە نەما کە کاتەکە چۆن ڕۆیی، لەجیاتی یەک سەعات لەگەڵ براکەمدا بەسەر بەرم، پتر لە دوو سەعاتم پێچوو، ئیدی بە پەلە هەستام تا بگەڕێمەوە، خوێندکارەکان، هەردوو گروپەکە تا بەردەرگا لەگەڵما هاتن و بەڕێیان کردم، ئەو عەرەبانچییەی کە هێنابوومی دیار نەبوو، ئەگەر بڵێی کرێکەشم نەدابوویە.

خوێندکارەکان کەوتنە تاقیب و سۆراخی، دوای تۆزێک گەڕانەوە پێیان گوتم، عەرەبانچییەکە پتر لە سەعاتێک چاوەڕوانی کردووم وکە من دیار نەبووم یەکێک لە مامۆستاکانی بۆ شاربردووە، ئەدی تەگبیر؟ یەکێک لە خوێندکارەکان بە ڕێگایەکی قەدبڕدا بەرەو بوتیرکای بردین، بەو هیوایەی کە بەردەوام عەرەبانەی لێ هەیە، بە کۆمەڵ کەوتینە ڕێ، بەڵام دوایی دەرکەوت لەجیاتی کورتترین ڕێگا درێژترین ڕێگامان گرتووەتە بەر، ناچار بە ناو پاخوا بەفران کەوتین، هەموو

کەوتنە پێکەنین، بەڵام من دڵم هەر لای مێردە داماوەکەم بوو، کە ئاخۆ ئێستا چەند نیگەرانی من بێت.

دوای نزیکەی سەعاتێک گەیینە بوتیرکا و عەرەبانچیمان پەیدا کرد، من و براکەم سەعات شەش و نیو گەیشتینە ئوتێلی دیوسو، دنیا تاریک بوو بوو، بلەز خۆم گەیاندە بەر دەروازەکە و هەواڵی ئاغام لە دەرگەوانەکە پرسی؟ وەڵامی دایەوە:

سێ دانە سەعاتە لە دووریانەکەدا وەستاوە، چەند جارێک بۆ ئوتێلەکە گەڕاوەتەوە و هەواڵی هاتنەوەی تۆی پرسیوە.

چووم بۆ دووڕیانەکە تەماشا دەکەم فیودور میخائیلوفیچ لە سوچێکی شەقامەکەدا وەستاوە و سەیری ڕێبوارەکان دەکات، کە دیتم زۆر نیگەرانە و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە، زۆر ترسام.

فیدیا گیان هاتوومەتەوە، یالا بۆ ماڵەوە، بەدەم ئەو قسانەوە لێی نزیک دەبوومەوە.

فیودور میخائیلوفیچ گەشایەوە، بە توندی دەستی گرتم، ڕووخساری لە یەکێک دەچوو دەستی لەوە شۆردبێ کە جارێکی دیکە بمبینێتەوە، بەرەو دەروازەی ئوتێلەکەم برد و براکەم پێ ناساند، هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەم کە زۆر لەوە دەترسام فیودور میخائیلوفیچ، داخی خۆی بە ڤانیای بێتاوان بڕیژێ و ئەو چاوە رەشەم کاڵبێتەوە کە براکەمی خۆش بوێت، خۆشبەختانە وا دەرنەچوو، ڕێزێکی زۆری براکەمی گرت.

بە خۆشی و شادی نانمان خوارد، فیودور میخائیلوفیچ هەرچییەکی بە سەرهاتبوو بۆ گێڕامەوە،منیش ڕیسکەکانی خۆم بە پێکەنینەوە بۆ گێڕایەوە، جا چونکە کات درەنگ بوو، براکەم پاش نانخواردن یەکسەر گەڕایەوە، ئیدی ئێمە بە دووقۆڵی ماینەوە، شەوێکی هیندە خۆشمان بە سەربرد، کە یەکێک لە شەوەخۆشەکانی پێش زەماوەندەکەمانی بیر خستمەوە، دوای ئەوەی هەموو خەمێکی دڵمان بە بادا، لێم پرسی:

_ دەی باشە ڕاستم پێبڵێ، وات تەسەور دەکرد ئەمڕۆ ڕەدووی کەسێک کەوتبم؟

فیودور میخائیلوفیچ بەرسڤی دایەوە:

_ ئەمە یەکێکە لە داهێنانەکانی تۆ! بەڵام کە تەماشای کردم، جۆرە هەستێکی تاوانامێزم لەچاوەکانیا بەدیکرد، هەنگێ بۆم بەدیار کەوت کە مەزەنەکەم ماکێکی ڕاستی تێدایە.

"٧"

## هەندێ سەرنجی مۆسکۆیی

ئێستاش بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە ئەو ڕۆژانەم لەبیرن کە لە مۆسکۆ ماینەوە، هەموو بەیانییەک دەچووین بۆ تەماشا و دیتنی شوێنەوارەکانی شار: کڵێساکانی کرملین، هۆڵی چەک و چۆڵ، ماڵی خانەدانانی ماڵباتی رومانوف، بەیانییەکی بۆ گۆڕستانی لازاریفسکی بردم، کە ماریاڤیدورڤنادوستویڤسکایای* دایکی(* م.ف. دوستویڤسکایا، (نیچایڤا بەر لە شووکردن) ١٨٠٠- ١٨٣٧: دایکی م.ف. دوستویفسکی، کیژی بازرگانێکی مۆسکۆیی بوو، بە نێوی فیودور تیموڤیڤیچ نیچایڤ) لەوێ نێژرابوو، دوستویفسکی هەمیشە بە هەستێن میهرەبانانەوە یادی دەکردەوە، هەڵبەتە زۆر خۆشحاڵ بووین کە قەشەیەکمان لەوێندەر بینی و هەندێ نزا و نوێژی لەسەر گۆڕەکەی کرد، هەروەها چووین بۆ ڤوروبیوڤی گوری، فیودور میخائیلوفیچ کە لە مۆسکۆ لەدایک بوو بوو دەلیلێکی زۆر باش بوو، زۆر شتی خۆشی دەربارەی شارەکەی هەوەڵین تزارەکان بۆ شرۆڤە دەکردم.

ماندوویەتی و برسێتی زۆریان بۆ هێناین، زۆر جار دوای گەشت و گەڕان دەچووین بۆ خواردنگەی تیستوڤو، مێردەکەم کە حەزی لە خواردن و ئاشپەزخانەی ڕووسی بوو، خواردنێکی تایبەتی بۆ دەدۆزیمەوە بە ناوی سولیانکا* ( *شۆربایەکی خەستە کە دەکاتە گۆشتی ماسی یا هەر گۆشتیکی دی بە بەهاراتەوە) کە لە سەر شێوازی خەڵکی مۆسکۆ و کولیچەی مەحشی و کێک ئامادەکرابوو، زۆرم حەز لێبوو، زۆر بەتاسەوە دەمخوارد. پاشان بۆ ئوتێل گەڕاینەوە و کەمێک پشوومان دا و ئەوسا چووین بۆ نانخواردن بۆماڵی ئال ئیڤانوف، لەوێ هەوڵمدەدا بە بست لە فیودور میخائیلوفیچ دوورنەکەومەوە، نەبا جارێکی دیکەش تووشی غیرە و خانەگومانی ببێتەوە، ئیدی بە کۆمەکی ئەو توانیم پەیوەندی دۆستانە و خۆشەویستی لەگەڵ ڤیرا میخایلوڤنا و سونیا و گەنجەکانی دیکەدا پەیدابکەم، هەروەها توانیم

دۆستایەتی دەگەڵ ماریاسیرگیڤینای مەکربازیشدا بگرم، ئیتر هەر هەموویان بەتێر و تەسەلی ئەوەیان بۆ گێڕامەوە چۆن لە پاشملە بوغزاندومیان و ڕقیان لێم بووە و چۆن ویستویانە وەکو خزمێکی تازەی نەخوازراو پەست و بێزارم بکەن، دەوروبەری سەعات یازدە بۆ ئوتێل گەڕاینەوە، بەدەم قسانەوە دەبارەی ئەو ڕۆژە خۆشەی بە دووقۆڵی بەسەرمان بردبوو تا سەعات دووی پاش نیوە شەو نەخەوتین، لە مۆسکۆدا ئەو دڕدۆنگی و نامۆییەی کە لەو چەند هەفتەیەی دوای ژیانی پترۆسبۆرگدام بەرانبەر بە مێردەکەم لە ناخما دروست بوو بوو، پاکی ڕەوییەوە، ئیدی بوومەوە بەو مرۆڤە میهرەبان و ژیاندۆستەی جاران و قۆناغی دەزگیرانداریم، فیودور میخائیلوفیچ دڵنیای کردمەوە کە لێرەدا "ئانیا خۆشەویستەکەی خۆی دۆزیەوەتەوە" ئەو ئانیایەی کە لەزگ بوو لە پترسبورگ لەدەستی بدات، پێی گوتم کە بۆ ئەو (مانگی هەنگوین) تازە و لێرەوە دەستی پێکردووە، لەم کاتەدا بەتەواوەتی بۆم دەرکەوت کە ئەگەر خزمەکانی فیودور میخائیلوفیچ دژایەتیم نەکەن و کێشەم بۆ دروست نەکەن، ژیانی ژن و مێردایەتیمان زۆر خۆش و تەبا دەبێت.

ئیدی بیرەوەرییە خۆشەکانی ئەم سەفەرەم بۆ مۆسکۆ، هەتا هەتایە لەبیر نەچووەوە، دواتر هەر جارێکی دی سەفەری مۆسکۆم بکردایە هەستم دەکرد ئەوەندەی لێرە کەیف خۆش و ئارام و رازیم لە هیچ شوێنێکی دیکە وا نیم.

ئەنجام گۆڤاری ( مژدەبەری ڕووسی) ڕازی بوو کە پێشەکی قەرز و سلفەیەکی تازەی هەزار ڕۆبڵی بە فیودور میخائیلوفیچ بدات، ڕۆژی هەینی بەمەمان زانی، ڕۆژی دوایی یەکسەر بۆ پتروسبورگ چووین. لەبیرمە قیتارەکەمان، یەک دانە سەعات لە وێستگەی کلین وەستا، سەعات دەوروبەری حەوتی ئێوارە بوو، لە هۆڵەکە نوێژی شێوان بەبۆنەی (سبت السعف) دەکرا، هەموان بە پێوە وەستابوون، سەرو مۆمی داگیرساو و چڵە بییەکیان بەدەستەوە گرتبوو، ئێمەش چوینە ڕیزی نوێژکەرانەوە، هێستاش لەبیرمە چۆن بە کوڵ و بە دڵ لە تەنیشت مێردە ئازیزەکەمەوە نوێژ و نزام دەکرد و چۆن بە دڵ سوپاسی خواوەندم دەکرد کە ئەو شادییەی پێ بەخشی بووم! بەڕاستی لەو ساتانە بوو کە بیر ناچنەوە!

## سەفەری هەندەران

بۆ پترسبورگ گەڕاینەوە، سەرلەنوێ ژیانی ڕۆتینی و ناخۆشی یەکهاوی دەستی پێکردەوە، میوانە ئاساییەکانمان لەسەر مێزی نانخواردن پەیدا بوونەوە، دوای ئەوان خزمەکانی دیکەش هاتن، کۆڵەوەسەکەی مێردەکەم، هەواڵی گەڕانەوەمانی پێ ڕاگەیاندبوون، جارێکی دی بێگاری ( مدارا) و ( میوانی) خزمەکانم کەوتەوە ئەستۆ، بە هەموو قەناعەتیکەوە ئەو کارەم کرد، بە ئومێدی ئەوە بووم، هەمووی پێنج و دوو ڕۆژێکەو هەموو شتێک دەگۆڕێت، فیودورمیخائیلوفیچ بە کارێک چووە دەرەوە، من لێبڕام کە بە هیچ جۆرێک باسی سەفەرەکەی هەندەرانمان نەکەم، بۆ ئەوەی هیچ قەرقەشەیەک درووست نەبێت، تا ئەو کاتەی هەمووومان، هەموو خزمان، بە دایکیشمەوە لەسەر خوانەکە کۆنەبووینەوە کەس باسی سەفەری نەکرد، هەموو باسی ئەو کەش و هەوا بەهارییەیان کرد کە هەفتەیەک بوو بەردەوام بوو، لێرەدا ئیمیلیا ڤیدوروڤنا پێشنیازی کرد کە ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە و خانوویەکی هاوینە بگرین، دەنا خانووی باش نامێنێ و جێگامان دەست ناکەوێ،لەسەری رۆیی و گوتی ئەو خانو و باخێک پێدەزانێ زۆر گەورەیە، جێگای هەمووماڵبات و خێڵی دوستویفسکی تیا دەبێتەوە.

_ پێویست بە خانووی هاوینە ناکات من و ئانا سەفەری هەندەران دەکەین.

هەموو خزمان ئەو قسەیەیان بە نوکتە زانی، بەڵام کاتێ مێردەکەم بە دوور و درێژی کەوتە باسی نەخشە و بەرنامەی سەفەرەکە. بەرە بەرە قەناعەتیان هات، هەڵبەتە پێیان ناخۆشبوو، بەڵام لەناکاوا هەموو بیدەنگ بوون، دەتگوت خۆڵ و دۆیان بەسەردا کراوە، ویستم کەمێک جەوەکە ببوژێنمەوە، ئیدی کەوتمە باسی ئال ئیڤانوف و گەشت و گەرانەکانمان لە مۆسکۆدا، بەڵام کەس گوێی لێنەگرتم.

دوای ئەوەی فیودورمیخائیلوفیچ لەم ناڕەزاییە بێدەنگە توورە بوو و چوو بۆ ئۆفیسەکەی خۆی، قاوەم دانێ، دوای تۆزێک ئیملیا فیدروڤنا هەستا و دوای کەوت، باقی خزمان چوون بۆ ژووری میوان، جگە لە من و پاڤڵ ئەلکسندروفیچ کەسی دی لە ژووری نانخواردن نەما، بە توورەیی پێی گوتم:

_ ئاناگریگوریڤنا من چاک دەزانم ئەمە ئۆینی تۆیە.

_ ئۆینی چی؟

_ بەڕاست ئاگادار نیت؟ ئەم سەفەرە سەخیفەی هەندەران، بەڵام چاک بزانە کە خەیاڵت خاوە، ئەگەر ڕێمدان سەفەری مۆسکۆ بکەن، لەبەر ئەوە بوو کە باوکە دەچوو پارە وەرگرێت،بەلام سەفەری هەندەران ئەمە کەڵکەڵەی تۆیە ئاناگریگوریڤنا، مەحاڵە ڕێگەتان بدەم.

زۆری لێ پەست بووم، بەتایبەتی لە دەمدرێژییەکەی. بەڵام حەزم نەدەکرد دەم بخەمە دەمی، بە تەوسەوە پێمگوت:

_ خوا کەریمە بەڵکو دڵت نەرم بێ و بەزەییەکت پێماندا بێتەوە؟

_ ئەوە لەبیری خۆت دەربکە، ئەم کەڵکەڵەیە زۆری تێدەچێت، خۆ هەر تۆ پێویستت بە پارە نییە، خیزانەکە هەمووی پێویستی بە پارەیە، ئەم پارەیە موڵکی هەموانە...

ئەم قسە زلە هی کەسێک بوو، کە لە هەموو شتێکدا قەرزارباری باوەپیارەکەی بوو، کەسێک نەیدەزانی چۆن تاقە قروشێک پەیدا بکات! یەکسەر لە ژوورەکە وەدەر کەوتم، تا بەگژیا نەچمەوە و لەسەر ئەم گۆساخییەی سەرزنشتی نەکەم.

نیو سەعاتێک بووری، ئیملیافیدوروڤنا بە تووڕەیی لە ئۆفیسەکە وەدەرکەوت ئەمری بە کچەکانی کرد خۆ ئامادە بکەن تا بۆ ماڵی خۆیان بڕۆنەوە، ئەوسا دوای ئەوەی بەساردی دوعاخوازی لە من کرد، لە ماڵەکە وەدەرکەوت، دوای نیکولامیخائیلوفیچ، برابچووکەکەی فیودور میخائیلوفیچ چووە ژوورەوە، ئەوسا باقی خزمەکان ڕۆیشتن، دوای ئەوەی هەموو خزمەکان ڕۆیشتن نۆرە هاتە سەر پاڤڵ ئەکسندروفیچ،کە بۆ لای فیودورمیخائیلوفیچ بچێتە ژوورەوە. وەکو خووی هەمیشەیی خۆی بەوپەڕی هەڵچوون وبە شێوازێکی ئامۆژگاریانە کەوتە قسان، ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ خۆی پێنەگیراو لە ژوورەکە وەدەری نا، ئەویش وەدەرکەوت و ڕۆیی.

پاش ئەوەی هەموان ڕۆیشتن، خۆم بە ئۆفیسەکەدا کرد، سەیرم کرد مێردەکەم زۆر پەست و تووڕەیە، گوتی هەموو خزمەکان بەم سەفەرەی هەندەران ناڕازین و ئەگەر

ڕازی بن، بە مەرجێ قاییل دەبن پێشەکی بەشی چەند مانگێک پارەیان بۆ جێبێڵێت، لێم پرسی:

_ باشە چەندیان دەوێت؟

فیودور میخائیلوفیچ بەرسڤی دایەوە:

_ ئیمیلیافیدروڤنا قەولی داوە دەگەل منداڵەکانیا قسە بکات و سبەی جوابم لێ بگێڕێتەوە.

قسەکانی ترسیان خستە دڵمەوە، فیودورمیخائیلوفیچ بەتەمابوو لەو هەزار ڕۆبڵەی کە لە ( مژدەبەری ڕووسی) ی وەرگرتبوو، دوو سەد ڕۆبڵ بدات بە ئیمیلیا فیدوروڤنا، سەد ڕۆبڵیش بدات بە پاشا بۆ مەسرەفی گیرفان، سەدیش بە نیکولای میخائیلوفیچ و سەد ڕۆبڵیش بۆ خەرجی خۆمان تا کاتی سەفەرەکە، یانی تەنیا پێنج سەد ڕۆبڵ بۆ سەفەرەکەمان دەمایەوە، ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە دوای ئەوەی مانگێک لە هەندەران پشوو دەدات، دەست بە نووسینی وتارێک دەربارەی بیلینسکی* (* بیلینسکی، ڤیساریون گریگوریفیچ ١٨١١- ١٨٤٨: ڕەخنەگر بوو، دوستویفسکی لە هەوەڵی هاوینی ساڵی ١٨٤٥ دا ناسیاوی دەگەڵدا پەیدا کرد، ئەو دەمە وەکو گەرورەترین ڕەخنەگری ڕووسیا بە نێوبانگ بوو، نیکراسوفی شاعیر دەستنووسی ڕۆمانی هەژارانی دابوویە تاکو بیخوێنێتەوە، دوستویفسکی لە ڕۆمانی "سووک و ڕیسوا کراواندا"، کەسایەتی بیلینسکی لە قاڵبی ڕەخنە گری بەنێوبانگ، "ب" دا بەرجەستە کردبوو) دەکات، وامان دانابوو ئەم وتارە سێ چوار مەلزەمە دەربچێت، ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ دەیتوانی لە هەنبەر وتاری ناڤبریدا لە ماوەیەکی کورتتدا نزیکەی سێ سەد چوار سەد ڕۆبڵێک وەربگرێت، لە دڵی خۆیدا ئەم بڕە پارەیەی بۆ خەرجی سێ مانگەی هاوینی خزمەکانی دانابوو، خۆمان ئامادە کردبوو لە سەرەتای هەیڤی ئابدا بۆ پتروسبورگ بگەڕێینەوە.

نەخێر دڵەراوکێیەکەم خەریک بوو دەهاتە دی، بەیانی ڕۆژی دوایی ئیمیلیا فیدوروڤنا هاتەوە و گوتی تا ئێمە لە سەفەرەکەمان دەگەڕێینەوە خۆی ومنداڵەکانی پێنج سەد رۆبڵیان دەوێ و کۆڵەوەسەکەشی بەلای کەمەوە دوو سەد رۆبڵی دەوێت، فیودورمیخائیلوفیچ هەوڵیدا کە بە سێ سەد رۆبڵ (خانەوادەکەی و کۆڵەبەسەکەی) ڕازی بکات و باقییەکەی دوای دوو مانگی دی بداتێ، بەڵام ئیمیلیا

قایل نەبوو، فیودور میخائیلوفیچ نەیدەتوانی دڵی بشکێنێ: لەوەتای براکەی مردبوو هەموو دواکارییەکی ماڵ و منداڵەکەی جێبەجێ دەکرد.

ئیدی فیودور میخائیلوفیچ هەر ئەو ڕۆژە نەگبەتی و مەینەتییەکی دیکە بەرۆکی گرت، کورێکی گەنج بێ هیچ مەوعیدێکی پێشوەختە هات، ئەمە کوڕی خات ڕایسمان* (* ڕایسمان "ڕایسلر" ئانا ئیڤانوڤا ١٨١٤- ١٨٨٢: سووت خۆرێکی خەڵکی پترسبورگ بوو، بۆچوونێک هەیە کە دوستویفسکی ئیلهامی ئەلیونا ئیڤانوڤنای سووت خۆری ڕۆمانی تاوان و سزای لەم ژنەوە وەرگرتبێت) بوو. ئەم ژنە کۆمەڵێک کۆمپیالەی بە دژی فیودورمیخائیکوفیچ لەلابوو، نرخی تێکڕای کۆمپیالەکان دەیکردە نزیکەی دوو هەزار ڕۆبڵ، بەڵام چونکە مێردەکەم فایدەی زۆری دەدایە کێشەکەی زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو، جا ئێستا کورەکەی هاتبوو دەیگوت دایکی داوا دەکات لە هەنبەر هەر کۆمپیالەیەکدا پێنج سەد ڕۆبڵی بداتێ، ئەگەر نەیداتێ ئەوا پەنا دەباتە بەر دادگا، تا دەست بە سەر دار و نەدارماندا بگرێت.

فیودورمیخائیلوفیچ، سەری لەم داوا ناوەختە دەرنەدەکرد، بەڵام کە ئەو پێداگرییەی ڕایسمانی بینی، بەڵێنی دا کە سبەینێ سێ سەد ڕۆبڵی بداتێ.

لە هەمان ڕۆژدا نامەی خزمەکانمان پێگەیی، داوای هەزار و سەد ڕۆبڵیان لە فیودور میخائیلوفیچ دەکرد، ئەمە جگە لەو سێ سەد ڕۆبڵەی بەڵێنی دابوو بە ڕایسمانی بدات، واتە هەمووی دەیکردە هەزار و چوار سەد ڕۆبڵ، لە کاتێکدا خۆمان تێکڕای ئایە و مایەمان، تەنیا هەزار ڕۆبڵ بوو!

ئەوەی ڕاستی بێ من لە دڵی خۆدا وام هەست دەکرد ئەم داواکارییە کتوپڕە جۆرە هاودەستی وپیلانگێڕییەکی خاوەن قەرزەکانی تێدایە، بەڵام ئەمەم بە مێردەکەم نەگوت.

درەنگانێکی شەو فیودورمیخائیلوفیچ پاش ئەوەی خەرجییە چاوەڕوان کراوەکانمانی حیساب کرد گوتی:

_ دەزانی ئانیچکا گیان، چەرخی ڕۆژگار دژایەتیمان دەکات، ئەوەتا بەچاوی خۆت دەبینی: ئەگەر ئێستا لە بەهارا سەفەری هەندەران بکەین بەلای کەمەوە دوو هەزار ڕۆبڵمان دەوێت،کەچی ئێمە یەک هەزاریش شک نابەین،ئەگەر لە ڕووسیا وەمێنین دەتوانین بۆ ماوەی دوو هەیڤان بارسوک و سەرسەلامەت بژین،لەوەیە

بشتوانین ئەو خانووە هاوینەیەش بەکرێ بگرین، کە ئیمیلیاڤیدوروڤنا پێشنیازی کردووە، ئیدی لەوێ دەست بەکاردەکەم ولەگینە بۆپایز بتوانین برە پارەیەک بەدەست بێنین، هەنگێ سەفەرێکی دوو مانگی بۆ هەندەران دەکەین، خۆزگە کۆترە باریکەکەم دەتزانی چەندم پێناخۆشە کە ئێستا ئەم سەفەرەمان پێناکرێت!

من خەوم بەم سەفەرەوە دەبینی، هەر من دەزانم کە ئەم سەفەرە  بۆ ئێمە، بۆ هەردووکمان چەند زەرووریيە.

ویستم خەمباری خۆم لە میردەکەم بشارمەوە، کە دیتم هەست بە ناکامییەکی زۆر دەکات، بە حەماسەوە پێمگوت:

_ دەی سا قەیدی چییە گیانە، خەمت نەبێ، چاوەروانی پایز دەکەین، کەسێ نەمرێ پایز پێچی مێزەرە، بەڵکو ئەمە خوایە دەرووبەکی شادیمان لێبێتەوە!

لە ترسی ئەوەی نەبا لە ناکاوا لە هۆڕژنی گریان بدەم و هێندەی دی خەمی مێردەکەم زیاد بکەم بە بیانووی سەریەشەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوتم، ژان دڵی دەگوشیم، بیری خەمناک مێشکی دەتەنیم، گومان و ترس چنگی لە دڵ و دەروونم دەنا، لە سەفەرەکەی مۆسکۆوە هەموو ئەوانەم لە کۆڵ بووبووەوە، ئێستا هەموو ئەو خەیاڵپڵاوەم کەڕووی هەڵدێنا وبەچاوی خۆم دەمبینی خەونەکەم لەوە دوور دەکەوتەوە کە بێتە دی.

بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم پەیوەندییە ڕوحیە هەمیشەییە لەگەڵ مێردەکەمدا کە لە هەفتە خۆشەکانی بەر لە زەماوەندەکەمان ولەکاتی دەزگیرانداریدا پەییم بە گرینگی و بەهاکەی بردبوو، کە لە سەفەرەکەی مۆسکۆدا جوانیەکەیم بۆ دەرکەوتبوو، بەردی بناغەی ئەو خیزانە کۆک و تەبایەیە کە من و فیودور میخائیلوفیچ خەومان پێوەی دەبینی، جا ئەگەر بمانەوی ئەم ڤیان و خۆشەویستییەی خۆمان ڕزگاربکەین، زۆر پێویستە بۆ ماوەی دوو مانگ یا سێ مانگ تاک بکەوینەوە، دوور لە هەرا و زەنا و قەرەباڵغی و داخ و کەسەران، بە ئارامی و ئاسوودەیی بژیم، زۆر دڵنیا بووم هەنگێ من  ومێردەکەم بۆ هەتا هەتایە دەسازاین و هێز نەبوو لێکمان دووربخاتەوە. ما بیربکەوە: پارەی ئەم سەفەرە لە کوێ بێنین؟ لەناکاوا بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات:" بۆچی قیروسیا لە جیازییەکەی خۆم نەکەم لە پێناوی ئەم سەفەرەدا. بەوە شادمانی خۆم دەکڕمەوە؟" ئەم بیرۆکەیە بەرەبەرە

هۆش و گۆشی داگیر کردم، هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە زۆریش ئاسان نەبوو، جۆرەها کۆسپی دەهاتە ڕێ، لە سەرووی هەموویانەوە خۆم بووم، نەمدەتوانی بەو ئاسانییە ئەو فیداکارییە بکەم، وەکو پێشتریش گوتوومە هەرچەندە تەمەنم بیست سالان بوو، لە زۆر ڕووەوە گەورە نەبووم و هەر منداڵ بووم، لەتەمەنی گەنجیا هەندێ شتی وەکو ناوماڵ و کەلوپەلو جلوبەرگ خۆشەویستن، پیانۆیەکم هەبوو زۆرم خۆشدەویست مێز و تەپڵەکە بچووک و دۆڵابە خانە خانەکان و هەموو ئەو ئامێر و شتانەی دیکەم، کە کڕیبوومن، زۆر لەدڵ شیرین بوون، زۆرم لەبەر گران بوو هەموو ئەو شتانە بفەوتێنم و هەگیز جارێکی دیکە نەبمەوە بە خاوەنیان، دایکم بەشێکی زۆری جیازیی بووکێنیەکەمی بە پارەی خۆی کڕی بوو، لە فکران ڕادەچووم: " چونکە ئەگەر دایکم گلەیی ئەوە لە مێردەکەم بکات کە زیاد لە پێویست بەلای خزمەکانی خۆیدا ڕایدەکێشێ و گومان لە خۆشەویستی ئەو بەرامبەر بە من بکات؟ ئاخۆ چەندی لەبەر گران دەبێت، ئەو ژنەی کە هەمیشە شادمانی منداڵەکانی خۆی دەخستە سەرووی شادمانی خۆیەوە!".

شەوەکەم بەو خەم و خەیاڵانەوە ڕۆژکردەوە، سەعات پێنجی بەیانی زەنگی نویژی بەیانی لێیدا، بڕیارم دا بچم لە کڵێسای میعراج دا کە بەرامبەر ماڵمان بوو، نوێژ بکەم. هەمیشە نویژ زۆر کاری تێدەکردم: بە دڵ و گیان کەوتمە نوێژ بۆ خوا، بەو پەڕی ملکەچی و جۆش و خرۆشەوە دەگریام، ئەوسا لە کڵێساکە وەدەرکەوتم، لە دڵی خۆدا قەراری یەکجارەکیم دا. لە کڵێساوە بۆ ماڵ نەگەڕامەوە، بەڵکو یەکسەر چووم بۆ لای دایکم، ئەم سەردانە کتوپڕە و بەم بەیانییە زووە، دایکە بەلەنگازەکەی ترساندم، ئەمە جگە لەوەی شوێنەواری گریان بە دەموچاومەوە دیار بوو، لە نێو هەموو خزم و کەسوکارەکاندا تاقە کەسێک بوو هەستی بە نالەباری ژیانی خێزانداری من دەکرد،، زۆرجار گلەیی دەکرد کە ناتوانم پاڤڵ ئەلکسندروفیچ ناچار بکەم ڕێزم بگرێت، ناتوانم ژینگەی دەوروبەرم بگۆڕم، دایکم پێی ناخۆش بوو ڕۆژ تا ئێوارێ جگە لە میوانداری و خزمەتی خەڵکانی مێمڵ و سپڵە هیچ شتێکی دیکە ناکەم، کەچی جاران هەمیشە مژووڵ بووم. بە بێ کار دانەدەنیشتم و لەزەتی ڕوحی و دەرونی خۆم لە کاردا دەبینییەوە، دایکم سویدی بوو، جیهانبینییەکی ڕۆشنبیرانەی ڕۆژاوایی بۆ ژیان هەبوو، دەترسا ئەو عادەتە باشانەی کە منی لەسەر ڕاهێنابوون، بەهۆی ژیانی ڕووسیایانەی منەوە وەکو خواردەیی و میوانپەروەریی بێسەر وبەرەوە بگۆڕێن، جا چونکە دەیزانی من جورئەت و

زیرەکیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆم نییە، هەر شتێک لە شوێنی خۆیدا و لە تای تەرازووی خۆیدا دابنەم، بۆیە سەفەری هەندەرانی ئێمەی بە باشترین مەسڵەحەت دەزانی، دایکم دەیوست بە فیودور میخائیلوفیچ بڵێت، کە لە هەندەران گەراینەوە بێت لە ماڵی ئێمە دابنیشێت و شوقەیەکی باشی بە خۆرایی دەدەینێ، هەنگێ خزمەکانی بەهۆی دووریمانەوە لەیەکدی نەیاندەتوانی هەموو رۆژێک بێنە سەردانمان، هەروەها پاڤڵ ئەلکسندروفیچش حەزی نەدەکرد لەم گەرەکە پاشکەوتوو و دوورە دەستەی ئمەدا بژی و هەنگێ ناچار دەبێت لەلای ئیمیلیا فیدوریڤنا بمێنێ، بەم جۆرە دابران و دوورکەتنەوە لە پاڤڵ ئەلکسندروفیچ وەکو ناکۆکی و قەرقەشەی خێزانی وەدەرنەدەکەوت، بەڵکو دەبوو بە ئارەزوویەکی شەخسی خۆی.

پاش ئەوەی دایکم زانی سەفەرەکەی هەندەرانمان سەری نەگرتووە و دەبێت هاوین لە داچا ( خانوی هاوینە) دەگەڵ هەموو ماڵباتی دوستویفسکیدا بەسەر بەرم، ترسی لێنیشت، تەبیعەتی سەربەخۆی من و کەڵەمە رەقی گەنجانی دەناسی، بۆیە دەترسا کەللەیی بم و تەحەمول نەکەم و کارەسات بقەومێ.

بەرنامە و نەخشەی من ئەوە بوو هەموو شتەکانم بخەمە رەهن و بارمتەوە، کە دایکم پشتیوانی لەم نەخشەیەم کرد، زۆرم پێخۆش بوو، کە لێم پرسی ئایا پێی ناخۆش نییە ئەو شتانە بفرۆشمەوە کە ئەو بۆی کری بووم، گوتی:

هەڵبەتە پێمناخۆشە بەڵام چارچییە، ئەدی شادمانیت لە غەرغەرەدا نییە؟ تۆ و فیودور میخائیلوفیچ دوو کەسی زۆر جیاوازن، ئەگەر لە ئێستاوە فریا نەکەون و نەسازێن، هەگیز ناسازێن، بۆیە پێویستە بە زووترین کات سەفەر بکەن، بەر لە جەژن، بەر لەوەی کێشەی تازەتان بێتە رێ، سەفەر بکەن، لێم پرسی:

_ باشە فریا دەکەوین پێش جەژن شتەکانمان بخەینە رەهنەوە و پارەی پێویستمان بێتە دەست.

خۆشبەتانە دایکم بەرێوەبەری کۆمپانایەیەکی( گەورەی رەهنی) دەناسی، بەڵێنی دامێ کە بە پەلە دەچێت بۆ لای تا سبەینێ خەمڵچی بنێرێت و شتەکانمان بۆ بقەرسێنێ، کاتی کرێی شوقەکەمان لە یەکی مایودا تەواو دەبوو، دەکرا کەلوپەل و ناوماڵەکەمان دوای جەژن بۆ عەمبار و کۆگا بگوازرێتەوە، دایکم ویستی ئەو پارانە

بدات بە خزمەکانی فیودرمیخائیلوفیچ، کە فیودور بۆ هەر یەکێکیانی دانا بوو، بەڵام سەبارەت بە خشڵ و زێڕ و زیو و لۆتۆکان، دەکرا پێش سەفەرەکەمان بخرێنە ڕەهنەوە.

زۆر خۆشحاڵ بووم، کە بەر لەوەی فیودورمیخائیلوفیچ لە خەو ڕابێ گەییمە ماڵەوە، پاڤڵ ئەلکسندروفیچ زۆری حەز دەکردبزانێ بەو بەیانییە لە کوێ بووم، بلەز بۆ ژووری نانخواردن هات، خەریک بوو قاوەم بۆ مێردەکەم ئامادە دەکرد، وەکو هەمیشە کەوتە لاقرتێ و تەشەردان، گوتی:

_ زۆرم پێخۆشە ئاناگریگوریڤنا کە ژنێکی ئەوەندە دینداری نەک هەر نوێژی بەیانی، بەڵکو نوێژی نیوەڕۆش وەکو لە فیدوروسیام زانیوە لە کڵێسا دەکەیت.

بە کورتی بەرسڤم دایەوە:_ بەڵێ لە کڵێسا بووم.

_ بەڵام ئەمڕۆکە حەواست پەرتە! پێم ناڵێی خەیاڵت چ ئاسمانێ تەی دەکات؟

_ ئاسمانێکی دوور، مادامێکی دەزانیت سەفەری هەندەران ناکەین.

_ ئەدی پێم نەگوتی؟ ئێستا بۆت دەرکەوت ئەگەر شتێکم بوێت دەتوانم بیکەم، من نایەڵم سەفەری هەندەران بکەن!

هەرچەندە زۆر پەست و لێی بێزار بووم، بەڵام بۆ ئەوەی لەگەڵیا نەکەومە چەلەحانێ و گەنگەشەوە گوتم: _ ئا دەزانم، دەزانم، تۆ زوو وتت.

تەنیا یەک کاری گەورە مابوو بیکەم، ئەوە بوو قەناعەت بە فیودورمیخائیلوفیچ بکەم کە بە نەخشەکەم قاییل بێت، لە ماڵەوە ئەو باسەی لەگەڵدا نەدەکرا: لەگین بوو هەر سا نا ساتێ یەکێ خۆی بە ژووردا بکات و قسەکانمان پێ ببڕێت، پاڤڵ ئەلکسندروفیچ کونجی ماڵەوەی گرتبوو وچاوەڕوانی هاتنی خزمە گەنجەکانی فیودور میخائیلوفیچی دەکرد، کە میوانی هەمیشەیی هەموو بەیانییەکمان بوون، خۆشبەختانە مێردەکەم دەبوایە بە کارێک بچێتە دەرەوە، داوام لێکرد دەگەڵیا تا نزیکترین دەرمانخانە بڕۆم، هەرکە لە ماڵ وەدەرکەوتین پێشنیازم کرد کە بە دووقۆڵی بچین بۆ کڵێسای میعراج. بە دووقۆڵی لەبەردەم ئیکۆنەکەی پاکیزەدا نوێژمان کرد، پێکەوە بە جادەی فوزنیسینکایادا کەوتینە ڕێ، دوایی بۆ کۆڕنیش

مویکا پەڕینەوە، زۆر نیگەران و دوودڵ بووم، نەمدزانی چۆن دەست بە قسە بکەم، فیودور میخائیلوفیچ کە بەو چالاکی و چەلەنگییە منی بینی هاتە قسە و گوتی:

- ئانیا گیان زۆر مەمنوونم کە بە دڵێکی فراوانەوە قەراری هەڵوەشاندنەوەی ئەو سەفەرەت قبووڵ کرد کە خەونمان پێوە دەبینی.

_ بەلام ئەگەر بەم نەخشەیەی من بکەیت کە ئێستا پێتی دەڵێم دەتوانین سەفەرەکەمان بکەین وئەولاتریش، ئەوسا یەکسەر کەوتمە ڕوونکردنەوەی نەخشەکەم، وەکو چاوەڕوانم دەکرد مێردەکەم یەکسەر نەخشەکەی ڕەتکردمەوە، چونکە حەزی نەدەکرد قوربانی بە شتەکانم بدەم، بەدەم گەنگەشە و دیالۆگەوە بەبێ ئەوەی بە خۆ بزانین و ڕێگاکە بدینین لە ( کۆڕنیشی مویکا) پەڕینەوە، لە ناکاوا خۆمان لە شوێنێکی چۆڵ و هۆڵ بینییەوە، نەمدەزانی کوێی شارە بۆ جاری دووەم لە ژیانی ژن ومێردایەتیماندا ئیعتراقم بۆ مێردەکەم کرد کە لە چ جەخارێکدا دەژیم و تکام لێکرد کە دەرفەتی دوو یا سێ مانگم بداتێ کە بەشادی و ئارامی لەگەڵیا بژیم، دڵنیام کرد ئێمە لەم وەزع و حاڵەی ئێستاماندا نابین بە هاوڕێ، نابین بەو هاوڕێیەی خەومان پێوە دەبینی، بگرە لەوەیە بۆ هەتا هەتایە لێکدی جیا بینەوە، لە مێردەکەم پارامەوە لە ئەشق و ڤیانەکەمان، کە شادومانیمان ڕزگاربکات، لێرەدا خۆم پێنەگیرا و دەستم گریان کرد، فیودور میخائیلوفیچ دڵی پڕبوو، نەیدەزانی چی بکات، بەپەلە قاییل بوو، هەستم بە شادییەکی ئەوتۆ کرد، یەکسەر بێئەوەی گوێ بە ڕێبواران بدەم کەوتمە ماچ کردنی ( شوێنەکە چۆڵ بوو، ڕێبواری کەم پێوە بوو) جا بۆ ئەوەی کاتەکەمان بەفێڕۆ نەچێت، پێشنیازم بۆ مێردەکەم کرد کە بڕوات بۆ ئۆفێسی فەرمانداری گشتی تا بزانێ کەی پاسپۆرتی دەدەنێ.

مێردەکەم لەم ڕووەوە کێشەی زۆری هەبوو، چونکە پێشینەی سیاسیی هەبوو و لەژێر چاودێری سانسۆری پۆلیسدا بوو+٤٣، بۆیە دەبوایە وێڕای هەموو ئیجرائاتێکی فەرمی دیکە، ڕەزامەندی پێشوەختەی فەرمانداری گشتی سوپاییش بەدەست بێنێ، لە ئۆفیسی فەرماندارا، فەرمانبەری بەرپرس، بە حوکمی ئەوەی خوێنەرێکی هەواداری بەرهەمەکانی فیودورمیخائیلوفیچ دەبێ، و ڕێزی تایبەتی توانا و بەهرەی ئەو دەگرێت، پێی دەڵێت یەکسەر داوایەک بنووسێت و بەڵێنی دەداتێ،

سبەینێ بیدات بە سەرکردایەتی خۆی، هەروەها بەڵێنی دابوویە کە ڕۆژی هەینی پاسپۆرتەکەی تەواو دەبێت.

مەگەر خوا بزانێ ئەم ڕۆژە چەند خۆشحاڵ بووم، ئێستاش تامی ئەو ڕۆژەم لە بیرە و تەنانەت تانە و تەشەرە سەخیفەکانی پاڤڵ ئەلکسندروفیچیش توورەیان نەکردم: دەمزانی ئەو تەشەرانە لە کۆتابیدان، ئەو ڕۆژە هەواڵی سەفەرەکەمان بە کەس نەدا، جگە لە دایکم کە ئێوارەکەی هاتبوو بۆ لامانو خشڵ و زێڕ و زیو و لۆتۆکانی هێنابوو تا سبەینێ بۆ ڕەهنیان بنێرێت.

رۆژی دوایی واتە چوار شەممە ،خەمڵچی کومپانیاکە هات و ئەو بە پارەیەی قەرساند کە دەمانتوانی لە بری ڕەهنی شتەکان وەری بگرین، هەر هەمان ڕۆژ دوای نیوەڕۆ کە چووینە سەر خوانی نانخواردن، کە هەموو خزمەکانیش لەوێ بوون، فیودور میخائیلوفیچ ڕایگەیاند کە ئێمە دوو سبەی سەفەری هەندەران دەکەین، لێرەدا پاڤڵ ئەلکسندروفیچ کە لە داخا لە پێستی خۆی نەدەهێوری هەڵیدایە:

_ بابە بەیارمەتیت با شتێکت پێبڵێم.

فیودور میخائیلوفیچ بە تووڕەیی هاواری کرد:

_ نەخێر هیچم پێ مەڵێ، هەریەکەتان ئەو پارەیە وەردەگرێت کە بۆم دیاری کردووە، یەک قروشی زیادە بۆ کەس نییە.

_ بەڵام ئەمە ماقووڵ نییە! بیرم چوو ئەوەت پێبڵێم کە پاڵتۆ هاوینییەکەم دەمێکە لە مۆد کەوتووە، پێویستیم بە پاڵتۆیەکی تازەیە ئەمە جگە لە خەرجی دیکە.

باڤڵ ئەلکسندروفیچ بەو شێوەیە دەستی بە قسان کرد.

_ یەک قرووشی زیادە وەرناگریت، ئەوەی بۆت دیاریکراوە هەر ئەوەیە، ئێمە بە پارەی ئاناگریگوریڤنا سەفەر دەکەین، پارەی ئەوە، من ناتوانم دەست بۆ یەک قرووشی بەرم.

پاڤڵ ئەلکسندرویچ، داواکانی جارێک و دوان و سیان دووبارە کردەوە، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ گوێی نەدایە.

دوای نانخواردن، میوانەکان یەک یەک چوون بۆ ئۆفیسەکەی مێردەکەم، فیودور میخائیلوفیچ لەوێ سەرو شتێک پارەی بە هەریەکێکیان دا و باقی پسوولەکانی دانا بۆ یەکی مایو، کە قەراربوو دایکم لەو پارەیە بیانداتێ کە لەبری ڕەهنی شتەکان وەرمان گرتبوو.

ویستم قەناعەت بە فیودور میخائیلوفیچ بێنم کە پارەی پاڵتۆیەکی هاوینە بە پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بدات، تا کێشەمان بۆ دروست نەکا، بەڵام ئەم چاکە و پیاوەتییە دڵی پاشای نەرم نەکرد و لە کاتی دوعاخوازیدا پێیگوتم ئۆینە چەپەڵەت ( مەبەستی سەفەرەکەمان بوو بۆ هەندەران) هەروا بە ئاسانی لێ بە سەر ناچێت، لە پایزدا شەڕی ئێمە دەست پێدەکات، " ئیدی بابزانین خوا بە کێی دەدات" ئەوەندە خۆشحاڵ بووم تەنانەت گوێم بەو تانە و تەشەر و هەڕەشانەش نەدەدا، کە لە هەموو لایەکەوە بەسەرما دادەبارین.

بە پەلە خۆمان کۆکردەوە، جا چونکە وامان دانابوو ماوەیەکی کەم لە هەندەران دەمێنینەوە، جگە لە شتی زۆر پێویست هیچی ترمان لەگەڵ خۆدا نەبرد، ڕەهنی شتەکانمان  وباقی شتەکانمان بە دایکم سپارد، تا بۆمانی هەڵگرێت، پاڤڵ ئەلکسندروفیچ خۆی تاودا کە یارمەتی بدات، بەڵام لە جیاتی کارەکەی ئاسان بکات، قورسی کرد، باڤڵ ئەلکسندروفیچ بەشێکی زۆری شتەکانی نێو ژوورەکەی فیودور میخائیلوفیچ و کتێبخانەکەی، گواستەوە بۆ ژوورەکەی خۆی گوایە دەیەوێ بیانخوێنیتەوە و خۆی ڕۆشنبیر بکات.

ئێمە بە نیازی سێ مانگ سەفەری هەندەرانمان کرد، بەڵام دوای چوار ساڵ و چەند مانگێک بۆ ڕووسیا گەڕاینەوە . لەم ماوەیەدا زۆر بویەری خۆش لە ژیانماندا ڕوویدا و تاماوم سوپاسی خوا دەکەم کە جورئەتی قەراری ئەو سەفەرەی پێبەخشیم، لەوێ لە هەمدەران ژیانی تازە وپڕ کامەرانیمان دەستی پێکرد، دۆستایەتی و خۆشەویستیمان پوختە و ڕیشاژۆ بوو، ئەو دۆستایەتی و ڤیان و خۆشەویستییەی تا دوا هەناسەی مێردەکەم بەردەوام بوو.

پەراوێز و ڕوونکردنەوە:

٣٧- لە هەوەڵی سالانی چلەکانەوە، پەیوەندی دۆستایەتی لەنێوان دوستویفسکی و میلیکۆفی نووسەر و مامۆستادا پەیدابوو، ئەم دۆستایەتیە دوای گەڕانەوەی دوستویفسکی لە تاراوگەش هەر بەردەوام بوو ( بڕوانە ئەم نامانەی دوستویفسکی بۆ میلیوکوف، نامەێن بەرواری ١٨٦٠/١١/١٠، ٦/ ١٨٦٦، ١٨٦٦/١١/١٣، نامەکان، بەرگی یەکەم، ل ٢٩٩، ٤٥٦، ٤٤٢، بەڵام پەیوەندی نێوانیان زۆر دۆستانە نەبوو، بەڵگەشمان ئەو وشانەیە کە ئاناگریگوریڤنا بە نموونە هێناونییەو:" بەهۆی ڕەقی شێوازییەوە کەمتر پێکەوە هەڵمان دەکرد،ەمە جگە لە بچوونە نەرێنییەکانی دۆستۆیفسکی بەرانبەری، بەتایبەتی لەو ماویەدا کە لە هەندەران بوو، واتە لە ماوەی سالآنی ١٨٦٧- ١٨٧١، کە لەنامەکانیا بۆ ئیملیافیودورڤنا دوستویڤسکایا و نیکولای ستراخوف و ئاناگریگوریڤنادا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هیچ زانیاری و بەڵگەیەکی دروست لە بەردەستدا نییە کە میلیوکوف خاوەنی ئەو وتارە بێت کە لە " کوڕی نیشتماندا" بڵاوبووتەوە، لە ساڵی ١٨٩٠ دا کتێبێکی ئەلکسندروفیچ میلیوکوف بە ناونیشانی " دیدار و ئاشنایانی ئەدەبی"، یەک فەسڵی تەواوی بۆ ناسیاوی و دۆستایەتی خۆی دەگەڵ فیودورمیخائیلوفیچ دوستویفسکی تەرخان کردووە.

٣٨- لە دوارۆژی ڕۆژووی گەورەدا، نانی نیوەڕۆمان لە ماڵی خزمەکانمان خوارد، لە زانیارییەکی نادروستدا ئاناگریگوریڤنا بەخۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووەکە پاڤڵ ئەلکسندروفیچ ئیسایف، کۆڵەوەسەکەی دوستویفسکی تەنیا چەند هەیڤەک لەو بچووکتر بووە.

٣٩- دولگوموستیڤ، ئیڤان گریگوریف (؟- ١٨٦٧): وەرگێڕ و ڕۆژنامەوان بوو، لە هەردوو گۆڤارەکەی دوستویفسکی، "کات" و "سەردەم" ، کاری دەکرد، یەکێک بوو لە هەوادارانی دووئاتەشەی ڕەوتی "گەڕانەوە بۆ خاک"، بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی ستراخوف، بە هۆی گەنگەشەی توندو تاقەتبەری سالانێکی دوور ودرێژ و بیرکردنەوەی قووڵ سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ خاک، تووشی نەخۆشی زاڵی فیکری بوو، ( بڕوانە ژیننامە، ل ٢٠٥، ٢٠٦ ) سەبارەت بە ستراخوف، بڕوانە بەشی دوازدەیەمی ئەم کتێبە، (فەسڵی دووەم، بەرپەرچدانەوەی ستراخوف)، هەروەها بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە دووسەدو نەوەد و شەش ٢٩٦.

٤٠- پاڤڵ ئەلکسندروفیچ ئیسایف لە ساڵی ١٨٤٥ لەدایک بووە.

٤١- دوستویفسکی لە مانگی ١٨٤٢/٦و  لە هاوینی ١٨٤٦ دا چوو بۆ ڕیڤیل تا میخائیلوفیچ دوستویفسکی برای بدینێ.

٤٢- سەبارەت بە چوونی دوستویفسکی لە هاوینی ساڵی ١٨٦٦ دا بۆ داچا، (خانووی هاوینە)کەی ماڵی ئیڤانوف لە باژێرۆکی لیوبلینا، (نزیکی مۆسکۆ) بڕوانە یادگارییەکانی ن.ن. فون- فوخت، دەروازەیەک بۆ ژیاننامەی دوستویفسکی، گۆڤاری مژدەبەری مێژوویی، ١٩٠١، ژمارە دوزادە، ل ١٠٢٣- ١٠٣٣، ن. ن. فون- فوخت، گەیشتنی دوستویفسکی بۆ لیوبلینا، بە خۆشترین ڕۆژانی نووسەر لە قەلەم دەدات، چونکە دوای ماندووبوونێکی زۆر بە نووسینی ڕۆمانی تاوان و سزاوە، توانی بە گەمە و یاری دەگەڵ گەنجەکانا بایەکی باڵی خۆی بدات و کەمێک بحەسێتەوە،

٤٣- سەبارەت بە چاودێری پۆلیس بەسەر دوستویفسکییەوە، بڕوانە وتارەکەی ی،گ. ئوکسمان بەناونیشانی، "ڕێنماییە نهێنییە تایبەتەکان بە دوستویفسکی"، لە کتێبی داهێنانی دوستویفسکی، ئودیسا، ١٩٢١. ل ٣٦، ٣٨، هەروەها بڕوانە فەسڵی حەوتەمی ئەم کتێبە و ئەو وتارەی کە من پاچڤەم کردووە و لە گۆڤاری  ( ض) دا بڵاوم کردووەتەوە و پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە.

## بەشی چوارەم

## مانەوە لە هەندەران ٤٤+

"١"

### یەکەمین ناتەبایی خێزانداری

(لە دەفتەری ئیختیزالەوە)

" ئەمڕۆ ٤/١٨ بارانێکی نەرم باری، پێدەچێ تا ئێوارێ خۆشی نەکاتەوە. خەڵکی بەرلین پەنجەرەکانیان کردووەتەوە، لەژێر پەنجەرەکەمانەوە دار زەیزەفونێک هەیە، هێستا باران دەبارێ، بەڵام ئێمە لێبڕاین بچینە دەرێ تا شار بدینین، بەرەو (Unterden Linden) ڕۆیشتین، کۆشک، ئەکادیمیای تەلارسازی، جبەخانە، شانۆی ئۆپرامان بینی، کلێسای لودفیکمان بینی، فیدیای ئازیز ئاگاداری کردمەوە کە من جلی زستانەم لەبەرە ( شەبقەیەکی سپی فەرو) و دەستکێشەکانم ناشرینن، لە قسەکەی تووڕەبووم و وەڵامم دایەوە کە ئەگەر پێی وایە جلی ناشرینم لەبەرە، دەتوانین پێکەوە نەگەڕێین، هەرکە لە قسەکەم بوومەوە بەهەشتاو بۆ ئەوبەری ڕێگاکە ڕۆیشتم، فیدیا چەند جارێک بانگی کردم، پاشان ویستی دووم بکەوێ، بەڵام بەخۆیدا چووەوە و گەڕایەوە بۆ سەر ڕێگاکەی هەوەڵ جاری، زۆر تووڕەبووم، وام هەستکرد سەرنجەکەی فیودور میخائیلوفیچ زۆر زبرە، بلەز بە چەند جادەیەکدا پەڕیمەوە،لە ناکاواخۆم لەلای(Branden Burgerthon) بینییەوە. باران هێشتا هەر خۆشی نەکردبووەوە، ئەڵمانەکان بە سەرسامی لێیان دەڕوانیم، کیژێک بەبێ چەتر و بێ ئەوەی گوێ بە هیچ شتێک بدات بە بەر باراندا دەڕوات، بەرە بەرە وەخۆ هاتمەوە و زانیم کە فیودور میخائیلوفیچ، بە هیچ جۆرێ مەبەستی ئەوە نەبوو کە تووڕەم بکات، من لە خۆڕایی وەکو فیشەکە شێتە چووم بە ئاسمانا، ئەم ناتەباییەی نێوان من و فیدیا هەستی هاروژاندم، زۆری نیگەران کردم، ئیدی جۆرەها بیر بە مێشکمدا دەهات، لێبڕام بەهەشتاو، تا زووە بۆ ئوتێلەکە بگەڕێمەوە، پێموابوو فیدیا لەپێش مندا گەڕاوەتەوە و دەتوانم ئاشتی بکەمەوە، بەڵام دوای ئەوەی گەییمەوە ئوتێل و زانیم فیدیا بۆ چەند دەقیقەیەک سەری ئوتێلی داوەتەوە و پاشان دەرچووە، بەقەد دنیا خەفەتم خوارد، خودایە چ هەستێکی ناخۆش لە دڵ و دەروونم گەڕا! وام تەسەور دەکرد بەجێی هێشتووم،

تۆراوە، دوای ئەوەی قەناعەتی تەواوی هێناوە من ئافرەتێکی خراپ و دەمدەمی مجێزم، هەستی بەوپەڕی کلۆڵی کردووە و چووە خۆی فڕێداوەتە ڕووباری ( شبیریە) وە، ئەوسا وام خەیاڵ کرد چووە بۆ سەفارەتی ڕووسیا تا تەڵاقم بدات و پاسپۆرتێکی جیام بۆ دەربکات تا بۆ ڕووسیام بنێرێتەوە.

کاتێ کە دیتم فیدیا یەکێک لە جانتاکانی ( پێدەچوو لەو شوێنە جولابێ کە لێی بوو و بەرەزوانەکەشی کرابووەوە) کردۆتەوە، ئیدی هێندەی دی ئەو خەیاڵەم لەناخا ڕیشاژۆ بوو، وام خەیاڵ کرد کە فیدیا بەڵگەنامەکانمانی دۆزیوەتەوە تا بۆ سەفارەتخانەیان بەرێت، ئیدی ئەم بیرە ناخۆشانە بەڕادەیەک گوشاریان خستە سەرم، بەڕادەیەک ئازاریان دەدام، لە تاوا دەستم کردبە گریان، ئەمما گریان! هەزار و یەک جنێوی سەربەکوڵکەم بە خۆم دەدا کە ئەم هەڵچوونە نابەجێیانەم لەپای چییە، بەڵێنم بە خۆ دا ئەگەر فیودورمیخائیلوفیچ وازم لێبێنێ، بە هیچ جۆرێ بۆ ڕووسیا نەگەڕێمەوە و لە شوێنێکدا، لە گوندێکی دوورە دەستا لە دەرێی وڵات خۆم وەشێرم و تا ماوم بۆ بەختی شوومی خۆم بگریم و بڵێم چ زەرەرێکی گەورەم لە خۆم دا، دوو دانە سەعات بەو حاڵەوە تلامەوە، هەر دەقیقە نا دەقیقەیەک لە جیی خۆم ڕادەپەڕیم، دەچوومە بەرپەنجەرەکە تا بزانم فیدیا هاتەوە یا نا؟ کە خەریک بوو سەبرم دەسوا، لە پەنجەرەکەوە فیودور میخائیلوفیچم بینی بەتاو بە ڕێگاکەدا دەڕۆیی و هەردوو دەستی لە گیرفانەکانی نابوون، زۆر دڵم خۆشبوو، کاتێ وەژوورکەوت، وەکو شێت پەلامارم دا دەستم لە ملی وەرێنا، دەستم بە گریان کرد و فرمێسکی چاوانم وەکو بارانی بوهاری داباری، کە چاوانی بە گریانی دیتم، ترسا، پرسی چی ڕوویداوە، کاتێ باسی دڵەراوکێ و ترسەکانی خۆم بۆ کرد، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

" کەسێ بیەوێ خۆی بخاتە ئاوەوە، خۆی ناخاتە ڕووبارێکی چکۆلەی وەکو شیبریییەوە" خۆ کە باسی خەیاڵی تەڵاقەکەم بۆ کرد، هێندەی دی پێکەنی و گوتی:

" من هێشتا نازانم کە چەندی ژنە ئازیزەکەی خۆشدەوێت" بۆ گێرامەوە کە بۆیە بۆ ئێرە گەڕابووەوە تا هەندێ پارە دەگەڵ خۆیدا بێنێ و پاڵتۆیەکم بۆ بکڕێت، ئیدی هەموو شتێکم بۆ ڕوون بووەوە، ئاشت بووینەوە و زۆر خۆشحاڵ بووم.

دوو ڕۆژ لە بەرلین ماینەو ئەوسا چووین بۆ درزدن، لێبراین دوای ئە کارە زۆرەی کە مێردەکەم لە ئیشە ئەدەبییەکەیدا کردبووی یەک دانە مانگ لەوێ بمێنینەوە، شاری درزدن شارێکی خۆش بوو، فیودورمیخائیلوفیچ ئەم شارەی خۆش دەویست، چونکە مۆزەخانەی هونەرە جوانەکانی تیابوو، باخی گەورە و دڵگیری تیا بوو، بازێڕۆکەکانی دەوروبەری دڵگیر بوون، هەرجارێ بۆ سەفەر هاتبا سەری ئێرەی دەدا، ئەم شارە کۆمەڵێک مۆزەخانە و گەنجینەی زۆری تیابوو، جا چونکە فیودور میخائیلوفیچ دەیزانی حەزم لە گەشت و گەڕان و دیتنی شوێنانە، هەستی دەکرد دڵم بەم شوێنە دەکرێتەوەو غەریبی ڕووسیا ناکەم، هەڵبەتە کە تازە گەیبووینە ئێرە زۆر لەوە دەترسا غەریبی ڕووسیا بکەم، لە (Neumarkt) لە باشترین ئوتێل (Stadt Berlin) دا، دوای ئەوەی خۆمان گۆڕی یەکسەر بۆ مۆزەخانەی هونەرە جوانەکان چووین، مێردەکەم دەیویست بەر لە هەرشتێک گەنجینەکانی شارم پێنیشان بدات، فیودور میخائیلوفیچ دڵنیای کردم، کە ڕێگایەکی کورت شارەزایە ڕێک دەچێتە بەر مۆزەخانەی تسڤینجر، بەڵام زۆری پێنەچوو، ڕێگامان گوم کرد و بەناو کۆمەڵێک کۆڵان و جادەێن تەنگەبەر کەوتین، جا لێرەدا ئەم ڕووداوە خۆشەمان بەسەرهات کە مێردەکەم لە نامەیەکدا بۆ من وەکو نموونەی بیرکردنەوەی ورد و هەندێ ئاڵۆزی ئەڵمانیان هێناویەتییەوە. فیودور میخائیلوفیچ، پرسیار لە بەڕێزێک، کە پێدەچێ ڕۆشنبیر بێت دەکات و دەڵێت* : (* نامەکە هی بەرواری (... ) ئا. گ دوستویفسکایا ٤٥+)

_ بەڕێز بێزەحمەت مۆزەخانەی هونەرە جوانەکان لە کوێیە؟

_ مۆزەخانەی هونەرە جوانەکان؟

_ بەڵێ مۆزەخانەی پاشایی هونەرە جوانەکان.

_ مۆزەخانەی پاشایی هونەرە جوانەکان؟

_ بەڵێ مۆزەخانەی پاشایی هونەرە جوانەکان.

_ نازانم

زۆرمان پێ سەیر بوو کە نەیدەزانی و پرسیارەکانی لێ دووبارە دەکردینەوە، بە هەرحاڵ زوو گەیشتینە مۆزەخانەکە، هەرچەندە یەک سەعاتی مابوو بۆ داخستن، بەڵام بڕیارمان دا بچینە ژوورەوە، مێردەکەم هەموو هۆڵەکانی پەراند و بردمی بۆ لای مادۆنای سیستین، کە بە بالاترین نموونەی بلیمەتی مرۆڤی دەزانی، پاشان تەماشام کرد مێردەکەم دەتوانێ بە سەعاتان لەبەردەم جوانی لە ڕادەبەدەری ئەم تابلۆیەدا بووەستێ و بێزار نەبێت،بە سەعاتان بە دیارییەوە بوەستێ وبە جۆرێ دڵی پڕببێت کە ڕۆندک لە چاوانی قەتیس بمێنێت+٤٦. حەزدەکەم لێرەدا ئەوە بڵێم کە یەکەمجار مادۆناکەی سیستینم بینی، زۆری کار تێکردم: وام هات بە خەیاڵدا کە پاکیزە، منداڵەکەی بە جۆرێ لە باوەش گرتبوو، وەکو ئەوەی لە ئاسمانەوە بۆ پێشوازیمان بێت، جارێکی دیکەش، کاتێ لە یەکی ئۆکتۆبەردا چووم بۆ نوێژی شێوان، هەمان حاڵەتم لێهاتەوە، خۆم بە کلێساکەدا کرد، لە ڕووناکیدا شەپۆلی دەدا ( کلێسای قەشە ڤلادیمیر لە کییف) لەوێدا کارە بلیمەتانەکەی هونەرمەند ( ڤاسنیتسوڤ٤٧+) م بینی، ڕێک هەمان کاریگەری پاکیزەی هەبوو، بزەیەکی پڕ میهر، ڕوخسارە یەزدانییەکەی داپۆشی بوو و دەهاتە پێشوازیم، تا لە ناخی ناخەوە ویژدانم بهەژێنێ.

هەر ئەو ڕۆژە لە (Johannis-strobe) شوقەیەکمان بە کرێ گرت، لە سێ ژوور پێکهاتبوو: میوان، ئۆفیس، نووستن، ئەمە هی خانمێکی فەڕەنسی بوو کە لە مێژبوو بێوەژن کەوتبوو، ڕۆژی دوایی چووین لە جیاتی ئەو پاڵتۆ پترسبورگییەی لەبەرم بوو، پاڵتۆیەکی بارانی بۆ من بکڕین، مێردەکەم ناچاری کردم چەند شەبقە تاقی بکەمەوە، ڕەنگە دەدانەم تاقی کردبێتەوە تا ئەنجام لە سەر یەکێکیان گیرسایەوە. کە ئەو گوتەنی " زۆرم لێ جوان بوو" تا ئێستاش ئەو شەبقەیەم لە بیرە: لە حەسیری ئیتاڵی دروستکرابوو، بە گوڵ و نەواری درێژی مەخمەلی ڕەش کە بەسەر شانما دەهاتە خوارێ رازابووەوە، بە گوێرەی مۆدە پێی دەگوترا (suives-moi) دوای ئەوە دوو سێ ڕۆژ بە بازاڕدا سووڕاینەوە، تا جلی هاوینە بۆ من بکڕین، سەرم لەوە سوڕما بوو، چۆن فیودورمیخائیلوفیچ لە تاقیکردنەوە و هەڵبژاردنی ئەو شتانە بێزار نەدەبوو کە دەمانویست بیکڕین، ئیدی سەیری ڕەنگ و جۆری جلەکانی دەکرد، هەر هەموو ئەو شتانەی بۆی هەڵدەبژاردم هەم زۆر چاک بوون، هەم زۆر سادە و جوان بوون، ئیدی لەوە بەدواوە متمانەم بە زەوقی پەیدا کرد.

هەرکە جێگر بووین و گیرساینەوە، ئیدی شنەی کامەرانی بە سەرماندا هەڵیکرد: کێشەی داراییمان نەبوو، ( ئەم کێشەیە لەگەڵ هاتنی وەرزی پایزدا دەستی پێکرد) کەس نەبوو، من و مێردەکەم لێکدی دووربخاتەوە، ئیدی دنیام بۆ تەخت بوو بوو، کە بە کەیفی دڵی خۆم لەزەت لە هاوڕێیەتی ببینم، یادگارییەکانم دەربارەی ئەم ماوەیە، هەرچەندە دە ساڵی بەسەردا ڕۆیوە، هێشتا لە دڵمدا، لە ناخمدا هەر زندووە.

فیودورمیخائیلوفیچ لە هەموو شتێکدا حەزی لە نیزام بوو، تەنانەت لە دابەشکردنی کاتەکەشیدا هەر کەسێکی بە بەرنامە و نیزام بوو، ئیدی زوو بە زوو ژیانمان قاڵبی خۆی وەرگرت، دەمانتوانی بەکەیفی دڵی خۆمان کاتەکەمان بەکار بێنین، بێئەوەی کەسمان لە وەختی کەسمان بگرین. مێردەکەم چونکە شەوان کاری دەکرد، بەیانیان درەنگ سەعات یازدە لەخەو رادەبوو، نانی بەیانیم لەگەڵدا دەخوارد و یەکسەر دەچووم بۆ تەماشای (sammlung) ێک، لەم حاڵەتەدا چونکە جۆرە کونجکاوی و فزولێکی گەنجانەم هەبوو، هەستم بە ئاسوودەیی و خۆشی دەکرد، لەبیرمە هیچ ئەلبومێکم لەم ئەلبوومە زۆرانە نەبوارد، ئیدی ئەلبوومی کانزایی، جیولوجی، ڕووەکی نەدەما نەیبینم، لەگەڵ سەعات دووی پاش نیوەڕۆدا دەبوایە لە هۆڵی تابلۆکان بم (لە هەمان مۆزەخانەی تسڤیجردا بوو لەلای کۆمەڵەی زانستییەکانەوە) دەمزانی لەم کاتەدا مێردەکەم دەگاتە مۆزەخانەکە ئیدی بە دووقۆڵی دەکەوتینە تەماشاکردنی ئەو تابلۆیانەی کە حەزی لێدەکردن.

فیودور میخائیلوفیچ کارەکانی روفایلی بە لوتکەی هونەری وێنەگری دەزانی، مادونای سیستینی بە لوتکەی کارەکانی ئەو دەزانی، ڕێزی تایبەتی بۆ بەهرەی تیتسیان هەبوو، بەتایبەتی تابلۆ بەناوبانگەکەی ( مەسیح و پارچە دراو) ماوەیەکی زۆر بەبێ ئەوەی چاوبتروکێنێ بەدیار ئەم تابلۆ هەرە جوانەی موخەڵیسەوە+٤٨ دەوەستا، هەندێک لەو کارە هونەریانەی دیکە کە فیودور میخائیلوفیچ زۆری بەدڵ بوو و لەزەتی لێدەبینی و سووربوو لە سەر ئەوەی لە هەموو سەردانێکیا بیاندینێ، تابلۆی ( پاکیزە و منداڵ) ی موریلو بوو، هەروەها ( (شەوە پیرۆزەکە) ی کۆریدچۆ،(مەسیح) ی ئەنیبالی کاراچی، (ماجدولینای تۆبەکار) ی باتونی، ( نێچیر)ی رویسدال، ( دیمەنێکی سروشتی- بەیانی و ئێوارە) ی کلود لوران بوو، مێردەکەم ناوی ( سەردەمی زێڕینی) لە، کارانە نابوو و لە ( یاداشتی

نووسەر) دا، لەسەری نووسیون ٤٩+، هەروەها ( رامبرانت و ژنەکەی) ی رامبرانت ڤان راین ( شا کارلی یەکەم- شای ئینگلتەرا) ی ئانتون ڤان دیک، لەو کارانەشدا کە بە بۆیە و باستیل کێشرا بوون (کچەی چکلێتی) ی چان لیوتاری زۆر بەدڵ بوو.

لە سەعات سێی دوای نیوەڕۆدا، هۆڵی وێنە هونەرییەکان داخرا، پاشان بۆ نانخواردن بۆ نزیکترین خواردنگە چووین کە ناوی (گوندی ئیتاڵی) بوو، خوارنگەکە بریتی بوو لە هۆڵێکی سەرگیراو کە راستەوخۆ لەسەر ڕووبار بوو، خوارنگەکە کە کۆمەڵێک پەنجەرەی گەورەی هەبوو، کە لە دوو لاوە دەیانڕوانییە ڕووباری ئیبا، کە دنیا ساماڵ بوایە زۆر خۆش بوو بەدەم نانخواردنەوە بڕوانیتە ڕووبارەکە، خواردنی ئێرە باش و تا ڕادەیەک هەرزان بوو، فیودورمیخائیلوفیچ هەموو ڕۆژێک داوای قاپێک (مارماسی شینی) دەکرد، زۆری حەز لێدەکرد، دەیزانی ئەم خوارنگەیە دوای ڕاوکردنی مارماسییەکە، یەکسەر ئەم خواردنە دەدەن بە میوان، مێردەکەم حەزی لە شەرابی راین دەکرد، زۆریش هەرزان بوو، خوارنگەکە جۆرەها ڕۆژنامەشی لێبوو، بۆخۆی ڕۆژنامە فەرەنسییەکانی دەخوێندەوە.

دوای ئەوەی لە ئوتێل ئیسراحەتمان کرد، چووین بۆباخی گەورە، فیودور میخائیلوفیچ ئەم باخەی زۆر بەدڵ بوو بەتایبەتی بەو سەوزەزارە ئینگلیزی تیرازەیەوە، بەو هەموو ڕوەک و گوڵ و گوڵزارە نایابەیەوە، مەودای نێوان ئوتێلەکە و باخەکە بە چوون و هاتنەوە، هەر شەش حەوت کیلۆمەتر دەبوو، مێردەکەم حەزی بە پیادەڕۆیی بوو، زۆری ئەم پیاسەیە پێ باش بوو، تەنانەت بە بارانیش حەزی لێدەکرد و دەیگوت ئەم پیاسەیە دڵ دەکاتەوە. کاریگەری دەروونی باشی هەیە.

لەو سەردەمەدا، لەم باخەدا خوارنگەیەک هەبوو بە ناوی ( Zum grossen wirtschaft) مۆزیقای تیا لێدەدرا، هەندێجار لەلایەن تیپێکی سوپایی و هەندێجاری دی تیپێکی مۆزیکی ئامیر هەمەجۆرەوە، هەندێجار بەرنامەکانیان خۆش نەبوو، مێردەکەم کە ئەوسا شارەزاییەکی ئەوتۆی لە مۆزیقا نەبوو، حەزی لە کارەکانی مۆزارت و بتهۆڤن و روسینی دەکرد و کە گوێی لە شتە دڵخوازەکانی خۆی دەگرت زۆر دڵی خۆش دەبوو، فیودور میخائیلوفیچ حەزی لە ڕیچارد ڤاگنەر+٥٠ نەدەکرد.

مێردەکەم زۆرجار بەم گەشت و گەرانانە، ماندوێتی خۆی لە واری ئەدەب و شتەکانی دیدا دەردەکرد، هەمیشە لەم گەشتانەدا باری دەروونی باش دەبوو، دڵی خۆش دەبوو، پێدەکەنی، نوکتەی دەگوت.

لە بیرمە بەرنامەی جارێکیان بەرنامەی ئاهەنگی کۆکتێلێکی هەمە جۆری ئۆپرای (شاعیر و ژنە جوتیاری) فرانتس فون زوپی*(*زوپی-فرانتس ١٨٢٠-١٨٩٥:دانەرێکی موزیکی نەمساوی بوو) تیابوو، فیودورمیخائیلوفیچ، ئەم کۆکتێلەی بەهۆی بویەرێکەوە کە لەخۆمان ڕوویدا، خۆشویست: لە پیاسەیەکی (Grossen Garten) ماندا جیاوازی بیروبۆچونمان کەوتە نێوانەوە، من زۆر بە توندی وزبری ڕای خۆم دەربڕی، فیودور میخائیلوفیچ بێدەنگ بوو، ماوەیەک بە بێدەنگی ڕێمان کرد تا گەیینە خوارنگەکە، پەست بووم، لە دڵی خۆدا دەمگوت باشە بۆ سەرودڵی مێردەکەم گرت و مجێزیم تێکدا، جا بۆ ئەوەی مجێزی بێنمەوە تایم، کە کەوتنە ئەدای ئاوازە تێکەڵاوەکەی ئوپرای زوپی، پێمگوت ئەم ئوپرایە بەتایبەتی بۆ ئێمە نووسراوە، ئەو (Dichter) ە و من (Bauer) ئیدی بەرە بەرە دەستم بە وتنەوەی دەورەکەی (Bauer) کرد، فیودور میخائیلوفیچ ئەدایەکەمی زۆر بە دڵ بوو و ئەویش لەلای خۆیەوە کەوتە ئەداکردنی دەورەکەی (Dichter) بەو جۆرە زوپی ئاشتی کردینەوە، ئیدی لەوە بەدواوە کردمان بە عادەت دەگەڵ ئەو موسیقایەدا بە دەنگی نزم دەوری ئەو دوانە بدینین: مێردەکەم دەوری (Dichter) ی دەبینی و من دەوری (Bauer) کەس گوێی لە گۆرانییەکەمان نەدەبوو، چونکە هەمیشە لەژێر " دار بەڕوویەکی" تایبەت بە خۆمان دادەنیشتین و گۆرانییەکەمان دەگوتەوە، ئیدی بە خۆشی و پێکەنین کاتمان بەسەر دەبرد، مێردەکەم هەموو جار بۆی دووپات دەکردمەوە کە بە حوکمی ئەوەی دەگەڵ مندایە، چەندین ساڵ گەنج بووەتەوە، بەقەد جیاوازی تەمەنی نێوانمان گەنج بووەتەوە، ئیدی زۆر پێشهاتی خۆشی دیکەشمان هاتنە پێشێ.

جارێکیان لە ژێر داربەڕووەکەی لەمەڕ خۆمان دانیشتبووین، لەنکاوا چڵێکی چکۆلەی، کە قالۆنچەیەکی بەسەرەوە بوو، لێ بەر بووەوە و کەوتە ناو پەرداخە بیرەکەی فیودور میخائیلوفیچەوە، دڵی لێی تێکهەڵات، نەیتوانی بیخواتەوە، زۆر زوو دڵی تێکهەڵدەهات، دایە بۆیەکە و پێیگوت پەرداخێ بیرەی دیکەی بۆ بێنێ، بۆیەکە ڕۆیی، بەڵام مێردەکەم ژێوان بووەوە لەوەی کە پێی نەگوتبوو پەرداخێکی تازەی بۆ بێنێ، کێ دەڵێ ئێستا بۆیەکە هەر قالۆنچەکە دەرنایەنێت و هەمان پەرداخی بۆ نایەنێتەوە، کە بۆیەکە هاتەوە فیودور میخائیلوفیچ لێی پرسی:

" ئەوەی ناو پەرداخەکەت ڕشت؟" بۆیەکە بە ڕەزامەندییەوە گوتی: " چۆنی دەڕێژم خواردمەوە!" پێدەچوو زۆر بەوە ئاسوودە بووبێ کە پەرداخێ بیرەی زیادەی خواردبووەوە.

ئەو ڕۆژانە پیاسانە، ئێوارانی خۆشی سەردەمی دەزگیرانداریمانی بیر دێنایەوە، بەڕاستی پیاسەی خۆش و دڵنەواز و دڵگیر بوون، سەعات نۆونیو گەڕاینەوە، چایەکمان خواردەوە و دانیشتین: فیودرمیخائیلوفیچ دەستی بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی گیرتیسن۱٥+ کرد کە کڕیبوونی، من کەوتمە تۆمارکردنی یاداشتە ڕۆژانەکانی خۆم، نزیکەی ساڵ و نیوێک دوو ساڵ لە سەر تۆمارکردن و نووسینی ئەم ڕۆژانە یاداشتانە بەردەوام بووم، یانی بە درێژایی ساڵ و نیوێک- دوو ساڵی هەوەڵی زەماوەندەکەمان بە شێوەی ئیختیزال لە سەر نووسینی ئەم ڕۆژانە یاداشتانە بەردەوام بووم، مەگەر نەخۆشبام، دەنا ڕۆژبوێریم نەدەکرد.

لەبەر زۆر هۆ بیرم لە نووسینەوەی ڕۆژانە یاداشتەکانم کردەوە: دەترسام لەبەر مەشغەڵەتی زۆر لەبیرم بچنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە مومارەسەکردنی ڕۆژانەی ئیختیزال، تاقە زامن بوو کە ئەم هونەرەم لەبیر نەچێتەوە و دەستم بەتەواوەتی پێی ڕابێت، بەڵام لە ڕاستیدا هۆی سەرەکی ئەم کارە شتێکی دیکە بوو: ئیدی مێردەکەم کەسێکی زۆر تایبەتی و مایەی سەرنج و گۆنگ و ئاڵۆز بوو، ئیدی وام هەست کرد بۆ ئەوەی باشتری بناسم و پەی بە ڕازەکانی بەرم، وا چاکە بیر و باری سەرنجەکانی تۆمار بکەم، هەروەها لە هەندەران هەستم بە تەنیاییەکی فرە دەکرد، کەسێک نەبوو بۆچوونەکانی خۆمی بۆ دەربڕم و هەندێجار گومان و ترسم لێدەنیشت، هیچ دۆستێکی ئەمینتر لە ڕۆژانە یاداشتەکانم شک نەدەبرد گرێی دڵمی بۆ بکەمەوە و بیروبۆچوون، هێڤی و ترسەکانمی بۆ هەڵڕێژم،ئەم ڕۆژانە یاداشتانەم بووە مایەی سەرنجی مێردەکەم، زۆر جار پێی دەگوتم:

" ئامادەم گرانترین شت بدەم ئانیچکا گیان بەس بزانم ئەم داوە جاڵجاڵۆکانەی تۆ چ دەگەیەنن: کێ دەڵێ جنێوم پێ نادەیت؟"

_ شتەکە وەستاوەتەوە سەر خۆت: یا ستایشە، یا زەمە، ئاوام وەڵام دەدایەوە، چی بچێنی ئەوە دەدوریتەوە، بە هەرحاڵ چۆن دڵم دێت زەمت بکەم؟ جا کەسێکی دڵ و دەروون پاکی وەک تۆ زەم هەڵدەگرێت؟ بەو پرسیارە گاڵتەئامێزە کۆتاییم بە قسەکەم دێنا، هەنگێ تکای لێدەکردم کە گلەیی لێنەکەم.

یەکێک لە هۆیەکانی ناکۆکی فکریمان ( دۆزی ژن بوو) جا چونکە کچی شەستەکان بووم، یەکێک بووم لەوانەی بەرگری و داکۆکیم لە ماف و خۆیبوونی ژنان دەکرد و لە مێردەکە تووڕە دەبووم کە هەڵوێستی بێ ئینسافانەی بەرانبەر دەنواندن، ئەو هەڵوێستانەیم بە سووکایەتی بۆ خۆم دەزانی، هەندێجار ئەوەم بە ئاشکرا بە مێردەکەم دەگوت، بیرمە جارێک کە بینی تووڕەم لێی پرسیم:

_ ئانیچکا چیتە؟ خۆ من هیچ سووکایەتییەکم بە تۆ نەکردووە؟

_ با کردووتە، تۆزێ لەمەوپێش کە باسی ژنانی نەهیلستمان دەکرد، تۆ زۆر خراپ جنێوت دانێ.

_ دروستە، بەڵام خۆ تۆ نەهلیست نیت، ئیدی بۆ تووڕە دەبیت؟

_ بەراستی نەهلیست نیم، بەڵام ژنم، پێم ناخۆشە تۆ جنێو بە ژن بدەیت.

مێردەکەم گوتی: _ ئەدی تۆ چتۆ ژنێکی؟

بە تووڕەیی گوتم:_ چۆن چتۆ ژنێکم؟

_ تۆ ئانیچکای جوان و سەنگینی، هاوتات نییە لە دنیادا، لە هیچ ئافرەتێک ناچیت!

جا چونکە هێشتا لە تەمەنی گەنجیدا بووم، هەندێجار مەدح و ستایشەکانیم ڕەفز دەکرد و چونکە بەو ئافرەتەی نەدەزانیم کە خۆم لەو سەروبەندەداسەبارەت بە خۆم تەسەورم دەکرد، تووڕە دەبووم.

هەڵبەتە فیودورمیخائیلوفیچ، ژنانی نەهیلستی ئەو سەروبەندەی خۆش نەدەویستن، ڕقی لەوە بوو کە هەر دیمەنێکی مێیاتیان ڕەفزدەکرد، بەخۆڕانەدەگەین، پیس و پۆخڵ بوون و هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان زبر بوو، ئەوەی لە منا بەدڵی بوو، ئەو سیفەتانە بوو کە دەقا و دەق پێچەوانەی سیفەتەکانی ئەوان بوو، بەڵام لە حەفتایەکاندا هەڵوێستی فیودورمیخائیلوفیچ لەمبارەیەوە گۆڕا، بەتایبەتی کە بینی ژنانی زیرەک و ڕۆشنبیری ئەوتۆیان تیا هەڵکەوت کە بەجدی دەیانڕوانییە ژیان، هەنگێ مێردەکەم لە " یاداشتی نووسەر" دا نووسی، چاوەڕوانی

شتی زۆر لە ژنی ڕووسی* دەکات (* "یاداشتی نووسەر"، گۆڤاری هاووڵاتی ١٨٧٣، ژمارە سی و پێنج، ئا.گ. دەستویڤسکایا +٥٢)

## ساڵی ١٨٦٧ ، گەنگەشە بەردەوام دەبێ

ئەوەی لە مێردەکەمی پەست دەکردم، ئەوە بوو کاتێ مناقەشەی لەگەڵ دەکردم، دەیگوت ژنانی نەسلی من، خەڵکانێکی بێ ئیرادەن، بێ هیمەتن، کار بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ناکەن، تەنیا کەف و کوڵن و زوو دادەمرکێنەوە، بۆ نموونە جارێکیان پێی گوتم:

تۆ تەماشا ئەم کارە سادەیە، چی هەڵدەبژێری هەڵبژێرە؟ با باسی کۆکردنەوەی پول بکەین ( بەرێکەوت بەبەر جامخانەی دووکانێکدا دەڕۆیشتین، کۆمەڵێک پولی زۆری لە شوێنیکی دیار وبەرچاودا دانابوو) پیاو ئەگەر ئەم کارە بکات بە هیوایەت و حەز، پولان کۆدەکاتەوە و دەیانپارێزێ، خۆ ئەگەر کاتی تەواوی بۆ ئەم کارە نەبێ، یان لەو کارە ساردبێتەوە ناچێ پولەکان فڕێ بدات، بەڵکو بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵیان دەگرێت، لەوەیە بۆ هەتا هەتایە، بەو ئیحتوبارەی هیوایەت و حەز و بیرەوەری گەنجی خۆیەتی، بیانپارێزێت. بەڵام ژن! لە هەوەڵەوە بەتاسەوە دەکەوێتە کۆکردنەوەی پولان، ئەلبومێکی زۆر نایاب دەکڕێت، هەرچی خزم و دۆست و ناسیاوی هەیە بە داوای پول بێزار و وەڕزدەکات، پارەیەکی زۆر لەو کارەدا خەرج دەکات، کەچی لەپڕا ئەم حەز و ئارەزووە دادەمرکێتەوە، ئەلبوومە نایابەکە دەدڕێ و پەڕەکانی بەسەر ئەم ڕەفە و ئەو ڕەفەوە، پەرت دەبن و لەکۆتاییدا وەکو شتێکی بێ کەڵک فڕێ دەدرێت، لە ئیشەکانی دیکەشدا، چ ئیشی هیچ و چ ئیشی جدی، هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، بە کورتی ژنان بێ هیمەتن، لە سەرەتاوە زۆر بە جدی ڕوو دەکەنە کارێک و پاشان زو سارد دەبنەوە و تاقەتیان لێی دەچێت و سوور نابن لەسەر ئەوەی بگەنە ئەو ئامانجەی دەیانەوێ.

نازانم بۆچی ئەم گەنگەشەیە پەستی کردم، بە مێردەکەم گوت کە من بۆی دەسەلمێنم کە ژن دەتوانێ ساڵانێکی زۆر لەسەر هەرشتێک کە حەزی لێبکات بەردەوام بێت، پێمگوت: " من دەبینی کە حاڵی حازر هیچ ئیشێکم نییە ، لە

ئێستاوە دەست بە هیوایەتێکی هیچ دەکەم، هەمان ئەو هیوایەتەی کە تۆ ئێستا باستکرد، لەمڕۆوە دەست بە کۆکردنەوەی پولان دەکەم"

یەکسەر قسەکەم کرد بە کردار، فیودورمیخائیلوفیچم برد بۆ یەکەمین پەڕاوگە فرۆشییەک کە هاتە ڕێمان (بە پارەی تایبەتی خۆم) ئەلبومێکی هەرزانم کڕی تا پولەکانی پێوە بنەم، کە چووینەوە یەکسەر پولی ئەو نامانەم پێوەنا کە لە ڕووسیاوە بۆمان هاتبوون، بەمە یەکەمین خشتی بناغەی کارەکەم دانا.

کاتێ خاوەن شوقەکە بەم نیازەی منی زانی، کەوتە گەڕان بەدوای ئەو نامە کۆنانەدا کە لای مابوون، کۆمەڵێک نامەی دامێ کە ئەدرەسی خاوەنەکانیان پێوە نەمابوو، هەروەها چەند پولێکی مەملەکەتی سەکسونیاشی دامێ، بەو جۆرە کەوتمە کۆکردنەوەی پولان، ئەم هیوایەتە نزیکەی چل و نۆ ساڵ لەگەڵما هات و بەردەوام بوو، هەڵبەتە هەرگیز هەوڵم نەدەدا جیایان بکەمەوە و لە خانەی تایبەتیدا پۆلێنیان بکەم، تەنیا کۆم دەکردنەوە و خوا بەختەکی دام دەنان، حاڵی حازر* (..... ) (* پەڕەگرافێک لە دەستنووسەکەدا سراوەتەوە) هەیە، ژمارەیەکیان لە پولە دەگمەنەکانن، جا لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە تاقە یەک دانەشیانم نەکڕیوە، یا هی سەر ئەو نامانەن کە بۆم هاتوون، یا بە دیاری داویانمێ، خەڵکە نزیکەکانم بەم حاڵەی منیان دەزانی، بۆ نموونە کیژەکەم، نامەی بۆ دەناردم، کە پولی جیاوازیان لە ڕووی نرخەوە لە سەر بوو، ناو بە ناو خۆم لەبەرچاوی مێردەکەم، بە زۆری پولەکانمەوە دەنواند، هەندێجار پێم پێدەکەنی و گاڵتەی بە عەقڵم دەهات.

لەو دوو سێ هەفتەیەدا کە لە درزدن بووین، بویەرێک ڕوویدا کە یەکێک لە خەسڵەتە خراپەکانی مێردەکەمی بیرخستمەوە، ئەویش ئەو دڵپیسی و خانەگومانییە بوو کە لە ختوخۆراییی دەیگرت، بویەرەکە ئەوە بوو کە مامۆستا ئولخین، مامۆستای ئیخیزال کە زانی ئێمە بەتەماین ماوەیەک لە درزدن بمێنینەوە، نامەیەکی بە مندا نارد کە بیگەیەنمە پروفیسۆر زاریبگی جێگری سەرۆکی ئەڵقەی سەر بە قوتابخانەی ئیختیزالی هابلسبورگ، کە پەیڕەوی هەمان سیستەمی ئیختیزالی دەکرد کە من خویندبووم+٥٣، ئولخین دڵنیای کردم کە زایبگ، پیاوێکی زۆر باشە و دەتوانین متمانەی پێبکەین، کە بۆ مۆزەخانان و شوێنانی دیکەمان بەرێت، کە گەیشتینە جێ یەکسەر بۆ لای زایبگ نەچووم، دوای

ماوەیەکی زۆر سەیرم کرد ماقووڵ نییە نامەکەی پێنەگەیەنم، ئەنجام بڕیارمدا کە بچم بۆلای، زاییگ لە ماڵ نەبوو، نامەکەم بۆی بەجێهێشت، بۆ ڕۆژی دوایی کارتەکەی خۆی نارد، چونکە هەردووکمان لە ماڵەوە بووین، پێشنیازی کردبوو کە لە کۆڕی ئایندەی ئەڵقەکەیاندا ئامادەبین.

ڕازی بووین، دوایی مێردەکەم بڕیاری دا کە هەر خۆم، بە تەنیا لەگەڵ زاییگ دا بڕۆم، چونکە پێی وابوو، ئامادەبوونی ئەو لە کۆڕێکی وا تایبەتیدا، بۆ ئەو ناخۆشە، مەسەلەکە بەم جۆرە ڕۆیی، ئەڵقەی ئیختیزالچییەکان لە ئوتێلی*... " لە دەستنووسەکەدا چاپتەرێک سڕاوەتەوە" لە (Wildrufer strabe) کۆڕەکانی دەگرت، کۆڕەکە دەستی پێکرد، یەکیک لە مامۆستا کۆنەکان کەوتە خوێندنەوەی راپۆرتێک هەرچەندە زاییگ بانگی کردم لەلای ئەوەوە دانیشم، بەڵام وام بەباش زانی لە دوور دانیشم، نیو سەعاتێک بووری بەڕاستی نیوسەعاتی زۆر ناخۆش و تاقەتبەر بوو، کە کاتی پشوو هات مامۆستا بردمی بۆ لای سەرۆک و بە هەموانی گوت کە من لە ڕووسیاوە هاتووم و نامەی کەسێکی پسپۆڕی ئیختیزالی ئەوێندەری هێناوە، کۆڕگێڕەکە کە ئافرەت بوو، خێرهاتنی کردم، لە سەرەتاوە بە ڕادەیەک پەشۆکام کە بیرم چوو وەڵامی سڵاوەکەی بدەمەوە، تەنیا سەرێکم بۆ دانەواند و هیچی دی، خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان تەواو بوو، ئیدی هەموو ئەندامانی ئەڵقەکە لە دەوری مێزێکی درێژ دانیشتن، دەستیان بە بیرەخواردنەوە و قسان کرد، ئیدی هەموو ئەندامەکان یەک یەک هاتن تا بمناسن و خۆیانم پێ بناسێنن، وەخۆ هاتمەوە، ئیدی کەوتمە قسان ، بە ئەڵمانی و هەندێ بە حەماسەوە قسانم دەکرد، هەڵبەتە ئەڵمانییەکەشم زۆر باش نەبوو، هەر زوو بە قسەکانم سەرنجی گەورە و بچووکی ئەندامانی ئەڵقەکەم بەلای خۆمدا ڕاکێشا ( کە مێردەکەم پاشان گلەیی ئەمەی لێکردم) هەرهەموویان پێکەکانیان بەسەلامەتی من بەرز کردەوە، میوە وکولیچە و هەویرەمەنیان پێشکەش کردم، سەعات نۆ زاییگ پێشنیازی کرد کە بمگەیەنێتە ماڵەوە، توانیم بە ئەڵمانی وتەیەکی کورت پێشکەش بکەم، سوپاسی هەموویانم کرد بۆ ئەو میوانداری و پێشوازییە باش و گەرم و گوڕەی و خولکم کردن کێ ئارەزووی سەفەری پتروسبورگی هەیە، من لە خزمەتیدام،دڵنیام کردنەوە کە پەیڕەوانی قوتابخانەی هابلسبورگ، لەلایەن ڕووسەکانەوە بە هەمان گەرم و گوڕی پێشوازی دەکرێن، بە کورتییەکەی من زۆر دڵم بەو سەرکەوتنەی خۆم خۆشبوو، بە

تایبەتی کە ڕۆژی دواتر لە ڕۆژنامەی ( هەواڵەکانی درزدن) دا هەواڵێکم بەم نێوەڕۆکە * ..... خوێندەوە+٥٤ (* ئەم چاپتەرە لە دەستنووسەکەدا دیار نییە)

بەڵام فیودورمیخائیلوفیچ بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ ئەم سەرکەوتنەی مندا کرد، کاتێ بە دوور و درێژی باسی چۆنیەتی ئاهەنگی پێشوازییەکەم بۆ گێڕایەوە، بینیم سەروسیمای مێردەکەم گۆڕا، نارەزایی پێوە دیار بوو، ئەو شەوە زۆر خەمبار بوو، دوای دوو سێ ڕۆژان لە یەکێک لە پیاسەکانماندا تووشی یەکێک لە ئەندامانی ئەڵقەکە بووین، کوڕێکی دەموچاو پەمەیی، گۆشتنی بەراز ئاسا بوو، سڵاوی لێکردین و کڕنوشی بۆ هێناین، پاشان فیودور میخائیلوفیچ بەزمێکی پێ گێڕام ئەوسەری دیار نەبێت، دنیای لێکردم بە چەرمی چۆلەکە، ئیدی لەوە بەدواوە ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە جڤاکیانەم لەبەرچاو کەوت کە بەڕێز زاییگ من و مێردەکەمی بۆ دەعوەت دەکرد، ئەم خەسڵەتە دزێو و نابەجێ و نەنگینەی کە جارێکی دی لە تەبعی مێردەکەمدا سەری هەڵدایەوە، وای لێکردم وریاتربم و خۆم لەو جۆرە ئاریشانە دوور بگرم و بپارێزم.

ئەو ماوەیەی لە درزدن بووین، شتێکمان بەرگوێ کەوت تا رادەیەکی زۆر هەردووکمانی نیگەران کرد، یەکێک بەگوێی مێردەکەمیا دابوو، کە بانگەشە و دەنگۆیەک لە شارا بڵاوە گوایە تزاری ئێمە، کە ئەوکات لە سەردانی پاریس دەبێت، تەقەی لێکراوە ( هەوڵەکەی بیریزوفسکی*) (* ئانتون بیریزوفسکی ١٨٤٧-١٨٦٩: شۆڕشگێڕێکی پۆلاندی بوو، لە راپەڕین و سەرهەڵدانی ساڵی ١٨٦٣ ی پۆلاندادا بەشداری کردبوو) و ئەم کارە تیرۆریستییە ئامانجی خۆی پێکاوە+٥٥، مەگەر هەر خوا بزانێ مێردەکەم چەند نیگەران و پەرێشان بووا! مێردەکەم تزار ئەلکسندری دووەمی زۆر خۆشدەویست، چونکە ئازادی بە جوتیاران بەخشی بوو و پاشان ڕیفۆرمێکی زۆری ئەنجام دابوو+٥٦. فیودورمیخائیلوفیچ لەلایەکی ترەوە خۆی بە قەرزارباری تزار دەزانی: بە بۆنەی تاجگوزاری ئەلکساندی دووەمەوە، پایە و لەقەمی خانەدانی و نەجابەتی بە میرات بۆ مێردەکەم، کە زۆری شانازی پێوە دەکرد، گەڕێنرایەوە، هەروەها ڕێگە درا لە سیبریاوە بۆ پترسبورگ بگەڕێتەوە+٥٧، ئیدی ئەمە دەرفەتی بۆ ڕەخساند، کە سەرلە نوێ بگەڕێتەوە سەر کاری ئەدەب، کە کاری هەرە دڵخوازی ئەو بوو.

بڕیارمان دا یەکسەر بۆ کونسوڵخانەی خۆمان بڕۆین، ڕەنگ بە ڕووی فیودور میخائیلوفیچەوە نەمابوو، یەجگار پەشێو و پەرێشان بوو، زۆر بەهەشتاو ڕێی دەکرد، بەڵام من لە ترسان ڕوحم پێ نەبوو، دەترسام فێیەکەی لێ بێت (کە هەمان شەو فێی لێهات) کە گەیینە کونسوڵخانەکە ودڵنیایان کردین کە هەوڵە تیرۆریستییەکە سەری نەگرتووە، مەگەر خوا بزانێ چەند دڵمان خۆشبوو، ئەوسا ئیدی بلەز چووین تا ناوی خۆمان لە لیستی ناوی ئەو کەسانەدا قەید بکەین کە هاتبوون بۆ کونسوڵخانەکە تا ناڕەزایی خۆیان لە هەنبەر ئەو تاوانە دزێوەدا دەرببڕن، مێردەکەم بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هەر خەمین بوو. ئەو هەوڵە تیرۆریستییە تازەیەی یەکسەر لە دوای هەوڵی یەکەمەوە هات و کاراکوزوف* ( *دمیتری، فلادیمیروفیچ کاراکوزوف ١٨٤٠- ١٨٦٦: شۆڕشگێڕیکی ڕادیکاڵی بوو، لە ساڵی ١٨٦٦ دا هەوڵێکی تیرۆرکردنی تزار ئەلکسندری دووەمی دا.) ئەنجامی دا، ئەوەی لای مێردەکەم ساکردەوە کە ئەم تۆڕ و داوی پیلانی سیاسییە، یەجگار بەرینە و ژیانی تزار کە زۆری ڕێز لێدەگرت، لە هەموو لایەکەوە گەفی لەسەرە.

نزیکەی سێ هەفتەیەک بوو لە درزدن بووین، مێردەکەم ڕۆژێک هەر لەخۆوە و بە شێوەیەکی ڕەوتەنی باسی ڕۆلێتی کرد، (هەندێجار باسی کاری هاوبەشی خۆمان لەسەر نووسینی ڕۆمانی قومارچی دەکرد) و گوتی ئەگەر ئێستا بەتەنیا لە درزدن بوایە بێگومان دەچوو بۆ یاری. مێردەکەم دوو سێ جاری دی باسی ئەم خولیایەی کردەوە، لێم پرسی، هەڵبەتە نەمدەویست ببمە کۆسپ لەبەردەم ئەم خولیایەیدا، لێم پرسی ئەدی ئێستا بۆ ناچیت؟ بیانووی فیودورمیخائیلوفیچ ئەمە بوو کە ناتوانێ بە تەنیا من بەجێ بێڵێ و ئەگەر پێکەوەش بڕۆین، چوونەکەمان پارەیەکی زۆری تێدەچێت، ئیدی کەوتمە ئەوەی قەناعەت بە مێردەکەم بکەم کە بۆچەند ڕۆژێک بۆ هامبۆرگ بڕوات و هیچ خەمی منی نەبێت و دڵنیابێت کە من هیچم بەسەر نایەت، هەر لە هەوەڵەوە دڵی نەدەهات، بەڵام چونکە زۆری حەزدەکرد " بەختی خۆی تاقیبکاتەوە" ئەنجام قاییل بوو سەفەری هامبورگ بکات و من لەلای ژنەی خودان ماڵ بەجێ بهێڵێت، هەرچەند هەستم بە جۆرە ئۆخەیەک دەکرد، بەڵام هەرکە قیتارەکە دوور کەوتەوە هەستی تەنیایی دایگرتم، جڵەوی خۆم پێنەگیرا و دەستم بە گریان کرد، یەک دوو ڕۆژ بووری، لێکدا لێکدا نامەم لە مێردەکەمەوە بۆ دەهات کە دۆڕاوە و داوای دەکرد پارەی بۆ بنێرم+ ٥٨. داواکەیم جێبەجێ کرد، بەڵام بۆم دەرکەوت ئەو پارەیەشی دۆڕاندووە، کە من بۆم ناردبوو، جارێکی دیکەش

داوای پارەی لێکردم، هەڵبەتە ئەمجارەش بۆم نارد، جا من ئەوسا هەرگیز پەییم بە نیگەرانی ( قومارچی) نەدەبرد، وام تەسەوردەکرد کە ئەمە زۆر کار لە سەلامەتی مێردەکەم دەکات، بەو نامانەدا کە لە هامبورگەوە بۆ منی دەنارد، وام دەزانی هەست بە نیگەرانی و دەروونگرژییەکی زۆر دەکات، دەترسام نۆرە فێیەکی تازەی لێبێت، ئیدی تووشی نائومێدییەکی زۆر بووم، گلەییم لە خۆ دەکرد کە بۆ بە تەنیا بەرەڵام کردووە،بپچی بە تەنیا لێرە دانیشتووم، دەبوایە لەگەڵیا بڕۆم، هێوری بکەمەوە و دڵی بدەمەوە. وام هەستدەکرد کەسێکی زۆر خۆ پەرستم، تاوانێکی گەورەم کردووە، کە لەم تەنگانەیەدا بەلایەوە نیم و دەستی یارمەتی بۆ دێژ ناکەم.

دوای هەشت ڕۆژ فیودورمیخائیکویچ بۆ درزدن+٥٩ گەڕایەوە و زۆر دڵخۆش و بەکەیف بوو، چونکە بە هیچ جۆرێ نە گلەییم لێکرد و نە خەفەتم بۆ ئەو پارەیە خوارد کە دۆڕاندبوومان، بەڵکو بە پێچەوانەوە وێڕای ئەوەش دڵخۆشیم دەدایەوە و هێورم دەکردەوە کە خەم نەخوات و دڵی خۆی تەنگ نەکات.

ئەو سەفەرە ناکامە کارێکی خراپی کردە سەر مجێزی دەروونی فیودور میخائیکوفیچ، دیسان کەوتە باسی ڕولێت، داخی بۆ ئەو پارانە دەخوارد کە بەفیڕوی دابوو، جگە لە خۆی گلەیی لە کەسی دی ناکات، بە دڵنیاییەوە دەیگوت و دەیگوتەوە، کە زۆر دەرفەتی لەباری بۆ هەڵکەوتووە، بەڵام خۆی نەیزانیوە بیقۆزێتەوە، یان پەلەی کردووە و ئاراستەی گەمەکەی گۆڕیوە، یا شێوازێکی جیاوازی قومای گرتووەتە بەر، بۆیە یارییەکەی دۆراندووە، بۆیە ئەوە ڕوویداوە چونکە پەلەی کردووە، چونکە بە تەنیا چووە بۆ هامبۆرگ، چونکە بەردەوام لە خەمی مندا بووە، تەنانەت لە سەفەرەکانی پێشووتریشدا بۆ ڕۆڵیت ناچار بووە تەنیا دوو یا سێ ڕۆژ بمێنێتەوە و هەمیشە بە پارەیەکی کەمەوە بۆ ئەوێندەر ڕۆییوە و نەیتوانیوە لەبەر بێ پارەیی زروفە نالەبارەکانی قومار بگۆڕێت، ئەگەر بیتوانیبا بۆ دوو سێ هەفتە لە شاری قوماردا بمێنێتەوە و یەدەگێکی باشی پارەی پێ بێ، لەوەیە بەخت یاری بێ و بیباتەوە: هەنگێ پێویست بەوە ناکات پەلە بکات و بە هێمنی یاری دەکات و ئەگەر بشدۆڕێت، بەم شێوەیە نادۆڕێت، بە هەرحاڵ پارەی زۆر نایەڵێت دۆرانت پێوە دیاربێ، فیودورمیخائیلوفیچ بەو جۆرە و زۆر بە متمانەوە قسەی دەکرد و جۆرەها نموونەی بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانەی خۆی

دێنایەوە و وای لێهات هەمان بۆچوونی لای منیش چێکرد، بە هەرحاڵ کە کاتێ بە تەمابووین بۆ سویسرا بڕۆین و لێی پرسیم دەکرێ لەڕێی خۆمانەوە دوو هەفتەیەک لە شاری بادن- بادن لابدەین، بەو پەڕی ڕەزامەندییەوە بەگوێم کرد، ، هەستم دەکرد ئەگەر منی لەگەڵدا بم باشتر دەبێت، ئیدی مەسەلەی شوێن و مانەوە بۆ من گرینگ نەبوو، گرینگ ئەوە بوو لە مێردەکەم دانەبڕێم و دوور نەبم.

کاتێ لە ئەنجامدا، هەرکاتێ پارەمان وەرگرت دوو هەفتەیەک لە بادن- بادن بمێنینەوە، ئیدی فیودور میخائیلوفیچ ئاسوودە بوو و کەوتە چاککردنەوە و پاکنووسی کارەکەی کە زۆر دواکەوتبوو، ئەو کارە بریتی بوو لە وتارێک دەربارەی بیلینسکی، مێردەکەم دەیویست هەرچییەکی دەربارەی ئەم ڕەخنەگرە بە نامێیە، لەلا گەڵاڵە بووە بیخاتە سەر کاغەز.

بیلینسکی مرۆڤێکی ئازیز بوو لە دڵی فیودورمیخائیلوفیچدا، تەنانەت پێش ئەوەی وەکو شەخس بیناسێت، ڕێزی زۆری بۆ بەهرە و پێگەی+٦٠ بەرزی ئەم پیاوە هەبوو، لە ( یاداشتی نووسەردا) ساڵی ١٨٧٧ دا باسی ئەم بابەتەی کردووە.

هەرچەند فیودورمیخائیلوفیچ، ڕێزی زۆری بەهرەمەندی بیلینسکی گرتووە، لە دڵەوە سوپاسی کردووە کە هانی بەهرەی ئەدەبی دوستویفسکی داوە، بەلام هەرگیز نەیتوانی لەو نۆڕین و بۆچوونانەی ئەم ڕەخنەگرە خۆش بێ، کە گاڵتەی بە نۆڕین و باوەرە ئاینییەکانی ئەو دەکرد+٦١ (* بۆ زانیاری پتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە ئەو وتارەی ئێمە کە لە گۆڤاری ئەلفدا، گۆڤاری ڕەوانبێژی بەراوردکاری، ژمارە بیست و سێ، ساڵی دوو هەزار و سێ، لە ژێر ناڤی، " دوستویفسکی: جەدەلیەتی گومان و ئیمان" ل ٣١- ٤٤. وەرگێڕی عەرەبی)

لەوەیە زۆربەی ئەو سەرنج و بۆچوونە خراپانەی لە نک فیودورمیخائیلوفیچ، سەبارەت بە بیلینسکی دروست بوو بوو، بگەڕێتەوە بۆ ئەو فیتنەیی و دووزمانییەی ئەو- برادەرانە- لە نێوان ئەم دوو پیاوەدا دەیانکرد، ئەو برادەرانەی لە سەرەتاوە دانیان بە بەهرەی دوستویفسکیدا نا و بانگەشەیان بۆ دەکرد و پاشان نازانم لەبەر چی لێی هەڵگەڕانەوە و کەوتنە زەمی خاوەنی شەرمنی ڕۆمانی ( هەژاران) و درۆ بۆهەڵبەستن و هۆنینەوەی شیعری ناجۆر دژی* (* بڕوانە گۆڤاری نیڤا، ژمارە چوار، ساڵی ١٨٨٤، وتارێکی، ی. ب. بولونسکی: " یاداشتەکانی ئا،ی، گوکوڤوچیا بانایڤا.

١٨٩٠، سەرنجی ئا. گ. دوستویڤسکایا) و هەر قسە و قسەلۆکێکی دیکە کە توورەی بکردایە و پێی دەهری بوایە ٦٢+.

کاتێ داوایان لە فیودورمیخائیلوفیچ کرد " دەربارەی بیلینسکی" بنووسێت، بە خۆشحاڵییەوە چووە ژێرباری ئەم مەسەلە گرینگە، وای دانابوو، وتارێکی ڕاستگۆیانە و بابەتیانەی قووڵ بنووسێت، ڕاوبۆچوونی خۆی سەبارەت بەم نووسەرە دەرببڕێت، کە لە هەوەڵەوە زۆری بە دوستویفسکیدا هەڵگوت و پاشان لە ناکاوا بای دایەوە و بەم ڕادەیەی بوغزاند.

هەڵبەتە زۆر شت هەبوو وەکو پێویست لە مێشکی فیودورمیخائیلوفیچدا بەتەواوەتی نەخەملی بوو و گەڵالە نەبوو بوو، قووڵبوونەوە و وردبوونەوە و تاوتوێکردنی زیاتری دەویست، تا بڕیاری لەسەر بدات یا نا، بۆیە مێردەکەم پێنج کەرەت ئەو وتارەی دەربارەی بیلینسکی نووسیوە هێشتاش بە تەواوەتی هەر لێی ڕازی نەبوو، فیودورمیخائیلوفیچ* (* ژیننامە و نامەکان،ل ١٧٨، ئا، گ . دوستویفسکایا ٦٣+) لە نامەیەکی ١٨٦١/٩/١٥ دا بۆ ئەپوللون مایکوف دەڵێت: " مەسەلەکە ئەوەیە من لە وتارە نەعلەتییەکە بوومەتەوە: " ناسینم بۆ بلینیسکی" هێشتا دەرفەتێکی دواخستن یا خۆدزینەوە نەبوو، من هاوین نووسیم، وێرای ئەوەش زۆری عەزاب دام، نووسینی ئەم وتارە زۆر دژوار و زەحمەت بوو، تەنانەت بە هەزار حاڵ لەم دواییانەدا تەواوم کرد. کێشەکە لەمەدایە من لە هەوەڵەوە زۆر گەوجانە دەستم دایە نووسینی ئەم وتارە، ئێستا دەبینم کە مەحاڵ بوو بە گوێرەی داواو مەرجەکانی سانسۆر بینووسم (چونکە من گەرەکم بوو هەموو شتێک بڵێم) نووسینی دە مەلزەمەی ڕۆمانێک ئاسانترە لەم دوو مەلزەمەیە! من ئەم وتارەم ئەگەر بە تێکڕایی حیسابی بکەین، پێنج دانە جار نووسیوەتەوە،جارێ کوژاندوومەتەوە، جارێکی دی نووسیوموتەوە، لە ئەنجامدا هەرچۆنێ بوو کردم بە وتار، بەڵام وتارێکی خراپە، هیچ بەدڵم نییە، بە ناچاری زۆر هەقیقەتم لێ لابردووە!

بۆیە بەتەنیا بەشە خراپەکەی ماوەتەوە، کە شتێکی هیچە!"

بەڵام چارەنووسی ئەم وتارە خەمناک بوو، قنستنتین بایکوف*(* قنستنتین بایکوف ١٨٤١- ١٨٧٣: شاعیر و چیرۆکنووس بوو، لە هەردوو گۆڤاری کات و سەردەم دا کاری کردووە) داوای لە فیودورمیخائیلوفیچ کرد بینووسێت تا بەگەڵ یەکێک لە بژاردەکانی بخات و ئەو پیاوە پێشەکی دووسەد رۆبڵی دایە.

قەرار بوو لەگەڵ هاتنی وەرزی پایزدا، لە نووسینی وتارکە ببێتەوە و بۆ مۆسکۆ، بۆ ئوتێلی " ڕۆما"ی بنێرێت، جا لەبەر ئەوەی بایکۆف دەگوێزێتەوە بۆ شوقەیەکی دیکە، فیودورمیخائیلوفیچ داوا لە ئەبوللون دەکات ئەو پیاوەتییەی دەگەڵدا بکات و دەستنووسەکەی بۆ ئیڤان سولوڤیڤ* (* ئیڤان گریگوریفیچ سولوڤیوڤ: بازرگان و کتێبفرۆشێک بوو لە مۆسکۆ، ساڵانێکی زۆر بەرهەمەکانی دوستویفسکی دەفرۆشت، زۆرجار لە نامەکانی دوستویفسکی و ژنەکەیدا ناوی هاتووە، لە ساڵی ١٨٦٠ دا ئەو وتارەی دوستویفسکی دەربارەی بیلینسکی دراوەتێ) ی کتێبفرۆش لە مۆسکۆ بنێرێت تا ئەمیش لەلای خۆیەوە ڕادەستی بایکۆفی بکات، ئەپوللون مایکۆف هەمان کار دەکات کە مێردەکەم داوای لێکردبوو، کە ئێمە لە هەندەران بووین بە نامەیەک لەوەی ئاگادار کردینەوە* ( * نامەی ئەپوللون بەرواری ٣/١١/ ١٨٦٧ ی پێوەیە، ئا، گ. دەستویڤسکایا ٦٤+) جا چونکە ئێمە لە هەندەران بووین، نەمانزانی وتارەکە بڵاوبووەوە یا نا، لە ساڵی ١٨٧٢دا فیودورمیخائیلوفیچ نامەیەکی لە کتێبفرۆشێکەوە پێگەیی، داوای لێکرد ئەو وتارەی بۆ بنێرێت کە مایکۆف دەگەڵی ڕێکەوتبوو کە بینووسێت، هەر لەو نامەیەدا ئاگاداری کردەوە کە هەڵبژارەدەکە هێشتا چاپ نەکراوە+٦٥، مێردەکەم بە ونبوونی وتارکە زۆر نیگەران بوو، بەتایبەتی کە زۆری پێوە ماندوو بوو بوو، هەرچەندە لێی ڕازی نەبوو، بەڵام شانازی پێوە دەکرد، کەوتینە تاقیبی وتارەکە تا بزانین چی بەسەر هاتووە، داوای کۆمەکمان لە کتێبفرۆشە مۆسکوڤیەکە کرد، بەڵام ئەنجامی تاقیبەکە خەمناک بوو: وتارەکە ڕەش ڕاهات، من بەشبەحاڵی خۆم زۆرم پێناخۆش بوو، چونکە بەگوێرەی بۆچوون و باری سەرنجی ئەوسام و بە پێی ئەو سەرنجانەی کە سەبارەت بە وتاری گۆرین لە دەفتەری ئیختیزالەکەمدا تۆمارم کردبوو وتارێکی زۆر گرینگ و بلیمەتانە بوو+ ٦٦.

"٣"

لە کۆتایی هەیڤی یونیودا پارەمان لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری " مژدەبەری ڕووسی" یەوە بۆ هات، یەکسەر بڕیاری سەفەرمان دا، زۆر بەداخەوە شاری ( درزدن) م بەجێهێشت، بەڕاستی چەند ڕۆژێکی جوان و خۆشم تیا بە سەربرد، بەڵام هەستێکی ئاڵۆزم تێ وروکا بوو و پێشبینی ئەوەم دەکرد کە گۆڕانێکی زۆر بەسەر

وەزع و حاڵی تازەماندا دێت، پێشبینییەکەم هاتە دی، کاتێ بیر لەو پێنج هەفتەیە دەکەمەوە کە لە بادن- بادن بەسەرمان برد و ئەو سەرنجانە دەخوێنمەوە کە بە ئیختیزال لە ڕۆژانە یاداشتەکانمدا تۆمارم کردبوون، دەگەمە ئەو قەناعەتەی ئەوەی ڕوویدا مێردەزمەیەک بوو و برستی لە مێردەکەم بڕی بوو و هەرچەندی دەکرد لە کۆت و زنجیری قورسی ئەو مێردەزمەیە دەرباز نەدەبوو.

بۆچوونەکانی فیودورمیخائیلوفیچ سەبارەت بە ئەگەری سەرکەوتن لە قوماردا، بەو شێوازەی کە خۆی دەیگوت، دروست بوو، لەگین بوو سەرکەتوو بێت بەمەرجی ئەو کەسەی ئەو شێوازەی بەکار دەبرد کەسێکی بەسەبر و حەوسەڵە بێت، وەکو کەسێکی ئینگلیز یا ئەڵمانی بێ، کەسێکی توندە مجیز نەبێت و کەللە ڕەقی دەگەڵ یارییەکەدا نەکات، کە ئەمە لە مێردەکەی مندا نەبوو، جگە لە سەبر و پشوو درێژی، خەڵکی قومارچی دەبێ پارەیەکی زۆری پێبێت، تا لەکاتی یارییەکەدا باکی بە دۆڕان نەبێت و ورە بەرنەدا، دوستویفسکی ئەم مەرجەی تیا نەبوو: لەچاو خەڵکی دیدا پارەیەکی کەممان پێ بوو، ئەگەر بمان دۆڕاندایە هیچ سەرچاوەیەک نەبوو قەرەبوومان بکاتەوە.

دوای هەفتەیەک فیودورمیخائیلوفیچ هەرچییەکی پێ بوو دۆڕاندی، ئیدی پەشێو و پەرێشان لە ڕێگەیەک دەگەڕا پارە پەیدابکات و درێژە بە یاری بدات، ناچار بووین شتەکانمان بخەینە ڕەهنەوە، بەڵام مێردەکەم هەندێجار هەرکە شتەکانمان دەخستە ڕەهنەوە، کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا، زۆرجار هەر پارەیەکی لە بری شتە ڕەهن کراوەکان وەردەگرت، هەمووی دەدۆڕاند،دوا تالیری دەدۆڕاند، جاری واش هەبوو شانسی دەکرایەوە و بە دەیان دراوی زێڕەوە دەگەڕایەوە ( هەرپارچەک ،دراوێکی بیست تالیری دەکرد) یانی دەیکردە نزیکەی چوار هەزار و سێ سەد تالیر، بەڵام زۆری پێ نەدەچوو، هەرهەموو ئەم پارەیەمان لەدەست دەدا، فیودور میخائیلوفیچ سەبری نەدەگرت: بەرلەوەی هێور بێتەوە، بیست دراوی زێڕی دەبرد، دەیدۆڕاند و دەهاتەوە، بیست دراوی دیکەی دەبرد و ئەویشی دەدۆڕاند لە ماوەی دوو سێ سەعاتدا چەند جارێک هاتەوە و ڕۆیشتەوە و هەرهەمووی دۆڕاند، جارێکی دی دەکەوتینە ڕەهنی شتەکانمانەوە، هەڵبەتە شتەکانمان بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەهەرحاڵ ئەو سەرچاوەیەشمان وشکی کرد و ڕۆژ بەڕۆژ دەکەوتینە ژێر قەرزی زیاترەوە، بەراستی هەستمان بە حەرەج دەکرد، وامان لێهات قەرزمان لە

ژنەی خاوەن ماڵ کرد، ژنێکی جنگز بوو، مامەڵەی لەگەڵماندا زۆر خراپ بوو، نەیدەهێشت ئەو ئامێر و ئەوزارانەش بەکار بەرین، کە بەپێی ڕێکەتنەکەی نێوانمان هەقی بەکارهێنانیمان هەبوو، نامەیەکم بۆ دایکم نارد و بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی پارەمان دەکرد، بەڵام هەرکە پارەکەمان پێدەگەیشت، هەمان ڕۆژ یا بۆ سبەینێکەی لە قوماردا بەفیڕۆ دەچوو، هەر ئەوەندە فریا دەکەوتین هەندێ قەرزی پەلە ( کرێی شوقەکە، خواردن و هەندێ شتی دیکە) بدەینەوە، ئەوسا بە بێ پارە دادەنیشتین و بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن بڕە پارەیەکی باشمان دەست بکەوێ قەرزەکانمان لەکۆڵ بێتەوە، بێئەوەی بیر لە دەستکەوتە گەورەکە بکەینەوە، کە بریتی بوو لەوەی لەم دۆزەخە ڕزگار بین.

سەبارەت بە خۆم، بەوپەڕی ورە بەرزی ئەم ( جەزرەبانەی قەدەر) م تەحەمول دەکرد، کە خۆمان بەدەستی خۆمان بە سەر خۆمانمان دێنا، دوای ماوەیەکی کەم قەناعەتی تەواوم لەلا دروست بوو، کە فیودورمیخائیلوفیچ لەڕێگای قومارەوە هیچ بە هیچ ناکات، لەگینە پارەیەکی مۆڵ بباتەوە، بەڵام هەرهەمان ڕۆژ، ئەوپەڕەکەی ڕۆژی دواتر دەیدۆڕێنێتەوە و تکا و پاڕانەوەم لە مێردەکەم کە چیتر نەچێتە سەر مێزی قومار و واز لە قومار بێنێ، فایدەی نییە.

زۆرم پێ سەیر بوو کەسێکی وەکو فیدورمیخائیلوفیچ کە جۆرەها مەینەتی و عەزابی لە ژیاندا بینی بوو ( حەپس و زندان، ئەمری ئیعدام، مەرگی برا ئازیزەکەی و ژنەکەی) چۆن ئەوەندە عەزم و ئیرادەی نییە، خۆی کۆنترۆڵ بکات و بە کەمترین دۆڕان و خەسارەت وازبێنێ و ڕیسک بە دوا قروشیەوە نەکات، وام تەسەور دەکرد ئەو کارە لە تەبیعەتی بەرزی ئەو ناوەشێتەوە و پێی بچوک دەبێتەوە، بە کەسەر و داخێکی زۆرەوە لە دڵی خۆدا دانم بەو خاڵە لاوازەی مێردەکەمدا دەنا، بەڵام هەر زوو هەستم بەوە کرد، کە مەسەلەکە تەنیا بێ ئیرادەییەکی سادە نیە، بەڵکو خولیایەکە کە بە سەر مرۆڤدا زاڵ دەبێت و بڕستی لێدەبڕێت، هێزێکی سروشتییە و بەهێزترین کەس ناتوانێ بەگژیا بچێتەوە، دەبێ دان بەوەدا بنرێت و بەو چاوە سەیری خولیا و کەڵکەڵەی قومار بکریت کە نەخۆشییەکی بێ دەرمانە و خۆتی لەبەر ناگریت و ناکاری بەگژیا بچیتەوە، تەنیا یەک ڕێگا هەبوو، ئەویش هەڵاتن بوو، ئێمە نەماندەتوانی لە بادن هەڵێین تا بڕە پارەیەکی زۆرمان لە ڕووسیاوە بۆ نەهاتبا.

دەبێ لێرەدا بەرامبەر بەخۆشم کەمێک بە ئینساف بم، من هەرگیز لەسەر دۆڕان گلەییم لە مێردەکەم نەکردبوو، قەتیش لە سەر قومار لەگەڵیدا بەشەڕ نەهاتبووم ( مێردەکەم لەم ڕووەوە منەتبار و مەنوونم بوو*) (* ژیننامە و نامەکان. نامەکانی دوستۆیفسکی بۆ مایکۆف، ل ١٧٣. ئا. گ. دوستویڤسکایا ٦٧) بەکەماڵی ئارەزوو هەرستێکم هەبوایە، دەمدایە کە بیخاتە ڕەهنەوە و دەمزانی ئەگەر پارەی ڕەهنەکانمان لە کاتی خۆیدا نەداباوە شتەکانم بۆ هەتا هەتایە دەفەوتان ( کە ئەمە بە واقیعی ڕوویدا*) (* ماوەی ڕەهن لە قومارخانەکەدا بۆ مانگان نەبوو، ئەوپەڕی بۆ یەک دوو هەفتە و هەندێجار تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک بوو، ئەگەر لە کاتی خۆیدا شتەکانت لە رەهن دەرنەهێناباوە، ئیدی شتەکانت پێ نەدەرایەوە و دەخرایە مەزاتەوە، ئا. گ. دوستویڤسکایا ) ئەمە سەرباری خوتە و بۆڵەکەی خودان شوقە و خودان وردە قەرزان.

بەڵام ئەوەی زۆرم لەبەرگران بوو و دڵی دەگوشیم، ئەو کول و کۆڤانە بوو کە فیودور میخائیلوفیچ پێوەی دەتلایەوە، هەمیشە کە لە ڕولێت دەگەڕایەوە! (هەڵبەتە قەت لەگەڵ خۆیدا نەیدەبردم، پێی وابوو قمارخانە جێی ئافرەتێکی گەنجی ڕووسوری سەلار و سەنگین نییە) ڕەنگی زەرد، بێ هێز، هەر ئەوەتا خۆی بەپێوە دەگرت، داوای پارەی لێدەکردم ( پێشوەختە هەموو پارەکانی لای من دادەنا ) ئەوسا دەڕۆیی، دوای نیوسەعاتێک دەزفڕییەوە و داوای پارەی دی دەکرد، ئیدی دەستبەردار نەدەبوو، تا هەرچی دار و نەدارمان هەبوو دەیدۆڕاند.

کە خولیای چوونە ڕۆلێت بە سەر فیودور میخائیلۆفیچدا زاڵ دەبوو و نە پارەمان شک دەبرد و نە پێشبینی ئەوەشمان دەکرد لە هیچ شوێنێکەوە پارەمان بۆ بێت، ئیدی خەم دایدەگرت و بەجۆرێ دڵی تەنگ دەبوو، لەزگ بوو دەست بەگریان بکات، لەوکاتانەدا لەبەردەممداچۆکی دادەدا و لێم دەپاڕایەوە کە لێی ببوورم، چونکە زۆرم ئەزیەت دەدات، ئەوسا ملی بۆ نائومێدی دەدا، ئیدی دەبوایە بە هەموو توانایەکمەوە، هەوڵی ئەوە بدەم دڵخۆشی بدەمەوە، هێوری بکەمەوە و قەناعەتی پێ بێنم کە وەزعمان بەو ڕادەیەش خراپ نییە کە ئەو وێنای دەکات و دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە لەم تەنگژە و ئاستەنگە دەربازبین و سەرنجی بەلای شتێکی دیکەدا ڕابکێشم.

هەندێجار کە قەناعەتم پێدەکرد و دەمبرد بۆ هۆڵێکی خوێندنەوە تا چاو بە ڕۆژناماندا بخشێنێ، یا بچینە پیاسە، کە ئەمانە زۆر دڵی مێردەکەمیان دەکردەوە، مەگەر خوا بزانێ چەند دڵخۆش دەبووم، بەدەم چاوەڕوانی دوورودرێژی پارەوە دەیان کیلۆمەترمان دەگەڵ مێردەکەمدا، لە دەوروبەری بادندا، بە پای پیادە دەبڕی، کە پارەمان بۆ دەهات دەبوژایەوە و دەهاتەوە تایم، بە سەعاتان باسی بابەتێن جۆراوجۆرمان دەکرد.

پیاسەی هەرە خۆش و دڵگیرمان بۆ (قەڵای تازە) بوو، لەوێندەرێوە بە ڕاڕەوێن بێشە جوانەکندا بۆ قەڵای کۆن دەچووین، کە لەوێندەر شیر و قاوەمان دەخواردەوە، چووین بۆ قەڵا دوورەکەی ئیرینبریچتاین ( نزیکەی نیو کیلۆمەترێک لە بادنەوە دوور بوو) لەوێ نانی نیوەڕۆمان دەخوارد و لەگەڵ خۆرئاوا دەگەراینەوە، پیاسە و قسەکانمان باش و خۆش بوون، بەڕادەیەک خۆش بوون کە من ( هەرچەند بێ پارە و پول بووین و ژنەی خاوەن شوقە بەردەوام بەسەرماندا دەیبۆڵاند) حەزم دەکرد، پارەمان لە پترسبورگەوە درەنگ پێبگات، بەڵام لە ناکاوا پارەمان پێگەیی و ئەو ژیانە ئارامەی لێکردین بە کابووس.

لە بادندا ناسیاومان نەبوون، بەڕێکەوت لە باخێکدا تووشی نووسەر ئیڤان ئەلکسندروفیچ کونچارۆف* ( * ئیڤان ئەلکسدروفیچ گونچاروف ١٨١٢- ١٨٩١: نووسەر، خاوەنی ڕۆمانێن: چیرۆکێکی ئاسایی، ئوبلوموف، بەستێن و .... دوستویفسکی لە ساڵی ١٨٤٦ دا لە ماڵی ئەپوللون مایکۆف ناسیاوی دەگەڵ پەیدا دەکات، بەڵام هەرچەندە پەیگیری بەرهەمی یەکدییان دەکرد، بەلام نەبوون بە دۆست و برادەر، گونچارۆف لە زۆر پۆستی گەورەدا کاری کردووە، دیارترینیان پۆستی ڕاوێژکار بوو لە سانسۆردا) بووین کە مێردەکەم پێمی ناساند، دیمەنی لە فەرمانبەرانی پتروسبورگ دەچوو. قسەکانیم بەلاوە ئاسایی بوون، هەر لەخۆمەوە ئەم تەعاروفەم بەدڵ نەبوو، بەکورتییەکەی ئەو پیاوەم نەچووە دڵەوە. هەرچەندم دەکرد و دەکۆشا باوەڕم نەدەکرد ئەم خاوەنی ڕۆمانی ( ئوبلوموف) بێ، کەیەکێک بوو لەو ۆمانانەی زۆرم بەدڵبوو ٦٨+.

ف.میخائیلۆفیچ، چووە سەردانێکی ئیڤان تۆرگینێف کە لەو سەرو بەندەدا لە بادن بادن دەژیا،کە بە تووڕەیی لەم سەردانە گەڕایەوە، بە دوورو درێژی باسی ئەو گفتوگۆیانەی بۆ گێڕامەوە کە لە نێوانیاندا ڕووی دابوو.+٦٩

"٤"

## ساڵی ١٨٦٧، چینیف

هەرکە ( بادن بادن)مان بەجێهێشت، قۆناغێکی زۆر ناخۆشی ژیانی هەندەرانمان بەرێکرد، وەکو هەمیشە دیسان دەستەی نووسەرانی ( مژدەبەری ڕووسی) فریامان کەوت و لەو تەنگانەیەی ڕزگارکردین، بەڵام هەر پارەیەکمان لە ( مژدەبەر) ەوە پێگەیی، هەرهەمووی درایەوە بە قەرزا و بە دەرهێنانەوەی شتەکانمان لە ڕەهن و بارمتەدا، تا بیناقاقامان لەقەرزا بوو، بەڵام ئەوەی زۆرم لەبەرگران بوو، ئەوە بوو نەمتوانی دیاریی بووکێنییەکەم، کە فرە لەدڵما شیرین بوو وەربگرمەوە: کە بریتی بوو لە بازن و گوارەی ئەڵماس و یاقووت نیشان، کە هەرگیز نەبوومەوە بە خاوەنی.

من و مێردەکەم حەزمان دەکرد هەرکە لە بادن وەدەرکەوتین یەکسەر بۆ پاریس بڕۆین، یا بە ئیتاڵیادا تێپەڕین، بەڵام دوای ئەوەی حیسابی خۆمان کرد، بڕیارمان دا ماوەیەک لە چنیف بمێنینەوە و ئەوە ڕەچاو بکەین کە هەرکاتێ ڕەوشی داراییمان چاک بوو سەفەری باشوور دەکەین، کە دەچووین بۆ چنێف بەدەم ڕێگاوە شەوێک لە بازل لاماندا، بەنیازی دیتنی یەکێک لە تابلۆکانی مۆزەخانەکەی ئەوێندەر، کە برادەرێک بۆ مێردەکەمی باسکردبوو، ئەم تابلۆیە لەلایەن ( هانز هولباین)ەوە کێشرابوو، بریتی بوو لە وێنەی مەسیح دوای ئەوەی عەزابێکی لەتاقەت بەدەری کێشابوو و پاش ئەوەی لە خاچەکە هێنرابووە خوارەوە، بەرە بەرە جەستەی بۆنی تێگەڕابوو وخەریک بوو دادەوەشا، دەموچاوە ئاوساوەکەی یەکپارچە زامی بەخوێن بوو، دیمەنەکەی زۆر ناجۆر بوو. ئەم تابلۆیە کارێکی یەجگار زۆری لە فیودورمیخائیلوفیچ کرد و ماوەیەکی زۆر بە حەپەساوی لەبەردەمیا وەستا*(* ڕۆمانی گەمژە، هەستی دوستویفسکی لە هەنبەر ئەم تابلۆیە دەنوێنێ، ئا. گ. دوستویڤسکایا) نەمدەتوانی تەماشای ئەم تابلۆیە بکەم: بە ڕاستی حاڵەتێکی ناخۆشی لە دڵ و دەروونم دروست دەکرد، بەتایبەتی کە نەخۆش بووم، ئیدی چووم بۆ تەماشای هۆڵەکانی دیکە، دوای چارەکێک بیست دەیقەیەکی دی گەڕامەوە، سەیرم کرد فیودورمیخائیلوفیچ هێشتا لە شوێنی خۆیدا چەقیوە و ڕوخساری شێواوە و ڕێک لەو کاتانە دەچوو کە فێی لێدەهات، قۆڵی مێردەکەم گرت و بە ئەسپایی بردم بۆ هۆڵێکی دیکە و لەسەر قەنەفەیەک دامنا و چاوەڕوانی ئەوە

بووم لە ئان  ساتا فێی لێبێت، بەڵام خۆشبەختانە حاڵەکە بەسەلامەتی تێپەڕی ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ زوو بە زوو وەخۆ هاتەوە، کاتێ کە لە مۆزەخانەکە وەدەر کەوتین، مێردەکەم گوتی پڕ بە دڵ حەزدەکات جارێکی دی بگەڕێتەوە تا تەماشایەکی دیکەی ئەو تابلۆیە بکات کە تا ئەم ڕادەیە بەنجی کردبوو+٧١

که گەیشتینە چینیڤ، هەر ئەو ڕۆژە بەپەلە کەوتینە گەڕان بەدوای ژورێکی موبیلماندا، هەموو شەقامە سەرەکییەکانمان تەی کرد و زۆر ژووری موبیلمانمان بینی بەڵام بێهودە، ژوورەکان یا زۆر گران بوون و کرێکەمان پێهەڵنەدەسورا یا لە شوێنی زۆر جەنجاڵ و قەوغادا بوون، کە بەکەڵکی من نەدەهاتن، ئەنجام ئێوارەیەکی درەنگ شوقەیەکی لە قەد حاڵی خۆمان دۆزییەوە، کەتبووە دووڕیانی هەردوو شەقمی (Guillaume) و (Bertellier) و لە قاتی دووەمدا بوو و زۆر گەورەش بوو، لە پەنجەرەکەی ناوەڕاستییەوە پردێکی سەر ڕوباری ڕون و دورگەی جان جاک ڕوسۆ دیاربوو، هەروەها هەردوو خانمی خاوەن شوقەکە (Raymondin) مان بە دڵ بوو، هەردووکیان بەتەمەن بوون، لە ڕێزەی شووکردندا نەمابوون، زۆر بە گەرمی پێشوازییان کردین و بە جووتە کەوتنە ستایشی من و ئیدی بێ هیچ دوودڵییەک لێبڕاین کە لای ئەوان ئاکنجی ببین.

بەپارەیەکی کەمەوە لە چینیڤ گیرساینەوە: پێشەکی یەک مانگ کرێی شوقەکەمان پێ بوو کە بیدەین بەو جووتە خانمە، لە ڕۆژی چوارەمدا تەماشامان کرد تەنیا هەژدە فرانکمان پێیە، ئەوەشمان لای خۆمانەوە حیساب کردبوو کە پەنجا ڕۆبڵ وەردەگرین* ( * ژیننامە و نامەکان، فیودورمیخائیلوفیچ دوستویفسکی ل ١٦٧. ئا،گ. دوستویفسکایا ٧٢) بەڵام بە ژیانی هەژاری ڕاهاتبووین، هەرکە پارەمان پێ نەدەما دەچووین شتەکانمان دەخستە بارمتە و ڕەهنەوە، ئیدی ئەم ژیانەمان بە تایبەتی دوای ئەو تەنگانەیەی کە زۆر نەبوو لە کۆڵمان بووبووەوە، لەسەرەتادا پێ باش بوو.

لێرەشدا وەکو درزدن، ژیانیڕۆژانەمان ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرت: فیودور میخائیلوفیچ بە شەو کاری دەکرد و بە ڕۆژیش پێش سەعات یازدە لە خەو ڕادەبوو، نانەکەم دەگەڵیدا دەخوارد و پاشان بە گوێرەی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی دکتۆر دەچوومە پیاسە ڕاوێچکە، لێ فیودورمیخائیلوفیچ کاری دەکرد، سەعات سێی دوای نیوەڕۆ دەچووینە نانخواردن، ئەوسا ئیسراحەتم دەکرد، مێردەکەم بۆ ماڵێی

دێنامەوە تا پاشان بڕوات بۆ چاخانەیەکی شەقامی (Mont-Blanc) کە لەوێ ڕۆژنامەی رووسی لێبوو، مێردەکەم نزیکەی دوو دانە سەعاتی بە خوێندنەوەی ( گولوس- دەنگ) و واریقاتی موسکۆڤی و پترسبۆرگی بەسەر دەبرد، هەروەها ڕۆژنامەی بیانیشی دەخوێندەوە، ئێوارە دەوروبەری سەعات حەوت دیسان دەچوینە پیاسە و گەران، جا بۆ ئەوەی زۆر ماندوو نەبم لەبەر جامخانەی دوکانە زۆر فاخیر و ڕووناکەکان دەوەستاین، فیودورمیخائیلوفیچ بەتاسەوە ئاماژەی بۆ ئەو خشڵ و زیو و زەنبەرە گرانبەهایانە دەکرد کە خۆزی دەخواست پارەی هەبوایە و بە دیاری بۆ منی بکڕیایە. پیاو حەق بڵێ مێردەکەم زەوقێکی هونەری جوانی هەبوو، هەموو ئەو خشڵانەی ئەو ئاماژەی بۆ دەکردن بەڕاستی جوان بوون.

شەوانمان یا بە ئیملا و نووسینەوەی ڕۆمانە تازەکە بەسەردەبرد، یا بە خوێندنەوەی کتێبێن فەرەنسی، مێردەکەم سوور بوو لە سەر ئەوەی بەشێوەیەکی بەرنامەدار و قووڵ کاری یەکێک لە نووسەرەکان بخوێنمەوە، بێئەوەی نووسەرانی دی فەرامۆش بکەم، فیودورمیخائیلوفیچ هەردوو نووسەر بلزاک ٧٣+ و جورج ساندی ٧٤+ پێ گەورەبوون و بەهرەی ئەوانی پێ پەسەند بوو، بەرە بەرە کەوتمە خوێندنەوەی دووبارەی ڕۆمانەکانی ئەوان، زۆرجار بەدەم پیاسەوە باسی خوێندنەوەکانی منمان دەکرد، مێردەکەم لایەنی مەزنایەتی ئەو بەرهەمانەی بۆ شرۆڤە دەکردم کە دەمخوێندنەوە، زۆرجار سەم لەوە دەسوڕما کە دەمبینی فیودور میخائیلوفیچ ڕووداوە نزیکەکانی لەبیر دەچووەوە، بەڵام زۆر بە ڕوونی و بە وردی بابەت و ناوی قارەمانانی ڕۆمانەکانی ئەم دوو نووسەرەی دڵخوازی خۆی وەبیر دەهاتەوەو باسی دەکردن، لە بیرمە مێردەکەم چەند شیفتەی ( بابا گۆریۆ) و بەشی یەکەمی داستانی (Les Parents Pauvres) خزمە هەژارەکان٧٥+. فیودورمیخائیلوفیچ خۆی لە زستانی ١٨٦٨/١٨٦٧ دا جارێکی دی کەوتەوە خوێندنەوەی، (Les Humilies et les offenses) (سووک وڕیسواکراوەکان)٧٦+ لە چنیڤدا هیچ ناسیاوێکمان نەبوو، فیودور میخائیلوفیچ لە گرتنی برادەری تازەدا زۆر دژپەسەند بوو لە چنێڤدا و لە نێو دۆستە کۆنەکانیدا تەنیا ن. ب. ئۆگاریف* (* نیکولای بلاتونوفیچ ئوگاریف ١٨١٣- ١٨٧٧: شاعیر و نووسەر، چالاکوانێکی شۆڕشگێڕ بوو لە هەوادارانی گیرتسین، دوستویفسکی لە چنیڤ تەعاروفی لەگەڵدا کرد و لە ڕۆمانی ئەهریمەناندا باسی کردووە) ی شاعیر بەنێوبانگ و دۆستی گیرتسینی بینی، ئۆگاریف جارجار سەری دەداین و کتێب و ڕۆژنامانی دەگەڵ خۆدا بۆ دێناین،

دوستویفسکی زۆرێک لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە ڕاستگۆیەی+٧٧ بە دڵ بوو، هەمیشە بە هاتنی خۆشحاڵ دەبووین، ئوگاریف ئەوکاتانە زۆر پیر بوو، زۆر ڕێزی منی دەگرت، وەکو کیژێکی گەنج مامەڵەی دەگەڵ مندا دەکرد،هەر واشبووم، لێ مخابن دوای سێ دانە مانگ ئەم پیاوە باش و میهرەبانە لە سەردانمان کەوت، تومەز کاتێ بۆ ڤێلاکەی کە لە قەراخ شار بوو گەڕابووەوە لە ڕێگادا فێی لێهاتبوو، کەوتبووە ناو جۆگایەکەوە ئیدی قاچی شکابوو، چونکە دەمەو خۆرئاوا ئەم واریقاتەی لێقەومابوو و ڕێگاکە لە ڕێبواران چۆڵ بوو بوو، ئیدی تا بەیانی لە نێو جۆگاکەدا مابووەوە و ڕەقیتە بوو بوو، ئیتر هاوڕێکانی بۆ چارەسەر بۆ ئیتاڵیایان بردبوو، بەو جۆرە ئەو تاقە ئاشنایەمان لە چینیڤ لەدەست دا، کە زۆر دڵمان بە دیدەنی و قسەکانی دەکرایەوە.

لە سەرەتای هەیڤی ئەیلوول ١٨٦٣، لە چنیڤ کۆنگرەی+ ٧٨ ئاشتی بەسترا کە جوزیف گاریبالدی* (* جوزیف گاریبالدی ١٨٠٧- ١٨٨٢ قارەمانی نەتەوەیی ئیتاڵیا، کە یەکێک بوو لە سەرکردەی باڵی شۆڕشگێڕی دیموکراتی ناسراو بە ویسورد چیینتو، لە شۆڕشی ١٨٤٨- ١٨٤٩ ی ئیتاڵیا دا بەشداری کرد، ڕێکخەری داکۆکی لە کۆماری روما، ١٨٤٩ بوو)

سەرپەرشتیارانی کۆنگرەکە بایەخێکی یەجگار گەورەیان بە ئامادەبوونی داو شار ئامادەکارییەکی جوانی بۆ پێشوازی کرد، من و مێردەکەشم چووین بۆ شەقامی (Mont-blanc) کەوێنای ئەوە دەکرا کە بە قیتارەکە بەوێدا تێبپەڕێت، ماڵەکان بە گوڵ و بەیداخان ڕازابوونەوە، ئاپۆڕایەکی زۆر لە ڕێگایدا خڕبوو بوونەوە، گاریباڵدی بە سواری گالیسکەیەک تێپەڕی، جلێکی تایبەتی لە بەرکردبوو، بە پێوە لە نێو گالیسکەکەوە وەستابوو، بە شەبقەکەی سڵاوی گەرمی جەماوەری خەڵکەکەی دەسەندەوە، توانیمان گاریباڵدی لە مەودایەکی نزیکەوە ببینین، مێردەکەم بینی کە ئەم قارەمانە ئیتاڵییە ڕوخسارێکی جوان و بە خەندەی هەیە.

ئەم کۆنگرەی ئاشتییەمان بەلاوە شتێکی گرینگ بوو، چوونی بۆ کۆبوونەوەی دووەم و نزیکەی سەعاتێ- دوو سەعات گوێمان لە وتاری وتارخوێنەکان گرت، فیودورمیخائیلوفیچ سەبارەت بە وتارەکان سەرنجێکی خراپی لا دروست بوو، لە نامەیەکیدا بۆ ئیڤانۆڤنا- خمیروڤا* ( * ئیڤانوڤنا (خمیروڤا) سوفیا ئەلکسندروڤنا ١٨٤٦- ١٩٠٧ خوشکەزای دوستویفسکی و وەرگێڕ) دەڵێت: " وتارەکانیان بەمجۆرە

دەستپێکرد بۆ بەرپاکردنی ئاشتی لە سەر زەوی پێویستە باوەڕی مەسیحیەت لەناو ببرێت، ولاتە گەورەکان پارچە پارچە بکرێن و هەروەها هەمان مامەڵە دەگەڵ سەرمایەداریدا بکرێت.. تا هەموو شتێک بخرێتە خزمەتی بەرژەوەندی گشتییەوە.. هەڵبەتە بە بێئەوەی کەمترین بەڵگە بخەینە ڕوو، هەموو ئەم شتانە لەوەتای بیست ساڵە وەکو سروود لە بەرکراوە و توتی ئاسا ئێستاش دەیڵێینەوە، چەکی سەرەکی دەستیان ئاگر و سمشێرە.

بە قەناعەتی ئەوان پاش ئەوەی هەمووشتێک دێتە ڕووخان ئیدی ئاشتی بەرقەرار دەبێت"* (* بڕوانە گۆڤاری روسکایا ستارینا، "ڕابردووی ڕووسی" ١٨٧٧ کتێبی دوازدەیەم. ئا. گ. دوستویڤسکایا+٧٩) مخابن هەر زوو ژێوان بووینەوە لەوەی ( چینێڤ) مان بۆ مانەوەی یەکجارەکی هەڵبژاردبوو.

لە بەهاردا، باهۆز و گەردەلوول، ئەوەی پێیان دەگوت (Bises) دەستی پێکرد، ڕۆژی دوو سێ جار جەو و کەش وهەوا دەگۆڕا و دەشێوا. ئەم جەوە کاری لە مێشکی مێردەکەم دەکرد، ئیدی نۆرەفێیەکانی زۆر زوو دووبارە دەبوونەوە، من ئەم حاڵەتانەم زۆر لەبەر گران بوو، فیودورمیخائیلوفیچ زۆر پەست دەبوو و ڕقی هەڵدەستا، هۆی سەرەکیش ئەمە بوو کە کاتی کارکردن هاتبوو و نۆرەفێیان دەرفەتیان نەدەدا دەست بەکار بێت.

لە پایزی ساڵی ١٨٦٧ دا فیودور میخائیلوفیچ مژووڵی دانانی بەرنامەی نووسینی ڕۆمانی ( گەمژە) بوو، کە دایدنابوو لە هەوەڵین ژمارەکانی ( مژدەبەری ڕووسی) دا، کە قەرار بوولە ساڵی ١٨٦٨ دا دەربچێت، بڵاوی بکاتەوە، بیرۆکەی ڕۆمانەکە " کۆن و دڵگیرە- وەسفی مرۆڤی ئەرێنی جوان"* (* گۆڤاری ڕابردووی ڕووسی ١٨٧٧، کتێبی حەوتەم، ئا. گ. دۆستویڤسکایا ٨٠+) بەڵام ئەم کارە بۆ فیودورمیخائیلوفیچ و بەلای ئەوەوە ئەرکێکی " بێ سنوور بوو" هەرهەموو ئەمانە مایەی نیگەرانی مێردەکەم بوو.

هەموو ئەمانە بەجێی خۆی، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانە خەمێکی بێ بنج و بناوانی لای خۆی و بۆ خۆی دروستکردبوو کە من چۆن هەست بە بێزاری و وەڕزی ناکەم، هەر چەند من لەگەڵ ئەودا لە تەنیاییەکی تەواودا دەژیم " لە دورگەیەکی چۆڵدا" ئەمەی لە نامەیەکدا بۆ ئەپوللون مایکوف* (* ژیننامە و نامەکان، ل ١٨٠. ئا. گ. دوستویڤسکایا+٨١) نووسی بوو، چۆن هەوڵم نەداوە قەناعەتی پێبکەم، یا

بۆی بگێرمەوە من زۆر خۆشحاڵم و لە هیچم کەم نییە و ئەوەندەم بەسە لەگەڵ ئەودا بژیم و خۆشی بویم، بەڵام تاکیدەکانم بەدەگمەن کاریان تێدەکرد، هەمیشە گلەیی و گازاندەی لە بێ پارەیی دەکرد، ئەوەندەمان پارە نەبوو کە بۆ پاریس بڕۆین، ئیدی بە شتی دیکەی دەخلافاندم و وەکو سەردانی شانۆ و مۆزەخانەی لۆڤەر* (* هەمان سەرچاوە ل ١٨١. ئا. گ. دۆستویڤسکایا ٨٢+) هەڵبەتە مێردەکەم ئەوسا باشی نەدەناسیم، بە کورتییەکەی فیودورمیخائیلوفیچ زۆر زوو تووشی خەمباری و خەمۆکی بوو، هەنگێ پێمگوت سەفەری (Saxon Les Baains) بکات تا لەرۆڵێتدا (بەختی خۆی تاقیبکاتەوە) من ئەمەم لەو پێودانگەوە پێگوت کە لە بیرێن خەمناک دوور بکەوێتەوە.

(Saxon Les Baains) لە چنیڤەوە بە قیتار پێنج سەعاتان دوور بوو، ئەوساکە لە مێژ بوو قومارخانەکانی داخرابوون)

فیودورمیخائیلوفیچ بیرۆکەکەمی بەدڵ بوو، لە ئۆکتۆبەر- نۆڤەمبەری ١٨٦٧ دا مێردەکەم سەفەرێکی چەند ڕۆژی بۆ (Saxon) کرد، وەکو پێشبینیم کردبوو هیچ پارەیەکی لە ڕۆڵێت نەبردەوە، بەڵام ئەو قازانجەی هەبوو کە ئەم جێگۆڕکێیە و ئەم سەفەرە کارێکی قووڵیان لە مجێزی کرد* (* بڕوانە نامەی بەرواری ١١/١٧/ ١٨٦٧ ئا. گ. دۆستویڤسکایا ٨٣+) و تا رادەیەکی زۆر بوژایەوە و تین و تاوێکی تازەی تێگەرا، ئیدی لە زەرفی بیست و سێ دانە ڕۆژدا، نزیکەی شەش مەلزەمەی (نەوەد و سێ لاپەڕە) بۆ ژمارەی یەنایەری ( مژدەبەری ڕوسی) نووسی.

فیودورمیخائیلوفیچ لە بەشی یەکەمی رۆمانی ( گەمژە) رازی نەبوو، پێی ڕاگەیاندم کە لە نووسینی بەشی یەکەمدا ٨٤+ سەرکەوتوو نەبووە. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە مێردەکەم هەمیشە بەرامبەر بە خۆی سەختگیر بوو، بەدەگمەن ستایشی کارێک لە کارەکانی خۆی کردووە.

فیودور میخائیلوفیچ هەندێجار زۆر شیفتەی ئەو بیر و بیرۆکانە دەبوو، کە هێشتا لەمێشکیدا بوون، بەڵام کە دەیخستنە سەر کاغەز و لەکارەکانیا بەکاری دەبردن، بەدەگمەن لێیان ڕازی دەبوو.

لە بیرمە فیودورمیخائیلوفیچ لە زستانی ساڵی ١٨٦٧ دا، زۆری بایەخ بە دۆخی ماڵباتی ئومیتسکی دەدا کە لەوسەروبەندەدا هەراو زەنایەکی نابووەوە.

بەرادەیەک بە خەمی ئەو دۆزەوە بوو کە بەتەمابوو ئولگا ئومێتسکای قارەمانی ئەم دۆزە بکات بە شا قارەمانی ڕۆمانە تازەکەی، تەنانەت لە ڕەشنووسەکانیا هەمان ناوی دانا بوو، مێردەکەم زۆر بە داخ بوو کە لە پترسبورگ نەبوو، ئەگەر لەوێ با بێگومان قسەی خۆی لەو بارەوە دەبوو+٨٥ ( قارەمانی ڕۆمانی تاوان و سزا ).

لە بیرمە فیودورمیخائیلوفیچ لە زستانی ساڵی ١٨٦٧دا زۆر پەیگیری چالاکییەکانی دادگای محەلەفینی، بە ماوەیەکی کەم پێش ئیمزاکردنی حوکمەکان، دەکرد، هەندێجار زۆری دڵ بە حوکمە لۆژیکی و دادپەروەرییەکان خۆش دەکرد و هەمیشە باسی ئەو وتارانەی بۆ دەکردم کە لە رۆژنامەکانا دەربارەی ژیانی دادڤانی+٨٦ دەیخوێندنەوە.

ڕۆژان تێدەپەڕین و بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی بویەرە گرینگەکەی ژیانی خۆمان- لەدایکبوونی نۆبەرەکەمان دەکرد کە ئاخۆ بە سەلامەتی دەبورێت، ئیدی هەموو بیر وهزرینێکمان بە دەوری ئەم مەسەلەیەدا دەخولایەوە، من و مێردەکەم لە ئێستاوە ئەم ساڤایەمان خۆشدەویست، قەرارێکی دووقۆڵیمان دا کە ئەگەر کچ بوو ، لە خۆشەویتی سوفیا ئەلکسندروڤنا ئیڤانوڤا، خوشکەزا ئازیزەکەی خۆی و هەروەها بە یادی ( سۆنیچکا مارمیلادوڤا)*ی ( قارەمانی ڕۆمانی تاوان و سزا) نەگبەت و بەدبەخت، کە زۆر بۆی گریام، ناوی بنەین سوفیا ( مێردەکەم حەزیدەکرد ناوی بنەین ئانا، لێ من قەبووڵم نەکرد) بەڵام ئەگەر کوڕ بوو، لە خۆشەویستی برا ئازیزەکەی مێردەکەم، واتە میخائیل میخائیلوفیچ، ناوی بنەین میخائیل.

هەڵبەتە بەوپەڕی منەتباری و پێزانینەوە لەبیرمە کە فیودور میخائیلوفیچ لەبەر باری خراپی تەندروستیم، بە چ میهر و سۆز و هەستیکی ناسکەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکردم، ئەوەم لەبیر ناچێتەوە کە چەند بەخەممەوە بوو وچۆن لە هەر جموجوڵێکمدا چونکە ئەزموونم نەبوو، ئاگاداری دەکردمەوە.

ئەوەی مێردە ئازیزەکام بۆی دەکردم لە دەستی هیچ دایکێکی مێریڤان و دلۆڤان نەدەهات.

لە یەکەم رۆژەوە کە گەیشتینە چینێڤ، فیودورمیخائیلوفیچ پاش ئەوەی یەکەم بڕە پارەی وەرگرت، خێرا چوو بۆ لای دکتۆرێکی منداڵبوون و داوای لێکردبوو

مامانێکم بۆ تەرخان بکات کە هەفتانە سەرم بدات، بە مانگێک بەر لە لەدایکبوونی منداڵەکە ڕاستییەکم بۆ دەرکەوت کە بەڕاستی کاری لە ناخم کرد، مێردەکەم بە ڕادەیەک کەتبووە خەمی منەوە نەدەچووە عەقڵەوە، جارێکیان مەدام (Barraud) ( مامانەکەم) کە هاتبوو بۆ سەردانم لێی پرسیم، چ ناسیاوێکی ئێمە لەو شەقامەی بەر ماڵی ئەوان ئاکنجییە، چونکە زۆرجار مێردەکەم لەو شەقامەدا دەبینێ، سەرم سوڕما، لە دڵی خۆمدا گوتم ڕەنگە هەڵەبێت. ئیدی کەوتمە پرسیار لە مێردەکەم: مەدام (Barraud) لە یەکێک لەو جادە زۆر و زەبەندانەدادەژیا کە لە دەستی شەقامی (Basses) وە کە شەقامی بازرگانی سەرەکی بوو لە چینیڤدا، دەچوو بۆ چیا، جا فیودورمیخائیلوفیچ بۆ ئەوەی شارەزای ناوچەکە بێت و لێی تێک نەچێت، هەموو ڕۆژێ دوای خوێندنەوە و موتاڵا، بەو جادەیەدا پیاسەی دەکرد، بە بەرماڵی مەدام (Barraud) دا دەڕۆیی و پاشان بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، مێردەکەم بە درێژایی سێ هەفتەی کۆتایی، ئەمەی کردبوو بە پیشە، لە کاتێکدا سەرکەوتنی ئەو بەم هەورازە رکەدا زۆر قورس بوو، هەناسەی تەنگ دەبوو، هەناسە سوارییەکەی لە زیادی دەدا، لە مێردەکەم پارامەوە کە خۆی بەم هاتووچۆیە ماندوو نەکات، بەڵام بەگوێی نەدەکردم، پاشان ئەمە بەخێر گەڕا، چونکە شارەزای جادەکە و ماڵی مەدام (Barraud) بوو بوو، توانی بووی لە کاتی ژان و ژاری منداڵ بوونەکەمدا بەو بەرەبەیانی تاریکە، شوێنەکە بە ئاسانی بدۆزێتەوە و مامانەکە بەپەلە دەگەڵ خۆیدا بێنێ.

فیودورمیخائیلوفیچ بۆ ئەوەی دڵی من خۆشبکات، بڕیاری دا جواب بۆ دایکم بنێرێت کە بێت بۆ سەردانمان و لە مانگێکەوە تا سێ مانگ میوانی ئێمە بێت، دایکم بە خۆشحاڵییەوە قایل دەبێت، ئیدی ئاگری جەرگ هەڵێدەگرێت، بەڵام داوای کرد دەرفەتی بدەین تا کاروباری ماڵەکەی ڕێک بخات، کە لەو ڕووەوە هەندێک کۆسپ و تەگەرەی هاتبووە ڕێ.

لە ناوەراستی هەیڤی دوازدەی ساڵی ١٨٦٧ دا کە چاوەروانی لەدایکبوونی منداڵەکە بووین، گواستمانەوە بۆ شوقەیەکی دیکە لە شەقامی (Mont-Blanc) نزیکی کلێسای ئەنگلیکانی، ئەمجارە دوو ژوورمان گرت کە یەکێکیان زۆر گەورە بوو، چوار پەنجەرەی هەبوو و دەیڕوانییە سەر کلێساکە، ئەم شوقەیە زۆر لە شوقە کۆنەکەمان باشتر بوو، بەڵام بیری دوو پیرەژنەکەی خاوەنی شوقەکۆنەکەمان

دەکرد، بێ ئەوانیمان پێوە دیاربوو، خودانی شوقە تازەکە دایمە لە ماڵ نەبوون، کارەکەرەکەیان لە جیاتی خۆیان لەوێندەر بەجێدەهێشت، ئەم کارەکەرە کیژێکی سویسری ئەڵمانی ڕەچەڵەک بوو، فەڕەنسییەکی کەمی دەزانی و دەیتوانی یارمەتیم بدات، بۆیە فیودورمیخائیلوفیچ لێبڕا (Garde-Malad) یکم* (* هاودەم بە زمانی فەڕەنسی) بۆ بێنێ، تا هەم ئاگای لە مندالەکە بێت و هەم لە کاتی نەخۆشیدا چاوی لە منەوە بێت.

وەرزی زستانمان بە کاری هاوبەش لە نووسینی ڕۆمانەکە و بە کاری دیکەوە بردە سەر، مانگی شوباتی ساڵی ١٨٦٨،هات و ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکە کە من زۆر خەمم بوو، ڕوویدا. کەش و هەوای چنیڤ لە هەوەڵی ساڵەوە زۆر خۆشبوو، بەڵام لە نیوەی شوباتەوە هەوا گۆڕا، ڕێک پێچەوانە بووەوە، ئیدی باهۆز و هۆڕەبا ناخۆشی کردبوو، دیارە ئەم هەواگۆڕکێ کتوپڕە وەکو هەمیشە، مجێزی فیودورمیخائیلوفیچی دەشێواند، لەم ماوە کەمەدا دوو چەلان فێی لێهات، چەلی دووەمیان زۆر توند بوو، نیوەشەوی بیستی شوبات تووشی بوو، زۆری ماندوو کرد، تەنانەت بەیانیش کە لە خەو هەستا بە ئاستەم خۆی بەپێوە دەگرت، بە درێژایی ڕۆژەکە هەر خەمین و بێ کەیف بوو، کە دیتم ئەوەندە بێتاقەتە قەناعەتم پێی هێنا کە زوو بنوێت، لە سەعات حەوتی ئێوارەوە خەوت، نزیکەی سەعاتێکی پێچوو هەستم بە سووکە ئازارێک کرد، لە سەرەتاوە سووک بوو، بەڵام سەعات بە سەعات لە زیادی دەدا، ژانێکی تایبەتی بوو، هەنگێ زانیم ئەمە ژانی منداڵبوونە و کاتی منداڵبوونم هاتووە.

نزیکەی سێ دانە سەعات بە ژانەوە بووم، بەڵام دواجار ترسام هەر بەو دەقەوە وەمێنم وکەس فریام نەکەوێت، چەندم پێناخۆش بوو کە بە ناچاری مێردە نەخۆشەکەم هەستێنم، بەڵام لێبڕام کە هەڵیبستێنم، بە ئەسپایی دام بەسەر شانیا، یەکسەر سەری لە سەر بالیفەکەوە هەڵبڕی و پرسی:

_ چیتە ئانیچکا گیان؟

گوتم:_ پێدەچێت شتەکە دەستی پێکردبێت. ژانم لێهاتووە!

مێردەکەم بەوپەڕی دلۆڤانییەوە گوتی:_ چەند بە خەمی تۆوەم گیانەکەم!

یەکسەر سەری بە سەر سەرینەکەدا کەوتەوەو خەوێکی قووڵی لێکەوت، لەسەرنی خۆمەوە بەزەییم بەودا هاتەوە، هەستم کرد زۆر بێتاقەتە، بۆم دەرکەوت فیودور میخائیلوفیچ لەحاڵێکدا نییە بتوانێ لە دووی مامانەکە بچێت و خۆ ئەگەر نەشیەڵم تیر خەوبێ و ئەعسابی هێور بێتەوە لەگینە فێی لێبێت.

خاوەنیماڵەکە وەکو هەمیشە لەدەرەوە بوون ( شەوان دەچوونە شەوگەڕ و تا بەیانی نەدەهاتنەوە) خۆ کارەکەرەکەش لە نرخی نەبواندا بوو، خۆشبەختانە ژانەکە کەمێک سووک بوو، لێبڕام هێندەی بتوانم دان بە خۆدا بگرم، بەڵام یاخوا ئەو شەوەی لە من چوو، بە نسیبی گاوریش نەبێ: دار ودرەختی دەوروبەری کڵێساکە بەدەم باهۆڕەوە زیرەیان دەهات، خەریکبوو لە بن و بێخەوە دەردهاتن، گێژەڵۆکە وباسریشک خۆیان بە پەنجەرەکەدا دەدا، ڕێگا و بان لە تاریکیدا نوقوم بوو بوون، تەنیایی و بێ توانایی و بێدەسەڵاتی دەستیان نابووە بینم، کە دەمبینی لەم ساتە دژوارەی ژیانمدا هیچ خزم و کەسوکارێکی دڵسۆزم بە دەورەوە نییە، زۆرم بەزەیی بە خۆدا دەهاتەوە، مێردەکەم کە تاقە کەسێک بوو بە خەممەوە بوو، ئەویش پێویستی بە یەکێک بوو یارمەتی بدات، بەگەرمی کەوتمە نوێژ و نزا، ئەم نوێژ و نزایە یارمەتی دام کە ورەی ڕووخاوم کەمێک بەرزبێتەوە.

لە گەڵ بەرەبەیاندا ژانەکەم زیادی کرد، دەوروبەری سەعات حەوت لێبڕام فیودور میخائیلوفیچ لە خەو هەستێنم، هەستا، بە شێوەیەکی بەرچاو بوژابووەوە، کە زانی شەوێ تا بەیانی بەدەم ژانەوە تلاومەتەوە زۆری خەفەت خوارد و گلەیی لێکردم کە بۆچی هەڵمنەستاندووە، لەچاوتروکانێکدا خۆی گۆڕی و بە هەشتاو ڕۆیی بەدوی مەدام (Barraud) دا لەوێ زۆری لە زەنگ دابوو، لێ کارەکەرەکە نەیویستبوو خانمەکەی لە خەو هەستێنێ، گوایە تازە لە شەوبێری گەڕاوەتەوە، ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ گەفی لێدەکات یا بەردەوام زەنگ لێدەدات یا شووشەکە دەشکێنی، مەدام هەڵدەستێنن، دوای سەعاتێک دەگەڵ مێردەکەمدا هات، ناچار بووم گوێ لە سەرزەنشتەکانی بگرم کە لە نەزانی خۆدا کۆمەڵێک کار هەبووە نەمکردووە، دڵنیای کردم کە ئەم بێ موبالاتییە، منداڵەکەم دوا دەخات، دڵنیای کردم کە تا حەوت هەشت سەعاتی دی ژان نامگرێت، ئیدی بەڵێنی دامێ کە ئەوسا دێتەوە بۆ لام، فیودورمیخائیلوفیچ چوو بە دووی هاودەمەکەدا، پاشان من و فیودور میخائیلوفیچ بەدەم چاوەڕوانییەوە دانیشتین بزانین چیمان بەسەر دێت، هەڵبەتە

زۆر نیگەران و پەشێو بووین، مەدام (Barraud) لەکاتی دیاریکراودا نەهات، مێردەکەم هەمدیس بە هەشتاو بەدوویدا دەچێت، تومەز دەرچوو بوو تا لە گەڵ دەستە خوشکەکانیا لە شوێنێکی نزیکی وێستگەی قیتارەکە فراڤین بخوات، مێردەکەم دەڕوات بۆ ئەو شوێنە و بە موکوڕییەوە داوای لێدەکات بێت بۆ لام، تا لە حاڵم دڵنیا بێت، مامانەکە گوتی کە وەزعم باش نییە و ڕەنگە لە درەنگانی شەودا منداڵەکەم ببێت، دوای ئەوەی هەندێک ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردم ڕۆیی بۆ نانخواردن، ژانەکەم بەردەوام بوو، مێردەکەم بەدەم عەزابەوە تەماشای دەکردم، کە سەعات بوو بە نۆ فیودورمیخائیلوفیچ سەبری سوا چوو بۆ لای دەستە خوشکەکانی مەدام (Barraud) سەیری کرد هەموو دانیشتوون و کاغەزێن دەکەن، پێی دەڵێت کە من وەزعم خراپە، ژان و ژارم زۆرە، ئەگەر نایەت و بەدیارمەوە نابێت، داوا لە دکتۆرەکە دەکات مامانێکی جدیتریان بۆ بنێرێت، ئەم هەڕەشەیە جێی خۆی دەگرێت، دیارە مەدام (Barraud) زۆری پێناخۆش دەبێت کە لەو گەمە خۆشە دەبێت و چەند جارەک ئەم ڕستەیە دووبارە دەکاتەوە: " ئاخ لەدەست ئەم ڕووسانە، ئاخ لەدەست ئەم ڕووسانە!"

فیودورمیخائیلوفیچ هەر بۆ ئەوەی ڕازی بکات و هێوری بکاتەوە شێوێکی زۆر نایابی بۆ ئامادە کردبوو، جۆرەها زەڵاتە و مقەبیلات و شیرینی و شەرابی بۆ کڕی بوو، زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی کە مێردەکەم خجڵی هێنانی مامانەکە و غاردان لەم دوکانەوە بۆ ئەو دوکان بوو تا بابەتی میوانداری فەراهەم بکات، چونکە لە مەشغەڵەتی خۆیدا خەمی منی لە بیر دەچووەوە، سەرباری ژانی منداڵبوون زۆرم پێناخۆش بوو کە فیودورمیخائیلوفیچ منی بەو ژان و ژارەوە دەبینی، هێشتا لەو خەمۆکییە نەبووبووەوە کە بەهۆی دوو چەلە فێیەکەوە، گرتبووی، دەترسام خەفەتی من کاری تێبکات و دیسان پەرکەمەکە بۆی بێتەوە، ئازار و نائومێدی لە ڕوخساری دەچۆڕا، هەندێجار دەمبینی دەگریا، تەنانەت خۆیشم تەواو ترسم لێ نیشتبوو نەبا بمرم، کاتێ ئەو شتانەم بیردێتەوە لە دڵی خۆدا دەڵێم ئەوەندەی خەمم بۆ مێردە داماوەکەم دەخوارد، کە مەرگی من بۆ ئەو دەیکردە کۆست و مەینەتییەکی گەورە، ئەوەندە خەمم بۆ خۆم نەدەخوارد. دەمزانی کە گەورەترین هیواو ئاواتێک کە من و مێردە ئازیزەکەمی یەکدەخست، منداڵە چاوەڕوانکراوەکەمان بوو، بۆیە هەرەسی ئەم خەون و ئاواتە بۆ مێردەکەم دەیکردە کارێکی گورچگبڕ، چونکە ئەو خۆ بە خۆ کەسێکی بێ ورە وسست ئیرادە بوو و

بەرگەی ئەو لێقەومانانەی نەدەگرت،. پێدەچوو ئەم نیگەرانی و پەرێشانییەم سەبارەت بە مێردەکەم ببێتە مایەی دواکەوتنی منداڵبوونەکەم، کە مەدام (Barraud) هەستی پێکردبوو بۆیە ئەنجام ڕێی بە مێردەکەم نەدا بێتە ژوورەکەم، دەیگوت دیمەنی مات و مەلوولی ترسم دەخاتە دڵ و دەروون. فیودور میخائیلوفیچ بەگوێی کرد، بەڵام من زیاتر نیگەرانی دایگرتم، لە بەینی نۆرە ژانەکاندا، بە مامانەکە یا هاودەکەم دەگوت سەیرێکی مێردەکەم بکەن بزانن چی دەکات، جوابیان بۆ دێنامەوە کە کەوتووەتە سەرچۆک و نوێژدەکات،یان دەیانگوت دانیشتووە و دەبیرەوە چووە و ڕوخساری دەنێو هەردوو دەستی ناوە، سات بە سات ژانەکەم زیادی دەکرد، هەندێجار لەخۆ دەچووم، کە وەخۆ دەهاتمەوە دەمڕوانییە ئەو دوو چاوە ڕەشەی دەیانڕوانییە من، چاوانی هاودەمەکە. هەستم بە ترس دەکرد، نەمدەزانی لەکوێم و چیم بەسەر دێت، ئەنجام لە دەوروبەری سەعات پێنجی سپێدەی بیست و دووی شوباتدا ژان بەریدام و سونیای کیژم هاتە دنیاوە، پاشان فیودورمیخائیلوفیچ بۆی گێڕامەوە کە بەردەوام نوێژی لە پێناوی مندا دەکرد، لە ناکاوا لە میانەی ناڵینی منەوە گوێی بەدەنگێکی نامۆی وەکو دەنگی منداڵ زرینگاوەتەوە، باوەڕی بەگوێی خۆی نەکردووە، بەڵام کە گریانەکە دووبارە بووەتەوە ئیدی بۆی دەرکەوتووە کە منداڵەکە هاتووەتە دنیایێ، ئیدی لە خۆشیا خۆی پێنەگیراوە، هەستاوەتە سەرپێیان و بەهەشتاو هاتووە بۆ ئەو ژوورەی کە لێیان قەدەغەکردبوو، دەسکی دەرگاکەی گرتووە، بە توندی پاڵی بە دەرگاکەوە ناوە و ئەوسا لە نزیک جێگاکەمەوە کەوتووەتە سەرچۆکان و کەوتووەتە ماچکردنی دەستم،زۆر خۆشحاڵ بووم کە ژانەکەم لە کۆڵ بووەوە. هەردووکمان حەپەسابووین، لە یەکەمین چارەکدا نەماندەزانی چیمان بووە،گوێمان لە یەکێک لە خانمەکان بوو کە بە فەرەنسی گوتی: ( کوڕە، وانییە؟) خانمەکەی دی بە فەرەنسی وەڵامی دایەوە: " نەخێر کیژێکی جوانە!" بەڵام بەلای من ومێردەکەمەوە کوڕ و کچ فەرقی نەبوو، ئەوەی بەلامانەوە گرینگ و خۆشبوو، ئەوە بوو کە خەونەکەمان هاتە دی، نۆبەرەکەمان هاتە دنیاوە!

لەو ماوەیەدا مەدام (Barraud) منداڵەکەی لەسەر جێگاکە هەڵگرت. بەبۆنەی لەدایکبوونی کیژەکەمانەوە پیرۆزبایی لێکردین، ئەوسا لە قوماتێکی سپییەوەی پێچا و بۆی هێناین. فیودور میخائیلوفیچ، بەڕێزێکی ئێجگار زۆرەوە خاچی بەسەر سونیادا کێشا و ئەوسا دەموچاوە ناسکەکەی ماچ کرد و گوتی:

" ئانیا تەمەشاکە چەند جوانە!" منیش نیشانەی خاچم بەسەریدا کێشا و ماچم کرد، کە مێردەکەم بینی ئەوەندە دڵخۆشە و شادمانی لێدەبارێت، زۆرم پێخۆش بوو، دوای ئەمە قەت بەم شادییە نەمبینییەوە.

فیودور میخائیلوفیچ لەگەرمەی ئەم شادییەدا دەستی لە ملی مەدام (Barraud) کرد و چەند جارێک دەستی هاودەمەکەی گوشی، مامانەکە پێی گوتم، بەدرێژایی کاری مامانیم هێشتا هیچ باوکێکم نەدیتووە بەدرێژایی ژان و ژاری خێزانەکەی ئەوەندە بەپەرۆش و نیگەران بێت، ئەوجا جارێکی دی دووپاتی کردەوە: " ئۆف لەم ڕووسانە تەحا لەم ڕووسانە!) ئەوسا مامانەکەم نارد تا لەدەرمانخانەیەک دەرمانێکم بۆ بێنێ کە نەیەڵێ خەو زۆرم بۆ بێنێ* (* لە ڕۆمانی ئەهریمەناندا، فیودور میخائیلوفیچ لە دیمەنی منداڵبوونی ژنەکەی شاتوفدا گەلێک لە هەستەکانی ئەو کاتی لەدایکبوونی کچەکەمانی تێهەڵکێش کردووە، ئا،گ. دوستویفسکایا) مەدام (Barraud) بە فیودورمیخائیلوفیچی گوت لەسەر باوکی منداڵە، بەگوێرەی یاسای سویسری، بڕوات پۆلیس ئاگاداربکاتەوە کە منداڵی بووە وشادەتنامەیەکی فەرمیان لێوەربگرێت، ئاگاداری کردەوە کە دەبێ لەزێ بکات دەنا جەریمە دەکرێت و لەوەیە بیگرنش، فیودورمیخائیلوفیچ بۆ ڕۆژی دوایی چوو بۆ دایەرەی پەیوەندیدار و چوار دانە سەعاتی پێچوو، لەدواکەوتنەکەی ترسام، چونکە ئاگام لە ڕەوشی تەندروستی ئەو بوو، جۆرەها غایلەی خراپم بەدڵدا هات کە ئاخۆ چی بەسەر هاتبێت، ئەنجام فیودورمیخائیلوفیچ بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە هاتەوە و لە نووکەوە بۆی گێڕامەوە کە چی بەسەر هاتووە، تومەز ئەو باوکەی بەو مەبەستە دەچێتە لای پۆلیس دەبێ دوو شایەدی دەگەڵ بێت، کە شایەدی بۆ درووستی دایک و باوکەکە بدەن و بیسەلمێنن کە ئەم منداڵە هاتووەتە دنیاوەو هی ئەو باوک و دایکەیە، ئیدی فیودور میخائیلوفیچ بۆ فەرمانبەرەکەی شەرح دەکات ، کە ئەو بابایەکی بیانییە و لە چنیڤدا ئاشنا و ناسیاوی نییە، بەڵام کابرای فەرمانبەر گوێی لێناگرێت و دەکەوێتە جێبەجێکردنی مامەڵەی داواکارەکەی دوای ئەو کە بەدحاڵی بوونیان دەکەوێتە نێوان. فیودورمیخائیلوفیچ لە دایەرەکە دێتە دەرێ و دەچێت بۆ لای نۆبەچی بەردەرگاکە و داوای لێدەکات ڕێگایەکی نیشان بدات، کابرای نۆبەچی یەکسەر مێردەکەم لەو ئاستەنگیە ڕزگاردەکات و پێشنیازی بۆ دەکات کە ئەو دەبێت بە شایەدێکی، بەڵام ناتوانێت ئەو شایەدییە بدات تا ئێشکەکەی تەواو نەبێت و نۆبەچییەکەی دیکە نەیات و نۆرەکەی لێ وەرنەگرێت،

ئەمەش یەک سەعات و نیوی دیکەی پێدەچێت، کاتێ فیودورمیخائیلوفیچ لێی دەپرسێت ئەدی شایەدەکەی دی لە کوێ پەیدا بکەین. نۆبەچییەکە بە فەرەنسی پێی دەڵێت: " برادەرێکی من" ئیدی کارەکە ڕایی دەبێت، بەڵام دەبێت فیودور میخائیلوفیچ چاوەڕوان بکات، ئیدی بەگوێرەی ئامۆژگاری نۆبەچییەکە دەڕوات لە سەر کورسییەکی قەراخ جادەکە دادەنیشێت، ئیدی بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەم چاوەڕوانییە چەند دەخایەنێت و کەی دەتوانێ بگەڕێتەوە، لە کاتی دیاریکراودا کابرای نۆبەچی ئێشکەکەی تەواو دەبێت و نۆبەچی دووەم دێت، ئیدی دەبن بە سێ کەس: مێردەکەم و دوو نۆبەچییەکە دەچن بۆ لای فەمانبەری پەیوەنددار، ئیدی تا داوای بابەتەکە و شایەدی دوو شایەدەکە تۆمار دەکرێت و پاشان داواکە لە دەفتەری تۆماردا تۆمار دەکرێت و بەیان ویلادەکە وەردەگرێت ماوەیەکی زۆری پێدەچێت، فیودورمیخائیلەفیچ دوای ئەوەی کارەکەی تەواو دەبێت، لە نۆبەچییەکە دەپرسێت هەقەکەیان دەکاتە چەند، کابرا بە فەرەنسی بەرسڤی دەداتەوە: هیچ ناکا قوربان، ئیدی مێردەکەم بیر لەوە دەکاتەوە هەردوو نۆبەچییەکە بۆ گازینۆیەک بەرێت و بەبۆنەی لەدایکبوونی منداڵەکەیەوە دەعوەتی شەرابیان بکات، جووتە نۆبەچییەکە بە خۆشحاڵییەوە ئەم دەعوەتە قەبووڵ دەکەن و دەگەڵ فیودورمیخائیلوفیچدا دەچن بۆ خوارنگەیەکی نزیک و لە ژوورێکی ئەلاحەدەدا دادەنیشن و فیودورمیخائیلەفیچ داوای سێ بوتڵ شەرابی سووری خۆماڵی دەکات، ئیدی جووتە میوان بەدەم شەراب خواردنەوەوە زمانیان دەکرێتەوەو جۆرەها حیکایەتی سەردەمی خزمەتگوزاری خۆیان بۆ خانەخوێیەکەیان دەگێڕنەوە، فیودور بۆی گێڕامەوە کە زۆر خەمی منی بووە و لە دڵی خۆیدا لەلایەکەوە خەمی منی بووە و لەلایەکی دیکەوە ماقووڵ نەبووە میوانەکانی بەجێبێڵێت، بە تایبەتی دوای سێ بوتڵی یەکەم دوو بوتڵی دیکەشی بۆ بانگ کردبوون، ئیدی جووتە نۆبەچی، خەیاڵ دەبن و نەشە دەیانگرێت و پێک لەسەر پێک هەڵدەدەن، جارێ بە سەلامەتی من، جارێ بە سەلامەتی سونیای ساڤالۆک و جارێ بە سەلامەتی ئەو کەسەی خستبوویەوە.

فیودورمیخائیلەفیچ داوای کردبوو کە هاوڕێی شاعیری، ئەپوللون بکرێت بە باوکی ڕوحی سونیای کچمان و دایکی من، ئانا نیکولایڤناسنیتکینا بکرێت بە دایکی ڕوحی.

دایکم لێبڕابوو بەبۆنەی لەدایکبوونی سونیای کچمانەوە سەردانمان بکات، بەڵام تووشی نەخۆشی بوو بوو ودکتۆر ڕێگەی نەدابوو تاکو بەهار سەفەری دوور بکات، دایکم لە سەرەتاکانی هەیڤی مایودا، دوای ڕێوڕەسمی غوسڵی تەعمیدی سونیا ئەوسا هات بۆ چنێڤ.

هەرچەندە من زۆر خۆشحاڵ بووم کە لە نەخۆشی هەستابوومەوە، بەڵام چونکە نزیکەی سی و سێ دانە سەعاتی دژوار بە ژانی منداڵ بوونەوە بووم، تووشی بێهێزی گشتی بوو بووم.

هەرچەندە خۆشحاڵ بووم مەمکی منداڵەکەم دەدا، بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت لەپاڵ مەمکی خۆما، شیری قوتوشی بدەمێ، منداڵێکی قوت و قەڵەو بوو، تەندروستی باش بوو و پێویستی بە خۆراکی زیاتر هەبوو، نەماندەتوانی دایەن بۆ سونیا بگرین، لە سویسرا بە شووشە و مەمە منداڵیان شیر دەدا، ئەمە جگە لە سیریلاک و خۆراکی دیکەش، هەندێ دایکی دیکە هەبوون منداڵەکانیان دەنارد بۆ چیا کە نزیکەی شەست کیکۆمەتر ڕێگا بوو، تا ژنە جوتیاران مەمکیان بدەن، هەڵبەتە من دڵم نەدەهات سونیا لە خۆم دوورخەمەوە و بە خەڵکای بیانی بسپێرم، ئەمە جگە لەوەی دکتۆریش ئامۆژگاریان کردم کە شتی وا نەکەم، چونکە ژمارەیەک منداڵ دوای ئەوەی ژنە دێهاتیان بردبوویانن، لەبەر کەم خزمەتی مردبوون.

کاتێ لە ماڵەوە ژیانمان ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتەوە، ئیدی ئەو ژیانە خۆشە دەستی پێکرد کە هەرگیز لەبیرم نەچووەوە، زۆر بەوە کامەران بووم کە دەمبینی فیودورمیخائیلوفیچ میهرەبانترین ودلۆڤانترین باوکە، هەمیشە هەوڵیدەدا لە کاتی شۆردنی منداڵەکەدا لە ماڵ بێ تا یارمەتیم بدات و بەخۆی لە قوماتەکەیەوە وەپێچێ و بە سنجاقی ئینگلیزی قایمی بکات، ئینجا هەڵیبگرێت و بیخاتە سەردەستی و بیهەژێنێ، ئەگەر لەگەرمەی کارا بوایە، هەرکە گوێی لەدەنگی بوایە، وازی لە کارەکەی دێنا و دەگەییە دیاری و ژیری دەکردەوە ، کە لە خەو ڕادەبوو، یا لە دەرەوە دەهاتەوە، یەکەم پرسیاری لە من ئەوە بوو: " سۆنیا چۆنە؟ حاڵی چۆنە؟ باش خەوت، شیری خوارد؟" فیودورمیخائیلوفیچ بە سەعاتان بەدیار بێشکەکەیەوە دادەنیشت، هەندێجار لایلایەی بۆ دەکرد، هەندێجار قسەی دەگەڵدا دەکرد، تەنانەت دڵنیابوو ئەم منداڵە گەییە سێ مانگان، ئەوی دەناسییەوە، ئەوەتا لە نامەیەکی ١٨/ مایو/ ١٨٦٨ دا بۆ ئەپوللون مایکۆف دەڵێت:" ئەم خەلقەندە

بچووکە، بەستەزمانە کە تەمەنی سێ دانە مانگە، بۆ من شەخسیەتێکە، خەریکە دەمناسێتەوە، خۆشی دەوێم کە لێی نزیک دەبمەوە بۆم دەگەڕێتەوە، کە بەدەنگە ناسازەکەی خۆم گۆرانی بۆ دەڵێم حەزدەکات گوێم لێبگرێت، کاتێ ماچی دەکەم ناگری و ڕووی گرژ ناکات، کە دەچم بەلایەوە لە گریان دەکەوێ+٨٧."

بەڵام قەدەر ئەم خۆشبەختییەی تاسەر پێ ڕەوا نەبینین،لە رۆژانی هەوەڵی مانگی مایودا هەوا زۆر خۆشبوو، لەسەر داوای دکتۆر کچەکەمان بۆ باخی ئینگلیزی دەبرد، لەوێ نزیکەی سەعاتێ دوان دەنووست، ڕۆژێک بەدەم پیاسەوە لە ناکاوا هەوا گۆڕا، بای باکور کە بایەکی وشکی ساردە و لە فەرەنسا و سویسرا بای" بیز" ی پێدەڵێن، هەڵیکرد و ئیدی منداڵەکە باپەڕبوو، شەوێ تای لێهات و کۆکەی گرت، یەکسەر چووین بۆ لای باشترین دکتۆری منداڵان، کە هەموو ڕۆژێک دەهات بۆ ماڵمان ودڵنیای دەکردینەوە کە کیژەکەمان چاک دەبێتەوە، تەنانەت بە سێ سەعات بەر لە مردنەکەی بە منی گوت حاڵی زۆر باش بووە، ویڕای ئەم هەموو دڵنیاکردنەوەیش، فیودورمیخائیلوفیچ نەیتوانی بچێتەوە سەر کارەکەی و بەردەوام بەدیار بێشکەکەیەوە دادەنیشت و مەگەر بە دەگمەن دەنا لێی دوور نەدەکەوتەوە، لە ترس و دوودڵییەکی زۆردا دەژیاین، ترسەکەمان هاتە دی. لە بەیانی ١٢/ مایو/ ١٨٦٨ دا سونیا، کیژە ئازیەکەمان مرد، ناتوانم ئەو حاڵەتی نائومێدییە وەسپ بکەم. کە باڵی بەسەردا کێشابووین، نائومێد و نامراد، دەستەوئەژنۆ دەمانڕوانییە جەندەکی کیژە ئازیزەکەمان، کە مەرگ لێی ڕفاندین، من کە لەداخ و سوێیاندا، ئاگام لە خۆ نەمابوو، لە سەرنی خۆمەوە، خەمی مێردە بەدبەختەکەم بوو، کە شتێکی بەسەر نەیەت، نائومێدییەکەی لەوەدا نەبوو، وەکو ژن بەدیار جەندەکی کیژە ئازیزەکەیەوە دەگریا و فرمێسکە گەرمەکانی بە دەموچاوە زەرد و دەستە بچووکەکانیا دەهاتنە خارێ. لە ژیانما نائومێدی وام نەبینی بوو، وامان وێنا دەکرد بەرگەی ئەم خەمە ناگرین، لە ماوەی دوو ڕۆژدا بۆ ماوەی یەک ساتیش یەکترمان بەجێ نەهێشت، بە جۆرەها دایەرەدا دەگەڕاین تاکو مۆڵەتی ناشتنی منداڵەکەمان وربگرین وڕێوڕەسمی کفن ودفنەکەی ئەنجام بدەین، بە دووقۆڵی لە کفنێکی ئاوریشمی سپیمانەوە پێچا، ئەوجا لە تابووتێکی چکۆلەمان نا و پارچەیەک ئاوریشمی سپیمان پێدادا و بە دیارییەوە دەستمان بە گریان کرد، خۆمان پێ نەدەگیرا، نەمدەویرا تەمەشای فیودورمیخائیلوفیچ بکەم، سەروسیمای ترسناک بوو،

دەموچاوی هەر نەمابوو، دوای هەفتەیەک لە نەخۆشییەکەی سونیا ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما.

لە ڕۆژی سێیەمی مردنەکەیدا جەندەکەکەمان هەڵگرت و بۆ کلێسای ڕووسیمان برد تا نوێژی مردووی لەسەر بکرێ، لەوێوە بۆ گۆڕستانی (Plain Palais) مان برد و لە جێیەکی تایبەت بە مندالان نێژرا، دوای چەند ڕۆژێک شەتڵی سەرووی لەسەر ڕوێنرا و خاچێکی مەڕمەڕی سپی لە ناوەندا چەقێنرا، هەموو ڕۆژێک چەپکێ گوڵمان لەگەڵ خۆدا دەبرد، دەچووینە سەر گۆڕەکەی و بەدیارییەوە دەگریاین، هەڵبەتە مەرگی منداڵەکەمان بۆ ئێمە زۆر قورس بوو، لەرادەبەدەر خۆشمان دەویست، کۆڵکەی هاوبەشی دەیان خەون و ئاواتمان بوو.

"٥"

مانەوەمان لە چنیڤ، کە هەموو شتێک سونیای بیردەخستینەوە زۆر زەحمەت بوو، بۆیە بڕیارمان دا ئەو نەخشەیە جێبەجێ بکەین کە پێشتر دامان نابوو، ئەویش ئەوە بوو یەکسەر بۆ (Vevey) بڕۆین، کە کەوتبووە سەر دەریاچەی چنیڤ، هەڵبەتە زۆرمان پێناخۆش بوو کە لەبەر دەستکورتی نەماندەتوانی لە سویسرا بڕۆین، فیودورمیخائیلوفیچ وای لێهات تەحەمولی سویسرای نەدەکرد، چونکە مەرگی سونیای لە چاوی کەش و هەوای ناسازگاری چنیڤ دەزانی، لە چاوی خەمساردی و لە خۆبایی بوونی دکتۆرەکە و لە بێ ئەزموونی پەرستارەکەی دەزانی، فیودور میخائیلوفیچ هەمیشە جۆرە بوغزێکی لە سویسریان هەبوو، ئەو وشکی و ساردیەی، زۆریان لەکاتی خەمەکەماندا بەرامبەر بە ئێمە دەریان بڕی، هێندەی دیکە سویسرییەکانی لە بەرچاو خست، بۆ نموونە جیرانەکانمان وێڕای ئەوەی بەم خەم و کۆستە گەورەیەی ئێمەیان دەزانی، جوابیان ناردبوو کە من بەدەنگی بەرز نەگریم، چونکە سەرودڵیان دەگیرێت.

هەرگیز ئەو ڕۆژە خەمناکەم لەبیر ناچێت، کاتێ بۆ دواجار چووین بۆ دوعاخوازی لە کیژە ئازیزەکەمان و چەپکە گوڵمان لەسەر گۆڕەکەی دانا، دوای ئەوەی شتەکانمان لە کەشتی بارکرد و ناردمانن، ئیدی بە دیار گۆڕەکەوە دانیشتین و یەک سەعاتی تەواو گریاین، ئەوسا دوا نیگای گۆڕەکەمان کرد،بەوپەڕی هەستی بێکەسییەوە ئەوێندەرمان بەجێهێشت.

ئەو کەشتییەی کە بە ناچاری سواری بووین، کەشتی باریی بوو، نەفەری زۆر کەمی بەسەرەوە بوو، ڕۆژێکی گەرم بوو، بەلام هەور بەری ئاسمانی گرتبوو، دنیا هەمان حاڵەتی دەروونی ئێمەی هەبوو، فیودورمیخائیلوفیچ زۆر خەمبار بوو، لەوەتای ماڵئاواییمان لە گۆڕەکەی سونیچکا کردبوو، حەپەسابوو، لێرەدا بۆ یەکەم جار لە ژیانما گوێم لە مێردەکەم بوو کە بەوپەڕی داخ و کەسەرەوە گلەیی لە قەدەر دەکرد ( زۆر بە کەمی گازندەی دەکرد) ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ کەوتە گێڕانەوەی ئەو سەربهورد و یادگارییە ناخۆشانەی کە لە گەنجیدا تووشی بوو بوو، بەتایبەتی دوای مردنی دایکە ئازیز و دلۆڤانەکەی و چۆن هاوڕێکانی لە بواری ئەدەبدا گاڵتەیان پێکردبوو،دوای ئەوەی دانیایان بە بقهرەمەندی ئەودا نابوو،لە ناکاوا بایان دابووەوەو گاڵتەیان پێکرد بوو. باسی یادگارییەکانی تاراوگەی بۆ کردم، باسی ئەوەی گێڕایەوە کە چوار ساڵ زندانی بە چ جەخارێکەوە لە تاراوگە بەسەر بردووە، باسی ئەوەی گێڕایەوە چۆن بە ئومێدی ئەوە بووە خواستنی ماریا دیمترییڤنا قەرەبووی ئەو هەموو کلۆڵییەی بۆ بکاتەوە، منداڵی لە ماریا دیمترییڤنا نەبوو کە ( ژنێکی بەدگومانی نامۆی خەیاڵ نەخۆش بوو)* ( *فیودور میخائیکوفیچ لەنامەیەکی بەرواری ١٨٦٥/٣/٣١ دا بۆ بارون ئەلکسندر ڤرانگیل، لە وەسپی کەسێتی ژنی یەکەمیدا هەمان ئەو وشانەی بەکاربردووە، بڕوانە ژیننامە و نامەکان، ل ٢٧٨، ئا.گ. دوستویڤسکایا ٨٨+) کە ئەمە ژیانی هاوبەشیانی لێکردبوو بە دۆزەخ، ئێستاش کە ئەم " شادمانییە مەزنە- مەبەست کیژە ئازیزەکەمانە"+ ٨٩ (* ژیننامە ونامەکان، ل ٢٨٨، ئا. گ. دوستویڤسکایا) ڕووی تێکردبوو، دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسابوو تامی کامەرانی بچێژێت، قەدەری بێ بەزەیی لێی هەڵگەڕایەوەو ئەم خەڵقەندە ئازیزەی بردەوە و ئەو کامەرانییەی پێ ڕەوا نەبینی!

ئەمە یەکەمجار و دوا جار بوو کە فیودورمیخائیلوفیچ، بەو تول و تەفسیل و وردی و زەبوونییە، کلۆڵی خۆی دەگێڕایەوەو گلەیی لە نزیکترین و ئازیزترین کەس دەکرد کە ئەزیەتیان دابوو.

ویستم هێوری بکەمەوە، تکام لێکرد، بەم بەڵای قەدەرە ڕازی بێ، بەڵام دیاربوو ژان دڵی دەگوشی، بۆیە دەبوایە دڵی خۆی خاڵی بکاتەوە و بە دەنگی بەرز گلەیی لە قەدەر بکات، گلەیی لە بەخت و ناوچەوانی خۆی بکات، لە کانگای دڵەوە بەزەییم بە مێردە بەدبەختەکەمدا دەهاتەوە، گوێ بە گوێی ئەو دەگریام و

بەشداری خەمەکانیم دەکرد، خەمە قووڵە هاوبەشەکانمان، گفتوگۆ ڕاستگۆیەکانمان، کە لە میانەی کەشفبوونی نهێنییەکانی ڕوحە ئازار دیدەکەیەوە دەردەکەوت، هێندەی دی لێکمانی نزیک دەکردەوە.

بە درێژایی چواردە ساڵی ژیانی ژن و مێردایەتیمان، قەت بیرم نایەت کە هاوینێکی خەمناکی وەکو هاوینی ڤیڤی ساڵی ١٨٦٨ مان بەسەر بردبێت، دەتگوت ژیان بۆ ئێمە و لای ئێمە وەستاوە، هەرچی بیرکردنەوە و قسەوباسمان هەبوو، هەرهەمووی دەربارەی سونیا بوو، دەربارەی ئەو ساتانەی ژیانمان بوو کە بە سونیا ڕووناک بوو، هەرکاتێ منداڵێکمان بدیبایە دڵمان پڕ دەبوو و کۆستەکەمان تازە دەبووەوە، جا بۆ ئەوەی دڵمان شەق نەبات، دەڕۆیشتین بۆ چیا، خۆمان لەو دیدارانە دەدزییەوە کە برینیان دەکولاندینەوە، منیش خەمی زۆرم خوارد، خەمیش خوێنی جگەرمی دەخواردەوە، فرمێسکی گەرمم بۆ کیژەکەمان هەڵڕشت، بەڵام ئومێدی گەورەم بە بەزەیی و ڕەحمی خوا هەبوو، کە ئەم جەخارەمان لەسەر لادەبات و دەرووی ڕەحمەتمان لێ ڤەدەبێ و منداڵێکی دیکەمان دەبێت، بەردەوام لە پێناوی ئەمەدا نوێژ و نزام دەکرد، ئیدی بەرە بەرە ئومێدی دایکایەتیم لە دڵدا بوژایەوە و من و دایکم کە بە تاسەوە بوو نەوەی خۆی بدینێ و مومارەسەی نەنکایەتی بکات هێور بووینەوە، لەسایەی نوێژ و نزاوە بەرە بەرە خەمەکەم دەڕەوییەوە، بەڵام شتەکە بۆ فیودورمیخائیلوفیچ بەم شێوەیە نەبوو، ئەمە جگە لەوەی حاڵی دەروونی باش نەبوو، زۆری لێدەترسام.

فەرموون ئەمە بەشێکە لەو نامەیەی کە لە ٢٢/ یونیو/١٨٦٨ دا بۆ مایکۆڤی ناردووە: " ..... تا کات زیاتر تێدەپەڕێت، زیاتر یادگەم دەمەزەرد دەبێتەوە و سونیا زیاتر لەبەرچاوم بەرجەستە دەبێت، هەندێ سات دێنە پێشێ پیاو تەحەمولی ناکات، تازە خەریکبوو دەیناسیمەوە، ئەو ڕۆژەی کە مرد لە ماڵ چوومە دەرەوە، چووم بۆ ڕۆژنامە خوێندنەوە، هەرگیز وێنام نەدەکرد دوای دوو سەعاتی دی دەمرێت، بە نیگا بەڕێی کردم، بە جۆرێ نیگای بەگەڵم خست کە تا ئێستاش، نیگاکردنەکەیم لەبەرچاوە، هەگیز لەبیرم ناچێتەوە، هەرگیزاو هەرگیز، ئەم سوێیەم لەدڵ دەرناچێت! ئەگەر منداڵێکی دیکەشم ببێت، نازانم چۆنم خۆشدەوێت و ئەم خۆشەویستییە لەکوێ بێنم؟ من پێویستیم بە سونیایە. هەرگیز باوەڕناکەم مردبێ، جارێکی دیکە هەرگیز نایبینمەوە+٩٠"

بەم وشانە فیودورمیخائیلوفیچ وەڵامی سەرخۆشی دایکمی دایەوە، مجێزی ڕووخاوی زۆری دەترسانم، لە دڵی خۆدا دەمگوت تۆبڵێی ئەگەر خواوەند کۆرپەیەکی دیکەی پێبەخشین، فیودورمیخائیلوفیچ نەتوانێ خۆشی بوێت، وەک چۆن دڵی بە سۆنیا خۆشبوو، بەو ئاوایە دڵی بەمیش خۆشنەبێت. ئیدی خەم و پەژارە باڵی بەسەر خانەوادەکەماندا کێشا بوو.

فیودر میخائیلوفیچ دەستی بە نووسینی ڕۆمانەکەی کردەوە، بەڵام کارکردن هێوری نەکردەوەو وێڕای خەمباری خۆمان، خەمێکی دیکەشمان بۆ زیاد بوو، ئەویش ئەوە بوو ئەو نامانەمان پێ نەدەگەیین کە بۆمان دەنێردران، بەو جۆرە وەکو پێویست پەیوەندیمان لەگەڵ کەس وکار و ناسیاوەکانماندا بەردەوام نەبوو، کە ئەم پەیوەندیانە تاقە سوکنا وئۆقرەی ئێمە بوون، زۆرمان پێناخۆش بوو کە نامەی ئەپوللون مایکۆفمان لێ ببڕێت کە هەمیشە نامەی جوان و دڵخۆشکەر بوون، ڕۆژ بە ڕۆژ گومانمان لە هۆی ونبوونی نامەکان زیادی دەکرد، بەتایبەتی کە نامەیەکمان لە کەسێکی نادیارەوە* (* ژیننامە و نامەکان، ل ١٩٢، ئا. گ. دوستۆیڤسکایا ٩١+) پێگەیی کە فیودورمیخائیلوفیچ گومانی لەسەرەو ئەمردراوە کە نامەکانی بکرێنەوە و کە بۆ ولات گەڕایەوە لە سەر سنوور زۆر بە وردی بێتە پشکنین ٩٢+، جا بۆ نەگبەتی فیودورمیخائیلوفیچ کتێبێکی قاچاغی دەست کەوتبوو بە ناونیشانی (نهێنییەکانی کۆشکی تزاران) لە سەردەمی تزار نیکولای پاڤلوفیچەوە٩٣+، نووسەری ئەم کتێبە دوستۆیفسکی و ژنەکەی لە ڕیزی قارەمانانی ئەم کتێبە دانابوون، ئەمە جگە لەوەی زۆر شتی سەخیفی دیکەی تێهەڵکێش کردبوو، لەوانە: گوایە دوستویفسکی مردووەو ژنەکەی چووەتە دێرێک، ئەم حیکایەتە فیودور میخائیلوفیچ زۆر پەست دەکات، تەنانەت بیر لەوە دەکاتەوە بەرپەرچی ئەو درۆ و دەلەسانە بداتەوە کە لە کتێبەکەدا هاتبوون، ( هێشتا ڕەشنووسی نامەکەم لایە) بەڵام پاشان گەییە ئەو قەناعەتەی کە ئەم گەوجە گەوجە شایستەی بەرپەرچدانەوە نییە+٩٤.

"٦"

کە وەرزی پایز هات، ئیدی بۆمان دەرکەوت کە پێویستە بای باڵێکی خۆمان بدەین، ئیدی گەییە تینمان و بڕیارمان دا، چەندیش لەسەرمان بکەوێ لە سەرەتای هەیڤی ئەیلولدا سەفەری ئیتاڵیا بکەین و لە هەوەڵین دەرفەتدا سەری شاری میلان

بدەین، بەرتەنگی سیملپۆن* (* بەر تەنگێکە لە چیای ئەلپ دەکەوێتە نێوان سویسرا و ئیتاڵیاوە و دووهەزار و پەنجا و پێنج مەتر بەرزیەتی.) نزیکترین بەرتەنگی چیایی بوو لە ئێمەوە، بەشێکیمان بە پێیان بڕی، من و مێردەکەم بەدەم ڕێگاوەو کاتێ بەلای ئەو گالیسکە نەفەربەرە گەورانەدا کە لە ئەسپان بەسترابوون و بە بەرتەنگەکەدا سەردەکەوتن، گوڵی کێویمان دەچنی، پاشان لە دیوەکەی دیدا سواری گالیسکەی سەربەتاڵ بووین وبەرەو ئیتاڵیا داگەراین، ڕووداوێکی کۆمیدیمان هاتە پێش، هێشتاش لەبیرمە لە گوندی (Domo D'ossola) کە چووم بۆ کڕینی هەندێ میوە و بۆ ئەوەی ئەو زمانە ئیتاڵیەش تاقیبکەمەوە کە لە هاویندا فێری بوو بووم، دیتم فیودورمیائیلوفیچ چوو بۆ دوکانێک، یەکسەر ئەوەم بە بیردا هات کە ڕەنگە پێویستی بە کەسێک بێت کە لە قسەکردندا یارمەتی بدات، بۆیە بەهەشتاو خۆمم گەیاندێ، تومەز چوو بوو دیارییەک بۆ من بکڕێت و لەو ڕێگایەوە دڵم خۆش بکات، ئیدی خەریک بوو سەوای زنجیرێکی دەکرد کە لە جامخانەی دوکانەکەوە دیتبووی، ئیدی کابرای دوکاندار داوای نرخێکی زۆر بەرزی کردبوو بەو خەیاڵەی گوایە ئێمە "بیانیانی دەوڵەمەند و ئەرستوکراتین" داوای سێ هەزار فرانکی دەکرد و دەیگوت ئەمە زنجیرێکی زۆر کۆنە و هی سەردەمی ئیمپراتۆر " ڤیسباسیان"* (* ڤیسباسیان ٧٩-٩: ئیمپراتۆری ڕۆمانی ٦٩- ٧٩) جا چونکە نرخی زنجیرەکە لە هەرچی دار و نەدارمان هەبوو زیاتر بوو، فیودورمیخائیلوفیچ دەستی بە پێکەنین کردبوو، لەوەتای منداڵەکەمان مردبوو، ئەمە یەکەم جاری بوو کە بەو شێوەیە پێبکەنێت.

هەڵبەتە گۆڕینی ڕەوشی ژیانمان و دیتنی خاک و خەڵکی تازە( فیودور میخائیلوفیچ پێی وابوو جوتیارانی هەرێمی لومباردیا زۆر لە جوتیارانی ڕووس دەچن) کارێکی ئەرێنیان لە مجێزی مێردەکەم کرد، لەیەکەم ڕۆژەوە کە گەیشتینە میلان جۆرە تین و تاوێکی تازەی تێگەڕا، بردمی بۆ دیتنی کڵێسای " دو مو" کە زۆری بەلاوە جوان و دڵگیر بوو، فیودور میخائیلوفیچ تەنیا ئەوەی پێناخۆش بوو کە چەند ماڵێک لەوێ بوون، کە تەنیا مەیدانێکی بچووک لە کڵێساکەی جیا دەکردنەوە ( ئێستا مەیدانەکە فراوان کرابووەوە) دەیگوت ئاپارتمانی " دو مو" بەهۆی ئەو ماڵانەوە شکۆ و جەلالی خۆی لەدەست داوە.

ڕۆژێکی ساماڵ من و مێردەکەم سەرکەوتینە سەرەوە بۆ سەربانی کلێساکە، تا لەوێندەرەوە تەماشای دەوروبەری کلێساکە بکەین و بەشێوەیەکی باشتر پەیکەرەکان ببینین، لە گەڕەکی (Corso) لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا خانوویەکمان بەکرێ گرت، کۆڵانەکە هێندە تەنگ بوو، دراوسێکان دەشیان لە پەنجەرەکانەوە دەگەڵ یەکدیدا بئاخفن.

کە دیتم مێردەکەم لەباری دەروونیەوە ئاسوودەیە، زۆر دڵم خۆشبوو، لێ مخابن ئەم حاڵەتە زۆری نەخایاند، سەرلەنوێ تووشی نوستالیژا بووەوە، غەریبی نیشتمانی دەکرد، تاقە شتێک کە دڵی مێردەکەمی خۆش دەکرد و خەم و پەژارەی دەڕەواندەوە نامە گۆڕینەوە بوو لەگەڵ ئەپوللون مایکوف و نیکولای ستراخوفدا، ستراخوف ئاگاداری کردینەوە کە گۆڤارێکی تازە بەنێوی ( زاریا= بەیان، سپێدە، ئەلەند) دەردەچێت و ڤاسیلی کاشبیریف دەری دەکات* (* ڤاسیلی فلادیمیروفیچ کاشبیریف ١٨٣٦- ١٨٧٥: ئەدیب ونووسەری فەرمی گۆڤاری زاریا بوو ١٨٦٩- ١٨٧٢. دوستویفسکی دووراودوور لە ساڵی ١٨٦٩ دا لە ڕێگەی ستراخۆفەوە ناسیاوی دەگەڵدا پەیداکرد، پاشان لە ساڵی ١٨٧٠ دا چیرۆکی مێردی هەمیشەیی، لەلای ئەو لە گۆڤاری زاریا بڵاوکردەوە وئیدی پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان هەردوو خانەوادەی کاشبیریف ودوستویفسکیدا، پاش گەرانەوەی دوستویفسکی لە هەندەران پەیدا بوو.)

ئەوەی لەم هەواڵەدا بەلای فیودورمیخائیلوفیچەوە گرینگ بوو ئەوە بوو کە گوایە نیکولای ستراخوف دەبووە سەرۆکی ئەم گۆڤارە، ستراخوف پێشتر لە هەردوو گۆڤاری ( کات) و ( سەردەم) دا، نووسەر بوو، بۆیە مێردەکەم ئەو هەواڵەی پێ خۆشبوو و لە نامەیەکدا دەڵێت لە سۆنگەی ئەوەوە " کارە هاوبەشەکانمان بەردەوام دەبن و خۆزیاکانمان هەڵناوەرن" ئەزموونی ( کات و سەردەم) سەرکەوتوو بوو و بەروو بوومی خۆی دا، بۆیە دەبێ ئەم گۆڤارە درێژە پێدەری ئەوانی پێشوو بێت کە ئەمە هەواڵێکی زۆر دڵخۆشکەرەیە *+٩٦ (* ژیننامە و نامەکان ل ٢٦١. ئا.گ. دوستویڤسکایا ٩٥+)

ستراخوف. بە موکوڕییەوە داوا لە مێردەکەم دەکات کە لە زاریادا کاربکات، فیودور میخائیلوفیچ بە خۆشحاڵییەوە ئەو داوایە قەبووڵ دەکات، بەو مەرجەی لە پێشا ڕۆمانی ( گەمژە) تەواوبکات، کە بە دەستیەوە گیرۆدە بوو بوو، هێشتا لە

ڕەوتی ڕۆمانەکە ڕازی نەبوو. فیودورمیخائیلوفیچ چەند جارێک ئەوەی دووپات کردەوە کە هەرگیز بیرۆکەیەکی فیلیڤانی باشتر لەم بیرۆکەیەی لا گەڵاڵە نەبووە کە لەم ڕۆمانەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەی لەوێدا دەری بڕیوە، تەنیا دەیەکی ئەو شتەیە کە ویستوویەتی دەری ببڕێ ٩٧+)

پایزی ساڵی ١٨٦٨ لە میلان پایزێکی بە باران و سارد و سەرما بوو، کە ئەمە کردبیە کارێک مێردەکەم بە کەیفی دڵی خۆی پیاسە دوور و درێژەکانی بکات (کە زۆری حەز لێدەکرد) کتێبخانانی خوێندنەوە لەم شارەدا ورۆژنامە و بلاڤۆک و کتێبانیان بە زمانی ڕووسی نەبوو، بۆیە مێردەکەم زۆر بێتاقەت بوو لەوەی کە هیچ هەواڵێکی وڵاتی پێنەدەگەیی و بۆیە دوای ئەوەی دوو هەیڤمان لە میلان قەتاند، لێبڕاین زستان سەفەری فلورەنسا بکەین، فیودورمیخائیلوفیچ پێشتر سەفەری فلورەنسای کردبوو، هێشتاش یادگاری خۆشی دەربارەی ئەو شارە لامابوو، بە تایبەتی سەبارەت بە گەنجینە هونەرییەکانی.

بەو جۆرە لە کۆتایی هەیڤی ١١/ ١٨٦٨ دا چووین بۆ پایتەختی ئەوسای ئیتاڵیا و لە نزیکی (Pallazzo pitt) لاماندا، ئەم جێگۆڕکێیە کارێکی ئەرێنی باشی لە مێردەکەم کرد، هەر زوو کەوتینە سەردان و دیتنی کڵێسا و مۆزەخانە و کۆشکەکان، زۆر چاکم لە بیرە فیودورمیخائیلوفیچ چۆن دەچوو بۆ تەمەشایکاتەدرائیەو کڵێسای (Santa, Del Battistero) کە منداڵی تیا تەعمید دەکرا، فیودورمیخائیلوفیچ زۆر شیفتەی دەرگا برونزییەکانی کڵێسای باتیسترو بوو بەتایبەتی ( Delta del paradiso)= (دەرگای بەهەشت) کە دەسکاری هونەرمەندی نێودار (Ghiberti) بوو*(* گیبیرتی لۆرینز و ١٣٨٧ یا ١٣٨١- ١٤٥٥: زێڕینگەر وتەلارکار وپەیکەرسازێکی ئیتاڵی بوو.) زۆرجار فیودور میخائیلوفیچ کە بەلایدا دەڕۆیی، تاوێکی زۆر بەسەرسامی بەدیارییەوە دەوەستا و لێی ڕادەما، دەیگوت ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پارەیەکی مۆڵی بێتە دەست، وێنەیەکی فوتوگرافی ئەم دەرگایانە دەکرێت، ئەگەر بکرێت بە هەمان قەوارەی ئاسایی خۆیان و لە ژوورەکەی خۆیدا هەڵیاندەواسێت تا لەزەت لە تەماشایان بدینێت.

من و مێردەکەم هەندێجار دەچووین بۆ (Palazzo Pitti) سەرسامی خۆی سەباەت بە تابلۆکەی روفایل (Madonna della sedia) و تابلۆکەی تری ( قەشە یوحەنای مەعمەدان لە بیاباندا) دەردەبڕی کە لە گالیری (Uiffizi) دابوو، کە ماوەیەکی زۆر

بەدیاریەوە دەوەستا، دوای ئەوەی لە تەماشای هۆڵی وێنەکان دەبوەوە، دەبوایە بچێتە تەماشای پەیکەری (Venere Medici) کە دەسکاری پەیکەرسازی بەنامێی ئیتاڵیایی کلیومین+ ٩٨ بوو، مێردەکەم ئەم پەیکەرەی بە شاکار دەزانی.

خۆشبەختانە لە فلۆرەنسادا کتێبخانەیەکی زۆر باش و هۆڵی خوێندنەوەمان دۆزییەوە کە دوو بلاڤۆکی ڕووسی هەبوو، ئیدی مێردەکەم دوای نانخواردن بۆ خوێندنەوە بۆ ئەوێندەر دەچوو: بەرهەمەکانی ڤۆلتیر و دیدروی+ ٩٩ بە فەرەنسی بە ئەمانەت لەوێ وەرگرت، تا لە زستاندا لەماڵەوە بیانخوێنێتەوە، فەرەنسییەکی زۆر چاکی دەزانی.

ساڵی ١٨٦٩ مژدەیەکی خۆشی داینێ: دڵنیا بووین کە خوا ئاوڕی بەخێری لێ داوینەتەوە و دەشێت بە ئومێدی منداڵێکی دیکە بین، لە کەیفان لە پێستی خۆمان نەدەهێورین، ئیتر مێردە ئازیزەکەم بەهەمان بایەخی کاتی سکی یەکەممەوە، کەوتە بایەخ پێدانم، زیاد لە پێویست بە خەممەوە بوو، تەنانەت دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی هەموو بەشەکانی ڕۆمانەکەی کۆنت لیڤ تولستوی ( شەڕ و ئاشتی) بووەوە کە ستراخوف بۆی ناردبوو، بەشێک لە رۆمانەکەی لە من شاردەوە، چونکە وەسفی گیانەڵای ژنەکەی میر ئاندرێ بولکونسکی بەدەم منداڵبوونەوەی تیا بوو، فیودورمیخائیلوفیچ ترسابوو نەبا دیمەنی ئەو مەرگە کاری نەرێنیم تێبکات و بمترسێنێ، ماوەیەکی زۆر لەو بەشەی کتێبەکە گەڕام، تەنانەت گلەیم لە مێردەکەم کرد کە بەشێکی گرینگی ڕۆمانەکەی فەوتاندووە، ئیدی کەوتە بیانوو هێنانەوەو دڵنیای کردم کە هەر دەیدۆزێتەوە، بەڵام تا دوای منداڵ بوونەکە نەیدامێ، کە چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵەکە بووین، فیودورمیخائیلوفیچ لە نامەیەکیدا بۆ نیکوڵای ستراخوف دەڵێت:

" بەوپەڕی نیگەرانی و ترس و دڵەراوکێوە چاوەڕوان دەکەم *" (* ژیننامە و نامەکان، ل ٢٨٢. ئا.گ. دوستویفسکایا+ ١٠٠) هەردووکمان حەزمان دەکرد منداڵەکە کیژ بێت، جا چونکە بە تامەزرۆییەوە خەونمان پێوەدەبینی و زۆرمان خۆشدەویست ناومان نا لوبوف، کە بە ڕووسی مانای خۆشەویستی دەگەیەنێ، ئەم ناوە لە بنەماڵەی نە من نە مێردەکەمدا نەبوو.

دکتۆر ئامۆژگاری کردم کە زۆر بگەڕێم، ڕۆژانە دەگەڵ مێردەکەمدا دەچووین بۆ باخی (Giardino Boboli) ( لە ماڵەکەمانەوە نزیک بوو) هەرچەندە مانگی یەنایەر

بوو، بەڵام پڕبوو لە گوڵ و گوڵزار، لەوێندەر خۆمان دەدایە بەر بەرۆچکە و خەونمان بە کامەرانی و بەختەوەری و ئایندەمانەوە دەبینی.

لە ساڵی ١٨٦٩ دا ڕەوشی داراییمان خراپ بوو، وەکو زۆرجاری دیکە تووشی ئەم حاڵە بوو بووین، زۆرمان پێویست بە پارە بوو، فیودورمیخائیلوفیچ لەبری هەر مەلزەمەیەک سەد و پەنجا ڕۆبڵی وەردەگرت، بەو حیسابە دەبوایە حەوت هەزار ڕۆبڵێک لەبری ڕۆمانی ( گەمژە) وەربگرین،سێ هەزار ڕۆبڵمان بەر لەوەی سەفەری هەندەران بکەین وەرگرت و خەرجی زەماوەندەکەمان کرد، چوار هەزارەکەی دیکەشمان دا بە هەقی فایزی شتەکانمان لە پترسبورگ، ئەمە جگە لەوەی کە دەدرا بە کۆڵەوەسی مێردەکەم و ماڵ و منداڵی برا مردووەکەی، ئەوەی بۆمان مابووەوە پارەیەکی یەجگار کەم بوو، وێڕای ئەوەش بە هەژاری و بێ ترس دەژیاین، هەندێجار بە بێ موبالاتیەوە مامەڵەمان لەگەڵ نەبوونیدا دەکرد، تەنانەت فیودور میخائیلوفیچ ناوی خۆی نابوو مستەر میکوبرن و ناوی منی نابوو میسیس میکوبرن ١٠١+، ئیدی ڕوحمان ئاوێتەی یەکدی بوو بوو، ئێستاش کە مژدەی بەختەوەرییەکی تازەمان لێ دەرکەوتبوو، دەشیا کاروبارەکان زۆر ئاسایی بەڕێوە بچن، بەڵام بەلایەکی دیکە گەفی لێدەکردین: فیودور میخائیلوفیچ دوو ساڵ بوو لە ڕووسیا دابڕابوو و ئەم دابڕانەی زۆر لە دڵ گران بوو، لە نامەیەکی بەرواری ٣/٨/ ١٨٦٩ دا بۆ خوشکەزاکەی، واتە بۆ سوفیا ئەلکسندروڤنا ئیڤانوڤا ( خمیروڤا*) (* بڕوانە، ڕابردووی ڕووسی، ١٨٨٥، ژمارە ٧٠. ئا. گ. دوستویفسکایا) کە دێتە سەر باسی ڕۆمانی ئایندەی ( خوانەناسی ١٠٢+) دەڵێت:

" ناتوانم لێرە بێنووسم، بۆئەوەی بتوانم دەستی پێبکەم دەبێ لە ڕووسیا بم، ببینم و ببیستم و ڕاستەوخۆ بەشداری ژیانی ڕووسی بکەم.. من لێرە تەنانەت توانای نووسینیشم نییە، کەرەسەی پێویستی نووسینم لەبەردەستدا نییە، مەبەستم واقیعی ڕووسی و ( کە بیرەکانمی لێوە هەڵێنجم) و خەڵکی ڕووسیایە ١٠٣+ نەک هەر ڕووس بگرە بەشەر بە شێوەیەکی گشتی، لێرە لە فلورەنسا تاقە یەک دۆستمان نییە قسەی دەگەڵدا بکەین، گەنگەشەی دەگەڵدا بکەین، شۆخی دەگەڵدا بکەین و بیروڕای دەگەڵدا بگۆڕینەوە، هەموو ئەوانەی لەدەورمانن غەوارەن، هەندێجار رقیان لێمانە، زۆر زەحمەتە پیاو لە گۆشەگیری تەواودا، لە دووری خەڵک بژی: لەبیرمە کاتی خۆی بیرێکم بە مێشکدا هات، کە ئەو خەڵکانەی لەم تەنیاییە

ڕەهایەدا، لەم نامۆبوونەدا دەژین، لەگینە لە ئەنجامدا یا ڕقیان لەیەک بێتەوە و یەکدی ببوغزێنن، یا بەتەواوەتی ڕموودەی یەکدی بن و ئاوێتەی یەکتر بن، خۆشبەختانە من و مێردەکەم تووشی حاڵەتی دووەم بووین، ئیدی گۆشەگیری ناچاری، کردییە کارێک، بەیەکجاری لەیەکدا بتوێینەوە و زیاتر شانازی بەیەکەوە بکەین.

دوای ئەوەی نۆ مانگێک لە ئیتاڵیا ماینەوە، فێری تۆزە ئیتاڵییەک بووم، یانی بایی ئەوەی قسە دەگەڵ کارەکەرەکەدا بکەم یا بچمە دوکانان و شتێک بکڕم و تەنانەت چاو بە هەردوو ڕۆژنامەی (Secola, piccola) بخشێنم و لێیان حاڵی بم، لێ فیودورمیخائیلوفیچ کە هەمیشە بە کاری خۆیەوە خجڵ بوو، فێری ئیتاڵی نەبوو، ئیدی من بووم بە دیلمانجی، جا ئێستا کە لە دایکبوونی مندڵەکە نزیک دەبووەوە، ئیدی دەبوایە بگوازینەوە بۆ وڵاتێکی فەرەنسی زمان یا ئاڵمانی زمان، کە مێردەکەم دەیتوانی بە ئاسانی لەگەڵ دکتۆر و ماماندا قسە بکات و دووکان و بازاڕ بکات، ئیدی کەوتینە تەکبیر و ڕای ئەوەی بۆ چ ولاتێک بڕۆین، کە بشێت مێردەکەم خەڵکانێکی ڕۆشنبیر ببینێ، پێشنیازی پراگم بۆ مێردەکەم کرد، پێشنیازم کرد زستانەکە لەوێندەر بگوزەرێنین، بەو ئیحتوبارەی وڵاتێکە لە ڕووسیاوە نزیکە، دەیتوانی لەوێ ناسیاوی دەگەڵ سیاسەتوانانی دیاردا پەیدابکات و لە ڕێگای ئەوانەوە بگاتە ناوەندە هونەری و ئەدەبییەکانی ئەوێ، فیودورمیخائیلوفیچ بیرۆکەکەی بەگەن کردم، هەڵبەتە چەند جارێک پەشیمانی خۆی دەربڕی بوو کە نەچووبووە ئەو کۆنگرە سلاڤییەی لە ساڵی ١٨٦٧ دا لەوێندەر بەسترابوو، هەڵبەتە زۆری پێخۆش بوو کە جۆرە نزیکبوونەوەیەک لە نێوان ڕووسیا و وڵاتی سلاڤیدا هەبوو، بۆیە حەزیدەکرد ئەو وڵاتانە لە نزیکەوە بدینێت، بەو جۆرە ڕەئیمان لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە سەفەری پراگ بکەین و هەموو زستانەکە لەوێندەر بقەتێنین، هەڵبەتە ئەم سەفەرە بۆ من بەو سکەوە هەندێ دژوار بوو، بۆیە بڕیارمان دا لەسەر ڕێگای خۆمانەوە بۆ پراگ، لە چەند شارێک لابدەین، ڤینیسیا یەکەم شار بوو، بەڵام کە لە ڤیتارێکەوە دەچووینە ڤیتارێکی دی، لە پولون وەستاین چووین بۆ مۆزەخانەکەی شار، تا تابلۆیەکەی ڕوفاییل ( قەدیسە سیسلیا ) بدینین، کە فیدور میخائیلوفیچ زۆری بەدڵ بوو، بەڵام تا ئەو کاتە تەنیا کۆپی تابلۆکەی دیتبوو، ئێستا بە دیتنی نووسخەی ئەسڵی تابلۆکە زۆر خۆشحاڵ بوو، لە کەیفانا لە پێستی

خۆی نەدەهێوری، بە مەشەقەتێکی زۆر توانیم مێردەکەم لە تەماشای ئەم تابلۆ جوانە دوور بخەمەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەترسام لە قیتارەکە بەجێ بمێنین.

چەند ڕۆژێک لە ڤینیسیا لاماندا، فیودورمیخائیلوفیچ بە دیتنی کڵێسای قەشە مرقوس (Chesa san marco) خەنی بوو، بە سەعاتان لەو میناتۆرانە رادەما کە دیوارەکانیان ڕازاندبووەوە، پێکەوە چووینە کۆشکی دۆک (palazzo Ducale) مێردەکەم شیفتەی تەلارکارییە سەیرەکەی بوو، جوانی میچی کۆشکەکە کە باشترین هونەرمەندانی سەدەی پازدە نەخشاندبوویان، بەنجی کردبوو، دەتوانم بڵێم بە درێژایی چوار ڕۆژ مەیدانی ( سان مارکۆSan marco) مان بەجێ نەهێشت، هێندە کاری تێکردبووین، بە شەو و بە ڕۆژ سەرمان دەدا.

"٧"

ئەو کەشتییەی لە ڤینیسیاوە پێی دەچووین بۆ تریست تووشی شەپۆلی گەرداو بوو، فیودورمیخائیلوفیچ خەمی منی بوو بە بست لێم دوور نەدەکەوتەوە، بەڵام خۆشبەختانە مەسەلەکان بەخێر گەڕان، دوای ئەوە بۆ دوو ڕۆژ لە ڤینسیا لاماندا و پاشان بەرەو پراگ وەڕێکەوتین کە دە دانە ڕۆژ بەڕێوەبووین، لێرە کێشەیەکی گەورەمان بۆ پێشهات، بۆمان دەرکەوت کە ژوورێن مۆبیلەکراو لەم کاتانەی ساڵدا هەر هەمووی ژووری تاک نەفەرییە، ژووری موبێلەکراوی خێزانی بە هیچ جۆرێ دەست ناکەوێت، کە ئەم ژوورانە خۆشتر و ئارام تر بوون، جا بۆ ئەوەی بمانتوانیبا لە پراگ وەمێنین دەبوایە شوقەیەک بە کرێ بگرین و پێشەکی کرێی شەش دانە مانگ بدەین، ئەمە جگە لەوەی دەبوایە خۆمان هەموو کەلوپەل و پێویستییەکانی ماڵ بکڕین، ئەوەندەمان پارە پێنەبوو بەشی ئەوە بکات، دوای سێ ڕۆژ تاقیب و گەڕان، بەداخەوە ناچاربووین پراگی زێڕین کە زۆرمان لا خۆشبوو، بەجێ بهێڵین، بەو جۆرە خەونی مێردەکەم کە بەتەمابوو تەماس دەگەڵ چالاکوانانی دنیای سلاڤیدا بگرێت، پووچەڵ بووەوەو ئەو خەیاڵ پڵاوەی کەڕووی هەڵهێنا، هیچ چارێکمان نەما تەنیا ئەوە نەبێت کە بۆ درزدن بگەڕێینەوە ولەوێندەر بحەوێینەوە، کە ئاگامان لە ڕەوش و گوزەرانی ئەوێندەر هەبوو، بەو جۆرە لە سەرەتای ئابدا گەیشتینەوە درزدن و لە بەشە ئینگلیزییەکەی شاردا سێ ژووری موبیلمامان لە شەقامی (Victoria srabe) بە کرێ گرت، ئیدی لەوێ لە ١٨٦٩/٩/١٤

لوبوف١٠٤ ، کیژی دووەممان، لەدایک بوو، جارێکی دی دایکم لەکاتی لەدایکبوونی لوبوفدا هاتەوە بۆ ئێرە.

فیودورمیخائیلوفیچ بەوپەڕی شادمانی ئەم مژدەیەی بە ئەپوللون مایکوف ڕادەگەیەنێت و داوای لێدەکات کە ببێ بە بابی ڕوحی کچەکەمان و دەڵێت: " لوبوف سێ ڕۆژە لەدایکبووە، شوکور هەموو شتێک بە سەلامەتی تەواو بوو، منداڵێکی قەڵەوی ساغ و سەلامتە*(* ژیننامە و نامەکان، ل ٢٠٦، ئا. گ. دوستویڤسکایا ١٠٥+) هەڵبەتە تەنیا چاوانی بابێکی میهرەبان، دڵ پڕ لە شادی دەتوانێ لەم کۆما گۆشتە پەمەییەدا " سیمای کچێکی جوان" بدینێ، لەدایکبوونی ئەم منداڵە دووبارە خۆشی بۆ خانەوادەکەمان گێڕایەوە، فیودورمیخائیلوفیچ زۆری دڵ بە کیژەکەی خۆشبوو، یاری دەگەڵدا دەکرد، دەیلاواندەوە، لەباوەشی دەگرت، ڕایدەژەند و خۆی بە کەسێکی زۆر بەختەوەر دەزانی، لە نامەیەکیدا بۆ ستراخوف دەڵێت: " نیکولای نیکولایوفیچ گیان حەیف بۆ تۆ کە ژنت نەهێنا، کە منداڵێکت نییە، سوێندت بۆ دەخۆم کە ژن و منداڵ سێ چارەکی بەختەوەری ئەم ژیانەیە، ڕەنگە بە هەموو شتەکانی دی بکەنە چارەکەکەی دیکەی ژیان* (* بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٧، ئا. گ. دوستیڤسکایا+ ١٠٦) ئەمجارەش ئەپوللون مایکوف بوو بە ئیشبین = ( باوکی ڕوحی) و فیودورمیخائیلوفیچ ڤیرا ئیڤانوڤای* (* ڤیرا میخائیلوفنا دوستویفسکایا ئیڤانوڤا دوای مێردکردن، ١٨٢٩- ١٨٩٦، خوشکی فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی بوو) کرد بە دایکی ڕوحی کیژەکەمان.

دایکم ئەمجارەیان وەکیل بوو، ڕێوڕەسمی غوسڵی تەعمید لە مانگی دوازدەدا ئەنجام درا، لە سەرەتادا نەخۆش بووم، هەروەها قەشەی کڵێسای ( درزدن) ش بە هەندێ کاری تایبەت سەفەری پترسبورگی کردبوو.

لە درزدن کتێبخانەیەکی گشتی زۆر باشمان دۆزییەوە، کە پڕ بوو لە کتێب و بڵاڤۆکان بە زمانی ڕووسی و بێگانە، هەروەها لە درزدن هەندێ ناسیاومان لە نێو ڕووسە ئاکنجیەکانی ئەوێندەر پەیدا کرد، ئەوانە دوای نانخواردن دەچوون بۆ ماڵی قەشە میوانپەروەرەکەی شار، لەنێو ئەو دۆست و ناسیاوە تازانەدا تووشی هەندێ ڕۆشنبیری زۆر زیرەک بووین، کە مێردەکەم بە کۆڕ و مەجلیسیان زۆر دڵخۆش بوو، ئەمە لایەنێکی گەشی ژیانمان بوو لە درزدن.

فیودورمیخائیلوفیچ هەرکە لە نووسینی چیرۆکی " مێردی هەمیشەیی" بووەوە ناردی بۆ گۆڤاری ( زاریا ) کە لە هەردوو ژمارەی یەکەم و دووەمی ساڵی ١٨٧٠ دا بڵاوبووەوە، ئەم چیرۆکە شەقڵ و مۆرکی ئوتوبیوگرافی پێوە دیارە، ڕەنگدانەوەی ئەو ماوەیەی تیا بەدی دەکرێت کە مێردەکەم لە بازێڕۆکی لیوبلینای نزیکی مۆسکۆی ساڵی ١٨٦٦ بەسەری بردبوو، کە ( داچا= ماڵی هاوینە) یەکی لە نزیکی داچاکەی ڤێرامیخائیلوڤنائیڤانوڤای خوشکی بە کرێ گرتبوو، لەم چیرۆکەدا ماڵباتی ئیڤانوف دەکاتە نموونەی ئەسڵی ماڵباتی زاخلیبین، ئەو بابەی کە خەریکی کاری خۆیەتی، گەنجە دڵخۆشەکان، هەر هەموویان کوڕ و کچەکانی خوشکەکەی و دۆستەکانیان، وێنەی م. س. ئیڤانیچینا بیساریڤای دۆستی ماڵباتەکەی لە کەسایەتی ماریا نیکیچینادا بەرجەستە کردووە، پاڤڵ ئیسایڤی کۆڵەوەسی خۆی لە کەسایەتی ئەلکسندرلوبوفدا، هەڵبەتە لە قاڵبێکی زۆر ئایدیالیدا بەرجەستە کردووە، هەڵبەتە هەندێک لە خەسڵەتەکانی فیودورمیخائیلوفیچ واتە خەسڵەتەکانی خۆیشی لە کەسایەتی فیلچانینوف بارکردووە، بۆ نموونە وەسفی ئەو یاریانەی کە کاتێ گەیی بووە داچاکە و دایهێنابوون، وەسفی ئەو ئێوارە کۆڕە هاوینانەی کە لەداچادا دەگێڕدران، کە ن.ن. فوخت کە یەکێک بوو لە بەشدارانی ئەو کۆڕانە لە یادگارییەکانی* خۆیدا باسی کردوون (* ن.ن فون- فوخت. ١٨٥١- ١٩٠١: دەرچووی ئەنیستووتی قنستنتین میچیڤسکی ڕووپێو بوو، کە ئەلکسندر پاڤلوفیچ ئیڤانوفی مێردی خوشکەکەی دوستویفسکی وەکو وەکو مامۆستای فیزیا و مێژووی تەبیعی لەوێ کای دەکرد، فون- فوخت لەو گەنجانە بوو کە هاوینی ساڵی ١٨٦٦ لە لیوبلینادا لە دەوری دوستویفسکی بوو، بڕوانە یادگارییەکانی ئەو لە گۆڤاری مژدەبەری مێژوویی، ١٩٠١، ژمارە دوازدە، ئا.گ. دوستویڤسکایا )

فیودورمیخائیلوفیچ، لە زستانی سالانی ١٨٦٩- ١٨٧٠دا خەریکی نووسینی ڕۆمانێکی تازە بوو بەتەمابوو ناوی بنات " بیوگرافای خەتابارێکی گەورە" بەگوێرەی نەخشە و بەرنامەی مێردەکەم، دەبوایە ئەو کارە لە پێنج چیرۆکی درێژ پێکبێت ( هەر چیرۆکێکی پازدە مەلزەمە بوایە) و وێڕای ئەوەی دەشیا هەر چیرۆکێکی بۆ خۆی کارێکی سەربەخۆ بێت، دەشیا لە گۆڤاردا، لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ وبڵاوبێتەوە، فیودورمیخائیلوفیچ بە نیازبوو، لە هەر پێنج چیرۆکەکەدا، ئەو پرسیارە بخاتە ڕوو کە بە درێژایی تەمەنی پێوەی تلابووەوە، ئەویش پرسیاری هەبوونی خوا بوو+١٠٧، قەرار وا بوو ڕووداوەکانی چیرۆکی یەکەم

بۆ ساڵانی چلەکانی سەدەی نۆزدە تەرخان بکرێت، دیارە کەرەستە و نموونەکانی ئەو قۆناغە بۆ فیودور میخائیلوفیچ زۆر ئاشکراو ڕوون بوو، ئەوەندە ڕوون بوون کە دەیتوانی لە هەندەران بینووسێت، مێردەکەم حەزیدەکرد ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری زاریا بڵاوبکاتەوە ، بەڵام سەبارەت بە چیرۆکی دووەم کە ڕووداوەکانی لە کڵێسایەکدا بوو، دەبوایە فیودورمیخائیلوفیچ بۆ ئەو مەسەلەیە بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە، مێردەکەم بە نیاز بوو قەشەباشی تیخون زادونسکی بکات بە شا قارەمانی چیرۆکی دووەم+١٠٨. هەڵبەتە بەناوێکی دی، فیودورمیخائیلوفیچ ئومێدێکی گەورەی بەم چیرۆکە هەبوو، کە پێوە بوو بینووسێت، داینا بوو ئەمە دوا چالاکی ئەدەبی بێت، هەڵبەتە ئەو پێشبینییەی هاتە دی، زۆربەی ئەو قارەمانانەی کە بۆ ڕۆمانەکەی گەڵاڵەی کردبوون، پاشان لە ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆف) دا جێی کردنەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو نیازەی نەهاتە دی+ ١٠٩، ئیدی بابەتێکی دیکە ڕایکێشا، ئەو بابەتە بوو کە لە نامەیەکیا بۆ نیکولای ستراخۆی باس دەکات و دەڵێت:" زۆر بە جدی کار لە سەر ئەو بابەتە دەکەم کە بەتەمام لە مژدەبەری ڕووسیدا بڵاوی بکەمەوە، بەڵام نەک لە ڕووی تەکنیکی و هونەرییەوە، بەڵکو لە ڕووی بۆچوون و نۆڕین و دنیابینییەوە: دەمەوێت گوزارشت لە هەندێ بیروبۆچوونان بکەم، ئەگەر لە سەر حیسابی بەهرە هونەرییەکەشم بووە، ئەوەی هەنووکە بووە بە خەم و خولیام، ئەو پرسیارانەیە کە لە مێشک و دڵمدا کەڵەکە بوون، ئیدی خوای دەکرد هەرهەمووی لە ناملیکەیەکدا چڕ دەبووەوە گرینگ ئەوەیە گرێی دڵی خۆم بکەمەوە، گوزارشت لەوە بکەم کە لەدڵمدا پەنگاوەتەوە* ( * ژیننامە و نامەکان، ل ٢٨٨، ئا. گ. دوستویڤسکایا +١١٠)

ئەمە رۆمانی ( ئەهریمەنان بوو) کە لە ساڵی ١٨٧١دا(١١١)+ بڵاوبووەوە. دیارە هاتنی برایەکەم، دەوری هەبوو لە سەرهەڵدانی ئەم بابەتە تازەیەدا ١١٢+، مەسەلەکە ئەمە بوو کە فیودورمیخائیلوفیچ جۆرەها ڕۆژنامەی بیانی دەخوێندەوە ( ئەم ڕۆژنامانەش زۆر شتیان بڵاودەکردەوە کە لە ڕۆژنامانی ڕووسیدا بڵاونە دەبوونەوە)

لە ئەنجامی ئەمەوە گەییە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئەکادیمیای زانستە کشتوکالییەکانی پترۆڤسکی، لە ماوەیەکی کورتدا، پەشێوی سیاسی تێدەکەوێت ١١٣+، جگە لە ترسی ئەوەی نەبا برایەکەم لەبەر کەم تەمەنی و کەم ئەزموونی

خۆی بەشداری تێدا بکات، مێردەکەم قەناعەتی بە دایکم کرد کە جوابی بۆ بنێرێت کە بێت بۆ درزدن و ماوەیەک میوانی ئێمە بێت.

فیودور میخائیلوفیچ لە دڵی خۆیدا حیسابی ئەوەی دەکرد کە هاتنی برایەکەم جۆرە ئاسوودەییەک بە دەروونی من دەبەخشێت، بەڕاستی وام لێهاتبوو بەڕاستی غەریبی وڵاتم دەکرد، هەروەها دایکیشم کە دوو ساڵ بوو لە هەندەران بوو (جارێ دەگەڵ ئێمەدا، جارێ دەگەڵ کوڕانی خوشکەکەمدا) بیری ولاتی دەکرد و بە تاسەی دیداری کوڕەکەیەوە بوو، براکەم یەکێک لە حەزە هەمیشەییەکانی سەفەری هەندەران بوو، ئیتر دەرفەتی پشووی قۆستەوە و هات بۆ لامان، فیودورمیخائیلوفیچ هاوسۆزییەکی زۆری دەگەڵ براکەمدا نواند، لە دەرس و دەوام و دۆستەکانی دەپرسی، مدارای مجێزی خوێندکاریی ئەوی دەکرد، براکەم بە دوور و درێژی باسی ئەو بابەتانە و ناوەندی زانکۆیی بۆ کرد، لێرەوە فیودور میخائیلوفیچ بیرۆکەی ئەوەی بۆ هات لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا ڕەوشی بزافی سیاسی ئەو سەردەمە وێنە بگرێت، ئەوە بوو خوێندکار ئیڤانوفی (لە چیرۆکەکەدا ناوی ناشاتوف) کرد بە یەکێک لە شا قارەمانەکان، کە پاشان لە سەر دەستی نیچابڤ+۱۱٤ کوژرا، برایەکەم باسی ئیڤانوڤی وەکو خوێندکارێکی زیرەک ومرۆڤێکی سەنگین و بەشەخسیەت کرد، کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی وازی لە قەناعەتە کۆنەکانی هێنابوو و کاتێ لە ڕۆژناماندا هەواڵی کوشتنی ئەوی زانی بوو، تووشی شۆک بوو بوو، هەڵبەتە برایەکەم ڕێزیکی دۆستانەی زۆری بۆی هەبوو، فیودورمیخائیلوفیچ، وەسفی باخەکەی ئەکادیمیای پتروڤسکی و کوشتنەکەی ئیڤانوفی ڕێک، موو بە موو لە قسەکانی براکەمەوە وەرگرتبوو+۱۱۵.

هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێم کە هاتنی برایەکەم بۆ درزدن ڕووداوێکی گرینگ و وەرچەرخانێک بوو لە ژیانیدا: لەنێو ڕەوەندی ڕووسیدا کچێکی بینی کە پاش ساڵێک مێردی پێکرد، هەرچەندە بابەتی ڕۆمانە تازەکە لە واقیعەوە هەڵێنجرابوو، بەڵام مێردەکەم زەحمەتێکی زۆری بە نووسینەوەی کێشا، هەڵبەتە فیودور میخائیلوفیچ وەکو خووی هەمیشەیی خۆی، لە کارەکەی ڕازی نەبوو، چەند جارێک نووسییەوە، لەم ماوەیەدا پازدە مەلزەمەی دڕاند ۱۱٦، ڕۆمانی ئاڕاستەکراو دەگەڵ مجیزی فیلیڤانی ئەودا تێکی نەدەکردەوە.

جا چونکە کچەکەمان لیوباچکا، خەپەتۆڵە بوو بوو پێویستی بەوە نەبوو بەردەوام بەلایەوە بم،  ئیدی دەرفەتم بۆ ڕەخسا دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا بچینە هۆڵێن پێشانگای وێنان، بۆ ئاهەنگێن موزیکی هەرزانبایی لە جادەی بریولوف، بچین و بۆ خۆ پیاسە و ڕاوێچکە بکەین، لە یەکێک لەم پیاسە و گەرانانەدا  پێشهاتێکی سەیرمان هاتە ڕێ، کە شەخسیەتی ئەوسای مێردەکەمی دەنواند، پێشهاتەکە بەم جۆرە بوو: لە زستانیساڵی ١٨٧٠ دا، مزایەدەیەک کرابوو بۆ فرۆشتنی مافوور و ڕایەخ و توحەفیاتی یەکێک لە خادۆقەکانی ئەڵمان، ئیدی پارچە ئەڵماس و تەنوورە و فەروو و ئەو شتانە مەزات دەکران ، هۆلی ئوتێلەکە لەخەڵکیدا جمەی دەها، لە ڕۆژێکی دواڕۆژەکانی مەزاتەکەدا، بەلای ماڵەکەیدا تێدەپەڕین، خوڵکی مێردەکەمی کرد کە بچینە ژوورەوە و تەماشایەک بکەین، فیودرمیخائیلوفیچ قاییل بوو، یەکسەر بۆ هۆڵەکە سەرکەوتین، ئەو شتانەی مابوونەوە کەم بوون، زۆربەیان شتی نایاب بوون، لەو شتانە بوون کە لە نێو ئەڵمانیانی چروکدا، مشتەرییان زۆر نەبوو، لە ناکاوا فیودور میخائیلوفیچ سەرنجی لەسەر تاقمێک شووشەواتی گێلاس ڕەنگی زێڕین نەخش و نیگار گیرسایەوە، هەژدە پارچە بوو: دوو گوڵدانی گەورە، دوانی مامناوەندی، شەشی بچووک، چوار گوڵدان بۆ مرەبا و چوار قاپ، هەرهەموویان هەمان ڕەسم و نەخشیان لەسەربوو، فیودور میخائیلوفیچ کە شیفتەی ئەو توحفە هونەریانە بوو، بە تاسەوە دەیڕوانییە گوڵدانەکان و دەیگوت: " چەند حەزدەکەم ئەم گولدانە جوانانە بکڕم، ئانیچکا گیان دەتەوێ بیانکڕین؟" بزەیەکم بۆ کرد، دەمزانی لەم کاتەدا تۆزێک پارەمان هەیە، بەڵام بەشی کڕینی ئەمانەی نەدەکرد، ژنێکی فەرەنسایی لەلامانەوە وەستابوو، ئەمیش دڵی بەم ئامانە شووشانەوە بوو، قسەی بۆ هاوڕێکەی دەکرد و دەیگوت ئەم شتانە زۆرن، حەزی دەکرد بەشێکیان بکڕێت، فیودورمیخائیلوفیچ گوێی لە قسەکانی بوو، یەکسەر ڕووی تێکرد و گوتی: " مەدام بە نیوەیی بیانکڕین؟" زۆری پێنەچوو کە شتەکان بە بەهای هەژدە تالیر مەزات کران، یانی هەر پارچەیەکی بە تالیرێک، تەنانەت ئەڵمانە ڕەزیلەکانیش کە دیتیان ئەم هەموو شتە بەو نرخە هەرزانە مەزات دەکرێ، تەماح گرتنی، ئیدی بە زیادکردنی پێنج قرۆشەوە هاتنە مەیدان، فیودورمیخائیلوفیچ هەرجارەی یەک تالیری زیاد دەکرد، دەقە بە دەقە گەرمتر دەبوو، دەمبینی نرخەکە زۆر بەرز دەبێتەوە، لە دڵی خۆدا گوتم: چۆنە ئەگەر ئەم ژنە فەرەنساییە پاشەکشە بکات  و لێی دەرچێت، هەنگێ هەموو ئەم شتانە بۆ ئێمە دەبن؟ کاتێ کە

نرخەکە گەیبە چل و یەک تالیر، مەزاتچییەکە لە ترسی ئەوەی نەبا مشتەرییەکان بڕۆن، مەزاتەکەی ڕاگرت، هەموو شتەکان بوون بە موڵکی ئێمە، ژنە فەرەنساییەکە پاشەکشەی نەکرد، ئیدی شتەکانمان دابەش کرد بە دوو نیمەوە، ئێستا دەبوو خەمی گواستنەوەی شتەکان بۆ ماڵەوە بخۆین، فیودورمیخائیلوفیچ بەدیار شتەکانەوە مایەوە من و دوو حەماڵ سەر و گولدانمان هەڵگرت و بەرەو ماڵمان بردن، دوو حەماڵەکە دەبوایە بۆ جاری دووەم بێنەوە بۆ شتەکانی دیکە، دایکم ئەم هەموو ئامانانەی بینی سەری سوڕما، خێرا پرسی: "باشە چۆن ئەم هەموو شتە بۆ ڕووسیا دەبەنەوە؟ ئێوە سندووق و کارتۆنتان نییە، تەنیا جانتاتان هەیە، ئەم شتانە ناسکن لەوانەیە لە ڕێگادا بشکێن" کەسمان بیرمان لەمە نەکردبووەوە، خۆ ئەگەر شکابان تازە فیودورمیخائیلوفیچ لە کڕینەکەیان ژێوان نەدەبووەوە و وێرای ئەمەش کارەکە بە سەلامەتی مەیسەر بوو: هەندێجار هەندێ ڕووس لە درزدنەوە سەفەری پترسبورگیان دەکردەوە، داوام لە ناسیاوانی خۆ دەکرد گوڵدانێکم بۆ بەرنەوە و بیگەیەننە دەست خوشکەکەم، ئێستاش ئەم شتانە ماون و بوون بە بەشێک لە سەروەتی خانەوادەییمان.

وەکو پێشتر باسمکرد من و مێردەکەم هەندێجار دەچووینە دیدەنی قەشە نیکولای فیدوروفیچ روزانوف*(* نیکولای فیدوروفیچ روزانوف: قەشەیەکی ڕووس بوو لە بەرلین دەژیا، ئاناگریگوریڤنا ئەوی لەگەڵ ئەلکسندر فیودوروفیچ روزانۆفی برایدا لێ تێکەڵاو بووە ١٨٣٩- ١٨٨٣کە لەو سەردەمەی دوستویفسکی و ژنەکەی لە درزدندا بوون، ئەویش لەوێندەر بوو.) کە مێردەکەم زۆری بەدڵ نەبوو، بەتایبەتی کە دەیبینی کابرایەکی هەڵەشەیە و لە حوکم و بۆچوونەکانیا زبر و بەپەلەیە، کە بەرای فیودورمیخائیلوفیچ ئەمە لە کابرایەکی قەشە و ئاینی نەدەوەشایەوە، ژنێکی زۆر میوانپەروەری هەبوو، منداڵی ناسکیان هەبوو، بەراستی ماڵەکەیان ئاوەدان کردبوونەوە.

ئەو ژنە ڕووسانەی کە لەو سەروبەندەدا لە درزدن دەژیان، کۆمەڵێک دڵبەندی بەهرە و بەرهەمەکانی مێردەکەمیان تیا بوو، ئەو خانمانە گوڵ و کتێبیان پێشکەش دەکرد، لەوەش گرینگتر کوباچکای کیژمانیان دەلاواند و ئەسپاب یاریان بۆ دەکڕی، مدارای فیودورمیخائیلوفیچیان دەکرد.

لە ئاخر و ئۆخری هەیڤی ١٠/ ١٨٧٠ دا ڕەوەندی ڕووس لە درزدن لە ماڵی قەشەکە کۆبوونەوە، ئیدی بڕیاردرا لە وەلامی نامەیەکی بەرواری ١٠/١٩/ ١٨٧٠ بۆ نوێنەرانی ڕووسیا لێرە+١١٧، نامەیەک بۆ کونسوڵی ئەوسای ڕووسیا لێرە، بنێرن، یەکسەر داوایان لە فیودورمیخائیلوفیچ کرد وەڵامی ئەم نامەیە بنووسێت، هەرچەندە لەم کاتەدا بە کارێکی زۆر پەلەوە مژووڵ بوو، قابیل بوو و نامەکەی بەم شێوەیە نووسی:

" ئێمەی ڕووس کە بە شێوەیەکی کاتی لە هەندەران، لە درزدن ئاکنجین، بەوپەڕی خۆشحاڵی و سوپاسگوزارییەوە بە بڕیار و نیازی بەرزی خاوەنشکۆتانمان زانی، ئەو بڕیارەی کە لە نامەی ١٠/١٩ دا گوزارشتتان لێکردووە و ئاراستەی هەموو نوێنەرانی ڕووسیای ئاکنجی ئەو ولاتانەتان کردووە کە ئاکنجی ئەو وڵاتانەن کە پەیمانی پاریسیان مۆرکردووە، ئێمە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لێرەوە کە وەکو برا خڕ بووینەتەوە، تێکڕا هاوشعور، پشتیوانی لە ئێوە دەکەین و شعورمان هەمان شعوری هەر کەسیکە لەو کەسانەی کە نامەکەی ئێوەی خوێندبێتەوە، هەریەکێک لە ئێمە کە ئەم نامە پڕ لە حەقیقەت و هەستە بەرزە دەخوینێتەوە ، شانازی بە ڕووسی بوونی خۆیەوە دەکات.

لە خودا دەپارێینەوە کە وڵاتە خۆشەویتەکەمان لە هەر بەڵایەک بپارێزێ و شادمانی بەسەردا ببارێنێ، لێی دەپاڕێینەوە کە مەلیکە خۆشەویست و ڕزگارکەرەکەمان بپارێزێ و عەمردرێژی بکات و هەموو کاربەدەست و خزمەتکارانی وڵاتەکەمان خەلکانی بویر و ئازای وەک ئێوە بن."

ئیدی پتر لە سەد کەس ئەم نامەیەیان ئیمزا کرد و بۆ کونسوڵیان ڤرێکرد.

هەرچەندە من لە سێ ساڵی یەکەمی هەندەرانمدا زۆر بیری ڕووسیام دەکرد، بەڵام هەرچۆنێ بوو دەگەڵ ژیانی تازەدا بە چاک و خراپییەوە ڕاهاتم و ئەم هەستی غوربەتەم لەلا ڕەوییەوە، بەڵام لە ساڵی چوارەمدا، بە تەواوی ئۆقرە و حەجمانم لەبەر بڕا، هەرچەندە ئازیزان و خۆشەویستانم لەدەور بوون: مێردەکەم و منداڵەکەم، دایکم و برایەکەم، بەڵام لە شتێکی گرینگم کەمبوو، ئەویش نیشتمان بوو، ڕووسیا بوو، بەرە بەرە تاسەم زیادی دەکرد و لەوە دەچوو ببێت بە نەخۆشی و بگۆڕێت بۆ نوستالیژا.

ئایندەم بەبێ هیوا دەهاتە بەرچاو، وام دەزانی هەرگیز بۆ ڕووسیا ناگەڕێینەوەو کۆسپی زۆر گەورەمان دێتە ڕێ و نایەڵێت بگەڕێینەوە. جارێ پارەمان نیە، جارێ هەمانە بەڵام من ناتوانم لەبەر سکەکەم یا لەبەر منداڵەکەم، نەبا تووشی نەخۆشی ببێت، بگەڕێمەوە. وام وێنا دەکرد هەندەران زندانێکە و بە خورتی منیان تێ پەستاوە و هەرگیز ڕزگارنابم.هەرچەند کەس وکارەکەم دڵخۆشییان دەدامەوە بەڵام فایدەی نەبوو، نەیاندەتوانی قەناعەتم پێبکەن و ئومێدی ئەوەم بخەنە دڵ کە ڕەوشەکان دەگۆڕێن و بۆ وڵات دەزرڤینەوە، هەرهەموو دڵدانەوەکانیان بە فیڕۆ چوو: ئیدی متمانەم بەو قسانە نەمابوو، گەیی بوومە قەناعەتی تەواو بۆ هەتا هەتایە لە غوربەتدا دەمێنم، جا چونکە دەمزانی ئە غوربەت و حەنینەی من، مێردەکەم ئەزیەت دەدا، کە خۆی بەدەست دوورە وڵاتیەوە دەینالاند، هەوڵم دەدا مدرای بکەم، خۆم بگرم، لەبەر چاوی ئەو نەگریم، یا بەئاشکرا گلەیی نەکەم، بەڵام دیمەنی غەمناکم هەمیشە دەستەکەی ئاشکرا دەکردم، لە دڵی خۆدا دەمگوت ئامادەم تەحەمولی هەموو بەڵایەک، هەر نەبوونی و نەداری و هەژارییەک بکەم، بەس لە وڵاتە ئازیزەکەی خۆمدا بژیم، کە هەمیشە شانازی پێوە دەکەم، کاتێ حاڵەتی دەروونی ئەوسای خۆم بیردەکەوێتەوە سەرم لەخۆم سوڕدەمێنێ چۆن بەرگەم گرتووە، لە دڵی خۆدا ئەو ئاواتە بۆ دوژمنی قەستەسەریشم بەئاوات ناخوازم .

لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٨٧٠ دا شتیک ڕوویدا کە بەهۆیەوە پارەیەکی زۆرمان هاتە دەست، شتەکە ئەوە بوو ستیلوڤسکی کە لە ساڵی ١٨٦٥دا مافی بڵاوکردنەوەی کۆبەرهەمەکانی فیودورمیخائیلوفیچی کڕی بوو، هەستابوو چاپێکی بە جیای ڕۆمانی ( تاوان و سزا) ی کردبوو، بەگوێرەی ئەم ڕێکەتنە دەبوایە ستیلوڤسکی پتر لە هەزار ڕۆبڵ بە مێردەکەم بدات، ڕۆمانەکە چاپ بووە و وەشانکار نایەویت هیچ بدات، هەرچەندە کۆڵەوەسی مێردەکەم پێی گوتبوو کە وەکالەتی وەرگرتنی پارەکەی هەیە، بەلام چونکە فیودورمیخائلوفیچ باوەڕی بە ئەزموونی کۆڵەوەسەکی نەبوو، داوا لە ئەپوللون مایکۆف دەکات کە ئەرکی وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیەی بۆ بکێشێت، نەک خۆی وەری بگرێت بەڵکو پارێزەرێکی بە ئەزموونی جێگای متمانە ١١٨+، بکات بە وەکیل. هەڵبەتە بە منەتبارییەوە دەڵێم بە درێژایی ئەو چوار ساڵەی کە لە هەندەران بووین، ئەپوللون مایکوف بە چ دڵسۆزی و ڕەوشت بەرزییەکەوە لەخەمی ئێمەدا بووە، ئەپوللون نیکولایفیچ (مایکوف)، لەم

مەسەلەیەشدا بە هەموو توانایەکی خۆیەوە یارمەتیداین، هەر بەوەوە نەوەستا بە پارێزەرێکی کارا و ئەزموونداری بسپێرێت، بەڵکو هەوڵی زۆریشی دا، کە دانوستان لەگەڵ ستیلوڤسکیدا بکات، بەڵام ئەم وەشانکارە بە فێڵ و تەلەکەبازی بەنێوبانگ بوو، بۆیە مایکۆف لەوە ترسا کە هەڵی بخەڵەتێنێ و ئیدی داوای لە فیودور میخائیلوفیچ کرد کە بەخۆی بۆ بترسبورگ بڕواتەوە، چونکە دەیزانی ئێمە هەمیشە بێ پارە بووین. بروسکەیەکی بۆ ناردین ئامۆژگاری مێردەکەمی کرد کە داوایەک پێشکەش بە سندووقی ئەدەبی بکات، تا سولفەیەکی سەد ڕۆبڵی بدەنێ+١١٩، بۆ نەگبەتی بروسکەکەمان لە ڕۆژی ٤/١ دا پێگەیی ( دەکاتە ئەو ڕۆژەی خەڵکی لە ڕووسیادا خەڵک درۆی شاخداریان دەکرد) من و مێردەکەم کە لە هەوەڵەوە وامان وێنا دەکرد ئەم داوای سەفەرە بۆ پتوسبورگ لەگینە شۆخی بێت یان تەڵەیەک بێت و یەکێک لە خودان قەرزەکان بۆیان نابێنەوە، لەوەیە ستیلوفسکی بەخۆی ویستبی فیودور میخائیلوفیچ بچێتەوە بۆ پترسبورگ و لە زندانی بەشی قەرزانی بپەستێ و وامان لێبکات دەستبەرداری ئەو کۆمپیالە بچووکانە بین کە سەبارەت بە هەقی خۆمان لە ( تاوان و سزا) لەلامان بوو، بەڵام ئەپوللون مایکوفی مەرد و ڕەند، هەر بە ناردنی بروسکەکەوە نەوەستا، بەڵکو تکای لە لیژنەی سندوقی ئەدەبی کردبوو کە قەرزێکی سەد ڕۆبڵی بۆ دوستویفسکی نووسەر بنێرن، بەلام سندوقی نێوبراو ئەم چەلەش دوژمانە مامەڵەی دەگەڵ ئەم داوایەدا کرد*(* گەرەکمە پاشان هەڵوێستی دۆستانەی مێردەکەم لە هەنبەر ئەم سندووقە ڕوون بکەمەوە، کە چۆن بەردەوام لەو ئێوارە کۆڕە خێرخوازییانەدا کە سازیان دەدا، بەشداری دەکرد، کەچی سندووقی نێوبراو هەمیشە دوژمنکارانە ڕەفتاری بەرانبەر بەو دەکرد. ئا.گ. دوستویڤسکایا ١٢٠+) کە مایکوف لە نامەیەکی بەرواری ٤/٢١ /١٨٧١(١٢١+) ی خۆیدا باسی ئەمەی کردووە. فیودور میخائیلوفیچ کە ئەو نامەیەی پێدەگات زۆر پەست دەبێت و لە وەڵامی نامەکدا دەڵێت:... *( * لێرەدا چەند دێڕێکی دەستنووسەکە دیار نیە):" بەخۆتان دەبینن کە سەندووقەکە بە چ زبری و دوژمانیەتییەک مامەڵی دەگەڵ داواکەمدا ( ئەو داوایەی سەبارەت بە من پێشکەشتان کرابوو) سەبارەت بە داوای قەرز، کردووە، ئەو زەمانەتانەی کە داواتان کردووە، ئەو زمانەی لە ڕەتکردنەوەکەدا بەکارتان بردووە، ئەگەر نەهلیستێک ئەو داوایەی پێشکەش بکردایە،بەمخۆرە وەڵامتان نەدەدایەوە +١٢٢)

زەمانێک تێپەڕی، هەنووکە لە مانگی نیسانی ١٨٧١داین، چوارساڵمان لە هەندەران تەواو کردووە، ئومێدی گەڕانەوەمان بۆ ڕووسیا جاری تازە دەبێتەوە و جارێ ئاوا دەبێت، ئەنجام من و مێردەکەم بڕیاری یەکجارەکیمان دا، کە هەر دەبێ بۆ پترسبورگ بگەڕێینەوە، ئیدی چی دەبێت با ببێت، بەڵام هەموو حیساب وکیتابەکانمان بە داوە موویەکەوە بەندبوو: چاوەڕوانی ئەوە بووین لە مانگی یولیودا یا لە سەرەتای ئابدا میوانێکی تازەمان بۆ زیاد ببێت، ئەگەر نەشێین بە مانگێک بەر لە ڕووداوە تازەکە بۆ ڕووسیا بگەڕێینەوە، ئەوا چارمان ناچارە دەبێ بەلای کەمەوە یەک دانە ساڵی تر لە هەندەران بمێنینەوە، واتە تا هاتنی وەرزی بەهار وەمێنین، چونکە سەفەر لە کۆتایی پایزدا بە ساوایەکەوە، مەحاڵ بوو، کارێک بوو نەکردەنی، کەوتینە داوی نائومێدییەوە: لەوەی پتر لە وڵات بەدەریدا هەڵمان نەدەکرد: زۆرجار فیودورمیخائیلوفیچ بەگوێیدادەدام کە ئەگەر لە هەندەران وەمێنێ بەرە بەرە دەمرێت و چیتر توانای نووسینی نابێ، لێرە کەرەستەی نووسینی نییە، هەستدەکات وەکو جاران ڕووسیا ناناسێت و لە ڕووسان تێناگات، بە رای ئەو، ئەو ڕووسانەی کە لە درزندا دەژیان، ڕووس نین، بەڵکو کۆمەڵێک موهاجیرن و بە خوایشتی خۆیان بۆ ئێرە هاتوون و ڕووسیایان خۆشناوێت و بەیەکجارەکی دەستبەرداری بوون، ئەمە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر بوو، وەکو ڕۆژی ڕووناک عەیان بوو: هەرهەموویان لەماڵبات و بنەماڵەێن ئەرستۆکراتی بوون و نەیاندەتوانی دەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یاسا و ڕێسای کۆیلایەتی و کۆیلاندندا هەڵبکەن و دەگەڵ کۆمەڵگەی تازەدا بسازێن. ئەوانە وڵاتیان بەجێهێشتبوو تا لەزەت لە شارستانییەت و فەرهەنگی ئەوروپای ڕۆژئاوا ببینن، ئەوانە زۆربەیان ڕقیان لە سیستەمی تازە بوو، چونکە خۆشگوزەرانی جارانیان نەمابوو، بە ژیانی غوربەت و دوورە وڵاتی قاییل بوون.

فیودور میخائیلوفیچ زۆر جار باسی (ئاوزینگی) موحەقەقی بەهرەی خۆی دەکرد و باسی ئەوەی دەکرد کە بە چ داخ و کەسەرێکەوە بیر لە ژیانی خانەوادەکەی، کە ڕۆژ بە ڕۆژ وەکو ژمارە زیادی دەکرد. دەکاتەوە، زۆرجار کە گوێم لێدەگرت، تووشی نائومێدی دەبووم، جا بۆ ئەوەی دڵی بدەمەوە و لەو ڕەشبینی و نائومێدییە دەربازی بکەم و حەواسی دەمەزەرد بکەمەوە، پەنام وەبەر ئەو شتە برد کە خەمی دەڕەواندەوە و دڵی خۆش دەکرد، نزیکەی سێ سەد تالیرمان هەبوو، ئەمەم بە هەل زانی، سەری قسەکانم بەلای قومار و ڕۆڵێتدا بادایەوە، بۆچی جارێکی دیکەش

بەختی خۆی تاقی ناکاتەوە، ئێستا نۆرەی بردنەوە هاتووە، بۆچی وێنای ئەوە ناکات کە دوور نییە ئەمجارە بەخت یاوەری بێت . گرەوی من لەسەر بردنەوە نەبوو، زۆرم پێناخۆشبوو بە ناچاری سەد تالیرمان بە فیڕۆ دەدا، بەڵام بەگوێرەی رۆڵیت بازیەکانی پێشووتر، ئەوەم بۆ دەرکەوتبوو ، دوای ئەوەی دەدۆڕێ و تووشی جەخارێکی زۆر دەبیت و هیچ ئومیدێکی بە سەرکەوتن نامێنێ، ئیدی بەهرەی نووسینی دەمە زەرد دەبێتەوە و بەپەلە دەست بە نووسینی ڕۆمانەکەی دەکاتەوە و لە دوو سێ هەفتەدا قەرەبووی دۆڕانەکەی دەکاتەوە. ئەم بیرۆکەیە ڕیک بە دڵی مێردەکەم بوو، نەیگوت نەء، فیودور میخائیلوفیچ چوو بۆ ڤیسبادن، یەک هەفتەی لەوێ قەتاند، سەدو بیست تالیری پێ بوو. بەڵێنی لە من وەرگرت ئەگەر دۆڕاندی پارەی گەڕانەوەی بۆ بنێرم، وەکو پێشبینیم کردبوو پیس دۆرابوو، ئەم سەفەرە سەد و بیست تالیری تێچوو، کە بۆ ئەوسای ئێمە پارەیەکی زۆر بوو، بەڵام ئەو ئازارە دەروونییەی لە زەرفی ئەو هەفتەیەدا چەشتبووی کارێکی زۆری تێکرد، بەردەوام گازندەی لە خۆی دەکرد کە ئەو پارەیەی لە دەمی ماڵ و منداڵی گرتووەتەوە، ئەمە بە ڕادەیەک کاری تێکردبوو کە بڕیاری دا هەرگیز جارێکی دی نەچێت بۆ قومار. ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە کە مێرەکەم لە ١٨٧١/٤/٢٨دا بۆی ناردبووم: " دەزانی شتێکی گەورە ڕوویداوە، ئەو وەهمە نەنگینەی دە ساڵ بوو پێوەی دەتلامەوە، ڕۆیی،نەما( یا باشتر وایە بڵێم لەو ساوە براکەم مرد و لە ناکاوا کەوتمە ژێر باری قەرزەوە) هەمیشە بیرم لە بردنەوە دەکردەوە، خەونم پێوە دەدی، بێزووم پێوە دەکرد، ئێستا تەواو، هەموو شتێک بڕایەوە! ئەمە دوا چەک بوو، باوەڕ دەکەی ئانیا گیان هەنووکە دەستم بەتاڵە، ئیسراحەتم کرد، جاران دیل و ئەسیری قوماربووم، لە ئێستا بە دواوە بیر لە کارەکەم دەکەمەوە، لە ئێستا بەدواوە شەوانی دوورو درێژ وەکو جاران بە خەیاڵی قومارەوە نابەمە سەر"١٢٣+.

هەڵبەتە باوەڕم نەدەکرد، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو شادمانیەم پێ ببڕێت کە بە چاوی خۆم بدینم فیودور میخائیلوفیچ قوماری لەبەرچاو کەوتبێ، چونکە زۆرجار بەڵێنی دابوومێ کە قومار تەرک بکات، بەڵام بەخۆی نەوەستابوو و بەڵێنەکەی نەبردبووە سەر، بەڵام شوکر ئەم کامەرانییە هاتەدی، بە ڕاستیش ئەمە دوا چەل بوو کە ڕۆڵێتی تێدا کرد. لە سەفەرەکانی دیکەدا بۆ هەندەران (١٨٧٤، ١٨٧٥، ١٨٧٩،١٨٧٦) فیودورمیخائیلوفیچ بۆ تاقە جارێکیش بیری لەوە نەکردەوە بۆ شاری قومار بڕوات، ئەوەی ڕاستی بێ قومارخانەکانی ئەڵمانیا زوو داخران، هەرچەندە لە سباو

ساکسون و مۆنت کارلۆ هەر کراوە بوون، دیارە نەچوونی مێرەکەم بۆ ئەو شوێنانە لەبەر دوورییان نەبوو، بەڵکو تەواو ئارەزووی لە قومار نەمابوو، کرمەکەی مردبوو، دیاربوو ئەم وەهم و خەیاڵپڵاوی بردنەوەیە خولیا و کەڵکەڵە یان نەخۆشییەکی سەخت بوو و لە ناکاوا لە کۆڵی بووەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ لە ڤیسبادن گەڕایەوە، دڵشاد و کەیفساز و خۆش دەماخ و چالاک، خێرا کەوتە کارکردن لەسەر ڕۆمانی (ئەهریمەنان) وای بۆ دەچوو گەڕانەوە بۆ ڕووسیا و دۆزینەوەی ماواو سوکنایەکی تازە و چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵە تازەکەمان دەرفەتی کاری بەردەوامی بۆ ناهێڵنەوە، هەموو بیر وهزرینێکی مێردەکەم بۆ پێشوازی ژیانی تازە تەرخانکرابوو، لەلایەکی دیکەشەوە وای مەزەندە دەکرد خزم و کەسوکار و دۆست و بناژۆ کۆنەکانی دەبینێ و دەبێ بە بۆچوونی ئەو بەدرێژایی ئەم چوار ساڵە گۆڕابن، دەشیزانی کە ئەو خۆیشی لە بۆچوون و نۆڕین و بیرکردنەوەکانیا گۆڕاوە.

لە ئاخر و ئۆخری هەیڤی یونیوی ساڵی ١٨٧١دا، هەقی ڕۆمانەکەمان لە دەستەی نووسەرانی (مژدەبەری ڕووسی) وەرگرت، بێئەوەی تاقە یەک ڕۆژیش بەفیڕۆ بدەین، کەوتینە خۆ کۆکردنەوە و دەرهێنانەوەی شتەکانمان لە بارمتەو دانەوەیقەرزەکانمان وپێچانەوەی ماڵ وجانتاکانمان. بە دوو ڕۆژ بەر لە سەفەرەکەمان، فیودور میخائیلوفیچ بانگی کردم بۆ ژوورەکەی خۆی و چەند بەستە کاغەزێکی ئەستووری گەورەی نووسراوی دامێ و گوتی کە بیانسوتێنم، هەرچەند پێشتر لەمبارەیەوە قسەمان کردبوو، بەڵام زۆرم لەبەر گران بوو ئەم دەستنووسانە بفەوتێن، بۆیە تکام لە مێرەکەم کرد کە ڕێگەم بدات لەگەڵ خۆمیان بێنم، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ بیری خستمەوە کە بێگومان لەسەر سنوور دەی پشکنن و دەست بەسەر هەموویدا دەگرن و ئەم کاغەزانەش بە مەرەدی هەمان ئەو کاغەزانە دەچن کە لە کاتی گرتنەکەی ساڵی ١٨٤٩دا دەستیان بەسەردا گیرا و فەوتان، هەروەها دووریش نەبوو لە ڤیرگیبولوڤو* (* ناوی فەرمی شاری ڤیربالیسە پێش ساڵی ١٩١٧و دەکەوێتە کۆماری لیتوانیاوە) ڕامان بگرن تا بەو کاغەزانەدا بچنەوە، کە ئەمەش بۆ سکەکەی من خەتەر بوو، چەندم پێناخۆش بوو کە لەم دەستنووسانە دادەبڕام، بەڵام ناچاربووم مل بۆ هەنجەتەکانی فیودورمیخائیلوفیچ بدەم، سۆپاکەمان نێڵدا و کاغەزەکانمان سووتاند، بەوجۆرە دەستنووسێن هەردوو ڕۆمانی (گەمژە) و (مێردی

هەمیشەیی) فەوتان، زۆرم خەفەت بۆ فەوتانی ئەم بەشەی ڕۆمانی (ئەهریمەنان) خوارد کە دەیکردە نموونەی فۆرمی ئەم جۆرە کارە، بەڵام توانیم ئەو سەرە قەڵەم و وردە سەرنجانەی لە دەفتەرێن سەرنجی تایبەت بە هەردوو ڕۆمانی ناوبراودا تۆمارم کردبوون بپارێزم و بیاندەمە دایکم١٢٤+ کە قەرار وابوو لە کۆتایی پایزدا بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە، بەڵام دایکم ڕازی نەبوو یەک جانتای پڕ لە دەستنووس لەگەڵ خۆیدا بێنێتەوە، ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم هەموو دەستنووسە ببێتە مایەی گومان و هەموو دەستنووسەکانی لێبسەنن، ئەنجام لە ٥/ یولیودا لە درزدنەوە بۆ بەرلین وەڕێکەوتین و لەوێندەرەوە سواری قیتار بووین و ڕووسیا خۆت بگرە وا هاتین.

لە ڕێگا بەبۆنەی جم وجۆڵ و بزێوی ومەیلی گەمەکردنی لوباچکا زۆر سەریەشەمان بۆ درووست بوو، تەمەنی نۆ مانگ بوو، هیچ دایەنێکمان لەگەڵ نەبوو،منیش سکم هەبوو وباری تەندروستیم باش نەبوو، ئیدی مێردەکەم بەدرێژایی ڕێگا دەوری دایەنی دیتووە: لە شۆستەی وێستگەکاندا دەیگێڕا و شیر و خواردنی بۆ ئامادە دەکرد، بە ئەسپاب وازی دەیخلافاند و ژیری دەکردەوە، بە کورتی وەکو دایەنێکی کارامە و شارەزا بەخێوی دەکرد، کە ئەمە ئەو سەفەرە دوورو درێژەی لێ ئاسان کردم.

ئەوەی پێشبینیمان کردبوو ڕوویدا: هەموو جانتا و شت و مەکەکانیان هەڵڕشتین، بەڵام کاغەز و کتێبەکانیان لەلایەکەوە بەجیا دانایین.

هەموو خەڵکەکە لە هۆڵی پشکنین دەرکران و تەنیا ئێمە هەرسێکمان لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی کەمدا کە لە نزیکی مێزەکە خڕبوونەوەماینەوە، ئیدی بەکەیفی خۆیان کەوتنە پشکنینی کتێبەکان و بەستە دەستنووسە بچووکەکە، ترسی ئەوەمان لێنیشت کە قیتاری پترسبورگ بەجێمان بێڵێت، باش بوو لوباچکا لەم کێشەیەی ڕزگار کردین، برسێتی زۆری بۆ هێنا، بە دەنگی بەز هاواری دەکرد: " دایکە کولیچەم دەوێ" هێندەی هاوار کرد فەرمانبەرەکان بێزار بوون، ئیدی بەپەلە کتێب و دەستنووسەکانیان وێداینەوە و بەڕێیان کردین.

دەبوایە یەک هەفتەی دیکە لە فارگۆنی قیتاردا بین، بەڵام چونکە گەیی بوینەوە خاکی ڕووسیا و هەموو ئەو خەڵکانەی دەروبەری خۆمان بە کەس و کاری خۆ دەزانی ، لەباری دەروونیەوە ئاسوودە بووین و گوێمان بە ماندوویەتی ڕێگا نەدەدا،

من و مێردەکەم زۆر دڵشاد بووین، لەیەکترمان دەپرسی: ئەوە ئێمەین گەیشتینەوە ڕووسیا ، ئەوە ئێمەین خەونە دێرینەکەمان هاتە دی.

"٨"

## ١٨٧١ کۆتایی ژیانی هەندەرانمان

هەڵبەتە کە من دەڵێم ژیانی هەندەرانمان کۆتایی هات. لە ڕووی ناشکورییەوە نایڵێم، پڕ بە دڵ منەتباری قەدەرم بۆ ئەو چارەنووسە، ڕاستە بە درێژایی ئەو چوار ساڵە جەخاری زۆرمان کێشا، بەڵای گەورەمان بەسەرهات، لەوانە: مردنی کیژە نۆبەرەکەمان، نەخۆشکەوتنی فیودور میخائیلیفوچ،نەبوونی ونەداری هەمیشەیی،بێکاری،ئالوودەبوونی دۆستۆیفسکی بە ڕۆڵێت، دووری لە وڵات و کەسەری ئەوەی نەماندەتوانی بگەڕێینەوە بۆ وڵات، بەڵام هەموو ئەم بەڵایانە بە خێر شکانەوە: زۆر لێکدییان نزیک کردینەوەو کردیانە کارێک کە لێک بگەین و ڕێزی یەکتر بگرین و خۆشەویستییەکی هاوبەشی هێندە پتەومان لەنێواندا پەیدا بێت، کە ئەگەر ئەو ڤیانە نەبوایە کە هەرگیز نەدەشیاین لە ژیانی خێزانداریماندا بەم ڕادەیە دڵشاد و کامەران بین.

یادکردنەوەی ئەم ساڵانە بۆ من دەکاتە تابلۆیەکی بێگەرد و جوان، سەردانی زۆر شار و شوێنی جوانمان کرد، ( درزدن، بادن-بادن، ڤینیڤ، میلانۆ، فلورەنسا، ڤینیسیا. پراگ) دنیایەک لەبەر چاوانم کرایەوە کە تا ئێستا نەمدیت بوو، دنیایەک تا هەنوکە گۆنگ و ئاڵۆز بوو، هیچ شتێک کونجکاوی فزوولی گەنجانەی تێر و پاراو نەدەکردم تەنیا سەردانی کڵێسا و مۆزەخانە و پێشانگاکان نەبێت، بەتایبەتی کە ئەم سەردانانە لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستدا بوو، کە لە گەڵ هەر قسەکردنێکیدا شتێکی تازەم لە واری هونەر یا ژیاندا بۆ کەشف دەبوو، هەڵبەتە هەر هەموو ئەو شوێنانەی کە دەچووینێ بۆ فیودورمیخائیلوفیچ تازە نەبوون، بەڵام ئەو کە خاوەنی زەوقیکی هونەری بەرز و نۆڕینێکی قووڵ بوو، کە دەچووە پێشەنگا و گەلەرییەکانی

درزدن و فلورنسا وە، بەڕاستی لەزەتی لە تەماشاکردنی دەبینی بە سەعاتان لە کلێسای سان مورقوس و کۆشکەکانی ڤینیسیا ڕادەما.

راستە لە هەندەران ناسیاومان نەبوون، مەگەر ئەوانەی بە ڕێکەوت و بەشێوەیکی ڕەوتەنی تووشیان دەبووین، بەلام فیودورمیخایلوفیچ بەم دووره پەرێزییە لەخەڵکی دڵشاد بوو، لەوساوە کە میخائیلی برای مردبوو خەمبار بوو. دەگەڵ ئەو نائومێدی و بەدبەختیانەدا کە لێی نەدەبوونەوە لە ململانێدا بوو، ئەمە جگە لەوەی کە لە ئەهلی ئەدەب و هەڵوێستی ئەهلی ئەدەب زۆر بێزار و بێتاقەت بوو، فیودور میخائیلوفیچ پێی وابوو پێویستە هزرڤان هەندێجار دوورەپەیز بێت و خۆی لەو ڕووداوانە دوور بگرێت کە هەمیشە نیگەرانی دەکەن و بە تەواوەتی لەگەڵ هزر و بیر و خەون و خەیاڵەکانی خۆیدا بژی، فیودور میخائیلوفیچ پاشان کە هاتەوە نێو گێژاوی ژیان لە پایتەختدا، زۆرجار ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە لە هەندەران چەند دڵشادبووە و وەختێکی زۆری ئەوتۆی بەدەستەوە بووە کە نەخشەی ڕۆمانەکەی داڕێژێت، بەکاوەخۆ کتێبی هەڵبژاردە بخوێنێتەوەو لەزەت لەو باری سەرنجانە وەربگرێت کە خوێندنەوە پێی دەبەخشی.

ژیانی هەندەران جۆرەها شادمانی خالیسە و قووڵی پێ بەخشین وەک: بوون بە خاوەنی منداڵ، سەرەتای دامەزراندنی خێزان کە فیودور میخائیلوفیچ هەمیشە خەونی پێوە دەبینی، لەو شتانە بوون کە ژیانیان ئاوەدان و ڕووناک کردینەوە، من منەتباری خۆم بۆ قەدەر دەردەبڕم و دەڵێم: " سوپاس بۆ خوا کە دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە ئەو ساڵە جوان و خۆشانە بە تاقی تەنیا لەگەڵ ئەم مرۆڤەنەزنەدا بەو هەموو خەسڵەتە دەروونییە بەرزەوە بەرمە سەر!"

ئێستا کە لە باسی ژیانی هەندەرانمان، کە پتر لە چوار ساڵی خایاند بوومە، دێمە سەر باسی مانای ناوەوەی ئەو ژیانی دوورەپەرێزی و گۆشەگیرییە درێژەی کە لە هەندەران بەسەرمان برد، هەرچەندە ئەوسا خەممان زۆر بوو، زۆربەی کات نەدار و نەبوو بووین، هەندێجار بێزار دەبووین، زۆر تەنیا و گۆشەگیر بووین، بەڵام ئەم ژیانە کارێکی زۆر ئەرێنی کردە سەر سەرهەڵدانی بیروباوەڕی مێردەکەم و پەرەسەندنی هەستە مەسیحییەکانی، هەر هەموو ئەو دۆست و ناسیاوانەی کە لە گەڕانەوەماندا بۆ وڵات دەیاندیتین دەیانگوت فیودورمیخائیلوفیچ زۆر گۆڕاوە، دەڵێی مرۆڤەکەی جاران نییە، تەبیعەتی بەرەو باشی گۆڕاوە، زۆر نەرم و نیان

بووه لە ڕەفتاریدا، دەگەڵ خەڵکیدا نەرمکێش و لێبوردەیە، ئەو سەرسەختی و چیکڵدانە تەنگییەی جارانی نەماوە، لێرەدا چەند وتەیەکی بیرەوەرییەکانی نیکولای ستراخوف*( * ژیننامە و وتارەکان، ل ٢٤٩، ئا. گ. دوستویفسکایا) بە نموونە دێنمەوە کە دەڵێت: " من دڵنیام ئەم چوار ساڵەی فیودور میخائیلوفیچ لە هەندەران بردنیە سەر، باشترین ساڵانی تەمەنی بوون، ئەو سالانە قووڵترین و پاقژترین بیر و هەستیان بۆ فەراهەم کرد، ئیشێکی زۆر جدی کرد، ڕاستە هەندێجار نەبوونی و نەداری دیتووە، بەڵام لە سایەی ژیانی ئارامی خێزانداریدا، ئارامی و دڵشادییەکی زۆری دیتووە، بەدرێژایی ئەو ساڵانە لە نیمچە گۆشەگیرییەکی تەواودا ژیاوە،واتە دوور لە هەر هۆکار و ئەگەرێک کە لە کارە ڕوحییە قوولەکەیی دوور بخاتەوە، لەدایکبوونی منداڵان، وبەخێوکردنیان و بەشداری کردنی هەردووکیان لە خەم و پەژارەی یەکدی و تەنانەت مردنی منداڵە نۆبەرەکەیاندا، هەرهەموو ئەمانە هەست و سۆزی باڵان، بێگومان ژیان لە هەندەران و لەو هەلومەرجەدا و لە سایەی ئەم ڕامانەئارام و دوور و درێژەدا ئەو گیانە مەسیحاییانەی لەلا ریشاژۆکرد کە هەمیشە لەناخیا دەژیا، ئەم گۆڕانکارییە جەوهەریانە لە دوستویفسکیدا ڕوویان دابوو، دوای ئەوەی لە هەندەران زفرییەوە بۆ هەموو ناسیاوەکانی وەکو ڕۆژی ڕووناک عەیان بوو. ئیدی بەردەوام باسی جۆرەها بابەتی ئاینی دەکرد، وێڕای ئەوەش ڕەفتاری گۆڕا بوو، زۆر ناسک و نەرم و نیان بوو بوو، تەنانەت سیمای ڕوخساریشی هەندێک لە خەسڵەتە دەروونییەکانی گرتبوو، بزەیەکی دۆستانە بەسەر لێویەوە بوو... هەڵبەتە ڕوحی بە باشترین هەستێن مەسیحیانە ئاوەدان بوو، ئەو هەستانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر لە بەرهەمەکانیا ڕەنگی دەدایەوە، فیودور میخائیلوفیچ بەو شێوەیە لە هەندەران زفرێەوە."

فیودورمیخائیلوفیچ پاشان لە سالانی دواتردا ، زۆر بە خۆشحاڵییەوە خۆزگەی بەو ساڵانە دەخواست کە کە هەندەران بردبوومانە سەر، خزم و کەس و کاریش هەستیان بەو گۆڕانە کرد کە بەسەر مندا هاتبوو: کیژێکی هێمنی شەرمن بوو بوو بە ژنێکی کارامە کە باکی بە ململانێکانی ژیان نەبوو، لە هیچ نەدەترسا، تەنانەت خەمی قەرزیشی نەبوو، ئەو قەرزەی کە وەختێک هاتینەوە گەیی بووە بیست و پێنج هەزار ڕۆبڵ، بەدەم ژیانەوە پێدەکەنیم، بەڵام هەر لەنێو خێزانەکەی خۆم و کەس و کار و دۆستەکانمدا وابووم، لە نێو بێگاناندا، بەتایبەتی لە

کۆمەڵگەی پیاودا، یەجگار محافزکار بووم، بێدەنگ و هێمن و بێدەنگ، زیاتر گوێم دەگرت تا قسان بکەم، دەستە خوشکەکانم بە ئاشکرا پێیان دەگوتم لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا زۆر پیر بووم، گلەییان لێدەکردم کە بە خۆم ڕاناگەم، جلکی جوان لەبەر ناکەم، قژم لەسەر مۆدە دانانەم، هەڵبەتە ڕاستیان دەکرد، بەڵام من حەزم دەکرد ڕەفتار خۆم بگۆڕم، دڵنیا بووم فیودور میخائیلوفیچ لەبەر ڕواڵەت خۆشی نەدەویستم، بەڵکو لەبەر سیما ئەقلانی و خەسلەتە شەخسییەکانم خۆشی دەویستم، لەبەر ئەوەی توانیبوومان لە زەرفی ئەم سالانەدا، فیودور میخائیلوفیچ گوتەنی لە ڕووی "ڕوحییەوە ئاوێتەی یەکدی بین."

دیمەنی محافزکارانە و دوورەپەرێزیم لە کۆمەڵگەی پیاوان ئاسوودەییەکی دەروونی باشی بە مێردەکەم بەخشی بوو، ئەمە کردییە کارێک کە هیچ یەکێک لە خەسڵەتە خراپەکانی سەرنەکەن و نەهاروژێن، وەکو غیرە و خانەگومانی بێ بنج و بناوان.

پەراوێز و ڕوونکردنەوە:

٤٤ - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی ف.م.دۆستۆیفسکی و ئا. گ دوستویفسکایا لە هەندەران، لە ساڵی ١٨٦٧ دا، بڕوانە یاداشتەکانی نووسەر.

٤٥ - ئاناگریگوریڤنا لە بیرەوەرییەکانیدا ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە کە مەبەستی لەکام نامەی دوستویفسکییە بۆ ئەو. پێدەچێ ئەم نامەیە ون بووبێ، چونکە ئەم پەڕەگرافە لە "نامەکاندا" کە بە چوار بەرگ بڵاوبووەتەوە، نییە، سەبارەت بە هەمان پەڕەگراف ئاناگریگوریڤنا لە بیرەوەرییەکانی دوستیفسکایا دا، ل١٠٥ لە باسی هەمان پەڕەگرافدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هی بەرواری ٢٦/ مایو، یونۆی/ ١٨٦٧

٤٦ - لە یاداشتی نووسەردا، لە ڕۆژی ١٨٦٧/٤/١٨ دا ئەمە تۆمارکراوە:" ئەنجام فیودور میخائیلوفیچ بردمی بۆ لای تابلۆکەی سیستین، تا ئێستا هیچ تابلۆیەک وەکو ئەم تابلۆیە کاری تێنەکردبووم، چ جوانییەکی تێدایە، چ بێگەردی و چ خەمێک لەم تابلۆ خواییەدا کۆبووەتەوە،ئەم جووتە چاوە چ خاکەرایی ،چ جەخارەخارکیان لە خۆ گرتووە. فیدیا، ژانی لە زەدەخەنەکەی مادونادا دەبینی، (ل١٥)چەند جارێک ناوی مادونا لە کارەکانی دوستویفسکیسدا هاتووە،

سفیدریگایلوف لە "تاوان و سزا" دا، بەم جۆرە باسی دەزگیرانە گەنجەکەی دەکات: "ڕوخساری لە ڕوخساری مادوناکەی روفاییل دەچوو، مادونای سیستین ڕوخسارێکی جوانی هەبوو، ڕوخسارێکی بێگەرد کە ژانی لێهەڵدەقولا"- دوستویفسکی، ١٩٥٦-١٩٥٨، بەرگی پێنجەم ل ٥٠٢.

٤٧ - ئاناگریگوریڤنا مەبەستی کارەکانی نیگارکێش ڤاسنیتسوفە کە لە ئاخر و ئۆخری هەشتایەکان و سەرەتاکانی نەوەدەکاندا لەسەر دیوارەکانی کڵێسای فلادیمیر لە کییف کێشابوونی و بابەت و تێمەکانی لە کتێبی پیرۆزەوە هەڵێنجابوو.

٤٨ - لەڕۆژانە یاداشتەکانی ئانا دوستویڤسکایادا، سەبارەت بە تابلۆکەی تیتسیان، "مەسیح و پارچە دراو"، تەعلیقێکی بەرواری ٤/٢٠ بەدی دەکرێت کە دەڵێت: " ئەم تابلۆ جوان و نایابە،وەکو فیدیا دەڵێت، هاوتای مادوناکەی روفاییل دەکاتەوە، لێرەدا ڕوخساری مەسیح گوزارشت لە بێ فیزییەکی زۆر و لە بەرزی و لە ژان دەکات، ل ١٩.

٤٩- هەردوو تابلۆی، "بەیانی" و "ئێوارەی" هونەرمەندی فەرەنسی کلودلوران لە مۆزەخانەی درزدن نین، بەڵکو لە مۆزەخانەی ئیرمیتاژی پترسبورگن، تابلۆی یەکەم، واتە "بەیانی" بە ناوی، "دیداری یەعقوب و ڕاشیل"ش ناودەبرێ، بەڵام تابلۆی دووەمی کلودلوران "ئەسیس و گالاتیا" ئەوەیە کە دوستویفسکی ناوی "سەردەمی زێڕینی" لێنا، لە هۆڵ و مۆزەخانەی هونەریی درزدن دایە و بابەتی تابلۆی "ئەسیس و گالاتیا" لە کتێبی " گۆڕانکاری" ئۆڤیدەوە هەڵیجنراوە و لە سەدەی سیازدەی زاینیدا بڵاوبووەتەوە، باسی چیرۆکی عاشقێنی گالاتیا و ئەسیس دەکات، دوستویفسکی سێ چەلان، باسی ئەو تابلۆیەی لە ڕۆمانانی "ئەهریمەنان"، "دانپێدانانی ستافروگین"، "هەرزەکاری" دا کردووە، (حیکایەتی ڤیرسیلوڤ دەربارەی ڕۆژانی هەوەڵی مرۆڤایەتی ئەوروپا) و لە "یاداشتی نووسەردا" دەربارەی ساڵی ١٨٧٧، (خەونی پیاوێکی کۆمیدی.)

٥٠- گومانی دوستویفسکی لە موزیقای ڤاگنەر، لە نامەیەکیدا بۆ ئاناگریگوریڤنا دەردەکەوێت کە ئەم نامەیەی لە ١٨٧٩/٨/٧ دا لە شاری ئیمسەوە ناردووە و دەڵێت: "هەرچەندە موزیقا لێرە باشە، بەڵام لە بتهوڤن، موزارت، ڤاگنەر بترازێ (هەرچەندە بەناوبانگە بەڵام بێزارکەرە) شتەکانی دی خراپە، (نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٩٠) ، ڕەنگە هۆی بێزاری لە ڤاگنەر، بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوستویفسکی

لەسەر موسیقای کلاسیکی و ڕۆمانسی کلینکا و بتهۆڤن و موزارت ڕاهاتبوو، هەڵبەتە دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە دوستویفسکی تەنیا لە قاڵبی کونسرتۆدا گوێی لە ڤاگنەر گرتبوو، بەڵام ئوپراکانی ڤاگنەر زیاتر لەڕووی بەرجەستەکردنی شانۆییەوە سەرکەوتوو و بەناوبانگ بوون، خۆ هەر دوستویفسکی بەخۆی لە ساڵی ١٨٧٣ لە "گۆڤاری هاوولاتی" دا وەڵامی نامەی خوێنەرێکی ئەڵمانی دەداتەوە و دەڵێت: "ئەم دیاردانە وەکو بڵاوبوونەوەی هزر وبیرێن قووڵی شوپنهاور ، موسیقای ڤاگنەر، بەلای کەمەوە ئەوەمان نیشان دەدات کە بیری قووڵی ئەڵمانی و ئەفراندنی هونەریی هێشتا زیندوون و بە هیواو حەزی گەورە بارگاوین،" (دوستویفسکی، ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی ١٣، ل ٤٥٦.

٥١ - دوستویفسکی بە بەردەوامی گیرتسین، (ئەلکسندر گیرتسینی ١٨١٢- ١٨٧٠ ) دەخوێندەوە، گیرتسین بەلای ئەوەوە یەکێک بوو لە نووسەر و هزرڤانە قووڵ و کاریگەرەکان، پێویستەلێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە داهێنانی ئەلکسندرگیرتسین کارێکی زۆری لە دوستویفسکی کردووە، هەرچەندە ئەم کاریگەرییە هێشتا وەکو پێویست نەخراوەتە بەر وردبینی لێکۆڵینەوەوە، دوستویفسکی یەکەمجار لە نامەیەکی بەرواری یەنایر/ ١٨٤٦ دا بۆ میخائیلی برای، باسی گیرتسینی کردووە و دەڵێت پەیگیری هەموو کارەکانی گیرتسین دەکات لەوانە:( کێ تاوانبارە؟ دکتۆر کروبوف)، کە لای دوستویفسکی لە ئاستی شاکارە ئەدەبییە ڕووسیەکان و جیهانییەکانە، دوستویفسکی وتارنووسین و باسەکانی گیرتسینی دەربارەی ئەوروپا زۆر بەدڵ بوو، دیارە زیاتر لەو بوارەوە بەدڵی دوستویفسکی بوون کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دژی بۆرژوازیەت بوون، دەچوونە قوولایی کێشە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانەوە، ئەو کودەتا ڕادیکاڵانەی شیدەکردەوە  کە لە ئەوروپا ڕوویان دەدا! هەروەها دوستویفسکی ستایشێکی زۆری( سائل فی دراسە الطبیعە) ی گیرتسینی کردووە و بە "باشترین فەلسەفەی لە ڕووسیا و لە هەموو ئەوروپا" لەقەڵەم داوە، دوستویفسکی لە بیرەوەری هاوعەسرەکانیا، بەشی دووەم، ل ١٣٨ دوستویفسکی و گیرتسین لە سالی ١٨٦٢ دا لە لەندەن یەکدی دەبینن، ئەم دیدارە کاریگەری ئەرێنی لەسەر هەردووکیان دەبێت، بەڵام پاشان کە گۆڕانکاری گەورە بەسەر دنیابینی سیاسی دوستویفسکیدا دێت، ئاساییە لە ڕووی ئیدولۆژییەوە لێکدی دوور دەکەونەوە و دادەبڕێن، دوستویفسکی لە وتاری "دەربارەی خەڵکی کۆن"، بۆچوونێکی زۆر خودی، بەڵام دوور لە هەر ڕق و دژایەتییەک سەبارەت بە وەسپی

کەسایەتی گیرتسین دەردەبڕێت کە تێیدا دەڵێت:" هونەرمەند، هزرڤان، نووسەرێکی جوان بوو، مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و فرە زانیاری بوو، گەورە بوو، (بڕوانە: دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی یازدەیەم، ل٧) لە ساڵی ١٨٧٦ دا کاتێ دوستویفسکی هەواڵی خۆکوژی کیژەکەی گیرتیسن دەژنەوێ، نووسینێک دەربارەی بابی وەکو هزرڤان و شاعیر، دەنووسێت:" تەماشاکەن، ئەمە کیژی گیرتسینە، ئەو پیاوە بەهرەمەندە بەرزە، ئەو هزرڤان و شاعیرە، دروستە ژیانی زۆر پەشێو بوو، تەژی ناکۆکی و دیاردەێن دەروونی سەیر بوو، یەکێک بوو لە کۆنە مەنشەفیە غەربدۆستەکان، بەڵام وێرای ئەوەش یەکێ بوو لە کەسایەتییە ڕۆشنبیر و دەگمەن و ڕووسی تەبیعەتەکان ( کتیبخانەی دەوڵتی لیننگراد، فایلی ٩٣، ل٢،١٠،١) سەبارەت بە پەیوەندی دوستویفسکی و گیرتسین بڕوانە وتاری ئا. س. دولینین، "دوستویفسکی و گیرتسین" لە کتێبی "ڕۆمانەکانی دوایی دوستویفسکی"، مۆسکۆ لیننگراد، ١٩٦٣.

٥٢ - ئانا گریگوریڤنا دوستویڤسکایا مەبەستی فەسڵی پازدەیە، "شتێک دەربارەی درۆ"- " یاداشتی نووسەر"، دەربارەی ساڵی ١٨٧٣، کە دوستویفسکی بەم شێوەیە کۆتایی پێهێناوە:

" ئەوەی لە ژنەکانماندا بەدی دەکەین و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادییە دڵسۆزی و هەوڵ و جدیەت و ئابڕومەندی و گەڕانە لە حەقیقەت و قوربانیدانە لە پێناویدا (...... ) ئافرەت ئەمڕۆ مکوڕە لەسەر کارکردن، لە پیاو جدیترە، دەیەوێ بەڕاستی کار بکات، لە پێناوی کاردا هەوڵدەدات، نەک بۆ ڕواڵەت و خۆ نواندن، ئایا بە ڕاستی چاوەڕوانی پشتیوانی گەورەی لێناکەین؟" (بڕوانە دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی یازدەیەم، ل ١٢٩.) ئاناگریگوریڤنا لەوەدا ڕاستی نەپێکاوە کە گوتوویەتی پەیوەندی ئەرێنی نووسەر بە بزافی ڕزگاریخوازی ئافرەتەوە، لەو دواییانەدا لە هەفتایەکاندا دەرکەوتووە، دوستویفسکی زۆربەی کات دژی نەهیلزمی فۆرمالی "گەوجانە" بوو، پێش ئەمە و لە ساڵی ١٨٦٨ دا لەم بارەیەوە بۆ سوفیائیڤانوڤای نووسیوە و دەڵێت: "پرسی ئافرەت بەگشتی و ئافرەتی ڕووس بەتایبەتی، لەماوەیەکی کورتدا تەنانەت لە ژیانی تۆشدا هەنگاوی زۆر گەورە و باش دەنێت، من لێرەدا باسی ئافرەتە ناپوختە و نەگەییوەکانمان ناکەم...." (نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٧٣.)

٥٣- ف. ک. هابلسبرگر، بە دامەزرێنەری زانسی ئیختیزال دەژمێردرێت لە ئەڵمانیا، داهێنەری سیستەمە تازەکەی ئیختیزالە، گەیبووە ئەو بیرۆکەیەی کە ئەو پەیوەندییە بینراوەی دەنگ و فۆنەتیکی زمان دەگوازێتەوە، دەبێ دەگەڵ میکانیزمی قسەکردنی بەشەریدا تێکبکاتەوە و بگونجێت، قوتابییەکانی هابلسبرگر دوای مردنی وی، " کۆمەڵەی سەرەکی ئیختیزالی هابلسبرگر"یان دامەزراند، ١٨٥٠، ب.م. ئولخین، مامۆستای ئاناگریگوریڤنا دوستویڤسکایا، یەکێک بوو لە مامۆستا پێشەنگەکانی ئیختیزال لە ڕووسیا، خاوەنی کتێبی- ڕێنمایی ئیختیزالی ڕووسی بەگوێرەی پرەنسیپەکانی هابلسبرگر". (چاپی سێیەم، سان پترسبورگ، ١٨٦٦، ئەم کتێبە لە کتێبخانەی فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکیدا هەبوو، سەبارەت بە ئا. گ. دوستویڤسکایا وەکو ئیختیزالچییەک بڕوانە: ب.ن. کابیلوش و ت.م. بۆشیمانسکایا، نووسینەکانی ئا. گ. دوستویفسکایا بە ئیختیزال لە کتێبی، "ئەرشیفی ئەدەبیدا"، بەرگی شەشەم، مۆسکۆ- لیننگراد، ١٩٦١. ل١٠٩، ١١١.)

٥٤- سەبارەت بەو پەڕەگرافەی کە دیار نییە هەواڵی کۆبوونەوەی کۆمەڵی ئیختیزال لە درزدن، لە ٢٠/یونیو/ ١٨٦٧ دا کە ئا. گ. دوستویڤسکایا ئامادەی بووە، لە ڕۆژنامەی (Dersdener mission-nachrichen) ٢٢/یونیو/ ١٨٦٧ بڵاونەبووەتەوە، لە یاداشتی نووسەردا پەڕەگرافێک لەمبارەیەوە لە ڕۆژنامەی (Nationazeitung) وەرگیراوە، باسی ئەوە دەکات خانمێکی ڕووسی بەشداری کۆبوونەوە فراوانەکەی دوایی ئەنیستیتوی ئیختیزالی کرد، کە هەمان سیستەمی هابلسبرگر دەخوێنێ و لەکارەکانی خۆیدا لە پترسبورگ بەکاری دەبات، ل ١٤٥.

٥٥- لێرەدا باس باسی ئەوەیە کە موهاجیرێکی پولاندی بە ناوی ئانتون پیریزوفسکی، لەکاتی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی پاریس لەساڵی ١٨٦٧ دا تەقەی لە ئەلکسندری دووەم ١٨١٨- ١٨٨١، کرد، زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەوانی فەرەنساو پارێزەرانی فەرەنسی کە خۆپیشاندانێکیان بە درووشمی ( Vive la pologne= بژی پۆلاندا) ڕێکخست، پشتیوانیان لە ئانتون پیریزوفسکی دەکرد و ئەم کارەیان بە کارێکی ڕەوا، بە تۆڵەیەکی ڕەوای وڵاتە داگیرکراوەکەی لە قەڵەم دەدا، لە ٣/ یولیو/ ١٨٦٧ دا، دادگای پاریس لە جیاتی حوکمی ئیعدام حوکمی ئەبەدی بۆ ئانتون پیریزۆفسکی بڕییەوە. کەچی نووسەر کە پێشتر لەگەڵ حوکمی ئیعدامدا نەبوو، زۆر لەم حوکمە سووکە پەست بوو کە دادگا بۆ بیریزوڤسکی بڕیبوویەوە،

هەڵوێستی ئەنجومەنی دادڤانی هەڤدژ و پێچەوانەی باوەری دوستویڤسکی بوو سەبارەت بە بەرپرسیارێتی شەخسی مرۆڤ لە کار وکردەوەکانی خۆی، دوستویفسکی لە نامەیەکیا ١٨٦٧/٨/٢٨ بۆ ئەپوللون مایکوف، زۆر بە توندی ڕەفزی هەوڵە تیرۆریستییەکەی پیریزۆفسکی دەکات و بەم شێوەیە ئەو حوکمە مەحکوم دەکات کە دەرهەق بەم تیروریستە دەرچووە:

" ئەوەی لە پاریسدا ڕوویدا، بە توندی هەژاندمی، پارێزەرە پاریسییەکان زۆر جوان بوون کە هاواریان دەکرد (Vive la pologneپیڤ!) چ حەقارەتێکە، جا لەم گەوجایەتی و لەم بیروکراتییەش خراتر! من لە جاران پتر قەناعەتم بە بیرکردنەوەکەی جارانم هێناوە: قازانجی ئێمە لەوەدایە کە ئەوروپا هێشتا نامانناسن، بە کەممان دەزانن، سەبارەت بە وردەکاری دادگا (......) پیریزوفسکی! بێ پێچ و پەنا قسە بکە، کە بیروکراتییەتێکی نەنگین و دزێوە..." نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٢٧.)

٥٦- زۆرجار دوستویفسکی نووسەری کۆمەڵایەتی، لە ڕاستیدا داکۆکی و بەرگری لە یەکێتی گەل و "تزاری- ڕزگارکەر"، ئەلکسندری دووەم دەکرد، هەڵبەتە ئەم مجێزە سەڵتەنەتخوازییە زیاتر لەساڵەکانی دوایی تەمەنی نووسەردا، گوزارشتی لێکراوە، ئەگەرچی دوستویفسکی بەرگری و داکۆکی لە پرەنسیپی پاشایەتی دەوڵەتی ڕووسی دەکرد، بەڵام لە هەموو تزارەکانی ڕووس ڕازی نەبوو وبە خەڵکی نموونەیی و ئایدیالی نەدەزانین، ئەوەتا بە زمانێکی توند باسی نیکولای یەکەم دەکات و دەڵێت: " کەسایەتی نیکولای جۆرە بێ شەرمی و گۆساخییەکی تێدایە."

دوستویفسکی ئەمەی لە ساڵی ١٨٦٧دا نووسیوە،( ن. بیلچیکوف. تورگینیف و دوستویفسکی، ڕەخنەی "دووکەڵ"، ئەدەب و مارکسیزم، ١٩٢٦، ژمارە یەک،ل ٨٦)

٥٧- بە ڕەئی ئەو جەنەراڵەی کە لە پرسی پتراشیفسکیدا، لە ساڵی ١٨٤٩ دا گوێگر بوو، دوستویفسکی و هاوڕێکانی دیکەی، سەر بەکۆمەڵەی بتراشیفسکی هەموو مافە مەدەنییەکانیان لەدەست دابوو، بەڵام لە ١٨٥٨/٤/١٧ واتە لە سەردەمی ئەلکسندری دووەمدا، بڕیارێک لە ئەنجوومەنی شوراوە دەرچوو، بە گوێرەی ئەو بڕیارە هەمو مافێکی خانەدانی بە میرات، بۆ دوستویفسکی گێڕدرایەوە، کە مافی ئەوەی پێنەدرا یەکسەر لە پترسبورگ بژی، بەڵکو ناچار بوو لە سەرەتاوە لە مانگی ئابەوە تا دیسامبەر/ ١٨٥٩ لە شاری تیڤردا ئاکنجی ببێت، لە ٢/دیسامبەر/

١٨٥٩ ئەلکساندری دووەم ئەو هەقەی بە دوستویفسکی دا کە لە ژێر چاودێری نهێنی پۆلیسدا لە پترسبورگ دانیشێت.

٥٨- بڕوانە نامەکان بەرگی دووەم ل ١١- ٢٠

٥٩- ئاناگریگوریڤنا، لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی دوستویفسکی لە ٤/مایو/١٨٦٧ دا سەفەری هامبورگی کرد، بەڵێنی دا دوای چوار ڕۆژ بگەڕێتەوە، بەڵام تا ١٥/ مایو/١٨٦٧ لەویندەر مایەوە، (ڕۆژانە یاداشتەکانی دوستویفسکایا، ل ٤٦، ٨٦.)

٦٠- بڕوانە دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠ بەرگی دوازدەیەم ل ٢٧- ٣٣.

٦١- ئاناگریگوریڤنا وەکو دیارە لە باسی پەیوەندی نێوان دوستیفسکی و بلینسکیدا، زئاتر پشت بە گەنگەشەکانی خۆی دەگەڵ مێردەکەیدا و هەروەها بە وتاری (پیران) لە "یاداشتی نووسەر"دا دەبەستێ، دەربارەی ساڵی ١٨٧٣ (بڕوانە دوستۆیفسکی، ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی یازدەیەم) هەروەها پشتی بەو نامەیەی دۆستۆیفسکی بەستووە کە لە ١٨/ مایو/١٨٧١ دا بۆ نیکۆلای ستراخوفی ناردووە، کە جەختی لە سەر ئەوە کردووە بلینسکی جنێوێکی ناشرینی بە مەسیح داوە"، (نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٣٦٤) ، وا دیارە ناکۆکی جەوهەری نێوان بیلینسکی و دوستویفسکی زیاتر لە سەر دۆزە ئۆلییەکان بووە، بەڵام لە ناکۆکییە هزرییەکانی دواتریاندا هۆکاری سەرەکی نەبووە، دیارە ئاناگریگوریڤنا، پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان دوستویفسکی و بیلینسکی بەشێوەیەکی سادە باسکردووە، کاریگەری بیلینسکی بەسەر دوستویفسکییەوە، بەتایبەتی لە قۆناغی گەنجیدا، یەجگار گەورە بووە، بە درێژایی ژیانی دوستۆیفسکی هیچ هزرڤان یا نووسەرێکی کۆمەڵایەتی دیکە بەو قووڵییە کاری هزر وهۆشی نەکردووە، " ئەوساکە بەوپەڕی حەماسەوە باوەڕم بە هەموو باوەڕ و بۆچوونەکانی هێنابوو"، دوستویفسکی ئەوەی نووسیبوو، (بڕوانە دوستویفسکی، ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی یازدەیەم، ل ١٠)، یەکەم دیداری دەگەڵ بیلینسکیدا، (مایو/ ١٨٤٥)، زۆر خۆشبوو، بەتایبەتی ئەو قسانەی کە دەربارەی (هەژاران) کردی: "دەزانی مانای ئەمە چییە کە تۆ خۆت ئەمەت نووسیوە! ڕێک کرۆک و جەوهەری شتەکەت پێکاوە،شتە هەرە گرینگەکەت دەست نیشانکردووە..حقیقەت خۆی بە زەقی بۆ ئاشکرا کردوویت، بەو ئیحتوبارەی هونەرمەندێکی بەهرەمەندیت.. دەبێ ڕێزی بەهرەی خۆت بگریت، دڵسۆزی بیت،

دەبیت بە نووسەرێکی مەزن! " ( دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی دوازدەیەم، ل ٣١، ٣٢) هەر هەموو ئەو وشانە بۆ هەتا هەتایە لە یادگەی دوستویفسکیدا گیرسایەوە و جێگیر بوو، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، نۆڕین و جیهانبینی نووسەر گۆڕا و ڕێزی سەبارەت بە بیلنسکی ڕابردوو گۆڕا، ڕاستە دوستویفسکی بەیداخی یاخیبوونی لە هەنبەر ڕەخنەگری مەزن هەڵکرد، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بەبێ موبالاتی و خەمساردییەوە مامەڵە دەگەڵ مامۆستا ئیلهام بەخشەکەی سەردەمی گەنجییەوە بکات یا فەرامۆشی بکات، دوای ئەو قەیرانە هزرییەی کە نووسەر لە زنداندا چەشتی، حەزیدەکرد لە باندۆر و کاریگەری بیلینسکی بخەلەسێت، بەڵام نەیتوانی تا سەر درێژە بە یاخیبوونەکەی خۆی بدات، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەشە و نەشەی فیکری نووسەر، بە ئاشکرا پەیوەندی دەگەڵ بیلینسکیدا سست کردووە، بیلینسکی بۆ شەستەکانی دوستویفسکی دەکاتە نوێنەر و بەرجەستەکاری بیری سوسیالیزمی ئیلحادی قێزەون. دوستیفسکی هێرشێکی فرەلایەن دەکاتە سەر بیروبۆچوونەکانی بیلینسکی و دژی "بیرەڕوخێنەرەکانی" چلەکانی دەوەستێ،( بۆ نموونە بڕوانە نامەیەکی (١٨٦٧/٨/٢٨)ی دوستویفسکی بۆ ئەپوللون مایکوف- نامەکان، بەشی دووەم. ل ٣٤- ٣٦) ئەم هێرشانە لە ماوەی نووسینی ئەهریمەنان دا گەییە لوتکە، کە لەم ڕۆمانەدا بە ئاشکرا بێڕێزی و بێزکاڵی بە بیرۆکەی شۆڕش کراوە، بەڵام جارێکی دیکە و سێ ساڵ پێش مردنی دوستویفسکی وەرچەرخانێکی تازە لە پەیوەندی دوستویفسکی لەگەڵ بیلینسکی دا ڕوودەدات، لە یەنایەری ١٨٧٧ دا نکراسوف کۆچی دوایی دەکات، کە ئەو نووسەری "هەژاران"ی بە بیلینسکی ناساندبوو، ئێستا یەکەم دیداری دەگەڵ ئەودا بیردەکەوێتەوەو لە "یاداشتی نووسەردا ساڵی ١٨٧٧ دەنووسێت و دەڵێت:

" ئەوە جوانترین ساتی هەموو ژیانم بوو، کە لە زنداندا ئەو ساتەم بیردەکەوتەوە، ورەم بەرز دەبووەوە، (دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی دوازدەیەم، ل ٣٢) دەربارەی پەیوەندی بیلینسکی و دوستویفسکی بڕوانە کتێبەکەی ف. کیربوتین، "دوستویفسکی و بیلینسکی، مۆسکۆ ١٩٦٠"

٦٢- ساڵنامەی نیشتمان، لە شووباتی ١٨٦٤ دا وتارێکی بیلینسکی دەربارەی هەردوو ڕۆمانی: (هەژاران و هاوشێوە) بڵاوکردەوە، سەرباری ستایشی لایەنی تەکنیکی و هونەریی بەرزی هەردوو ڕۆمانەکە، بەتایبەتی (هەژاران) کۆمەڵێک

سەرنجی ڕەخنەیشی لەخۆ گرتبوو، بەتایبەت دەربارەی ڕۆمانی ( هاوشێوە)، ئەم سەرنجانە کە لە بنەڕەتدا بەنیازێکی پاکەوە نووسرابوون، کردیانە کارێک کە دوستویفسکی واز وازی بکەوێتە حاڵەتێکی خەمۆکییەوە. دوای ئەوە پەیوەندی دەگەڵ جەماعەتی "هاوچەرخدا = سوڤریمینیک" بەرە بەرە دایەکزی وسارد بووەوە، ئەمجارەیان دۆستۆیفسکی ڕۆمانە تازەکەی" مستەر بروخارچین"ی بۆ بڵاوکردنەوە نەدا بە نکراسوف، بەڵکو دای بە ئەندرییە ئەلکسندروفیچ کرایڤسکی، ١٨١٠- ١٨٨٩. ڕۆژنامەنووس و خاوەنی گۆڤاری ساڵنامەی نیشتمان، و ڕۆژنامەی دەنگ، دوستویفسکی لە هەیڤی ١١/ ١٨٤٦ دا لەمبارەیەوە نامەیەک بۆ براکەی دەنووسێت و دەڵێت: "بەدحاڵیبوونێک لە ڕێگای خودی نکراسوفەوە لەنێوان من و جەماعەتی هاوچەرخدا ڕوویدا، کە بە شەڕ شکایەوە (......) ئێستا دەنگۆی ئەوەم دوو دەخەن کە تووشی لە خۆبایی بوون بووم و زیاد لە پێویست خۆم پێ گەورەیە، لەمەولا بەرهەمەکانم لای کرایڤشکی بڵاودەکەمەوە، مایکۆفش وای پێ باشە" (نامەکان، بەرگی یەکەم، ل ١٠٢) هەڵبەتە ڕەفتاری پەشێوی نووسەری گەنج، کردییە کارێک کە ئەدیبانی گرووپی "هاوچەر" لێی بتەکێنەوە و گاڵتەی پێبکەن و تانە و تەشەری لێبدەن، بۆ نموونە "نامەیەک بۆ بیلینسکی و دوستویفسکی" کە لە داهێنانی هاوبەشی تورگینیف و نیکراسوفە، بەم بەیتانە دەست پێدەکات:

دوستویفسکی ئەی سوارچاکی خەمان

ئەی ڕیوەڵەی نموونەی پیاوچاکان

عەینی زیبکەیەکی تازە

وایت بەسەر لووتی ئەدەبەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی گرووپی هاوچەرخ بە دوستویفسکییەوە ئەفدوتیا بانایڤا لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

" لەگەڵ پەیدابوونی کۆمەڵێک ئەدیبی گەنجدا لە گرووپی "هاوچەرخ" ئیدی دوستویفسکی کرا بە ئامانجی تەوس وتوانج و ڕەخنەی توندی ئەوان، دوستویفسکیش چوو بە چەقی نەعلەتدا و تووره بوو و کەوتە ململانێی سەلماندنی ئەوەی کە زۆر لەوان بەهرەمەندترە، ئیدی ئەوانیش زەمیان دەکرد و بە تانە و تەشەران تووڕەیان دەکرد، کە تورگینیف لەو وارەدا مامۆستای بێ هەڤرک بوو،

بەئانقەست دوستویفسکی تووشی گەنگەشە دەکرد و کارێکی وای دەکرد تووڕە بێت، دوستویفسکیش دەچووە چەقی نەعلەتدا و هەندێجار بە جۆش و خرۆشەوە داکۆکی لە هزرێن سەخیف دەکرد....... (بڕوانە دوستویفسکی لەبیرەوەری هاوچەرخەکانیدا، بەرگی یەکەم، ل ١٤١)

٦٣- بڕوانە نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٣٦-٣٨.

٦٤- بڕوانە نامەی ئەپوللون مایکوف ١٨٦٧/١١/٣، کە لەکتێبی: دوستویفسکی بەرگی دووەم ل ٣٤٢- ٣٤٣ دا بڵاوبووەتەوە، ئاناگریگوریڤنا لە تەعلیقەکانیا دەربارەی نامەکانی دوستویفسکی ناوی بازرگانی کتێبان ی.گ سولوڤیوف نابات،بەڵکو ناویناوی ئەلکسندرۆڤیچ بازۆنوف دەبات ( ف. م. دوستویفسکی، نامەکانی بۆ ژنەکەی، مۆسکۆ- لیننگراد، ١٩٢٦، ل ٣١٤)

٦٥ - پێناچێت ئەم زانیارییە دروست بێت، چونکە قنستنتین بایکوف لە ساڵی ١٨٧٣ دا مردووە، وتارەکەی نەگەیوەتە مایکوف، بەڵگەش ئەو نامەیەیەتی ١٨٦٧/١٢/٣١ کە بۆ دوستویفسکی ناردووە، لەڕێگای ئەو نامەیەوە بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە بایکوف یەک ساڵی تەواو، بە بێهودە چاوەڕێی ئەو وتارەی کردووە، کە دوستویفسکی بەڵێنی پێداوە،( بڕوانە بوریس بوروسوف، ئەو دوستویفسکییەی کەس نایناسێت- "ڕۆژنامەی ئەدەبی" ١٩٧٠/١١/٢٦.)

٦٦- نازانین بیرۆکەی وتارەکەی دوستویفسکی لەسەر بیلینسکی چۆن و چی بووە، تەنیا دەشێت وای دابنەین کە ئەم کارە لەهەندێ لایەنەوە، لە "یاداشتی نووسەر" دا کە ساڵی ١٨١٣ لە وتاری "پیران" دا بەرجەستە بووە،( بڕوانە دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی یازدە) هەڵبەتە مایکوف کە وتارەکە دەخوێنێتەوە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە مەحاڵە بڵاوبکرێتەوە، لە نامەیەکدا بۆ دوستویفسکی دەڵێت:

" نووسەر لێرەدا لێبڕاوە هەموو شتێک بڵێت، لێ هەرکە دەستی بە نووسین کردووە سەیری کردووە مەحاڵە بتوانێ هەموو شتێک بگێڕێتەوە، مەگەر لە یاداشتی نووسەردا ، دوای مردنی بشێت بڵاوببێتەوە" (نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٣٩٠ )

٦٧- نامەی ١٨٦٧/٨/٢٨ دوستویفسکی بۆ ئەپوللون مایکوف( نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٢٩)

٦٨- دوستویفسکی و ژنەکەی لە ٢/ یولیو/١٨٦٧ دا ئیڤان گونچاروفیان بینی، پێدەچێ ئاناگریگوریڤنا لە ژێر کاریگەریی ڕەئی نەرێنی دوستویفسکیدا بووبێ بەرامبەر بە کەسایەتی ئەم نووسەرە، کە ئانا ڕێزی بۆی هەبوو:" خوا ویستوویەتی ئەم نیعمەتەی پێببەخشێت" ( بڕوانە نامەی ١٨٥٦/١١/٩ی دوستویفسکی بۆ فرانگیل- نامەکان، بەرگی یەکەم ل ١٩٩.)

٦٩- بڕوانە کورتەی قسان لە ڕۆژانە یاداشتی دوستویفسکایا، ل ١٩٨- ١٩٩، هەروەها بڕوانە نامەی ١٨٦٧/٨/٢٨ ی دوستویفسکی بۆ ئەپوللون مایکوف- نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٣٠-٣٢، ئەم شەڕەی نێوان هەردوو نووسەر، کە لە ١٠/ یولیو/ ١٨٦٧ دا ڕوویدا، بوو بە هەوێن و ماکی فیتنە و ئاژاوەیەکی ئەدەبی( بڕوانە ی.م. گارشین، چەند بیرەوەرییەک دەربارەی ئیڤان تورگینیڤ، مژدەبەری مێژوویی، ١٨٨٣، ژمارە یازدە، هەڵبەتە وردکردنەوە و بەدوادا چوونێک سەبارەت بەم بیرەوەریانە هەیە کە لەلایەن ف. بارتینیفەوە نووسراوە و لە گۆڤاری "ئەرشیفی ڕووسیدا" ١٨٨٤، ژمارە سێ بڵاوکراوەتەوە) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم شەڕ و دوژمنایەتییە، بڕوانە سەرنج و ڕوونکردنەوەکانی ئا. س، دولینین دەربارەی نامەی ١٨٦٧/٨/٢٨ ی دوستویفسکی بۆ مایکوف- نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٣٨٤- ٣٨٧، لە بادن دا، قەرقەشە و شەڕە "ئایدولوژییە" بەنێوبانگەکەی نێوان دوستویفسکی و گونچاروف ڕوویدا کە بە دابڕانی یەکجارەکی لە نێوانیادا شکایەوە، ئەم دابڕانە پێشوەختە و لە چلەکانەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئامادەکاری بۆ کرابوو، بەتایبەتی کاتێ تورگینیف خراپترین دەوری گێڕا و یەکێ بوو لەوانەی کە دەستی لە بریندار کردن و شکاندنی دوستویفسکی نەدەپاراست( بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە ٦٢) هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە یەکەم دیداری نێوان هەردوو نووسەر (١٨٤٥ /١١/١٥ ) دیدارێکی دۆستانە بوو و هەردوکیان پێی خۆشحاڵ بوو، بەڕادەیەک دوستویفسکی هاندا،لە ١٨٤٥ /١١/١٦ دا نامەیەک لەوبارەیەوە بۆ براکەی بنووسێت (بڕوانە فەسڵی، "بەرپەرچدانەوەم بۆ ستراخوف") بەڵام ئەم ماوەی تەباییە زۆری نەخایاندو هەر زوو دابڕانی نێوان دوستویسکی و گروپی نووسەرانی "هاوچەرخ" کاری کردە سەر پەیوەندی نێوان دوستویفسکی و تورگینیف، ئیدی یەکسەر و زۆر بە ڕوونی ناکۆکی و ناتەبایی دەروونی نێوان تەبیعەت و مجێزیان، لە هەموو ڕوویەکی ئەفراندنەوانییەوە بەدیار کەوت، ئەمە جگە لە هەڤدژی مرۆڤانیان، تورگینیف لە یەکێ لە نامەکانیدا دەڵێت:

" دوستویفسکی زۆر لەمیژە ڕقی لە منە، لەوساوە کە هێشتا دوو گەنجی تازەکوورە بووی و هەوەڵیان هەنگاومان بەرەو ئاسۆ و ئایندەی ئەدەبیمان دەنا، ئەو بەغیلی پێ دەبردم و دەیبوغزاندم، ئەگەرچی من شایستەی ئەو کینە و بوغزە نەبووم، بەڵام وەکو دەڵێن ترس و گومانی بێ بنج و بناوان دەوامی زۆرە و زوو لە دڵ دەرناچێت،( تورگینیف، نامەکان، بەرگی دەیەم، ل ٣٩.)

ڕەنگە نووسەر لەمەدا باشی بۆ چووبێت کە ئەم دوژمنایەتییەی تانزیکەی کۆتایی ژیانیان بەردوام بوو، بە زادەی ترس و گومانی بێ بنج و بناوان، لە قەڵەم داوە، هەڵبەتە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن دوستویفسکییەوە، بەڵام ئەم گرژییە دەروونی و سۆزدارییەی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکییە فیکرییەی کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی "دووکەڵ"ی تورگینیف دا، لە ساڵی ١٨٦٧ دا، هێندەی دی تیژ بوو،بەڵام لەماوەی ئەم مێژووە دژوارەی پەیوەندی نێوان تورگینیف و دوستویفسکیدا بۆ ماوەیەکی کەم جۆرە نزیکییەکیان لە واری هاوکاری فلیڤانیدا لە بەینا بووە، ئەم ماوەیە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٨٦٠- ١٨٦٥وە کاتێ کە ڕۆمانی "باوکان و کوڕان" و پاشان چیرۆکی" تاپۆیان"ی تورگینیف لە گۆڤاری سەردەمدا بڵاوبووەوە، لەم ماوەیەدا نامە و نامەکاری لە نێوان تورگینیف و دوستویفسکیدا بوژایەوە، تورگینیف پێی وایە تەنیا دوستویفسکی پەی بە کەسایەتی بازاروفی شاقارەمانی "باوکان و کوڕان" بردووە و پێی دەڵێت: " بەڕاسی ئێوە پەیتان بەو شتە بردووە کە ویستوومە لەڕێگای بازارۆفەوە گوزارشتی لێبکەم و دەری ببڕم، بێ هیچ کێماسییەک پەیتان پێبردووە، تەنانەت لە سەرسامی  وخۆشیدا لەپێستی خۆ نەدەهێوریم"  (بڕوانە : تورگینیف، نامەکان، بەرگی نۆیەم، ل ٨٥) بەڵام "دووکەڵ"ەکەی تورگینیف، ئەم دوو ئەدیبەی بە یەکجارەکی لێکدی کرد، دوستویفسکی کە هەواداری ڕەوتی سلاڤدۆستان بوو ئەم ڕۆمانەی بە هێرشێکی ئاشکرای ڕەوتی غەربگەرایان، بۆ سەر ڕووسیا دەزانی، "دووکوڵ" بە گوتەی ئەو "سووتەمەنییەکە ڕووسیا بەرەو سووتان دەبات" (بڕوانە تورگینیف، نامەکان، بەرگی نۆیەم، ل ٥٨) دوستویفسکی لە نامەکەی باتوگین، " لە هەوادارە توندڕەوەکانی غەربگەرایی بوو" تووڕە بوو کە بۆچوونەکانی دەگەڵ بۆچوونەکانی تورگینیفدا تێکی دەکردەوە، ناڕەزاییە توندەکەی دوستویفسکی زیاتر لە بیروبۆچوونی هزر و بیری شا قارەمانەکەی تورگینیف بوو، کە بەپێویستی دەزانی ڕووسیا بکەوێتە سەر ڕێگای شارستانییەتی ڕۆژاوا، هەروەها ئەو ڕەخنە توندەش

بوو کە لە ڕەوتی سلاڤیەتی جیهانی و لە هەندێک بۆچوونی گیرتسینی دەگرت، کە تا ڕادەیەک زۆر لەگەڵ ڕەوتی بیروبۆچوونی سلاڤیەتدا تێکی دەکردەوە، هەڵبەتە هاوعەسرانی تورگینیف جەختیان لەسەر ئەم جۆرە ڕەخنە تەرەفدارەی ڕۆمانەکە کردووەتەوە، وەکو: ئا.ف. نیکتین، (المفكرة) بەرگی سێیەم، مۆسکۆ، ١٩٥٦. ل ٨٣) لێرەوە دوستویفسکی کەوتە ئەوەی ئەم ئەم گەنگەشە و جەدەلە ئەدەبی و ئایدولۆژییە ڕاستەوخۆ بۆ بوارە هونەرییەکە بگوازیتەوە و لە ڕۆمانی ئەهریمەناندا کاری بۆ بکات، کارمازنیۆفی قارەمانی ئەهریمەنان ڕێک کاریکاتۆرێکی شەڕانی تورگینیفی نووسەری چیرۆکێن "تاپۆیان" و "ئیعدامی تروبمان"ە کە بە ئاشکرا هاوسۆزی بێ چەند و چوونی تورگینیف لەگەڵ نەهلیست و پیلانگێڕەکاندا دەنوێنن، تورگینیف لە نووسینێکیدا دەڵێت، دوستویفسکی بەهەمان شێوازی ئەریستوڤان خسوومیە جوملەی ئەهریمەنانەوە، بەڵکو دوستویفسکی ڕێگەی بەخۆی داوە، شتێکی خراتر لە لاسایی کردنەوەی تاپۆیان بکات، لە ئەهریمەناندا نێوی کارمازنیوفی لە من ناوە کە ژێرا و ژێر هاوسۆزبووە دەگەڵ حزبەکەی نیچاپڤدا.... (بڕوانە تورگینیف، بەرگی دەیەم، ل ٤٩، ٣٩) تورگینیف نەک هەر دانی بە شاکارەکەی دوستویفسکی ( تاوان و سزا) دا نەناوە، بەڵکو کاریگەری ئەم ڕۆمانە بەسەر خۆیەوە بە ژانە سک دەشوبهێنێ کە بەهۆی نەخۆشی کولێراوە تووشی مرۆڤ دەبێت، هەروەها زۆر بە توندی هێرشی کردووەتە سەر ڕۆمانی ( هەرزەکار) ی دوستویفسکی وبە "ئاژاوە ی" وەسپ کردووە، دەڵیت جاوەجاوێکی ئاڵۆزە و کەس بە هیچی نازانێت، هەڵبەتە ئەم ڕقە تەرەفدارانەیە و ئەم بۆچوونە زاڵمانەیە و بەم زمانە تورە و شەڕانییە، هێندەی دی ئاگری ئەم ناکۆکییەی لای نووسەر گەشاندەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بۆچوونی هونەری دوستویفسکی زۆر جار دەگەڵ بۆچوونی توگینیفدا تێکی نەدەکردەوە، تورگینیف دنیای کارەساتباری قارەمانەکانی دوستویفسکی لە زۆر لایەنەوە بەوە لەقەڵەم داوە کە نموونەیەکی هەرە تایبەتی داکۆکییەکی نەخۆشانەیە لە کول و کوڤان( بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە ٣٠) تورگینیفی هونەرمەند، دوستویسکی بە "بەهرەسەخت" دەبینێ، کەچی س. ل. تولستوی لە بیرەوەرییەکانیا هەمان ڕەخنەی توندی تورگینیف لە "خولیا دەروونییەکان" لەلای دوستویفسکی بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت:" لە بیرمە کە باسی ئەوەی بۆ دەکردم گوتی: دەزانی ناکۆکییەکە لە چیدایە؟ کە پیاو دەکەوێتە داوی ئەشقەوە دڵی لێدەدا، کە تووڕەدەبێت دەموچاوی سووررهەڵدەگەڕێت، ئەمانە

شتی گشتی هاوبەشن ، بەڵام لەلای دوستویفسکی مەسەلەکە ڕێک پێچەوانەیە، بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤێک تووشی شێرێک بێت چی دەکات؟ هەڵبەتە ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت و هەوڵدەدا هەڵێت، یا خۆ وەشێرێت، بۆ نموونە لە یەکێک لەو چیرۆکە سادانەی کە چول ڤیرن، دەینووسێت، حیکایەتەکە بەو جۆرە دەکەوێتەوە، بەڵام دوستویفسکی هەڵوێستێکی جیاواز دەنوێنێت، دەڵێت:

" دەموچاوی سوورهەڵدەگەڕێت و لە جێی خۆی دەچەقێت" دیارە ئەم شتە دەگەڵ تەبیعەتدا تێکناکاتەوە... ئەوسا سەیر دەکەین قارەمانەکانی دوای هەر دوو لاپەڕەیەک تووشی وڕێنە، یا تووڕەبوون و هەڵچوون دەبن، یا تایان لێدیت، دیارە ئەم حاڵەتانە بەو ئاسانییە ڕوونادەن" ( "تورگینیف لەبیرەوەری هاوعەسرەکانی" بەرگی دووەم، مۆسکۆ، ١٩٦٩، ل ٣٧٧) هەروەها ئەو ئاهەنگەی لە هەشتایەکاندا بۆ پوشکین کرا، هێندەی دی بەینی تێکدان، هەرچەندە هەریەک لە تورگینف و دوستویفسکی ڕێزی تایبەتیان بۆ پوشکین هەبوو، بەڵام لەم ئاهەنگەدا دەرکەوت کە بیرکردنەوەی ئەم دوانە تەواو پێچەوانەی یەکدی و هەڤدژە، (بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە، ٢٥٦) هەڵبەتە بیروبۆچوون و لێکدانەوەی هەوادارانی سلاڤیەت سەبارەت بە پوشکین، بەدڵی تورگینیف نەبوو، بەڵام وتارەکەی (تورگینیف)ش، لەلایەن دوستویفسکییەوە قەبووڵ نەدەکرا و بە ماستاو ساردکردنەوەی بۆ لاوانی دیموکرات لەقەڵەم دەدا.

بە هەرحاڵ وێرای ناکۆکی قووڵی نێوان تورگینیف و دوستویفسکی، بەڵام خۆشەویستی ڕاستگۆیانە و گەورەی ئەدەبی ڕووسی کۆی کردبوونەوە، بەڵگەشمان ئەوەیە کە لە گەرمە دژایەتی و ناکۆکیاندا، دانیان بەبەهرەی یەکتردا دەنا، (بڕوانە: نامەی بەرواری ١٨٧٧/٣/٢٨ ی تورگینیف بۆ دوستویفسکی) تورگینیف لە نامەکەیدا بۆ دوستویفسکی دەڵێت:" هەڵبەتە تۆ (.........) لەڕیزی پێشەوەی نوێنەرانی گەورەی ئەدەبی ڕووسیت" ( تورگینیف، نامەکان، بەرگی دوازدەیەم، ل ١٢٩) هەروەها تورگینیف، بەلای دوستویفسکییەوە بەهرەیەک بوو، "هیچ چەند و چوون و گومانێکی هەڵنەدەگرت" دوستویفسکی لە وتارەکەیدا دەربارەی پوشکین ناوی گەلێک لە ژنانی ناو بەرهەمەکانی تورگینیفی بردووە، وەکو لیزا کالیتینایا کە وەسفێکی شاعیرانەی بەرزی کردوون، هەڵبەتە تورگینیف حەزیدەکرد وتاری

ماتەمینی " کەسایەتییەکی مەزنی" وەکو دوستویفسکی بنووسێت، لێ مخابن ئەم حەز و بیرۆکەیە نەهاتە دی.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان تورگینیف و دوستویفسکی بڕوانە نامەکانیان کە ی. س. زیلبرچاین ئامادەی کردووە، (لیننگراند، ١٩٢٨) هەروەها بڕوانە کتێبەکەی ی. نیکولسکی، "تورگینیف و دوستویفسکی، چیرۆکی دوژمنایەتی" (سوفیا ١٩٢٧) و وتارەکەی ئا. س. دولینین: "تورگینیف لە ئەهریمەناندا، دوستویفسکی، بەرگی دووەم.)

٧٠- بڕوانە دوستویفسکی، ١٩٥٦-١٩٥٨ بەرگی پێنجەم، ل ٤٦٣.

٧١- سەبارەتی بە کاریگەری تابلۆکەی هانزهولباین(مەسیحی مردوو) ئاناگریگوریڤنا دوستویڤسکایاش لە "موفەکەرەی ساڵی ١٨٦٧" دا لە ٨/٢٤ دا، (یاداشتی دوستویفسکی ل ٣٦٦) و لە "تەعلیقات لەسەر ڕۆمانی گەمژە، دەنووسێت: لەوێ لە مۆزەخانەی شاردا، فیودور میخائیلوفیچ، تابلۆیەکی هانز هولباینی بینی، زۆری پێ سەیر بوو، هەنگێ پێی گوتم: ئەم جۆرە تابلۆیانە لەوەیە پیاو لەدین دەربکەن" ( گروسمان، سیمنارەکان. ل ٥٩)

٧٢- ئاناگریگوریڤنا دوستویڤسکایا نامەکەی بەرواری ١٨٦٧/٨/١٦ ی دوستویفسکی بۆ ئەپوللون مایکوف بەبەڵگە دێنێتەوە( بڕوانە نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٣٤)

٧٣- ئەوەی لە ئەفراندنی بالزاکدا، سەرنجی دوستویفسکی ڕاکێشا، دژایەتی کردنی بۆرژوازیەت بوو لە بەرهەمەکانیدا، قووڵی شیکردنەوە دەروونییەکانی بوو، هاوسۆزی بوو دەگەڵ سووک و ڕیسواکراواندا بوو، یەکەم کارێکی ئەدەبی کە دوستویفسکی ئەنجامی دا، بریتی بوو لە پاچڤەی ڕۆمانی (ئۆڤگینی گراندوک) بوو، هەروەها لە دوابەرهەمی خۆیدا کە وتارەکەی بوو دەربارەی پوشکین، دوستویفسکی دێتەوە سەرباسی راستینیاک، کە یەکێکە لە شاقارەمانەکانی ڕۆمانی ( بابا گوریو) (بڕوانە وتاری پوشکین لە کتێبی: دستویفسکی، بەرگی دووەمدا) کە هەوڵدەدات هەمان کێشە و ئاریشە چارەسەر بکات، کە راسکولنیکوف پێوەیە چارەسەری بکات: مافی مرۆڤی سوپەرمان، (مرۆڤی بالاّ)، لەبەزاندنی سنوور و لەمپەران لە ڕێگای ئەنجامدانی تاوانێکەوە کە بتوانێ بەو تاوانە پرۆژە و نەخشە گەورەکانی بەدی بێنێت، سەبارەت بە خەسڵەتە هاوبەشەکانی داهێنانی بەلزاک و دوستویفسکی،

بڕوانە وتارەکەی ل. ب. گروسمان،" بەلزاک ودۆستۆیفسکی" لە کتێبەکەی ل،ب،گروسماندا، کۆبەرهەمەکان، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، مۆسکۆ ١٩٢٨، ئی،ئی. لابچین، "برایانی کارامازوف""ی دوستویفسکی و "مەیخانەی سوور" ی بەلزاک-گۆڤاری "ڤولیا ڕوسی= ویستی ڕووسیا"، پراگ، ١٩٢٧، ژمارە دوو، ل. ب. گروسمان، "بالزاک لەپاچڤەی دوسویفسکیدا"، لە کتێبی ئا. بالزاک، ئوڤگینی گرانديیە پاچڤەی ف. م. دوستویفسکی، مۆسکۆ- لیننگراند، ١٩٣٥.)

٧٤- دیارە نووسەر خات جورج ساند، کاریگەییەکی زۆری بەسەر بیرکردنەوەی سەردەمی گەنجایەتی دوستویفسکییەوە هەبووە، دوستویفسکی لە هاوینی ١٨٤٤ دا چیرۆکێکی جورج ساندی بەناونیشانی ( الدینی الاخیر) پاچڤەکرد، دوستویفسکی لە ژمارەی یونیوی ساڵی ١٨٦٧ ی "یاداشتی نووسەردا"، لە ماتەمنامەیەکدا بۆ جورج ساند، دەڵێت: جورچ ساند (........)لای ئێمە لە ڕیزی پێشەوەیە، لەگەڵ پۆلێک لە نووسەرانی تازەدا، کە لە ناکاوا شورەتیان پەیداکرد، ناوبانگیان لە سەرانسەی ئەوروپادا (.........) بڵاوبووەوە، جورج ساند هزرڤان نەبوو، زیاتر لەو جۆرە کەسانە بوو کە بەزەبری دووربینی و ڕۆشنبینی خۆی، چاوەڕوان و پێشبینی ئایندەیەکی گەشتر و کارامەتری بۆ تیرەی بەشەر دەکرد، باوەڕی بە هاتنەدی ئەو بەها و ئایدیالانە بوو، کە بەدرێژایی ژیانی باوەڕی پێی هەبوو. (بڕوانە دوستویفسکی، ١٩٢٦- ١٩٣٠ بەرگی یازدەیەم، ل ٣١١، ل ٣١٤- ٣١٥) ف، ف. تیموفیڤا( ئا. بوچینکوڤسکایا) ئەو وشانەی دوستویفسکی بە نموونە دێنێتەوە کە دەڵێت:" لە هەموو دنیادا یەک نووسەری ژن هەیە کە شایستەی ئەم نازناوە بێ! ئەویش جورج ساندە!" ( بڕوانە دوستویفسکی لە بیرەوەریانی هاوعەسرەکانیدا، بەرگی دووەم، ل ١٣٦، هەروەها دەربارەی کاریگەری جورج ساند بە سەر ئەفراندنی دوستویفسکییەوە، بڕوانە ..... ف. کوماریڤیچ، گەنجێتی دوستویفسکی. گۆڤاری ڕابردوو، ژمارە بیست و سێ، ساڵی ١٩٢٤

٧٥- هەڵەیە: یەکەم بەشی داستانی (Les parents pauves) بریتییە لە ڕۆمانی (Le cousine bette)

٧٦- ئاناگریگوریڤنا بە هەڵە ناوی رۆمانی ( بێنەوایانی) فیکتۆر هۆگۆی، لە جیاتی ڕۆمانی ( سووک و ڕیسواکان) ی دوستویفسکی دەبات، نووسەرانی بیروەریان زۆر جار ئاماژەیان بۆ پەیوەندی نزیکی نێوان دوستویفسکی و ڕۆمانی بێنەوایان

کردووە،( بۆ نموونە بڕوانە بیرەوەرییەکانی تیموفییڤا،( ئا. بوچینکومسنکایا) و ن. ن. ستراخوف لە کتێبی: دوستویفسکی لە بیروەرێن هاوعەسرەکانیدا، بەرگی یەکەم، ل ٣٠٠، و بەرگی دووەم، ل ١٧٨- ١٧٩، هەروەها لەم کتێبەشدا بەشی حەوتەم.)

٧٧- ف. ف. تیموفییڤا،( ئا. بوچینکوفسکایا) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم تەرجیعبەندەی، چامەی ( زندان) ن. ن. ب. ئوگاریف کە لەنێوان سالانی ١٨٥٧ و ١٨٥٨ نووسراوە، لە بەیتە دڵخوازەکانی دوستویفسکی بووە:

(استخرتالکتاب المقدس

ولم اکن امل او اتطلع

سوی ان یتیح لی القدر

حیاة و احزانا،وموتامثل الانبیاء)

٧٨- یەکەم کۆنگرەی "زانستگەی ئاشتی و ئازادی" لە چینیڤ لە ٩- ١٢/ ١٨٦٧/٩ بەسترا.

٧٩ - ئەم داتایە دروست نییە، ئەو نامەیەی کە بۆ س. ئا. ئیڤانوڤا لە ١٨٦٧/١٠/١١ دا نێردراوە،( بڕوانە نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٤٤- ٤٥) یەکەمجار لە ژمارە حەوتی " گۆڤاری ڕابردووی ڕووسی" ساڵی ١٨٨٥ بڵاوبووەتەوە.

٨٠ - ئەم زانیارییە تەواو نییە، نامەی ناوبراو کە لە ١/ یەنایەر/ ١٨٦٨ دا بۆ س. ئا. ئیڤانوڤا نێردراوە ( بڕوانە: نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٧١) کە ئانا پەڕەگرافێکی بۆ نموونە هێناوەتەوە، یەکەمجار لە ژمارە حەوتی گۆڤاری "ڕابردووی ڕووسی" ساڵی ١٨٨٥ دا بڵاوبووەتەوە.

٨١ - ئەو نامەیەی بۆ ئەپوللون نێردراوە، هی بەرواری ٩/١٠/ ١٨٦٧( نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٤٥.)

٨٢- ئەو نامەیە بۆ ئەپوللون نێردراوە هی بەرواری ٩/١٠/ ١٨٦٧ (بڕوانە نامەکان بەرگی دووەم ل ٤٦.)

٨٣- بڕوانە نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٥٤- ٥٥.

٨٤ - سەبارەت بە نارازی بوونی دوستویفسکی لە فەسڵەکانی یەکەمی ڕۆمانەکەی، ئەپوللون مایکۆف لە ١٢/ یەنایەر/ ١٨٦٨ دا دەربارەی ئەو حاڵەتەی نووسیویە، ( نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٦١- ٦٢ ) سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردن لە ڕۆمانی گەمژەدا، بڕوانە کتێبی: " لە ئەرشیفی دوستویفسکییەوە، گەمژە، بابەتێن بڵاونەکراوە" ئامادەکردنی ب. ن. ساکولین و ن. ف. بیلیچکیوف، موسکۆ- لیننگراند، ١٩٣١

٨٥- هەڵبەتە ئەو کەرەستە تایبەتیانەی پەیوەندیان بە پرسەکەی ئولگائۆمیتسکایای کیژی موڵکدارەکەوە هەبوو، بەوە تۆمەتبار بوو کە بە ئانقەست ماڵەکەی خۆیانی سووتاندووە، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە دایک و باوکییەوە: ڤلادیمێر ئومیتسکی و یکاترینا ئومیتسکایاوە هەبوو، کە بەوە تۆمەتبار بوون بە تۆپزی دەسەڵاتی باوکایەتی و دایکایەتییان بەسەردا سەپاندووە( ڕۆژنامەی مۆسکۆ، ١٨٧٦، هەردوو ژمارەی ١٣٦ و ١٣٧ ی ٢٣ و ٢٤ /١٨٧٦/٩ و هەروەها ڕۆژنامەی دەنگ، ژمارە ٢٦٦ و ٢٦٨ ی ٢٦ و ٢٨ ئەیلوول) دەورێکی زۆری لە گەڵالە بوون و پوختەبوونی بیرۆکەی سەرەتایی و ماکی ڕۆمانی گەمژە، پرسی ئەو موڵکدارانەی ناوچەی کاشیرای نزیکی مۆسکۆ، پەردەی لە سەر ڕق و کینەی قووڵی ئەو داک و بابانە لە هەنبەر منداڵەکانیان هەڵدایەوە، ئەو ڕق و کینەی کە کیژەکەی ماڵباتی ئومیتسکی واتە ئولگای تەمەن پازدەساڵی دەهری دەکات و چوار جاران هەوڵی سووتاندنی ماڵەکەی خۆیان دەدات، ئولگا دەبێ بە نموونەی سەرەکی یەکێک لە قارەمانەکانی ڕۆمانی ناڤبری و لەڕۆمانەکەدا ناوی مینیونای لێدەنرێ، هەرچەندە پرس و دۆزی ماڵبات و بنەماڵەی ئومیتسکی لە دوا دەقی ڕۆمانی گەمژەدا دەرناکەوێ، بەڵام دوستویفسکی ئیلهامی تەواو لە کارەساتی خانەوادەیی ماڵباتی ئومیتسکییەوە وەردەگرێت و بۆ ئامادەکردنی بابەتی (العائلة العابرة) کە بابەتی دڵخوازی خۆی بوو، سوودی لێوەردەگرێت.

٨٦ - بەهۆی ئەو ڕیفۆرمە دادڤانیانەوە کە لە ساڵی ١٨٦٤ دا ئەمجام دران، دەزگا دادڤانییە گشتییەکان گۆڕدران بە دادگای ئاسایی، لەم دادگا تازانەدابە پێچەوانەی دادگاکانی پێش ڕیفۆرمەوە، پرسەکان بە ئاشکرا تاوتوێ دەکران و خەڵک و پاێزەران لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار دەبوون، ڕاپۆرتی کۆبوونەوە دادڤانییەکان لە ڕۆژنامە و بڵاڤۆکاندا بڵاودەکرانەوە، دۆستویفسکی لە ڕۆمانی

گەمژەدا بایەخێکی زۆری بە دادگا و داڤانی پاش ڕیفۆرم داوە، هەروەها لە "یاداشتی نووسەر"دا بایەخی پێداوە و ئەم بایەخ پێدانە دواجار زۆر بەچڕی و بەشێوەیەکی تایبەتی لە ڕۆمانی "برایانی کارامازۆڤدا" ڕەنگی داوەتەوە.

٨٧- نامەکان، بەرگی دووەم، ل ١١٧

٨٨- بڕوانە نامەکان بەرگی یەکەم، ل ٣٩٨

٨٩- ئەو نموونەیە لە نامەیەکی بەرواری ١٨٦٦ /٢/١٨ ی دوستویفسکییەوە بۆ فرانگیل وەرگیراوە، ( بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە ١٦.)

٩٠- بڕوانە نامەکان، بەرگی دووەم، ل ١٢٢، لەوێدا پەڕەگرافێکی دەستنووسەکەی ئاناگریگوریڤنادوستویڤسکایا دیار نییە: لێرە تەنیا دێڕی یەکەمی نموونەکە هێنراوەتەوە: " تا زیاتر کات دەبووری."

٩١- لەنامەیەکی دوستویفسکییەوە بۆ ئەپوللون مایکوف، بەرواری ١٨٦٨/٨/٢ :" لەم دواییانەدا نامەیەکی بێ ناو و ئیمزام پێگەیوە، دەربارەی هەندێک گومان لە من (کەس نازانێ بۆچی) و گوایە ئەمردراوە نامەکانی من بکرێنەوە ولەسەر سنوور چاوەڕیم بکەن هەرکە گەییمە ئەوێندەر بە وردی بمپشکنن، بێ ئەوەی بێڵن هەستی پێبکەم" ( نامەکان بەرگی دووەم، ل ١٣٠ )

٩٢- لیستی ئەو ناوانەی کە لەساڵی ١٨٦٧دا لەلایەن پۆلیسەوە چاودێرییان لە سەر بوو، جگە لە چالاکوانانی بزافی دیموکراتییەت لە شەستەکاندا، ئەمانەشی تیابوو: تکاچیف، پلاگوسڤیتلوڤی، بیساریڤ، بلیسیڤ، مینایڤ، ف. کوروچین، هەروها ناوی دوستویفسکیش لەم لیستەدا هەبوو. ( بڕوانە لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە لە ساڵی ١٨٦٧ لەلایەن پۆلیسی پترسبورگەوە چاودێرییان لەسەر بوو، کە م. لیمکن لە کۆبەرهەمەکان و لە نامەکانی گیرتسیندا بڵاوی کردەوە، بەرگی بیستەم، ل ١١٣- ١١٤ لە ڕێنماییەکانی بەشی سێیەمدا بەرواری ١٨٦٧/١١/٢٨ نووسراوی ژمارە ١٢٩٢ دا هاتووە. " نهێنی بۆ ڕێزدار سەرۆکی دایەرەی پۆلیسی ئۆدیسا، بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە کە پشکنینی ملازمی دووەمی خانەنشین فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ڕووسیا بە وردی بکرێت، ئەگەر شتی گوماناویتان پێگرت، ئەوا پێویستە بلەز بۆ بەشی سێیەمی سەر بە دایەرەی خاوەنشکۆ تزاری ڕەوانە بکەن، هەڵبەتە دوای گرتن وڕادەستکردنی

دوستویفسکی خۆیشی ،بە هەمان بەش. بەڕیوەبەر لەلای خاوەنشکۆ لیوا میزینتسۆف" هەروەها سەرۆکی گومرگی دەڤەری ئودیساش ئاگادارکرایەوە، کە ئەویش لەلای خۆیەوە بەشێوەیەکی "زۆر نهێنی" فەرمانداری شاری ئودیسای ئاگادار کردەوە( بڕوانە هەڵبژاردە " داهێنانەکانی دوستویفسکی" ئودیسا، ١٩٢١، ل ٣٧، ٣٨)

٩٣- ئەمە کتێبی پول گریم بوو، (نهێنییەکانی کۆشکی تزار لە زەمانی نیکولای یەکەمدا- ساڵی ١٨٦٨، ڤیورتسبورگ، بە زمانی فەرەنسی) ڕۆمانەکەی پول گریم وێنەیەکی خەیاڵی دواڕۆژەکانی حکومڕانی تزار نیکولای یەکەم پیشاندەدات ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە ساڵی ١٨٥٥ دا ڕوودەدەن، دوستویفسکی وەکو یەکێک لە شاقارەمانەکان نیشاندراوە، کە لە سیبریا دەگەڕێتەوە، کە لە سۆنگەی پرس و دۆزەکەی پتراشیفسکی- پتروشفیچەوە ڕەهەنەی ئەوێندەر کرابوو و پاشان لە پیلانێکی شۆڕشگێڕی نهێنیدا چالاکانە بەشداری کردبوو. ئەندامانی کۆمەڵەکە لە ماڵێکدا کۆدەبنەوە، دوای تاقیبکردن دەدرێ بەسەریاندا و خانە بگیر دەکرێن، دوستویفسکی کە لە بەشی سێیەمدا جسوجۆی دەگەڵدا دەکرێت ناوی هاوڕێ بەشدارەکانی لە پیلانەکەدا نادات، ئیدی ئەشکەنجەی جەستەیی دەدرێت و ڕەهەنەی قەڵای پتروپاڤلوڤسک دەکرێت، ئانا گریگوریڤنا دەتوانێ نیکولای یەکەم بدینێ و تکای لێ دەکات لە مێردەکەی خۆش بێت، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، چونکە ئەوکاتە حوکمی دوورخستنەوەی دوستویفسکی بۆ سیبریا دەرچووبوو، کە لە شلیسیلبرگ دەمرێت، ئاناگریگوریڤنا لە سوێی مێردەکەی دنیا تەرک دەکات و دەچێت لە دێرێکدا دەژی، نیکولای یەکەم دەبینێ عەرشەکەی لە ژێریا دەلەرزێ، ئیدی پەنا وەبەر خۆکوژی دەبات و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت، دوای دەرچوونی ئەم کتێبە گومانی ئەوە پەیدا دەبێ کە پول گریم خۆی لەژێر پەردەی ناوی خوازراوی ئەفگوست تیودورگریم( ١٨٠٥- ١٨٧٨ ) ی مامۆستای میرانی مەزندا شار دبێتەوە و هەر ئەو دانەری ئەم کتێبە بێت، ئەڤکوست گریم لە ساڵی ١٨٦٠ دا ڕووسیا بەجێ دێڵێت و بەیەکجارەکی لە ئەڵمانیا دەگیرسێتەوە.

ئەپوللون مایکوف لە ١٨٦٨/٩/١٧ دا نامەیەک بۆ دوستویفسکی دەنووسێت و بنجبڕانە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئەفگوست گریم ئەو ڕۆمانەی نووسیبێت. (ئا. س. دولینین لە ڕوونکردنەوەکانی خۆیدا بەشێک لەو نامەیە بە نموونە دێنێتەوە-

نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٤٣٣) سەبارەت بە کتێبەکەی پول گریم و پەیوەندی نەرێنی دوتسویفسکی بەو کتێبەوە بڕوانە وتاری ن. ف. بیلچیکوف، "ف.م. دوستویفسکی، (ئەندامی کۆمەڵەی نهێنی) لە کتێبی: ن. ف بیلچیکوف، دوستویفسکی لە مەسەلەکەی پتراشیفسکی، مۆسکۆ، ١٩٣٦ ل ٢٣٦- ٢٤٠)

٩٤- ڕەشنووسی ئەم نامەیە لە ئەرشیفخانەی ئەدەبیات و هونەری ناوەندی حکومەتی پارێزراوە، فایلی ٢١٢، لە کتێبی: نامەکاندا، بەرگی دووەم، ل ١٣٤، ١٣٦ دا بڵاوبووەتەوە.

٩٥- پەرەگرافێکە لەو نامەیەی لە بەرواری ١٢/١٢/ ١٨٦٨ کە بۆ ن. ل. ستراخوف نێردراوە، ( نامەکان، بەرگی دووەم، ل١٥٦.)

٩٦- سەبارەت بە ن. ی. دانیاوڤسکایا بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ١٣٩

٩٧- لە نامەیەکی بەرواری ٢٥/ یەنایەر/ ١٨٦٩ ی دوستویفسکییەوە بۆ س. ئا. ئیڤانوڤا: " لە ڕۆمانەکە ڕازی نیم، ئەمە گوزارشت لە دە یەکی ئەوە ناکات کە ویستوومە بیڵێم، هەرچەندە تا ئێستا دەستبەرداری بیرۆکەکەم نەبووم و هێشتاش ئەو بیرۆکەیەم خۆشدەوێ، کە نەمتوانیوە بەرجەستەی بکەم" ( نامەکان بەرگی دووەم، ل ١٦٠)

٩٨- "ڤینوس میدیچی" (مۆزەخانەی ئوڤیتسی لە فلورەنسا) ئەم لە ڕۆما لە دوا سەدەی پ.ز دروستکراوە، بە هەڵە دراوەتە پاڵ " کلیومین" ی پەیکەرتاشی گریکی، سەدەی یەکەمی پ. ز)

٩٩- بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنا دوستویڤسکایا ڕاست دەکاتەوەو ئەمە بۆ نامەکەی بەرواری ١٨/ ٤ ی دوستویفسکی لە فلورەنساوە بۆ ن. ن ستراخوف زیاد دەکات: " لە نامەکەتدا لێت پرسیوم ئێستا چی دەخوێنمەوە،بە درێژایی زستان ڤۆڵتیر و دیدرو دەخوێنمەوە، هەڵبەتە سوود و لەزەت لەم کارە دەبینم.." (نامەکان بەرگی دووەم، ل ١٨٦) دوستویفسکی لە کۆتایی شەستەکانەوە ڕێک لەو کاتانەدا کە خۆی بۆ ڕۆمانی ( خوانەناسی) ئامادە دەکرد ( لەمبارەیەوە بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە سەد و دوو) زیاتر ڕووی کردە فەلسەفەی گومان لەلای ڤۆڵتێر، دوستویفسکی لە ٢٤/ ١٢/ ١٨٧٧ دا واتە بەساڵێک پێش ئەوەی دەست بە ڕۆمانی "برایانی کارامۆزف" بکات، تا کۆتایی تەمەن (memento) دەنووسێت. ئەوجا دێتە

سەر نووسینی کاندیدی ڕووسی.." پێدەچێت بیرۆکەی نووسینی " کاندیدی ڕووسی" لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆفدا تەواو ببێت، سەبارەت بە پەیوەندی دوستویفسکی بە ڤۆڵتێرەوە بڕوانە وتارێکی ل. ب. گروسمان، " کاندیدی ڕووسی" (دەروازەیەک بۆ باندۆری ڤۆڵتێر بەسەر دوستویفسکییەوە) دروسکی فیستنیک ١٩١٤، ژمارە پێنج هەروەها لێکۆڵینەوەی: .................... (A. Rammel meyer) لەم کارەدا باسی کاریگەری و باندۆری جەنگی خواوەندان لە ڕۆمانی،" کاندید، یا گەشبینی" ڤۆڵتێر بەسەر دروستبوونی کەسایەتی ئیڤان کارامازۆفەوە، هەڵبەتە بەبەڵگەوە دێتە کردن، ئا. س. دولینین، لە تەعلیقێکدا سەبارەت بەو نامەیەی کە بۆ ستراخوفی ناردووە و باسی خوێندنەوەی دیدرۆ و ڤۆڵتێری تیا کردووە دەڵێت:" هەڵبەتە بەم پێودانگە و لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە بایەخێکی تایبەتی بە شەخسیەتی گانیا لە ڕۆمانی گەمژە دا، بدەین، کە هەندێ خەسلەتی تێدایە، ڕێک شەخسیەت و قارەمانە سەرەکییەکەی لەمەڕ دیدرومان بیر دەخاتەوە" ( بڕوانە نامەکان بەرگی دووەم، ل ٤٥٣) بەڵام سەبارەت بە ڕۆمانی یادگارییەکانی خانەی مردوان، ڤاسیلی ڕۆزانوف لە نووسینێکێدا دەڵێت:

" تاقە لێکچوون دەگەڵ ئەم کارەدا کە یەکێکە لە کارە هەرە قووڵەکانی دوستویفسکی، لە ( ئامۆزا رامو) ی دیدرودا خۆی دەنوێنێ. (ف. ف. روزانوف، ئەفسانەی موفەتیشی گەورەی دوستویفسکی، سان پترسبورگ، ١٩٠٦، ل ٣١) سەبارەت بە دۆستۆیفسکی و دیدرۆ بڕوانە کتێبی: ئا. گریگوریف، دوستویفسکی و دیدرو( دەروازەیەک بۆ ڕانانی ئاریشەکە)- ئەدەبی ڕووسی ١٩٦٦، ژمارە چوار

١٠٠- نامەی بەرواری ١٨٦٩/٨/١٤ ی دوستویفسکی بۆ ن. ن ستراخوف (نامەکان ، بەرگی دووەم، ل ٢٠٠)

١٠١- قارەمانی ڕۆمانەکەی چارلز دیکنز وێڕای ئەو هەموو قەرزانەی لە سەریانە، زۆر بێ موبالات و خەمساردن، دوستویفسکی لە نامەیەکیدا ١٨٧٠/٣/٢٥ بۆ ئەپوللون مایکۆف، ناوی، "مستەر میکوبر" لەخۆی دەنێت، ( نامەکان بەرگی دووەم ل ٢٦٢) پێناچێت دوستویفسکی بەرێکەوت لە کاتی نووسینی ڕۆمانی گەمژەدا ئەم کارەکتەرەی بیرکەوتبێتەوە، "مستە میکوبر" توانی یەکەم بەرچاو ڕوونیم سەبارەت بە وێنەگرتن و بەرجەستەکردنی شەخسیەتی جەنەرال ئیفولگین لەلا دروست بکات.

١٠٢ - دوستویفسکی هێشتا لە ڕۆمانی گەمژە نەبووبووەوە، لە هەیڤی ١٢/ ١٨٦٨ وەختایەک لە فلورەنسا بوو، کەوتە بیرکردنەوە لە نووسینی ڕۆمانێکی " فەلسەفی گەورە" ی تازە بە ناونیشانی ( خوانەناس) دەربارەی کەسێکی ڕووس کە " ئیمانی بە خوا لەدەست داوە". کەسێک " هێرش دەکاتە سەر نەوەی نوێ، خوانەناسان، هەوادارانی هەردوو ڕەوتی سلاڤی و ئەوروپی، سەر ڕووسانی ڕادیکاڵ و ئەهلی دێر و قەشان، پاشان بادەداتەوە و لە دوا ئەنجامدا پەنا وەبەر مەسیح و خاکی ڕووسیا دێنێتەوە" ( بڕوانە نامەکان، بەرگی دووەم، ل ١٥٠، ١٩٥، ١٦١) بەڵام دوستویفسکی بیرۆکەی رۆمانی خوانەناس تەواو ناکات، پاش هەندێک دەستکاری، دەیکات بە نەخشە و پڕۆژەی ڕۆمانی ( بیوگرافیای خەتاکارێکی گەورە) ئەمەش ناباتە سەر، هەرچەندە هەندێ بەشی لە ڕۆمانانی "ئەهریمەنان"، "هەرزەکار." "برایانی کارامازۆفدا" بەرجەستە کراوە.

١٠٣- ئاناگریگوریڤنا دوستوفسکایا بە هەڵە دوو نامەی دستویفسکی تێکەڵ دەکات و بە یەک نامەیان دەزانێ. کە بۆ سوفیا ئیڤانوڤا( خمیروفا)ی ناردووە، بەشی یەکەمی ئەو نموونەیەی هێناویەتییەوە دوای ڕیزیک خاڵ بەم وشانە کۆتایی دێت: " بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە ژیانی ڕووسیدا دەکەم...." ئەمە بەشێکە لە نامەیەکی بەرواری ٨/ ٣/ ١٨٦٩ ( نامەکان بەشی دووەم، ل ١٧٥، بەڵام بەشی دووەمی ئەو نموونەیەی هێناوێتییەوە، ڕیزێک خاڵی پێشکەوتووە و بەم وشانە دەست پێدەکات: ".... تەنانەت من لێرەش توانای ئەوەم نییە کە" دیارە ئەم نموونەیە لە جێی خۆیدا نییە، چونکە لەنامەکەی بەرواری ٢٥/ یەنایەرەوە (بە تەقویمی کۆن، دەکاتە ٢/٦) وەرگیراوە،( نامەکان، بەرگی دووەم، ١٦١.)

١٠٤- لوبوف فیودورڤنای کیژی دوستویفسکی پاشان بوو بە ڕۆماننوس، چەند ڕۆمانێکی نووسیوە لەوانە: ژنێکی پارێزەر، ژنێکی موهاجیر و کۆچیرۆکێک بەناونیشانی " کچانی نەخۆش" ئەم کیژە لە ساڵی ١٩١٣دا ڕۆیی بۆ هەندەران و هەرگیز بۆ ڕووسیا نەگەڕایەوە. لە هەندەران لە ڕێگای نووسینی ئەدەبییەوە دەژیا، بیروەرییەکانی خۆی دەربارەی بابی، بە زمانی ئەڵمانی نووسیوە کە پاشان کورتکراوەیەکی لەلایەن ئا. گ. کورینفیلدەوە لە ژێر سەرناڤی ( دوستویفسکی بە وەسفی کچەکەی) بە ڕووسی بڵاوکرایەوە، (مۆسکۆ- پراگ، وەشانخانەی دەوڵەت. ١٩٢٢) هەڵبەتە ناشێت ئەم کتێبەی لوبوف ڤیودورفنادوستویفسکایا، بە مانا

دروستەکەی بیرەوەری، بە بیرەوەری لەقەڵەم بدرێت: چونکە کاتێ بابی مرد ئەو یازدە ساڵان بوو، بۆیە لوبوف فیدروفنا کتیبەکەی ناوناوە ( دوستویفسکی بە وەسفی کچەکەی) جا لەم حاڵەتەدا کاتێ نووسەری بیرەوەری پابەندی ئەوە بێت کە بەڕاستی وەسفی دوستویفسکی بکات و پشت بە بەڵگەێن دروست و هەواڵێن خانەوادەیی و بیرەوەری هاوعەسرەکانی ببێت و حیکایەتەکانی باوک و دایکی وەکو خۆی بگێڕێتەوە، هەنگێ ئەم وەسفە دەبێتە جێی متمانە، بەڵام ئەم کیژە هاتووە بە دەستی ئانقەست و بە هۆشیارییەوە لە کتێبەکەی خۆیدا حەقیقەتە زەوق و ئاشکراکانی ژیانی دوستویفسکی شێواندووە، ئیدی کتێبەکەی لەوە دەرچووە کە کتێبێکی بێ لایەنی باوەڕپێکراو بێت، بۆ نموونە لوبوف، سوورە لەسەر ئەوەی کە باوکی ڕووس نییە، بەڵکو بە ڕەچەڵەک نورماندی- لیتوانییە، بێگومان هۆی ئەم درۆ شاخدارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کچەکەی دوستویفسکی دەیتوانی لە ڕێگای ئەم نەسەبەوە ئینتیما و وابەستەگی خانەدانی و ئەرستوکراتی بەدەست بێنێ، تا لە نێو موجاهیراندا، قەدر و پایەیەک پەیدا بکات، کە بەخۆی لە بیستەکاندا لە ئاوارەییدا دەژیا، دیارە هەڵگێڕانەوەی بە ئانقەستی ڕاستییەکان یەکێکە لە عەیب وکێماسییە هەرە گەورەکانی بیرەوەرییەکانی لوبوف فیودورڤنا دوستویفسکایا، ئەمە جیاوازییە هەرە جەوهەرییەکەی نێوان بیرەوەرییەکانی لوبوف و بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنادوستویڤسکایایە کە لە سەر بناغەێن واقیعی بەڵگەدار ڕۆنراوە.

١٠٥- ئەم دەقە کە لە نامەیەکی ١٨٦٩/٩/١٧ ی دوستویسکییەوە بۆ ئەپوللون مایکۆفەوە وەرگیراوە، وەکو خۆی بە وردی وەرنەگیراوە، ( نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٢١١.)

١٠٦- لە نامەیەکی بەرواری ١٨٧٠/٢/٢٦ وە بۆ نیکولای ستراخۆف وەرگیراوە، ( نامەکان. بەرگی دووەم، ل ٢٥٦.)

١٠٧- ئاناگریگوریڤنا لێرەدا دووبارە نامەکەی ١٨٧٠/٣/٢٥، دوستۆیفسکی بۆ ئەپوللون مایکوف دەبرێت، تەماشاکە:" ناوی گشتی ڕۆمانەکە بریتییە لە: "بیوگرافیای خەتاکارێکی گەورە"، بەو مەرجە هەریەکێک لە چیرۆکرکان ناوێکی سەربەخۆی هەبێ، ئەو دۆزە گەورەیەی لە سەرانسەری هەموو بەشەکاندا دێتە چارەسەرکردن، هەمان ئەو دۆزەیە کە بەدرێژایی تەمەنی خۆم، لە ئاگایی و

نائاگاییدا پێوەی تلاومەتەوە.. کە دۆزی بوونی خوایە..." ( نامەکان بەرگی دووەم، ل ٢٦٣.)

١٠٨- دوستویفسکی لە نامەیەکی ١٨٧٠/٣/٢٥ بۆ ئەپوللون مایکوف دەنوسێت: "دەمەوێ لە چیرۆکی دووەمدا قارەمانی سەرەکی، تیخون زادونسکی (.......) پێشکەش بکەم، ڕەنگە ئەمە بکاتە کارەکتەرێکی ئەرێنی گەورەی پیرۆز (....) ئەوەندی من بزانم لەوەیە تیخون بکاتە ئەو نموونە ڕووسیەی قارەمانی ئەرێنی کە ئەدەبی ئێمە عەودالێییەتی..."( نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٢٦٤ ) تیخۆن زادۆنسکی، بەرلەوەی وەکو قەشەیەک بەرجەستە بکرێت یا لە قالب و کلێشەی قەشەیەکدا بەرجەستە بکرێت، ناوی تیموڤی ساڤیلیڤیچ کیریلوف بوو، کوڕی کاتبێکی هەژار بوو، کە لە دەڤەری سەر بە پارێزگای نوڤوگورود کاری دەکرد، لە ئەنیستیتوی نوڤوگورود دەخوێنێ و هەر لەوێ دەبێ بە مامۆستا و ئەوجا دەبێ بە سەرۆکی ئەنیستوتی تفیر و پاشان لە ساڵی ١٧٦٣ دا دەبێت بە قەشە باشی ڤورونیچ و لە ساڵی ١٧٦٧ دا نەقڵ دەبێت بۆ کاتەدرائیییەی زادونسکی، ئیدی تا مردن لەوێ دەمێنێتەوە، هەڵبەتە زۆر پیر دەبێت، جەستەی تەواو لاواز دەبێت و دادەهێزرێ بەلاّم بە ڕوح هەر زیتەڵ و زندوو و چالاک دەبێت، ئیدی تیخون زادونسکی دەبێ بە نموونەی خۆشەویستی قووڵ و کارا بۆ تیرەی بەشەر، چاکە دەگەڵ خەڵکیدا دەکات، فێریان دەکات، مدارای نەخۆشەکانیان دەکات، بەرهەمێن ئەخلاقی ئاینی دەنووسێت ( بەرهەمە ئاینییەکانی تیخون زادونسکی پێنج جاران چاپ دەکرێن: چاپی یەکەم لە ساڵانی ١٨٢٥- ١٨٢٦ دا، بە پازدە بەرگ چاپ دەکرێت و پاشان لە ساڵی ١٨٨٩ دا چاپی پێنجەم دەکرێت)

گومان لەوەدا نییە کە دوستویفسکی لەسەرەتای شەستەکانەوە، ڕەنگە لەپێش شەستەکانیشەوە کاتێ لە تاراوگەی سیبریا بووە، بایەخی بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەو پیاوە داوە، دۆستۆیفسکی، لە "یاداشتی نووسەردا"- ١٨٧٦، ئامۆژگاری هەموو ئەو کەسانە دەکات کە ئارەزووی تێگەیشتنی ڕوحی گەلی ڕووسیان هەیە، بچن بەرهەمەکانی تیخون زادونسکی بخوێننەوە " ئایا زۆر کەس تیخون زادونسکی دەناسن؟ ڕەنگە کەس ناوی نەبیستبێ، بەڕێزینە باوەڕبکەن ئەگەر بیناسن، زۆر شتی جوانتان بۆ ڕوون دەبێتەوە، (دوستویفسکی، ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەشی یازدەیەم، ل ١٨٤- ١٨٥) هەڵبەتە ژیان و بەرهەمەکانی تیخون زادونسکی کاریگەرییەکی زۆریان

له ڕەسم کردنی کارەکتەرانی" باوک" دا لەلای دوستویفسکی هەبوو: تیخون له بیرۆکەی ڕۆمانی (بیوگرافیای خەتاکارێکی گەورە) که تەواو نەبوو، تیخون له ئەهریمەنان دا، ماکاردولگوروکوف له هەرزەکار دا، زوسیما، له برایانی کارامازوفدا،( بڕوانه ر. ف. بلینوف، دڵه حەکیمەکان دەربارەی باوکان، له کارەکانی دوستویفسکی- له کتێبی "دەربارەی دوستویفسکی" دا کۆمەڵێک وتار، ئامادەکردنی ئا. ل. بیم. بەرگی دووەم پراگ، ١٩٣٣، ل ٧٣- ٩٢.)

١٠٩- دوستویفسکی له نامەی ١٨٧٠/٣/٢٤دا بۆ نیکولای ستراخوف و له نامەی ١٨٧٠/٣/٢٥دا بۆ ئەپوللون مایکوف، به تێر وتەسەلی باسی نەخشه ڕۆمانی "بیوگرافیای خەتاکارێکی گەورە" دەکات ( نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٢٥٨، ٢٦٣، ٢٦٤) دوستویفسکی ئیعتراف بەوە دەکات کە: " ئەمە دوا ڕۆمانی دەبێت" ( نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٢٦٣) له میانەی ئەو دوو نامەیەوە بۆ هەریەک له ستراخوف و مایکوف، ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێ که کارکردن له ڕۆمانی "بیوگافیای خەتاکارێکی گەورە" هاوتەریب بووە له گەڵ کارکردندا له ڕۆمانی ئەهریمەنان، ( بڕوانه دەفتەری یاداشتەکانی فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی، مۆسکۆ- لیننگراد،١٩٣٥) له ڕاستیدا نووسەر بەره بەره بیری لەوە کرووەتەوە و گەیوەته ئەو قەناعەتەی هەرکه له "ئەهریمەنان" بووەوە هەقه بگەڕێتەوە سەر کارکردن له سەر بیرۆکەی "بیوگرافیای خەتاکارێکی گەورە" بەڵام دوستویفسکی دوای ئەوە نەگەڕایەوە سەر نووسینی "بیوگرافیای ........." ( بڕوانه ن. برودسکی، ئەو بیرۆکەیەی کوژایەوە- له کتێبی: دیکومینتان، ل ٤٧- ٥٩، ب. بیتسیلی، دوستویفسکی بۆچی ڕۆمانی "بیوگرافیای خەتاکارێکی گەورە"ی نەنووسی؟ - له کتێبی: "دەربارەی دوستویفسکی" کۆمەڵه وتار، ئامادکردنی ئا.د. بیم، بەرگی دووەم، پراگ، ١٩٣٣، ل ٢٥- ٣٠، ئا. دولینین، دوا ڕۆمانەکانی دوستویفسکی، هەردوو ڕۆمانی( هەرزەکار و برایانی کارامازوف)، چۆن نووسراون، مۆسکۆ- لیننگراند، ١٩٦٣.)

١١٠- نامەی نیکولای ستراخوف، بەرواری، ٢٤/ مارس/١٨٧٠، (نامەکان بەرگی دووەم، ل ٢٥٧.)

١١١- ڕۆمانی ئەهریمەنان، له ژماره یەک،دوو،چوار،نۆ- یازده ی ساڵی ١٨٧١، و هەردوو ژمارەی ١١ و ١٢ ی ساڵی ١٨٧٢ ی گۆڤاری "مژدەبەری ڕووسی" بڵاوبووەوە.

١١٢- بەگوێرەی نامەکەی بەرواری ١٢/١٤/ ١٨٦٩ ی دوستویفسکی بۆ سوفیائیڤانوڤا ئیڤان گریگوریفیچ سنیتکین، برا بچووکی ئاناگریگوریڤنا، خوێندکاری ئەکادیمیای پترۆفسکی زانستە کشتوکاڵییەکان، لە ١٨٦٩/١٠/١٥ دا گەیوەتە درزدن، (نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٢٤٠.)

١١٣- لەڕاستیدا زۆر ڕۆژنامە و بڵاڤۆکانی بیانی بە گشتی و ڕۆژنامەێن ئەڵمانی بەتایبەتی لەوانە (.......) لەم ماوەیەدا لەبارەی بڵاوبوونەوەی تۆڕێن ڕێکخراوێن پیلانگیرییان لە ڕووسیادا نووسیوە و پێشبینی نزیکی ڕوودانی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینیان کردووە ( بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە وتارەکەی ف یفنین، "ڕۆمانی..... ئەهریمەنان لە کتێبی "داهێنانی دوستویفسکی دا"، مۆسکۆ، ١٩٥٩هیچ زانیارییەک لە هیچ سەرچاوەیەکدا لەبەردەست نییە باسی ئەوە بکات کە دوستویفسکی پێشبینی ئەوەی کردووە کە دەبێ ئەم ڕاپەڕینە لە ئەکادیمیای پترۆڤسکایادا ڕووبدات، تەنیا ئەو زانیاریانە نەبێت کە لە بیرەوەرییەکانی ئا. گ. دوستویڤسکایادا هاتووە.

١١٤- بابەتی ڕۆمانی " ئەهریمەنان"، پەیوەندییەکی پتەوی بە بویەرێکی دیاریکراوەوە هەیە کە بریتییە لە کوشتنی خوێندکار ئی. ئیڤانوف، خوێندکاری ئەکادیمیای کوشتوکاڵی پترۆفسکی، ئەندامی کۆمەڵەی ( قەساسی میللی) لە ١١/٢١/ ١٨٦٩ لە نزیکی مۆسکۆ، لەسەر دەستی سەرۆکی کۆمەڵەکە- س.گ. نیچایف و بە بەشداری ئەندامانی کۆمەڵەی ناڤبری: ب. ئا. ئوسبینسکی، ئا. کوزنیتسوف، بریچوف، ئی. نیکولایڤ هەڵبەتە نیچایف نموونەی ئەسڵی بیوترڤیرخوڤینسکیە لە ڕۆمانی" ئەهریمەنان "دا، پێدەچێ دوستویفسکی ئاگای لە بنەما گشتییەکانی ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵە ئەنارشیستییە هەبووبێ کە نیچایف دایمەزراندبوو، چونکە ڕەفتارەکانی بیوتر ڤیرخوڤینسکی، ڕێک پڕاکتیزە کردنێکی تووندڕەوانەی ڕێساکانی نیچایڤە ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە- نامەکان، بەگی دووەم، ل ٤٨٣، ٤٨٥) هەروەها بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ بنەمای مێژوویی ڕۆمانەکە بڕوانە: "موفەکەرەی ف.م. دوستویفسکی" ( مۆسکۆ لیننگراد، ١٩٣٥، ئا. ئوسبینسکایا، بیرەوەرێن شێستییەکان- ڕابردوو، ١٩٢٢، ژمارە ١٨، ف. روزنبلات، دەروازەیەک بۆ پێداچوونەوەی هەندێک لە بەها ئەدەبییەکان، (دەربارەی ئامانج لە ڕۆمانی ئەهریمەنان- ئەدەبی ڕووسی ١٩٦٥، ژمارە سێ.

١١٥- بڕوانە وەسپی باخ و جبلایە کە لەبەشی سێیەمی ڕۆمانی ئەهریمەنان، فەسڵی شەشەم: "شەوێکی دژوار" دوستویفسکی، ١٩٥٦- ١٩٥٨، بەرگی حەوتەم، ل ٦٢١- ٦٢٢، بیرۆکەی ڕۆمانی ئەهریمەنان، تەنیا بە پرسی نیچایفەوە ناوەستێ، مێژووی فیلیڤانی ڕۆمانەکە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بیرەکانی هەردوو ڕۆمانی "بیوگرافیای خەتاکارێکی گەورە" و "خوانەناسییەوە"، کە تەواو نەکران، هەروەها پەیوەستە بە پرسەکەی نیچایفەوە،.

دۆستویفسکی بەخۆیشی لە نامەیەکیا ١٠/٨/ ١٨٧٠ بۆ م. ن کاتکوف تاکید لەوە دەکاتەوە کە دادگایی نیچایف تەنیا یەکێکە لەو حەقیقەتانەی کە بۆ تاکیدکردنەوەی بیرەکانی بەکاری بردووە،( نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٢٨٨.)

١١٦- دوستویفسکی سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی لە ڕۆمانی شەیتانەکاندا لە ١٢/٢/ ١٨٧٠ دا نامەیەک بۆ ستراخوف دەنووسێت و دەڵێت: "یەک ساڵی تەواوە ئیش و کارم بووە بەوەی کە ئەوەی دەینووسم بیدڕم و سەرلەنوێ دەست بە نووسینەوەی بکەم، یەک خەرمان کاغەزم بەکاربردووە، وام لێهاتووە ئەوەی نووسیومە بۆم ڕاست ناکرێتەوە بەلای کەمەوە دە جار نەخشەکەم گۆڕیوە تا لە نوێ بەشی یەکەمم نوسیوەتەوە" (نامەکان بەرگی دووەم، ل ٢٩٨) سەبارەت بە مێژووی ئەفراندنی ڕۆمانی ئەهریمەنان، بڕوانە: " دەفتەری یاداشتەکانی ف.م. دوستویفسکی،( مۆسکۆ- لیننگراد، ١٩٣٥) ن.ل. برودسکی، مێژووی ئەفراندنی ڕۆمانی ئەهریمەنان لە کتێبی "سڤیستوک= شاور" بەشی یەکەم، مۆسکۆ، ١٩٢٢ ل ٨٣- ١١٩. گ. چولکوف، دوستویفسکی چۆن کاری دەکرد، مۆسکۆ ١٩٣٩، ل ١٩٨، ٢٣٩.)

١١٧- لە ١٠/١٧/ ١٨٧٠دا نەک لە ١٠/١٩/ ١٨٧٠ نووسراوێکی بەپەلە گەییە ئەنجومەنی وەزیران، بەو ناوەڕۆکەی کە گوایە ڕووسیا قەراری داوە، مادەی دووەمی ڕێکەوتننامەی پاریسی ١٨٥٦ سەبارەت بە بێلایەنی دەریای ڕەش، هەڵوەشاندووەتەوە، هەموو وڵاتە گەورەکان ڕازی بوون، کە پێداچوونەوە بەم مادەیەی ڕێکەوتننامەکەدا بکرێت و ئیدی رووسیا توانێ جارێکی دی هێزی دەریایی خۆی لە دەریای ڕەشدا بێڵێتەوە، کە لە پەیمانی لەندەندا ساڵی ١٨٧١ پەسندکرا.

١١٨- بڕوانە هەردوو نامەی ١٥ و ١٢/٣٠ ی دوستویفسکی بۆ مایکۆف، دوستویفسکی پاشکۆیەکی بەگەڵ نامەی دووەمیا خستبوو، کە مایکۆف سەرپشک دەکا کە چ

مافێکی دارایی دەکەوێتە سەر ستیلوڤسکی، لەسەر ئەوەی ڕۆمانی "تاوان و سزا"ی بە جیا چاپکردووە، بۆی وەرگرێت( نامەکان بەرگی دووەم، ل ٣٠٢- ٣١٠.)

١١٩- ئەپوللون مایکۆف، داوایەکی پێشکەش بە سەندووقی ئەدەبی کرد کە بڕی پێنج سەد ڕۆبڵ سلفە بدەن بە دوستویفسکی تا دەعوا لە سەر ستیلوڤسکی قەید بکات، بەرپرسانی سەندووقەکە وەڵامیان دایەوە کە ناتوانن پارە بە دوستویفسکی بدەن، تا دەعوا قەید بکات، بەڵکو " قەرزێکی بە کەفالەتی دەدەنێ" مایکوف ئامۆژگاری دۆستویفسکی دەکات داوای "چوار سەد ڕۆبڵ لە سندووق" بکات، (نەک سەد ڕۆبڵ، پێدەچێت هەڵەیەک لە بروسکەکەدا ڕوویدابێت.) لەم بارەیەوە بڕوانە نامەی بەرواری ٤/٤/ ١٨٧١ ی مایکوف بۆ دوستویفسکی لە کتێبی: دوستویفسکی، بەرگی دووەم، ل ٣٥٣- ٣٥٤)

١٢٠- هەڵبەتە ئاناگریگوریڤنا، لەوەدا کە باسی دژایەتی کردنی دوستویفسکی لەلایەن سەندووقی ناڤبرییەوە دەکات، جۆرێک زێدەگۆیی کردووە سەندووقی ئەدەبی لاری لەوە نەبووە سلفەیەک بە دوستویفسکی بدرێت، بەڵکو داوای زامنیان کردووە، بێگومان هۆی ئەمەش ئەوەبوو کە دوستویفسکی پتر لە چوار ساڵ بوو کە لە هەندەران دەژیا و پەیوەندی دەگەڵ زۆربەی ناوەندە ئەدەبییەکاندا بڕابوو، سەبارەت بە پەیوەندی دوستویفسکی دەگەڵ سەندووقی ئەدەبیدا، بڕوانە وتاری سەرۆکی سەندووق، ف.ب. جایفسکی لە یادی دوستویفسکیدا، ٨/٢/ ١٨٨١ لە کتێبی بیوگرافیادا، ل ٩٩- ١٠٠.

١٢١- پێدەچێ غەفڵەتێک لە نووسیندا ڕوویدابێت، نامەکەی مایکوف لە ١٨٧١/٤/٤ دا بووە ( لە کتێبی: دوستویفسکی، بەرگی دووەمدا، ل ٣٥٣- ٣٥٤ دا بڵاوبووەتەوە،) جوابەکەی دوستویفسکی لە ١٨٧١/٤/٢١ دایە.

١٢٢- ئاناگریگوریڤنا لە دەستنووسەکەیدا، جوابەکەی دوستویفسکی بۆ نامەکەی ٤/٤/ ١٨٧١ ی مایکوف نەهێناوەتەوە، لە کاتێکدا دیارە کە بەنیاز بووە بڵاوی بکاتەوە، بەڵگەمان بۆ ئەمە نامەکەی ١٨٧١/٤/٢١ ی دوستوتفسکییە (نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٣٥٤)

١٢٣- ئەم وەرگرتنە لە نامەکەی ١٨٧١/٤/٢٨ ی دوستویفسکییەوە بۆ ئاناگریگوریڤنا، ورد نییە، (نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٣٤٨)

١٢٤- ئەم بیرەوەریانەی کە دۆزرانەوەو تایبەتن بە هەردوو ڕۆمانی گەمژە و ئەهریمەنان لە کتێبەکەمدا " لە ئەرشیفی دوستویفسکییەوە. گەمژە. بابەتێن بڵاونەکراوە" بڵاوکراونەتەوە. ئامادەکردنی ب.ب. ساکولین و ن.ف. بیلچیکوڤ، مۆسکۆ- لیننگراد، ١٩٣١، " دەفتەرێن یاداشتەکانی ف.م.دوستویفسکی، مۆسکۆ- لیننگراد، ١٩٣٥.

## بەشی پێنجەم

## هاتنەوە بۆ ڕووسیا

"١"

## گەڕانەوە بۆ نیشتمان

دوای ئەوەی چوار ساڵمان لە هەندەران بەسەر برد، ڕۆژی ٨/ یولیو/ ١٨٧١، کە ڕۆژێکی گەرمی سایەقە و ساماڵ بوو بۆ پترسبورگ گەڕاینەوە.

لە وێستگەی وارشۆ دەرچووین، شەقامی ( ئیسماعیلوفسکی) مان بڕی، بەلای کڵێسای سیانەی پیرۆزدا، کە کاتی خۆی لەوێندەر ڕێوڕەسمی زەماوەند و زەوجینەکەمان ئەنجامدا، من و مێردەکەم وەژوورکەوتین لە کڵێساکەدا نوێژ بکەین، لێ کچۆڵەکەمان بەسەرسامی تەماشای دەکردین و لێکدا لێکدا نیشانەی خاچی دەکێشا.

فیودۆر میخائیلوفیچ گوتی: ئانیچکا، هەر بەینی خۆمان بێ، چوار ساڵی خۆشمان لە هەندەران ڕابوارد، هەرچەند جار جار کێشە و ئاریشان بەرۆکیان دەگرتین.

ئاخۆ ژیانمان لە پترسبورگدا چۆن دەبێت، چ نهێنییەکی لێ حەشارداوین؟ هیچ ئاسۆیەکی ڕوونمان لەبەردەمدا نییە... جگە لە کێشە و ئاریشە و چەرمەسەری و مەینەتی هیچی دیکە نابینم، تاقە ئومێدمان تەنیا بە خوایە!

ویستم دڵخۆشی بدەمەوە، ئەم خەمە پێشوەختەیەی بۆچییە، پشت بە خوا دەبەستین و خودا لە ڕەحمی خۆی بێبەشمان ناکات، گرنگ ئەوەیە خەونە دێرینەکەمان هاتە دی، پێکەوە بە وڵات شادبووینەوە.

لە ئوتێلێکی شەقامی بولشایاکوشینایا لاماندا، لێ تەنێ دوو ڕۆژ لەوێندەر ماینەوە، مانەوە لەوێ بەتایبەت کە لەوە نزیک بووبووینەوە پێشوازی لە کەسێکی

تازه بکەین، و ژمارەی خێزانەکەمان زیاد بکات، بۆ ئێمە دەستی نەدەدا و لەسەرو توانای ئێمەوە بوو. چووین لە شەقامی یکاتیرینگوفسکی، لە قاتی سێیەمی خانووی ژمارە سێدا دوو ژووری موبیلەکراومان بەکرێ گرت، بۆیە ئەم شوێنەمان هەڵبژارد تا کیژەکەمان بشێت ( بتوانێت) لە ڕۆژانی گەرمی تەمووز و ئابدا، لە باخی یوسوبوفدا، کە لە ماڵەکەمانەوە نزیک بوو بۆ خۆی گەمە و پیاسە بکات.

خزم و کەسوکارانی فیودور میخائیلوفیچ، لە هەوەڵین ڕۆژانی گەڕانەوەماندا، هاتنە دیدەنیمان و زۆر بە گەرمی و خۆشییەوە پێشوازیمان کردن، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، وەزع و حاڵی ئیملیافیدوروفنا دوستوفسکایا باش بوو بوو: کوڕە گەورەکەی م. میخائیلوفیچ، بوو بوو بە سازڤانێکی دیار و باش، لەڕێگای وتنەوەی دەرسی پیانۆوە پارەی باشی دەستدەکەوت، کوڕی دووەمی میخائیل میخائیلوفیچ، لە بانکێکدا کاری دەکرد، یکاترینا میخائیلوفنای کیژیشی، کاری ئیختیزالی دەکرد، واتە خانەوادەکەیان بەباشی دەژیان، ئەمە جگە لەوەی ئیمیلیا فیدورفناش، ئێستا وەکو جاران نەمابوو و لە هەموو شتێکدا هاواری بۆ فیودور میخائیلوفیچ نەدەهانی، چونکە دەیزانی ئەویش ماڵ و منداڵی بەسەرەوەیە، تەنیا پاڤڵ ئەلکسندروفیچ، نەیدەتوانی دەستبەرداری ئەم بیرۆکەیە بێ کە ( باوکی) کە هەر بە باوکە فیودور میخائیلوفیچی گازدەکرد، " لەسەریێتی" بە خودانی بکات و ئەویش یەکێکە لە خانەوادەکەی، هەڵبەتە زۆر دڵسۆزانە ڕووبەڕووی بوومەوە، چونکە ژنەکەیم واتە نادیچدا میخائیلوفنام زۆر بەدڵ بوو، نادیچدای لە مانگی چواری ئەم ساڵەدا خواستبوو، ئافرەتێکی دەستەباڵای، خاکی  و تا ڕادەیەک زیرەک بوو، نازانم چۆن شووی بە کەسێکی خوێنتاڵی وەکو پاڤڵ ئەلکسندروفیچ کردبوو، پڕ بەدڵ بەزەییم پێدا دەهاتەوە: پێشبینی ئەوەم دەکرد ژیانی دەگەڵ ئەم کوڕەدا سەخت دەبێت.

هەشت ڕۆژ دوای گەیشتنەوەمان بۆ پترسبورگ، لە ١٦/ یولیو بەیانی زوو کوڕە گەورەکەمان فیودور +١٢٥ لەدایک بوو، شەوی پێشوو هەستم بە ناڕەحەتی کرد، فیودور میخائیلوفیچ شەو و ڕۆژ نوێژ و نزای دەکرد کە بە سەلامەتی نەجاتم بێت، پاشان پێی گوتم کە قەراری دابوو ئەگەر منداڵەکە کوڕ بێت، ئەگەر بە دەدەقیقەش پێش نیوەشەو بێتە دنیاوە، لەخۆشی میرڤلادیمیر، کە ئەویش بە خۆشی قەشە فلادیمیرەوە ناونرابوو، ناوی بنات فلادیمیر، کە پازدەی یولیو ڕێکەوتی ئاهەنگی ساڵیادی ئەوی دەکرد، بەڵام منداڵەکە لە شازدەی هەیڤدا هاتە دنیاوە، بۆیە بە

خۆشی ناوی بابییەوە وەکو پێشتر قەرارمان دابوو، ناومان نا فیودور، فیودور میخائیلوفیچ لە هەڕەتی کامەرانیدا بوو، هەم لەبەر ئەوەی منداڵەکە کوڕ بوو و هەم لەبەر ئەوەی ئەم بوویەرە خانەوادەییە، کە زۆری بەلاوە خەم بوو، بە سەلامەتی تێپەڕی.

دوای ئەوەی چاک بوومەوە چووین بۆ غوسڵی تەعمیدی منداڵەکە، ئەمجارەش ئەپوللون نیکولایوفیچ مایکوفی شاعیری دۆستی فیودور میخائیلوفیچ، بوو بە باوکی ڕوحی ( وەکو چۆن باوکی ڕوحی دوو کچەکەی دیکەشمان بوو) فیودور میخائیلوفیچ ئەمجارە لوباچکای کیژی، کە دوو ساڵان بوو، هەڵبژارد کە ببێ بە دایکی ڕوحی.

لە کۆتایی مانگی ئابدا مێردەکەم سەفەری موسکۆی کرد تا پاداشتی ڕۆمانی (ئەهریمەنان) وەربگرێت کە لە ساڵی ١٨٧١دا١٢٦+ دەرچوو، پارەکە زۆر نەبوو بەڵام بەشی ئەوەی دەکرد باربکەین و بۆ شوقەیەکی زستانە بگوازینەوە، کێشەی گەورەمان ئەوەبوو کە ناوماڵمان نەبوو، ئیدی لێبڕام کە بڕۆم بۆ بازاڕی ئەبراکسین و لە ناوماڵ فرۆشەکان بپرسم ئایا ناوماڵ بە قەرز دەفرۆشن، بەمەرجێ قیستی مانگانەی لە بیست و پێنج رۆبڵ زیاتر نەبێت، بەو مەرجەی ئەم کەلوپەلانە تا دواقیستی دەدرێت هەر موڵکی دوکاندارەکە بێت، دوکاندارێکم دۆزییەوە بەو مەرجانە قابیل بوو، یەکسەر بایی چوار سەد ڕۆبڵ کەلوپەلی ناوماڵی داینێ، جا چ کەلوپەلێک! تازەبوون بەڵام هەرهەمووی لە سپیدار و سنۆبەر دروستکرابوو، دیارە زۆر خراپ دروستکرابوو، مۆدێلەکەشی زۆر خراپ بوو، لە زەرفی سێ دانە ساڵدا هەرهەمووی هەڵوەشایەوە و هەر ڕۆژەی پارچەیەکی دەکەوت، ئیدی چارمان نەبوو دەبوو بە تاقمێکی تازەی بگۆڕین، بەڵام من دڵم بەم کەلوپەلانە خۆشبوو: شوقەکەمان پێ ئاوەدان کردنەوە، مەحاڵ بوو لە ژووری موبێلەکراودا بژین، ئەمە جگە لە هەرا و زەنا، هاتوهاواری منداڵە دراوسێ و گریانیان نەیان دەهێڵا مێردەکەم بنوێت یا کاربکات.

دوای ئەوەی لە سەر کڕینی تاقم و ناوماڵی تازە ڕێکەوتم کەوتمە تاقیبی شوقە، پاڤڵ ئەلکسندروفیچ لێبڕا یارمەتیم بدات، هەر ئەو ئێوارەیە گوتی شوقەیەکی باشی دۆزیوەتەوە، بریتییە لە هەشت ژوور و کرێکەشی هەرزانە، مانگی سەد رۆبڵ، بە سەرسامی لێم پرسی:

ـ ئێ باشە ئەو شوقە گەورەیەمان بۆ چییە؟

_ نا گەورە نییە: ژوورێکی میوان، ئۆفیسێک، ژوورێکی نووستن و ژوورێک بۆ منداڵەکان و بۆ ئێوە و ژوورێکی میوان، ئۆفیسێک و ژوورێکی نووستن بۆ ئێمە و ژووری نانخواردنیش بە شەریکیمان.

ئەم ڕووداریەم پێ سەیربوو پێمگوت: _ بەتەمای لەگەڵ ئێمەدا بژیت؟

_ هیچ چارێکی دیکە هەیە؟ وام بە ژنەکەم گوتووە: کە باوکم بێتەوە پێکەوە دەژین.

دەبوایە لێرەدا بەدەمیا بدەمەوە و بۆی بسەلمێنم کە هەلومەرجی ئێستا جیایە و من بە هیچ شێوەیەک قایل نابم لە شوقەیەکی هاوبەشدا بژیم، پاڤڵ ئەلکسندروفیچ وەکو جاران کەوتە دەمدرێژی و کەوتە هەڕەشە کە گوایە لای فیودور میخائیلوفیچ شکاتم لێدەکات: بەڵام من گوێم نەدایە. چوار ساڵی سەربەخۆیی بەفیڕۆ نەچوو، بەڵام پاڤڵ ئەلکسندروفیچ دەستبەرداری هەڕەشەکەی نەبوو، چووبوو بۆ لای فیودور میائیلوفیچ کە وەڵامی دابووەوە:

_ من هەمو کاروباری ماڵم داوەتە دەست ژنەکەم، ئەو هەر قەرارێک بدات، هەر ئەوەیە.

پاڤڵ ئەلکسندروفیچ تا ماوەیەکی زۆر لێم زیز بوو کە نەم هێشتبوو نەخشەکەی سەربگرێت.

دوای تاقیبێکی زۆر شوقەیەکم لە شەقامی سربوخوفسکایا لە نزیکی ئەنیستیتۆی تەکنیکی لە ماڵی ئەرخانگلسکایا دۆزییەوە، بۆ ئەوەی مێردەکەم بە کاروبای چوونە دەلاڵخانە و گرێبەست و ئەو شتانەوە مژووڵ نەکەم، شوقەکەم بەناوی خۆمەوە بەکرێ گرت، شوقەکە بریتی بوو لە چوار ژوور: ژووری کار کە فیودور میخائیلوفیچ لەوێ کاری دەکرد و دەنوست، ژووری میوان، ژووری نانخواردن و ژوورێکی گەورەش بۆ منداڵەکان و من.

هەرچەندە کەل وپەل و ناوماڵمان کەم بوو، بەڵام دڵخۆشی خۆم بەوە دەدایەوە کە پێویستیمان بە کڕینی ناوماڵ و نوێن و چەرچەفان نابێت، چونکە هەمووی بەسەر خەڵکانێکدا دابەشکرابوون و بۆیان پاراستووین، لێ مخابن ئەو خەیاڵ پڵاوەم کەڕووی هەڵێنا.

کەل وپەلی موبەق و هێربار و ئامانە مسینەکانمان لە ماڵی کچێکی ناسیاو دانا بوو، کچێکی قەیرە بوو لە ڕێزەی شووکردندنا نەمابوو، لەدوای سەفەرەکەی ئێمە مردبوو، ئیدی خوشکەکەی لەدوای ئەو هەرچییەکی هەبوو بێ ئەوەی حیسابی ئەوە بکات هی خۆیەتی یا ئامانەتە، دەگەڵ خۆیدا بۆ گوندی بردبوو.

پاڵتۆ فەروەکانمان لە ڕەهندا بوون کە خانمێکمان ڕاسپاردبوو، هەقی ڕەهنەکە بدات، هەرچەندە ئێمە پارەی پێویستمان بۆ ناردەوە، بەلام پارەکەی نەدابوو، ئیدی پاڵتۆکانمان زایە بوون، هێربار و ئامانە شووشە و چینییەکانمان کە لای ماریا گریگوریڤنای خوشکم دامان نابوو تاکو بۆمانی هەڵگرێت، کارەکەرەکەی هەرهەمووی خستبوونە سەر سینییەکی گەورە و بردبوونی بیانشۆرێت، ئیدی پێی هەڵخلیسکابوو هەمووی شکابوو، ئەمە بۆ من خەسارەتێکی گەورە بوو: بابم شارەزای هێربار و ئامانی چینی بوو، بەردەوام دەچوو بۆ دوکان و بازاڕی کۆنەفرۆشان و شتی زۆر جوانی دەکڕی، لەدوای مردنی ئەو هەندێ لەو شتە جوانانە بە من بڕان کە بریتی بوون لە ژمارەیەک کوپی دەستکاری (vieux-saxe) و تاقمێکی سەردەمی تزار نیکولای، هەروەها سوراحییەکی کۆن. ئێستاش خەفەت بۆ ئەو کوپە جوانانە دەخۆم کە نەخشی شوانانیان بەسەروە بوو و ئەم کوپەی کە مێشێکی لە سەر نەخشێنرابوو، هێندە بەرجەستە بوو، هەرکەسێک شتێکی تیا بخواردایەتەوە، وای دەزانی مێشی ڕاستییە و کشەی لێدەکرد، ئامادەبووم هەرچییەکم هەیە بیدەم تا بیرەوەرییە ئازیزەکانی منداڵیم وەدەست بێنمەوە!

شتەکانی فیودورمیخائیلوفیچیش، بەهەمان دەردی خەمناک چووبوون، کتیبخانەیەکی یەجگار جوانی هەبوو، کە لە هەندەران بووین خەریکبوو پەڕ و باڵی بۆ دەردەکرد، پڕبوو لەو کتێبانەی کە هاوڕێ نووسەرەکانی بە دیاری بۆیان ناردبوو، ئەمە جگە لە چەندەها کتێب لە بوارێن مێژوو و ئۆلە کۆنەکان کە فیودور میخائیلوفیچ زۆر بایەخی دەدانێ، کاتێ سەفەرمان کرد پاڤڵ ئەلکسندروفیچ داوای لە مێردەکەم کرد کە کتێبخانەکەی لای ئەو دابنێ، چونکە گەرەکیەتی بیانخوێنێتەوە و شتیان لێوە فێربێت، بەڵێنی دایە کە نەیانفەوتێنێ وەکو خۆی بیانداتەوە، بەلام دەرکەوت هەرکاتێ پێویستی بە پارە بوو بوو، یەک یەک بە کتێبفرۆشییەکانی فرۆشتوون، کاتێ گلەییم لێکرد، بەوپەڕی گۆساخی و ڕوواری گوتی خەتای ئێمە بووە چونکە لەکاتی خۆیدا پارەمان بۆ نەناردووە.

هەڵبەتە فیودورمیخائیلوفیچ زۆری سوو لە فەوتانی ئەم کتێبخانە ئاوەدان و گرانبەهایە دەخوارد، ئێستا ئەو پارەیەی نەبوو وەکو جاران، بێ سڵکردنەوە ئەو جۆرە کتێبانە بکڕێت، کە زۆری پێویست پێیان هەبوو، ئەمە جگە لەوەی کتێبخانەکەی ژمارەیەک کتێبی دەگمەن و ناوازەی تێدابوو، لە کڕین نەدەهاتن، بە پارە دەست نەدەکەوتن+ ١٢٧.

هەڵبەتە زۆرمان پێخۆش بوو کە سەلەیەکی گەورەی سفتی پڕ لە کاغەز و ئەوراقمان دۆزییەوە کە لە نک هەندێ لە خزمەکانمان پارێزراو بوون. کە تەماشامان کردن، چەند دەفتەرێکی دەستنووسی فیودور میخائیلوفیچم تیایاندا

دۆزییەوە، هەندێکیان هی ڕۆمانی ( تاوان و سزا) بوون، هەندێکیان ڕەشنووسی چەند چیرۆکێک بوون، لە گەڵ چەند تۆمارێکی بە ئیدارەی هەردوو گۆڤاری ( کات و سەردەم) کە لە دوای مردنی میخائیل میخائیلوفیچ بەجێ مابوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆری نامەشمان دۆزییەوە١٢٨+، ئەم کاغەز و دۆکۆمێنتانە، سوودێکی زۆریان هەبوو لە ساغکردنەوەو سەلماندن یا نکولی کردن لە حەقیقەتەکانی ژیانی فیودور میخائیلوفیچ.

"٢"

لە هەیڤی ئەیلولی ١٨٧١دا، یەکێک لە ڕۆژنامەکان هەواڵی گەڕانەوەی دوستویفسکی نووسەری لە هەندەران بڵاوکردەوە، ئەم هەواڵە بە ڕواڵەت خۆش بوو بەڵام ژێر بە ژێر عەزاب بوو، ئیدی ئەو خاوەن قەرزانەی تا ئێستا بێدەنگ بوون، لەناکاوا وەکو شارە زەردەواڵە هاروژان، پۆل پۆل دەهاتنە سەرمان و داوای قەرزەکانیان دەکبەردەوە، یەکەم داواکار و لە هەموان بە هەروگیفتر گینترشتاین * بوو( * بازرگانی جوملە بوو لە پترسبورگ) ئەم ئاغایە مەبەستی فیودور میخائیلوفیچ نەبوو، ئەهلی ئەدەبیات وگۆڤاران نەبوو، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو دەست بەسەر ئەو کارگەی تووتنەدا بگرێت، کە دوای برا مردووەکەی بەجێ مابوو.

میخائیل میخائیلوفیچ، ئینسانێکی بە تەماع بوو، جگە لە گۆڤارەکە کارگەیەکی تووتن و جگەرەشی هەبوو، جا بۆ ئەوەی بازاڕی باش بۆ کارگەکەی دابین بکات، هەندێ خەڵاتی وەکو مقەست و گوێزان و .... ئەو شتانەی لەگەڵ جگەرەکاندا لە کارتۆنەکان دەنا، ئەم خەڵات و دیاریانە مشتەری زۆری بۆ ڕادەکیشا، میخائیل میائیلوفیچ ئەو شتانەی لە بازرگانی جوملەچی گینترشتاین دەکڕی، ئەمیش بە قەرز پێی دەفرۆشت و پاشان شتێکی زیادی لێوەردەگرت.

کاتێ کە بازاری گۆڤاری ( کات) گەرم بوو، میخائیل میخائیلوفیچ بەرەبەرە قەرزەکانی گینترشتاینی کە لە خاوەن قەرزە سەرسەختەکان بوو،دەدایەوە. هەڵبەتە میخائیل میخائیلۆفیچ بە چەند ڕۆژێک بەر لە مردنەکەی ژنەکی و فیودور میخائیلوفیچی برای ئاگادار کردبووەوە کە لەم " زەرووەی کە پێی دەڵێن گینترشتاین، ڕزگاری بووە."

هەرکە میخائیل میخائیلوفیچ مرد، هەموو قەرزەکانی هاتە سەر فیودور میخائیلوفیچ، ئیدی خانم گینترشتاین هاتە سەر فیودورمخائیلوفیچ و گوتی میخائیل میخائیلوفیچ هێشتا دوو هەزار ڕۆبڵیکی کەی لە سەرە. فیودور میخائیلوفیچ ئەوەی بیرکەوتبووە کە براکەی گوتبووی هەموو قەرزەکانی

گینترشتاینی داوەتەوە، بەلام خانم گینترشتاین گوتی ئەمە قەرزێکی دیکەیە، ئەم پارەی بە دەستی و بێ هیچ نووسراویک داوەتێ، ئیدی خانم گینترشتاین لە فیودور میخائیلوفیچ دەپاڕێتەوە و داوای لێدەکات پارەکەی بداتێ، یان بۆی بکات بە کۆمپیالە، ئیدی دەست بە گریان دەکات، دەکەوێتە سەرچۆکان و دڵنیای دەکات کە مێردەکەی ژیانی لێ حەرام دەکات، فیودور میخائیلوفیچ هەمیشە متمانەی بە پاکی خەڵک هەبوو، باوەڕی بە ژنەی تاین کرد و دوو کۆمپیالەی دایە، هەر یەک بە بەهای هەزار ڕۆبڵ، یەکەمیان پێش کۆتایی ساڵی ١٨٦٧ درایەوە، بەڵام دووەمیان کە بە فایدە و فایزی پێنج ساڵەوە گەیی بووە هەزار و دووسەد ڕۆبڵ، دوای گەرانەوەمان لە هەندەران، ئاغای گینترشتاین هاتە سەرمان و داوای کردەوە، نامەیەکی گەفی کردە سەرمان، فیودور میخائیلوفیچ چوو بۆ لای، داوای لێکردبوو تا سەری ساڵ سەبری لێبگرێت، هەنگێ پاداشتی ڕۆمانەکەی وەردەگرێت و قەرزەکەی ئەم دەداتەوە، بەڵام کابرا قاییل نەبوو بوو پێی گوتبوو بەتەما نییە لەوەی پتر چاوەروان بکات و قەراری داوە هەرچی مردەماڵی هەیە حیجزی بکات و هەراجی بکات و ئەگەر پارەی قەرزەکەی دەرنەهێنا، ئەوسا لە بەشی قەرزان* (* بەشی قەرزان: بەشێک بوو پاشکۆی سرییەی یەکەمی فەوجی ئیسماعیلوفسکی، کەوتبووە بینایەی تاراسوفەوە، هەرکەسێک لەسەر قەرز گیرابا، لەوێندر حەپس دەکرا، ئا،گ. دوستویفسکایا +١٢٩) بە حەپسکردنی دەدات.

ئایا دەکارم لە زندانی بەشی قەرزاندا، دوور لە ماڵ و منداڵەکەم،لە ناو جۆرەها غەوارەدا کاری ئەدەبی بکەم؟- فیودور میخائیلوفیچ ئاوهای پێگوتبوو- باشە ئەگەر تۆ ڕێگەی کارکردنم لێبگریت چۆن قەرزەکەت بدەمەوە؟

گینترشتاین وەڵامی دەداتەوە:

_ تۆ ئەدیبێکی بەنامێی، من پێموایە سەندووقی ئەدەبی، یەکسەر قەرزەکەت بۆ دەداتەوە و لە زندانت دەردێنن.

فیودور میخائیلوفیچ لەو سەروبەندەدا بەینی دەگەڵ دەستەی سەرپەرشتیارانی سەندووقی ئەدەبیدا خۆش نەبوو، قەناعەتی وابوو کە دەستەی بەرێوەبەری سەندووقی ناوبراو ئامادە نین هیچ یارمەتییەکی بدەن،خۆ ئەگەر یارمەتیشی بدەن ئەوا حەپسەکەی پێ خۆشترە لە یارمەتییەکەی ئەوان.

من و مێردەکەم ماوەیەکی زۆرمان بە باس و گەنگەشەی ئەوەوە بردە سەر کە چۆن باشترین ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بدۆزینەوە بڕیارمان دا پێشنیازی مامەلەیەکی تازە بۆ گینترشتاین بکەین، ئێستا سەد ڕۆبڵی بدەینێ و پاشان هەرمانگە و پێنج سەد ڕۆبڵی بدەینەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە دوای سەری ساڵ

بیدەینەوە، مێردەکەم بەم پێشنیازەوە جارێکی دی چووەوە بۆ لای گینترشتاین،بەڵام بەوپەڕی تووڕەیی گەڕایەوە،وەکو گێڕایەوە گینترشتاین، دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ پێی گوتبوو:

تۆ کە ئەدیبێکی ڕووسی بەهرەمەندیت، بەڵام من بابایەکی بازرگانی بچووکی ئەڵمانیم، دەمەوێ بۆتی بسەلمێنم کە دەکارم ئەدیبێکی ڕووسی ناودار بخەمە زندانەوە، باوەڕ بکە دەیکەم، وای دەکەم دوو بەرد تەقەی نەیەت.

ئەمە دوای سەرکەوتنەکەی جەنگی فەرەنسی- پڕوسی*( *جەنگی فەرەنسی- پروسی، ١٨٧٠- ١٨٧١: ئەم جەنگە لەنێوان فەرەنسا و پروسیادا ڕوویدا، فەرەنسا دەیویست دەسەڵات و سەروەری خۆی بەسەر ئەوروپادا بسەپێنێ و نەیەڵێ ئەڵمانیا یەک بگرێت، بەڵام پرووسیا دەگەڵ چەند دەوڵەتێکی جەرمانی دیکەدا یەکی گرتەوە، لە ماوەی ئەم جەنگەدائیمپراتۆرییەتی دووەمی فەرەنسا ڕوخاوئەڵمانیا بە سەرکردایەتی پروسیا یەکی گرتەوە) ڕوویدا، کە هەموو ئەڵمانەکان هەستیان بە شانازی و سەرفەرازی دەکرد.

زۆرم پێناخۆش بوو کە بەم جۆرە مامەڵە دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا دەکرا، بەڵام دەمزانی کەوتووینەتە چنگی کابرایەکی سپڵەوەو توانای ئەوەمان نییە لە چنگی ڕزگار ببین، هەستم دەکرد گینترشتاین هەر بە هەروگیڤەوە ناوەستێ، بۆیە بڕیارم دا، بەبێ پرسی مێردەکەم هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بدەم، (ئەگەر پرسم پێ بکردایە لەوەبوو ڕێگەم نەدا) بەخۆم چووم بۆ لای گینترشتاین زۆر بە گۆساخی پێشوازی کردم:

_ یا پارەکە کاش لەسەر مێزەکەم دادەنەن، یا دەست بەسەر مردەماڵەکەتاندا دەگرم و دەیخەمە مەزاتی ئاشکراوە، هەنگێ مێردەکەت لە ماڵی تاراسوف* (* بە بەشی قەرزیان دەگوت ماڵی تاراسوف، ئا، گ. دوستویفسکایا) توند دەکرێت.

بە ساردی وەڵامم دایەوە:

_ شوقەکەمان بە ناوی منەوە بەکرێ گیراوە، نەک بە ناوی فیودورمیخائیلوفیچەوە، ناوماڵەکەشمان بە قیست کڕیوە و تا قیستەکەی تەواو دەبێت موڵکی کابرای دوکانداره، بۆیە ناتوانی دەستی بە سەردا بگریت.

جا بۆ ئەوەی بڕوا بکات نوسخەیەکم لە گرێبەستی شوقەکە و نوسخەیەکم لە گرێبەستی کڕینی ناوماڵەکە نیشاندا.

لەسەر قسەکەم بەردەوام بووم وگوتم:

_ سەبارەت بە هەڕەشەکەت گوایە دەیخەیتە زندانی قەزارانەوە، ئەوە چاک بزانە ئەگەر شتی وا بکەیت بە مێردەکەم دەڵێم تا کاتی بەسەرچوونی قەرزەکەت* لە زنداندا بمێنێتەوە، (* مانەوەی قەرزار لەبەشی قەرزاراندا، دەبووە مایەی ئەوەی قەرزەکانی سەری پاک ببنەوە، ئەوەی هەزار و دووسەد ڕۆبڵ قەرزدار بوایە، لە نۆوە تا چواردە مانگ لە زنداندا دەمایەوە، ئا. گ. دوستویفسکایا) و پشتیوانی دەکەم و دەگەڵ منداڵەکاندا سەری دەدەین و ورەی بەرزدەکەینەوە و یارمەتی دەدەین کە کاربکات، هەنگێ تاقە قروشێکت نادەینێ، ئەمە جگە لەوەی دەبێت هەموو مەسروفێکی بکێشیت*( *مەسرەفی قەرزداری زیندانیکراو، لەلایەن خاوەن قەرزەوە دەکێشرا، ئا. گ. دوستویفسکایا)

لێرەدا گینترشتاین کەوتە گلەیی لە فیودورمیخائیلوفیچ کە پیاوێکی پێنەزانە، لەجیاتی مەمنوون بێت ئەو هەموو ماوەیە سەبری لێکردوووە، بەتەمایە قەرزەکەی نەداتەوە.

بە توورەیی پێمگوت:

نەخێر تۆ دەبێ مەمنوونی مێردەکەم بیت کە کۆمپیالەی قەرزێکی بە ژنەکەت داوە، کە وادیارە زووتر دراوەتەوە، بۆیە فیودور میخائیلوفیچ لە پیاوەتی و دلۆڤانی خۆیەوە ئەوەی کردووە، ژنەکەت لەبەردەمیا کردی بە گریە و زاری و گوتی تۆ ژیانی لێ تاڵ دەکەیت، جا ئەگەر پیاوی گەف و هەڕەشەکەت ببەرە سەر، بزانە چۆن هەموو ئەم حیکایەتە دەنووسمەوە و دەینێرم بۆ ڕۆژنامەی (ڕۆڵەی نیشتمان) تا هەموو دنیا بزانن کە ئەڵمانیانی (شەریف!) چ هونەر و بەهرەیەکیان هەیە.

ئاگام لەخۆ نەبوو، هەرچییەکم بەزاردا دەهات نەمدەگێڕایەوە، ئەمجارە حەماس گرتبوومی و باکم بە هیچ نەبوو، کابرای ئەڵمانی ترسا و پرسی چیم دەوێ؟

_ هەمان ئەو شتەم دەوێ کە مێردەکەم دوێنێ داوای کردبوو.

_ دەباشە کەواتە پارەکەم وێدە.

داوام لێکرد نووسراوێکم بداتێ و ئەم ڕێکەوتنەمانی بە تێر و تەسەلی تیا بنووسێت، دەترسام گینترشتاین دواتر ژێوان ببێتەوەو سەرلەنوێ سەرودڵمان بگرێتەوە، سەرکەوتوانە بۆ ماڵ گەڕامەوە، دڵنیابووم کە لە ماوەیەکی کورتدا، ئارامی و ئاسوودەیی بۆ مێردەکەم دەگێڕمەوە.

بەرلەوەی باسی شەڕی خودان قەرزان بکەم، کە دە دانە ساڵ و تا مردنی فیودور میخائیلوفیچ بەردەوام بوو، حەزدەکەم بە کورتی باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم قەرزانە بکەم، کە زۆریان عەزابی هەردووکمان دا.

بەشی هەرە کەمی قەرزەکان کە دەیکردە دوو سێ هەزار ڕۆبڵ، قەرزی شەخسی فیودورمیخائیلوفیچ بوو، بەڵام بەشی هەرەزۆری قەرزەکان قەرزی کارگەی تووتنەکە و گۆڤاری (کات+ ١٣) بوون، دوای مەرگی کوتوپڕی میخائیل میخائیلوفیچ (کە تەنیا سێ ڕۆژ بە نەخۆشییەوە بوو) ئیدی خێزانەکەی، ژنەکەی و چوار منداڵ، کە فێری ژیانی خۆشگوزەرانی بوو بوون، بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی و ژیان مابوونەوە، فیودور میخائیلوفیچ ئەوکاتە بێوەپیاو بوو، منداڵی نەبوو، بە ئەرکی خۆی دەزانی بچێتە ژێرباری دانەوەی قەرزەکانی براکەی و یارمەتیدانی خاوخێزانەکەی، هەڵبەتە ئەگەر پیاویکی هەندێک وریا و عەمەلی بوایە دەیتوانی ئەو کارە مرۆڤانییە بکات، بەڵام لەخۆیەوە دەیڕوانییە هەموو خەڵکی و باوەڕ و متمانەی بە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی هەموو کەسێک دەکرد، پاشان لە شایەدحاڵانەوە دەمبیست کە چۆن فیودور میخائیلوفیچ، کۆمپیالانی بۆ خەڵکی دەنووسی، لە نامە کۆنەکانیەوە دنیایەک حەقیقەتم بۆ دەرکەوت کە لە ناخەوە هەژاندمیان، کابرایەک بوو وەکو منداڵی بێگەرد هەڵسوکەتی دەکرد، هیچ شارەزاییەکی پراکتیکی نەبوو، هەموو خەڵکێکی بێویژدان هەڵیاندەخەڵەتاند و کۆمپیالەیان لێوەردەگرت، فیودور میخائیلوفیچ تا براکەی لە ژیاندا بوو، حەقی بەسەر کاروباری داراییەوە نەبوو، نەیدەزانی کاروبارەکان گەیونەتە کوێ، پاش مردنی میخائیل میخائیلوفیچ، مێردەکەم ناچاربوو سەرپەرشتی دەرچوونی گۆڤاری (سەردەم) بکات، پاشان دەبوایە بچێتە ژێرباری دانەوەی ئەو قەرزانەی لە سۆنگەی دەرچوونی گۆڤاری (کات) ەوە لەسەریان کەڵەکە بوو بوو وەکو حەقی چاپ و کاغەز و بەرگ و ئەو شتانە، بەڵام جگە لە کارمەندانی گۆڤاری (کات) کە فیودور میخائیلوفیچ دەیناسین، خەڵکانی وا پەیدا بوون، کە دوستویفسکی نە لە نزیک نە لە دوور نەیدەناسین، ئەمانە مکوڕبوون لەسەر ئەوەی میخائیل میخائیلوفیچی ڕەحمەتی قەرزاریانە، نەکەسیان بەڵگەیان پێبوو نە فیودور فیخائیلوفیچ داوای بەڵگەی لێدەکردن، مێردەکەم باوەڕی پێدەکردن، زۆر جار (وەکو پێم گەییوە) بەو خەڵکانەی دەگوت:

_ حاڵی حازر تاقە پولێکم نییە، بەڵام ئەگەر حەزدەکەیت کۆمپیالەیەکت بۆ دەنووسم، بەڵام تکام وایە زوو یەخەم نەگری کە بتدەمەوە، کەی پارەم بوو خۆم دەتدەمەوە.

خەڵکەکە کۆمپیالەکانیان لێوەردەگرت و بەڵێنیان دەدایە کە چاوەڕوان دەکەن، هەڵبەتە ڕاستیان نەدەکرد و بەڵێنەکەیان نەدەبردە سەر و زوو بە زوو دەکەوتنە داوای قەرزەکانیان.

لێرەداو لەمبارەیەوە ڕووداوێک بە نموونە دێنمەوە کە لە بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتانەوە بۆم ساغ بووەتەوە و چۆنی دەگێڕمەوە خیلافی تیا نییە.

ڕۆژێک نووسەرێکی هاکەزایی بە ناوی (X) دێت بۆ لای فیودور میخائیلوفیچ، ئەم نووسەرە کارەکانی لە گۆڤاری ( کات) دا بڵاودەکردەوە، دێت و داوای لێدەکات کە دووسەد و پەنجا رۆبڵی لە بری چیرۆکێک بداتێ کە لە گۆڤاری ( کات) دا و لە ژیانی میخائیل میخائیلوفیچدا بڵاوی کردووەتەوە، مێردەکەم وەکو زۆربەی کات پارەی پێ نابێت، کۆمپیالەیەک دەدات بە کابرای نووسەر (X) زۆری لێ مەمنوون دەبێت و بەڵێن دەدات تا ڕەوشی دارایی فیودورمیخائیلوفیچ چاک دەبێت، چاوەڕوان بکات، داوای لێدەکات لە کۆمپیالەکەدا کاتی دانەوەی قەرزەکە دیاری نەکات، بۆ ئەوەی لە کاتی دیاریکراودا نەیەتە سەری و داوای قەرزەکەی لێنەکات، بەڵام سەیر لەوەدا بوو هەر هەمان نووسەر نەک هەر بۆقەرزەکە دێتە سەری، بەڵکو هەڕەشەی لێدەکات مردەماڵەکەی بە حیجزکردن دەدات، فیودور میخائیلوفیچ دەچێت بۆ لای (X) لێی دەپرسێت خێرە چی قەوماوە (X) ڕووی گرژ دەکات و هەزار و یەک بیانووی بۆ دێنێتەوە کە خاوەنی خانووەکەی گەڤی لێکردووە لە شوقەکە دەری بکات، ئیدی هیچ چارەیەکی نەبووە ئەوە نەبێ کۆمپیالەکەی فیودورمیخائیلوفیچی داوەتێ و بەڵێنی ئەوەشی لێوەرگرتووە، چاوەڕوان بکات و نەچێتە سەر فیودورمیخائیلوفیچ، ئیدی بەڵین دەدات قسە دەگەڵ ژنەی خاوەن ماڵدا بکات و قەناعەتی پێبکات، هەڵبەتە دانوسانەکە بێ ئاکام دەبێت و هیچی لێ شین نابێت، ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ ناچار دەبێت بڕە پارەیەک بە سووتی زۆر قەرز بکات و قەرزەکەی ئەو بداتەوە.

دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ، بۆ شتێک لەناو کاغەزەکانی فیودورمیخائیلوفیچ دەگەڕام، لە ناکاوا دەفتەرێک لە دەفتەرەکانی ئیدارەی دەستەی نووسەرانی (کات) م هاتە بەردەست، وەسڵێکم دۆزییەوە بە ئیمزای نووسەر (X) کە پاداشتی چیرۆکەکەی لە میخائیل میخائیلوفیچ وەرگرتبوو، کە ئەوەم بینی لە سەرسامی و تووڕەییدا چاوم پەڕییە تەوقی سەرم، وەسڵەکەم پیشانی مێردەکەم دا، گوتی:

_ قەت باوەڕم نەدەکرد (X) بتوانێ درۆم لەگەڵدا بکات، ئاخر مرۆڤ بۆ ئەوەندە ستەمکار بێت!

پێموایە، زۆربەی ئەو قەرزانەی کە فیودورمیخائیلوفیچ چووە ژێر باری دانەوەیان، لەم جۆرە بوون، ئەم قەرزانە گەیینە بیست هەزار ڕۆبڵ+١٣١، بەو فایزەوە کە هاتبووە سەریان گەیبوونە نزیکەی بیست و پێنج هەزار ڕۆبڵ کە دەبوایە لە ماوەی سیازدە ساڵدا بیدەینەوە، ئەنجام ساڵێک پێش مردنی مێردەکەم توانیمان هەموو قەرزەکان بدەینەوە و هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشین و چیتر لە ئاگادارکردنەوە و نامەکردنە سەر و هەڕەشەی دەست بەسەراگرتنی شتەکانمان نەترسین و بێخەم سەرێک بنەینەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ دەبوایە لە توانای خۆی پتر کاربکات، بگرە دەستبەرداری پێویستییەکانی خۆی و ئیسراحەتی خۆیشی ببێت، جگە لە دەستبەرداربوونی پێداویستییەکانی خانەوادەکەی و ئاسوودەیی خانەوادەکەی، هەرهەموو ئەمەش لە پێناوی دانەوەی ئەم قەرزە خەیاڵیانە.

هەڵبەتە ئەگەر ئەم چقڵی قەرزدانەوە بە درێژایە نەبوایە دەمانتوانی ئەم چواردە ساڵەی ژیانی خێزانداریمان بە شادمانییەکی زیاتر و ئاسوودەییەکی پترەوە بەسەر بەرین.

مێردەکەم ئەگەر دانەوەی ئەم هەموو قەرزەی بەسەرەوە نەبوایە، قازانجێکی زۆرمان لە کارە هونەرییەکانی دەکرد، بەتایبەت ئەگەر پەلەی لە نووسینی ڕۆمانەکانی نەکردبایە، دەرفەت و ماوەی هەبوایە پێیاندا بچێتەوە و سیقالیان بداتەوە و مشتومالیان بکاتەوە، زۆرجار خوێنەران بەرهەمەکانی دوستویفسکی دەگەڵ بەرهەمێن نووسەرانی بەهرەمەندی دیکەدا بەراورد دەکەن و گلەیی ئالۆزی و شپرزەیی و ئەستووری ڕۆمانەکانی لێدەکەن، کەچی بەرهەمی ئەوانی دی سفت تر و کۆکترن، بۆ نموونە کارەکانی تۆرگینیف، هێندە سفت و ورد دارێژراون، دەڵێی کاری زێڕینگەرانە، جا ئەمانە بە دەگمەن ئەوەیان بیردەکەوێتەوە کە ئەوانە لە چ هەلومەرجێکدا ژیاون و کاریان کردووە و مێردەکەی من لە چ هەلومەرجێکدا ژیاوە و کاری کردووە، تەقریبەن هەموویان ( تولستوی، تورگینیف، گونچاروف) ساغ و سەلامەت بوون، ژیانیان خۆشبوو، ماوە و توانایان هەبوو بیربکەنەوە و بەرهەمەکانیان بژاربکەن، بەڵام فیودورمیخائیلوفیچ دوو نەخۆشی سەختی لەگەڵدا بوو، پەرکەم و کشانی دەمارەکانی سیپەلاک، ئەرکی خانەوادەیەکی گەورە و قەرزێکی زۆری بەسەر شانەوە بوو، خەمی قووتی ڕۆژانەی بوو و خۆیشی نەیدەزانی سبەینێ چی بۆ حەشارداوە، ئاخر کابرایەک ئەوە حاڵی بێت، چۆن دەکارێت بە کارەکانیا بچێتەوە و بژاریان بکات؟ بە درێژایی ئەم چواردە ساڵەی دوایی ژیانی، زۆر جار وا ڕێدەکەوت دوو فەسڵ یا سێ فەسڵی لە گۆڤارێکدا بڵاودەبووەوە، بەڵام فەسڵی چوارەمی لە چاپخانە کۆدەکرایەوە و فەسڵی پێنجەمی دەخرایە پۆستەوە و

بۆ ( مژدەبەری ڕووسی) پۆست دەکرا. بەڵام فەسڵەکانی دیکەی هێشتا بیرۆکەی ڕووت بوون، فیودورمیخائیلوفیچ، زۆرجار کە فەسڵێک لە فەسڵەکانی ڕۆمانێکی بڵاوکراوەی خۆی دەخوێندەوە لە ناکاوا هەڵەیەکی زەقی دەدۆزییەوە و خەفەتی دنیای دەخوارد، کە ئەو هەڵەیە ئەو بیرۆکەیەی شێواندووە کە ئەم مەبەستی بووە، بە کەسەرێکی زۆرەوە ئاهێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت ئاە خۆزگە دەمتوانی چاکی بکەمەوە! ئێستە دەزانم کێشەکە لەکوێدایە، بۆچی لەم ڕۆمانەدا سەرکوتوو نەبووم، وا دیارە لە سۆنگەی ئەم هەڵەیەوە ( بیرۆکە) کەم بەتەواوەتی کوشتووە.

هەڵبەتە خەمەکەی خەم بوو نەک گاڵتە، خەمی هونەرمەندێک بوو، کە بە ئاشکرا پەی بە هەڵەکەی خۆی بردبێ و نەتوانێ درووستی بکاتەوە و هەرگیزیش ئەو هەلەی بۆ نەڕەخست: پارە بۆ بەردەوامانندنی ژیان و دانەوەی قەرزان زەرووری بوو، بۆیە سەرباری نەخۆشییەکەی ناچار بوو بەپەلە درێژە بە کاربدات، هەندێجار لە یەکەم ڕۆژی دوای پەرکەمەکەی، بەپەلە بە دەستنووسەکەیدا دەچووەوە، تا لە کاتی دیاریکراودا بینێرێت، تا بەزووترین کات پاداشتەکەی وەربگرێت، فیودورمیخائیلوفیچ بە عەمراتی دەرفەتی بۆ نەڕەخسابوو تاقە بەرهەمێکی خۆی بە شێنەیی و بەکاوەخۆ و بێ پەلەکردن بنووسێت ( جگە لە یەکەم بەرهەمی، "هەژاران" ) یان بە شێنەیی بیر لە نەخشە و پلانی ڕۆمانەکەی بکاتەوە و بەتەواوەتی تاوتۆی بکات، قەدەر ئەم شادمانییە گەورەیەی بە نسیبی فیودورمیخائیلوفیچ نەکرد، کە هەمیشە خەونی پێوە دەبینی و مخابن هەرگیز نەهاتە دی!

ئەو قەرزە زۆرەی باری سەرشانی فیودورمیخائیلوفیچی قورس کردبوو. زیانێکی ئابووری زۆری لێدا: لەکاتیکدا نووسەرانی دەولەمەندی وەکو ( تورگینیف، تولستوی، گونچاروف) دەیانزانی گۆڤارەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان شەڕیانە، هەر یەکێک لەوانە پێنج سەد ڕۆبڵی لەسەر هەر مەلزەمەیەک+١٣٢ وەردەگرت، بەڵام دوستویفسکی نەدار دەبوایە بەخۆی بەرهەمەکانی بۆ گۆڤارەکان ببردایە و گۆڤارەکان کە ئەمەیان دەبینی پارەیەکی کەمیان دەدایە، بۆ نموونە بۆ هەر مەلزەمەیکی ڕۆمانێن ( تاوان و سزا و گەمژە و ئەهریمەنان) سەدو پەنجا ڕۆبڵی وەردەگرت و بۆ ڕۆمانی ( هەرزەکار) دوو سەد و پەنجا ڕۆبڵی وەردەگرت، تاقە ڕۆمانێک کە بۆ هەر مەلزەمەیەکی سێ سەد ڕۆبڵی وەردەگرت، دوا ڕۆمانی واتە (براتانی کارامازۆف) بوو.

مەگەر خوا بزانێ لە دڵی خۆدا چ جەخارێکم دەکێشا، هەرکە بیرم دەکەوتەوە چۆن قەرزی خەڵکی دی ژیانی شەخسی و کەسەکی وێران کردووم، قەرزی کەسێک بە عەمراتم نەمدی بوو، ئەمە جگە لەو قەرزە وەهمیانەی کە خەڵکانێکی بێڕەوشت

بە کۆمپیالە کردبوویان بە ماڵ بەسەر مێردەکەمەوە، ئیدی خەم و پەژارە دایدەگرتم، بیرم لەوە دەکردەوە ئەو هەموو پارەیە لە کوێ بێنین، بیرم لەوە دەکردەوە ئەم شتە یا ئەو شتە بە چەند و لە کوێ بخەمە ڕەهنەوە، چۆن کارێکی وەها بکەم کە فیودور میخائیلوفیچ نەزانێت دەچمە سەردانی خودان قەرزەکان، یا شتێک دەخەمە بارمتەوە، بەو جۆرە گەنجێتی خۆمم بەسەر برد و بەدەست قەرزدانەوەوە پیر بووم و ئەعسابم وێران بوو.

ئەوەی زۆر مایەی داخ و کەسەر بوو، ئەگەر لەنێو دۆستانی مێردەکەمدا خەڵکانی دڵسۆز هەبوایە و دەستی فیودورمیخائیلوفیچیان بگرتایە، کە بە دەرکردنی گۆڤارەوە، کە لێی نەدەزانی، گرفتار بوو بوو، دەکرا نیوەی ئەو بەڵایانەمان لەکۆڵ ببوایەتەوە.. زۆرجار کە بیرم دەکردەوە، هەرگیز سەرم لەوە دەرنەدەکرد و بە زوڵمم دەزانی کە ئەو کەسانەی دوستویفسکی بە دۆستی+ ١٣٣ دەزانین، کە سوور دەیانزانی بەقەد منداڵێکی بێگەرد، ئەزموونی کردەگی نییە، متمانەی بێ چەندوچوونی بە خەڵک هەیە، نەخۆشە، بۆچی هیچ ڕێنوێنییەکیان نەدەکرد و بەتاقی تەنیا ڕوو بە ڕووی ئەو هەموو قەرزە بووبووەوە کە میخائیل میخائیلوفیچ لە دوای خۆی بەجێی هێشتبوو، ڕووبەڕووی ئەو خاوەن قەرزانە بووبووەوە کە بە درۆوە دەیانگوت قەرزیان لە سەر میخائیل میخائیلوفیچە، یانی ماقوولە نەیان توانیبێ یارمەتی بدەن و ڕووبەڕووی ئەو خاوەن قەرزانە ببنەوە و داوای بەڵگەیان لێبکەن؟ دڵنیام ئەگەر خەڵکەکە بیانزانیبا فیودور میخائیلوفیچ، هەر خۆی بەتەنیا بەو داوایانەدا ناچێتەوە و پیاوێکی سادە و باشە و خەڵکێک لەو کارەدا یارمەتی دەدەن، گەلێک لەو داوایانەمان لەکۆڵ دەبووەوە، مخابن! هیچ کەسیک لە دۆست و دڵبەندەکانی مێردەکەم ئەوەندە دڵسۆز نەبوو، کەمێک لە وەختی خۆی بۆ ئەو تەرخان بکات و خزمەتێکی راستەقینەی بکات، هەموویان بە قسە بەزەییان بە فیودورمیخائیلوفیچدا دەهاتەوە و هاوسۆزیان دەگەڵ دەکرد، بەڵام هەرهەمووی (قسەی ڕووت) بوو.

ڕەنگە بگوترێ هەموو دۆستەکانی فیودور میخائیلوفیچ ڕۆماننووس و شاعیر بوون، سەریان لە کاروباری ژیانی پراکتیکی دەرنەدەچوو، بەڵام وەڵامی من ئەوەیە کە هەرهەموو ئەوانە بۆ خۆیان و بۆ حاڵی خۆیان زۆر وریا و کارامە بووون، ڕەنگە بڵێن فیودور میخائیلوفیچ پیاوێک بووە خۆڕەئی وسەربەخۆ و بەگوێی کەسی نەکردووە، بەڵام ئەم بیانووە دروست نییە، چونکە فیودورمیخائیلوفیچ بە خوایشتی خۆی هەموو کاروبارەکانی بە من سپاردبوو وبەگوێی دەکردم، هەرچەندە لە سەرەتاوە زۆر متمانەی بە ئەزموونی کردەکی من نەبوو، من دڵنیام ئەگەر دۆستەکانی لێی هاتبانە پێشێ و ئامۆژگاریان کردبا، بە هەمان متمانەوە گوێی لێ

دەگرتن و بە قسەی دەکردن، کە بیردەکەمەوە زۆر سوو لە فیودورمیخائیلوفیچ دەخۆم کە ئەو جۆرە دۆستانەی هەبوو.

"٤"

لە ڕۆژانی هەوەڵی گەڕانەوەمان بۆ ڕووسیا، بیرم لەوە دەکردەوە ئەو خانووەی بە میرات پێم بڕابوو بفرۆشم و هەندێک لە قەرزەکان بدەمەوە، بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد دایکم لە درزدن بگەڕێتەوە، کە بۆ شایی براکەم سەفەری ئەوێندەری کردبوو، هەروەها چاوەڕوانی ئەوەش بووم خوشکەکم لە ڕۆما بگەڕێتەوە، چونکە لە غیابی دایکمدا ئەو لە هەموو خانەوادەکەمان مەسئوول بوو، بەڵێنی دابوو هەرکە بەهار گەڕایەوە هەموو حیساباتی بەڕێوەبردنی خانووەکان بخاتە بەردەست، لێ تووشی تیفۆ بوو و لە ١٨٧٢ /٥/١ دا لە ڕۆما کۆچی دوایی کرد، دوای مردنی زانیمان کە دەمێکە وەکالەتی بەڕێوەبردنی خانووەکانی بۆ مێردەکەی کردبووەوە، جا مێردەکەشی کە زۆرجار لەگەڵ ژنەکەیدا سەفەری دەرێی پترسبورگی دەکرد، هەستابوو برادەرێکی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خانوەکان ڕاسپاردبوو، ئەم پیاوەش هەستابوو بە درێژایی سێ چوار ساڵ کرێ و دەرامەتی ئەم خانوانەی وەرگرتبوو، بەبێ ئەوەی باجی گەنجینەی دەوڵەت بدات، باجی خانووەکان کەڵەکە بوو بوو و ئیدی خانووەکان خرابوونە مەزاتی ئاشکراوە، بەو جۆرە هیچمان بەدەستەوە نەما کە باجە کەڵەکە بووەکان بدەین و خانووەکان لە مەزات دەربێنین، بەلام بە ئومێدی ئەوە بووین بە نرخێکی باش بفرۆشرێن و دایکم پارەیەکی ئەوتۆی بێتە دەست کە قەرەبووی ئەو خانووەم بۆ بکاتەوە کە بەڵێنی دابوو بیدات بە من، بەڵام مخابن ئەو پیاوەی کە گوایە سەرپەرشتی خانووەکانمانی گرتبووە دەست، هەندێ گرێبەستی ساختەی دەگەڵ کەسانی وەهمیدا ڕێکخستبوو کە گوایە بۆ ماوەی دە ساڵ ئەو خانوانەی بەکرێ دابوونێ و پێشوەختە هەموو کرێکانی لێوەرگرتوون، هەڵبەتە لەکاتی مەزادەکەدا ئەم مامەڵەیەمان بۆ کەشف بوو، هەڵبەتە خانووەکان مشتەرییان نەبوو، ئەوسا ئەم خوێڕییە هەستا، هەموو باجە کەڵەکەبووەکانی دا بە گەنجینەی دەوڵەت و دەستی بەسەر خانووەکاندا گرت، واتە بەچەند هەزار ڕۆبڵێک سێ خانوو و دوو حەوشەی گەورە و پارچەیەک زەوی گەورەی داگیرکرد. بەم جۆرە من و دایکم و براکەم دستمان لە بنی هەنبارە بۆرەوە دەرچوو. هەڵبەتە دەمانتوانی سکالا تۆمار بکەین، بەڵام پاەی ئەوەمان نەبوو، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر سکالامان تۆمار بکردایە، مێردی خوشکەکەم بەرپرس دەبوو، واتە دەبوا دەگەڵ ئەوا تێکی بدەین و بکەوینە شەڕ، لەو حاڵەدا لە دیداری منداڵە بێ دایکەکانی خوشکەکەم کە زۆرمان

خۆشدەویستن مەحرووم دەبووین، ئیدی تاقە ئومێدم ئەوە بوو کە وەزع و حاڵی نالەبارمان باش بێت!

لە هەوەڵەوە ڕێگەی خودان قەرزەکانم دا کە گفتوگۆ دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا بکەن، بەڵام ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانە یەجگار خراپ بوو: خودان قەرزەکان زۆر بێ ئەدەبانە قسەیان دەگەڵ مێردەکەم کردبوو، هەڕەشەیان لێکردبوو، کە مردە ماڵەکەی حیجز دەکەن، لە بەشی قەرزاندا بە حەپسکردنی دەدەن، فیودور میخائیلوفیچ دوای ئەو قسانە تووشی نائومێدییەکی زۆر دەبێت، بە ژوورەکەدا و بەدەم قژڕنینەوە دێت و دەچێت ( هەرکاتێ زۆر نیگەران بوایە قژی خۆی دەڕنییەوە) و دەڵی:_ باشە تەگبیر ئێستا چی بکەین؟

بۆ ڕۆژی دوایی نۆرە فێیەکی لێهات.

زۆرم بەزەیی بە مێردە بەلەنگازەکەمدا دەهاتەوە، بەبێ پرسی ئەو بڕیارم دا بە خۆم دانوسان دەگەڵ خودان قەرزاندا بکەم، بەڕاستی خەڵکانێکی سەیرن، ئەوانەی لەو ماوەیەدا هاتن بۆ لام، بە شێوەیەکی گشتی دەڵالی کۆمپیالە، بێوەپیاوی فەرمانبەر بوون و ژووری مۆبیلەکراویان بەکرێ دەدا، ئەفسەرێن پلە بچووکی خانەنشین بوون: هەموو ئەمانە کۆمپیالەکانیان بە نرخی هەرزان کڕی بوو و هاتبوون وداوایان دەکرد هەر ئێستا هەموو قەرزەکانیان بدەمەوە، هەڕەشەی حیجزکردنی ماڵەکەمان و زیندانیکردنیان لێدەکردین، بەڵام من دەمزانی چۆن قسەیان دەگەڵ دەکەم، هەمان ئەو هەنجەتانەم بۆ دەهێنانەوە کە لە دانوسانەکانمدا دەگەڵ گینترشتایندا بەکارم بردبوون، کاتێ خودان قەرزەکان دیتیان هەڕەشە دادیان نادات، قابیل بوون، ڕێکەوتننامەیەکی تێروتەسەل لەجیاتی ئەو کۆمپیالانەی کە فیودور میخائیلوفیچ ئیمزای کردبوون، لە گەڵ مندا ئیمزا بکەن، بەڵام دانەوەی ئەو هەموو قەرزەش لە کاتی دیاریکراودا کارێکی زۆر قورس بوو!

بۆ ئەو مەبەستە پەنام بردە بەر هەزار و یەک فێڵ و فەرەج: قەرزکردن لە خزمان، شت خستنە ڕەهنەوە، مەحرووم کردنی خۆم و ماڵ و منداڵەکەم لە زۆر شتی زەروری و پێویست!

دەرامەتێکی ڕێکوپێک و بەردەوامان نەبوو، شتەکە وەستابووە سەر کارکردنی فیودور میخائیلوفیچ، هەندێجار ناچار دەبووین قەرزبکەین تا کرێی شوقەکە و قەرزی دوکانەکانی پێ بدەینەوە، هەرکاتێ پارەیەکی چوار سەد پێنج سەد ڕۆبڵیمان بەکەڕەتیك بهاتبایە دەست، ( مێردەکەم هەمیشە دەیدایە من) بۆ سبەینێ تەنیا بیست- سی ڕۆبڵی دەمایەوە. هەر خاوەن قەرزێک ڕووی دەکردە

ماڵەکەمان، مێردەکەم دەیبینی لێی دەپرسیم ئەمە کێیە، ئەوە کێیە، بۆچی هاتووە، کە دەیبینی خۆم لە وەلامدانەوە دەشارمەوە گلەیی لێدەکردم کە شتی لێ دەشارمەوە، ئەم گلەییانەی لە چەند نامەیەکیدا ڕەنگی داوەتەوە، کە گوایە هەموو کاتێک دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا ڕاشکاو نەبووم، فیودور میخائیلوفیچ زۆری پێویست بە ئارامی بوو تا لە سەر کارەکانی بەردەوام بێت، بۆیە ناچاربووم وەستایانە شتەکانی لێوەشارم ونەهێڵم تووشی نیگەرانی و خەم و پەژارە بێت،هەڵبەتە ئەم کارەم زۆر لەسەر دەکەوت، دەمگوت قیروسیا با وا بزانێت ژنێکم شتی لێدەشارێتەوە، کە کارێکی زۆر قورس بوو، نزیکەی سیازدە دانە سال بەو حاڵە ژیانم بردە سەر.

کە داواکاری نابەجێی خزمەکانی مێردەکەم بیردەکەونەوە خەفەت دەخۆم، هەرچەندە ئێمە کەم دەرامەت بووین، بەڵام فیودورمیخائیلوفیچ نەیدەتوانی دەستبەرداری یارمەتیدانی نیکولای میخائیلوفیچی( کولیا )ی برای و کۆڵەوەسەکەی بێت، یا دەستبەرداری یارمەتیدانی خزمەکانی دیکەی بێت لە هەندێ حاڵەتی تەنگانەدا، هەرچەندە مانگانە پەنجا ڕۆبڵێکی بۆ کولیا بڕیبووەوە، بەڵام کولیا هەرجارێک بهاتایە بۆ سەردانمان پێنج ڕۆبڵی دەبرد+١٣٤، مرۆڤێکی باش وکلۆڵ بوو، لەبەر باشییەکەی خۆشم دەویست، بەڵام هەرجارێ کە بەبۆنەیەکی هیچەوە دەهاتە دیدەنیمان تووڕەدەبووم: بۆ نموونە بەبۆنەی لەدایکبوونی منداڵەکانمانەوە، یا بۆ ئەحواڵپرسی مێردەکەم و ..... هتد، ئەمەم لە بەغیلی نەبوو، بەڵکو خەمی ئەوەم بوو کە لە دارای دنیادا تەنیا بیست ڕۆبڵمان لە ماڵەوە شک دەبرد و سبەینێ مەوعیدی ئەوەمان بوو قەرزی یەکێک لە خاوەن قەرزەکان بدەینەوە و هەنگێ ناچار دەبووم شتێک لە شتەکانمان بخەمە بارمتەوە.

ئەوەی کە زۆری پەست دەکردم پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بوو، ئەم کوڕە کە دەهات داوای نەدەکرد، بەڵکو ئەمری دەکرد و قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو کە حەق بەوە و لە سەرمانە بەخێوی کەین.

فیودور میخائیلوفیچ، هەرکاتێ بڕە پارەیەکی زۆری وەربگرتایە، پارەیەکی باشی دەدایە کۆڵەوەسەکەی، بەڵام ئەم کوڕە زیادە مەسرەفی زۆر بوو، هەرچەند باش دەیزانی باری داراییمان زۆر خراپە، زۆرجار دەهات بۆ لای باوە پیارەکەی و داوای پارەی دەکرد، کە خۆی بە ژووردا دەکرد لێی دەپرسیم:

_ باوکە چۆنە، چی دەکات؟ پێویستە قسەی دەگەڵدا بکەم: زۆرم پێویست بە چل ڕۆبڵە.

گوتم:

ـ بە خۆت دەزانی کاتکوف هیچی بۆ نەناردووین و پارەمان نییە، ئەمڕۆکە بازنەکەم بە بیست  و پێنج ڕۆبڵ خسۆتە ڕەهنەوە، تەماشا ئەوە پسووڵەکەی!

ـ جا چ قەیدییە شتێکی دیکە بخە ڕەهنەوە.

ـ هەرچییەکم هەیە لە بارمتەدایە.

کۆڵەوەسەکە بە مکووڕییەوە گوتی:

ـ ئیشی زەروریم پێیەتی.

ـ چاوەڕوان بکە تا پارەمان بۆ دێت

ـ ناتوانم دوای بخەم

ـ بەڵام ئیستا پارەم پێ نییە

ـ من حەقم چییە! بگەڕێ بۆمی پەیدا بکە.

هەوڵمدا قەناعەت بە پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بکەم، کە داوای چل ڕۆبڵ لە باوە پیارەکەی نەکات، چونکە نیمانە، داوای پازدە رۆبڵ بکات، بۆ ئەوەی بەلانی کەمەوە بۆ مەسرووفی سبەینێ پێنج ڕۆبڵمان پێ بمێنێ، دوای پارانەوەیەکی زۆر پاڤڵ ئەلکسندروفیچ هاتە ڕەدا، لە تۆ وایە خێرێکی گەورەی پێکردبم، پازدە ڕۆبڵم دا بە مێردەکەم تا بیدا بە کۆڵەوەسەکەی، هەڵبەتە زۆرم لە دڵ گران بوو چونکە ئەم پارەیە بەشی ئەوەی دەکرد سێ ڕۆژ بە دڵنیاییەوە پێی بژین، بەڵام ئێستا دەبوو سبەینێ بەپەلە بڕۆم تا شتێکی دیکە بخەمە ڕەهنەوە، بەڕاستی ئەم کوڕە بێ زەوقە زۆری ئەزیەت دام و هەرگیز بیرم ناچێت چ زوخاوێکی پێ نۆشتم.

ڕەنگە زۆر کەس پێیان سەیربێ بۆچی لەبەریم دادێنا و ئەو پارە خۆڕاییەم دەدایە، مەسەلەکە ئەوە بوو ئەگەر لە گەڵ پاڤڵ ئەلکسندروفیچ بەشەڕ هاتبام ، دەچوو لەلای فیودورمیخائیلوفیچ سکالای دەکرد و قسەکانی هەڵدەگێڕامەوە و دەکەوتە مەزڵوومنمایی، هەنگێ لێمان دەبوو بە شەڕ وئاژاوە، مێردەکەم نارەحەت دەبوو وحاڵی خراپ دەبوو، جا بۆ ئەوەی نارەحەتی نەکەم، بێدەنگ دەبووم تا ئاژاوە نەکەوێتە ناو خێزانەکەمان.

وێرای داواکاری خاوەن قەرزە قیرسچمەکان وکەمبوونی بەردەوامی پارە، زستانی ساڵی (١٨٧١/ ١٨٧٢ )م زۆر لەلا خۆشبوو، هۆیەکەشی ئەوەبوو گەڕابووینەوە بۆ وڵات، خۆمان لە ناو ڕووساندا بینییەوە، هەموو شتێکی دەروبەرمان ڕووسی بوو، ئەمە بۆ من سەرچاوەی کامەرانییەکی گەورە بوو، هەڵبەتە فیودور میخائیلوفیچیش

بە دیداری دۆست و بناژۆکانی شاد بووەوە، زۆری پێخۆشبوو دەیتوانی لە نزیکەوە چاودێری ڕەوتی ژیانی ڕووسی بکات، کە پێی وابوو، هەندێک لێی دوورکەتبووەوە، فیودورمیخائیلوفیچ دۆستایەتی و ناسیاوی خۆی دەگەڵ زۆرێک لە کۆنە دۆستەکانیا تازەکردەوە، لەلای پڕۆفیسۆر م. ئا. نی. فلادیسلافلیفی* خزمی (* فلادیسلافلیف، میخائیل ئیڤانوفیچ، ١٨٤٠- ١٨٩٠، فەیلەسووفێکی ئایدیالی، مامۆستای زانسگەی پترسبورگ بوو، لە هەردوو گۆڤاری کات و سەردەم کاری دەکرد، مێردی ماریا میخائیلوڤنا دەستوفسکایای برازای فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی بوو) ناسیاوی دەگەڵ ژمارەیەک پیاوی ئەهلی زانستدا پەیدا کرد، فیودور میخائیلوفیچ بە تاسە+١٣٥ و بایەخی تایبەتیەوە لەگەڵ یەکێک لەو زانایانەدا قسەی دەکرد کە بریتی بوو لە گریگوریف*( زانای لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان)(*گریگوریف فاسیلیڤیچ ١٨١٦- ١٨٨١: پسپۆڕ لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی، مامۆستای زانستگەی پترسبورگ و نووسەر و سەر بە ڕەوتی سلاڤییەت بوو، دوای هاتنەوەی دوستویفسکی لە هەندەران، ناسیاوی دەگەڵ دوستویفسکیدا پەیدا کرد) هەروەها لای میر فلادیسک میشیرسکی* ( * میشیرسکی، فلادیمیر پتروفیچ : ١٨٣٩- ١٩١٤، نووسەر و وەشانکار بوو، ڕۆڤاری هاوڵاتی دەردەکرد) ی خاوەنی وەشانخانەی هاوڵاتی+١٣٦ ناسیاوی لەگەڵ فیلیبوف+١٣٧ (* فیلیبوف، تیرتی ئیڤانوفیچ ١٨٢٥- ١٨٩٩، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی دیار و ئەدیبێکی هەواداری ڕێبازی سلاڤیەت بوو) و هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکەدا، کە هەموو چوارشەمەیەک بۆ فراڤین لە ماڵی میشیرسکیدا کۆدەبوونەوە پەیداکرد، لێرەدا بۆ یەکەمجار بوبیدونستسیف* (* بوبیدونستسیف، قنستنتین پتروفیچ ١٨٢٧- ١٩٠٧، فەرمانبەرێکی دەوڵەتی گەورە، نووسەر، مامۆستای زانستگەی مۆسکۆ، ١٨٦٠- ١٨٦٩ و ئەندامی ئەنجومەنی پیران لە ساڵی ١٨٦٨، ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەت لە ساڵی ١٨٧٢ وە جێگری داواکاری گشتی ١٨٨٠- ١٩٠٥، بوو) ی بینی و پاشان دۆستایەتییەکی پتەویان لەنێواندا چێبوو و تامردن بەردەوام بوو+ ١٣٨.

لە بیرمە لەم زستانەدا نیلیڤسکی، کە بە بەردەوامی لە قرم دەژیا، هات بۆ پترسبورگ، فیدورمیخائیلوفیچ لە زووەوە، لە سەردەمی گەنجییەوە، لەو سەردەمدا کە هێشتا شیفتە و دڵبەندی ڕێنماییەکانی فورییە بوو، دەیناسی، ئەو سەردەمە زۆر دڵبەندی کتێبەکەی ئەو ( ڕووسیا و ئەوروپا) بوو، فیودور میخائیلوفیچ ویستی ئەم ناسیاوییەی دەگەڵدا تازە و دەمەزەرد بکاتەوە+١٣٩، ئیدی ئەو و چەند نەفەرێکی دیکەی بەهرەمەندی وەکو ئەوانەی بیرم مابن، مایکوف و لامانسکی* و ستراخوف بوون (* لامانسکی، ڤلادیمیر ئیڤانوفیچ ١٨٣٣- ١٩١٤: دیرۆکنووس، مامۆستای زانستگەی پترسبورگ بوو،لە ئاخر و ئۆخری هەفتایەکاندا ناوسیاوی دەگەڵ

دوستویفسکیدا پەیدا کرد) بۆ ماڵەوە دەعوەت کرد، تا نیوەشەوێکی درەنگ هەر گەنگەشە و موناقەشەیان کرد.

لەم زستانەدا تریاتیکوف* (* تریاتیکوف، پاڤڵ میخائیلوفیچ ١٨٣٢- ١٩٤٤: دامەزرێنەری گەلەری مۆسکۆ بوو) ی خاوەنی بەناوبانگترین گەلەری شێوەکاری مۆسکۆ، داوای لە مێردەکەم کرد کە ڕێگەی بدات پۆرترێتێکی شەخسی بکێشێت ١٤٠+، بۆ ئەم مەبەستە هونەرمەندی ناودار بیروف*(* بیروف، ڤاسیلی گریگوریفیچ، ١٨٣٣- ١٩٢٢: وێنەکێشێکی بەنامێ بوو، چەند وتارێکی دەربارەی دوستویفسکی لە یاداشتی نووسەردا بڵاوکردەوە) بەهەشتاو گەییە مۆسکۆ، بیروف بەرلەوەی دەست بە کارەکەی بکات، بە درێژایی یەک هەفتە هەموو ڕۆژێ دەهاتە ماڵمان، بە وردی دیقەتی فیودورمیخائیلوفیچی دەدا، هەموو حاڵەتە مجێزییەکانی دەدایە بەر سەرنجی نیگا، قسەی دەگەڵ دەکرد، گەنگەشە و گفتوگۆی دەگەڵدا دەکرد، تا بتوانێ پەی بەڕاز ورەمزە پەنهانەکانی ڕوخسار وسیمای فیودورمیخائیلوفیچ بەرێت و لە کاتی کارە هونەرییەکەیدا بیری ئاوارە نەبێت، پێموایە بیروف توانی لە وێنەکەیدا ( ساتەوەختی داهێنان لەلای دوستویفسکی) ڕاوبکات و پەی پێ بەرێت، من زۆرجار ئەم گوزارشتەمم بە ڕوخساری مێردەکەمەوە بەدی کردبوو، کاتێ دەچووم بە سەریا هەستم دەکرد ( تەماشای ناخی خۆی دەکات) بۆیە بەبێدەنگی و بێئەوەی فزە بکەم لە ژوورەکە وەدەردەکەوتم، دوایی دەمزانی کە لە فکران ڕاچووە و دەگەڵ بیرەکانی خۆیدا مژووڵ بووە و هەستی بە من نەکردووە و باوەڕی نەدەکرد کە من چووم تا لێی دڵنیابم.

پیروف پیاوێکی زیرەک و میرەڤان بوو، مێردەکەم کەیفی بە دەم و ڕاوێژی دەهات ١٤١+، بەدرێژایی کێشانی پۆرترێتەکە لەلایان ئامادە دەبووم و ئێستاش یادی بەخێری بیروفم لەبیرە. زستانەکە زوو بەسەرچوو، بەهاری ١٨٧٢ هات، لەگەڵ هاتنی بەهاردا کۆمەڵێک خەم و پەژارە، کول و کوڤان، بەلا و مەینەتی بەرۆکی گرتین، کە شوێنەواریان بۆ سالانێکی دوور و درێژ هەر مایەوەو لەبیر نەچوونەوە.

"٥"

پەندێک هەیە دەڵێت: " نەگبەتی خۆشە قۆرتەکانی ناخۆشە" لە ژیانی زۆربەی خەڵکیدا، هەندێک قۆناغ دێتە پێشێ کە جاری وایە درێژیشە، یەک زنجیرە نەگبەتی و بەلای چاوەڕوان نەکراو بەرۆکی دەگرێت، ئەمە ڕێک لە ئێمە ڕوویدا، ئێمە لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٢وە نەگبەتی گرتینی، لیلیای کیژمان ( ئەوسا تەمەنی دوو ساڵ و نیو بوو) لە ژوورەکەدا غاری دەدا، لەناکاوا بەربووەوە، کە دیتمان بە

کوڵ دەگری چووین بەلایەوە، هەڵمانساندەوە و دەستمان بەژیرکردنەوەی کرد، بەڵام ژیر نەدەبووەوە، هەر دەگریا و نەیدەهێشت دەستی بۆ بەرین، فیودورمیخائیلوفیچ و دایەنەکە و کارەکەرەکە بەهەشتاو چوون بە دووی دکتۆردا، فیودورمیخائیلوفیچ ئەدرەسی نزیکترین دکتۆر لە دەرمانخانەکە وەردەگرێت و دوای نیو سەعات دەگەڵ خۆیدا هێنای، هەر لە هەمان کاتدا دایەنەکەش دکتۆرێکی دیکەی لە خەستەخانەی ئوبوخوفسکایاوە هێنا. جەڕاحەکە پاش ئەوەی معایەنەی باسکی کیژەکەی کرد، گوتی دەرچووە ( لەجێ چووە) و یەکەر گرتییەوە وسارغییەکی ئەستووری لە باسکییەوە پێچا، دکتۆرەکەش هەمان ڕەئی جەراحەکەی هەبوو، کە گوایە لەجێ چووەو مادام هێنرایەوە جێ، زوو دەگیرسێتەوە و سارێژ دەبێتەوە، ئیدی لە قسەی دکتۆرەکان دڵنیابووین و داوامان لە جەڕاحەکە کرد کە سەردانی نەخۆشەکەمان بکات، بە درێژایی دوو هەفتە هەموو بەیانییەک سەری دەداین، سارغیەکەی لە باسکی دەکردەوەو دەیگوت زۆر باشە و عەیبی نییە، من و فیودورمیخائیلوفیچ جەراحەکەمان ئاگادارکردەوە کە ناولەپی بە درێژایی نزیکەی دە سانتی مەترێک ئاوساوە و شین و مۆر بووەتەوە، ئیدی کابرای جەراح گوتی سەرانسەری باسکەکەی ئاوساوە و هی کەوتنەکە خوێنی تێزاوەو بەرە بەرە دادەمرکێتەوە وچاک دەبێتەوە، جا چونکە سەفەرێکی ناچاریمان لەبەر بوو، جەراحەکە گوتی نەبادا لەڕێگا ئازاری بگاتێ و قۆڵی بکولێتەوە، سارغییەکەی لێ نەکەینەوە تا دەگەینە جێ، لە ١٥/ مایو/ ١٨٧٢ دا، بە دڵنیاییەوە سەفەری ستاریاروسامان کرد.

پرۆفیسۆر میخائیل فلادیسلاف، مێردی ماریامیخایلوڤنای برازای فیدور میخائیلوفیچ بۆ ئەم هاوینەهەوارەی دەعوەت کردبووین، دڵنیایان کردین کە ژیان لە رووسا ئارام و هەرزانە، پار هاوین کە ئەوان چووبوون سحەتی منداڵەکانیان بەبۆنەی مەلەکردنیان لە گەڕاوەکانی ئەوێندەردا زۆر باش بوو بوو. فیودور میخائیلوفیچ زۆر بە خەمی سحەتی منداڵەکانمانەوە بوو، حەزیدەکرد بۆ ڕووسایان بەرێت، تا لەوێ بۆ خۆیان لە گەڕاوەکاندا مەلە بکەن.

هێشتا تامی ئەو یەکەم سەفەرەمانم بۆ ستاریارووسا، لەبیر نەچووەتەوە کە یەکێک بوو لە بیروەرییە هەرە خۆشەکانی ژیانی خێزانداریمان+١٤٢، هەرچەندە زستانی هەردوو ساڵی ١٨٧١- ١٨٧٢ بەسەلامەتی و بە خۆشی بووری، بەلام لە هەوەڵی ڕۆژووی گەورەوە، خولیای ئەوەمان کەوتە سەر لە بەهارا سەفەری شوێنێکی دوور بکەین، شوێنێکی دووری گۆشە و کەنارێن گوند، کە بتوانین دوور لە خەڵکی پێکەوە بژین و کاربکەین، نەک وەکو ئەو ژیانەی لە پترسبورگ دەژیاین، بەڵکو وەکو ئەو ژیانەی کە لە هەندەران پێی ڕاهاتبووین، لەزەت لە هاوڕێیەتی یەکدی بدینین، خەونەکەمان هاتە دی.

بەیانییەکی فێنکی خۆش، لە ستاریاروسا وەڕێکەوتین، دوای چوار سەعاتەڕێ گەیشتینە وێستگەی سوسنینکا، کە دەکرا لەوێندەرەوە بە ڕوباری ڤولخوفدا، بە کەشتی بۆ نوڤگورود سەفەر بکەی، لەوێ زانیمان کە کەشتی لە سەعات یەکی پاش نیوەشەودا دەکەوێتە ڕێ، بۆیە دەبوایە یەک ڕۆژی تەواو لێرە چاوەڕوان بکەین، کابینەیەکی چکۆلەمان بەکرێ گرت، جا چونکە جەوی کابینەکە زۆر خەفە بوو، دەگەڵ منداڵەکان و دایەنە پیرەکەیاندا لە ماڵ وەدەرکەوتین تا پیاسەیەکی ناو گوندی بکەین، لە گوندیدا تووشی دیاردەیەکی کۆمیدی بووین: هێشتا نەگەیبووینە ناوەندی شەقامەکە، تووشی ئافرەتێک بووین منداڵێکی پێبوو، هەموو دەموچاوی پەڵەی سوور وزیبکە بوو، لەو تێپەڕین سێ چوار منداڵی دیکەمان بینی، دەموچاویان یەکپارچە پەڵەی سوور و زیبکە بوو، ئەم دیمەنە ترسانیدنی وامان هەست دەکرد منداڵانی گوند تووشی سیرۆژە بوون و دوور نییە منداڵەکانی ئێمەش لەوانەوە بیگرن، فیودور میخائیلوفیچ هەڵپێچاین کە دەبێ بلەز بۆ کابینەکە بزڤڕینەوە، لەوێ لە پیرەژنی خاوەن کابینەکەی پرسی ئایا نەخۆشی لە گوندەکەیان بڵاوە، بۆچی منداڵان دەموچاویان سوور بووەتەوە، ژنەی تاین تووڕەبوو و گوتی ئەو منداڵانە نەخۆش نین، ئەوە مێشوولە پێوەی داون، ئەم وەڵامە ئاسوودەی کردین و ترسی نەخۆشی لەدڵمان سڕییەوە، دوای کەمتر لە سەعاتێک بۆمان دەرکەوت کە ئەوە هی مێشوولەیە، ئیدی دەمووچاوی منداڵەکانمان سوور هەڵگەڕان و بوون بە زیبکە.

نیوەشەو سواری کەشتی بووین، منداڵەکانمان خستە ناو جێگا تا بنوون، پاشان بەخۆمان تا سەعات سێ لە سەر کەشتییەکان دانیشتین، بەدەم قسەکردنەوە سەیری ڕووبارەکە و دار و دەوەنانی بەستێنی ڕووباری ( ڤولخوف) مان دەکرد، بەر لە سپێدە دنیا ساردی کرد، چوومەوە بۆ ناو کەشتییەکە، فیودورمیخائیلوفیچ هەر لە ناو کەشتییەکە مایەوە، زۆری حەز لە هەیڤە شەوان بوو.

لە سەعات شەشی بەیانیدا هەستم کرد یەکێک بە ئەسپایی بەشانمدا دەکێشێت، هەستام، گوێم لێبوو فیودور میخائیلوفیچ دەڵێت:

_ ئانیا، وەرە سەرەوە تەماشاکە بزانە دنیا چ دیمەنێکی جوانی هەیە!

بە راستی دیمەنێکی جوان بوو، ئەوەی دێنا مرۆڤ لە پێناویا چاوپۆشی لە خەو بکات، پاشان کە نوڤگورودم وەبیردێنایەوە ئەو دیمەنە لەبەرچاوم زندوو دەبووەوە.

بەیانیەکی بەهارەی زۆر جوان بوو، تیشکی هەتاو لە بەستێنەکەی ئەوبەری رووبارەکەی دەدا، دیوارەکانی کرملین بەسەریەوە بەرز بووبوونەوە، گومەزە زێڕینەکانی کەتەدرائیەی سۆفیا دەدرەوشایەوە، لەم کەش و هەوایەدا دەنگی

زەنگەکانی بەرز بووەوە و کاتی نوێژی بەیانی ڕاگەیاند، فیودورمیخائیلوفیچ حەزی لە تەبیعەت بوو، شارەزایی لە حاڵی تەبیعەت هەبوو، بەهۆی جوانی تەبیعەتەوە کەیفی قنج و مجێزی ساز بوو، ئەم خۆش مجێزییە خۆ بە خۆ کاری لە منیش کرد، دوو بە دوو بۆ ماوەیەکی درێژ بەتەنیشت یەکەوە بە بێدەنگی دانیشتین، دەتگوت لەوە دەترسین ئەم ساتە ئەفسوناویانە بشێوێنین، بە درێژایی رۆژەکە ئەم خۆش مجێزییە لەگەڵماندا هات، زۆر دەمێک بوو ڕۆحمان ئەم جۆرە ئاسوودەییەی بەخۆوە نەبینی بوو و بەم تەرحە نەهێوری بوو!

کاتێ منداڵەکان لە خەو ڕابوون، گواستمانەوە بۆ کەشتییەکی دیکە و بۆ ستاریاڕوسیای بردین، نەفەرەکانی کەم بوون، سەفەرەکەمان خۆش و ئیسراحەت بوو، ئەمە جگە لەو دیمەنە جوانانەی دەهاتنە ڕێمان، دەریاچەی ئیلمان مەنگ و بێدەنگ دەتگوت ئاوێنەیە، چونکە ئاسمان ساماڵ و سایەقە بوو، دەریاچەکە زۆر ساف و شین دەینواند، وامان وێنا دەکرد لە ناو دەریایەکی سویسرادا مەلە دەکەین، کەشتییەکە لەدوا دوو سەعاتدا بە ڕووباری بولیستدا بردینی، ڕووبارێکی زۆر بە پێچ و دەورە بوو، ستاریاروسا بە خۆو کڵێساکانیەوە لە دوورەوە دیاربوو، جارێ نزیک دەبووەوە و جارێ دوور دەکەوتەوە.

ئەنجام سەعات سێ کەشتییەکە لە بەندەرەکە نزیک بووەوە، جانتا و شتەکانمان هەڵگرت و سواری عەرەبانەیەک بووین و بەرەو داچا ( ماڵی هاوینە) ی قەشە رومیانتسیف* (* رومیانتسیف یوهان ئیڤان ئیڤانوفیچ ( ؟ - ١٩٠٤) : قەشەیەک بوو لە کڵێساکەی ستاریاروسا بەرپرس بوو، دۆستی خانەوادەی دوستویفسکی بوو) کەوتینە ڕێ کە پێشوەختە لەلایەن خزمەکانی (ڤلادیسلاڤلیڤەوە) بۆمان گیرابوو، زۆر نەگەراین: هەرکە لە کۆڕنیشەکەی ڕووباری بیریریتیساوە بەرەو شەقامی بیاچیتسکو پێچمان کردەوە عەرەبانچییەکە پێی گوتین ( ئەوە بابایە لەبەردەرگا وەستاوە، وادیارە لە مێژە چاوەڕوانی ئێوە دەکات) کە زانیبووی دەوروبەری پازدەی مانگی مایو دەگەین، ئیدی قەشە بە خاوخێزانەوە کەوتبوونە چاوەڕوانیمان، ئیدی هەموو لەبەردەرگا، هەندێکیان بە پێوە، هەندێکیان بە دانیشتنەوە چاوەڕوانیان دەکردین، بەرەو پیرمان هاتن، ڕوخساریان بەهاتنمان گەشایەوە، یەکسەر هەستمان کرد بۆ لای خەڵکانێکی باش هاتووین، دوای ئەوەی پاپا چوو بەلای عەرەبانەی یەکەمەوە و سڵاوی لە مێردەکەم کرد، هات بەلای عەرەبانەی دووەمەوە کە منی تیابووم، فیدیام بە باوەشەوە بوو، کەچی ئەم منداڵە کە تازە گاگۆڵکێی دەکرد، بەوپەڕی میهرەبانییەوە خۆی بۆ لای پاپا شۆڕکردەوەو شەپقە قەراخ پانەکەی لە سەر داکەند و تووڕیدایە سەر ئەرزەکە، ئیدی لەم ساتەوە دۆستایەتی فیودور میخائیلوفیچ و من دەگەڵ پاپا یوحەننا رومیانتسف و خانمە بەڕێزەکەیدا،

یکاترینا پتروڤنا پتەو بوو و ئەم دۆستایەتییە نزیکەی دە دانە ساڵ بەردەوام بوو و بە مردنی ئەو خەڵکە بەڕێز و ئەمەکدارانە کۆتایی هات+١٤٣.

هەموومان شەکەتی ڕێگا بووین، ڕۆژی یەکەممان لە ستاریاروسا بە خۆشی و کەیف قنجی بردە سەر.

بەڵام خودایا کێ دەزانێ سبەینێ چی بۆ حەشارداوە! سبەی بەخۆ و ئەم ڕووداوەوە هات: سەعات یازدەی بەیانی، دوای ئەوەی تێشتمان خوارد، حەزم دەکرد منداڵەکان بەرەڵای ناو باخەکە بکەم، بەلام شەرمم دەکرد سارغیەکەی دەستی دەستی کیژەکەم ئەوەندە چڵکن بێت، قەرارم دا ئەو سارغییەی کە جەراحەکە لە باسکییەوە پێچابوو، بکەمەوە، جەراحەکە خۆی ڕێگای دابووم، بەڵام چی ببینم: ئاوساوی باسکی تەقریبەن دامرکابووەوە، بەڵام ناولەپی ئاوسابوو، ڕێک ئەو شوێنەی کە من ومێردەکەم، لە پترسبورگ پیشانی جەڕاحەکەمان دابوو، پەنامەکەی وەکو جاران نەرم نەبوو، بەڵکو ڕەق بوو، قامکەکانی شین بووبوونەوە، دەستی بە ئاشکرا خوار بوو بوو، پێم سەیربوو، فیودورمیخائیلوفیچ زۆر پەست بوو، وای وێنا دەکرد دەستی کچەکە بە هۆی سەفەرە دوورودرێژەکەمانەوە ئازاری پێگەییوە، قەشە یوحەنامان بانگکرد و داوامان لێکرد دکتۆرێکمان بۆ پەیدا بکات، هەرزوو دکتۆرێک کە لە نزیکی ئێمە دەژیا، هات، پێیگوتین کە باسکی کچەکە تەنیا لەجێ نەچووە، بەڵکو ئێسکەکەی شکاوە، جا لەبەر ئەوەی بە دروستی نەبراوەتەوە جێی خۆی و نەگیراوەتەوە، ئیدی شکاوییەکەی بە خواری گیرساوەتەوە، هەڵبەتە ترساین، کەلێمان پرسی ئەدی تەگبیری چییە، گوتی خوارییەکەی زیاد دەکات، دەستی سەقەت دەبێت، دەستی چەپی ئاسایی گەشە و نەشە دەکات، بەڵام دەستی ڕاست لە گەشە دەوەستێت، بەکورتییەکەی دەستی منداڵەکە ئیفلیج دەبێت.

مەگەر هەر خوا بزانێ من ومێردەکەم کە گوێمان لەو قسانە بوو چیمان بەسەرهات، کچێک بوو ناسک، جا چەندمان خۆشدەویست و چەندمان ناز دەدایە، وەرە کەم ئەندام دەربچێت وخەفەتی بۆ مەخۆ! لە هەوەڵەوە باوەرمان نەکرد، بە ناو شار کەوتین تا جەراحێک پەیدا بکەین، دکتۆرەکە پێی گوتین، دکتۆرێکی جەڕاحی لەشکری، دەگەڵ چەند سەربازێک لەو سەربازانەی بۆ ئێرە دەنێردرێن تا بە ئاوی گەڕاو چارەسەر بکرێن، هاتووە بۆ روسا، بەلام ئەم بە ناسین نایناسێت و نازانێت توانا و بەهرەی چۆنە؟ بڕیارمان دا ئەم جەراحە پەیدا بکەین و بە دکتۆرەکەمان گوت کە لەلای ئێمە چاوەروان بکات، قەشەی پیاوچاک ڕۆیی بەدوای جەراحی تایندا، دوای نیو سەعاتێک لەگەڵ دکتۆرێکی لەشکریدا هاتەوە، تا رادەیەک زۆر خەیاڵ بوو، قەشەی دۆستمان لە ئوتێلدا و بەدەم گەمەی بلیاردەوە

دۆزیبوویەوە، جا چونکە هەر لە گەڵ سەربازاندا مامەڵەی کردبوو، بیری لەوە نەکردەوە کە ئەم کچە منداڵێکی ناسکە و بەرگەی ئازار ناگرێت، بەهەمان نەفەسەوە گوشاری خستە سەر ئێسکە شکاوەکەی، ئیدی منداڵەکە لە هوڕژنی گریانی دا، گریا ئەمما گریان.

مخابن دکتۆرە لەشکرییەکەش، هەمان ڕەئی دکتۆرەکەی دیکەی دووپات کردەوە +١٤٤ و گوتی ئەمە لەجێ چوون نەبووە، ئێسکەکەی شکاوە، جا چونکە سێ هەفتەی بەسەردا ڕۆییوە، ئیدی ئێسکەکە گیرساوەتەوە و بە خواری گەشەی کردووە. کە بە هەردوو دکتۆرەکەمان گوت باشە ئێستا چیبکەین، تەگبیر، هەردووکیان گوتیان دەبێ سەر لە نوێ باسکی بشکێنینەوە و جوان بگیرێتەوە و لە گەچ بگیرێت، هەنگێ بە دروستی دەگیرسێتەوە، گوتیان دەبێ ئەم نەشتەرگەرییە یەکسەر و بەرلەوەی بەتەواوەتی بگیرسیتەوە، ئەنجام بدرێت، کە لێمان پرسین باشە ئەم عەمەلیاتە ئازاری هەیە، گوتیان ئەدی مەعنای چی، تەنانەت جەراحەکە گوتیشی ئەو بەرپرسیارێتی ئەم عەمەلیاتە هەڵناگرێت، چونکە دڵنیا نییە کچەکەمان کە لاواز و ڕەنگ زەرد دیاربوو، بەرگەی ئازاری نەشتەرگەرییەکە دگرێت یان نا.

فیودورمیخائیلوفیچ پرسی: باشە ناکرێ بەنج بکرێت؟ بەڵام دکتۆرەکان گوتیان بەنج بۆ منداڵ خەتەرە، لەوەیە هەڵنەستێتەوە.

لەبیرمە من و مێردەکەم چۆن دڵمان گوشرا، هەستمان بە چ نارەحەتییەک کرد، نەماندەزانی قەراری چی بدەین، داوامان لە دکتۆرەکان، کە پەلەیان بوو، کرد ڕۆژێکمان دەرفەت بدەنێ تا بیر لە مەسەلەکە بکەینەوە، بە راستی وەزعمان زۆر خراپ بوو: لەلایەکەوە ماقووڵ نەبوو بێڵین کچەکەمان نوقستان بێت و هەوڵنەدەین دەستی چاک بکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە نەماندەزانی چۆن متمانە بەم دکتۆرە بکەین کە منداڵەکەمانی بخەینە بەردەست و نەماندەزانی چەند شارەزایە (چونکە لە مێژ نەبوو باجی متمانەی کوێرانەی خۆمان دابوو) لەوەش خراتر کەسێکی عەرەقخۆر بوو، خۆیشی متمانەی بە سەرکەوتنی سەدی سەدی نەشتەرگەرییەکە نەبوو، ڕێک و ڕەوان گوتی: " هیچ مسۆگەر نییە بە دروستی دەگیرسێتەوە، لەوەیە ناچاربین نەشتەرگەرییەکە دووبارە بکەینەوە" گومانی لەوەیە منداڵەکەمان بەرگەی ئەم عەمەلیاتە قورس و بەئازارە بگرێت- هەرهەموو ئەمانە کردیانە کارێک زۆر نائومێد بین، مەگەر خوا بزانێ من و مێردەکەم بەدرێژایی ئەم ڕۆژە بە چ نیگەرانی و پەرۆشێکەوە بیرمان لەوە دەکردەوە کە چ بڕیارێک بدەین! فیودورمیخائیلوفیچ خیرا خێرا بە بانێژەی باخەکەدا دەهات و دەچوو، خەمبار و نیگەران قژی خۆی دەڕنییەوە، هەرکاتێ زۆر نیگەران بوایە قژی

خۆی دەرنییەوە،  دەترسام لە هەر ئان و ساتێکدا تووشی پەرکەم بێت، من جارێ تەماشای ئەوم دەکرد و جارێ تەماشای کچە نەخۆشەکەمان دەکرد کە لە یەکبینە دەگریا و بە بست لە من جیا نەدەبووەوە، بە کورتییەکەی ترس لە هەموولایەکەوە گەمارۆی دابووین، کەس نەبوو دڵخۆشی دەردمان بداتەوە، تەنیا قەشە یوهان رومیانتسیف، کە لەو ساتەوە بوو بوو بە هاوڕێی گیانی بە گیانیمان و گوتی:

واز لەم دکتۆرانە بێنن هیچ نازانن، هیچیان لەدەست نایەت، تەنیا ئەوە نەبێ کچەکەتان عەزاب بدەن، باشترین شت ئەوەیە بڕۆن بۆ پتروسبورگ، ئەگەر پێویستی بە نەشتەرگەری بوو با لەوێ بۆی بکەن.

قەشە یوهان زۆر بە متمانەوە قسەی دەکرد، بەڵگە لە دووی بەڵگەی دێنایەوە، ئیدی داوای لێکردین قەرار بدەین و بۆ پترسبورگ بڕۆین، دیارە کۆسپی زۆرمان لە ڕێگە بوو، بۆ نموونە: بڕیارمان دابوو هاوینەکە بە ئارامی بەرینە سەر، بە سحەت و تەندرووستییەکی باشەوە خۆمان بۆ زستان ئامادە بکەین، هاوینەهەوارێکی باشمان دەستکەوتبوو، ڕێگەیەکی زۆرمان بڕیبوو، تا گەیبووینە ئەوێندەر، ئەوجا وەرە لە ناکاوا بە ناچاری بۆ پترسبورگی جەنجاڵ و قەرەباڵەخ بگەڕێوە، کە لەوێ شوێنمان نەبوو ( بەر لە سەفەرەکەمان شوقەیەکمان بە کرێ گرتبوو، کە سەفەرەکەمان کرد چۆڵمان کرد) ئیدی ناچار بووین لە قەراخی پایتەختدا بۆ داچایەک بگەڕێین، دوای ئەوەی سەد و پەنجا ڕۆبڵ کرێی داچاکەی روسامان دابوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو لە نەداریدا کێچ لە باخەڵماندا سەوزەڵێ خانمی دەگوت و دەبوایە دەست بگرینەوە و مەسرەف کەم بکەینەوە، ئەمە جگە لەوەی خەفەتمان لەوە دەخوارد کە دەبوایە ئەم داچا خۆشە و ئەو خەڵکە باشەی کە بەوپەڕی سۆز و میهرەوە مامەڵەیان دەگەڵدا دەکردین، بەجێ بێڵین.

قەشە یوهان پێشنیازیکی دیکەی بۆ کردین: ئێمە لەگەڵ لوبادا بڕۆین و دوای عەمەلیاتی کچەکەمان بگەڕێینەوە بۆ روسا، تا دەگەڕێینەوە با فیدیا و دایەنەکەی وئاشپەزەکە لە داچاکەدا بمێننەوە، ئیدی قەشە یوهان و یکاترینا پتروڤنای خێزانی بەڵێنیان داینێ کە تا ئێمە دەگەڕێینەوە چاویان لە منداڵەکە و دایەنەکەی دەبێت، هەڵبەتە هەردووکیان واتە بابا و ژنەکەی زۆر هاوخەمی وهاوسۆزییان دەکردین و ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە ئاگایان لە فیدیا دەبێت و خەممان نەبێت،  بەلام ئەوەی نیگەرانی دەکردین ئەوە بوو کە منداڵەکەمان تازە دە مانگان بوو، هێشتا شیرم دەدایە، هەردووکمان چ خۆم و چ منداڵەکە سحەتمان باش بوو، لێبڕابووم تا دانی شیریی دەرنەیەت لە شیری نەبڕمەوە، وام وێنا دەکرد گۆڕانی لە ناکاوی سیستەمی خواردنەکەی، کاری تێدەکات، نەخۆش دەکەوێت و ڕەنگە ئەم دابڕانە کتوپڕە لە شیردان، کار لە ساغلەمی منیش بکات.

من و مێردەکەم زۆر خەمی ئەوەمان بوو،بەڵام ئەنجام بەسەر ترس و دلۆڤانی خۆماندا زاڵبووین و لێبڕاین بۆ سبەی سەفەری پترسبورگ بکەین.

بەڕاستی سەفەرێکی خەمناک بوو، بەدرێژایی دانی بەیانی لە منداڵە ئازیزەکەم دوور نەکەوتمەوە، فیودورمیخائیلوفیچ هات بۆ ژووری منداڵەکە، وام هەستکرد نەیتوانی تەماشای منداڵەکەی بکات، ئەنجام کە وەختی خواحافیزی هات، بۆ دواجار مەمکی ساواکەمم دا، بە توندی بە سنگ و بەرۆکی خۆممەوە گوشی، وامدەزانی جارێکی دی نایبینمەوە، ئەوجا من و مێردەکەم ڕۆنیشتین و لەبەردەم ئایکۆنەکەدا کەوتینە نوێژ و نزا، دوعای خێرمان بۆ منداڵەکەمان کە بە شادییەوە دەگرژییەوە، کرد، ئەوسا بە دڵێکی پڕ لە خەم و پەژارەوە بەرەو کەشتییەکە وەڕێ کەوتین.

هەڵبەتە دەبێ لێرەدا بە منەتبارییەوە یادی خانەوادەی رومیانتسیف بکەم، کە بەهۆی ئەوانەوە، ئیشەکەمان بە سەلامەتی مەیسەر بوو، پاشان بۆیان گێڕامەوە کە منداڵەکەم دوای ڕۆیشتنی ئێمە کاتێ برسی دەبێت لە من دەگەڕێت و ڕوودەکاتە دایەنەکە و بە قامکان ئاماژە بۆ دەرگاکە دەکات کە ( لەوێیە) پیرەژن هەڵیدەگرێت بۆ ژوورەکەی دیکەی دەبات، کە لەوێندەر من نابینێ دەست بەگریان دەکات وفرمێسکی وەکو بارانی بەهارێ دێتە خوارێ و هەر خواردنێکی وێدەدەن نایخوات و تاکو بەیانی چاوانی ناچنە خەو، دوای ئەوە لە سەر شیر خواردن ڕادێ وسحەتی خراپ نابێ. بەڵام ئەوەی زۆر دڵی تەنگ کردم و ئازاری دام، کاتێ پاش سێ هەفتە بۆ روسا زفڕیمەوە، کە زۆر تاسەی فیدیام دەکرد، کەچی نەیناسیمەوە، نەیدەزانی من دایکیم، بە تاسەوە نەهاتە باوەشم، بە تەواوی بیری چووبوومەوە.

سەفەرەکەمان بۆ پترسبورگ زۆر خەمین بوو، بە درێژایی ڕێگا نە رووباری ئیملین نە ڕووباری ڤولخوف سەرنجیان ڕانەکێشاین، هەمو هۆش و گۆشمان لەلای کچەکەمان بوو، دەترساین شەوێ بە سەر باسکە شکاوەکەیدا بنوێت و ئازاری بگاتێ، ئیدی من ومێردەکەم بە نۆرە بەدیارییەوە دادەنیشتین، هەر دوو سەعات جارێ یەکێکمان بەدیارییەوە دەبووین و زۆرمان پەلە بوو ئەم ڕێگا دوور و درێژە تەواو بێ.

وەکو پێشتر باسم کرد لەوێ شوقەمان نەبوو، بۆیە بریارمان دا بچینە شوقەکەی (ئیڤان سنیتکین)ی برام، کە لەگەڵ دایکمدا چووبوون بۆ داچایەکی قەراخ شار، ڕۆژێکی زۆر گەرم و ناخۆشبوو، پیاو هەناسەی سوار دەبوو، هەرکە کارەکەرەکە دەرگای لێکردینەوە گوتی:

ـ پیرەژن ( مەبەستی دایکم بوو) نەخۆشە.

_ خوانەکات، چییەتی؟ ئەدی لەکوێیە؟ لە داچایە؟

_ نا، لێرەیە، لە شوقەکەیە.

خۆم بە ژوورەکەیدا کرد تا بیبینم، بە سەر قەنەفەکەوە نوستبوو. ڕوخساری زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام لاقی پێچابوو، لێیم پرسی چ خیریەتی، تێیگەیاندم کە شتەکانی ئێمەی بۆ عەمارەکانی کوکوریڤسکی گواستووەتەوە، وای لێهاتووە: دایکم ئاگای لەخۆی نابێت، حەماڵەکە پێدەچێ سەرخۆش بووبێت، سەندووقێکی گەورەی لێ بەردەبێتەوە و دەکەوێ بەسەر پێی دایکمدا، کەڵەموستی پێی چەپی دەشکێ. ئەو دکتۆرەی هێنامانە سەری گوتی کەڵەموستی هەوی کردووە وجولەی لێ قدەخە کرد و گوتی بەلای کەمەوە مانگێکی گەرەکە تا چاک دەبێتەوە. ئەم گەڕانەوە کتوپڕەی ئێمە زۆر کاری لە دایکم کرد، خەمێکی زۆری بۆ نەوەکەی، کە زۆری خۆشدەویست خوارد، دایکم زۆر دڵی تەنگ بوو، دەستی بە گریان کرد، تایەکی زۆر گەرمی لێهات، کاتێ دکتۆرەکە ئێوارێ هاتە سەری گوتی هەو و چڵکەکەی قامکی بەرادەیەک زیادی کردووە، لەوەیە ناچار بێ قامکی ببڕێتەوە، هەڵبەتە دوای ئەوەی بەم بەڵا تازەیەی زانی، هێندە نائومێد بوو کە وێنا ناکرێت.

فیودور میخائیلوفیچ هەرکە گەییەماڵەوە، یەکسەر بۆ لای ئیڤان مارتینوفیچ* (* ئیڤانمارتینوفیچ بارچ ١٨٣١- ١٨٩٠ دکتۆر باشی خەستەخانەی ماکسیمیلیانوفسکایا بوو لە پترسبورگ) کە دکتۆر باشی خەستەخانەی ماکسیمیلیانوفسکایا بوو، یەکێ بوو لە جەڕاحە هەرە باشەکانی ئەو سەردەمەی پترسبورگ، دۆستی کۆنی فیودور میخائیلوفیچ بوو، کە لەوەتای لە هەندەران گەڕابووینەوە، فریا نەکەوتبوو سەردانی بکات، کە قۆڵی کیژەکەمان شکا ویستمان بۆ لای ( بارچ) ی بەرین، بەڵام مێردەکەم دەیزانی کە پارچ پارەی لێوەرناگرێت، بۆیە ئەمەمان لەبەرگران بوو، لەهەمان کاتیشدا ئەوەندەمان پارە پێ نەبوو کە لە بری پارەی معایەنە دیارییەکی هەندێ باشی بۆ بەرین، فیودور میخائیلوفیچ، زۆری لەبەر گران بوو دوای ئەوەی منداڵەکەمان خستبووە بەردەستی دکتۆرێکی دیکە، ئەوجا بۆ لای (بارچ) ی بەرین.

بارچ پێشوازییەکی گەرم وگوڕی فیودورمیخائیلوفیچی کردبوو و گلەیی لێکردبوو بۆچی لە هەوەڵەوە منداڵەکەی بۆ لای نەبردبوو، ئیدی بەڵێنی دابوویە کە ئێوارێ دێت بۆ لای، هەڵبەت لە کاتی دیاریکراودا هات، بە سەعاتە زنجیردارەکەی سەرنجی کچەکەمانی ڕاکێشا، ئەوجا بە ئەسپایی کەوتە کردنەوەی سارغیەکە لە دەستی، بەبێ ئەوەی دەستی لێبدات، تا ئازاری نەگاتێ، دوای ئەوە گوتی دکتۆرەکانی ستاریاروسا بە دروستی حاڵەتەکەیان دیاری کردووە و ئێسکەکە بە نادروستی گیرساوەتەوە، گوتی مەحاڵە دەستی ڕاستی لە دەستی چەپی کورتتر

بێت، بەڵام گوتی بۆشاییەک لە لایەکی دەستی و زەقاییەک لە لایەکی دیکەی دەستییەوە چێدەبێت، جا بۆ ئەوەی عەیبی نەمێنێ، دەبێ ئێسکەکە بشکێنرێتەوە و لە گەچ بگیرێت بۆ ئەوەی بە دروستی بگیرسێتەوە، فیودر میخائیلەفیچ هەڵیدایە کە دەزانێت نەشتەرگەرییەکە زۆر قورس و بە ئازارە و دەترسێت منداڵەکە بەرگە نەگرێت.

بارچ گوتی: بەڵام هەست بە هیچ ناکات، بەنج دەکرێ.

مێردەکەم گوتی: خۆ دکتۆرەکانی ستاریاروسا گوتیان منداڵ نابێ بەنجی لێ بدرێت، چونکە مەترسی لە سەر ژیانی هەیە.

جەڕاحەکە بزەیەکی بۆ کرد و گوتی:

_ دکتۆرەکانی ستاریاروسا چی دەڵێن با بیڵێن، کەیفی خۆیانە، ئێمە تەنانەت منداڵی شیرەخۆرەش بەنج دەکەین و هەموو شتێ بە سەلامەتی تێدەپەڕێ و هیچ شتێکیش نابێت.

لە کاتێکا ئەو لە هەموو شتێکی دەپێچییەوە، دکتۆر بارچ ڕوانییە ڕوخساری من، هەڵبەتە هەستی بەوە کرد کە من گوشارم بەرزبووەتەوە، ڕووی تێکردم و پرسی:

_ تۆ حاڵت باشە؟ بۆچی دەموچاوت سوور بۆتەوە؟ گوشارت بەرزە؟

ناچار بووم ئیعتراف بکەم، کە بەدرێژایی شەو تام لێبووە و بەڕۆژیشەوە سەرم یەشاوە و هێشتاش هەر سەرم گێژە و پاشان هۆیەکەیم بۆ ڕوونکردەوە.

فیودور میخائیلوفیچ، زۆر پەست بوو، کەوتە گلەیی کە بۆ خۆم سەغڵەت کردووە و ئەم حاڵەتەم شاردووەتەوە.

دکتۆر پارچ گوتی: خانم خۆت سەغڵەت مەکە، هیچ خەمت نەبێ، کچەکەت چارە دەکەین، بەڵام تا تۆ چاک نەبیتەوە عەمەلیاتەکەی بۆ ناکەم، ڕەنگە شیرەکەت گوشار بخاتە سەر سەرت. ئەمە شتێک نییە بە هەند نەگیرێت، ئێستا دەرمانێکت بۆ دەنووسم بڕۆ لە دەرمانخانە بیهێنە، دکتۆر پارچ زانی ئێمە لە شوقەیەکداین کە هی خۆمان نییە و وێڕای ئەوەش ژنێکی نەخۆشمان لە گەڵە پێشنیازی کرد کە بۆ ماوەی سێ هەفتە بچینە خەستەخانەی ماکسیمیلیانوفسکایا، لەوێ ژوورێکی ئەلاحەدەمان بۆ تەرخان دەکات، پێی گوتین ئێسکەکە سێ هەفتەی دەوێ تا دەگیرسێتەوەو ئەگەر ئەو ماوەیە لە پترسبورگ نەمێنینەوە ئەوا نەشتەرگەرییەکە ناکات، دیاربوو بە حوکمی ئەوەی جەڕاحێکی لێهاتوو بوو حەزی نەدەکرد مەسئولیەتی بێتە سەرشان، لەوە دەترسا ئەگەر دکتۆرەکانی ستاریاروساپەیگیری

چارەسەری نەخۆشەکە بکەن لەوەیە هەڵەیەک بکەن و عەمەلیاتەکە ناکام ببێت و ئەم عەیبەیە بە ملی ئەمدا بێت.

من و مێردەکەم یەکسەر قەرارمان دا بۆ سبەی بگوازینەوە بۆ خەستەخانەکە، دکتۆر پارچ بەڵێنی داینێ ئەگەر ڕێک بکەوێت سبەینێ نەشتەرگەرییەکە بکات.

بە ڕاستی ڕۆژێکی ناخۆش و پڕ گومان بوو، نزیکەی سەعات دوازدەی نیوەڕۆ گەیشتینە خەستەخانەکە، هەر زوو ئەپوللون نیکولایوفیچ مایکوفی بابی ڕوحی کیژەکەمان خۆی گەیاندینێ، دوێنێ پارچ پێی گوتین یەکێک لە خزمەکان یان ناسیاوەکانمان لە عەمەلیاتەکەدا ئامادەبێت، فیودورمیخائلوفیچ داوای لە مایکوف کرد کە ئامادەی عەمەلیاتەکە بێت.

قەراربوو کچەکە کە خەوت، لەخەودا دوای نانخواردن بەنجی بکەن، بەڵام چونکە شوێنان و شەقام و شتی تازەی بینی بوو هاروژا بوو و خەوی لێنەکەوت.

هەنگێ بڕیاریان دا بە بێداری بەنجی بکەن، پارچ هاتە ژوورەکە دکتۆر گلامای یاریدەدەریشی لە گەڵیدا بوو، کاتێ پارچ زانی من و مێردەکەشم بەتەماین لە کاتی عەمەلیاتەکەدا ئامادەبین زۆر بەتوندی ڕەفزی کرد.

پارچ گوتی داوای بوردن دەکەم، یەکێکتان دەبورێتەوە و ئەوی ترتان پەرکەم لێی دەدا، هەنگێ دەبێ بێین بەلای ئێوەوە و واز لە عەمەلیاتەکە بێنین! نەخێر دەبێ لێرە وەدەرکەون، ئەگەر شتەکە پێویستی بە ئێوە کرد دەنێرین بە دووتاندا.

چەند جارێک نیشانەی خاچمان بەسەر کیژەکەماندا کێشا و ماچمان کرد کە وردە وردە بەدەم بەنجەکەوە خاو بووەوە و خەوی لێکەوت، پارچ لە دەستی وەرگرتم و بە ئەسپایی لەسەر جێگاکە داینا، من و مێردەکەم لە ژوورەکە وەدەرکەوتین، لە ترسا ڕۆحمان پێنەبوو، واماندەزانی جارێکی دیکە بە زندوویەتی نایبینینەوە، فەڕاشێک بردینی بۆ ژوورێک وبەتەنێ لەوێندەر بەجێی هێشتین، فیودور میخائیلوفیچ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، ڕەنگی مردووانی لێنیشتبوو، منیش هێندە نیگەران بووم بە خورتی خۆم بەپێوە دەگرت.

مێردەکەم بەدەنگێکی پڕ لە هەڵچوونەوە گوتی:

_ ئانیا با نوێژ بکەین و لە خوا بپاڕێینەوە، خوا بە هانامانەوە دێت!

هەردووکمان کەوتینە سەر چۆکان و بەگەرمی کەوتینە نوێژ و نزا، ڕەنگە لە ژیانماندا بەو ملکەچی و خشوعەوە نوێژمان نەکردبێت، هەرکە لە نوێژەکەمان

بووینەوە گوێمان لە دەنگی هەنگاوی بەپەلە بوو، مایکوف خۆی بە ژوورەکەدا کرد، گوتی:

ــ بڕۆن بۆ ئەوێ پارچ گازتان دەکات.

تەنیا یەک شت بە خەیاڵی فیودورمیخائیلوفیچدا هات، ئەویش هەمان خەیاڵ بوو کە بە مێشکی مندا هاتبوو، هەردووکمان وامان وێنا دەکرد لیلیا بەرگەی بەنجەکەی نەگرتووە، پارچ بۆیە لە دووی ناردووین تا دوا ماڵاوایی لێبکەین، لە ژیانما تا ئەو دەقیقەیە هەرگیز ئەوەندە نەترسابووم: دیمەنی مردنی کچە نۆ بەرەکەمانم لە بەر چاودا زیندوو بووەوە، هەنگێ مێردەکەم بەتوڕەیی دەستی توند گرتم، بە هەشتاو بە ڕاڕەوی خەستەخانەکەدا ڕۆیشتین، کە چووینە ژوورەوە (پارچ)مان بەبێ (بەرکۆشە) بینی کە هەردوو قۆڵی کراسەکەی هەڵکردبوو، لە نیگەران دەچوو، بەدەست ئاماژەی کردینێ کە لە قەرەوێڵەکە نزیک ببینەوە کە کچەکە بە ئارامی لەسەری نوستبوو، دەستە شکاوەکەی ئێستا ڕاست و ڕاست هیچ عەیبی نەبوو، هیچ هەڵماسانێکی پێوە دیار نەبوو، لە تەنیشتیەوەو لە سەر بالیفێکی بچووک ڕایکێشابوو.

پارچ گوتی:

- دەی تەماشاکەن، خۆ بە چاوی خۆتان دەبینن دەستی ڕاست و ڕاستە، لەوە دەچێ باوەڕ نەکەن؟ دەی هەنووکە لاکەون با کارەکەم تەواو بکەم.

پارچ بە ئامادەبوونی هەرسێکمان دەستی کچەکەی بەسارغی پێچا و لە گەچی گرت، هەموو ئەو کارەی لە ماوەی حەوت دەقیقەدا ئەنجام دا، باوەڕمان نەدەکرد کە نەشتەرگەرییەکە بە ڕاستی تەواو بوو، گلاما، بە بەردەوامی نەبزی کچەکەی دەگرت، ئەوسا پارچ کەوتە هەستاندنی، داوای لە من کرد بە دەنگی بەرز و بە ناوی خۆیەوە گازی بکەم، تا ماوەیەکی زۆر بێدار نەبووەوە، کە بێدار بووەوە سەری لەوە سوڕما کە دەستی لە گەچ گیرابوو.

خودایە من و مێردەکەم لە خۆشیاندا خەریک بوو شێت دەبووین، دوای ئەوەی نەشتەرگەرییەکە تەواو بوو هەردوو دکتۆرەکە چوونە دەرێ و ئێمەیان لەگەڵ منداڵە ئازیزەکەماندا بە تەنیا جێهێڵا.

زۆر زەحمەتە بتوانم باسی ئەو شادییە بکەم کە سەراپای گرتبووین، پێدەچوو هەرچی خەم و پەژارە هەیە بەجارێ پاشەکشەی کرد و جارێکی دی ناگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو.

فیودورمیخائیلوفیچ ڕۆژێکی دیکەش لە پترسبورگ مایەوە،ئەنجامی نەشتەرگەرییەکە(یانی زانینی ئەوەی کە ئێسکەکە ئەمجارە بەدروستی دەگیرسێتەوە یان نا) دوای سێ هەفتە دەردەکەوت، فیودورمیخائیلوفیچ بڕیاریدا لەوەی پتر چاوەڕوان نەکات، یەکسەر بەرەو روسا کەوتەڕێ، ئاگری جگەر هەڵی گرتبوو، زۆری بیری فیدیا دەکرد، بەڵام سەبارەت بە من ئەوە هەر مەپرسە: کە بیرم دەکردەوە چۆن کوڕە ئازیزەکەمم بەبێ هیچ بەزەییەک بەجێ هێشتبوو خەریک بوو دڵم شەقی دەبرد، ئیدی خەیاڵ و غایلە بەرۆکیان بەرنەدەدام، ئەگەر شتێکی بەسەر هاتبێ، بۆیە زۆر خۆشحاڵ بووم کە مێردەکەم بەهەشتاو بۆ ئەوێندەر زفڕییەوە، دەمزانی باوکێکی میهرەبان و دلۆڤانە و دڵنیابووم کە بە کوڕە ئازیزەکەماندا ڕادەگات.

ئەوەی بە بیرو خەیاڵمدا نەدەهات ئەوەبوو کە مانەوەم لەگەڵ لیلیادا لە پترسبورگ ببێت بە عەزابێکی بەردەوام و دەبێ بەخورتی تەحەمولی بکەم، یەکەم، بەردەوام نیگەرانی ئەوە بووم نەبا کاتێ لە ژوورەکەدا غار دەدات بەسەر دەستە شکاوەکەیدابکەوێت خۆی بە شتێکدا دەدات و گەچەکەی دەشکێت، یان سارغییەکە لە جێی خۆی دەجولێت وهەنگێ ئێسکەکە دیسان بە نادروستی دەگیرسێتەوە، بەسات چاوم لێ خافڵ نەدەکرد،جا چونکە کچەکەمان زۆر نەسرەوت و بزێو بوو، منیش بەردەوام دەترسام، هەمیشە تووڕە بووم، ئیدی تایمی خەوی شەوانم تێکچوو، هەر سا نا ساتێ ڕادەبووم تا دڵنیابم کە لە سەر دەستە شکاوەکەی نەنوستووە، ئەمە جگە لەوەی لیلیا فێری قەرەباڵغی بوو، چاوی دەکردەوە هەر چوار دەوروبەری باوکی و براکەی و دایەنەکەی بوو، بەڵام لێرە دەبوایە بە تاقی تەنیا بژی، بۆیە ئاسایی بوو هەست بە غەریبی بکات، لاساری بکات، گڕوو بگرێت و بگری، لە هەموو ئەوانەش خراپتر شارەکە گەرم و جەنجاڵ و قەبز بوو، بۆنی دەرمان بە سەرانسەری خەستەخانەکەدا بڵاو بوو، نەچوونە دەرەوە مەحاڵ بوو، حەزم دەکرد سەری دایکم بدەم کە هێشتا لە نەخۆشییەکەی هەڵنەستا بوەوە، چوونە دەرەوە بۆ منداڵەکە خراپ بوو، لەوە بوو بکەوێت و دەستی بکولێتەوە، نەمدەتوانی بە باوەش هەڵیبگرم، بەخۆیشی نەیدەتوانی ماوەیەکی زۆر بە پێیان بڕوات، عەرەبانەش خۆی لە خۆیدا عەزابێک بوو لەو گۆڕە، چ لە سواربووندا و چ لە دابەزیندا ئەگەری ئەوە هەبوو دەستی کچەکە بکولێتەوە.

جگە لە خەمی لیلیا بەردەوام لە خەمی مێرەکەشمدا بووم، تۆ بڵێی پەرکەمە دوابڕاوەکە لێی نەدابێت؟ بە نامەکانیا وادیار بوو بیری ئێمە دەکات و نیگەرانی ئێمەیە، بەڵام من نەمدەتوانی هیچ یارمەتییەکی بدەم، منیش غەریبی منداڵەکەم دەکرد، لە هەمان کاتدا لە خەمی زامەکەی کەڵەموستی دایکمدا بووم کە نەک چاک

نەدەبووەوە بگرە ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد، بۆیە زۆر نیگەران و ماندوو بووم، ڕۆژی چەند جارێک دەگریام.

بەڵام بەڵاو نسیبەتان لێمان نەدەبووەوە، دوای سەفەری فیودورمیخائیلوفیچ بەچەند ڕۆژێک ئیڤان گریگوریفیچی برام هاتە سەردانم (چاوەڕوانی سەردانی خزمێکی ژنەکەی بوو بۆیە دەیتوانی داچاکە بەجێبێڵێ و سەری دایکم و من بدات) زۆر خەمبار و دڵتەنگ دیاربوو، لێم پرسی بۆچی خەمبارە، هیچ بووە، وەڵامی دەدایەوە هیچ شتێک نەبووە، ژنەکەی باشە، دایکم هەندێک باشتر بووە، ئەدی بۆچی وا خەمبارە، هەندێ جار وا دەنوێنێ کە خەریکە بگری؟ ئاوا بیرم دەکردەوە، بەڵام هەرکە دەرچوو، سەر لە نوێ بیرم بۆ ئەوە چوو تۆ بڵێی فیودور میخائیلوفیچ شتێکی بەسەر هاتبێ، یا کوڕەکەم شتێکی بەسەر هاتبێ و براکەم لێمی بشارێتەوە، نیگەرانییەکەم لە ڕادەدەرچوو، شەوان بەدەم خەیاڵێن ترسناکەوە دەتلامەوە. بەیانی زوو برووسکەیەکم بۆ براکەم نارد کە هەرچۆنێک بووە بێت بۆ لام، براکەم هات بە هەمان خەمینی و لێوبەباری دوێنێوە، هات، پێمگوت دەترسم خێزانەکەم لە روسا شتێکیان بەسەر هاتبێت، زۆر دڵم لەلایانە، لەوەی پتر بەرگەی ئەم نیگەرانییە ناگرم، بۆیە کیژەکەم دەبەم و دەڕۆم بۆ لایان، ئەم ڕیسکە دەکەم، ئەوپەڕی هەرچییەکمان لە پێناوی کچەکەمدا کردووە بە فیڕۆ دەچێت، براکەم دڵنیای کردم کە هیچ هەواڵێکی خراپی لە روساوە پێنەگەییوە و خەمبارییی ئەم لەبەر شتێکی دیکەیە، کە دیتی دەستبەرداری نابم و لە ترسی ئەوەی نەبا قەراری سەفەر بدەم و هێندەی دی خەمبار ببم، بڕیاری دا کە هەواڵی کۆستێکی تازەم بداتێ کە لە خانەوادەکەمان کەوتبوو، ، ئەویش مردنی خوشکە تاقانەکەمان ماریا گریگوریڤنا شڤانکوڤسکایا* بوو (* ماریا شڤانکۆڤسکایا لەساڵی ١٨٧١ دا دەگەڵ مێردەکەی و هەردوو منداڵە گەورەکەیدا سەفەری هەندەرانی کرد و هەردوو منداڵە چکۆلەکەی لە پترسبورگ بەجێهێشت، لە شوباتی ١٨٧٢ دا لە ڕۆما دەگیرسێنەوە، ئیدی بە قسەی دکتۆران تووشی مەلاریا یا تیفۆ دەبێت، دوو دانە مانگ نەخۆش دەبێت و پاشان لە ١/مایو/١٨٧٢ دا دەمرێت، ئیدی مێردەکەی لە بەر هەر هۆیەک بێ ناتوانێ هەواڵی مردنەکەی بە خانەوادەکەی ڕابگەیەنێ، بەڵکو هەواڵ بۆ خوشکەکەی خۆی کە دوو منداڵە بچکۆلەکەی لەلا دەبێت، دەنێرێت کە بەزووترین کات دەگەڕێنەوە، ئا. گ. دوستویفسکایا) من و براکەم ماشامان زۆر خۆشدەویست، بە ڕاستی ئەم مردنە کتوپڕەی و لە هەڕەتی گەنجێتیدا بۆ ئێمە کۆستێکی گەورە و گورچکبڕ بوو، خوشکەکەمان جوان بوو، سحەتی زۆرر باش بوو، دڵی بە ژیان زۆر خۆش بوو، تازە پێی نابووە سی ساڵییەوە، جگە لەو خەمە زۆرەی بۆ خۆیمان خوارد، من و براکەم بەوپەڕی نیگەرانییەوە بیرمان لە چارەنووسی ئەو چوار منداڵە دەکردەوە کە لە دووی بەجێمابوون، کە بەڕستی دایکێکی میهرەبان بوو بۆیان،

بەڕاستی خەفەتبار بووین، کە کچەکەم دیتی ئێمە دەگرین، ئەویش دەستی بە گریان کرد، هەرگیز ئەم ڕۆژە خەمناکەم لەبیر ناچێتەوە!

دوای چەند دەقیقەیەک کەوتمە پرسیار لە براکەم، بۆم دەرکەوت لەسەر داوای دایکم چووە تا منداڵەکانی خوشکەکم بێنێ بۆ لای دایکم، لەوێ مێردەکەی خوشکم دەبینێ کە تازە ئەو بەیانییە لە هەندەران هاتووەتەوە، ئیدی کە براکەم دەزانێ مردنی خوشکەکەم بۆ من دەکاتە کۆستێکی گەورەو لە ترسی ئەوەی نەبا نەخۆش بکەوم و کەس نەبێ سەرپەرشتی کیژەکەم بکات، بڕیار دەدات هەواڵەکەم پێ نەگەیەنێت، براکەم پێی گوتم هەنوکە هەست بە جۆرە ئاسوودەییەک دەکات کە من دەتوانم هاوخەمی دەگەلدا بکەم و ڕەئی خۆمی پێ بڵێم کە چی بکەین، ئیدی ئەرکێکی قورسمان لەسەر بوو- چۆن هەواڵی مردنی ماشا بە دایکمان بدەین، ئاخر کچی گەورە و خۆشەویستی بوو، من وبراکەم دەترساین بەرگەی ئەم کۆستە نەگریت، لەوەیە تووشی شۆک بێت یا شێت بێت.

من و براکەم لە هەوەڵەوە لێبراین کە هەواڵەکەی لێبشارینەوە، بیرم لەوە کردەوە قەناعەت بە دایکم بکەم کە لەگەڵ مندا بۆ روسا بێت و بەرە بەرە دوای ئەوەی ئامادەی دەکەم بۆ بیستنی ئەم هەواڵە ناخۆشە، ئەوسا هەواڵەکەی پێبڵێم، جا من لەم ڕووەوە پشتم بە مێردەکەم قایم بوو، کە پەیوەندییەکی خۆشی دەگەڵ دایکمدا هەبوو، هەروەها کاریگەرییەکی زۆریشی بەسەریەوە هەبوو، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ ئەم نەخشەیەی ڕەفزکرد*(* نامەی٣٠/مایو/١٨٧٢، ئا. گ. دوستوفسکایا ١٤٥+) پێی وابوو ئەمە هێندەی دی خەمباری دەکات، قەناعەتی پێهێناین کە یەکسەر خەبەرەکەی پێبڵێین، هەنگێ دەتوانێ خەمەکەی دەگەڵ نەوەکانیا کە هەتیو کەوتوون بەش بکات.

ئەرکەکەمان هێندەی دی قورس بوو، بەتایبەتی کاتێ ئەو دکتۆرەی سەرپەرشتی چارەسەکردنی قامکی دەکرد بە کۆستە تازەکەی زانی، داوای لێکردین تا قامکی چاک دەبێتەوە خەبەرەکەی لێوەشێرین، دکتۆرەکە دڵنیای کردم کە بەهۆی نیگەرانی وگریانەوە هەوی قامکی زیاد دەکات و لەوەیە لێی پیس بکات و ناچار بێت بیبڕێتەوە، ئەدی تەگبیر، چ بکەین؟ ئەمە پرسیارە ترسناکەکە بوو، چ بۆ من و چ بۆ براکەم، لە هەمان کاتدا براکەم کێشەیەکی دیکەشی هەبوو: ژنەکەی لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو، لەو ڕۆژانەدا منداڵی دەبوو، جاچونکە ئەمە یەکەم منداڵیان بوو، هەم براکەم و هەم ژنەکەی نیگەران و شپرزە بوون، خوا خوایان بوو بە سەلامەتی نەجاتیان ببێت.

منیش پەژارە و خەمی خۆم هەبوو: مێردەکەم و کوڕە ئازیزەکەم، سەرکەتن یا ناکامی نەشتەرگەری کچەکەم و نەخۆشیەکەی دایکم ، سەرباری هەموو ئەمەش، ئەم کۆستە گەورەیە! بەڵام خوا سەبوری هەداریش بە بەشەران دەدا.

بەو جۆرە لێبڕاین تا ماوەیەک هەواڵەکە لە دایکم وەشێرین، جا ئەمەمان چەند لەبەر گران بوو، دایکم بەجۆرێ باسی خوشکەکەمی دەکرد وەک ئەوەی لە نێوماندا بێت، نامە لەسەر نامەی بۆ دەنووسی و دیاری بۆ ئامادە دەکرد، کە هاتەوە بیداتێ چ حاڵێکمان هەبوو کاتێ باسی ماشای دەکرد و ئێمەش بەوپەڕی وریاییەوە خۆمان دەگرت نەبا شتێکمان لەدەم دەرچێ و کەشف بین، بەتایبەت ئەو قسانەی رەحمەتییان بیردەخستینەوە، زۆر زەحمەت بوون، بە تۆپزی خۆمان دەگرت و نەدەگریاین، دایکم هەستی دەکرد کە من هەندێجار دەگریم، بەڵام پێمدەگوت خەمی عەمەلیاتەکەی کچەکەمە و بیری ئەوانەی روسام دەکەم.

ڕۆژگار تێپەڕی و بڕیارماندا نهێنییەکە کەشف بکەین، دایکم لە ناکاوا قەراری دا بەتایبەتی کە خوشکە نەخۆشەکەم وەڵامی نامەکانی نەدەدایەوە! سەری منداڵە بچووکەکانی خوشکەکەم بدات، هەرچەندە زۆرمان دەگەل گوت کە ئەم سەفەرە بۆ لاقی خراپە، فایدەی نەبوو، لە بریارەکەی ژێوان نەبووەوە، لەهەمان کاتدا چەند نامەیەکی فیودورمیخائیلوفیچمان پێگەیی، کە قەرارەکەی لەق کردین، ئەنجام کاتی سەفەرەکەمان دیاری کرد.

دەگەڵ سستەری خەستەخانەکەدا ڕێکەوتم کە دوو سێ سەعاتان ئاگای لە لیلیا بیت بە ئەسپاب وازی و ئەو شتانەوە بیخلافێنێ، بەڵام ترسا ئەگەر بۆ یەک دەقیقە بە جێی بێڵم لەوەیە شتێکی بەسەر بێت، براکەشم ژنە نەخۆشەکەی بەو حاڵەوە و بە ترسێکی زۆرەوە بەجێهێشت، بەو جۆرە هەموومان سواری گالیسکە بووین و دایکە ئازیزەکەمان دەگەڵ خۆدا بردو چووین بۆ سەردانی منداڵەکانی خوشکە کۆچکردووەکەم.

مەگەر خوابزانێ من و براکەم لەم ڕۆژەدا چەندمان خەفەت خواردووە! زۆر بە هێواشی ڕۆیشتین، تا پەنجەی دایکم ئازاری نەگاتێ: ڕێک وام هەستدەکرد بۆ ئیعدام دەبرێم، هەستم دەکرد هەر دەقیقەیەک تێدەپەڕێ، هەر پێچێک دەبڕین، کۆست و کارەساتێکی گەورە چاوەڕوانمانە، تەنانەت پێشبینی مەرگی دایکیشم دەکرد: چ ترسناک بوو! تاکو ئێستاش وێڕای تێپەڕبوونی چەندین ساڵیش، کە ئەو ڕۆژەم بیر دەکەوێتەوە، وا دەزانم ڕموزنێکی بێ ڕەزا، سواری سەرم دەبێت!

گەیشتینە ماڵی خوشکەکەم، ( لە شەقامی مالایائیتالیانسکایا) پاسەوان و دەرگاوانەکە دایکمیان بۆ قاتی دووەم هەڵگرت، دوو کچە گەورەکەی خوشکەکەم،

لیالیا و ئولیا بە قالدرمەکەدا بەرەو پیری دایکم چوون، دایکە بەلەنگازەکەم سەری سورما کە چۆن خوشکەکەم لەگەل هەردوو کچەکەیدا نەهاتە پێشوازی، لێرەدا یەکسەر باوەرێکی قووڵی هێنا کە کیژەکەی بەسەر دنیاوە نەماوە ( پاشان خۆی ئەمەی پێگوتم)

دایکم بەدەم هیستریاوە لە هورژنی گریانێکی گەرمی دا و هاواری کرد ماشارۆ! ماشای ئازیزم رۆ، منداڵەکان دەستیان بە گریان کرد، من و براکەم گریاین، ئەوسا پاڤڵ گریگوریفچ* مێردی خوشکەکم (* پاڤڵ سڤاتکوڤسکی مێردی ماریا گریگوریڤنا سڤاتوفسکایا، "سنیتکینا پێش شووکردنی" ١٨٤١- ١٨٧٢ بوو فەرمانبەر بوو) بەپەلە بەوپەی شپرزەیی هات. بەراستی دیمەنێکی دڵتەزین بوو، بە وشە نایەتە وەسپ کردن، نزیکەی دو سەعاتی پێچوو تا وەخۆ هاتینەوە، دەبوایە بیر لەوە بکەینەوە دایکم بۆ ماڵەکەی خۆی بەرینەوە، چونکە مانەوەی لە ماڵی سڤانکوفسکی هیچ مانایەکی نەبوو: کێ دەتوانێ لێرە مدارای ژنێکی نەخۆش بکات، بەتایبەتی کە ئەوان تازە لە هەندەران هاتبوونەوە و هێشتا ئیسراحەتیان نەکردبوو و وەخۆ نەهاتبوونەوە، ئەمە جگە لەوەی دایکم زۆر حەزیدەکرد بۆ ماڵەکەی خۆ بگەرێتەوە و بەتەنێ دەگەڵ خەمەکانی خۆیدا بژی، هەروەها دەبوایە براکەم بلەز فریای ژنە نەخۆشەکەی بکەوێت و منیش بە هەشتاو بگەرێمەوە بۆ خەستەخانە بۆ لای لیلیا، هەڵبەتە هەمووامان هەر دەگریاین.

ئەنجام دوای تکا و پارانەوەیەکی زۆر دایکمان هێنایە رەدا کە پاش چەند رۆژێکی دی دەیهێنینەوە بۆ لای منداڵە هەتیوەکانی ماریا، بە کاوە خۆ هێنامانەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و من لەوێوە بۆ خەستەخانە چوومەوە، خۆشبەختانە هەموو شتێک بە دڵی دۆست بوو: لیلیا و سستەرەکە لە غورابی خەودا بوون، یەکسەر کچەکەم گۆری و لەگەڵ خۆدا بردم تا پاشماوەی رۆزەکە لە نک ئەو بەرمە سەر،حەزم نەدەکرد بەو هەموو خەم و خەمبارییەوە بەتەنیا بێت، بە دووقۆڵی زۆر گریاین، ئەوەی کە کەمێک خەمی دڵمی رەواندەوە ئەوەبوو ناچار نەبووم ماوەیەکی زۆر ئەم خەبەرە دڵتەزێنەی لێوەشێرم، کە وەکو مۆتەکە چۆکی بەسەر سینگی من و براکەمدا دادابوو.

دوای گەرانەوەم لەگەڵ لیلیادا بۆ روسا، تا ماوەیەک ئارامی باڵی بەسەر ژیانماندا کێشا، بەلام ئەو ئارامییە زۆری نەخایاند، سەرما لێیدام و تووشی پەتا و پەسیو بووم ( هاوێنێکی تەر وپر باران و سارد بوو) گەرووم ئاوسا، پلەی گەرمیم بۆ چەند رۆژێک گەییە چل نەمرە، ن. ئا. شینک* (* ن. ئا. شینک، دروستەکەی قنستنتین ئەلکسندروفیچ شینکە ١٨٢٩- ١٩١٢: ئەمە دکتۆرباشی خەستەخانەی سیمیونوفسکایای لەشکریی بوو لە ستاریاروسا، هەوەڵجار چارەسەری لوبای کیژی

دوستویفسکی کرد، ئەوسا چارەسەری ژنەکەی دوستویفسکی، ئاناگریگوریڤنای کرد) دکتۆر باشی لەشکرییان، بۆ کاری وەرزانەی خۆی گەییە ستاریا روسا، مێردەکەمی لە خراپترین ڕۆژی ژیانما، ئاگادارکردەوە کە ئەگەر ئەم پەنام و ئاوساوییە لەماوەی بیست و چوار سەعاتدا دەرنەبێ و دانەمرکێتەوە، ئەو لە ژیانی من بەرپرس نییە، سحتم باش نییە و دڵم زۆر خراپ کار دەکات، فیودور میخائیلوفیچ هەرکە گوێی لەو قسەیە بوو، بەجارێ نەترەی بەردا، جا بۆ ئەوەی من بێزار نەکات، ڕۆیی تا لەبەردەستی باوە یوحەنادا بگری، خۆی دا بەسەر مێزەکەدا، ڕوخساری لە نێو هەردوو دەستی نا و ڕوندک بە خوڕ لە چاوانی هاتنە خوارێ، ژنەکەی قەشە باشی لێی نزیک بووەوە و پرسی دکتۆرەکە چی پێگوتووە، فیودور میخائیلوفیچ بەدەم گریانەوە گوتی:

_ ئاناگریگوریڤنا دەمرێت، جا من بەبێ ئەو چ بکەم؟ ئاخر من چۆن بەبێ ئەو هەڵدەکەم، ئەو بۆ من هەموو شتێکە!

خاتوونی میهرەبان شانی گرت و گوتی:

_ مەگری فیودورمیخائیلوفیچ، خەفەت مەخۆ، خوا دلۆڤانە، منداڵەکانت هەتیو ناخات.

مێردەکەم بە قسەکانی خاتوونی بەڕیز و دلۆڤان، سوکنایی بۆ هات و ئۆخژن لە دڵ و دەروونی گەڕا و ورەی بەرز بووەوە، فیودور میخائیلوفیچ خۆی بە قەرزارباری هاوسۆزی ئەم خانمە دەزانی و زۆری ڕێز لێدەگرت.

لە کاتی نەخۆشییەکەمدا زۆر نائومێد بووم: هەستم دەکرد حاڵم جار بە جار خراپتر دەبێت، بە درێژایی چەند ڕۆژێک نەمدەتوانی تاقە وشەیەک بدرکێنم، هەرچییەم بویستایە لەسەر کاغەز دەمنووسی، دکتۆر ڕۆژی دوو جار دەرەجەی گەرمی دەگرتم، ( فیودورمیخائیلوفیچ هەمیشە ئەم کاغەزەی لێدەشاردمەوە، بەلاّم کە داوام لە دایەنەکە دەکرد بۆمی بێنێ بێئەوەی بزانێ بۆچیمە بۆی دێنام) هەڵبەتە دەمزانی مەسەلەکە ڕوو لە کوێیە، هەستم دەکرد مەرگ لێم نزیک دەبێتەوە، دیارە پێمناخۆش بوو، زۆر زەحمەتە سوور بزانی لە مێرد و منداڵە ئازیزەکانت دوور دەکەویتەوە، لەدڵی خۆدا دەمهێنانە بەرچاوی خۆم، کە بە چ دەردی سەرییەک دەگەڵ بابێکی نەخۆشی نەداردا دەژین، چ چارەنووسێک چاوەڕوانیان دەکات؟ بەلاّم دایکم هەم پیرە و هەم نەخۆشە، خوشکەکەشم مردووە، ئیتر هەموو هیوایەکم هاتبووە سەر برا باش و دلۆڤانەکەم، کە سەرپەرشتی منداڵەکانم بکات، زۆر خەفەتم بۆ مێردەکەم دەخوارد: کێ نازی هەڵدەگرێ، کێ مدارای دەکات، کێ لە کارەکانیا یارمەتی دەدات، کێ دەبێ بە شەریکی

خەمەکانی؟ بە ئاماژە مێرد و منداڵەکانم گاز کرد. ماچم کردن و گەردنم ئازاد کردن و دوعای خێرم بۆ کردن و وەسێتم بۆ مێردەکەم نووسی کە ئەگەر مردم چی بکات، بەڵام من دوو رۆژ بەر لە قەیرانەکە هەستم بە خەمساردی و بێ موبالاتییەکی زۆر دەکرد: پێدەچوو نەخەمی فیودور میخائیلوفیچم بێ و نە خەمی منداڵەکان، وەکو ئەوە بوو بە ڕاستی ئەم دنیایەم بەجێ هێشتبێت.

خۆشبەختانە هەر ئەو شەوە دەروو لە هەموان بووەوە، پەنامەکەی گەرووم دەربوو، بەرە بەرە چاک دەبوومەوە، دوای دوو هەفتە هەمان دەرد و دیسان لە گەروومدا سەری هەڵدایەوە، بەڵام ئەمجارەیان سووکتر بوو، ئیدی ئەو زنجیرە بەڵایانەی کە بە درێژایی ساڵی ١٨٧٢ یەخانگیرمان بوون، تەواو بوون.

ئیدی بەخت وناوچەوانی من وابوو، دواتریش زۆر بویەری تاڵ بجەربێنم، خەسارەتی زۆرم هاتە رێ: مردنی مێردەکەم و ئەلیوشای کوڕم، بەلام ئەم بەڵاو نەهامەتیانە جارێکی دی دووبارە نەبوونەوە.

پەراوێزو ڕوونکردنەوە:

١٢٥- فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی ( کوڕ) پاشان خوێندنی ئامادەیی لە پترسبورگ تەواو کرد، ئەوجا هەردوو کۆلێجی ماف و زانستی لە زانکۆی یربتسکی تەواو کرد، ئەسپی بەخێو دەکرد و لە هەمان کاتدا کێڵگە و مەزرایەکی پڕ لە ئەسپی ڕەسەنی پێشبڕکێی لە پترسبورگدا هەبوو.

١٢٦- دوستویفسکی لە کۆتایی مانگی ئابدا سەفەری مۆسکۆی نەکرد، بەڵکو لە کۆتایی یولیودا ئەو سەفەرەی کرد- واتە سەرەتاکانی ئاب تا پاداشتی دارایی خۆی لە دەستەی نووسەرانی ( مژدەبەری ڕووسی) وەربگرێت، وەکو لە نامەیەکی بەرواری ٩/٨/ ١٨٧١ی دوستویفسکیدا بۆ سوفیا ئیڤانوڤا دەردەکەوێت، دوای سەفەرەکەی بۆ مۆسکۆ چەند ڕۆژێکیش لە پترسبورگدا ماوەتەوە ( نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٣٦٨)

١٢٧- لیونید گروسمان، لەبەهاری ساڵی ١٩١٧ دا کە لە مۆزەخانەی مێژوویی مۆسکۆدا خەریکی لێکۆڵینەوەی پاشماوەکانی دوستویفسکی دەبێت، ئەو دەفتەرە دەدۆزێتەوە کە ئانا گریگوریڤنا لیستی ناوی ئەو کتێبانەی تێدا تۆمار کردبوون، کە لە ئاخر وئۆخری ژیانی دوستویفسکیدا لە کتێبخانەکەیدا هەبوون: (بڕوانە ل. ب. گروسمان، کتێبخانەکەی دوستویفسکی، بابەتێن بڵاونەکراوە و پاشکۆی لیستی کتێبخانەکەی دوستویفسکی، ئودیسا، ١٩١٩)

١٢٨- دەفتەری یاداشتێن تایبەت بە ڕۆمانی ( تاوان و سزا ) بابەتێن نەبلاڤکری، مۆسکۆ- لینگراد، ئەنیستیتۆی دەولەتی ئەدەب)

١٢٩- زۆر جار ناوی بینای تاراسوف، لە نامەکانی دوستویفسکیدا هاتووە، بۆ نموونە دوستویفسکی لە نامەیەکی بەرواری ١٨٦٧/٨/١٦ دا بۆ مایکوف دەڵێت:" ئەوەی ڕاستی بێ بەشی قەرزان ( ئەمە بۆ سوعبەت ناڵێم) بۆ من زۆر باش بوو، لەوە بوو کۆی قەرزەکانم بەلای کەمەوە بگاتە چوار پێنج هەزار ڕۆبڵ، تازە ژنم هێنابوو، بەڵام ئەو پرسیارەی لای من بێ وەڵام بوو ئایا بەرگەی گەرمای هاوینی بەترەفی حەپسخانەی تاراسوفم دەگرت؟ ئەگەر قەرار بوایە لەوێندەر کاری نووسین بکەم، نووسین بەدەم نۆرەفێیانی سەختەوە، مەحاڵ بێت، باشە چۆن قەرزەکانم بدەمەوە؟ نامەکان بەرگی دووم، ل ٢٥- ٢٦)

١٣٠- بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە حەوت.

١٣١ - بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە حەوت.

١٣٢- بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە سی و سێ.

١٣٣- مەبەست لە ئەپوللون مایکوف و نیکولای ستراخوفە.

١٣٤- نیکولای میخائیلوفیچ دویستوفسکی برا بچووکی فیودورمیخائیلوفیچ دوستویفسکی بوو، ئەمە ئەندازیارێکی مەدەنی تەلارکاری بوو، لەسەرەتادا لە ریڤیل دەستبەکار بوو، پاشان لە پترسبورگ. بەڵام لەسەرەتای شەستەکانەوە لەبەر نەخۆشی بێکار بوو، دوستویفسکی زۆر بە سۆز و بەزەییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، هەمیسە یارمەتی دەدا و دەستی پێوەی بوو، نیکولای میخائیلوفیچ بەدرێژایی تەمەنی هەر بە نەداری و هەژاری ژیا.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی نیکولای میخائیلوفیچ دوستویفسسکی بڕوانە ڤولوتسکی، شەجەرەی بنەماڵەی دوستویفسکی. ل ٣٤٨- ٣٥٥.)

١٣٥- ئەوەی ڤاسیلی ڤاسیلیڤیچ گریگوریڤ و دوستویفسکی لێکدی نزیک دەکردەوە ئەوە بوو یەکەمیان باوەڕی بە کەڵکەڵەی سلاڤیەت هەبوو، دووەمیان بایەخی بەڕۆژهەڵات و پەیامی ڕووسیا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات هەبوو،( ڕووسیا دەولەتێکی لە هەمان کاتدا ئەورووپایی ئاسیایی مەزنە). ئا. س. دولینین، پێی وایە ڤ.ڤ. گریگوریف بڕێک کاریگەری بەسەر دوستویفسکییەوە هەبووە، بەتایبەتی لەڕێگەی وتارەکانیەوە ( بەتایبەتی کۆ وتاری " ڕووسیا وئاسیا"، سان پترسبورگ، ١٨٧٥) کە لەوێدا باسی " مەسەلەی رۆژهەلات کراوە" ئا. س. دولنین ئاماژە بۆ نزیکی ئەو خەسلەتە شەخسییانە دەکات کە لە نێوان ت. ن. گرانوفسکی بەو ئیحتوبارەی

زانایە لە ( یاداشتی نووسەردا) ١٨٧٦ کە لە وتارێن ( ئایدیالییەکان- کەلبییەکان) و ( ئایا ئایدیالی بوون شەرمە؟دا ڕەنگی داوەتەوە) دەربارەی مەسەلەی ڕۆژهەلات- هەیە لە گەڵ ئەو وتارانەدا کە زوو گریگویڤ نووسیبوونی و لەکاتی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەیان هەبوو: " ت.ن. گرانوفسکی بەرلەوەی ببێ بە مامۆستا لە زانستگەی مۆسکۆ" ( گۆڤاری دیالۆگی ڕووسی ١٨٥٦) باسی ئەوەش دەکات کە شەخسیەتی گرانوفسکی کە گریگورییف وێنەی کێشاوە، خەسڵەتی هاوبەشی لەگەڵ شەخسیەتی س. ت. ڤیرخۆڤینسکیدا هەیە لە ڕۆمانی ئەهریمەناندا کە ئەمە وا لە پیاو دەکات یەکسەر بێئەوەی بەدەستی خۆی بێت بیر لەو ئەگەرە بکاتەوە کە ڕەنگە دوستویفسکی ئەم وتارانەی دیتبێ و نووسەرەکەی ناسیبێ، هەڵبەتە بەر لە سەفەری (دوستویفسکی) بۆ هەندەران، (نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٢٩٨)

٢٣٦- بۆ زانیاری زیاتر دەبارەی ڤلادیمیر بتروفیچ میشیرسکی و کارکردنی دوستویفسکی لە گۆڤاری هاولاتی بڕوانە پاشماوەی دەقەکە لە بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنا،( بەشی شەشەم) هەروەها بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ١٤٩)

١٣٧- نووسەر تیرتی ئیڤانوفیچ فیلیبوف کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و حکومەتی بەرز بوو لە ئەنجومەنی گۆڤاری "موسکڤیتیانین" ی گەنجانەدا، فیلیبوف باندور و کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی بەسەر ئەپوللون مایکوف و ئەستروفسکی و بیسمیسکی و بوگودینەوە هەبوو، بەتایبەتی لە ڕووی هزری سلاڤیەتەوە سەبارەت بە زەرورەتی گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ سەردەمی بونیاتی کۆمەڵیەتی وجۆری ژیانی پێش سەردەمی پتروس و بۆ " ڕۆژگاری کوتوچیخین" لە ڕووی سیستەمی باوکسالاری و کڵێساییەوە. هەڵبەتە هزرو بیرێن ت. ئی. فیلیبوف کە هەمان هزر و چەمکێن سلاڤی بوون سەبارەت بە مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی و کڵێسایی، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دوستویفسکی سەردەمی سلاڤچیاتی و"خاکدۆستیی"ەوە هەبوو، دوستویفسکی لە هەیڤی یازدەی ١٨٧١ دا لەڕێگای ئەپوللون مایکوفەوە بۆ ڕاوێژ و شیرەت بۆ لای ت. ئی. فیلیبوف دەڕوات، بەو ئیحتوبارەی فیلیبوف زانایەکی شایستەی بواری مێژووی کڵێسایە، ئیدی لەوکاتەوە دۆستایەتی و نزیکییەکی ڕۆحی لە نێوان دوستویفسکی و ئەودا پەیدا دەبێت، ( بڕوانە " کەلەپووری ئەدەبی" بەشی پێنجەم ل ١٤٩- ١٥٦ کە نامەکانی ن. ئی. فیلیبوفی بۆ دوستویفسکی بڵاوکردوەتەوە)

١٣٨- قنستنتین بوبیدونوستسیف، کە لە کاتی کارکردنیەوە لە ( هاوولاتی) پەیوەندی دەگەڵ دوستویفسکیدا پتەو دەبێت تاکو مردن ئەم پەیوەندییە دەپارێزێت، بوبیدونوستسیف گوتەنی " زۆر ئاخافتنی دۆستانەیان دەکەوتە نێوان" و نامەکانی نێوانیان دروستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێ: دوستویفسکی بە تاسەیەکی

زۆرەوە هەر بەرهەم و نووسینێکی بوبیدونوستسیفی دەخوێندەوەو دەگەڵ زۆربەی مەیلە سیاسییەکانی ئەودا بوو وهاوسۆزی بۆچوونەکانی بوو، بەتایبەتی بۆچوونەکانی سەبارەت بە زەرورەتی دامەزراندنی سیستەمێکی سەڵتەنەتی بەهێز و پشتیوانی لە کڵێسای ئەرتەدوکسی بوبیدونوستسیف، هیوای گەورەی بە دوستویفسکی هەبوو و هەوڵیدەدا کاربکاتە سەر ڕێبازە فیلیڤانییەکەی و بیخاتە خزمەتی ئامانجەکانی خۆیەوە، بوبیدونوسیسیف، نامەیەک بۆ ئەلکسندری سێیەم (کە هێشتا وەلیعات بوو) دەنووسێت و دەڵێت: " مەرگی دوستویفسکی خەسارەتێکی گەورە بوو لە ڕووسیا کەوت، لە نێوان ئەدیبەکاندا تەقریبەن تاقە کەس بوو بە جدی باوەڕی بە پڕەنسیپە سەرەکییەکانی ئیمان و بە ناسیونالیزم و خۆشەویستی نیشتمان هەبوو.

گەنجە داماوەکانمان کە دەتگوت پەزی بێ شوانن، زۆریان متمانە پێدەکرد،کاری ئەو پیاوە زۆر مەزن بوو، یەکپارچو چاکە و چاکە خوازی بوو، (ئەرشیفی سوور ۱۹۲۳، بەرگی دووەم، ل ۲۵۲) هەڵبەتە دەبوایە بوبیدونوستسیف لە خودانی "یاداشتی نووسەر" ڕازی بوایە، بوبیدونوستسیف لەم نامەیەدا بۆ ئەلکسندری سێیەم،زیاتر بۆچوونە کۆنەپەرستییەکانی نووسینەکانی هەفتایەکانی دوستویفسکی مەبەست بوو، بەڵام دوستویفسکی هونەرمەند و ڕۆماننوس، بەم نووسینە ترسی خستە دەرباری شاهنشاهییەوە، ئەمە زۆر بە ئاشکرا لەو نامەیەدا دیارە کە بۆبیدونوستسیف بۆ دوستویفسکی ناردووە و ڕای خۆی سەبارەت بە بەشی پێنجەمی برایانی کارامازۆف کە لەژێر سەرناڤی (لەگەڵ و دژ)ە دەربڕیوە و تەنانەت ئامۆژگاری نووسەری کردووە کە هەموو ئەو لاپەڕانەی لە ڕۆمانەکەدا باسی یاخی بوون دەکەن بسووتێنێ. " کاتێ هومەرمەند لە کاری پەیکەرسازییەکەی ناکام دەبێت، یان بەدڵی نابێت، ئەوا سەرلەنوێ کەرەسەکەی دەخاتەوە بۆتەو ڕێختمانەکە، هەڵبەتە هەر هونەرمەندێک ڕێبازی خۆی هەیە لە داهێناندا، تۆش ئەگەر سەبرت کردبا لەوەبوو ناچار نەبی کارەکەت بەم شێوەیە بڵاوبکەیتەوە، (کەلەپووری ئەدەبی، بەرگی پازدە، ل ۱۳۹) سەبارەت بە پەیوەندی دوستویفسکی و بوبیدونستسیف بڕوانە وتارەکانی: ل. ب. گروسمان، (دوستویفسکی و دامودەزگا حکومییەکان لە هەفتایەکاندا) (کەلەپووری ئەدەبی، بەرگی یازدەم.) نووسەر لێکۆڵینەوەیەکی سنووردار لەمەڕ هەندێک نموونە لە نووسینەکانی هەریەک لە دوستویفسکی و بوبیدونستسیف دەکات و لایەنی لێکچوون و جیاوازیی بۆچوونە سیاسییەکانیان نیشان دەدات.

۱۳۹- نیکولای یاکوڤیلیڤیچ دانیلیڤسکی، لە چلەکاندا بەبەردەوامی هاتووچۆی کۆمەڵە و گروپەکەی پتراشیڤسکی دەکرد، بەگەرمی سەرقاڵی خوێندنەوەو شیکردنەوەی پرەنسیپەکانی فورییە بوو، (بڕوانە ئەو ڕانانەی لەمەڕ ڕێبازی فورییە

لە کتێبەکەی ڤ. لیکینادا " گروپەکەی پتراشیڤکی" بڵاوی کردووەتەوە، ئامادەکردنی ب.ی. شیگولیف، مۆسکۆ، ١٩٢٤) لە ساڵی ١٨٤٩دا دەگەڵ پتراشیڤسکی و جەماعەتەکەیدا گیرا، لەو ماوەیەدا کە لە قەڵای پترۆپاڤلوڤسک دەستبەسەر بوو، داوایەکی پێشکەش کرد کە گوایە بێتاوانە و لەخۆڕایی گیراوە، ئیدی دادگا ئازادی کرد، بەڵام لە پترسبورگەوە ڕەهەنەی ڤولوگدا و پاشان سمارا کرا. ئیدی دانیلیڤسکی لە ساڵی ١٨٥٣ کەوتە کارکردن لە جۆرەها وەشانخانەدا و بڵاوکردنەوەی جۆرەها وتار چ لە واری پسپۆڕی خۆی ( زانستی ڕووەک) و چ لە وارە کۆمەڵایەتی و جڤاکییە جۆراوجۆرەکاندا. دانیلیڤسکی، لە ساڵی ١٨٦٩دا، لە گۆڤاری "زاریا= ئەلەند"، کەوتە بڵاوکردنەوەی کارە سەرەکییەکەی خۆی، "ڕووسیا و ئەوروپا" کە لە ساڵانی ١٨٧١، ١٨٨٨، ١٨٨٩دا چاپ کراوەتەوە) دیارە هزر و بیری دانیلیڤسکی سەبارەت بە هەرەس و داڕوخانی ئەوروپا و سەبارەت بە خەسڵەتە جێگیرەکانی ڕووسیا ( ئەرتەدوکسیەت و ڕوحی جەماعی) بەشی هەرە زۆری ئەم کتێبەی گرتووەتەوە، هەرچەند لەچاو بۆچوونی هەوادارانی ڕەوتی سلاڤیەتدا، کە پێشتر بڵاوبووەتەوە، شتێکی تازەی بەدەستەوە نەداوە، دیارە بۆچوونە سیاسییەکانی دانیلیڤسکی لە زەمانی خۆیدا لە بیر و هزرە ڕەسەن و پەسەندەکانی وەخت بوون، بەتایبەتی ئەو پرۆژەیەی کە سەبارەت بە چارەسەری مەسەلەی ڕۆژهەلات پێشکەشی کردبوو کە بریتی بوو لە یەکێتی سلاڤیان کە پایتەختەکەی قستەنتەنییە بێت، سەبارەت بە باندور وکاریگەری بەرهەمەکانی دانیلیڤسکی بە سەر بیروبۆچوونەکانی دوستویفسکییەوە لە هەفتاکاندا، کاتێ کە "یاداشتی نووسەر" دوای چوار ساڵ لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی دانیلیڤسکی ( ڕووسیا و ئەوروپا) بڵاوبووەوە، ( بڕوانە کتێبەکەی د،ف، گرچین، "یاداشتی نووسەر"ی فیودور دوستویفسکی، ملبورن، ١٩٦٦، ل ١٣٢- ١٣٥. )

١٤٠-پاڤڵ میخائیلوفیچ تریاتیکوف خاوەنی بەناوبانگ ترین گەلەری هونەری، بە درێژایی تەمەنی یەکێک بوو لە دڵبەندانی داهێنانەکانی دوستویفسکی،(بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە ف.ب زیلوتی، لە ماڵی تریاتیکوفدا، نیویورک ١٩٥٤، ل ١٨٣- ١٨٧، پەیوەندی نێوان ئەو و دوستویفسکی لە یونیوی ساڵی ١٨٨٠ دا، لە مۆسکۆ، زیاتر قووڵ بووەوە، بەتایبەتی کە لە ڕێکخستنی ئاهەنگ و فیستیڤاڵی پوشکیندا وەکو پارێزگاری شار بەشدار بوو، بەڵگەی ئەم پەیوەندییە قووڵە، دوو نامەی دوستویفسکییە کە یەکەمیانی بە بەرواری ١٤/ یونیو/ ١٨٨٠ بۆ تریاتیکوف نووسیوە و دووەمیانی بە بەرواری ١٣/ یونیو/ ١٨٨٠ بۆ ژنەکەی تریاتیکوف واتە بۆ ڤێرا تریاتیکوفا نووسیوە. ( بڕوانە کتێبەکەی ئا. ب. پوشکین"پاڤل میخائیلۆفیچ تریاتیکۆف لە ژیان وهونەردا"، مۆسکۆ ١٩٦٠، ل ٢٣٩، ٢٤٠)

تریاتیکوف که دوای مردنی دوستویفسکی له بەرواری ٢/٥/ ١٨٨١ دا نامەیەکی بۆ کرامسکوی نووسیوە دەڵێت: " زۆر شت لەبارەی دوستویفسکییەوە وتراوە و نووسراوە، بەڵام ئاخۆ خەڵکی دەزانن بە مردنی ئەو چ خەسارەتێکمان لێکەوتووە؟ تا سەر مۆخ پیاوێکی ڕووسی بوو، ئەمە جگە لەوەی کە نووسەرێکی مەزن بوو، نیشتمانی خۆی زۆر خۆشدەویست، هەرچەندە ئەم نیشتمانە یەکپارچە زام بوو، ئەم پیاوە تەنیا ئامۆژگار نەبوو، بەڵکو پەیامبەر وئامۆژگاری هەر کارێکی خێر و باش بوو، ویژدانی میللەتەکەمان بوو" ( نامەکانی نێوان ئی. ن. کرامسکوی و ب. م. تریاتیگوف، ١٨٦٩- ١٨٨٧، موسکۆ، ١٩٥٣، ل ٢٧٧)

١٤١ - ڤاسیلی گریگوریفیچ بیروف، بەدرێژایی ماوەی کۆتایی هەیڤی چوار و نیوەی یەکەمی هەیڤی پێنج/ ١٨٧٢ کە خەریکی پۆرترێتەکەی دوستویفسکی، بەنامە تریاتیکوفی لە ڕەوتی کارەکەی خۆی ئاگادار دەکردەوە ( بڕوانە: نامەێن هەندەران بۆ ب. م. تریاتیکوف ١٨٧٠- ١٨٧٩، مۆسکۆ ل ٧٦- ٧٧) دوستویفسکی دووجار دەربارەی داهێنان و ئەفراندنی ی. گ.. بیروفی نووسیوە: یەکەمیان دەربارەی تابلۆی ( دەعوەتێک لەگوندا) وتارێکە لەژێر سەرناڤی( پێشانگایەک لە ئەکادیمیای هونەران لە ساڵی- ١٨٦٠- ١٨١" ( وتارەکە لە پاشکۆی بەرهەمەکانی دوستویفسکیدایە_ بڕوانە دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠ بەرگی سیازدەیەم، ل ٥٤٤- ٥٤٥) دووەمیان دەربارەی تابلۆی ( ڕاوچییان لە وێستگەیەکدا) لە "یاداشتی نووسەری" ساڵی ١٨٧٣ دا بڵاوبووەتەوە، وتارێکە لەژێر سەرناڤی " سەبارەت بە پێشانگا" ( دوستویفسکی، ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی یازدەیەم، ل ٧٣- ٧٤)

١٤٢- سەبارەت بە گەیشتنی دوستویفسکی بۆ ستاریاروسا لە ساڵی ١٨٧٢ و ساڵەکانی پاشتردا، بڕوانە کتێبەکەی ل. م. ڕاینوس، ف. م. دوستویفسکی لە ستاریاروسا، لیننگراد. ١٩٦٩)

١٤٣- جگە لەو کتێبەی راینووس- دەربارەی قەشە ئی. رومیانتسیف بڕوانە ماتەمنامەی " هاوڕێکەی دوستویفسکی" ڕۆژنامەی (نڤوستی= هەواڵەکان) ١٩٠٥، ٢/١٢ وژمارە سی و شەش، هەروەها وتارەکەی ئا. ف. کروگلوف ( سەفەری ستاریا روسا) " مژدەبەری ڕووسی" ژمارە چوار ١٨٩٥، کە ئەم وتارە هەندێ بیرەوەری کورتی رومیانتسیفی تیایە، دەربارەی دیدارەکانی دەگەڵ دوستویفسکیدا لە ستاریا روسا

١٤٤- دکتۆرەکەی ستاریاروسا ناوی ئا. ئا. رویخل بوو، بەڕێوەبەری مینیرلنی ڤودی بوو، بەڵام جەڕاحە لەشکرییەکەی کە بۆ ستاریاروسا هاتبوو ناوی ن.ئا. شینک بوو، ( بڕوانە پاشماوەی دەقەکە، لە "بیرەوەرییەکانی ئاناگریگوریڤنادا" ٢٧/ مایو/ ١٨٧٢ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ٢٨- ٣٠،نامەکان،بەرگی سێیەم،گ٢٨-٣٠)

١٤٥ - نامەکان بەرگی سێیەم، ل ٣٢، ٣٣.

## بەشی شەشەم

## هەردوو ساڵی ١٨٧٢/ ١٨٧٣

"١"

ساڵی

١٨٧٢

لەگەڵ پایزی ساڵی ١٨٧٢دا، کەمێک بوژاینەوە ومۆتەکەی ئەو هاوینە ناخۆشەمان لەکۆڵ بووەوە کە بەسەرمان برد، کە لە ستاریاروسا گەڕاینەوە لە سرییەی دووەمی سەر بە فەوجی ئیسماعیلوفسکی،لە خانووەکەی جەنەراڵ میڤیسدا* گیرساینەوە (جەنەراڵ میڤیس: خاوەنی ئەو خانووە بوو کە دوستویفسکی لە ساڵی ١٨٧٢ دا تیایدا ئاکنجی بوو) شوقەکەمان کەوتبووە قاتی دووەمی ئەو خانووەوە کە لە قووڵایی حەوشەکەدا گیرسابووەوە، شوقەکە هەرچەندە خۆش بوو، بریتی بوو لە پێنج ژووری تەنگ، ژوورێکی میوان کە سێ پەنجەرەی هەبوو، ئۆفیسێک بۆ فیودور میخائیلوفیچ کە نە گەورە بوو نە زۆر بچووک بوو، لە ژووری منداڵەکانەوە دوور بوو، هەرا و زەنا و دەنگی زرمەزلێی منداڵەکانی نەدەگەیشتێ و هەودای بیرکردنەوەیان نەدەبڕی.

هەرچەندە مێردەکەم بەدرێژایی هاوین کاری لە سەر تەواوکردنی ڕۆمانەکەی کرد، بەڵام بەتەواوەتی لێی ڕازی نەبوو، تەنانەت دەستبەرداری ئەو نەخشەیەش بوو کە پێشتر دایدنابوو و فەسڵی سێیەمی لە نوێ نووسییەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ لە مانگی دەدا سەفەری مۆسکۆی کردو دەگەڵ دەستەی نووسەراندا ڕێککەوت کە فەسڵی سێیەمی ڕۆمانەکە لە هەردوو دوا ژمارەێن (مژدەبەری ڕووسی)دا بڵاوبکاتەوە،هەڵبەتە ڕۆمانی ئەهریمەنان، لەنێو خوێنەراندا

ڕەواجێکی باشی پەیدا کرد، بەڵام لە دنیای ئەدەبدا +١٤٦، دژمن و نەیارانێکی زۆری بۆ مێردەکەم پەیدا کرد.

هەرکە وەرزی زستان تەواو بوو، فیودور میخائیلوفیچ دەرفەرتی بۆ هەڵکەوت لەلای نیکولای سیمیونوف+١٤٧ (*نیکولای پتروفیچ سیمیونوف ١٨٢٣- ؟، نووسەر، پیاوی دەوڵەت، برای ب. ب. سیمیونوف تیان شانسکی بوو) نیکولای دانیلیڤسکی، کە لە هەوادارانی فورییە بوو، بدینێت، هەڵبەتە دوای بیست و پێنج ساڵ، کە مێردەکەم بەدرێژایی ئەو بیست و پێنج ساڵە تاقە جارێک نەیدیتبوو، فیودور میخائیلوفیچ زۆری دڵ بەم دیدارە خۆشبوو، کتێبەکەی دانیلیڤیسکی ( ڕووسیا و ئەوروپای) خوێندبووەوە، ویستی جارێکی دیکە لەبارەی ئەو کتێبەوە قسەی دەگەڵدا بکات، جا لەبەر ئەوەی دانیلیڤیسکی پەلەی دەبێت و دەیەوێت زوو لەو شوێنە بڕوات، فیودور میخائیلوفیچ دەعوەتی دەکات کە بۆ نانی ئێوارە میوانی ئێمە بێت، وەختێ دۆست و برادەرەکانی دانیلیڤیسکی بەم دەعوەت و دیدارە دەزانن، لەخۆیانەوە دێن تا لەم میوانییەدا بەشدار بن، کاتێ کە فیودورمیخائیلوفیچ پێی گوتم، لەوەیە ژمارەی میوانەکان،جگە لە خۆمان بگاتە بیست کەسێک،زۆر ترسام. وێڕای ئەوەی ئیمکاناتم زۆر کز و کەم بوو، بەڵام توانیم نان و خوانێکی شایستە و گەرم و گوڕ ئامادە و فەراهەم بکەم، تەنانەت میوانەکان تا نیوەشەو بەدەم قسە و باس و گەنگەشەی خۆشەوە مانەوە.

"٢"

## دەستپێکێک بۆ بیرەوەریانی ١٨٧٢

کە بیرم لە ڕەوشی خراپی دارایی خۆمان دەکردەوە، لە دڵی خۆدا بیرم لە ڕێگایەک دەکردەوە، کە بتوانم بەشدارییەک لە زیادکردنی دەرامەتەکەمان بکەم، بیرم لەوە دەکردەوە دیسان کاری ئیختیزال بکەم، بەتایبەتی کە لەم ساڵانەی دواییدا تەواو تیایدا مەعلان بوو بووم، داوام لە خزمان و ناسیاوان کرد، کە کارێکم لە دەزگا و دامەزراوەیەک بۆ بدۆزنەوە، ئەوە بوو مامۆستای ئیختیزالەکەم، مامۆستا پاڤڵ ئولخین، لە ڕێگای ناسیاوێکییەوە لە کۆنگرەی ئابووری دارستاندا، کارێکی بۆ دۆزیمەوە، سەرنووسەری گۆڤاری دارستان، نیکولای شافرانوڤ*(* نیکولای سیمونوفیچ شافرانوف ١٨٤٤- ١٩٠٣: زانای دارستانان، مامۆستای ئەنیستیتۆی دارستان لە پترسبورگ بوو، بڕوانە نامەی بەرواری ١٧/ یولیو/ ١٨٧٢، ئا. گ. دوستویفسکایا) پێشنیازی کرد کە لەماوەی ٣- ١٣ ئابدا بڕۆم بۆ مۆسکۆ، بۆ نەگبەتی

لەو ماوەیەدا هەستم دەکرد زۆر ماندووم و ڕووداوەکانی ئەو هاوینە بێتاقەتیان کردبووم، بۆیە ئەم کارەم ڕەفز کرد.

لە زستانی ساڵی ١٨٧٢ دا، براکەم کە دەگەڵ ژنە گەنجەکەیدا بۆ پترسبورگ باری کردبوو، پێی گوتم کۆنگرەیەک، لە بیرم نییە دەربارەی چی بوو، بەو زوانە لە شارێکی دەڤەری ڕۆژئاوا*(* دەڤەری ڕۆژئاوا: بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای هەردو سەردەی نۆزدە و بیست، بریتی بوو لە پارێزگاکانی بیلارووسیا و لیتوانیاو ئۆکرانیا، وەرگێڕ) دەبەسترێت و لە ئیختیزالچییەک دەگەڕێن کاری تیا بکات . یەکسەر داوایەکم بۆ بەرپرسی هەڵبژاردنی ئیختیزالچییان نووسی، هەڵبەتە بە ڕەزامەندی فیودور میخائیلوفیچ ئەم کارەم کرد، هەرچەندە گوتی کە من منداڵەکان بەخێو دەکەم، کاروباری ماڵ بەڕێوە دەبەم، یارمەتی ئەو دەدەم، بەمەش چیم لەتوانادا بێت بەرامبەر بە خێزانەکەم بەزیادەوە دەیکەم، بەڵام کە بینی سوورم لەسەر ئەوەی بە ڕەنجی شانی خۆم هەندێ پارە پەیدا بکەم، حەزی نەدەکرد ڕێگریم لێبکات، پاشان بۆ خۆی ئیعترافی بۆ کردم کە خوا خوای بووە لەلایەن سەرۆکی کۆنگرەوە ڕەفزم بۆ بێتەوە، کە قەبوڵی بۆ ناردمەوە و مەرجەکانی پێ ڕاگەیاندم، ناڵێم پاداشت و کرێیەکە چەور بوو: هەرچەندە بەشی زۆری پارەکە بە کرێی سەفەر و مانەوە لە ئوتێلدا دەڕۆیی، هەڵبەتە پارەکەم زۆر مەبەست نەبوو، بەڵکو کارەکەم زیاتر لا مەبەست بوو، وام دانابوو کە ئەگەر کارەکە بە باشی ئەنجام بدەم، لەوەیە سەرۆکی کۆنگرە بۆ کارێن باشتر و بە کرێی چەورتر، هەڵمبژێرێت.

هیچ هەنجەت و بیانوویەکی جدی لە ئارادا نەبوو کە فیودور میخائیلوفیچ ڕێگریم لێبکات، دایکم بەڵێنی دامێ کە لەو ماوەیەدا بێت بۆ ماڵی ئێمە و چاودێری منداڵەکان بکات و بە کاروباری ماڵەکەمان ڕابگات، لەم ماوەیەدا مێردەکەشم هیچ کارێکی بەدەستەوە نەبوو کە پێویستی بە یارمەتی من بێت: ئەوکاتە خەریکی بژار وپێداچوونەوەی نەخشەی ڕۆمانی "ئەهریمەنان" بوو، بە هەرحاڵ هەرگیز سەفەرەکەمی بەدڵ نەبوو، هەزار و یەک بیانووی دێنایەوە تا نەیەڵێ سەفەر بکەم، لێی دەپرسیم چۆن من وەک ئافرەتێکی گەنج بەتاقی تەنیا دەڕۆم بۆ شارێکی پۆڵاندی، کە هیچ دۆست و ناسیاوێکمی لێ نییە و چۆن کاروبارەکانم ڕێک دەخەم و... هتد، دوای ئەوەی گوێم لەو هەموو هەنجەت و بیانوانە گرت، براکەم گوتی یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانی سەفەری دەڤەری ڕۆژئاوا دەکات و زۆر شارەزای ئەو دەڤەرەیە، ئیدی من و مێردەکەمی دەعوەت کرد بچینە ماڵی و هەم چایەک بخۆینەوە و هەم ئاشنایەتی لەگەڵ هاوڕێکەیدا پەیدا بکەین و هەر پرسیارێکمان لەو بارەیەوە هەیە لێی بکەین.

لە کاتی دیاریکراودا چووین بۆ ماڵی براکەم، فیودورمیخائیلوفیچ سحەتی باش بوو، ماوەیەکی زۆر بوو پەرکەمی لێ نەهاتبوو، مجێزی خۆش بوو، بەکاوەخۆ قسەمان دەگەڵ براکەم و ژنەکەیدا کرد، بەدەم قسانەوە چاوەڕوانی هاوڕێکەیمان دەکرد، من پێشتر نەمدیتبوو، بەڵام براکەم زۆر جاران باسی کردبوو، پیاوێکی باش بوو، خەڵکی قوقاز بوو، زیرەکییەکی تایبەتی تیا نەبوو، پێیان دەگوت ( ئاسیاوی کێوی) چونکە زۆر زوو تووره دەبوو لە ناکاوا وەکو فیشەکە شێتە دەچوو بە ئاسماندا، ئەم نازناوە پەستی دەکرد، جا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ "ئەوروپاییە" دەیگوت لە مۆزیقادا دڵبەندی شوپانە* (* فریدریک شوپان ١٨١٠- ١٨٤٩: سازقان و پیانویستێکی پۆڵاندییە) و لە نیگارا شیفتەی ڕیبینە* (* ئیلیا یفیوفیچ ڕیبین ١٨٤٤-١٩٣٠: نیگارکێشێکی ڕووسی ناودارە، گرینگترین بەرهەمی بریتییە لە "نۆتەی ڕووبارێ ڤولگا ،و ئیڤانی ترسناک و کوڕەکەی" ) لە ئەدەبدا حەزی لە دوستویفسکییە، براکەم لە هۆڵەکەدا پێشوازی لە میوانەکانی کرد، کاتێ هاوڕێکەی زانی کە تەعاروف دەگەڵ فیودورمیخائیلوفیچ دا دەکات و لەوەشە خزمەتیکی بکات، هەستی بە شادمانییەکی زۆر کرد، هەچەندە بڕێک شەرمنیش دیاربوو، هەرکە وەژوور کەوت و چاوی بە دوستویفسکی دڵبەندی کەوت پەشۆکاو ورتەی لەدەم نەهات، کڕنووشی برد و سڵاوی لە مێردەکەم و کەیبانۆی ماڵ کرد، تەمەنی هەر بیست ساڵێک دەبوو، درێژێک قژ تەنک،چاو درشت، لێوئاڵ بوو.

کاتێ براکەم پەشۆکانی برادەرەکەی خۆی بینی، یەکسەر بە منی ناساند، یارۆی "ئاسیاوی" دەستی گرتم و ماچی کرد، چەند جەڕێک بە توندی دەستی ڕاوەشاندم و ئەوجا بە زمانێکی گیر گوتی:

ـ زۆرم پێخۆشە کە بۆ کۆنگرە دەچیت، دەتوانم یارمەتیت بدەم.

پێکەنینم بەم جۆش و خرۆش و حەماسەی هات، بەڵام ئەم حەماسە مێردەکەمی پەست کرد، هەرچەندە فیودورمیخائیلوفیچ دەستی خانمانی ماچ دەکرد، بۆیە ئەگەر جارجار شتی وا ڕویدابا، زۆر گوێی نەدەدایە، هەمیشە ئەگەر یەکێک دەستی منی ماچ کردبا تووڕە دەبوو، کاتێ براکەم بینی مجێزی فیودور میخائیلوفیچ گۆڕا (مجێزی مێردەکەم زۆر خێرا و بەزەقی لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی دیکە دەگۆڕا) و خێرا هاتە سەر باسی لایەنی کردەکی کۆنگرەکە، جارێکی دیکەش یارۆی "ئاسیاوی" زۆر پەشۆکا و کەوتە وەڵامدانەوە پرسیارەکان و بەردەوام تەماشای منی دەکرد، بێئەوەی زات بکات تەماشای فیودور میخائیلوفیچ بکات، ئێستاش وەڵامەکانیم لەبیرن کە هەرچەند سەخیف بوون، بەڵام زۆر بە ئەدەبانە بوون.

لێم پرسی:

_ باشە گەیشتنە ئەسکەندەرییە قورس نییە؟ قیتارەگۆڕکێی زۆری تێناکەویٚ؟

_ خەمت نەبیٚ ئاناگریگوریڤنا، خۆم لەگەڵتا دێم، ئەگەر حەزدەکەی لە هەمان فارگۆندا سوار دەبین.

مێردکەم پرسی:_ باشە لە ئەسکەندەرییەدا ئوتێلێکی ماقووڵی ئەوتۆ هەیە کە ئافرەتێکی گەنج لێی لابدات؟

گەنجەکە بە شادمانی تەماشای کرد و بەجۆشەوە گوتی:

_ ئەگەر ئاناگریگوریڤنا حەزبکات، دەتوانم لەهەمان ئوتێلی ئەودا لابدەم، هەرچەندە من بە نیازبووم لای برادەرێکم لابدەم.

_ ئانیا گوێت لێبوو؟ ئەم کوڕی باشە ئامادەیە لەگەڵ تۆدا وەمێنیٚ؟ جوانە!!!

فیودور میخائیلوفیچ بە دەنگی بەرز ئەو قسەیەی کرد و بە هەموو هێزی خۆیەوە بە مێزەکەیدا کێشا، کوپە چایەکە کەوتە سەر ئەرزەکە و وردوخاش بوو، کەیبانۆی ماڵ، بلەز هات توند چرا داگیرساوەکەی گرت کە لە ئاکامی زەربەکەی فیودور میخائیلوفیچدا، کەوتبووە لەرینەوە، فیودورمیخائیلوفیچ لەجێی خۆی ڕاپەڕی و بەرەو دەرگاکە ڕۆیی، پاڵتۆکەی بەشانیا داو دەرپەڕی.

بەپەلە جلەکانم لەبەرکرد و دوای کەوتم: کە گەیشتمە سەرشەقامەکە، سەیرم کرد مێردەکەم بەهەشتاو ڕێدەکات و بە پێچەوانەی سەمتی ماڵی خۆمانەوە دەڕوات، بەغار دووی کەوتم تا دوای پێنج دەقیقە پێیا گەیشتمەوە، هانکە هانکم پیٚ کەوتبوو، هەرچەندە لێی پاڕامەوە کە بووەستیٚ، بەگوێی نەکردم، بلەز پێشم دایەوە، بە هەردوو دەست یەخەی پاڵتۆکەیم گرت کە دابووی بەسەر شانیا.

_ فیدیا شێت بووی! بۆ کویٚ دەڕۆیت؟ ئەمە ڕێگای ماڵی خۆمان نییە! ڕاوستە، قۆڵت لە پاڵتۆکەت هەڵکێشە، ئاخر وا نابیٚ دوایی سەرمات دەبێت!

دیمەنی پەشێوم کاری لە مێردەکەم کرد، وەستا، پاڵتۆکەی لەبەرکرد، قۆپچەکانم بۆ داخست، قۆڵم بە قۆڵیا کرد و بە ڕێگا دروستەکەدا بردم، فیودور میخائیلوفیچ بێدەنگ بوو، سەرسامی و پەشۆکاوی پێوە دیار بوو.

مەسەلە چییە، لەوانەیە دیسان غیرە بیٚ، وانییە؟ منیش پەشۆکابووم، لە قسەکردنما شپرزە بووم، تۆ بڵێی لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا کەوتمبە داوی عەشقی ( ئاسیایی کێوی) یەوە و ئەویش دڵبەندی من بووبیٚ و بڕیارمان دابیٚ پێکەوە بڕەڤین؟ ئەمە مەسەلەکەیە؟ شەرم ناکەیت؟ باشە تۆ هەست ناکەی بەم غیرەیە غەدر لە من دەکەیت؟ ئێمە پێنج دانە ساڵە ژن و مێردین، بەخۆت دەزانی

چەندم خۆش دەویێ، چەند لە ژیانی خێزانداری خۆمان ڕازیم، کەچی تۆ ڕەنگ نییە قسە لەگەڵ یەکێکدا بکەم، یەکسەر غیرە دەتگرێت، هەم خۆت و هەم من دەکەیت بە گەپجاڕ.

مێردەکەم تەوازی بۆ هێنامەوە، بەڵێنی دامێ کە واز لەم غیرە و غیرەکارییە بێنێ، نەمتوانی زۆر لەسەر تووڕەبوونەکەم بەردەوام بم: دەمزانی کە غیرە دەیگرت نەیدەتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، کە ئەو گەنجە خوێنگەرمە و پاشان تووڕەبوونی لەناکاوی فیودور میخائیلوفیچ و هەڵاتنەکەیم بیردەکەوتەوە پێکەنین دەیگرتم، دەستم بە پێکەنین کرد، کە مێردەکەم منی بەو حاڵەوە بینی ئەویش کەوتە گاڵتەکردن بەخۆی و پرسی چەند شتی لە ماڵی براکەم شکاند و چۆن ئەو گەنجە خوێنگەرمەی، کە هەواداری ئەو بوو تەریق کردەوە.

ئێوارەیەکی خۆشمان بردە سەر، بەپێیان بۆ ماڵەوە ڕۆیشتینەوە، ڕێگاکە درێژ بوو، نزیکەی سەعاتێ پتر بەڕێوە بووین، براکەم لەماڵی ئێمە بوو، کە مێردەکەم هەڵاتبوو، ترسی لێنیشتبوو بە هەڵەداوان بۆ ماڵی ئێمە هاتبوو، کە لە ماڵەوەی نەدیبووین زۆر نیگەران بوو بوو، یەک دانە سەعاتی بە نیگەرانییەوە لێرە بەسەربردبوو، زۆری پێ سەیر بوو کە بەشێوەیەکی ئاسایی دیتینی، هێشتمانەوە تا چامان لەگەڵ بخواتەوە، کە ئەو حاڵەتەمان بیر کەوتەوە هەموومان پێدەکەنین، کە لێمان پرسی چۆن هەڵاتنە کوت و پڕەکەمانی بۆ یارۆی قوقازی شرۆڤە کردووە، گوتی:

کە لێی پرسیم چی بوو، پێمگوت: کە نازانی چی بوو، باشتر وایە هەر نەیزانی.

ئیدی دوای ئەو ڕووداوە قەناعەتم هێنا کە دەبێ سەفەرەکەم ڕەفزبکەم، هەڵبەتە دەمتوانی کە قەناعەت بە مێردەکەم بێنم، ڕازی بکەم و سەفەرەکەم بکەم، بەڵام دەمزانی ئاسوودە نابێت، لەوەیە خۆی نەگرێت و دووم بکەوێت و بۆ ئەسکەندەرییە بێت و لەوێ فەزیحەتێکمان بەسەر بێت، ئیتر ئەو تۆزە پارەیەش خەرج دەکەین کە دەستمان دەکەوت.

بەم جۆرە ئەم هەوڵی پارە پەیداکردنەم لە ڕێگای ئیختیزالەوە کۆتایی هات.

"٣"

سالّی ١٨٧٢

نەخۆشکەوتنی فیدوشا بەر لە نوئیل

ئەم پێشهاتە سەیرەمان پێش جەژنی سەری ساڵی ١٨٧٢ بەسەر هات، فیودور میخائیلوفیچ، کە بابێکی فرە میهرەبان بوو، هەمیشە لەبیری ئەوەدا بوو چۆن دڵی منداڵەکانی خۆشبکات، زۆر بایەخی بە ئامادەکردن و ڕازاندنەوەی داری کریسمیس دەدا: زۆری لێکردم کە دارێکی گەورەی فرە لق و پۆپ بکڕین، ئیدی بەخۆی کەوتە ڕازاندنەوەی ( ئێمە کەرەسەی ڕازاندنەوەی پارمان بۆ ئەم ساڵ هەڵدەگرت) چووە سەر کورسییەک، کەوتە چەسپاندنی مۆمەکان، پاشان ئەستێرەکەی خستە سەر ترۆپکی دارەکە. داری جەژنی سەری ساڵی ١٨٧٢ زۆر جیاواز بوو: کوڕە گەورەکەم فیدیا ( عەقڵی بەوەدا دەشکا کە چی لە دەوروبەریا دەگوزەرێ) لە ئامادەکردنی دارەکەدا ئامادە بوو، هەر زوو دارەکەمان ڕووناک کردەوە، فیودورمیخائیلوفیچ بە خۆشی و ئاهەنگەوە هەردوو منداڵەکەی بۆ ژووری میوان برد، هەڵبەتە منداڵەکان زۆر بە ڕووناکی و ئارایش و ئەسپاب وازی دەوری دارەکە خۆشحاڵ بوون، باوکیان دیاری بە سەردا دابەشکردن، بووکەڵەیەکی جوان و تاقمێکی چای دا بە کچەکە، بەڵام زوڕنایەکی گەورە و تەپڵێکی دا بە کوڕەکە.

بەلام ئەوەی زۆر بەلای منداڵەکانەوە جوان بوو ئەو دوو ئەسپە بوو کە لە کارتۆنێکی گەورەی دەرهێنان، دوو ئەسپی یاڵ و کلک جوان بوون، دوو خزاکی گەورەیان لێ بەسترابوو، منداڵەکان دەستبەرداری گەمە و ئەسپاب وازییەکانیان بوون و لەناو خزاگەکان ڕۆنیشتن، فیدیای بچووک جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو، ڕایدەوەشاند و دەی لە ئەسپەکە دەکرد، کچەکە هەر زوو بێتاقەت بوو و لە خزاگەکە دابەزی و هاتەوە بەلای گەمەکانیەوە، بەڵام کوڕەکە جۆشی سەندبوو و هاواری لە ئەسپەکان دەکرد و بە جڵەوەکە لێی دەدان، لەوە دەچوو ئەو جوتیارانەی بیرکەوتبێتەوە کە بەو شێوەیە بە بەر داچاکەی ئێمەدا ، لە ستاریاروسا، تێدەپەڕین، هەرچییەکمان دەکرد لە ژووری میوان نەدەهاتە دەرێ، تا بەفێڵ هێنامان و خەواندمان.

ماوەیەکی زۆر من وفیودور میخائیلوفیچ بەدەم جەژنە بچووکەکەمانەوە دانیشتین، فیودورمیخائیلوفیچ لە منداڵەکان پتر دڵی خۆشبوو، سەعات دوازدە خەوتم، لێ مێردەکەم کتێبێکی تازەی لە ڤولف* (* ماڤریکی ئوسیبوفیچ ڤولف ١٨٢٦- ١٨٨٣: وەشانکار وکتێبفرۆش و خاوەنی چاپخانە بوو لە پترسبورگ)کڕیبو و دەیویست شەوێ بیخوێنێتەوە، بەڵام ئەم تەگبیرە سەری نەگرت، دەوروبەری سەعات یەکی دوای نیوەشەو مێردەکەم گوێی لە دەنگی گریانێکی بەکوڵ دەبێت، کە لە ژووری منداڵەکانەوە دێت، بلەز بۆ ئەوێ دەچێت، دەبینێ منداڵەکە هێندە گریاوە دەموچاوی سوورهەڵگەڕاوە،لە پیرەژن پروخوروڤنا بەلەسە بووە و بەدەم گریانەوە ورتە ورتێکی نامەفهوم دەکات ( ئەوسا تەمەنی لە ساڵ و نیو کەمتر بوو، هێشتا زمانی بەتەواوەتی نەپژابوو) منیش لە گریان و دەنگی ئەو بێدار بوومەوە و

بەهەشتاو بۆ ژوورەکەی ئەو چووم، کە فیودورمیخائیلوفیچ هەستی کرد لەوەیە هاواری فیدیا خوشکەکەی بێدار بکاتەوە، بڕیاری دا فیدیا هەڵگرێ و بۆ ژوورەکەی خۆیی بەرێت، کە بە ژووری میواندا تێپەڕین، فیدیا لەبەر ڕۆشنایی مۆمەکان چاوی بە خزاگەکە کەوت، بێدەنگ بوو و بە هەموو هێزی خۆیەوە خۆی بۆ لای خزاگەکە شۆڕکردەوە، تەنانەت فیودور میخائیلوفیچیش بۆی بەرهەق نەدەکرا، بۆیە ناچار بوو لەناو خزاگەکەی دابنێ، هەرچەندە ڕوندک بە گۆناکانیا دەهاتە خوارەوە، بەڵام هەرکە دەستی گەیاندە دەستە جڵەوەکە بزە کەوتە سەر لێوی،سەر لە نوێ کەوتە هەڵتەکاندنی جڵەوەکە و کەوتە نچ نچ وەکو ئەسپی ڕاستەقینە باژوێ، دوای ئەوەی منداڵەکە بە تەواوەتی ژێر بووەوە، فیودورمیخائیلوفیچ ویستی هەڵیبگرێت و بۆ ژوورەکەی خۆی بەرێتەوە، بەڵام فیدیا دووبارە لە هۆڕژنی گریانی دایەوە، ژێر نەبووەوە تا باوکی دووبارە لە سەر خزاگەکەی دانەنایەوە، لێرەدا من وفیودور میخائیلوفیچ زانیمان ئەو ترسەی کە لە سەرەتاوە تووشی بووین کە نەبا منداڵەکە تووشی نەخۆشییەک بووبێ و بەتەمابووین بەو درەنگە شەوە دکتۆری بۆ بانگ بکەین، تومەز منداڵەکە بیری بە داری جەژن و گەمەکانەوە بە خزاگەکەوە مژووڵ بووە و ئێستا خەبەری بووبووەوە، ئەسپەکان وگەمەکانی بیرکەوتبووەوە کەبینی بووی کەس نییە بە هانایەوە بێت و بۆ لای گەمەکانی ببات، ناچار گریابوو تا یەکێک ئەو ئاواتەی بێنێتە دی.

چارمان چی بوو: ئەنجام منداڵەکە ژێر بووەوە، نەیدەویست بخەوێ، جا بۆ ئەوەی هەرسێکمان بە دیارییەوە نەبین بڕیارمان دا من و دایەنەکە بڕۆین بخەوین و فیودورمیخائیلوفیچ بەدیار منداڵەکەوە دانیشێت تا خەو دەیباتەوە هەنگێ هەڵیگرێت و بیخاتەوە ناو جێگاکەی، بۆ ڕۆژی دوایی مێردەکەم بە شۆخییەوە گلەیی ئەوەی کرد کە دوێشەو چی بەسەرهاتووە: مەگەر خوا بزانێ فیدیا دوێشەو چ عەزابێکی داوم! دوو سێ دانە سەعات من بەدیارییەوە بووم و چاوم لێ نەگواستووەتەوە، دەترسام لە خزاگەکە بکەوێت و شتێکی بەسەر بێت، دایەنەکە دووجار هات ( بای بای) بۆکرد، ئەمیش دەستی بۆ تەکان دەدا و دیسان دەستی بە گریان دەکردەوە، بەو جۆرە پێکەوە نزیکەی پێنج سەعات بەدیارییەوە دانیشتین تا ماندوێتی زۆری بۆ هێنا و بەلایا هات، هەڵمگرت و سەیرم کرد خەوی لێکەوتووە، ئیدی بردم بۆ ژوورەکەی خۆی، بەو جۆرە فریا نەکەوتم دەست بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە بکەم کە کڕیبووم.

فیودور میخائیلوفیچ بزەیەکی بۆ کرد،زۆر ئاسوودە بوو بەوەی کە ئەم ڕووداوە، کە لە سەرەتاوە ترساندینی، بە سەلامەتی تێپەڕی.

## ساڵی ١٨٧٣

## چاپکردنی ڕۆمانی ئەهریمەنان، تەعاروف

فیودورمیخائیلوفیچ، پاش ئەوەی لە ڕۆمانی ئەهریمەنان بووەوە، تا ماوەیەک دوودڵ بوو لەوەی چیبکات، کاری ڕۆمانی ئەهریمەنان زۆری شەکەت کردبوو، هێز و توانای لەبەر بڕیبوو، هەستی دەکرد حاڵی حازر ئامادەگی ئەوەی تێدا نییە دەست بە نووسینی ڕۆمانێکی تازە بکات، هەڵبەتە ئەنجامدانی ئەو بیرۆکەیەی کە لە هەندەران لای دروست بوو بوو، واتە دەرکردنی "یاداشتی نووسەر" لە شێوەی گۆڤارێکی مانگانەدا، زۆر زەحمەت بوو+١٤٨، دیارە تێچووی چاپکردنی گۆڤارەکە و مەسرەفی ماڵ و منداڵ و دانەوەی قەرز و قۆڵە دەرامەتێکی یەجگار زۆری دەویست، بەلای ئێمەوە پرسیای هەرە ئاڵۆز ئەوە بوو، ئایا ئەم گۆڤارە، بەو ئیحتوبارەی ڕووداوێکی بێ پێشینەیە لە ئەدەبی ڕووسیدا، چ لە ڕووی فۆڕم و چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بازاڕی دەبێت، سەرکەوتن بەدەست دێنێت، خۆ ئەگەر سەرکەوتن بەدەست نەیەنێت، حاڵمان زۆر خراپ دەبێت، فیودور میخائیلوفیچ، حایر مابوو، نەمدەزانی چ قەرارێک دەدات، باش بوو میر ڤلادیمیر پتروفیچ میشیرسکی لەم کاتەدا فریای کەوت و پێشنیازی بۆ کرد کە ئەرکی سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی هاوڵاتی+١٤٩ بگرێتە ئەستۆ، ئەم گۆڤارە ساڵێک بوو دامەزرابوو، بەسەرپەرشتی و نووسەریی گ.ڤ. گرادوڤسکی* (* گریگوری قنستنتینوفیچ گرادوڤسکی ١٨٤٢- ١٩١٥، نووسەر و دامەزرێنەری گۆڤاری هاوڵاتی بوو) کۆمەڵێک کەسایەتی شایستە و بەڕێزی هاوهزر لە دەوری دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە تازەیە خڕبوونەوە لەوانە: ق. ب. بوبیدونوستسیف، ئا. ن. مایکوف، ت. ئی. فیلیبوف، ن. ن. ستراخوف و ئا. ئا. بوریتسکی* (* ئەلکسندر ئوستینوفیچ بوریتسیکی ١٨١٩- ١٨٧٩، نووسەر و ڕۆژنامە نووس بوو لە گۆڤاری "مۆڵەتی یەک شەممە"، لەنێوان ساڵانی ١٨٦٤- ١٨٦٥، ڕۆژنامە نووسی فەرمی گۆڤاری سەردەم بوو) و ی. ئا. بیلوف+١٥١ (* یفگینی ئەلکسندروفیچ بیلوف ١٨٣٩- ١٩٠٩، شاعیر و ڕۆژنامەوان و وەرگێڕ بوو، لە گۆڤاری هاووڵاتیدا کاری دەکرد، لە ساڵانی ١٨٧٣- ١٨٧٤ دا ناسیاوی دەگەڵ دوستویفسکیدا پەیدا کرد.)

هەموویان دەگەڵ فیودورمیخائیلوفیچدا هاوسۆز بوون، کە کارکردنی خۆیی دەگەڵ ئەواندا زۆر پێخۆشبوو، هەروەها بەشداری زۆری خوێنەرانی لەو بابەتانەدا کە باسی مەسەلەی ئومێد و گومانیان تێدابوو، زۆر پێخۆشبوو، هەروەها لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوڵاتیدا، فیودورمیخائیلوفیچ توانی بیرۆکەی "یاداشتی

نووسەر" پراکتیزە بکات، هەرچەندە بەو فۆڕم و شێوەیە نەبوو کە پاشان پێشکەشی کرد.

کاروبارەکان لە ڕووی داراییەوە بەباشی بەڕێوە دەچوو، وەکو سەرنووسەر سێ هەزار ڕۆبڵی وەردەگرت، جگە لە پاداشتی هەر وتارێکی ( یاداشتی نووسەر) و پاشان پاداشتی هەر وتارێکی سیاسیشی وەردەگرت، تێکڕای دەرامەتی سالانەمان دەگەییە پێنج هەزار ڕۆبڵ، هەڵبەتە ئەو مانگانەیەی کە بە ڕێک و پێکی هەموو مانگێک وەرمان دەگرت لایەنێکی ئەرێنی دیکەشی هەبوو: ئیدی فیودور میخائیلوفیچ ناچار نەدەبوو بکەوێتە هەڵپەی پەیداکردنی بژێوی و پێداویستی و خەرجی ماڵ و منداڵ، کە ئەمە زۆری ماندوو دەکرد و کاری لە تەندروستی و مجێزی دەکرد.

هەروەها فیودورمیخائیلوفیچ کاتێ ڕازی بوو دەگەڵ دڵبەندان و هەوادارانی خۆیدا سەرنووسەری هاووڵاتی بگرێتە ئەستوو، ئەوەی نەدەشاردەوە کە بەشێوەیەکی کاتی شانی داوەتە بەر ئەم بەرپرسیارێتییە و ئەمە جۆرە پشوویەکی هونەرییە و بۆ ئەوەیە زیاتر و لە نزیکەوە زیاتر ئاشنای واقیع ببێت و هەرکاتێ زەرورەتی کارێکی فیلیڤانی ( ابداعی) بەرۆکی بگرێت، سووک و باریک دەستبەرداری ئەم کارە دەبێت کە دەگەڵ کەسایەتی ئەودا تێکناکاتەوە.

سەرەتای ساڵی ١٨٧٣ بۆ من یادگارێکی خۆشە، چونکە لەو ساڵەدا، چاپی یەکەمی ڕۆمانی ئەهریمەنان لە بڵاوکردنەوەی خۆمان، کەوتە بازاڕەوە، ئەم چاپە بەردی بناغەی کاری چاپەمەنی هاوبەشی من و فیودور میخائیلوفیچ بوو و لە دوای مردنی ئەو، سی و هەشت دانە ساڵ لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووم.

یەکێک لە ئاواتەکانی باشبوونی باری داراییمان ئەگەری ئەوەبوو کە مافی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی گەمژە، بفرۆشین و پاشان ئەگەر ڕێکەوت مافی پەخشی ئەهریمەنان بفرۆشین، کە لە هەندەران بووین نەماندەتوانی ئەم کارە بکەین، تەنانەت کە بۆ ڕوسیاش گەڕاینەوە، هەر ئاسان نەبوو، بەڵام دەمانتوانی بەخۆمان دانوسان دەگەڵ وەشانکارەکاندا بکەین، ڕوومان لە هەر وەشانکارێک دەنا، نرخێکی زۆر هەرزانی دەداینێ. بۆ نموونە ئا.ف. بازونوفی*(* ئەلکسندر فیدوروفیچ بازونوف ١٨٢٥- ١٨٩٩: وەشانکار و کتێبفرۆش بوو، خودانی چەندین کتێبفرۆشی بوو لە مۆسکۆ و لە پترسبورگ، کارەکانی دوستویفسکی چاپ وپەخش دەکردەوە) کتێبفرۆش تەنیا سەد و پەنجا ڕۆبڵی لە هەقی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (مێردی هەمیشەیی) بە دوو هەزار نووسخە داینێ، هەروەها پێنج سەد ڕۆبڵیان لە هەقی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی ئەهریمەنان دەداینێ، ئەویش بە قیست و بۆ ماوەی دوو ساڵ.

فیودورمیخائیلوفیچ بە گەنجی خەونی بەوەوە دەبینی کە بەخۆی بەرهەمەکانی بڵاوبکاتەوە، لە نامەیەکیا بۆ برایەکەی١٥٢+ باسی ئەوەی کردووە، هەروەها کاتێ لە هەندەران بووین، ئەمەی بۆ منیش باسکرد، منیش ئەم بیرۆکەیەم بەدڵ بوو، هەوڵم دەدا بەرە بەرە شارەزای مەرجەکانی بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی کتێبان ببم، ڕۆژێکیان چووم کارتی تەعاروف بە ناوی مێردەکەمەوە بدەمە چاپکردن، قسەم دەگەڵ خودان چاپخانەکەدا کرد، پرسیاری چۆنیەتی و مەرجێن چاپکردنی کتێبانم لێکرد، گوتی زۆربەی کتێبان پێشوەختە و کاش تێچووی چاپکردنەکەی دەدرێت، بەڵام ئەگەر نووسەرەکە کەسێکی بەنامێ بێت،کتێبەکانی ڕەواجیان هەبێ و پڕفرۆش و زووفرۆش بن، هەر چاپخانەیەک بگریت، ئامادەیە و بە مەمنوونییەوە، بە کەماڵی ڕەزامەندییەوە، قەرزێکی شەش مانگی بداتێ، ئەگەر نەتوانێ لەم ماوەیەدا قەرزەکە بداتەوە ئەوا دەبێت ڕێژەیەکی دیاریکراو فایزی ئەو قەرزە بدات، بەهەمان مەرج و پێوانە نووسەر دەتوانێت کاغەزی پێویست بۆ چاپی کتێبەکەی پەیدا بکات، هەروەها لەتێچووی عەمەلی ئەو چاپەی کە من بۆم پێشنیازکرد، واتە تێچووی کاغەز و چاپ و بەرگ، ئاگاداری کردمەوە. بەگوێرەی حیساب و کیتابی ئەو چاپی ڕۆمانی ئەهریمەنان بە نزیکەی سێ هەزار و پێنج سەد نووسخە، نزیکەی چوار هەزار ڕۆبڵێکی تێدەچوو، خودان چاپخانەکە ئامۆژگاری کردم کە لە هەر نووسخەیەکی (سێ بەرگی) دوای ئەوەی بە خەتێکی ڕوون و لەسەر کاغەزێکی باش چاپ دەکرێت، بەلای کەمەوە بە سێ ڕۆبڵ و نیو بفرۆشم، هەڵبەتە لە سەدا سی تێکڕای فرۆشی کتێبەکە کە دەکاتە دوازدە هەزار و دووسەدوپەنجا ڕۆبڵ، بۆ فرۆشیارانی ڕۆمانەکە دەبێت، کە لەم حاڵەتەدا دەبێ حیساب بۆ هەندێ وردە خەرجی دیکە بکرێت، ئەگەر ڕۆمانەکە بەباشی بفرۆشرێت ئەوا ئێمە قازانجێکی باش دەکەین.

لەو سەردەمەدا هیچ یەکێک لە نووسەرەکان بەخۆیان بەرهەمەکانی خۆیان چاپ و بڵاو نەدەکردەوە، خۆ ئەگەر یەکێک ئەو ڕیسکەی بکردایە دەبوایە باجی ئەو ڕیسکە بدات و تەحەمولی زەرەری بکردایە، ژمارەیەک وەشانخانە هەبوو، بازونوف، ڤولوف، ئیساکوف*(* یاکوف ئەلکسیفیچ ئیساکوف، ١٨١١- ١٨٨١: وەشانکار و کتێبفرۆش بوو لە پترسبورگ) و هتد.. ئەمانە مافی بڵاوکردنەوەو چاپ و دابەشکردنی کتێبانیان دەکڕی، بەڵام ئەو کتێبانەی لەلایەن کۆڕو دەزگا زانستییەکانەوە یان لەلایەن خەڵکەوە چاپ دەکران، کتێبفرۆشان سەرپەرشتی عەمبارکردن یان فرۆتنیان دەکرد و ڕێژەی سەدی پەنجایان بۆ خۆ هەڵدەگرت، بە هەنجەت و بیانووی ئەوەی عەمباری دەکەن و باری دەکەن و بانگەشەی بۆ دەکەن (کە ئەمەیان زۆر بە ڕەزیلی و ڕژدی دەکرد) ئیدی زۆرجار ئەو پارەیەی دەهاتەوە دەستی وەشانکار، یەجگار کەم بوو.

جا چونکە حەزم لێبوو ڕۆمانی ( ئەهریمەنان) چاپ و بڵاوبکەمەوە، هەوڵم دەدا پرسیاری ئەوە لە کتێبفرۆشییەکان بکەم کە لە هەقی فرۆشتنی کتێباندا لەسەدا چەند وەردەگرن، جۆرەها وەڵامم دەست دەکەوت: هەندێک دەیانگوت ئەوە بەگوێرەی کتێب فەرق دەکات، کتێب تا کتێب کەوتووە، هەندێ فرۆشیار چل تا پەنجا لەسەد وەردەگرن و هەندێجار زیاتریش وەردەگرن، جارێکیان کتێبێکم بۆ مێردەکەم دەکڕی نرخەکەی سێ ڕۆبڵ بوو، ویستم دەمی فرۆشیارەکە تاقیبکەمەوە گوتم بە دوو ڕۆبڵ نابێت، بەو هەنجەتەی کە ئەوان بەخۆیان بە لەسەدا پەنجا وەری دەگرن، بەم پێیە کتێبەکە لە سەر ئەوان ڕۆبڵ و نیوێک دەکەوێت، فرۆشیارەکە مامەڵەکەمی پێناخۆش بوو و گوتی کە ئەوپەڕی لە سەدا بیست، بیست و پێنجی دەست دەکەوێت و لە هەندێ کتێبدا لە سەدا سی دەست دەکەوێت، ئەویش بەو مەرجەی کتیبەکە بازاڕی گەرم بێت و فرۆشی زۆر بێت، ئیدی لە میانەی ئەو پرس و جۆیانەوە ئەو ڕێژەیەم بۆ دەرکەوت کە دەبێ بە کتێبفۆشان لە بڕی ژمارەیەکی دیاریکراوی کتێب بدرێت.

کاتێ کە بە ژمارەیەک دۆست و ناسیاوانمان گوت بەنیازین ڕۆمانەکە چاپ و بڵاوبکەینەوە، جۆرەها ناڕەزایی و ئاگاداری و ئامۆژگاریمان بەرگوێ کەوت، کە خۆمان لە قەرەی پڕۆژەیەک نەدەین، هیچی لێ نازانین، لەوەیە بەهۆی بێ ئەزموونییەوە بکەوینە گێژاوێکی بێ بنەوە، هەنگێ نەک قەرزە کۆنەکانمان پێنادرێتەوە، بەڵکو چەند هەزارێکی دیکەشمان دێتە سەر، لێ ئەم قسانە ساردیان نەکردینەوە و لێبڕاین بیرۆکەکەمان پراکتیزە بکەین.

کاغەزی چاپمان لە کۆمپانیای فارگونین* وەرگرت ( * ئەلکسندر ئیڤانوفیچ فارگونین ١٨٧٠- ١٨٨٠: یەکێک بوو لە شەریکەکانی کۆمپانیای برایانی فارگونینی بەنێوبانگ لەواری بازرگانی کاغەزی چاپدا) ئەم کۆمپانیایە باشترین کارخانەی بەرهەمهێنانی کاغەزی نەرمی هەبوو، کاغەزەکانمان دایە چاپخانەی زامیسلوفسکی*( *میر زامیسلوفسکی: چاپخانەیەکی لە پترسبورگ هەبوو، لە هەفتایەکاندا، کەوتە چاپی بەرهەمەکانی دوستویفسکی.) کە لەو کاتەدا بە ماڵباتی بارون بانتیلییڤ* فرۆشرا (* برایانی بانتیلییڤ: گریگوری فومین و پیوتر فومین ( ؟- ١٩٠٦) چاپخانەیەکیان لە پترسبورگ هەبوو کە کتێبەکانی دوستویفسکی چاپ دەکرد.)

ساڵی ١٨٧٢ و سەرەتای ساڵی دواتر بووری، هەموو هەوڵێکمان بۆ ڕۆمانەکە تەرخان کرد: من هەردوو پڕاوەی یەکەم و دووەمم خوێندەوە، پاشان فیودور میخائیلوفیچ، دوا پێداچوونەوەی بۆ دەقەکە کرد.

لە ماوەی دە دوا ڕۆژێن یەنایەردا، کتێبەکە بەرگی تێگیرا و بەشێکیان بۆ ناردینە ماڵەوە، فیودور میخائیلوفیچ، فۆڕم و ڕواڵەتی کتێبەکەی زۆر بە دڵ بوو، منیش بەلامەوە جوان بوو.

فیودور میخائیلوفیچ بەر لەدەرچوونی کتێبەکە، نوسخەیەکی برد تا پیشانی یەکێک لە کتێبفرۆشە هەرە بەناوبانگەکانی بدات ( دوستویفسکی مشتەری هەمیشەیی ئەو بوو) بەڵکو کابرا چەند نوسخەیەکی لێبکڕێت، کابرای کتێبفۆش کتێبەکەی لێوەردەگرێت، ئەم دیو ئەو دیوی دەکات و دەڵێت:

_ باشە دووسەد نوسخەیەکم بۆ بنێرە تا بە سەرف بۆتی بفرۆشم.

مێردەکەم لێی پرسی بوو:_ بەچەند وەری دەگریت؟

_ بە پەنجا لە سەدا.

فیودورمیخائیلوفیچ هیچ ناڵێت، بە خەمینی بۆ ماڵ دێتەوە تا هەواڵی ئەو بەدشانسییەم بۆ بگێڕێتەوە کە تووشی بوو بوو، منیش نیگەران بووم، بەڵام پێشنیازی کابرای کتێبفرۆشم، کە دووسەد کتێب بە لە سەدا پەنجامان لێ وەربگرێت، بەدڵ نەبوو: چونکە دەمزانی ئەگەر هەموو ئەو کتێبانەش بفرۆشێت، تا ماوەیەکی زۆر نابین بە خاوەنی ئەو پارەیە.

٢٢/ یەنایەر/١٨٧٣ ڕۆژێکی تایبەتی بوو لە ژیانماندا، لەو ڕۆژەدا ئاگادارییەکمان سەبارەت بە دەرچوونی ڕۆمانی ئەهریمەنان لە ڕۆژنامەی (گولوس* = دەنگدا) بڵاوبووەوە (* گولوس، "دەنگ" ١٨٦٣- ١٨٤٤: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی ئەدەبی سیاسی لیبراڵی بوو، ئا. ئا. کرایفسکی لە پترسبورگ دەری دەکرد، دوستویفسکی ئەم ڕۆژنامەیەی دەخوێندەوە، تەعلیقاتی زۆر توندی لە سەر بابەتەکانی دەنووسی و لە هەردوو گۆڤاری کات و سەردەمدا کە دەگەڵ براکەیدا دەری دەکردن، بڵاوی دەکردەوە) سەعات دەی بەیانی نوێنەرێکی کتێبفۆشی بوبوف*( *میخائیل ڤاسیلیڤیچ بوبوف ١٨٣٦- ١٩٠٦: بازرگان، وەشانکار، خاوەنی کتێبفرۆشییەک بوو لە پترسبورگ، ئەو ڕۆمانی ئەهریمەنان و "یاداشتی نووسەر"ی دوستویفسکی فرۆشت) کە لە نزیکی شەقامی پاساچ بوو، گەییە سەرمان، کە چوومە بەردەرگا و لێم پرسی چی دەوێت.

گوتی:_ ئاگادارییەکەتان لە ڕۆژنامەدا بڵاوبووەتەوە، هاتووم بۆ دە نوسخە.

کتێبەکانم هێنان، هەستم بە جۆرە نیگەرانییەک دەکرد، پێمگوت:

_ ئەم دە نوسخەیە بایی سی و پێنج ڕۆبڵە، بە لە سەدا بیست دەتاندەمێ، واتە دەبێ بیست و هەشت ڕۆبڵمان بدەیتێ.

نوێنەرەکە گوتی:_ لە سەدا بیست کەم نییە؟

_ نەخێر

_ ناکرێ بیکەی بە لە سەدا بیست و پێنج؟

بەوپەڕی شپرزەییەوە گوتم، ناکرێت، ئەگەر بڕۆیشتایە یەکەم مشتەریم لەدەست دەچوو.

_ ئەگەر نابێت کێشە نییە.

و پارەکەی کاش دامێ.

زۆر خۆشحاڵ بووم، لە کەیفان سێ کۆپیکم هەقی حەماڵی دایە، زۆری پێ نەچوو کە شاگرد کتێبفرۆشییەکی دیکە لە شارێکی دیکەوە هات، ئەویش دە نووسخەی بە داشکاندنی لە سەدا بیست، هەڵبەتە دوای مامەڵەیەکی زۆر، برد. ئەو نوێنەرەی کە لەلایەن کتێبفرۆشی گلازونوفەوە* (* ئیڤان گیلیچ گلازونوف ١٨٢٦- ١٨٨٩: وەشانکار و کتێبفرۆشێکی پترسبورگ بوو، لە هەشتایەکاندا کوێخا و دەمسپی پترسبورگ بوو) هاتبوو داوای بیست و پێنج نوسخەی دەکرد، ئەگەر بە لە سەدا بیست و پێنج بیدەمێ، کە هەستم کرد بیست و پێنج دانە زۆرە، تەماع گرتمی و بە لەسەدا بیست و پێنجەکە دامێ، دوایی خەڵکێکی زۆر هاتن، هەریەکە و دە نوسخەیەکیان برد، هەرچەندە زۆریان هەوڵدا بە کەمتر لە سەدا بیست نەمدانێ، لە دەوروبەری سەعات دوازدەدا، نوێنەرێکی بۆشناخ، کە لای کتێبفرۆشێکی ناسیاوی فیودور میخائیلوفیچ کاری دەکرد، هاتبوو بۆ بیست نوسخە، بەڕێژەیەکی سەدی، ئیدی چونکە دانی بەیانی مشتەری باشم هەبوون، تەماح گرتمی و گوتم بە سەرف نایفرۆشم، بە حازری دەدەم.

_ چۆن؟ خۆ فیودورمیخائیلوفیچ بەڵێنی داینێ کە یەکێک بنێرین تا بەسەرف کتێبان بەرین، لە سەر قسەی ئەو هاتووین.

گوتم مێردەکەم کتێبان دەردەکات بەڵام من دەیانفرۆشم، خۆ کتێبفرۆشەکان بە کاش کتێب دەبەن.

نوێنەرەکە، کە ئومێدی بە سازشی مێردەکەم هەبوو گوتی:

_ باشە دەتوانم فیودور میخائیلوفیچ بدینم.

_ فیودەر میخائیلوفیچ بە شەوان کاردەکات، ناتوانم پێش سەعات دوو بێداری بکەمەوە.

نوێنەرەکە داوای کرد کە بیست نوسخەی بدەمێ و " دوایی پارەکە دەدەین بە فیودور دوستویفسکی".

وێڕای ئەوەش هەر لەسەر هەڵوێستە توندەکەی خۆم مامەوە، هەڵبەتە دوای ئەوەی بۆم ڕوونکردەوە بە چ ڕێژەیەک کتێبان دەدەین بە کتێبفرۆشییەکان، هەروەها پێمگوت تەنیا پێنج سەد نوسخەیەکمان ماوە و بە گوێرەی حیساباتی من ئەمڕۆ هەرهەمووی دەفرۆشرێت و هیچی نامێنی، نوێنەرەکە بۆ ماوەیەک بە دوودڵی وەستا وپاشان بە دەستی بەتاڵ ڕۆیشتەوە، دوای نزیکەی سەعاتێک نوێنەرێکی دیکەی هەمان کتێبفرۆشی، بە جلوبەرگێکی هەندێ ساکارترەوە، هاتەوە و پەنجا نوسخەی بە داشکانی لە سەدا سی بە پارەی حازر برد، زۆرم حەزدەکرد فیودور میخائیلوفیچ بکەم بە شەریکی شادومانی خۆم، بەڵام دەبوایە چاوەڕوان بکەم تا لە ژوورەکەی خۆی بێتە دەرەوە.

مێردەکەم عادەتێکی سەیری هەیە: کە لەخەو هەڵدەستێت، لەوە دەچێت لەژێر کاریگەری ئەو خەونە ناخۆشانەدا بێت کە لە خەوا ئەزیەتیان دەدا، نەخۆی قسە دەکات و نە حەزیش دەکات کەس لەم ماوەیەدا قسەی دەگەڵدا بکات، بۆیە خۆم بەوە ڕاهێنا بوو کە بەیانیان بێزار و ناڕەحەتی نەکەم ( بەتایبەتی کاتێ هیچ زەرورەتێکی قسەکردن نەبێت) و چاوەڕوان بکەم تا دوو کوپ قاوەی گەرم بخواتەوە و ئەوسا بۆ ئۆفیسەکەی خۆی بڕوات، ئەوسا دوای دەکەوم تا لەوێ هەموو هەواڵە خۆش و ناخۆشەکانی بۆ بگێڕمەوە، لەو کاتانەدا فیودور میخائیلوفیچ دەگەییە لوتکەی کەیف قنجی: بایەخی بە هەموو شتێک دەدا، لە هەموو شتێکی دەپرسی، منداڵەکانی گاز دەکرد، سوعبەتی دەگەڵ دەکردن، ئەم بەیانییە هەموو حاڵەتەکان بەو شێوەیە بوو، بەڵام من وەکو جاران لە شوێنی ئاسایی خۆم، لەنزیک مێزەکەیەوە دانیشتم، منداڵەکانم بۆ ژوورەکەی خۆیان نارد، کاتێ فیودور میخائیلوفیچ بینی من بێدەنگم، بەدەم بزەیەکی تەوسئامێزەوە لێی ڕوانیم و پرسی:

_ ئێ ئانیچکا بڵێ بزانم دەنگوباسی بازرگانییەکەمان لە چی دایە؟

منیش بە هەمان تۆن و زمان بەرسڤم دایەوە:_ زۆر باشە.

_ تا ئێستا تاقە نوسخەیەکت فرۆشتووە؟

_ نەک یەک نوسخە، بەڵکو سەد و پەنجا نوسخەم فرۆشتووە.

فیودورمیخائیلوفیچ وای دەزانی من گاڵتە دەکەم، لەسەر تەشەرەکانی خۆی بەردەوام بوو:_ نەبابە؟ کەواتە پیرۆزباییت لێدەکەم.

_ ئاخر بەڕاستمە ها، باوەڕم پێناکەیت؟

ئەوسا لیستێکم لەبەرکم دەرهێنا کە ژمارەی ئەو نوسخانەم تیا تۆمار کردبوو کە فرۆشتبوونم، لەگەڵ لیستەکەدا سەفتەیەک ئەسکەناسم دەرهێنا کە نیزکەی سێ سەد ڕۆبڵ بوو، جا فیودور میخائیلوفیچ کە دەیزانی ئەو پارەیەی لە ماڵەوە هەمانە زۆر کەمە، بۆیە کە ئەو هەموو پارەیەی بە من بینی، هەنگێ باوەڕی هات کە سوعبەت و شۆخیان ناکەم، لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆوە پەیتا پەیتا لە زەنگی دەرگاکەمان دەدرا: مشتەریانی تازە پەیدا بوون، ئەمە جگە لەوانەی دانی بەیانی هاتبوون، داوای نوسخەی تریان دەکرد، دیاربوو کتێبەکە دەنگێکی باشی دابووەوە و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنابوو، هەستم بە خۆشییەکی سەیر و دەگمەن دەکرد، کەمجار خۆشی وەهام بە خۆمەوە دەبینی، هەڵبەتە لەلایەکەوە خۆشی ئەوەم لە دڵدا بوو کە پارەم دەستکەتبوو، بەڵام لەوە گرینگتر ئەوە بوو کە کارێکی خۆشم بۆ خۆ دۆزییەوە: کاری چاپ و پەخشی بەرهەمەکانی مێردە ئازیزەکەم، هەڵبەتە بەوەش خۆشحاڵ بووم کە پرۆژەکەمان، بەپێچەوانەی هۆشداریی شیرەتکارە ئەدەبییەکانمانەوە بەو ڕادەیە سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

فیودورمیخائیلوفیچیش زۆر ڕازی بوو، بەتایبەتی کاتێ پێمگوت یەکێک لە نوێنەرەکان گوتویەتی: "جەماوەر لەمێژە لە ڕۆمانەکە دەپرسن ."

فیودور میخائیلوفیچ هاوسۆزی جەماوەری خوێنەرانی زۆر بەلاوە گرینگ بوو، چونکە بە درێژایی ڕۆژگاری چالاکییە ئەدەبییەکانی، تەنیا جەماوەر بە هاوسۆزی خۆیان پشتیوانیان لێدەکرد، بە ڕاستی ڕەخنەی ئەدەبی ( جگە لە بیلینسکی و دوبرولیوبوف*) و (* نیکولای ئەلکسندروفیچ دوبرولیوبوف ١٨٣٦- ١٨٦٢: ڕەخنەگر، نووسەر لە ڕۆژنامەی " هاوچەرخ" داواکاری وتاری" لە بیرکراوان" بوو، (گۆڤاری هاوچەرخ ژمارە نۆ، ساڵی ١٨٦١) تایبەتە بە داهێنانی دوستویفسکییەوە ئەم قووڵترین شیکردنەوەیە لە مەڕ بەرهەمە هەوەڵینەکانی دوستویفسکی ( هەژاران و سووک و ڕیسوایان) هەندێ ڕاوبۆچوونی دەربارەی هونەر و واقیع هەبوون، ڕێک بە پێچەوانەی راوبۆچوونی دوستویفسکی کە بە وتارێک بەناوی ( بەێز.... بوف و دۆزی هەنەر) وەڵامی دابووەوە، (هەڵبەتە مەبەستی ڕەخنەگر دوبرولیوبوف بوو،) بورینین*(* فیکتور بتروفیچ بورینین ١٨٤١- ١٩٢٦) ڕەخنەگر وشاعیر بوو، لە سەرەتاوە گلەیی لە دوستویفسکی هەبوو چونکە لایەنگری ڕەوتی خاک بوو، هەروەها ڕەخنەی لە لایەنە نەرێنییەکانی ڕۆمانی گەمژە هەبوو، بەڵام خودی دوستویفسکی، ڕەخنە قووڵەکانی ئەوی سەبارەت بە هەردوو ڕۆمانی ئەهریمەنان و

برایانی کارامازۆفی بەدڵ بوو، بورینین ڕای وابوو کەدۆستۆیفسکی ڕۆماننووس زۆر باشترە لە دۆستۆیفسکی نووسەری کۆمەڵایەتی و فەیلەسووف و ئەخلاقی) دەورێکی زۆر کەم و دیاریکراوی لە دەرخستنی بەهرەی ئەودا هەبوو: ڕەخنە یا کارەکانی فەرامۆش دەکرد، یا دژمنانە+١٥٣ مامەڵەی لەتەکدا دەکرد، ئێستا کە پتر لە سی و پێنج ساڵ بەسەر مردنی فیودور میخائیلوفیچدا تێپەڕیوە، تا ئێستاش ئەو بۆچوونە ڕەخنەییانە دەربارەی کارەکانی دەخوێنینەوە، پێمان سەیرە کە ئەوەندە سادە و هیچ و بێ مانابوون، کە بە ئاشکرا بوغزاندنی نووسەریان پێوە دیارە.

هەڵبەتە کاتێ کتێبفرۆش کوچانچیکوف*(* دیمتری یفمیوفیچ کوچانچیکوف (؟-١٨٧٧) وەشانکار و کتێبفرۆشێکی خەڵکی پترسبورگ بوو) هات بۆماڵمان و پێشنیازی کڕینی سێ سەد نوسخەی کرد بە کۆمپیالە، بەو مەرجەی لە ماوەی چوار مانگدا کۆمپیالەکانی سەرف بکرێن، هەڵبەتە پێشنیازێکی زۆر باش بوو، بەتایبەتی کە بەتەمابوو ئەم کتێبانە بەرێت بۆ لادێ و لەوێدەر بیانفرۆشێت، مانای وابوو هەقڕکی بازاڕی کتێبفرۆشییەکانی شاری نەدەکرد، ئەوەی کە لەم مامەڵەیەدا بەدڵم نەبوو، ئەوەبوو کتیبەکانی دەبرد و کۆمپیالەی دەداینێ، لێرەدا فیودور میخائیلوفیچ هات بۆ لام تا لەمبارەیەوە شیرەت و ڕاوێژی خۆمان بکەین، ئەو سەردەمە هیچ زانیارییەکم سەبارەت بە کۆمپالەێن بازرگانی نەبوو، بۆیە بە مێردەکەم گوت بە قسەوە مشتەرییەکە بگرێت، تا دەچم بۆ لای خاوەن چاپخانەکە، کە لە نزیکی ماڵی ئێمە بوو، خۆشبەختانە یەکێک لە برایانی ( بانتیلییف) م بینی کە پێی گوتم ئەم سەواو مامەڵە باشە لەکیس خۆم نەدەم، دڵنیای کردم کە دەتوانێ کۆمپیالەکانی کوچانچیکوف، داشکێنێ و لەبری قەرزی چاپخانەکە کە لامان مابوو، لێمانی وەربگرێت، بەم هەواڵانەوە بۆ ماڵ گەڕامەوە و کوچانچیکوف یەکسەر سێ ( کە هەمیشە بەو ئیحتوبارەی بازرگانێکی کارامە بوو) کۆمپیالەی بە بایی هەفت سەد و سی و پێنج ڕۆبڵی بۆ نووسین و فیودورمیخائیلوفیچ، پسوولەیەکی دایە کە بڕوات کتێبەکان لە چاپخانە وەبگرێت.

بە کورتییەکەی کارەکەمان سەرەتایەکی باشی هەبوو، لە کۆتایی ساڵدا سێ هەزار نوسخەمان لە کتێبەکە فرۆشت و ساغکردەوە، بەڵام پێنج سەد نوسخەکەی دی بە دوو- سێ ساڵ ئەوسا فرۆشرا، لە ئەنجامدا دوای هەموو حیساب وکیتاب و مەسرەفێک، پتر لە چوار هەزار ڕۆبڵمان قازانج کرد، کە توانیمان هەندێک لەو قەرزانە بدەینەوە کە لە مێژبوو لە سەرمان بوو.

وابزانم ئەزموونی یەکەمجارمان خراپ نەبوو: دوو سێ دەستبڕ و فریبۆک، دەرفەتیان لە بێ ئەزموونی من، لە واری پەخش و بڵاوکردنەوەدا هێنا، بەڵام ئەم

زەرەر و خەسارەیە فێری کردین کە ئیتر وریاتر بین و مل بۆ هەموو مامەڵەیەکی تەماحبزوێن نەدەین، کە بەڕواڵەت باشبێ و پاشان خراپ دەرچێت.

(ئەهریمەنان) ناونیشانێکی باش نەبوو، هەموو ئەوانەی دەهاتن بۆ کڕینی، کاتێ لە کچەی کتێبفرۆشیان داوا دەکرد، هەریەکە و بە ناوێکەوە داوای دەکرد، هەندێک بە ( هێزی دوژمنایەتی) ناویان دەبرد، هەندێک دەیانگوت:" هاتووین بۆ کڕینی ئیبلیسەکان". یەکێکی دی دەیگوت: "دە نوسخەم لە جن وێدە"، تەنانەت دایەنە پیرەکەشمان دوای ئەوەی چەند جارێک گوێی لە ناوی رۆمانەکە بوو، گلەیی لەلای من کرد و گوتی "لەوەتای ئەم ( ڕوحە چەپەڵەمان) مەبەستی ئەهریمەنان بوو، بۆ شوقەکەمان هێناوە، منداڵەکە( کوڕەکەم) بەرۆژەوە نیگەرانترە و بە شەو خراتر لە جاران دەخەوێت"

کاتێ فیودور میخائیلوفیچ لە گۆڤاری هاووڵاتی دەست بەکار بوو، ئەم کارە کە بۆ ئەو هەندێ تازە بوو، زۆری مژووڵ کرد، ئەمە جگە لەوەی لەڕێگەی ئەم کارەوە خەڵکانێکی زۆر و هەمەجۆری دەبینی، منیش لەسەرەتاوە پێمخۆش بوو مێردەکەم، هەندێ گۆڕانکاری لە کارەکەیدا کردبوو و پێموابوو دەرکرنی گۆڤارێکی هەفتانە کارێکی قورس نییە و مێردەکەم دوای سێ دانە ساڵ کاری بەردەوام و قورس لە نووسینی ( ئەهریمەنان) دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت ماوەیەک پشوو بدات و ئیسراحەتێک بکات، بەڵام بەرە بەرە بۆم بەدیارکەوت مێردەکەم، هەڵبەتە خۆیشی هەستی کرد، بە قەبووڵ کردنی ئەم کارە کە لە کەسایەتی ئەو نەدەوەشایەوە، هەڵەیەکی گەورەی کردووە، فیودور میخائیلوفیچ بە ویژدانێکی زیندووەوە کاری سەرنووسەری دەکرد، هەرهەموو ئەو وتارانەی دەخوێندەوە کە بۆ گۆڤارەکە دەهاتن، ئەمە جگە لە چاک کردنەوەی ئەو وتارانەی کە ناشیانە دەنووسران و هەندێکیان لە نووسینی خاوەنی گۆڤارەکە* بوون( * نامەی فیودور میخائیلوفیچ بۆ من، بەرواری ٢٩/ یولیو/ ١٨٧٣ ئا. گ. دوستویفسکایا+١٥٤) دیارە ئەمە وەخت و کارێکی زۆری لێدەبرد، تاکو هەنووکەش دوو سێ دەستنووسی هۆزانم لەلا هەن کە زۆر بە بێ سەروبەری نووسراون، بەڵام بەهرەداریان پێوە دیارە، کە پاشان هەمان ئەو شیعرانە، دوای ئەوەی فیودور میخائیلوفیچ چاکی کردوون و مشت وماڵی داون، زۆر بە جوانی بڵاوبوونەتەوە.

جگە لە خوێندنەو و چاککردن و پێداچوونەوەی وتارێن خەڵکی دی، ئەرکی ئەو نامە و نامەکاریانەی کە دەگەڵ نووسەرانی گۆڤارەکەدا ئەنجام دەدران کەوتە ئەستۆی فیودورمیخائیلوفیچ، کە زۆربەی هەرە زۆریان بە دەقی خۆیانەوە بڵاودەبوونەوە، خۆ ئەگەر ئەو نامانە کورت بکرابانەوە یا دەستکاری کرابان ئەوا ئەو نووسەرانە نامەی زۆر توند و هەندێجار بێ شەرمانەیان بۆ دەنارد، فیودورمیخائیلوفیچ لەم

جۆره نامانه بێدەنگ نەدەبوو، توندتر وەڵامی دەدانەوە، کەچی بۆ سبەینێ پەشیمان دەبووەوە، جا چونکە من وەڵامی ئەو نامانەم بۆ خاوەنەکانیان دەناردەوە، دەمزانی مێردەکەم بۆ سبەینێ زێوان دەبێتەوە، وەڵامی نامەکانم لای خۆم گل دەدایەوەو یەکسەر نەم دەنارد، ڕۆژی دوایی کە دەمبینی لە پەشیمانیدا پەنجەی خۆی دەگەزیت، خێرا پێمدەگوت، ئەم نامەیەم ( بەڕێکەوت) ڤڕێ نەکردووە، هەنگێ فیودور میخائیلوفیچ، کە هێور دەبووەوە، نامەیەکی نەرمتری دەنووسی، ئێستاش لە ئەرشیفەکەمدا پتر لە دە نامەی لەم نامە "توورانەم" پاراستووە کە دەشیا مێردەکەم دەگەڵ خەڵکانێکدا بەشەڕ بدات کە هەرگیز حەزی نەدەکرد دەگەڵیان بەشە بێت، بەڵام لە بێزای یا شەکەتیدا خۆی پێ نەدەگیرا و بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ غروور و کیبریای بەرانبەرەکەی، خاوەن نامەکە بکات، بە ڕاشکاوی و بێ هیچ پێچ و پەنایەک وەڵامی دەدایەوە.

فیودور میخائیلوفیچ هەمیشە مەمنوونی من دەبوو کە ئەو نامانە بە ڕێکەوت ڤڕێ نەدەکران.

فیودورمیخائیلوفیچ زۆرجار ناچار دەبوو، هەرچەندە دەستەی نووسەران سکرتێری خۆی هەبوو، بکەوێتە گەنگەشەی شەخسییەوە، سکرتیری گۆڤارەکە ناوی ڤیکتۆر فیوفیلیڤچ بوتسیکوفیچ* بوو (* ڤیکتور فیوفیلیڤیچ بوتسیکوفیچ ١٨٤٣- ١٩٠٩ نووسەر بوو، لە سالانی ١٨٧٤- ١٨٧٩ دا نووسەری گۆڤاری هاووڵاتی بوو، لە سالانی ١٨٧٩-١٨٨١دا لە بەرلین گۆڤاری "هاووڵاتی ڕووسی" دەردەکرد) بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکانەی لە گۆڤارەکەدا کاریاندەکرد حەزیاندەکرد لەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا قسە بکەن، زۆر بەدحاڵیبوونی لەمەوە بۆ دروست بوو، فیودور میخائیلوفیچ لە قسەکردن و ڕەفتاریدا ڕاستگۆ بوو، کەسێکی قسە لەڕوو بوو، ئەمەش لە دنیای ڕۆژنامەوانیدا، دژمنانی زۆری بۆ دروستکرد!

فیودۆر مدخائیلۆفیچ، لە ماوەی کارکردنیا لە گۆڤاری "هاووڵاتی"،جگە لە زیانی مادی، زۆر زیانی دەروونیشی لێکەوت،ئەو خەڵکانەی کە حەزیان لە ڕەوت وڕێبازی گۆڤارەکە نەدەکرد، یائەوانەی ڕقی شەخسییان لە میشیرسکی بوو،ڕووی ڕق و کینەیان دەکردە دۆستۆیفسکی.تەنانەت لە مەیدانی ئەدەبیشدا کۆمەڵێک ناحەزو نەیاری بۆ پەیدا بوو، تەنیا لەبەر ئەوەی سەرنووسەری ئەم گۆڤارە محافەزەکارە بوو+١٥٥

سەیر لەوەدایە گەلێک لەو کەسانە پێش و پاش مردنەکەشی هەر لەسەر بوغزاندنی بەردەوام بوون، نەیانتوانی چاوپۆشی لەوە بکەن کە لە گۆڤاری "هاووڵاتیدا" نووسەر بوو، تا ئێستاش ڕاوبۆچوونە ڕقنەکانیان لە ڕۆژنامە و بڵاڤۆکاندا بڵاودەبنەوە.

فیودور میخائیلوفیچ لە سەرەتای کارە تازەکەیەوە هەڵەیەکی کرد لە "هاولاتیدا" (لە وتارەکەی میرمیشیرسکی "نوێنەرانی قیرغیزیا لە سان پترسبورگ" ) دا چەند وتەیەکی تزاری کە ئاڕاستەی نوێنەرەکانی کردبوو+١٥٦ بە نموونە هێنابووەوە.

هەڵبەتە بە گوێرەی ڕێسای سانسۆری باوی ڕۆژ، یاساغ بووبەبێ ئیزنی وەزیری دەرباری پاشایەتی، وتەێن ئەندامانی خانەوادەی پاشایەتی بڵاوبکرێتەوە چ جای وتەێن خودی پاشا، مێردەکەم هیچی دەربارەی ئەم بەندەی یاسا نەدەزانی، بەبێ پارێزەران بۆ دادگایان بانگکرد، دادگا لە ١١/ یونیو/ ١٨٦٣ دا لە دادگای هەرێمی سان پترسبورگ بەرپاکرا* (* دادگا لەم ئەندامانە پێک هاتبوو: میر ی.م. بورخ، ف.ن. کریستیان، ک.ئا. بیلیلیاسوف، نایبی گشی گ. زیگیر، (ئا،گ دوستویفسکایا) فیودور میخائیلوفیچ بەخۆی لەوێندەر ئامادە دەبێت، هەڵبەتە دان بە هەڵەکەی خۆیدا دەنێت، ئیدی حوکمی جەریمەیەکی بیست و پێنج ڕۆبڵی و دوو ڕۆژ زیندانی دەدرێت لە مەخفەری سەرەکی+١٥٧. مێردەکەم نیگەرانی ئەوە بوو لە لایەکەوە نەیدەزانی کەی دەبێ سزاکەی بەرێتە سەر و لەلایەکی دییەوە نەیدەتوانی بێت بۆ روساو پەیوەندی بە ئێمەوە بکات، لەکاتی حەپسیەکەیدا دەگەڵ سەرۆکی دادگای هەرێمی سان پترسبورگدا، ناسیاوی پەیدا دەکات کە ئەوسا ئاناتولی فیودوروفیچ کونی* بوو ( *ئاناتولی فیودوروفیچ ١٨٤٤- ١٩٢٧: کەسایەتییەکی گشتی، پیاوێکی قەزا، وەشانکار و ئەدیب بوو) کە ئەوپەڕی هەوڵیدا مێردەکەم لە باشترین شوێندا حەپس بکرێت، ئیدی لەم ڕۆژەوە پەیوەندی دۆستایەتیەکی بتەو لە نێوان کونی و مێردەکەمدا چێبوو و تا مردن بەردەوام بوو+ ١٥٨.

دەبوایە باربکەین بۆ شوقەیەکی دیکە، تا لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هاووڵاتییەوە نزیک بین، بارمانکرد بۆ شەقامی لیموفسکایا، گەڕەکی گوسیف، بیانەیەی سلیفچانسکی، دیارە لە هەڵبژاردنی ئەم شوقەیەدا سەرکەوتوو نەبووین. ژوورەکان بچووک بوون، دابەشکردنی ژوورەکان زۆر ناقۆڵا بوو، جا چونکە لە نیوەی زستاندا بارمانکرد، ناچار بووین مل بۆ هەندێ شت بدەین کە بەدڵمان نەبوو، یەکێک لەو شتانە شەخسیەتی شپرزەو هەڵەشەی خاوەن ماڵەکە بوو، پیرەمێردێکی ئەتوار غەریب بوو، نە من و نە مێردەکەم لە هەڵچوون و کەڵکەڵەکانی ڕازی نەبووین، کە لە نامەیەکی بەرواری ٨/١٩ ی فیودور میخائیلوفیچدا بۆ من، باس کراوە١٥٩+.

لە بەهاری ساڵی ١٨٧٣دا، لە سەر داوای دکتۆر دەگەڵ منداڵەکاندا چووم بۆ ستاریاروسا، بۆ ئەوەی بۆ چارەسەر بۆ گەراوەکانی ئەوێیان بەرم، کە ساڵی پار زۆریان سوود لێ بینی بوو، ئەمجارەیان لە ماڵی قەشە رومیانتسیف نەماینەوە، چونکە ماڵەکەی بە خەڵکانی دی بەکرێ دابوو، ئیدی چووینە خانووەکەی عەقید

ئەلکسندر کارلوفیچ گریبی* ( *ئا. ک. گریبی ۱۸۰٦- ۱۸۷٦ خاوەنی ئەو خانووە بوو کە دوستویفسکی لە ستاریاروسا، تیایدا ئاکنجی بوو.( کە بەخۆی لە دایەرەی ئیسکانی لەشکریدا، لە زەمانی ئاراکچیفدا* لە خزمەتدا بوو(* ئەلکسی ئاندرویفیچ ئاراکچیف، ۱۸٦۹- ۱۸۳٤: وەزیری کاتی بوو لەسەردەمی تزار پاڤلی یەکەم و لەسەردەمی تزار ئەسکندری یەکەمدا، لە ساڵانی ۱۸۰۸- ۱۸۱۰ دا وەزیری جەنگ بوو.) دابڕان لە ماڵ و منداڵ بۆ فیودور میخائیلوفیچ کارێکی زۆر قورس بوو، هەستی بە ترس و تەنیایی و دڵتەنگییەکی زۆر دەکرد، بۆیە لە ماوەی وەرزی هاویندا چوار جار هات بۆ لامان، لە ستاریاروسا، ناچاربوو لە غیابی میر میشیریسکیدا هەموو بەرپرسیارێتییەکی دارایی گۆڤارەکە هەڵگرێت، ئەمە جگە لەوەی دەبوایە بە درێژایی وەرزی گەرمی هاوین لە پترسبورگدا بژی و تەحەمولی جەوی ئەوێندەر بکات.

ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی کە باسم کرد، کارێکی خراپیان لە ئەعساب و تەندروستی فیودور میائیلوفیچ کرد و ئەوە بوو لە پایزی ساڵی ۱۸۷۳دا، لەکاری سەرنووسەری بێزار بوو و خەونی بەوەوە دەبینی کە جارێکی دی دانیشێت و مومارەسەی کاری فیلیڤانی بکات.

فیودور میخائیلوفیچ لە ساڵی ۱۸۷۳دا، بۆ ئەندامیەتی کۆمەڵەی ئارەزوومەندانی هەڤۆتی (تعلیم) ئاینی هەڵبژێردرا، بەخۆیشی ئەندامی کۆمەڵەی خێرخوازیی سلاڤی پترسبورگ بوو+۱٦۰ ئیدی بەرە بەرە کەوتە هاتووچۆی ئەو دوو کۆمەڵەیە، بازنەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان فراوان بوو، دۆست و ناسیاوەکانی مێردەکەم زۆر سەریان دەداین، جگە لە ستراخوف کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەموو یەک شەمەیەک فراڤینی دەگەڵ ئێمەدا دەخوارد و جگە لە ئەپوللون مایکوف، کە ئەم زستانە زوو زوو سەری دەداین، ڤلادیمیر سیرکیڤیچ سولوڤیوڤ* (* ڤلادیمیر سیرگییڤیچ سولوڤیوڤ ۱۸۵۳- ۱۹۰۰: فەیلەسووف وشاعیر و نووسەرێکی کۆمەلایەتی بوو، دوستویفسکی لە سەرەتای ساڵی ۱۸۷۳وە ناسیاوی دەگەڵدا پەیدا کرد.) کە هێشتا لە تافی لاویدا بوو و تازە خوێندنی تەواو کردبوو کەوتە هاتووچۆ کردنمان ۱٦۱+.

لە سەرەتاوە نامەیەکی بۆ دوستویفسکی نارد، کە دەعوەتی کرد سەردانمان بکات، سولوڤیوڤ، ئەو کاتە کارێکی باشی کردە سەر مێردەکەم تا زیاتر دەیبینی و باسی بابەتی هەمەجۆری لەگەڵدا دەکرد، پتر خۆشی دەویست و ئەقڵ و خوێندەوارییە بەرزەکەی بەگەن دەکرد. جارێکیان مێردەکەم بە ڕاشکاوی هۆی دڵبەندی خۆی پێ ڕاگەیاند و گوتی: _ تۆ کەسیکم بیر دەخەیتەوە ناوی شیدلوفسکی*بوو ( * ئیڤان نیکولایڤیچ شیدلوفسکی، ۱۸۱٦- ۱۸۷۲، شاعیر و هاوڕێی

گەنجی دوستویفسکی، برایانی دوستویفسکی لە ساڵی ١٨٣٧ دا کە بۆ یەکەم جار بۆ خوێندن چوونە ئەنیستیتۆی ئەندازەی پترسبورگ، ئاشنایەتیان دەگەڵیدا پەیدا کرد) لە گەنجیدا کاریگەرییەکی زۆری بەسەرمەوە هەبوو+١٦٢، تۆ چ وەکو ڕواڵەت و چ وەکو ناوەڕۆک زۆر لەو دەچیت، هەندێجار وام دێت بە خەیاڵدا، کە ڕوحی ئەو هاتووەتە ناو تۆوە.

سولوڤیوف پرسی:_ لە مێژە مردووە؟

_ نەء، تەنیا چوار ساڵە.

_ یانی واتدەزانی من لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی پێش مردنی ئەودا بەبێ ڕوح دەژیام؟ فلادیمیر سیرگیڤیچ ئەو پرسیارەی لێکرد و لە قاقای پێکەنینی دا، زۆربەی کات ئاسوودە و ڕووگەش بوو، زوو پێکەنین دەیگرت، هەندێجار بەهۆی حەواس پەرتییەوە شتی عەنتیکەی لێ ڕوودەدا، بۆ نموونە: ڤلادیمیر سیرکیڤیچ دەیزانی مێردەکەم تەمەنی لە سەرو پەنجا ساڵەوەیە، جا چونکە من خێزانی بووم و دەیزانی دەبێ منیش هاوتەمەنی ئەو بم، جارێکیان باسی ڕۆمانەکەی بیسمیسکی* ( چلییەکان) مان دەکرد، ڕووی کردە(* ئەلکسی فیوفیلاکتوفیچ بیسمیسکی ١٨٢١-١٨٨١: نووسەر، خاوەنی ڕۆمانێن (هەزار نەفس و، دەریای هەڵچوو و، ماسۆنییەکان) و ... هتد بوو) ئێمە و گوتی:

_ ئێوەش بەو ئیحتوبارەی لە چلەکانن، ڕەنگە.. هتد.

کە ئەو قسەیەی کرد، فیودورمیخائیلوفیچ پێکەنی و بە تەشەرەوە بە منی گوت:

_ گوێت لێیە ئانیا، ڤلادیمیر سیرگیفیچ، بە چل ساڵانت دادەنێ!

وەڵامم دایەوە:

_ پیاوەکە هەڵەی نەکردووە، لە ساڵی ١٨٤٦دا لە دایکبووم.

سولوڤیوف زۆر تەریق بووەوە و لەو هەڵەیە ژێوان بووەوە کە کردی و هەنگێ بۆ یەکەمجار تەماشای کردم، تا ئەو جیاوازییە زۆرەی نێوان تەمەنی من و مێردەکەم بزانێت، فیودور میخائیلوفیچ لە باسی ڕوخسای ڤلادیمیر سولوڤیوڤدا گوتی یەکێک لە تابلۆکانی ئەنیبال کاراچی* (* کاراچی: خانەوادەیەکی هونەریی ئیتاڵیایی سەر بە قوتابخانەی پۆلۆنیایە، نوێنەرایەتی ڕەوت و ڕێبازی ودوفیکو ١٥٥٥- ١٦١٩ دەکات و برایان ئەگوستینو ١٥٥٧- ١٦٠٢ و ئەینبالی ١٥٦٠- ١٦٠٩ لە پولونیا "ئەکادیمیای ئەوانەی لەسەر ڕێگای ڕاست ڕۆیشتن" (دەوروبەری ١٥٨٥ ) دامەزراند، بەشێوەیەکی تەوفیقی ستایلی مامۆستایانی سەردەمی ڕێنیسانسیان کۆکردەوە،

بەناوبانگ ترینیان ئەنیبالی بوو، کە گەلێ وێنەی شەخسی واقیعی و دیمەنی سروشتی و دیواربەندانی کۆشکی فارنیزی لە ڕۆما (١٥٩٧- ١٦٠٤) کێشا.) م بیر دەخاتەوە کە ناوی ( سەری مەسیحی گەنجە).

ئاشنایەتی فیودورمیخائیلوفیچ دەگەڵ یولیادنیسۆڤنا زاسیتسکایای*(* یولیادنیسوڤناناسیتسکایا، (داڤیدوڤا، بەر لە شووکردن، (؟- ١٨٨٢) نووسەر و وەرگێڕ بوو) کچی دنیس داڤیدوڤی* فیدایی (* دنیس ڤاسیلیڤیچ داڤیدوڤ ١٧٨٤- ١٨٣٩، شاعیر و نووسەری جەنگی بوو.) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٣، کە تازە یەکەم پەناگەی لە پترسبورگدا دامەزراندبوو( سەر بە سرییەی دووەمی فەوجی ئیسماعیلوفسکی بوو) لە ڕێگای سکرتێری نووسینی گۆڤاری هاووڵاتییەوە، فیودور میخائیلوفیچی دەعوەتکرد بۆ دیتنی ئەو خانە و پەناگەیەی بۆ ئاوارانی دروستکردبوو، یولیازاسیتسکایا لە پەیڕەوانی تایفەی ریدستوکییە بوو* (* رید ستوکییە: ناوی تایفە و مەزەبێکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە ڕووسیا پەیدا بوو، تایفەیەکی ئینجیلی مەسیحییە، بەناوی لۆردێکی ئینگلیزییەوە (رید ستوک) ناونراوە چونکە ئەو لە پترسبورگدا بانگەشەی بۆ دەکرد.)

فیودورمیخائیلوفیچ چەند جارێک لە گەنگەشە و مناقەشە ئولیەکانی رید ستوک ١٦٣+ و بانگخوازانی دیکەی ئەم تایفە و مەزەبەدا ئامادەبوو.

فیودۆرمیخائیلوفیچ، ڕێزی زۆری بۆ هزر و دڵپاکی ی.د. زاستیسکایا هەبوو هەندێجار سەری دەدا و هەندێجاری دی بە نامە بەسەری دەکردەوە+ ١٦٤.

ئەویش ( زاستیسکایا ) سەری منی دا و پێشوازیم کرد، بەڕاستی خانمێکی زۆر باش و ناسک بوو، کە مێردەکەم مرد هاوخەمی کردم.

لە ساڵی ١٨٧٣دا هاتووچۆی ماڵباتی (کاشبیریف*) مان دەکرد (* ڤاسیلی ڤلادیمیروفیچ کاشبیریف ١٨٣٦- ١٨٧٥: ئەدیب بوو، گۆڤاری ئەلەندی دەردەکرد.) ڤاسیلی کاشبیریڤ، سەرگەڤاری ماڵ بوو، گۆڤاری ئەلەندی دەردەکرد، بەڵام سوفیا سیرگیڤنای* ژنی، گۆڤارێکی مندالانی دەردەکرد بە ناونیشانی "شەوانی خێزانی" (*سوفیا سیرگیڤنا کاشبیریڤا: ژنی ف.ف. کاشبیریف بوو سەرنووسەری گۆڤاری منداڵان "شەوانی خێزانی" بوو، لە ساڵی ١٨٧٠ وە دۆستی خانەوادەی دوستویفسکی بوو.)

ئەم ژن و مێردە زۆریان ڕێز دەگرتین و بەینیان دەگەڵماندا خۆشبوو، فیودور میخائیلوفیچ حەزی لە سەردان و هاتووچۆیان هەبوو، لە ساڵی ١٨٧٣ دا، ژن و مێرد ئێوارە کۆڕێکی خۆشیان سازکرد، کە نووسەری بەنامێ ئەلکسی بیسمیسکی بەشداری تیاکرد و ڕۆمانەکەی خۆی (بۆرژوایانی بچووک) ی کە هێشتا

بڵاونەبووبووەوە خوێندەوە،بیسمیسکی زۆر سەرنجی ڕانەکێشام: بە زەلامێکی قەڵەوی گێلۆکەم دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەلهەقی ڕۆمانەکەی بەشێوەیەکی جوان خوێندەوە، توانی لێهاتوانە جۆری قارەمانەکانی جیا بکاتەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ، لە ساڵی ١٨٧٣ دا، دۆستایەتییە کۆنەکەی دەگەڵ خانەوادەی شتا کینشنایدردا* (* ئەدریان ئەندریفیچ شتاکینشنایدر ١٨٠٢- ١٨٦٥: تەلارکارێکی خەڵکی پترسبورگ بوو، کۆشکی مارینسکی دروستکرد.) تازەکردەوە کە یلینا ئەندریڤنا* دڵی زندوویان بوو (* یلینا ئەندریڤنا شتاکینشنایدر ١٨٣٦- ١٨٧٩ کیژی شتاکینشنایدر ودیوەخانێکی ئەدەبی هەبوو) کە دەکاتە کیژی تەلارکاری بەنێوبانگ شتاکینشنایدر+١٦٥ بوو، ژنێکی زیرەک و ڕۆشنبیر بوو، هەموو هەفتەیەک لە یەک شومموواندا کۆمەڵێک ئەدیب و هونەرمەندی لە ماڵەکەی خۆیدا کۆدەکردەوە. مامەڵەیەکی زۆر نەرم و نیانی دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا دەکرد، ئێمەش بە هەمان نەفەسەوە مامەڵەمان لەتەکدا دەکرد، هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە من لەم ساڵانەدا بە دەگمەن دەچووم بۆ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە منداڵەکانم هێشتا منداڵ بوون، لە خەم نەڕەخسابوون و دڵم نەدەهات بەسەر دایەنەکەوە بەجێیان بهێڵم.

فیودورمیخائیلوفیچ زۆری لەبەر گران بوو کە بەو ئاوایە لە ماڵەوە دەژیام، لە زستانی ساڵی ١٨٧٣ دا، زۆری لێکردم کە هەرچۆنێک بووە دەرفەت بێنم کە بچم بۆ ئەو ئوپرا ئیتاڵییەی کە گۆرانیبێژانی ناوداری وەکو باتی* ( * ئەدیلینا باتی ١٨٤٣- ١٩١٩: ژنێکی سترانبێژی ئیتاڵی بوو، لە هەفتایەکانی سەدەی نۆزدەدا، لە پتربورگ چالاکییە هونەرییەکانی خۆی پێشکەش دەکرد.) و ڤولیبین* و کالتسولاری* وسکالکی* و ئیڤراردی* و .. هتد، (* ئیمیلیا ڤولیبین ١٨٤١- ؟: ژنە سترانبێژێکی ئیتاڵی بوو، لە هەفتایەکانی سەدەی نۆزدەدا لە پترسبورگ چالاکییە هونەییەکانی خۆی دەنواند.)

( *ئینریکوکالستولاری ١٨٢٣- ١٨٨٨: گۆرانیبێژێکی ئیتاڵی بوو لە شەستەکان و هەفتایەکانی سەدەی نۆزدەدا لە پترسبورگ چالاکییە هونەرییەکانی خۆی دەنواند)

( *سوفیا سکالکی ١٨٥٠- ١٩٢٢: ژنە گۆرانیبێژی ئیتاڵی بوو لە هەفتایەکاندا لە پترسبورگ چالاکییە هونەرییەکانی خۆی پێشکەش دەکرد)

(* کامیللو ئیڤراردی ١٨٢٥- ١٨٩٩: گۆرانیبێژ، مامۆستای کونسرڤاتواری مۆسکۆ و پترسبورگ بوو.) شوێنەکەم لەسەر بانێژەکە بوو کە ڕێک بەرامبەر ئاوێزەیەکی گەورە بوو و تەنیا لای ڕاستی تەختەی شانۆکەم لێوە دیاربوو، هەندێجار تەنیا لاقی خەڵکەکەم دەبینی، بگرە هەندێجار لەو ژنەی تەنیشت خۆم دەپرسی: ئەوە

کێیە کە ئەو پێڵاوە زەردە زەلام یا ئەو پێلاوە پەمەییەی لە پێدایە؟ هەرچەند شوێنەکەم خۆش نەبوو، بەلام زۆرم لەزەت لە دەنگی خۆش و زولاڵی هونەرمەندەکان بینی* (* ئێستاش ئوپرای (Dinorah) م لەبیرە کە باتی گۆرانی دەگوت" ڕێک دەتگوت بولبولە دەخوێنێ" (ئا. گ. دوستویفسکایا) هەروەها خەمی منداڵەکانم نەبوو، چونکە لەم ئێوارە ئاهەنگەدا فیودورمیخائیلوفیچ لە ماڵەوە دەمایەوە و هەر دەنگێک لە منداڵەکانەوە بهاتایە بەهەشتاو فریایان دەکەوت و پێیانڕا دەگەیی.

پەراوێز وڕوونکردنەوە:

١٤٦- ڕۆمانی ئەهریمەنان، چ لەلایەن ڕۆژنامەوانی لیبراڵی و چ لە لایەن ڕۆژنامەوانی دیموکراسییەوە، زۆر بە خراپی پێشوازی کرا، ڕەخنەی زۆر توند لە گۆڤاری ( سیانیا= ڕوناکی)دا بڵاوبوونەوە (١٨٧٣ بەشی یەکەم)، هەروەها لە ڕۆژنامانی:_ بیریچیڤی ڤیدوموستی (١٨٧٢، ژمارە ٨٣)، نوڤوی فریمیا، (١٨٧٣، ژمارە ٦١)، گولوس،( ١٨٧٣، ژمارە ١٨)، هەروەها زۆر وتار و بوچوون و ڕەخنە و داشورین لە سەر وتاری ( سەبارەت بە پێشانگا ) لە ڕۆژنامە دیموکراتەکاندا: (دیلو وئیسکرا) بڵاوبوونەوە، کە بەناوبانگترینیان وتارەکانی د. مینایف، (دیلو، ١٨٧٣، ژمارە یازدە )و ب. تکانتیف. (نەخۆشان، دیلو، ١٨٧٣، هەردوو ژمارەی ٣-٤،) بوو، تەنانەت ڕۆژنامەی "ڕوسکی میر = جیهانی ڕووسی"، کۆنەپەرستیش، دوو جۆرە وتاری لەخۆگرتبوو، ئەوانەی داشداریان لە ڕۆمانەکە دەکرد وەک، ف.ج. ئەڤسینکو، و ئەوانەی گلەییان لە دوستویفسکی دەکرد و دەیانگوت کارەکەی دوورە لە هونەریەت، پڕ لە درێژدادڕی و پەنابردنە بەر خەیاڵ.( روسکی میر ١٨٧٢، ژمارە ٣١٥، ١٨٧٣، ژمارە پێنج،) ڕاستە ئەڤسینکو، لە وتاری ڕەوتی سایکولوجی سوسیۆلۆجی لە ڕۆمانەکەدا، تا ڕادەیەکی زۆر لەسەرنجە ڕەخنەییەکانیا دەستی سووک کردووە و نەرمی نواندووە، (مژدەبەری ڕووسی، ١٨٧٣، ژمارە هەشت)، بەڵام وتارەکانی، ف.ب. بورینین، لە "واریڤاتی سان پترسبورگدا"، تۆنێکی زۆر نەمتری وەرگرتووە، (١٨٧٢، ژمارە پازدە، سێ سەد و چل و پێنج، ١٨٧٣، هەردوو ژمارەی شەش، سیازدە، (سەبارەت بە بورینین، بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە سەد و پەنجا وسێ)، شایەنی باسە ڕەخنەی لیبڕاڵی زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر ڕۆمانەکەی دوستویفسکی، هەرچەندە ئەم ڕەخنەیە زۆر بە توندی هێرشی کردە سەری، بەلام خۆی لە قەرەی شیکردنەوەی نەدا، تاقە بابەتێک کە تۆن و زمانێکی بابەتی و هێمنی لە خۆگرتبوو وشیکردنەوە وخوێندەوەیەکی لۆژیکی بۆ ئەهریمەنان کردبوو،لە کۆی ئەو وتارانەی لە ساڵانی ١٨٧١- ١٨٧٣ دا دەربارەی ئەو ڕۆمانە

بڵاوبوو بوونەوە وتارەکەی ن. ک. میخائیلوفسکی، "چەند سەرنجێکی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی"، بوو کە لە ساڵنامەی نیشتماندا ١٨٧٣، ژمارە دوو بڵاوبووەوە. بڕوانە کتێبەکەی زاموتین ل ١٣١- ١٦٧، کە هەموو ئەو ڕاو بۆچونانەی کۆکردبووەوە، کە لە گۆڤار و بڵاڤۆکە وەرزییەکاندا دەربارەی ئەهریمەنان بڵاوبووبوەوە، بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە سەد و چل و نۆ ١٤٩.)

١٤٧- وادیارە دوستویفسکی کە ناسیاوی دەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەوان نیکولای پتروفیچ سیمیونوفدا پەیدا کردووە، ئەمە لە ڕێگای براکەیەوە ،واتە لە ڕێگای گەڕیدەی ناودار ب.ب. سیمیونوف- تیان- شانسکییەوە بووە، کە پێشتر، لە چلەکاندا لە گروپی پتراشیفسکیدا دەیناسی و پاشان لە تاراوگەدا لە شاری سیمیبالاتینسک دا جارێکی دیکە بینییەوە، ن. ب. سیمیونوف ئەندامی دەستەی نووسینەوەی یاسایەکی تایبەت بە جووتیاران بوو، وا دیارە دەرفەتی ئەوەی بۆ هڵکەوتووە دەربارەی ئەم بابەتە قسە دەگەڵ دوستویفسکیدا بکات.

١٤٨- دوستویفسکی بە خۆی لە دوو نامەیدا، یەکێکیان بۆ ئا.ی. فرانگیل لە ١٨٦٥/١١/٨ و دووەمیان بۆ سونیا ئیڤانوڤا لە ١٨٦٧/٩/٢٩دا دەڵێت بەر لە سەفەرەکەی بۆ هەندەران بیرۆکەی دەرکردنی "یاداشتی نووسەر"ی لە خەیاڵدا بووە.

١٤٩- ف،ب. میشیرسکی لە ساڵی ١٨٧٢ دا دەستی بە دەرکردنی ڕۆڤاری هاووڵاتی کرد، وەکو نووسەر. لە ١٢/١٥/ ١٨٧٢ دا داوانامەیەک بەرزکرایەوە کە دوستویفسکی بە سەرنووسەری هاووڵاتی دابمەزرێت، هەڵبەتە دوستویفسکی وەکو کۆنە "تاوانبارێکی سیاسی" ناسرابوو و لە ژێر تاقیبی نهێنی پۆلیسدا بوو، میشیرسکی بەخۆی ئەم داوانامەیەی پێشکەش بە بەڕێوەبەر و سەرۆکی بەشی سێیەم ب. ئا. شوڤالدوڤ و ئا. ف. شولتز کردبوو،( بڕوانە وتارەکەی کانتور، "زانیارییێن نو دەربارەی دوستویفسکی"- "مژدەبەری ئەدەبی" ١٩٢١، ژمارە یازدە، هەروەها وتارەکەی ی.گ. ئوکسمان، "دوستویفسکی لە دەستەی نووسەرانی هاووڵاتیدا"- لە کتێبی "داهێنانی دوستویفسکی" ئودیسا ١٩٢١، هەڵبەتە دوستویفسکی وەکو ئاناگریگوریڤنا دوستویفسکایا پاشان لە بیروەریەکانیا باسی کردوووە، لەبەر بێ پارەیی و دەستکورتی بەوە قاییل بوو بوو کە لەگەڵ نووسەرانی هاوڵاتیدا کار بکات، ئەمە جگە لەوەی کە دوستویفسکی بە خۆیشی سەری لەوە دەخورا ڕاستەوخۆ لە ململانێ ئەدەبی و سیاسییەکاندا بەشداری بکات.

دوستویفسکی بەو خەیاڵەی کە گەورەترین پۆستی لە گۆڤارەکەدا دەبێ، دەتوانێ بە نووسینی وتاران بەشداری لەو شەڕ وململانێیانەدا بکات. دیارە قەرارەکەی دوستویفسکی، خودانی ڕۆمانی ئەهریمەنان، کە( دنیای ڕەخنەێن دیموکراتی و

تەنانەت لیبرالیش، بە تانە و تەشەریان بۆ بزافی شۆڕشگێڕی و بۆ لاوانی هاوچەرخ دەزانی،) هەڵبەتە ڕەزامەندی دوستویفسکی بێ ئەوەی ببێت بە سەرنووسەری کۆنەپەرستترین هەفتەنامە و هاوکاری دەگەڵ نووسەرێکی وەکو میشیرسکی دوژمنی سەرسەختی پێشکەوتن، کە سەرسەختانە داکۆکی لە فیودالیزم و ئەرستوکراتیزم و دژمنی سەرسەختی ڕیفورمان، لە نۆڕینی هەموو ڕۆژنامەکانی پترسبورگەوە، بە گوێزانەوەیەکی ئاسایی دوستویفسکی بۆ بەرەی کۆنەپەرستی هاتە لەقەڵەم دان. دوستویفسکی بەتەمای ئەوە بوو،هەرکە وەکو نووسەر لە هاوولاتیدا دەست بە کار بوو، ئازادی و سەربەخۆیی تەواوی لە کارکردندا هەبێت، بەلام زۆر زووتر لەوەی وێنای دەکرد پەنجەی پەشیمانی گەست: دوستویفسکی بەهۆی ڕێنوێنی و دەخالەتە یەک لە دوای یەکەکانی میشیرسکییەوە، بەهۆی ئەو هێرشە زیادەوە کە لەلایەن ڕۆژنامەوانی پترسبورگەوە دەکرایە سەری، چالاکییەکی ئەوتۆی ڕۆژنامەوانی بۆ نەمایەوە، ئەمە کردییە کارێک ڕەوشی دوستویفسکی لە دنیای ڕۆژنامەوانی ئەدەبیشەوە تەواو کز ببێت، دوستویفسکی لەماوەی ئەو ساڵەدا کە وەکو نووسەر لە هاوولاتیدا کاری دەکرد، ئازارێکی دەروونی زۆری کێشا، نەک تەنیا بەهۆی نەیارانی میر میشیرسکییەوە بەڵکو بەهۆی هێرش و دژایەتی زۆربەی ڕۆژنامەکانی ڕووسیاوە، جگە لە گۆڤاری "پەیڤێنی خانەوادەیی"، و "مژدەبەری ڕووسی" فسیڤۆلد سولوڤیوف- دوستویفسکی لە بیرەوەریانی هاوعەسرەکانیا، بەشی دووەم، ل ١٩٦- ١٩٧) زۆری پێ نەچوو ناکۆکی ناوخۆیی سەری هەڵدا، بەتایبەتی کێشماکێشی "ئایدولۆژی" توند لە نێوان دوستویفسکی و میشیرسکی، کە بووە هۆی لێکدی دابڕانیان، میشیرسکی بە ئاشکرا دەیگوت دەبێ سانسۆر بخرێتە سەر قوتابیانی گەنج، دوستویفسکی کە هەیڤی یازدەی ١٨٧٣ دا نامەیەکی بۆ میشیرسکی نووسی کە بەم جۆرە ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت: "ئەم بیرۆکەیەی تۆ دەگەڵ بیر و هزرینی مندا تێکناکاتەوە، تووشی نیگەرانی کردم" .( نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ٨٨) سەبارەت بە کارکردنی دوستویفسکی لە هاولاتیدا بڕوانە: ف.ب. میشیرسکی، بیرەوەرییەکانم بەرگی یەکەم، سان پترسبورگ ١٨٩٨ (ئەم بیرەوەریانە زۆر دوورن لە بێلایەنییەوە، میشیرسکی بە هیچ جۆرێ باسی ناکۆکی و هەڤدژی نێوان خۆی و دوستویفسکی نەکردووە)، بیرەوەرییەکانی، ڤ.ڤ. تیموفیڤا، (ئا، بوچینکوڤسکایا) و م. ئا.ئەلکسندروڤا لە کتێبی: "دوستویفسکی لە بیروەریانی هاوعەسرەکانیدا، بەرگی دووەم و هەروەها ئەو کارە ناوازەیەی کە ف. ق. ڤینوگرادوف ئامادەی کردووە: ف.م . دوستویفسکی وەکو نووسەرێکی هاوولاتی و نووسەرێکی گومناوی وتارێن هەجوو لە کتێبەکەیدا، (کێشەی دانان و تیۆری شێوازان) موسکۆ، ١٩٦١.

١٥٠- ئەلكسندر ئوستینوفیچ بوریتسکی لە چلەکاندا ناسیاوی دەگەڵ دوستویفسکیدا پەیدا دەکات، (بڕوانە نامەکانی دوستویفسکی بۆ بوریتسکی لە چلەکاندا- نامەکان بەرگی یەکەم) ، ف.ف. تیموفیڤا، (ئا. بوچینکوفسکایا) دەڵێت: "دوستویفسکی لەلای من ئیعتراف دەکات کە: من متمانەیەکی تایبەتیم بەم مرۆڤە هەیە. لە هەموو ڕووداوە دژوارەکاندا و لە ساتە گوماندارەکانی ژیانمدا پەنام بۆ دەبرد و هەمیشە دڵخۆشی دەدامەوە و پشتیوانی لێدەکردم." (دوستویفسکی لە بیرەوەیانی هاوعەسرانیدا، بەشی دووەم، ل ١٦٢.) موریتسکی لە شەستەکاندا بەشی،" ڕانانی ڕەخنەی لۆکاڵی"، لە گۆڤاری برایانی دوستویفسکیدا، "کات" دا بەڕێوە دەبرد، دوای مردنی میخائیل دوستویفسکی ١٠/٦/ ١٨٦٤ تا گۆڤارەکە وەستا.

ستراخوف لە بیرەوەرییەکانیدا تاریفی بوریتسکی دەکات و دەڵێت:" ئینسانێک بوو زیرەک، ڕۆشنبیر، خاوەنی دڵ و دەرونێکی جوان بوو، دڵی هێندە پاک بوو گەردی پێوە نەبوو، لە کانگای دڵەوە خەمی گۆڤاری "سەردەم"ی دەخوارد، (ئوتوبیوگرافیا، ل ٢٧٢،) سەبارەت بە ڕۆڵی ئەلکسندر بوریتسکی لە گۆڤاری سەردەمدا، بڕوانە وتارەکەی ئا. س. دولینین "دەروازەیەک بۆ مێژووی سانسۆر لە هەردوو گۆڤارەکەی هەوەڵینی دوستویفسکی"- لە کتێبی دوستویفسکیدا، بەرگی دووەم. ل ٥٧٤، ٥٧٧)

١٥١- یڤگینی ئەلکسندروفیچ بیلوف- مامۆستا، دیرۆکنووسی بزافی سلاڤیەت و دانەری کتێبە بە نیوبانگەکەی "مێژووی ڕووسیا پێش ڕیفۆرمەکانی پتروسی گەورە،" (١٨٩٦) لەوێدا بە تێر و تەسەلی گۆشەنیگا و باوەڕی خۆی سەبارەت بە بزافی سلاڤیەت دەربڕیوە، سەیر ئەوەیە بیلوف لە گەنجیدا دڵبەند و داشداری سوسیالیزمی توباوی بوو، لەڕاستیدا لەو ڕووەوە هاوفیکری دوستویفسکی بوو، بیلوف لە ساڵی ١٨٧٣ دا، لە بەشی "پێرستاندا"، لە گۆڤاری هاووڵاتیدا دەستبەکار بوو، چەندین وتاری لە هاووڵاتی ساڵی ١٨٧٣ دا بڵاوبوونەتەوە، (ژمارەکانی: ٣٠،٢٦،٢١، ٣١، ٣٢.)

١٥٢ - بڕوانە نامەکانی دوستویفسکی بۆ میخائیلی برای ٣١/١٢/ ١٨٤٣ یەنایەر و ئەپریلی/١٨٤٤،ئۆکتۆبەری/١٨٤٦.( نامەکانی بەرگی یەکەم، ل ٦٧،٦٨،٦٦-١٠١،١٠٠،٧١،٧٠)

١٥٣ - دیارە ئاناگریگوریڤنا مەبەستی ئەو بۆچوونە توندانەیە کە ڕەخنەی هاوچەرخ ئاراستەی ڕۆمانی ئەهریمەنانی دەکرد،( بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە سەد و چل و شەش) هەروەها مەبەستی ئەو پێشوازییە سارد و سڕەیە کە لە ڕۆمانی گەمژە کرا، هەڵبەتە دوستویفسکیش زۆرجار هەمان بۆچوونی ئاناگریگوریڤنای هەبوو سەبارەت بە ڕاوبۆچوونی ڕەخنەگرانی هاوچەرخ، کە زیاتر دەیخستە خانەی "دژمنانی" خۆیەوە، دوستویفسکی بە هەمان توندی مامەڵەی

دەگەڵ بێدەنگی ڕەخنەگرەکان و ڕاوبۆچوونە دژمنانەکانیانا دەکرد، کەچی ڕاوبۆچوونی خوێنەرانی ئاسایی بەسەر وتارانی سەرڤە سەرڤەو تەرفداری ڕەخنەییدا پەسند دەدا،ئەوەتا لەمبارەیەوە لە سەرنجێکیدا کە لە ساڵی ١٨٧٦ دا کە لە دەفتەرەکەیدا تۆماری کردووە دەڵێت:" من هەمیشە لەلایەن جەماوەرەوە پشتیوانی دەکرێم نەک لەلایەن ڕەخنەوە، هەندێ لە ڕەخنەگران، بەی بە کۆتایی ڕۆمانی گەمژە دەبەن، ئەم دیمەنە بەهێزەی کە هەرگیز لە ئەدەبدا دووبارە نەبووەتەوە، دەی باشە خۆ جەماوەریش دان بەمەدا دەنەن." (ئەرشیفی ناوەندی ئەدەب وهونەر.)

بەڵام ڤیکتۆر بورینین، لە نیوەی دووەمی شەستەکانەوە زۆری دەربارەی دوستویفسکی نووسیوە، بەتایبەتی لە هەردوو ڕۆژنامەی( واریقاتی سان پترسبورگ و، سەردەمی نوێ)، بەڵام نووسینەکانی زۆر سادە و سەرڤەسەرڤەبوون و زۆربەی کات لە غەرەز بەدەر نەبوون، بورینین پێی وایە ڕۆمانی گەمژە: " کەشکۆڵێکی چیرۆکڤانییە لە کۆمەڵێک بوویەر و کارەکتەرێن سەخیف پێکهاتووە، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ ئامانجێکی هونەری ڕیزکراون و دراونەتە دەم یەکەوە،" (واریقاتی سان پترسبورگ، ژمارە دووسەد وپەنجا، ساڵی ١٨٦٨). هەرچەندە بورینین، ڕەخنەگربوو لە ڕۆژنامەیەکی لیبراڵدا، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕەخنەییە تەوسامێزانەدا نەبوو کە لە ڕۆمانەکە دەگیرا، زۆر بە توندی ئەو راوبۆچوونانەی ڕەفزکرد کە ڕۆمانی ئەهریمەنانیان دەخستە ڕیزی ڕۆمانەکانی لیسکوف و ئەفسینکو و مارکیفیچەوە، لەوبارەیەوە پێیوایە تەنانەت لایەندارترین لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە، " زادەی باوەڕێکی خالیسەن، هیچ ڕیا و مەراییەکی بۆ جەماوەر تیا نییە، نەهاتووە ختووکەی هەست و سۆزی جەماوەر بدات، وەکو ئەوەی لە ڕۆمانەکانی ئەو مامۆستایانەدا ئەمە هەیە،" (واریقاتی سان پترسبورگ. ژمارە سیازدە، ساڵی ١٨٧٣). هەڵبەتە ئەم بۆچوون و رایە کارێکی زۆر باشی لە دوستویفسکی کرد، وتارەکەی "بورینین"ی زۆر بەدڵ بوو و دەڵێت ڕەخنەگر" لە شیکردنەوەی ڕۆمانی ئەهریمەناندا کە باسی ئەوە دەکات من باوەڕێکی جیاواز لە باوەڕی جارانی خۆمم پەیدا کردووە، ئەمە لە دڵەوە و ڕاستگۆیانە ڕوویداوە،( ئەمە هەرگیز بە مەبەستی خۆ نواندن نەبووە،) ئەم دەستەواژەیە کاری لە کانگای دڵم کرد" ( کتێبخانەی دەوڵەتی لینین). کەواتە پێویستە لەبەر ڕۆشنایی ئەم هەڵوێستەدا، سووکە بەراوردێک لە نێوان ئەوەدا کە بورینین گێڕاوێتییەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ئاناگریگوریڤنا لە بیرەوەرییەکانیا لەبارەی بیلینسکی و دوبرولیوبۆف گێڕاوێتییەوە بکەین. ئەو وتارە بە پێزانەی کە بورینین دەربارەی ڕۆمانی برایانی کارامازۆف نووسیویەتی، (سەردەمی نو، ساڵی ١٨٧٩، ژمارەکانی ١٠٨٧. ١٢٧٣، ١٣٥٧) کە ڕەخنەگر بە شێوەیەکی زۆر ئەرێنی مامەڵەی دەگەڵ کارە تازەکەی

دوستویفسکیدا کردووە، تەنانەت دەڵێت ئەم ڕۆمانە لە ڕووی قووڵی و تازەیی مالیجەکردنی ژیانی ڕووسیەوە "بە دەقات لە زۆربەی ئەو چیرۆک و ڕۆمان و کارە کارە درامی و کومیدییە مودێرنانەی هەن، مودێرنترە" ئەمە جۆرە هاوسۆزییەکی لای دوستویفسکی بەرامبەر بە ڕەخنەگر دروستکرد و ئەو هەست و سۆزە لە بیرەوەرییەکانی ژنەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، لێ ئانا گریگوریڤنا، توانیویەتی لە نێو ئەو ڕەخنەگرە هاوچەرخانەدا کە بایەخیان بە کارە فلیڤانییەکانی دوسیوتفسکی داوە، ناوێکی شایستەتر لە بورینین بدۆزیتەوە، کە ئەویش ڤالیریان نیکولایوفیچ مایکۆفە، کە لە وتارەکانیا، "چەردەیەک لەمەڕ ئەدەبی ڕووسی لە ساڵی ١٨٤٦ "دا، (واریقاتی نیشتمانی، ساڵی ١٨٤٧، بەرگی پەنجا) ئاماژەی بۆ لایەنی لێکچوونی ریالیزمی گوگوڵ و ریالیزمی دوستویفسکی کردووە و زۆر بە وردی لایەنی جیاوازی نێوانیانیشی بەم وتەیە دەستنیشان کردووە:" گوگوڵ شاعیرێکی کۆمەلایەتی مەیلە، بەڵام دۆستویفسکی سایکۆلۆژی مەیلە."

١٥٤- نامەکان بەرگی سێیەم. ل ٧٠. دوستویفسکی بەخۆی بە ئاشکرا لەم نامەیەدا ٢٩/ یولیو/ ١٨٧٣، دەڵێت سەر لە نوێ وتارەکەی میشیرسکی دەربارەی تیوچیف دارشتووەتەوە، وتاری "یادگەی گەشی تیوچیف" دوای ئەوەی دوستویفسکی پێیدا چووەوە لە هاوڵاتی ژمارە سی و یەک بەرواری ٣٠/یولیو/ ١٨٧٣ دا بڵاوبووەوە،( لەم بارەیەوە بڕوانە: ن. بیلچیکوف، دوستویفسکی دەربارەی تیوچیڤ، وتارەکەی ف میشیرسکی "یادگەی گەشی تیوچیڤ"ی لەگەڵە، گۆڤاری "ڕابردوو"، ژمارە پێنج ساڵی ١٩٢٥)

١٥٥- فسیڤۆلدسولوڤیوڤ لە "بیرەوەری دەربارەی ف.م. دوستویفسکیدا" دەڵێت:" کە یەکەمجار یەکمان بینی زۆری ئومێد بەم کارە تازەیەی هەبوو، بەڵام ئەم کارە ئومێدی سەرکەوتنی لێنەدەکرا، چونکە ئێمە هەم خۆیمان دەناسی هەم ژینگەکەیمان دەناسی کە تێی کەوتبوو، ناوی گۆڤارەکە زڕابوو، هەرچی ڕۆژنامەوانی وەخت هەبوو زۆر بە توندی و خراپی هیرشیان دەکردە سەر گۆڤارەکە"، لە هەموو لایەکەوە تانە و تەشەر بەسەر سەرنووسەرە تازەکادا دەباری، جا تانە و تەشەری گەوجانە و بێ شەمانە، ئیدی نووسەر و خاوەنی( تاوان وسزا و، یادگارییەکانی خانەی مردوان)، کەوتە بەر هێرشی نەیاران و هەزار و یەک ناو و ناتۆرەی وەک: شێت، وڕێنەباز، دێوانە، پاشڤەڕۆ، کۆنەپەرست و خاینی دواخرا، بەڵکو داوایان لە جەماوەری خەڵک دەکرد بچن بۆ گەلەری ئەکادیمیای هونەران، " تاتەمەشای ئەو وێنەیەی دوستویفسکی بکەن کە پیروف کێشابووی، بۆ ئەوەی بزانن کە شوێنی ئەم کەودەنە شێتخانەیە." ( دوستویفسکی لە بیرەوەریانی هاوعەسرەکانیا، بەرگی دووەم، ١٩٦- ١٩٧.)

١٥٦- وتارەکەی میشیرسکی،" نوێنەرانی قیرغیزیا لە سان پترسبورگ" کە لە هاووڵاتی ژمارە پێنج، ٢٩/ ینایر/١٨٧٣دا بڵاوبووەتەوە ئەم پەرەگرافەی لە خۆگرتووە: "کۆنترین نوێنەر کە ناوی سوڵتان محەمەد (........) بوو، هەستا ئەو وتارەی خوێندەوە کە بە ناوی گەلەوە نووسیبووی، بە زمانێکی سفت وڕوون و ڕەوان خوێندییەوە: "خاوەن شکۆ تزار"- بەڵام کاتێ تزار ناڕەزایی لە سەر ئەم وشانە دەربڕی و گوتی:" ئایا بە ڕووسی قسە دەکەی" ئیدی محەمەد پەشۆکا، تەنانەت چەند وشەیەکی بە دەنگی نزم و بە زمانی قرغیزی لە وتارێک خوێندەوە کە ئامادەی کردبوو و ئەوجا زمانی چووە کلیلە،( سەبارەت بەم پەرەگرافە بڕوانە: ی.گ. ئوکسمان،" ف.م. دوستویفسکی لە دەستەی نووسەرانی هاووڵاتیدا"- لە کتێبی: داهێنانی دوستویفسکی، ئودیسا ١٩٢١ ل ٦٩، ٧١.)

١٥٧- ئەوەی ئاناگریگوریڤنا دوستویفسکایا نووسیویەتی کە دوستۆویفسکی، "هەڵبەتە دان بە هەڵەکەی خۆیدا دەنێت"، دروست نییە، دادگایەکە بەیانی ڕۆژی ١١. یونیو/ ١٨٧٣ بەسترا بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەکەی دوستویفسکی، دوستویفسکی لە دادگا ئامادە بوو، بەلام دانی بە هەڵەکەی خۆیدا نەنا، پارێزەر ف.ب . گایفسکی نوێنەری سەندووقی ئەدەبی، ئامادە بوو تا داکۆکی لێبکات و ڕایگەیاند کە لیژنەی چاودێری و سانسۆر مافی یاسایی نییە شکاتی لیبکات، (بڕوانە گولوس، ١٨٧٣، ١٣/ یونیو، ژمارە ١٦٢.)

١٥٨- سەبارەت بەم پەرەگرافە، ئا.ف. کونی، لە وتارەکەی خۆیدا لە کتێبی، ف.م. دەستویفسکیدا هەرچەندە لەمەدا هەڵەیە دەڵێت دوستویفسکی لەسەر ئەوەی"زانیاری سەبارەت بە سەفەرەکەی تزار"بڵاوکردبووەوە گیرا بوو"(بڕوانە:ئا.ف.کونی، کۆبەرهەمەکانی، بەرگی شەشەم، مۆسکۆ، ١٨٦٨، ل ٤٣٢،) بەهەرحاڵ ڕێکەوت لە ساڵی ١٨٧٣دا ئا.ف. کونی، گەورەپیاوی قانوونی ڕووسی و دوستویفسکی کۆدەکاتەوە، ئیدی ئەم مێژووە دەبێت بەسەرەتای دۆستایەتیەکی دوور و درێژ و ساڵانێکی زۆر بەردەوام دەبێت، نووسەری تاوان و سزا بایەخێکی زۆری بەکێشەکانی سەرپێچی لە یاسا و ڕێسا ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان داوە، "ئا.ف کونی"ش وەکو یاساناسێکی دیار و گەورە، بایەخی بەو جۆرە کێشانە داوە، دوستویفسکی بە فەزڵی ئەو توانی لە چەند دانیشتنێکی دادگاییدا لە پترسبوورگ لە هەفتایەکاندا ئامادە بێت، کونی لە ساڵی ١٨٧٥ دا زەمینەی بۆ دوستویفسکی خۆشکرد کە سەفەرێکی مەڵبەندی تاوانبارانی نەوجەوان بکات، لە ئەنجامدا ڕۆمانی برایانی کارامازۆف، قەرزارباری ئەو ڕێنوێنیە حەرفییانەیە کە کونی کردوویەتی،( پاژی نۆیەم، "لێکۆڵینەوەیەکی بەرایی" و، پاژی دوازدەیەم، "هەلەیەکی یاسایی"، کونی وێرای وتارەکەی دەربارەی ف. م. دوستویفسکی دوو

وتاری دیکەشی دەربارەی دوستویفسکی نووسیوە کە شەقڵی بیرەوەرییان وەرگرتووە: (بڕوانە ئا.ف. کونی، کۆبەهەم. بەرگی شەشەم. مۆسکۆ، ١٩٦٨)

١٥٩- بڕوانە نامەکان، بەرگی سییەم، ل ٧٧

١٦٠ - ئەمە دروست نییە، مەبەست لیژنەی پترسبورگی سلاڤی خێرخوازییە، کە لە ساڵی ١٨٧٧ دا، کۆمەڵەی سلاڤی خێرخوازی لێبووەوە تا یارمەتی مادی سلاڤیانی بولقان بدات و پشتیوانی لەو خۆبەخشانە بکات کە دەچوون بۆ مەیدانی شەڕی ڕووسیا و تورکیا.

١٦١- هەرچەندە دۆستایەتی دوستویفسکی و سولوڤیوف لە سەرەتای ساڵی ١٨٧٣ وە دەست پێدەکات،( نامەی ڤلادیمیر سولوڤیوف بۆ دوستویفسکی ٢٤/ یەنایەر/ ١٨٧٣- کتێبخانەی دەوڵەتی لینین،) ئەم نامەیە زیاتر باسی براگەورەکەی سولوڤیوڤە، واتە باسی نووسەر و ڕەخنەگر فسیڤولدسولوڤیوڤە، کە لە هەمان سەروبەندا دۆستایەتی دەگەڵ دوستویفسکیدا پەیدا کردووە (بڕوانە فسیڤولد سولوڤیوف، "یادگارییەکانم دەربارەی دوستویفکی-دوستویفسکی لە بیرەوەریانی هاوعەسرەکانیدا، بەشی دووەم، ل ١٨٦- ٢٠٩)

ڤلادیمیر سولوڤیوف، هەرکە لە سالی ١٨٧٤دا ماجستێری وەرگرت، بۆ ماوەی دوو ساڵ سەفەری هەندەرانی کرد، تیزەکەی لە ژێر سەرناڤی، "قەیرانی فەلسەفەی ۆژئاوایی" دا بوو، ئیدی کە لە ساڵی ١٨٧٧ دا، بۆ پترسبورگ گەرایەوە، پەیوەندی دەگەڵ دوستویفسکیدا قوڵتر بوو، زۆربەی دیدارەکانیان لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٧ دا تا پایزی ١٨٧٨ بووە، واتە لەوکاتانەدا بوو کە دوستویفسکی بە بەردەوامی دەچوو بۆ ئەو کۆڕانەی کە ڤلادیمیر سولوڤیوف زۆر سەرکەوتوانە لە سولپانی دەوروبەری پترسبورگدا بە ناونیشانی" چەند خوێندنەوەیەک دەربارەی خواوەندی مرۆڤ" دەیگێڕان، لە یونیوی ساڵی ١٨٧٨ دا، کە بە دووقۆڵی سەفەری دێری ئوبتینایان کرد، دوستویفسکی "بیرۆکە سەرەکییەکەی خۆی" بۆ ڤلادیمیر سولوڤیوف باس دەکات، هەڵبەتە لەگەڵ ئەو نەخشەیەدا کە بۆ زنجیرە ڕۆمانێکی چاوەڕوانکراوی کێشابوو، کە جگە لە "برایانی کارامازوف"، هیچی دیکەیانی نەنووسی، (لەم بارەیەوە بڕوانە: ڤلادیمیر سولوڤیوف، کۆبەرهەم، بەگی سێیەم، سان پترسبورگ، ١٩١٢، ل ١٩٧)

دوستویفسکی لە ١٨٨٠/٤/٦دا ئامادەی گەنگەشەی تێزی دکتۆرانامەی ڤلادیمیر سولوڤیوف دەبێت کە لەژێر سەرناڤی (نقد المبادیءالمحررة) دا هەڵبەتە دوستویفسکی گرنگییەکی زۆری بە بۆچوون و تیۆرییەکانی فەیلەسووفی گەنج دەدا، ئەوەی مایەی سەرنجی دوستویفسکی بوو، جەوهەری ئەو بیرە بوو کە سولوڤیوف

گوزارشتی لێدەکردو زۆر لەمەوە نزیک بوو ،بە تایبەتی کە دەیگوت: "مرۆڤایەتی (....) زۆر لەوە زیاتر دەزانێت کە تاکو ئێستا توانیویەتی لە ڕێگای دەستکەوتە زانستی و هونەرییەکانەوە گوزارشتی لێبکات" (نامەی دوستویفسکی بۆ ئیدوارد یونگ، بەرواری ١١/٤/ ١٨٨٠- نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ١٣٦) دوای مردنی دوستویفسکی، ڤلادیمیر سولوڤیوف، سێ وتاری خوێندەوە، لە هەموویاندا جەختی لەسەر بەها ئاینییەکان لە داهێنانی نووسەردا کردەوە: بەم جۆرە- کڵێسا بەو ئیحتوبارەی نموونەیەکی جڤاکی ئەرێنی و بناغە و ئامانجی هەموو هزر و کارەکانمانە، کە مایەی شانازی هەموو گەلە و ڕێگای ڕاستەوخۆیە بۆ وەدیهاتنی ئەم ئایدیالە- ئەمە دوا وتەیە کە دوستویفسکی پێی گەییوەو هەر هەموو کارەکانی بە ڕوناکییەکی پەیامبەرانە ڕووناک کردوەتەوە" (ڤلادیمیر سولوڤیوف، سێ وتار لە یادی دوستویفسکیدا، مۆسکۆ، ١٨٨٤. ل ١٠). هەڵبەتە گومان لە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ڤلادیمیر سولوڤیوف هەیە، چونکە ئەو بەها و ئایدیالانەی نووسەر (دوستویفسکی) بانگەوازی بۆی دەکرد، زۆربەیان بەلای ئەوەوە غەریب و نامۆ بوون، هەروەها لە بۆچوونە ئاینییەکانیشدا، کە زۆر بە توندی لە سەری نووسیون و بۆ نووسەر و ڕوخنەگر قنستنتین لیونتیفی ناردووە،-" دوستویفسکی زۆر بە گەرمی باوەڕی بە ئاین هەیە، زۆر بەو چاوە سەیری کردووە کە بابەتێکی خۆڕسکە و ڕەگی لە خۆیدایە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە لە واقیعدا، لەسەر زەمینەیەکی ئاینی بوەستێ"، (ڤاسیلی روزانوف، نامەکانی بۆ قنستنتین لیونتیڤ، "مژدەبەری ڕووسی"، ١٩٠٣، ژمارە پێنج، ل ١٦٢) سەبارەت بە دوستویفسکی و ڤلادیمیر سولوڤیوف بڕوانە وتارەکەی فەیلەسووفی ئایدیالیستی ئێرنیست لیوبولدوفیچ رادلوف، "سولوڤیوف و دوستویفسکی" لە کتێبی دوستویفسکی بەرگی یەکەم.)

١٦٢- دوستویفسکی لە بەهاری ساڵی ١٨٣٧ دا هەرکە لەگەڵ میخائیلی برایدا گەییە پترسبورگ، ناسیاوی دەگەڵ ئیڤان نیکولایوفیچ شیدلوفسکیدا پەیدا کرد، دوستویفسکی لە ساڵانی هەوەڵی ئینستیتوی ئەندازەدا، کاریگەری شیدلوفسکی بەسەرەوە بوو، کە چامەی سۆفیانەی گۆنگی دەنووسی، لە قۆناغی ئاشقێنییەکی بەرزدا دەژیا، بە ئاو و تاو باسی مەملەکەتی خۆی دەکرد و خەونی بە لەزەتی خۆکوژییەوە دەبینی، دوستویفسکی بە جۆش و خرۆشەوە باسی شیدلوڤسکی بۆ براکەی دەکرد:" کە تەمەشای دەکەیت شەهیدێک لەبەردەم خۆتا دەبینی، لاواز، گۆناکانی قوپاو، چاوانی تەڕ، پرشنگی حەماسیان لێدەبووەوە، جوانی ڕوحی ڕوخساری، بەسەر بەدەنە (............) سیس و ژاکاوەکەیەوە دەگرژییەوە، کە مرۆڤێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ و ڕاشکاو بوو! کە ڕابردووی (............) بیر دەکەوێتەوە یەکسەر ئەوم دێتە خەیاڵ، لە دوا دیدارماندا پیاسەیەکمان بەیکاتیرینهوفدا کرد، شەومان پێکەوە بەسەر برد، ، یادگارییەکانی وەرزی زستانمان وەبیرهێنانەوە، کە

چۆن باسی هومیروس و شکسپیر و شیللەر و هوفمانمان دەکرد، زۆرمان باسی هوفمان کرد، زۆرمان خوێندەوە، (.....) زستانی ڕابردوو زۆر دڵخۆش بووم، جوانترین کاتەکانی ژیانم بەهۆی ناسینی شیدولوفسکییەوە (.......) بردە سەر، دەتوانم بڵێم یەکیکە لەو هاوڕێیانەی کە بەدڵ زۆرم خۆشدەویێ." ( نامەی بەرواری ١/ یەنایەر/ ١٨٤٠- نامەکان بەرگی یەکەم، ل ٥٦- ٥٧) شیدلوفسکی بۆ ماوەیەکی کەم بە فەرمانبەری لە پترسبورگدا کاریکرد، بەڵام زوو دەستبەرداری بوو و بۆ زێد و زاگەی لە پارێزگای خارکوف گەرایەوە، لەوێ لێکۆڵینەوە و باسێکی گەورەی دەربارەی مێژووی کڵێسای ڕووسی ئامادەکرد، ئەوەی مایەی سەرنجە، ئوردینوفی قارەمانی چیرۆکە نۆبەرەکەی دوستویفسکی، گەلێک لە سیما دەروونییەکانی شیدلوفسکی پێوە دیارە، کە ئەمیش باس و لێکۆڵینەوەیەکی لە مەڕ مێژووی کڵێسا دەنووسی،شیدلوفسکی لە پەنجایەکاندادەچێتە ڕیزی ڕەهبانییەتەوە لە دێری ڤالویسکی، لەوێندەرەوە چوو بۆ حەج بۆ کییف، پاشان بۆ گوندەکەی زڤرپییەوە، لەوێندەر مایەوە تا کۆتایی ژیانی، دوستویفسکی بە درێژایی تەمەنی هەر یادی بەخێری ئەم هاوڕێی لاوییەی خۆی کردەوە، فسیڤولدسولوڤیوڤ دەیگێڕێتەوە و دەڵێت کە داوای لە دوستویفسکی کردووە لایەنێکی ژیانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە تا وتارێکی لە سەر بنووسێت، دوستویفسکی پێی گوتووە:" زۆر پێویستە لە وتارەکەتدا باسی شیدلوفسکی بکەیت، پێویست ناکات بڵێی کە کەس نایناسێت، ناو و شوورەتێکی ئەدەبی لە دووی خۆی بەجێ نەهێشتووە، تو زاتی خوا گیانەکەم باسی ئەوە بکە لە بەلای منەوە کەسێکی گەورەبووەو نابێ ناوی کوێر ببێتەوە،" (دوستویفسکی لە بیرەوەریانی هاوعەسرەکانیا، بەرگی دووەم، ل ١٩١) کەسایەتی شیدلوفسکی، ڕۆمانسیی ڕووسی، تا ئەبەد لە خەیاڵدانی دوستویفسکیدا چەسپی، ئوردینوفی قارەمانی چیرۆکەکەی دوستویفسکی "خاوەن ماڵ"، یەکەم قارە،مانە لە نێو قارەمانانی دوستویفسکیدا کە ڕێگای ڕۆمانسیەتی گرتەبەر، ئەم ڕێگایە بە دیمتری کارامازۆف کە سروودەکەی شیللەری خوێندەوە، کۆتایی هات،( دەربارەی شیدلوفسکی و دوستویفسکی، ئودیسا ١٨٢١.)

١٦٣- گرینفیل ریدستوک، بانگخوازی ئینگلیزیی مەزەبی تۆبە لە ڕێگای ئیمانەوە، لە ساڵی ١٨٧٤ دا چەند کۆڕێکی لەو بارەیەوە لە پترسبورگ گرت، بانگەوازەکەی زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی مەزەبێکی ئاینی لە ڕووسیادا خۆشکرد، کە بە باشکوفیین ناسرا، (ناوی مەزەبێکی مەسیحیانی ئینجیلییە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، بە ناوی ڕابەرەکەی ئەوسایانەوە ف.ئا بشکوف) مەزەبی ریدستوک، بریتیە لە تۆبە لە ڕێگەی ئیمانەوە، کە گوایە" گوناح لەڕێگەی کاری چاکەوە پاک نابێتەوە، گوناح تەنیا بەخوێنی پیرۆز پاک دەبێتەوە، ئەو خوێنەی ڕژا و هەموو ئەوانەی شۆردەوە کە باوەڕیان بە مەسیح هێنا، بەو ئیحتوبارەی تاقە ڕزگارکەرە، تەنیا ئەو پێناوی

نێوان خوا و بەشەرە." هەڵبەتە دوستویفسکی ڕێنماییەکانی ریدستوکی لە" یاداشتی نووسەر"ی ساڵی ١٨٧٦دا ڕەفزکردووەتەوەو دەڵێت:" سەکەوتنی ڕاستەقینەی لورد ریدستوک لە بنیچە و هێمدا لە سەر ئەوە ڕۆنراوە کە ئێمە لە خاکی خۆمان لە نەتەوەی خۆمان "دابڕاوین"، وادیارە ئێمە، ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگە هەنووکە بووین بە گەلێکی نامۆ، زۆر کەم و بێ بایەخ، بەڵام وێڕای ئەوەش داب و نەریت و خورافاتێکی ئەوتۆی هەیە کە بشێت بە ئاینێکی تایبەتی دابنرێت"، (دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەرگی یازدەیەم، ل ٢٤٢.)

١٦٤- تا ئێستا هیچ نامەیەکی دوستویفسکی بۆ زاسیتسکا کەشف نەبووە، ئا. گ. دوستویفسکایا، سەبارەت بەو نامانەی بۆ یەکتریان ناردووە ئاماژە بۆ(التعليقات على اعمال ف.م. دوستوفسكى) دەکات: " ڕەنگە لەلای میراتگرانی دینیسوڤنازاسیتسکایا، (کوڕ و کچەکانی) یان لەلای خوشکەکەی، دۆتمێر ڤیسکونتی ئەو نامانە پەیدا ببن کە فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی لە وەڵامی نامەکانی زاسیتسکایادا ناردوونی، بەتایبەتی ئەو نامانەی دەربارەی دۆزێن ئولن" (داهێنانی دوستویفسکی، ئودیسا ١٩٢١، ل ٣٤) ئاناگریگوریڤنا دوستویفسکایا لە خۆڕایی ناڵێت کە ئەم نامانە زیاتر دەربارەی دۆزی ئاینی بوون و پاشان لە بیرەوەریەکانیدا بڵێیت دوستویفسکی لەگەڵ ی. د. زاسیتسکایادا سەبارەت بە باوەڕە ئاینییەکانی کەوتە گەنگەشەیەکی توندەوە" ی. د. زاسیتسکایا لە مەزەبی ئەرتەدوکسییەوە چووە سەر مەزەبی لوتەری، دوستویفسکی هەوڵیدا جارێکی تر بیگێڕیتەوە سەر ئەرتەدوکسییەت، سەبارەت بە جەدەلی ئاینی نێوانیان: بڕوانە بیروەرییەکانی ن. س. لیسکوف،" سەبارەت بە جووتیاری نووسەر و کاروباری دی، کۆمەڵێک سەرنج دەربارەی هەندێ لەو ڕاوبۆچوونانەی کە دەربارەی لیڤ تولستوی وتراون"، لە کتێبەکەی ن. س. لیسکوف، کۆبەرهەمەکان بەشی دووەم. مۆسکۆ، ١٩٥٨، ل ١٤٧- ١٥٥.)

١٦٥- یلیناشتاکینشنایدر لە سەرەتای شەستەکاندا ناسیاوی دەگەڵ دوستویفسکیدا پەیدا کرد، دۆستایەتییان لە هەفتایەکاندا تازە بووەوە، دوستویفسکی زۆر دەچوو بۆ ماڵەوە بۆ سەردانی، هەروەها بە نامەش لێکدییان دەپرسی، (بڕوانە: نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٦٢، ل ١٨٢، ئەم دیدارانە لە ڕۆژانە یاداشتەکانی شتاکینشنایدر و لە بیرەوەرییەکانیدا دەربارەی دوستویفسکی، کە تەواو نەبوو، ڕەنگی داوەتەوە. (ی. ئا. شتاکینشنایدر، ڕۆژانە یاداشت و بیرەوەریان ١٨٥٤- ١٨٨٦)، مۆسکۆ، لیننگراد ١٩٣٤، سەبارەت بە هاتووچۆی دوستویفسکی بۆ ماڵی، ی. شتاکیشنایدر بڕوانە بیرەوەرییەکانی: ف. میکولیچ،( ل. ئی. ڤیسیلتسکایا)، دیدار دەگەڵ نووسەراندا، لیننگراد، ١٩٢٩.)

## بەشی حەوتەم

## ساڵانی ١٨٧٤/١٨٧٥

"١"

### ساڵی ١٨٧٤، حەپس، نیکراسوف

هەوەڵین مانگەکانی ساڵی ١٨٧٤ زۆر قورس و دژوار بوون، ناچار بووین هەموو کاتێک لە ماڵ وەدەرکەوین بو جێبەجێکردنی کارێن گۆڤاری ( هاووڵاتی) فیودور میخائیلوفیچ، بەر لە دەرچوونی هەر ژمارەیەک، بە سەعاتان لە ژوورێکی زۆر گەرم بە دیار ڕاستکردنەوە و هەڵەچنەوە دادەنیشت، تەنانەت هەندێجار سەرمای دەبوو، بەڵام کۆکەکەی کە لە سەرەتاوە سووک بوو، وا لێی توند کرد، تووشی تەنگە نەفەسی بوو، مێردەکەم چوو بۆ لای پرۆفیسۆر کوشلاکوف*(* دیمتری ئیڤانوفیچ کوشلاکوف ١٨٣٥- ١٨٩١: مامۆستای ئەکادیمیای نەشتەگەری و دکتۆری هەناو بوو، سەرپەرشتی چارەسەری دوستویفسکی دەکرد.) ئامۆژگاری کرد نەفاخە(ئۆکسجینی پەستاوتە) بەکاربێنێت، کوشلاکوف پێی گوت کە بۆ چارەسەر بچێت بۆ خەستەخانەکەی دکتۆر سیمینوف ( کە لە شەقامی گاگارینسکایا) دابوو، کە فیودور میخائیلوفیچ هەفتەی سێ جار، بۆ ماوەی دوو سەعات لەژێر کاساندا ( کوئوس) دادەنیشت، دیارە سوودێکی زۆری لە ئۆکسجینی پەستاوتە وەرگرت، ئەگەرچی وەختێکی زۆری لێدەگرت و بەرنامەی ڕۆژەکەی لێتێکدەدا: دەبوایە بەیانی زوو لەخەو ڕابێت بۆ ئەوەی لەکاتی دیاریکراودا فریا بکەوێت، ئەوجا چاوەڕوانی ئەو نەخۆشانە بکات کە دوادەکەوتن، ئەوانە لەگەڵ ئەودا لەژێر کاسەکاندا دادەنیشتن دیارە ئەمە مێردەکەمی بێزار و بێتاقەت دەکرد.

ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ فیودور میخائیلوفیچی پەست دەکرد، ئەوە بوو نەیدەتوانی بڕوات ئەو دوو ڕۆژە حەپسییە بەرێتەسەر کە پارەکە بەهۆی ئەو وتارەوە کە لە هاووڵاتی بڵاویکردبووەوە، بۆی بڕابووەوە(بڕوانە سەرنجەکانی پێشووم لەمبارەیەوە، ئاناگریگوریڤنادوستویفسکایا) چونکە لەلایەکەوە زۆر سەرقاڵی

کاروباری ئامادەکردنی گۆڤارەکە بوو و لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی ساغڵەمییەوە حاڵی باش نەبوو، ئەنجام مێردەکەم لە گەڵ پارێزەر کونی دا ڕێکەوت و حەپسییەکەیان خستە نیوەی دووەمی مارسەوە، لە بیست و یەکی ئەم مانگەدا ئەفسەرێکی پۆلیس هات بۆ لامان، فیودورمیخائیلوفیچ چاوەڕوانی بوو، لەسەرەتاوە بە دووقوڵی چوون بۆ دادگای گەڕەک، دەبوایە دوای دوو سەعاتان بچم بۆ بەشی پۆلیس تا دڵنیابم مێردەکەم بۆ چ دەزگایەک دەبرێت، پێیان گوتم کە لە مەخفەرەکەی مەیدانی سینایایە، یەکسەر چووم بۆ ئەوێندەر، جانتایەکی بچووکم پێبوو، هەندێ چەرچەف و پێویستی دیکەی تیابوو، ئەو زەمان و ڕۆژگارە زەمانێکی سادە بوو، یەکسەر ڕێیان دام بۆ لای مێردەکەم بچم، فیودورمیخائیلوفیچ لە حاڵ و بارێکی دەروونی باشدا بوو: کەوتە پرسیاری منداڵەکان و پێی گوتم کە هەندێ دیاری و یارییان بۆ بکڕم و پێیان بڵێم باوکیان بۆ مۆسکۆ چووە، تا دیاری و یاری دڵخوازی خۆیان بۆ بێنێ، شەوێ هەستم کرد، سەبرم سواوە، جارێکی دی چوومەوە بۆ لای مێردەکەم، هەڵبەتە دوای ئەوەی منداڵەکانم خەواند، کات درەنگ بوو، ڕێگەیان نەدام بچمە ژوورەوە و بیدینم، بەڵام بە گاردیانەکەدا ناوبەقیمەیەکی تازە و نامەیەکم بۆ ناردە ژوورەوە، زۆر دڵتەنگی ئەوە بووم کە نەمتوانی بیدینم و هەندێ قسانی دەگەڵدا بکەم و لە حاڵی منداڵەکانی ئاگادار بکەم، تەنانەت لەژێر دوا پەنجەرەی مەخفەرەکەدا ( لەگەڕەکی سپاسکی) وەستام و مێردەکەم بینی لەبەرمێزێک دانیشتبوو و کتێبێکی دەخوێندەوە، پێنج دەقیقەیەک وەستام ئەوجا بە ئەسپایی لەپەنجەرەکام دا، مێردەکەم یەکسەر هەستا و لەپەنجەرەکەوە ڕوانی، کە منی بینی بزەیەکی کرد و نیشانەی خۆشی نیشتە سەر ڕوخساری و سەری لەقاند. لەو کاتەدا سەربازە نۆبەدارکە لێم نزیک بووەوە و ناچاربووم کە بڕۆم، چووم بۆ لای ئەپوللون مایکوف ( کە لەو نزیکانە و لە شەقامی سادوف ئاکنجی بوو) داوام لێکرد سبەینێ سەری مێردکەم بدات، زۆر میهرەبان و ڕووخۆش بوو، تەنانەت هەواڵی حەپسییەکەی مێردەکەمی بە ( فسیڤولد سولوڤیوڤ) ش، ڕاگەیاند، کە بۆ ڕۆژی دوایی چوو بوو بۆ سەردانی مێردەکەم* (* بیرەوەرییەکانی فسیڤولد سولوڤیوف دەربارەی فیودورمیخائیلوفیچ دوستویفسکی- "مژدەبەری مێژوویی"، ١٨٨١، ئەپریل، ئاناگریگوریڤنادوستویفسکایا+١٦٦) ڕۆژی دوایی دووجار بۆ لای مێردەکەم چووم ( شەویش بۆ جاری سێیەم چوومەوە بۆ لای، ئەمجارەیان لەبەر پەنجەرەکەدا چاوەڕوانی دەکردم)بەڵام ڕۆژی سێیەم من و منداڵەکان بە

خۆشحاڵییەوە پێشوازی ( باوکە) مان کرد کە گوایە لە "موسکۆ" هاتبووەوە، لە ڕێگا لە دوکانێکدا لامان دا هەندێ یاری و گەمەی منداڵانە بکڕین، فیودور میخائیلوفیچ بەخۆشحاڵییەوە لە حەپسخانە زڤڕییەوە وپێی گوتم، دوو ڕۆژی خۆشی بەسەربردووە، یەکێک لە هاوپیشەکان، لە زنداندا بووبوو بە هاوڕێی و زۆربەی ڕۆژەکەی بە خەو بردبووە سەر و ئیدی مێردەکەم دەرفەتی بۆ ڕەخسابوو، کە بێنەوایانی فیکتۆرهۆگۆ* (* فیکتۆر هۆگۆ ١٨٠٢- ١٨٥٥: ڕۆماننووسێکی گەورەی فەرەنسایە.) کە یەکێک بوو لەو شاکارانەی زۆری بەدڵ بوو، بخوێنێتەوە.

مێردەکەم بە شۆخییەوە گوتی خێری تیابوو کە حەپسیان کردم، دەنا هەرگیز دەرفەتی ئەوەم بۆ نەدەڕخسا، بۆچوونە کۆنەکانی خۆم دەربارەی ئەم شاکارە تازە بکەمەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ لە سەرەتای ساڵی ١٨٧٤ دا بڕیاریدا بە یەکجارەکی دەستەبەرداری گۆڤاری "هاووڵاتی" ببێت ( دوا ژمارەی لە ١٥/ ٤ دا بەناوی ئەوەوە دەرچوو) سەرلەنوێ کاری فیلیڤانی خالیسە بەرۆکی فیودورمیخائیلوفیچ دەگرێتەوە، لە نوێ بیرۆکە و کارەکتەرانی تازە لە هزر و مێشکیدا لەدایک دەبن، هەستدەکات پێویستە لە ڕۆمانێکی تازەدا بەرجەستەیان بکات، دیارە خەمی ئەوەی هەبوو لە کوێ بڵاوی بکاتەوە+١٦٨، لەکاتێکدا کە ئەگەر ( مژدەبەری ڕووسی) بابەتی هەبێت بۆ ساڵی داهاتوو، مێردەکەم بەشێوەیەکی گشتی ڕووی نەدەهات باسی بەرهەمەکانی خۆی بکات و ڕوو لەم و لەو بنێت بۆ بڵاوکردنەوەیان. بەهەرحاڵ هەلومەرجەکان یەکیان گرت و زەمینەیەکی خۆش سازا کە ئەم کێشە گەورەیەمان لە کۆڵ بێتەوە.

بەیانییەکی ڕۆژێکی مانگی نیسان، ڕێک لە سەعات دوازدەدا، کارەکەرەکە کارتێکی تەعاروفی دامێ کە لێی نووسرابوو (نیکولای ئەلکسیفیچ نیکراسوف) دەمزانی فیودور میخائیلوفیچ خۆی گۆڕیوە و ئامادەیە لە ماڵ وەدەربکەوێ، بەپەلە میوانەکەم بۆ ژووری پێشوازی دەعوەت کرد و ئەوسا چووم کارتەکەم دا بە مێردەکەم، دوای پێنج دەقە فیودور میخائیلوفیچ میوانەکەی بۆ ئۆفیسەکەی خۆی دەعوەت کرد و داوای بووردنی کرد کە دواکەوتووە.

هەڵبەتە ئەم هاتنەی نیکراسوفم زۆر بەلاوە گرینگ بوو، نیکراسوفی دۆستی سەردەمی لاوی و پاشان دژمنی ئەدەبی دوستویفسکی، دەمزانی ڕۆژنامەی

"هاوچەرخ "* (* هاوچەرخ، "سوڤریمینیک"، گۆڤارێکی وەرزی بوو لە ساڵانی ١٨٣٦- ١٨٤٦ دا لە پترسبورگ دەردەچوو، ئەلکسندر پوشکینی شاعیر دایمەزراند، دوای مردنی پوشکین کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی و لەسەرووی هومووویانەوە چوکوفسکی سەرلەنوێ دەریان کردەوە، لە ساڵی ١٨٣٨ دا گوێزرایەوە بۆ بلیتنیف کە لە ساڵی ١٨٤٦ مافی دەرکردنی درا بە نیکراسوف.)

لە شەستەکاندا لەو سەروبەندەدا کە ( کات) و ( سەردەم) دەردەچوون جنێوی بە فیودور میخائیلوفیچ دەدا، تەنانەت لەو ساڵانەی دواییشدا، هێرشی توند و تاڵی میخائیلوفسکی* لە گۆڤارەکەدا بۆ تاقە جارێکیش نەوەستا (* نیکولای قنستینتینوفیچ میخائیلوفسکی ١٨٤٢- ١٩٠٤: زانای کۆمەڵناسی و نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی بوو، تیوریسێنی ڕەوتی میللی بوو، لە ساڵی ١٨٦٨ وە لە گۆڤاری "ساڵنامەی نیشتمان"دا کاری دەکرد، پاشان بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ناڤبری) هەروەها هێرشی سکابیچسیفسکی* و (* ئەلکسندر میخائیلوفیچ سکابیچسیفسکی ١٨٣٨- ١٩١٠ دیرۆکنووسی ئەدەبی و ڕەخنەگر بوو، لە ساڵی ١٨٦٨ وە لە گۆڤاری "ساڵنامەی نیشتمان"دا، کاری کردووە،) بیلیسیڤ* و خەڵکانی دی ١٦٩+ (* گریگوری زخاروفیچ یلیسیڤ ١٨٢١- ١٨٩١: نووسەر و ڕۆژنامەنووس بوو، لە گۆڤاری "هاوچەرخ"دا کاری کردووە، پاشان وەکو نووسەر لە ساڵی ١٨٦٨ وە چووەتە ڕۆژنامەی "ئیسکرا"، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ساڵنامەی نیشتمان) بوو. دەمزانی فیودور میخائیلوفیچ لەوەتای لە هەندەران زڤرِی بووەوە، لە هیچ شوێنێک نیکراسوفی نەبینی بوو و ئەم سەردانەی نیکراسوف بۆ ئێمە بایەخێکی هەیە، فزوڵیەت و کونجکاوی زۆری بۆ هێنام، ئەوە بوو خۆم یەکلایی کردەوە و لێبڕام، لەپشت دەرگای نێوان ئۆفیسەکە و موبەقەکەدا خۆم دابگرم، کە گوێم لێبوو نیکراسوف داوای لە مێردەکەم دەکرد کاری لەگەڵدا بکات و داوای دەکرد ڕۆمانێکی بداتێ کە لە ساڵی ئایندەدا لە ساڵ"نامەی نیشتمان"دا* بۆی بڵاوبکاتەوە (*ساڵنامەی نیشتمان ١٨٣٩- ١٨٨٤ گۆڤارێکی مانگانە بوو لە پترسبورگ دەردەچوو، تا ساڵی ١٨٦٨ گرایڤسکی دەری دەکرد، دوای ئەو نیکراسوف و سالتیکوف- چیدرین و یلیسیڤ هاتن، بیلینسکی لە ساڵانی ١٨٣٩- ١٨٤٦ دا بەرپرسی بەشی ڕەخنەی بوو. نیکراسوف لە ١٨٦٨- ١٨٧٧ دا سەرنووسەری بوو، لەسەر هەمان میتودی "هاوچەرخ" دەڕۆیی) دەیگوت بۆ هەر مەلزەمەیەکیش دووسەد و پەنجا ڕۆبڵی

دەداتێ، فیودور میخائیلوفیچ لەو ماوەیەدا سەد و پەنجا ڕۆبڵی لە هەقی هەر مەلزەمەیەکدا وەردەگرت.

کە نیکراسوف ڕەوشی نالەبار و هەژارانەی ماڵ و حاڵەکەی بینی، پێی وابوو فیودور میخائیلوفیچ بە مەمنوونییەوە بەوە کرێیە قاییل دەبێت، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ، پاش ئەوەی سوپاسی کرد گوتی:

_ نیکولای ئەلکسیفیچ، من لەبەر دوو هۆ ناتوانم بەم مامەڵەیە ڕازی بم،، یەکەم: دەبێ بۆ "مژدەبەری ڕووسی" بنووسم و دەبێ پرسێک بەوان بکەم ئاخۆ پێویستیان بە ڕۆمانەکەم هەیە یا نا؟ ئەگەر بۆ ساڵی ئایندە بابەتیان هەبێت، هەنگێ فری دەبم و دەتوانم بەڵێنی ڕۆمانێکت بدەمێ، من ماوەیەکی زۆر لە (مژدەبەری ڕووسی) دا کارم کردووە، کاتکوف* ( *میخایل نیکیفوروفیچ کاتکوف ١٨١٨- ١٨٨١: ڕەخنەگر، نووسەر، خاوەنی گۆڤاری "مژدەبەری ڕووسی" و ڕۆژنامەی واریقاتی مۆسکۆیی، بوو) قەت بێ دڵی نەکردووم و هەر داوایەکم بووبێ، پیاوانە درێغی لێنەکردووم، ئیدی جوان نییە من کارەکەی خۆمیان نەدەمێ و پرسێکیان پێ نەکەم، ئیدی مەسەلەکە لە ماوەی هەفتەیەک- دوو هەفتەدا دەردەکەوێت، جا نیکولای ئەلیکسیفیچ، حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم کە من پێشەکییەکم دەوێت، پێشەکییەکی دوو سێ هەزار ڕۆبڵی.

نیکراسوف ڕەزامەندی تەواوی خۆی دەربڕی، ئەوسا مێردەکەم گوتی:

مەسەلەی دووەمیش ئەوەیە کە دەبێ ڕای هاوسەرەکەم سەبارەت بەم مامەڵە و پێشنیازەی تۆ بزانم، لە ماڵەوەیە و هەر ئێستا پرسێکی پێدەکەم.

فیودور میخائیلوفیچ لە ژوورەکەی خۆی وەدەرکەوت بۆ لای من هات.

لێرەدا شتێکی کۆمیدی ڕوویدا، کە مێردەکەم بۆ لای من هات، بە تاسەوە پێمگوت:

_ بۆچی پرس بە من دەکەیت؟ ڕازی بە فیدیا گیان، یەکسەر قاییل بە.

بە سەرسامی لێی پرسیم:

_ بەچی قاییل بم؟

_ ئۆی خودایا! بە پێشنیازەکەی نیکراسوف.

ـ چوزانی پێشنیازەکەی چییە؟

ـ گوێم لە هەموو قسەکانتان بوو، لە پشت دەرگاکەوە وەستابووم.

ـ یانی گوێت هەڵخستبوو؟ باشە شەرم ناکەی ئانیچکا؟

فیودور میخائیلوفیچ بە کەسەرەوە هاواری کرد.

ـ بۆچی شەرم بکەم! خۆ تۆ هیچ نهێنییەک لە من ناشاریتەوە، خۆ ئەگەر گوێشم نەگرتایە خۆت هەر بۆت باس دەکردم، ئیدی با گوێش بگرم، شتەکە پەیوەندی بە من و تۆ، بە خۆمانەوە هەیە. نەک بە خەڵکی دیکەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ هیچی بۆ نەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێت لە ئاستی ئەم لوژیکەی من بێدەنگ ببێت.

فیودورمیخائیلوفیچ پاش ئەوەی بۆ ئۆفیسەکەی خۆی گەڕایەوە، بە نیکراسوفی گوت:

ـ قسەم دەگەڵ ژنەکەم کرد، ئەو زۆریش ڕازییە، کەواتە ڕۆمانەکەم لە ( حولیات الوطن) دا بڵاودەبێتەوە.

پێدەچوو، نیکراسوف بەوە دڵگران بێ کە شتەکە ڕەزامەندی منی دەویست، بۆیە گوتی:ـ هەرگیز وێنای ئەوەم نەدەکرد ژنەکەت بەو جۆرە (لەژێر باڵی خۆی نابیت)

فیودور میخائیلوفیچ، بەرپەرچی دایەوە و گوتی:

ـ جا ئەمە چی تیایە؟ ئێمە زۆر تەباین، من لە هەموو کاروبارەکانما کردوومە بە وەکیلی خۆم و متمانەی تەواوم بە زیرەکی و لێزانی ئەو هەیە، چۆن دەبێت لەم کارەدا کە پەیوەندی بە هەردووکمانەوە هەیە پرسی پێنەکەم و گوێی لێنەگرم؟

ـ ئا، بەڵێ، هەڵبەتە من تێدەگەم کە ...... نیکراسوف بەو جۆرە بەرسڤی دایەوە و ئەوسا قسەکەی گۆڕی و چووە سەر باسی بابەتێکی دیکە، نیکراسوف، دوای نزیکەی بیست دەقیقەیەک هەستا، بە دڵی خۆشەوە بەجێی هێشتین وداوای لە مێردەکەم کرد هەرکاتێ وەڵامی "مژدەبەری ڕووسی" دەستکەوت یەکسەر ئاگاداری بکاتەوە، فیودورمیخائیلوفیچ بۆ ئەوەی بە زووترین کات مەسەلەی ڕۆمانەکە یەکلایی بکاتەوە، لێبڕا لە جیاتی ئەوەی لەو بارەیەوە نامە بۆ ( مژدەبەری ڕووسی)

بنووسێت و چاوەڕوانی وەڵام بکات، بەخۆی لە کۆتایی مانگی نیساندا سەفەری مۆسکۆ بکات، کاتکوف، پاش ئەوەی گوێی لە مامەڵە و پێشنیازەکەی نیکراسوف بوو، قاییل بوو هەمان نرخ بۆ مێردەکەم حیساب بکات، لێ گاڤێ مێردەکەم داوای پێشەکییەکی دوو هەزار ڕۆبڵی لێدەکات، کاتکوف پێی دەڵێت تازە پارەیەکی زۆریان لە هەقی کارێکدا ( ڕۆمانی ئانا کارنینا) داوە و دەستەی نووسەران حاڵی حازر ئەو پارەیەیان بۆ ئەم پێ هەڵناسوڕێت، بەو جۆرە ڕۆمانەکە بە نسیبی نیکراسوف بوو.

"٢"

## ساڵی ١٨٧٤ سەفەر بۆ هەندەران

فیودورمیخائیلوفیچ مانگی مایوی دەگەڵ خێزاندا لە ستاریاروسا بەسەر برد، لە ٤/ یونیودا/ ١٨٧٤ سەفەری پترسبورگی کرد تا پاشان لەوێندەرەوە بە گوێرەی ئامۆژگاری پرۆفیسۆر کوشلاکوف، بۆ چارەسەر بڕوات بۆ ئیمس* (* ئیمس شارێکە لە ئەڵمانیا) لە پترسبورگ، میرمیشیرسکی و یەکێک لە خزمەکانی هەوڵ لەگەڵ مێردەکەم دەدەن کە بۆ سودین* ( *سودین، شارێکی ئەڵمانیایە) بڕوات، کە ئەمە هەمان ڕەئی دکتۆر بریتسل* بوو کە بە بەردەوامی چارەسەری دەکرد (* یاکوف بوگدانوفیچ فون بریتسل ١٨٤٢- ١٩١٨: لە ساڵی ١٨٧٠وە دکتۆری خانەوادەی دوستویفسکی بوو، یەکەم کەس بوو کە کاتێ دوستویفسکی کەوتە ئاوزینگ و ئاویلکە لە ٢٦/ یەنایەر/١٨٨١ دا کە ژنەکەی دوستویفسکی ناردی بە شوێنیا، بیرەوەری خۆی دەربارەی نووسەر نووسیوەتەوە و بە تێر و تەسەلی باسی سحەت و دواساتەکانی ژیانی کردووە) هەڵبەتە ئەم ئامۆژگارییە جدیانە، فیودور میخائیلوفیچیان زۆر پەشۆکاند، ئیدی بڕیاری دا لە بەرلین ڕەئی دکتۆری بەنێوبانگ پڕوفیسور فریوریخس*( * فریدریخ تیودورفریوریخس ١٨١٩- ١٨٨٥: مامۆستا و دکتۆری نەخۆشی هەناو بوو، لە ساڵی ١٨٧٤ دا پێشوازی لە دوستویفسکی کرد) وەربگرێت، هەرکە گەییە بەرلین یەکسەر چوو بۆ لای ئەو، فەحس و معایەنەکەی لە دوو دەقیقە پتر ناخایەنێت، دکتۆر سەماعەکەی بە سنگییەوە دەنێت و ئەوسا یەکسەر ئەدرەسی دکتۆر گوتنتاگی لە ئیمس دەداتێ و پێشنیاز دەکات بۆ لای ئەو بچێت، فیودور میخائیلوفیچ کە فێری ئەوە بوو دکتۆرانی ڕووس

زۆر مدارای بکەن، لەم مامەڵە سارد و سڕەی دکتۆرە بە نێوبانگەکەی ئەڵمانیا پەست دەبێت.

فیدورمیخائیلوفیچ لە ٩/یونیو/ ١٨٧٤ دا دەگاتە بەرلین، کە دەبینێ هەموو بانکەکان داخراون، دەچێت بۆ مۆزەخانەی پاشایەتی تا کارەکانی هونەرمەند کاولباخ* ( فیلهم کاولباخ ١٨٠٥- ١٨٧٤: هونەرمەندێکی ئەڵمانییە) بدینێ کە لەو بوو بوو بە داستانی سەرزاران و زۆری لە سەر دەنووسرا، فیودورمیخائیلوفیچ کارەکانی بەدڵ نابێت: هەست دەکات جگە لە مەجازێکی زۆر هیچی دی نییە* (* نامەیەکی ٢٥/ یولیو/ ١٨٧٤ ی بۆ من، ئا. گ. دوستویفسکایا ١٧٠+) بەڵام تابلۆکانی مۆزەخانەکەی دی، بەتایبەتی تابلۆی هەنەرمەندە کۆنەکان، کارێکی ئەرێنییان لە مێردەکەم کردبوو، داخی بۆ ئەوە دەخوارد کە لەیەکەم سەفەرماندا بۆ بەرلین، پێکەوە ئەم گەنجینە هونەرییەمان نەبینی بوو.

فیودورمیخائیلوفیچ لە بەرلین ناچار دەبێت بە دوکانەکاندا بگەڕێت، بۆ ئەوەی شاڵێکی ڕەشی کشمیری وەکو ئەوەی، لە درزدن بۆ منی کڕیبوو، بۆ ژنەکەی خاوەن ئەو داچایە (هاوینەوار) بکڕێت، تیای ئاکنجی بووین، ژنەی تاین خۆی ڕایسپاردبوو، فیودور میخائیلوفیچ ئەو اسپارەدیە بەجێ دێنێ و شاڵێکی زۆر جوان و بە نرخێکی مام ناوەندی دەکرێت، حەزدەکەم بەم بۆنەیەوە ئەوە بڵێم کە مێردەکەم لە هەڵبژاردنی شتاندا زەوقێکی ناسکی هەبوو، هەرچییەکی دەکڕی بێ عەیب بوو، فیودورمیخائیلوفیچ ڕێگای بەرلین بەدەم تەماشاکردنی دیمەنە سرووشتییە دلڕفێنەکانەوە دەبڕێت، لە نامەیەکیا بۆ من نووسیویەتی:" هەرچییەک دەبینم. جوان، ناسک، خەیاڵییە، دیمەنی سروشت جوانترین شتی گەردوونی لە باوەش گرتووە، ،دۆڵ، چیا، قەڵا، شارێن وەکو ماربورگ و لیمبورگ بە بورجە دلڕفێنەکانیانەوە، ئەم هاوئاهەنگییە سەیرەی نێوان چیا و دۆڵەکان، شتانێکن کە پێشتر نەمدیتون، ئیدی بەدەم تەماشای ئەم دیمەنانەوە، لە بەیانییەکی ساماڵی، هەتاوی گەرمدا* (* هەمان سەرچاوەی پێشوو، ئا. گ. دوستویفسکایا ١٧١+) ئیدی فیودور میخائیلوفیچ بە شادومانییەکی زۆرەوە باسی جوانی ئیمسی دەکرد، کە هەر ئەم ئیمسە پاشان ( لە ئەنجامی بێزاری و تەنیاییدا) بوو بە سەرچاوەی سەرنجە پڕ ئازارەکانی.

فیودور میخائیلوفیچ دوای ئەوەی لە ئوتێل لادەدات، هەر ئەو ڕۆژە بۆ لای دکتۆر ئۆرت دەڕوات و نامەیەکی دکتۆری بریتسلی دەداتێ، ئۆرت فەحس و مەعایەنەیکی زۆر وردی دەکات ودەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە هەناسە تەنگییەکەی ڕەوتەنییە، بەڵام ئاگاداری دەکاتەوە کە نەخۆشییەکی بە مەترسییە، چەند زیاد بکات، توانای هەناسەدان کەم دەبێتەوە، ئیدی شەرابی ئاوی بۆ دەنووسێت و بەڵێنی دەداتێ کە دوای چوار هەفتە معالەجە چاک دەبێتەوە.

هەرهەمان ڕۆژ مێردەکەم، دوای گەڕانێکی زۆر، دوو ژوور لە قاتی دووەمی ماڵێکدا، لە شەقامی (Haus blucher) ژمارە حەوت بەکرێی دوازدە تالیر لە هەفتەیەکدا دەدۆزێتەوە، جگە لەمە دەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا ڕێکدەکەوێت، کە لەبری قاوەی بەیانیان و خواردن و چاو سووکە شامێک تالیرو نیوێک زیادە بدات.

فیودورمیخائیلوفیچ باسی چۆنیەتی بە سەربردنی کاتەکانی خۆی بۆ نووسیوم: "تەنیا پوشکین دەخوێنمەوە، بەراستی خوێندنەوەی ئەو ئۆخژن بە ناخم دەبەخشێت، هەموو ڕۆژێک شتێکی تازە دەدۆزمەوە." هەر لە هەمان نامەدا (٢٨/ یونیو) مێردەکەم دەڵێت:" دوێنێ ئێوارە بەدەم پیاسەوە بۆ یەکەمجار ئیمپراتۆر (ڤیلهلم)ی دیتووە: کابرایەکی باڵابەرز، پیرەمێردێکی بەسام و هەیبەت، لێرە هەموان دەوەستن ( بە خانمانیشەوە) کڵاوەکانیان بەرزدەکەنەوە، کڕنووش دەبەن، بەڵام ئەو کڕنووش بۆ کەس نابات، هەندێجار بەدەست ئاماژەیەک دەکات، بەڵام تزاری ئێمە ڕێک بە پێچەوانەوەیە، کڕنووش بۆ هەموان دەبات، ئەڵمانەکان زۆر ڕێزی ئەمەی دەگرن، هەندێکیان بۆیان گێڕامەوە کە ئەڵمانەکان و ڕووسەکان هەوڵ دەدەن بێنە سەررێگای و لە بەردەمیا کۆببنەوە "١٧٢+.

دوای هەفتەیەک فیودورمیخائیلوفیچ زۆر غەریبی ماڵ و منداڵ دەکات، فێری ئەوە نەبوو، بۆ ماوەی زۆر لە ماڵ و منداڵ دابڕێت، مەگەر بە ناچاری بۆ ماوەیەکی زۆر کەم دابڕایە، کە دەیتوانی ئەگەر بویەرێکی نائاسایی هاتبا بەرەوە، بە زوتترین کات بزڤڕێتەوە، یەکێک لە هۆیەکانی ئەم غەریبیکردنەشی ئەوە بوو کە نامەکانی منی درەنگ پێدەگەیی، جا چونکە دەمزانی ئەمە چەند نیگەرانی دەکات، بەخۆم نامەکانم بۆ پۆستەخانە دەبرد و هەموو جارێک بە بەڕێوەبەری پۆستەخانەکەم دەگوت کە بلەز ڤڕێی بکات، دەچووم بۆ لای تا نامەکانی مێردەکەمی پیشان بدەم، کە چۆن گلەیی و سکاڵا لە خاوە خاوی پۆستەخانەی ڕوسا دەکات، بۆیە تکام

لێدەکرد کە نامەکانمان دوا نەخات، بەڵام هەوڵەکانم بێسوود بوو: پاشان لە بەهاری ساڵی ١٨٧٥دا هۆی ئەم دواکەوتنەم بۆ بە دیارکەوت، تومەز دووسێ ڕۆژ نامەکانیان لە روسا دەهێشتەوە+١٧٣.

دوای مانەوەیەکی سێ هەفتەیی لە (Haus blucher) خاوەنی ماڵەکە بیری لەوە کردەوە کە مێردەکەم بۆ قاتی سەرەوە بگوازێتەوە،مێردەکەم گواستییەوە بۆ ( hotel villed alger) لە ژمارە ٤- ٥، ئەم دوو ژوورەی زۆر پێخۆش دەبێت، کەوتبوونە قاتێکی بەرزەوە، بانێژەیان هەبوو کە تا درەنگانی شەو کراوەبوون.

فیودورمیخائیلوفیچ لە ئیمس چەند ناسیاوێکی ڕووسی هەبوو، خۆشی دەویستن و بەینی دەگەڵیان خۆشبوو، لەوێندەر بۆ نموونە تووشی کوبلیتسکی* و (* میخائیل یڤستافیڤیچ کوبیلتسکی ١٨٢١- ١٨٧٥: مێژوونووسێکی شانۆیی و زانایەکی سازڤانی بوو) و شتاکینشنایدر وئاغای (X) و دۆتمیر شالیکوفا* (* ناتالیا بتروڤنا شالیکوڤا، ناوی خوازراوی ی. ناریسکایا ١٨١٥- ١٨٨٧: نووسەرە، لە ساڵی ١٨٥٦ دا لە ڤیسبادن، ناسیاوی دەگەڵ دوستویفسکیدا پەیدا کرد) بوو، کە شالیکوڤای لەلای کاتکوف دەبینی، ئەم پیرەژنە میرەبانە، بە ڕەفتار و مامەڵەی گەشبینانەی خۆی، یارمەتی فیودورمیخائیلوفیچی دا، کە تەحەمولی دەردی تەنیایی بکات، هەڵبەتە من مەمنوونی ئەو چاکەیەیم و لەبەرچاومە، مێردەکەم کە فێری ئەوە بوو ڕۆژانە دووجاران پیاسەی دوور  و درێژ بکات، ئێستا کە لەو لەزەتە مەحرووم بوو بوو، ئەمەش بێتاقەت  و بێزاری کردبوو، هەڵبەتە نەیدەتوانی لە باخچەیەکی بچکۆلەدا و لە ناو ئاپۆڕایەکی قەوغادا پیاسە بکات، لە هەمان کاتیشدا نەیدەتوانی لەبەر هەناسە بڕکێکەی لەشار وەدەرکەوێ و بە چیادا هەڵگەڕێت، بە نیگەرانییەوە بیری لەوە دەکردەوە چۆن زستانی ئەمساڵ دەقەتەنێنین، ئەو پێشەکییە مۆڵەی لە نیکراسوفمان وەرگرتبوو تەواو بوو: بەشێکی درایەوە بە قەرزە لەزەکاندا، بەشێکی کرا بە مەسرەفی سەفەرەکەی مێردەکەم، ماقووڵیش نەبوو داوای پارەی دی لە کابرا بکەین، بێئەوەی بەشێکی بچووکی ڕۆمانەکەی ڕادەست بکەین، هەر هەموو ئەم حاڵەتانە کاری خراپیان کردە سەر مێردەکەم، ئەعسابی شێوا ( لەوەیە خەتای ئاوخواردنەوەکەش بووبێ) ئیدی لە نێو خەڵکیدا بە ڕووسیە ڕەشبینە وەعزخوێنەکە ناوی دەرکرد* (* نامەی بە رواری ٢١/ یولیو/ ١٨٧٤ ی مێردەکەم بۆ من، ئا. گ. دوستویفسکایا +١٧٤) هەڵبەتە نامەکانی من و باسی منداڵەکان و قسەکانیان، زۆر

خەمی مێردەکەمیان دەرەواندەوە، لە نامەیەکی ٢١/ یولیو دا بۆ من دەلێت:" ئانیا گیان ئەو نوکتانەی سەبارەت بە منداڵەکان بۆ منی دەگێڕیتەوە، بەڕاستی ڕوحم تازە دەکاتەوەو وا هەست دەکەم لە ناوتاندام." هەر لە هەمان نامەدا سەبارەت بە پەروەردەی منداڵەکان بیرم دەخاتەوە و دەڵێت: "هاوڕێیان نییە، برادەری کوڕ و کچی هاوتەمەنی خۆیان نییە."

لە ڕاستیدا کەم کەس لە کەس و کارەکانمان منداڵی هاوتەمەنی منداڵەکانی ئێمەیان هەبوو، تا ئەوە بوو وەرزی هاوین هات و منداڵەکانمان هاوڕێیان لەنێو ئەندامانی ماڵبات و کەسوکاری قەشە یوحەنناروميانتسيڤ دۆزییەوە.

کاتێ نەخشەی سەفەرەکەی فیودورمیخائیلوفیچمان بۆ هەندەران، لە بەهاردا دەکێشا، من و مێردەکەم قەناعەتمان وابوو دوای قۆناغی مالیجە و چارەسەر، سەفەری شوێنێکی دیکەی ئارام بکات،هەم وەکو زیارەت و هەم وەکو چارەسەری زیادە.ئەگەر پارەمان هاتە دەست سەفەرێکی پاریس بکات و بایەکی باڵی خۆی بدات. بیرۆکەی ئەوەم بە خەیاڵدا هات پەنجا ڕۆبڵ بنێرم کە لە پاریس پارچە قوماشێکی ئاوریشمی ڕەشم بۆ بێت، تا بیکەم بە کراسێکی شەوبێری و لە هەندێ بۆناندا لەبەری بکەم، مێردەکەم ئەم بیرۆکەیەی پێ سەیر بوو، چونکە لەژێر باندۆر و کاریگەری نۆرەفێییەکدا بوو کۆلێک سەرزەنشتی کردم، بەڵام لە دڵی خۆیدا ئەم حەزەی منی بە هەند وەرگرتبوو، لە بەرلین بە چەندین دوکاندا گەڕا بوو تا پارچەیەکی حەریری جوانی بۆ کڕی بووم، کە ئەو دیاری و شتانەی خستبوونە بەردەستی کارمەندانی گومرگ، گوێیان نەدابوویە، بەڵکو هەموو کتێب و دەفتەر و کاغەزەکانیان پشکنی بوو، نەبا شتێکی قاچاغیان تێدا بێت.

فیودور میخائیلوفیچ ئەوەندەی پارە پێ نەبوو بوو کە سەفەری پاریس بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵی بەوەشەوە بوو کە جارێکی تر لە ژیانیا بچێتە سەر گۆڕی سونیای نۆبەرەمان، کە هەرگیز لە دڵی دەرنەدەچوو، چوو بۆ چینیڤ تا دووجار سەری گۆڕستانی (plain palais) ی منداڵان بدات، لەوێوە چەند چڵێکی لەو دارسەرووە بۆ هێنامەوە کە بە دێژایی شەش دانە ساڵ لەسەر گۆڕی کچەکەمان ڕوا بوو و گەشەی کردبوو.

فیودورمیخائیلوفیچ لە ٨/١٠ دا، دوای ئەوەی دووسێ ڕۆژی لە پترسبورگ بەسەر بردبوو، بۆ روسا گەڕایەوە.

"٣"

## سالانی ١٨٧٤- ١٨٧٥،

## هاوین و زستانێک لە ستاریاروسا

فیودور میخائیلوفیچ لە نامەیەکیدا کە لە هاوینی ١٨٧٤ دا بۆی ناردووم، جارێکی دی دەگەڕێتەوە سەر ئەو بیرەی کە هەمیشە ئازاری دەدا، بیری ئەوەی ناچار دەبین لە ئایندەیەکی نزیکدا* (* ئەو نامانەی لە ٢٤/یونیو تا ١٤/ یولیو بۆمی ناردوون، ئا. گ. دوستویفسکایا١٧٥+) ژیانێکی دژوار بەسەر بەرین، بەراستیش وەزع و حاڵەکەمان وابوو، کە وا بیربکەینەوە هەمیشە بە نەداری دەژین.

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە نیکراسوف لە مانگی نیساندا سەریداین و داوای لە فیودور میخائیلوفیچ کرد کە لە ساڵی ١٨٧٥ دا ڕۆمانە تازەکەی لە (ساڵنامەی نیشتمان) دا بڵاوبکاتەوە، مێردەکەم بە تازە بوونەوەی ئەم دۆستایەتییە دەگەڵ نیکراسوفدا،خۆشحاڵ بوو، ئەم بەهرەیەی کە زۆری ڕێز دەگرت، هەردووکمان خۆشحاڵ بووین بەوەی نیکراسوف، نرخێکی داینێ کە سەد ڕۆبڵی لەوە زیاتر بوو کە مێردەکەم لە ( مژدەبەری ڕووسی) وەردەگرت.

بەڵام مەسەلەکە بۆ فیودورمیخائیلوفیچ هەندێ قورس بوو، (ساڵنامەی نیشتمان) گۆڤارێک بوو ڕێک لەبەرەی دژی ئەودا بوو، ئەمە جگە لەوەی زۆر لەمێژ نەبوو، لەو ماوانەدا کە مێردەکەم هەردوو گۆڤاری ( کات و سەردەم) ی دەردەکرد، هێرشێکی پەراگەندە و بێ سەرو بەری دەکردە سەر ئەم دوو گۆڤارە+١٧٦ و هەندێک لە نووسەرانی (ساڵنامە) دژمنی ئەدەبی فیودورمیخائیلوفیچ بوون لەوانە: میخایلوفسکی، سکابیچیفسکی. یلیسییف و بلیچییف تا رادەیەک+ ١٧٧ (* ئەلکسی نیکولایفیچ بلیچییف ١٨٢٥- ١٨٩٣ شاعیر و ڕەخنەگر بوو، ئەندامی گروپەکەی بیترا شیڤسکی بوو) دوور نەبوو ئەوانە داوا لە مێردەکەم بکەن، هەندێک دەستکاری ڕۆمانەکەی بکات تا دەگەڵ بۆچوونی ئەواندا بگونجێت، بەڵام فیودورمیخائیلوفیچ، لەوانە نەبوو دەستبەرداری قەناعەتە ڕیشەییەکانی خۆی ببێت، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەبوو (ساڵنامەی نیشتمان) بیرە جیاوازەکانی مێردەکەم بڵاونەکاتەوە،

هەنگێ ئەگەری ئەوە دەهاتە گۆڕێ کە فیودور میخائیلوفیچ، لەیەکەم ناکۆکیدا ڕۆمانەکەی وەربگرێتەوە و ڤیروسیا لەوەی چیمان بەسەر دێت یان نا.

لە نامەیەکی ١٨٧٤/١٢/٢٠ دا بۆ من، سەبارەت بەو مەترسی و ئەگەرانە دەڵێت: "ئێستا لەگینە نیکراسوف گوشارم بخاتە سەر، ئەگەر شتێکی پێچەوانەی ئەو دەربکەوێت.. بەڵام من، ئەگەر ناچاریش بین ئەم ساڵ بەخێر و سەدەقە بەرینەسەر، دەستبەرداری تاقە یەک دێڕ نابم، کە گوزارشت لە بۆچوونەکانی دەکات."+١٧٨

ئەگەر ناکۆکییەک کەوتە نێوان ئێمەو (ساڵنامەی نیشتمان) ەوە، چی بکەین؟ ئەم بیرۆکەیە خەمی گەورەی هەردووکمان بوو، ئەمە جگە لەوەی بیرمان لەوەش دەکردەوە کە ئەگەر ناچار بین ئەو پێشەکییەی وەرمانگرتبوو، یەکسەر بدەینەوە، لەکاتیکدا بەشێکی زۆریمان خەرج کردبوو، چی بکەین، خەمێکی دیکەشمان ئەوە بوو لە کوێ پارە پەیدا بکەین پێی بژین، تا فیودورمیخائیلوفیچ لە نووسینی ڕۆمانەکەی دەبێتەوە؟ تەنیا ( مژدەبەری ڕووسی) مان بەدەستەوە بوو، کە بشێت مێردەکەم کاری تێدا بکات و هاوبیروبۆچوون بوون+ ١٧٩.

گەییمە بیر و چارەیەک، لەنێو کۆمەڵێک بیر و چارەدا، کە بشێت خۆمانی پێ لەم ناکامییە پێشبینیکراوە بپارێزین، ئەویش ئەوە بوو ( بە گوێرەی توانا) مەسرەفی خێزانەکەمان کەم بکەینەوە، هەچەند ژیانی ئێمە ژیانێکی زۆر سادە و خاکیانە بوو، ساڵانە وێڕای ئەو هەموو قەرزەی دەماندایەوە، بەلای کەمەوە سێ هەزار ڕۆبڵ خەرجیمان بوو، تەنیا کرێ شوقەکەمان ( کە هەمیشە شوقەی هەرزان بایی بوو) حەوت سەت هەشت سەت ڕۆبڵ بوو، بە پارەی دار و سووتەمەنییەوە دەگەییە هەزار ڕۆبڵ.

بۆیە ئەم بیرەم بە مێشکا هات کە زستان لە روسا دانیشین، بەتایبەتی کە ئێمە من و مێردەکەم لێبڕابووین لە بەهاری ئایندەدا سەرلەنوی بۆ روسا بگەڕێینەوە، چونکە ئاوەکەی بۆ مەلەی منداڵەکان زۆر باش بوو، مانەوەمان لە پایتەختدا هەشت نۆ مانگێکی دەخایاند، مانگ و نیوێک دوو مانگ بۆ شوقە دەگەراین، ئەوسا دەبو ئاواو ئاوەدانی بکەینەوە، موبیلەی بکەین، بەهار جارێکی دی خۆمان بۆ سەفەر ئامادە دەکرد، ئەم هەموو وەختەمان لێ بەفیڕۆ دەچوو، کە دەکرا فیودور میخائیلوفیچ لە کارکردندا بەسەر بەرێت، زۆر چاک دەیزانی کە دەبوایە هەوڵ

بدات بە زووترین کات لە نووسینی ڕۆمانەکەی ببێتەوە، تا دەست بە کارە دڵخوازەکەی کە بریتی بوو لە دەرکردنی گۆڤارێکی سەربەخۆ بە ناونیشانی (یاداشتی نووسەر) بکات.

نرخی ئازووقە لە ستاریاروسا، لە چاو پترسبورگدا زۆر هەرزان بوو، بە سێ قات هەرزانتر بوو.

جگە لە مەسەلە داراییەکە من حەزم دەکرد زستانیش بە خێزانی و بە ئارامی بەسەر بەرین، ڕێک وەکو ئەوەی لە هاویندا بەسەرمان برد، هەرکە زستانمان لێدەهات بە تامەزرۆییەوە باسی هاوینمان دەکرد وخۆزگەمان بەو ژیانە دەخواست، فیودور میخائیلوفیچ لە وەرزێن زستاندا کەمتر دەکەوتە ماڵەوە، دەبوایە لەو ماوەیەدا هاتووچۆی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی پترسبورگی بکردایە، لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی خێرخوازی سلاڤی دا،کە لە ساڵی ١٨٧٢وە ئەندام ١٨٠+ بوو تیایدا.

ئیدی ناچاربووم ئەزیەتی زیاتر بکێشم، فیودور میخائیلوفیچ بەهۆی ئیش و کارەوە لە من و منداڵەکان دوورکەوتەوە، ئیدی دەبوایە وەختێکی کەمتریان لەگەڵدا بەسەر بەرێت، لە کاتێکدا هەموو خۆشییەکی بە منداڵەکانەوە بوو، مانەوەی منداڵەکان لە ستاریاروسا، زۆر خەم و ئاریشەی خێزانی لەکۆڵ دەکردینەوە.

دوای ئەوەی قەرارم دا کە زستان لە روسا بەرمە سەر، لێبڕام لەوێ شوقەیەک پەیدا بکەم، چونکە لەبەر زۆر هۆ نەدەکرا زستان لەو داچایەی ( هاوینە ماڵ) گریبی بەسەر بەرین، پەیداکردنی شوقەیەکی گەورە لە روسا کارێکی ئەستەم نەبوو: ئەو داچایانەی لە هاویندا بە سێ چوار سەد ڕۆبڵ دەچوونە کرێ، لە زستاندا چۆڵ دەبوون، بۆیە خاوەنەکانیان مانگانە بە پازدە بیست ڕۆبڵێکیان بە کرێ دەدا، بەڵام من هیچ شتێکم بەبێ پرسی فیودور میخائیلوفیچ نەدەکرد: ئەگەر لە گەڕانەوەدا لە پترسبورگ شوقەیەکی هاکەزایی دەستکەوتبا، هەنگێ بەسەر بردنی زستان لە روسا کارێکی ئاسان دەبوو.

فیودورمیخائیلوفیچ لە کۆتایی یولیو، دوای ئەوەی دوو سێ ڕۆژی لە پترسبورگ بەسەر بردبوو، بۆ روسا گەڕایەوە، لەوێ نە شوقەی گرتبوو، نە بە جدی بۆ شوقە گەرابوو، زۆر بیری ماڵ و منداڵی کردبوو و بەهەشتاو بۆ لای ئێمە گەڕابووەوە.

دوای گەڕانەوەی بە چەند ڕۆژێک، هاتینە سەر باسی شوقەیەکی زستانە و وەختی بەجێهێشتنی روسا، هەنگێ لە شێوەی پێشنیازدا گوتم:_ باشە چۆنە لە روسا بمێنینەوە؟

فیودورمیخائیلوفیچ پێشنیازەکەی ڕەفزکردم ،بیانووەکەشی زۆر کتوپڕ بوو، هەرچەندە ستایشێکی زۆری منی تیا بوو، مێردەکەم کەوتە باسی ئەوەیکە لە روسا هەست بە ترس و غەریبی دەکات و لە هاویندا چەند تەنیا وگۆشەگیر بووین.

مێردەکەم گوتی:

_ بەدرێژایی زستانی رابردوو تۆ لە ماڵ وەدەرنەکەوتیت، بۆ هیچ شوێنێک نەڕۆیشتی، کەمترین دەرفەتت بۆ نەڕەخسا، بای باڵێکی خۆت بدەیت، ئەم زستانە سوپاس بۆ خوا کارمان باش دەڕوات، پارەی زیاترمان دەستدەکەوێت، هەنگێ دەکاری جلی باش بۆ خۆت بکریت و پێکەوە هاتوو چۆی کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەکەین، ئەمە قەرار و بەرنامەی منە. لێرە، لە روسا، بەتەواوەتی دەچڕمسی!

کەوتمە هەوڵی ئەوەی قەناعەت بە فیودور میخائیلوفیچ بکەم کە زستانی ئایندە کارمان زۆر دەبێت و پێویستە ( هەرزەکار) تەواو بکەین، ئیدی ماوەی ئەوەم نامێنێ بیر لە شیکپۆشی و گەران بکەمەوە.

_ هەرگیز پێویستیم بەم شتانە نییە، ئارامی وئیسراحەتی منداڵەکانم لێرەدا لە هەموو شتێکی دیکە پێ گرینگترە.

پێمگوت تەنیا لەوە دەترسم، کە ئەو لێرە، لە روسا، لە دووری کۆڕ و مەجلیسانی خۆی هەست بە بێتاقەتی و بێزاری بکات، بەڵام ئەم حاڵەتە ناخۆشەش چاری خۆی هەیە و دەتوانێ لە زستاندا جارێ دوان سەردانی پترسبورگ بکات و لەوێ کەس و کار و دۆستانی خۆی ببینێ، ئەم سەفەرانەش کە بەتەنیا بیکات پارەی زۆری تێناچێت، هەروەها دەتوانێ بایەکی باڵی خۆی بدات، بێئەوەی لە خەم و خولیا ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆی دووربکەوێتەوە، ئیدی هەرچی هۆی ئیسراحەتی

مادی و مەعنەوی هەیە بۆ مێردەکەمم ژمارد، تا قابیل بێت کە زستان لێرە، لە روسا بەسەر بەرین. مێردەکەم هاتە ڕەدا، دڵبەندی ئەو ژیانە خێزانداریيە هێور و ئارامە بوو کە تیایدا، هەموو کاتی خۆی بۆ کاری داهێنان تەرخان دەکرد، بەڵام فیودورمیخائیلوفیچ بەگومان بوو لەوەی شوقەیەکی گەرمی گەورە و دڵگیرمان دەست بکەوێ.

هەنگێ هەر ئەو ڕۆژە،لە کاتێکا پیاسەمان دەکرد پێشنیازم بۆ مێردەکەم کرد کە بە دووقۆڵی بۆ چەند ڕۆژێک بۆ روسا بڕۆین، تا ئەوسا داچاکەی ئەدمیرال لیونتیف* (* یڤتینی ئیڤانوفیچ لیونتیف ؟ - ١٨٩٢: لە سالانی ١٨٧٤- ١٨٧٥ دوستویفسکی لە ماڵەکەی ئەودا ژیاوە) بە تاڵ بووەو تەمەشایەکی دەکەین، ئیدی ئەم سەردانە شتەکەی بەتەواوی بڕانەوە: ئەو شوقەیەی کە لە قاتی خوارەوەی داچاکەدا بوو، زۆر بە دڵی فیودورمیخائیلوفیچ بوو، داچاکەی لیونتیف کەوتبووە شەقامی ئیلینسکایاوە، کە شەقامێکی ئاوەدان بوو، بریتی بوو لە ماڵێکی گەورە* (* ئەم خانووە تا ئێستاش وەکو خۆی ماوەتەوە. ئا.گ. دوستویفسکایا) ی دووقاتی، هەردوو قاتی سەر و خوارەوەی وەرزانە بە هەشت سەد ڕۆبڵ بەکرێ دەدا، ئەو شوقەیەی ئێمە هەڵمان بژارد بریتی بوو لە شەش ژوور، هی خاوەن خانووەکە بوو، ئەوەی کە زۆر بە دڵی مێردەکەم بوو، هەردوو ( ژووری نووستن و کارکردن) ژوورێکی گەورەی چوار پەنجەرەیی لە بەشە تایبەتەکەی ئێمەی جیادەکردەوە، ئیدی هەراو زەناو ڕاکە ڕاکی منداڵەکان نەدەگەییە فیودورمیخائیلوفیچ و نە لە کاریان دەکرد و نە لە خەو، بەڵکو منداڵەکان ئازادی خۆیان وەردەگرت و بەکەیفی دڵی خۆیان دەکرد،( کە ئەمە بەلای مێردەکەمەوە زۆر گرینگ بوو) ئیدی دەکارین بە کەیفی دڵی خۆیان هەراوزەناو ڕاکە ڕاک بکەن.

یەکسەر قسەمان دەگەڵ ئەو خانمەدا کرد کە کاروباری خانووەکەی بەڕێوە دەبرد، ئیدی شوقەکەمان لە ١٥/ مایو/ ی ساڵی داهاتوودا، مانگی بە پازدە ڕۆبڵ بەکرێ گرت، جا بۆ ئەوەی ئەو وەختەی بۆ کارکردن دامان نابوو بە فێڕۆ نەدەین، قەرارمان دا بلەز بارکەین و شوێنەکە بۆ زستان ئامادە بکەین.

زستانی ساڵانی ١٨٧٤/ ١٨٧٥ کە لە ستاریاروسامان بە سەربرد، جێگایەکی تایبەتی لە تۆماری بیرەوەرییەکانمدا هەیە، منداڵەکان سحەتیان باش بوو، تاقە جارێکیش دکتۆرمان بۆ بانگ نەکردن، کە کاتێ لە پایتەخت دەژیاین، زۆرجار

نەخۆش دەکەوتن و دکتۆرمان دێنانە سەر. هەروەها فیودورمیخائیلوفیچیش سحەتی زۆر باش بوو، ئەنجامی ئەرێنی معالەجەکەی ئیمسی پێوە دیاربوو: کۆکەی کەم بوو بووەوە، هەناسەی قووڵ بوو بوو، بەهۆی ژیانی ئارام و ڕێکوپێکەوە، بەهۆی غیابی هەر ڕووداوێکی کوت و پڕی سەخیفەوە (کە زۆرجار لە پترسبورگدا دووبارە دەبووەوە) مجێزی مێردەکەشم تەواو فەرقی کرد، نۆرە پەرکەم و فێیەکەی تەواو کەم بوونەوە، کە فێشی لێ بهاتبا بەو توندییەی جاران لێی نەدەدا، بۆیە فیودور میخائیلوفیچ زۆر کەم تورە دەبوو یان هەڵدەچوو، هەمیشە ڕووخۆش و سوێرە قسە بوو، نەخۆشییە درێژخایەنەکەی، کە دوای شەش ساڵ کوشتی، هێشتا لێی پیس نەبوو بوو* (* کشان و بەرین بوونی دەماری سیپەلاکەکانی) تووشی تەنگەنەفەسی نەبوو بوو، بۆیە ڕێگەی بەخۆ دەدا یاری و گەمە دەگەڵ منداڵەکاندا بکات.

هێشتا من و منداڵەکان و ناسیاوەکانمان لە ستاریاروسا، لە بیرمانە کە فیودور میخائیلوفیچ چۆن شەوان بەدەم ئاوازی ئۆرگۆنە دەستییە بچووکەکەوە ( پیانولا*) (* فیودور میخائیلوفیچ بە خۆی بۆ منداڵەکانی کڕیبووی و ئێستا نەوەکانی گەمەی پێدەکەن، ئا. گ. دوستویفسکایا) گەمەی دەگەڵ منداڵەکاندا دەکرد و ئەوسا سەمای مازورکا* (* مازورکا: سەمایەکی پۆڵاندییە)ی دەکرد، مێردەکەم زۆری حەز لە مازورکا دەکرد، ئەلهەقی بەوپەڕی شەهامەت و جۆش و خرۆشەوە ئەو سەمایەی دەکرد، لە تۆ وایە ( پۆڵاندی ڕاستەقینەیە) جارێکیان کە ڕەئی خۆمم لەو بارەیەوە پێگوت، زۆر دڵخۆش بوو.

ژیانی ڕۆژانەمان لە ستاریاروسا، بە بەرنامە بەسەر چەند سەعاتێکدا دابەش کردبوو، زۆر بە وردی پابەندی ئەو بەرنامەیە بووین، مێردەکەم بە شەو کاری دەکرد و بە ڕۆژەوە پێش سەعات یازدە لە خەو ڕانەدەبوو، کە بۆ قاوە خواردنەوە لە ژوورەکەی خۆی وەدەردەکەوت منداڵەکانی گاز دەکرد و بەغار بۆ لای دەچوون و هەرچییەک ئەم بەیانییە ڕوویدا بوو بۆیان دەگێڕایەوە، هەرچییەکیان بینی بوو بۆیان دەگێڕایەوە، فیودور میخائیلوفیچ، بە شادمانییەوە لێیان ڕادەما، بەشداریی گفتوگۆیە خۆش و زندووەکانی دەکردن، من نە پێشتر و نە پاشتر کەسێکی وەک مێردەکەم دلۆڤان و بەسۆزم نەبینی و نەبینی بوو، دەیتوانی مێشکی مندالان بخوێنێتەوە و بە قسەکانی دڵخۆشیان بکات، لەم کاتانەدا فیودورمیخائیلوفیچ دەبووەوە بە منداڵ.

فیودور میخائیلوفیچ، دوای نیوەڕوان بۆ ئۆفیسەکەی خۆی بانگی دەکردم، تا ئەوەم پێ ئیملا بکات کە شەوێ نووسیبووی، کارکردنم دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا جۆرە لەزەتێکی تایبەتی پێ دەبەخشیم و لە ناخی خۆمدا شانازیم بەوە دەکرد کە یارمەتیم دەدا و یەکەم خوێنەر بووم کە لەدەمی نووسەرەکە خۆیەوە گوێم لە ڕۆمانەکەی دەبوو، فیودور میخائیلوفیچ، ڕاستەوخۆ لە دەستنووسەکەوە ڕۆمانەکەی بۆ دەخوێندمەوە و بە ئیختیزال دەمنووسیەوە، ئەگەر لە کارەکەی ڕازی نەبوایە یا گومانی لێی هەبوایە، لەپێشا و بەرلەوەی دەست بە ئیملا بکەین، هەموو ئەوەی کە نووسیبووی بۆی دەخوێندمەوە، لێرەدا تەرکیزێکی زیاترم لەلا چێدەبوو.

"٤"

ئیملا

لێرەدا چەند وشەیەک لەمەڕ ئیملا دەڵێم.

فیودورمیخائیلوفیچ هەمیشە بە شەوان کاری دەکرد، کاتێ هێمنی و کڕی و کپی تەواو باڵی بەسەر ماڵەکەدا دەکێشا و هیچ شتێک ڕستی بیرکردنەوەی نەدەپچڕی، بۆ ڕۆژی دوایی لە سەعات دوو نیووەوە تا سێ، ئەوەی شەوێ نووسیبووی، بە منی ئیملا دەکرد، تا ئێستاش ئەو سەعاتانام وەکو خۆشترین سەعاتانی ژیانم لەیادە.

گوێگرتن لە کارێکی تازە لە زمانی ئەو نووسەرەوە کە خۆشمدەویست، بەو تۆنەوە کە قسەی قارەمانەکانی پێ بەرجەستە دەکرد، بۆ من قەدەرێکی خۆش بوو، مێردەکەم هەرکە لە ئیملاکەی دەبووەوە، یەکسەر لە منی دەپرسی:

_ دەی ئانیچکا گیان چۆنە بەلاتەوە؟

وەڵامم دەدایەوە:

_ ئەگەر ڕای منت دەوێ جوانە! بەڵام ئەم ( جوانە) بەلای فیودور میخائیلوفیچەوە دەیکردە ئەوەی کە ئەو دیمەنەی بۆ منی خوێندوەتەوە کاریگەری و باندۆرێکی جدی لا چێنەکردووم، مێردەکەم سەرنجی شەخسی منی زۆر بەلاە گرینگ بوو، هەمیشە وا ڕێدەکەوت ئەو دیمەن و لاپەڕانەی ڕۆمانەکە، کە منیان شاد یا

خەمبار کردبوو، هەمان کایگەرییان لای زۆربەی خوێنەران چیدەکرد، مێردەکەم لەڕێگای قسەکردنیا دەگەڵ خوێنەراندا، یا لەڕێگای حوکمی ڕەخنەگرانەوە، ئەمەی بۆ ساغ دەبووەوە.

هەولْم دەدا لە بۆچوون و سەرنجەکانمدا، دڵسۆز و راستگۆ بم. یانی قسەکانم تەنیا ستایشی خۆڕایی، یا دڵبەندییەک نەبێت، کە لە ناخەوە و بەڕاستی هەستی پێ نەکەم، مێردەکەم ڕێزێکی زۆری بۆ ئەم دڵسۆزی و ڕاستگۆییەم هەبوو، هەڵبەتە باری سەرنجی خۆم لە مێردەکەم نەدەشاردەوە، لەبیرمە چۆن وەختێ قسەکانی خوخلا کوڤا یا جەنەراڵی لە ڕۆمانی (گەمژە) دا بۆ خوێندمەوە، دەستم بە پێکەنین کرد، چۆن سەبارەت بە داواکاری گشتی لە ( برایانی کارامازۆف) دا، بە گاڵتە و شۆخییەوە بە مێردەکەم گوت:

_ ئۆە، باش بوو کە تۆ داواکاری گشتی نەبووی! دەتتوانی بە وتارەکەت بابایەکی بێتاوان ڕەهەنەی سیبریا بکەیت.

فیودور میخائیلوفیچ لێی پرسیم:

_ کەواتە بە ڕای تۆ داواکاری گشتی لە وتارەکەدا سەرکەوتوو بووە.

دووپاتم کردەوە:_ زۆریش سەرکەوتوو بووە، بەلام حەیفم لێ دێت کە تۆ بابایەکی قای نەبوویت، دەبوویت بە جەنەراڵ و منیش هەنگێ دەبووم بە جەنەراڵ ژن، نەک ژنی ملازم دووەمێکی خانەنشین.

کاتێ فیودورمیخائیلوفیچ، وتارەکەی فیتیوکوڤیچ*ی پێ ئیملا دەکردم (* ڤیتیوکوڤیچ: لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆفدا پارێزەری دیمتری کارامازۆفە، دوستویفسکی سێ فەسڵی بۆ وتارەکەی ئەو تەرخان کردووە، خوێنەر دەتوانێ ئەم وتارە ڕەسایە لە پاچڤەکەی د. سامی الدروبی دا بخوێنێتەوە کە لە(دار الکاتب العربی للطباعة والنشر) چاپ بووە،بەرگی سێیەم، بەشی چوارەم،بابی دوازدەیەم) و دوای ئەوە پرسیارە باوەکەی خۆی لێکردم ( ئانیچکا گیان ڕات چییە؟) بیرمە پێمگوت:

_ ئێسا پێت دەڵێم بۆچی کاری پارێزەریت هەڵنەبژارد گیانەکەم، تاوانباری ڕاستەقینەت بەجۆرێ تەبرییە دەکرد و وەکو بەفری بێگەرد لە قەزییەکە دەرباز دەبوو، سەبارەت بە فیتیوکوفیچ، بەڕاستی جوانت وێنە گرتووە!

جارێکی دیکە گریام، بیرمە کاتێ مێردەکەم، دیمەنی گەڕانەوەی ئەلیوشای دەگەڵ منداڵەکاندا،پاش ناشتنی ئیلیوشچکا، پێ ئیملا دەکردم، زۆر شپرزە و پەرێشان بووم، بە ڕادەیەک بە دەستێک دەمنووسی و بە دەستەکەی ترم فرمێسکەکانم دەسڕین، کاتێ فیودور میخائیلوفیچ بەو نیگەرانی و شپرزەییەوە دیتمی، لێم هاتە پێشێ، سەری ماچ کردم و هیچی نەگوت.

فیودورمیخائیلوفیچ بە شێوەیەکی گشتی منی بە یەکێک لە خوینەرە جدییەکانی بەرهەمەکانی خۆی دەزانی و وای وێنا دەکرد زۆر بە قووڵی لە ڕۆمانەکانی تێدەگەم، قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو کە من لە لایەنە فەلسەفییەکانی ڕۆمانەکانی تێدەگەم، بیرمە جارێکیان دوای لێبوونەوە لە ئیملاکردنی یەکیک لە فەسڵەکانی ڕۆمانی برایانی کارامازۆف، لە وەڵامی پرسیارە هەمیشەیی و تەقلیدییەکەیدا گوتم:

_ دەزانی هیچ لەوە نەگەیشتم کە پێت ئیملاکردم ( باس باسی موفەتیشی گەورە بوو) بۆ ئەوەی لەوە حاڵی بم، پێموایە دەبێ زەینیەتێکی فەلسەفیترم لەوە هەبێت کە هەمە.

مێردەکەم گوتی:

_ سەبرکە،شتەکەت بەشێوەیەکی ڕوونتر بۆ دەگێڕمەوە، ئەوسا کەوتە شرۆڤەکردنی بابەتەکە بەشێوەیەکی ڕوونتر. مێردەکەم پرسی:_ ئێستا شتەکە ڕوون بووەوە؟

_ نەخێر هێشتا ڕوون نییە، چەندی دووبارە بکەیتەوە فایدەی نییە، من ناتوانم تێی بگەم.

_ نا، تێگەیشتوویت، لە میانەی ئەو پرسیارانەوە کە کردنت بۆم دەرکەوت تێگەیوی، ئەگەر ناتوانی بیگێڕیتەوە ئەوا هی ئەوەیە ناتوانی چۆنی گوزارشت لێبکەیتەوە.

جا لەمبارەیەوە دەبێ ئەوە بڵێم تا تەمەنی پڕ خەمم هەڵدەکشا، زیاتر ئاسۆی بەرهەمەکانی مێردەکەم لەبەردەمما دەکرایەوە و پتر و قووڵتر لێیان تێدەگەیشتم.

لەبیرمە کاتێ لە ستاریاروسا بووین، فیودورمیخئیلوفیچ فەسڵێکی لە رۆمانێک کە تازە لە نوووسینی بووبووەوە بۆ خوێندمەوە، باسی کچێک بوو خۆی خنکاندبوو، (هەرزەکار) بەشی یەکەم، فەسڵی نۆیەم* ( * ئەم فەسڵە کارێکی زۆری کردبووە سەر نیکراسوفیش، مێردەکەم لە نامەیەکیا ١٨٧٥/٢/٩ ئەوەی بۆ باسکردووم، ئا. گ. دوستویفسکایا+١٨١) دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی بووەوە تەمەشای کردم و هاواری کرد: _ ئانیا، چیتە کۆترە باریکەکەم، بۆ ڕەنگت زەرد بووە، ماندوویت، هیچت لێ بەسەر هاتووە؟

وەڵامم دایەوە:_ تۆ ترساندمت.

_ بەراست، ئەم فەسڵە بەو رادەیە کاری تێکردیت؟ بەداخەوەم ببورە!

"٥"

دەگەڕێمەوە سەر باسی ساڵی ١٨٧٤، فیودورمیخائیلوفیچ دوای ئەوەی لە ئیملا دەبووینەوە و لەگەڵ مندا نانی دەخوارد. ئەم زستانە ( گەشتەکەی ڕەبەن بارفینی ١٨٢+) دەخوێندەوە، یا لە هەر کاتێکدا بوایە نامەی دەنووسی، لە سەعات سێ و نیودا، دەردەچوو بە جادە چۆڵەکانی روسادا پیاسەی دەکرد.

زۆرجاریش لەڕێگای خۆیەوە سەری دوکانەکەی بلوتینکوفی* (* وەسپی ئەم دوکان و فرۆشگایە لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆفدا هاتووە، کە میتیاکارامازۆف بۆ ئەم دوکانە دەچوو تا دیاریی بۆ موکروی بکڕێت. ئا. گ. دوستویفسکایا) دەدا، تا مەزەمەنی و شیرینی تازە، کە لە پترسبورگەوە دەهات بکڕێت، دوکاندارەکان دەیانناسی وخۆشیان دەویست، هەرچەندە دەیانزانی مشتەرییەکی چەور نییە و بەگوێرەی گیرفانی نیمچە بەتاڵی خۆی شت دەکڕێت، بەڵام خێرا بەپیرییەوە دەچوون و تازەترین شتیان دەخستە بەردەستی.

سەعات پێنج دەگەڵ منداڵەکاندا بۆ نانخواردن دادەنیشتین، مێردەکەم هەمیشە لەم وەختەدا باشترین مجێزی هەبوو، یەکەم کاری ئەوە بوو کە پەرداخێ ڤۆدگا بۆ

پیرەژن ببات، بروخوڤنا* دایەنی کوڕەکەمان بوو (*فیدور میخائیلوفیچ ڕێزێکی زۆری بروخورڤنای دەگرت، چونکە منداڵەکەمانی خۆشدەویست، مێردەکەم هەندێ جار لە نامەکانیا بۆ من باسی دەکرد و هەواڵی دەپرسی، لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆفدا کە شەخسیەتی ئەو پیرەژنەدا وێنەی گرتووە، کە سەدەقە و خێری بۆ ڕوحی کوڕە زندووەکەی دەکرد، کە هیچ هەواڵێکی نەدەزانی، فیودور میخائیلوفیچ ئامۆژگاری کردبوو کە وابکات و پێی دەگوت پەلە نەکات، بەو زوانە نامە و هەواڵی کوڕەکەی پێدەگات، کە بەڕاستیش وا دەرچوو، ئا. گ، دوستویفسکایا) فیودور میخائیلوفیچ پەرداخە ڤۆدگاکەکەی دەدایەوە پێی دەگوت:

"دایەنی ئازیزم فەرموو ڤۆدگا! "پیرەژن دەیخواردەوە و ئەوسا مەزەیەکی بەسەردا دەکرد کە بریتی بوو لە نان و خوی.

نانخواردنەکەمان بە خۆشی و شادی بەسەر دەبرد، منداڵەکان لە یەکبینە قسەیان دەکرد، دەمیان لێک نەدەنا، بەلام ئێمە هەرگیز لەسەر نانخواردن باسی هیچ بابەتێکی ئالۆزمان نەدەکرد کە منداڵەکان تێی نەگەن، دوای نانخواردن و قاوە خواردنەوە مێردەکەم نزیکەی نیو سەعاتێک لەگەڵ منداڵەکاندا دادەنیشت، یا حیکایەتەکانی کریلوفی* بۆ دەخوێندنەوە (* ئیڤان ئەندریڤیچ کریلوف ١٧٦٩-١٧٤٤: چیرۆکنووس وحیکایەتنووسێکی ڕووسییە، چەند گۆڤارێکی ساتیری دەرکرد، لە ساڵانی ١٨٠٩- ١٨٤٣ دا پتر لە سەد حیکایەتی نووسیوە، گوگوڵ حیکایەتەکانی ئەوی ناوناوە، " کتێبی پەندی گەل") من و فیودور میخائلوفیچ سەعات حەوت دەچووین بۆ ئێوارە پیاسە، لەڕێگای گەڕانەوەماندا سەری نووسینگەی پۆستەخانەمان دەدا* ( * لەم زەمانەدا قیتار تا شاری نوڤگورود دەهات، لەوێوە پۆستەبەر نزیکەی سەد کیلۆمەتری بە سواری ئەسپ دەبڕی، "چلیشی بە دەریا دەبڕی"، واتە ئێمە ڕۆژی دواتر ڕۆژنامانمان لە پۆستەبەر وەردەگرت، بۆیە خۆمان دەچووین بۆ ئۆفیسی پۆستەخانە، تا رۆژنامان لە هەمان رۆژی دەرچوونیاندا وەربگرین، ئا. گ. دوستویفسکایا)

هەڵبەتە ئەو نامە و پۆستانەی بۆ فیودورمیخائیلوفیچ دەهاتن، گرینگی و بایەخی خۆیان هەبوو، بۆیە هەندێجار لە خۆشیاندا بە گورگەلۆقە بۆ ماڵ دەگەراینەوە تا نامە و ڕۆژنامەکان بخوینینەوە.

لە دەوروبەری سەعات نۆدا منداڵەکانمان دەخستنە ناو جێوە،فیودور میخائیلوفیچ دەچووە دیاریان، ( هیوای خەونی خۆشی بۆ دەخواستن) و وێرد و سڵاواتی ( ئەی باوکمان) و ( پاکیزە) ی بەسەرا دەخوێندن و ئەوجا نزا دڵخوازەکەی خۆی دەخوێند: " لێت دەپاڕێمەوە ئەی دایکی خوا، لە داپەنای خۆت بمپارێزە!"

لە سەعات دەی شەودا، ئیدی کڕی و کپی باڵی بەسەر ماڵەکەماندا دەکێشا، کاتێ هەموو کەس بە عادەتی گوندان، زوو دەچوونە ناو جێگاوە، ئەوسا ئیدی فیودور میخائیلوفیچ بۆ ئۆفیسەکەی دەخزی تا ڕۆژنامان بخوێنێتەوە، بەڵام من بە خۆشییەوە لە دوای شەکەتی کاروباری ناو ماڵی ڕۆژانە و هەرا و هەنگامەی منداڵان، بە کاوەخۆ دادەنیشتم و لە ژوورەکەی خۆمدا یاریی ناپلیۆنم بە وەرەقان دەکرد، بەختم بۆ خۆ دەگرتەوە.

زۆر چاک لە بیرمە کە مێردەکەم هەموو شەویک چەند جارێک سەری دەدام، تا ئەو هەواڵانەم پێبڵێ کە لە ڕۆژنامەکاندا خوێندبوونیەوە، یان دەربارەی هەندێ شت قسەم دەگەڵدا بکات. هەمیشە لە ڕیزکردن و تەرتیپکردنی وەرەقەکاندا یارمەتی دەدام، کە بە بەختی مندا بشکێتەوە، ئەم یارییە هەندێک ئاڵۆز و قورس بوو، ئەگەر یارمەتی مێردەکەم* نەبوایە سەرنەدەکەوتم (* گەمەی وەرەق: لەو کۆمەڵگەیەدا " بەتایبەت کۆمەڵگەی ئەدەبی" کە فیودور میخائیلوفیچ تێیدا گەورە بوو بوو، یارییەکی باو نەبوو، بەدرێژایی ژیانی خێزانداریمان کە چواردە ساڵی خایاند، مێردەکەم تەنیا یەک جار نەبێ، ئیدی یاری وەرەقی نەکردووە، ئەو جارەش میوانی خزمێک بووین، هەرچەند پتر لە دەساڵ بوو یاری وەرەقی تەرک کردبوو، بەلام یارییەکی زۆر جوانی کرد، کە چەند ڕۆبڵێکی بەردبووەوە هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، ئا. گ. دوستویفسکایا). مێردەکەم لە سەعات دوازدەدا دەهاتە بەردەرگای ژوورەکەم، هەڵبەتە ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە دەبێ بخەوم، داوام لێدەکرد کە ڕێگەم بدات یاریەکی دیکەش بکەم، ئیدی دەهات و پێکەوە وەرەقەکانمان ڕیز دەکرد، ئەوسا دەچووم بۆ نووستن، هەموو دەنووستین تەنیا مێردەکەم نەبێ تا سێ و چواری دوای نیوەشەو دادەنیشت.

نیوەی یەکەمی زستانەکەمان ( لە مانگی نۆوە تا مانگی سێ) لە ستاریاروسا بەسەر برد، بەوپەڕی ئارامی ئەو ماوەیەمان بەسەر برد ،باوەڕ ناکەم هیچ کاتێک ئەو ئارامی و بێ خەمییەمان بەخۆوە دیتبێ، ڕاستە ژیان لێرەدا یەکهاوی و ڕۆتینی

بوو: هەموو ڕۆژەکان لەیەکدی دەچوون، هەموو ڕۆژەکان لە یادگەمدا وەکو یەک بوون و بیرم نایەت بوویەرێکی لێکدی جیاکردبنەوە، بەڵام بوویەرێکی پێکەنیناوی گریانئامێزمان لە هەوەڵی زستاندا بۆ پێشهات، کە بۆ چەند ڕۆژێک شپرزەی کردین، بویەرەکەش ئەمە بوو: بیستم بازرگانان لە شاری نیچیگورودەوە پاڵتۆی کورتی فەرووی مەڕیان بۆ گەورە و بچووک هێناوە، ئەمەم بە مێردەکەم گوت، شتەکەی بە هەند وەرگرت، گوتی کاتی خۆی پاڵتۆی فەرووی مەڕی هەبووە و حەزدەکات دانەیەک بۆ فیدیا بکڕێت، چووین بۆ دوکانەکە، لەوێ دەیان پاڵتۆی یەک لە یەک باشتریان نیشاندااین، چەند دانەیەکمان هەڵبژارد و داوامان کرد بۆمانی بنێرن بۆ ماڵەوە تا گەورەیی و بچووکی تاقیبکەینەوە، دانەیەکی شەکەری کاڵمان هەڵبژارد، یەخەکەی و سەری قۆڵەکانی سورمەچن کرابوون، زۆر جوان بوو، زۆری بەدڵ بوو، فیت پڕ بەبەری کوڕەکەمان بوو، فیدیا منداڵێکی ڕوخسار پەمەیی بوو، کە ئەم پاڵتۆیەی لەبەر دەکرد و کڵاوێکی قووچی لەسەر دەکرد و پشتێنێکی سووری دەبەست، هێندە جوان بوو دڵت نەدەهات سەیری بکەیت، پاڵتۆیەکی شیکمانیش بۆ کچەکەمان کڕی، کە منداڵەکان دەیانپۆشی و دەیانویست بچن بۆ پیاسە و گەڕان، مێردەکەم تاوێکی باش لێیان ڕادەما و تەماشای دەکردن، بەڵام ئەم چاوە ڕەشەمان زوو کاڵ بووەوە: ڕۆژێک چەندین پەڵە چەوری گەورەم بە پێشی پالتۆ شەکەرییە کاڵەکەوە بینی، جگە لە کۆمەڵێک پەڵەی دی بەسەر چەرمەکەیەوە، زۆرم پێ سەیر بوو، تۆ بڵێی ئەم منداڵە بەدەم پیاسە کردنەوە، پالتۆکەی وا لێکردبێت، بەڵام زوو ڕاستییەکەمان بۆ دەرکەوت: پیرەژنە چێشتلێنەرەکەمان، مێردێکی نیمچە کوێری هەبوو، لە بەیانییەوە لە موبەقەکەدا بەدیار ژنەکەیەوە دادەنیشت، دوای ئەوەی نان دەخوات هیچ پەڕۆ و خاولییەک نابێ دەستی پێ بسڕێ، دەست بە پاڵتۆکە، کە هەڵمانواسی بوو تا هێشک بێتەوە دەسرێت، زۆرمان هەوڵدا کە ئەو پەڵانە لە پاڵتۆکە بسڕینەوە، بەڵام لەگەڵ هەر شۆردنێکدا، پەڵەکان زەقتر دەبوونەوە، بەو جۆرە پاڵتۆ جوانەکە لە کەڵک کەوت، زۆرم پێناخۆش بوو، بەتایبەتی کە نەماندەتوانی دانەیەکی تازە بۆ منداڵەکەمان بکڕین.

زۆر لە ئاشپەزەکە پەست بووم کە نەیدەزانی وەکو پێویست ئیدارەی موبەقەکە بدات، لە داخا هاتمە سەر ئەوەی خۆی و مێردە گەمژەکەی دەربکەم، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ پشتی ئەوانی گرت و منی ساردکردەوە، هەڵبەتە ڕۆژگار زوو ئەم بیەرە بچووکە ناخۆشەی پێچایەوە.

که هەردوو ڕۆمانی ( ئەهریمەنان و گەمژە) سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا، هێشتا هەر لە روسا بووین کە بریارمان دا (یادگارییەکانی خانەی مردوان) چاپ بکەینەوە، چونکە لە بازارا نەمابوو و کتێبفۆشان زۆر داوایان دەکرد، یەکەم پرۆڤەی چاپەکەیان بۆ ناردین تا هەڵەچنی بکەین، دوای ئەوە دەبوایە بەر لە دەرچوونی ڕۆمانەکە، سەفەری پایتەخت بکەم تا کۆمەڵێک نوسخەی لێبفرۆشم (لەوەدا سەرکەوتوو بووم) و کۆمەڵێک نوسخەش بە سەرف دابەشبکەم و حیساباتی چاپخانە و ئەو شتانەش لە گەڵ خودان چاپخانەدا بکەم، حەزم دەکرد سەری خزم و دۆستەکانم بدەم و بە بۆنەی جەژنەکانی سەری ساڵەوە، هەندێ شیرینی وشتان بۆ ڕازاندنەوەی داری جەژنی سەری ساڵ بکڕم و دیاری بۆ منداڵەکانی خۆمان و منداڵەکانی قەشە رومیانتیف بکڕم کە تێکەڵاوی خانەوادەییان لەگەڵماندا هەبوو.

لە ١٢/١٧دا سەفەرم کرد، لە ١٢/٢٣دا گەڕامەوە، کاتێ کە لە دەریاچەی بەستەڵەکی ئیمیلین پەڕیمەوە زۆر ترسام: ژمارەیەک لەو عەرەبانانەی پێکەوە دەڕۆیشتن لە ڕێگا دەرچوون، گێژەڵۆکەی بەفر لێیداین، کەچی گوێمان نەدایە و بەرەو بایەکە ملمان نا، خۆشبەختانە جڵەوی بۆ ئەسپەکان شل کرد، حەیوانەکان بە زیرەکی خۆیان ڕێگای جیاوازیان گرتەبەر و لە ئەنجامدا هێنامانیانەوە سەر ڕاستە ڕێگا.

"٦"

## زستانی ساڵی ١٨٧٤

لەو سەروبەندەدا زۆرجار، چ لە وەرزی زستان، چ لە وەرزی هاویندا، ئاگر لە ستاریاروسا دەکەوتەوە، جاری وا هەبوو بەهۆی ئەو ئاگرەوە چەند جادەیەک لەمسەر تا ئەو سەر دەسووتا، زۆربەی ئەم ئاگرانە بە شەو دەکەوتنەوە (لە نانەواخانەیەکەوە یا لە گەرماوێکەوە) فیودورمیخائیلوفیچ کە ئەو ئاگرەی بیر دەکەوتەوە کە ماوەیەکی کەم لەوە پێش ئورنبورگی کردبوو بە قەرەبرووت، زۆر دەترسا کە لێرە و لەوێ ئاگرێک بکەوتباوە، بەتایبەتی کە زەنگی کلێساکان دەکەوتنە لێدان، نەخازما زەنگی کلێساکانی نزیک ماڵی ئێمە.

هەرچەندە دەیزانی من لە کاتی ئاساییدا زۆر چالاک و بە هیمەتم، لە هیچ ناترسم، بەڵام ئەوەشی دەزانی کە لە کاتی تەنگانە و ڕوودانی بویەرێکی کتوپڕدا، دەپەشۆکێم و کۆنترۆڵ لەدەست دەدەم و ڕەفتاری شێتانە دەکەم، بۆیە لەو ماوەیەدا کە لە روسا بووین، لەسەر ئەوە ڕێکەوتبووین هەرکەسێکمان گوێمان لە زەنگی ئاژێری خەتەر بوو، بەشێنەیی ئەوی ترمان خەبەر بکەینەوە، هەرکە فیودور میخائیلوفیچ گوێی لە دەنگی زەنگ دەبوو، دەهات هەردوو شانی دەگرتم و تەکانی دەدام و دەیگوت:" ئانیا گیان مەترسە وادیارە ئاگر لە شوێنێ کەوتووەتەوە، تکایە نیگەران مەبە من دەڕۆم تا بزانم ئاگرەکە لە کوێ کەوتووەتەوە!"

یەکسەر لە خەو هەڵدەستام، گۆرەوی درێژ و پێڵاوم لەپێی منداڵەکان دەکرد، جلی دەرەوەم بۆ ئامادە دەکردن، تا ئەگەر ناچاربووین بچینە دەرەوە، سەرمایان نەبێت، بوخچەی گەورەم دەردێنا وهەموو جلەکانی مێردەکەم و یادەوەری وکاغەزەکانیم تێ دەنا و هەموو شت و جلوبەرگەکانی خۆم و منداڵەکانم لە سندووق و کۆمەدییەکان دەردێنا و لە بوخجەیەکی ترم دەنان، دوای ئەوەی لەو ئیشانە دەبوومەوە و دڵنیا دەبووم هەموو شتە گرینگەکانم لە بوخچان ناون، ئیدی وەخۆ دەهاتمەوە و هێور دەبوومەوە، لە سەرەتادا هەموو بەروبوخچەکانم دەبردە بەردەرگای چوونە دەرەوە، بەڵام لەو جارەوە کە مێردەکەم چوو بووە دەرێ بۆ تاقیبکردن و لە گەڕانەوەدا لە تاریکیدا لە بوخچەکەمان هەڵنوتا و خەریک بوو بکەوێت، ئیتر فێربووم بوخچەکان لە ژوورەکاندا دابنەم، زۆرجار فیودور میخائیلوفیچ هێوری دەکردمەوە و دەیگوت ئاگرەکە سێ کیلۆمەتر لێرەوە دوورە، بەڵام سووکناییم بەو قسانە نەدەهات وتا شتەکانم کۆنەکردباوە دڵم دانەدەکەوت و ئاسوودە نەدەبووم، هەر کە ئاژێری خەتەر لێی دەدا مێردەکەم هانی دەدام کە خێرا " شت و مەکەکان" کۆبکەمەوە، بەڵام هەرکە بەناو خەتەرەکە بەسەر دەچوو، داوای لێدەکردم شتەکان بخەمەوە شوێنی خۆیان.

لە بیرمە کاتێ لە بەهاری ساڵی ١٨٧٥ دا شوقە زستانییەکەی ماڵی ( لیونتیف) مان چۆڵکرد و جارێکی تر بارمان کرد بۆ داچای گریبی، پاسەوانەکە بەدەم ماڵئاواییەوە پێی گوتم: _ زۆرم پێناخۆشە کە ئاغا لێرە دەڕوات.

من کە دەمزانی مێردەکەم هیچ میانەیەکی دەگەڵ ئەودا نییە پرسیم:_ بۆچی؟

_ خانم گیان دەزانی چۆن: هەرکە ئاگرێک لێرە یا لەوێ بکەوتایەوە خێرا دەهات لە دەرگای پاسەوانەکەی دەدا: ڕابە ئاگر لە شوێنێک کەوتۆتەوە! تەنانەت سەرۆکی پۆلیس دەربارەی من گوتبووی: لە شاردا کەس بەقەد پاسەوانەکەی جەنەراڵ لیونتیف، بە ئاگا نییە، هەرکە زەنگ لێدەدرێ خێرا لە بەردەرگا ئامادە دەبێت، جا ئێستا چۆن بەبێ ئاغا ئەمەم پێدەکرێت؟ ئەدی چۆن ڕۆیشتنی ئەوم پێناخۆش نەبێ خانمەکەم؟

کە گەیشتمەوە ماڵ ئەو حیکایەتەم بۆ مێردەکەم گێڕایەوە، پێکەنی وگوتی:

- دەبینی هەندێ چاکەم هەن خۆشم پیم نەزانیوە.

ژیانمان بە ڕێک و پێکی دەڕۆیی، کاری ڕۆمانەکە سەرکەوتوانە بەردەوام بوو، ئەمە بۆ ئێمە زۆر گرینگ بوو، کاتێ کە سەفەری پترسبورگمان کرد، فیودور میخائیلوفیچ پرۆفیسور دیمتری کوشلاکوفی بینی کە ئامۆژگاری کرد، کە لە سەر چارەسەرەکەی بەردەوام بێت، کە ئەنجامی ئەرێنی چارەسەرەکەی (بە ئاو) پێوە بینی، ئامۆژگاری کرد کە لە بەهارا سەفەرێکی دیکە بۆ ئیمس بکات.

لە نیسانی ساڵی ١٨٧٥دا دەبوایە هەوڵی پەیداکردنی پاسپۆرت بدەین، ئەمە لە پترسبورگدا کێشە نەبوو، بەڵام چونکە ئەوسا لە روسا دەژیاین دەبوایە مێردەکەم پاسپۆرت لە پارێزگای نوڤگورود دەربکات، جا بۆ ئەوەی بزانین نوڤگورود چی دەوێ و چەندی تێدەچێی، چووم بۆ لای سەرۆکی پۆلیسی ستاریاوروسا، ئەوسا عەقید گوتسکی* (* ئیدوارد میخائیلوفیچ گوتسکی- دانیلوفیچ ( ؟- ١٨٩٥): عەقید، پاشان بوو بە جەنەراڵ. سەرۆکی پۆلیسی ستاریا روسا بوو، بەرپرسی چاودێری نهێنی بوو بەسەر دوستویفسکییەوە بەو حیسابەی کە کاتی خۆی ئەندامی گروپەکەی پترا شیفسکی بوو) سەرۆکی پۆلیس بوو، کەسێک بوو بە تووڕەیی و هەڵەشەیی بە نێوبانگ بوو، حەزی بە سەردان و دۆستایەتی موڵکدارانی ئەو دەوروبەرە بوو، دوای ئەوەی ئەوراقەکانی وەرگرت، یەکسەر بۆ ئۆفیسەکەی خۆی گازکردم، لە سەر کورسییەک داینام، لێی پرسیم کە من چ پەیوەندیەکم بەم کارەوە هەیە، دوای ئەوەی چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە و هەندێک گەڕا، نامیلکەیەکی ئەستووری بەرگ شینی دامێ. کردمەوە، زۆرم پێ سەیر بوو کە تیایا نووسرابوو ( دۆزی ملازم دووەمی خانەنشین فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی، لەژیر چاودێری نهێنیدایە و حاڵی حازر بە شێوەیەکی کاتی لە ستاریاروسا ئاکنجییە+١٨٣.)

چەند لاپەڕەیەکم لێ هەڵدایەوە و* ( * بڕوانە پاچڤەی دەقی ناوەرۆکی ئەم نامیلکە بەرگ شینە کە بەندە پاچڤەم کردووە و لە گۆڤاری ( ضاد ) ی یەکێتی نووسەرانی میسردا، بە ناونیشانی خۆشاردنەوەی دوستویفسکی بڵاوم کردووەتەوە، ژمارە چوار، ساڵی یەکەم، یونیو، ٢٠٠٦، ل ٦٣- ٧٠ وەرگێڕی عەرەبی) پێکەنیم وگوتم:

_ ئاوها؟ کەواتە ئێمە لەژێر چاودێری وردی ئێوەداین، دیارە ئاگاتان لە هەر بەسەرهاتێکی ئێمە هەیە؟ بەڕاستی وێنای شتی وام نەدەکرد!

_ بەڵی من ئاگام لە هەر شتێکە کە لە خێزانەکەتاندا ڕوودەدات..

سەرۆکی پۆلیس، بە کەش و فشێکی زۆرەوە ئەو قسەیەی کرد ولەسەر ڕۆیی:

_ دەتوانم بڵێم من تا ئێستا زۆر لە مێردەکەت ڕازیم.

بە تۆنێکی تەوس ئامێزەوە گوتم:

_ دەتوانم ئەم ستایشەی تۆ بۆ مێردەکەم بگێڕمەوە؟

_ بەڵێ، تکایە پێی بڵێ، ڕەفتاری زۆر جوان و بێ شێلە و بێلەیە، من متمانەی تەواوم پێی هەیە کە لە ئایندەشدا هیچ کێشە و دەردەسەرییەکم بۆ چێناکات* (* لە ڕاپۆرتەکەی گۆتسکیدا، دەربارەی دوستویفسکی ئەمە هاتووە: بەوپەڕی ئاگاییەوە دەژی، تەنانەت خۆی لە پیاسەی ڕێگا جەنجاڵ و قەرەباڵغەکانیش دەبوێرێ، بە شەوان کار دەکات، لە ژوورەکەی خۆیدا، لەسەر مێزەکەی، تا سەعات چواری سپێدە کار دەکات)

کە گەییمەوە ماڵ قسەکانی سەرۆکی پۆلیسم بۆ فیودور میخائیلوفیچ گێڕایەوە، لە دڵی خۆمدا گاڵتەم بەو عەقڵیەتە دەهات کە ئەرکی چاودێری پیاوێکی وەکو مێردەکەی من بە کابرایەکی پۆلیسی گەمژە و کەودەن بسپێردرێت، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ پاش ئەوەی گوێی لەو قسانە بوو کە من بۆم گێڕایەوە، بە ناڕەزاییەوە گوتی:

ـ چاوپۆشی لە دەیان پیاو خراپ و بەدناو دەکەن، بەڵام گومان لە من دەکەن، چاودێریم دەکەن، کەچی گومان لە منی بەدڵ و بە بیر دڵسۆزی تزار و نیشتمان دەکەن.

بەهۆی چەنەبازییەکانی سەرۆکی پۆلیسەوە زۆر شتمان بۆ ڕوون بوەوە، بەڵام ئەوەی پێشتر هۆیەکەیمان نەدەزانی ئەوە بوو کە ئەو نامانەی من لە ستاریا روساوە بۆ فیودورمیخائیلوفیچم، لە ئیمس دەنارد هەمان ڕۆژی کە من ڕادەستی پۆستەخانەم دەکرد بۆیان ڤرێ نەدەکرد، بەڵکو لەبەر هۆیەکی تایبەتی یەک دوو ڕۆژان دەهێڵرانەوەو گلدەدرانەوە، هەڵبەتە هەندێک لەو نامانەش کە فیودور میخائیلوفیچ لە ئیمسەوە دەیناردن هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. کە ئەمە نیگەرانییەکی زۆری بۆ دروست دەکرد، ئەمە جگە لەوەی دەبووە مایەی ئەوەی فێی لێبێت. کە ئەمە بۆ نموونە لە نامەیەکیا (٢٨/ یولیو/١٨٧٤) بەزەقی دیارە ١٨٤+، ئێستا بۆمان دەرکەوت تومەز نامەکانمان سانسۆریان لەسەر بووە و ئیدی ناردنیان بەند بووە بە ڕەئی سەرۆکی پۆلیسەوە کە زۆرجار یەک دوو ڕۆژ دوا دەکەوت و نەدەهات بۆ ناوەندی هەرێم.

ئەم چاودێری و سانسۆرەی بەسەر نامەکانی نێوان من و مێردەکەمەوە لەلایەن ئەم ئیدارەیەوە دەکرا (پێدەچێ بەسەر نامەکانی دیکەشمانەوە هەر کرابێ) لە ساڵانی دواتریشدا هەر بەردەوام بوو، بەڕاستی مایەی دڵتەنگی مێردەکەم و منیش بوو، بەڵام ڕزگاربوون لەم هەڵوێستە نەشازە مەحاڵ بوو، فیودور میخائیلوفیچ بەخۆی هەوڵی نەدەدا مەسەلەی سانسۆری پۆلیس لەسەر خۆی هەڵگرێت بەتایبەتی کە خەڵکانی شارەزا دڵنیایان کردین مادامێکی ڕێگەیان داوە گۆڤاری (یاداشتی نووسەر) دەربکات و بەخۆی سەرۆکایەتی نووسینی بکات مانای وایە چاودێری نهێنییان لەسەر چالاکییەکانی هەڵگرتووە، کەچی وێڕای ئەوەش چاودێری و سانسۆر تا ساڵی (١٨٨٠)ش هەر بەردەوام بوو، ئەوەبوو فیودورمیخائیلوفیچ لە ئاهەنگی یادی پوشکیندا لەو بارەیەوە لەگەڵ کەسایەتییەکی پایەبەرزدا قسەی کردبوو، ئەویش بۆی تێکۆشابوو و سانسۆری نهێنییان لەسەر هەڵگرت ١٨٥+.

"٧"

سالّی ١٨٧٦ ،سەفەری پترسبورگ و ئیمس

لە هەوەڵی هەیڤی شوباتدا، فیودور میخائیلوفیچ ناچاربوو سەفەری پترسبورگ بکات و دوو هەفتەیەک لەوێندەر وەمێنیٚ. مەبەستی سەرەکی ئەم سەفەرەی ئەوەبوو نیکراسوف بدینیٚ و بۆ دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکە مەوعیدی لەگەڵ دابنێت، هەڵبەتە زەروریش بوو لەگەڵ پرۆفیسۆر کوشلاکوفدا ڕاوێژبکات، چونکە مێردەکەم بەنیاز بوو لەم ساڵەدا سەفەری ئیمس بکات و لە سەر مالیجەکەی پاری ئەوێندەر بەردەوام بێت.

گەیشتینە پایتەخت، بۆ رۆژی دوایی بویەرێکی خەمناک هاتەپێشیٚ کە وای لێکرد هەندێک بترسێت، بانگکرا بۆ دیتنی سەرۆکی پۆلیس، بەڵام مێردەکەم لە خەو مابوو و نەیتوانی بوو لەکاتی دیاریکراودا (سەعات نۆی بەیانی) بە مەوعیدەکەوە بچێت، کە گەیی بووە ئەوێندەر کەس لەویٚ نەبوو بوو، دوایی دەرکەوت بانگکردنی مێرەدەکم بۆ ئەوە بوو بوو کە پاسپۆرتەکەی کاتییە و دەبیٚ پاسپۆرتێکی هەمیشەیی پێشکەش بکات کە پاسپۆرتی هەمیشەیی نەبوو، فیودورمیخائیلوفیچ بە یاریدەدەری سەرۆکی پۆلیسی ڕاگەیاندبوو کە لە ساڵی ١٨٥٩ وە هەر پاسپۆرتی کاتی هەبووە و هەر بەو پاسپۆرتەش فیزەی سەفەری هەندەرانی وەرگرتووەو کەسیش داوای پاسپۆرتی دیکەی لێنەکردووە، فەرموو ئەمە بەشێکە لەو نامەیەی کە لە ١٨٧٥/٢/٧دا بۆ منی ناردووە:" یاریدەدەری سەرۆکی پۆلیس لەگەڵما کەوتە گەنگەشە: ئێمە پاسپۆرتت نادەینیٚ، فیزەی سەفەرت نادەینیٚ، ئێمە پابەندی یاساین. ئیٚ باشە من چی بکەم؟ پاسپۆرتێکی هەیشەییمان بۆ بێنە_ لەکوێی بێنم؟_ ئەوە کێشەی ئێمە نییە_ دەیسا ئەمە ڕەوای هەق نییە کە نووسەر لەناو ئەم میللەتەدا ئەم سوکایەتییەی پێبکرێت، حەزدەکەم ئەوەشت پیٚ بڵێم کە لە پترسبورگدا بیست هەزار کەسی بیٚ پاسپۆرت هەیە کەچی ئێوە بەجۆریٚ بیانوو بە کەسایەتییەکی ناودار دەگرن وەکو ئەوەی چەورەیەکی بازاڕی بیٚ _ دەزانین قوربان، زۆر چاک دەزانین تۆ پیاوێکی بەناوبانگی و شۆرەتت لە سەرانسەری ڕووسیادا بڵاوە، بەڵام ئێمە پابەندی یاساین، بە هەرحاڵ ئەم نیگەرانییەی بۆ چییە؟ سبەینیٚ پاسپۆرتێکت دەدەینیٚ، مەسەلەکە بۆ تۆ چ فەرقێک دەکات؟_ خوا بتگریٚ، کەوایە بۆ لە هەوەڵەوە وات نەگوت و لە کورتی ببڕایەتەوە.+١٨٦

مەسەلەکە بەوە شکایەوە کە دەستیان بەسەر پاسپۆرتی مێردەکەمدا گرت تا ڕۆژی سەفەرەکەی و هەنگێ بەبێ ئەوەی بیگۆڕن و تازەی بکەنەوە دایانەوە، تەنیا لە ناهەق کۆمەڵێ داخیان دایە و هیچی دی.

مێردەکەم لە هەردوو نامەێن+١٨٧ بەرواری ٦ و ٢/٩ دا ئاگاداری کردمەوە کە زۆر بە دیداری دۆستانەی نیکراسوف خۆشحاڵە، نیکراسوف کە کۆتایی بەشی یەکەمی ڕۆمانی (هەرزەکاری) ی خوێندوەتەوە زۆر خۆشحاڵ بووە. " بەدرێژایی شەو بەدەم خوێندنەوەوە دانیشتووم، بەجۆرێ ئاوێتەی خوێندنەوە بووم قەت لە بابایەکی پیری لەشبەباری وەکو خۆمم ڕانەدەبینی". "کە بابەتێکی تازەیە هاوڕێی ئازیز".

(ئەوەی زۆر بەدڵی نیکراسوفە، دیمەنی کۆتاییە لەگەڵ لیزادا)؟ " لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەم تەڕی و تازەییە لای هیچ نووسەرێک بەدی ناکرێت، تەنانەت لیف تولستوی، لەم ڕۆمانەی ئەم دواییانەیدا خۆی دووبارە دەکاتەوە، بگرە جاران باشتر بوو"، دیمەنی خۆکوژییەکە بە (لوتکەی کەماڵ) دەزانێت، تەسەور بکە هەردوو فەسڵی یەکەمیشی بەدڵن، نیکراسوف دەڵێت:" لاوازترین بەشی ڕۆمانەکەت فەسڵی هەشتەمە، لێرەدا زۆر بویەری ڕواڵەتی هەن"._ ئایا هەق بەو نییە؟ کاتێ کە دووبارە ڕەشنووسەکەم دەخوێندەوە، خۆیشم فەسڵی هەشتەمم بەدڵ نەبوو، زۆر پەرەگرافم لێ لابرد"+١٨٨.

کاتێ بۆ ڕووسا گەڕاینەوە مێرەکەم گەلێک لەو شتانەی بۆ گێڕامەوە کە لە بەینی ئەو و نیکراسوفدا ڕوویان دابوو، گەییمە ئەو قەناعەتەی کە تازەکردنەوەی ئەم پەیوەندییە دۆستانەیەی لەگەڵ هاوڕێی گەنجایەتیدا زۆر پێخۆش و لە دڵا ئازیز بوو، کەچی دیدارەکانی دیکەی لەگەڵ هەندێک کەسایەتی ئەدەبیی ئەو کاتەدا کاریگەرییەکی کەمتریان لەلا دروستکرد+١٨٩، بەشێوەیەکی گشتی مێردەکەم دوو هەفتەی پڕ لە نیگەرانی و ماندوویەتی زۆری لە پایتەختدا بەسەر برد، کاتێ کە هاتەوە بینی هەمووومان ساغ و سەلامەتین هەستی بە شادییەکی لە وەسف نەهاتگ کرد.

فیودورمیخائیلوفیچ لە کۆتایی هەیڤی مایودا ناچاربوو جارێکی دی بۆ چەند ڕۆژێک سەفەری پترسبورگ بکات و لەوێندەرەوە سەفەری هەندەران بکات، ئەمجارەیان زۆر دڵی بەوەوە نەبوو کە سەفەری ئیمس بکات، هەوڵێکی زۆرم لەگەڵیادا کە هاوێنەکە بەفیڕۆ نەدات و بەبێ چارەسەر نەیەتەوە، هۆی ئەم

دوودڵیەی ئەو من بووم، لە ڕووی سحەتەوە ئاسایی نەبووم (دووگیان بووم)، مێرەکەم جگە لەوەی بیری منداڵەکانی دەکرد نیگەران و خەمباری منیش بوو.

لە ماوەی کۆتایی چارەسەری مێردەکەمدا، شتێک ڕوویدا کە زۆری ترساندم: لە ٣٢/ یونیودا نامەیەکم لە پترسبورگەوە پێگەیی، کە گوایە ڕۆژنامەی ( واریقاتی سان پترسبورگ) هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە کە فیودور میخائیلوفیچ زۆر نەخۆشە، باوەڕم بە نامەکە نەکرد، بەڵام بەهەشتاو چووم بۆ کتێبفرۆشی ( مینیرالی ڤودی) داوای ڕۆژنامەێن ئێوارەم کرد، لە ژمارە سەد و پەنجا و نۆدا ئەم سەرنجەم خوێندەوە:

"زانیومانە کە نووسەری بەنێوبانگمان فیودورمیخائیلوفیچ دوستویفسکی زۆر نەخۆشە" ئیتر خۆتان تەسەوڕی بکەن ئەم هەواڵە چ کارێکی تێکردم، یەکسەر ئەوەم بە خەیاڵدا هات دەبێ نۆرەفێیەکی توند لە فیودور میخائیلوفیچی دابێت، ئەم نۆرەفێیانە زۆر پەرێشانیان دەکرد، ئیدی بەوپەڕی نائومێدییەوە چووم بۆ پۆستەخانە تا بروسکەیەکی بۆ بنێرم، دوای ئەوە خۆم ئامادە کرد کە بڕۆم بۆ لای، هەڵبەتە دوای ئەوەی قەرارم دا منداڵەکان بە قەشە رومیانتسیف و ژنەکەی بسپێرم، زۆریان لەگەڵدا گوتم کە ئەو سەفەرە نەکەم، بەڵام زۆر نیگەرانی ئەوە بووم کە مێردە ئازیزەکەم زۆر نەخۆشە و لەوەیە لەوێندەر، بەبێ ئەوەی من بەدیارییەوە بم بمرێت، ئیدی خۆشبەختانە دەروبەری سەعات شەش وەلامێکی خۆش و دڵنیاکەرم پێگەیی، ئێستاش کە ئەو ساتانەم بیردێتەوە ترسم لێ دەنیشێت، باشە ئەگەر من بەو دووگیانی و بەو هەموو نیگەرانییەوە ئەو سەفەرەم بکردایە چی ڕوویدەدا، بەڕاستی خواوەند لە کارەساتێک ڕزگاری کردین.

ئێستاش نەمزانی کێ ئەم هەواڵە بێ بنج و بناوانەی بە ڕۆژنامەکان دابوو، ئەم هەواڵەی کە من و مێردەکەمی زۆر بە ناهەق نیگەران کرد.

بەڵام جگە لە خەمی منداڵەکان و ترسم لە سکەکەم، شتێکی دیکەش فیودور میخائیلوفیچی عەزاب دەدا، ئەویش ئەوە بوو کارەکەی باش نەدەچووە پێشێ و ترسی ئەوەی هەبوو نەکارێت لە کاتی دیاریکراودا ( هەرزەکار) ڕادەست بکات.

فیودورمیخائیلوفیچ لە نامەیەکی ١٣/ یونیو/ دا دەڵێت: "زۆر خەمی ئەوەمە ڕۆمانەکەم سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ، تاکو نهو دادەنیشم عەزاب دەچێژم، گومان

تێم دەوروکێ و توانای ئەوەم نییە دەست پێبکەم،نا، نەخێر بەم شێوەیە ڕۆمانێکی ئەدەبی نانووسرێت، بە خورتی نانووسرێت، دەبێ نووسەر کات و ئیرادەی هەبێت، بەڵام وا وێنا دەکەم لە دوا ئەنجامدا وەخۆ دێمەوە، دادەنیشم و کارێکی ڕاستەقینە دادەهێنم، بەڵام ئەم حاڵەتە بەرەوکوێم دەبات، هێشتاش لە بێزاریدا دەژیم، ئەم بێزارییە بیرۆکەکەشی لێ شێواندووم "+١٩٠.

یەکێک لەو کێشانەی دی کە فیودور میخائیلوفیچی نیگەران دەکرد، بەکرێگرتنی شوقەیەکی زستانە بوو، هەرچەندە ژیانمان لە روسا باش بوو، بەڵام مانەوە و بەسەربردنی زستانێکی دیکە لەوێندەر، کارێکی ئەستەم بوو، بەتایبەت لەبەر ئەوەی  فیودورمیخائیلوفیچ لە هەوەڵی ساڵی ١٨٧٦دا بڕیاریدا دەست بە کاری گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) بکات کە لە مێژبوو بیری لە دەرکردنی دەکردەوە، کێشەکە ئەوەبوو ئایا کە لە هەندەران گەڕایەوە و گەیشتەوە پترسبورگ، لەڕێوە لە شوقەیەک بگەڕێت، یا ماڵ و منداڵەکەی بۆ پایتەخت بڕۆین و لەوێ لە ئوتێلێک لابدەین و هەنگێ بە شێنەیی شوقەیەک بدۆزینەوە و بە کرێی بگرین؟ هەریەکێک لەم چارەسەرانە کێشەی خۆی هەبوو، بەڵام من وام پێباش بوو بە خۆم لە هەمان کاتی گەڕانەوەی مێردەکەمدا بۆ پترسبورگ بڕۆم تا پێکەوە شوقەیەک بدۆزینەوە و بە کرێی بگرین.

مێردەکەم بە هیچ جۆرێ ئەم حەلەی پێ قەبووڵ نەبوو، چونکە خەمی دووگیانییەکەی منی بوو، ئیدی دوا بڕیارمان ئەوە بوو کە فیودور میخائیلوفیچ دوو سێ ڕۆژ لە پترسبورگ وەمێنێ، ئەگەر بەختی یار نەبوو ولەو ماوەیەدا شوقەیەکی لەباری دەستنەکەوت ئەوا بۆ روسا بگەڕێتەوە.

## ساڵی ١٨٧٥ مشکە چکۆلەکە

بە درێژایی ئەو ماوانەی کە لە ستاریاروسا بووین، هەمیشە مجێزی فیودور میخائیلوفیچ خۆش بوو، ڕووخۆش و کراوە، بەڵگەش ئەو شۆخیانە بوو کە دەگەڵ منی دەکرد، ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٨٧٥، فیودور میخائیلوفیچ بەیانی لەخەو ڕابوو، لە جێگاکەی هاتە دەرێ. ڕووی گرژ بوو، هەستم بە نیگەرانی کرد، لە حاڵیم پرسی. فیودورمیخائیلوفیچ وەڵامی دامەوە: کە حاڵم زۆر باشە، بەڵام شتێکی

ناخۆشم بەسەر هات: وا دیارە مشکێکی بچووک لەنێو جێگاکەمە، هەستم کرد شتێک بەسەر لاقمدا ڕۆیی و خەبەرم بووەوە، چەرچەفەکەم لابرد مشکێکی بچووکم بینی، زۆر دڵم لێی تێکەڵهات.

بەدەم ئەو قسانەوە ڕوخساری گرژ بوو و لە سەری ڕۆیی: پێویستە لەناو جێگاکەدا بۆی بگەڕێین!

بەرسڤم دایەوە:_ بێگومان.

فیودور میخائیلوفیچ چوو بۆ موبەقەکە تا قاوەکەی بخواتەوە، منیش کارەکەر و ئاشپەزەکەم گازکرد و چووین جێگاکەی فیودور میخائیلوفیچ بگەڕێین: چەرچەف و لێفە و پشتییەکانمان لابرد، کەچی هیچمان نەدۆزییەوە، ئیدی کەوتینە گوێزانەوەی کورسییەکان، ڕەفەکانمان لە دیوارەکان دوورخستەوە تا کونی مشکەکە وەدۆزین.

کە فیودور میخائیلوفیچ گوێی لەو هەرا و هەنگایەمە بوو، کە ئێمە نابوومانەوە، کەوتە گازکردنم، کە وەڵامم نەدایەوە یەکێک لە منداڵەکانی لە دووم نارد، وتم پێی بڵێ با لە ڕێکخستنی ژوورەکە ببمەوە یەکسەر دێم، هەنگێ فیودور میخائیلوفیچ داوای کرد یەکسەر بۆ ژووری نانخواردن بڕۆم، یەکسەر چووم بۆ لای، هەنگێ بە هەمان قێز و بێزی پێشووەوە گوتی:

_ دەی باشە مشکە بچووکەکەتان دۆزییەوە؟

_ لە کوێ بیدۆزینەوە، دیارە ڕۆییوە، سەیر ئەوەیە ژووری نووستنەکە هیچ کون و کەلەبەرێکی تیا نییە، دیارە لە دەرگاکەوە هاتووەتە ژوورەوە.

فیودور میخائیلوفیچ گوتی:_ یەکی نیسانە، ئانیچکا یەکی نیسان!

هەنگێ بزەیەکی میهرئامێز نیشتە سەر ڕوخسارە گەشەکەی، وا دیاربوو مێردەکەم ئەو درۆ باوەی یەکی نیسانی بیر کەوتبووەوە، کە سالانە خەڵکانێک بۆ شۆخی مومارەسەیان دەکرد، دەیویست بە من ڕابوێرێ، منیش باوەڕم پێکرد، هەر لەبیرم نەبوو یەکی نیسانە، هەڵبەتە زۆر پێکەنین، ئیدی فێری ئەوە بوو بووین هەر یەکەمان، لە یەکی نیساندا، بە درۆیەکی باوەڕ کردەنی بەوی دیکەمان ڕابوێرین، منداڵەکانیشمان بەشدارییان لەگەڵدا دەکردین.

"٨"

## ساڵی ١٨٧٥. لەدایکبوونی لیوشا

## گەڕانەوە بۆ پترسبورگ

فیودور میخائیلوفیچ، لە ٦/ یولیو/ دا لە ئیمسەوە بۆ پترسبورگ گەڕایەوە، دوو سێ ڕۆژێک لەوێندەر مایەوە، لەو ماوە کورتەدا گەڕابوو شوقەیەکی لەبار بدۆزێتەوە، تەماشای چەند شوقەیەکی کردبوو، هیچیانی بەدڵ نەبوو بوو، ئیدی کۆڵی دابوو ڕێ و ڕێ بۆ روسا گەڕایەوە، هەڵبەتە زۆر تامەزرۆ و ئارەزوومەندی گەڕانەوە بوو بۆ باوەشی ماڵ و منداڵەکانی، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بیرمان کردەوە بڕیارمان دا، تا منداڵە تازەکەمان دێتە دنیاوە هەر لە روسا بمێنینەوە، ئەمە جگە لەوەی پیرەمێرد و پیرەژن کە منداڵەکانمانیان زۆر خۆشدەویست، قەناعەتیان پێکردین کە بەم ناوەڕاستی وەرزی هاوینە جێ لەقیان نەکەین.

فیودورمیخائیلوفیچ بە خۆشحاڵییەکی سەیرەوە قایل بوو، چونکە لە حاڵی مانەوەدا دەیتوانی چ بەر لەدایکبوون و چ پاش لەدایکبوونی منداڵەکەمان، بەکاوە خۆ کار لە ڕۆمانەکەی بکات و بە کۆمەکی من تەواوی بکات، دیارە کارەکە زەحمەتی زۆری دەویست، تا مێردەکەم هەرکە گەییە پترسبورگ بتوانێ داوای پارەی ڕۆمانی ( هەرزەکار) لە نیکراسوف بکات، هەڵبەتە پارەش زۆر پێویست بوو، تا لە پایتەختدا دەست بە ژیانی ئاسایی خۆ بکەین.

هەموو کاروبارەکان بە باشی دەڕۆیی، فیودورمیخائیلوفیچ هەستی دەکرد بە تەواوەتی چاک بووەتەوە، منداڵەکان بەرە بەرە گەورە دەبوون و سحەتیان باش دەبوو، تەنانەت منیش پاش هاتنەوەی مێردەکەم هەستم دەکرد هەرهەموو ئەو ترسەی کە پێش لەدایکبوونی منداڵەکە گرتبوومی و دەترسام بمرم بەتەواوەتی ڕەوییەوە، بەم جۆرە ژیانمان لەم مانەگەدا بە ئارامی تێپەڕی، لە ٨/١٠ دا خودا کوڕێکی پێبەخشین ناومان نا ئەلکسی* (* هەڵبەتە لە خۆشی قەشە ئەلکسی، یەکێک بوو لەو وەلیانەی فیودور میخائیلوفیچ خۆشی دەویست، منداڵەکەی بەناوی

ئەوە ناونا، هەرچەندە هیچ کەسێکی دی لە بنەماڵەکەمان بەو ناوەوە نەبوو، ئا. گ. دوستویفسکایا.)

هەردووکمان زۆر کامەران بووین، لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ بووین، بە لەدایکبوونی ئەلیوشا دڵشاد بووین (بەتایبەتی کە سحەتی باش بوو) ئیدی بەهۆی ئەوەوە زوو چاکبوومەوە و توانیم جارێکی دی بە کاری ئیختیزال یارمەتی مێردەکەم بدەم، کەش و هەوای سەرانسەری مانگی ئاب خۆش بوو، ئەوجا مانگی ئەیلول هات، کە بە (هاوینە هندیانە) بەناوبانگە، کە شەو هەوایەکی فێنک و ئارامی هەبوو، بەڵام ئێمە لەترسی ئەوەی نەبا جەوەکە بگۆڕێت، قەرارمان دا لە دەوروبەری نیوەی مانگدا باربکەین، ڕێگا بۆ ئێمە خۆش نەبوو، بەهۆی داکشانی ئاستی ئاو لە ڕووباری بولیستادا، کەشتی نەدەگەییە شارەکە و ئیدی لە دەریاچەی ئیلمیندا، بەرامبەر گوندی ئوستریکا، لە دوری پتر لە هەژدە کیلۆمەتر لە روساوە، دەوەستا، بەیانییەکی خۆشی گەرم، بە قافڵەیەکی دوورودرێژ لە ماڵ وەدەرکەوتین: فیودور میخائیلوفیچ بەخۆ و هەردوو منداڵەکەوە، لە عەرەبانەکەی پێشەوە کە سەری گیرابوو، دانیشتبوو، من و ساواکە و دایەنەکە لە عەرەبانەی دووەمدا سوار بوو بووین، ئاشپەزەکەش لە عەرەبانەی سێیەمدا لە سەر کۆمەڵێک سەندوق و تەلیس و بوخچەدا دانیشتبوو، ئیدی بەخۆشی ڕێمان دەکرد، دەنگی زەنگۆڵەی ملی ئەسپەکان زۆر خۆش و دڵگیر بوو، فیودور میخائیلوفیچ ناو بە ناو کاروانەکەی ڕادەگرت تا لە حاڵی من دڵنیا بێت و دەیگوت لەگەڵ منداڵەکاندا زۆر ئاسوودە و خۆشحاڵە.

دوای نزیکەی دوو سەعات و نیو گەییینە گوندی ئوستریکا، لەوێ ڕووبەڕووی حاڵەتێک بووینەوە کە هیچ حیسابێکمان بۆ نەکردبوو، کەشتییەکە دوێنێ هاتبوو، دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری نەفەرانی هەڵگرتبوو، کاپتنەکە وای دانابوو ئەمڕۆ نەفەر کەم دەبن، بۆیە قرێری دابوو ئیمڕۆ نەیەتەوە، بەڵکو سبەینێ بێتەوە، ئیدی دەستێکمان کەوتە ئەوبەر و ئەویترمان کەوتە ئەم بەر، دەبوایە یەک ڕۆژی تەواو لێرە بەسەر بەرین، ئیدی ژنانی خودان خانوو لە دوو سێ ماڵەوە بەرەوپیرمان هاتن و خوڵکیان کردین کە لای ئەوان لابدەین و وەمێنین، ئیدی پاکترین خانوومان هەڵبژارد تا بە خێزانی بچینە ناوی، لە ژنەی خاوەن ماڵم پرسی چەندمان کرێ لێوەردەگرێت، بە ڕووخۆشی بەرسڤی دایەوە: "خەمت نەبێ خانم، زیادتان لێ ناسەنین، تۆش مەغدوورمان ناکەیت."

دوایی سەیرمان کرد ژوورەکە ئەو گەورەیە نییە، مامناوەندیە تەختە خەوێکی گەورەی تێدایە، دەکرێت بە باری پانیدا جێگای منداڵەکانی لەسەر ببێتەوە، ئیدی بڕیارم دا چەند کورسییەک بدەمە پاڵ یەک و لەلای منداڵەکانەوە لە سەری بخەوم، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ لە سەر کۆنە قەنەفەیەک خەوت کە منداڵی خۆی بیردەخستەوە، بەڵام کچەکان ( ئاشپەزەکە و کارەکەرەکە) چوون لە عەمارەکە بنوون، ئێمە هەموو ماڵەکەمان بارکردبوو، خواردەمەنیشمان پێبوو، ئیدی ئاشپەزەکە یەکسەر ڕۆیی تا خواردن ئامادە بکات، بەڵام ئێمە بۆ پیاسە و گەڕان چووین، چەند گلیمێکمان لەسەر ئەرزەکە، لەسەر گردێک ڕاخست کە دەیڕوانییە سەر دەریاچەکە و لێی دانیشتین، ساڤالۆکەکەشمان پێ بوو، ئیدی لەم هەوا ئازادەدا خەوی لێکەوت، ڕۆژێکی خۆشمان قەتاند: فیودورمیخائیلوفیچ زۆر دڵی خۆشبوو، گەمەی دەگەڵ دەکردن، پێشبڕکێی راکردنی دەگەڵ دەکردن، منیش دڵم خۆشبوو، چونکە توانیمان بەشێک لە سەفەرە دوور و درێژەکەمان بەم جۆرە بکەین بە سەیران و خۆشی، نانەکەمان خوارد، ئیدی دنیا تاریکی کرد، بەهەشتاو گەراینەوە بۆ ماڵەکەمان، تا زوو سەرلەئێوارە بچینە ناو جێگا و بخەوین.

بەیانی دەروبەری سەعات هەشت ئاگاداریان کردینەوە، کە دووکەڵی کەشتییەکە لە دوورەوە دیارە، دوای نزیکەی سەعات و نیویک دەگاتە ئوستریکا، ئیدی کەوتینە کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانمان، جلی باشمان لەبەر منداڵەکان کرد، ئەوجاچووم کرێی ماڵەکە بدەم، ژنی خاوەن ماڵ دیار نەما، کورەکەی لە جیاتی ئەو هات، ، بە دیمەنیدا دیاربوو کە ئەهلی قۆدگا خواردنەوەیە، حیسابەکە بە خەتێکی خراپ نووسرابوو، چواردە ڕۆبڵ و چەند کوبیکێک، بوو: دوو رۆبڵی نرخی مریشکێک، دوانی تر هەقی شیر بوو، دەشی حەقی نووستنەکە بوو، زۆر تووڕەبووم ،کەوتمە گەنگەشە لەگەڵیا، بەڵام کوڕی خاوەن ماڵەکە لە کەری شەیتان نەهاتە خوارێ، هەڕەشەی لێکردین ئەگەر هەموو پارەکەی نەدەینێ، دەست بەسەر جانتاکانماندا دەگرێت، هەڵبەتە چارمان نەبوو پارەکەمان دایە، بەڵام من خۆم نەگرت و پێم گوت: " دز" لەم کاتەدا کەشتییەکە نزیک بووەوە، لە دووری نیو کیلۆمەترێکی کەنارەکەوە وەستا، بۆیە دەبوایە بە سواری بەلەمێک خۆمانی پێبگەیەنین، بەڵام کە گەییینە کەنارەکە سەیرمان کرد بەلەمەکان لە دووری چەند شەقاوێکی کەنارەکە وەستاون، خەڵکی پێڵاوەکانیان دادەکەند و بەناو ئاوەکەدا دەڕۆیشتن و سواری بەلەم دەبوون، بەڵام ئێمە ژنانی بەقوەت و بەهێز لە کۆڵیان کردین، مەگەر خوا بزانێ من و

مێردەکەم چەند خەمی منداڵەکانمان بوو، هەوەڵجار مێردەکەمیان لە کۆڵ کرد، منداڵەکانیشی گرتبووە باوەش، لە ترسا هاواریان دەکرد و دەگریان، دوای ئەو منیان لە کۆڵ کرد، پاسان ساڤالۆکەکەیان هەڵگرت، لە بەلەمەکەدا دانیشتم کە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بە منداڵەکانەوە، بە پەیژەی کەشتییەکەدا سەربکەوین، خەریکبوو زیرەم دەکرد، بەڵام هەموو شتێک بە سەلامەتی تێپەڕی: کاپتنەکە یەکێک لە دەریاوانەکانی بە پیرەوە ناردین، هەموو منداڵەکانی هەڵگرت، لەم کاتەدا کەلوپەلەکانمان بە بەلەمێک گەیین، کە کوڕی خاوەن ماڵەکە دەیازۆ.

ڕۆژێکی زۆر جوان بوو، ئاوی دەریاچەی ئیملین، شین دەچووەوە، دەریاچەکانی سویسرای بیر دێنایەوە، هیچ جوڵە و شەپۆلێک لە ئارادا نەبوو، چوار دانە سەعات لە سەر پیرە کەشتی دانیشتین.

دەروبەری سەعات سێ گەیشتینە نوڤگورود. یەکسەر من و فیودور میخائیلوفیچ و منداڵەکان چووین بۆ وێستگەی قیتار، عەرەبانچییەکە کەوتە داگرتنی کەلوپەلەکانمان لەگەڵ کەلوپەلی نەفەرەکانی دیداو دوای سەعاتێک کەلوپەلەکانیان هێنایین، چونکە زۆر متمانەم بە زیرەکی کارەکەرەکە نەبوو، بەخۆم چووم بۆ تەماشاکردنی کەلوپەلەکان: دوو جانتای چەرمی گەورەمان هەبوو، یەکێکیان ڕەش و ئەویتریان زەرد بوو، لەگەڵ چەند جانتایەکی بچووکدا، کە هەموو جانتاکانم بینی ئیدی دڵم ئیسراحەتی کرد.

ڕۆژەکە بلەز ڕۆیی، دەوروبەری سەعات حەوت، پاسەوانەکە هات و باشتر وایە پێشوەختە بلیتەکانی وێدەم و تا قەرەباڵەغ نەبووە و ڕێبوارەکان نەهاتوون، بۆ وەرگرتنەوەی شتەکانیان، جانتاکانم وەبگرمەوە، ڕازی بووم، چووم بلیتم کڕی، دوای ئەوەی هاتمەوە ئاماژەم بۆ دوو جانتای گەورە و دوانی دی کرد و بە پاسەوانەکەم گوت ئەوانە هی منن و تەسلیمیان بکە، بەڵام پاسەوانەکە ئاماژەی بۆ جانتا ڕەشەکە کرد و گوتی: "خانم ئەمە جانتای تۆ نییە، هی نەفەرێکی دییە، ئێستا تەسلیمم کرد تا هەڵیگرن."

بەجۆرێ حەپەسام لە تۆ وایە لە ئاسمانەوە بەریان داومەتەوە:

- چۆن هی من نییە؟ مەحاڵە! - هاوارم کرد و پەلاماری جانتاکەم دا و تەماشام کرد- مخابن، هەرچەندە ڕێک بە قەوارە و شێوەی جانتاکەی ئێمە بوو ( دیار بوو

ئەویش لە کۆگای گوستینی دوفور بە دە رۆبڵان کرِدرا بوو) بەڵام بێ چەند و چوون جانتای کەسێکی دی بوو، هەردوو پیتی ناوی خاوەنەکەی لە سەر نووسرابوو، بە خەتێک نووسرابوو لەزگ بوو کوێر بێتەوە.

_ خودایا. ئەدی جانتاکەی ئێمە چی لێهات؟

بە پاسەوانەکەم گوت بزانە بیدۆزەرەوە، لێ بەرسڤی دایەوە جانتای رەشی دیکەی لێ نییە. بەجارێ نەترەم بەردا: جانتاکە هەموو شتەکانی فیودور میخائیلوفیچی تیابوو، جلەکانی، لە هەموو شتێ گرینگتر، دەستنووسەکانی ( هەرزەکار) بوو کە دەبوایە مێردەکەم بۆ سبەینێ بۆ ( ساڵنامەی نیشتمانی) ببردایە و پاداشتەکەی وەربگرتایە، کە زۆری پێویست پێبوو، ئیدی بەم پێودانگە رەنجی ئەم دوو مانگەی دوایی بە فێرِۆ دەچوو و مەحاڵ بوو جارێکی دی بە ئاسانی بنووسرێتەوە، چونکە رەشنووسەکانیشی لە هەمان جانتادا بوو و بەبێ ئەو رەشنووسانە هەر هیچی بۆ نەدەکرا، دەبوایە سەرلەنوێ دابنیشێت و بەرنامەی تازە بۆ رۆمانەکە دابنێتەوە، بەو خەیاڵەوە بیرم لەو کارەساتە دەکردەوە کە تووشمان بوو بوو، ئیدی بەوپەری خەمینی و بەبێ ئەوەی هۆشم بەخۆمەوە بێت بە غاردان چووم بۆ ئەو هۆڵەی کە فیودور میخائیلوفیچ لەوێ دەگەڵ منداڵەکاندا چاوەرِوانی دەکردم، مێردەکەم کاتێ روخساری پەژمردە و خەمباری دیتم، ترسا نەبا ساڤالۆکەکەم کە لە ژووری خانمان بە دایەنەکە بوو، شتێکی بەسەر هاتبێت، کە کەمێک هەناسەم وەبەر هاتەوە رووداوەکەم بۆ گێرِایەوە.

هەلبەتە ئەمە خەبەرێکی گورچکبرِ بوو بۆ فیودور میخائیلوفیچ، رەنگی زەرد هەڵگەرِا و لە بن لێوانەوە پرتاندی و گوتی:_ بەراستی کارەساتێکی قورسە ئێستا چی بکەین؟

_ دەزانی لە ناکاوا بیرم کەوتەوە، هەبێ و نەبێ ئەم گۆساخەی کورِی خاوەن ماڵەکە لە رِقی من جانتاکەی لە کەشتییەکە بارنەکردووە، چونکە من پێمگوت دز.

_ رەنگە هەق بە تۆ بێ، فیودور میخائیلوفیچ هەمان رەئی منی هەبوو، بەڵام خۆ نابێ دەستی لێ بشۆین، دەبێ لێیبگەرِێین، مەحاڵە ون بووبێ. وەرە بە قسەم بکە: تۆ لەگەڵ منداڵەکاندا بچۆ بۆ بترسبۆرگ ( لێرە مانەوە لە ئوتێل بەم منداڵانە و بە کارەکەرەکەوە مەحاڵ بوو، چونکە بەشی ئەوە پارەمان پێ نەبوو) و من لێرە

دەمێنمەوە و سبەینێ دەڕۆم بۆ لای لیرخی*(پارێزگاری نیڤگورودو دۆستی ف.میخائیلوفیچ بوو) (* ئیدوارد ڤاسیلیڤیچ لیرخی ١٨٢٧- ١٨٨٩: سیناتۆر و لە سالانی ١٨٦٤- ١٨٨٢ دا پارێزگاری نوڤگورود بوو) و داوای لێدەکەم پۆلیسێکم بەگەڵ بخات و سبەینێ یەکراست بۆ ئوستریکا دەڕۆم، ئەگەر کوڕی خاوەن ماڵەکە جانتاکەی بردبێت، ئەوا لە ترسی تەفتیش و پشکنین دەمانداتەوە، دەی تۆش خۆت هێور بکەرەوە! بڕۆ ئاوێکی سارد بە خۆتدا بکە و بە پەلە وەرەوە بۆلامان!

ڕۆیشتم لە نائومێدیدا ئاگام لە خۆ نەبوو، گلەییم لە خۆ دەکرد بۆچی لەو کابرایە تووڕە بووم، بۆچی بایەخم بە گرینگترین شتی خۆمان نەدا، بە هۆی خەمساردی و بێ موبالاتی منەوە ڕەنجی دوو مانگی مێردەکەم بە فێڕۆ چوو، " بەڵام خۆ من تەماشام کرد دڵنیا بووم کە جانتاکەی خۆمانە، یانی ماقووڵە ئەم ڕێکەوتە پێشبێت و ئەم جانتایە لەگەڵ ئەوەکەی ئێمەدا بگۆڕێت!" لە هۆڵی جانتاکاندا وەستام، شانم دا بە یەکێک لە کۆڵەکەکانەوە، لە ناکاوا بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات، باشە تۆ بڵێی جانتاکە هێشتا لە سەر شۆستەی بەندەری کەشتییەکە نەبێ؟ لەم حاڵەتەدا بێگومان بردویانە و هەڵیانگرتووە، بۆ نەچم بۆ ئەوێندەر و سۆراخێک بکەم؟ لە پاسەوانەکەم پرسی ناتوانێ بچێ بۆ بەندەرەکە و تاقیبی جانتایەکە بکات و بۆمانی بێنێتەوە، ئەگەر نەیانداية پێیان بڵێ خاوەنەکی لێرەیە و سبەینێ بۆی دێت، پاسەوانەکە وەڵامی دامەوە کە ناتوانێ شوێنەکە بەجێبێڵێ چونکە نۆرە ئێشکیەتی، هەنگێ بێئەوەی لەوە پتر بیربکەمەوە بڕیارم دا بەخۆم بڕۆم بۆ بەندەرەکە، لە وێستگەکە وەدەر کەوتم، لەبەردەرگا دوو عەرەبانچیم بینی، هاوارم کرد: " کێ بۆبەندەری کەشتییەکەم دەبات بەم سەر و بەو سەر ڕۆبڵ و نیوێکی دەدەمێ؟" یەکێکیان گوتی مژووڵە، ئەوی دی گەنجێکی نۆزدە ساڵان بوو، قاییل بوو، بلەز سواری گالیسکەکە بووم، یەکسەر بۆی دەرچووین، کات دەوروبەری هەشتی شەو بوو، دنیا زۆر تاریک بوو، کە بە شەقامەکانی شاردا دەڕۆیشتین هیچ نەدەترسام، چونکە گڵۆپی عامودەکان هەڵبوون و ڕێبواران بە جادەکانەوە بوون، بەڵام هەرکە پردی ( فولخوفسکی) مان بڕی و بەدەستی ڕاستدا پێچمان کردەوە و نزیکی ڕیزە عەمبارێکی دوور و درێژی دانەوێڵاندا ڕۆیشتین، دڵم کەوتە لێدان: لێرە، لەم تاریکییەدا، لە قووڵایی ئەم عەمبارانەوە، لەوە دەچوو خەڵکانێک خۆیان لە بۆسە نابێت، تەنانەت دوو چەورە و سالوکیان بەغار دوومان کەوتن، ئیدی کوڕە گەنجەکە ئەسپەکەی بەر مامێزان دا، پیرە ئەسپ وەکو باڵدار بۆی دەرچوو، دواى

ده دەقیقە گەیینە بەندەرەکە، خۆم لە گالیسکەکە هەڵدایە خوارەوە، بە پردێکی بچوکدا بە غار بۆ ئۆفیسەکەی پێشەوە غارم دا، شوێنەکە زۆر تاریک بوو پاسەوانەکە نووستبوو، بە هەموو هێزی خۆمەوە لە دەرگام دا، ئەوسا کەوتمە لێدانی دیوارەکە، ئەوجا پەنجەرەکە، لە هەوەڵەوە بە هەموو دەنگی خۆمەوە هاوارم کرد:" پاسەوان، خێرا دەرگا بکەرەوە!" دوای پێنج دەقیقە ئومێدبڕ بووم، ویستم بۆ لای عەرەبانچییەکە بگەڕێمەوە، کەچی لە ناکاوا دەنگی کۆکەی پیرەمێردێک بەرز بووەوە، ئەوجا دەنگێک گوتی: کێیە؟ چیت دەوێ؟"

دوای ئەوەی بە دەنگەکەدا زانیم یارۆ کەسێکی پیرەمێردە هاوارم کرد: باپیرە دەرگا بکەرەوە، جانتایەکی ڕەشی گەورەمان لای ئێوە جێماوە، هاتووین بیبەینەوە.

وەڵامی دایەوە: ئا لێرەیە.

_ کوا خێرا وێمدە.

پیرەمێردەکە گوتی:_ کوا وەرە پێشەوە.

ئەوجا چەپەرێکی دارینی لەبەر دیوارەکە لادا ( لەو کەلێنەوە کەل و پەلانیان بۆ ئۆفیسی کەل و پەلان ئاودیو دەکرد) جانتا ڕەشەکەی هەڵدامە سەر شۆستەی بەندەرەکە، لەو ساتەدا خەریک بوو لە خۆشیا باڵ بگرم!

گوتم:_ بابۆ جانتاکەم بۆ بێنە بۆ لای عەرەبانچییەکە، پارەی قاپێ ڤۆدگات دەدەمێ.

بەڵام یا گوێی لە من نەبوو، یا لە سەرما خۆی لە گێلی دا، بەڵام چەپەرەکەی لە جێی خۆی دانایەوە، هەمان کرێ وکپی جاران باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشایەوە، جانتاکەم هەڵگرت، زۆر قورس بوو، شەست هەفتا کیلۆ دەبوو، کەوتمە گەڕان بەدووی کوڕە عرەبانچییەکەدا، بەڵام قەبووڵی نەکرد لەسەر کورسییەکەی لای خۆیەوە دایبنێت گوتی:" بەخۆت تەماشاکە کورسییەکە زۆر بچووکە، چۆن لای خۆمەوە دایبنەم و ئەسپەکەش بازۆم! " چارم نەما سەرلەنوێ گەرامەوە بۆ لای جانتاکەم، دەسکەکەیم گرت و کەوتمە ڕاکێشانی، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دەوەستام تا نەفەس تازە بکەمەوە، بۆ نەگبەتی پردەکە درێژ بوو، بەڵام هەرچۆنێ بوو گەیاندم، عەرەبانچییەکە لە عەرەبانەکە دابەزی، جانتاکەی خستە بەینی

کورسییەکەی خۆی و کورسییەکەی پشتەوە، بەڵام من لە سەر جانتاکە دانیشتم، لێبڕام ئەگەر ڕێگرانیش پەلامارمان بدەن، دەستبەرداری نابم، عەرەبانچییەکە ئەسپەکەی بەر ماميزان دا، وەکو بروسکە بۆی دەرچووین، تا لەو ڕێگرانە دەرباز بین کە هاواریان لێدەکردین، دوای چارەکێک گەیننە مەیدانی بازرگانی، ئێرە ئەمینتر بوو، ئیدی عەرەبانچییەکە لێرەدا وەخۆ هاتەوە و کەوتە باسی ئەوەی چەند ترساوە:" دەمویست ڕێ و ڕێ بگەڕێمەوە بەڵام دڵم نەهات بە تەنیا تۆ بەجێبێڵم، دوو شەقاوەو ڕێگر هاتن بۆ لام و پرسیاریان لێکردم مەسەلە چییە، گوتم زەلامێکم دەگەڵ خۆدا هێناوە، کە گوێیان لە تۆ بوو لەگەڵ کەسێکدا هاوارت بوو ڕۆیشتن."

تکام لێکرد پەلە بکات، دەمزانی زۆر دەمێکە لە وێستگەکەوە هاتووین و ئێستا فیودور میخائیلوفیچ زۆر نیگەرانی منە، تومەز مێردەکەم کە من دواکەوتبووم، چوو بوو بۆ هۆڵی حەوانەوەی خانمان، کە لەوێندەر منی نەبینی بوو و دیتبووی منداڵەکان و ئەلیوشام لای دایەنەکە داناون، چوو بوو لە دووم بگەڕێت، ئیدی لە یەک بە یەکی پاسەوانەکانی پرسی بوو بزانێ ئاخۆ کەسیان نەیدیتووم، یەکێک لە پاسەوانەکان گوتبووی خانم عەرەبانەیەکی بەکرێ گرتووە و بەم قۆڵەی شاردا ڕۆییوە، فیودور میخائیلوفیچ زۆر نیگەران دەبێت، نازانێ بەم درەنگ وەختە کێوە چووم، جا بۆ ئەوەی من بدینێ هاتبووە سەر بانێژەی دەرگاکە، کە لەدوورەوە فەرقم کرد، هاوارم کرد:_ فیودور میخائیلوفیچ وا هاتم جانتاکەم هێنایەوە!

خۆشبەختانە بەردەرگای وێستگەکە زۆر ڕووناک نەبوو، دەنا خەڵکی خانمێکی بەڕێزیان دەبینی کە لە سەر کورسی نەفەران دانەنیشتووە، بەڵکو لەسەر جانتایەکی زەلام دانیشتووە، کە دیمەنێکی ناشایستە و دزێو بوو.

کاتێ ڕیسکەکەم بۆ فیودور میخائیلوفیچ گێڕایەوە زۆر ترسا، گوتی بەڕاستی شێتی.

مێردەکەم گوتی:_ خودایا! خودایا. دەزانی تۆ چ ڕیسکێکت کردووە! باشە کە چەتە و ڕێگرەکان عەرەبانچییەکیان دەگەڵ ئافرەتیکدادیتووەو بەغار دووتان کەوتوون، خۆ دەیانتوانی پەلامارت بدەن، ڕووتت بکەنەوە و بت شێوێنن و بتکوژن! باشە ئەوسا چیمان بەسەر دەهات، چی بەسەر من بەسەر منداڵەکان دەهات؟ ئاخ ئانیا، ئەم لاساری و چاونەترسییەت سەرت دەخوات!

فیودورمیخائیلوفیچ دەیزانی ئەم هەڵچوون و سەرسەختییەی من واتە بڕیاردانی کت و پڕ و جێبەجێ کردنی، بێئەوەی بیر لە ئەنجامەکەی بکەمەوە، یەکێکە لە عەیبە گەورەکانی من، لە هەندێک نامەیدا ئاماژەی بۆکردووە.

فیودور میخائیلوفیچ بەرە بەرە وەخۆ هاتەوە و هەمان شەو بە سەلامەتی بۆ پترسبورگ گەراینەوە.

ئەم دیمەنەی کە گێڕامەوە تەنیا مشتێکە لە خەرواری ئەو پەتپەتییەی کە لەو زەمانە کۆنەدا، لە سۆنگەی سەفەرێکمانەوە بۆ شارێکی تا ڕادەیەک نزیکی وەکو ستاریاروسا بەسەرماندا هات.

پەراوێز و ڕوونکردنەوە:

١٦٦_ ئەمە وەرگرتنێکی دروست نییە، فسیڤولد سولوڤیوف دەربارەی ئەم شتەی لە ژمارە سێی مارسی ١٨٨١، ل ٦١٤ی گۆڤاری (مژدەبەری مێژوویی)دا نووسیوە.

١٦٧_ دوستویفسکی لە نیسانی ١٨٧٤دا وەکو نووسەر و کاری نووسین دەستبەرداری (هاوڵاتی) بوو، بەڵام لەڕاستیدا لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٣وە تەنیا هەندێک ئەرکی فۆرمالی وەکو نووسەر دەبینی کە لە نامەیەکی بەرواری ١٨٧٣/١١/١٢دا بۆ م. بوگودین. ئەمەی دەربڕیوە: "... من ژمارەکە ئامادە دەکەم، وتارەکان دەخوێنمەوە، بژاریان دەکەم، بەڵام بەدەگمەن تیایدا دەنووسم_ ئەمە هەموو کارێکی منە، بەڵام سەبارەت بە کارەکانی دی هیچ پەیوەندییەکیان بە منەوە نییە، ئاگام لێیان نییە" (نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٣٠٢.)

١٦٨_ لێرەدا مەبەستی لە ڕۆمانی (هەرزەکارە).

١٦٩_ لێرەدا مەبەستە لە (ساڵنامەی نیشتمانە) چونکە (هاوچەرخ) لە ساڵی ١٨٦٦دا لە دەرچوون وەستا، سەبارەت بە دۆستایەتی لەگەڵ نیکراسوفدا لە چلەکاندا و سەبارەت بەو (یادگارییە زندووە)ی یەکەمین دیداریان، دوستویفسکی لە (یاداشتی نووسەر)دا ساڵی ١٨٧٧ باسی دەکات، (دوستویفسکی ، ١٩٢٦_ ١٩٣٠، ل ٢٩_٣٢، هەروەها بڕوانە بیرەوەرییەکانی دیمتری گریگوریڤیچ لە کتێبی: دوستویفسکی لە بیرەوەریانی هاوعەسرانیدا، بەشی یەکەم ل ١٣٢_١٣٣، بەڵام زوو

ناکۆکییان کەوتە نێوان، هۆی ئەوەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی هەڵوێستی بیلینسکی و گروپەکەی دەربارەی دوستویفسکی (لەم بارەیەوە بڕوانە بیرەوەرییەکانی ئەڤدوتیابانایڤا لە کتێبی:(دوستویفسکی لە بیرەوەریی هاوعەسرەکانیدا، بەشی یەکەم)، بەڵام ئەم ناکۆکییەیان نەبەزاند کە کەوتە بەینیانەوە، لە گۆڤاری (کاتدا) کە برایانی دوستویفسکی دەریان دەکرد، دوو وتاری نیکراسوف لەژێر سەرناڤی (منداڵێن جووتیاران) و (مردنی بروکلیس) بڵاوبوونەوە، لە هەوەڵی دەرچوونی (کاتدا) ئەوکاتەی بەلای ڕەوت و ڕێبازی (هەوادارانی خاک)دا مایل بوو، تەنیا نیکراسوف پەیامە ساتیرەکەی بەناونیشانی (سروودی کات)ی تیا بڵاو نەکردەوە، بەڵکو نووسەرانی دیکەی وەکو چیرنیشفسکی و خەڵکانی دیکەش ئارەزوومەندانە لەم گۆڤارە تازەیەدا بەشدارییان کرد. پاشان ململانێی فیکری لە گۆڤاری ( کاتدا ) ( کە پاشان بوو بە (هاوچەرخ) زیادی کرد، هەڵبەتە دوای ئەوەی نووسەری کەم حەوسەڵە و مجێز شەڕانی، نیکولای ستراخوف هاتە ڕیزی دەستەی نووسەرانی (هاوچەرخەوە) و دوایی ئەپوللون گریگورییف هات و پاشان سالتیکوف چیدرینی قەڵەم تیژ هاتە ڕیزەوەو ئیدی تۆن و زمانی گۆڤارەکە بەئاشکرا توندتر بوو، بەتایبەتی دوای مردنی دوبرولیوبوڤ و دوورخستنەوە و ڕەهەنەکردنی چیرنیشفیسکی، هەڵبەتە مەحاڵ بوو، هەر هەموو ئەم شتانە کار نەکەنە سەر ساردبوونەوەی پەیوەندی نێوان نیکراسوف و دوستویفسکی، بەڵام وێڕای ئەوەش قەت نەگەییە ئەوەی ببێتە پەیوەندییەکی دوژمنانە. تەنانەت کاتێ کە دوستویفسکی گلەیی ئەوەی لە نیکراسوف کرد، گوایە ڕێبازێکی (فەرمی) لە شیعردا گرتووەتەبەر و گاڵتەی بە چامەی (ژنانی ڕووسی) کرد، لەهەمان کاتدا هاوسۆزی خۆی لەگەڵیا دەربڕی بەو ئیحتوبارەی یەکێکە لە "شاعیرە هەرە بەکول و کۆڤانەکانمان"، (دوستویفسکی ١٩٢٦_١٩٣٠، بەرگی یازدەیەم، ل٢٣، ئانا گەریگوریڤنا، ن. میخایلوڤسکی، ئا. سکایچیڤسکی، یلیسییڤ، کارمەندانی گۆڤاری (ساڵنامەی نیشتمان) بەوپەڕی ڕاشکاوی و بێ هیچ بەڵگەیەک دەخاتە ڕیزی نەیارانی دوستویفسکییەوە، مەبەستی ئەوەبوو کە (ساڵنامەی نیشتمان) و (هاوچەرخ) پەیڕەوی یەک میتۆدیان دەکرد، لەکاتێکا سکایچیڤسکی و یلیسییڤ هیچ شتێکیان لە (ساڵنامەی نیشتماندا) جگە لە چەند ئاماژەیەکی ڕەوتەنی لەسەر دوستویفسکی نەنووسیوە، بەڵام میخائیلوڤیسکی خاوەنی ئەو تاقە و تارە بابەتی و سەنگینەیە کە دەربارەی ڕۆمانی (ئەهریمەنان) نووسراوە، (بڕوانە: ساڵنامەی

نیشتمان، ژمارە دوو ساڵی ١٨٧٣)، سەبارەت بەو گەنگەشە و مشت و مڕەی لەنێوان (هاوچەرخ) و هەردوو گۆڤاری (کات) و (سەردەم) ڕوویدا، بڕوانە "بیرەوەریان دەربارەی ف. م. دوستویفسکی"، (بیوگرافیا،ل ٢٧٥_٢٧٦)، س. بورشیڤسکی، چیدرین و دوستویفسکی. چیرۆکی ململانێی فکرییان، موسکۆ، ١٩٥٦، ئا. گورالنیک، دوستویفسکی و ململانێی ئیستاتیکی ئەدەبی لە شەستەکاندا._ لە هەڵبژاردەی (داهێنانی دوستویفسکی) موسکۆ ١٩٥٦.

١٧٠_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل١٠٢، پێدەچێ وتارەکەی دوستویفسکی (مەجازێکی سارد) دەربارەی هەردوو تابلۆکەی ف.کاولباخ بێ: (شەوەکانی هن) و (کەوتنی ئۆرشەلیم) کە لە دەروازەی مۆزەخانەی شاهانەی بەرلین هەڵواسرابوون.

١٧١_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٠٣.

١٧٢_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل١٠٨، ١١٠.

١٧٣_ بڕوانە فەسڵی شەش لە بابی حەوتەم.

١٧٤_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٢٧.

١٧٥_ نامەکان، بەرگی سێیەم،ل ١١٤، ١٣١.

١٧٦_ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هاوچەرخ) کە نیکراسوف دایمەزراند،ئەو هێرشەی دەکردە سەر گۆڤارانی (کات) و (سەردەم)، دوای ئەوەی نیکراسوف بوو بە سەرنووسەری (ساڵنامەی نیشتمان) لە ساڵی ١٨٦٨وە، بەڵام دوا ژمارەی (سەردەم) لە ساڵی ١٨٦٥دا دەرچووە.

١٧٧_ بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە سەد و شەست و نۆ، هەڵبەتە ئانا گریگوریڤنا لەخۆڕایی نەینووسیوە: (بلیچییف تا ڕادەیەک)، چونکە زانیویەتی وێڕای جیاوازی فیکری لە نێوان دوستویفسکی و بلیچییفدا،( بلیچییف لە ساڵی ١٨٧٤دا بوو بە سکرتێری (حولیات الوطن=ساڵنامەی نیشتمان)، پەیوەندی شەخسییان هەر خۆش بوو و دەگەڕایەوە بۆ چلەکان کاتێ کە هەردووکیان ئەندامی گروپەکەی پتراشیڤسکی بوون، لەم بارەیەوە بڕوانە ئەو پێشەکییەی کە ل. س. بوستیلنیک بۆ ئەو نامانەی ئا. ن. بلیچییفی نووسیوە کە بۆ دوستویفسکی ناردووە - لە کتێبی " ئەرشیفی ئەدەبیدا" ، بەشی شەشەم، مۆسکۆ_لیننگراد، ١٩٦١.ل

٢٥٢_٢٥٥. دەربارەی پەیوەندی نێوان دوستویفسکی و بلیچییف بڕوانە وتارەکەی ف. ل. کومارۆفیچ " گەنجێتی دوستویفسکی"، گۆڤاری (ڕابردوو)، ١٩٢٤، ژمارە بیست و سێ، ل ٣_٤٣.

١٧٨_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٤٥.

١٧٩_ بڵاوبوونەوەی (هەرزەکار) لە گۆڤاری (حولیات الوطن) ی ڕادیکالیدا کە چیدرین ونیکراسوف دەستەی نووسەرانی بوون، بەشێوەیەکی کردەکی ئەو بۆچوونانەی ئاناگریگوریڤنا لەو بارەیەوە ڕەتدەکاتەوە، دوستویفسکی لە هەفتایەکاندا لەگەڵ ڕەوتی سیاسی (مژدەبەری ڕووسی) و ئەو وتارانەدا کە کاتکوف بڵاوی دەکردنەوە هاوسۆزبوو، بەڵام پەیوەندی نێوان کاتکوف و دوستویفسکی زۆرجار ساردی و گرژی تێدەکەوت، لەکاتی بڵاوبوونەوەی (تاوان و سزا) و (ئەهریمەنان) و (برایانی کارامازوف)دا لە (مژدەبەری ڕووسیدا) زۆرجار جیاوازی و ناکۆکی جدییان دەکەوتە بەینەوە، لەلایەکی دیکەشەوە جیاوازی ئایدولوژی گەوهەری لەگەڵ ڕەوتی (حولیات الوطن=ساڵنامەی نیشتمان)دا نەیکردە کارێک کە دوستویفسکی دەستبەرداری ئەو هاوسۆزییە قوڵە ببێت کە بەرامبەر بە نیکراسوف هەی بوو و بە دۆستی کۆن و شاعیرێکی مەزنی دەزانی.

١٨٠_ بڕوانە پەراوێز و ڕونکردنەوەی ژمارە سەد و شەست.

١٨١_ نامەکان، بەرگی سێیەم، بڕوانە بابی حەوتەم، فەسڵی ٧.

١٨٢_ بابا بارڤینی (بیوتەر گاییف، بەر لەوەی بچێتە ڕیزی ڕەبەنایەتیەوە)، دانەری بیرەوەرییە بەناوبانگەکەی " چیرۆکی گەشتی بابە بارڤینی بۆ ڕووسیا و مولداڤیا وتورکیا و سەرزەمینە پیرۆزەکان" ، دوستویفسکی ئەم کتێبەی کە سالتیکوف چیدرین و ئەنینکوف و تورگنیف ستایشیان کردبوو و پێیاندا هەڵگوتبوو، لە سیمیبالاتینسکدا پەیدا کردبوو، ئەو وەسفە شاعیریی و سادە دڵگیرەی کە بابە بارڤینی سەبارەت بە گەشتەکانی خۆی بۆ ڕۆژهەڵات کردبووی، بەقووڵی کاریان لە دوستویفسکی کردبوو، ستراخوف جەخت لەسەر ئەوە دەکات بڕوانە (ئوتوبیوگرافیا، ل ٢٩٨) کە دوستویفسکی لە ساڵی ١٨٦٧دا کە سەفەری هەندەران دەکات کتێبی "گەشتەکانی بابە بارڤینی" لەگەڵ خۆیدا بردووە، زۆری سوودی لە وشە و زاراوە و دەستەواژەکانی کتێبی ناوبراو وەرگرتووە و لە ڕۆمانی (گەمژەدا) لە زاری ماکار

ئیفانوفیچەوە بەکاری بردوون، دوستویفسکی لە نامەیەکیا لە (١٨٧٩/٨/٧) بۆ ن. ئا. لوبیموف، بەدەم باسکردنی (برایانی کارامازوفەوە) ئاماژەی بۆ کتێبی شەشەمی ڕۆمانەکە لە ژێر سەرناڤی " سەبارەت بە نووسینەوەی پیرۆز لە ژیانی بابە ڕوسیما" کردووە و دەڵێت: " ئەم فەسڵە جوان و شاعیرییە نموونە و تیمەی ئەسڵی لێرەدا لە هەندێ ڕێنمایی تیخون زادونسکییەوە وەرگیراوە، بەڵام سادەیی ڕانانەکەی لە کتێبی گەشتەکانی بابە بارڤینییەوە وەرگیراوە"، (نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٩٢). سەبارەت بە باندۆر و کاریگەریی پارڤینی بەسەر داهێنانی دوستویفسکییەوە، بڕوانە ئەو کارە ناوازەیەی کە ر. ف. بلیتنیف نووسیویەتی:

Dostojevsky und der hierom onach panpeni...

١٨٣_ ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە دۆزی چاودێری نهێنی دوستویفسکییەوە هەیە کاتێ کە لە ستاریا ڕوسا بووە، لە کتێبەکەی ئا. ز. چاڤورونکوف و س. ف. بیلوفدا بە ناونیشانی ( دۆزی ملازم دووەمی خانەنشین فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی) بڵاو بووەتەوە، گۆڤاری ( ئەدەبی ڕووسی) ١٩٦٣، ژمارە چوار.)

١٨٤_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٣١.

١٨٥_ ف. س نیچایڤا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئانا دوستویڤسکیا لەمەدا هەڵەیە، چونکە لە هاوینی ساڵی ١٨٧٥وە سانسۆر و چاودێری لەسەر دوستویفسکی هەڵگیرابوو، هەڵبەتە دوستویفسکی تا ساڵی ١٨٨٠ بەمەی نەزانی بوو، لە بەهاری ساڵی ١٨٨٠دا دوستویفسکی داوایەکی بۆ میری مەزن قنسستنتین نیکولایوفیچ بەرز کردبۆوە کە چاودێری و سانسۆری لەسەر هەڵبگرن، هەڵبەتە لەڕێگای نووسەر ئا. ئا. کیرییڤەوە کە لەگەڵ میردا کاری دەکرد، ئەو داوایەی بەرزکردبووەوە، دوایی بە دوستوفیسکییان ڕاگەیاند کە لە ساڵی ١٨٧٥وە سانسۆری لەسەر هەڵگیراوە، (بڕوانە: ف. س. نیچایڤا، کەی سانسۆری نهێنی لەسەر دوستویفسکی هەڵگیرا)، "ئەدەبی ڕووسی" ١٩٦٤، ژمارە دوو.)

١٨٦_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٤٩.

١٨٧_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٤٧.

١٨٨_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٥١_١٥٢.

١٨٩_ دوستویفسکی لە نامەیەکیا (١٨٧٥/٢/١٢) بۆ ئانا گریگوریڤنا دوستویفسکایا بەڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەو ناکۆکییە دەکات کە لەسەر بڵاوکردنەوەی (هەرزەکار) لە گۆڤاری (ساڵنامەی نیشتمان)دا کە نیکراسوف سەرنووسەری بوو کەوتبووە بەینی ئەو و ئەپوللون مایکوف و نیکولای ستراخوفەوە. (بڕوانە نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٥٥). ئەپللون نیکولایوفیچ مایکوف لە نیوەی دووەی چلەکانەوە هاوڕێی نزیکی دوستویفسکی بوو، هەر لە هەمان سەروبەندەوە زۆر لە گروپەکەی پتراشیفسکی یەوە نزیک بوو، مایکوف جێگەی متمانە و باوەڕی دوستویفسکی بوو و مایکوف دەیزانی کە بەتەمای کودەتان لە حکومەت، دوستویفسکی ئەوەشی بۆ گێڕابووەوە کە ئەو و چەند نەفەرێکی دیکەی گروپەکەی پتراشیفسکی وەک: سبیشنیف، مودوڤینوف، مومبیللی، فیلیپوف و میلیوتین بەتەمان لە گروپی ناوبراو جیا ببنەوە و " کۆمەڵەیەکی تایبەت بە خۆیان ڕابگەیەنن و چاپخانەیەکی نهێنییان هەیە (......) بە نیازی کودەتا لە ڕووسیا" (بڕوانە "ئەرشیفی مێژوویی" ١٩٥٦، بەشی سێیەم، ل ٢٢٤- ٢٢٥ هەروەها بڕوانە نامەی ئەپوللون مایکوف بۆ پرۆفیسور، ب. ئا. ڤسکوڤاتوف_ دوستویفسکی، بەشی یەکەم، ل ٢٦٦_٢٧١.)

ئیدی پەیوەندی دۆستانەی نێوان دوستویفسکی و مایکوف لە پەنجاکان و شەستەکاندا گەڕایەوە سەر دۆخی جاران، هەڵبەتە دوستویفسکی وەکو ئا. س. دولینین ئاماژەی بۆ کردووە " لە کۆتایی نیوەی یەکەمی شەستەکاندا کەوتە پێداچوونەوەی ئەو بیرو باوەڕانەی خۆی کە زۆر لە ڕەوتی سلاڤیەت نزیک بوو بووەوە، بۆیە دەبوایە جارێکی دی لەگەڵ مایکوفدا ئاشت ببێتەوە کە چەند ساڵێک لەوە پێشتر بەهەمان قۆناغی پەرەسەندندا ڕۆیی بوو (کۆتایی پەنجاکان)، (بڕوانە نامەکان، بەرگی یەکەم، ل ٥١٩)، بەڵام لە نیوەی دووەمی هەفتایەکاندا کاتێ (هەرزەکار) لە (ساڵنامەی نیشتماندا) بڵاو بووەوە دیسان ساردی باڵی بەسەر پەیوەندی نێوان دوستویفسکی و مایکوفدا کێشایەوە، بەتایبەتی کە هەندێ مامۆستا و ئەدیبیان لە ١٨٧٩/٣/١٣دا کۆڕ و دەعوەتێکی ڕێزلێنانیان بۆ تورگینیف سازکردبوو و دوستویفسکی و لەو کۆڕەدا و لە وەڵامی پرسیاری یەکێک لە ئامادەبووواندا: "بۆچی هەر تۆ بەتاقی تەنیا بەرهەم لە (مژدەبەری ڕووسی)دا بڵاودەکەیتەوە؟ دوستویفسکی یەکسەر وەڵام دەداتەوە: " چونکە پارەی زیاترم دەدەنێ و بەئەمانەتەوە و پێشەکی دەمدەنێ).

هەر هەمان ڕۆژ مایکوف نامەیەکی ناڕەزایی بۆ دەنێرێت و دەڵێت:"چاوەڕوانی ئەوەبووم بڵێیت، چونکە کەسێکی سەر بەخویت، دۆستی کاتکوفی و ڕێزی دەگریت، لە زۆر بۆچوونی سەرەکیدا هاوبیر و بۆچوونن (...)، بەڵام تۆ خۆت دزییەوە بێ ئەوەی بڵێی لەبەرچی؟ باشە تۆ بۆ پارە بەرهەم لای کاتکوف بڵاو دەکەیتەوە؟"

(دوستویفسکی، بەرگی دووەم، ل ٣٦٤). سەبارەت بە ستراخوف بڕوانە بابی دوازدەیەمی ئەم کتێبە، فەسڵی (٢)، وەڵامی من بۆ ستراخوف) ، هەروەها بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ژمارە (٢٩٦).

١٩٠_ نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ١٨٠.

## بەشی هەشتەم

## ساڵی ١٨٧٦- ١٨٧٧

"١"

### ساڵی ١٨٧٦، سوعبەتێکی سەخیف

هەرچەندە ئەم بۆیەرەم ،کە لە ١٨/ مایو/١٨٧٦ دا ڕوویدا بیردەکەوێتەوە، هەست بە ترس دەکەم، بویەرەکە بەمجۆرە بوو: (ساڵنامەی نیشتمان) لەم ساڵەدا ڕۆمانێکی تازەی سوفیا سمیرنوڤای* (* سوفیائیڤانوڤنا سمیرنوڤا ١٨٥٢- ١٩٢٠، شانۆنامەنووس و ڕۆماننووس بوو، لە ساڵنامەی نیشتماندا، نووسینی بڵاودەکردەوە و پاشان لە "سەردەمی نوێ"، بڵاویدەکردەوە، خێزانی ئەکتەر ن. ف. سازونوف بوو) بە ناونیشانی ( هێزی شەخسیەت) بڵاوکردەوە، فیودورمیخائیلوفیچ دۆستی ئەم ژنە بوو، ڕێزی زۆری بەهرە و توانا ئەدەبییەکانی دەگرت، مێردەکەم بایەخێکی زۆری بەم کارەی دوایی دەدا، داوای لێکردم ژمارەکانی گۆڤاری ناڤبریم لەبەرخاتری ڕۆمانەکەی سوفیا بۆ پەیدابکەم، هەمیشە کە لە کاری دژواری (یاداشتی نووسەر) دەبووەوە، دەرفەتم دێنا و( ساڵنامەی نیشتمان)م بۆ دێنا، لەبەر ئەوەی کتێبخانەکە تەنیا بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ ژمارە تازەکانی گۆڤارەکەی بە ئامانەت دەدا، ئیدی مێردەکەم هاندەدا گۆڤارەکە بخوێنێتەوە تا ناچار نەبین تاوان ( غەرامە) بدەین، ئەم شتە لەگەڵ ژمارەی نیساندا ڕوویدا، پاش ئەوەی فیودور میخائیلوفیچ لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بووەوە ستایشێکی زۆری سوفیا ئیڤانوڤنای ئازیزی کرد ( منیش زۆرم ڕێز دەگرت) لەبەرئەوەی سەرکەوتوانە وێنەی کاراکتەرێک لە کاراکتەرەکانی گرتبوو+١٩١، هەر ئەو شەوە فیودور میخائیلوفیچ، چوو بۆ کۆڕێک، بەڵام من پاش ئەوەی منداڵەکانم خەواند، کەوتمە خوێندنەوە، (هێزی شەخسیەت) ڕۆمانەکە نامەیەکی بێ ئیمزای تیا بوو، کە کەسێکی خوێڕی بۆ شاقارەمانی ڕۆمانەکەی ناردبوو، کە ئەمە دەقی نامەکەیە:

گەورەی بەڕێزم* (* ساڵنامەی نیشتمان، ١٨٧٦/٤/٢ ل ٤٥٧، ئا. گ. دوستویفسکایا) پیتر ئیڤانوفیچی بەڕێز+١٩٢.

من لەلای ئیوەوە کەسێکی ناسراو نیم، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسۆزم لەگەڵتانا، ڕێگە بەخۆم دەدەم ئەم چەند دێڕەت بۆ بنووسم، من دەزانم کە ئێوە کەسێکی خانەدان و جوامێر و بەخشندەن، بۆیە زۆرم لەبەر گرانە کە کەسایەتییەکی نزیک لە خۆتانەوە بەشێوەیەکی ناشایستە فریوتان بدات، ئەم کەسایەتییە لە دووری ڕەنگە پتر لە هەزار کیلۆمەتری ئێوە دەژی، ئەمە وەکو کۆترە باریکەیەکی دڵخۆش، هەرکە لە شەقەی باڵ دەدات ئیدی دەکەوێتە حەوێقی ئاسمان و گوێی لەوە نییە بۆ ماڵ بگەڕێتەوە، ئێوە جڵەوتان بۆ شل کردووە و ئێستا خەریکە تیا دەچێت، کەوتووەتە چنگی کەسێک عەزابی پێ دەنوشێت، بەڵام بە ڕواڵەتی ڕیابازانەی خۆی فریوی دەدات، کەسێک دڵی بەدەست هێناوە، ئیدی ئەو کەسەی لە چاوانی خۆی خۆشتر دەوێت، ئەگەر قسەی شیرینی بە گوێدا نەدات، هەموو شتێک تەنانەت منداڵەکانی خۆیشی دەکورهێنێ، ئەگەر دەتەوێت بزانی ئەم گوساخ و چاوقایمە کێیە من ناوەکەیت پێ ناڵێم، بەڵام دەبێ ئاگات لەگەنم ڕەنگان بێ، کە دیتت یەکێک لەوان سوورە لە سەر سەردان و هاتووچۆتان، ئاگات لەخۆت بێ ئەم گەنمڕەنگە لەمێژە هاتووەتە ڕێگاتان بێئەوەی پێبحەسیت و بزانیت کێیە، ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، بەڵام چونکە بە کەسێکی خانەدان و جوامێرت دەزانم، بۆیە ئەم نهێنییەت بۆ کەشف دەکەم، جا ئەگەر باوەڕ بەم قسانەی من ناکەیت، ئەوا ژنەکەت زنجیرێکی لە ملە کە قاپێکی پێوەیە، تەمەشاکە بزانە کێی لەم قاپە ناوە و خستوویەتییە سەر دڵی، نادیاری ئەبەدیی، دڵسۆزی هەمیشەیی.

هەڵبەتە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم لەو ماوانەی دوایدا، لەڕووی دەروونییەوە زۆر ئاسوودە بووم:

ماوەیەکی زۆر بوو مێردەکەم فێی لێنەدەهات، منداڵەکان ساخ و سەلامەت، هیچ نەخۆشییەکیان نەبوو، بەرە بەرە قەرزەکانمان دەدایەوە، گۆڤاری" یاداشتی نووسەر" لەسەرکەوتنی بەردەوامدا بوو، هەرهەموو ئەوانە مجێزو ناخی ژیاندۆستانەیان ئاوا و ئاوەدان کردبووەوە، ئیدی بەو مجێزەوە لەژێر کاریگەری نامەیەدا کە کەسێکی نادیار ناردبووی، بیرۆکەیەکی بێهودانەم بە مێشکدا هات کە ئەم نامەیە سەرلەنوێ دابڕێژمەوەو ( پاش ئەوەی دوو سێ دێڕی لەگەڵ ناوەکەدا لێ دەسڕمەوە) بۆ فیودور میخائیلوفێچی بنێرم، وام وێنا دەکرد چونکە دوێنێ ئەم نامەیەی لە ڕۆمانەکەی سمیرنوڤادا خوێندبووەوە، یەکسەر بیری دەکەوێتەوە و

دەزانێت ئەم نامەیە تەنیا شۆخییەکە و هیچی تر و تەنیا بۆ سوعبەت و پێکەنینە، بیرۆکەیەکی تریشم بە مێشکدا هات، ئەویش ئەوەبوو مێردەکەم ئەم نامەیە بە هەند وەردەگرێت و حەزم دەکرد بزانم ئاخۆ لەم حاڵەدا مێردەکەم کە نامەیەکی لە کەسێکی نادیارەوە پێدەگات، چ ڕەفتارێک دەکات: ئایا پیشانی منی دەدات، یا فڕێی دەداتە تەنەکەی خۆڵەوە؟ وەکو خووی هەمیشەییم، کەوتمە جێبەجێ کردنی بیرۆکەکەم، لە سەرەتادا ویستم بە خەتی ئاسایی خۆم بینووسمەوە، جا چونکە ڕۆژانە دووبارە بابەتەکانی گۆڤاری (یاداشتی نووسەر) م، کە فیودور میخائیلوفیچ پێی ئیملادەکردم، لە خەتی ئیختیزالەوە بۆ خەتی ئاسایی دەگۆڕی، ئیدی خەتەکەمی بە چاکی دەناسییەوە، جا لێرەدا بۆ ئەوەی سوعبەتەکە تۆختر بکەمەوە، هەوڵمدا دەستخەتەکەم تۆزێک بگۆڕم تا نەیناسێتەوە، ئەم کارە وەختێکی زۆری لێگرتم، دوو سێ لاپەڕەم خەسار کرد ئینجا توانیم خەتێکی تۆزێ ماقووڵ بدۆزمەوە، بەیانی ڕۆژی دوایی نامەکەم خستە پۆستەوە، تا پۆستەبەر بۆ نیوەڕۆ، لەگەڵ نامەکانی دیکەدا بۆمانی بێنێ.

ئەم ڕۆژە فیودور میخائیلوفیچ لە شوێنێک دواکەوتبوو، ئیدی سەعات پێنج بۆ ماڵ گەڕایەوە، جا چونکە حەزینەدەکرد منداڵەکان لە نانخواردن دوابکەون، جلی ماڵەوەی لەبەرکرد و سەیری پۆستەکەی نەکرد، یەکسەر چوو بۆ ژووری نانخواردن، فیودور میخائیلوفیچ مجێزی خۆش بوو، بەدەم قسە و پێکەنینەوە وەڵامی پرسیاری منداڵەکانی دەدایەوە، دوای نانخواردن بە دە دەقیقەیەک چووم بزانم کاریگەری نامە نادیارەکە چییە بەسەرییەوە.

چوومە ژوورەکەی ئەو، لە شوێنەکەی ڕۆژان و لە نزکی مێزەکەوە دانیشتم، بە ئەنقەست سەری قسەم بەجۆرێ کردەوە کە پێویست بکات فیودور میخائیلوفیچ وەڵام بداتەوە، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، ڕووی گرژ بوو، ئەوسا بە هەنگاوی سستەوە بە نێو ژوورەکەدا کەوتە هاتوو چۆ، سەیرم کرد زۆر نیگەرانە، کە بەو حاڵەوەم بینی دڵم پێی سووتا، جا بۆ ئەوەی ئەو بێدەنگییەیەی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو بشڵەقێنم، لێم پرسی:

_ فیدیا بۆ وا پەستیت؟

فیودور میخائیلوفیچ خێسەیەکی لێکردم، ئەوسا لەسەر هاتووچۆیەکەی بەردەوام بوو، ئەوجا یەکڕاست لەبەردەممدا وەستا، بە تووڕەیی پرسی:

_ تۆ قاپت لە ملە؟

_ بەڵێ لە ملمە.

_ کوا پیشانمی بدە!

_ بۆچی خۆ زۆر جارت دیتووە.

فیودور میخائیلوفیچ تا هێز لە گەروویا بوو هاواری کرد:

_ کوا پیشانمی بدە!

ئیدی زانیم شۆخییەکەم گەییوەتە کوێرە کۆڵان، جا بۆ ئەوەی هێوری بکەمەوە کەوتمە ترازانی دوگمەی کراسەکەم، بەڵام فریا نەکەوتم بەخۆم قاپەکە لە ملم دابکەنم، فیودور میخائیلوفیچ تووڕەیی خۆی پێ کۆنترۆڵ نەکرا، بلەز دانەوەییەوە و بە هەموو هێزی خۆیەوە زنجیر و قاپەکەی لە ملم داماڵی، زنجیرێکی ناسک و باریک بوو، بەخۆی لە ڤینسیا بۆی کڕیم، یەکسەر زنجیرەکە بچڕا و قاپەکە بەدەست مێردەکەمەوە مایەوە، بەدیوی مێزەکەدا وەرچەرخا و خۆی دا بەسەر مێزەکەدا وەرچەرخاو خۆی بەسەر مێزەکەدا دا و بە دیقەت کەوتە تەماشاکردنی قاپەکە، نەیدەزانی چۆن پل بنێ بە زەنبەلەکەکەیەوە و بیکاتەوە، ماوەیەکی زۆر خەریکی بوو، دەستی بە جۆرێ دەلەرزین لەزگ بوو، قاپەکە لە دەستی بەربێتەوە و بکەوێتە سەر مێزەکە، زۆر بەزەییم بەودا هاتەوە و خەفەتم بۆ خۆم دەخوارد، بەشێنەیی کەوتمە دواندنی، گوتم بێنە بۆتی بکەمەوە، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ بە تووڕەیی سەری بادا ونەیهێشت یارمەتی بدەم، ئەنجام زەنبەلەکەکەی دۆزییەوە، کاتێ قاپەکەی کردەوە سەیری کرد دیوێکی وێنەی لوباچکایە و دیوەکەی دیکەی وێنەی خۆمە، تەواو حەپەسا، بە بێدەنگی لەسەر تەماشای وێنەکە بەردەوام بوو.

_ دەی باشە چیت دۆزییەوە؟ فیدیا گیان چۆن توانیت باوەڕ بە نامەی کەسێکی نادیار بکەیت؟

فیودور میخائیلوفیچ بەحەماسەوە ئاوڕی دایەوە:

_ تۆ لە کوێ بەم نامەیە دەزانی؟

_ لەکوێ؟ من خۆم ناردوومە!

_ چۆن خۆت ناردووتە؟ ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ باوەڕم نایە!

_ ڕاوەستە بۆتی بسەلمێنم!

بە پەلە لە مێزەکەی دی نزیک بوومەوە، کە چەند ژمارەیەکی ( ساڵنامەی نیشتمانی) لەسەر دانرابوو، هەڵمدانەوە، هەندێ لەو کاغەزانەم دەرهێنان کە دونێ پڕۆڤەی خەتم لەسەر کردبوون، خەتێک کە لە دەستخەتی خۆم نەچێت، فیودور میخائیلوفیچ لە سەرسامییا حەپەسا.

_ یانی تۆ ئەم نامەیەت دارڕشتووە؟

_ هەگیز! وەکو خۆی لە ڕۆمانەکەی سوفیائیڤانوڤناوە گواستوومەتەوە، ئەو نامەیەی کە دوێنێ دەتخوێندەوە، وامدەزانی یەکسەر بیرت دەکەوێتەوە و دەیناسیتەوە.

_ باشە ئێستا بیرم کەوتەوە! ڕێک بەم شێوەیە نامەێن نادیار دەنووسن، بەڵام نازانم بۆچی بۆ منت ناردووە؟

_ ویستم سوعبەتت لەگەڵدا بکەم، ئیدی حاڵ و حیکایەتەکەم بۆ گێڕایەوە.

بە دەنگێک کە عەزابی ویژدانی پێوە دیار بوو، گوتی:

_ کەواتە ئەمە گاڵتە بوو ئانیچکا گیان، باشە بیرت لەوە نەکردەو کە لەگینە ئەمە کارەساتێکی لێبکەوێتەوە! دوور نەبوو لە ساتێکی هەڵچووندا دەست بنەمە بینت و بتخنکێنم! بەڕاستی خوا ڕەحمی پێکردووین و بەزەیی بە منداڵەکانمانا هاتووەتەوە! تەسەوڕ بکە هەرچەندە من لە قاپەکەدا هیچ وێنەیەکم نەدۆزییەوە، بەڵام خۆ دوور نەبوو جۆرە گومانێکم لە دڵدا درووست بێت و لە دڵسۆزیت بە گومان بم و بەدرێژایی تەمەنم بە عەزابی ئەو گومانەوە بتلێمەوە، تکات لێدەکەم واز لەم جۆرە گاڵتانە بێنە، چونکە کە تووڕە بووم کۆنترۆڵی خۆم پێ ناکرێت و هەموو شتێکم لێدەوەشێتەوە!

لە کاتی قسەکردندا کە ملم دەجوڵاند هەستم بە جۆرە ئازارێک دەکرد، دەستەسرەکەم نایە سەری، کەچی نەوارێکی خوێنی لەسەر چاپ بوو: دیار بوو کە

زنجیرەکەی بە توندی لە گەردنم ڕاکێشا بوو، گەردنم بریندار بوو بوو، مێردەکەم کە خوێنی سەر دەستەسڕەکەی بینی ترسا.

_ خودایا چیم کرد! ئانیچکا ئازیزەکەم بمبورە، بریندارم کردوویت! ئازارت هەیە، ئازارت زۆرە؟

کەوتمە دڵدانەوە و هێورکردنەوەی، پێمگوت برین نییە، هیچ نییە تۆزێک ڕووشاوە، سبەینێ سارێژ دەبێتەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ لەوپەڕی نیگەرانیدا بوو، بەڵام هێشتا کاریگەری تووڕەبوونەکە بەتەواوی نەڕەوی بووەوە، تاوەکو شەوێ بەدەورما دەهات و تەوازی بۆ دێنامەوە و بەوپەڕی میهرەبانی مامەڵەی دەگەڵدا دەکردم، زۆر دڵخۆش بووم کە سوعبەتە سەخیفەکەم بەخێر شکایەوە، هەستم بە پەشیمانی دەکرد، کە ئەو هەموو ئازارەی فیودورمیخائیلوفیچم دابوو، ئیدی بەڵێنم بەخۆم دا کە هەرگیز ئەو سوعبەتە قۆڕانە نەکەم، دوای ئەوەی بە تەجرەبە بۆم دەرکەوت کە چۆن غیرە و حەسوودی لە هەندێ ساتدا، مێردەکەم دەگەیەنێتە حاڵی شێتی.

تاکو ئێستاش ئەو قاپە و ئەو نامە بێ ئیمزایەم ١٨/ مایو/ ١٨٧٦ لە لای خۆم پاراستووە.

"٢"

## ساڵی ١٨٧٦، گەڕان لە چێڵێک

لە هاوینی ساڵی ١٨٧٦دا، پیاوێک بە ناوی نیکولاس پتروفیچ ڤاگنەر* ( *نیکولای پتروفیچ ڤاگنەر ١٨٢٩- ١٩٠٧: نووسەر بوو، بەرهەمەکانی بە ناوی خوزاراوی،"کوت مورلیک"، لە ساڵانی ١٨٧٦- ١٨٧٨دا بڵاودەکردەوە، گۆڤاری "سڤیت= ڕووناکی"، دەردەکرد، مامۆستای بایولوجی بوو لە زانستگەی پترسبورگ، کۆمەڵێک وتاری لەبارەی ئامادەکردنی ڕوحانەوە هەیە) کە مامۆستای زانستگەی پترسبورگ بوو، بە ماڵ و منداڵەوە هاتبووە ستاریاروسا و لەوێندەر دەژیان، ئەم پیاوە سەریداین و نامەیەکی یاکۆڤ بولونسکی* ( *یاکوف پتروفیچ بولونسکی ١٨١٩- ١٨٩٨: شاعیر و ڕەخنەگر بوو، لە هەردوو گۆڤاری (ساڵنامەی نیشتمان و، هاوچەرخ )دا کاری

دەکرد.پاشان لە هەردوو گۆڤاری کات و،سەردەمدا کاری دەکرد.) بۆ هێناین، مێردەکەم ڕێزی دەگرت، جارجار یەکتریان دەبینی، فیودور میخائیلوفیچ بایەخی بەم دۆستە تازەیە دەدا، بەو ئیحتوبارەی پیاوێک بوو بە شێوەیەکی خەیاڵی بایەخی بە ئامادەکردنی ڕوحان دەدا+١٩٣.

ڕۆژێک لە یەکێک لە باخچەکاندا پیاسەم دەکرد، بە ڕێکەوت تووشی ڤاگنەرم بووم، پێی گوتم:_ ئەرێ دوێنێ شتێکی سەیرم لە فیودو میخائیلوفیچ بینی!

بە کونجکاوییەوە گوتم:_ چۆن؟

_ ئێوارە بوو پیاسەم دەکرد، ویستم سەرێکتان لێبدەم، کەچی لە دووڕیانەکەدا تووشی مێردەکەت بووم، لێم پرسی:_ فیودور میخائیلوفیچ، خێرە، دەچیتە پیاسە؟

_ نەخێر ناچمە پیاسە ئیشم هەیە.

_ دەتوانم لەگەڵتا بێم؟

_ ئەگەر حەزت لێیە وەرە.

زۆر سارد و سڕ بوو، بەڕوخساریا خەمبار دیاربوو، خۆیا بوو حەزی نەدەکرد قسەم لەهەڵ بکات، کە گەیینە یەکەم دووڕیان، بەدەم ڕێگاوە ئافرەتێکمان بینی، فیودور میخائیلوفیچ یەکسەر لێی پرسی:_ پوورێ ئەرێ لە ڕێگا چێڵێکی قاوەیی تۆخت نەبینی.

ژنەکە بەرسڤی دایەوە:_ نەخێر باوکە نەم بینیوە.

سەرم لە مەسەلەی ئەم مانگا قاوەییە تۆخە دەرنەکرد.

لە دڵی خۆدا مەسەلەکەم بۆ ئەو باوەڕە میللییە باوە گێڕایەوە کە دەشێت بە گوێرەی یەکەم چێڵ کە لە دەشت و دەردێتەوە، پێشبینی کەش و هەوا بکرێت، وام وێنا کرد فیودور میخائیلوفیچ بۆیە هەواڵی چێڵ دەپرسێت تا بزانێ سبەینێ کەش و هەوا چۆن دەبێت، بەڵام کە گەیینە گەڕەکی دواتر، تووشی کوڕێک بووین و فیودور میخائیلوفیچ هەمان پرسیاری لەویش کرد، خۆم پێنەگیرا و لێم پرسی:

_ جەنابی فیودور میخائیلوفیچ چێڵت بۆ چییە

ـ چۆن بۆچیمە؟ من لێی دەگەڕێم.

بەسەرسامی گوتم:ـ دەی بگەڕێ.

ـ من لە چێڵەکەی خۆمان دەگەڕێم لە دەشت نەهاتووەتەوە، بە خاوخێزانەوە هاتووینەتە دەرێ و لێیدەگەڕێین، منیش لێیدەگەڕێم.

لێرەدا زانیم بۆچی فیودورمیخائیلوفیچ چاو بە هەموو کوچە و کۆڵانەکاندا دەگێڕێت و لەبەرچی پەست و غەمگینە.

لە ڤاگنەرم پرسی:ـ باشە چ شتێکی ئەوەت پێ سەیر بوو؟

وەڵامی دامەوە:ـ هەموو شتێک، نووسەرێکی مەزن، مێشک و خەیاڵی هەمیشە بە بیری بەرزەوە ، مژوولە، هەستێ بەناو شار بکەوێ و لە چێڵێکی قاوەیی تۆخ بگەڕێت!

پێمگوت:ـ بەڕێز نیکولای پتروفیچ، تۆ نازانیت کە فیودورمیخائیلوفیچ تەنیا نووسەرێکی بەهرەمەند نییە، بەڵکو سەرگەڤارێکی زۆر میهرەبان و دلۆڤانیشە، خەم لە بچوکترین ڕووداوی ماڵ و منداڵ دەخوات، ئەگەر ئەم چێڵە دوێنێ بۆ ماڵ نەگەڕاباوە، منداڵەکانمان بەتایبەت شیرەخۆرەکەمان بێ شیر دەمانەوە، هەنگێ دبوایە شیری چێڵێکی دی پەیدا بکەین، لەوەیە ئەو چێڵە نەخۆش بوایە، بۆیە فیودور میخائیلوفیچ کەوتبووە تاقیبی چێڵەکەی خۆمان.

حەزدەکەم ئەوەت پێبڵێم ئێمە بەخۆمان مانگامان نەبوو، بەڵام کە لە وەرزی هاویندا هاتینە روسا، ئیدی جوتیارەکانی دروامسێمان کەوتنە هەڤڕکی ئەوەی هەریەکەیان مانگاکەی خۆیمان بداتێ، بەو ئومێدەی لە بەهاردا باش بلەوەڕێ و قەرەبووی لەڕبوونەکەی زستان بکاتەوە، ئیدی مامەڵەکەمان وابوو، بەدرێژایی هاوین مانگاکە بدۆشین و بەرەکەی بخۆین بە بڕی پازدە ڕۆبڵ، ئەگەر مانگاکە لەبەر هەر هۆکاێک مردار بوایەتەوە، ئەوا دەبوو نەوەد ڕۆبڵ بدەین بە خاوەنی مانگاکە، هەر هاوینێک ئەم مانگایە، سێ چوار جار لێرە و لەوێ دیار نەدەما، ون دەبوو لە دەشت و لەوەڕ نەدەهاتەوە، لە گاگەل دادەبڕا، ئیدی هەر هەمووومان جگە لە دایەنەکە و منداڵە شیرە خۆرەکەمان، لە ماڵ ودەردەکەوتین بەدوای پیرە مانگادا، بەناو ڕێگا و بانان دەکەوتین، ئیدی فیودورمیخائیلوفچ، کە شەریک و

خەمخۆری هەموو خۆشی و ناخۆشییەکی خانەوادەکە بوو، بەگەڵمان دەکەوت و تاقیبی چێڵەکەی دەکرد، تەنانەت دوو سێ جاریش بە تەنێ چووبووە تاقیبی و دۆزیبوویەوە و هێنابوویەوە و کردبوویە ئاغەڵەکەوە.

هەڵبەتە ئەم خەمخۆری و خێزانپەروەرییەی مێردەکەم هەمیشە مایەی دڵخۆشیم بوو.

"٣"

سالّی ١٨٧٦، زستان. تەعاروف

دوستویفسکی ئەم زستانە تەعاروفی دەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی کۆمەڵایەتیدا کرد،هەموان لە هەموو شوێنێک بە گەرمی پێشوازییان دەکرد، ڕێزی تایبەتییان لە لە توانا و بەهرەی دەگرت، ئەمە جگە لەوەی کە دڵێکی هێندە باش و پاکی هەبوو، خۆی دەکرد بە شەریکی خەم و ئازاری خەڵکی.

هەر لەو زستانەدا قرێرم دا هاتووچۆی هیچ ناوەندێکی کۆمەڵایەتی نەکەم: بەهۆی کاری گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) و کاروباری ماڵەوە و هەراو زەنای منداڵەکانەوە هێندە شەکەت دەبووم، هەرکە ئێوارەم لێدادەهات، خوا خوام بوو پشوویەک بدەم و تەماشای کتێبێکی خۆش بکەم، بڵام تەماحم لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆڕ و مەجلیسان نەبوو، ئەمەشم پێ ناخۆشبوو، چونکە لەوەتای بۆ ڕووسیا گەڕابووینەوە، تا ئەو ڕۆژەی فیودورمیخائیلوفیچ ماڵئاوایی لە ژیان کرد، قەت بێ میوان نەدەبووین، جا چونکە نەدەچوومە کۆڕ و مەجلیسان هەندێجار هەستم بە جۆرە نامۆییەک دەکرد، ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ، بۆ ئەوەی خەمم بڕەوێنێتەوە و قەرەبووی ئەو تەنیاییەم بۆ بکاتەوە، بچوایەتە هەر شوێنێ، کە دەهاتەوە هەرچییەکی دیبوایە بۆی دەگێڕامەوە، هەرچییەکی بیستبوایە یا هەر گەنگەشەیەکی دەگەڵ ئەم و ئەودا بکردایە، لە سیری تا پیازی بۆ دەگێڕامەوە، قسەکانی مێردەکەم زۆر خۆشبوون، شێوازێکی زۆر جوانی لە گێڕانەوەدا هەبوو، وای دەکرد کە پێویستیم بە تێکەڵاوی و قسەی خەڵکی نەدەما، بیرمە هەمیشە زۆر بەتاسەوە چاوەڕوانی مێردەکەم دەکرد کە لە کۆڕ ومەجلیسان بێتەوە کە دەوروبەری سەعات یەک و نیو دەگەڕایەوە، دەبوایە یەکسەری چای گەرم ئامادە

بوایە،یەکسەر جلەکانی دادەکەند، کراسێکی دەڵبی هاوینەیماڵەوەی لەبەر دەکرد (لەجیاتی ڕۆبی ناوماڵ بەکاری دەبرد) و ئەوسا کوپێک چای گەرمی دەخواردەوە و پاشان دەکەوتە گێڕانەوەی ئەوەی کە ئەمشەو کێی دیتووە، فیودورمیخائیلوفیچ دەیزانی کە من زۆرم حەز لە بیستنی دەنگوباسە، بۆیە دریغی لە گێڕانەوەی ورد و درشتی قسەوباسەکان نەدەکرد، منیش لێم دەپرسی: "دەی باشە ئەو چی لێ پرسیت، چی پێگوتیت، تۆ چۆنت بەرسڤ دایەوە؟"

فیودورمیخائیلوفیچ کە دەگەڕایەوە یەکسەر دەستی بە ئیش نەدەکرد، عادەتی وابوو زۆر درەنگ دەخەوت، ئیدی تا سەعات پێنجی بەیانی بەدەم قسانەوە دادەنیشتین، زۆرجار فیودور میخائیلوفیچ زۆری لێدەکردم کە بچم بخەوم، با تووشی ژانەسەر نەبم، سبەی پاشماوەی قسەکانم بۆ تەواو دەکات.

هەندێجار فیودور میخائیلوفیچ بۆی نەدەلوا لەبەردەم مندا بەسەرکەوتنی خۆی لە گەنگەشەیەکی ئەدەبی یا سیاسیدا خۆی بنوێنێ، هەندێجار بۆی دەگێڕامەوە چۆن چۆن لە مەسەلەیەکدا بۆڕی خواردووە و لە ئەنجامی ئەوەوە چ بەدحاڵیبوونێک چێبووە، ئیدی داوای لە من دەکرد ڕەئی خۆمی پێ بڵێم یا ڕێیەکی پێ نیشان بدەم کە ئەو هەڵەیە ڕاست بکاتەوە، زۆرجار فیودور میخائیلوفیچ سکاڵای بۆ من دێنا کە هەندێ کەس نەهەقییان دەرهەق کردووە، یا کەسێک ویستوویەتی بێڕێزی پێبکات، هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هەندێ لە هاوپیشەکانی، تەنانەت خەڵکانی بە فیکر و بەهرەمەندیش دەیانبوغزاند و بە قسە و بە کردەوەش ئەزیەتیان دەدا و هەوڵیان دەدا لە توانا و بەهرەی کەم بکەنەوە، بۆ نموونە کەسانێک هەبوون، بە جۆرێ دەگەڵ فیودورمیخائیلوفیچدا باسی کارە تازەکەیان دەکرد وەکو ئەوەی خاتری بگرن و نەیانەوێ بە بۆچوونەکانی خۆیان زویری بکەن، لە کاتێکدا سوور دەیانزانی کە ئەو چاوەڕوانی ستایش و مجامەلە و ڕووبینیان لێناکات، بەڵکو چاوەڕوانی رایەکی ڕاستە و ڕاست و بێ پێچ و پەنایان لێدەکات کە ئاخۆ توانیویەتی لە ڕۆمانەکەیدا ئەو ئامانجە بپێکێت کە مەبەستی بووە، یان کە لە "برادەێکی" دەپرسی ئایا دوا فەسڵی ڕۆمانەکەی (دوای مانگێک لە بڵاوبوونەوەی) خوێندووەتەوە، ئەو هاوڕێیە وەڵامی دەدایەوە کە " ڕۆمانەکە بەر کەس ناکەوێت، لە بەینی ئەواندا دەستا و دەست دەکات" هەڵبەتە ئەو برادەرە سوور دەزانێت کە فیودورمیخائیلوفیچ ڕەئی کاڵ و کرچی لاوانی مەبەست نییە، بەڵکو ڕەئی خودی

ئەوی مەبەستە، ئیدی زۆری خەفەت دەخوارد کە ئەم "برادەرە" بایەخێکی ئەوتۆی بە ڕۆمانەکەی نەداوە و تەنانەت وەختی ئەوەی نەبووە بیخوێنێتەوە.

لە بیرمە بۆ نموونە کە یەکێک لە ئەدیبەکان لە مەجلیسێکدا مێردەکەم دەبینێ و دەڵێت ئەنجام توانیویەتی ڕۆمانی ( گەمژە) بخوێنێتەوە، ڕۆمانەکەی بە دڵ بووە، لێ هەندێ شاشی تیا بەدی کردووە، هەڵبەتە رۆمانەکە پێنج ساڵ لەوەو پێش بڵاوبوو بووەوە.

فیودور میخائیلوفیچ کە پێی وادەبێت مەسەلەکە لەوەیە پەیوەندی بە فیکرە یان قارەمانی ڕۆمانەکەوە هەبێت، بە بایەخەوە دەپرسێت:

_ لەکوێدا ئەم شاشییەی بەدی کردووە؟

کابرا وەڵامی مێردەکەم دەداتەوە:

_ ئەم هاوینەم لە پاڤلوڤسک بەسەر برد، کە دەگەڵ کچەکانمدا پیاسەم دەکرد، چەند گەڕاین ئەم داچا فاخیرەمان کە ئاگلایائیبانچینی قارەمانی ڕۆمانەکە تیایدا دەژی و لەسەر تەرازی سویسری ڕۆنراوە، بەدی نەکرد، خۆ ئەم جۆرە داچایە لە پاڤلۆڤسکدا نییە.

وەکو ئەوەی فیودورمیخائیلوفیچ لەسەری بێت داچایەک وێنەبگرێت کە هەبێت، نەک زادەی بیر و خەیاڵی خۆی بێت.

ئەدیبێکی دی (پاشتر) دەڵێت بە کونجکاوی و فزولێکی زۆرەوە دووجار وتارەکەی داواکاری گشتی لە ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆف) دا خوێندووەتەوە، جاری دووەم بە دەنگی بەرز خوێندوویەتییەوە و سەعاتێکی بە دەستەوە گرتووە.

مێردەکەم بە سەرسامی دەپرسێت:_ سەعات بۆ؟

_ لە ڕۆمانەکەدا گوتووتانە کە وتارەکە ئەوەندە...* ( دەستەواژەیەکە لە دەستنووسەکەدا دیار نەماوە) دەقیقە بەردەوام بوو، ویستم تاقی بکەمەوە، دەرکەوت وتارەکە ئەوەندەی...* (* لە دەستنووسەکەدا دیار نەماوە.) نەخایاندووە بەڵکو تەنیا+١٩٤.... * ( *لە دەستنووسەکەدا دیار نەماوە.)

فیودورمیخائیلوفیچ لەسەرەتادا وا وێنا دەکات کە وتارەکەی داواکاری گشتی، سەرنجی ئەو ئەدیبەی ڕاکێشاوە، بۆیە بۆ جاری دووەم خوێندوویەتییەوە،کە ئێمە خۆشمان شتێکمان بە دڵ بوایە دووبارە دەمان خوێندەوە، بەڵام دەرکەوت یارۆی ئەدیب تەنیا بۆ ئەوە خوێندوویەتییەوە، تا ئیرادێکی بێ بنج و بناوان لە فیودور میخائیلوفیچ بگرێت و هەستی بریندار بکات، ئەو جۆرە هەڵوێستانە لە لایەن ئەدیبانی هاوچەرخەوە دەرهەق بە مێردەکەم زۆر بوون.

هەرهەموو ئەم نەهەقی و بڕوبیانووە نابەجێیانە، کاریان لە ئەعسابی مێردە نەخۆشەکەم دەکرد، هەندێجار ڕقم لەم بێویژدانانە هەڵدەستا، زۆر کەڕەت ئەم ڕەفتارە نەنگینانەم ( بمبورن ئەگەر هەڵەبم) بەوە لێکدەدایەوە ( حەسوودی و غیرەی پیشەییە) کە فیودور میخائیلوفیچ لەو خەسڵەتانە دوور بوو، هەمیشە بە ویژدانەوە بەرهەمی نووسەرانی بەهرەمەندی هەڵدەسەنگاند و گوێی بەوە نەدەدا کە چەند لە ڕووی فکرییەوە لەو ئەدیبە دوورە کە قسەی لەسەر دەکرد یا لەسەری دەنووسی.

زۆر لەزەتم لە وەسفی جلو بەرگی ئەو خانمانە دەبینی کە فئودور میخائیلوفیچ لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەیبینین، زۆجار پێی دەگوتم کراسێک لە کراسەکەی فڵانە خانم بکڕم.

مێردەکەم پێی گوتم:

_ ئانا چۆنە کراسێک لەو کراسە جوان و سادەیە بۆ خۆت بدووری کە فڵانە خانم لەبەری بوو، زۆر سادە بوو: لەلای ڕاستەوە بەرز و پلیسی بوو، لەدواوە زۆر شۆڕ بوو، بەڵام لە ئەرزەکە نەدەخشی، بیرم نەماوە لەلای چەپەوە چۆن بوو، وابزانم لەوێشەوە کەمێک بەرز بوو، یەکێکی واهی بۆ خۆت بکە، جوانە لێت دێت.

بەڵێنم دایە کراسێک بۆ خۆم بدوورم، هەرچەندە زۆر زەحمەت بوو، بە گوێرەی وەسفەکەی فیودور میخائیلوفیچ بزانم مۆدیلەکەی چۆنە.

فیودورمیخائیلوفیچ هەندێجار لەناوبردنی ڕەنگەکاندا هەڵەی دەکرد، یا ڕەنگەکانی بەباشی جیا نەدەکردەوە، ناوی هەندێ ڕەنگی دەبرد کەس بەکاری نەدەبرد، بۆ نموونە ڕەنگی ماساک، فیودور میخائیلوفیچ جەختی کرد کە ئەم ڕەنگە ( ماساک) لە ڕەنگی ڕوخسارم دێت، داوای لێکردم با کراسە تازەکەم لەو

ڕەنگە بێت، ویستم بە دڵی مێردەکەم بکەم، لە دوکانانداپرسیاری قوماشی لەو ڕەنگەم کرد، بازرگانەکان نەیان دەزانی چ ڕەنگێکم مەبەستە، تەنیا پیرەژنێک نەبێت کە گوتی ماساک ڕەنگی وەنەوشەیی تۆخە، لە کۆنا لە مۆسکۆ مەخمەلەکەیان بۆ ناو فەرشی تابووتان بەکار دەبرد، مەرج نییە وەنەوشەیی تۆخ کە لە کەسێک هات، لە منیش بێت، بەهەرحاڵ نەمتوانی کراسێک لەو ڕەنگە ئامادە بکەم و ئارەزوو و حەزی مێردەکەم بێنمە دی.

مێردەکەم حەزی لە ڕەنگی سوور دەکرد، کە دیتبای کراسێکی سوورم لەبەر کردووە، یا شەبقەیەکی جوانم لەسەر ناوە، لە کەیفان خەنی دەبوو، هەموو ئاواتێکی ئەوە بوو لەوپەڕی شیکیدا بمدینێ* (* بڕوانە نامەیەکی بۆ من ٢٤/ یولیو/١٨٧٦، ئا. گ. دوستویفسکایا +١٩٥.) ئەوەندەی ئەو بەوە دڵی خۆشدەبوو، خۆم ئەوەندە دڵم خۆش نەدەبوو، هەڵبەتە ڕەوشی داراییمان باش نەبوو، بۆیە بیرکردنەوە لە شیکی و شیکپۆشی بێهوودە بوو، ویڕای ئەوەش ئەگەر مێردە ئازیزەکەم شتێکی بۆ کڕیبام یا لە هەندەرانەوە شتێکی جوانی بۆ هێنابام، با هەندێجار بە دڵی خۆشم نەبا، هەستی بە خۆشی و ئاسوودەیی دەکرد، لە هەرسەفەرێکیدا بۆ ئیمس دیارییەکی بۆ دێنام، جارێکیان باوەشێنێکی زۆر فاخیری کڕیی بوو، دەسکەکەی عاج بوو، توحفەیەکی هونەریی بوو لەو گۆڕە، جارێکی دی دووربینێکی مینای شین و تاقمێکی کارەبای ( گوڵەیەخە و ملوانکە و بازنگ) ی بۆ هێنابووم، کاتێکی زۆری لە هەڵبژاردن و تاقیکردنەوەی ئەو شتانەدا بەسەر دەبرد، ئەگەر دیارییەکانیم بەدڵ بوایە زۆر دڵی خۆش دەبوو، جا چونکە دەمزانی مێردەکەم چەند دڵی بەو دیاریانە خۆشە کە پێشکەشی دەکردم، ماچم دەکردن و خۆشحاڵی خۆمم بۆ دەردەبڕی، هەرچەند هەندێجار زۆرم خەفەت دەخوارد کە پارەی بە شتانێک دەدا کە پێویست نەبوون، بۆ نموونە لەبیرمە جارێکیان دەستەیەک کراسی نووستنی بۆ کڕیبووم، هەریەکەی بە دوازدە ڕۆبڵ، تازە بڕێک پارەی لە کاتکوف وەرگرتبوو، چووبوو ئەو کراسانەی لە باشترین دوکانی مۆسکۆ کڕی بوو، هەڵبەتە بە ڕواڵەت وام نواند کە خۆشحاڵم، بەڵام لە دڵی خۆمدا حەیفم لەو پارەیە دەخوارد، چونکە چەندین کراسی دیکەی لەو کراسانەم هەبوون، دەکرا بەو پارانە زۆر شتی پێویست و زەرەوری دیکە بکڕین.

لەدوای کڕینی کراسەکان بوویەرێکی خۆش هاتە پێشێ کە زۆ خەمی لێ ڕەواندمەوە، جارێکیان دەوروبەری سەعات دووی بەرەبەیان مێردەکەم بەهەشتاو

خۆی بە ژوورەکەمدا کرد، بەدەنگی بەر هەڵیساندم و پرسی:" ئانیا ئەمانە کراسی تۆن؟" بەچاوی خەواڵووەوە بێ ئەوەی بەباشی لە پرسیارەکەی حاڵ بووبم گوتم: "کراسی چی؟" مێردەکەم بە تووڕەیی گوتی:" ماقووڵە ئەم کراسە زبرانە لەبەر بکەیت؟" گوتم:" ئەی بۆ نا، نازانم باسی چی دەکەیت گیانم، وازم لێبێنە با بخەوم!" بەیانی هۆی ئەم پرسیار وتوورەبوونەی مێردەکەم ڕوون بووەوە، کارەکەرەکە بۆی گێڕامەوە کە چۆن "ئاغا" ئەو و ئاشپەزەکەی ترساندووە، تومەز کارەکەرەکە ئێوارێ کراس و جلەکانی خۆی شۆردوون و لە پشت پەنجەرەکەوە، بە تەنافەکەوەی هەڵواسیون، شەوێ با هەڵدەکات، ئیدی جلە جەمەدییەکان دەکەون بە شووشەی پەنجەرەکەدا، فیودورمیخائیلوفیچ لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکی کارکردن دەبێت، کە گوێی لەدەنگی لێدانی پەنجەرەکە دەبێت دەترسێ منداڵەکان خەبەریان بێتەوە، دەچێت بۆ متبەقەکە، دەچێتە سەر تەپڵەکێک بە ئاستەم پەنجەرەکە دەکاتەوە، دەست دەبات و یەک یەک جلە شۆردراوەکان دێنێتە ژوورەوە، ئەوجا بەشێنەیی بە تەنافێکی سەر سۆپاکەوە هەڵیان دەخات، لێرەدا فیودور میخائیلوفیچ کراسەکان دەبینێت ( کە لە جاوی زبر درووست کرابوون) ئیدی خەمی لێدەنیشێت و بلەز دیت و هەڵمدەستێنێ، بەیانی حاڵ و حیکایەتەکەم بۆ مێردەکەم گێڕایەوە، بەدەم پێکەنینەوە کۆمەڵێک گاڵتەی بەم هەڵەیەی خۆی کرد، کە لێم پرسی باشە بۆچی کارەکەرەکەی هەڵنەستاندووە، بەرسڤی دایەوە: "بەزەییم پێدا هاتەوە، ڕۆژ تا ئێوارێ رەنج دەدات، وتم با ئیسراحەت بکات."

مێردەکەم بەو جۆرە مامەڵەی دەگەڵ کارەکەرەکەدا دەکرد، تەنانەت بۆ هەندێ ئیشی شەخسی خۆیشی ڕووی لێ نەدەنا، بەخۆی دەیکردن.

بەلام ئەوەی زۆر مایەی دڵخۆشی و شادی مێردەکەم بوو، ئەوە بوو بەر لە مردنەکەی بە دوو ساڵ، توانی جووتێ گوارەم بە دیاری بۆ بکڕێت، کە هەریەکێکیان نقێمێکی ئەڵماسی پێوە بوو، بە دووسەد رۆبڵ کڕی بووی، مێردەکەم کە کڕی بووی چوو بوو بۆ لای پیوتەر فومین پانتیلییڤی عەنتیکە و توحفەناس.

لەبیرمە یەکەم جار ئەم دیارییەی مێردەکەمم بۆ ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبی لە گوێ کرد، کە مێردەکەم لەو کۆڕەدا وتارێکی خوێندەوە، ئەوسا کە ئەدیبەکانی دی کەوتنە خوێندنەوەی بابەتەکانیان، لەلای مێردەکەم لە نزیکی دیوارەکەوە دانیشتم کە ئاوێنەی پێدا هەڵواسرابوو، لەناکاوا دیقەتم دا مێردەکەم سەیری تەنیشتی خۆی دەکات و بەدەم کەسێکەوە دەخەنێتەوە، ئەوجا ئاوڕی لە من دایەوەو بە خۆشییەوە و لە بن لێوانەوە گوتی:" دەدرەوشێتەوە، زۆر جوان دەرەوشێتەوە!" ئیدی بۆم

دەرکەوت کە دوو نقیمەکە دەگەڵ لەرەی ڕووناکییەکاندا زۆر جوان دەدرەوشێنەوە و مێردەکەم لە خۆشی ئەمەدا وەکو منداڵان دەگرژێتەوە.

"٤"

سالّی ١٨٧٦ قەرزێکی تورگینیف

ئێستاش لەبیرمە لە ساڵی ١٨٧٦دا بەدحاڵیبوونێکی چکۆلە ڕوویدا، ئەمە مێردەکەمی، کە دوو سێ ڕۆژ لەوەپێش نۆرە فێیەکی لێهاتبوو، زۆر پەرێشان کرد، گەنجێک بە ناوی ئەلکسند فیودورفیچ ئوتو* (ئونوگین) (* ئەلکسندر فیودورو ئوتو (ئونوگین) ١٨٤٤- ١٩٢٥: کۆکەرەوەی بەڵگەنامە و بابەتە تایبەتەکان بە پوشکین بوو لە پاریسدا مۆزەخانەی پۆشکینی دامەزراند.) هات بۆ لای فیودر میخائیلوفیچ، ئەم پیاوە لە پاریس دەژیا، کە پاشان توانی کۆمەڵێکی باش لە کتێب و بەڵگەنامە و دیکۆمێنتان لەسەر پوشکین کۆبکاتەوە، ئاغای ئوتو گوتی کە ئیڤان سیرگییفیچ تورگینیفی هاوڕێی ڕایسپاردووە کە سەردانی فیودور میخائیلوفیچ بکات و قەرزێکی لایەتی لێی وەربگرێتەوە، مێردەکەم حەپەسا، لێی پرسی باشە تورگینیف ئەو پەنجا تالیرەی لە پاڤڵ ڤاسیلییفیچ ئەنینکوف* ( *پاڤڵ فاسیلیفیچ ئەنینکوف ١٨١٢- ١٨٨٧: ئەدیب و ڕەخنەگر و بیرەوەری نووس بوو) وەرنەگرتووەتەوە،چونکە پار، مانگی شەش کە لە ڤیتاری رووسیادا دیتبووی، ئەو پارەیەی داوەتێ، کە بیدات بە تورگینیف.

ئوتو، گوتی بەڵێ ئەو پارەیەی لە ئەنینکوف وەرگرتووە، بەڵام تورگینیف دەڵێت لە ڤیسبادن، سەد تالیری بۆ فیودور میخائلوفیچ ناردووە نەک پەنجا تالیر، بۆیە پێی وایە فیودور میخائیلوفیچ هێشتا پەنجا تالیری قەرزدارە، مێردەکەم شپرزە بوو، وای زانی دەبێ هەڵەیەکی کردبێ، یەکسەر بانگی کردم، مێردەکەم پاش ئەوەی بە میوانەکەی ناساندم، لێی پرسیم: _ ئەرێ ئانیا، من چەندی تورگنیف قەرزدارم؟

_ پەنجا تالیر.

_ ئەسەح؟ چاک لە بیرتە؟ خۆ هەڵەنیت؟

ـ زۆر چاکم لە بیرە، تورگینیف لە نامەکەیدا بۆ تۆ، باسی ئەو برە پارەیی کردووە کە بەتەمابوو بۆتی بنێرێت.

مێردەکەم گوتی:ـ کوا نامەکەم پیشان بدە، لات ماوە؟

هەڵبەتە لەو ساتەدا نامەکەم لەلا نەبوو، بەڵام بەڵێنم دایە کە بۆی دەگەڕێم و بە کوڕەکەمان گوت دوای دوو ڕۆژ بێتەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ زۆر نیگەران بوو، لەوە دەترسا کە من هەڵەبم، بۆیە پەست و غەمگین بوو، بەڵام من قرێرم دا شەوێ بۆی دانیشم و تا نامەکە نەدۆزمەوە کۆڵ نەدەم، هەمان نیگەرانی مێردەکەم بۆ منیش سیرایەتی کرد، لە دڵی خۆدا دەمگوت، تۆ بڵێی ئەم هەڵوێستە جۆرە بەدحاڵیبوونێکی تیا نەبێت، مخابن نامەکانی مێردەکەم لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا زۆر تیکەڵ و پێکەڵ بوو، دەبوایە بەلای کەمەوە تەماشای سێ سەد چوار سەد نامە بکەم، تا ئەنجام نامەکەی تورگینیفم دۆزیەوە، دوای ئەوەی خوێندمانەوە دڵنیا بووین هیچ هەڵەیەک لەلایەن ئێمەوە ڕووی نەداوە، ئەوجا مێردەکەم وەخۆ هاتەوە و هێوری. وەختێک ئاغای ئوتو دوای دوو ڕۆژ هاتەوە بۆ لامان، نامەکەی توگینیفمان پیشاندا، زۆر پەشۆکا و داوای کرد نامەکەی وێدەین تا بۆ تورگینیفی بنێرێت، لەهەمان کاتدا بەڵێنی داینێ کە نامەکەمان بۆ بگێڕێتەوە.

دوای سێ هەفتە ئاغای ئوتو جارێکی دی بە نامەیەکەوە هاتەوە بۆ لامان، بەڵام ئەو نامەیە نەبوو کە ئێمە دابوومانێ، بەڵکو نامەیەکی فیودور میخائیلوفیچ بوو کە لە ڤیسبادنەوە ناردبووی و داوای لە توگینیف کردبوو پەنجا تالیری+١٩٦ بە قەرز بۆ بنێرێت، هەنگێ بەدحاڵیبوونەکەمان بۆ دەرکەوت، ئەوەی لەم هەڵوێستەدا زۆر لە ڕوودواما، ئاغای ئا.ف. ئوتو بوو، کە دوای چەند ساڵێک لە ١٨٨٨ /١٢/١٩ دا* (*هێشتا هەدوو نامەکەی فیودور میخائیلوفیچ و ئاغای ئوتوم لای خۆم هەڵگرتووە، ئا.گ. دوستویفسکایا) نامەیەکی نارد دەڵێت:

" ئەو دیدارە کورتەم دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا، بۆ ئەو لە سەر بناغەیەکی بەدحاڵیبوون بوو، من دەورێکم بینی هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەبوو، وەکو دەڵێن گام لە گاگەل نییە و پێم بەفر دەیبات، من ئەو کەسەم کە لە دوورەوە بۆ لاتان هات، ئێوە هێشتا ماڵتان لە گەڕەکی بیسوک بوو، ئەو کاتە من لە وەزعێکی

باشدا نەبووم، ئیڤان تورگینیفی هاوڕێم ڕایسپاردبووم قەرزێکی بۆ لە فیودور میخائیلوفیچ وەربگرمەوە، من ئەو کاتە هەستم بە حەرەجێکی زۆر کرد کاتێ متمانەتان بە من کرد و مەسەلەکەتان بە تێر و تەسەلی بۆ گێڕامەوە، ئەوجا فیودور میخائیلوفیچ هەڵبەتە دوای کول و کۆڤانێکی زۆر، سەلماندی کە داواکەی ئیڤان سرگیفیچ، ناڕەوایە، جا من بە حوکمی توندە تەبیعەتی خۆم هەستام نامەیەکی توندم بۆ ئیڤان سرگیڤیچ نارد، ئێستا شتەکە ساغ بووەتەوە: ئیڤان سرگیفیچ هەڵەکەی خۆی بیرکەوتووەتەوە، بەڵام من دۆستایەتی ئەوم دۆڕاند، لەبەرچاوم کەوت، کە هەمیشە ئەمە حاڵی کەسی سێیەمە، کە دەکەوێتە بەینی دوو کەسی ترەوە+ ١٩٧.

"٥"

سالّی ١٨٧٧ زایە بوونی پاڵتۆکە.

لە ساڵی ١٨٧٧دا، بویەرێکم بۆ پێشهات، لەڕێگای ئەو بویەرەوە سیستەمی کارکردنی دایەرەی پۆلیسی دۆزینەوەی تاوانی پایتەختم بۆ دەرکەوت، ئەویش ئەوە بوو کە دزان پاڵتۆ تازە فەروەکەیان دزیم، پاڵتۆیەکی فەرووی پێستە ڕێوی بوو.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم دوای ئەوەی بۆ ڕووسیا گەرامەوە، زستانان نیوکۆتێکی فەرووی بەرخم لەبەر دەکرد، کە لە درزدن بووم، ئەو پالتۆیەم لەبەر دەکرد، فیودورمیخائیلوفیچ کە ئەو پاڵتۆ تەنک و سووکەی لەبەرما دەبینی، دەترسا سەرمام بێت و توشی نەخۆشی ببم، هەڵبەتە ئەم پاڵتۆیە لەوانە نەبوو کە ئینسان لە سەرمای هەیڤێن دیسەمبەر و یەنایەر بپارێزێت، بۆیە کە دنیا ساردی دەکرد ناچار دەبووم شتێکی ئەستووری بەسەردا لەبەربکەم، ئەمە دیمەنێکی هەندێ غەریبی پێ دەبەخشیم.

هەڵبەتە لە ساڵانی یەکەمی هاتنەوەماندا بۆ ڕووسیا، خەمی یەکەمی من دانەوەی قەرزەکانمان بوو، بۆیە مەسەلەی کڕینی پاڵتۆیەکی ئەستوور کە هەموو پایزیک دووبارە دەبووەوە، کارێکی زۆر ئاسان نەبوو. ئەنجام لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٦دا دەرفەتێک ڕەخسا کە ئاواتە دێرینەکەمان بێنینە دی، ئێستاش لەبیرمە کە ئەم مەسەلە خانەوادەییە سادەیە، لە لای دوستویفسکی بوو بوو بە خەم، جا چونکە

دەیزانی لە مەسەلەی جلوبەرگدا درێغی و ڕەزیلییەکی زۆر لە خۆم دەکەم، بڕیاری دا بەخۆی مشوری ئەم مەسەلەیە بخوات و ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ: ڕۆژێک بردمی بۆ فرۆشگای زیزیرین کە تایبەت بوو بە فەروو ( ئێستا ناوی میرتینسە، کە هاوینان پاڵتۆ فەروەکەی لەوێ دادەنا) داوای لە گەورەی فەرمانبەرەکان کرد کە بایی پاڵتۆیەک فەرووی ڕێوی وباخەیەک فەرووی دەڵەکمان بۆ هەڵبژێرێت، فەرمانبەرەکە کە ( لە هەوادارانی بەرهەمەکانی مێردەکەم بوو) دنیایەک فەرووی ڕێوی خستە بەردەستمان و چاکی و عەیبەی هەریەکەیانی پێگوتین، ئەنجام پارچە فەروویەکی بێ عەیبی بۆ هەڵبژاردین کە بایی سەد ڕۆبڵ بوو، هەروەها پارچە فەروویەکی دەڵەکیشی بۆ یاخەکەی بۆ هەڵبژاردین، ئەویش بایی سەد رۆبڵ بوو، هەندێک نموونەی ئاوریشمی ڕەشمان لەلای بینی کە فیودور میخائیلوفیچ، خەریک بوو دەستی لێدەخست تا لە ڕووی جوانی و چاکی و سفتییەوە تاقی بکاتەوە، کە قسە هاتە سەر مۆد ( مۆدی پاڵتۆی خڕی قوبە قوبە بوو کە تازە داکەوتبوو) فیودور میخائیلوفیچ داوای کرد تازەترین مۆدی پیشان بدەن، کە ئەو مۆدە سەخیفەی بینی، یەکسەر ڕەفزی کرد. کاتێ خەیاتەکە بە گاڵتەوە گوتی ئەو هێڵە بازنەییانە خەیاتێک دایهێناوە کە لە ژنەکەی ترساوە و ویستوویەتی لە خوتە و بۆڵەی ئەو بخەلەسێت.

مێردەکەم گوتی:_ من لە ژنەکەم ناترسم بۆیە دەمەوێ شتێکی لەسەر مۆدی کۆن بۆ بدووریت، پاڵتۆیەکی قۆڵدار.

که دیتم مێردەکەم حەزی لەو مۆدەیە، ئیدی پێداگریم لەسەر مۆدە تازەکە نەکرد، دوای دوو هەفتە بۆیان هێنایەنەوە، کە لەبەرم کرد فیودورمیخائیلوفیچ بە ستایشەوە گوتی:

_ ئێ ئێستا خانمێکی تری، لە خانمە بازرگانەکانی مۆسکۆ دەچیت!ئێستا لێت ناترسم کە سەرمات بێت.

کەچی ئەو پاڵتۆیەی دوای چەندین ساڵ فەراهەم کرا، دزرا، سەیر ئەوەیە ئەم دزییە بە ڕۆژی ڕووناک لە ماوەی دە دەقیقەدا کرا، لە شوێنیک هاتمەوە، کە زانیم فیودورمیخائیلوفیچ ماوەیەکە لە خەو ڕابووە و لێی پرسیوم، خێرا چووم بۆ ئۆفیسەکەی، پاڵتۆکەم عادەتەن دەبردە ژوورەکەی خۆم، کەچی ئەمجارە لە ژووری میوان بە عەلاگەوەم هەڵواسی، کە لەگەڵ مێردەکەمدا لە قسان بوومەوە، گەرامەوە

بۆ ژووری میوان، پاڵتۆکەم بە عەلاگەوە نەمابوو، خەریک بوو شێت دەبووم، ئەو دوو کچەی کە لە متبەقەکە بوون، گوتیان کەسیان نەدیتووە، سەیری دەرێی دەرگاکە، ژێر قاڵدرمەکانمان کرد، چۆڵ و هۆڵ بوو، وادیاربوو ئەو کچەی پاڵتۆکەی لەبەر داکەندم بیری چوو بوو دەرگاکە دابخات و ئیدی یارۆی دز فرسەتی هێناوە.

فیودورمیخائیلوفیچ زۆری پێناخۆش بوو، بەتایبەتی هێشتا دوو مانگی زۆر ساردمان لەپێش مابوو، زۆر پەست و بێزار بووم، هەر خوتە خوت و بۆڵە بۆڵم بوو، دەمپرتاند، جنێوم بە هەردوو کارەکەرەکە دەدا، تەنانەت لە خویشم تووڕە بووم، کە بۆچی پاڵتۆکەم لە هۆڵەکە بەجێ هێشتبوو.

بانگی دەرگاوانە پیرەکەمان کرد کەپۆلیسی لە دزینی پاڵتۆکە ئاگادار کردبووەوە، ئێوارە پۆلیس هات تا پرس و جۆ لەگەڵ کارەکەرەکە بکات، پێی گوتم کە خۆم بچم بۆ پۆلیسخانە و داوایان لێبکەم وردتر تاقیب بکەن.

ڕۆژی دوایی چووم بۆ بەشی پۆلیس، لەبەر ئەو نازناوە ئەدەبییەی کە پێمەوە بوو یەکسەر ئەفسەرێکی پلەبەرز پێشوازی کردم (ناوی فامیلی مێردەکەم، "دوستویفسکی"، کە بۆ منیش گوازرابووەوە، لە ژیانی مێردەکەمدا، لە دایەرەکانی پۆلیسدا، هەیبەت و کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو، (ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە ئەدیبان دکارن لە ڕۆژناماندا لەسەریان بنووسن.)

لەوێندەر بە جدی گوێیان لێگرتم، فەرمانبەرەکە لێی پرسیم گومانم لەکێیە؟

پێمگوت من متمانە وباوەڕی تەواوم بە هەردوو کارەکەرەکەم هەیە، لە ستاریاروساوە لەگەڵ خۆمم هێناون، سێ دانە ساڵە لەلای منن، هیچ ڕەفتارێکی خراپم لێنەدیون، ئیدی گومانم نە لەوان و نە لە کەسی دیکە نییە.

فەرمانبەرەکە لێی پرسیم:_ پێم بڵێ کێ بەبەردەوامی هاتووچۆتان دەکات؟

_میوانمان زۆرن، هەندێکیان لە کتێبفرۆشییەکانەوە بۆ کتێب و گۆڤاران+١٩٨ دێن، بەڵام هەمیشە لە موبەقەکەوە وەژوور دەکەون، دوێنی کەسیان نەهاتن.

_ باشە جارجار دەرۆزەکەر نایەن، یانی هەژار و دەستکورت داوای یارمەتی بکەن؟

_ با ئەوانە زۆر دێن، حەزدەکەم ئەوەشت پێ بڵێم کە مێردەکەم زۆر بە دەست و دڵە، جوامێرە، دڵی نایە کەس نائومێد بکات، هەڵبەتە بە گوێرەی توانای خۆمان، هەندێجار لە ڕێگا و بانان کە یەکێک داوای خێری لێدەکات و مێردەکەم پارەی وردەی پێ نابێت، لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵی دێنێتەوە و پارەی دەداتێ، ئیدی ئەوانە پێمان فێر دەبن و بە بەردەوامی دێن بۆ ماڵمان، دوای ئەوەی کە ناوی مێردەکەم بەسەر تابلۆی بەردەگاکەوە هەڵواسراوە، فێر دەبن دێن و لە فیودور میخائیلوفیچ دەپرسن، کە دەچمە بەردەرگا باسی هەژاری و نەداری خۆیانم بۆ دەکەن، ئیدی سی چل کۆبێکێکیان دەدەمێ، هەرچەندە ئێمە دەوڵەمەند نین، بەڵام توانای ئەوەمان هەبوو هەندێ یارمەتی کەمی سی چل ڕۆبڵی بەو خەڵکانە بدەین.

فەرمانبەرەکە گوتی:_ کەواتە دزەکە یەکێکە لەو سواڵکەرانە.

_ باوەڕ ناکەم، بەیارمەتیت با شەفاعەتێک بۆ ئەو نەدارانەمان بکەم، هەرچەند قیرسیچمەن و لێت نابنەوە و زۆر خوازەلۆکن، باەڕ ناکەم دز بن، چونکە سیمایان نەداری و کلۆڵی لێ هەڵدەقولێت.

فەرمانبەرەکە گوتی:_ تەمەشا دەکەین، ئیڤانوف ئەلبومی وێنەکانم بۆ بێنە.

ئیڤانوف ئەلبومێکی ئەستووری هێنا و لەبەردەم مندا لەسەر مێزەکە داینا، گوتی:

_ ئەگەر سەیرێکی وێنەکان بکەیت باشترە، بەڵکو دەم وچاوێکی ئاشنات بکەوێتە بەرچاو.

بە کونجکاوی کەوتمە هەڵدانەوەی پەڕەکانی ئەلبومەکە، لە لاپەڕە سێدا سیما و ڕوخسارێکی ئاشنام کەوتە بەرچاو.

بەسەرسامی هاوارم کرد:_ خودایە، من ئەم کەسە باش دەناسم، ئەمە زۆر دێت بۆ ماڵمان، بەدەم هەڵدانەوەی پەڕەکانەوە، گوتم خۆ ئەمەش دەناسم، لەژێر وێنەی هەریەکێک لە "ناسیاوەکانم" نووسرابوو ( دزی دەروازەی شوقان) لەژێر وێنەی کەسێکی تردا کە زۆر باشم دەناسی نووسرابوو ( دەرگاشکێن بە چەکی گەرمەوە گیراوە)

بە تەواوەتی پەشۆکابووم، : خۆ ئەوانەی جارەهای جار هاتووچۆیان دەکردین، کە بەتەنیا قسەم دەگەڵ دەکردن، نەک هەر دز، بکوژیش دەرچوون، ئەیەڕۆ خۆ

دەیانتوانی بمکوژن، یا فیودور بکوژن، دوور نەبوو، بدەن بە سەر ماڵ و منداڵەکەماندا و تیا بچین، لە ترس و حەژمەتاندا موچوڕکەیەکم لە تۆقی سەری تا بنی پێ پێدا هات: بیرۆکەیەکی ترسناکم بە مێشکدا هات: خۆ ئەوانە ئێستاش هاتووچۆمان دەکەن، باشە زامن چییە کە نامانکوژن، خۆ ئەگەر لە ئێستا بەدواوە یارمەتیان نەدەین لەوەیە قینمان لێهەڵگرن و جەزرەبەیەکمان لێبدەن.

چەند دەقیقەیەکی کەم بەو پەشۆکاوییە مامەوە، گوتم:_ حەیفێ مێردەکەم وێنەی ئەو کەسانەی نەدیوە کە هەم من و هەم ئەویش دەیانناسین، ڕەنگە باوەڕ نەکات کە ئەمانە دزن.

_ وا چاکە وێنەی هەندێک لەوانەی کە دەیانناسیت لەگەڵ خۆتدا ببەیت، وێنەمان زۆرە، بۆتی باس دەکەم چۆن سوودیان لێوەربگریت: ئەگەر یەکێکیان هاتەوە بۆ ماڵتان پێی بڵێ کە چوویت بۆ پۆلیسخانەی تاوان و کۆمەڵێک وێنەی ئەوانیان داویتێ: باوەڕم پێ بکە خۆیان ئەو خەبەرە بەیەکدی دەڵێن و ئیدی یەک ساڵی تەواو نایەن بەلاتانەوە.

بەڕاستی زۆر دڵم بەو کۆمەڵە وێنەیە خۆشبوو کە فەرمانبەرەکەی پۆلیس دایمێ، کەم دیاریی ئەوەندە دڵی خۆشکردووم، تا ئێستاش ئەو وێنانەم لەلای خۆ پاراستوون، ئیدی کابرای پۆلیس بەڵێنی دامێ کە پیاوێکی کارامە و پڕ ئەزموونی خۆیانم بۆ دەنێرێت، کە ڕەنگە بتوانێ پاڵتۆ دزراوەکەم بۆ بدزێتەوە، بەتایبەتی کە ئەوەیان بۆ ڕوون بووبووەوە چ شوێنیکی بۆ بگەڕێن و لەکوێ تاقیبی بکەن.

فیودورمیخائیلوفیچ کە وێنەکانی بە نووسینەکانی ژێریانەوە بینی و زانی چتۆ پیاوێکن، لە من زیاتر ساکا، یەکسەر هەندێکی ناسینەوە، چونکە زۆرجار بەدەم پیاسەی ئێوارانەوە لە بەردەگاکانی خەستەخانەی میر ئولیدبورگسکی دا، دەیبینین کە داوای پارەیان لە ڕیڤینگان دەکرد، بۆ ناشتنی منداڵ یا خزمیان کە گوایە لە خەستەخانەکەدا مردوون، زۆرجار ئەو داوایەیان لە فیودور میخائیلوفیچش دەکرد، کە ئەویش هەرچەندە دەیزانی درۆ دەکەن و ئەمە تەنیا بیانووە بۆ سواڵکردن، دەستی بە ڕووەوە نەدەنان و هەمیشە یارمەتی دەدان.

ئەلهەقی ئەو وێنانەی کە دایانمێ سوودیان زۆر بوو، حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە لەمانگی یەکەمی پاش دزییەکە، هیچ سواڵکەرێک ڕووی تینەکردین، دوای ئەوە،

یەکێک لە پارسەکە ( گەدا، سواڵکەر) هەرە قیرسچمەکان پەیدا بوو، پێشتر چەند جارێک سوکە یارمەتیم دابوو، گوایە بۆ ناشتنی دایکی و ژمارەیەک لە پوورەکانی ئەمجارەیان بەو ناوەوە داوای یارمەتی دەکرد کە گوایە دەیدات بە دەرمان بۆ پوورە نەخۆشەکەی، جا بۆ ئەوەی هەست بە پشت و پەنایەک بکەم، لوکریام (لوکریا کچێکی درێژ داهۆڵ بوو) کە لە مەتبەخەکە بوو گازکرد و پێمگوت سێ کوبیکم بۆ بێنێ، لوکریا هات و پارەکەی لەسەر مێزەکە دانا، ئەوجا بە جدی بە (دزی دەروازان) م گوت:

_گوێبگرە، ئەم سێ کوبیکە بگرە و بێ زەحمەت جارێکی دی بەم ناوەدا نەیەی، ماوەیەک لەمەوپێش پاڵتۆیەکم دزرا: ئیدی چووم بۆ دایەرەی پۆلیسی تاوان، لەوێ کۆمەڵێک ( وێنەی دزانی دەروازانیان) دامێ، پێیان گوتم هەرکەسێک بۆ سواڵ هاتە بەرماڵتان خەبەرمان بدەنێ، وێنەیەکی تۆش لە نێو ئەو وێنانەدایە، حەزدەکەی پێتی نیشان بدەم؟

سواڵکەرەکە گوتی:_نا، بۆچی خۆت ئەزیەت دەدەیت.

ئیدی لەچاوتروکانێکدا ون بوو، دیار بوو یارۆی پارسەک، هاوڕێکانی لە هەواڵی وێنەکان ئاگادار کردبووەوە، ئیدی لەوساوە تا ماوەیەکی یەجگا زۆر هیچ کەسێک لەوانە بەلاماندا نەهاتن. تەنانەت فیودور میخائیلوفیچیش، لەوساوە هیچ کەسێکی لە جادەوە لەگەڵ خۆیدا نەدێنایەوە، ئەگەر پارەی پێنەبوایە بە پارسەکەکەی دەگوت لەبەر دەرگا چاوەڕوان بکات و بە کارەکەرەکەدا پارەی بۆ دەنارد.

ڕۆژی دوایی ئەو پیاوەی کە بەشی پۆلیس وەعدی دابوومێ بۆمی بنێرێت، هات، داوای لێکردم حاڵ و مەسەلەکەی بە وردی، لە سیری تا پیازی، بۆ بگێڕمەوە، ئیدی پرسیاری هیچترین شتی لێدەکردم، کە لێم پرسی ئاخو جارجارێک ئەو شتە دزراوانە دەدۆزنەوە، گوتی:_ خانم، ئەمە بەشێوەیەکی سەرەکی وەستاوەتە سەر ئەو کەسەی دزییەکەی لێکراوە، ئایا بەڕاستی گەرەکیەتی شتەکەی دەست بکەوێتەوە یا نا؟

_ پێموایە هەموو کەسێک حەزدەکات شتەکەی دەستبکەوێتەوە.

_ با واشبێ، بەڵام کەسی وا هەیە زۆر حەزدەکا و کەسی وا هەیە کەمتر، ئەمە لە کەسێکەوە بۆ کەسیکی دی فەرقی هەیە، بۆ نموونە: جارێکیان دزییەک لە ماڵی

ئەمیر کرا، نرخی شتە دزراوەکان بایی پێنج هەزار ڕۆبڵ بوو، ئەمیر ڕاستەوخۆ پێی گوتم، شتەکانم بۆ بدۆزەرەوە لە سەدا دەی نرخی شتەکانت دەدەمێ، شتە دزراوەکان دۆزرانەوە، هەموو عەمیلێک چاک دەزانێت، هەوڵەکانی بەفیڕۆ ناچن پاداشتی خۆی دەدرێتێ.

کابرای عەمیل، دوو سێ نموونەی دیکەی بۆ هێنامەوە، بۆ چەند دەقیقەیەک ئەو ژوورەم بەجێهێشت و چووم بۆ لای مردەکەم و گوتم دەبێ بەڵێنی ئەوە بە یارۆی عەمیل بدەم کە لەسەدا دەی نرخی پاڵتۆکەی بدەمێ و دەبێ پێشەکی پێنج ڕۆبڵی لەسەر حیسابەکە بدەمێ، فیودور میخائیلوفیچ سەرێکی لەقاند و هیچی نەگوت، دوایی گوتی گەڕان و تاقیب بێهودەیە، گەرامەوە بۆ لای یارۆی عەمیل وبەڵێنم دایە کە لەسەدا دەی بدەمێ و پێشەکی پێنج ڕۆبڵم دایە، ئەویش بەڵێنی دامێ کە درێغیم بۆ ناکات.

کابرای عەمیل دوای دوو ڕۆژ هاتەوە ، گوتی شوێن پێیەکی دزەکەم هەڵگرتووە و بۆ ئەوەی هەواڵەکە بڵاونەبێتەوە جارێ ناوی دزەکەم پێنالێت، ئیدی کۆمەڵێک پرسیای کەم بایەخی لێکردم و یەک سەعات وەختی لێ بەفێڕۆ دام، لەدڵی خۆدا وای بۆچووم تا بەرتیلێکم لێ وەرنەگرێت دەستبەدار نابێت، پێنج ڕۆبڵم دایە و گوتم من هەمیشە مژووڵم، تکام لێکرد تەنیا کاتێک بێت کە هەواڵێکی جدی و گرینگی پێ بێت.

دوای هەفتە و نیوێک، ڕۆژێک من و مێردەکەم لە ژووری نانخواردن دانیشتبووین، لوکریا لەناکاو وەژوورکەوت و هاواری کرد:_ خانم وەرە پاڵتۆکەیان دۆزیوەتەوە! کابرای عەمیل پێی گوتین، ئێستا دێت.

هەڵبەتە هەموومان خۆشحاڵ بووین، کابرای عەمیل پێی گوتین دزەکە پاڵتۆ دزراوەکەی لە دوکانێکی ڕەهناندا ( لەمویکا) خستووەتە ڕەهنەوە و ئەم پسووڵەکەی دۆزیوەتەوە، جا دوکانی ناقبری ئامادەیە بێ چەند و چوون پاڵتۆکەمان وێداتەوە، ئەگەر من بیسەلمێنم کە پاڵتۆی منە، گوتی دەبێ من یەکسەر خۆمی لێبکەم بە خاوەن و هەر ئێستا لەگەڵ ئەودا بچم بۆ دوکانەکە و پاڵتۆکە وەربگرمەوە.

مێردەکەم ئەم پێشنیازەی کابرای عەمیلی بەدڵ نەبوو، لێبڕا کە بەخۆی بچێت بۆ دوکانەکە، بەڵام کابرای عەمیل قەبووڵی نەکرد، بەو ئیحتوبارەی ئەو، واتە مێردەکەم پیاوە و ناتوانێ هەندێ نیشانانی پاڵتۆ دزراوەکە بدات، بەڕادەیەک حەزم دەکرد پاڵتۆکەم وەربگرمەوە، کە قەناعەتم بە مێردەکەم کرد ڕێگەم بدات دەگەڵ عەمیلەکەدا بڕۆم و ئەگەر بەڕێکەوت تووشی ناسیاوێکی خۆمان بووین، ئەوا سەرپۆش دەدەم بەسەرما بەو جۆرە، بە ڕۆژی ڕووناک، بەناوەندی شاری بترسبورگدا، دەگەڵ کابرایەکی عەمیلی دایەرەی پۆلیسی دۆزینەوەی تاواندا، کەوتمە ڕێ، لە دڵی خۆدا پێدەکەنیم و وام خەیاڵ دەکرد ئێستا هەرچی دزانی پایتەخت هەن، ئەوانەی لە جادەی نڤسکیدا دەسوڕێنەوە، لە دڵی خۆدا دەڵێن ئەو ژنە دزە گومناوە کێیە کە دەگەڵ ئەم عەمیلەی پۆلیسدا، ئەم عەمیلەی کە هەموویان چاکی دەناسن.

گەیشتینە شەقامی مویکا، ویستم کرێی عەرەبانچییەکە بدەم، بەڵام عەمیلەکە پێی گوتم دوای ئەوەی پاڵتۆکەم وەردەگرمەوە پێویستیم بە عەرەبانچییەکە دەبێ تا بمگەیەنێتەوە بۆ ماڵ، داوام لە عەرەبانچییەکە کرد چاوەڕوان بکات، چوینە دایەرە لەوێوە بۆ ژوورێکی جیایان بردین، دوای دە دەقیقە باڵتۆیەکی فەروە ڕێوی ژنانەیان بۆ هێنایین، لە یەکەم نیگاوە زانیم کە پاڵتۆکەی من نییە و بە عەمیلەکەم گوت.

عەمیلەکە پێی گوتم:_ باش تەماشای بکە بەڵکو بیناسیتەوە، تەمەشای قۆڵەکانی بکە، ژنان زیاتر بە قۆڵا جلکی خۆ دەناسنەوە.

دوای تۆزێک کابرای عەمیلیان گازکرد، تەمەشای کارتی دوکانەکەم کرد کە بە پاڵتۆکەیانەوە چەسپاندبوو، دانەویمەوە تا بیخوێنمەوە، کارتەکە لەسەری نووسرابوو کە ئەم پاڵتۆیە لە مانگی یازدەی/ ١٨٧٦ وە ڕادەستی دوکانەکە کراوە، واتە بە چوار مانگ بەر لە دزینی پاڵتۆکەی من، خوام نەما، دیاربوو عەمیلەکە بەمەی دەزانی، بەڵام لە دڵی خۆیدا وای دانابوو یا پاڵتۆکەی خۆم ناناسمەوە، یا خۆم لە گێلی دەدەم وقیروسیای لێدەکەم ولە جیاتی پاڵتۆ دزراوەکەی خۆم هەڵیدەگرم و بە نەهەق خۆم دەکەم بە خاوەنی.

کاتێ عەمیلەکە زفڕییەوە، کارتی سەر پاڵتۆکەم نیشان دا و بە دەنگی بەرز و لەبەردەم بەڕێوەبەری دوکانەکەدا لێی توورە بووم کە بەو زەقییە درۆی لەگەڵ کردووم و دەیەوێ فریوم بدات، بە توندی خۆی وەرچەرخاند، یەکسەر دوور کەوتەوە،

تا لە پەنجەرەی دوکانەکەوە تەمەشای شتێک بکات، بەدەم دەرچوونمەوە لە دوکانەکە بە عەرەبانچییەکەم گوت لەگەڵیا ناگەڕێمەوە، لێم پرسی هەقی ئەوەی لە شەقامی گریچسکایاوە گەیاندوومیەتە ئێرە چەندە، مەگەر خوا بزانێ چەندم خەفەت خواردووە کاتێ عەرەبانچییەکە گوتی دەکاتە حەوت ڕۆبڵ، چونکە بەیانی (ئاغای) گەیاندووە وئەم ئاغایە لە دەرگای دوکانەکە هاتۆتە دەرێ و گوتویەتی "خانم هەموو پارەکەت دەداتێ" هەڵبەتە ناچاربووم پارەکە بدەم، بەو جۆرە قسەکەی فیودور میخائیلوفیچ هاتە دی، ئیدی پیرە پاڵتۆ ڕەشەڕاهات و دەستم لە بنی هەنبانە بۆرەوە دەرچوو، نەک پاڵتۆکەم نەدۆزییەوە، بەڵکو حەڤدە ڕۆبڵیشم بە خوت و خۆڕایی لە کابرای عەمیل سەرفکرد، ئیدی مێردەکەم ڕەئی وابوو سکاڵاکردن لە کابرای عەمیل کارێکی بێهودەیە، ڕەنگە کابرای فەرمانبەری پۆلیسخانە عەمیلێکی دیکە بنێرێت، هەزار خۆزگەمان بە کفن دز، باشتر وابوو، مل بۆ زایەبوونی پاڵتۆکە بدەم و بەڵێن بە خۆم بدەم جارێکی دی پەنا وەبەر ئەم دامودەزگایە نەبەم.

"٦"

سالی ١٨٧٧ . کڕینی خانوو. سەفەر بۆ میروپولی

پێشبینییەکەی خاتوو فیلد

لە سەرەتای ساڵی ١٨٧٧دا هەواڵێکی ناخۆشمان بیست: ئەلکسندر گریبی+١٩٩ خاوەنی ئەو داچایەی (ماڵی هاوینە) کە ئەو چوار ساڵەی دواییمان، لە ستاریاروسا تیا بەسەربرد، کۆچی دوایی کرد، هەڵبەتە جگە لەوەی مردنی ئەم پیرەمێردە میهرەبانەمان زۆر پێناخۆش بوو، هەم لەبەر ئەوەی زۆر لەگەڵ خانەوادەکەماندا میریڤان و باش بوو، هەم نەماندەزانی ئەم داچایە بە کێ دەبڕێت و ئایا خاوەنە تازەکەی ڕێگەمان دەدا هاوین بەکرێی بگرین، ئەم پرسیارە بۆ ئێمە زۆر خەم بوو، بە داچاکەی گریبی ڕاهاتبووین، ئەمە جگە لەوەی شارەکەشمان زۆر پێ خۆش بوو، وامان هەست دەکرد زۆر ئەستەمە داچایەکەی وەکو ئەمە باش و لەبارمان دەست بکەوێت، داچاکەی ئاغای گریبی، وەکو خانوویەکی ناو شار نەبوو، زیاتر لە موڵک و مەزرایەکی ئاغایانە دەچوو، باخاێکی چڕە

دارستانی پڕ سێبەر و بێستانی پڕ میوە و سەوزەوات، پڕ بوو لە عەمار و ژێرخان و .... هتد .. و حەمامیکی ڕووسی تەرازی زۆر چاک لەناو باخەکەدا بوو، کە فیودور میخائیلوفیچ زۆری بەدڵ بوو.

داچاکەی گریبی هێشتا لە قەراخی شارا و لە نزیکی کولومتس دا لە ڕوخی ڕوباری بیریریچسادا، ماوە وچواردەوری دار و درەختی زۆر زەلامی ناروەنە، ئەو درەختانەی لە زەمانی ئەراکچیڤەوە* (* ئەلکسی ئەندریفیچ ئەراکچیڤ ١٧٦٩-١٨٣٤: کەسایەتییەکی بەرزی سەردەمی تزار پاڤڵی یەکەم بوو، لە سەردەمی تزار ئەلکسندری یەکەمدا، لە سالانی ١٨٠٨- ١٨١٠ دا وەزیری جەنگ بوو.) نێژراون، بەڵام دوو شەقامی پان کەوتوونەتە دوو لایەکەی دیکەیماڵەکەوە ( بە درێژایی باخەکە) ئیدی تەنیا لایەکی موڵکەکە بە بەتاڵی ماوەتەوەو دەگەڵ باخی دراوسێکەدا یەک دەگرێتەوە.

فیودور میخائیلوفیچ لەو ئاگردانە دەترسا، کە هەندێجار شارێن پڕ دار و درەختی دەگرتەوە و سەرانسەری دەسووتا بۆ نموونە ( ئورینبورگ) بەلام لەلایەکی دیکەوە ئەم تەریکییەی داچاکەمانی پێخۆش بوو، دڵی بە باخە پڕ سێبەرەکەی خۆشبوو، ئەدی حەوشە سەلبەند و بەردڕێژەکەی بۆ ناڵێی، کە ئەگەر دنیا باران بوایە شار لە قوڕا غەرق بوایە و ڕێکردن بە ڕێگا خاکیەکاندا مەحاڵ بوایە، ئەوا دۆستویفسکی لەو حەوشەیەدا ئێوارە پیاسەی خۆی دەکرد، هەروەها من ومێردەکەم ژوورە بچووکەکانیمان، کە بەشێوەیەکی باش دابەشکرابوون، بەدڵ بوو، مۆبێلەی قورس و کۆنیان تێا دانرابوو، کە لە داری ماهوجنی دروستکرابوون، بە جۆرێ فەرش کرابوون، باکت بە سەرما نەبوو، جگە لە هەموو ئەوانەش، لەدایکبوونی ئەلیوشای کوڕمان لەوێندەر وای لێکردبووین، ئەم خانووەمان لە دڵا شیرین بێت، هەندێجار ترسی ئەوەمان لێدەنیشت ئەم گۆشەیەمان، کە زۆرمان خۆشدەویست لەدەست بچێت، بەڵام زۆری پێنەچوو کە هەموو شتێک ڕوون بووەوە:

خانمە میراتگرەکەی جەنابی گریبی دوای ئەوەی بڕیاری دا خانووەکە بفرۆشێت، شاری بەجێهێشت، داوای هەزار ڕۆبڵی لە خانووەکە بە کەلوپەل و باخە چڕە دارستانەکەشەوە دەکرد، ئەو پارەیە بۆ ئەوسای خەڵکی روسا یەجگار زۆر بوو، ئێمە لەو سەروبەندەدا ئەو پارەیەمان نەبوو، بەڵام حەزیشم نەدەکرد دەستبەرداری ئەم داچایە ببم، ئەوە بوو داوام لە ئیڤان گریگوریفیچی برام کرد کە

خانووەکە بەناوی خۆیەوە بکڕێت و پاشان کە ئێمە پارەمان بوو بە ئێمەی بفرۆشێتەوە، برایەکەم دڵی نەشکاندم و خانووەکەی کڕی، دوای مردنی مێردەکەم، خانووەکەم لە برایەکەم، بەناوی خۆمەوە کڕییەوە.

بەهۆی کڕینی ئەم خانووەوە مێردەکەم گوتەنی " هیلانەیەکمان پەیدا کرد، کە لە هەوەڵی بەهارا بەوپەڕی شادییەوە دەچووینێ و دەگەڵ ئاخرو ئۆخری پاییزدا بە نەبەدڵی بەجێماندەهێشت و بارمان دەکرد، فیودورمیخائیلوفیچ، ئەمماڵە هاوینەیەی روسای بەو شوێنە دەزانی کە ڕوحی ئۆقرەی تیا دەگرت، کە جەستەی تیادا دەحەوایەوە، بیرمە هەمیشە خوێندنەوەی کتێبە دڵخوازەکانی خۆی هەڵدەگرت بۆ ئەو کاتانەی دەگەبیە روسا، کە لەوێ گۆشەگیری و تەنیایی دڵخوازی خۆی دەستدەکەوت و بە دەگمەن خەڵکانی فزوڵ سەریان دەدا و مژووڵیان دەکرد.

لە ساڵی ١٨٧٧ دا هێشتا گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) مان، دەردەکرد، سەرباری ئەو سەرکەوتنە مادی و مەعنەوییەی کە بە دەستی هێنابوو، کێشە و ماندووبونێکی زۆریشی هەبوو، گۆڤارێکی مانگانە گاڵتە نییە: دابەشکردن، ئیدارەدانی ئابونمانان، نامە و نامەکاری دەگەڵ بەشداران و ئەو جۆرە ئیشانەی یەجگار زۆر بوو، جا من کە تەنیا باڵ بووم و یارمەتیدەرم نەبوون ( تەنیا یەک پۆستەبەرم هەبوو) ئیدی دەبوایە ڕەنجێکی زۆر بدەم، دەگەییمە حاڵێک لە پەلوپۆ دەکەوتم، کە تاکو ئێستەش کاریگەری ئەوە بەسەر سحەتمەوە دیارە، لەم دوو ساڵەی دواییدا زۆر لاواز بووم و تووشی کۆکە بووم، مێردەباشەکەم کە تەندروستی زۆر بەلاوە گرینگ بوو، زۆری لێدەکردم کە بە درێژایی هاوین ئیسراحەت بکەم و نەچم بەلای کارکردنەوە، بەڵام چونکە لە ستاریاروسا خۆم سەرپەرشتی ماڵەکەم دەکرد، نەم دەپەرژایە سەر ئیسراحەت، بۆیە مێردەکەم قەراری دا کە دەعوەتەکەی برایەکەم قەبووڵ بکات و هاوینەکە لە گوندی بەرینە سەرێ، لە هەوەڵی مانگی مایووە. بە خاوخێزانەوە هەموو بۆ پارێزگای کورسکایا چووین، بۆ مەزرایەکەی برایەکەم، کە ناوی ( مالی بریکول) و لە نزیکی ساری میروپولی بوو.

سەفەرە دوور و درێژەکەمانم زۆر چاک لەبیرە، لە ماوەی ئەم سەفەرەدا چەند جارێک لە مۆسکۆ و هەندێ وێستگەی سەرەکی قیتار وەستاین، تەنانەت قیتارەکەمان ناچار بوو چەندین سەعات بووەستێ، تا ئەو هێزە سوپاییەی بۆ شەڕ دەچوو+ ٢٠٠، تێپەڕێت، لە هەر وەستانێکدا فیودور میخائیلوفیچ دەچوو بۆ

بۆفیەکان، تا کۆمەڵێک کێک و کولیچە و جگەرە و شقارتە بکڕێت و بەسەر سەربازەکانی ناو فارگۆنەکانیا دابەش بکات، ئیدی دەگەڵ هەندێکیاندا دەکەوتە گەنگەشە و گفتوگۆی دوور و درێژەوە.

کاتێ ئەم سەفەرە دوور و دێژەم بیر دەکەوێتەوە، لە دڵی خۆدا دەڵێم سەیرە، فیودور میخائیلوفیچ کە لە ژیانی ئاسایی خۆیدا لەسەر هیچترین شت توورە دەبوو، پێدەچێت هاوسەفەرێکی خۆش مەشرەب و بەسەبر بێ لە سەفەردا: بە هەموو شتێک قاییل دەبوو، بێئەوەی هیچ بێزارییەک دەربڕێت، یا لەسەر هەندێ داواکاری سوور بێت، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە، ئەوپەڕی هەوڵیدەدا من و کارەکەرەکە و دایەنەکە ئیسراحەت بین، تا بە منداڵەکان ڕابگەن، کە زوو ماندوو دەبوون و لە ماندوێتیدا شەڕیان بە یەکتر دەفرۆشت، بەلام ئەوەی زۆرم بەلاوە سەیر بوو، ئەوە بوو ئەوە بوو مێردەکەم توانایەکی سەیری لە ژێرکردنەوە و هێورکردنەوەیاندا هەبوو: هەرکە یەکێکیان دەکەوتە لاساری و شەڕفرۆشی، فیودور میخائیلوفیچ لە شوێنەکەی خۆیەوە دەهات ( هەموومان لە یەک فارگۆندا بووین، بەڵام ئەو بڕێک دوور لە ئێمە دادەنیشت) و منداڵەکەی بۆ لای خۆی دەبرد و زوو بە زوو ژێر دەبووەوە، مێردەکەم بەهرەیەکی تایبەتی لە دواندنی منداڵاندا هەبوو، لە زمانی دەزانین، دەیزانی چییان دەوێ، ڕموودەی خۆیی دەکردن، ( بۆ منداڵی بێگانەش وا بوو، ئەو منداڵانەی کە بە ڕێکەوت دەیبینین) بە جۆرێ منداڵی دەلاواند کە زوو ڕام دەبوون و دڵیان خۆش دەبوو، بە بۆچوونی من هۆی ئەمە دەگەڕایەوە بۆ ئەو خۆشەویستییە هەمیشەییەی کە بۆ منداڵانی هەبوو و ئەمە کردبوویە کارێک لەم جۆرە هەڵوێستانەدا ڕەفتاریان دەگەڵدا بکات.

فیودور میخائیلوفیچ لە کۆتایی مانگی یونیودا ناچار بوو گوندی بەجێبێڵێ و بۆ پترسبورگ بڕوات، تا سەرپەرشتی دەرکردنی ژمارە دەبڵی هەردوو مانگی مایو و یونیوی گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) بکات، لەگەڵ مێردەکەم و هەردوو منداڵە گەورەکەمدا چووین بۆ وێستگەی کورینیوڤو بە نیازی زیارەتی مەزارە پیرۆزەکان لە کیڤ، فیودور میخائیلوفیچ بایەخێکی زۆری بەو پەروەردە و سروتە ڕۆحییە جوانانە دەدا کە منداڵان بە منداڵی تیایدا دەژیان، جا کە دەیزانی من لەمێژە خەون بەوەوە دەبینم بۆ کییڤ بڕۆم و لەوێ لە پەرستگە و شوێنە پیرۆزەکاندا نوێژ و نزا بکەم، پێشنیازی کرد تا ئەو لە ماڵ نییە، فرسەتە بۆ خۆ بچم بۆ کییڤ، کە هەروامان کرد.

فیودورمیخائیلوفیچ سەرکەوتوانە توانی ژمارەی هاوینی گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) دەربکات و دابەشی بکات، لێ مخابن بەهۆی چاوەڕوانی نامەی منەوە نیگەرانییەکی زۆری چەشتبوو، هەڵبەتە من لەگەڵیا ڕێکەوتبووم کە لە ڕێگای گەورە دەرگاوانی ماڵەکەمانەوە نامەکانی بۆ بنێرم، بەڵام مێردەکەم لە سۆنگەی نۆرە فێیەکەوە کە لێی هاتبوو، بیری چوو بوو، ئێمە لەسەر ئەوە ڕێکەتبووین کە ئەگەر نامەکانم ڕاستەوخۆ بە ناوی ئەوەوە نارد، ئەوا ئۆفیسی سەرەکی پۆستەخانە، بەگوێرەی داوای خۆی، کە بەهار بەر لەسەفەرەکەی بۆ گوندی ئەم داوایەی لێکردبوون، ئەو نامانە بۆ میربولی بگەڕێتەوە، وەک چۆن هەمان ئۆفیس ئەوەی سەبارەت بە کۆمەڵێک نامەی من بۆ مێردەکەم لە پترسبورگ دەکرد.

لەو سالانەی دواییدا فیودور میخائیلوفیچ پتر لە جارێک بەکەسەرەوە باسی ئەوەی کرد کە نەیتوانیوە بۆ گوندی داروڤویە بچێت، کە مەزرا و موڵکی ڕەحمەتی دایکی بوو و فیودور میخائیلوفیچ کاتێ کە منداڵ بووە هاوینانی لەوێندەر بەسەر بردووە، جا فیودور میخائیلوفیچ، کە لە هاوینی ساڵی ١٨٧٧دا سحەتی باش بوو، قەناعەتم پێکرد کاتێ لە پترسبورگەوە بۆ میروبولی دێتەوە، لە مۆسکۆ لابدات تا لەوێندەرەوە بۆ داروڤویە بڕوات و سەرێکی یادگارییەکانی دایکی بدات، کە هەر وایکرد، ئیدی دەبێتە میوانی ڤیرا میخائیلوڤنای ( ئیڤانوڤا) خوشکی و ( کە موڵک و مەزرایەکە بوو بوو بە هی ئەو) دوو شەو لەوێندەر دەمێنێتەوە، پاشان خزمەکانی مێردەکەم بۆیان گێڕامەوە کە سەری هەموو ئەو شوێنانەی دابوو کە بەلایەوە ئازیز بوون ولە یادگەیدا شیرین بوون، تەنانەت ماوەی پتر لە دوو کیلۆمەتران بە پێیان ڕۆیی بوو، لە مەزراکە دوورکەوتبووەوە، تا بێشەی ( چیریومشنی) بدینێ، کە لە منداڵیا بەلایەوە خۆش و جوان بوو بوو، فیودور میخائیلوفیچ ئەم ناوەی لە ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆف) دا بەکار بردووە، هەروەها چوو بوو بۆ کوختەی جوتیارە هاوتەمەنەکانی خۆی کە هێشتا بیری مابوون، ئیدی پیرەمێرد و پیرەژنانی هاوتەمەنی خۆی، کە دەیانناسییەوە و منداڵیی ئەویان لەبیر مابوو، زۆر بە گەرمی پێشوازییان کردبوو،خوڵکیان کردبوو بۆ کوختەکانی خۆیان وچایان دابوویە. ئەم سەفەرەی داروڤویە زۆر بیرەوەری لە ویژدانی مێردەکەمدا بێدار کردبووەوە و وەختایەک هاتەوە، زۆر بە ئاو و تاو بۆی گێڕاینەوە+٢٠١ و بەڵێنی بە منداڵەکان دا کە لەگەڵیاندا بۆ داروڤویە بڕوات، تا باخ و شوێنە دڵگیرەکانی ئەوێندەریان نیشان بدات، ئەم ئاواتەی فیودور میخائیلوفیچ هاتە دی، منداڵەکان توانیان ئەو

شوێنانە بدینن کە بابیان منداڵی خۆی تیا بەسەربردبوو، کاتێ لە ساڵی ١٨٨٤دا*
(* فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی لە ساڵی ١٨٨١ دا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.)
لەگەڵ خۆدا بۆ داروڤویەم بردن، خزمەکانی فیودور میخائیلوفیچ بردیانین بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە لە دوا سەفەریا سەری دابوون.

هاوینی ساڵی ١٨٧٧ مان بە خۆشی و شادییەکی بێ وێنە لێگوزەرا، لە هیچمان کەم نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت کە نەمانتوانی تا هەیڤی ئەیلول لە گوندی وەمێنین، دەبوایە ژمارە دەبڵی هاوین واتە یولیو- ئاب، دەربکەین، لە کۆتایی هەیڤی ئابدا بۆ پترسبورگ گەڕاینەوە.

ئیدی ژیانی ئاسایی، تەژی بە جۆرەها کێشە و ئاریشان دەستی پێکرد، ئیدی فیودور میخائیلوفیچ دەبوایە ڕۆژانە پێشوازی جۆرەها میوان بکات، چ ناسیاو چ بێگانە، ئەم پایزە یەکێک لە هەوادار و دڵبەندە تەواو عەیارەکانی بەهرەی مێردەکەم کە ناوی فسیڤولد سیرگییڤیچ سولوڤیوف بوو، کەوتە هاتووچۆمان، لە سەردانێکیا بۆ ماڵی ئێمە، بۆ مێردەکەمی گێڕایەوە کە ناسیاوی دەگەڵ ژنێکدا پەیدا کردووە ناوی خاتوو فیلدە، ئەم خاتوونە زۆر بە وردی و دروستی باسی ژیانی ڕابردووی ئەمی ( فسیڤولد ) ی کردووە و پاشان پێشبینی هەندێ شتی بۆ کردووە کە بەڕاستی هاتوونەتە دی، کاتێ سولوڤیوف هەستا بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆی، مێردەکەم لەگەڵیا هەستا تا هەم بەڕێی بکات و هەم بچێتە ئێوارە پیاسەی ڕۆژانەی، کە لەوکاتەدا دەستی پێدەکرد، مێردە ئازیزەکەم لێی پرسی خاتوو فیلد دوورە لێرەوە، کاتێ زانی لێرەوە دوور نییە، پێشنیازی کرد کە بە دووقۆڵی سەرێکی بدەن، پێکڤە چوون بۆ لای خیفزانەکە+٢٠٢ ( فاڵچی، تالع بین) دیارە خاتو فیلد، نازانێ ئەم میوانە نەناسە کێیە، بەڵام ئەوەی بۆ مێردەکەم پێشبینی کردبوو کە سەربەرزییەکی گەورە چاوەروانی دەکات و شۆرەت و نێوبانگێکی ئەوتۆ پەیدا دەکات کە هەگیز بە خەو و خەیاڵیش نەیدیتبێ، هەر هەمووی موو بە موو لە ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکەی پوشکیندا هاتە دی! لێ سەد حەیف و مخابن ئەو پێشبینییەشی هاتە دی کە مێردەکەم بەو زوانە تووشی کۆستێکی خانەوادەیی دەبێت، ئەوەبوو ئالیوشای جگەرگۆشەمان کۆچی دوایی کرد! فیودور میخائیلوفیچ دوای کۆستەکە، ئەوسا پێشبینی خیفزانەکەی بۆ گێڕامەوە.

ساڵ بەرەو کۆتایی دەچوو، فیودور میخائیلوفیچ بیری لەوە دەکردەوە کە ساڵی داهاتوو لەسەر دەرکردنی گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) بەردەوام بێت، مێردەکەم لە سەرکەوتنی مادی گۆڤارەکە و ئەو پێشوازییە گەرم و پڕ متمانەیەی خەڵکی لە گۆڤارەکە، یەجگار ڕازی بوو، کە ئەمە زۆر بە زەقی لەو نامە زۆر و زەبەندانەوە کە لە جەماوەری خوێنەرانەوە بۆی دەهات ڕەنگی دابووەوە، هەڵبەتە زۆری دڵ بەمە خۆشبوو، بەلام زەرورەتی کاری فیلیڤانی، زاڵ بوو بەسەریا، بۆیە لێبڕا بۆ ماوەی دوو یا سێ ساڵ دەستبەرداری دەرکردنی گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) ببێت و دەست بە نووسینی ڕۆمانە تازەکەی بکات، سەبارەت بەو پڕۆژە ئەدەبیانەی کە مێردەکەم زۆریان بە خەمەوە بوو، بڕوانە دەفتەری بیرەوەرییەکانی کە پاش مردنی دۆزیومانەتەوە، لە ١٨٧٧ /١٢/٢٤ ئەمانەی تیا تۆمار کردووە:

" تا کۆتایی تەمەن- (memento)"

١- نووسینی کاندیدی ڕووسی

٢ - نووسینی کتێبێک لەسەر مەسیح

٣ - نووسینی بیرەوەرییەکانم.

٤ - نووسینی چامەی چلەی ماتەمینی

( هەرهەموو ئەوانە، جگە لەم ڕۆمانەی دوایی و بیرەوەرییەکە، کە پێویست بوو دەربچێ، دە ساڵ کاریان دەوێ و من ئێستا دەچمە ناو پەنجا و شەش ساڵی تەمەنەوە)

## سەرەتایەک بۆ ساڵی ١٨٧٧

فیودور میخائیلوفیچ لە نیوەی مانگی نیساندا، پێویستی بەوە بوو، بۆ کارێک بچێت بۆ بانکی حکومەت، جا من لە ترسی ئەوەی بە زەحمەت بانکی ناڤبری بدۆزێتەوە و زۆر ماندوو بێت، لەگەڵیا چووم، کە شەقامی ( نیڤسکی) مان دەبڕی، سەیرمان کرد،خەڵکانێکی زۆر لە ڕۆژنامە فرۆشەکان خڕبوونەتەوە عەرەبانچییەکمان ڕاگرت، درم بە حەشیمەتەکە دا و ئەو بەیاننامەیەم کڕی کە

تازە دەرچوو بوو " بەیانێکی گرینگ بوو سەبارەت بە بەزاندنی سنووری تورکیا لەلایەن هێزەکانی ڕووسیاوە، ئەو هێزانەی کە لە ١٢/٤/ ١٨٧٧ دا لە کچینیڤ بوون) دەمێ بوو خەڵکی چاوەڕوانی ئەم بەیانە بوون، بەڵام ئیدی ئێستا شەڕەکە بوو بە ڕاست. ف. میخائیلوفیچ پاش خوێندنەوەی بەیانەکە، ئەمری بە عەرەبانچییەکە کرد بۆ کلێسای ( کازان) مان بەرێت، ئاپۆڕایەکی زۆر لە کلێسادا خڕببوونەوە، لە پەستاو و بێ پسانەوە لە بەردەم ئیکونەی پاکیزەی کازاندا نوێژ و نزایان دەکرد، لەناکاو فیودور میخائیلوفیچ لە ناو ئاپۆڕاکەدا ون بوو، من دەمزانی لە ئاهەنگ و بۆنەکانی دیدا، حەزی دەکرد بە کاوەخۆ و دوور لە چاوی خەڵکی نوێژ و نزا بکات، دووی نەکەوتم، بەڵام دوای نیو سەعات کەوتمە تاقیبی، گۆشە و کەناری کلێساکەی بۆ دەگەرام، سەیرم کرد بەجۆرێ لە نوێژ و نزادا غەرق بووە، کە هەوەڵجار نەیناسیمەوە، ئیدی نەدەکرا بۆ بانکەکە بچین، چونکە فیودور میخائیلوفیچ زۆر ئەم ڕووداوە و ئەنجامەکانی ئەم ڕووداوەی سەبارەت بە نیشتمانە ئازیزەکەی بەلاوە گرینگ بوو، مێردەکەم بەیاننامەکەی لە نێو ئەوراقە گرینگەکانی خۆیدا دانا، ئێستاش لە ئەرشیفەکەیدا ماوە+ ٢٠٣.

"٧"

هەیڤی یازدەی سالی ١٨٧٧، بۆ فیودور میخائیلوفیچ، وەخت و ڕۆژگارێکی زۆر خەمناک بوو: نیکولای نیکراسوف، دوای نەخۆشییەکی دژوار کۆچی دوایی کرد، نیکراسوف بۆ مێردەکەم یادگارێکی زۆر ئازیز بوو، یادگارێک بوو پەیوەندی بە سەردەمی گەنجایەتی و سەرەتای ئایندەی ئەوەوە هەبوو، نیکراسوف لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانە بوو کە دانی بە بەهرەی فیودورمیخائیلوفیچدا نا و یارمەتی دا، کە لە ناوەندە ڕۆشنبیری و کەلتووریەکەی ئەو سەردەمەدا بێتە ناسین، ئەوەی ڕاستی بێ پاشان جیاوازی ئایدۆلۆژیای سیاسی لێکدی دابڕین و لە سالانی شەستەکاندا گەنگەشە و مشتومڕێکی زۆر توند لە نێوان هەردوو گۆڤاری ( کات و هاوچەرخ) دا چێبوو، بەڵام فیودورمیخائیلوفیچ چاوپۆشی لە هەموو ئەو ڕووداوانە کرد و کاتێ نیکراسوف داوای لێکرد ڕۆمانەکەی لە گۆڤاری ( ساڵنامەی نیشتماندا) بلاوبکاتەوە، یەکسەر قابیل بوو و پەیوەندی خۆی و دۆستەکەی سەردەمی لاوێتی تازە کردەوە، کە نیکراسوفیش بێ چەند و چوون قەبووڵی کرد کە فیودور

میخائیلوفیچ، زانی نیکراسوف زۆر نەخۆشە و دەردی گرانە، چەندین جار سەری دا تا لە حاڵی بپرسێت، هەندێجار کە دەچوو بۆ لای و دەیبینی خەوتووە، نەیدەهێشت هەڵیبستێنن و دەیگوت سڵاوی پێبگەیەنن، مێردەکەم هەندێجار کە دەیبینی نیکراسوف هەندێ باشە، لە لای دادەنیشت تا گوێ لە دوا شیعرەکانی بگرێت، جارێکیان کە نیکراسوف ئاماژە بۆ یەکێک لە قەسیدەکانی " کلۆڵان" لەژێر سەر ناڤی ( هەرماندا) دەکات و دەڵێت: "بۆ تۆم نووسیوە! "فیودورمیخائیلوفیچ تەواو دڵی پڕ دەبێت+٢٠٤، بەهەرحاڵ دیدارەکانی ئەم دواییانە لەگەڵ نیکراسوفدا، زۆریان کار لە فیودور میخائیلوفیچ کرد+ ٢٠٥، بۆیە کە لە ١٢/٢٧ دا هەواڵی مەرگی نیکراسوفی بیست زۆری خەفەت خوارد، ئەو شەوە بەدەنگی بەرز شیعرەکانی نیکراسوفی دەخوێندەوەو بەوپەڕی ڕاستگۆیی ستایشی گەلێک لە شیعرەکانی کرد و بە گەوهەر و دوڕی راستەقینەی ناو ملوانکەی شیعری ڕووسی دزانین، کە هەستم کرد زۆر خەمبارە، لە ترسی ئەوەی نەبا نۆرە فێیەکی بۆ بێت، لەگەڵیا لە ئۆفێسەکەیدا دانیشتم، بە قسەکانیا پەییم بەو دۆستایەتییە برد، کە لە گەنجیدا لە نێوانیاندا بووە.

فیودورمیخائیلوفیچ لەو نوێژی مردووەدا بەشداری کرد کە بۆ نیکراسوفیان ئەنجامدا و بڕیاری دا لە هەڵگرتن و ناشتنی جەنازەکەشیا بەشداری بکات، بەیانی ڕۆژی ١٢/٣٠ زوو گەیینە گەڕەکی لینینانیا، کە خانووەکەی کرایفسکی لێبوو، ئەو خانووەی نیکراسوفی تیا ژیابوو، لەوێ ئاپۆڕایەکی زۆری گەنجانمان بینی کە تاجە گوڵینە دارغاریان بە دەستەوە بوو، فیودور میخائیلوفیچ دوای جەنازەکە کەوت، تا گەییە شەقامی ئیتالینسکایا، کە ڕێکردن لەو سەرما بەترەفەدا بەسەری کوت بۆخۆی کارێکی بەتالوکە بوو، قەناعەتم بە مێردەکەم کرد بۆ ماڵ بگەڕێتەوە ئیسراحەتێک بکات و دوای دوو سەعات بچێت بۆ کڵێسای پاکیزە بۆ مەراسیمی نوێژ، وامان کرد، بۆ نیوەڕۆ لە کڵێسا ئامادە بووین.

نزیکەی نیوسەعاتێک لە کەش و هەوایەکی گەرمدا لە نێو کڵێساکە وەستاین، لێرەدا فیودور میخائیلوفیچ قەراری دا بچێتە دەرێ و هەوایەک بگۆڕێت، ئورست فیودوروفیچ میللەری هاوڕێی مێردەکەشم لەگەڵماندا هاتە دەرەوە، ئیدی پێکەوە کەوتینە گەڕان لە گۆڕەکەی نیکراسوف، ئەو بێدەنگییەی باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا بوو، بۆخۆی نیشانەی تازیەباری بوو، هەنگێ پێی گوتم:" ئانیا کە مردم لێرە

بمنێژە، یا لە هەرشوێنێ خۆت حەزت کرد، بەڵام لەبیرت بێ، لە گۆڕستانی ڤولکوڤی لای پردی ئەدیبان نەمنێژیت، نامەوێت لە نێو دوژمنەکانمدا بم، چونکە بە زندویەتی زۆرم بە دەستیانەوە چەشت!"

دیارە ئەم وەسێتەم زۆر لە دڵ گران بوو، کەوتمە دڵدانەوەی کە شکور سحەتی باشە و پێویست ناکات بیر لە مردن بکاتەوە، جا بۆ ئەوەی دڵخۆشی بدەمەوە و ئەو مجێزە خەمناکەی لێ بڕەوێنمەوە، کەوتمە باسی زۆر شتی خەیاڵی دەربارەی مردنی، هەڵبەتە دوعای تەمەن درێژیم بۆ دەکرد.

_ ئەگەر حەز ناکەیت لە ڤولکوڤی بنێژرێیت، ئەوا لە کڵێسای نیڤسکی، لەلای چوکوڤسکییەوە* ( * ڤاسیلی ئەندریفیچ ١٧٨٣- ١٨٥٢: شاعیرێکی بەنامێی ڕووسییە.) دەتنێژین کە زۆرت خۆشدەویست، بەڵام تکات لێدەکەم مەمرە، بێزەحمەت مەمرە! لە نیڤسکییەوە گۆرانیبێژ بانگ دەکەم و قەشەباشییەک یا دوو قەشەباشی نوێژت لەسەر دەخوێنن، دەزانی ئەوەندەی لە توانامدا بێت کارێکی وا دەکەم نەک ئاپۆڕایەکی قەوغای وەکو ئەم حەشاماتە گەنجە زۆرە، بەڵکو هەموو پترسبورگ، شەست، حەفتا هەزار کەس دووی جەنازەکەت بکەون، تاجەگوڵینە هەر مەپرسە، سێ ئەوەندەی ئەمەی کە دەیبینی، تەمەشا بزانە چ جەنزایەکت بۆ ڕێکدەخەم، بەڵام بە مەرجێک زۆر بژیت، زۆر زۆر بژیت! ئەگینا زیز دەبم! ئیدی بە ئانقەست بەڵێنی چەورم دەدایە، بە ئومێدی ئەوەی ئەو بیرانەی لێ دووربخەمەوە کە لەو ساتەدا باڵی بەسەریدا کێشابوو، نەخشەکەم سەری گرت، فیودور میخائیلوفیچ بزەیەکی هاتێ و گوتی:_ باشە باش، هەوڵ دەدەم زۆر بژیم!

ئوریست ف. میللەر، کەمێک ستایشی خەیاڵە بەڕێژەوەکەی کردم و چوینە سەر قسە و باسێن دی* ( *سێ ساڵ تێپەڕی کاتێ فیودور میخائیلوفیچ کۆچی دوای کرد، پرسەیەکی زۆر گەورە و بە هەیبەتی بۆ سازکرا،تا ئەوسا پایتەخت پرسەی وای بەخۆوە نەدیتبوو، ئوریست ف. میللەر، کە دوای ماوەیەکی کورت هاتە دەیدەنیم، پێشبینییەکەمی کە موو بە موو وەکو خۆی هاتبووە دی، بیر خستەوە، دەقاودەق وەکو چۆن پێشبینم کردبوو، فیودور میخائیلوفیچ لە کڵێسای ئەلکسندر نیڤسکی و لە تەنیشت گۆڕەکەی چوکوڤسکی شاعیرەوە نێژرا، ( هەڵبەتە ئەگەری ئەوە هەبوو لەلای ئەوەوە جێگا دەست نەکەوێت). بۆ نوێژی مردوو دوو قەشەباشی ئامادە بوون، کۆمەڵێک سروودبێژی زۆر چاکی نیڤسکی، سروودیان دەخوێند، ئەو جەماوەرەی لەڕێورەسمی بەڕێکردنەکەیدا بەشدارییان کرد، وەکو پێشبینم کردبوو، شەست تا هەشتا هەزار کەس دەبوون، تاجەگوڵینە ئەوا هەر مەپرسە، من خۆشم ئەو بەڵێنە خەیاڵیانەم بیرهاتەوە کە لە کڵێسای پاکیزە دابوومێ، بەڵام بە هیچ جۆرێ سەرم

لە دروستی و دیقەتی پێشبینییەکەم سوڕ نەما: هەندێجار هەستم دەکرد توانای پێشبینیم تێدا هەیە، یان (جار بە جار لە کوت و پڕێکا و خۆ بە خۆ ملاحەزەیەکم لەدەم دەردەچوو دەقادەق دروست دەردەچوو)، ئەم توانا و بەهرەیەم زیاتر ئەو کاتانە دەردەکەوت کە ئەعسابم زۆر شپرزە بوایە، هەڵبەتە بەڕاستیش کاتێ دەگەڵ جەنازەکەی نیکراسوفدا دەڕۆیشتین، ئەعسابم زۆر پەرێشان بوو، بەوپەڕی نیگەرانییەوە تەمەشای مێردەکەم دەکرد و هەستم دەکرد کە مەرگی دۆستەکەی دوێنێ و ئەمڕۆی چ کارێکی تێکردووە، لە شوێنێکدا خوێندمەوە هەندێک توانا و بەهرەی وەک "پێشبینی"، لەنک ژنانی باکوور، واتە نەرویجیان و سوێدیان، شتێکی خۆڕسک و ئاساییە، تۆ بڵێی ئەم بەهرەیەی من هی ئەوە بووبێ کە دایکم سوێدی بوو، ئەم بەهرەیەی هەندێجار دەبووە مایەی ئەو کوێرەوەریانەی کە لە ژیاندا تووشم دەبوون، ئا. گ. دوستویفسکایا.)

دوای ئەوەی هەندێک لە کارمەندانی ( ساڵنامەی نیشتمان) لەسەر گۆڕەکەی نیکراسوف وتاریان خوێندەوە، کۆمەڵێک لەو گەنجانەی بەدیار گۆڕەکەوە وەستابوون، دوایان کرد دوستویفسکی وتەیەک بخوێنێتەوە، فیودور میخائیلوفیچ کە زۆر دڵپڕ بوو، وتەیەکی کورتی بە دەنگێکی لەرزۆک خوێندەوە، لەو وتەیەدا پێگەی شیعری نیکراسوفی دەستنیشان کرد و مردنی ئەوەی بە خەسارەتێکی گەورە لە ئەدەبی ڕووسی لەقەڵەم دا، ئەم وتەیە، بە بۆچوونی زۆر کەس ڕاستگۆیانەترین وتە بوو کە لەسەر گۆڕەکەی نیکراسوف خوێندرایەوە.

ئەم وتەیە زۆر دەنگی دایەوە و لە ژمارەی دیسامبەری ساڵی ١٨٧٧ ی ( یاداشتی نووسەردا ) بڵاوبووەوە: ئەم بەشانەی لەخۆگرتبوو:

١- مردنی نیکراسوف، ڕانانی ئەو وتانەی لەسەر گۆڕەکەی خوێندرانەوە.

٢ - پوشکین، لیرمونتوف و نیکراسوف.

٣ - شاعیر و هاوڵاتی، زیاتر ڕەئی خەڵکی بوو سەبارەت بە نیکراسوف وەکو مرۆڤێک.

٤ - گەواهێک بە قازانجی نیکراسوف، گەلێک لە ئەدیبەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم وتارە گەورەترین داکۆکی و بەڕەڤانی بوو لە نیکراسوفی مرۆڤ، کە ڕەخنەگرێکی ئەم زەمانە تۆماری کردبێت+ ٢٠٦.

پەراوێزو ڕوونکردنەوە:

١٩١- شاقارەمانی ڕۆمانەکەی س.ئی. سمیرنوڤا، نیکولای پاڤلوفیچ سولڤوی، وەکو کاراکتەرێکی بەهێز و سەربەخۆ سەرنجی دوستویفسکی ڕاکێشابوو،

١٩٢ - ئەمە وانییە. نامەکە لە ڕۆژنامەدا بەم جۆرە دەست پێدەکات " ئیڤان پاڤلیچ ی ئازیزا!" ( بڕوانە سالنامەی نیشتمان، ١٨٦٧،نیسان، ل ٤٥٧.)

١٩٣- هۆی سەرەکی نزیکبوونەوەی دوستویفسکی لە نیکولای پتروفیچ ڤاگنەر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناڤبری بایەخی بە ئامادەکردنی ڕوحان و پێناوە ڕوحانییەکان دەدا! ڤاگنەر بانگخوازێکی جدی ئەو دوو بوارە بوو، دوو وتاری بڵاوکردەوە کە زۆری داکۆکی لەو دوو وارە کردبوو، ( بڕوانە: مژدەبەری ئەوروپی ١٨٧٥، ژمارە چوار، هەروەها بڕوانە: مژدەبەری رووسی، ١٨٧٥، ژمارە دە،) کە دەنگێکی زۆریان دایەوە، حەز و ئارەزووی ئامادەکردنی ڕوحان لە هەفتایەکاندا لەناو کۆمەڵگەی ڕووسیدا باو و برەوی پەیدا کرد و زۆر پێناوی ڕوحانی هاتن بۆ پترسبورگ، بەتایبەتی لە ئینگلستانەوە، زۆر کۆڕیان بۆ ئامادەکردنی ڕوحان ساز کرد و گەلێک زانا و نووسەرێن بەنێوبانگ بەشدارییان تیدا کرد لەوانە: بلتیروف، بوبوریکین، ئا. ن. ئەکساکوف، ڤاگنەر، لیسکوف، (لەم بارەیەوە بڕوانە: ن. لیرنر، "دیدارگە نهێنییەکان، ڕووداوەکەی دوستویسکی"- لە کتیبی کراسنایا پانوراما، ١٩٢٨- ئۆکتۆبەر، ل ٣٦- ٤٢،) ئەم حەز و ئارەزووە بەرە بەرە زیادی کرد و پتر برەوەی سەند، بۆیە کۆمەڵەی فیزیای سەربە زانستگەی پترسبورگ لێبڕا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی زانای بەنامێ دیمیتری مندلیف پێکبێنێ، تا بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە دیاردە ڕوحییەکان بکۆڵێتەوە، ڕێک لەم سەروبەندەدا دوستویفسکی نامەیەکی بۆ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "سەردەمی نوێ"، نارد بە ناوی "دۆزی ڕەهەندی چوارەم" (بڕوانە: نامەکان، بەرگی چوارەم ل ١٠-١١)، کە بایەخدانی نووسەر بە دیاردەی ئامادەکردنی ڕوحان دووپات دەکاتەوە، (بڕوانە: ف، ب. ڤا)، (ف. ئی، بریبتیکو ڤا)، "چەند بیرەوەرییەک دەربارەی دوستویفسکی"- "ڕیبوس،" ١٨٨٥، ژمارە بیست و پێنج، ل ٢٣٠- ٢٣٢، ژمارە بیست و شەش ل ٢٤٠- ٢٤٥،) بەڵام سێ سەرنجەکەی دوستویفسکی سەبارەت بە ئامادەکردنی ڕوحان لە گۆڤاری "یاداشتی نووسەر" دا، لەساڵی ١٨٧٦دا ئەوە نیشان دەدات کە بایەخدانی دوستویفسکی بەم دیاردەیە، بەرە بەرە سارد بووەتەوە، دوستویفسکی دوو جار لە دوا سەرنجەکەیدا، "جارێکی دی چەردەیەک لەمەڕ ئامادەکردنی ڕوحان دا"، ناوی ن. ب. ڤاگنەری هێناوە، (بڕوانە: دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠ بەشی یازدەیەم، ل ٢٧٤- ٢٧٥). ئانا گریگوریڤنا دوستویفسکایا، بە هەڵە مێژووی ئاشنایەتی دوستویفسکی و ڤاگنەر بۆ هاوینی ساڵی ١٨٧٦ دەباتەوە، چونکە لە هاوینی ١٨٧٥

دا ناسیاویان پەیدا کردووە، بەڵگەش بۆ دروستی ئەو بۆچوونە، پێنج نامەکەی دوستویفسکییە بۆ ڤاگنەر کە لە چوار بەرگەکەی نامەکانی دوستویسکیدا تۆمار نەکراون، کە ئا. س. دولینین ئامادەی کردوون، ١٩٢٨- ١٩٥٩، یەکەمجار لە چیکوسلوفاکیا لەلایەن غ. کاوتمانی پسپۆڕ لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا لە کتێبی (sbornik narodnih muzea) بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەوە لە یەکێتی سۆڤیەت بڵاوبۆیەوە، (بڕوانە: س. ف. بیلوف، "نامەکانی دوستویفسکی"، گۆڤاری "ئەرشیفی سۆڤیاتی" ١٩٦٩ ژمارە دوو، ف. کاوتمان نامەیەکی دیکەشی بڵاوکردەوە کە دوستویفسکی بۆ ڤاگنەری ناردبوو، کە پەیوەندی بە پێنج نامەکەی ترەوە هەبوو و ئەمیش لە چوا بەرگەکەی "نامەکاندا "تۆمار نەکراوە، لە گۆڤاری "ئەرشیفی ئەدەبیدا" بڵاوی کردووەتەوە، ١٩٦٧ ژمارە دوو، هەروەها س. ف. بیلوڤش، لە گۆڤاری "دۆزێن ئەدەبدا" ١٩٦٧ ژمارە پێنج بڵاوی کردۆتەوە.

١٩٤- لە برایانی کارامازۆفدا وا دیارە کە گەنگەشە و مشت و مڕە دادڤانییەکە لە سەعات هەشتی بەیانییەوە، کاتێ نایبی گشتی دەستی بە قسان کردووە، تا ئەوکاتە بەردەوام بووە، کە شایەد و سوێندخۆران و پارێزەرەکان لە سەعات یەکی شەودا وەدەرکەوتوون.

١٩٥- نامەکان بەرگی سێیەم ل ٢٣٥

١٩٦- ئاناگریگوریڤنا، لە گێڕانەوەی ئەم قەرزەی تورگینیفدا ورد نییە، دوستویفسکی لە ١٨٦٥/٨/٣ دا نامەیەکی بۆ تورگینیف ناردووە داوای قەرزی سەد تالیری لێدەکات، نەک پەنجا تالیر، وەکو ئاناگریگوریڤنا نووسیویەتی،( بڕوانە: نامەکان، بەرگی یەکەم، ل ٤١٠) بەلام تورگینیف پەنجا تالیری بۆ ناردووە، دوستویفسکی لە ٨/٢٠ دا نامەیەکی تری بۆ ناردووە و سوپاسی دەکات،( بڕوانە: نامەکان، بەرگی یەکەم، ل ٤١٠.)

١٩٧- نامەکەی ئا. ف. ئونیگین بۆ ئاناگریگوریڤنا دوستویفسکایا، بەرواری ١٨٨٨/١٢/١٩، لە کتێبخانەی دەوڵەتدا، (کتیبخانەی لینین ) پارێزراوە.

١٩٨- لێرەدا مەبەست گۆڤاری "یاداشتی نووسەرە".

١٩٩- ئاناگریگوریڤنا دوستویفسکایا، یەک ساڵی خشتی پەڕاندووە، ئەلکسندر کارلوفیچ گریبی لە ١/ینایر/١٨٧٦ دا مردووە، بەم پێودانگە ئەو داچایەی ئاناگریگوریڤنا باسی کردووە، لە ساڵی ١٨٧٦دا کڕدراوە نەک لە ساڵی ١٨٧٧ (بڕوانە ل. م. راینوس، دوستویفسکی لە ستاریاروسا، لینینگراد، ١٩٦٩- ل ٣٥، گروسمان، ل ٢٤٨.)

٢٠٠- جەنگی ڕووسی تورکی ١٨٧٧- ١٨٧٨.

٢٠١- سەبارەت بە سەفەری دوستویفسکی بۆ داروڤویە، ٢٠- ٢١/ یولیو/١٨٧٧ بڕوانە بیرەوەرییەکانی جوتیارێکی دارڤویە، ئی. ماکوروف، لە وتاری: د. ستونوف، "گوندی داروڤۆیە، گۆڤاری کراسنایا نیڤا، ١٩٢٦ ژمارە شازدە، هەروەها وتاری ف،س. نیچایڤا، "لە سەرچاوە تایبەتییەکان بە دوستویفسکی، (سەفەرێک بۆ داروڤۆیە، "دنیای نوێ "١٩٢٦، ژمارە سێ.

٢٠٢- فسیڤولد سولوڤیوف لە "بیرەوەرییەکانیا دەربارەی ف،م، دوستویفسکی" باسی ئەو سەردانە دووقۆڵییەی خۆی و دوستویفسکی بۆ لای فیلدی خیفزان دەکات، (بڕوانە "مژدەبەری ڕووسی" ١٨٨١، ژمارە چوار، ل ٨٤٩.)

٢٠٣- جەنگی ڕووسی تورکی ١٨٧٧- ١٨٧٨، سەرنجی رای گشتی بۆ مەسەلە و پرسی ڕۆژهەلاتی یا سلاڤی ڕاکێشا، دوستویفسکی پێی وابوو، "مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی"، درێژەی بیر و بۆچوونەکانی ئەوە سەبارەت بە ڕەوتی "خاکدۆستی" و قەناعەتی وا بوو بەشداری ڕووسیا لە جەنگدا، سەرەتایەکە بۆ هاتنەدی پەیامە مێژوویەکەی گەلی ڕووسی، کە بریتی بوو لە یەکخستنەوەی هەموو تیرەی بەشەر و لەپێش هەموویانەوە گەلانی سلاڤی لەسەر بنەمای خۆشەویستی و برایەتی مەسیحیانە، (بڕوانە "یاداشتی نووسەر"، ساڵی ١٨٧٦، یونیو- دوستویفسکی، ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەشی یازدەیەم، ل٣١٦- ٣٣٣.)

٢٠٤- قەسیدەی کلۆڵان ناچێتە خانەی ئەو قەسیدانەوە کە لە دوا دواییدا نووسیونی وەکو ئاناگریگوریڤنا گوتویەتی، ئەم قەسیدەیە لە ژمارە پێنجی گۆڤاری "هاوچەرخدا" ساڵی ١٨٥٦ بڵاوبووەتەوە، تای تەرازووی ئەم مەسەلەیە بەو لایەدا قورسە کە دەبێ دوستویفسکی لەو کاتەدا هاتبێتە سەر باسی قەسیدەی کلۆڵان، کە لە "یاداشتی نووسەر"ی ساڵی ١٨٧٧دا، دەربارەی دیداری خۆی و نیکراسوفی نووسیوە و دەڵێت:" کە لە زندان گەڕامەوە، نیکراسوف یەکێک لە قەسیدەکانی ناو دیوانەکەی پێ نیشاندام و گوتی: "ئەم قەسیدەیەم ئەو کاتە بۆ تۆ نووسیوە" (بڕوانە: دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەشی دوازدەیەم، ل ٣٣.)

٢٠٥- ئا. بوتکیفیچ ی خوشکی نیکراسوف لە بیروەرییەکانی خۆیدا، دەربارەی دیداری دوستویفسکی دەگەڵ شاعیردا لە کاتی نەخۆشییەکەیدا و لە ١٨٧٧/٣/٢٣ دا دەڵێت: " ف.م. دوستویفسکی هات بۆ لامان، دۆستایەتی سەردەمی گەنجایەتیان لەنێواندا بوو، "هاوزای یەکدی بوون"، براکەم خۆشیدەویست، براکەم گوتی: "ناتوانم قسەی بۆ بکەم، بەڵام پێی بڵێ با بۆ دەقیقەیەک بێتە ژوورەوە، حەز دەکەم بیدینم." دوستویفسکی زۆر نەمایەوە، بۆی باسکرد، کە زۆری پێ سەیر بوو کە ئەمڕۆ

له زینداندا کتێبی " فسیولوجیای پترسبورگ"ی بەلای زیندانییەکانەوە دیتووە، دوستویفسکی زۆر ماندوو و ڕەنگ بزرکاو بوو، لە حاڵیم پرسی، وەلامی دایەوە:" باش نیم، نۆرە فێ بوارم نادات، ئەم مانگە پێنج کەڕەت لێی داوم، دوا دانەیان پێنج ڕۆژ لەمەوپێش بوو، هێشتا سەرم گێژە، پێت سەیر نەبێ کە ئەمڕۆ پێدەکەنم، ئەمە پێکەنینی گرژی ئەعسابە، دوای هەر نۆرە پەرکەمێک وام لێ بەسەر دێت".( ن. ئا. نیکراسوف، لە بیرەوەرێن هاوعەسرەکانیا،) مۆسکۆ ١٩٧١، ل ٤٤١،) دوستویفسکی بەخۆیشی باسی دوا دیداری لەگەڵ نیکراسوفدا لە نیوەی دووەمی هەیڤی یازدەی ١٨٧٧دا لە "یاداشتی نووسەر"دا ساڵی ١٨٧٧ دەکات (بڕوانە دوستویفسکی ١٩٢٦-١٩٣٠، بەشی دوازدەیەم، ل ٣٤٦.)

٢٠٦- زۆربەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی پترسبورگ، بەبۆنەی مەرگی نیکراسوفەوە، هەر بەوەوە نەوەستان باسی مردنەکەی و بایەخ و بەهای شیعرەکانی بکەن، بەڵکو گرینگییەکی زیاتریان بە واقیعییەتی ئەم شیعرە و عەیبەکانی ئەم شیعرە و دوالیزمی کەسایەتی خۆی دا، جا وتارەکەی دوستویفسکیش دەربارەی نیکراسوف لە لە "یاداشتی نووسەر"دا وەکو ئانا ئاماژەی کردووە، زیاتر باسی نیکراسوفە وەکو مرۆڤێک، دوستویفسکی لە کۆتایی وتەکەیدا دەڵێت:" نیکراسوف نموونەیەکی ڕووسی مێژووییە، یەکێکە لەو نموونە مەزنانەی کە دەشێت لە میانەیەوە پەی بەوە ببرێت کە مرۆڤی ڕووسی لەم قۆناغە ڕەوتەنییە زۆر خراپەی سەردەمی ئێمەدا، لە ڕووی ئەخلاق و ئایدۆلۆژیاوە گەیشتووەتە چ ناکۆکی و هەڤدژییەک، بەلام ئەم مرۆڤە هەر لە دڵماندا دەمێنێ، ڤیان، وێنەی ڤیان لای ئەم شاعیرە هەمیشە بە ڕاستگۆیی، بە پاکی و بە سادەیی و نیازپاکی بارگاوییە! ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی میللەت و میللەت دۆست بوو، ئەم میللەتەش پێگەیەکی بەرزیان دایە، بەڵام وەکو مرۆڤ و هاوڵاتی جارێکی دیکە میللەتدۆستی خۆی سەلماند و لە پێناوی میللەتدا تاڵاوی زۆری چەشت..." (دوستویفسکی ١٩٢٦-١٩٣٠ بەشی دوازدەیەم، ل ٣٦٣) بەو جۆرە کارمەندە بەرز ودیارەکانی "ساڵنامەی نیشتمان" وەکو میخائیلوفسکی و سکابیچیفسکی، وتارەکەی دوستویفسکیان بە "داکۆکینامەیەک" لە نیکراسوف لە قەڵەم دا، سەبارەت بە دەنگدانەوەی وتارەکەی دوستویفسکی لە سەر نیکراسوف، لەلای خەڵکی، بڕوانە بیرەوەرییەکانی: ئا. ئا. بلچیف، (سی ساڵ بەسەر مردنی نیکراسوفدا)، "ڕۆژنامەی پترسبورگ"، ج. ف بلیخانوف، ئەدەب و ئیستاتیکا، بەشی دووەم مۆسکۆ ١٩٥٨، ل ٢٠٦- ٢٠٩ ف. گ. کورلینکو، مێژووی هاوچەرخێکی من، مۆسکۆ ١٩٦٥، ل ٤٢٩- ٤٣١.)

## بەشی نۆیەم

### سالانی ١٨٧٨- ١٨٧٩

"١"

بەدرێژایی ڕۆژانی ڕۆژووی گەورەی ساڵی ١٨٧٨ ڤلادیمیر سیرگییڤچ سولوڤیوف، لەسەر داوای کۆمەڵەی دۆستدارانی کەلتووری ڕوحی، لە هۆڵێکی شاری سولیانی دا، زنجیرە محازەرەیەکی فەلسەفی پێشکەش کرد، جەماوەرێکی زۆر دەهاتنە محازەرەکانەوە، هۆڵەکە لە گوێگراندا جمەی دەهات، زۆر ناسیاو و ئاشنای هاوبەشیشمان ئامادە دەبوون، جا ئێمەش ( من و فیودور میخائیلوفیچ) کە کارو باری ماڵەوەمان جێگر بوو و خەممان نەبوو، لێبڕاین بچینە ئەو محازەرانە+ ٢٠٧.

جارێ، لە یەکێک لەو محازەرانە دەگەڕاینەوە، مێردەکەم لێی پرسیم:

_ هەستت نەکرد ڕەفتاری نیکولای نیکۆلایوفیچ ( ستراخوف) لەگەڵماندا جۆرێک بوو؟ و وەکو جاران سەرمان نادات، لە ئیسراحەتەکەدا زۆر لامسەرلایی مەرحەبای کردین، لە گەڵ یەکێکی دیدا کەوتە قسان، پێت وانییە لێمان زویر بووبێ، ها؟

_ منیش وام هەست کرد وەکو ئەوەی خۆیمان لێبدزێتەوە، کە خواحافیزیم لێکرد پێمگوت: "یەک شەمەت لەبیر نەرچێ"، گوتی: "دێمە میوانیتان."

هەستم بە جۆرە نیگەرانییەک دەکرد، خەمی ئەوەم بوو نەبا بە تەبیعەتە هەڵچووەکەی خۆم شتێکم گوتبێ کە میوانە هەمیشەییەکەی یەک شەموانمان زیز بووبێ، مێردەکەم لە گەنگەشە و موناقەشاندا زۆر بە خەمی دڵی ستراخۆفەوە بوو، هەمیشە بیری دەخستمەوە کە شەرابی چاکی بۆ هەڵگرم، یا ژەمە ماسییەکی باشی، کە میوانەکەمان زۆری حەز لێدەکرد، بۆ دابنەم.

لە یەکەمین یەک شەممەدا، کە هاتەوە بۆ ماڵمان لە سەر نانخواردن لێم پرسی ئایا لێمان زویرە.

ستراخۆف لێی پرسیم:_ ئاناگریگوریڤنا، چی وای لێکردیت وا بیر بکەیتەوە؟

_ من و مێردەکەم، هەردووکمان لە دوا محازەرەکەی سولوڤیوڤ دا وامان هەست کرد و خۆت لێمان دزییەوە.

ستراخوف پێکەنی و گوتی:_ ئۆ، ئەوە شتێکی ئاوارتە بوو، خۆم هەر لە ئیوە نەدزییەوە، بەڵکو خۆم لە هەموو ناسیاوەکانم دزییەوە، کونت لیڤ نیکولایوفیچ تولستوی لەگەڵمدا بۆ محازەرەکە هاتبوو، داوای لێکردم لەگەڵ کەسدا تەعاروفی پێ نەکەم، لەبەر ئەوە خۆم لە هەموان دەبوارد.

فیودور میخائیلوفیچ بە سەرسامییەکی خەمامێزەوە هاواری کرد:

_ مەحاڵە! تۆ لە گەڵ تۆلستۆی دا بوویت؟ چەندم پێناخۆشە کە نەمبینی، هەڵبەتە ئەگەر خۆی حەزی نەکردبا، بە خورتی یەخەم نەدەگرت کە تەعاروفی دەگەڵدا بکەم، بەڵام تۆ بۆچی بە چپەیەک تێتنەگەیاندم کە ئەوت لەگەڵدایە؟ هەرنەبوایە لە دوورەوە تەماشایەکم دەکرد.

نیکولای نیکولایوفیچ ،بە پێکەنینەوە گوتی:

_ قەیدی چییە تەمەشای وێنەکەی بکە.

_ وێنە بەچی دەچێت، وێنە جێگەی مرۆڤ دەگرێتەوە؟ گرینگ ئەوەیە ڕووبەڕوو بیدینی،هەندێجار نیگایەک بەسە تا وێنەی کەسێک بۆ هەتا هەتایە لە دڵدا نەخش ببێت، نیکولای نیکولایوفیچ، لێت نابوورم کە پێتنیشان نەدام+ ٢٠٨.

پاشان فیودورمیخائیلوفیچ، لەلای کەس داخی خۆی دەرنەبڕی کە تولستۆی نەبینی.

"٢"

پێشەکییەک

بۆ بیرەوەرییەکانی ساڵی ١٨٧٨

لە ١٦/ مایو/١٨٧٨، خانەوادەکەمان کۆستێکی گەورەی لێکەوت: کوڕە بچووکەکەمان ئەلیوشا* کۆچی دوایی کرد (* ئەلکسی فیودوروفیچ دوستویفسکی، "سووکەڵەناوی

ئەلیوشا –لیوشا ١٨٧٥- ١٨٧٨: کوڕە بچووکی دوستەیفسکی بوو) هیچ نیشانەیەکی ئەم کۆستە گرانە لە ئارادا نەبوو: منداڵەکە سحەتی زۆر باش بوو، هەمیشە زیتەڵ و بەکەیف و بە دەماخ بوو، ئەو بەیانییەی کە مرد، هێشتا هەر بە زمانە منداڵانە نامەفهومەکەی خۆی دەپەیڤی و بە دەنگی بەرز دەگەڵ نەنکە پروخوروڤنادا پێدەکەنی کە هاتبوو بەرلەوەی سەفەری ستاریاروسا بکەین، سەرمان بدات. لە ناکاوا ڕوخساری لەرزی و دەموچاوی گرژ بوو، وامزانی ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە و کە منداڵ وەختی دان دەرهاتنی دێت تووشی ئەم جۆرە حاڵەتانە دەبێت، بە ڕاستیش بێخی دانی دەرکەوتبوو، زۆر ترسام، بلەز دکتۆری منداڵانم بۆ بانگکرد، دکتۆر گریگوری چوشین* (* گریگوری ئەلکسندروفیچ چوشین (١٨٣٧- ؟ ) دکتۆری منداڵان بوو لە پترسبورگ، سەرپەرشتی و مالیجەی منداڵەکانی دوستویفسکی دەکرد) کە هەر ئەو سەرپەرشتی و مالیجەی منداڵەکانی دەکردین و ماڵیان لە نزیک ئێمەوە بوو، یەکسەر بەدەنگمەوە هات، دیاربوو نەخۆشییەکەی زۆر بەهەند وەرنەگرت، دەرمانێکی بۆ نووسی و گوتی هیچ نییە و بەزووترین کات چاک دەبێتەوە، کە دیتم گرژبوونەکەی نەڕەوییەوە فیودورمیخائیلوفیچم لە خەو هەستاند، زۆر نیگەران بوو. بڕیارمان دا پەنا وەبەر پسپۆڕێکی نەخۆشی ئەعساب بەرین، چووم بۆ لای پرۆفیسۆر ئوسبینسکی* ( *پیوتەر ئیڤانوفیچ ئوسبینسکی (١٨٣٨- ١٨٩٣) : دکتۆری ئەعساب بوو لە پترسبورگ، ئەلکسی" لیوشا"ی کوڕە بچووکی دوستویفسکی مالیجە دەکرد.) خەریکبوو کاری نەخۆشانی ڕایی دەکرد، نزیکەی بیست کەس لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون و چاوەروانیان دەکرد، بۆ ماوەی یەک دەقیقە دیتمی، قەولی دامێ هەرکە کاری میوانەکانی تەواو کرد، دێت، دەرمانێکی ئارامبەخشی بۆ نووسیم و ئەمری کرد سەرینێکی تایبەتم بدەنێ کە ئۆکسجینی تیا بوو، تا منداڵەکە ناو بە ناو هەڵیمژێت.

بۆ ماڵ گەڕامەوە، منداڵە بەستەزمانەکەم هەر وەکو خۆی بوو: هۆشی بەخۆی نەبوو، ناو بەناو جەستە بچکۆلەکەی بەدەم گرژبوونەوە دەلەرزی. بەڵام پێدەچوو ئازاری نەبێت: نە دەیناڵاند ونە هاواری دەکرد، ئیدی بەدیار منداڵە بچووکەکەمانەوە دانیشتین ، بەدەم چاوەڕوانی دکتۆرەوە سەبرمان سوا، ئەنجام لە دەوروبەری سەعات دووی نیوەڕۆدا دکتۆر هات. منداڵەکەی معایەنە کرد و پێی گوتم: " مەگری، خەمت نەبێ، هیچ نییە زۆر زوو جاک دەبێتەوە!" فیودور میخائیلوفیچ چوو دکتۆرەکە بەڕێ بکات، کە گەڕایەوە ڕەنگی زەردهەڵگەڕابوو،

کەوتە سەرچۆکان و بەسەر ئەو قەنەفەیەوە دانەوییەوە کە هێنابوومان و منداڵەکەمان خستبووە سەری تا دکتۆرەکە بە ئیسراحەت معایەنەی بکات، منیش لەتەنیشت مێردەکەمەوە کەوتمە سەرچۆکان، ویستم لێی بپرسم دکتۆرەکە چی پێگوتووە، ئیشارەتی کردمێ کە بێدەنگ بم ( پاشان بۆی گێڕامەوە کە دکتۆرەکە پێی گوتبوو کە منداڵەکە لە ئاوزینگدایە) نزیکەی سەعاتێک تێپەڕی، سەیرمان کرد گرژبوونەکەی بە ئاشکرا دایە کەمی.

هەڵبەتە دوای ئەوەی دکتۆرەکە دڵخۆشی دامەوە، دڵم خۆشبوو، وامدەزانی نەمانی لەرزینەکەی و خەوتنەکەی نیشانەی چاکبوونەوەیە و ئیفاقەی بۆ دێت، بەڵام هەرکە منداڵەکە لە هەناسەدان کەوت و ڕوحی بۆ لای خوا هەڵفڕی مەگەر هەر خوا بزانێ لە داخ و کەسەراندا چیم بەسەر هات، فیودورمیخائیلوفیچ ماچی کرد، پاشان سێ جاران نیشانەی خاچی بەسەردا کێشا و لە هوڕژنێکی بەسوێی دا، منیش گریام ئەمما گریان، کوڵ و جۆشی گریانم نەدەنیشتەوە، منداڵەکانیشمان کە لیوشایان خۆشدەویست، گوێ بە گوێی ئێمە گریان.

مردنی لیوشا بۆ فیودور میخائیلوفیچ، شۆکێکی گەورە بوو، لەڕادەبەدەر خۆشی دەویست، وا ڕمووودەی بوو بوو، لە تۆ وایە کە ئەم منداڵە نابێ بە کوڕی سەری ساڵ، ئەوەی کە زۆر فیودور میخائیلوفیچی ئازار دەدا، ئەوە بوو کە منداڵەکە بەهۆی نۆرە گەشکەیەکەوە مرد، ئەم نەخۆشییە نەفرەتییەی* (* سەبارەت بە حەقیقەتی نەخۆشییەکەی ئەلکسی دوستویفسکی،( لیوشا)، بڕوانە وتارێکی مویسیڤا کە بەندە پاچڤەم کردووە، "ئایا دوستویفسکی پەرکەمدار بوو"، لە کتیبی، "چەند نموونەیەک لە ڕەخنەی ڕووسی"، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی گشتی کۆشکانی کەلتوور، زنجیرەی "ئاسۆێن جیهانی"، ساڵی ٢٠٠٥، ژمارە چل و پێنج، ل ٣١- ٨٥ وەرگێڕی عەرەبی.) کە لەمەوە بۆی مابووەوە، فیودور میخائیلوفیچ وا دیار بوو لە ئاست ئەم جەزرەبە توندەی چارەنووس و قەدەردا، زۆر ئازا و خۆڕاگر بوو، بەڵام من زۆر دەترسام خواردنەوە و شاردنەوەی ئەم خەمە قورسە کار لە سحەتی بکات، چونکە پێش ئەم کارەساتەش سحەتی هەر خراپ بوو، جا بۆ ئەوەی ئەم بارە قورسە کەمێک لە دڵی فیودور میخائیلوفیچ بڕەوێنمەوە، پەنام بردە بەر ڤلادیمێر سولوڤیوڤ، کە لە ڕۆژانی ئەم تەنگانەیەدا پێوەمان بوو و خافڵی نەدەکردین، تا هەوڵ لەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا بدات کە لەگەڵ خۆیدا بۆ دێری ئوبتینای ببات* (* دێری ئوبتینا:

دێرێکی تایبەت بە پیاوان بوو، لە دوو کیلۆمەتری شاری کوزیلسیکدا بوو، لەسەدەی چواردەی زایینییدا لە سەر دەستی قەشە ئوبتوی (مکاری) دروستکرابوو، خەڵوەتگەیەکی لەتەنیشتەوە بوو، (لە ساڵی ١٨٢١دا دروستکرابوو)، گوگول و دوستویفسکی و تولستوی زیارەتیان کردبوو.) کە سولوڤیوڤ، نیازی وابوو ئەم هاوینە بچێتە زیارەتی، زیارەت و سەردانی دێری ئوبتینا، خەونێکی کۆنی فیودور میخائیلوفیچ بوو، بەڵام هاتنە دی زۆر قورس بوو، ڤلادیمیر سیرگیفیچ سولوڤیوڤ، بەڵێنی دامێ کە لەم ڕووەوە یارمەتیم بدات، ئەوسا کەوتە هەوڵی ئەوەی کە قەناعەت بە فیودور میخائیلوفیچ بکات کە لە گەڵ ئەودا بۆ دێری ئوبتینا بڕوات، کە قەرار درا فیودور میخائیلوفیچ لە نیوەی مانگی یونیودا سەفەری مۆسکۆ بکات، (بەنیاز بوو سەفەری مۆسکۆ بکات تا ڕۆمانە تازەکەی بۆ کاتکوف بەرێت،) ئیدی هێندەی دی سوور بووم لە سەر داواکەم  کە ئەم هەلە بقۆزێتەوە، تا دەگەڵ ڤلادیمیر سیرگییڤیچ سولوڤیوڤ دا، بۆ دێری ئوبتینا بڕوات،هەڵبەتە ڕێگەم نەدەدادۆستۆیفسکی بەتەنیا ئەو ڕێگا دوورە ببڕێت و بۆ دێری ئۆبتینا بڕوات، لەوەش خراتر، ڕێگاکە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا زۆر سەخت و ناهەموار بوو، هەرچەندە سولوڤیوڤ، بەرای من کەسێکی دەسوپێ سپی و بێ دەسەلات بوو، بەڵام هەرچۆنێ بوایە دەیتوانی ئەگەر فیودور میخائیلوفیچ لەڕێگا گەشکە لێی بدایە، چاوێکی تێوەی بێ و فریای بکەوێ.

هەڵبەتە مردنی جگەرگۆشەکەمان کارێکی زۆری کردە سەر ژیانم: بەڕادەیەک دڵشکست بووم، لە خەم و فرمێسکا نقوم بوو بووم، بەجۆرێ تێکچوو بووم خەلکی بە ئەستەم دەیانناسیمەوە، ژیانم لەبەرچاو کەوت، هێز و شنگم لەبەر بڕا، سست و تەمەڵ و خەمسارد و بێموبالات لەهەنبەر هەموو شتێک: بەرانبەر بە کاری ناوماڵ و تەنانەت بەرانبەر بە منداڵەکانیشم، ئیدی هیچم بۆ نەمابوویەوە تەنیا ئەوە نەبێ خوو بدەمە نووسینی بیرەوەرییەکانم، سەبارەت بەم سێ ساڵەی دواییە، فیودور میخائیلوفیچ گەلێ لە گومان و بیر و خەیاڵ و تەنانەت وشەکانیشمی، دەقاو دەق وەکو خۆی، لە ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆفدا) لە فەسڵی ( ژنانی ئیماندار) دا تۆمار کردووە، کە لەوێدا ژنێکی جەرگ سووتاوی منداڵ مردە، خەم و کۆڤانی خۆی بۆ بابە زوسیما دەگێڕێتەوە.

فیودور میخائیلوفیچ زۆری خەفەت بۆ دەخواردم: هەوڵی دەدا قەناعەتم پێبێنێ و تکای لێدەکردم ڕازی بم بە ڕەزای خوا و شوکرانە بژێربم و ئەو قەدەرە قەبووڵ بکەم کە خوا داویە بەسەرماندا و بەزەییەکم بە منداڵەکاندا بێتەوە، کە بەرای ئەو، بەرانبەریان خەمسار بوو بووم، ئیدی تکا و پاڕانەوە و ئامۆژگارییەکانی کاری خۆیان کرد و بەرە بەرە بە سەر خۆدا زاڵ دەبووم، تا خەمەکانم کار نەکەنە سەر مێردە جەرگ سوتاوەکەم.

هەر کە لە ڕێوڕەسمی پرسە و ناشتنی ئەلیوشا ( لە گۆڕستانی بولشی-ئوختینسکی ناشتمان) بووینەوە، سەفەری ستاریاروسامان کرد، پاشان فیودور میخائیلوفیچ لە ٢٠/ یونیو/ دا سەفەری مۆسکۆی کرد، لەوێ زوو دەگەڵ دەستەی نووسەرانی ( مژدەبەری ڕووسی) دا ڕێکەوت کە ڕۆمانە تازەکەی لە ساڵی ١٨٧٩ +٢٠٩ دا بڵاوبکاتەوە، دوای ئەوە ملی ڕێگای دێری ئوبتینای گرتبووەبەر، مێردەکەم ئەم سەفەرەی خۆی، یا وردتر بڵێین ئەم ( ونگەیەی) خۆی هاوڕێ لەگەڵ ڤلادیمێر سولوڤیوڤدا، لە نامەیەکیا بۆ من( ٢٩/ یونیو/١٨٧٨) +٢١٠ وەسفکردووە.

فیودورمیخائیلوفیچ لە دێری ناڤبری هاتەوە، ئاسوودەیی باڵی بەسەر دڵ و دەروونیا کێشابوو، بەئاشکرا ئارامی ڕوحی پێوە دیار بوو، دوو ڕۆژ لە دێرەکە مابووەوە، زۆر داب و نەریتی دێرەکەی بۆ گێڕامەوە، لەوێ سێ جاران " بابە" ئەمفروسی بینی بوو، کە ئەو سەردەمە ناو و شورەتێکی فراوانی هەبوو: جارێک لە قەرەباڵغی و لەناو خەڵکیدا و دووجاران بەتەنێ، گفتوگۆی دەگەڵدا کردبوو، ئەنجامی گفتوگۆکەیان زۆر ئەرێنی بوو، کاتێ فیودورمیخائیلوفیچ باسی ئەو بەڵایانەی کردبوو کە بەسەرماندا هاتبوون، باسی خەمباری منی کردبوو، بابە لێی پرسیبوو ئایا من باوەڕم بە خوا هەیە، کاتێ فیودور میخائیلوفیچ بۆی دووپات کردبووەوە کە من کەسێکی باوەڕدارم سڵاوی بۆ ناردبووم، لەگەڵ ئەم پەیڤانەدا کە بابا زوسیما* (* لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆفدا) بە دایکە زگ سووتاوەکەی گوتبوو.. *( * لە دەستنووسەکەدا پەڕەگرافێک سڕاوەتەوە +٢١١) لە قسەکانی فیودور میخائیلوفیچدا بۆم دەرکەوت کە باوکە چەند شارەزای دڵ و دەروونانە، چەند زیرەک و پەنهان بینە، لەخۆڕایی نییە کە هەموان ڕێزی دەگرن.

لە پاییزدا بۆ پترسبورگ گەڕاینەوە، بڕیارمان دا کە جارێکی دی لەم شوقەیەدا دانەنیشین، چونکە هەموو گۆشە و کەنارێکی، کوڕەکەمانی بیر دێنایەوە، ئیدی

بارمان کرد بۆ گەڕەکی کوزنیتنی،بلۆکی ژمارە پێنج، کە قەدەر وای تەقدیر کرد دوای دوو ساڵ و نیو، لەوێدا کۆچی دوایی بکات.

ئەم شوقەیە بریتی بوو لە شەش ژوور و کۆگایەکی گەورە بۆ کتێبان، مەدخەلێک و مدبەقێک، کەوتبووە قاتی دووەمەوە، حەوت پەنجەرە دەیانڕوانییە سەر گەڕەکی کوزنیتنی، ئۆفیسەکەی مێردەکەم کەوتبووە ئەو شوێنەوە کە ئێستا تابلۆیەکی مەڕمەڕی لێ هەڵواسراوە، مەدخەلەکەی پێشەوە ( ئێستا داخراوە) دەکەوێتە خوار ژووری میوانەوە ( بە تەنیشت ئۆفیسەکەوە).

من و مێردەکەم هەوڵێکی زۆرمان دا، مل بۆ ئیرادەی خوا بدەین، دەستبەرداری سۆز بین و ئەلیوشای ئازیز لەبیر بکەین، بەڵام نەمانتوانی، ئیدی بە درێژایی پایز و زستانەکەش، بەدەم بیرەوەرێن خەمناکەوە تلاوینەوە، ئەم کۆستە گرانە زۆر کاری لە مێردەکەم کرد، زیاتر خووی دایە منداڵەکان، بە خۆشەویستییەکی زیاتر و نیگەرانییەکی پترەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکردن.

ژیانمان بە ڕواڵەت ئاسایی دەگوزەرا: فیودور میخائیلوفیچ زۆر بە جدی نەخشەی ڕۆمانە تازەکەی دەکێشا ( دانانی نەخشەی ڕۆمانەکە بۆ ئەو قورسترین کاری بەرهەمە ئەدەبییەکانی بوو، زۆرجار پتر لە جارێک ڕێکاری نەخشە و بەرنامەی ڕۆمانەکانی دەگۆڕی، بۆ نموونە یەکێک لەو ڕۆمانانەی، "ئەهریمەنان" بوو، کارەکەی تا رادەیەکی باش سەرکەوتوانە دەڕۆیی، ئەوەبوو لە مانگی دیسامبەری ساڵی ١٨٧٨دا، نزیکەی دە مەلزەمەی لە ڕۆمانی، برایانی کارامازۆف تەواو کرد، کە هەرهەمووی لە ژمارەی یەنایەری گۆڤاری "مژدەبەری ڕووسی" ساڵی ١٨٧٩ دا بڵاو بووەوە، ئەمە جگە لەو نەخشەیەش کە فیودور میخائیلوفیچ داینا.

لە ١٨٧٨/١٢/١٤دا فیودور میخائیلوفیچ، بەشداری ئەو ئێوارە کۆڕە ئەدەبییە موسیقییەی کرد، کە لە هۆڵی کۆمەڵەی خێرخوازی بە قازانجی کلاسەکانی بیستوچیڤ* (* دامەزراوەیەکی فێرکاری بەرزی پێش شۆڕشە، (کلاسە بەرزەکانی ژنان)، ئەم دامەزراوەیە دکتۆر ومامۆستای پیدەگەیاند، بە سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی بیستوچیڤ- یومین قنستنتین نیکولایوفیچ ١٨٢٠- ١٨٧٩، کە مامۆستای مێژوو و سەرۆکی کۆمەڵەی خێرخوازی سلاڤی بوو.) بەرپاکرا، لەوێ (چیرۆکی نیللی) لە ڕۆمانی ( سووک و ڕیسوایان) خوێندەوە، ئەوەی لە خوێندنەوەکەی فیودور میخائیلوفیچدا سەرنجی گوێگرانی ڕاکێشا سادەیی و ڕاستگۆییەکەی بوو، وەکو

ئەوەی خوودی نووسەری چیرۆکەکە نەبێت و ئەو چیرۆکەکە نەخوێنێتەوە، بەڵکو کیژە هەرزەکارەکە بێت و ژیانی تاڵی خۆی بگێڕێتەوە، ئەم خوێندنەوە سادەیە بۆخۆی هونەرێکی ڕاستەقینە بوو، بۆیە بەجۆرێ گوێگرانی مەست کرد کە بیریان نەچێتەوە، ژنە خوێندکارەکان پێشوازییەکی گەرمیان لە ئامادەبوان کرد، بیرمە مێردەکەم زۆر خۆشحاڵ بوو لە نێو ئەو ئافرەتە گەنج و خوێنگەرمانەدا کە زۆر ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە مامەڵەیان لەگەڵدا کرد، پاشان فیودور میخائیلوفیچ قاییل بوو بەوەی دەعوەت بکرێت و بە قازانجی ئەو ژنە خوێندکارانە کۆڕبگرێت+٢١٢.

"٣"

سالّی ١٨٧٨، ناسیاوی لەگەڵ میرانی مەزندا

کاتێ لە ژمارەی پێش کۆتایی گۆڤاری " یاداشتی نووسەر"دا ئاگادارییەک بڵاوکرایەوە، کە فیودورمیخائیلوفیچ لە بەر نەخۆشی+٢١٣ چیتر گۆڤاری ناڤبری دەرناکات، ئیدی مێردەکەم جۆرەها نامەی لە بەشداران و خوێنەرانی گۆڤارەکە بۆ دەهات، کە هەندێکیان هاوسۆزییان دەگەڵ دەکرد و ئاواتی چاکبوونەوەیان بۆ دەخواست و هەندێکیان داخیان بۆ وەستانی گۆڤارەکە دەخوارد، کە ئەمە بە ئاشکرا گوزارشتی لە خەم و خولیاکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگە دەکرد! هەندێک هیوای ئەوەیان دەخواست کە فیودور میخائیلوفیچ، ئەگەر مانگانە و بە ڕێکوپێکیش گۆڤارەکەی بۆ دەرنەکرێت، با ناو بە ناو هەر دەری بکات باشترە لەوەی بەیەکجاری دابخرێت، جەماوەری خەڵک لە بیروبۆچوونە دروست و بەجێیەکانی،

سەبارەت بە ڕووداوە گەورەکانی وەخت مەحرووم ببن، ئیدی ئەم جۆرە نامانە لە سەرەتای ساڵەوە بە سەدان بوون، مێردەکەم زۆری کەیف پێیان دەهات، دیارە ئەوەشی بۆ فیودور میخائیلوفیچ دەسەلماند کە خەڵکانێکی زۆر هەمان ڕەئی ئەویان هەیە و کۆمەڵگە ڕێزی تایبەتی بۆ بۆچوونە بێلایەنەکانی ئەو هەیە و جێگەی متمانە و باوەڕی ئەوانە، جا لەم بارەیەوە ئەو نامەیەم لای خۆم پاراستووە کە فیودور میخائیلوفیچ بۆ ستیبان دیمیتریڤیچ یانوفسکی+٢١٤ ی هاوڕێی ناردووە و تیایدا دەڵێت:

" باوەڕ ناکرێت لە ماوەی ئەم دووساڵەی ڕابردوودا کە "یاداشتی نووسەر"م دەردەکرد، گەلی ڕووسی چ هاوسۆزییەکیان لەگەڵمدا کردووە، سەدان نامەم پێگەیون کە ستایشی "یاداشتی نووسەر" دەکەن و ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خۆشەویستی خۆیان بەرانبەر بە گۆڤارەکە دەکەن،لە مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردووەوە، کە ئاگادارییەکەم بڵاوکردەوە گوایە ئیتر دەوەستێ، ئیدی مانگانە و لە سەرانسەری ڕووسیاوە و لە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە (بە جیاوازی زۆریانەوە)، جۆرەها نامەی لەو بابەتانەم بۆ دێت، خاوەنەکانیان داخی خۆیان دەردەبڕن و داوام لێدەکەن دەستبەرداری مەسەلەکە نەبم، مەگەر خوا بزانێ چ هاوسۆزییەکیان لەگەڵدا کردووم، ئەگەر نەبێ بە زێدە ڕۆیی دەتوانم بڵێم ئەوەی لە ماوەی ئەو دووساڵەدا، کە گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) م دەردەکرد، فێری بووم، هەڵبەتە لەمیانەی ئەم نامانەوە کە لەلایەن ڕۆڵەکانی گەلی ڕووسیاوە بۆم هاتوون، کە ئەلهەقی ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی بۆچوونی ڕاستگۆیانە و پڕ ئینسافی مرۆڤی سادەی ڕووسین، نەک گۆشەنیگا و بۆچوونی شێواوی ڕۆشنبیرانی پترسبورگ: ئەوەی لەو ماوەیەدا و لەو نامانەوە فێری بووم، ئەوەندە زۆرە، هەرگیز لەگەڵ ئەوەی پێش ئەم دووساڵەدا نایەتە بەراوردکردن.ئەوەندە گەورەیە کە لە خەو وخەیاڵیشدا تەسەورم نەکردووە، باوەڕم پێبکە لە ڕووسیادا زۆر شت هەن، بەو ڕادەیەش خراپ نین کە جاران تەسەوڕمان دەکرد، خەڵکانێکی زۆر بەتەمای ژیانێکی تازەی دادوەرانەن، ئیشی بۆ دەکەن، قەناعەتی تەواویان بەوە هەیە کە گۆڕانی گەورە لە شێوازی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرەکانمان بەڕێوەیە، ئەو ڕۆشنبیرانەی پشتیان کردووەتە گەل و هەرگیز لەگەل تێناگەن، تۆ لە کرایڤسکی پەستی، بەڵام ئەو بەتەنیا نییە، هەر ئەو وانییە، ئەمانە نکوڵی لەگەل دەکەن، گاڵتەیان بە بزووتنەوەی گەل دێت، گاڵتەیان بە ئیرادە و ویستی پرشنگداری گەل و ئاوات و ئامانجەکانی دێت، هەڵبەتە ئەو بەڕێزانە لەبەرچاو ون دەبن و بێدەنگ دەبن،وپیر دەبن، ئەوانەی لە گەل تێناگەن پێویستە بچنە ڕیزی دەلالانی بۆرسە و جولەکەوە، ئەمە کۆتایی نوێنەرانی هزری ( پێشکەوتوخوازمانە) شتێکی دیکەی تازە لەناو جەرگەی سوپای گەنجان و ئافرەتان ( خوشکان) ماندا، لە چێبووندایە، شتێکی تەواو جیاواز لەوەی خەڵکی وێنا و پێشبینییان دەکرد، ئیدی وا چاوەڕوانین.

( کرایڤسکی خزمەتی ناوداران دەکات، وێڕای ئەوەش بە نۆڕینی من لەشەڕی سڕبیاوە گەرەکیەتی وابنوێنێ ڕەسەنایەتی خۆی دەپارێزێ، بەڵام مرۆڤ هەر

ئەوەندەی زەحمەتە کە تەنازولێک بکات، ئیدی خۆ بە خۆ بەبێ ئەوەی توانای وەستانی هەبێ، بەردەوام دەبێت)، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئێمە لێرە، لە ڕۆژنامەوانیدا کاردانەوەمان کەمە، هەڵبەتە جگە لە ( ساڵنامەی مۆسکۆ) و سیاسییە پێشکەتوخوازەکانی کە لە هەندەران ڕێزێکی گەورەیان هەیە، بەلاّم ڕۆژنامەکانی دی جگە لە هەلپەرستی هیچ کارێکی دیکە ناکەن، خەڵکی لە گشت ئەم سەدان نامانەی کە لە ماوەی ئەم دووساڵەدا بۆم هاتوون، ستایشی پاقژی و ڕاستگۆیی بیروبۆچوونەکانم دەکەن: ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە لەوەیان کەمە، تینووی ئەوەن، ئەوە لەلای خۆمان نابینن+ ٢١٥."

فیودورمیخائیلوفیچ، لە ١٨٧٨/٢/٦دا ئەم نامەیەی لە سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمیای زانستەکانەوە پێگەیی:

"ئەکادیمیای زانستەکانی ئیمپراتۆریی، ڕێزی هەوڵ و ڕەنجە ئەدەبییەکانتان دەگرێت، جەنابتانی بە ئەندامی بەشی زمان و ئەدەبی ڕووسی هەڵبژارد."

ڕێوڕەسمی ئەم هەڵبژاردنە لە ئەکادیمیای ناوبراودا، لە ١٨٧٧/١٢/٢٩ دا، لە ئاهەنگێکی بەکۆمەڵدا ئەنجامدرا، فیودور میخائیلوفیچ بەم هەڵبژاردنە خۆشحاڵ بوو، هەرچەندە بۆ یەکێکی وەکو ئەو ( لە سی وسێیەمین ساڵی چالاکی ئەدەبیدا) لەچاو هاوڕێ ئەدیبەکانی دیکەیدا، بڕێک بە دڕەنگەوە هات+٢١٦.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە فیودور میخائیلوفیچ لەسەرەتای ساڵی ١٨٧٨دا، لە چەند ئاهەنگێکی نیوەڕۆخواندا بەشداری کرد، کە کۆمەڵەی ئەدیبان مانگانە و هەرجارەی لە خواردنگەیەکدا سازی دەدا، لەوانە: لای بوریل* (* بوریل: خاوەن خواردنگەیەک بوو لە پترسبورگ) یا لە خواردنگەی ( مالویار سلافیچ) و... هتد. کارتی دەعوەت بە مۆر و ئیمزای کیمیایی بەنێوبانگ مندلیڤ* (* دیمتری ئیڤانوفیچ مندلیف ١٨٣٤- ١٩٠٧ زانای بواری کیمیا بوو، خاوەنی خشتەی دەوریە کە بە ناو خۆیەوە، ناوی دەرکردووە، چەند جارێک دوستویفسکی دیتووە، لە ڕۆژی مردنەکەیدا وتارێکی ڕەوان و بەسۆزی خوێندەوە.) جا دوستویفسکی لەم دەعوەت و خوانانەدا، ئەدیبانی زۆر جیاواز و سەر بە حزبێن فرە جیاوازی دەبینی، تووشی دەبوو بە تووشی سەرسەرختترین نەیار و ناحەزی خۆیەوە، لە زستانی ساڵی ١٨٧٨ دا، فیودور میخائیلوفیچ چوار جار ئامادەی ئەم جۆرە خوانانە بوو، هەموو جارێک

بە شپرزەیی و نیگەرانییەوە دەگەڕایەوە، ئیدی زۆر بە ئاو و تاو باسی دیدارە کتوپڕەکانی خۆی دەکرد، باسی ئەوانەی دەکرد کە ناسیبوونی.

لە هەوڵی ساڵی ١٨٧٨ دا، بویەرێکی خۆش ڕوویدا کە فیودور میخائیلوفیچ، زۆر پێی دڵخۆش بوو: دیمتری سیرگییفیچ ئەرسینیف* (* دیمتری ئەرسینیف ١٨٣٢- ١٩١٥، ئەدمیرال بوو، پەروەردەکاری هەردوو میری مەزن، لە ساڵی ١٨٨٢دا، پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەریایی لە پترسبورگ وەرگرت.) پەروەردەکارو هەڤۆتکاری هەردوو میری مەزن سیرگی و پاڤڵ ئەلکسندروفیچ هاتە سەردانی، ئەرسینیف گوتی حەزدەکات هەردوو قوتابییەکەی کە شیفتەی بەرهەمەکانی نووسەری بەناوبانگن، لە نزیکەوە بیناسن، ئەرسینیف گوتی کە بە نوێنەرایەتی تزار* ( * تزار ئەلکسندری سییەم ١٨٤٥- ١٨٩٤،) هاتووە بۆ ئێرە، کە هیوادارە فیودور میخائیلوفیچ بە قسەکانی کارێکی باش بکاتە سەر هەردوو میری گەنج +٢١٧.

فیودورمیخائیلوفیچ لەوسەروبەندەدا، سەرقاڵی دانانی نەخشە و ڕێکاری ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆف) بوو، هەڵبەتە دابڕان و دوورکەوتنەوە لەم ڕۆمانە، بۆ ئەو کارێکی ئیجگار ئەستەم بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئارەزووی تزاری- ڕزگارکەریش بۆ ئەو دەیکردە یاسا، فیودور میخائیلوفیچ هەستی بە جۆرە ڕەزامەندییەک دەکرد، کە ئەوەندەی ئیمکانییەت و توانا هەیە، بتوانێ لایەنی کەمی حەز و ئارەزووی کەسیک بێنێتە دی، کە زۆی ڕێز دەگرت، چونکە جوتیارانی لە کۆیلایەتی ڕزگار کردبوو و خەونی سەردەمی گەنجایەتی ئەمی هێنابووە دی و خەمی ئێستای لەکۆڵ کردبووەوە.

فیودور میخائیلوفیچ، لە ٣/١٥ دا، ئەم نامەیەی لە دیمتری ئەرسینیفەوە پێگەیی:

"ماوەیەکی زۆر بەسەر تەعاروفەکەماندا تێپەڕیووە: دوای ئەوەی قسەم دەگەڵتان کرد، زیاتر هاتمە سەر ئەو قەناعەتەی، کە باشتر وایە زەمینە خۆشبکەم کە هەردوو میرێن مەزنت پێ بناسێنم، بەجۆرێک بیانناسێنم، وا دیار نەبێ کە ئەمە بە پێی ئامۆژگاری خانەوادەیی یان لەسەر داوای هەڤۆتکارەکەیانە، بەڵکو بەگوێرەی حەز و ئارەزووی خۆیان بێ، بەمجۆرە و لەڕوانگەی ئەم حەزو و ئارەزووەوە، بە هۆی ئەو قسانەوە کە ماوەیەکی زۆریان لە کاتی جەژنی ڕۆژووی گەورەوە لە هەفتەی یەکەمی ڕۆژوودا، بەسەردا تێپەڕیوە، ئەنجام بدرێت، دەترسام

یەکەم دیدار لەگەڵ ئێوەدا، لەبەر هەندێ هۆ، ئەو کاریگەرییەی نەبێت، بۆیە تکام وایە کە وەعدەکەتان بەرنە سەر +٢١٨.

دیداری میرانی مەزن، کاردانەوەیەکی ئەرێنی باشی لەلای فیودور میخائیلوفیچ چێکرد: هەستی کرد دوو کەسی دڵپاک و بە ئاوەزن، توانای ئەوەیان هەیە لە ڕاوبۆچوونی خۆیان، کە هەندێجار بێ ئەزمونییان پێوە دیار بوو، بێنە خوارەوە، ئەمە جگە لەوەی بەرێزەوە مامەڵەیان دەگەڵ ڕای پێچەوانەی بەرانبەرەکەیان دەکرد.

دیارە تەعاروفی میرانی مەزن، دەگەڵ فیودودور میخائیلوفیچدا کاردانەوەیکی زۆر باشی لەلای میران درووستکرد، بە ڕادەیەک بوو کە بە خۆیان دەعوەتیان دەکرد، ڕۆژێکیشیان ئەرسینیف هات بۆ ماڵمان، کە بینی مێردەکەم لە ماڵ نییە، ئەم نامەیەی ٢٣/٤/ ١٨٧٨ بۆ جێهێشت:

"..تکایە دەوروبەری پێنج و نیو، ئەگەر نابێ بە ئەرک و زەحمەت بۆ ئێوە، سەرێکم بدەن، هەڵبەتە گەورەیی دەکەن، چونکە حەزدەکەم بەرلەوەی میرانی مەزن بدینی، بەتەنیا قسەتان دەگەڵ بکەم، گەرەکمە داواتان لێبکەم باسی ئەوەیان بۆ بکەی کە دەتوانن لەم هەلومەرجە جڤاکییەی ئێستادا چ ڕۆڵ و دەورێک بگێڕن، باسی ئەوەیان بۆ بکەی چۆن دەتوانین بەشێوەیەکی ئاسایی بگەینە ئەو ئامانجە، من تاسەمەند و تامەزرۆی ئەوەم قسەتان دەگەڵ بکەم +٢١٩.

پەیوەندی میرانی مەزن دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچدا، تا کۆتایی ژیانی بەردەوام بوو، کە میران لە ساڵی ١٨٨١دا، چووبوونە هەندەران لەوێندەرەوە بە بروسکە پرسەنامەیەکی هاوخەمییان بۆ ناردم.

فیودورمیخائیلوفیچ، لە سەردانێکی میرانی مەزندا، میر قنستینتین قنستینتینوفیچ* (* قنستنتین قنستینتینوفیچ ١٨٥٨- ١٩١٥: سەرۆکی ئەکادیمیای زانستەکان، پیانۆژەن، ڕەخنەگر و شاعیر بوو.) دەبینێ، کە لەو سەردەمەدا گەنجێکی جوان دەبێت، ئەدەبدۆستی گەرم وگوڕی ئەو کوڕە سەرنجی مێردەکەم ڕادەکێشێت، هەستدەکات ئەم میرە گەنجە بەهرەیەکی شیعریی ڕاستەقینەی تیایە، زۆری پێناخۆش دەبێت، کە ئەم میرە مەزنە بە چاولێکەری باوکی سلکی دەریاوانی هەڵبژاردووە+٢٢٠، بەڕای مێردەکەم دەبوایە بواری ئەدەب هەڵبژێرێت،

که پاشان ئەم پێشبینییەی مێردەکەم، بە ئاشکرا هاتە دی+٢٢١، دۆستایەتییەکی خۆش لەنێوان مێردەکەم و میری مەزنی گەبجدا چێبوو، هەرچەندە تەمەنیان لێکدییەوە دوور بوو، زۆرجار مێردەکەمی دەعوەت دەکرد، تا بە دووقۆڵی قسان بکەن، یا چەند کەسێکی بژاردەی دەعوەت دەکرد و داوای لە مێردەکەم دەکرد بە ئارەزووی خۆی بەشێک لە ڕۆمانە تازەکەی بخوێنێتەوە، بەو جۆرە، دوو سێ جار ڕێکەوتبوو، مێردەکەم لە حزوری هاوسەرەکەی وەلیعادا، بەڕێز دۆتمیری مەزن ماریا فیودوروڤنا* (* ماریافیودوروفنا(١٨٤٧-١٩٢٨):هاوسەری ئەلکسەندەری سێیەم بوو)وماریا ماکسیمیلیانوڤا بادنسکایاو*(*ماریا ماکسیمیلیانۆڤا بادنسکایا ١٨٤١-١٩١٤ ژنی میر ڤیلگیلم بادینسکی بوو) خانمانی دیکەی بنەماڵەی پاشایەتیدا هەندێ بەشی ڕۆمانەکانی خۆی بخوێنێتەوە، ئێستاش ژمارەیەک لەو نامە پڕ لە سۆزانەم لایە، کە میری مەزن بۆ مێردەکەی ناردووم+٢٢٢، کاتێ کە مێردەکەم کۆچی دوایی کرد، جەنابی میر هەر بە برووسکەی سەرخۆشی بەسەری نەکردمەوە، بەڵکو پرسەنامەیەکیشی بۆ ناردم، لەنێو ئەو پرسەنامانەدا کە لە ساڵی ١٨٨١ دا پێم گەیین، نامەکەی جەنابیان سوکناییەکی تایبەتی بە دڵ و دەروونم بەخشی، قەناعەتی تەواوم هەبوو کە بەڕاستی بە مردنی فیودور میخائیلوفیچ، خەمبار بوو بوو.

هەڵبەتە حەز ناکەم خۆم لە لەزەتی بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیە بێبەش بکەم، کە لە مرۆڤێکی ئابڕوومەندەوە بۆم هاتبوو، حەیفێ زوو کۆچی دوایی کرد:

"کەشتی جەنگی" دۆک ئینبورگسکی ١٤ ( ١٨٨١/٢/١٦)

ڕێزدار ئاناگریگوریڤنا

بەڕاستی خەسارەتیکی لەقەرەبوو نەهاتووتان لێکەوتووە، بەڵام ئەم خەسارەتە هەر لە ئێوە نەکەوتووە، سەرانسەری ڕووسیا خەمباری ئەوەن، کە پیاوێکی مەزنیان لە کیس چووە، پیاوێک کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی ئەم وڵاتە تەرخان کرد، خودای دەهندە و دلۆڤان کە باری ئەم کۆستە قورسەی بە ملی تۆدا داوە، لە هەمان کاتدا سەبر و هەداریشتان دەداتێ: هەرهوموو ئەو هاوڵاتیانەی کە لە نزیکەوە فیودورمیخائیلوفیچیان ناسیبێ یا نەیانناسیبێ، بۆی بە خەمن و هاوبەشی خەم و پەژارەی ئێوەن.

سەفەری دەریایی بۆ دەڤەرێن دوور،کردیە کارێک کە کاتی خۆی بەم کارەساتە نەزانم کە تووشی وڵاتەکەمان بووە، جا ئەم هەواڵە جەرگبڕە، کە دوێنێ پێمزانی، بەڕاستی بەنجی کردم، هەرچەندە تا ئێستا بۆم نەلواوە لە نزیکەوە بە ناسینتان گەورە ببم، بەڵام پڕ بەدڵ لە ناخەوە سەرخۆشی خۆمتان پێ ڕادەگەیەنم و تا سەرمۆخ خەمبارم و خۆم بە هاوبەشی خەم و پەژارەتان دەزانم، جا چونکە بێ ڕیا، بێ هیچ مەراییەک مێردە نەمرەکەتانم خۆشدەویست، هیچم لەدەست نایەت تەنیا ئەوە نەبێ لەم بۆنە دڵتەزێنەدا، لەم کۆستە گەورەیەدا کە ئێستا هەستی پێدەکەم و بەم وشانەی من نایەتە وەسفکردن، ئەوپەڕی سەرخۆشی خۆمتان بۆ دەردەبڕم، بمبورە لەم مەینەتییەدا، بەم کراوەییە قسەتان دەگەڵ دەکەم، ئەم مەینەتەی کە هیچ شتێ لەم دنیایەدا ناتوانێ لێتی بڕەوێنێتەوە، باوەڕت بە هەستی دڵسۆزانەم هەبێت.

دڵسۆزتان : قنستینتین.

کاتێ میری مەزن، بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنی تزار ئەلکسندری دووەم هاتەوە، لەڕێگای دوتمیر ئا.ی. کومارۆڤسکایاوە* (* ئاناگریگوریڤنا کوماروڤسکایا. دۆتمێر ١٨٣٢-؟: کەنیز بوو لە دەرباری ئەلکسندری دووەمدا.) ئاگاداری کردمەوە کە حەزدەکات بمدینێت، شەوێ چووم بۆ لای دوتمیر، چەند ساعاتێکم بە قسەوە دەگەڵ میری مەزندا بەسەربرد، تا ئێستاش بەوپەڕی منەتبارییەوە، قسەکانیم دەربارەی مێردەکەم و کاریگەری مێردەکەم بەسەر ئەوەوە لە یادە، میری مەزن هیوای خواست کە منداڵەکانم بدینێ، ئەو منداڵانەی کە مێردەکەم بە شادومانییەوە باسی کردبوون، ئەوە بوو بەرلەوەی بۆ دەریا بگەڕێتەوە، میری مەزن خۆم و منداڵەکانمی بۆ پێنشەممەی عەهد دەعوەت کرد، کە منداڵەکان کەوتنە " ڕەنگاندنی هێلکە" و دیارییان لێوەرگرت، پاشان میری مەزن لە هەفتەی ژاندا سەری دام، وێنەیەکی خۆی ( بە جلکی دەریاییەوە) پێشکەش بە من و منداڵەکان کرد و پێشکەشێکی دۆستانەی لەسەر نووسی+٢٢٣.

پاشان کاتێ لە ستاریاروسا، قوتابخانەیەک بە نێوی فیودورمیخائیلوفیچەوە کرایەوە، میری مەزن قنستینتین قنستینتینوفیچ، هاوڕێ دەگەڵ ئەو کەسایەتیانەی دیدا کە مەبەستیان بوو ئەم قوتابخانەیە گەشە بکات و پەرە بسەنێ و بەردەوام

بێت، بە کۆمەکێکی ساڵانەی پێنج سەد ڕۆبڵی، بەشداری ئەو پڕۆژەیەی کرد و قوتابخانەی ناقبری بە مەمنوونییەوە لێیان وەرگرت.

"٤"

سالّی ١٨٧٨، هاتنی ئافرەتێکی شیفتە

ڕۆژێکی سەرەتاکانی بەهاری ساڵی ١٨٧٨، هەموو بە خێزانی، خۆش و خوڕەم، لە سەر خوانی نانخواردن ڕۆنیشتبووین، فیودور میخائیلوفیچ لەم ڕۆژەدا کەیفی قنج و بە کەیف و بە دەماخ بوو، دوای گەڕانێکی دوورودرێژ بە تەنیا، هاتبووەوە تایم و خەریکی قسە و سوعبەتان بوو دەگەڵ دوو منداڵەکەدا.

لە ناکاوا زەنگی دەرگا بە توندی لێدرا، کارەکەرەکە بەهەشتاو چوو دەرگاکە بکاتەوە، کەچی لە درزی دەرگاکەوە کە بە ئاستەم کرابووەوە، گوێمان لە دەنگێکی بەرزی ژنانە بوو کە دەیگوت:_ هێشتا ماوە؟

کارەکەرەکە لە پرسیارەکەی حاڵی نەبوو، بۆیە بێدەنگ بوو.

_ مەبەستم ئەوەیە ئایا فیودور میخائیلوفیچ هێشتا لە ژیاندایە؟

کارەکەرەکە بلەز بەرسڤی دایەوە:_ هەموویان ماون.

ویستم بڕۆم بزانم مەسەلە چییە، بەڵام فیودورمیخائیلوفیچ کە لای دەرگاکەوە دانیشتبوو، پێشمکەوت و خێرا خۆی گەیاندە بەردەرکە.

لە ناکاوا ژنێکی ناقساڵ دەرپەڕی و بەغار بەرەوپیری هات، دەستی بۆ درێژ کرد و هاواری کرد: _ فیودور میخائیلوفیچ، هێشتا ماوی؟ چەند خۆشحاڵم کە ماوی!

فیودور میخائیلوفیچ حەپەسا، ئەویش هاواری کرد:_ ئەوە چیتە خانم؟ بەڵێ من ماوم ئەوەتام بەدیار چاوتەوە، بەتەماش نیم وا زوو بمرم.!

ژنەی گۆڕین، بەپەشۆکاوی بەرسڤی دایەوە:_ لای ئێمە، لە خارکوف، دەنگۆیەک بڵاوبۆتەوە، کە گوایە ژنەکەت بەجێیهێشتوویت و تۆش گوایە لەداخی ئەوەی

خیانەتی لێکردوویت، لەجێدا کەوتوویت و کەس نییە پێتڕابگات، بۆیە هاتووم پێتڕابگەم، خزمەتت بکەم، من ئێستا لە قیتار دابەزیوم و یەکسەر لەڕێوە دێم.

منیش کە گوێم لەو هەرا و زەنایە بوو چوومە بەردەرکە، سەیرم کرد فیودور میخائیلوفیچ یەجگار توورەیە، ئاوڕی لای منی دایەوە و گوتی:

_ گوێت لێبوو ئانیا، هەندێ خوێڕی و تۆڕی، دەنگۆیان بڵاوکردووەتەوە کە گوایە تۆ بەجێتهێشتووم، تۆ ئەمە چۆن دەبینی؟ بەمە دەڵێی چی؟

پێمگوت:_ هێوربەوە گیانەکەم، گوێ مەدەیە، هەبێ و نەبێ بەدحاڵیبوونێک لەئارادایە، تکایە لاکەوە، هەواکەی ئێرە توندە، بەکاوەخۆ فیودور میخائیلوفیچم بەرەو ژووری نانخواردن دەڵەک دا، بەگوێی کردم، دوای ئەوەی لاکەوت گوێم لێبوو لە ژووری نانخواردنەوە، بەتووڕەیی دەیبۆڵاند.

کەوتمە قسە دەگەڵ ئەم ژنە غەریبەدا، بۆم دەرکەوت مامۆستای ئامادەییە، مرۆڤێکی زۆر میرەبانە، بەڵام ئەمە نەیدەکردە ئەوەی کە زیرەک بێ، پێدەچوو خەیاڵی ئەوەی لەسەردا بێت کە خزمەتی نووسەرێکی بەناوبانگ بکات، کە ژنە سپڵەکەی بەجێیهێشتووە، بەڵکو ئەمە خوایە بتوانێ ژیانی ئەو نووسەرە باش بکات و پاشان بە درێژایی ژیانی شانازی بەوەوە بکات کە ئەم نووسەرە لە سا و پەنای ئەودا مردووە.

لە دڵی خۆدا زۆرم خەفەت بۆ ئەم ژنە گومناوە دەخوارد، کە شپرزەیی و نیگەرانییەکی زۆری پێوە دیار بوو، مۆڵەتم لێوەرگرت و بۆ ماوەی پێنج دەقیقەیەک چووم بۆ ژووری نانخواردن و پرسم بە مێردەکەم کرد کە گەرەکمە پیچێک خواردنی بدەمێ.

فیودورمیخائیلوفیچ هەردوو دەستی جولاند و لە بن لێوانەوە گوتی: "باشە گازی بکە، بەڵام کەمێک بووەستە با من لێرە بڕۆم!" لەسەر کورسییەکە هەستا و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی.

بۆ لای ژنە غەوارەکە گەڕامەوە، خولکم کرد بێت ئیسراحەت بکات و نانێک بخوات، بەلام وا دیاربوو لە پێشوازییەکەی مێردەکەم پەست بوو، داوای لە کارەکەرەکە کرد زەمیلە گەورەکەی، کە دەرگاوانەکە بۆی هێنابووە بەر دەرگا، بۆ بەرێت بۆ لای

عەرەبانچییەکە، ئیدی زۆرم لێنەکرد کە بمێنێتەوە، بەلام ناوی و شوێنی دانیشتنیم لێوەرگرت.

کە بۆ لای مێردەکەم گەڕامەوە، سەیرم کرد زۆر تووڕەیە، مێردەکەم خوای نەمابوو، شپرزە و نیگەران بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، گوتی:_ دە توخوا تەماشا لەو مندالْبازارە: تۆ منت بەجێهێشتووە! چ بوختانێکی بێ شەرمانەیە! ئەم دژمنە کێیە وا ئەم قسە و قسەلْۆکانە بلاودەکاتەوە؟

ئەوەی لەم مەسەلەیەدا مێردەکەمی زۆر نیگەران دەکرد، ئەوەبوو کە خەلْکانێک هەن قسەوقسەلْۆکانم بۆ هەلْدەبەستن، بوختانم بۆ دەکەن، کە دیتم ئەم بویەرە تا رادەیەک بێ بایەخە، مێردەکەمی بەم ڕادەیە نیگەران کردووە، پێشنیازم کرد نامەیەک بۆ پڕۆفیسۆر ن. ن. بیکیتوف* + ٢٢٤ (* نیکولای نیکولایفیچ بیکیتوف ١٨٢٧- ١٩١١: ئەکادیمی، مامۆستای زانکۆ بوو لە هەردوو زانستگەی خارکوف و پترسبورگ، کەسایەتییەکی کۆمەلایەتی دیاربوو، برادەری گەنجیی دوستویفسکی بوو.) ی برادەری بنێرێت و پرسیاری ئەو دەنگۆیانەی لێبکات کە لەوێندەر بۆمان دەکرێت، مێردەکەم بەگوێی کردم، ئێوارە نامەیەکی بۆ بیکیتوف+٢٢٥ نارد، بەمە کەمێک بەخۆ هاتەوە و هێوری، بۆ ڕۆژی دوایی داوای لە من کرد، کە ئەو ژنە نەناسە بۆ مالەوە بانگ بکەم، بەلام نەمدۆزییەوە: بەیانییەکەی سەفەری کردبوو، بۆ خارکوفگەڕابۆوە..

"٥"

## سالی ١٨٧٩

دوومانگی یەکەمی سالی تازە بەوپەڕی ئارامی بووریی: فیودور میخائیلوفیچ، چالاکانە کاری لە ڕۆمانە تازەکەیدا دەکرد، کارەکەی ئاسان دەڕۆیی، لە سەرەتای مانگی مارتدا مێردەکەم لە چەند ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبیدا بەشداری کرد، بۆ نموونە لە ٣/٩ دا کۆڕێکی بۆ قازانجی سەندووقی ئەدەبی، لە هۆلی کۆمەلەکەدا گرت، باشترین نووسەرانمان لەم ئێوارە کۆڕەدا بەشدارییان کرد: تورگینیف، سالتیکوف* (* سالتیکوف- چیدرین میخائیل یفگرافوفیچ ١٨٢٦- ١٨٨٩: نووسەرێکی ساتیرییە، چەند ڕۆمانێکی هەیە، لە گۆڤاری سالنامەی نیشتماندا، نووسەر بوو.) پوتیخین* (*

ئەلکسی ئەنتیبوفیچ پوتیخین ١٨٢٩- ١٩٠٨: ئەدیب و شانۆنامەنووسە.).. هتد، فیودور میخائیلوفیچ بۆ ئەم کۆڕە " چیرۆکی نهێنی" هەڵبژارد، کە بەشێکە لە ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆف) زۆر بە جوانی خوێندییەوە، ئامادەبوان بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێکرد+٢٢٦، ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی ئەم ئێوارە کۆڕە ئەدەبییە بەدەستی هێنا، کردییە کارێک قەرار بدات هەر هەمان بابەت لە شازدەی هەمان هەیڤدا و بە بەشداری هەمان ئەو نووسەرانە ( جگە لە سالتیکوف) دووبارە بکاتەوە.

دوای کۆڕەکەی ٣/١٦، بەناوی خوێندکارانی قوتابخانەی باڵای ژنانەوە چەپکێک گوڵیان پێشکەش کرد+٢٢٧، بەشێوازی ڕوووسی نەوار پێچ کرابوو، پێشکەشییەکی جوانی بۆ کۆڕگرەکە لێنووسرابوو، لە ڕۆژێکی دووەم دە ڕۆژی مانگی ئاداردا بوویەرێکی خەمین بۆ مێردەکەم هاتە پێشێ، کە لەگین بوو ئاکامی خراپی هەبێت، کاتێ فیودور میخائیلوفیچ وەکو هەموو ڕۆژێک لە شەقامی نیکولایفسکایا ڕۆژانە پیاسەکەی خۆی دەکرد، بەدمەستێک لە پشتەوە بە هەموو هێز و قووەتی خۆیەوە دەڵەکەی دەدات، مێردەکەم دەکەوێتە سەرشۆستەکە و بریندار دەبێت، ئیدی خێرا خەڵک و خوا لێی خڕدەبنەوە، پۆلیس دێت کە سەرخۆشەکە بۆ بەشی پۆلیس بەرێت، مێردەکەشم بۆ ئەوێندەر بانگ دەکەن، مێردەکەم لەوێ لەبەشی پۆلیس، داوا لە ئەفسەری پۆلیس دەکات  کە کابرا ئازاد بکات ( چونکە لێی خۆش دەبێت) بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی ڕۆژنامە باسی ئەو هێرشە دەکات و ناوی ئەو ئەدیبەش دینێت کە هێرشی کراوەتە سەر، ئیدی بەگوێرەی ڕاپۆرتی پۆلیس، مەسەلەکە هەواڵەی دادگای دایەرەی سیازدەیەم دەکرێت، کە تروفیموف لەوێ قازی سوڵح دەبێت، دوای نزیکەی سێ هەفتە، فیودورمیخائیلوفیچ بۆ دادگا بانگکرا، لە لێکۆڵینەوەکاندا ئەوە بەدیارکەوت، کە کابرای داوا لەسەر، فەلاحێکە بە ناوی فیودور ئەندرییڤ و ئیعترافی کرد کە " زۆری خواردووەتەوە،بەڵام بە ئاستەم بەر "ئاغا" کەوتووەو ئیدی پێی هەڵنوتا وکەوت"+ ( ڕۆژنامەی لوگوس= دەنگ، ژمارە (١٠٢)،١٨١٩/٤/١٤، ئا. گ. دوستویڤسکایا.) فیودور میخائیلوفیچ داوا لە دادگا دەکات کە سزای نەدەن چونکە ئەم لێی خۆش دەبێت.

ئەم کیژە خوێندکارانە بە دەنگێکی پڕ لە میهرەوە بە ناوی خۆمەوە کەوتنە بانگکردنم، خۆشبەختانە پێویست بەوە نەبوو بانگکردنەکە درێژا بکێشێت، یەکسەر چوومە لای مێردەکەمەوە.

بەهار هات، بلەز بەرەوە ستاریاروسا بارگەمان تیکنا، بەتایبەتی کە پرۆفیسۆر کوشلاکوف، ئامۆژگاری فیودور میخائیلوفیچی کردبوو کە بڕوات بۆ ئیمس، بەڵام مێردەکەم حەزی دەکرد دەگەڵ ئێمەدا بێ بۆ داچا و لەوێ بە کەیفی دڵی خۆی درێژە بە کارەکەی بدات، ئەگەر بۆی بلوێ.

لە بەدشانسی ئێمەدا، بەهارەکەی سارد و باران بوو، ئیدی کەش و هەوای داچا بە کەڵکی مێردەکەم نەدەهات، نەک سحەتی باشتر نەبوو، بەڵکو کێشی بە ڕادەیەک دابەزی، زۆر نیگەرانی کردین، بۆیە کە هاوین هات زۆرمان پێخۆشبوو: ئیدی ئا. ف. چاکلرکورڤین لەگەڵ خانەوادەکەیدا، هات بۆ روسا، من و مێردەکەم ئەم ئافرەتەمان زۆر خۆشدەویست، فیودورمیخائیلوفیچ، تەقریبەن ڕۆژانە دوای پیاسەکەی سەری دەدا، تا گەنگەشە و گفتوگۆی دەگەڵدا بکات بەو حیسابەی ژنێکی زیرەک و بە ئاوەز و دڵپاکە و جێگایەکی تایبەتی لە ژیانیا هەیە.

فیودور میخائیلوفیچ لە ١٨/ یولیو/ دا سەفەری هەندەرانی کرد و لە ٢٤/ یولیو/ دا گەییە ئیمس، چووبووە هەمان شوقە، کە پێشتر تیای بووین، لە (Villed Alger) و لەوێوە چووبوو بۆ لای دکتۆرە تایبەتەکەی خۆی بەرێز ئورت، هەرچەندە سێ ساڵ بەسەر مەسەلەکەدا بووری، قازی سولْح داواکەی دوستویفسکی قەبووڵ کرد، بەڵام قەرارێکی دەرکرد کە کابرای فەلاح، ئەندرییڤ، یا دەبێ شازدە ڕۆبڵ تاوان ( غەرامە) بدات، یا دەبێ چوار ڕۆژ زندانی بکێشێت، مێردەکەم لەبەردەرگای داداگادا چاوەڕوانی یارۆی کردبوو و شازدە ڕۆبڵی دابوویە تا بیداتە هەقی ئەو غەرامەیەی کە بۆی بڕابوویەوە+ ٢٢٨.

لە ماوەی جەژنەکانی پاکدا( ٤/٣ ) لە شاری سولیانکدا، ئاهەنگێکی کۆڕی ئەدەبی، بە قازانجی کۆمەڵی (ڤریبیلیڤسکی)+٢٢٩ سازکرا، دوستویفسکی لەم کۆڕەدا چەند بەشێکی لە ( منداڵێک بە لای داری جەژنی لەدایکبوونەوە) خوێندەوە، جا چونکە کۆڕ و ئاهەنگەکە بۆ منداڵان تەرخان کرابوو، مێردەکەم حەزی کرد منداڵەکانیشمان لەگەڵ خۆیدا بەرێت، تا بتوانن گوێ لە باوکیان بگرن کە لە ئاهەنگێکی گشتیدا شت دەخوێنێتەوە و ببینن کە خەڵکی بە چ خۆشەویستی و

ڕێزێکەوە پێشوازی دەکەن. پێشوازییەکەی ئەمجارە یەجگار گەرم بوو، زیاد لە پێویست بایەخی پێ درابوو، کۆمەڵێک گوێگری بچووک چەپکە گوڵێکیان پێشکەش بە کۆڕگرەکە کرد، فیودورمیخایلوفیچ تا کۆتایی جەژن دەگەڵ منداڵەکاندا مایەوە، دەگەڵ ئەواندا بە هۆڵەکاندا دەسوڕایەوە، تەمەشای دەکردن چۆن یارییان دەکرد، زۆر بە نمایش و نواندنە بێ وێنەکانیان دڵخۆش و شاد بوو.

فیودورمیخائیلوفیچ، لە جەژنی پاکدا، لە بینای ناوەندی ئەلکسندروڤسکایای کچان، کۆڕێکی بە قازانجی فصول بستوچیف گێڕا، دیمەنێک لە ڕۆمانی ( تاوان و سازا) ی هەڵبژارد و خوێندییەوە، بەڕاستی کارێکی گەورەی کردە سەر گوێگران، خوێندکارە کچەکان چەپڵەیەکی گەرموگوڕیان بۆ لێدا، ئەمە جگە لەوەی لە ئیسراحەتەکەدا لە دەوری خڕبوونەوە و گەنگەشەی جۆرەها بابەتیان دەگەڵدا کرد، کاتێ کۆڕەکە تەواو بوو قەراری دا بڕوات، ئاپۆڕایەکی زۆر، پتر لە دووسەد کەس دەبوون، لە قاڵدرمەکانەوە تابەر دەرکی بیناکە دووی کەوتن، شەڕ بوو لەسەر ئەوەی کێ یارمەتی بدات کە پاڵتۆیەکەی لەبەر بکات، ویستم لە مێردەکەمەوە نزیک بم، بەڵام پالەپەستۆی جەماوەرە بەجۆشەکە دووری خستمەوە، ئیدی کەوتمە دواوە، دڵنیا بووم مێردەکەم بەبێ من شوێنەکە بەجێ ناهێڵێت، هەر واش دەرچوو فیودور میخائیلوفیچ کە پاڵتۆکەی لەبەر کرد، کەوتە چاوگێڕان بەملا و بەو لادا، بۆ من دەگەرا، کە منی نەبینی بە دەنگێکی سکالا ئامێزەوە گوتی: "ژنەکەم کێوە چوو؟ خۆ لێرە لەگەڵما بوو، تکایە بۆمی وەدۆزن؟"

ڕوو لەو ئافرەتە دڵبەندانەی کە دەوریان دابوو، ئەو قسەیەی کرد، لە دوا سەردانیا دکتۆرەکە یەکسەر ناسیبوویەوە، دڵنیای کردبوۆوە و پێی گوتبوو ئاوی کرینخن لە نوێ دەیژێنێتەوە، مێردەکەم لە ٢٠/ یولیو/ دا لە نامەیەکدا بۆ من دەڵێت:

"دکتۆر ئۆرت معایەنەی کردم، دەڵێت بەشێک لە سیپەلاکم لەجێی خۆی جولاوە، جێگاکەی گۆڕیوە، هەروەها دڵیشم لە شوێنی ئاسایی خۆی داخزیوە، ئێستا لە شوێنێکی دوورتر گیرساوەتەوە- هەر هەموو ئەم جێگۆڕکێیانە بەهۆی ئاوسانی سیپەلاکەوە ڕوویان داوە، بەلام دڵم ساخ و سەلامەتە، وەکو دکتۆر دەڵێت ئەم جێگۆڕکێیانە، هیچ مەترسییەکیان نییە، هەڵبەتە ئەو لەسەرێتی دڵخۆشی نەخۆش بداتەوە و ترسی بڕەوێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ئاوسانەکە هەوەڵی بێ و ئەم هەموو

گۆڕانکارییەی دروستکردبێ، ئەدی پاشتر چیم بەسەر دێنێ؟ بەهەرحاڵ ئومێدم بە گەرما و ئاوی مەعدەنییەکە زۆرە"+ ٢٣٠.

هەڵبەتە ئەم معایەنە و ئەنجامگیرییەی دکتۆر ئورت زۆری ترساندم، خۆ مێردەکەم لەم ساڵانەی دواییدا سحەتی زۆر باش بوو، کۆڵێک چالاک و بە گوڕ دیار بوو، باوەڕم نەدەکرد نەخۆشییەکە بەم دەردەی بردبێ، بەڵام کە دەمزانی ئاوی کرینخن زۆر باشە و بە مێردەکەم دەکەوێ، ئیدی دڵی خۆم بەوە خۆشدەکرد کە ئەمجارە سحەتی مێردەکەم زۆر لە جاران باشتر دەبێت.

لە دڵی خۆدا خوزیام دەخواست فیودور میخائیلوفیچ، لە ئیمس تووشی یەکێک لە دۆستە خۆشەویستەکانی ببێت و تا ڕادەیەک لە دڵتەنگی تەنیایی بخەلەسێت، هەمیشە کە لە ماڵ و منداڵ دادەبڕا هەستی بە تەنیایی و بێزاری دەکرد، لێ مخابن خۆزیاکەم نەهاتە دی: بەدرێژایی ئەو پێنج هەفتەیەی لە ئیمس مایەوە یەک ناسیاوی نەبینی، گلەییەکی زۆری لەو تەنیاییە دژوارە هەبوو، "من لەوپەڕی بێزاریدا بووم، کەچی بۆم دەرکەوت کە هۆڵی کتێبخانەکە، جگە لە "ساڵنامەی مۆسکۆ" و ئەویش درەنگ دەگەیی و " دەنگ" ی ناچیز، کە دەمبینی خەریکبوو شێت دەبووم، هیچی دیکەی لێنەبوو+٢٣١، لێرە هەموو خۆشییەکم هاتووەتە سەر تەماشاکردنی منداڵان و دواندنی ئەوان، کە ژمارەیان زۆرە، وێرای ئەوەش شتی قۆڕ لێرە ڕوودەدات: ئەمرۆ منداڵێکم بینی بە ناو ئاپۆڕای خەڵکیدا بۆ قوتابخانە دەچوو، تەمەنی پێنج ساڵ بوو، بەدەم ڕێگاوە دەستی خستبووە سەرچاوی و دەگریا، پرسیم چییەتی، ڕێبوارانی ئەڵمانی وەڵامیان دامەوە کە یەک دانە مانگە چاوی دێشێت، ( ئازارێکی زۆری هەیە) بەڵام باوکی کە پینەدۆزە، نایەوێ بۆ لای دکتۆری بەرێ، تا چەند قروشێکی بۆ نەدات بە دەرمان، ئەم دیمەنە دڵتەزێنە زۆری پەست کردم، مێشکی ماندوو کردم، دڵم گیرا، نا ئانیا، تەنیایی زۆر زەحمەتە، سەرچاوەی بێزارییە، لە بێزاریدا پیاو دەستی ناچێتە ئیش، ئیشت لێ دەبێت بە کۆڵی شێر، زیندان باشترە، ئا، زندانی باشتر بوو"* (* ئەم نامەیە بۆ من هاتووە، هی ١٨٧٩/٨/١٠ یە، ئا. گ. دوستویڤسکایا)+ ٢٣٢.

ئەو نامانەی فیودورمیخائیلوفیچ بۆی دەناردم، داخ و کەسەریان لێدەڕژا، لە نامەیەکی ١٠/١٣/ دا دەڵێت: "ئەو هەواڵەی سەبارەت بە ئیمیلیا فیودورڤنای بەلەنگاز بیستم، زۆری خەمبار کردم، ڕاستە زۆر نەخۆش بوو، بەڵام بە مردنی ئەو

دوا یادگاری برایەکەم لەسەر زەوی تەواو بوو، تەنیا فیدیا ماوە، کە بە دەستی خۆم ڕامژەندووە، بەڵام منداڵەکانی دیکەی برایەکەم، بڕێک دوور لە من گەورە بوون، نامەیەک بۆ فیدیا ڤرێبکە، سەرخۆشی منی پێڕابگەیەنە، من ئەدرەسەکەی نازانم تا نامەی بۆ بنێرم... باوەڕبکە لە پێنجی مانگدا خەونێکم بینی (بەروارەکەیم نووسیوە) : لەخەوما براکەم لە جێگادا کەوتبوو،شادەمارەکەی بڕا بوو، خوێنی لەبەر دەڕۆیی، بەدەم ترسێکی زۆرەوە بیرم لەوە دەکردەوە بچم بە پەلە دکتۆری بۆ بانگ بکەم، دوایی هەرخۆم بە خۆمم گوت ئەگەر بڕۆم پێش ئەوەی بگەمە لای دکتۆر، خوێن لە بەدەنیا نامێنێ، کە خەوێکی سەیر بوو، لەوەش سەیرتر ڕێکەوتی شەوی مردنەکەی ئیملیا.. یە، پێموانییە درێغیم بەرامبەری کردبێت: ٨/٥ تا توانام هەبوو یارمەتیم دەدا، وەختێ لە کۆمەک و یارمەتی ئەو وەستام کە خزم و کەسێک پەیدابوون بۆ یارمەتی دانی: کوڕەکەی و زاواکەی، کە برایەکەم مرد من ژیانی خۆم وەقفی ئەوان کرد، ، قەد خەفەتم بۆ ئەو دە هەزارە نەدەخوارد کە هەمبوو، قوربانیم بە سحەت و ناوبانگی ئەدەبی خۆم دا و دەگەڵ وەشانخانەیەکی ناکامدا تێکەڵ بووم، ناوبانگی ئەدەبی عەیبدار کردم، وەکو گاجووت کارم کردووە، ئێستا تەنانەت برایەکەشم کە لەو دنیایە ناتوانێ گلەییم لێبکات." ئەوجا لە کۆتایی نامەکەیدا دەڵێت:

"سبەینێ دووهەفتەی تەواوە زارم لە زاری بەنی بەشەر نەگەڕاوە، ئەمە هەر تەنیایی نییە، بەڵکو بێدەنگییەکی لاڵە، قسەکردنم بیر چووەتەوە، شێتئاسا دەگەڵ خۆمدا داخفم"+ ٢٣٣.

منیش بەهۆی ئەو حاڵەتە دەروونییە دژوارەی مێردەکەمەوە تووشی عەزاب بووم، بەتایبەت کە وێرای باری تەندرووستی خۆی نیگەرانی ئەو پارەیەش بوو کە بەڵێنم دابوویە بۆی بنێرم، هەڵبەتە من نەمتوانی ئەو پارەیەی بۆ ڤرێبکەم، چونکە بەدحاڵیبوونێک دەگەڵ دەستەی نووسەرانی ( مژدەبەری ڕووسیدا) چێبوو: دەستەی نووسەران حەواڵەیەکی داراییان بۆ ناردبووم بە ناوی ئۆڤیسی ئەخینباخ و کولی* (* ئەخینباخوکولی: بانکێکە لە پترسبورگ) لە پترسبورگ، منیش بەڵێنم بە مێردەکەم دابوو، کە منداڵەکان بۆ یەک ڕۆژیش بە تەنیا بەجێ ناهێڵم، بۆیە نەمتوانی سەفەر بکەم و پارەکە وەربگرم، بۆیە دەبوایە حەواڵەکەیان بۆ بنێرمەوە

و داوایان لێبکەم پارەکەم بە کاشی و بە ئەدرەسی خۆمدا بۆ ستاریاروسا بۆ ڤرێ بکەن، هەرکە پارەکەم وەرگرت یەکسەر بۆ مێردەکەمم ڤرێکرد.

"٦"

سالی ١٨٧٩ ، بیرکردنەوە لە کڕینی مەزرایەک

فیودور میخائیلوفیچ، زۆر بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر چالاکی ئەدەبی دایە کزی یا مرد، چارەنووسی ماڵ و منداڵەکەی چۆن دەبێت، بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر قەرزەکانمان دایەوە، مەزرایەکی بچووک بکڕین و بە داهاتەکەی بژین، لە ٨/١٣ / دا نامەیەکی لە ئیمسەوە بۆ ناردم دەڵێت:

" گیانەکەم بەردەوام بیر لە مردنی خۆم دەکەمەوە ( لێرە زۆر بە جدی بیر دەکەمەوە) بیر لەوە دەکەمەوە دوای خۆم چی بۆ منداڵەکانم بەجێدەهێڵم، هەموان بە پارەدار و دەوڵەمەندمان دەزانن، لە کاتێکدا هیچمان نییە، من هەنوکە سەرقاڵی ماڵباتی کارامازۆفم، پێویستە بە شێوەیەکی باش کۆتایی بە ڕۆمانەکە بێنم، وەستایانە، وەکو زەڕنگەرێکی مەعلان و کارامە دایڕێژمەوە، کارێکی زۆر قورسە، ڕیسکێکی ترسناکە، هێز وتوانام لە بن دێنێت، بەڵام کارێکی چارەنووسسازیشە، ناو و ناوبانگم وەستاوەتە سەر ئەم ڕۆمانە، دەنا هەرچی هیوا و ئاواتم هەیە بەفێڕۆ دەچێت، تەواوی دەکەم ئەوجا لە کۆتایی ساڵدا دەرگای بەشداری لە " یاداشتی نووسەر" دا دەکەمەوە، لە ئابوونە و ئابوونمانی گۆڤارەکە، مەزرایەک دەکڕم، ئەوسا ( یاداشت) دەردەکەم و تا مەوعیدی ئایندەی ئابوونمان، بە پارەی فرۆشی کتێبان دەژیم، ئەمە کەمێک سەبر و تاقەتی دەوێت، دەنا نایەتە دی، بۆ ئێستا بەسە، دوایی دەتوانین پێکەوە ڕاوێژ و تەگبیر بکەین، چونکە تۆ حەز لە لادێ ناکەیت، بەڵام من باوەڕم وایە ١- مەزرا بۆ خۆی سەرمایەیەکە تا منداڵەکان پێدەگەن دەبێتە سێ چەنانە ٢- ئەوەی موڵک و زەوییەکی هەبێ ئیدی لە سەرووی دەوڵەتەوە، بەشداری دەسەڵات دەکات، ئەمە ئایندەی منداڵەکان، ئەمە ئایندەیان دیاری دەکات کە دەبنە چیی: هاوڵاتیانی بەهێز و سەربەخۆ، یان چەکل و بەرەڵا، لەم نامەیەشدا* (* نامەی ١٨٧٩/٨/١٦. ئا، گ. دوستویڤسکایا) دەڵێت:

"تا ئێستاش بیر لە مسۆگەرکردنی ئاینده و چۆنییەتی کڕینی مەزرایەک دەکەمەوە، باوەڕدەکەی هیندەی بیر لێدەکەمەوە خەریکە شێت دەبم، بە ڕاستی خەمی منداڵەکان و ئایندەی ئەوانمە."

لەم مەسەلەیەدا تەواو هەڤڕەئی مێردەکەم بووم، بەڵام هەرچی سەرم دێنا و سەرم دەبرد، لەم هەلومەرجەی ئێمەدا بیرکردنەوە لە ئایندەی منداڵەکان لە ڕێگەی موڵک و مەزرایەکەوە، پێناچێ بێتە دی، جارێ پێش هەموو شتێک، ئەگەر بمانتوانیبا مەزراکە بکڕین، ئەدی کێ کاری تیا بکردایە، کێ بەڕێوەی ببردایە؟ بەخێو و خزمەتی بکردایە؟ فیودورمیخائیلوفیچ سەرباری ئەوەی کە سەری لە کاروباری کوشتوکاڵ دەردەکرد، بەڵام خەریکی کارێن ئەدەبی بوو و باوەڕ ناکرێ بتوانێ و بپەرژێتە سەر کاروباری کوشتوکاڵ و مەزراداری، منیش کەم و زۆر سەرم لە کاروباری گوندی دەرنەدەکرد، لەوەیە پێنج ساڵی بوێ، تا فێری ژیان و کاروبارێن لادێ ببم، چونکە هیچم لێ نەدەزانی، هەنگێ ناچار دەبووین مەزراکە بە یەکێک بسپێرین، بەڵام بەگوێرەی تەجروبە وئەزموونی گەلێک لەو ناسیاوانەمان کە موڵک و مەزرایان هەبوو، مەزرایەک خۆت بەسەرییەوە نەبیت، نەبوونی باشترە.

بەلام فیودور میخائیلوفیچ سووربوو لەسەر ئەم بیرۆکەیە، ئەلهەقی منیش حەزم نەدەکرد بەرهەڵستی بکەم، پاشان داوام لێکرد کەمێک سەبر بکات، تا لە ئەنجامدا بەشی خۆمان لە میراتی پووری مێردەکەم، پوورە ئا. ف. کومانینا*(* ئەلکسندرافیودوروڤنا کومانینا، (نیچایڤا پێش شووکردن)، ١٧٩٦- ١٨٧١: پووری فیودور میخائیلوفتچ دوستویفسکییە) هەنگێ پڕۆژەکەمان لەسەر ئەو پارچە زەوییە دەست پێدەکەین کە بەرمان دەکەوێ، فیودور میخائیلوفیچ بەگوێی کردم، بڕیاری دا هەقی ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆف) لە دەستەی نووسەرانی ( مژدەبەری ڕووسی) وەرنەگرێت و وەکو یەدەگێک لای ئەوان بمێنێ، هەرکاتێ دەستمان بە ئامادەکردنی مەزراکە کرد، لێیانی وەربگرێت.

لە هەوەڵی هەفتایەکاندا بەشە میراتی خۆمان وەرگرت، پارچە زەوییەکی گەورە بوو ڕووبەرەکەی شەش هەزار هێکتار بوو، لە سەد کیلومەتری ڕیازان لە نزیکی گوندی سباس- کلیبکا بوو، بەشی برایانی دوستویفسکی ( بەشی خوشکەکانیان بە

پارە قەبڵاند) سێ یەکی مەزراکە بوو، نزیکەی دووهەزار هێکتار بوو، لەو دوو هەزار هێکتارە پێنج سەد هێکتاری بەر فیودور میخائیلوفیچ کەوت.

جا چونکە میراتگرانی کومانینا ژمارەیا زۆر بوو، بۆیە ڕێکەوتنیان زۆر زەحمەت بوو، کەسیان تیا نەبوو بتوانێ بە تەنیا هەموو موڵکەکە هەڵگرێتەوە، هەروەها دەبوایە ئێمە و هەموو میراتگرەکانی دی، هەموو ئەو ئیلتیزاماتە بدەین کە لەسەر ئەرزەکە بوو، ئەمە جگە لەوەی دەبوایە پارە بدەین ن بە وەکیلەکەمان کە دەبوایە سەفەری مەزراکە بکات و ئەوراق و مەسرەف و خەرجی دادڤانی فەراهەم و ئامادە بکات، بەو جۆرە ئەم میراتییە جگە لە مەسرەف و سەرپەرشتی و ماندوێتی هیچی دی بۆ ئێمە تیا نەبوو.

ئەنجام میراتگران گەیینە قەرارێک زەویەکە وەکو خۆی وەربگرن و تەواو، زەویەکە هەمووی وەکو یەک نەبوو، لە دارستانی کۆنەوە تیای بوو تا بێشەڵان و مرداو و قۆپی و زۆنگاو، من و مێردەکەم قەرارمان دا کە ڕووبەرێکی کەمتر بەڵام لە شوێنێکی باش وەربگرین، بەڵم بۆ ئەوەی بەشی خۆمان هەڵبژێرین دەبوایە سەفەری ئەوێندەر بکەین و ئەرزەکە بدینین، ئیدی هەموو بەهارێک قەراری ئەوە دەدرا هەموو میراتگر و بەشدارەکان لە مەزرایەکە کۆببنەوە تا زەویەکە دابەش بکەن، بەڵام هەموو جارێک ئەم یا ئەو میراتگر بیانوویەکی دێنایەوە و ئامادەی کۆبوونەوەکە نەدەبوو، بەو جۆرە مەسەلەکە بۆساڵی ئایندە دواخرا.

ئەنجام لە هاوینی ١٨٧٩دا، میراتگرەکان بڕیاریان دا، لە مۆسکۆ کۆببنەوە تا بگەنە ڕێکەوتنی یەکجارەکی، ئەگەر لێرە ڕێکەوتن، هەنگێ هەموو دەچن بۆ ریازان و لەوێوە بۆ سەر موڵکەکە و لەوێندەر قەراری یەکجارەکی دەدەن و مەسەلەکە دەبڕێننەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ ئەوکاتانە بۆ چارەسەر چووبوو بۆ ئیمس، تەسەوڕ دەکرا دوای مانگێک بگەڕێتەوە، حەیفش بوو ئەم دەرفەتە لەبارە، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلە زۆر زەحمەتە، لە کیس بدرێ، لەلایەکی دییەوە، تیامابووم، باشە مێردەکەم لەم سەفەرە بۆ مەرزراکە ئاگادار بکەمەوە، بەتایبەتی کە ئەگەری ئەوەش لە ئارادا بوو سەرنەگرێت؟ جا من کە دەمزانی فیودورمیخائیلوفیچ چەند منداڵەکانی خۆشدەویست و چەند بە خەمی ئایندەیانەوەیە، کە زانیم سەفەرەکەی زۆر دەخایەنێت، دەترسام بێزاری بکەم و چارەسەرەکەی لێ بشێوێنم، خۆشبەختانە

ڕەزامەندی مێردەکەمم وەرگرت کە منداڵەکانم بەرم بۆ دێری ستولبینسکی ( لە دووری سەد کیلومەتری روسا) بوو، ئەم سەفەرە بەلای کەمەوە هەفتەیەکی دەخایاند، بۆیە لێبڕام بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژێک لە مۆسکۆ لابدەم، بەڵام هەرکە گەیمە ئەوێندەر و دیتم میراتگرە سەرەکییەکان بۆ مەزراکە دەچن، ئیدی بڕیارم دا ئەم دەرفەتە لە کیس نەدەم و بەخۆ و منداڵەکانمەوە بەگەڵیان بکەوم و تەمەشای ئەرزەکە بکەم و بەشی مێردەکەم هەڵبژێرم،سەفەرەکەمان بۆ موڵکەکە نزیکەی دە ڕۆژی خایاند،بە سەلامەتی بڕایەوە،لەوێندەر توانیم بەشی مێردەکەم هەڵبژێرم- دووسەد هێکتار دارستان بوو، لە جێگایەک بوو پێیان دەگوت ( بیخورکا) سەد هێکتاریش زەوی کوشتوکاڵی.

فیودورمیخائیلوفیچ. لەو نامانەیدا کە لە ئیمسەوە بۆی دەناردم، زۆر منەتباری ئەو هەڵبژاردنانەی من بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا زۆر گلەیی لێکردم کە بۆچی مەسەلەی سەفەرەکەم لێ شاردۆتەوە، هەڵبەتە هەر بە تەبیعەت حەزم نەدەکرد هیچ شتێک لە فیودور میخائیلوفیچ بشارمەوە، بەلام هەندێجار بۆ ئەوەی بێزاری نەکەم، هەندێ شتم لێدەشارەدەوە، حەزم نەدەکرد بێتاقەت بێ، هەڵبچێ، چونکە دەبووە مایەی ئەوەی نۆرە فێی لێبێت، کە ئەمەش بۆ سحەتی زۆر خراپ بوو، نەخاسما ئەگەر لە ماڵ و منداڵەوە دوور بوایە.

لە هەوەڵی مانگی ئەیلولدا، گەراینەوە بۆ روسا، ژیانمان گەڕایەوە سەر ڕێڕەوی جارانی خۆی: هەموو ڕۆژێک لە سەعات دووی نیوەڕۆدا، کۆمەڵێک خەڵکمان لێ کۆدەبوونەوە، هەندێکیانمان دەناسین و هەندێکیانمان نەدەناسین، ئەمانە لێکدا لێکدا بۆ لای فیودور میخائیلوفیچ دەهاتن، هەندێجار نزیکەی یەک سەعات لەلای دادەنیشتن، من دەمزانی قسە و باسێن بە درێژا مێردەکەمی بێزاردەکرد، بۆیە هەندێجار کارەکەرەکەم بۆ لای دەنارد کە پێی بڵێ ئیشی دەقیقەیەکم پێیەتی، کە دەهات پەرداخێک چای تازەم دەدایە، بلەز دەیخواردەوە، ئەوجا لە منداڵەکانی دەپرسی و بەپەلە بۆ لای میوانەکان دەگەڕایەوە، هەندێجار کە گەنگەشە و گفتوگۆکان درێژەیان دەکێشا، ناچار فیودور میخائیلوفیچم بۆ ژووری میوان بانگ دەکرد، کە گوایە نوێنەرێک هاتووە، دەیەوێ سەبارەت بە کۆڕێکی ئەدەبی ( بۆ کۆمەڵەیەک) قسەی دەگەڵ بکات، یان برادەرێ هاتووە پەلەیەتی ناتوانێ چاوەڕوان بکات، دەیەوێ بیدینێ.

ئەم زستانە هاوسۆزی خەڵکەکە دەگەڵ فیودورمیخائیلوفیچدا زیادی کردبوو، ( هەڵبەتە لە سۆنگەی سەرکەوتنی ڕۆمانی برایانی کارامازۆفەوە بوو) ئیدی کارتی دەعوەتی ڕێزلێنان و ئێوارە کۆڕێن ئەدەبی و ئاهەنگی سەما و موسیقای بۆ دەهات، هەندێجار ئەگەر بیتوانیایە بچێت، تەوازووی دێنایەوەو نامەی سوپاس و منەتباری دەنارد، هەندێجار منی دەنارد، نەبا خودان دەعوەتەکان زیز ببن، جاری وا هەبوو دوو سەعاتێک دادەنیشتم، پاشان بێزار دەبووم، دەچووم بەڕێوەبەرانی ئاهەنگ و کۆڕەکانم دەدۆزییەوەو لە جیاتی مێردەکەم سوپاسم دەکردن کە بەسەریان کردووەتەوە و عوزورخواییم بۆ دێنانەوە کە کاری لە ناکاوی بۆ پەیدا بووە، بۆیە بەخۆی نەهاتووە،هەڵبەتە ئەم شتانە لە خوت و خۆڕایی بێ ئەوەی هیچ خێرێکیان بۆمان هەبێ، ژیانیان جەنجاڵ کردبووین.

لە هەیڤی ١٢/ ١٨٧٩دا، فیودور میخائیلوفیچ ناچار بوو لە چەند ئێوارە کۆڕێکی ڕۆشنبیریدا بەشداری بکات و محازەرە بڵێتەوە، بۆ نموونە لە ١٢/١٦دا محازەرەیەکی بە قازانجی قوتابیانی کەمئەندامی ناوەندی لارینسکایا گوتەوە، چیرۆکی" منداڵێک لەگەڵ مەسیحدا لای درەختی کریسمیس" بۆ ئامادەبووان خوێندەوە، خوێندنەوەکە لە سەعات یەکی نیوەڕۆدا دەستی پێکرد، یەکێک لە ئامادەبوانی کۆڕەکە ئەکتەری بەنێوبانگ و چیرۆکنووس ئی. ف. گوربونوف* بوو ( * ئیڤان فیدروفیچ گوربونوف ١٨٣١- ١٨٩٥: نووسەر و ئەکتەر بوو لە شانۆیی ئەلکسندروفسکی لە پترسبورگ.) ئێستاش لەبیرمە کە ئامادەبوونی ئەو جۆش و خرۆشێکی لە هۆڵەکەدا دروستکرد، ئەدیبەکان دوای ئەوەی لە بژاردەی بەرهەمەکانیان بوونەوە، لە شوێنی خۆیاندا مانەوە و نەچوون بۆ لای جەماوەری خەڵکەکە، ئیڤان فیدوروفیچ، زۆر دڵی خۆشبوو، گەلێک لە حیکایەت و چیرۆکە تازەکانی بۆ ئامەدبووان خوێندەوە....

لە ١٢/٣٠ دا دانی بەیانی کۆڕێکی ئەدەبی گیرا، فیودورمیخائیلوفیچ بەوپەڕی وەستاییەوە ( سەرپەرشتیار باشی) لە ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆف) خوێندەوە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، جەماوەرەکە زۆر بە گەرمی کەوتنە چەپڵە لێدان، کە دەیویست بێتە خوارەوە بەزەبری چەپڵەڕێزان دەیانگێڕایەوە بۆ سەر تریبونەکە ٢٣٥+.

## ساڵانی ١٨٧٩- ١٨٨٠

بەدرێژایی ساڵانی ١٨٧٩- ١٨٨٠ زۆرجار فیودور میائیلوفیچ ناچار دەبوو کۆڕ و سیمینار بە قازانجی کۆمەڵەێن جۆرا و جۆری خێرخوازی و سەندووقی ئەدەبی و ... هتد.. بگرێت.

جا چونکە باری تەندروستی باش نەبوو، هەمیشە لەگەڵیا بۆ ئەو ئێوارە کۆڕە ئەدەبییانە دەچووم، بەخۆشم حەزم دەکرد گوێ لە خوێندنەوە هونەرییەکانی بگرم، بەچاوی خۆم ببینم جەماوەی پترسبورگ بە چ چەپڵەڕێزانێکەوە پێشوازی و خێرهاتنیان دەکرد* (* هەمیشە دەگەڵ خۆمدا بۆ ئەم ئێوارە کۆڕانە، ئەو کتێبەم دەگەڵ خۆدا دەبرد کە مێردەکەم بابەتەکەی لێ هەڵدەبژارد، هەروەها دەرمانەکانی، بەتایبەتی دەرمانی کۆکە کە بریتی بوو لە کۆمەڵێک حەپ کە لە ئیمسەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، دەستەسڕی زیادە و بالاپۆشێکم دەگەڵ خۆدا دەبرد، تا کە چووە دەرێ لەبەری بکات و سەرمای نەبێت و زۆر شتی تریشم دەبرد، کە فیودور میخائیلوفیچ بەو شتانەوە دەیبینیم پێی دەگوتم: "سیلاحداری ئەمین"، ئا.گ. دوستۆیڤسکایا.)

بەشی هەرە زۆری ئێوارە کۆڕەکان لە کۆمەڵەی بیمە، کە کەوتبووە ڕەخی بەرانبەر شانۆی ئەلکسندروفسکییەوە ساز دەکرا.

مخابن، دەرکەوتنم لەو ناوەندە کۆمەلایەتیانە بڕێجار ئاریشەی کتوپڕی لێدەکەوتەوە، هەڵبەتە بەهۆی غیرە وحەسوودی بێ بنج و بناوانی فیودور میخائیلوفیچەوە، کە هەندێجار ئیحراجی دەکردم، لێرەدا یەکێک لەو هەڵوێستانە وەکو نموونە دەگێڕمەوە.

ڕۆژێکیان کەمێک لە یەکێک لەو ئێوارە کۆڕە ئەدەبیانە دواکەوتین، خەڵکێکی زۆر لە جەماوەر و بەشداران لەوێ چاوەروانی ئێمەیان دەکرد، کە گەیشتینە ئەوێ هەموو خەڵکەکە بە گەرمی و ڕاستگۆیانە سڵاویان لە فیودور میخائیلوفیچ دەکرد، پیاوان دەستی منیان ماچ دەکرد، پێدەچوو ئەم دابە کۆمەڵایەتییە ( دەست

ماچکردن) بەلای مێردەکەمەوە پەسەند نەبێت، بە ساردی سڵاوی هەمویانی سەندەوە و پاشان گۆشەیەکی گرت، تۆرا، یەکسەر هۆی زیزبوونەکەیم زانی، دوای چاک و خۆشی و موجامەلە لەگەڵ خەڵکەکەدا، لەلای مێردەکەمەوە دانیشتم و ویستم کەمێک هێوری بکەمەوەو لەو دۆخە دەروونییە بێتە دەرێ، لێ فایدەی نەبوو، دوو سێ جار پرسیارم لێکرد بەلام پەرسڤی نەدامەوە، ئەوجا خێسەیەکی توندی لێکردم و گوتی:_ برۆ بۆ لای ئەو!

حەپەسام گوتم:_ بۆ لای کێ؟

_ تێنەگەیشتی؟

بزەیەکم بۆ کرد و گوتم:_ تێنەگەیشتم بۆ لای کێ برۆم؟

_ بۆ لای ئەو کەسەی بە تاسەوە دەستتی ماچ کرد!

هەڵبەتە هەرهەموو ئەو پیاوانەی کە دەستیان ماچ کردبووم، بە دڵێکی زۆر پاکەوە، زۆر بە ئەدەبەوە ئەو کارەیان کرد، بۆیە نەمتوانی قەراری ئەوە بدەم کە کیهەیان لە نۆڕینی مێردەکەمەوە، شەریکی ئەو تاوانەیە کە من کردبووم، ئەم گفتوگۆیە لەنێوان من و فیودور میخائیلوفیچدا بە دەنگی ئاشکرا کرا، تەنانەت ئەوانەی لە نزیکمانەوە دانیشتبوون بە ئاشکرا گوێیان لێمان بوو، جا بۆ ئەوەی "سیناریۆیەکی خێزانی" ڕونەدات پێمگوت:

_ زۆر چاکە فیودور میخائیلوفیچ وا دیارە مجێزت تەواو نییە و ناتەوێ قسەم دەگەڵدا بکەیت، باشتر وایە برۆم بۆ هۆڵەکە و جێگایەک بۆ خۆم بگرم، خوا حافیز؟

دوورکەوتمەوە دوای پێنج دەقیقە پاڤڵ ئەلکسندروفیچ گایدیبوروڤ* (* پاڤڵ ئەلکسندروفیچ گایدیبونوروف ١٨٠٧- ١٨٨٢: ڕۆژنامەنووس، نووسەر و خاوەنی گۆڤاری، "فیدلیا" بوو.) هات بە شوێنمدا و گوتی فیودور میخائیلوفیچ بانگم دەکات، وام وێنا دەکرد، مێردەکەم ئەو بەشەی لە کتێبەکەدا بۆ نادۆزرێتەوە،کە بەتەما بوو بیخوێنێتەوە، بە پەلە چووم بۆ لای، بەڵام مێردەکەم دوژمنانە پێشوازی کردم، بەتەشەرەوە گوتی:_ خۆت پێنەگیرا؟ خێرا چوویت بیدۆزیتەوە؟

بەدەم نەرمە پێکەنینەوە گوتم:_ دەی باشە با وابێت، بەلام من هاتووم بۆ لای تۆ تا بزانم هیچت پێویست نییە؟

_ نەخێر هیچم پێویست نییە.

_ خۆ تۆ خۆت بەشوێنتا ناردبووم.

_ بیرم لە شتی وا نەکردووەتەوە؟ بێزەحمەت بوختان مەکە!

_ دەی باشە کە بەشوێنتا نەناردووم خواحافیز، من دەڕۆم.

دوای دە دەقیقەیەک یەکێک لە خاوەن کۆڕەکە هات بۆ لام و گوتی مێردەکەم گازم دەکات، پێمگوت ئێستا لەلای بووم  و حەز ناکەم مجێزی بشێوێ و بیری لای ئەو بابەتە نەمێنێ کە گەرەکییە بیخوێنێتەوە، ئیدی نەچووم، بەڵام یارۆی بەرێوەبەری کۆڕەکە، لە پشووی یەکەما دیسانەوە هاتەوە بۆ لام و گوتی مێردەکەم سوورە لەسەر ئەوەی بچم بۆ لای، بلەز چووم بۆ لای مێردە ئازیزەکەم، سەیرم کرد نائومێدی نیشتووەتە سەر روخساری  و شەقڵی هەستکردن بە ئازاری پێوە دیارە، بەسەرما دانەوییەوە و لە بن لێوانەوە بەگوێیدا چرپاندم:

"بمبورە ئانیچکا گیان، کوا دەستم وێدە، هیوای بەختەوەریم بۆ بخوازە: هەنووکە دەچم بابەتەکەم دەخوێنمەوە."

هەڵبەتە زۆر خۆشحاڵ بووم کە فیودور میخائلوفیچ هێور بووبووەوە، بەڵام هەرچەندم کرد نەمتوانی بزانم کێ لە ئامادەبوان ( کە هەر هەموویان خەڵکی پیرەمێردی بەڕێز بوون) جێگەی گومانی مێردەکەم بوو، بەڵام ئەو قسە نەنگینانەی کە مێردەکەم دانی بەگوێما " بەڵێ خانمی فەڕەنسی مەدح ئاوا دەبێ" وای لێکردم مەزەنە بەرمە سەر پیرەمێرد گریگوروفیچ* (* دیمتری ڤاسیلیڤیچ گریگوروفیچ ۱۸۸۲- ۱۸۹۹: نووسەر و لە چلەکانەوە دۆستی دوستویفسکی بوو).کە جێی گومان ومایەی غیرەی مێردەکەمە ( دایکی فەرەنسی بوو)

 پاش ئەوەی لە کۆڕەکە تەواو بووین و بۆماڵەوە گەڕاینەوە، گلەییەکی توندم لە مێردەکەم کرد کە ئەم خانەگومانی و دڵپیسییە خۆڕاییە چییە، ئیدی فیودور میخائیلوفیچ وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی کەوتە خاک و پام، ئیعترافی بە هەڵەکەی خۆی کرد و داوای بوردنی کرد و سوێندی خوارد کە هەرگیز جارێکی دی کاری وا نەکات و پەشیمانی عەزابی دەدات و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم

بەدگومانی و غیرە لە ناکاوە یەک دانە سەعاتی ڕیک بەری نەداوە و لە ئەنجامی ئەمەوە هەستی بە کلۆڵییەکی زۆر کردووە.

ئیدی ئەم جۆرە دیمەنانە لە زۆربەی کۆڕە ڕۆشنبیرییەکاندا دووبارە دەبووەوە، فیودورمیخائیلوفیچ بەردەوام یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆڕەکەی، یا ناسیاوێکی دەنارد تا ببینێ من لە کوێ دانیشتووم و دەگەڵ کێدا قسە دەکەم.

هەندێجار لە دەرگای ژووری کتێبخانەکە نزیک دەبووەوە و بە ئاستەم دەیترازاند تا لە دوورەوە تەماشایەکی ئەو شوێنە بکات، کە پێیان گوتبوو من لەوێندەرم (ئەو سەردەمە وا باوبوو خزمانی کۆڕگر، لەپاڵ دیواری دەستەڕاستی هۆڵەکە، کەمێک لەدوای ڕیزی یەکەمەوە دادەنیشتن.)

فیودورمیخائیلوفیچ کە دەچووە سەر شانۆ، کڕنووشی بۆ جەماوەرەکە دەبرد، جەماوەرەکە دەستیان بە چەپڵە لێدان دەکرد، یەکسەر دەستی بە خوێندنەوە نەدەکرد، بەڵکو چاوێکی بە هەموو ئەو خانمانەدا دەگێڕا کە لای ڕاستی دیوارەکەوە دانیشتبوون، جا بۆ ئەوەی مێردەکەم بمدینێ، بە دەستەسڕە سپییەکەم دەکەوتمە سڕینی هەنییەم، یا لە جێگاکەی خۆمەوە هەڵدەستامە سەر پێیان، هەرکە فیودور میخائیلوفیچ دەیدیتم، هەنگێ دەستی بە خوێندنەوە دەکرد، دیارە ناسیاوەکانم و کارگێڕانی ئێوارە کۆڕەکە، هەستیان بەو چاودێری و تاقیبکردنەی مێردەکەم کردبوو، دیارە گاڵتە بە ڕاست ئەو هەڵوێستانەیان بە ڕوودا دەدامەوە و لە دڵی خۆدا زۆرم لا ناخۆشبوو، تووڕە دەبوم، هەستم بە بێزاری و بێتاقەتی دەکرد، جارێکیان کە بە دووقۆڵی بۆ ئێوارە کۆڕێک دەچووین، بە فیودور میخائیلوفیچم گوت:ـ دەزانی گیانەکەم ئەگەر ئەمڕۆ وەکو جاران بە نیگا تاقیبم بکەیت و لەناو جەماوەرەکەدا بۆم بگەڕێی، باوەڕم پێبکە لە شوێنی خۆم هەڵدەستم و ڕێک لە قۆڵی تریبۆنەکەوە دەچمە دەرەوە.

فیودور میخائیلوفیچ زۆر بە جدی گوتی:ـ منیش تریبۆنەکە بەجێ دەهێڵم و بازێک دەدەم و بەغار دووت دەکەوم، تا بزانم چی قەوماوە و بۆ کوێ دەڕۆیت.

هەنگێ گومانم لا نەما، کە ئەگەر لە ناکاوا لە هۆڵەکە وەدەربکەوم، لەدەستی دێت ئەو کارە حەیابەرەیە بکات.

"٨"

فیودور میخائیلوفیچ

تووشی ئافەتی بیرچوونەوە دەبێ.

پەرکەم و فێ کاریگەری گەورەی بە سەر یادگەی فیودور میخائیلوفیچەوە هەبوو، بەتایبەتی لە مەسەلەی بیرهاتنەوەی ناو و ناسینەوەی خەڵکیدا، چونکە توانای ناسینەوەی سەروسیمای خەڵکی نەبوو، ناحەزانێکی زۆری بۆ پەیدا بوون کە ناوی خۆیان پێدەگوت و نەیدەتوانی بە بێ پرس و جۆیەکی زۆر، ئەو خەڵکانە بناسێتەوە و بزانێ کێن، ئیدی ئەمە زۆریانی پەست دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی کە دانیان بە نەخۆشییەکەیدا نەدەنا، ئەمەیان بە جۆرەفرناخی و ڕۆحزلییەک لەقەلەم دەدا، یا وایان لێکدەدایەوە کە بە ئانقەست خۆی لە گێلی دەدات و سووکایەتی و بێ ڕێزییان پێدەکات، حەزدەکەم لەم ڕووەوە ئەم ڕووداوە بگێڕمەوە، ڕۆژێکیان چووینە سەردانی ماڵباتی مایکوف، فیودور میخائیلوفیچ لە سەر قاڵدرمەکەیان تووشی ف. ن. بیرگ بوو، بیرگ ڕۆژانێ لە گۆڤاری ( کات) کاری دەکرد، فیودور میخائیلوفیچ ئەم پیاوەی بەتەواوەتی بیرچووبووەوە، بیرگ چاک و خۆشییەکی گەرمی دەگەڵ مێردەکەمدا کرد، کابرا کە دیتی نایناسێتەوە گوتی: _ فیودور میخائیلوفیچ، ئەوە چییە نامناسیتەوە؟

_ بمبورە ناتناسمەوە.

_ من ( بیرگ)م.

_ بیرگ؟

مێردەکەم نیگایەکی پرسیارئامێزی کرد ( پاشان مێردەکەم بۆی گێڕامەوە ئەوەی لەو ساتەدا بیری کەوتبووەوە، بیرگی ئەڵمانی، زاوای ئال روستوفی قارەمانی ڕۆمانی ( شەڕ و ئاشتی) بوو.

کابرا زیاتر بۆی ورد کردەوە و گوتی:_ بیرگی شاعیر، بەڕاستی نامناسیتەوە؟

مێردەکەم وەلامی دایەوە، ئەوسا دووبارەی کردەوە:_ بیرگی شاعیر؟ خۆشحاڵم، خۆشحاڵم!

بەڵام بیرگ کە مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی خۆی پێبناسێنێ، زۆر دڵنیا بوو کە فیودور میخائیلوفیچ بە ئانقەست خۆی لێ نەناس کرد، بە درێژایی تەمەنی ئەم بێڕێزییەی لەبیر نەکرد.

جا فیودور میخائیلوفیچ لە سۆنگەی ئەم ئافەتی بیرچوونەوەیەدا چەندەها نەیار و ناحەزی بۆ چێبوو، بەتایبەتی لە ڕیزی ئەدیبەکاندا.

ئیدی ئەم ئافەتی خەڵک نەناسینەوەیەی فیودور میخائیلوفیچ منیشی خستبووە هەڵوێستێن زۆر ناخۆشەوە،

لەمبارەیەوە بوویەرێکی کۆمیدیتان بۆ دەگێڕمەوە، من و مێردەکەم ساڵی سێ چوار چەل بە بۆنەی ئاهەنگ و جەژنانەوە دەچووینە میوانی (میخائیل نیکولایفیچ سنتیکین)ی پسمامم، حەزیدەکرد خزمان لە ماڵی خۆیدا خڕبکاتەوە. زۆربەی جارەکان دایکی ڕوحی منمان( ئەلکسندرا پاڤلوڤنا) مان کە لەوەتای شووم کردبوو، سەرم نەدابوو، لەوێ دەبینی. بۆیە سەرم نەدەدا، چونکە بیروباوەڕی سیاسی مێردەکەی دەگەڵ بیروبۆچوونی فیودورمیخائیلوفیچدا تێکی نەدەکردەوە، ئەلکسندرا پاڤلوڤنا، هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد، چونکە هەرچەندە هەموو جارێک زۆر بە لوتفەوە پێشوازی مێردەکەمی دەکرد، بەڵام مێردەکەم قەت قسەی دەگەڵ نەدەکرد، ئەم گلەییەی لەلای هەمووو خزمەکانم کردبوو، ئەوانیش بۆ منیان گێڕایەوە، ئیدی لە یەکەمین سەردانی ماڵباتی سنیتکیندا، داوام لە مێردەکەم کرد قسەی دەگەڵدا بکات و بەگوێرەی توانا ڕووی بداتێ.

فیودور میخائیلوفیچ بەڵێنی دامێ:_ باشە باش، تۆ بەس پێمبڵێ کامەیە، ئیدی هەقت نەبێ، ئیدی بابەتێکی خۆش دەدۆزمەوە و لەگەڵیا باسی دەکەم، بە دڵی تۆی لەگەڵ دەکەم.

کە گەیشتینە ئەوێ بە ئاماژە فیودور میخائیلوفیچم تێگەیاند کە ئەو خانمەیە لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە، لە سەرەتاوە بەبایەخەوە تەماشای کرد، ئەوجا تەمەشای منی کرد، جارێکی دی کەوتەوە تەمەشای ئەو، پاشان زۆر بەڕێزەوە

سڵاوی لێکرد، ئیدی بەدرێژایی شەوبێرییەکە نەچووەوە بەلایا، کە بۆ ماڵ گەراینەوە، گلەییم لێکرد کە ئەم حەزە سادەیەی منی نەهێنایە دی.

فیودور میخائیلوفیچ حایر و حەپەساو وەلامی دامەوە:_ ئانیا بێزەحمەت پێم ناڵێی کێتان دایکی ڕوحی کێتانن؟ تۆ ئەوت تەعمید کردووە یا ئەو تۆی تەعمید کردووە؟ زۆر بە وردی تەمەشای هەردووکتانم کرد: هەردووکتان لەیەکدی دەچن، وام لێهاتبوو نەمدەتوانی جیاتان بکەمەوە، جا بۆ ئەوەی لێم تێکنەچێت، وام بەباش زانی لێی نزیک نەبمەوە.

فەرقی تەمەنی من و دایکە ڕوحییەکەم زۆر نەبوو، ( شازدە ساڵ بوو) جا لەبەر ئەوەی من هەمیشە جلکی زۆر ئاساییم لەبەر دەکرد و زۆربەی جار جلکی تاریکم لەبەر دەکرد و ئەو بەخۆیدا ڕادەگەیی و جلی جوان و ڕەنگاو ڕەنگی لەبەر دەکرد، بەئاشکرا لەمن بچووکتر دیاربوو، بۆیە مێردەکەم چەواشە بوو بوو.

بەڵام خۆش ئەوە بوو دوای ساڵێک جارێکی دی بۆ بە سەربردنی جەژنی کریسمس، ماڵباتی سنیتکین دەعوەتیان کردینەوە، بێگومان دایکە ڕوحییەکەی منمان لەوێندر دەبینی، بۆیە داوام لە مێردەکەم کرد هەمان داخوازییەکەی پارم بۆ جێبەجێ بکات، هەڵبەتە پاش ئەوەی بۆم گێڕایەوە کە ئەو ژنە چەند لە منەوە نزیکە، وا دیاربوو مێردەکەم زۆر بەجدی گوێی لێگرتم ( لە هەوەڵەوە بیر و خەیاڵی لە شوێنێکی دیکە بوو) بە هەرحاڵ بەڵێنی دامێ کە مجامەلەی دەکات. وەکو چۆن پار بەڵێنەکەی نەبردە سەر، ئەمساڵیش نەیبردە سەر: هەمان گومانی پاری لا چێ بوو بوو، سەری لێتێکچوو بوو، کە " کیهەمان داکی ڕوحی کیهەمانین" ئیدی مێردەکەم پێی جوان نابێت لەبەرچاو غەریبان پرسیارم لێبکات.

فیودور میخائیلوفیچ، ناوی نزیکترین کەسانی خۆمانی بیر دەچووەوە، زۆرجار ئەمە ئیحراجی دەکرد، جارێکیان مێردەکەم لە درزدن دەچێت بۆ کونسولخانەی خۆمان تا ئیمزایەکی من لەسەر وەکالەتنامەیەک تەسدیق بکات، ( خۆم لەبەر نەخۆشی نەچووم) کە لە پەنجەرەکەوە دیتم فیودور میخائیلوفیچ بەهەڵەداوان بەرەو ماڵ دێتەوە، خێرا بەرەو پیری چووم، بە شپرزەیی خۆی بە ژووردا کرد و بە تووڕەیی لێی پرسیم:_ ئانیا، تۆ ناوت چییە؟ ناوی تۆ و فامیلت چییە؟

حایر و حەپەساو، وەڵامم دایەوە:_ دوستویفسکایا.

_ دەزانم دوستویفسکایایە، بەڵام ناوی شورەتی پێش شووکردنت چییە؟ لە کونسولْخانە ناوی شورەتی پێش شوکردنیان پرسیت، بیرم چووەوە دەبێ ئێستا جارێکی دی بۆ ئەوێندەر بڕۆمەوە، کوا لەم ئەنکێتەدا بینووسە دەنا هەمدیس لە ڕێگا بیرم دەچێتەوە!

جا فیودور میخائیلوفیچ زۆرجار ئەو هەڵوێستانەی دەهاتە پێش، مخابن، ناحەزی زۆری بۆ دروستکرد.

پەراوێز و ڕوونکردنەوە:

٢٠٧- بابەتی محازەرەکان دەربارەی ( چەند خوێندنەوەیەک لەمەڕ خوا مرۆڤ) بوو بە شایەدی دوستویفسکی خۆی ژمارەی ئامادەبوان لەم محازەرانەدا دەگەییە هەزار کەس) ( نامەیەکی دوستویفسکی لە ١٨٧٨/٣/٢٤ دا بۆ ن. ب. بیترسون- نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٩)

٢٠٨ - ئەو محازەرەیەی کە ڤلادیمیر سولوڤیوڤ پێشکەشی کرد و دوستویفسکی و تولستوی ئامادەی بوون، لە ١٠/٣/ ١٨٧٨ دا پێشکەشکراوە " تولستوی" ش لەلای خۆیەوە داخی بۆ ئەوە دەربڕیوە کە ستراخوف ئاگاداری نەکردووە کە "دوستویفسکی" ش لە محازەرەکەدایە، بۆ زانیاری پتر لە سەر ئەم بابەتە بڕوانە بەشی دوازدەیەمینی ئەم کتێبە، فەسڵی "گفتوگۆیەک لەگەڵ تولستوی" دا.

٢٠٩- لێرەدا مەبەست لە ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆفە).

٢١٠ - بڕوانە نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٢٩، دوستویفسکی لە ماوەی ٢٣-٢٩/ یونیو/ ١٨٧٨ دا بە هاوڕێیانی ڤلادیمیر سولوڤیوڤ چوو بۆ دێری ئوبتینا، سەبارەت بەم زیارەت و سەفەرە بڕوانە بیرەوەرییەکانی ڤلادیمیر سولوڤیوڤ- ڤلادیمیر سولوڤیوڤ، کۆبەرهەمەکان، بەرگی سێیەم، سان پترسبورگ ١٩١٢- ل ١٩٧ هەروەها بڕوانە وتاری ( جماعات و وجوه) نووسینی د. ئی. ستاخییف. مژدەبەری مێژوویی، ١٩٠٧، ژمارە یەک، ل ٨٤- ٨٨. دێری ئوبتینا، دێرێکی کۆنە، بەگوێرەی پێشبینییەک لە سەدەی چواردەدا دامەزراوە، کەوتووەتە نزیکی شاری کوزیلسک، لە پارێزگای کالۆگا، ئەم دێرە کەگەڵ چەند دێرێکی دیکەی وەکو دێری ساروڤسکایا ( لە

پارێزگای تامبوف)و دێری گیلنسکایا ( لە پارێزگای کورسک)ودێری بیلوبیریچیڤسکایا(لە پارێزگای ئەرلۆف) وکۆمەڵێک باوکە ڕەبەنی تایبەتیان تیا هەڵکەوت، ( باوک لە ئەرتەدۆکسیەتدا بەمانای ڕابەری ویژدان دێت) باوکانی دێری ئوبتینا، هەمیشە مەڵبەنی ڕاکێشانی گەورە پیاوانی ئەدەب و هونەر بوون، گەلێک لەو کەڵە ناودارانە زیارەتی ئەم دێرەیان کردووە، لەوانە: گوگول، دوستویفسکی، تولستوی، ئەبوختین، چوکوفسکی، ڤلادیمیر سولوڤیوڤ، ئەلکسی تولستوی. مەکسیم گورکی، ب. ف. ئی. ف کیرییفسکی. ن.س.لیسکۆف، تۆرگینیف وفۆرمانۆف(بڕوانە: د.ب. بوگدانوف، " دێری ئوبتینا و ئەو نووسەرە ڕووسانەی زیارەتیان کردووە) " مژدەبەری مێژوویی" ١٩١٠، ژمارە دە) ئەوەی مایەی سەرنجە هەندێک کتێب لە کتێبخانە تایبەتیەکەی دوستویفسکیدا هەن، دەربارەی ئەو دێرەن، لەوانە:( بیوگرافیای بابە لیونید، (بەرلەوەی بچێتە ڕیزی ڕەبەنایەتییەوە ناوی لیڤ بوو)، لە دێری ئوبتینادا"، مۆسکۆ ١٨٧٦ هەروەها کتێبی وەسفی مێژوویی کوزیلیسکایا ڤیدینسکایا لە دێری ئوبتینادا) چاپی سێیەم، موسکۆ، ١٨٧٦ ستراخوفیش بە دوور و درێژی باسی چوونی خۆی و تۆلستۆی بۆ دێری ئوبتینا لە ساڵی ١٨٧٧ دا، بۆ دوستویفسکی کردووە)

٢١١- لە (چەند سەرنجێک دەربارەی بەرهەمەکانی ف،م. دوستویفسکیدا) ئاناگریگوریڤنا، پەیڤەکانی زوسیما لە ( برایانی کارامازۆفدا) بە نمونە دێنێتەوە: "دایکە لە نوێژەکانما بانگت دەکەم، بانگی خەمەکانت دەکەم، ناوی مێردەکەشت دێنم، دوعای سەلامەتی بۆ دەکەم"( دوستویفسکی ١٩٥٦- ١٩٥٨، بەشی نۆیەم ل٦٦، هەروەها دەڵێت: "فیودور میخائیلوفیچ پاش ئەوەی لە ساڵی ١٨٧٨ دا لە دێری ئوبتینا زفڕییەوە، ئەو قسانەی بۆ گێڕامەوە کە لەوێندەر، قسەی دەگەڵ بابە ئەمفروسی دا کردبوو و باسی خەمباری خۆمان و مردنی منداڵەکەمانی بۆ کردبوو، ئیدی بابە ئەمفروسی بەڵێنی بە فیودور میخائیلوفیچ دابوو کە لە نوێژەکانیدا "ناوی ئەلیوشا ببات" و " خەمباری من ئەلیوشا ببات" و "دوعا و نزای سەلامەتی بۆ خۆمان و منداڵەکانمان بکات" ئیدی فیودور میخائیلوفیچ قسە و بەڵێنەکانی بابە ئەمفروسی کە بەڵێنی دابوو، نوێژ و نزامان لەپێناودا بکات، زۆر بەلاوە خۆش دەبێت، سوکنایییەکی زۆر بە ڕوحی پەرێشانی دەبەخشێت، ( گروسمان، سیمینارەکان ل ٦٧) هەڵبەتە بابە ئەمفروسی تا ڕادەیەکی زۆر بە نموونەی ئەسڵی بابە زوسیما لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆفدا دێتە ژماردن، ئەوەی زۆر جوان و

لەزەتبەخشە بەراوردی نێوان فەسڵی " بۆنی جەنازە" لە فەسڵی حەوتەمی "برایانی کارامازۆف" لەگەڵ ئەو قسانەدایە کە دوستویفسکی لە دێری ئوبتینادا لە بابە ئەمفروسی بیستبوون، کە ئەمفروسی زۆری دووبارە دەکردنەوە:" لە ژیانما ستایشی زۆرم لە خەڵکی بیستوون، بۆیە بۆنی بۆگەنی لە جەستەم دێت". سەبارەت بە بابە ئەمفروسی، نموونەی ئەسڵی زوسیما، بڕوانە وتارەکەی ر.ف. بلیتنیف "حەکیمانی دڵ" ( دەربارەی باوکان) لەلای دەستویفسکی) لە کتێبی "دەربارەی دوستویفسکی"، کۆ وتارێکە ئا.ل بیم ئامادەی کردووە، بەشی دووەم، پراگ، ١٩٣٣، ل ٧٣- ٩٢ )

٢١٢- بۆ نموونە بڕوانە بیرەوەرییەکان: یاریدەدەرانی دکتۆران- ئا. دوکانوفیچ، دەربارەی وتەکەی دستویفسکی لەو ئێوارە کۆڕە ئەدەبییەدا، کە لە قوتابخانەی یاریدەدەرانی دکتۆراندا سازکرا، ( گۆڤاری نابلیو داتل = چاودێر، ١٨٨٥ ئوکتوبەر، ل ٣٣٢- ٣٣٤)، ی. ئا. شتاکینشنایدر- دەربارەی وتەکەی دوستویفسکی لەوئێوارە کۆڕە ئەدەبییەدا کە لە ناوەندی کچاندا سازکرا، (ی.ئا. شتاکینشنایدر،بیرەوەری ورۆژانە یاداشت(١٨٥٤-١٨٨٦)،مۆسکۆ- لیننگراند ١٩٣٤، ل ٤٦٣- ٤٦٤،) ژنەکەی فسیولوجیست ئی،ب. باڤلوڤ –س.ف بافلوڤا- باسی وتەکەی دوستویفسکی لەو کۆڕە ئەدەبییەدا کە لە دەورەی پەروەردەیی لە پترسبورگ لە ساڵی ١٨٧٩ دا ساز کرا، دەکات و دەڵێت: " لە ناکاوا گوێم بە دەنگێکی دلێر زرینگایەوە، کە ئاوڕی لای تریبوونەکەم دایەوە، ( پێغە،بەرم ) بینی، ڕوخساری دوستویفسکی سیمایەکی تازەی وەرگرتبوو، چاوەکانی بەجۆرێ پرشنگیان دەدا، دڵی ئامادەبوانیان هەلایساند، بەڵام دەموچاو و ڕوخساری پرشنگی ئیلهامی بەرز ئی...... لێ دەبووەوە، موسیقا و گۆرانی ئەم ئێوارە کۆڕە تەنیا دەستپێک و کردنەوەی ئەم وتارە پێغەمبەرانەیە بوو، کە دوستویفسکی خوێندییەوە، بە درێژایی کاتەکە دەمگوت و دەمگوتەوە:" بەڵێ دڵی خەڵکی بۆ خزمەتی هەق و هەقیقەت، هەلایساند، ڕووناک کردەوە"، ( "دنیای نوێ" ١٩٤٦، ژمارە سێ، ل ١١٦- ١١٧)

٢١٣- ئەو ئاگادارییە دەربارەی وەستانی ( یاداشتی نووسەر) لە ژمارەی پێش کۆتاییدا، واتە لە ژمارەی هەیڤی یازدەی ساڵی ١٨٧٧ دا بڵاونەبووەتەوە، بەڵکو لە ژمارەی ئۆکتوبەردا بڵاوبووەتەوە ( بڕوانە: دوستویفسکی ١٩٢٦- ١٩٣٠، بەشی

دوازدەیەم، ل ٢٦٥، دوستویفسکی بە شێوەیەکی کاتی "یاداشتی نووسەر"ی ڕاگرت، چونکە بە کاری "برایانی کارامازۆف"ەوە سەرقاڵ بوو)

٢١٤ - دوستویفسکی ودکتۆر ستیبان دیمترییڤیچ یانوفسکی لە ساڵی ١٨٤٦ دا ناسیاوی پەیدا دەکەن، هەرچەندە لە ڕووی دەروونیەوە لێکدی دوور بوون، لێ دۆستایەتییەکی پتەویان لە نێواندا بوو، یانوڤسکی بەدرێژایی تەمەنی ڕێزی بێ ڕیا و دۆستانەی بەرانبەر بە دوستویفسکی هەبووە.

سەبارەت بە چوونی دوستیوفسکی لە سیمیبالاتینسکەوە بۆ تڤیر، یانۆفسکی دەڵێت: "دوستویفسکی یەکەمین کەس بوو لە نێو برادەرەکانما، کە لەم شارەدا چووم بۆ سەردانی ( ........) تا بیدینم و دەست لە ملی بکەم، تەنیا لەبەر ئەوەی لەلام ئازیز بوو"، ( سەردەمی نوێ، ١٨٨١، ١٧٩٣/٢/٢٤)

س.د. یانکوڤسکی بیرەوەرییەکی دەربارەی دوستویفسکی هەیە لە ( مژدەبەری ڕووسیدا) بڵاوبووتەوە ١٨٨٥، ژمارە چوار، ل ٧٩٦- ٨١٩، مایکوف لە نامەیەکیا بۆ دەستویفسکی دەربارەی بابەتی ( مێردی هەمیشەیی) دەڵێت:" من چیرۆکی یانکوڤسکی و کەسایەتی ئەوم تیایدا ناسییەوە"، بڕوانە: نامەکان، بەرگی دووەم، ل ٤٧٦)

٢١٥ - لە نامەکەی دوستویفسکییەوە ١٨٧٧/١٢/١٧ بۆ س. د. یانکوڤسکی ( نامەکان، بەرگی سێیەم، ل ٢٨٥) ئەوە بەدی دەکرێت کە نامەکانی دوستویفسکی لە شەستەکانەوە پڕن لە ڕاوبۆچوونی تووڕە و تانە و تەشەر دەرهەق بە کرایفسکی و بە ڕۆژنامەی ( دەنگ). ئەم تۆن و زمانە بە ئاشکرا لە هەفتایەکاندا توندتر بوو، ئیدی شەڕەدەنوکی ڕۆژنامەوانی دەگەڵ ڕۆژنامەوانی پارێزکاردا خەست بووەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ( واریقاتی موسکوڤیدا) کە م. ن. کاتکوف دەری دەکرد،" واریقات" لە وتارە ڕەخنەییەکانیا کە لەژێر سەرناڤی " نوکتەی ئەدەبی کۆمەڵایەتی" دا ١٨٧٢- ١٨٧٣ و" ئەدەب و ژیاندا" بڵاوی دەکردەوە زۆر بە توندی ڕەخنەی لە گۆڤاری "هاوڵاتی" دەگرێت، کە ف، ب، میشیرسکی دەریدەکرد، هەروەها ڕەخنە لە "مژدەبەری ڕووسی" ش دەگرێت کە م.ف. کاتکوف دەریدەکرد، ئەمانە ئەو دوو گۆڤارە بوون کە دوستویفسکی کاری تێدا دەکردن، ( دەنگ)ی کرایفسکی دژی پێشکەشکردنی یارمەتی بوو، بۆ سرب و جەبەلول ئەسوەد. لە شەڕیاندا دەگەڵ تورکیا، لە ساڵی ١٨٧٦ دا، هەروەها دژی بەشداری گەلی ڕووسیش بوو لە شەڕی

تورکیادا ١٨٧٧- ١٨٧٨، ڕۆژنامەی "دەنگ"، لە وتارەکانیا، گوزارشتی لەو نۆڕین و بۆچوونانە دەکرد، کە زۆر دژ و پێچەوانەی بۆچوون و هەڵوێستی دوستویفسکی بوو، کە پێی وابوو سیاسەتی ڕووسیا زادەی هەستی برایانەی گەلی ڕووس بوو بەرامبەر بە سلاڤییەکان، جا دوستویفسکی لە نامەیەکیا بۆ یانکوڤسکی مەبەستی هەڵوێستی ڕۆژنامەی "دەنگ"ە دژی بەشداری ڕووسیا لە جەنگی دژی تورکیا، دوستویفسکی دان بەوەدا دەنێت کە گۆڤارە بێ شەرمەکەی "دەنگ"، "ڕقی هەستاندووە" ( بڕوانە نامەکان، بەرگی چوارەم. ل ٩٥) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندی دوستویفسکی دەگەڵ کرایفسکی و بڵاوکراوەکەیدا "دەنگ"، بڕوانە ئەو کارە ناوازەیەی کە ف. ف. ڤینوگرادوڤ نووسیویەتی: "دەربارەی نووسەری ساتیریست ئا. ئا. کرایفسکی و ڕۆژنامەکەی "دەنگ"،( ئەدەبی ڕووسی ١٩٦٩ ژمارە سێ)

٢١٦- لە ١٢/٢/ ١٨٧٧دا دوستۆیفسکی بە ئەندامی پەیامنێری ئەکادیمیای زانستەکان، لقی زمان و ئەدەبی رووسی هەڵبژێردرا، لە ١٨٧٧/١٢/٢٩ دا ئەکادیمیا لە ئاهەنگی ساڵانەی خۆیدا، باسی ئەوەی نەکرد کە ئەویان بە ئەندامی پەیامنێری خۆیان هەڵبژاردووە، لە ٨٧٨/٢/٦ ک. س. ڤسیلوڤسکی، سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمیا، بە نامەیەکی فەرمی شادەتنامەی شەرەفی دایە کە بە زمانی لاتینی نووسرابوو ( ب.ل. مودزالیڤسکی دەقی لاتینی شادەتنامەکەی لە وتارێکی خۆیدا بڵاوکردەوە:" دوستویفسکی ئەندامی پەیامنێری ئەکادیمیای زانستەکان"- "دوستویفسکی"، ڕۆژنامەی کۆمەڵەی زانستی کتێبخانانی ڕووسیا، پڕاگ، ١٩٢١، ١١/٢١،) دوستویفسکی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم نازناوەی وەرگرت، دوای ئەوەی ژمارەیەک لە نووسەرانی ڕووس وەریان گرتبوو، لەوانە: لیڤ تولستوی، تورگینیف،گونچارۆف، ئەسترۆفسکی، ئەلکسی تۆلستۆی، ئەپوللون مایکوف، تیوچیف، ک. ئەکساکوف، خومیاکوف.

٢١٧- ل. ب. گروسمان، کورتەیەکی مێژووی پەیوەندی نێوان د.س. ئەرسینیف و دوستویفسکی لە وتارێکیا بەناوی " دوستویفسکی و دامودەزگا حکومییەکان لە هەفتایەکاندا" لە " کەلەپووری ئەدەبیدا" بەشی پازدەدا، ل ٨٣- ١٦٢ بڵاوکردووەتەوە.

٢١٨- ئەم نامەیەی ئەرسینیف کە لە ١٨٧٨/٣/١٥ دا بۆ دوستویفسکی ناردووە و لێرەدا بە نموونە هێنراوەتەوە، زۆر تەواو نییە. دەقی نامەکە بەتەواوەتی لە " کەلەپووری ئەدەبیدا" بڵاوکراوەتەوە، بەشی پازدەیەم، ل ١٥٦- ١٥٩)

٢١٩- ئەم نامەیە بە تەواوەتی لە " کەلەپووری ئەدەبیدا" بڵاوکراوەتەوە، بەشی پازدەیەم. ل ١٦٠)

٢٢٠- میری مەزن قنستنتین قنستیتینوفیچ کوڕی قنستنتین نیکولایوفیچ، وەزیری دەریاوانی ساڵانی پەنجایەکان بوو.

٢٢١- میری مەزن قنستنتین قنستنتینوفیچ وەکو شاعیرێکی بەهرەمەند شۆرەتی دەرکرد و شیعرەکانی بە ئیمزای " ق. ڕ، "بڵاودەکردەوە.

٢٢٢- ئەو نامانە کە بۆ دوستویفسکی نێردراون، لە ( کەلەپووری ئەدەبی) بەشی پازدە. ل ١٦٠- ١٦٢، بڵاوکراونەتەوە.

٢٢٣- ئەم وێنەیە لە ( کەلەپووری ئەدەبی) بەشی پازدە، ل ٩٧ دا بڵاوکراوەتەوە، ئێستا لە ماڵی پوشکین ( ئەنیستیتۆی ئەدەبی ڕووسیدا پارێزراوە- وەرگێڕی عەرەبی)

٢٢٤- دوستویفسکی ناسیاوی دەگەڵ نیکولای نیکولایفیچ بیکیتوف دا پەیدا کرد و لە ساڵی ١٨٤٦دا، دۆستایەتییان قووڵ بووەوە ( ئەلکسی نیکولایڤیچی برای لە ئەنیستیتۆی ئەندازەدا هاودەورە و هاوڕێی دوستویفسکی بوو و ئەو بوو بە مایەی ناسیاوی ئەمان). دوستویفسکی ( کە زۆری پێناخۆش بوو کە لە ( هاوچەرخ) جیابووبووە) دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت، ئاشنایەتی ئەو لەگەڵ برایانی بیکیتوفدا، " لەڕووی ئاکاری و بەدەنیەوە بۆ ئەو سوودمەند بوو،" ( بڕوانە: نامەکان، بەرگی یەکەم، ل ١٠٣). بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دۆستایەتی دوستویفسکی لەگەڵ برایانی بیکیتوڤدا لە چلەکاندا، بڕوانە: ( بیرەوەرییە ئەدەبییەکان، لە نووسینی د.ف. گریگوریفیچ ( مۆسکۆ، ١٩٦١، ل ٩٠- ٩٣) و هەروەها وتاری ( گەنجێتی دوستویفسکی) نووسینی ف. کومارۆفیچ،( " ڕابردوو"، ١٩٢٤، ژمارە بیست و سێ')

٢٢٥ - ئەم نامەیەی کە دوستویفسکی بۆ ن. ن. نیکیتوفی ناردووە، نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ئەو وەلامەی کە ن. ن. بیکیتوف، لە ١٨٧٨/٨/١٨ دا بۆ دوستویفسکی ناردووە

له كتێبخانەی لینین دا پارێزراوە، جا ئا. س. دولینین، لەبەر ڕۆشنایی وەڵامەكەی نیكیتوف، كە زانیاری سەبارەت بە ئا. ل. ئوچیجینا تێدایە،قەناعەتی وایە كە ئانا گریگوریڤنا دستویڤسكایا، لە فەسڵی ( هاتنی ئافرەتێكی شیفتە) ی بیرەوەرییەكانیا باسی ل. ئا. ئوچیجینا دەكات، كە ڕۆماننوسێكە و رۆمانێكی بەناونیشانی ( ڕێگام لە ڕۆژ ژمێری كچێكی هاوچەرخەوە) لە "ساڵنامەی نیشتمان"دا بڵاوكردەوە، ژمارەكانی ٧،٥،٣/ ١٨٦٩)، بڕوانە: ( نامەكان، بەرگی چوارەم، ل ٣٤٤.)

٢٢٦- ( چیرۆكێكی نهێنی) بریتییە لە " دانپیانانی دڵێكی گەرم، بە شیعر"، فەسڵی سێیەمە، لەبەشی یەكەمی برایانی كارامازۆف، ف.ف. تیموفیڤا ( ئا. بوچینكو فسكایا) ئەو ئێوارە كۆڕەی ١٨٧٩/٣/٩ دوستویفسكی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: فەسڵێكی برایانی كارامازۆفی دەخوێندەوە، ناوی "چیرۆكی نهێنی" بوو، بەڵام بۆ زۆرێك لە ئامادەبوان، كە من یەكێكیان بووم، وەكو پێشبینییەك وابوو، بۆ هەموو ئەو شتانەی ڕوویان دەدا... لەم كۆڕەدا گویم لە دوو دەستەواژە بوو، كافی بوون بۆ من و بۆ هەموو ئەوانی دی كە لە ڕێگەیانەوە پەی بەو نهێنیانە بەرین كە لە دڵ و دەروونی دوستویفكی و لە دڵ و دەروونی هەمواندا پەنگیان دەخواردەوە، وام هات بە خەیاڵدا كە ئامادەبوانی ناو هۆڵەكە، لە سەرەتاوە لەوە نەگەیشتن كە بۆی دەخوێندنەوە، لەبەینی خۆیاندا كەوتنە چپەدوو:

ـ وڕێنە دەكات!.. شێتە..! غەریبە..

بەڵام دەنگی بەجۆشی دوستویفسكی، كە لە حالی هەڵچووندا بوو، بەسەر هەموو ئەو ورتە ورت و چپە چپانەدا زاڵ بوون..

- با غەریب بێ! یا تەنانەت وەلییەك بێت لە وەلییەكانی خوا! گرینگ ئەوەیە بیرۆكەی مەزن نەمرێت.

ئەم دەنگە زوڵاڵ و بەجۆشە، ناخی دڵمانی هەژاند. هەر من بەتەنێ هەستم بە شڵەژان نەكرد، بەڵكو هەموو ئەوانەی لە هۆڵەكەدا بوون هەستیان پێكرد، شڵەژان، بیرمە چۆن گەنجێك لە نزیكی منەوە دانیشتبوو، دەلەرزی و هەناسەی هەڵدەكێشا، ڕوخساری سوور دەبۆوە و پاشان زەرد هەڵدەگەڕا، سەری رادەچڵەكی، پەنجەكانی بەجۆرێ دەنوقاندن، وەكو ئەوەی هێندە چەپڵەی لێدابێ و ڕەق بووبن و بە ئاسانی بۆی دانەخرێن، هەموان چەپڵەیان لێدەدا، شڵەژا بوون، ئەم چەپڵە لێدانە كتوپڕە

لە کاتێکی ناکاتدا خوێندنەوەکەیان دەبڕی، وەکو ئەوەی دوستویفسکی لە خەو هەستێنێ، بەدەنی بجوڵێ و بۆ ساتێک لە جێی خۆی لە جووڵە بکەوێ، کەچی چەپڵەڕێزانەکە توندتر بەردەوام دەبوو، لێرەدا دوستویفسکی هەڵدەستێت، لە تۆ وایە بە تۆبزی لە خەونێکی خۆش ڕادەبێت، بەڕێزەوە کڕنووش بۆ ئامادەبوان دەبات، پاشان دادەنیشێتەوە، تا خوێندنەوەکەی تەواو بکات ( دوستویفسکی لە بیرەوەرێن هاوعەسرەکانیا، بەشی دووەم، ل ١٨٢- ١٨٣).

٢٢٧- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئێوارە کۆڕەکە ١٨٧٩ /٣/١٦ دوستویفسکی بڕوانە بیرەوەرییەکانی خانمی ئەکتەر م. ج. ساڤینا، لە کتێبی ( تورگینیف و ساڤیا) دا، پێشەکی و نووسینی ئا. ف. کونی، پڕاگ ١٩١٨ ل ٦٨-٦٩، هەروەها بڕوانە بیرەوەرییەکانی د. ن. سادوڤینکوف لە گۆڤاری ( ڕابردووی ڕووسی) ١٩٢٣، ژمارە یەک، ل ٧٥-٧٦، م.ف کامینتسکایا کیژی ئا. ب. فیلوسوڤونا، چەپکێک گوڵی برد و پێشکەش بە دوستویفسکی کرد.

٢٢٨- د.د. مینایف لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوو بوو، دوای تەواو بوونی ئەو کۆبوونەوەیەی کە دوستویفسکی ئامادەی بوو بوو، هەستابوو کۆپلە شیعرێکی کومیکی بۆ تروفیموف خوێندبووەوە کە:

ئەگەر دوستویفسکی خۆی

چاوەڕوانی حوکمی دادوەرانەی تۆ بکات

ئەوا بێگومان بە لەوەی

تۆ بەختەوەرترین قازیت

لە پایتەختی نیڤادا

( مژدەبەری مێژوویی ١٩٠٩، ژمارە نۆ،ل ٩٢٥)

دەربارەی ئەم ماوەیەی ژیانی دۆستۆیفسکی بڕوانە بیرەوەرییەکانی ن.ریبین " دۆستۆیفسکی و سالوک"-"ڕۆژنامەی پترسبۆرگ" ١٩٠٣، ٤ /١٢، ژمارە"٣٣٣"

٢٢٩- کۆمەڵەی فریوبل لە ڕووسیادا، لە سەر دەستی پەیڕەوکارانی مامۆستای پەروەردەیی ئەڵمانی بە نامێ فریدریغ فرویوبل دامەزرا. دوستویفسکی لەو

کاتانەدا کە کاری لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆفدا دەکرد، پەنای بردە بەر باشترین سەرچاوەێن پەروەردەیی نموونەیی، کە یەک لەوانە کارەکانی فریوبل بوو، لە ڕەشنووسی رۆمانەکەدا ئاماژە بۆ ( بیستالوتسی، فریوبل، وتارەی لیڤ تولستوی دەربارەی خوێندنی هاوچەرخ لە قوتابخانەدا... کراوە... (ف. م. دوستویفسکی، بابەت و لێکۆڵینەوە، نووسینی ئا. س. دولینین، لینینگراد، ١٩٣٥، ل ٨٢)

٢٣٠- نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٧٤

٢٣١ - بڕوانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی ٢١٥

٢٣٢ – نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٩٥

٢٣٣ – نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٩٨- ٩٩

٢٣٤- نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ١٠٢

٢٣٥- دوستویفسکی بەشێکی لە ( سەرپەرشتیارباشی) لە کۆڕە ئەدەبییەکەی دانی بەیانی خوێندەوە، ئەم کۆڕە بۆ یارمەتی خوێندکارانی زانستگەی پترسبورگ، لە بینای کۆمەڵەی خێرخوازی سازدا، هێشتاش بەرنامەی ئەو کۆڕە ماوە، جگە لە دوستویفسکی خەڵکانی دیکەش بەشدارییان تێدا کرد لەوانە: د. ف. گریگوروفیچ و، ب.ئی. ڤاینبرگ، نامەی لیژنەی کۆمەکی خوێندکاران، بۆ دوستویفسکی و هەروەها ئەو بەیاننامەیەی لیژنەکە دەریکرد، جەخت لە سەر ئەو کاریگەرییە قوولە دەکەنەوە، کە خوێندنەوەکەی دوستویفسکی بەسەر خەڵکەوە بەجێی هێشت ( ئەم دوو بەڵگەنامەیە لە کتێبخانەکەی لینیندا پارێزراون) بەڵام م. س. ڤولکونسکی، سەرپەرشتیاری دایەرەی فێرکاری پترسبورگ، لە پێشوازییە گەرم و گوڕەکەی جەماوەری خەڵکەکە زۆر پەست و بێزار بوو، بۆیە بڕیاری دا نەیەڵێت، پاشان "سەرپەرشتیارباشی" بخوێنرێتەوە، دوستویفسکی لە نامەیەکیا بۆ ف. ب جایفسکی دەڵێت: "سەرپەرشتیار بەخۆی لە کۆڕەکەدا ئامادە بوو، بەڵام پێی گوتم لەبەر ئەوەی ئەم خوێندنەوەیە کارێکی زۆری لە جەماوەرەکە کرد، بۆیە بڕیاری داوە، نەیەڵێت چیتر و لە ئایندەدا بیخوێنمەوە.

بەمجۆرە، مەحاڵە ئێستا ( سەرپەرشتیار بێتە خوێندنەوە) دەبێ لە شتێکی دیکە بگەڕێم ( نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ١٣٣.)

## بەشی دەیەم

## دوا ساڵ

"١"

## بازرگانی کتێب

سەرەتای ساڵی ١٨٨٠ بۆ ئێمە زۆر باش بوو، پرۆژە تازەکەمان کردەوە:" پرۆژەی کتێبان، خاوەنی فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی - تەنیا بۆ خەڵکی شارەکانی دی-"

ڕەوشی داراییمان ساڵ بە ساڵ باش و باشتر دەبوو، توانیمان زۆربەی قەرزەکانمان بدەینەوە ( ئەو قەرزانەی کە لە شەستەکانەوە لە سەر فیودور میخائیلوفیچ کەڵەکە بوو بوو) دیارە دنیا لە گۆڕاندا بوو: ژیان ئاڵۆز و گران دەبوو، نەمانتوانی تاقە قروشێکی سپی بۆ " ڕۆژی ڕەش" پاشەکەوت بکەین، لەمە ترساین، زۆریش ترساین، بەتایبەت کە دوستویفسکی هەستی دەکرد توانای کارکردنی ڕۆژ بە ڕۆژ دەداتە کزی، نەخۆشییەکەی ( ئەمفیزیما= ئاوسانی سیپەلاک) بەرەو خراپتر دەچوو، دەترساین، فیودور میخائیلوفیچ بەهۆی داڕوخانی باری تەندروستییەوە توانای کارکردنی نەمێنێ، جا بەهۆی ئەم ڕەوشە خەمناکەمانەوە حەزمان دەکرد پارەو پاشەکەوتێکمان هەبێت، یا کارێکی دیکەی لاوەکیمان هەبێت، بتوانین پارەیەک دابین بکەین، بەڵام دەرفەتی کارکردنی ئافرەتان هێشتا، تاکو ئەمڕۆش زۆر کەم و سنووردارە، چ جای ئەو ڕۆژگارە.

زۆر بیرم لە کارێک کردەوە کە کەمێک یارمەتیمان بدات، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر و شیرەت و ڕاوێژان بە ناسیاوانی خودان ئەزموون، لێبڕام، دوکانێکی کتێبفرۆشی بۆ خەڵکی شارەکانی دی بکەمەوە، بە تایبەتی کە تا ڕادەیەک لەو چەند کتێبەدا کە سەرپەرشتیم کردبوون، سەرکەوتنم بەدەست هێنابوو، جا ئەم ئەم پرۆژەیە دوو تایبەتمەندی هەبوو: یەکەمیان کە بۆ من گرینگ بوو، ئەوە بوو ناچار نەدەبووم زۆر لە ماڵ دوور بکەومەوە و دەمتوانی وەکو جاران، ئاگام لە حاڵ و سحەتی مێردەکەم بێت و سەرپەرشتی منداڵەکانم و بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ

بکەم، دووەمیان ئەوە بوو کە ئەم پڕۆژەی کتێبفرۆشییە، پارەی تێنەدەچوو: پێویستت بەوە نەبوو دوکانێک بەکرێ بگریت و شتی بۆ بکڕیت، دەتوانی لە سەرەتاوە، تەنیا ئەوە کتێبانە بکڕیت کە لە ڕێگای ئابوونمانەوە نرخەکەیان بۆ دەناردیت، تاقە مەسرەفی ئەم پڕۆژەیە ئەوە بوو " باجی بازرگانی" بدەیت و شاگردێک ڕابگریت، بۆ کڕینی کتێبان و تۆمارکردنی بەستەکتێبان و تەسلیمکردنی بە پۆستە، ئەمەش سالانە دووسەد تا سێ سەد ڕۆبڵی تێدەچوو، کە ئەوەیش بڕە پارەیەکی ئەوتۆ نەبوو کە لێی بترسیت و نەیەتە هەڵسوڕان، دیارە یەکێک لە مەرجەکانی سەرکەوتنی کار ئەوەیە لە میدیا و بڵاوکراوەکاندا ڕیکلامی بۆ بکرێت، یەکەمجار پشتم بە ڕیکلامی چاپکراو بەست، دابەشمکرد بەسەر کۆنە بەشدارانی (یاداشتی نووسەر) دا، لە ساڵی دواتر قەرارم دا بە پارە لەلای وەشانکاری گۆڤاری (ئێوارانی خانەوادەیی)+٢٣٦ بڵاوی بکەمەوە، ئاگادارییەکی گەورە لە گۆڤارێکدا بڵاوبکرێتەوە، کە هەزاران نوسخەی لێدابەش دەکرا، لە سەرەتای ساڵی ١٨٨١دا ئاگادارییەکەم نارد، بەڵام من هێشتا زاڵ نەبووم بەسەر پڕۆسەی فرۆشتندا.

هەڵبەتە دەبوایە بۆ سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیەمان سوود لە ناوی فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی وەربگرین، ئیدی دەبوایە داوایەک پێشکەش بە "ژووری بازرگانی" بکات تا مۆڵەت و ( مافی فرۆتنی) وەکو بازرگانێک بدەن، کە ئەمە کردییە کارێک، کە ناحەزەکانی لە ڕۆژنامەکاندا لێی بخوێنن و لە عەلەیی بدوێن و گاڵتەی پێبکەن، بەڵام ئەم تانە و تەشەرانە یەک تۆزقاڵ کاریان لە کبریای مێردەکەم نەکرد، بەقەد نووکی قامکێک سارد نەبووەوە، دوای ئەوەی لەگەڵ "پیشەکە"دا ڕاهات، بیرۆکەکەی منی زۆر پەسەند کرد و وەکو من باوەڕی بە سەرکەوتن و ئایندەی پڕۆژەکەمان هێنا.

هەموو هیوایەکم بە سەرکەوتنی پڕۆژەکە وەستابووە سەر ئەو گریمانەیەی کە بەشدارانی جارانی گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) ١٨٧٦- ١٨٧٧ ئاگاداری جدییەت و وردی کارکردنی مێردەکەم بوون لە گۆڤاری ناڤبریدا، بۆیە دەیانتوانی متمانە بەو پڕۆژەی کتێبفرۆشییە بکەن، کە هەمان وەشانکاری پێشووی گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) سەرپەرشتی و سەرکاری دەکرد،دەیانتوانی متمانەی تەواوی پێبکەن، کە چەندیان کتێب بوێ، بۆیان دابین دەکات، هیواکانم هاتنە دی، دوای دوو سێ مانگ کۆمەڵێک کۆنە بەشدارانی گۆڤاری ( یاداشتی نووسەر) کە ژمارەیان نزیکەی سی

کەس دەبوو لە دەورمان خڕبوونەوەو هەموو مانگێک سەرو کۆمەڵێک کتێبیان دەویست، بۆ نموونە لە بیرمە قەشەباشییەکی بوڵتاڤا، هەموو مانگێک کۆمەڵێک کتێبی بەنرخ و ناوازەی بۆ " کتێبخانە تایبەتییەکەی خۆی و بۆ دیاری" دەکڕی، هەڵبەتە لە دارایی وەقفی کڵێسا، ئەو داراییەی کە میر ف. م. یلیتسکی بۆ کلێسای تەرخان کردبوو، هەروەها ئەندازیارێکی خەڵکی " مینسک" ش هەبوو، کتێبی گرانبەهای دەکڕین، هەڵبەتە تەنیا کتێبی تایبەت بە پسپۆڕی خۆی نەدەکڕی، بەڵکو کتێبی بوارەکانی دیکەشی دەکڕی.

دیارە جگە لە مشتەرییە هەمیشەییەکان، خەڵکێکی زۆری دیکەش، کە دیتیان بازرگانی کتێبان سەر لەنوێ دەرکەوتووەتەوە، ڕوویان تێکردین، هەڵبەتە مشتەری قیرسیچمەش هەبوون، لە هەر ڕۆژنامەیەکدا بەشدار دەبوون تەنیا لەبەر ئەوەی بیست و پێنج کوبیکیان بۆ بگەڕێتەوە، هەروەها مشتەری لەوانەش قیرسیچمەتر هەبوون، ناچاریان دەکردین کتێبانێکیان بۆ پەیدا بکەین کە لەمێژ بوو لە بازاڕ نەمابوو،، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بۆی دەگەڕاین، ئەنجام بە ناچاری پارەکانمان بۆ دەگێڕانەوە.

هەڵبەتە کتێبفرۆشی وەختی زۆری لێ نەدەگرتم: تەنیا ئەوەم لەسە بوو کتێبەکان ڕێکبخەم، ناوی مشتەرییەکان تۆمار بکەم و پسوولە ببرم، ئەو شاگردەی بۆیان دۆزیبوومەوە، پێشتر لە کتیبفرۆشیدا کاری کردبوو، ناوی ( پیوتر) بوو، هەرچەندە مێردمنداڵێکی تەمەن پازدە ساڵان بوو، بەڵام لە کڕین و ناردنی کتێباندا زۆر مەعلان و گورج و گۆڵ و بەڕاپەڕ بوو +٢٣٧.

فیودور میخائیلوفیچ، زۆر بە خەمی پڕۆژەکەوە بوو، هەموو کۆتایی هەیڤێک کورتە ڕاپۆرتێکم بە داهات و خەرجی پڕۆژەکە بۆ ئامادە دەکرد، بە زۆری داهاتەکان لە نێوان هەشتا بۆ نەوەد ڕۆبڵ لە سەرەتا و کۆتایی هەر ساڵێکدا دەردەچوو، ( کە مەوعیدی بەشداریکردن بوو لە ڕۆژنامە و گۆڤاران) لە وەرزی هاویندا لەنێوان چل بۆ پەنجا ڕۆبڵ دەردەچوو، بەشێوەیەکی گشتی داهات و سافی قازانجی ساڵی یەکەممان، دوای دەرکردنی هەموو مەسرەف و خەرجییەکان، هەشت سەد و یازدە ڕۆبڵ بوو، کە من و فیودور میخائیلوفیچ، ئەم ئەنجامەمان وەکو سەرەتایەک بە شتێکی باش و دڵخۆشکەرە زانی.

هەڵبەتە دەشیا بازنەی کارەکەمان فراوانتر بکەین: چونکە لە دام و دەزگا فێرکاری و کۆگاێن گوندەکانەوە، داواکارییەکی زۆرمان لەسەر بوو، کە کتێبیان بە قەرز بۆ ڤڕێ بکەین، جا چونکە ئەو کتێبانە پارەیەکی زۆریان دەویست، وێرای ئەوەی پێشبینی قازانجێکی زۆری لێدەکرا، ناچار بووین داوای بوردن لەو مشتەریانە بکەین.

بازرگانی کتێب دەگەڵ شارانی دیدا، کارێکی یەجگار بە قازانجە، ئەگەر بە ڕێکوپێکی و جدی بەڕێوە ببرێ، بە بەرچاوی خۆمەوە سێ دوکانی بچووک، دوای سێ دەیە بوون بە کۆمپانیای زۆر بەڕێز و گەورەی کتێبفرۆشی ( برایانی باشماکۆف، بانافیدین،کلیوخین) من دڵنیام ئەگەر لە سەر کاری کتێبفرۆشی بەردەوام بام، ئێستا دەبووم بە خاوەنی فرۆشگایەک هیچی لە فرۆشگای( نوڤوی ڤریمیا= سەردەمی نوێ) کەمتر نەدەبوو، بۆیە لە سەر ئەم کارە بەردەوام نەبووم، چونکە ئەرکی چاپکردنەوەو بڵاوکردنەوەی کۆ بەرهەمەکانی مێردەکەم گرتە ئەستۆ، کە هەموو توانا و وەختەکەی گرتم.

کاتێ پاش مردنی فیودورمیخائیلوفیچ، ڕامگەیاند کە بەنیازم پڕۆژەی کتێبفرۆشییەکەم دابخەم، زۆر کەس پەیوەندییان پێوە دەکردم کە داوایان دەکرد ئیمتیازی پڕۆژەکەمیان بکەم بە ناوەوە، بەڵکو هەندێکیان حەزیان دەکرد کۆمپانیاکەم لێبکڕنەوە و ئامادەبوون هەزار و پێنج سەد ڕۆبڵم بدەنێ، بەڵام من قاییل نەبووم: ئیدارەی کتێبفرۆشییەکە بە ناوی فیودورمیخائیلوفیچ دوستویفسکییەوە بوو، کە تایبەت بوو بە منەوە، دەمزانی سوود و سەنگ و کەڵک و نێوبانگی ئەم کۆمپانیایە لە چ ئاستیکدایە، خودا دەیزانی چۆن سەیری ئەم کارە دەکرا، کێ ئەم کۆمپانیایەی دەکڕی، یا وەکو بەخشش دەیبرد، ئایا ناو و ناوبانگی فیودۆر میخائیلۆفیچی لە دڵا ئازیزمی،پێوە نەدەزڕا، نەدەبووە مایەی تانە و تەشەران، لە کاتێکدا ئەگەر کۆمپانیاکە بە بێ سەر و بەری یا بەبێ ئینسافی بەڕێوە ببرایە.

بەو جۆرە لە هەوەڵی مانگی ١٨٨١/٣، کتێبفرۆشییەکەی فیودورمیخائیلوفچ دوستویفسکی، تەواو بوو، بەیەکجارەکی داخرا و پیچرایەوە.

ئێستاش بە شانازییەوە باسی پڕۆژە تەمەن کورتەکەم بە تایبەتی دەربارەی ئەو پەیوەندیە دۆستانەیەی کە لە نێوان مشتەرییەکان و کۆمپانیاکەدا چێبوو، هەندێ

کەس، ساویلکانە وایان دەزانی فیودورمیخائیلوفیچ بە ڕاستی خەریکی کتێبفرۆشتنە، ئیدی ڕاستەوخۆ نامەیان بۆ دەنارد، هەندێکی دی نامەیان بۆ کۆمپانیاکە دەنارد، داویان دەکرد پێی بگوترێ کە وەختایەک ڕۆمانی برایانی کارامازۆفیان* (* برایانی باشماکوف، باناڤیدین، کلیوخین: بازرگانی کتێب بوون لە پترسبورگ) خوێندووەتەوە زۆر شاد و خۆشحاڵ بوون، هەروەها سەبارەت بە هەر کارێکی دیکەی. هەندێکی دی کە حیساباتی خۆیان دەنارد، داوایان دەکرد لە حاڵی (نووسەری مەزن) ئاگاداریان بکەینەوە، هیوای ساغی و سەلامەتییان بۆ دەخواست، فیودور میخائیلوفیچ کاتێ هەندێ لەو نامە سادە و ڕاستگۆیانەی دەخوێندەوە، دڵی پڕ دەبوو، داوای لە من دەکرد لە جیاتی ئەو گەرمترین ڕێز و سڵاویان پێ بگەیەنم، فیودور میخائیلوفیچ، کە زۆرجار لەلایەن هاوڕێ ئەدیب و ڕەخنەگرەکانییەوە، دژایەتی دەکرا، ئەو نامە سادە و ساکارانەی، کە بەوپەڕی سادەیی گوزارشتیان لە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و دڵبەندی خاوەنەکانیان، سەبارەت بە توانا و بەهرەمەندی ئەو دەکرد، دڵخۆش دەبوو، نامەی ئەو خەڵکانەی کە بەهیچ جۆرێ نەیدەناسین و بەو شێوەیە هاوسۆزی خۆیان دەگەڵ چالاکییە هونەری و فیلیڤانییەکانی ئەودا دەردەبڕی.

"٢"

سەرەتای ساڵی ١٨٨٠، ئێوارە کۆڕێن ڕۆشنبیری

سەردانی ناسیاوان

بەشێوەیەکی گشتی ساڵ ١٨٨٠ وەزعمان خراپ نەبوو: تەندروستی فیودور میخائیلوفیچ دوای ئەوەی پار (١٨٧٩) بۆ چارەسەر چوو بۆ ئیمس، بەرەو باشی دەچوو، نۆرە فێیەکانی کەم بووبوونەوە، منداڵەکانیش ساخ وسەلامەت و بەکەیف و بە دەماخ بوون، ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف) سەرکەوتنێکی بێ چەند و چوونی بەدەست هێنا، فیودور میخائیلوفیچ کە هەمیشە لە بەرهەمەکانی خۆی بە گلەیی بوو، زۆر، لە ژمارەیەک لە فەسڵەکانی ڕۆمانەکەی ڕازی بوو+٢٣٨، ئەو پرۆژەیەی کە بیرمان لێدەکردەوە (کتێبفرۆشی) سەری گرت و هاتە دی، بەرهەم و بڵاوکراوەکانمان ڕەواجیان هەبوو، بەشێوەیەکی گشتی ژیان و کاروبارمان باش

دەڕۆیی، هەر هەموو ئەم ڕەوشە کاریگەری باشیان بەسەر فیودور میخائیلوفیچەوە هەبوو، ورەی زۆر بەرز بوو، مجێز و کەیفی قنج بوو.

لە سەرەتای ساڵدا فیودور میخائیلوفیچ زۆری مەبەست بوو، ئەو مناقەشەیە بدینێ کە لە سەر تێزەکەی ڤلادیمیر سیرگیییفیچ سولوڤیوڤ، بۆ وەرگرتنی نازناوی دکتۆرا لە فەلسەفەدا دەکرا، هەستی دەکرد ئامادەبوونی لەم کۆڕەدا زەرووریيە، منیش دەگەڵی چووم تا ئاگام لێی بێ و نەیەڵم لەو قەرەباڵغییەدا سەرمای بێ و تووشی پەسیو بێت، گەنگەشە و مناقەشەکە زۆر جوان بوو، سولوڤیوڤ، توانی سەرکەوتوانە وەڵامی مناقەشەچییە جدییەکان بداتەوەو لە کاتی موناقەشەکەدا بەر پەرچیان بداتەوە، فیودور میخائیلوفیچ چاوەڕوانی کرد تا جەماوەرەکە بڵاوەیان کرد، تا بتوانێ تەوقەی دەستخۆشی دەگەڵ خاوەن تێزەکەدا بکات، سولوڤیوڤ، خۆشحاڵی خۆی بە چوونی فیودور میخائیلوفیچ، ویڕای لەشبەباری خۆی، بۆ زانستگە وەکو یەکێک لە دۆستەکانی لەم ڕۆژە گرینگەی ژیانیا بەشداری بکات +٢٣٩.

فیودورمیخائیلوفیچ، وێرای ئەوەی زۆر بە ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆف) ەوە ماندوو بوو بوو، بەڵام لە ساڵی ١٨٨٠دا قاییل بوو چەند ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبی بە قازانجی هەندێ کۆمەڵێن جیاواز بگرێت، هەمیشە تۆن و ڕیتمی خوێندنەوەکانی فیودور میخائیلوفیچ مایەی سەرنجی جەماوەر بوو و پێیان خۆشبوو، ئەویش چەند سەری قاڵ بوایە، بەشداری ئەو جۆرە کۆڕانەی دەکرد، بەتایبەتی ئەگەر تەندرووستی باش بوایە. لەبیرمە لە هەوەڵی ساڵەوە لەم کۆڕانەدا بەشداری کرد: لە ٢/٢ دا لە ناوەندی کولومنسکایای کچاندا، لەسەر داوای پیوتر ڤاینبرگ* (* پیوتر ئیسایفیچ ڤاینبرگ ١٨٣١- ١٩٠٨: شاعیر و وەرگێڕ، هاوڕێی دوستویفسکی بوو لە سەندووقی ئەدەبی) کۆڕێکی گرت، لە ٣/٢٠ دا لە هۆڵی بینای شارەوانیدا کۆڕێکی بە قازانجی مندالانی خانەی دلۆڤانی ( ڕەحمەت) لە سان پترسبورگ گرت. لەوێ مێردەکەم (قسەکانی بابە زوسیمای لەگەڵ ژناندا*) بۆ جەماوەرەکە خوێندەوە (*. هەڵبەتە ناتوانم ئەم ڕابردووە سەیرە نەگێڕمەوە، کە لەم ئێوارە کۆڕەی ١٨٨٠/٣/٢٠دا، لە من ڕووی دا، هۆڵەکەی بینای شارەوانی لە خەڵکیدا جمەی دەهات، هەموو بە جوانترین جلوبەرگەوە هاتبوون، زۆربەیان پیاو بوون، ئەم جەماوەرەم پێ سەیر بوو، زۆربەی دەموچاوەکان ئاشنا دیار بوون، فیودور میخائیلوفیچیش تەماشای دەکرد، ئەم دیاردەیەی پێ سەیر بوو، بەڵام مەسەلەکە

پاشان ڕوون بووەوە، وەختێ داوا لە بەشداران و ژنەکانیان کرا، لە ماوەی پشووەکەدا بچنە هۆڵێکی لاوەکییەوە، لەوێ لە سەر مێزێن گەورە، جۆرەها گوڵدان و ئینجانە و قاپە شامپانیا ومیوەو شیرینی ڕیزکرابوو، ڕێکخەرانی کۆڕەکە، پارێزگاری شار، ئیڤان ئیلیچ گلازونوف و ژنەکەی خاتو گلازونوفا، سەرپەرشتیاری خانەی دلۆڤانی، گۆرانیبێژ وئەدیبانیان بە شێوەیەکی سەخاوەتمەندانە دەعوەتکردبوو، هەڵبەتە زۆربەی فرۆشیار و دوکاندارەکانی بازاڕی بەنێوبانگی گوستینی دفور، بەو حسابەی لە سپونسەری ئەم کۆڕەدا بەشدارن، هاتبوون، جا من چونکە چەند ڕۆژێک بوو بە هەموو بازاڕی گوستینی دفوردا دەگەڕام، تا قوماشی ڕەنگا و ڕەنگی جوان بۆ جلی هاوینەی منداڵەکان بکڕم، ئیدی سەروسیمای دوکاندارەکانم بیرکەوتنەوە و ئیدی مەتەڵەکەم هەڵێنا و زانیم مەسەلەکە چییە، زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە ئەو شتەی لە هەوەڵەوە، بە نەخۆشییەکی نادیارم دەزانی، هەنووکە بە ئاسانی بۆم ڕوون بووەوە، ئا.گ. دوستویڤسکایا.)

ڕۆژی دوایی ١٨٨٠/٣/٢١ فیودور میخائیلوفیچ ناچار بوو بەشداری کۆڕێکی دیکە لە هۆڵی کۆمەڵەی خێرخوازیدا، بە قازانجی سکوڵی لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی،بکات. مێردەکەم دیمەنی"خەونی راسکولینکوف دەربارەی ئەسپە شەکەتەکە"ی بۆ خوێندنەوە هەڵبژارد، خوێندنەوەکە کارێکی زۆری لە خەڵکەکە کرد، بە چاوی خۆم دیتم کە خەڵکەکە چۆن دانیشتبوون و لە ترسا ڕەنگیان زەرد هەڵگەرا بوو، هەندێکیان دەگریان، من بەخۆم نەمتوانی جڵەوی فرمێسکەکانم بگرم، دوا کۆڕی ئەم بەهارەی، کە بابەتەکەی هەڤپەیڤینی ڕاسکولینکوف و مارمیلادوف بوو، لە ١٨٨٠/٣/٢٨ لە بینای کۆمەڵەی خێرخوازیدا، بە قازانجی کۆمەڵەی کۆمەکی خوێندکارانی زانستگەی پترسبورگ، گرت.

کۆڕە ئەدەبییەکان لە پایزی ١٨٨٠دا دەستیان پێکردەوە، دوای ئەوەی ڤیکتور چایڤسکی* (* ڤیکتور پاڤلوفیچ چایفسکی ١٨٢٦- ١٨٨٨: کابرایەکی پارێزەر و دیرۆکنووسی ئەدەبی و پێرستکار و یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەندووقی ئەدەبی و بۆ ساڵانێکی زۆر سەرۆکی سەندووقی ناڤبری بوو.) ی سەرۆکی سەندووقی ئەدەبی، لە فیستیڤاڵی پوشکیندا گوێی لە وتەکەی دوستویفسکی بوو، قەناعەتی پێکرد کە کۆڕێک بە قازانجی سەندووق بگرێت، ڕۆژی ١٠/١٩، ڕۆژی ئاهەنگی یوبیلی لیسیە* (* لیسیە: قوتابخانەیەکی نموونەیی بوو لە رووسیای تزاریدا، کوڕە دەوڵەمەند و

بەرپرسان لەوێ دەیانخوێند، لەوانە ئەلکسندر پوشکینی شاعیر، ئەو بابەتانەی دوستویفسکی لەم بۆنەیەدا خوێندینییەوە، لە بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە بوون، وەرگێڕی عەرەبی) و فیودور میخائیلوفیچ ئامادەی ئەم کۆڕە بوو بوو و دیمەنێکی لە شانۆنامەی " سوارچاکێکی هەژار" ( فەسڵی دووەم)ی خوێندەوەو دوای ئەوە قەسیدەی " وەکو ڕۆژێکی گەرمی بەهار" ی خوێندەوە، کاتێ جەماوەرەکە داوای خوێندنەوەی دیکەیان لێکرد، قەسیدەی ( پێغەمبەر)ی خوێندەوە، کە جۆش و خرۆشێکی بێ وێنەی بە جەماوەرەکە بەخشی، بوو بە چەپڵە ڕێزانێکی ئەوتۆ، لە تۆ وایە دیوارەکانی کۆمەڵەی بیمە، کە کۆڕ و ئاهەنگەکە لەوێندەر بوو، دەلەرێنەوە، فیودور میخائیلوفیچ چەند جارێک کرنووشی ڕێزی بۆ جەماوەرەکە برد و ئەوسا تریبونەکەی بەجێهێشت، بەڵام جەماوەرەکە دەستبەرداری نەدەبوون، ئیدی ئەم ڕەوشە نزیکەی دە دەقیقەیەک بەردەوام بوو ٢٤٠+ .

لەبەر ئەوەی ئەم کۆڕە دەنگدانەوە و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، ڤیکتور چایفسکی قەراری دا دوای هەفتەیەک، واتە لە ١٨٨٠/١٠/٢٦ دا بە هەمان بەرنامە و بە هەمان ستاف دووبارەی بکاتەوە، جا بەهۆی سەرکەوتنەکەی هەفتەی پێشووەوە، جەماوەرێکی یەجگار زۆر، بۆ ئەم کۆڕەیان هاتن، هێندە قەرەباڵغ بوو، خەڵکانێکی زۆر لە ڕاڕەوەکاندا بە پێوە وەستابوون، کاتێ فیودور میخائیلوفیچ چوو بۆ سەر شانۆکە، جەماوەرەکە بە چەپڵەڕێزانێکی دوور و درێژ پێشوازییان لێکرد، مێردەکەم لەبەر چەپڵەی خەڵکەکە نەیدەتوانی دەست بە خوێندنەوە بکات، کە دەستی بە خوێندنەوەش کرد، دوای هەر پەرەگرافێک جەماوەرەکە بە چەپڵەڕێزان پێیان دەبڕی و نەیاندەهێشت لەسەر شانۆکە بێتە خوارەوە، کاتێ فیودور میخائیلوفیچ لە خوێندنەوەی قەسیدەی ( پێغەمبەر) بووەوە، جەماوەر بەجارێ خرۆشا، لێرەدا شتێک ڕوویدا کە بە قسە نایەتە وەسپکردن.

فیودورمیخائیلوفیچ جارێکی دی لە ١١/٢١ دا دەڕوات بۆ کۆمەڵەی خێرخوازی تا کۆڕێک بە قازانجی سەندووقی ئەدەبی بگرێت، لە بەشی یەکەمی کۆڕەکەدا چامەکەی نیکراسۆفی ( تاریکی گومڕایی) خوێندەوە، لە بەشی دووەمی کۆڕەکەدا چەند پەرەگرافێکی لە قەسیدەکەی گوگول ( گیانە مردووەکان*) خوێندەوە (* گیانە مردووەکان، بەشی یەکەم ١٨٤٢، ڕۆمان- قەسیدەیە بە پێی پۆلینی نیکولای گوگول ١٨١٩- ١٨٥٢، دەستنووسی بەشی دووەمی لە ساڵ ١٨٥٢ دا سوتاند)

له ١١/٣٠دا ئێواره کۆڕێک له کۆمەڵەی بیمە، بە قازانجی کۆمەڵەی کۆمەکی خوێندکارانی زانستگەی سان پترسبورگ ساز کرا، فیودور میخائیلوفیچ لەم کۆڕەدا فەسڵێکی لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆف، بە ناونیشانی ( ناشتنی ئیلیو شیچکا) خوێندەوە، دەنگی زۆر نزم بوو، بەڵام وێرای ئەوەش هێندە هونەریانە خوێندیەوە، کە سوێی بردە دڵی هەموانەوە، تەنانەت من لە دەوروبەری خۆمدا، زۆر کەسم دیتن کە بە کوڵ دەگریان، تەنیا ژنانیش نا، خوێندکارەکان تاجەگوڵینەیەکی غاریان پێشکەش بە مێردەکەم کرد، جەماوەرێکی زۆر تا دەرگای بینایەکە بەگەڵی کەوتن، ئیدی فیودورمیخائیلوفیچ، بەخۆی بۆی دەرکەوت، کە گەنجان تا چ ڕادەیەک خۆشیان دەوێت و ڕێزی دەگرن، زانینی ئەمە بۆ مێردەکەم زۆر خۆشبوو.

ئیدی جەماوەری خەڵک بەوە ڕاهاتبوون بەو پەڕی گەرمی لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا پێشوازی فیودور میخائیلوفیچ بکەن، هەرکە لەسەر شانۆ دەردەکەوت، بە چەپڵە ڕێزانێکی چەند دەقیقەیی پێشوازی دەکرا، فیودور میخائیلوفیچیش لەو کاتانەدا، لە سەر کورسییەکەی رادەپەڕی، بە پێوە ڕادەوەستا و بە ڕێز و سوپاسگوزارییەوە کڕنووشی بۆ جەماوەرەکە دەبرد، ئەو جەماوەرەی دەرفەتیان نەدەدا دەست بە خوێندنەوە بکات، کە دەستیشی بە خوێندنەوە دەکرد، پتر لە جارێک بە چەپڵە پێیان دەبڕی، چەپڵە چی چەپڵە، گوێی بنیادەمی کەڕ دەکرد، کە لە خوێندنەوەش دەبووەوە هەمان دیمەن دووبارە دەبووەوە، فیودورمیخائیلوفیچ ناچار دەبوو، هەمدیس سڵاو لە جەماوەرەکە بکاتەوە، تا لە شانۆکە دادەبەزی، سێ چوار جەلان ئەم حاڵەتە دووبارە دەبووەوە.

هەڵبەتە فیودور میخائیلوفیچ زۆر دڵی بەم ستایشەی جەماوەری خەڵک خۆشبوو، هەستی بە ڕەزامەندی و ئاسوودەییەکی مەعنەوی گەورە دەکرد، فیودور میخائیلوفیچ بەرلەوەی دەست بە خوێندنەوە بکات، دەترسا خەڵکەکە گوێیان لە دەنگە نزمەکەی نەبێت، تەنیا ئەوانەی ڕیزی یەکەم گوێیان لە دەنگی ببێت، ئەم بیرە نیگەرانی دەکرد، بەڵام ئەو بارگرژییەی لەم کاتانەدا بەسەریدا زاڵ دەبوو، دەیکردە کارێک کە دەنگە نزمەکەی زوڵاڵ و بەرزتر ببێتەوە و هەر وشەیەکی لە سەرانسەری هۆڵەکەدا، بە ڕوونی بێتە بیستن +٢٤١.

هەقیقەتێکی گرینگ هەیە، پێتڤییە لێرەدا باس بکرێت، فیودور میخائیلوفیچ ئیلقا و خوێندنەوەیەکی زۆر باشی هەبوو[٨] (* بۆوەی قسەکانم بێ بەڵگە نەبن، لێرەدا

ئەو قسانەی سیمون ئاڤاناسیڤیچ ڤینگیروف بە نموونە دێنمەوە، کە لە ئەنجامی کاریگەریی ئیلقا و خوێندنەوەی فیودور میخائیلوفیچەوە لەلای دروست بووە " خۆم و شانسم ئەو بەختەوەرەییە گەورەیەم پێبڕا، گوێ لەو دوستویفسکیە بگرم کە لە ساڵی ١٨٧٩دا، لە ئێوارە کۆڕێکدا بابەتی دەخوێندەوە.. بەڕاستی لە ئیلقا و خوێندنەوەدا هاوتای نییە، دەتوانین بە دوستویفسکی بڵێین "خوێنەر"، چونکە کە بە پاڵتۆ ڕەشەکەیەوە دەچێتە سەر شانۆ، تا ڕۆمانەکەی بخوێنێتەوە، هیچ پێناسەیەک نایگرێتەوە، لەم ئێوارە کۆڕەدا گوێم لە خوێندنەوە و تەرزی بەیانی دوستویفسکی، تورگینیف و سالتیکوف.. چیدرین و گریگوروفیچ و بولونسکی و ئەلکسی بوتیخین گرت، جگە لە سالتیکۆف و،کە زۆر خراپی خوێندەوە و بولنسکی کە بە تۆنێکی زۆر لیریکی خوێندییەوە، هەموو ئەوانی دی باشیان خوێندەوە، بەڵام تەنیا خوێندنەوە بوون، بەلام خوێندنەوەکەی دوستیفسکی خوێندنەوەیەکی پێغەمبەرانە بوو بە هەموو مانای وشە، بە دەنگێکی ناسک، بەڵام خویا و کاریگەر، هێندە کاریگەر کە زەحمەتە بێتە وەسپکردن، یەکێک لە فەسڵە هەرە جوانەکانی "برایانی کارامازوف"ی- "دانپیانانەکانی دڵێکی گەرم"ی خوێندەوە- کە میتیا کارامازۆف ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن کاتیرینا ئیڤانوڤنا هاتووە بۆ لای و داوای پارەی لێکردووە تا بیدات بە باوکی، تاکو ئێستا هەرگیز بێدەنگییەکی ڕەهای وەک ئەو بێدەنگییەم نەدیوە کە باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو،، ئامادەبوان کە ژمارەیان لە هەزار کەس پتر دەبوو، بەجۆرێ ئاوێتەی ڕوحی خۆیان بوو بوون، وێرای جیاوازی مجێز و سروشتیان، لە تۆ وایە هەرهەموویان چوونەتە کلێشەی یەک کەسەوە، بەڵام کە ئەوانی دەستیان بە خوێندنەوە دەکرد، جەماوەرەکەی "خود"ی خۆیان لەبیر نەدەکرد، هەرچەندە هەرکەسە و بە شێوازی خۆی مامەڵەی لەتەک ئەو بابەتەدا دەکرد کە گوێی لێدەگرت، تەنانەت خوێندنەوە جوانەکەی تورگینیف بە هاوبەشی لەگەڵ ساڤینادا، جەماوەرەکەی نەگەیاندە ترۆپک، بەلام کاتێ دوستویفسکی شتێک دەخوێنێتەوە، گوێگر وەکو خوێنەری ڕۆمانە کابووسییە ئیبداعییەکانی، بە تەواوەتی "خود"ی خۆی لەبیر دەکات، بە هەموو بوونیەوە، دەبێت بە دیل و ئەسیری سیحر و سوڵتانی هیپنوتیزمی ئەم پیرەمێردە بابردەڵە و بیچم داهێزراوە، ئەم نیگا تیژە، هەڵایساوە بە ئاگرێکی گۆنک، زیاتر لەو پرشنگە دەچێت کە لە چاوانی بابا ئەڤاکوم دا شەپۆلی دەدا" (ڕۆژنامەی گوتار، ١٩١٥/٤/٢٥، ئا. گ. دوستویفسکایا+٢٤٢

ئیدی هەر بابەتێکی بخوێندایەتەوە، چ بابەتی خۆی بوایە، چ بابەتی خەڵکانی دیکە بوایە، وای دەخوێندەوە کە هەموو تایبەتمەندییە جۆراو جۆرەکانی بابەتەکەی بەرجەستە دەکرد، لە هەمان کاتدا زۆر بە ڕەوانی، بێ ئەوەی پەنا وەبەر شێواز و ستایلی وتاربێژی بەرێت، دەیخوێندەوە.

فیودور میخائیلوفیچ لە ڕێی ئیلقا و تەرزی خوێندنەوەوە، کارێکی ئەفسووناوی لە گوێگرەکانی دەکرد ( بەتایبەتی کە چیرۆکی نیللی لە "سووک و ڕیسوایان"، یا "ئەلیوشا کارامازۆف کە باسی ئیلوشچیشکا دەکات" ی دەخوێندەوە) دەمبینی ڕۆندک لە چاوی ئامادەبوان قەتیس ماوە، منیش دەگریام، هەرچەندە من ئەم کۆپلە و پەڕەگرافانەم ئەزبەر بوون. فیودور میخائیلوفیچ هەر بابەتێکی بخوێندایەتەوە پێشەکییەکی کورتی لە سەر پێشکەش دەکرد، تا خەڵکەکە بتوانن لێی حاڵی بن، بەتایبەتی ئەوانەی دەقەکەیان نەخوێندووەتەوە یا خوێندویانەتەوە و بیریان چووەتەوە.

فیودورمیخائیلوفیچ، جگە لە ئێوارە کۆڕە ئەدەبییەکان، مکوڕبوو لەسەر ئەوەی سەردانی دۆست و ئاشناکانی بکات، لە زستانی ١٨٧٩/ ١٨٨٠ دا سەردانی بەڕێز ئیڤان پتروفیچ کورنیلوفی کرد* (* ئیڤان پتروفیچ کورنیلوف ١٨١١- ١٩٠١: ئەرشیفکار بوو، دەستنووس و کتێبانی کۆنی کۆدەکردەوە، لە کۆتایی هەفتاکانەوە دۆستایەتی دەگەڵ دوستویفسکیدا پەیدا کردووە.) ی ( سەپەرشتیاری جارانی هەرێمی فینیلنسکی پەروەردەیی) لەلای ئەو گەلێک لەو زانا و کەسایەتیانەی بینی کە پۆستی فەرمی گەورەیان هەبوو. فیودور میخائیلوفیچ، لەو ئێوارە کۆڕانەشدا، کە یلنا ئەندرییڤنا شتاکینشنایدر ( کیژی تالارکارە بەرزەکە) سازی دەدان، ئامادە دەبووز ڕۆژانی سێ شەموان ژمارەیەک لە ئەدیبانی بەرز لە ماڵی یلینادا خڕدەبوونەوەو هەندێجار هەندێک بەشی بەرهەمەکانی ئەویان دەخوێندەوە ٢٤٣+ یلینا شانۆگەریشی لە ماڵی خۆیدا ئەنجام دەدا، بۆ نموونە لەبیرمە من و مێردەکەم لە زستانی ساڵی ١٨٨٠ لەوێ نمایشی ( دون جوان) مان بینی کە س. ف. ئەڤیرکیڤا* (* سوڤیا ڤیکتورڤنا ئەڤیر کییڤا ١٨٤٠- دوای ١٩١٧: ئەکتەر بوو) دەوری دونا - ئانای دەبینی، کە یەکجار سەرکەوتوانە و بەهرەمەندانە دەورەکەی دەگێڕا، هەروەها شاعیر ک. ک. سلوچایڤسکی و* (* قنستینتین قنستینتینوفیچ سلوچایفسکی ١٨٣٧- ١٩٠٤: شاعیر و وەشانکار و ڕەخنەگر و نووسەری گۆڤاری "مژدەبەری

حکومەت بوو" نیکولای ستراخوفیش دەوریان دەبینی، ستراخوف دەورێکی پڕ بە پێستی خۆی بینی، تەنانەت فیودور میخائیلوفیچیش چەپڵەیەکی گەرم و گوڕی بۆ لێدا، لەم ئێوارە کۆڕەدا کەیفی زۆر قنج بوو، فیودور میخائیلوفیچ ئەم زستانە ناسیاوی دەگەڵ لیدیا ئیڤانوڤنا فیسیلیتسکایا* ( * ڤیسیلتسکایا، لیدیا ئیڤانوڤنا، (ناوی ئەدەبی "میکولیچ ۱۸۵۷- ۱۹۳٦: نووسەر بوو) پەیداکرد، لە ماڵی شتاکینشنایدردا تەعاروفیان کرد، لیدیا دوای ئەوە وەکو ژنێکی ئەدیب بە ناوی ف. میکولیچ شۆرەتی پەیدا کرد، حەزدەکەم لێرەدا ئاماژە بە وردی مەزەنە و پێشبینی فیودور میخائیلوفیچ بکەم: پاش ئەوەی دوو سێ جار قسەی دەگەڵ ئەم کیژە گەنجەدا کرد، پێشبینی ئەوەی کرد، وێڕای بچووکی تەمەنی و شپرزەیی، نەک هەر دەبێ بە خانمێکی گەورەی ناو کۆمەڵگە، بەڵکو دەبێت بە کەسایەتییەک کە تەماحێکی گەورەی هەیە، تەماحی ئایدیالی بەرز، وەکو بەهرەیەکی ئەدەبی، هەڵبەتە پێشبینی و مەزەندەکەی فیودورمیخائیلوفیچ دروست دەرچوو، ئەوە بوو نووسەی ( میموشک) بە کارە ئەدەبییەکانی، کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ئەدەبی ڕووسییەوە بەجێ هێشت +۲٤٤.

یلینا ئەندریڤنا شتاکینشنایدر، مایەی ڕێز و حورمەتی فیودور میخائیلوفیچ بوو، چونکە هەمیشە ئافرەتێکی میهرەبان و دلۆڤان و ئاکار جوان بوو، هەرچەندە نەخۆشی درێژخایەنی دەگەڵدا بوو، بەڵا قەت بە ئاشکرا گلەیی نەدەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بە ڕووخۆشی و گەرم و گوڕی خۆی خۆشی دەخستە دڵی خەڵکییەوە.

" ئەدریان ئەندرییفیچ) ی برا بچووکی یلینا، لە نێو خانەوادەی شناکینشنایدر* (* ئەدریان ئەندرییفیچ شتاکینشنایدر( ۱۸٤۱- ؟) پارێزەر بوو، کوڕی تەلارکار شتایکینشنایدر بوو) زۆر خۆشەویست و نازدار بوو، گەنجێکی زیرەکی بیرفراوان بوو، ڕاستگۆیانە دڵبەندی بەهرەی فیودور میخائیلوفیچ بوو. فیودور میخائیلوفیچ هەمیشە سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە دنیای دادڤانیدا، ڕوویان دەدا، لە ڕاوێژ و شیرەتدا بوو دەگەڵ ئەدریاندا وەکو پارێزەرێکی بەهرەمەند. فیودور میخائیلوفیچ سەبارەت بەو زانیاریانەی لەم بارەیەوە بەکاری بردوون، قەرزاباری ئەوە، بەڕادەیەک هەرهەموو ئەو وردەکاریانەی لە دادگاییەکەی میتیاکارامازوفدا هاتووە ئەوەندە دروستن کە هیچ ڕەخنەگرێکی کینە لەدڵ ( کە یەکجار زۆرن) نەیانتوانیوە هەڵەیەک یا غەفڵەتێکی لێبدۆزنەوە.

فیودور میخائیلوفیچ زۆری حەز لە هاتووچۆ و سەردانی قنستنتین بوبیدونوستسیف بوو، کە گفتوگۆ و دەمەتەقێ دەگەڵ ئەودا بۆ مێردەکەم، دەیکردە لەزەتێکی زەینی بەرز، بە خاوەن ئەقڵێکی ساغڵەمی دەزانی، گەرچی مایل بوو بەلای گوماندارییەوە.

فیودور میخائیلوفیچ، بەدرێژایی ساڵانی ١٨٧٩- ١٨٨٠، بەردەوام سەردانی دۆتمیر سوفیا ئەندرویيڤناتولستویای بێوەژنەکەی ڕەحمەتی شاعیر میر ئەلکسی تولستوی دەکرد، ئەمە ژنێکی زۆر زیرەک بوو، ڕۆشنبیرێکی فرە زانیاریی بوو.

مێردەکەم گەنگەشە و موناقەشەی ئەوی زۆر پێخۆشبوو، زۆر دڵبەند بەهرە و توانای ئەو بوو، کە بە ئاسانی دەچووە قولایی کرۆک و جەوهەری مەسەلەکانەوە و ڕای تایبەتی بەرانبەر بە زۆر هزرێن فەلسەفی هەبوو، کە ئەمە لەنێو خێڵی ژناندا کەمە +٢٤٥.

ئەم ژنە وێرای زیرەکی و ئاقڵی و دڵێکی بەسۆز و هەستێکی ناسکی هەبوو، تا ماوم بە منەتبارییەوە یادی بەخێری دەکەمەوە،چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان شادی خستووەتە دڵی مێردەکەمەوە، جارێکیان فیودور میخائیلوفیچ، لەگەڵ دوتمیردا بەدەم قسانەوە هاتە سەر باسی هۆڵی هونەریی لە درزدن، ڕای خۆی لەمەڕ تابلۆکەی پاکیزەی سیستینیە دەربڕی و بەو بۆنەیەوە بە خەمبارییەوە گوتی هەرگیز بۆی نەڕەخساوە لە هەندەرانەوە وێنەیەکی گەورەی تابلۆکەی پاکیزە دەگەڵ خۆیدا بێنێ و لێرە زۆر زەحمەتە بەدەست بێت، کاتێ فیودور میخائیلوفیچ چوو بۆ ئیمس، حەزیدەکرد ئەگەر بکرێت نوسخەیەک لەم تابلۆیە بکڕێت، بەڵام ئەو خەیاڵپڵاوەی کەڕووی هەڵهێنا، منیش زۆر گەڕام کە وێنەیەکی گەورەی پاکیزە، لە دوکانی فۆتۆ کۆپییەکانی پایتەختدا پەیدا بکەم، فایدەی نەبوو، دوای دوو سێ هەفتە لەو قسانە، بەیانییەک کە فیودور میخائیلوفیچ هێشتا خەوتبوو،فلادیمیر سۆلۆڤیوف، بەخۆ و کارتۆنێکی گەورەی مقەواوە خۆی بە ماڵی مەدا کرد، کارتۆنەکە وێنەیەکی فۆتۆگرافی زۆر جوانی پاکیزەی سیسیتینیەی بە قەوارەی ئاسایی تیا بوو،بەڵام بەبێ ئەو کەسایەتیانەی لە دەوری بوون.

ڤلادیمیرسیرگیفیچ، کە دۆستی نزیکی دوتمیر تولستویا بوو، پێی گوتم، دۆتمیر نامەی بۆ هەندێک ناسیاوی خۆی لە درزدن ناردووە و ئەوانیش ئەم وێنە فۆتۆگرافیەیان بۆ ناردووە، دۆتمیر بۆ فیودور میخائیلوفیچیی ناردووە و تکا دەکات

وەکو "یاگارییەک" قەبووڵی بکات، ئەمە لە نیوەی  ئۆکتوبەری ساڵی ١٨٧٩ دا بوو، ئیدی بیرم لەوە کردەوە یەکسەر لە چوارچێوەی بگرم، تا فیودور میخائیلوفیچ لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی خۆیدا کە ڕێکەوتی ١٠/٣٠ دەکرد، زۆر دڵی پێی خۆشبێت، ئەم بیرۆکەیەم بە سولوڤیوف گوت، زۆری پێ باشبوو، خێرا چوارچێوەیەکم بۆ دایە کرد تا خراپ نەبێ، داوام لە ڤلادیمیر سولوڤیوف کرد، کە منەتباری و سوپاسگوزاری من بگەیەنێتە دوتمیر،لەهەمان کاتدا ئاگادارم کردەوە کە دیارییەکەی ئەو  نیشانی فیودورمیخائیلوفیچ نادەم تا ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونەکەی، هەر واشم کرد: بەر لە ڕۆژی ١٠/٣٠ وێنەکەم لە چوارچێوەیەکی دارگوێزی قاوەیی نەخشیندا، لە پەردەیەکەوە پێچرابوو، لەگەڵ بزمارێکدا وەرگرتەوە بۆ ئەوەی بە دیوارەکەی سەرووی جێگاکەیەوە هەڵی بواسم ( جێگاکەی فیودور میخائیلوفیچ) کە لەوێ ڕووناکییەکە باشتر لێی دەدا و تایبەتمەندییەکانی ئەم شاکارە هونەرییە جوانتر دەردەکەوت.

بەیانی ڕۆژی ئاهەنگ و جەژنی خانەوادەییمان، گاڤێ فیودور میخائیلوفیچ چوو بۆ ژووری خوان تا چایی بخوات، بلەز وێنەکەم لە جێگاکەی خۆی هەڵواسی، دوای پیرۆزبایی و چاک و خۆشی دەگەڵ منداڵەکاندا پێکەوە چووین بۆ ئۆفیسەکە، کە فیودور میخائیلوفیچ چاوی بە وێنەکەی پاکیزە کەوت کە زۆری خۆشدەویست، مەگەر خوا بزانێ چەند گەشایەوە!

فیودور میخائیلوفیچ کە وای دەزانی کڕیومە، پرسی: "چۆن پەیدات کرد ئانیا؟" کاتێ کە بۆم باسکرد ئەمە دیاری دۆتمیر تولستویایە، هەستم کرد ئەم لوتف و بەسەرکردنەوەیە لە کانگای دڵەوە خۆشحاڵی کرد،هەر هەمان ڕۆژ ڕۆیی تا سوپاس و منەتباری خۆی پێ ڕابگەیەنێت، چەندین جار لەم یەک ساڵەی تەمەنیدا دیتوومە کە بەوپەڕی خشووعەوە لە هەنبەر ئەم تابلۆ جوانەدا وەستاوە و بەجۆرێ لەخۆی بووەتەوە کە هەستی بە چوونە ژوورەوەی من نەکردووە، جا بۆ ئەوەی ئەو نەشە ڕوحییەی لێ تێک نەدەم، بە ئەسپایی ژوورەکەم بەجێ هێشتووە، ئیدی منەتباری من بۆ دوتمیر، لەبەر ئەوەبوو کە بەو دیارییە دڵی مێردەکەمی زۆر خۆشکرد، کە لە بەردەم ئەم تابلۆیەدا دەوەستا وای دەزانی هەموو دنیا هی ئەوە! ئەم وێنەیە یەکێکە لە گەنجینە خانەوادەییەکەمان، ئێستا لەلای کوڕەکەم پارێزراوە.

فیودور میخائیلوفیچ زۆری حەز بە هاتووچۆی دۆتمیر سوفیا تولستویا بوو، چونکە خانەوادەیەکی میهرەبانی بەدەورەوە بوون، کچی خوشکەکەی، سوفیاپتروڤنا خیتروڤو، ئەمە ژنێکی گەنجی ڕووخۆش بوو، سێ منداڵی هەبوو: دوو کوڕ و کیژێکی جوان، ئەو منداڵانە لە تەمەنی منداڵەکانی ئێمەدا بوون، بە یەکمان ناساندن بوون بە هاوڕێی یەکدی، کە فیودور میخائیلوفیچ ئەمەی زۆر پێخۆش بوو.

فیودورمیخائیلوفیچ لەلای سوفیا تولستویا، زۆرێک لە خانمانی کۆمەڵگەی ئەرستوکراتی ناسی، لەوانە: دۆتمیر ئەلکسندرا ئەندریڤنا تولستویا* (* ئەلکسندرا ئەندریڤنا تولستویا ١٨١٧- ١٩٠٤: کیژی پووری کۆنت لیڤ تولستوی بوو.) ( کە خزمی کونت لیف تولستوی بوو ٢٤٦+) و یلیزا فیتا ئەلکسیڤنا ناریشکینا* (* یلیزا ڤیتا ئەلکسیڤنا ناریشکینا " ١٨٤٠- دوای ١٩١٠": دۆتمیرێک بوو، خێرخوازێکی بەناوبانگ بوو.) دۆتمێر ئانا یگوریڤنا کوماروفسکایا* (* ئانایگوریڤنا کوماروڤسکایا ١٨٣١- ١٩٠٦، هاودەم و کارەکەری دەرباری دۆتمێری مەزن ئەلکسندرا یوسیبوڤنا، بێوەژنی میری مەزن قنستنتین نیکولایوفیچ بوو.) و یولیا فیودوروڤنا ئەبازە* (*یولیا فیودوروڤنا ئەبازە ١٨٣٠- ١٩١٥: نووسەر، گۆرانیبێژ، موزیسێن، بەڕێوەبەری پەناگەی منداڵانی زندانیان، خودانی دیوەخانی موزیقی کە چاپکوفسکی و روبنشتاین: ژنی وەزیری دارایی ئا. ئەبازە هاتووچۆیان دەکرد) هەروەها دۆتمێر فولکونسکایا، یولیا ڤانیلیارسکایا* (* یولیا فیودوروڤنا ڤانیلیارسکایا: دۆتمێر، نووسەر، ژنی نیکولای ساڤیتس، سیناتور و ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەت و سەرۆکی ئیدارەی باڵای بەرید بوو، چاودێری دوا ژمارەی "یاداشتی نووسەر" بوو) هەروەها گۆرانیبێژ، لاڤروڤسکایا*، دۆتمێری تسیرتیلیڤایا+٢٤٧ (* یلیزاڤیتا ئەندریڤنا لاڤروسکایا ١٨٤٥- ١٩١٩، دۆتمیر، گۆرانیبێژێکی ڕووسی بوو) هتد.. هەرهەموو ئەمانە بە ڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە مامەڵەیان لەتەک فیودورمیخائیلوفیچدا دەکرد، هەندێکیان زۆر شیفتەی بەهرەی ئەو بوون، فیودور میخائیلوفیچ هەرچەند هەمیشە کە دەکەوتە گەنگەشە و مشتومڕی ئەدەبی و سیاسییەوە لە کۆڕ و مەجلیسی پیاواندا، هەڵدەچوو، بەڵام لە کۆڕ و مەجلیسی ژناندا ڕەچاوی ناسکی و هەستیاریی ئەوانی دەکرد.

یەکێک لەو ئافرەتە بە شەخسیەتانەی کە فیودور میخائیلوفیچ حەزی بە قسە و مناقەشەی دەکرد و هەندێجار سەری دەدان دۆتمێر یلیزاڤیتا نیکولایڤنا گایدن بوو،

کە ئەکتەری کۆمەڵەی گیورگینسکی بوو، میخائیلوفیچ ڕاستگۆیانە بەهۆی چالاکییە خێرخوازییە هەمیشەیی و بیرو جیهانبینییە بەرزەکانییەوە، زۆری ڕێز لێدەگرت، هەروەها حەزی لە سەردان و هاتووچۆی یولیا دینیسوڤنا زاسیتسکایا* (* کیژی فیدایی دینیس داڤیدوڤ) هەبوو (* یولیا دینیسوڤنا زاستیکایا (؟- ١٨٨٢) : نووسەر و وەرگێڕ بوو) هەرچەندە ئەو ئافرەتەی خۆشدەویست و ڕێزی دەگرت، بەڵام هەمیشە سەبارەت بە بیروباوەڕە ئاینییەکەی، موناقەشەی توندی دەگەڵدا دەکرد، فیودور میخائیلوفیچ، زۆر بە کەمی هاتووچۆی ئانا باڤلوڤنا فیلوسوفنای* دەکرد (* ئانا باڤلوڤنا فیلوسوفنا ١٨٣٧- ١٩١٢: کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، بەشداری بزافی ژنان بوو) ستایشی چالاکییە جدییەکانی دەکرد و دەیگوت ( دڵێکی زیرەکی) هەیە +٢٤٨.

حەزدەکەم لێرەدا ئەوە بڵێم کە فیودور میخائیلوفیچ زۆر ئاشنای ژنی هەبوو، کە بە خوایشتی خۆ، نهێنییەکانی خۆیان بۆ باس دەکرد، داوایان لێدەکرد ئامۆژگارییان بکات، ئەویش هیچ داوایەکی ڕەد نەدەکردنەوە، بە پیچەوانەوە زۆر زۆر دڵسۆزانە و دۆستانە خەم و خولیاکانیانی بەهەند وەردەگرت و ڕاستگۆیانە ڕاوبۆچوونی خۆی پێدەگوتن و هەندێجار بەم ڕاوبۆچوونانە زیزی دەکردن، بەڵام متمانەیان پێیێ هەبوو، دەیانزانی بەدەگمەن مرۆڤێک هەیە وەکو فیودور میخائیلوفیچ، لە دڵ و دەروون و کول و کۆڤانی ژن تێبگات و تەنانەت پێشبینیشی بکات.

"٣"

سەفەری مۆسکۆ

بۆ بەشداری لە ئاهەنگی ئیادی پوشکیندا

لە مانگی ٣/ ١٨٨٠دا لە ناوەندە ئەدەبییەکاندا دەنگۆ بڵاوبووەوە کە لە مۆسکۆ لە کاری دروستکردنی پەیکەرێک بۆ پوشکین بوونەتەوە و لە بەهاردا پەردەی لە سەر لادەبرێت،قەرارە لە ئاهەنگ وکەرنەڤاڵێکی گەورەدا پەردەی لەسەر لابرێت. ئەم هەواڵە چاوەڕوانکراوە، بایەخێکی زۆری لای ڕۆشنبیرەکانمان پەیدا کرد و زۆریان خۆیان تەیارکرد بۆ سەفەر و ئامادەبوون لەم میهرەجان و کەرنەڤاڵە. لە مۆسکۆ

لیژنەیەکی تایبەت بە پەردە لادان لە سەر پەیکەرەکە پێکهێنرا، کۆمەڵەی ئەدەبدۆستانی ڕووسی، سەر بە زانسگەی مۆسکۆ، قەراری دا ئاهەنگی پەردەلادان لە سەر پەیکەرەکە، بە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی دەست پێبکات، سەرۆکی کۆمەڵەکە س. یوریێف* بوو (* سیرگی ئەندریفیچ یوریێف ١٨٢١- ١٨٨٨: ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و وەرگێڕ، نووسەر و وەشانکاری گۆڤاری "دیالوگ" ١٨٧١-١٨٧٢ و "بیری ڕووسی"، ١٨٨٠- ١٨٨٥ و لە ساڵی ١٨٧٨ وە سەرۆکی کۆمەڵەی ئەدەبدۆستانی ڕووسی بوو) .کارتی بانگێشتی بۆ ئەدیبە بەرزەکان نارد کە بەشداری میهرەجان وکەرنەڤاڵەکە ببن+٢٤٩ ، فیودور میخائیلوفیچیش وەکو ئەدیبەکانی دیکە کارتی دەعوەتی بۆ هات. لە کارتی دەعوەتەکەدا، بۆ ئەو و بۆ غەیری ئەو پێشنیاز کرابوو، کە لە کردنەوەی ئاهەنگەکەدا وتارێک بخوێنێتەوە، ئەگەر خۆی دەیەوێ، بەمەرجێ وتارەکە بۆ پوشکین تەرخان بێ. فیودور میخائیلوفیچ سەبارەت بەو دەنگۆ و بانگەشە هەڤدژانەی لە پایتەختدا بڵاوبوو، کە نوێنەرانی هەردوو حزبە فکرییەکەی ئەو سەروبەندە: هەوادارانی ڕەوتی سلاڤیەت و هەوادارانی ڕەوتی غەربگەرایی، دەیخوێننەوە، بڕێک دوودڵ و نیگەران بوون. بەڵام گوتی ئەگەر نەخۆشی بەرۆکی نەگرێت بێگومان دەچێت بۆ مۆسکۆ و وتارەکەی سەبارەت بە پوشکین پێشکەش دەکات، ئەو وتارەی لە مێژ بوو لە دڵ و مێشکیا بوو، فیودورمیخائیلوفیچ حەزیدەکرد من لەگەڵیا بڕۆم، دیارە زۆرم پێخۆش بوو بڕۆم بۆ مۆسکۆ و ئەم کەڕنەڤاڵ و میهرەجانە ئاوارتەیە بدینم، ئەمە جگە لەوەی حەزم دەکرد ئاگام لە فیودور میخائیلوفیچ بێ و نەیەڵم نیگەرانی و ترسی تەنیایی پێوە دیار بێت.

هەڵبەتە هەم من و هەم فیودورمیخائیلوفیچ پێمان ناخۆشبوو ئەگەر ئەم سەفەرە دووقۆڵییەمان سەرنەگرێت، کە کەوتینە ڕاوێژی ئەوەی چۆن تەگبیری ئەم سەفەرە بکەین، گەیینە ئەو قەناعەتەی زۆر زەحمەتە ئەم سەفەرەمان بۆ بکرێت. دوای مردنی ئەلیوشای کوڕمان، فیودور میخائیلوفیچ زۆر ڕموودەی منداڵەکان بوو، هەمیشە بەخەمی ژیان و سەلامەتی ئەوانەوە بوو، بۆیە مەحاڵ بوو بیر لەوە بکەینەوە ئێمە بە دوقۆڵی بڕۆین و منداڵەکان بەسەر دایەنەکەدا بەجێبهێڵین، دەبوایە بێ چەند و چوون لەگەڵ خۆمانمان ببردنایە، جا لەبەر ئەوەی بەلای کەمەوە هەفتەیەکی دەخایاند و ئەگەر بە منداڵەوە لە ئوتێلێکی باش لامان بدایە لەگەڵ کرێی ئەمسەر و ئەوسەری سەفەرەکەدا، بەلای کەمەوە سێ سەد ڕۆبڵی

تێدەچوو، ئەمە جگە لەوەی ئەم جۆرە کەرنەڤاڵ و ئاهەنگە وایدەخواست جلێکی جوانم لەبەردا بوایە، ئەگەر جلی فاخیریش نەبوایە، خۆ دەبوایە جلێکی شایستە بوایە، کە ئەمەش دەبوو بەسەرباری سەفەرەکە، جا جۆرە بەدحاڵیبوونێکی حیساب و کیتابمان دەگەڵ ( مژدەبەری ڕووسیدا) هەبوو، بە ئاسانی پارەمان لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ناڤبری بۆ وەرنەگیرا. بە کورتییەکەی خۆم و مێردەکەم، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەیینە ئەو قەناعەتەی دەبێ من دەستبەرادری خولیای ئەم سەفەرەی مۆسکۆ ببم وچاوپۆشی لەو کەرنەڤاڵە بکەم کە بەدەستەوە بوو، حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە بە درێژایی تەمەنم، ئەو داخەم لەدڵ دەرنەچوو،کە نەمتوانی لەم سەرکەوتنە گەورەیەی مێردە ئازیزەکەمدا لە ئاهەنگەکەی پوشکیندا، ئامادە بم و تا ئێستا بە خەسارەتێکی گەورەی دەزانم.

فیودورمیخائیلوفیچ بۆ ئەوەی بە ئارامی و بە ئازادی، خەریکی نووسینی وتارەکەی خۆی بێت بۆ یادی پوشکین، دەیویست زووتر بۆ ستاریاروسا بڕوات، ئەوە بوو لەهەوەڵی هەیڤی مایودا لە داچاکەی ئەوێندەر، بەخێزانی پێک شاد و شوکور بووینەوە.

لە ١٨٨٠/٤ دا، دۆستەکانی فیودور میخائیلوفیچ، ئاگاداریان کردەوە کە گۆڤاری "مژدەبەری ئەوروپی" وتارێکی پاڤل ئەنینکوفی لەژێر سەرناوی ( دە ساڵی جوان) دا بڵاوکردووەتەوە کە نووسەر لە وتارەکەیدا باسی دوستویفسکی دەکات. فیودور میخائیلوفیچ، وتارەکەی بەهەند وەرگرت و داوای لێکردم کە لە کتێبخانەدا، ژمارەی هەیڤی چواری گۆڤاری ناڤبری بۆ پەیدابکەم. ئیدی کەمێک بەر لە سەفەرەکەمان بۆ روسا لەلای ناسیاوێکم پەیدام کرد، ژمارەکەمان دەگەڵ خۆدا بۆ ئەوێندەر برد، مێردەکەم هەرکە وتارەکەی خوێندەوە بەجارێ گڕی گرت: ئەنینکوف لە بیرەوەرییەکانیا دەڵێت دوستویفسکی زۆر وزیاد لە پێویست بە بەهرە ئەدەبییەکەی خۆیەوە  فشیوە، تەنانەت وا دیارە داوای کردووە، شانازییەکی تایبەتی بە یەکەم ڕۆمانییەوە ( هەژاران) بکرێت- ئەم داوایە وەکو (پەراوێز) لە قەراخ لاپەڕەکاندا تۆمار بکرێ. مێردەکەم زۆر لەم بوختانە پەست بوو، یەکسەر و بلەز بۆ سوڤورین* ( * ئەلکسی سیرگییفیچ سوڤورین ١٨٣٤- ١٩١٢: ڕۆژنامەنووس و وەشانکار بوو لە ساڵی ١٨٧٥ وە دەستی بە دەرکردنی بڵاوکراوەی ( سەردەمی نوێ) کرد، لە هەمان ساڵی ١٨٧٥ وە ناسیاوی دەگەڵ دوستویفسکیدا پەیدا کرد، ئیدی لەو

ساڵەوە بەینیان هەر خۆش بوو) ی نووسی و داوای لێکرد بە زمانی ئەمەوە لە (سەردەمی نوێ) دا ئەوە بڵاوبکاتەوە، ئەوەی لە ( مژدەبەری ئەوروپی) دا، لە وتارەکەی ئەنینکوفدا سەبارەت بە مەسەلەی ( پەراوێز) ەکە، بڵاوبۆتەوە، نەشتی وا بووە و نەدەبێت. هەڵبەتە گەلێک لە هاوتایانی فیودور میخائیلوفیچ ( بۆ نموونە ئەپوللون) کە ئەو قۆناغەیان لەبیر بوو، لەم وتارەی ئەنینکوف پەست بوون، سوڤورین، بەگوێرەی نامەکەی فیودور میخائیلوفیچ و شایەدی هاوعەسرەکانی، دوو سەرنجی زیرەکانەی سەبارت بە ( پەراوێزەکە) نووسی و لە ( سەدەمی نوێ) دا لە ٢ و ١٦/ مایو/١٨٨٠ دا بڵاوی کردنەوە.

لە وەلامی دوستویفسکی دا ئەنینکوف لە ........*( * لە دەستنووسەکەدا ڕستەیەک دیار نەماوە) دەنووسێت هەڵەیەک ڕوویداوە و داوای نووسینی ( پەراوێز) تایبەتە بە کارێکی دیکەی فیودور میخائیلوفیچ بە ناوی " حیکایەتی بلیسمسلوف" ( ئەم کارە هەرگیز نەنووسرا) ئەو بوختانەی ئەنینکوف کردبووی، مێردەکەمی بەڕادەیەک زیز کرد، بڕیاری دا کە ئەگەر لە ئاهەنگ و کەڕنەڤاڵەکەی پوشکیندا دیتی، خۆی لێ نەبان بکات، یا ئەگەر لێی نزیک بووەوە، تەوقەی دەگەڵدا نەکات +٢٥٠.

ڕۆژی ٢٥ / مایو دانرا بۆ پەردە لادان لەسەر پەیکەرەکەی پوشکین، لێ فیودور میخائیلوفیچ لێبڕا سێ ڕۆژ پێش کاتی دیاریکراو بڕوات، تا بەشێنەیی و بێ پەلە پەل بلیت ببڕێت و بۆی هەبێ لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئاهەنگەکەدا ئامادە بێت، فیودورمیخائیلوفیچ وێڕای ئەوەی هاوڕێی سەرۆکی کۆمەڵەی خێرخوازی سلاڤی بوو، لە ئاهەنگەکەدا بە نوێنەری ئەم کۆمەڵەیە دادەنرا، بۆیە دەبوایە داوای تاجەگوڵینە بکات تا لەسەر پەیکەرەکەی دابنێت.

فیودورمیخائیلوفیچ لە ٢٢/ مایودا چووە سەفەر، لەگەڵ منداڵەکاندا چووم تا لە وێستگەی قیتار بەڕێی بکەین، ئێستاش لە بیرمە بە چ سۆز و میهرێکەوە مێردە قەدر گرانەکەم، لە کاتی خوداحافیزیدا پێی گوتم:

_ ئانیا ئازیزە داماوەکەم، ئیتر بەخت ئەم سەفەرەی بەنسیب نەکردیت! زۆر بەداخەوەم! بەڕاستی پێم ناخۆشە! پڕ بەدڵ حەزم دەکرد لەگەڵما بیت!

بە دڵێکی پڕ خوێن و خەمەوە، کە زیاتر خەمی تەندروستی ئەوم بوو، بەرسڤم دایەوە:_ ئیدی قەدەر پێی ڕەوا نەدیتین، بەڵام تۆش لە هەقی ئەمەدا دەبێ هەموو

ڕۆژێ بە نامە لە هەموو شتێک ئاگادارم بکەیتەوە، تا لە حاڵ و باڵت ئاگادار بم، بزانم چۆنی و چی دەکەیت، دەنا هەر دڵم لات دەبێ، بەڵێنم دەدەیە بێ نامەمە نەکەیت.

فیودور میخائیلوفیچ گوتی:- وەعد وەعد، هەموو ڕۆژێک نامەت بۆ دەنێرم.

جا چونکە مرۆڤێکی بە وەعد و بەلێن بوو، بەلێنەکەی بردە سەر، نەک ڕۆژی یەک نامە، بەڵکو هەندێجار ڕۆژی دوو نامەی بۆ ڤڕێ دەکردم، یەکەم لەبەر ئەوەی دڵم لەلای نەمێنێ و نیگەران نەبم، دووەم چونکە عادەتی وا بوو لە هەر تێبینی و باری سەرنجێکی خۆیدا شەریکم بکات.

کە دوعاخوازیمان لێکدی کرد، وامدەزانی فیودورمیخائیلوفیچ ئەوپەڕی هەفتەیەکی پێدەچێت: دوو شەوی ئەمسەر و ئەو سەری ڕێگا و پێنج ڕۆژیش بۆ کەرنەڤاڵ و ئاهەنگەکە، کە دەبوایە فیودور میخائیلوفیچ ئامادە بوایە، مێردەکەم وەعدی دامێ کە تاقە ڕۆژێکیش لە مۆسکۆ ماتەڵ نابێت، بەڵام فیودور میخائیلوفیچ، دوای بیست و دوو ڕۆژ ئەوجا گەڕایەوە، دەتوانم بڵێم ئەو سێ هەفتەیەی ئەو لەوێندەر بوو، بۆ من یەکپارچە عەزاب و نیگەرانی و ترس بوو.

جا پێویستە لێردەدا ئەوەیش بڵێم کە لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٩ دا، مێردەکەم پاش گەڕانەوەی لە ئیمس، چووە لای پس مامەکەم، دکتۆر میخائیل نیکلایوفیچ سنیتکین، داوای لێکرد معایەنەیەکی سنگی بکات تا بزانێ ئەو چارەسەرەی لە ئیمس کردبووی سەرکەوتوو بووە یا نا، ئامۆزاکەم دکتۆری منداڵان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕی نەخۆشییەکانی سینگ بوو، فیودور میخائیلوفیچ وەکو دکتۆرێک متمانەی پێی هەبوو، وەکو مرۆڤێکی باش و زیرەکیش خۆشی دەویست، هەڵبەتە کوڕە مامەکەم، فیودور میخائیلوفیچی دڵنیا کرد و دڵخۆشی دایەوە ( وەکو چۆن هەموو دکتۆرێک ئەمە دەکات) و دڵنیای کرد کە زستانەکە بە سەلامەتی بەسەر دەبات و هیچ ترسێکی لە تەندروستی خۆی نەبێت، بە مەرجێ پارێز بکات. بەڵام دکتۆر لای من ئیعترافی کرد کە نەخۆشییەکەی زیادی کردووەو ئاوسانی سیپەلاکەکانی بەم حاڵەتەی ئێستاوە،مەترسیدارە، بۆی باسکردم کە دەمارو موولولەکانی سیپەلاکی بەجۆرێ ناسک بوونەتەوە، لەوەیە لەگەڵ هەر گرژبوونێکی بەدەنیدا بتەقن، بۆیە ئامۆژگاری کرد کە هیچ جوڵەیەکی توند نەکات، شتی قورس

هەڵنەگرێ و دانەنێت، بەشێوەیەکی گشتی ئامۆژگاری کردین کە فیودور میخائیلوفیچ، لە هەر هەڵچونێکی خۆش یا ناخۆش دوور بخەینەوە.

ئەلهەقی دکتۆر دڵنیای کردم کە تەقینی ئەم دەمارانە مەرج نییە هەموو جارێک ببێتە مایەی مردن، هەندێجار ئەو دەمارە دەگیرێت- کە ئەمە بریتییە لە جەڵتەیەک، ڕێگەی ئەوە نادات خوێنێکی زۆری لەبەر بڕوات. وێنا ناکرێت چەند دەترسام و چۆن بەوپەڕی خەمەوە پەیگیری سحەتی مێردەکەمم دەکرد.

جا بۆ ئەوەی نەیەڵم فیودورمیخائیلوفیچ بە تەنێ بۆ هەندێ ماڵان بڕوات، کە لەگین بوو لەوێ تووشی خەڵکێن موزعیج ببێت، یا تووشی هەندێ گەنگەشە و موناقەشەی ئەوتۆ ببێت کە مجێزی تێک بچێت، ئیدی گلەیی ئەوەم لەلا دەکرد، کە لە ماڵەوە بێزار بووم و حەزدەکەم بێمە ناو خەڵکی، فیودور میخائیلوفیچ بەزەیی پێمدا دەهاتەوە کە بە زۆری هەر لە ماڵەوە بووم، بۆیە ئەم قەرارەی پێ خۆشبوو، دوای ئەوە دەگەڵیا دەچووم بۆ دیدەنی دۆست و ناسیاوەکانی، دەچووم بۆ کۆڕە ئەدەبییەکانی لە زستانی ساڵی ١٨٧٩ و لە سەرانسەری ساڵی ١٨٨٠، ئیدی کراسێکی حەریری ڕەشی جوانم بۆ خۆ کڕی و دوو دەرزیلەی ڕەنگا و ڕەنگم کڕی کە مێردەکەم دەیگوت زۆرم لێدێت.

لە کۆڕ وکۆبوونەوەکاندا ، ناچار پەنام وەبەر فێڵێک دەبرد، کە فیودور میخائیلوفیچ لە دیدار و گەنگەشەێن توند دوور بخەمەوە، بۆ نموونە داوام لە کابانی ماڵێ دەکرد کە فیودور میخائیلوفیچ لەسەر کورسییەک دابنێ کە لە فلان پیاو یا لە فلان خانمەوە دوور بێت و بیانوویەکم بۆ ئەوە دەدۆزییەوە، یا کە دەمبینی فیودور میخائیلوفیچ خەریکە هەڵدەچێ، یان لە موناقەشەدا گەرم بووە، بانگم دەکرد. بە کورتییەکەی هەمیشە ئاگام لێی بوو، بۆیە ئەم چوونە دەرەوەیە بۆ من خۆشییەکی ئەوتۆی تیا نەبوو.

بەو جۆرە لە کاتێکدا من بەو نیگەرانییەوە لە خەمی تەندروستی مێردەکەمدا بووم، کە چی لە جیاتی هەفتەیەک،بە پێچەوانەی پێشبینی خۆمانەوە، بیست و دوو دانە ڕۆژ لێکدی دابڕاین، خودایا لەم ماوەیەدا چ داخ و کەسەرێکم چەشت، لە کاتێکدا لە نامەکانیا بۆم دەردەکەوت کە هاتنەوەی فیودورمیخائیلوفیچ دوور ودوورتر دەکەوتەو، چونکە دڵنیابووم ئەم هەموو نیگەرانی و دوودڵییەی کەڵەکە دەبن و تووشی نۆرە فێیەک دەبێت، ئەگەر تووشی دووان نەبێت، بەتایبەتی ماوەیەکی زۆر

بوو نۆرە فێی بۆ نەهاتبوو، بۆیە تەسەوری ئەوە دەکرا زوو فێی لێبێت، ئیدی جۆرەها ترسی خراپم بە دڵدا دەهات، وام بە خەیاڵدا دەهات. وام بە خەیاڵدا دەهات فیودور میخائیلوفیچ، فێی لێدێت، بەرلەوەی وەخۆی بێتەوە لە ئوتێلدا* بۆ من دەگەڕێ(* فیودور میخائیلوفیچ هەمیشە دوای هەر نۆرە فێیەک، پێش ئەوەی بە تەواوی وەخۆی بێتەوە، دەهات بۆ لای من، چونکە لەو ساتانە ترسێکی ئاڵۆزی لێدەنیشت و ئەگەر کەسێکی نزیکی بەلاوە بوایە ترسەکەی دەنیشتەوە، ئا. گ. دوستویڤسکایا.) و خەڵکەکە وەکو شێتێک مامەڵەی دەگەڵدا دەکەن و لە مۆسکۆدا لێی دەکەن بە قاو و هیچ کەسیک ناچێت بەلایەوە و هێوری ناکاتەوە و دەیوروژێنن و لەوەیە کارێکی خۆسەرانە بکات، هەرهەموو ئەو بیر و خەیاڵ و ترسانە بەردەوام عەزابیان دەدام، بەڵام قەت نەدەگەیبیە ئەو قەرارەی کە بڕۆم بۆ مۆسکۆ، نەک بۆ ئەوەی لەناو خەڵکیدا دەربکەوم، بەڵکو دەگەڵ فیودور میخائیلوفیچ بم و ئاگام لێی بێ، بەڵام نەدەوێرام ئەو قەرارە بدەم، چونکە دەمزانی ئەگەر منداڵەکان لەلای دایەنەکە بەجێ بێڵم زۆر خەفەت دەخوات، بۆیە داوام لە دۆستەکانی مۆسکۆم کرد، ئەگەر فیودورمیخائیلوفیچ فێی لێهات، یەکسەر بە بروسکە ئاگادارم بکەنەوە، هەنگێ بە یەکەم قیتار دەکەوتمە ڕێ و خۆم دەگەیاندە لای ئەو، ڕۆژان بوورین و کردنەوەی ئاهەنگەکە دواخرا، ڕەوشی فیودور میخائیلوفیچ باش نەبوو، ( بەگوێرەی نامەکانی) +٢٥١ کە لەگەڵ هەر نامەیەکیا باری دەروونیم خراتر دەبوو، ئێستاش وێرای ئەوەی کە ئەم شتە زۆر کۆن بووە، هەرچەند بیرم دەکەوێتەوە زۆر خەفەت دەخۆم.

لێرەدا دیمەنێکی ئەو زەمانە دەگێڕمەوە، دیمەنێکە شایستەی تۆمارکردن نەبوو، ئەگەر فیودورمیخائیلوفیچ باسی نەکردبوایە، ئەو نامەیەی کە یەکسەر دوای گەڕانەوەی لە کۆبوونەوەی مۆسکۆ، نووسی بووی، کە لە کۆبوونەوەکەی مۆسکۆدا لەلایەن جەماوەری مۆسکۆوە زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە دوستویفسکی، لە یادی پوشکیندا کرابوو و زۆیان ڕێز گرتبوو، لێرەدا باسی کڕینی (جوانوویەک) دەکەم.

کوڕە گەورەکەمان، فیدیا زۆری ئەسپ خۆشدەویست، کە هاوینانی لە ستاریاروسا بەسەر دەبرد، زۆر دەترساین ئەسپان لووشکەی لێبدەن: کاتێ کە تەمەنی دوو سێ سالان بوو، هەندێجار خۆی لە دەستی دایەنەکە ڕادەپسکاند و بە غار بەرەو پیری هەر ئەسپێکی غەریب دەچوو و باوەشی بە لاقیا دەکرد، خۆشبەختانە ئەسپەکانی

روسا ئەسپی جوتیاران بوون و فێری ئەوە بوون کە منداڵان بە دەوریانەوە بن، بۆیە شتەکان بە سەلامەتی دەبوورین. کە منداڵەکە گەورە بوو، داوای دەکرد ئەسپی ڕاستەقینەی بۆ بکڕین، فیودورمیخائیلوفیچ بەڵێنی دایە ئەسپێکی بۆ بکڕێت، بەڵام ئیدی ڕەوشی ئێمە ڕێگەی ئەو شتەی نەدەدا، لە ساڵی ١٨٨٠دا بەڕێکەوت جوانوویەکم کڕی، پاشان زۆر لەم ئیشە ژێوان بوومەوە، مەسەلەکەش بەم جۆرە بوو، ڕۆژێک دەگەڵ منداڵەکاندا چووم بۆ بازاڕی شار، بە کۆمەڵ بە کوڕنیشەکەی ڕوباری بیریریتیتسادا ڕێمان دەکرد، عەرەبانەیەک بە خێرایی بەلاماندا تێپەڕی، جوتیارێکی تیا دانیشتبوو، دیار بوو مەست و خەیاڵ بوو، جوانوویەکی جوانی باریکەلە بەدووی عەرەبانەکەدا غاری دەدا، جارێ پێش ماینەکە دەکەوت و جارێ دوای دەکەوت، تەمەشای جوانووەکەمان دەکرد، کوڕەکەم پێی گوتم حەزدەکات ئەم جوانووە بکڕێت، کاتێ دوای چارەکە سەعاتێ گەیشتینە مەیدانەکە، سەیرمان کرد کۆمەڵێک جووتیار لە دەوری ماین و جوانووەکە وەستاون و گەنگەشەیانە، نزیک بووینەوە و گوێمان گرت، زانیمان کابرای جووتیاری سەرخۆش جوانووەکە بە بێ (زین) دەفرۆشێت و داوای چوار دۆلاری لێدەکات، کۆمەڵێک موشتەری خڕ بوونەوە، لەبەر دڵی کوڕەکەم و چونکە دەترسام ئەوانە جوانووەکە بکوژن، گوتم بە شەش دۆلار بیدە بە من، هیچ شارەزاییەکم لە ئەسپەوانی و کاروباری کوشتوکاڵیدا نەبوو، هەرکە خاوەن جوانووەکە بە پەلە لەوێ ڕۆیی " تابڕوات شەراب بخواتەوە" کەوتمە پرسیار لە جووتیارەکان، کە ئاخۆ ئەم جوانووە بەبێ دایکی لەلای من دەحەوێتەوە، جۆرەها وەلامم لێبیستن: هەندێک گوتیان ناحەوێتەوە، هەندێکی دی ئامۆژگارییان کردم کە چ جۆرە خواردنێکی بدەمێ، گوتیان ئەگەر بەباشی بەخێوی بکەم، ئەسپێکی زۆر باشی لێدەردەچێت، بە هەرحاڵ تازە دەرفەتی ژێوان بوونەوە نەمابوو، بەم جۆرە بە عەرەبانەکە بۆ ماڵ گەڕاینەوە و جوانووەکەش شان بە شانی ئێمە بە غار لەگەڵمان دەهات، هەر ئەو ڕۆژە ئەم سەوا ومامەڵەیەم بە مێردەکەم ڕاگەیاند، بە ڕێکەوت نامەکەمی لەو ڕۆژەدا پێدەگات کە وتارە بەناوبانگەکەی پێشکەش کردبوو،کە لەلایەن ئاپۆڕای ئامادەبوانەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی کرابوو، فیودورمیخائیلوفیچ دوای ئەوەی نامەکەی خوێندبوومەوە لەژێر باندۆری ئەو جۆش و خرۆشەی گرتبووی، لە پەراوێزی نامەکەی خۆیدا ئەم وشەیەی زیاد کردبوو لەگەڵ ( ماچم بۆ جوانووەکە+٢٥٢) تا ئەو ڕادەیە هەستی دەکرد،

پێویستی بەوە هەیە هەموان بکاتە شەریکی ئەو شادییەی دڵ و دەروونی پڕکردبوو، تەنانەت ناحەزەکانیشی بکاتە شەریکی شادمانی خۆی!

ڕۆژانی هەوەڵ بە سەلامەتی و زۆر ئاسایی تێپەڕین، جوانووەکە ڕۆژی پێنج قسعە شیری دەخوارد، حەیوانێکی زۆر بە دەماخ بوو، وەکو کسۆکی ماڵی دەگەڵ منداڵەکاندا غاری دەدا، بەڵام پاشان مەسەلەکە گۆڕا، خراپ بوو، فیودور میخائیلوفیچ کە شارەزایی لە ئەسپان هەبوو، هەستیکرد ئەم جوانووە کزە، ناردی بەشوێن بەیتاڵدا، کە هەندێک ڕێنوێنی داینێ، بەڵام بە درەنگەوە، چونکە جوانووەکە دوای سێ هەفتە تۆپی، منداڵەکان زۆر خەفەتبار بوون، بەڵام من هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی لە خۆم ببورم کە بۆ ئەو جوانووەم کڕی، ڕاستە ئەگەر بکەوتایەتە بەردەستی هەرکەسێکی دی هەمان چارەنووسی دەبوو، بەڵام ئەو کاتە وەکو ئێستا هەستم بە تاوان نەدەکرد.

"٤"

گەڕانەوەی فیودور میخائیلوفیچ لە مۆسکۆ

ئەنجام لەو دڵەڕاوکە و عەزابە ڕزگار بووم، فیودور میخائیلوفیچ لە ١٣/ یونیو/ بۆ ستاریاروسا هاتەوە، زۆر دڵی خۆش بوو، زۆر لە مێژ بوو بەو دڵخۆشییە نەم دیتبوو، لە مۆسکۆ فێی لێ نەهاتبوو، بەڵکو بەدرێژایی وەخت چالاک و چەلەنگ بوو، بەردەوام باسی ئەو ڕووداوانەی دەکرد کە لە مۆسکۆ دیتبوونی بەشداری تیایاندا کردبوو، منیش لای خۆمەوە بەردەوام جۆرەها پرسیارم لێدەکرد، زۆر شتی خۆشی گێڕایەوە، کە پاشان ئەو شتەخۆشانەم لە هیچ یەکێک لەوانەی، کە باسی ئاهەنگەکەی پوشکینیان دەکرد، گوێ لێنەبوو! فیودور میخائیلوفیچ زۆر بە ئاو و تاو سەفەرەکەی بۆ گێڕامەوە، بۆ نموونە، باسی دوا کۆڕی ( کە کۆتایی هەموو ئاهەنگەکانی پوشکین بوو) میهرەجانەکەی بۆ گێڕامەوە کە زۆر ماندوو بووە، زۆری دڵ بەو دەعوەت و خوانی ماڵئاواییە خۆش بووە، کە جەماوەری مۆسکۆ+٢٥٣ بۆیان ساز کردبوو، دوای ئەوەی پشوویەکی داوە لە درەنگانێکی شەودا ڕوییوە و چووە بۆ لای پەیکەرەکەی پوشکین، شەو فێنک بووە، شەقام و جادەکان کەسیان پێوە نەبووە، لە مەیدانی ستراستنایادا، لە پەیکەرەکە نزیک بووەتەوە، ئەو تاجە گوڵینەیەی،

که بەیانی دوای وتارەکەی لەسەر پەیکەرەکە دانابوو، هەڵگرتووە و لە پاینی پەیکەری ( مامۆستا مەزنەکەیدا) داناوە و پاشان لەبەردەمیا کەوتووەتە سەرچۆک.

لێرەدا هەموو شتەکان یەکانگیر بوون، تا چەند " دەقیقەیەک لە شادی هەرە گەورە" بە فیودور میخائیلوفیچ ببەخشن، خۆی گوتەنی شادبوونی بەوەی کە ڕووسیا ئاخری بلیمەتی و بەرزی پوشکینیان بۆ دەکەوت و لە "دڵی ڕووسیادا"، لە مۆسکۆ پەیکەریان بۆ دانا و خەڵکەکە تێگەیشتن کە دوستویفسکی عاشقی شاعیرە مەزنەکەی گەل، توانی بە وتارەکەی سەنگ و ئیحتوبار بۆ شاعیر بگێڕێتەوە، لە کۆتایشدا زۆر دڵخۆشبوو بە ستایش و چەپڵەڕێزانی جەماوەرەکە کە خۆی لە خۆیدا دەیکردە ئیعتراف بە توانا و بەهرەی هونەری ئەو.

فیودورمیخائیلوفیچ کە باری سەرنجەکانی خۆی دەربارەی ئەو ڕۆژانە بۆ دەگێڕامەوە، هێندە بە ئاو و تاو دەیگێڕایەوە لە تۆ وایە دووبارە ئەو ڕۆژانە لە ڕوحی خۆیدا دەژێنێتەوە بۆ ئەوەی هەرگیزا و هەرگیز لە بیری نەچنەوە+ ٢٥٤.

فیودورمیخائیلوفیچ بۆی گێڕامەوە کە باشترین فۆتۆگرافەری ئەو سەردەمەی مۆسکۆ، هونەرمەند بانوف*(* میخائیل میخائیلوفیچ بانوف١٨٣٦- ١٨٩٧: فۆتوگرافەرێکی خەڵکی مۆسکۆیە، لە ٩/ یونیو/ ١٨٨٠ دا، وێنەی دوستویفسکی دوای وتارەکەی لەمەڕ پوشکین، گرتووە.) هاتووە بۆ لای و داوای لێکردووە ڕێگەی بدات وێنەیەکی بگرێت. جا مێردەکەم چونکە پەلەی دەبێ و دەیەوێ مۆسکۆ بەجێ بێڵێت، بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەدات، یەکسەر لەگەڵ هونەرمەندی ناڤبریدا چووە تا وێنەیەکی بگرێت، ئەو وێنەیەی ئەو هونەرمەندە بۆی گرتووە، هەرهەموو ئەو حاڵەتانەی لەخۆ گرتووە، کە ڕووداوەکانی دوێنێ لە سەر ڕوخساری مێردەکەم بەجێیان هێشتووە، بەڕای من ئەم وینەیەی کە هونەرمەندی ناڤبری سەرکەوتوانە گرتبووی، لە هەر هەموو ئەو وێنە جۆراو جۆرانەی دیکەی فیودور میخائیلوفیچ، سەرکەوتووتر بوو ( چونکە ڕێک ئاوێنەی مجێزی ئەو کاتەیەتی) لەم وێنەیەدا ڕێک ئەو حاڵەتەم بەدی دەکرد، کە جارەهای جار، لە ساتەوەختێن تیژتێپەڕی شادومانی خۆشحاڵیدا، بە ڕوخساری فیودور میخائیلوفیچەوە دیتبووم+ ٢٥٥.

بەڵام دوای دەڕۆژان، باری دەروونی فیودور میخائیلوفیچ زۆر گۆڕا، هۆیەکەشی ئەو تەشەرانە بوو کە ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکردەوە، کە ڕۆژانە لە کتێبخانەی

مینیرالنی ڤودی دەیخوێندنەوە، ئیدی تۆمەت و درۆ و بوختان وجنێوی گۆڤار و ڕۆژنامان بەبار بەسەر فیودور میخائیلوفیچدا دابارین، هەر هەمان ئەوانەی کە خۆیان بە نوێنەری ناوەندە ئەدەبییەکان دەزانی و بەخۆیان بەوپەڕی خۆشییەوە گوێیان لە وتارەکەی دوستویفسکی دەگرت و بەڕادەیەک دڵبەندی بوون کە بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێدەدا و دەستیان دەگوشی و دەستخۆشییان لێدەکرد، لەناکاوا وەکو ئەوەی لە هیپنوتیزم وەخۆ هاتبنەوە، بایاندایەوەو بە جنێو بەربوونە وتارەکە و خاوەنەکەی.

هەرکەسێ ئەو تەعلیقاتانە وەخوێنێ کە ئەو سەردەمە لەسەر وتارەکەی دوستویفسکی نووسراون، زۆر لەو بێ شەرمی و بێ نەزاکەتییە پەست دەبێت کە لەلایەن نووسەرەکانیانەوە دەرهەق بە فیودورمیخائیلوفیچ کراوە، هیچ حیسابێکیان بۆ ئەوە نەکردووە کە لە وتارەکانیاندا بێڕێزیان بە بەهرەمەندێکی زۆر گەورە کردووە، بەهرەمەندیک سی دانە ساڵ کاری لەو بوارەدا کردبوو کە خۆی هەڵبیبژاردبوو، بەهرەمەندێک کە ڕێز و حورمەت و خۆشەویستی دەیان هەزار خوێنەری ڕووسی بەدەست هێنابوو+ ٢٥٦.

هەڵبەتە پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەم هێرشە ناڕەوایانە زۆریان فیودور میخائیلوفیچ پەست کرد و هەستی بە بێ ڕێزییەکی زۆر کرد، تووشی نائومێدییەکی زۆر بوو، تەنانەت ئەو دوو نۆرە فێیەش کە بۆم پێشبینی کردبوو، بۆ ماوەی دوو دانە هەفتە بەدەوریا دەخولانەوە، لە نامەیەکیا ١٨٨٠/٨/٢٦* (* جورنال جورنالوڤ، ژمارە دوو/ ١٩١٥، ئا. گ. دوستویفسکایا) بۆ ئوریست میللەر، فیودور میخائیلوفیچ دەڵێت:

" تەمەشا بزانە ڕۆژنامەکانمان چ حەشرێکم پێدەکەن، لە سۆنگەی ئەو وتارەمدا کە لە مۆسکۆ خوێندمەوە: وەکو ئەوەی دزیم کردبێت، فێڵم کردبێت، نانێکم بڕی بێ. تەنانەت بوخانتسیف* ئەو تەشهیرەی پێ نەکراوە کە بە من کراوە+٢٥٧ (* بوخانتسیف قارەمانی قەزییەیەکی بانکی بوو، ئا. گ. دوستویفسکایا) ئیدی فیودور میخائیلوفیچ دەبوایە تانە و تەشەری برایانی ناوەندە ئەدەبییەکە تەحەموول بکات.

هەڵبەتە فیودورمیخائیلوفیچ خۆی بە مرۆڤێکی بەزیو نەدەزانی، جا لەبەر ئەوەی توانای نەبوو وەڵامی هەرهەموو ئەم هێرشانە بداتەوە، ئیدی لێبڕا وەڵامی

یەکێکیان بداتەوە، کە بشێت لەو بوارەدا بەهاوتای ئەو بژمێردرێت ئەویش گرادوفسکی* (* ئەلکسندر دیمترییفیچ گرادوفسکی ١٨٤١- ١٨٨٩: مامۆستای یاسای گشتی بوو لە زانستگەی پترسبورگ و نووسەر و ڕەخنەگر بوو) پڕۆفیسۆر بوو لە زانستگەی پترسبورگ، کە وتارێکی لە ژێر سەرناڤی " خەون و واقیع" نووسی (بڕوانە گۆڤاری "دەنگ"، ژمارە سەد و حەفتا و چوار، ساڵی ١٨٨٠) +٢٥٨، فیودور میخائیلوفیچ ڕەدەکەی خۆی لە ( یاداشتی نووسەر) دا، کە ساڵی ١٨٨٠ هەر ئەو ژمارەیەی لێدەرچوو بڵاوکردەوە، هەروەها دەقی وتارەکەیشی دەربارەی پوشکین لە هەمان ژمارەدا بڵاوکردەوە، کە هەوەڵجار لە ( واریقاتی مۆسکۆ)دا بڵاوبووەوەو جەماوەر زۆریان داواکرد دووبارە بڵاوی بکاتەوە جا بۆ ئەوەی بتوانم ئەم ژمارەیە بڵاوبکەمەوە ناچار بووم سەفەرێکی سێ ڕۆژی بۆ مۆسکۆ بکەم. هەڵبەتە ئەو ژمارەیەی " یاداشتی نووسەر" کە هەم وتارەکەی لەمەڕ پوشکین و هەم ڕەدە توندەکەی لەسەر گرادوڤسکی تیابوو، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، توانیم بەرلەوەی بکەوێتە بازاڕەوە، شەش هەزار نووسخەی لێبفرۆشم، چاپی دووەمیم کردەوە و لە پایزدا هەموو نوسخەکانی تەواو بوو.

فیودور میخائیلوفیچ دوای ئەوەی وەڵامی ڕەخنەگرەکانی دایەوە، کەمێک هیور بووەوە و کەوتە تەواوکردنی ڕۆمانی " برایانی کارامازۆف" تەنیا بەشی چوارەمی ڕۆمانەکە مابوو، کە نزیکەی بیست مەلزەمەیەک دەبوو، دەبوایە پێش مانگی ئوکتۆبەر تەواوی بکردایە، چونکە بەتەمابووین هەموو ڕۆمانەکە پێکەوە چاپ بکەین، بۆ ئەوەی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ کارکردن بڕەخسێنین، تا کۆتایی هەڤی ئەیلول لە ستاریاروسا ماینەوە، کە هەڵبەت لەو کارەی خۆمان ژێوان نەبووینەوە، چونکە پایزەکەی زۆر خۆشبوو.

پاش ئەوەی بۆ پترسبورگ گەڕاینەوە، فیودورمیخائیلوفیچ بۆی لوا لە چەند کۆڕێکی ئەدەبیدا +٢٥٩بەشداری بکات، ڤیکتور پاڤلوفیچ گایفسکی، کە ئەو کاتانە سەرۆکی سەندووقی ئەدەبی بوو ولە کەرنەڤاڵ و ئاهەنگەکەی پوشکیندا بەشداربوو و لە ئێوارە کۆڕێکدا گوێی لە فیودور میخائیلوفیچ بوو بوو کە چامەی " پێغەمبەر)"ی پوشکینی خوێندبووەوە، قەناعەتی بە مێردەکەم کردبوو کە هەمان چامە لە ئێوارە کۆڕێکدا بخوێنێتەوە  کە قەرارە لە ساڵیادی قوتابخانەی لیسیەدا،

لە ڕێکەوتی ١٠/١٩ بە قازانجی سەندووقی ئەدەبی سازبکرێت. ئەم کۆڕە سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە بوو بۆ فیودور میخائیلوفیچ:

دوای ئەوەی فیودومیخائیلوفیچ لە خوێندنەوەی چامەکە بووەوە، بوو بە چەپڵەڕێزانێک لە تۆ وایە دیوارەکانی هۆڵی بیمە دەلەرێنەوە، ئەلهەقی خوێندنەوەیەکی هونەری بەرز بوو، یادگارییەکی ئەوتۆی لەلای گوێگران دروست کرد کە هەرگیز بیر نەچێتەوە، دوای بیست دانەساڵ هەندێ لەو خەڵکانەم دیتەوە کە لە کاتی خۆیدا ئامادەی کۆڕەکە بوو بوون، هەموویان ئەوەیان بیرمابوو، کە فیودور میخائیلوفیچ چەند لێهاتوانە ئەو چامەیەی خوێندبووەوە و خەڵکەکەی مەست کردبوو، ئیدی لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کۆڕانەدا کە لە ساڵی ١٨٨٠ دا گێڕانی، جەماوەرەکە داوایان دەکرد، کە فیودورمیخائیلوفیچ قەسیدەی " پێغەمبەر" بخوێنێتەوە، هەڵبەتە سەرکەوتنی ئەو کۆڕە ئەدەبییەی کە لە ١٨٨٠/١٠/١٩ دا گیرا، دیارە بەهۆی بەشداریکردنی فیودورمیخائیلوفیچەوە ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بەدەست هێنابوو، ئەم سەرکەوتنە گەورەیە کردییە کارێک، کە سەرۆکی سەندووقی ئەدەبی بڕیار بدات هەمان کۆڕ دوای هەفتەیەک، واتە لە ١٠/٢٦/ ١٨٨٠ دا دووبارە بکرێتەوە، ئەمجارە چەپڵەڕێزانی خەڵکەکە بۆ فیودورمیخائیلوفیچ گەییە لوتکە: خەڵکەکە بەدەم چەپڵە لێدانەوە هاواریان دەکرد ( براڤۆ) و داوایان لێدەکرد چامەی ( پێغەمبەر) دووبارە بکاتەوە، پاشان هەموو بەدەم چەپڵەڕێزانەوە لەسەر قاڵدرمەکان وەستان تا بەڕێی بکەن، جۆش و خرۆشی خەڵکەکە ئەمجارە لە ئەقڵ بەدەر بوو، فیودور میخائیلوفیچ، لە کانگای دڵییەوە، ئەم هەڵوێستە گەرم و گوڕە جەماوەرییەی پێخۆش بوو، هەڵوێستی جەماوەرێک کە بە سارد و سڕی بە نێوبانگ بوو.

لە ١٨٨٠/١١/٢١دا* (* فیودور میخائیلوفیچ بەشێکی لە "گیانە مردووەکان"، خوێندەوە، ئا. گ. دوستویڤسکایا) سەندووقی ئەدەبی ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبی سازدا کە فیودور میخائیلوفیچیش بەشداری تێدا کرد، ئیدی زنجیرە کۆڕێکی بە دوادا هات بۆ قازانجی خوێندکارانی زانستگەی پترسبورگ، ١٨٨٠/١١/٣٠، پاشان بە قازانجی کۆمەڵەی کۆمەکی خوێندکارانی زانستگەی پترسبورگ ١٨٨٠/١٢/١٤ و دوا کۆڕ بە قازانجی پەناگای قەدیسە کسینیا لەماڵی دۆتمێر مینگرین لە ١٨٨٠/١٢/٢٢، لەم کۆڕەی دواییدا لە ماوەی ئیسراحەت و ناوبڕەکەدا، فیودورمیخائیلوفیچ، لە سەر

داوای شابانۆ ماریا ڤیودورڤنا* (* شابانۆ ماریا ڤیودورڤنا ژنی تزار ئەلکسندری سێیەم بوو+٢٦٠) بۆ یەکێک لە ژووره ناوخۆییەکان بانگکرا، سپاسی فیودور میخائیلوفیچی کرد کە بەشداری کۆڕەکەی کردبوو، ماوەیەکی زۆر گفتوگۆی دەگەڵدا کردبوو.

بەشداری ئەم کۆڕە ئەدەبیانە بۆ فیودورمیخائیلوفیچ زۆر خۆش و گرینگ بوو، دیارە ئەو چەپڵەڕێزانەی بەدەم خوێندنەوەکانی ئەوە لێ دەدران زۆر دڵی خۆش دەکرد، لێ مخابن ئەو کۆڕانە توانایەکی زۆری دەویست کە ئەو، ئەو توانایەی نەبوو، لە زستانەکانی ئەم دواییانەدا گەنجەکانمان ڕێزی تایبەتی فیودور میخائیلوفیچیان دەگرت، هەمیشە کارتی ڕێز و حورمەتیان بۆ دەنارد و دەعوەتیان دەکرد کە ئامادەی ئاهەنگێن موسیقا و بالییە ببێت، کە لە دامودەزگا فێرکارییە باڵاکاندا دەگێڕدران، فیودورمیخائیلوفیچ هەمیشە لەم کۆڕ وکۆبوونەوانەدا خەڵکانێکی زۆری لێ خڕ دەبوونەوە، گەنجان بە کۆمەڵ دوای دەکەوتن، پرسیاریان لێدەکرد، ئیدی وەکو ئەوەی خوتبە بدات بەو ئاوایە وەلامی دەدانەوە، هەندێجار دەگەڵیاندا دەکەوتە گەنگەشە، بە تاسەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت، ئەم پەیوەندییە زندووە دەگەڵ گەنجاندا، کە ڕێزی بەهرەکەیان دەگرت، بۆ دوستویفسکی زۆر خۆشبوو، کە لە دوای ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیانە دەهاتەوە و وێڕای ئەوەی ماندوو بوو، زۆر بە ئاو و تاو ئەو شتانەی بۆ دەگێڕامەوە.

لە سەرەتای مانگی ١٢/ ١٨٨٠ دا ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف) لە چاپێکی تەواو دا بە هەزار نوسخەی چاپ و بڵاوبووەوە، ئەم چاپە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە و خێرای بەدەست هێنا، لە میانەی چەند ڕۆژێکدا خوێنەران نیوەیان کڕی، هەڵبەتە فیودور میخائیلوفیچ دڵنیابوو لەم سەرکەوتنەی کە ڕۆمانە تازەکەی بەدەستی هێنا، دەشێت ئەم ڕووداوە، بە دوا ڕووداوی خۆشی ژیانی پڕ لە نەگبەتی و کارەساتی ئەو وەسپ بکرێت.

پەراوپەراوزو ڕوونکردنەوە:

٢٣٦- سوفیا سیرگییڤنا کاشیبیریڤا.

٢٣٧- ئەو شاگردە پیوتەر گریگوریفیچ کوزینتیسوف بوو، کە پاشان بوو بە ناودارترین کتێبفرۆشی لینینگراد، بیرەوەری خۆی سەبارەت بە شاگردی خۆی، لە کتیبفرۆشییەکەی ف. م. دوستویفسکی دا، نووسیوەتەوە، بڕوانە: ب. گ. کوزنیتسوف " کارکردن لای دوستویفسکی" ( گۆڤاری کنیچنایا تورگوڤلیا)، (بازرگانی کتێب)، ١٩٦٤ ژمارە پێنج ل ٤٠- ٤١)

٢٣٨- دوستویفسکی لە گەڵ ئەو فەسڵەی ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆف)دا کە تەواوی کردبوو، نامەیەک بۆ نووسەری "مژدەبەری ڕووسی"، ن.ئا. لوبیموف ٣٠/ یەنایەر/ ١٨٧٩ دەنێرێت و دەڵێت: "هیچ کێماسییەک لە فەسڵی سێیەمدا کە بۆ تۆی دەنێرم نابینم، بەڵکو بە پێچەوانەوە، وا هەست دەکەم سەرکەوتنم تیا بەدەست هێناوە، ( تکایە بە سینگی فراوان ئەم سوکە خۆهەڵکێشانەم لێ وەربگرێت)، ڕەنگە ئەم قسەیەی قەشە پۆڵست لەبیر مابێت: " کەس ستایشی نەدەکردم، ناچار بووم خۆم ستایشی خۆم بکەم" ( بڕوانە نامەکان، بەرگی چوارەم، ل ٤٦.)

٢٣٩- ڤلادیمیر سولوڤیوف لە ١٨٨٠/٤/٦دا لە زانستگەی پترسبورگ، داکۆکی لە تێزی دکتۆراکەی ( ڕەخنەی هزرێن ڕووت) کرد.

٢٤٠- سەبارەت بەو وتەیەی دوستویفسکی لە ١٨٨٠/١٠/١٩ دا پێشکەشی کرد، بڕوانە (ڕۆژانە یاداشت و بیرەوەرییان) ١٨٥٤- ١٨٨٦، ی. ئا. شتاکینشنایدر، مۆسکۆ- لینینگراد، ١٩٣٤

٢٤١ - ئەوەی مایەی سەرنجە دوستویفسکی بە گەواهی ئەدیبە هاوعەسرەکانی خۆی، زۆرجار باسی شەقلی تایبەتی خوێندنەوە ئەدەبییەکانی خۆی دەکرد و دەیگوت:" تۆ بڵێی بە دەنگی خۆم بخوێنمەوە؟ یا بە ئەعسابم دەخوێنمەوە! " (ئا. موشین، دەربارەی کەڵە نووسەران.. چاپی دووەم، سان پترسبورگ، ١٩٠٨، ٧٣).

٢٤٢- س. ئا. ڤینگیروڤ باسی یەکێک لەو ئێوارە کۆڕە ئەدەبیانە دەکات کە لە هەردوو ڕۆژی ٩ و ٣/١٦/ ١٨٧٦دا لە هۆڵی کۆمەڵەی خێرخوازی سازدراوە، تورگینیف لە کۆڕی یەکەمدا چیرۆکی ( کوێخا)و لە کۆڕی دووەمدا چیرۆکی ( گورگ)ی خوێندووەتەوە، هەروەها بەشێکی لە کومیدیای ( ژنەدێهاتی ساویلکە) ی لە گەڵ م.گ. ساڤینادا خوێندووەتەوە، بڕوانە ( دەنگ) ١٨٧٩، ٣/١١ ژمارە هەفتا ٣/٨ ژمارە ٧٧، کتێبی ( تورگینیف و ساڤینا) پراگ. ١٩١٣، ل ٦٨- ٦٩، ٨٠)